ئەم قورئانە پیرۆزە لەگەڵ وەرگێڕانی ماناکانی
دیاری (خادم الحرمین الشریفین) مەلیك عبدالله كوڕی عبدالعزیز ئال سعوده
(بەخۆڕایی دابەش دەكرێت)

قورئانی پیرۆز

لەگەڵ وەرگێڕانی ماناکانی بۆ زمانی کوردی

کۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز

إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون



خادم الحرمين الشريفين مەلیك عبدالله كوڕی عبد العزیز ئالی سعود
مەلیكی شانشینی عەرەبستانی سعودیه شەرەفمەندیو و بەریاردان لەسەر چاپكردنی
قورئانی پیرۆز لەگەڵ وەرگێڕانی ماناكانی

نشر بالأمر بطباعة هذا المصحف الشريف وترجمة معانيه
خادم الحرمين الشريفين الملك عبد الله بن عبد العزيز آل سعود
ملك المملكة العربية السعودية

وقف لله تعالى من خادم الحرمين الشريفين
الملك عبد الله بن عبد العزيز آل سعود
ولا يجوز بيعه

يُوزَّع مجانًا

مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف

بسم الله الرحمن الرحيم

مقدمة

بقلم معالي الشيخ: صالح بن عبدالعزيز بن محمد آل الشيخ
وزير الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد
المشرف العام على المجمع

الحمد لله رب العالمين ، القائل في كتابه الكريم: ﴿... قَدْ جَاءَكُم مِّنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ﴾.

والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد، القائل: « خيركم من تعلَّم القرآن وعلَّمه ».

أما بعد:

فإنفاذاً لتوجيهات خادم الحرمين الشريفين، الملك عبد الله بن عبد العزيز آل سعود، حفظه الله، بالعناية بكتاب الله، والعمل على تيسير نشره، وتوزيعه بين المسلمين، في مشارق الأرض ومغاربها، وتفسيره، وترجمة معانيه إلى مختلف لغات العالم.

وإيماناً من وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد بالمملكة العربية السعودية بأهمية ترجمة معاني القرآن الكريم إلى جميع لغات العالم المهمة تسهيلاً لفهمه على المسلمين الناطقين بغير العربية، وتحقيقاً للبلاغ المأمور به في قوله صلى الله عليه وسلم: « بلِّغوا عني ولو آية ».

وخدمة لإخواننا الناطقين باللغة الكردية يطيب لمجمع الملك

فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة المنورة أن يقدم للقارئ الكريم هذه الترجمة إلى اللغة الكردية التي قام بها فضيلة الشيخ ملا محمد ملا صالح الباموكي، وراجعها من قبل المجمع كل من فضيلة الدكتور كمال صادق ياسين لَكْ، وفضيلة الأستاذ أوميد عمر الجرُوستَاني.

ونحمد الله سبحانه وتعالى أن وفق لإنجاز هذا العمل العظيم الذي نرجو أن يكون خالصاً لوجهه الكريم، وأن ينفع به الناس.

إننا لندرك أن ترجمة معاني القرآن الكريم - مهما بلغت دقتها - ستكون قاصرة عن أداء المعاني العظيمة التي يدل عليها النص القرآني المعجز، وأن المعاني التي تؤديها الترجمة إنما هي حصيلة ما بلغه علم المترجم في فهم كتاب الله الكريم، وأنه يعتريها ما يعتري عمل البشر كلَّه من خطأ ونقص.

ومن ثم نرجو من كل قارئ لهذه الترجمة أن يوافي مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف بالمدينة النبوية بما قد يجده فيها من خطأ أو نقص أو زيادة للإفادة من الاستدراكات في الطبعات القادمة إن شاء الله.

والله الموفق، وهو الهادي إلى سواء السبيل، اللَّهُمَّ تقبل منا إنك أنت السميع العليم.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

بە پێتووسی پایەدار شیخ صالح کوڕی عبدالعزیز کوڕی محمد ئال شیخ
وەزیری کاروباری ئیسلامی وئەوقاف وبانگەواز وئێرشاد وسەرپەرشتیاری گشتی
کۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپکردنی قورئان پیرۆز

سوپاس وستایش بۆخوای پەروردگاری جیهانیان کە لەکتێبە پیرۆزکەی دا فەرمووێتی: ﴿قَدْ جَاءَكُم مِّنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ﴾ واتە: بێگومان لەلایەن خوای گەورەوە نوور وکتێبێکی ڕوون وئاشکراتان بۆ هاتووە.

وەدروودوسلاّوبۆسەرباشترینی پێغەمبەران ونێردراوان، پێغەمبەرمان موحەمەد (ﷺ) کەفەرموویەتی: «خیرکم من تعلم القرآن وعلّمه» واتە: چاکترێتان ئەوکەسەیەکەخۆی فێری قورئان دەکات وخەڵکیش فێردەکات.

ئەمجا لە پاشان:

بۆجێبە جێکردنی ڕێنمایەکانی (خادم الحرمین الشریفین) مەلیك عبدالله کوڕی عبدالعزیز ئالی سعود (خوا بیپارێزێت) بە بایەخ وگرنگی پێدان بەقورئانی پیرۆز وکارکردن بۆ ئاسانکاری لە پێناو بڵاوکردنەوە ودابەشکردنی لەنێوموسڵمانان لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای سەر زەویدا، وە بۆ ڕاهێنان و وەرگێڕانی ماناکانی قورئان بۆ زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان.

وەزارەتی کاروباری ئیسلامی وئەوقاف وبانگەواز وئێرشاد لەشانشینی عەرەبستانی سعودیە، باوەڕی پتەوی هەیە بەگرنگی وەرگێڕانی ماناکانی قورئانی پیرۆز بۆگشت زمانە گرنگەکانی جیهان، بەمەبەستی ئاسانکردنی تێگەیشتنی قورئان بۆئەو موسڵمانانەی کەبە غەیری زمانی عەرەبی قسە دەکەن، ئەمەش لە پێناوجێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی کە لەفەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) دا هاتووە، کە دەفەرموێت: «بَلِّغُوا عَنِّي وَلَو آية» واتە: لە منەوە ڕایبگەیەنن بەخەڵکی ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت.

وەك خزمەتێكیش بۆ ئەو برایانەمان كە بەزمانی كوردی قسە دەكەن، كۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپكردنی قورئانی پیرۆز لە مەدینەی منەوەرە، خۆشحاڵە ئەم تەرجەمە قورئانیە بەزمانی كوردی پێشكەش بەخوێنەری بەڕێزی بكات، كە بەڕێز جەنابی (**مامۆستا مەلا محمد مەلا صالح بامۆكی**) پێی هەستاوە، وە ئەلایەن كۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپكردنی قورئانی پیرۆزیش هەریەك لە بەڕێزان : (**دكتۆر كەمال صادق یاسین لەك**) و (**مامۆستا ئومێد عمر چرۆستانی**) پێیداچوونەتەوە .

وەسوپاسی خوای گەورە وپاك وبێگەرد وبااڵدەست دەكەین بۆئەنجام دانی ئەم كارە مەزنە، وە ئومێدەوارین كەنیاز ومەبەست لێی تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، وخەڵكیش لێی سوودمەند بن ؟

بێگومان ئێمە دەزانین كە تەرجەمە و وەرگێڕانی ماناكانی قورئانی پیرۆز – هەرچەندە وورد بێت – كەموكورتی هەر دەبێت ونائوانرێت دەقاودەق ئەو مانا گەورانە بگەیەنێت كە دەقی قورئانی پیرۆز دەیبەخشێت، كە تەواوی خەڵكی لەئاست خۆیدا دەستەوسانكردووە، وە بەڕاستی ئەو مانایەی كە تەرجەمەی قورئانەكە دەیدات بەدەستەوە تەنها بریتی یە لەكۆی زانست وتێگەیشتنی وەرگێڕەكە لە قورئانی پیرۆز، وە ئەمەش كارێكە دووچاری هەڵەوكەم وكوڕی دەبێت، وەك هەموو كار وئیشێكی تری ئادەمیزاد.

وە لە كۆتاییدا داواكارین لەهەموو خوێنەرێكی ئەم تەرجەمەیە لەكاتی بینینی هەر هەڵە وكەموكوڕییەك یان زیادییەك ئاگەر هەبوو، ئاگاداری كۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپكردنی قورئانی پیرۆز لە مەدینەی مونەوەرە بكاتەوە؛ بۆ سوود لێ وەرگرتن وچاككردنیان لە چاپەكانی داهاتوودا بەیارمەتی و وویستی خوای گەورە.

وە خوای گەورەش پشت وپەنایە وتەنها ئەو ڕێ نیشاندەرە بۆ ڕێگای ڕاست.

ئەی خوای پەروەردگار ئەم كارەمان لێ قەبوڵ بكە؛ چونكە بەڕاستی هەر تۆی بیسەر و زانا.

سورەتی ﴿ الفَاتِحَة ﴾

ئەم سووڕەتە ناونراوە (الفاتحة) چونکە قورئانی پیرۆز لەسەرەتاوە بەو دەست پێ دەکات وەدەکرێتەوە، وە پێیشی دەوترێت (المثاني) چونکە لەهەموو ڕکاتێکی نوێژدا دەخوێنرێت .

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ① ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ خوای ﴿رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ پەروەردگاری جیهانیان ② ﴿الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەخشندەی میهرەبان، (الرحمن) بەو مانایەی ڕەحم وبەزەیی پەروەردگار لەم جیهانەدا هەموو مەخلوقاتی گرتوەتەوە بەبێ باوەڕانیشەوە، وە (الرحيم) ڕەحم وبەزەیی پەروەردگار، وەك زانایان دەڵێن تایبەتە بەبڕوادارانەوە لە ڕۆژی دواییدا ③ ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ (تەنها ئەوە) خاوەنی ڕۆژی سزا وپاداشت دانەوە (باوەڕداران لە نوێژەکانیاندا هەموو ڕکاتێك ئەمە دەڵێنەوە، تاوەکو هەمیشە ڕۆژی دواییان لەبیر بێت وبەکار وکردەوەی چاکە، خۆیانی بۆ ئامادە بکەن) ④ ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾ (خوایە) تەنها تۆدەپەرستین (تەنها تۆیت شایستەی پەرستن وجگە لە تۆ هیچ کەس شیاوی ئەوە نییە) ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ وە تەنها لەتۆ داوای یارمەتیی دەکەین (لەهەموو کار وکردەوە وپێداویستیەکماندا، چونکە هەموو فەرمانێك بەدەست تۆیە، جگە لە تۆ هیچ کەس بەئەندازەی گەردیلەیەك خاوەنی هیچ شتێك نییە) ⑤ ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ ڕێنموونیمان بکە بۆڕێگای ڕاستی (کە ڕێگای ڕاستی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، وەبەردەوام بین لەسەری هەتا ئەو ڕۆژەی دەگەین بەدیداری زاتی هەق تەعالای تۆ) ⑥ ﴿صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ﴾ ڕێگای ئەوانەی کەچاکەت لەگەڵ کردوون (لەپێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وچاکەکاران) ﴿غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾ نەك (ڕێگای) ئەوانەی خەشمی (تۆیان) لێگیراوە (وەك جولەکەو هاوکردەوەکانیان) ﴿وَلَا الضَّالِّينَ﴾ وە نەك (ڕێگای) گومڕایان وەك (گاورەکان و هاوکردەوەکانیان) ⑦ لەکۆتایی ئەم سووڕەتە پیرۆزەوە سوننەتە موسڵمانان بڵێن (ئامین) واتە : ئەی خوای گەورە تەواوی ئەم نزا وداواپانەمان لێ وەربگرە .

سورەتی ﴿ البَقَرَة ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓ﴾ بە (ئەلیف، لام، میم) دەخوێنرێتەوە، خوای گەورە زاناترە بە واتاکەی [1] ﴿ذَٰلِكَ الْكِتَابُ﴾ ئەم قورئانە ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ هیچ گومانێکی تێدا نیە (کە لەلایەن خوای گەورەوە نێررراوە) ﴿هُدًى﴾ ڕێ نیشاندەری ﴿لِّلْمُتَّقِينَ﴾ پارێزکارو لەخوترساوانە (پارێزکاران ولەخوا ترسان بەزانست وزانیاری بەسوود وکار وکردەوەی چاکە سوودی لێ وەردەگرن، چونکە ئەوانن لەپەروەردگاریان دەترسن وشوێن فەرمان وڕێنمایەکانی دەکەون) ﴿الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانەی کەبڕوا دەهێنن ﴿بِالْغَيْبِ﴾ بەشتە پەنهان ونادیارەکان (ئەو شتە پەنهانەی کە بە حەواس وعەقڵی مرۆڤ هەستیان پێ ناکرێت، لە ڕێگەی وەحیەوە نەبێت، وەك باوەڕ بەفریشتەکان وبەهەشت ودۆزەخ وزۆر شتی تریش...) ﴿وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ﴾ وەنوێژ دەکەن (بەڕێك وپێکی ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی ئەدەن) ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ لەوەی کردوومانە بەڕزق وڕۆزیان دەبەخشن (لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە) ﴿وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ وە ئەوانەی کەبڕوا دەهێنن بەو قورئانەی کە بۆ تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) نێررراوە) ﴿وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ وە بەو کتێبانەشی کە بۆ (پێغەمبەران ونێررراوانی) پێش تۆ نێررراونەتە خوارەوە ﴿وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴾ وەبڕوایان هەیە بەڕۆژی دوایی ﴿أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ﴾ (خاوەنی ئەم صیفەتانە) لەسەر ڕێگای ڕاستن (بەتەوفیق وبارمەتیدان) لە لایەن پەروەردگاریانەوە ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ وە هەر ئەوانەن ڕزگار بووان (لە دوونیا ودواڕۆژدا)

---

(١) ئەم پیتانەی کە لەسەرەتای هەندێك لەسورەتەکانی قورئاندا هاتوون، تەنها خوای گەورە دەزانێت مەبەستی پێیان چیە، ئەمە ڕاسترین تەفسیرە بۆ ئەم پیتانە کرابێت، بەڵام بەچەند جۆرێکی تریش تەفسیرکراون لەوانە : ئەم پیتانە ناون بۆ ئەوسورەتانەی لەسەرەتایانەوە هاتوون، یان ناون بۆ خوای گەورە، یان بۆ دەستەوسانکردنی عەرەبە بێباوەڕەکانە کە دەیانووت ئەم قورئانە لەلایەن خۆداوە نەهاتووە خوارەوە بۆ موحەممەد (ﷺ) پێیان دەڵێت : دەی ئەگەر وایە وێنە وهاوشێوەی ئەم قورئانە بهێنن، کە هەر ئەو پیتانە پێکهاتووە کە ئێوە قسەی پێ دەکەن و بەکاریان دەهێنن .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون ﴿سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ﴾ بۆ ئەوان چوون یەکە ﴿ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ﴾ بیان ترسێنیت یان نەیان ترسێنیت ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بڕواناهێنن ۝٦ ﴿خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ﴾ خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیاندا ﴿وَعَلَىٰٓ أَبْصَٰرِهِمْ غِشَٰوَةٌ﴾ وە پەردە بەسەر چاویانەوەیە ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە سزای زۆر گەورەیان بۆ هەیە ۝٧ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ﴾ وەلەناو خەڵکیدا هەندێ کەس هەیە کەدەڵێ: ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ بڕوامان هێناوە بەخوا و بەڕۆژی دوایی ﴿وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان بڕوادار نین ۝٨ ﴿يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ (بەڵای خۆیانەوە) خوا و ئەوکەسانە دەخەڵەتێنن کە بڕوایان هێناوە ! ﴿وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ﴾ کەس ناخەڵەتێنن تەنها خۆیان نەبێت ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ بەڵام هەستی پێ ناکەن ۝٩ ﴿فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ لە دڵیاندا نەخۆشی (ناپاکی) هەیە ﴿فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا﴾ خواش نەخۆشی یەکەی زۆرتر کردن (بەهاتنی قورئان) ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾ وە سزای سەختیان بۆ هەیە بەهۆی ئەو درۆیانەوە کە دەیان کرد (و دەیان وت بڕوامان هەیە) ۝١٠ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ﴾ وەکاتێك پێ یان بووترایە ﴿لَا تُفْسِدُوا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئاشوب مەنێنەوە لەزەوی دا (ئازاوە بەرپا مەکەن لەولاندا) ﴿قَالُوٓا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ دەیان ووت : ئێمە هەر چاکەکارین (ڕێکخەرین) ۝١١ ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ﴾ ئاگادار بن کەبەڕاستی هەر ئەوانن ئاشوبگێڕ ﴿وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ﴾ بەڵام هەستی پێ ناکەن ۝١٢ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ﴾ وەکاتێ پێ یان بووترایە ﴿ءَامِنُوا كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ﴾ بڕوا بێنن وەك ئەوخەڵکانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿قَالُوٓا أَنُؤْمِنُ﴾ دەیان ووت: چۆن ئێمە بڕوابێنین ﴿كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ﴾ وەك ئەو گێل ونەفامانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ﴾ بیندار بن کە بەڕاستی هەرخۆیان گێل و نەفامن ﴿وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام نازانن ۝١٣ ﴿وَإِذَا لَقُوا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ وەکاتێ (ناپاکان) بگەشتنایە بەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿قَالُوٓا ءَامَنَّا﴾ دەیانوت : ئێمەش بڕوامان هێناوە ﴿وَإِذَا خَلَوْا إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمْ﴾ کاتێکیش بەتەنیا بوونایە لەگەڵ گەورە فێڵبازەکانیان ﴿قَالُوٓا إِنَّا مَعَكُمْ﴾ دەیانووت : ئێمە هەر لەگەڵ ئێوەین ﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ﴾ بێگومان ئێمە هەر گاڵتە کەرین (بەوان) ۝١٤ ﴿ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ﴾ خوا گاڵتە بەوان دەکات (لە بەرانبەر گاڵتە کردنەکەیان) ﴿وَيَمُدُّهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ وەماوەیان دەدات تا لەسەرکەشی خۆیاندا سەرلێ شێواو بن ۝١٥ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَٰلَةَ﴾ ئەمانە ئەوانەن کە گومڕاییان کڕی ﴿بِٱلْهُدَىٰ﴾ بە ڕێنموونیی ﴿فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ﴾ جا نە بازرگانی یەکەیان قازانجی کردو ﴿وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ﴾ نە ڕێبازی ڕاستیان گرت ۝١٦

﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا﴾ (دوو ڕووەکان) وێنەیان وەك یەکێك وایە کە (لەشەوێکی تاریکدا) ئاگرێك هەڵگیرسێنێت ﴿فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ﴾ کە لە گەڵ دەوروبەری ڕووناك کردەوە ﴿ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ﴾ خوا (خێرا) ڕووناکی یەکەیان لێ بکوژێنێتەوە ﴿وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ﴾ وە بیان هێڵێتەوە لەناو چەند تاریکیەکی وادا کەهیچ نەبینن ﴿١٧﴾ ﴿صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ﴾ کەڕ و لاڵ و کوێرن ﴿فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾ بۆیە (لە گومڕایی خۆیان) ناگەڕێنەوە ﴿١٨﴾ ﴿أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ یا وەك (کەسانێك لەچۆڵییەکدا) بارانێکی لێزمەو بەخوڕیان (لێ داکات) لەئاسمانەوە ﴿فِيهِ ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ﴾ کەتاریکی زۆر و هەورە تریشقەو بروسکەی تێدا بێت ﴿يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ﴾ (بەجۆرێك کە) پەنجەکانیان دەکەن بە گوێیاندا لەبەر گرمەی هەورە تریشقەکان ﴿حَذَرَ ٱلْمَوْتِ﴾ بۆخۆپاراستن لەمردن ﴿وَٱللَّهُ مُحِيطٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ﴾ وە خودا دەوری بێ بڕوایانی داوە ﴿١٩﴾ ﴿يَكَادُ ٱلْبَرْقُ﴾ نزیك بێ ئەو بروسکەیە ﴿يَخْطَفُ أَبْصَٰرَهُمْ﴾ (بینایی) چاویان بفڕێنێ ﴿كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم﴾ هەرکاتێ ڕووناکیی بۆ بدانایەتەوە ﴿مَّشَوْا فِيهِ﴾ تێایدا بڕۆشتنایە ﴿وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ﴾ وە کاتێ تاریکیشی بکردایە لێیان ﴿قَامُوا۟﴾ لەجێگەی خۆیان ڕادەمان (دەوەستان) ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر خودا بیویستایە ﴿لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ﴾ (بەو هەورە گرمە و بروسکانە) کەڕو کوێری دەکردن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بێگومان خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەسەلاتدارە ﴿٢٠﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ﴾ پەروەردگارتان بپەرستن ﴿ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ کەئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست کردووە ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بەڵکو بەو پەرستنە خۆتان بپارێزن ﴿٢١﴾ ﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا﴾ ئەو (خوایەی) کەزەوی بۆ ڕاخستوون ﴿وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً﴾ وە ئاسمانی بۆ کردوون بەکۆشك (ئاسمانی بۆ گێڕاون بەگومەزی) ﴿وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ وەئاوی (بارانی) لەئاسمانەوە هێناوەتە خوارەوە ﴿فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ﴾ ئەمجا دەری هێناوە بەو ئاوە هەموو جۆرە میوە و بەروبومێك بۆ ڕۆزیی ئێوە ﴿فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا﴾ کەواتە هاوتا بۆخوا پەیدامەکەن. ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ کەئێوە خۆتان دەزانن (بێ هاوتایە) ﴿٢٢﴾ ﴿وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ﴾ وەئەگەر ئێوە لەگومان دان ﴿مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا﴾ لەم (قورئانەی) کەناردومانەتە خوارەوە بۆ بەندەی خۆمان (موحەممەد ﷺ) ﴿فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ﴾ دە سورەتێك بێنن بەوێنەی ئەو ﴿وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە بانگی هاوکارەکانتان بکەن (لەڕەوان بێژان وشاعیران) بێجگەلە خوا ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەن، (بەفەرمووەی خوای نازانن) ﴿٢٣﴾ ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟﴾ ئەمجا ئەگەر ئەمەتان نەکرد؟ ﴿وَلَن تَفْعَلُوا۟﴾ وە هەرگیز ناییشی کەن (ئیتر بێ بڕوامەبن) ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى﴾ دەی خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی ﴿وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ﴾ کە سوتەمەنی یەکەی خەڵك (ی بەدکار) وبەردە ﴿أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ﴾ بۆبێ بڕوایان ساز کراوە (ئامادە کراوە) ﴿٢٤﴾

﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) مژدە بدە بەوانەی ﴿ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ کە باوەڕیان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردووە ﴿أَنَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ﴾ کە بێگومان بۆئەوان هەیە بەهەشتانێك ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کەجۆگە ئاوی زۆر بەژێریانەدا دەڕوات ﴿كُلَّمَا رُزِقُوا۟ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا﴾ هەرکاتێ لەوێ پۆزیبان بدرێت لە میوەهات ﴿قَالُوا۟ هَٰذَا ٱلَّذِى رُزِقْنَا مِن قَبْلُ﴾ دەڵێن: ئەمە ئەوەیە کەلەمەوپێش پێمان درا (جیاواز لەتام وبۆندا) ﴿وَأُتُوا۟ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا﴾ ئێستاوێنەیان هێناوە ﴿وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ﴾ وەلەو بەهەشتانەدا بۆئەوان هەیە هاوسەرانی پاکیزە ﴿وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ وەئەوان لەو (بەهەشتانە) دا هەتا هەتایین ﴿۲۵﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْىِۦٓ﴾ بێگومان خوا شەرم ناکات ﴿أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا﴾ بەوەی کە (بۆ تێگەیاندنی خەڵك) هەر نموونەیەك بهێنێتەوە ﴿بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا﴾ بە مێشولەوبچوکتر (یاگەورەتر) لەوێش ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەمجا ئەوانەی کەباوەڕدارن ﴿فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾ ئەوە چاك دەزانن کەئەو (نموونە هێنانەوەیە) ڕاست ودروستە لە پەروەردگاریانەوە ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوانەش کە بێ باوەڕن ﴿فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا﴾ دەڵێن: خوا چی ویستووە بەم نموونە هێنانەوەیە ﴿يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا﴾ زۆر کەسی پێ گومڕادەکات ﴿وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا﴾ وە ڕێنموونی زۆر کەسیشی پێ دەکات ﴿وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ وە گومڕاناکات بەو نموونەهێنانەوەیە مەگەر بەدکاران نەبێت ﴿۲۶﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کەپەیمانی خوا دەشکێنن و (هەڵێی دەوەشێنەوە) ﴿مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ﴾ پاش بەستنی ﴿وَيَقْطَعُونَ﴾ وە ئەیپچڕێنن ﴿مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ﴾ ئەو (پەیوەندیانە)ی کەخوا فەرمانی داوەبەپەیوەستیی کردنی ﴿وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وەلەزەویدا خراپە دەکەن ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ هەر ئەوانن زەرەرمەند و ڕەنجەڕۆ ﴿۲۷﴾ ﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ﴾ چۆن بێ باوەڕ دەبن بەخوا!؟ ﴿وَكُنتُمْ أَمْوَٰتًا فَأَحْيَٰكُمْ﴾ لەکاتێکدا کەئێوە بێ گیان بوون، و گیانی بەبەردا کردن ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ﴾ لەپاشان دەتان مرێنێ دوای ئەوەش زیندووتان دەکاتەوە ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ ئەمجا بۆلای خۆی دەگەڕێنرێنەوە ﴿۲۸﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِى﴾ خوا ئەو خوایەیە ﴿خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ کەهەرچی لەزەویی دایە دروستی کردووە بۆئێوە ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ﴾ پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات ﴿فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ﴾ ئەمجا ڕێکی خستن بەحەوت ئاسمان ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە ئەو ئاگادارە بەهەموو شتێك ﴿۲۹﴾

﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ (بیریان بێنەوە) کاتێك کەپەروەردگاری تۆ بە فریشتەکانی ووت ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ بەڕاستی من جێ نشینێك دروست دەکەم لەسەر زەوی ﴿قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن﴾ (فریشتەکان) ووتیان: ئایا کەسێکی وای تیا دروست دەکەیت ﴿يُفْسِدُ فِيهَا﴾ کە خراپەو بەدیی تێدا بکات ﴿وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ﴾ وە خوێنی تیا بڕێژێ ؟ ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ﴾ لە کاتێکدا کە ئێمە یادت دەکەین بەستایش کردنت ﴿وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ وە بەپاك ڕات دەگرین ﴿قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (خوا) فەرموی: بێگومان ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن ﴿٣٠﴾ ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ خوا ناوی هەموو شتێکی فێری ئادەم کرد ﴿ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ لەپاشان ئەو شتانەی نیشانی فریشتەکان دا ﴿فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰٓؤُلَاءِ﴾ وە (خوا پێی) فەرموون: ناوی ئەمانەم پێ بڵێن ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەن، (کە ئێوە لە ئادەم باشترن) ﴿٣١﴾ ﴿قَالُوا سُبْحَانَكَ﴾ (هەموو) ووتیان: خوایە تۆ پاکیت لەهەڵە ﴿لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا﴾ ئێمە هیچ نازانین، مەگەر ئەوەی کە خۆت فێرت کردبین ﴿إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی هەر تۆیت زاناو دانا ﴿٣٢﴾ ﴿قَالَ يَا آدَمُ﴾ (خوا) فەرمووی: ئەی ئادەم ﴿أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ﴾ ناوی ئەو شتانەیان پێ بڵێ ﴿فَلَمَّا أَنبَأَهُم بِأَسْمَائِهِمْ﴾ جاکاتێك کە ناوەکانی پێ ووتن ﴿قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ﴾ (خوا) فەرمووی: ئەی پێم نەووتن ؟ ﴿إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بێگومان من ئاگادارم بەنهێنیی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ﴾ وە ئاگادارم بەوەی کەئاشکرای دەکەن ﴿وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ﴾ وە بەئەوەش کە دەیشارنەوە ﴿٣٣﴾ ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ (بیرتەوە بیرت) کاتێك ووتمان بە فریشتەکان ﴿اسْجُدُوا لِآدَمَ﴾ سوژدە ببەن بۆ ئادەم ﴿فَسَجَدُوا﴾ جا(هەموو) سوژدەیان برد ﴿إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ﴾ شەیتان نەبێت کە گوێی نەدایەو خۆی بەگەورە زانی ﴿وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ وە لە بێ بڕوایان بوو ﴿٣٤﴾ ﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ﴾ وە ووتمان: ئەی ئادەم ﴿اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ﴾ خۆت و ژنەکەت نیشتەجێ بن لەم بەهەشتەدا ﴿وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا﴾ وە لە هەموو خواردەمەنی یەکی بخۆن بەتێرو تەسەلی ﴿حَيْثُ شِئْتُمَا﴾ لەهەر شوێنێك کەحەز دەکەن ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ﴾ وە نزیبکی ئەم درەختە مەکەون ﴿فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ تا لە ستەمکاران نەژمێردرێن - تا نەبنە ستەمکار- ﴿٣٥﴾ ﴿فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا﴾ ئەمجا شەیتان هەڵی خەڵەتاندن لە بەهەشتدا ﴿فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ﴾ وەلەو خۆشگوزەرانیەی کە تێیدابوون دەری پەڕاندن ﴿وَقُلْنَا اهْبِطُوا﴾ وە ووتمان: (بە ئادەم وحەواو شەیتان) بچنە خوارەوە(بۆ سەر زەوی) ﴿بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ هەندێکتان دوژمن ئەبن لەگەڵ هەندێکتاندا ﴿وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ﴾ وە بۆتان هەیە جێگیربوون لەسەر زەوی ﴿وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ وە بەهرەمەندی(و ئارەزووی دونیا) تاماوەیەك ﴿٣٦﴾ ﴿فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ﴾ ئەمجا ئادەم چەندووتەیەکی (پارانەوەی) لەپەروەردگارییەوەوەرگرت ﴿فَتَابَ عَلَيْهِ﴾ (ئەویش)لێی گیراکرد ﴿إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی هەر ئەو تەوبەگیراکەری میهرەبانە ﴿٣٧﴾

﴿قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا﴾ ووتمان: هەموو بچنە خوارەوە لە بەهەشت ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى﴾ ئەمجا ئەگەر لەمنەوە ڕێنموونی یەکتان بۆ هات ﴿فَمَن تَبِعَ هُدَاىَ﴾ ئەو کەسەی دوای ڕێنموونیی من کەوت ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ نە ترسیان لەسەرەو نەخەم دەخۆن ﴿٣٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ﴾ وە ئەوانەی کەبێ بڕوابوون و نیشانە و ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانی ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە هاوەڵ و هاودەمی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ﴾ تیایدا ئەمێننەوە بەهەتا هەتایی وهەمیشەیی ﴿٣٩﴾ ﴿يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ ئەی بەنی ئیسرائیل (نەوەکانی یەعقوب) ﴿ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ﴾ بیری ئەو چاکانە بکەنەوە کە ڕشتوومن بەسەرتاندا ﴿وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِىٓ﴾ وە پەیمانی من ببەنەسەر ﴿أُوفِ بِعَهْدِكُمْ﴾ تا منیش پەیمانی ئێوە ببەمەسەر ﴿وَإِيَّـٰىَ فَٱرْهَبُونِ﴾ وەهەر لەمن بترسن ﴿٤٠﴾ ﴿وَءَامِنُوا۟ بِمَآ أَنزَلْتُ﴾ هەروەها بڕوابهێنن بەو قورئانەی کەناردوومەتە خوارەوە ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ﴾ کە پشتیوانی پەیامەکەی لای ئێوەیە (تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراو) ﴿وَلَا تَكُونُوٓا۟ أَوَّلَ كَافِرٍۭ بِهِۦ﴾ وە ئێوە مەبن بەیەکەمین بێ بڕوا بەو قورئانە ﴿وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ وە نیشانە و ئایەتەکانی من مەگۆڕنەوە بەشتێکی کەم نرخ ﴿وَإِيَّـٰىَ فَٱتَّقُونِ﴾ وەهەر لە (بێ فەرمانی) من خۆتان بپارێزن ﴿٤١﴾ ﴿وَلَا تَلْبِسُوا۟ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ﴾ ڕاست و ڕەوا تێکەڵ مەکەن بەناڕەواو درۆ ﴿وَتَكْتُمُوا۟ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ حەق و ڕاستی مەشارنەوە، لەکاتێکدا کە خۆتان ئەمە دەزانن ﴿٤٢﴾ ﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ نوێژ بکەن و زەکات بدەن ﴿وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴾ وەلەگەڵ کڕنوش بەراندا کڕنوش بەرن (بۆ خودا) ﴿٤٣﴾ ﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ﴾ ئایا فەرمان بەسەر خەڵکیدا دەدەن بەچاکە ؟ ﴿وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ﴾ وە خۆتان فەرامۆش دەکەن ﴿وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ﴾ (لەگەڵ ئەمەشدا) کەئێوە پەڕاوەکە(تەورات) دەخوێنێنەوە ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا ژیرنابن و تێ ناگەن ؟ ﴿٤٤﴾ ﴿وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾ پەنا ببەنە بەرئارام گرتن ونوێژکردن(بۆ بە مەبەستەکانتان) ﴿وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ﴾ وە بێگومان نوێژ(ئەرکێکی) گەورەو گرانە ﴿إِلَّا عَلَى ٱلْخَـٰشِعِينَ﴾ مەگەر لای ئەوانە نەبێ کەلەخوا ئەترسن (خۆیان بەزل نازانن) ﴿٤٥﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَـٰقُوا۟ رَبِّهِمْ﴾ ئەوانەی کە دڵنیان بە خزمەت پەروەردگاریان دەگەن ﴿وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾ وە ئەوان دڵنیان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٤٦﴾ ﴿يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ ئەی بەنی ئیسرائیل(نەوەکانی یەعقوب) ﴿ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ﴾ یادی ئەو بەخششانە بکەنەوە کە ڕشتوومە بەسەرتاندا ﴿وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ وە من (کاتی خۆی) ڕێزی ئێوەم دا بەسەر هەموواندا ﴿٤٧﴾ ﴿وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا﴾ وە خۆتان بپارێزن لەڕۆژێک ﴿لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا﴾ کە کەس هیچ سوودێک بەکەسی تر ناگەیەنێت ﴿وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَـٰعَةٌ﴾ وە هیچ تکایەکی بۆ گیرا ناکرێت ﴿وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ﴾ وە بارمتەی لێ وەرناگیرێت ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وە ئەمانە یارمەتیی نادرێن ﴿٤٨﴾

﴿وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کەرزگارمان کردن ﴿مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ﴾ لەدەست و پێوەندی فیرعەون ﴿يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ﴾ کەسزای سەختیان پێ ئەچەشتن ﴿يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ﴾ کورەکانتانیان سەر دەبڕین ﴿وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ﴾ وە کچەکانتانیان دەهێشتنەوە (بۆ کارەکەری) ﴿وَفِى ذَٰلِكُم﴾ وە لەمەتاندا(لەم سزا سەختەی بەسەرتاندا درا) ﴿بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ﴾ تاقی کردنەوەیەکی گەورە بوو لەپەروەردگارتانەوە بۆتان ﴿٤٩﴾ ﴿وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کە دەریامان بۆ لەت کردن ﴿فَأَنجَيْنَٰكُمْ﴾ و ڕزگارمان کردن ﴿وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ﴾ وە دەست وپێوەندی فیرعەونمان خنکاند و نوقمی (دەریامان) کردن ﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئێوە تەماشاتان دەکردن ﴿٥٠﴾ ﴿وَإِذْ وَٰعَدْنَا مُوسَىٰٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کەبەڵێنی چل شەومان دا بەموسا ﴿ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ لەدوای ئەو(ڕۆشتنی موسا بۆ کێوی طور) گوێرەکەکەتان کرد بە(خوای خۆتان وپەرستتان) ﴿وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ﴾ لەکاتێکدا ئێوە ستەمکار بوون ﴿٥١﴾ ﴿ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا دوای ئەو(گوێرەکە پەرستی یەتان) لێتان خۆش بووین ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ تاسوپاسی (خوا) بکەن ﴿٥٢﴾ ﴿وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ﴾ بیربکەنەوە کاتێك تەورات وجیاکەرەوە(لە نێوان دروست ونادروست) مان دا بەموسا ﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕێنموونیی پێ بکەن ﴿٥٣﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾ بیربکەنەوە کاتێك کە موسا بەگەلەکەی وت ﴿يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم﴾ ئەی گەلەکەم بەڕاستی ئێوە ستەمتان کرد لەخۆتان ﴿بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ﴾ بەگوێرەکە پەرستیەکەتان ﴿فَتُوبُوٓا۟ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ﴾ کەواتە بگەڕێنەوە بەپەشیمانیی بۆ لای بەدی هێنەرتان ﴿فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ﴾ و خۆتان بکوژن(بێ تاوانتان تاوان بارتان بکوژێت) ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەمەتان باشترە بۆخۆتان ﴿عِندَ بَارِئِكُمْ﴾ لای بەدی هێنەرتان ﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ﴾ ئەمجا(خواش) پەشیمانیەکەی لێ گیرا کردن ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی هەر خوایە گیراکەری پەشیمانی و میهرەبانە ﴿٥٤﴾ ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێ ووتتان ئەی موسا ﴿لَن نُّؤْمِنَ لَكَ﴾ بڕوات پێ ناهێنین ﴿حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾ تاخوانەبینین بەئاشکرا ﴿فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ﴾ لەبڕ هەورە تریشقەیەك لێ ی دان ﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئێوە تەماشاتان دەکرد ﴿٥٥﴾ ﴿ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم﴾ لەپاشان زیندووەمان کردنەوە ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ﴾ لەدوای مردنتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بۆئەوەی سوپاسی (خوا) بکەن ﴿٥٦﴾ ﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ﴾ وەبەهەور سێبەرمان کرد بەسەرتانەوە، ﴿وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ﴾ وە گەزۆ و باڵندەی شێلاقەمان بەسەردا ڕشتن وبۆمان ناردن ﴿كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ﴾ (وە پێمان ووتن) بخۆن لەو خواردنە پاکانەی کەکردمان بەڕۆزیتان ﴿وَمَا ظَلَمُونَا﴾ (ئەوانەی ناسوپاسی یان کرد) ستەمیان لە ئێمە نەکرد ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو ستەمیان لە خۆیان کرد ﴿٥٧﴾

﴿وَإِذْ قُلْنَا ٱدْخُلُوا۟ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کەووتمان: بچنە ئەم شارە(کە قودسە) ﴿فَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا﴾ ئەمجا لەوێ(هەرچی ئارەزوو دەکەن) بخۆن بەتێروتەسەلی لەهەر لایەك کەحەز دەکەن ﴿وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا﴾ وە لەدەرگاوە بچنە ژوورەوە بە ملکەچی(بەکڕنوشەوە) ﴿وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ﴾ وە بڵێن (خوایە) لەگوناهەکانمان خۆش ببە ﴿نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَٰيَٰكُمْ﴾ ئەوسا لەگوناهەکانتان خۆش دەبین ﴿وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ وەلەئایندەدا پاداشتی چاکەکاران زۆرتر دەکەین ﴿٥٨﴾ ﴿فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ کەچی ئەوانەی ستەمکار بوون (ئەوەی پێیان ووترا بوو) گۆڕییان ﴿قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ﴾ بەقسەیەك کەپێیان نەووترا بوو ﴿فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ ئیتر ئێمەش ڕشتمان بەسەر ئەوانەی کەستەمیان کرد ﴿رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ سزایەك لەئاسمانەوە ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ﴾ بەهۆی ئەونافەرمانی یەی کەکردیان ﴿٥٩﴾ ﴿وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کەموسا داوای باران بارینی کرد بۆگەلەکەی ﴿فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ﴾ ئێمەش پێمان ووت: گۆچانەکەت بدە بەو(تاشە) بەردەدا ﴿فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا﴾ (کەلێی دا) لەپڕ دوانزە کانیی لێ هەلقوڵا ﴿قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ﴾ بێگومان هەموو تیرەیەك چاوگەی(ئاوەخۆرەی) خۆی ناسی ﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ﴾ (ئەمجا ووتمان) بخۆن وبخۆنەوە لەڕۆزی خوا ﴿وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ وە بڵاو مەبنەوە لەزەویدا بەخراپەکردن ﴿٦٠﴾ ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کەووتتان: ئەی موسا ﴿لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ﴾ هەرگیز خۆمان ڕانەگرین لەسەر یەك جۆر خۆراك ﴿فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ﴾ کەواتە داوامان بۆبکە لەپەروەردگارت ﴿يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ﴾ بۆمان دەربهێنێ لەوەی کەزەوی دەیڕوێنێ ﴿مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا﴾ لەسەوزەواتی و ترۆزیی وخەیاریی ﴿وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا﴾ و سیر ونیسکی وپیازی ﴿قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ﴾ (موسا)فەرمووی: ئایانێوەشتی چاك دەگۆڕنەوە بەخراپ (واتە گەزۆ و گۆشتی بانّدە دەگۆڕنەوە بەسیر وپیاز) ﴿ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا﴾ دابەزن بۆشارێك(لەم شارانەی فەلەستین) ﴿فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ﴾ ئەوسا بەڕاستی چیتان داوا کردووە دەستتان دەکەوێت ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ﴾ وەدرابەسەریاندا ڕیسوایی وبێ نەوایی (هەژاری) ﴿وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ وە خەشمی خوایان بۆخۆیان هێنایەوە ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئەمە لەبەر ئەوەبوو کەبێ ڕەوابوون بەنیشانەو فەرمانەکانی خوا ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ وە پێغەمبەرانیان دەکوشت بەناڕەوا ﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ﴾ ئەمە بەهۆی ئەوەوە بوو کەسەرپێچی و دەست درێژی یان دەکرد ﴿٦١﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ئیماندارن(موسوڵمانن) وەئەوانەی جوولەکەن ﴿وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ﴾ وەگاورۆنەستێرەیان فریشتەپەرستەکان ﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ هەرکامێك لەمانە بڕوای هێنا بەخواو ڕۆژی دوایی ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ وەکردەوەی چاکی کرد ﴿فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ ئەوە پاداشتیان بۆهەیە لەلای پەروەردگاریانەوە ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ نەترسیان لەبەرەو نەخەفەت دەخۆن ﴿٦٢﴾ ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ﴾ وە (بیربکەنەوە) کاتێك پەیمانمان لێ وەرگرتن ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ﴾ وە (کێوی) طورمان بەرز کردەوە بەسەر سەرتانەوە ﴿خُذُواْ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ﴾ (وە پێمان وتن) ئەوەی پێمان داوون (لەتەورات) باش کاری پێبکەن ﴿وَٱذْكُرُواْ مَا فِيهِ﴾ وەبیر کەنەوە لەوەی کەتێیدایە ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بەڵکو خۆتان بپارێزن ولەخوا بترسن ﴿٦٣﴾ ﴿ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ دیسان پشتتان هەڵکرد دوای پەیمان وەرگرتنەکە ﴿فَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ ئەمجا ئەگەر بەخشش و میهرەبانی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە ﴿لَكُنتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ئەوە ئێوە لەزەرەرۆمەندان دەبوون ﴿٦٤﴾ ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێوە (دەنگ وباسی) ئەوانەتان زانیوو ﴿ٱعْتَدَوْا مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ﴾ لەخۆتان کەدەست دریژیان کرد لە ڕۆژی شەممەدا ﴿فَقُلْنَا لَهُمْ﴾ ئەمجا پێمان وتن ﴿كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ﴾ بین بەمەیموونی دوور خراوە لەبەزەیی خوا ﴿٦٥﴾ ﴿فَجَعَلْنَٰهَا نَكَٰلًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا﴾ ئەمجا ئەم سزایەمان کردە پەند بۆ خەڵکانی ئەو سەردەمەو ئەوانەی دوای ئەوان ﴿وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ وەبەئامۆژگاریی بۆ پارێزکاران ﴿٦٦﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ﴾ وە (بیربکەنەوە) کاتێك موسا بەگەلەکەی ووت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ﴾ بێگومان خوا فەرمانتان پێ دەدات ﴿أَن تَذْبَحُواْ بَقَرَةً﴾ کە مانگایەك سەربڕن ﴿قَالُوٓاْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا﴾ وتیان: ئایا گاڵتەمان پێ دەکەیت ؟ ﴿قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ ووتی: پەنا ئەگرم بەخوا کەلە نەفامان بم ﴿٦٧﴾ ﴿قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ﴾ ووتیان: داوامان بۆبکەلەپەروەردگارت ﴿يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ﴾ پێمان بڵێ ئەو مانگایە کامەیە وچۆنە ؟ ﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ﴾ ووتی: بێگومان خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ﴾ مانگایەك بێت نەزۆر پیرو نەزۆر جوان ﴿عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ﴾ مام ناوەندی بێ لەنێوان ئەم دوانەدا ﴿فَٱفْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ﴾ زوو بیکەن ئەوەی فەرمانتان پێدراوە ﴿٦٨﴾ ﴿قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ﴾ ووتیان: داوامان بۆبکە لەپەروەردگارت ﴿يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا﴾ پێمان بڵێ ڕەنگی مانگاکە چۆن بێ ؟ ﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ﴾ ووتی:بەڕاستی خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا﴾ مانگایەکی زەردی تێربێ ﴿تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ﴾ (زەردێکی وا) دڵی تەماشاکاران خۆش بکات ﴿٦٩﴾

﴿قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ﴾ ووتیان: داوامان بۆ بکە لەپەروەردگارت ﴿يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ﴾ تەواو بۆمان ڕوون بکاتەوە چۆن بێ ئەومانگایە؟ ﴿إِنَّ ٱلۡبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيۡنَا﴾ بەڕاستی مانگاکەمان لێ تێك چووە ﴿وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهۡتَدُونَ﴾ وە بەڕاستی ئێمە ئەگەر خوا بیەوێ ڕێنموونی وەردەگرین ﴿٧٠﴾ ﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ﴾ ووتی: خوا ئەفەرموێ ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٞ لَّا ذَلُولٞ تُثِيرُ ٱلۡأَرۡضَ﴾ بەڕاستی مانگایەك بێ ڕانەهێنرابێ نە بە کێلانی زەوی ﴿وَلَا تَسۡقِي ٱلۡحَرۡثَ﴾ وە نە بەئاودێری کشتوکاڵ ﴿مُسَلَّمَةٞ لَّا شِيَةَ فِيهَا﴾ بێ نەنگ وبێ پەڵەیێ ﴿قَالُواْ ٱلۡـَٰٔنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّۚ﴾ ووتیان: ئائێستا هەوالی ڕاستت هێنا ﴿فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ ئەمجا سەربان بڕی وخەریك بوو ئەو(سەربڕینە) نەکەن ﴿٧١﴾ ﴿وَإِذۡ قَتَلۡتُمۡ نَفۡسٗا﴾ (وە بیربکەنەوە) کاتێك کە یەکێکتان کوشت ﴿فَٱدَّٰرَ ٔتُمۡ فِيهَاۖ﴾ وەهەموو لەخۆتانتان دوور دەخستەوەو ئاڕاوەتان بوو ﴿وَٱللَّهُ مُخۡرِجٞ مَّا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ﴾ وە خواش ئاشکرای کرد ئەوەی ئەتان شاردەوە ﴿٧٢﴾ ﴿فَقُلۡنَا ٱضۡرِبُوهُ بِبَعۡضِهَاۚ﴾ ئەمجا ووتمان: بەپارچەیەکی (مانگا سەربڕاوەکە) لەکەسە کوژراوەکە بدەن ﴿كَذَٰلِكَ يُحۡيِ ٱللَّهُ ٱلۡمَوۡتَىٰ﴾ ئا (بەو شێوەیە) خوا مردووەکان زیندوو دەکاتەوە ﴿وَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ﴾ وەنیشانەکانی خۆیتان پیشان دەدات ﴿لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ بۆئەوەی ژیربن وتێ بگەن ﴿٧٣﴾ ﴿ثُمَّ قَسَتۡ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ﴾ لە پاشان دڵتان ڕەق بوو دوای ئەم (هەموو) موعجیزانە ﴿فَهِيَ كَٱلۡحِجَارَةِ أَوۡ أَشَدُّ قَسۡوَةٗۚ﴾ دڵتان وەك بەردە بەڵکو زۆر ڕەقتر ﴿وَإِنَّ مِنَ ٱلۡحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنۡهُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ﴾ چونکە بەڕاستی بەردی وا هەیە لەچەند لاوە جۆگە ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ ﴿وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخۡرُجُ مِنۡهُ ٱلۡمَآءُۚ﴾ وە بێگومان هی وایان هەیە کەلەت لەت دەبێ و ئاوی لێ دێتەدەرێ ﴿وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَهۡبِطُ مِنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۗ﴾ وە بەڕاستی هی وایان هەیە لەترسی خوا (لەلوتکەی شاخەکان) بەرئەبێتەوە ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ وە خوا بێ ئاگا نی یە لەوەی کەدەیکەن ﴿٧٤﴾ ﴿أَفَتَطۡمَعُونَ أَن يُؤۡمِنُواْ لَكُمۡ﴾ جا ئایا بەتەمان (ئەی موسوڵمانینە) کە (جوولەکە) بڕوا بێنن بەئایینەکەتان ﴿وَقَدۡ كَانَ فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ﴾ لەکاتێکدا دەستەیەك لەوان ﴿يَسۡمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ﴾ فەرمووەی خوایان ئەبیست (لەتەورات) ﴿ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعۡدِ مَا عَقَلُوهُ﴾ کەچی لەپاش تێ گەیشتنی دەست کارییان دەکرد ﴿وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ وە ئەوان دەشیان زانی (کە کارێکی ناڕەوایە) ﴿٧٥﴾ ﴿وَإِذَا لَقُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ﴾ (جوولەکەکان) کاتێك تووشی موسڵمانەکان ببونایە دەیان وت: ﴿ءَامَنَّا﴾ ئێمەش بڕوامان هێناوە(بە پێغەمبەرەکەتان) ﴿وَإِذَا خَلَا بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ قَالُوٓاْ﴾ بەڵام کاتێك لەپەنایەکەوە هەندێکیان بەهەندێکیان بگەشتنایە دەیان وت: ﴿أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ﴾ ئەوە ئێوە ئەو شتانە بەموسوڵمانەکان دەڵێن کە خوا بۆئێوەی باس کردووە(لە تەورات دا)؟ ﴿لِيُحَآجُّوكُم بِهِۦ﴾ تائەو تەوراتە بکەنە بەڵگە بەسەرتانەوە ﴿عِندَ رَبِّكُمۡۚ﴾ لای پەروەردگارتان(لەڕۆژی دوایی دا) ﴿أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾ جا ئایا ژیرنابن و تێ ناگەن؟ ﴿٧٦﴾

﴿أَوَلَا يَعْلَمُونَ﴾ ئایا ئەوان نازانن ﴿أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ کەبەڕاستی خوا ئاگادارە بەوەی کەپەنهانی ئەکەن و ئەوەی ئاشکرای ئەکەن ﴿٧٧﴾ ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ﴾ وە هەندێکیان نەخوێندەوارن ﴿لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ﴾ لەپەڕاوەکە(تەورات) نازانن، تەنها ئاوات و هیوای هیچ وپووچ نەبێت ﴿وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ وە ئەوان هەر دوای گومان دەکەون ﴿٧٨﴾ ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ﴾ ئەمجا هاوارو تیاچوون بۆ ئەوانەی ﴿يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ﴾ کەتەوراتە (تێکدراوە) کە بەدەستی خۆیان دەنوسنەوە ﴿ثُمَّ يَقُولُونَ﴾ پاشان دەڵێن: ﴿هَٰذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ﴾ ئەم (نامەیە) لە خواوەیە ﴿لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ تاشتێکی کەمی پێ بکڕن ﴿فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ ساهاوارو تیاچوون بۆ ئەوان لەوە کەدەستی ئەوان نوسیوێتیەوە ﴿وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ﴾ وە هاوار بۆئەوان لەوەی کە ئەنجامی ئەدەن ﴿٧٩﴾ ﴿وَقَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ﴾ وە (جوولەکەکان) وتیان: ئاگری دۆزەخمان لێ ناکەوێت ﴿إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَةً﴾ مەگەر چەند ڕۆژێکی ژمێراو نەبێت ﴿قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدًا﴾ بڵێ: ئایا پەیمانتان لەخواوە وەرگرتووە ؟ (بۆ ئەمەی کە دەیڵێن)﴿فَلَنْ يُخْلِفَ اللَّهُ عَهْدَهُ﴾ تا خواش پێچەوانەی پەیمانی خۆی نەکات ؟ ﴿أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ یان شتێکی وا هەڵدەبەستن بەدەم خوداوە کەنایزانن ﴿٨٠﴾ ﴿بَلَىٰ مَنْ كَسَبَ سَيِّئَةً﴾ نەخێر وانی یە هەرکەسێك خراپەیەك بکات ﴿وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ﴾ وە تاوانەکەی خۆی لەهەموو لایەکەوە دەوری دابێت ودایگرێتەوە ﴿فَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ ئا ئەوانە هاوەڵی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ تیایدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی ﴿٨١﴾ ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە ئەوکەسانەی کەبڕوایان هێناو کردەوەی باشیان کرد ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ﴾ ئا ئەوانە هاوەڵی بەهەشتن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ تیایدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿٨٢﴾ ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ (وە بیربکەنەوە) کاتێك کەپەیمانمان لەجوولەکە وەرگرت ﴿لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ﴾ کە هیچ شتێك نەپەرستن جگە لە خوای گەورە ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ وە چاکە بکەن لەگەڵ دایك و باوك ﴿وَذِي الْقُرْبَىٰ﴾ وە لەگەڵ خزمان ﴿وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ﴾ وە لەگەڵ هەتیوان و هەژاراندا ﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ وە قسەی جوان بکەن لەگەڵ خەڵکیدا ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ وە نوێژ بکەن ﴿وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ وە زەکات بدەن ﴿ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْكُمْ﴾ ئەمجا پشتتان هەڵکرد کەمێکتان نەبێت ﴿وَأَنْتُمْ مُعْرِضُونَ﴾ وە ئێوە هەر بەربەرەکانێکەر و (پشت هەڵکەرن) ﴿٨٣﴾

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ﴾ وە (بیربکەنەوە) کاتێك پەیمانمان لێ وەرگرتن ﴿لَا تَسْفِكُونَ دِمَاءَكُمْ﴾ کە خوێنی یەکتری نەڕێژن ﴿وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ﴾ وە خۆتان دەربەدەر نەکەن لەوولاتتان ﴿ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ﴾ پاشان بڕیارتان دا(لەسەر ئەم پەیمانە) وە ئێوە(خۆتان) شایەتی لەسەر ئەدەن ﴿٨٤﴾ ﴿ثُمَّ أَنتُمْ هَٰؤُلَاءِ﴾ ئەمجا ئێوە هەرئەوانەن ﴿تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ﴾ کەیەکتری دەکوژن ﴿وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ﴾ وە هەندێك لەخۆتان دەربەدەر دەکەن لە وولاتیان ﴿تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم﴾ پشتیوانی (بێگانە) دەکەن دژی ئەوان ﴿بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ بە بەدی و دەست درێژی ﴿وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَىٰ﴾ وە ئەگەر دیلتان بۆبێنن (لەخۆتان ئەیانکڕنەوە) ﴿تُفَادُوهُمْ﴾ بڕیتی یان بۆ دەدەن ﴿وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ﴾ لە کەڵ ئەمەش دا کەدەربەدەر کردنیان قەدەغە کراوە لێتان (بۆچی کار بەوەیان دەکەن و بەمەیان ناکەن) ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ﴾ جا ئایا بڕوا دەهێنن بەهەندێك لەتەورات، و بێ بڕوا دەبن بەهەندێکی تری ﴿فَمَا جَزَاءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ﴾ جاتۆڵەی ئەوکەسانە کەوا بکەن لەئێوە ﴿إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ هەر ڕیسوایی و بەد ناوی یە لەژیانی دونیادا ﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ وە لەڕۆژی دوایشدا ﴿يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ﴾ دەگەڕێنرێنەوە بۆناو سەختترین سزا ﴿وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ وە خوا بێ ئاگا نی یە لەوەی کەدەیکەن ﴿٨٥﴾ ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ﴾ ئەمانە ئەوانەن ﴿اشْتَرَوُا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ﴾ کە ژیانی جیهانیان کڕی بە دوارۆژ ﴿فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ﴾ ئیتر نە سزایان لەسەر سووك دەکرێت ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وە نە یارمەتیی دەدرێن و (نەپشتگیریی دەکرێن) ﴿٨٦﴾ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە تەوراتمان دا بە موسا ﴿وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ﴾ وە دوا بەدوای ئەو پێغەمبەرانمان نارد ﴿وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ﴾ وە چەند نیشانەیەکی ڕۆشنمان دا بە عیسای کوڕی مەریەم ﴿وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ﴾ وە پشتیوانیمان کرد بە جوبرەئیل ﴿أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ﴾ جا هەرکاتێ پێغەمبەرێکتان بۆ بهاتایە ﴿بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُكُمُ﴾ بە جۆرێك کە بەدڵی خۆتان نەبوایە ﴿اسْتَكْبَرْتُمْ﴾ لووت بەرز بوون و خۆتان بەگەورە گرتووە ﴿فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ﴾ جا دەستەیەکتان(لە پێغەمبەران) بە درۆ زانیوە ﴿وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ﴾ وە دەستەیەکتان کوشتوون ﴿٨٧﴾ ﴿وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ﴾ وە (جوولەکەکان) وتیان(بە پێغەمبەرﷺ) دڵمان داپۆشراوە (قوفڵدراوە و قسەی تۆی ناگاتێ) ﴿بَل لَّعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو خوا نەفرینی لێکردن بەهۆی بێ بڕواییانەوە ﴿فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ﴾ جا کەمیان هەیە بڕوا بهێنن ﴿٨٨﴾

﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ﴾ کاتێك کەنامەیەکیان بۆهات(کە قورئانە) ﴿مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ لەلایەن خواوە ﴿مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ﴾ کە پەسەندکەری تەورانەکەی ئەوانە(پێش ئەوەی دەستکاری بکەن و بیگۆڕن) ﴿وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ﴾ وە ئەوان (جوولەکەکان) لەوەوپێش ﴿يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ داوای زاڵ بوونیان ئەکرد لەخوا بەسەر ئەوانەی کە بێ بڕوابوون ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟﴾ کەچی کاتێك ئەو(پێغەمبەر) ەی دەیان ناسیی بۆیان هات ﴿كَفَرُوا۟ بِهِۦ﴾ بێ بڕوابوون پێی ﴿فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ کەواتە نەفرینی خوا لەبێ بڕوایان بێ ﴿٨٩﴾ ﴿بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ﴾ شتێکی زۆر خراپ بوو کە خۆیانیان پێ فرۆشت ﴿أَن يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ (ئەو خراپەش) بێ بڕواییان بوو بەو قورئانەی کەخوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ﴾ بەهۆی حەسودیانەوە بوو بەوەی کەخودا بڕێزێ ﴿مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ﴾ لەبەخششی خۆی بەسەر هەرکەسێکدا کەخۆی بیەوێ ﴿مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ لەبەندەکانی (کە موحەممەدە ﷺ) ﴿فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ﴾ ئەمجا تووشی خەشم و ڕقی یەك لەدوای یەکی خوا بوون ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ وە بۆ بێ بڕوایان هەیە سزای ڕیسواکەر ﴿٩٠﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟﴾ کاتێك پێ یان بووترایە: بڕوا بهێنن ﴿بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بەوەی کەخوا ناردوویە تیە خوارەوە (کە قورئانە) ﴿قَالُوا۟ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا﴾ ئەیانووت: ئێمە بڕوا بەوە دەهێنین کەبۆ خۆمان نێردراوەتە خوارەوە ﴿وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ﴾ وە بێ بڕوا ئەبوون بە ئەوانەی کە دوای (تەورات) نێراوە (وەك قورئان) ﴿وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ﴾ لەکاتێکدا کە ئەو قورئانە ڕاستە وپشتیوانی تەورانە (بێ دەستکاری) یەکەی ئەوانەوبەڕاستی دەزانێت ﴿قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ﴾ بڵێ: بۆچی لەمەوپێش پێغەمبەرانی خواتان دەکوشت ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر بڕوادار بوون ﴿٩١﴾ ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی موسساتان بۆهات بەچەند نیشانەیەکی ڕۆشنەوە ﴿ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ کەچی لە دوای ئەو گوێرەکەتان پەرست ﴿وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ﴾ بێگومان ئێوە ستەمکارن ﴿٩٢﴾ ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ﴾ (وەبیربکەنەوە) کاتێك کەپەیمانمان لێ وەرگرتن ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ﴾ وە کێوی طورمان بەرز کردەوە بەسەرتاندا ﴿خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ﴾ (وە ووتمان) ئەوەی پێماندداوون (تەورات) باش کاری پێ بکەن (وتووند دەستی پێوە بگرن) ﴿وَٱسْمَعُوا۟﴾ وە گوێ بگرن ﴿قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا﴾ (بەزمان) وتیان: بیستمان و(بەکردەوە) بێ فەرمانیمان کرد ﴿وَأُشْرِبُوا۟ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ﴾ وە بەهۆی بێ بڕوایی یانەوە دڵیان تاو درابوو بەخۆشەویستی گوێرەکە کە ﴿قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَٰنُكُمْ﴾ بڵێ: بڕواکەتان چ فەرمانێکی بەدتان پێ دەدات ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿٩٣﴾

﴿قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەگەر ماڵی دوایی (بەهەشت) بۆ ئێوەیە لای خوا (وەك خۆتان دەڵێن) ﴿خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ﴾ بەتایبەتی بۆ خۆتان بێت بەبێ ئەوەی کەس بێ بە هاوبەشتان ﴿فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ کەواتە داوای مردن بکەن ئەگەر ڕاست گۆن ﴿٩٤﴾ ﴿وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا﴾ وە هەرگیز داوای مردن ناکەن ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ بەهۆی ئەو (گوناهانە) کەبەدەستی خۆیان پێشیان خستووە ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا ئاگادارە بە ستەمکاران ﴿٩٥﴾ ﴿وَلَتَجِدَنَّهُمْ﴾ سوێندبێت ئەو (جوولەکانە) دەبینیت ﴿أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ﴾ لەهەموو کەس زیاتر حەز لەژیان دەکەن ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟﴾ وە لەوانەش کە هاوبەش بۆ خوا پەیدادەکەن ﴿يَوَدُّ أَحَدُهُمْ﴾ (لەبەرئەوە) هەریەکێکیان ئاوات دەخوازێ ﴿لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ کە هەزار ساڵ بژیایە ﴿وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ﴾ وە ئەو تەمەنە (کەبەسەری دەبات) ڕزگاری ناکات لەسزا ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ وە خوا بینایە بەوەی کە دەیکەن ﴿٩٦﴾ ﴿قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: هەر کەسێك دوژمنی جوبرەئیل بێت (ئەوە دوژمنی خوایە) ﴿فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ چونکە ئەو بەفەرمانی خوا قورئانی هێناوەتە خوارەوە بۆ سەر دڵی تۆ ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ پشتیوانی نامەکانی پێش خۆی دەکات و بەڕاستیان دەزانێت ﴿وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە ڕێنموونیی کەرو مژدە دەرە بۆ بڕواداران ﴿٩٧﴾ ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ﴾ هەر کەسێك دوژمنی خواو فریشتەکانی خوا ﴿وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ﴾ و پێغەمبەرانی خوا و جوبرەئیل و میکائیل بێت (ئەوە بێ بڕوایە) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ وە بێگومان خواش دوژمنی بێ بڕوایانە ﴿٩٨﴾ ﴿وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان بۆمان ناردووین ﴿ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ﴾ چەند نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرا (کە قورئانە) ﴿وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ وە کەس بێ بڕوا نابێت پێیان، مەگەر بەدکاران نەبێت ﴿٩٩﴾ ﴿أَوَكُلَّمَا عَٰهَدُوا۟ عَهْدًا﴾ ئایا (بێ بڕوا ئەبن بەنایەتەکانی ئێمە) هەر جارێك پەیمانێك ببەستن (لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا) ﴿نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم﴾ دەستەیەك لەوانە پەیمانەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ (نەك هەر ئەوەندە) بەڵکو زۆربەیان هەر بڕوا ناهێنن ﴿١٠٠﴾ ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ کاتێك کە پێغەمبەرێکیان بۆ هات لەلایەن خواوە ﴿مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ﴾ بەپشتیوانی تەوراتە (دەستکاری نەکراوە) کەیان ﴿نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ﴾ دەستەیەك لەوانەی کە خاوەن نامەبوون نامەکەی خوایان فڕێ دایە ﴿وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ﴾ پشت خۆیان و (پشت گوێیان خست) ﴿كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ وەك نەزانن (کەئەوە نامەی خودایە) ﴿١٠١﴾

﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾ (جوولەکەکان) دوای ئەو(شتانە) کەوتن کەشەیتانەکان دەیان خوێندەوە (بۆ خەڵکی) ﴿عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ﴾ لەسەردەمی پاشایەتی سولەیمان دا، وە سولەیمان بێ بڕوا نەبوو ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ﴾ بەڵام شەیتانەکان بێ بڕوا بوون ﴿يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ﴾ خەڵکیان فێری جادوو دەکرد ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ﴾ هەروەها ئەوەی نێردراوەتە خوارەوە لە بابل بۆ سەر هارووت و ماروت(دوو فریشتە بوون) ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ﴾ وە(ئەمانە) کەسیان فێر نەدەکرد تا پێیان نەوتایە ﴿إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ﴾ ئێمە هەرتاقی کەرەوەی (ئادەمیزاد) ین کەواتە بێ بڕوامەبە ﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ﴾ ئەمجا فێری جادووی وا دەبوون لێیانەوە کە ژن و مێردی پێ لەیەك جیا بکەنەوە ﴿وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ﴾ ئەوان بەم جادووە ناتوانن زیان بەکەس بگەیەنن ﴿إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ مەگەر بەویستی خوا نەبێت ﴿وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ﴾ وە فێری شتێك دەبن کە زیانیان پێ دەگەیەنێ نەك قازانج ﴿وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ﴾ بێگومان زانیان هەرکەسێ جادو بکرێ (وفێری ببێت) ﴿مَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ﴾ (بەفەرموودەی تەورات) لەڕۆژی دواییدا بێ بەش دەبێ ﴿وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ﴾ بەڕاستی زۆر خراپە ئەو شتەی کە (بڕوای) خۆیانیان پێ فرۆشت ﴿لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بیانزانیایە ﴿١٠٢﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ﴾ ئەگەر بەڕاستی ئەوان بڕوایان بهێنایە و پارێزکار بونایە ﴿لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌ﴾ ئەوا پاداشتێکی چاکتر لەلایەن خواوە بۆ ئەوان دەبوو ﴿لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بیانزانیایە ﴿١٠٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَقُولُواْ﴾ مەڵێن ﴿رَٰعِنَا﴾ ووشەی جوێن و بێ ڕێزییە بە لای جولەکەوە ﴿وَقُولُواْ﴾، وە بڵێن ﴿ٱنظُرْنَا﴾ بەڵەمان لێ مەکە و چاوەڕوانیمان لەسەر بکە ﴿وَٱسْمَعُواْ﴾ و ببیستن ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆ بێ بڕوایان هەیە سزای سەخت ﴿١٠٤﴾ ﴿مَّا يَوَدُّ﴾ حەزناکەن ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ ئەوانەی کەبێ بڕوان لە خاوەن نامە و هاوبەش پەیداکەرەکان ﴿أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ کە هیچ شتێکی باشتان لەخواوە بۆ بنێردرێتە خوارەوە ﴿وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ بەڵام خواش بەخششی خۆی بۆ کەسێك کەبیەوێ تەرخان دەکات ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾ و خوا خاوەنی چاکەی گەورەیە ﴿١٠٥﴾

﴿مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ أَوْ نُنسِهَا﴾ ئەگەر ئایەتێك (لە ئایەتەكانی قورئان) بسڕینەوە یان پشتگوێی بخەین ﴿نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ أَوْ مِثْلِهَآ﴾ یەكێكی تری باشتر لەو، یان وەك ئەو دەهێنین ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئایا نازانییت خوا بەسەر هەموو شتێكدا بەدەسەڵاتە ﴿١٠٦﴾ ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئایا نازانیت كە مولكی ئاسمانەكان و زەوی هەر بۆخوایە؟ ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ وە هیچ پشتیوان و یارییدەدەرێكتان نی یە، خوا نەبێت ﴿١٠٧﴾ ﴿أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْـَٔلُوا۟ رَسُولَكُمْ﴾ یانئێوەش دەتانەوێ داوای (شتی نەشیاو) بكەن لەپێغەمبەرەكەتان؟ ﴿كَمَا سُـُٔلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ﴾ وەك لەمەوپێش داواكرا لەموسا (علیه السلام) ﴿وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ﴾ هەركەسێك بڕوابگۆڕێتەوە بە بێ بڕوایی ﴿فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ ئەوە بێگومان ڕێی ڕاستی وون كردووە ﴿١٠٨﴾ ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ زۆر لەخاوەن نامەكان ئاواتەخوازن ﴿لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا﴾ كەبتانكەنەوە بە بێ بڕوا، دوای بڕوا هێنانتان ﴿حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم﴾ لەبەر حەسوودییەك كە لەدەروونیانەوەیە ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ﴾ (ئەمەش) دوای ئەوەی كەڕاستیەكەیان بۆ ڕوون بوەتەوە ﴿فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟﴾ بەلاّم ئێوە لێیان خۆش بن و چاو پۆشیان لێ بكەن ﴿حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ تا خوا فەرمانی خۆیتان بۆ دەنێرێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بێگومان خوا بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێكدا ﴿١٠٩﴾ ﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ نوێژ بكەن وزەكات بدەن ﴿وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ﴾ وەهەرچی پێشبخەن لەچاكە بۆخۆتان ﴿تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ لای خوا دەستتان دەكەوێتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بێگومان خوا بینایە بەوەی كەدەیكەن ﴿١١٠﴾ ﴿وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ﴾ (جوولەكەو گاوورەكان) وتیان: كەس ناچێتە بەهەشتەوە ﴿إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ﴾ مەگەر یەكێك كە جوولەكە یا گاوور بێت ﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ﴾ ئەمە ئاواتیانە ﴿قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ﴾ پێیان بڵێ: بەڵگەتان بهێنن ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەكەن ﴿١١١﴾ ﴿بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ﴾ (نەء وانییە) بەڵكو هەر كەسێك بەڕاستی ڕووبكاتە خوا ﴿وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ و لەهەمان كاتدا چاكەكار بێت ﴿فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ﴾ ئەوە بۆی هەیە پاداشت لەلای پەروەردگاریەوە ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ نە ترسیان لەبەرە و نەخەمیش دەخۆن ﴿١١٢﴾

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ﴾ جوولەکە ئەڵێن: گاوور لەسەر هیچ (ئایینێك) نین ﴿وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ﴾ وە گاوور دەڵێن: جوولەکە لەسەر هیچ (ئایینێك) نین ﴿وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان نامەکانیان دەخوێندەوە،(یەکێکیان تەورات و ئەوی تریش ئینجیل) ﴿كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ﴾ هەر بەم جۆرەیان دەووت، ئەوانەی کە نەزانن (لە بت پەرستەکان) ﴿فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ ئەمجا خوا لە ڕۆژی دواییدا لە نێوانیاندا بڕیار دەدات ﴿فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەوشتانەی کەتیایدا جیاواز و ناکۆکن ﴿١١٣﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن﴾ کێ ستەمکارترە لەو کەسەی ﴿مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾ کە ڕێگری لەمزگەوتەکانی خوا دەکات ﴿أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ﴾ لەوەی کە ناوی خوایان تێدا ببرێ ﴿وَسَعَىٰ فِى خَرَابِهَآ﴾ وە هەوڵ دەدات بۆ وێران کردنیان ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە(کە قەدەغەی خواپەرستی دەکەن لە مزگەوتەکاندا) ﴿مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ﴾ بۆیان نی یە بچنە مزگەوتەکانەوە بە ترسەوە نەبێت ﴿لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ﴾ لەژیانی دونیادا ڕیسوایی بۆ ئەوانە ﴿وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە لەڕۆژی دواییشدا سزای گەورە ﴿١١٤﴾ ﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾ ڕۆژهەڵات وڕۆژ ئاوا هەر بۆخوایە ﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ﴾ کەواتە ڕووبکەنە هەرلایەك (لە نوێژ کردندا بەفەرمانی خودا) ئەوە ڕووگەیە وڕووتان لەخودا کردووە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خوا (بەزەیی و میهرەبانی) فراوانەو زانایە ﴿١١٥﴾ ﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا﴾ (گاوورو جوولەکە و بت پەرستەکان) ووتیان: خوا منداڵی بۆخۆی داناوە ﴿سُبْحَٰنَهُۥ﴾ ئەو(خوا) پاك و بەدوورە لەوە ﴿بَل لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ بەڵکو هەرچی هەیە لە ئاسمانەکان و زەوی دا مولکی ئەوە ﴿كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ﴾ هەموو فەرمانبەردار وملکەچی ئەون ﴿١١٦﴾ ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ (خوا) بەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە ﴿وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا﴾ وە کاتێ کەوێستی شتێ بکات ﴿فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ هەر ئەوەندەی پێ ئەوێ کە پێی ی بڵێ: ببە ئیتر ئەبێ ﴿١١٧﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ﴾ نەزانەکان ووتیان: بۆچی خوا خۆی قسەمان لەگەڵ ناکات ﴿أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ﴾ یا نیشانەیەکمان بۆ نایەت ﴿كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ﴾ ئەوانەی کەلەپێش ئەمانیش دا بوون هەمان شتیان دەووت ﴿تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ دڵ و دەروونیان لەیەك دەچێت ﴿قَدْ بَيَّنَّا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ بێگومان نیشانەی زۆرمان باس کردووە بۆ کەسانێك بەشوێن دڵنیایی دا دەگەڕێن ﴿١١٨﴾ ﴿إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ بێگومان ئێمە تۆمان نارد بە ئاینێکی ڕاست و دروستەوە بە مژدەدەر و ترسێنەر ﴿وَلَا تُسْـَٔلُ عَنْ أَصْحَٰبِ ٱلْجَحِيمِ﴾ وە تۆ بەرپرسیار نیت لەیارانی دۆزەخ ﴿١١٩﴾

﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ﴾ هەرگیز نە جوولەکە و نە گاوور لێت ڕازی نابن ﴿حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾ هەتا دوای ئاینیان نەکەویت ﴿قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ﴾ (پێ یان) بڵێ: هەر ڕێنموونیی خوایە ڕێنموونی ڕاست ﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم﴾ وە ئەگەر دوای ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت(ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾ دوای ئەو زانینەی کە (لەخواوە) بۆت هاتووە (کە قورئانە) ﴿مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ هیچ سەرپەرشتی کەرو یارییدەدەرێکت نابێ لەلایەن خواوە ﴿١٢٠﴾ ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەوانە کەنامەمان پێداوون ﴿يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ﴾ بەڕاستی دەیخوێننەوە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ ئەوانە بڕوا ئەهێنن بەڕێنموونیی خوای گەورە (کە ئیسلامە) ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ﴾ وە ئەوانەی بێ بڕوابن پێ ی ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ هەرئەوانن زەرەر مەند و خەسارۆمەند ﴿١٢١﴾ ﴿يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتِىَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ﴾ ئەی نەوەکانی یەعقوب (ئەی بەنی ئیسرائیل) بیری ئەو چاکانە بکەنەوە کەڕشتوومن بەسەرتاندا ﴿وَأَنِّى فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ وەبێگومان من (پێشتر) ڕێزی ئێوەم دا بەسەر هەموواندا ﴿١٢٢﴾ ﴿وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا﴾ وە خۆتان بپارێزن لەڕۆژێك ﴿لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا﴾ کەکەس لەبری کەس تۆڵەو پاداشت نادرێتەوە ﴿وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ﴾ وەبارمتەی لێ وەرناگیرێت ﴿وَلَا تَنفَعُهَا شَفَٰعَةٌ﴾ وە هیچ تکایەك کەڵکی ناگرێ ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وەیارمەتیی نادرێن و سەرناخرێن ﴿١٢٣﴾ ﴿وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك خوا ئیبراهیمی تاقی کردەوە بەچەند بڕیار وفەرمایشتێك ﴿فَأَتَمَّهُنَّ﴾ کە ئەویش بەجێ ی هێنان ﴿قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا﴾ (خوا) فەرمووی: بێگومان من تۆ دەکەم بە پێشەوای خەڵکی ﴿قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى﴾ (ئیبراهیم) وتی: لەنەوەشم ئەکەیت (بە پێشەوا)؟ ﴿قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ فەرمووی: پێغەمبەریەتیی من ناگات بەستەمکاران ﴿١٢٤﴾ ﴿وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك کە کەعبەمان گێڕا بەپەناگای خەڵکی و جێ ی ئاسایش ﴿وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى﴾ (پێمان ووتن) شوێنی ئەو بەردەی ئیبراهیم (علیه سلام) لە سەری ڕادەوەستا (کاتی دروست کردنی کەعبە) بکەنە جێگای نوێژ ﴿وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ﴾ وە سپاردمان بە ئیبراهیم و ئیسماعیل ﴿أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ﴾ کە ماڵەکەم پاك بکەنەوە بۆ ئەوانەی کە بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە ﴿وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ﴾ وە بۆ ئەوانەی کە تیایدا ئەمێننەوە هەروەها بۆ کڕنوش بەران و سوژدە بەران ﴿١٢٥﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا﴾ (وە بیربکەنەوە) کاتێك کەئیبراهیم ووتی: خوایە ئەم شوێنە (کە مەککەیە) بکە بەشارێکی پڕ لەئاسایش ﴿وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ وە ڕۆزی دانیشتوانی بدە لە بەروبووم و میوەهات ﴿مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ ئەوانەیان کەبڕوایان بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە. ﴿قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا﴾ (خوا) فەرمووی: ئەوەش بێ بڕوابێ ڕۆزی پێ ئەدەم بۆچەند ڕۆژێکی کەم ﴿ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ لەپاشان ناچاری دەکەم بەسزای ئاگری دۆزەخ کەخراپترین سەرئەنجامە ﴿١٢٦﴾

﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ﴾ (بیربکەرەوە) کاتێك کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەکانی کەعبەیان بەرز دەکردەوە ﴿رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ (دەیانووت) خوایە ئەم کردەوەیەمان لێ گیرا بکە بەڕاستی هەر تۆی بیسەری زانا ﴿١٢٧﴾ ﴿رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ﴾ خوایە هەر دووکمان بکە بە گوێڕایەڵ وفەرمان بەرداری خۆت ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ﴾ وە لەنەوەشمان گەلێك بکە بەفەرمانبەرداری خۆت ﴿وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا﴾ وە ڕێگاکانی خوا پەرستیمان نیشان بدە ﴿وَتُبْ عَلَيْنَآ﴾ وە پەشیمانیمان گیرابکە ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی هەرتۆی گیراکەری پەشیمانی و میهرەبان ﴿١٢٨﴾ ﴿رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ﴾ خوایە لە ناو نەوەکانماندا پێغەمبەرێك بنێرە لەخۆیان ﴿يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِكَ﴾ ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ﴾ قورئان و دانایی یان فێربکات و پاکیان بکاتەوە (لە هەموو گوناهێك) ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ بێگومان هەرتۆی بەتوانای دانا ﴿١٢٩﴾ ﴿وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ﴾ کێ ڕووەرنە گێڕێ لە ئایینی ئیبراهیم ؟ ﴿إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ﴾ مەگەر کەسێك کەخۆی گێل ونەفام کردبێت ؟ ﴿وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا﴾ سوێندبێ بێگومان ئیبراهیممان هەڵبژارد لە دونیادا ﴿وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە بێگومان ئەو لەڕۆژی دواییدا لەچاکەکارانە ﴿١٣٠﴾ ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ﴾ (هەڵی بژارد) لەکاتێکدا خوا پێی فەرموو : گوێڕایەڵ وفەرمانبەردار بە ﴿قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ (ئیبراهیمیش) ووتی: وا خۆم سپارد بە پەروەردگاری جیهانیان ﴿١٣١﴾ ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ﴾ ئیبراهیم و یەعقوب ئامۆژگاری کوڕەکانی خۆیانیان کرد کە فەرمانبەرداری خوابن ﴿يَٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ﴾ (وەهەریەکەیان پێیان وتن) ڕۆڵەکانم: خوا ئایینی یەکتاپەرستی بۆ هەڵ بژاردوون ﴿فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ کەواتە مەمرن بەموسوڵمانێتی نەبێت ﴿١٣٢﴾ ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ﴾ (ئەی خاوەن نامەکان) ئایا ئێوە ئامادە بوون کاتێ یەعقوب لەسەرەمەرگدا بوو ﴿إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى﴾ کاتێ بە کوڕەکانی ووت دوای من کێ دەپەرستن ؟ ﴿قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ﴾ (ئەوانیش) ووتیان: خوای تۆو باوو باپیرانت دەپەرستین ﴿إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا﴾ کە خوای ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقە کە خوایەکی تاك وتەنهایە ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ﴾ وە ئێمەش فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی ئەوین ﴿١٣٣﴾ ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ﴾ ئەو پێغەمبەرانە دەستەیەك بوون تێپەڕیین ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ﴾ هەرچیان کرد بۆ خۆیانیان کردوە (ئێوەش) هەرچی بکەن بۆخۆتانی دەکەن ﴿وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ وە ئێوە بەرپرسیار نین لەکردەوەی ئەوان ﴿١٣٤﴾

﴿وَقَالُوا۟ كُونُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ تَهْتَدُوا۟﴾ (جوولەکە و گاوورەکان) ووتیان: (بەموسڵمانەکان) ببن بە جوولەکە یان بەگاوور تابکەونە سەر ڕێگای ڕاست ﴿قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًا﴾ بڵێ: بەڵکو پەیڕەویی ئایینی پاکی ئیبراهیم دەکەین ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ کەلە هاوبەش پەیداکەران نەبووە ﴿١٣٥﴾ ﴿قُولُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ بڵێن: (ئەی موسڵمانینە) بڕوامان هێنا بە خواو ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا﴾ بەو قورئانەی کەبۆخۆمان نێرراوەتە خوارەوە ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ﴾ وە بەو نامەیەی کە نێرراوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی یەعقوب ﴿وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ﴾ وە بەوەی کەدراوە بە مووساو عیسا ﴿وَمَآ أُوتِىَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ﴾ وە بەوەی کە دراوە بەهەموو پێغەمبەران لەلایەن پەروەدگاریانەوە ﴿لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ﴾ جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێکیاندا ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ﴾ وە ئێمە فەرمانبەردار وگوێڕایەڵی خوایین ﴿١٣٦﴾ ﴿فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ﴾ ئەمجا ئەگەر بڕوایان هێنا بەو وێنەیەی کە ئێوە بڕواتان پێ هێناوە ﴿فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟﴾ ئەوا بێگومان ڕێنی ڕاستیان دۆزیوەتەوە ﴿وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ﴾ وە ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوا ئەوان لە دوو بەرەکیی دان ﴿فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ﴾ وە خوا ئاگاداری تۆ ئەکات لەوان ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە هەر خوایە بیسەری زانا ﴿١٣٧﴾ ﴿صِبْغَةَ ٱللَّهِ﴾ دەستبگرن بەو ئاینەی خوداوە کەفیترەتی پاکی ئێوەی لەسەر خەلقکردوە ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً﴾ بێگومان هیچ فیترەتێکی بەوجۆرە پاك نیە (کەواتە چاك دەستی پێوە بگرن) ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ﴾ وە ئێمەش پەرستن و عیبادەت هەر بۆ ئەو دەکەین ﴿١٣٨﴾ ﴿قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِى ٱللَّهِ﴾ بڵێ: ئایا دەمەقاڵێ و دەمەوەریمان لەگەڵ ئەکەن لەکاری خوا ﴿وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ﴾ لە کاتێکدا ئەو پەروەردگاری ئێمە و ئێوەیشە ﴿وَلَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ﴾ وە کردەوەی خۆمان بۆخۆمانە و کردەوەی خۆتان بۆ خۆتانە ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ مُخْلِصُونَ﴾ وە ئێمە تەنها بەدڵسۆزی بەندایەتی خوا دەکەین ﴿١٣٩﴾ ﴿أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ﴾ یاخود ئێوە ئەڵێن: ئیبراهیم و ئیسماعیل ﴿وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ﴾ و ئیسحاق و یەعقوب وکوڕەکانی یەعقوب ﴿كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ﴾ جوولەکە یا گاوور بوون ؟ ﴿قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ﴾ بڵێ: ئایا ئێوە زاناترن یا خوا؟ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ﴾ کێ ستەم کارترە ﴿مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ﴾ لەو کەسەی کە شایەتیەکی لەخوا وەرگرتبێ و بیشارێتەوە ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ خودا بێ ئاگا نی یە لەوەی کە ئێوە دەیکەن ﴿١٤٠﴾ ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ﴾ ئەو پێغەمبەرانە دەستەیەك بوون تێپەڕین و ڕۆشتن ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ﴾ هەرچی یان کرد بۆ خۆیانیان کرد ، وە ئێوەش هەرچی بکەن بۆخۆتانی دەکەن ﴿وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ وە ئێوە بەرپرسیار نین لە کردەوەی ئەوان ﴿١٤١﴾

﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ هەندێ نەزان و گێل ونەفام لەخەڵك دەڵێن : ﴿مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟ عَلَيْهَا﴾ چی موسڵمانەکانی وەر گێڕا لەو ڕووگەیان کەجاران لەسەری بوون ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾ بڵێ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەمووی موڵکی خوایە ﴿يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ کێ ی بوێ ڕێنموونیی دەکات بۆ ڕێبازی ڕاست ﴿١٤٢﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ هەروەها کردمانن بەگەلێکی میانەڕەو مامناوەند (ی هەڵبژاردە) ﴿لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ تابینە شاهید وچاودێر بەسەر خەڵکەوە، و پێغەمبەریش ﷺ شاهید وچاودێر بێت بەسەر ئێوەوە ﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ﴾ ئەو ڕووگەیەی کەجاران لەسەری بوویت نەمانگێڕا (بەڕووگەو لەپاشان گۆڕیمان بەکەعبە) ﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ﴾ تەنها بۆ ئەوەی دەربکەوێت کێ شوێن پێغەمبەر ﷺ دەکەوێت (وەجیادەبێتەوە) ﴿مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ﴾ لەوانەی کەپاش گەڕدەبنەوە ﴿وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً﴾ وە بەڕاستی (ئەم گۆڕینە) کارێکی زۆر گەورەو گران بوو ﴿إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ﴾ مەگەر لای ئەوانەی کەخوا ڕێنموونیی کردوون ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ﴾ وەخوای گەورە بڕوا (و نوێژەکانی جاران) تانی بەزایە نەداوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ﴾ بەڕاستی خوا لەگەڵ خەڵکیدا ﴿لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ دڵسۆزی میهرەبانە ﴿١٤٣﴾ ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ بەڕاستی ئێمە گەڕانی ڕووخسارت ڕووبەئاسمان دەبینین ﴿فَلَنُوَلِّيَنَّكَ﴾ دەی سوێندبەخوا ڕووت دەکەینە ﴿قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا﴾ ڕووگەیەك کەپەسەندت بێ وڕازی بیت پێی ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ ئیتر ڕووت وەرچەرخێنە بەرەو لای کەعبە (مسجد الحرام) ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ﴾ ئێوەش ئەی موسڵمانان لەهەر لایەك بوون ﴿فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ (لەنوێژدا) ڕووتان بکەنە ئەوێ ،بەرەو (مسجد الحرام) ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی پەڕاویسان پێدراوە ﴿لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾ چاك ئەزانن کەئەمە شتێکی ڕاستە لە پەروەردگاریانەوە ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾ وە خودا یێ ئاگا نی یە لەوەی کەدەیکەن ﴿١٤٤﴾ ﴿وَلَئِنْ أَتَيْتَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٍ﴾ سوێند بێت ئەگەر هەرچی بەڵگەو نیشانە هەیە بی هێنیتەوە بۆ ئەم خاوەن نامە وپەڕاوانە ﴿مَّا تَبِعُوا۟ قِبْلَتَكَ﴾ دوای ڕووگەی تۆ ناکەوون ﴿وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ﴾ وە تۆش دوای ڕووگەی ئەوان ناکەویت ﴿وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ﴾ وە ئەوان دوای ڕووگەی یەکتری ناکەوون ﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم﴾ سوێند بێت ئەگەر تۆ دوای ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾ دوای ئەو زانینەی کە (بەسرووش) بۆت هاتووە ﴿إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بەڕاستی ئەو کاتە تۆ لەستەمکاران دەبیت ﴿١٤٥﴾

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەوانەی کە پەراومان پێ داوون ﴿يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ﴾ پێغەمبەر ﷺ دەناسن وەك چۆن کوڕونەوەکانی خۆیان دەناسن ﴿وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ﴾ بێگومان کۆمەڵێك لەوان (لەئەهلی کتاب) ﴿لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ﴾ ئەو ڕاستی یە دەشارنەوە ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان دەزانن (موحەممەد ﷺ پێغەمبەرە) ﴿١٤٦﴾ ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ ڕاست ئەوەیە (کەبۆت هاتووە) لەپەروەردگارتەوە. ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ کەواتە لە گومانداران مەبە ﴿١٤٧﴾ ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ﴾ وە هەموو گەلێك ڕووگەیەکی هەیە ﴿هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ کە ڕووی تێ دەکات ﴿فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ دەی دەست پێشکەری بکەن لە کردارەچاکەکاندا ﴿أَيْنَ مَا تَكُونُوا۟﴾ لەهەر کوێ هەبن ﴿يَأْتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا﴾ خودا هەموو تان کۆدەکاتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿١٤٨﴾ ﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ﴾ لەهەر کوێ چوویتە دەرەوە (بەسەفەر) ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ ڕووت وەربگێرە بۆ لای کەعبەی پیرۆز ﴿وَإِنَّهُۥ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ وە ئەم ڕووکردنەت ڕاستەو لە پەروەردگارتەوەیە ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ وە خودایێ ئاگانی یەلەوەی کەدەیکەن ﴿١٤٩﴾ ﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ﴾ لەهەر کوێ چوویتە دەرێ ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ (لەکاتی نوێژکردندا) ڕووت وەربگێرە بۆ لای کەعبەی پیرۆز ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ﴾ وە ئێوەش (ئەی موسڵمانینە) لەهەر کوێ بوون ﴿فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ ڕوو وەرگێڕن بۆلای ئەو (کەعبە) ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ﴾ تا بیانوی خەڵکتان نەیەتەسەر ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ﴾ مەگەر ستەمکارەکانیان ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ﴾ جا لێیان مەترسن ﴿وَٱخْشَوْنِى﴾ و لە من بترسن ﴿وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِى عَلَيْكُمْ﴾ بۆ ئەوەی بەخششی خۆمتان بەتەواوی بەسەردا بڕژم ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ وە بەڵکو ڕێنمایی ڕاست بگرن ﴿١٥٠﴾ ﴿كَمَآ أَرْسَلْنَا﴾ وەك ڕەوانەمان کرد ﴿فِيكُمْ﴾ لە ناوتاندا ﴿رَسُولًا مِّنكُمْ﴾ پێغەمبەرێك لە خۆتان ﴿يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِنَا﴾ کەئایەتەکانی ئێمەتان بەسەردا بخوێنێتەوە ﴿وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ﴾ وە دڵ وەدەروونتان پاکتان بکاتەوە وەفێرتان کات ﴿ٱلْكِتَٰبَ﴾ فێری قورئان ﴿وَٱلْحِكْمَةَ﴾ وە فێری دانایی (فەرمووەی خۆی) ﴿وَيُعَلِّمُكُم﴾ وە فێرتان کات ﴿مَّا لَمْ تَكُونُوا۟ تَعْلَمُونَ﴾ ئەو شتانەی کەنەتان دەزانی ﴿١٥١﴾ ﴿فَٱذْكُرُونِىٓ﴾ کەواتە یادم بکەن ﴿أَذْكُرْكُمْ﴾ تامنیش یادتان بکەم و لەبیرتان نەکەم ﴿وَٱشْكُرُوا۟ لِى﴾ وە سوپاسم بکەن ﴿وَلَا تَكْفُرُونِ﴾ پێ نەزان و ناسوپاسییم مەکەن ﴿١٥٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿ٱسْتَعِينُوا۟﴾ پشت ببەستن ﴿بِٱلصَّبْرِ﴾ بەخۆڕاگرتن ﴿وَٱلصَّلَوٰةِ﴾ و نوێژ (کردن) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆڕاگرانە ﴿١٥٣﴾

﴿وَلَا تَقُولُوا﴾ هەرگیز مەڵێن ﴿لِمَن يُقْتَلُ﴾ بەو کەسانەی دەکوژرێن ﴿فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لەڕێگەی خوادا ﴿أَمْوَاتٌ﴾ مردوون ﴿بَلْ أَحْيَاءٌ﴾ بەڵکو زیندوون ﴿وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ﴾ بەڵام ئێوە هەستی پێ ناکەن ﴿١٥٤﴾ ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ﴾ سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە ﴿بِشَيْءٍ﴾ بە هەندێک ﴿مِّنَ الْخَوْفِ﴾ لەترس ﴿وَالْجُوعِ﴾ و برسێتی ﴿وَنَقْصٍ﴾ و کەم بوونی ﴿مِّنَ الْأَمْوَالِ﴾ مالّ و دارایی ﴿وَالْأَنفُسِ﴾ و خەڵکی (کەس وکارتان) ﴿وَالثَّمَرَاتِ﴾ وبەڕووبووم ﴿وَبَشِّرِ﴾ جامژدەبدە ﴿الصَّابِرِينَ﴾ بەخۆڕاگران ﴿١٥٥﴾ ﴿الَّذِينَ﴾ ئەوانەی ﴿إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ﴾ کە لەگەڵ دووچاری سەختی ونەهامەتی وناخۆشیەک بوون ﴿قَالُوا﴾ دەڵێن ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ ئێمە هەر هی خواین و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە ﴿١٥٦﴾ ﴿أُولَٰئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ﴾ درود و بەزەیی بەسەر ئەواندا دەبارێت لە لایەن پەروەردگاریانەوە ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾ و ئەوانە ئەو کەسانەن هیدایەتیان وەرگرتووە ﴿١٥٧﴾ ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ﴾ بەڕاستی صەفاو مەڕوە ﴿مِن شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ لەدروشمەکانی (دینی) خوان ﴿فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ﴾ جا هەر کەسێک حەجی مالّی خوای کرد ﴿أَوِ اعْتَمَرَ﴾ یا عومرەی کرد ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ﴾ هیچ خراپە و تاوانی ناگات ﴿أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ کەهاتوچۆوسەعی نێوان سەفاومەروەبکات ﴿وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا﴾ وەهەرکەسێک بەئارەزووی خۆی چاکەیەکی کرد ﴿فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خودا سوپاسگوزارێکی زانایە ﴿١٥٨﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ﴾ بێگومان ئەوانەی ﴿يَكْتُمُونَ﴾ دەیشارنەوە ﴿مَا أَنزَلْنَا﴾ ئەوەی کە ناردوومانەتە خوارەوە ﴿مِنَ الْبَيِّنَاتِ﴾ لە ئایەتانی ڕۆشن و ﴿وَالْهُدَىٰ﴾ ڕێنمایی ﴿مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ﴾ دوای ئەوەی کە ڕوونمان کردوەتەوە ﴿لِلنَّاسِ﴾ بۆ خەڵکی ﴿فِي الْكِتَابِ﴾ لە نامە(ی تەورات و ئینجیل) دا ﴿أُولَٰئِكَ﴾ ئەوانە ﴿يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ﴾ خودا نەفرەتیان لێ دەکات ﴿وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ﴾ وە نەفرەتکەرانیش نەفرەتیان لێ دەکەن ﴿١٥٩﴾ ﴿إِلَّا الَّذِينَ﴾ مەگەر ئەوانەی ﴿تَابُوا﴾ کە پەشیمان بوونەوە ﴿وَأَصْلَحُوا﴾ وە کردەوەی چاکیان کردبێ و ﴿وَبَيَّنُوا﴾ (ئەوەی شاردبویانەوە) ئاشکرایان کردبێ ﴿فَأُولَٰئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿أَتُوبُ عَلَيْهِمْ﴾ پەشیمانیان لێ گیرادەکەم ﴿وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ وە هەر منم گیراکەری میهرەبان ﴿١٦٠﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ بڕوابوون ﴿وَمَاتُوا﴾ و مردوون ﴿وَهُمْ كُفَّارٌ﴾ و بێ بڕوا بوون ﴿أُولَٰئِكَ﴾ ئەوانە ﴿عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ﴾ لەسەریانە نەفرینی خوا ﴿وَالْمَلَائِكَةِ﴾ و فریشتەکان ﴿وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ خەڵکی بەتێکڕایی ﴿١٦١﴾ ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ﴾ سزایان لەسەر سووک ناکرێتەوە ﴿وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ وە دواناخرێن لەسزا ﴿١٦٢﴾ ﴿وَإِلَٰهُكُمْ﴾ پەرستراوی ئێوە ﴿إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ پەرستراوێکی تاک و تەنهایە ﴿لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە بەتەنیا ئەو نەبێت ﴿الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ﴾ کە بەخشندەی میهرەبانە ﴿١٦٣﴾

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ﴾ بەڕاستی هەیە لە دروست کردنی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ ئاسمانەکان ﴿وَٱلْأَرْضِ﴾ وزەوی ﴿وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ و جیاوازی شەووڕۆژ(بە کورتی و درێژی) ﴿وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِي﴾ و ئەو کەشتیانەی ﴿تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ﴾ کەدێن ودەچن لەناو دەریادا ﴿بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ﴾ بەوشتانە کەقازانج دەگەیەنن بەخەڵکی ﴿وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ وە ئەوەی کە خوا لەئاسمانەوە باراندی ﴿مِن مَّآءٍ﴾ لە ئاو (باران) ﴿فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ﴾ پاشان زەوی پێ زیندوو کردەوە (پێ بووژاندەوە) ﴿بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ پاش مردنی ﴿وَبَثَّ﴾ وە بڵاوی کردەوە ﴿فِيهَا﴾ تێیدا ﴿مِن كُلِّ دَآبَّةٍ﴾ لەهەموو جۆرە زیندەوەرێک ﴿وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ﴾ وە گێڕانی بایەکان (بە هەموولایەکدا) ﴿وَٱلسَّحَابِ﴾ وە ئەو هەورانەی ﴿ٱلْمُسَخَّرِ﴾ ڕام کراون ﴿بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ لەناوەندی ئاسمان ﴿وَٱلْأَرْضِ﴾ و زەویدا ﴿لَءَايَٰتٍ﴾ چەند بەڵگەن ﴿لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ بۆ کەسانێک کە تێبگەن ﴿١٦٤﴾ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن﴾ وە کەسانی واهەیە لە خەڵکی ﴿يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا﴾ کەهاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن ﴿يُحِبُّونَهُمْ﴾ خۆشیان دەوێن ﴿كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ وەک خۆشەویستی (ئیمانداران بۆ) خوا ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾ بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت ﴿وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟﴾ ئەگەر ببینن ئەوانەی ستەمیان کردوە (بە هاوبەشی پەیدا کردن بۆ خوا) ﴿إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ﴾ کاتێک کە چاویان دەکەوێت بەسزا(ی خوا دەزانن) ﴿أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ کە هەرچی دەسەڵات هەیە هەمووی بۆ خوایە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ﴾ وە بێگومان سزای خوا زۆر سەختە ﴿١٦٥﴾ ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟﴾ کاتێک کە ئەو کەسانەی خەڵک شوێنیان کەوتون لە دونیادا (واتە سەرۆکە گومڕاکەرەکان) یەخە هەڵدەتەکێنن ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟﴾ لەوانەی(لە دونیادا) دوایان کەوتوون ﴿وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ وە سزای (دۆزەخیان بەچاوی خۆیان) بینی ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾ وە هەموو پەیوەندی یەکیان بچڕایەوە ﴿١٦٦﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟﴾ وە ئەوانەی کە دوایان کەوتبوون ووتیان ﴿لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً﴾ خۆزگە ئێمە بگەڕاینایەتەوە (بۆ دونیا) ﴿فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ﴾ تا یەخەمان لێ هەڵبتەکاندنایە ﴿كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا﴾ هەر وەک(ئەوان)چۆن یەخەیان لەئێمە هەڵتەکاند ﴿كَذَٰلِكَ﴾ هەر بەو شێوەیە ﴿يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ﴾ خوا کردەوەکانیان نیشان ئەدات ﴿حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ﴾ ئەیکات بەداخ لەسەر دڵیان ﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ﴾ وە ئەوان دەرچوونیان نی یە ﴿مِنَ ٱلنَّارِ﴾ لە ئاگر ﴿١٦٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿كُلُوا۟﴾ بخۆن ﴿مِمَّا فِي ٱلْأَرْضِ﴾ لەوەی کەلە زەویی دایە ﴿حَلَٰلًا﴾ بەحەڵاڵی و ﴿طَيِّبًا﴾ پاکی ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ وە دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەوون ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکراتانە ﴿١٦٨﴾ ﴿إِنَّمَا يَأْمُرُكُم﴾ بەڕاستی (شەیتان) فەرمانتان پێ دەدات ﴿بِٱلسُّوٓءِ﴾ بەتاوان ﴿وَٱلْفَحْشَآءِ﴾ و خراپە ﴿وَأَن تَقُولُوا۟﴾ لەگەڵ هەڵبەستنی شتی وا ﴿عَلَى ٱللَّهِ﴾ بەدەم خواوە ﴿مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ کە نازانن ﴿١٦٩﴾

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ﴾ کاتێك پێیان بووترێت ﴿ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ شوێن ئەو (قورئان) ە بکەون کە خوا ناردوویەتە خوارەوە ﴿قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ﴾ دەڵێن: نەخێر بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوین ﴿أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾ کە باوو باپیرانمان لەسەری بوون ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ﴾ ئەگەر چی باوو باپیرانیشیان ﴿لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا﴾ هیچ تێ نەگەیشتبن ﴿وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ و گومڕا بووبن (ڕێنمایش وەرنەگرن) ﴿١٧٠﴾ ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە نموونەی ئەو بێ بڕوایانە ﴿كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ﴾ وەك یەکێك وایە کە دەنگ لە ئاژەڵێك بکات ﴿بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً﴾ تەنیا دەنگ و هاوارەکە نەبێ هیچ نابیستێ ﴿صُمٌّۢ﴾ ئەمانە کەڕن ﴿بُكْمٌ﴾ لاڵن ، (لە ووتنی قسەی دروست) ﴿عُمْىٌ﴾ کوێرن (لە بینینی ڕێ ی ڕاست) ﴿فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ بۆیە تێ ناگەن و ژیر نین ﴿١٧١﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿كُلُوا۟﴾ بخۆن ﴿مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ﴾ لەو خواردەمەنی یە پاکانەی کردومانە بەڕۆزیتان ﴿وَٱشْكُرُوا۟ لِلَّهِ﴾ وە سوپاسی خوا بکەن ﴿إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ ئەگەر ئێوە هەر ئەو دەپەرستن ﴿١٧٢﴾ ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ﴾ ئەوەی (کە خوا) قەدەغەی کردووە لێتان تەنها ﴿ٱلْمَيْتَةَ﴾ مردارەوە بوو ﴿وَٱلدَّمَ﴾ و خوێن (ی ڕۆشتوو) ﴿وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ﴾ و گۆشتی بەراز ﴿وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ﴾ و ئەوەی کە سەر بڕاوێ ﴿لِغَيْرِ ٱللَّهِ﴾ (بەناوی) غەیری خواوە ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ﴾ ئەمجا هەر کەسێك ناچار بوو (بە خواردنی یەکێك لەمانە) ﴿غَيْرَ بَاغٍ﴾ بەبێ یاخی بوون ﴿وَلَا عَادٍ﴾ و دەرچوون لەسنوور ﴿فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نی یە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خوا لێ خۆشبووی میهرەبانە ﴿١٧٣﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بێگومان ئەوانەی ئەو ئایەتانە دەشارنەوە کەخودا ناردونیەتە خوارەوە ﴿مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ لە تەورات ﴿وَيَشْتَرُونَ﴾ و دەیگۆڕنەوە ﴿بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ بەنرخێکی کەم ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە ﴿مَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ﴾ ئاگر نەبێت هیچی تر ناچێتە سکیانەوە ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وە خوا لەڕۆژی دوایی دا قسەیان لەگەڵ ناکات ﴿وَلَا يُزَكِّيهِمْ﴾ و پاکیان ناکاتەوە ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ و سزای سەختیان دەبێت ﴿١٧٤﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَٰلَةَ﴾ ئا ئەوانە کەسانێکن کە گومڕایی یان کڕی ﴿بِٱلْهُدَىٰ﴾ بەڕێنموونیی ﴿وَٱلْعَذَابَ بِٱلْمَغْفِرَةِ﴾ وە سزا (یان کڕی) بەلێ خۆشبوون ﴿فَمَآ أَصْبَرَهُمْ عَلَى ٱلنَّارِ﴾ ئای چەند خۆڕاگرن لەسەر ئاگر ﴿١٧٥﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾ ئەمە(هەمووی) بەهۆی ئەوەوەیە کە خوا کتێبە (پیرۆزە) کانی ناردۆتە خوارەوە بەڕاستی ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟﴾ وە بێگومان ئەوانەی دووبەرەکیان تێکەوت ﴿فِى ٱلْكِتَٰبِ﴾ لە تەوراتدا ﴿لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ﴾ لە دووبەرەکیەکی (وادان) کە دوورن (لەیەك کەوتن) ﴿١٧٦﴾

﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ﴾ چاکە ئەوە نی یە کەڕوو بکەنە ﴿قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ﴾ بەرەو ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ﴾ بەڵکو چاکە ئەوەیە ﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ کە مرۆڤ بڕوای بێ بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ وە بە ڕۆژی دوایی ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ وە بە فریشتەکان ﴿وَٱلْكِتَٰبِ﴾ وە بە کتێبەکان ﴿وَٱلنَّبِيِّۦنَ﴾ وە بە پێغەمبەران ﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ﴾ وە دارایی خۆی ببەخشێ ﴿عَلَىٰ حُبِّهِۦ﴾ لەگەڵ ئەوەی کەخۆشی دەوێت ﴿ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ بەخزمان ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ و بە هەتیوان ﴿وَٱلْمَسَٰكِينَ﴾ وببێ نەوایان (هەژاران) ﴿وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ و بەڕێبوارانی کەم دەست ﴿وَٱلسَّآئِلِينَ﴾ و بە سوالکەران ﴿وَفِى ٱلرِّقَابِ﴾ و لەڕێ ی ئازاد کردنی کۆیلەکاندا ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژی بەچاکی کردبێت ﴿وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکاتی دابێت ﴿وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ﴾ و پەیمان بەجێ هێنەران ﴿إِذَا عَٰهَدُوا۟﴾ کاتێك کەپەیمانیان دابێت ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ﴾ و خۆڕاگران ﴿فِى ٱلْبَأْسَآءِ﴾ لەکاتی تەنگدەستی ﴿وَٱلضَّرَّآءِ﴾ و نەخۆشی ﴿وَحِينَ ٱلْبَأْسِ﴾ و لەکاتی جەنگدا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟﴾ ئا ئەوانەن کەڕاستیان کرد ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ﴾ وە هەرئەوانەن پارێزکاران ﴿١٧٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ﴾ پێویست کراوە لەسەر تان تۆڵە سەندنەوە ﴿فِى ٱلْقَتْلَى﴾ لە کوژراواندا (بەیەکسانی) ﴿ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ﴾ کەسی ئازاد بە کەسی ئازاد ﴿وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ﴾ و بەندەش بە بەندە ﴿وَٱلْأُنثَىٰ بِٱلْأُنثَىٰ﴾ و ژن بە ژن (مێینە بە مێینە) ﴿فَمَنْ عُفِىَ لَهُۥ﴾ ئەمجا هەرکەسێك بەخشرا ﴿مِنْ أَخِيهِ﴾ لەلایەن برایەکی دینی یەوە ﴿شَىْءٌ﴾ بە بەشێك(لە خوێنەکە) ﴿فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ ئەبێ (خزمەکانی تر) پەیرەوی بکەن بەباشی ﴿وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ﴾ (بکوژیش) بەچاکی خوێنەکە بدات ﴿ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ﴾ ئەمە سووککردنە ﴿مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ﴾ لەپەروەردگارتانەوەو میهرەبانی یە ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا هەرکەسێك دوای ئەمە دەست درێژیی کرد ﴿فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ بۆئەو هەیە سزای بەسوێ، (بەئازار) ﴿١٧٨﴾ ﴿وَلَكُمْ فِى ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ﴾ لە کوشتنەوە وتۆڵەسەندنەوەدا ژیان بۆ ئێوە هەیە ﴿يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ ئەی هۆشمەندان ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بەڵکو خۆتان بپارێزن ﴿١٧٩﴾ ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ﴾ پێویست کراوە لەسەرتان ﴿إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ کاتێك یەکێکتان لەسەرەمەرگدا بوو ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ ئەگەر مالی لەپاش بەجێ ما ﴿ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ﴾ وەسیەتکردن بەباشی بۆ دایك وباوك ﴿وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ وخزمان(یەك کە میراتیان بەرنەکەوێ) بەجوانی وڕێکو پێکی ؟ ﴿حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ﴾ پێویست کراوە لەسەر پارێزکاران ﴿١٨٠﴾ ﴿فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ﴾ ئەمجا هەر کەسێك وەسیەتەکەی گۆڕی ﴿بَعْدَ مَا سَمِعَهُۥ﴾ دوای بیستنی ﴿فَإِنَّمَآ إِثْمُهُۥ﴾ ئەوە گوناهی(تاوانی) ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓ﴾ هەر لەملی ئەو کەسانەدایە کە دەیگۆڕن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خواش بیسەری زانایە ﴿١٨١﴾

﴿فَمَنْ خَافَ﴾ ئەمجا هەر کەسێك ترسا ﴿مِن مُّوصٍ﴾ لەوەسیەتکار ﴿جَنَفًا أَوْ إِثْمًا﴾ کەهەڵە یان گوناهێك بکات ﴿فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ﴾ جا (ئەو کەسە) میراتگرانی پێك بێنێ ﴿فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نی یە ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خودا لێخۆش بوو بەبەزەیی یە ﴿١٨٢﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ ڕۆژووتان لەسەر نووسراوە وفەرزکراوە ﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ هەروەك چۆن فەرزکراوە لەسەر ئەوئومەتانەی لەپێش ئێوەدابوون ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن لەخودا بترسن ﴿١٨٣﴾ ﴿أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ﴾ (ڕۆژووتان لەسەر فەرزکرا) چەند ڕۆژێکی دیاری کراوی ژمێراوە ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا﴾ جاهەر کەسێك لەئێوە نەخۆش بوو ﴿أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ یان لەسەفەردا بوو (وە بەڕۆژوو نەبوو) ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ئەوە پێویستە بەئەندازەی ئەو ڕۆژانەی (بەڕۆژوو نەبووە) قەزای بکاتەوە لەڕۆژانی تردا ﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ﴾ وە پێویستە لەسەر ئەوانە کە زۆر بەناڕەحەتی ئەتوانن بەڕۆژوو بن (و بەڕۆژوو نابن) ﴿فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ بریتی (یان لەسەرە) ، کەخۆراکی هەژارێکە ﴿فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ﴾ ئەمجا هەرکەسێك زۆرتر بریتی بدات ئەوە باشترە بۆی ﴿وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ و ئەگەر بەڕۆژوو بن بۆخۆتان باشترە ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بزانن ﴿١٨٤﴾ ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ مانگی ڕەمەزان مانگێکە قورئانی تێدا نێرراوەتە خوارەوە ﴿هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ﴾ بە ڕێنما بۆخەڵکی وە بەڵگە گەلێکی ڕۆشن ﴿مِّنَ الْهُدَىٰ وَالْفُرْقَانِ﴾ بۆ ڕێنموونیی و جیاکردنەوە(ی دروست ونادروست) ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ﴾ ئەمجا هەرکەسێك لەئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی ﴿فَلْيَصُمْهُ﴾ با بەڕۆژوو بێت ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا﴾ وە هەرکەسێك نەخۆش بوو ﴿أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ لەسەفەردا بوو ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ با بەئەندازەی ئەوڕۆژانە قەزای بکاتەوە لەچەند ڕۆژێکی تردا ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ﴾ خوا ئاسانی ئەوێ بۆئێوە ﴿وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ وە گرانی ناوێت بۆتان ﴿وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ﴾ (قەزای ڕەمەزانتان لەسەر دانرا) تا مانگەکە (بگرن) بەتەواوی ﴿وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ﴾ وە بەگەورە ناوی خوا بەرن لەسەر ئەو ڕێنموونی یەی کە کردوونی ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ وە تا سوپاسی (خوا) بکەن ﴿١٨٥﴾ ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي﴾ هەر کارتێك بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من ﴿فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾ ئەوا بێگومان من لێیانەوە نزیکم ﴿أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ﴾ گیرا دەکەم نزای نزاکاران ﴿إِذَا دَعَانِ﴾ هەرکاتێك هاوار و نزام لێ بکەن ﴿فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي﴾ دەی با ئەوانیش بەدەنگ منەوە بێن ﴿وَلْيُؤْمِنُوا بِي﴾ وە بڕوام پێ بهێنن ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕێ ی ڕاست بدۆزنەوە ﴿١٨٦﴾

﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ﴾ ڕێتان پێ دراوە لەشەوانی ڕۆژوو(ی ڕەمەزان) دا ﴿ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ کە بچەنە لای ژنەکانتان ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ﴾ ئەوان بۆ ئێوە پۆشاکن ﴿وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ وە ئێوەش بۆ ئەوان پۆشاکن ﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ﴾ خوا دەیزانی کەئێوە ناپاکیتان لەخۆتان دەکرد ﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ﴾ بۆیە پەشیمانی لێ گیراکردن ﴿وَعَفَا عَنكُمْ﴾ وەلێتان خۆش بوو ﴿فَٱلْـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ﴾ ئیتر لەئێستاوە(بە شەو) بچنە لایان ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ وە بەدڵ بخوازن ئەوی کە خوا بۆی نوسیوون(لە منداڵ) ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟﴾ وە بخۆن و بخۆنەوە ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ﴾ هەتا بۆتان جیا دەبێتەوە ﴿ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ﴾ ڕوشتەی سپی(ڕۆژ) ﴿مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ﴾ لە ڕوشتەی ڕەشی(شەو) ﴿مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ لەشەبەقدا ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾ لەپاشان ڕۆژووەکەتان تەواو بکەن تاشەوی دوایی ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ﴾ وەمەچنەلای ژنەکانتان ﴿وَأَنتُمْ عَٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَٰجِدِ﴾ لەکاتێکدا کە لەمزگەوتدا مابنەوە بۆ خواپەرستی ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەمانە سنووڕانی خودان و ﴿فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ نزیکیان مەکەونەوە ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ﴾ ئاوا خوا باسی فرمانی خۆی دەکات بۆ خەڵکی ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ تا خۆیان بپارێزن ﴿١٨٧﴾ ﴿وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ﴾ مالی یەکتری مەخۆن لەناو خۆتاندا بەناڕەوا ﴿وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ﴾ وە بە (بەرتیبل) مەیدەن بەکاربەدەستان وفەرمانداران ﴿لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ﴾ بۆ ئەوەی بەشێك لەمالی خەڵکی بخۆن بەگوناە ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا ئێوەش دەزانن ﴿١٨٨﴾ ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ﴾ پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی نوێ بونەوەی مانگە نوێکان ﴿قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ﴾ بڵێ ئەمانە نیشانەی کاتەکانن بۆ خەڵکی و بۆ حەج ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ﴾ وەچاکە ئەوە نی یە ﴿بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا﴾ کەلەپشتی ماڵ وخانووەکانەوە بچنە ژوورەوە ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ﴾ بەڵکو چاکە ئەوەیە ئەو کەسە پارێزکارو لە خوا ترس بێت ﴿وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا﴾ وەبچنە ماڵەکان لە دەرگاکانیەوە ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ وە لە خوا بترسن تا ڕزگار ببن ﴿١٨٩﴾ ﴿وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ جەنگ بکەن لە ڕێ ی خوادا ﴿ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾ لەگەڵ ئەوانەی جەنگتان لەگەڵدا دەکەن ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓا۟﴾ وە دەست درێژی مەکەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ بەڕاستی خودا دەست درێژی کەرانی خۆش ناوێت ﴿١٩٠﴾

﴿وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ﴾ بیان کوژن (کافران) لەهەر شوێنێ دەستان کەوتن و زاڵ بوون بەسەریاندا ﴿وَأَخۡرِجُوهُم﴾ وە دەریان بکەن ﴿مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ﴾ لەو شوێنانەی کە ئێوەیان لێ دەرکردوە ﴿وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ﴾ لادان لەڕێی یەکتاپەرستی خوای گەورە لەخەڵک کوشتن سەختە و گەورەترە ﴿وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ﴾ جەنگیان لەگەڵ مەکەن ﴿عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ﴾ لەلای مزگەوتی کەعبەدا ﴿حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ﴾ تا ئەوان لەوێدا نەجەنگن لەگەڵتان دا ﴿فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ﴾ ئەمجا ئەگەر جەنگین لەگەڵتاندا ﴿فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ﴾ ئێوەش بجەنگن لەگەڵیاندا ﴿كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ ئەمەیە تۆڵەی بێ بڕوایان ﴿١٩١﴾ ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ﴾ بەڵام ئەگەر دەستیان هەڵگرت (لەجەنگ) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ئەوا خوای گەورە لێخۆشبوو میهرەبانە ﴿١٩٢﴾ ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ﴾ جەنگیان لەگەڵ بکەن ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ﴾ تادوژمنایەتی بۆ ئاین وهاوەڵ بڕیاردان نەمێنێ ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ﴾ وەئاین وملکەچی هەربۆ خوادەبێت ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ﴾ ئەمجا ئەگەر دەستیان هەڵگرت ﴿فَلَا عُدۡوَٰنَ﴾ ئیتر دەست درێژیی نییە ﴿إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ مەگەر لەسەر ستەم کاران نەبێت ﴿١٩٣﴾ ﴿ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ﴾ ڕێزی مانگی حەرام بەرانبەر بەڕێز گرتنی ئەوانە بۆمانگی حەرام دەبێت ﴿وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ﴾ شکاندنی هەرڕێزێکیش تۆڵەی هەیە ﴿فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ﴾ جاهەر کەسێک دەست درێژی کردە سەرتان ﴿فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ﴾ ئێوەش دەست درێژی بکەنە سەری ﴿بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ﴾ بەوێنەی دەست درێژ کردنەکەی ئەو بۆ ئێوە ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بزانن کەخوا ﴿مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ لەگەڵ پارێزکارانە ﴿١٩٤﴾ ﴿وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وە دارایی خۆتان بەخت بکەن لە ڕێ ی خوادا ﴿وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ﴾ وە بەدەستی خۆتان خۆتان مەخەنە تیاچوونەوە ﴿وَأَحۡسِنُوٓاْۛ﴾ وە چاکە بکەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ بەڕاستی خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت ﴿١٩٥﴾ ﴿وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِۚ﴾ حەج و عومرە (تان کە دەست پێ کرد) تەنها بۆ خوا بە تەواوی بیکەن ﴿فَإِنۡ أُحۡصِرۡتُمۡ﴾ ئەمجا ئەگەر هەر (قەدەغەکران) ﴿فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۖ﴾ ئەوسا چیتان بۆ هەڵسوڕا لەقوربانی (سەری بڕن) ﴿وَلَا تَحۡلِقُواْ رُءُوسَكُمۡ﴾ وەسەرتان مەتاشن ﴿حَتَّىٰ يَبۡلُغَ ٱلۡهَدۡيُ مَحِلَّهُۥۚ﴾ تاقوربانیەکەدەگاتەجێ ی دیاری کراوی خۆی ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا﴾ ئەمجا هەر کەسێک لە ئێوە نەخۆش بوو ﴿أَوۡ بِهِۦٓ أَذٗى مِّن رَّأۡسِهِۦ﴾ یان ئازارێک لەسەریدا بوو ﴿فَفِدۡيَةٞ مِّن صِيَامٍ﴾ (ئەگەر سەری تاشی) بڕیتی یەک بدات کە ڕۆژوو (ی سێ ڕۆژە) ﴿أَوۡ صَدَقَةٍ أَوۡ نُسُكٖۚ﴾ یان خێرێک یان قوربانیەک بکات ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمۡ﴾ جا کاتێک دڵنیا بوون (ترس نەبوو) ﴿فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلۡعُمۡرَةِ﴾ ئەمجا ئەو کەسەی بەهرەمەند بوو بەبێهێنانی عومرە ﴿إِلَى ٱلۡحَجِّ﴾ تاکاتی حەج ﴿فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۚ﴾ ئەوەچی بۆ هەڵسوڕا لە قوربانی (بیکات) ﴿فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ﴾ وە ئەگەر یەکێک نەیبوو ﴿فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖ فِي ٱلۡحَجِّ﴾ با سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت لە کاتی حەجدا ﴿وَسَبۡعَةٍ إِذَا رَجَعۡتُمۡۗ﴾ وە حەوت ڕۆژی تریش کاتێک گەڕانەوە ﴿تِلۡكَ عَشَرَةٞ كَامِلَةٞۗ﴾ ئەمە دەبێتە دە ڕۆژی تەواو ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ ئەمەبۆ کەسێکە کە (خۆی) وکەس وکاری دانیشتووی دەوروبەری (مسجد الحرام) نەبێت ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ﴾ وە بزانن ﴿أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ کە بەڕاستی خوا خاوەنی تۆڵە و سزای سەختە ﴿١٩٦﴾

﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ﴾ (کاتی) حەج لەچەند مانگێکی دیاری کراودایە ﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ﴾ ئەمجا هەر کەسێك لەم مانگانەدا حەجی لەسەر خۆی پێویست کرد ﴿فَلَا رَفَثَ﴾ بائیتر نەچێتە لای ژن ﴿وَلَا فُسُوقَ﴾ وە بەدکاری نەکات ﴿وَلَا جِدَالَ﴾ وە دەمەقاڵە نەکات ﴿فِى ٱلْحَجِّ﴾ لەحەجدا ﴿وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ﴾ وە هەرچی بکەن لەچاکە ﴿يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ﴾ خوا پێی دەزانێ ﴿وَتَزَوَّدُوا۟﴾ وە توێشوو(ی پارێزکاری) و لەخواترسان هەڵبگرن ﴿فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ کەباشترین توێشوو لەخواترسانە ﴿وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ وەلەمن بترسن ئەی هۆشمەندان ﴿١٩٧﴾ ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ گوناهتان لەسەر نیە ﴿أَن تَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ کەدوای ڕۆزی پەروەردگارتان بکەون ﴿فَإِذَآ أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَٰتٍ﴾ ئەمجا کاتێك بڵاوەتان لێکرد وگەڕانەوە لەعەرەفات ﴿فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ﴾ ناوی خوا بێنن ﴿عِندَ ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ﴾ لەلای(مشعر الحرام) دا ﴿وَٱذْكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمْ﴾ وەیادی خودا بکەن کە ڕێنموونی کردن ﴿وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ با لەپێش ئەوەشا تێوە لە گومڕایان بووبن ﴿١٩٨﴾ ﴿ثُمَّ أَفِيضُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ﴾ لەپاشان بگەڕێنەوە لەوشوێنەی خەڵکی لێ ی دەگەڕێتەوە ﴿وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وەداوای لێ خۆشبوون بکەن لەخوا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خوا لێ خۆشبوو میهرەبانە ﴿١٩٩﴾ ﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ﴾ ئەمجا کاتێك ئەرکان و واجباتی حەجتان تەواوکرد ﴿فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ﴾ یادی خوا بکەن ﴿كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ﴾ وەك ناوبردنتان بۆ باوو باپیرانتان ﴿أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ یان زۆرتر لەناوی ئەوان ﴿فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ﴾ ئەمجا هی وا هەیە لەخەڵکی (هەر داوای دونیا دەکات و) دەڵێت ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا﴾ خوایە بمانەوێ لەدونیادا ﴿وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ﴾ وە (ئەوانە) هیچ بەشێکیان نیە لەڕۆژی دوایی دا ﴿٢٠٠﴾ ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ﴾ وەهی واش هەیە دەڵێت ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً﴾ خوایە هەم لەدونیا و هەم لە ڕۆژی دواییدا خێرو خۆشیمان پێ بدە ﴿وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ وە بمان پارێزە لەسزای ئاگر ﴿٢٠١﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿لَهُمْ نَصِيبٌ﴾ بەشێکیان هەیە ﴿مِّمَّا كَسَبُوا۟﴾ لەوەی کە کردوویانە ﴿وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ وە خوای گەورو زۆر خێرایە لە لێپرسینەوەدا ﴿٢٠٢﴾

﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ﴾ ناوی خوا بەرن(اللە اکبر بکەن) ﴿فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ﴾ لەچەند ڕۆژێکی دیاری کراودا ﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ﴾ هەرکەسێك پەلە بکات لە دوو ڕۆژدا(هەرسێ جەمەرەکە بەردباران بکات) ﴿فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۖ﴾ گوناهی ناگات ﴿وَمَن تَأَخَّرَ﴾ وە هەر کەسێکیش دوا بکەوێت (سێ ڕۆژ ڕەجم بکات) ﴿فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ﴾ گوناهی لەسەر نی یە بۆ کەسێك پارێزکاری بکات و لەخوا بترسێت ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ لەخوا بترسن و (لەسزای) خۆتان بپارێزن ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ﴾ وە بزانن کە ئێوە ﴿إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ﴾ بۆ لای ئەو(ئەگەرێنەوەو) کۆدەکرێنەوە ﴿٢٠٣﴾ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن﴾ لە ناوخەڵکی کەسانێك هەن ﴿يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ﴾ کە بە قسە سەرسامت دەکات ﴿فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ لەم ژیانی دونیادا ﴿وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ﴾ وە خوا دەکات بەشاهید ﴿عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ﴾ لەسەر(ڕاستی) ئەوەی لە دڵیایەتی ﴿وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ﴾ کەچی ئەو دوژمنێکی سەر سەختە ﴿٢٠٤﴾ ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ﴾ وەکاتێك پشتی هەڵکرد ﴿سَعَىٰ﴾ هەوڵ دەدات ﴿فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ لە زەوی دا (لە وڵاتدا) ﴿لِيُفۡسِدَ فِيهَا﴾ بۆ ئەوەی خراپەی تێدا بکات ﴿وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۗ﴾ وە کشتوکاڵ و وەچەو نەوە لەناو ببات ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ﴾ وەخوا خراپەکاری خۆش ناوێت ﴿٢٠٥﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ﴾ وە کاتێك پێی ی بووترێت ﴿ٱتَّقِ ٱللَّهَ﴾ لەخوا بترسە ﴿أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ بِٱلۡإِثۡمِۚ﴾ دەمار دەیگرێ بۆ بەد کردارێی ﴿فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۚ﴾ جا ئەو دۆزەخی بەسە ﴿وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ﴾ کە بەدترین جێگایە ﴿٢٠٦﴾ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ﴾ لە ناوخەڵکیش کەسانێك هەن ﴿مَن يَشۡرِي نَفۡسَهُ﴾ کە گیانی خۆی دەفرۆشێت ﴿ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِۗ﴾ بۆ ڕەزامەندی خوا ﴿وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ﴾ وە خوا میهرەبانە بەبەندەکان ﴿٢٠٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی بڕوادارانِ ﴿ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ﴾ هەموو بەتەواوی بچنە ناو ئیسلامەوە ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ﴾ وەدوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ﴿إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ﴾ چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە ﴿٢٠٨﴾ ﴿فَإِن زَلَلۡتُم﴾ ئەمجا ئەگەر لاتاندا(هەڵخلیسکان) ﴿مِّنۢ بَعۡدِ مَا﴾ دوای ئەوەی ﴿جَآءَتۡكُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ﴾ کە نیشانە ئاشکراکانتان بۆهات ﴿فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئەوە چاك بزانن کە خوا ﴿عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ زاڵ و کار دروستە ﴿٢٠٩﴾ ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ﴾ ئایا ئەوانە چاوەڕوانن ﴿إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ﴾ خوایان بۆ بێت ﴿فِي ظُلَلٖ﴾ لەناو چەند پارچە ﴿مِّنَ ٱلۡغَمَامِ﴾ هەورێکی سپی دا ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ﴾ هەروەها فریشتەکان(یان بۆیێ) ﴿وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُۚ﴾ وە کارەکە کۆتایی پێ بێت ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ﴾ وە هەموو کارێك هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ﴿٢١٠﴾

﴿سَلْ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) لەبەنی ئیسرائیل بپرسە ﴿كَمْ ءَاتَيْنَٰهُم مِّنْ ءَايَةٍۭ بَيِّنَةٍ﴾ کە چەند بەڵگەو نیشانەی ڕوشنمان داوە بەوان ﴿وَمَن يُبَدِّلْ﴾ وە هەر کەسێك بیگۆڕێت ﴿نِعْمَةَ ٱللَّهِ﴾ بەهرەی(ڕێنموونی) خوا ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُ﴾ دوای ئەوەی کەدەستی کەوت ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ ئەوەبێگومان خوداتۆڵەی زۆرسەختە ﴿۝٢١١﴾ ﴿زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ جوان کراوە بۆ بێ بڕوایان(ناسوپاس کەران) ﴿ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ ژیانی دونیا(بە جۆرێك) ﴿وَيَسْخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ کە گاڵتە دەکەن بە بڕواداران ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟﴾ (بەڵام پایەی) ئەوانەی لەخوا ترسن ﴿فَوْقَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ گەلێ بەرزترە لەوان لە ڕۆژی دواییدا ﴿وَٱللَّهُ يَرْزُقُ﴾ وە خودا ڕزق و ڕۆزی دەدات ﴿مَن يَشَآءُ﴾ بەهەر کەسێك کەبیەوێت ﴿بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بەبێ شومار وحسابکردن ﴿۝٢١٢﴾ ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ خەڵکی یەك کۆمەڵ بوون (بە سرووشت) ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ ئەمجا خودا پێغەمبەرانی نارد ﴿مُبَشِّرِينَ﴾ بە مژدەدەر ﴿وَمُنذِرِينَ﴾ و ترسێنەر ﴿وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾ وە کتێبی ڕاستی و دروستی لەگەڵدا ناردونە خوارەوە ﴿لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾ تا بڕیار بدات و حوکم بکات لەناو خەڵکی دا ﴿فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ﴾ لەو شتانەی کە جیاواز و دووبەرەك بوون تیایدا ﴿وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ﴾ وە کەس جیاواز و دووبەرەکی نەکرد لە کتێبی ئاسمانیدا ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ﴾ مەگەر ئەوانەی کە کتێبیان پێ درابوو ﴿مِنۢ بَعْدِ﴾ دوای ئەوەی ﴿مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ نیشانەو بەڵگەی ڕوشنیان بۆ هات ﴿بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ﴾ بەهۆی حەسادەتی ناو خۆیانەوە ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەمجا خوا خۆی ڕێنموونی بڕوادارانی کرد ﴿لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ﴾ بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەی کە دووبەرەکیان تیادا دەکرد ﴿وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾ وە خوا کێ ی بوێت ڕێنموونی دەکات ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێبازی ڕاست ﴿۝٢١٣﴾ ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ﴾ ئایا واتان زانیوە ﴿أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ﴾ کە دەچنە بەهەشت ﴿وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم﴾ کەچی هێشتا نەهاتوتە ڕێتان ئەوەی لەنارەحتی تووشی ئەوانە بوون کە لە پێش ئێوەدا تێپەڕین ﴿مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ﴾ (کە لە ڕێی خوادا) دووچاری سەختی و زەرەر و زیان بوون ﴿وَزُلْزِلُوا۟﴾ وە زۆر بە تونڈی تەکان دران وزۆریان بوهات ﴿حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ بەڕەنگێك کە پێغەمبەرەکە و ئەوانەی کەبڕوایان هێنابوو لەگەڵیدا دەیان ووت ﴿مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ﴾ سەرکەوتنی خوا کەی دێت ﴿أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ﴾ ئاگادار بن و دڵنیابن بە ڕاستی سەرکەوتنی خوا نزیکە ﴿۝٢١٤﴾ ﴿يَسْـَٔلُونَكَ﴾ پرسیارت لێ دەکەن ﴿مَاذَا يُنفِقُونَ﴾ چی بیەخشن(لە ڕێ ی خوادا) ﴿قُلْ مَآ أَنفَقْتُم﴾ بڵێ: ئەوی دەیبەخشن ﴿مِنْ خَيْرٍ﴾ لە مالی پاك و حەڵاڵ ﴿فَلِلْوَٰلِدَيْنِ﴾ با بۆ باوك و دایك ﴿وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾ و خزمانی نزیك ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ و هەتیوان ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾ و هەژاران ﴿وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ و ڕێبوارانی کەم دەست ﴿وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ﴾ وە هەرچی بکەن لە چاکە ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خوا ئاگادارە لێ ی ﴿۝٢١٥﴾

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾ جەنگتان لەسەر پێویست کرا ﴿وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ کەلاتان ناخۆشە ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا﴾ وەئە گونجێ شتێکتان پێ ناخۆش بێ ﴿وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ کەچی باش وخێر بێت بۆتان ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا﴾ وەئە گونجێ شتێکتان پێ خۆش بێ ﴿وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ﴾ و خراپ بێت بۆتان ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ﴾ وە خوا (چاك وخراپی ئێوە) ئەزانێت ﴿وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ و ئێوە نایزانن ﴿٢١٦﴾

﴿يَسْـَٔلُونَكَ﴾ پرسیارت لێ دەکەن ﴿عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ﴾ دەربارەی مانگی حەرام ﴿قِتَالٍ فِيهِ﴾ جەنگ کردن تیایدا ﴿قُلْ﴾ بڵێ ﴿قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾ جەنگ لەمانگی حەرام دا گوناهێکی گەورەیە ﴿وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ بەلاّم بەرهەڵستێی ڕێبازی خوا ﴿وَكُفْرٌۢ بِهِۦ﴾ وەبێ بڕوایی پێی ﴿وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ وە (ڕێ گری موسوڵمانان) لەمزگەوتی حەرام ﴿وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ﴾ وەدەرکردنی خەڵکی ئەو مزگەوتە لێی ﴿أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ گەورەترە لای خوا (لەجەنگ کردن لەمانگی حەرامدا) ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ وە هاوەڵ پەیداکردن بۆخوداوهەوڵدان بۆپەشیمان کردنەوەی موسڵمان گەورەترەلە (پیاو) کوشتن (لەومانگەدا) ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾ بەردەوام دەست هەڵناگرن و جەنگتان لەگەڵدا دەکەن ﴿حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ﴾ تاپەشیمانتان بکەنەوە لەدینەکەتان ﴿إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟﴾ ئەگەر بتوانن ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ﴾ وەهەرکەسێك لەئێوە لەدینی خۆی هەڵ بگەڕێتەوە ﴿فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ﴾ وە بەبێ بڕوایی بمرێ ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ﴾ ئا ئەوانە هەموو کردەوەکانیان پووچ ئەبێتەوە ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لە دونیا و دواڕۆژیشدا ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ وەئەوانە یارو هاوەدەمی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ تێیدا دەمێننەوە بەئێجگاری ﴿٢١٧﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بە ڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێنا ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟﴾ وئەوانەی کۆچیان کرد ﴿وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ و تێکۆشان لەڕێ ی خوادا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِ﴾ ئائەوانە چاوەڕوانی میهرەبانی خودان ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وەخوا لێ خۆش بوو میهرەبانە ﴿٢١٨﴾

﴿يَسْـَٔلُونَكَ﴾ ئەی موحەممەد پرسیارت لێ دەکەن ﴿عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ﴾ دەربارەی عەرەق و قومار ﴿قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ﴾ بڵێ لەم دوانەدا گوناهی گەورە هەیە ﴿وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾ و چەند قازانجێك هەیە بۆ خەڵکی ﴿وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ﴾ بەلاّم گوناهەکەیان گەورەترە ﴿مِن نَّفْعِهِمَا﴾ لە سوود وقازانجەکەیان ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ﴾ وە پرسیارت لێ دەکەن ﴿مَاذَا يُنفِقُونَ﴾ چی ببەخشن ﴿قُلِ ٱلْعَفْوَ﴾ بڵێ ئەوەی لێتان زیادە ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ ئاوەها خودا بەڵگەکان ڕوون دەکاتەوە بۆتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ﴾ تا بیربکەنەوە ﴿٢١٩﴾

﴿فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ﴾ لەکاری دونیا ودوارۆژتان ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ﴾ وەپرسیارت لێ دەکەن ﴿عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ لەبارەی هەتیوان (کەچۆن بن لەگەڵیاندا) ﴿قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ﴾ بڵێ چاکسازی (تێکەڵاوی کردن) بۆ ئەوان چاکترە ﴿وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ﴾ وەئەگەر تێکەڵ بین لەگەڵیاندا (قەیناکات چونکە) براتانن ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ﴾ وەخوا دەزانێ کێ خراپەکار و کێ چاکەکارە (لەگەڵ هەتیوان) ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ﴾ ئەگەر خوا بیویستایە دوچاری ڕەنج و ناڕەحەتی دەکردن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا زاڵ و کار دروستە ﴿٢٢١﴾ ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ﴾ ژنانی هاوبەش پەیداکەر مارە مەکەن ﴿حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ تابڕوا دەهێنن ﴿وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ﴾ کەنیزەکێکی بڕوادار ﴿خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ﴾ باشترە لەژنە (ئازادێکی) هاوبەش پەیداکەر ﴿وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ﴾ با (هاوبەش پەیدا کەرەکە) سەرسامیشی کردبێن (بەجوانی یان دارایی) ﴿وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە ژنانی موسڵمان مارە مەکەن لەهاوبەش پەیداکەران ﴿حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا۟﴾ تابڕوا دەهێنن ﴿وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ﴾ وەکۆیلەیەکی بڕوادار ﴿خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ﴾ باشترە لە(ئازادێکی) هاوبەش پەیداکەر ﴿وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ﴾ با سەرسامیشی کردبن (بە دارایی یا جوانیان) ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە بانگ (ی خەڵک) دەکەن بۆ ناو ئاگر ﴿وَٱللَّهُ يَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلْجَنَّةِ﴾ بەڵام خوا (خەڵک) بانگ دەکات بۆ بەهەشت ﴿وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦ﴾ ولێخۆش بوون بەفەرمانی خۆی ﴿وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ﴾ وە نیشانەکانی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە بۆخەڵکی ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بەڵکو بیربکەنەوە ﴿٢٢١﴾ ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ﴾ وەپرسیارت لێ دەکەن دەربارەی حەیز ﴿قُلْ هُوَ أَذًى﴾ بڵێ حەیز ناڕازارە ﴿فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ﴾ کەواتە دوور بکەونەوە لەهاوسەرەکانتان ﴿فِي ٱلْمَحِيضِ﴾ لە کاتی حەیزا ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ﴾ وەنزیکیان لەگەڵدا مەکەن ﴿حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾ تا پاک دەبنەوە ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾ کەخۆیان شت (دوای پاک بوونەوە) ﴿فَأْتُوهُنَّ﴾ ئەمجا بچنە لایان ﴿مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ لەو شوێنەوە کە خوا فەرمانی پێداون ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ﴾ بەڕاستی خوا تەوبەکارانی خۆش دەوێت ﴿وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ﴾ وپاکانی خۆش دەوێت ﴿٢٢٢﴾ ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾ ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ﴾ جا تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە (مەبەست چوونە لایانە) ﴿أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ بەهەرشێوەیەک دەتانەوێ (لەشوێنی تایبەتی خۆی کە پێشەوەیە نەک دواوە) ﴿وَقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُمْ﴾ کردەوەی باش پێش بخەن بۆ خۆتان ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ لەخوا بترسن ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُ﴾ وە بزانن و دڵنیابن کەبەخزمەتی دەگەن ﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ وەمژدە بدە بەبڕواداران ﴿٢٢٣﴾ ﴿وَلَا تَجْعَلُوا۟ ٱللَّهَ عُرْضَةً﴾ نەکەن سوێند بەخوا خواردن بکەن بەبەرهەڵستی ﴿لِّأَيْمَٰنِكُمْ﴾ ئەوشتانەی سوێندتان لەسەری خواردووە ﴿أَن تَبَرُّوا۟ وَتَتَّقُوا۟﴾ کەچاکیی و پارێزکاری ﴿وَتُصْلِحُوا۟ بَيْنَ ٱلنَّاسِ﴾ و ڕێکخستنی نێوان خەڵکی یە ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بیسەر و زانایە ﴿٢٢٤﴾

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ خوا سوێندی بێ هووده (لەدەم دەرچوون) تان لێ ناگرێ ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم﴾ بەڵام سوێندێکتان لێ دەگرێت ﴿بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ بە دڵ بتانەوێت ومەبەستتان بێت ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ وەخوا لێخۆشبوو لەسەر خۆیە ﴿٢٢٥﴾ ﴿لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ﴾ بۆ ئەوانە هەیە سوێند دەخۆن لەگەڵ ژنەکانیان دروست نەبن ﴿تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ﴾ چاوەڕوانیی چوار مانگ بکەن ﴿فَإِن فَآءُو﴾ ئەمجا ئەگەر گەڕانەوە (بۆ لای ژنەکانیان) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوا خوا لێخۆشبوو میهرەبانە ﴿٢٢٦﴾ ﴿وَإِنْ عَزَمُوا ٱلطَّلَٰقَ﴾ وە ئەگەر بڕیاری تەڵاق دانیان دا ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ ئەوا خوا بیسەرو زانایە ﴿٢٢٧﴾ ﴿وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ﴾ وە ژنە تەڵاق دراوەکان ﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ﴾ دان بەخۆیانداد ەگرن ﴿ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ﴾ تا ماوەی سێ حەیز ﴿وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ﴾ دروست نی یە بۆ ئەوان ﴿أَن يَكْتُمْنَ﴾ کە بیشارنەوە ﴿مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ﴾ ئەوەی خوا لە منداڵدانیان دا دروستی کردوە (لەحەیز یا منداڵ) ﴿إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ﴾ ئەگەر بڕوایان هەیە بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ و بەڕۆژیی دوایی ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ﴾ وە میردەکانیان شایستەن ﴿بِرَدِّهِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ بە گێڕانەوەیان لە عیددەدا ﴿إِنْ أَرَادُوٓا إِصْلَٰحًا﴾ ئەگەر بیانەوێ بە باشی بژین ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ وە بۆ ژنان هەیە بەسەر میردیانەوە وەکو ئەوەی کە بۆ پیاوان هەیە بەسەر ژنانەوە بەپێ ی باوونەریتی (پەسەند) ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ وە پیاوان پلەیەکیان هەیە بەسەر ژنانیانەوە ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زاڵ و کار دروستە ﴿٢٢٨﴾ ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ﴾ تەڵاق (یەک کە بردنەوەی لە دواوە بێ) دوو جارە ﴿فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ﴾ دوا ئەوە پاگرتنە بەخۆشی ﴿أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَٰنٍ﴾ یان بەرەڵاکردن وتەڵاقدانیەتی بەباشی ﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ﴾ وە دروست نی یە بۆ ئێوە ﴿أَن تَأْخُذُوا﴾ کە لێ بسەننەوە ﴿مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا﴾ هیچێک لەوشتانەی کەداوتانێ ﴿إِلَّآ أَن يَخَافَآ﴾ مەگەر هەردوولا بترسن (لەوەی) ﴿أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ کە سنووری خوا ڕانەگرن ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ﴾ جا ئەگەر ترسان ﴿أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ لەوەی سنووری خوا ڕانەگرن ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾ ئەو پیاوو ئافرەتەکە گوناهیان ناگات ﴿فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ﴾ بەوەکە ژنەکە لەبریتی خۆی بیدات بەپیاوەکەی ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەمانە (ی باسکران) سنووری خوان ﴿فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾ لێیان دەرمەچن وەدەستدرێژی نەکەنە سەریان ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ وە هەرکەسێک لە سنوری خوا دەربچێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ئا ئەوانە ستەمکارن ﴿٢٢٩﴾ ﴿فَإِن طَلَّقَهَا﴾ ئەمجا ئەگەر تەڵاقی (سێیەمی) دا ﴿فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ﴾ ئیتر ئەو ژنە بۆ ئەو پیاوە دروست نی یە ﴿حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ﴾ هەتا شوونەکات بە میردێکی تر (بە ئێجگاری) ﴿فَإِن طَلَّقَهَا﴾ ئەمجا ئەگەر (میردی دووهەم) تەڵاقی دا (یا مرد) ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ﴾ ئیتر گوناە نی یە لەسەر ژن و میردە (کۆنەکە) ﴿أَن يَتَرَاجَعَآ﴾ کە بگەڕێنەوە لای یەکتر (بە مارەکردنێکی تازە) ﴿إِن ظَنَّآ﴾ ئەگەر بزانن ﴿أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ کە لە سنووری خوا دەرناچن ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەمانە سنووری خوان ﴿يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ ڕوونیان دەکاتەوە بۆ گەلێک کە تێ بگەن ﴿٢٣٠﴾

﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ کاتێك ژنانی هاوسەرتان تەلاق دا و ﴿فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ گەیشتن بە ئاخرو ئوخری عیددەیان ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ رایان بگرنەوە بەخۆشی ﴿أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ یان بەرەڵایان بکەن وتەلاقیان بدەن بەباشی ﴿وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا﴾ رایان مەگرنەوە بەئێش و ئازارەوە ﴿لِّتَعْتَدُوا۟﴾ بۆئەوەی ستەمیان لێ بکەن ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ هەرکەسێك کاری وابکات ﴿فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ﴾ ئەوەستەمی لەخۆی کردوە ﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًا﴾ وە گاڵتە بەفەرموودەکانی خوا مەکەن ﴿وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ و بیربکەنەوە لە چاکەی خوالە گەلتاندا ﴿وَمَآ أَنزَلَ عَلَيْكُم﴾ و ئەوەی کەبەسەریدا ڕشتوون ﴿مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِۦ﴾ لەقورئان و فەرموودەی پەجێ بەوە ئامۆژگاریتان دەکات ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ وەبزانن کەخوا ﴿بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ بەهەموو شت زانایە ﴿٢٣١﴾ ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ کاتێك ژنتان تەلاقدا ﴿فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ عیددەیان تەواو بوو ﴿فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ﴾ ئیتر قەدەغەیان(بەرگریان) مەکەن ﴿أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ﴾ کە شوو بکەن بەخەڵکانێکی تر کە دەبن بە مێردیان ﴿إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم﴾ ئەگەر ڕێك کەوتن لەناو خۆیاندا ﴿بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ بەباشی ﴿ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ﴾ ئەمە پەند وئامۆژگاری ئیدایە ﴿مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ بۆئەو کەسەی کەبڕوای بەخوا و بەڕۆژی دوایی بێت لە ئێوە ﴿ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ﴾ ئەم پەند وەرگرتنەتان باشترەو پاکترە ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ چونکە خوا دەزانێ و ئێوە نایزانن ﴿٢٣٢﴾ ﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ﴾ دایکان ﴿يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ﴾ شیر بدەن بە منداڵەکانیان ﴿حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ﴾ دوو ساڵی تەواو ﴿لِمَنْ أَرَادَ﴾ (ئەمە) بۆکەسێکە کە بیەوێت ﴿أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ﴾ شیری تەواو بدات ﴿وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ﴾ لەسەر باوکەکەیە ﴿رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ﴾ ڕۆزی و کاڵای دایکەکان ﴿بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ بەباشی ﴿لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا﴾ هیچ کەسێك لەتوانای خۆی زیاتر داوای لێ ناکرێت ﴿لَا تُضَآرَّ وَالِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا﴾ با زیان نەگەیەندرێ بەهیچ دایکێك بەهۆی منداڵەکەیەوە ﴿وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ﴾ وە بەهیچ باوکێك بەهۆی منداڵەکەیەوە ﴿وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ﴾ وە(ئەگەر باوکەکە مرد) لەسەر میراتگرەوەکو ئەوەی(پێشوونەفەقەی دایکی منداڵە کە بدات) ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا﴾ ئەمجا ئەگەر ویستیان(منداڵەکە) لەشیر ببڕنەوە(لەپێش دوو ساڵەکەدا) ﴿عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ﴾ بەڕەزامەندی و ڕاوێژیی هەردوولایەکیان ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾ ئەوە گوناهیان ناگات ﴿وَإِنْ أَرَدتُّمْ﴾ وە ئەگەر (ئێوەی پیاوان) ویستان ﴿أَن تَسْتَرْضِعُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُمْ﴾ دایەن بگرن بۆ منداڵەکانتان ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ ئەوە گوناهتان ناگات ﴿إِذَا سَلَّمْتُم﴾ ئەگەر بیان دەنێ ﴿مَّآ ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ ئەوی بۆتان داناوون بەخۆشی ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟﴾ وە لەخوا بترسن و بزانن ﴿أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بینایە بەوەی کە دەیکەن ﴿٢٣٣﴾

﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ﴾ ئەو پیاوانەی کەدەمرن لەئێوە ﴿وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا﴾ و هاوسەران جێ دەهێڵن ﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ﴾ هاوسەرەکانیان دەبێت چاوەڕوانی بکەن ﴿أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا﴾ چوار مانگ و دە شەو ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ ئەمجا کە عیددەیان تەواو بوو ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ ئیتر گوناهتان لەسەر نی یە (ئەی کەس وکاری ژن) ﴿فِيمَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ لەوەی کە (ئەو ژنانە) دەیکەن لەخۆیاندا بەپێ ی باوی ناو کۆمەڵ ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە خوا ئاگاداری بەوەی کە دەیکەن ﴿٢٣٤﴾ ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ وە گوناهتان ناگات ﴿فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ﴾ لە خوازبێنی ژنانی (مێرد مردوو) بە ناڕاستەوخۆ پێیان بڵێن ﴿أَوْ أَكْنَنتُمْ فِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾ یا لەدڵی خۆتاندا (بڕیار بدەن) دەیانخوازن ﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ﴾ خوای گەورە زانیویەتی کە بێگومان ئێوە ﴿سَتَذْكُرُونَهُنَّ﴾ لەمەو دوا ناویان دەبەن ﴿وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا﴾ بەڵام بەنهێنی بەڵێنیان پێ مەدەن ﴿إِلَّآ أَن تَقُولُوا۟ قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ مەگەر قسەیەك کەباش بێت ﴿وَلَا تَعْزِمُوا۟ عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ﴾ وە بڕیاری ماڕەکردنیان مەدەن ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْكِتَٰبُ أَجَلَهُۥ﴾ تا عیددەکەیان تەواو دەبێت ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ﴾ وە بزانن بێگومان خوا دەزانێت ﴿مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾ بەوەی کە لە دڵتاندایە ﴿فَٱحْذَرُوهُ﴾ کەواتە خۆتان بپارێزن ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بزانن دڵنیابن کە خوا ﴿غَفُورٌ حَّلِيمٌ﴾ لێخۆشبووی لەسەر خۆیە ﴿٢٣٥﴾ ﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ گوناهتان لەسەر نی یە ﴿إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ ئەگەر ژنانێك تەڵاق بدەن ﴿مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ﴾ کە هێشتا نەچووبنە لایان ﴿أَوْ تَفْرِضُوا۟ لَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ یا ماڕەییتان بۆ دانەنابن ﴿وَمَتِّعُوهُنَّ﴾ وە بەهرەمەندیان بکەن (شتێکیان لەماڵی خۆتان بدەنێ) ﴿عَلَى ٱلْمُوسِعِ قَدَرُهُۥ﴾ دەوڵەمەند بەپێ ی خۆی ﴿وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ﴾ وە هەژار بەپێ ی خۆی ﴿مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ بەهرەو یارمەتی دانێك کە باو و نەریت بێت. ﴿حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ئەوە پێویستە لەسەر چاکەکاران ﴿٢٣٦﴾ ﴿وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ﴾ وە ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا ﴿مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ﴾ پێش ئەوەی بچنە لایان ﴿وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ وە ماڕەیی تان بۆدانابوون ﴿فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾ ئەوە نیوەی ماڕەیی یەکەیان دەکەوێ ﴿إِلَّآ أَن يَعْفُونَ﴾ مەگەر ئەوان (لێتان) خۆش بن ﴿أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى﴾ یان ئەو کەسە لە (مێرد) ی خۆش ﴿بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ﴾ کە ماڕەبڕینەکەی بەدەستە ﴿وَأَن تَعْفُوٓا۟ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ﴾ وە لێ خۆشبوونتان لە پارێزکارییەوە نزیکترە ﴿وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ﴾ وە ئەو چاکەییەی کە لە نێوانتاندا بووە لەبیرتان نەچێتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بێگومان خوا بینایە بەوەی کەوا دەیکەن ﴿٢٣٧﴾

﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ﴾ ئاگاداری لە نوێژەکانتان بکەن وبیانپارێزن ﴿وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ﴾ وە(بەتایبەتی) نوێژی ناوەڕاست(کە نوێژی عەسرە) ﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ﴾ وە لە نوێژدا بوەستن بۆ خوا بەگەردن کەچی و (بێ قسە کردن) ﴿٢٣٨﴾ ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ﴾ ئەمجا ئەگەر ترسان ﴿فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾ (نوێژ بکەن) بە پیادە یان بەسواری ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ﴾ کەترستان نەما ﴿فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ﴾ ئەوسا یادی خوا بکەن ﴿كَمَا عَلَّمَكُم﴾ بەوڕەنگەی کەفێری کردوون ﴿مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەوەی جاران نەتاندەزانی ﴿٢٣٩﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ﴾ ئەو پیاوانەی دەمردن لەئێوە ﴿وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا﴾ پاش خۆیان ژنەکانیان بەجێ دەهێڵن ﴿وَصِيَّةً لِّأَزْوَٰجِهِم﴾ (خوا فەرمانی کردووە) بە وەسیەت کردن بۆ ژنەکانیان ﴿مَّتَٰعًا إِلَى ٱلْحَوْلِ﴾ تاساڵێك بەخێو بکرێن ﴿غَيْرَ إِخْرَاجٍ﴾ بێ ئەوەی دەربکرێن (لە ماڵی مێردیان) ﴿فَإِنْ خَرَجْنَ﴾ ئەمجا ئەگەر خۆیان چوونە دەرەوە ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ ئیتر هیچ گوناهتان لەسەر نی یە (ئەی کەس وکاری مێرد) ﴿فِى مَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ﴾ لەوەی کە ئەو ژنانە دەیکەن دەربارەی خۆیان ﴿مِن مَّعْرُوفٍ﴾ بەباشی ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وەخوا زاڵ وباڵادەست و کار دروستە ﴿٢٤٠﴾ ﴿وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعٌ﴾ بۆ تەلاق دراوان هەیە(بەسەر مێردەکانیانەوە) بەهەرەمەند بکرێن (بە بڕێك پارە) ﴿بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ بەباشی ﴿حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ﴾ (ئەوە) پێویستە لەسەر پارێزکاران ﴿٢٤١﴾ ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ﴾ ئاوا خوا ئایەتانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ تاتێ بگەن و ژیربن ﴿٢٤٢﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا وورد نەبویتەوە لەوانەی ﴿خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ﴾ کەلە ولاتی خۆیان دەرچوون ﴿وَهُمْ أُلُوفٌ﴾ لە کاتێکدا کە ئەوان هەزاران(کەس) بوون ﴿حَذَرَ ٱلْمَوْتِ﴾ لەترسی مردن ﴿فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُواْ﴾ ئەمجا خوا پێ ی وتن بمرن ﴿ثُمَّ أَحْيَٰهُمْ﴾ لە پاشان زیندووی کردنەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ﴾ بەڕاستی خوا خاوەنی چاکەیە ﴿عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ بەسەر خەڵکەوە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ﴾ بەڵام زۆربەی خەڵك ﴿لَا يَشْكُرُونَ﴾ سوپاسی خوا ناکەن ﴿٢٤٣﴾ ﴿وَقَٰتِلُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ جەنگ بکەن لەڕێ ی خوادا ﴿وَٱعْلَمُوٓاْ﴾ وە بزانن ﴿أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەری زانایە ﴿٢٤٤﴾ ﴿مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ﴾ کێ یە ئەو کەسەی قەرز بدات بەخوا ﴿قَرْضًا حَسَنًا﴾ بە قەرزێکی باش ﴿فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ﴾ ئەمجا خوا بۆی زیاد دەکات ﴿أَضْعَافًا كَثِيرَةً﴾ بەزیاد کردنێکی زۆر ﴿وَٱللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُۜطُ﴾ وەخوا(ڕۆزی خۆی) ئەگرێتەوە وە فراوانی دەکات ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ وە هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە ﴿٢٤٥﴾

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ﴾ ئایا وورد نەبوویتەوە لەبەسەرهاتی دەستە و کۆمەڵێك لەکاربەدەست و ناودارانی ﴿مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ بەنی ئیسرائیل (نەوەکانی یەعقوب) ﴿مِن بَعْدِ مُوسَىٰ﴾ لەدوای مووسا ﴿إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَّهُمُ﴾ کە بەپێغەمبەرێکی خۆیان ووت ﴿ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا﴾ پاشایەکمان بۆ بنێرە ﴿نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ تا جەنگ بکەین لەڕێ ی خوادا ﴿قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ﴾ووتی ئایا نزیك نییە ئێوە ﴿إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ﴾ ئەگەر جەنگتان لەسەر فەرز و پێویست بکرێ ﴿أَلَّا تُقَاتِلُوا﴾ جەنگ نەکەن ﴿قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ﴾ (لە وەڵامدا) ووتیان چ سودێکمان پێ دەگات ئەگەر جەنگ نەکەین ﴿فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لەڕێ ی خوادا ﴿وَقَدْ أُخْرِجْنَا﴾ لەکاتێکدا کە دەرکراوین ﴿مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا﴾ لە ووڵاتمان و مال و منداڵماندا ﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ﴾ کەچی کاتێك جەنگیان لەسەر پێویست کرا ﴿تَوَلَّوْا﴾ پشتیان هەڵکرد ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾ کەمێکیان نەبێت ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ﴾ خوایش ئاگاداره بەسەر ستەمکاراندا ﴿٢٤٦﴾ ﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ﴾ وە پێغەمبەرەکەیان پێی ووتن ﴿إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا﴾ بێگومان خوا طالووتی بۆ ناردن بە پادشا ﴿قَالُوا أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ﴾ ووتیان ئەو چۆن ئەبێ بە پادشا ﴿عَلَيْنَا﴾ بەسەر ئێمەوە ﴿وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ﴾ کە ئێمە لەو شایستە ترین بەپادشایی ﴿وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ﴾ وە دارایی زۆری نەدراوەتێ ﴿قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ﴾ فەرمووی: بەڕاستی خوا ئەوی هەڵبژاردووە بەسەر ئێوەدا ﴿وَزَادَهُ بَسْطَةً﴾ وە بەشی زیاتری داوەتێ لە فراوانی ﴿فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ﴾ لەزانین و توانایی جەستە ﴿وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ﴾ وە خوا مولك و پاشایی خۆی دەدات ﴿مَن يَشَاءُ﴾ بەهەر کەس خۆی بیەوێ ﴿وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا(بەهرە) فراوان و زانایە.﴿٢٤٧﴾ ﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ﴾ وە پێغەمبەرەکەیان پێی ووتن ﴿إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ﴾ نیشانەی پادشای یەکەی ئەوەیە ﴿أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ﴾ کە سندوق و دارەمەیتەکەتان بۆ دێتەوە ﴿فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ کەمایەی ئارامیتانە لەپەروەردگارتانەوە ﴿وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ﴾ لەگەڵ هەندێك لەکەلەپوری ﴿آلُ مُوسَىٰ وَآلُ هَارُونَ﴾ خانەدانی مووسا و هاروون ﴿تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ﴾ فریشتە هەڵیدەگرن ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ﴾ بێگومان لەمەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ ئێوە ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەرئێوە بڕوادار بن ﴿٢٤٨﴾

﴿فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ﴾ ئەمجا کاتێك کە طالوت بەخۆی و لەشکرەکەیەوە (لەشار) دەرچوون ﴿قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم﴾ پێ ی ووتن بێگومان خوا تاقیتان دەکاتەوە ﴿بِنَهَرٍ﴾ بەچەمێك(ڕوبارێك) ﴿فَمَن شَرِبَ مِنْهُ﴾ ئەمجا هەرکەسێك لێی خواردەوە ﴿فَلَيْسَ مِنِّي﴾ ئەو لە(لەشکری) من نی یە ﴿وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي﴾ وە هەرکەسێك لێی نەچەشت ئەوە لە منە ﴿إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً﴾ مەگەر کەسێك پڕمشتێکی لێ بگرێ ﴿بِيَدِهِ﴾ بە دەستی خۆی(و بیخواتەوە) ﴿فَشَرِبُوا مِنْهُ﴾ جا هەموو تێریان لێ خواردەوە ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾ کەمێکیان نەبێت ﴿فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ﴾ کاتێك طالوت لێ ی پەڕیەوە ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ﴾ ئەوانەش بڕوایان هێنابوو لە گەڵیدا(بێ ئەوانەی کە تێریان لێ خواردەوە) ﴿قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ﴾ ووتیان: ئەمڕۆ ئێمە دەرەقەتی جالووت و لەشکرەکەی نایەین ﴿قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ﴾ وتیان: ئەوانەی کە پێیان وابوو ﴿أَنَّهُم مُّلَاقُو اللَّهِ﴾ بە خزمەت خوا دەگەن (لە ڕۆژی دواپی دا) ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ﴾ زۆر دەستەی کەم زاڵ بووە بەسەر ﴿فِئَةً كَثِيرَةً﴾ دەستەی زۆردا ﴿بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ بەفەرمانی خوا ﴿وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ وە خوا لەگەڵ خۆڕاگرانە ﴿٢٤٩﴾ ﴿وَلَمَّا بَرَزُوا لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ﴾ کاتێك کە ڕووبەڕووی جالوت و لەشکرەکەی وەستان ﴿قَالُوا﴾ ووتیان: ﴿رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا﴾ خوایە خۆڕاگری بڕێژە بەسەرماندا ﴿وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا﴾ وە پێمان جێگیر بکە ﴿وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ﴾ وە زاڵمان بکە بەسەر گەلی ﴿الْكَافِرِينَ﴾ بێ بڕوایاندا ﴿٢٥٠﴾ ﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ ئەوسا بەفەرمانی خوا شکاندنیان ﴿وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ﴾ وە داوود (کە یەکێك بوو لەسەربازانی طالوت) جالووتی کوشت ﴿وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ﴾ وە خوا پاشایەتی و پێغەمبەریتی دایە ﴿وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ﴾ وە ئەوەی ویستی فێری کرد ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ﴾ ئەگەر خوا خەڵکی لەناو نەبردایە ﴿بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ هەندێکیان بەهەندێکی تریان ﴿لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ﴾ هەموو سەر زەوی پڕدەبوو لە خراپە و تاوان ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ﴾ بەڵام خوا خاوەنی بەخششە ﴿عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ بەسەر هەموو جیهانیانەوە ﴿٢٥١﴾ ﴿تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ﴾ ئەم (بەسەرهاتانە) نیشانەکانی خوان ﴿نَتْلُوهَا عَلَيْكَ﴾ دەیان خوێنینەوە بەسەرتدا ﴿بِالْحَقِّ﴾ بەڕاستی ﴿وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ وە بێگومان تۆ لە پێغەمبەرانیت ﴿٢٥٢﴾

﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا﴾ ئەو پێغەمبەرانەی (کە باسکران) ڕێزمان داوە ﴿بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا ﴿مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ﴾ لەو پێغەمبەرانە هی وایان بووە کە خوا قسەی لە گەڵ کردووە (وەك موسی علیه السلام) ﴿وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾ وە هەندێکیانی بەرز کردوەتەوە چەند پلەیەك ﴿وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ وە دامان بە عیسای کوڕی مەریەم چەند بەڵگە و (موعجیزەیەکی) ئاشکرا ﴿وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾ وە پشتگیریمان کرد بە فریشتەی سرووش (کە جبرییلە) ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر خوا بیویستایە ﴿مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم﴾ ئەو گەلانەی کەلە دوای پێغەمبەرەکانیان دەهاتن لە گەڵ یەکدا نە ئەجەنگین ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ دوای ئەو نیشانە ڕوشنانەی کەبۆیان هاتبوو ﴿وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟﴾ بەڵام دووبەرەکی یان تێکەوت ﴿فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ﴾ ئەمجا هی وایان بوو بڕوای هێنا ﴿وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ﴾ وە هی وایان بوو بێ بڕوابوو ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر خوا بیویستایە ﴿مَا ٱقْتَتَلُوا۟﴾ یەکتریان نەدەکوشت و شەڕیان نەدەکرد ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ﴾ بەڵام ئەوەی خوا بیەوێت دەیکات. ﴿٢٥٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ﴿أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰكُم﴾ بەبەخشن لەو ڕۆزیەی کە پێمان داوون ﴿مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ﴾ پێش ئەوەی کە ڕۆژێ بێ ﴿لَّا بَيْعٌ فِيهِ﴾ کە نە کڕین و فرۆشتنی تێدایە ﴿وَلَا خُلَّةٌ﴾ و نە دۆستایەتی و ئاشنایەتی تێدایە ﴿وَلَا شَفَٰعَةٌ﴾ وە نە تکای تێدایە (تا ڕزگارتان کات لە سزا) ﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ وە هەر بێ بڕوایانن ستەمکاران. ﴿٢٥٤﴾ ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوا ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نیە بێجگە لەو ﴿ٱلْحَىُّ﴾ هەمیشە زیندووی ﴿ٱلْقَيُّومُ﴾ تەدبیرکەر و ڕاگر (ی بوونەوەر) ە ﴿لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ﴾ نە وەنەوز ئەیگرێ و نە خەو ﴿لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ هەرهی ئەوەهەرچی لەئاسمانەکان ﴿وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وهەرچی لەزەوی دایە ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ﴾ کێ یە ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا بتوانێ تکای لەلا بکات ﴿إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾ مەگەر بە ڕێ پێدانی خۆی نەبێت ﴿يَعْلَمُ﴾ ئاگاداری ﴿مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ﴾ بە ئەوەی لەبەردەمی (ئادەمی) یە وەیە(لە دونیا لە بەردەستیاندایە) ﴿وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ وە ئەوەی لە دواوەیەتی(لە ڕۆژی دوایی بۆیان ئامادەکراوە) ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ﴾ وە کەس ئاگای نی یە لە هیچ شتێك ﴿مِّنْ عِلْمِهِۦٓ﴾ لە زانین و زانیاری ئەو(خوا) یە ﴿إِلَّا بِمَا شَآءَ﴾ مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێ ﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ کورسی یەکەی خودا هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە ﴿وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا﴾ وە پارێزگاری کردنی ئاسمانەکان و زەوی بۆ خوا ئاسانە و (گران نییە) ﴿وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ﴾ وە هەر ئەوە بڵند پلەی پایە گەورە ﴿٢٥٥﴾ ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ﴾ بە هیچ جۆرێك زۆر لێ کردن لە دینداتی یە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام) ﴿قَد تَّبَيَّنَ﴾ چونکە بەڕاستی لە یەك جیابوەتەوە ﴿ٱلرُّشْدُ﴾ ڕێنموونی و شارەزایی ﴿مِنَ ٱلْغَىِّ﴾ لە گومڕایی و سەرلێ شێواوی (ئەم ئایەتە تایبەتە بە ئەوانەی ئایینی ئاسمانی یان هەیە) ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ﴾ ئەمجا هەر کەس لە ڕێ ی بێ بڕوایی بگەڕێتەوە(بێ باوەڕ بێ بە هەر پەرستراوێك جگەلە خوا) ﴿وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ﴾ وە بڕوا بهێنێ بەخوا ﴿فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ﴾ ئەوە بێگومان بە تۆندی دەستی گرتووە ﴿بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ﴾ بە دەستە گیرەیەکی قایمی بەهێزی وا (کە ئیسلام، یان ئیمانەکەیەتی) ﴿لَا ٱنفِصَامَ لَهَا﴾ کە پچڕان و بەربونی بۆ نی یە ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بیسەری زانایە ﴿٢٥٦﴾

﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ﴾ خوا دۆست و پشتیوانی ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەیە کە بڕوادارن ﴿يُخْرِجُهُم﴾ دەریان دەهێنێت ﴿مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ لە تاریکستانی بێ بڕوایی ﴿إِلَى ٱلنُّورِ﴾ بۆ ڕووناکی باوەڕو ڕێنموونیی ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ وە ئەوانەی کە بێ بڕوان ﴿أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ﴾ شەیتان دۆستیانە ﴿يُخْرِجُونَهُم﴾ دەریان دەهێنێ ﴿مِّنَ ٱلنُّورِ﴾ لە ڕووناکی (بیر و باوەڕ) ەوە ﴿إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ بۆ تاریکستانی (گومڕایی) ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە ﴿أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ هاوڕێی دۆزەخن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ تیایانە مێننەوە هەتا هەتایە ﴿٢٥٧﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى﴾ ئایا ئاوڕێك نادەیتەوە بەلای ئەو (نەمروود) ەی ﴿حَآجَّ إِبْرَٰهِۦمَ﴾ کە دەمەقاڵێی کرد لە گەڵ ئیبراهیم (پێغەمبەر دا علیه السلام) ﴿فِى رَبِّهِۦٓ﴾ دەرحەق بە پەروەردگاری ﴿أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ﴾ لەبەر ئەوەی خوا پادشایی دابوویە ﴿إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾ کاتێ کە ئیبراهیم (لە وەڵامی نەمروود دا) ووتی: ﴿رَبِّىَ ٱلَّذِى﴾ پەروەردگاری من ئەو زاتەیە ﴿يُحْىِۦ﴾ ژیان ئەداو ﴿وَيُمِيتُ﴾ ژیان دەستێنێ (ودەمرێنێت) ﴿قَالَ﴾ (نەمروود) ووتی: ﴿أَنَا۠ أُحْىِۦ﴾ منیش ژیان ئەدەم ﴿وَأُمِيتُ﴾ وە ژیان دەستێنم ودەشمرێنم (دوو زیندانی کراوی هێنا یەکێکیانی ئازاد کردو ئەوی دیکەیانی کوشت) ﴿قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾ ئیبراهیم ووتی: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ﴾ بێگومان خوا خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەهێنێ ﴿فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ﴾ دە (ئەگەر دەتوانیت) تۆ لە ڕۆژئاواوە هەڵی بێنە ﴿فَبُهِتَ﴾ ئەمجا دەم کوت بوو ﴿ٱلَّذِى كَفَرَ﴾ ئەو بێ بڕوایە (نەمروود) ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا ڕێنموونی گەلی ستەمکاران ناکات ﴿٢٥٨﴾ ﴿أَوْ كَٱلَّذِى﴾ یا وەك ئەو کەسە (عوزەیر) ﴿مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ﴾ کە ڕابورد بەلای شارێکدا (بیت المقدس) ﴿وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾ لە کاتێکدا ئەو (شارە) دیوارەکانی ڕووخا بوو بەسەر سەربانەکانیدا ﴿قَالَ﴾ (عوزەیر) ووتی: ﴿أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ﴾ خوا چۆن ئەم شارە ئاوەدان دەکاتەوە ﴿بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ پاش مردنی ؟ (واتە پاش وێران بوونی) ﴿فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِا۟ئَةَ عَامٍ﴾ یەکسەر خوای گەورە (عوزەیری) سەد ساڵ ماند ﴿ثُمَّ بَعَثَهُۥ﴾ و پاشان زیندووی کردەوە ﴿قَالَ كَمْ لَبِثْتَ﴾ (خوای گەورە) فەرمووی: چەندە ماویتەوە لێرەدا ؟ ﴿قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾ ووتی ڕۆژێك یا بەشێ لە ڕۆژێك ماومەتەوە ﴿قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِا۟ئَةَ عَامٍ﴾ (خوای گەورە) فەرمووی: نەخێر بەڵکو سەد ساڵ ماویتەوە ﴿فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ﴾ جا تەماشای خواردن و ﴿وَشَرَابِكَ﴾ خواردنەوەکەت بکە ﴿لَمْ يَتَسَنَّهْ﴾ تێك نەچووە ﴿وَٱنظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ﴾ وە تەماشای گوێدرێژەکەت بکە ﴿وَلِنَجْعَلَكَ﴾ (وە زیندووماں کردیتەوە) تا بتگێڕین ﴿ءَايَةً لِّلنَّاسِ﴾ بە موعجیزە و (بەڵگە) بۆ خەڵکی ﴿وَٱنظُرْ إِلَى ٱلْعِظَامِ﴾ وە تەماشای ئێسقانەکانی (گوێدرێژەکەت) بکە ﴿كَيْفَ نُنشِزُهَا﴾ چۆن بەرزیان دەکەینەوە (لە شوێنی خۆیان) و یەکیان دەخەین ﴿ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا﴾ پاشان گۆشتی بەسەردا دەهێنین ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ﴾ ئەمجا کاتێ ئەمانە دەرکەوت بۆی (عوزەیر) ﴿قَالَ أَعْلَمُ﴾ ووتی: بەچاکی تێگەیشتم ﴿أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا خاوەن دەستەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٢٥٩﴾

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ﴾ (ئەی موحممەد بەیاد بهێنە) کاتێك کە ئیبراهیم ووتی: ﴿رَبِّ﴾ئەی پەروەردگارم ﴿أَرِنِى﴾ نیشانم بدە ﴿كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە ؟ ﴿قَالَ﴾ (خوا) فەرمووی: ﴿أَوَلَمْ تُؤْمِنْ﴾ بڕوات پێ ی نەهێناوە؟ ﴿قَالَ بَلَىٰ﴾ ووتی: بەڵێ بڕوام پێیەتی ﴿وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى﴾ بەڵام (ئەمەوێ ببینم) بۆئەوەی دڵنیا بم ﴿قَالَ﴾(خوا) فەرمووی: ﴿فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ﴾ کەواتە چوار مەل بگرە ﴿فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ﴾ ئەمجا(سەربان ببرە) و پارچە پارچەیان بکە ﴿ثُمَّ﴾ لەپاشدا ﴿ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا﴾ هەر پارچەیەکیان لەسەر شاخێك دابنێ ﴿ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ﴾ لە پاشان بانگیان بکە ﴿يَأْتِينَكَ سَعْيًا﴾ بەپەلە دێن بۆلات ﴿وَٱعْلَمْ﴾ وە چاك بزانە و ﴿أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ دڵنیابە بێگومان خوا بالادەستی کار بەجێ یە ﴿۲۶۰﴾ ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ﴾ وێنەی(خێری) ئەوانەی ﴿يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ﴾ کە مالی خۆیان دەبەخشن ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لە ڕێ ی خوادا ﴿كَمَثَلِ حَبَّةٍ﴾ وەك دەنکە(تۆوێك) وایە (ڕوابێت) و ﴿أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ﴾ حەوت گوڵی گرتبێت ﴿فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ﴾ لەهەر گوڵێکدا ﴿مِّاْئَةُ حَبَّةٍ﴾ سەد دانەی تێدا بێت ﴿وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ﴾ وە خوا لەمەش ، زیاتری دەکات ﴿لِمَن يَشَآءُ﴾ بۆ هەر کەسێك کە خۆی بیەوێت ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا خاوەن بەهرەی فراوانی ئاگادارە ﴿۲۶۱﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ﴾ ئەوانەی کە مالّ و دارایی خۆیان دەبەخشن ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لە ڕێ ی خوادا ﴿ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى﴾ دوای ئەوە هیچ منەتێك نانێن و ئازارێك(بە دڵی هەژاران) ناگەیەنن ﴿لَّهُمْ﴾ ئەو کەسانە بۆیان هەیە ﴿أَجْرُهُمْ﴾ پاداشتیان ﴿عِندَ رَبِّهِمْ﴾ لای پەروەردگاریان ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ وە هیچ ترسێکیان لەسەر نی یە ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە هیچ خەم و خەفەتێکیان نیە. ﴿۲۶۲﴾ ﴿قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ﴾ قسە وگوفتاری جوان وشیرین ﴿وَمَغْفِرَةٌ﴾ و چاوپۆشی(لە هەڵەدا) ﴿خَيْرٌ﴾ چاکترە ﴿مِّن صَدَقَةٍ﴾ لە خێرێك ﴿يَتْبَعُهَآ أَذًى﴾ کە ئازارو دڵ ئێشاندنی بە دوادا بێ ﴿وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ﴾ خوا دەوڵەمەند و بێ نیاز و لەسەر خۆیە ﴿۲۶۳﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تُبْطِلُوا۟﴾ پوچەڵی مەکەنەوە ﴿صَدَقَٰتِكُم﴾ خێرو بەخشینەکانتان ﴿بِٱلْمَنِّ﴾ بە منەت نان ﴿وَٱلْأَذَىٰ﴾ و ئازاردان و دڵ ئێشان ﴿كَٱلَّذِى﴾ وەك ئەو کەسەی ﴿يُنفِقُ مَالَهُۥ﴾ مالّ و سامانی خۆی دەبەخشێت ﴿رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾ بۆ ڕووپامایی خەڵك ﴿وَلَا يُؤْمِنُ﴾ وە باوەڕی نی یە ﴿بِٱللَّهِ﴾ بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ و بە ڕۆژی دوایی ﴿فَمَثَلُهُۥ﴾جا وێنەی ئەو ناپاکە ﴿كَمَثَلِ صَفْوَانٍ﴾ وەك بەردێکی ساف و لووس وایە ﴿عَلَيْهِ تُرَابٌ﴾ کە گڵێکی کەمی بەسەرەوە بێت ﴿فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ﴾ ئەمجا بارانێکی لێزمەی لێ بدات ﴿فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا﴾ وە بەردەکە بهێڵێتەوە بە ڕووتیی ﴿لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟﴾ ناتوانن دەستی بخەن هیچ شتێك لەوەی کە کردوویانە ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ وە خوا ڕێنمووێی گەلی بێ بڕوا وخوا نەناس ناکات ﴿۲۶۴﴾

﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ﴾ نموونەی ئەوانەی ﴿يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ﴾ کە مالّ و دارایی خۆیان دەبەخشن ﴿ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ﴾ لە پێناو ڕەزامەندی خوا ﴿وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ﴾ وە بۆ دامەزراندنی دڵ و دەرونیان (لەسەر چاکە) ﴿كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ﴾ وەك باخێك وایە ﴿بِرَبْوَةٍ﴾ کە بە شوێنێکی بەرزەوەبێت ﴿أَصَابَهَا وَابِلٌ﴾ بارانی دڵۆپ گەورەی لێ بدات ﴿فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ﴾ ئەمجا میوەی خۆی بدات بە دوو هێندە ﴿فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ﴾ وە ئەگەر بارانی دڵۆپ گەورەشی لێ نەدات ﴿فَطَلٌّ﴾ بارانی وورد لێی ئەدات (واتە بێ بەرهەم نابێت) ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ وە خوای گەورەش بینایە بەوەی کە دەیکەن ﴿٢٦٥﴾ ﴿أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ﴾ ئایا کەس لە ئێوە حەز دەکات ﴿أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ﴾ کە باخێکی ببێت ﴿مِّن نَّخِيلٍ﴾ لەدرەختی خورما ﴿وَأَعْنَابٍ﴾ وە جۆرەها درەختی ترێ و ڕەز ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ چەند جۆگە ئاو بڕوا بەژێریاندا ﴿لَهُۥ﴾ بۆ خاوەن باخەکە ببێت ﴿فِيهَا﴾ لەناو ئەو باخەدا ﴿مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ لە هەموو جۆرە میوەیەك ﴿وَأَصَابَهُ﴾ لەکاتێکدا (خاوەنەکەی) دووچاری ببێ ﴿ٱلْكِبَرُ﴾ پیری ﴿وَلَهُۥ﴾ وە ببێ ﴿ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ﴾ چەند منالێکی ووردی بێ دەسەڵات ﴿فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ﴾ ئەمجا گەردەلوولێکی لێ هەڵ بکات ﴿فِيهِ نَارٌ﴾ گڕو سەمومی تێدا بێ ﴿فَٱحْتَرَقَتْ﴾ بەکسەر باخەکە بسوتێ ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئا بەم ڕەنگە ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَٰتِ﴾ خوا نیشانەکانی (میهرەبانی) خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە ﴿٢٦٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ﴿أَنفِقُوا۟﴾ ببەخشن ﴿مِن طَيِّبَٰتِ﴾ لە پاکترینی ﴿مَا كَسَبْتُمْ﴾ ئەوەی پەیداتان کردووە ﴿وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم﴾ وە لەوەی کە بۆمان دەرهێناوون(ڕووەندوون) ﴿مِّنَ ٱلْأَرْضِ﴾ لە زەوی ﴿وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ﴾ مەڕۆن لەوەی ببەخشن کە خراپە ﴿وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ﴾ لە کاتێکدا کە خۆتان ئەو شتە خراپەیە وەرناگرن(ئەگەر بتان درێتێ) ﴿إِلَّآ أَن تُغْمِضُوا۟ فِيهِ﴾ مەگەر چاوی لێ بپۆشن ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ وە چاك بزانن کەخوا ﴿غَنِىٌّ حَمِيدٌ﴾ بێ نیازێکی شایستەی ستایشە ﴿٢٦٧﴾ ﴿ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ﴾ شەیتان دەتان ترسێنێ بە هەژاری ﴿وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ﴾ وەفەرمانتان پێدەدات بە خراپە ﴿وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا﴾ وە خوا بەڵێنی لێخۆشبوون و چاکەتان پێدەدات ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ خوا بەهرە فراوان میهرەبانی زانایە ﴿٢٦٨﴾ ﴿يُؤْتِى﴾ ئەی بەخشێ ﴿ٱلْحِكْمَةَ﴾ ژیری ودانایی ﴿مَن يَشَآءُ﴾ بە هەر کەسێك کە بیەوێ ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ﴾ وە هەر کەسێك ژیری و دانایی پێدرا ﴿فَقَدْ أُوتِىَ﴾ ئەوە بەڕاستی پێی دراوە ﴿خَيْرًا كَثِيرًا﴾ خێر و چاکەیەکی زۆر ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ﴾ پەند وەرناگرن ﴿إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ تەنها خاوەن ژیریی و هۆشمەندەکان نەبێت ﴿٢٦٩﴾

﴿وَمَآ أَنفَقْتُم﴾ ئەوەی بەخشییتتان ﴿مِّن نَّفَقَةٍ﴾ لەچاکە ﴿أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ﴾ یا نەزرێکتان بڕیار دابێ ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ﴾ ئەوە بێگومان خوا ئاگای لێ یە ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ﴾ وە بۆ ستەمکاران نیە ﴿مِنْ أَنصَارٍ﴾ هیچ یارمەتی دەرێک ﴿٢٧٠﴾ ﴿إِن تُبْدُوا۟﴾ ئەگەر ئاشکرای بکەن ﴿ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ خێرەکانتان ﴿فَنِعِمَّا هِىَ﴾ ئەوە کارێکی باشە ﴿وَإِن تُخْفُوهَا﴾ وە ئەگەر بیشارنەوە ﴿وَتُؤْتُوهَا﴾ و بیدەن ﴿ٱلْفُقَرَآءَ﴾ بە هەژاران ﴿فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوە باشترە بۆ ئێوە ﴿وَيُكَفِّرُ عَنكُم﴾ وە خوا هەڵی ئەوەرێنێت لەسەرتان وەدیسرێتەوە ﴿مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾ هێندێ لە گوناهەکانتان ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە خوا بەوەی کە دەیکەن ئاگادارە ﴿٢٧١﴾ ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ﴾ لەسەر تۆ نی یە(ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿هُدَىٰهُمْ﴾ ڕێنموونیی و موسوڵمان کردنی خەڵکی ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڵکو خوا ﴿يَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾ هەرکەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟﴾ وە ئەوەی ئێوە دەیبەخشن ﴿مِنْ خَيْرٍ﴾ لە دارایی (چاکە) ﴿فَلِأَنفُسِكُمْ﴾ ئەوە (قازانجەکەی) بۆ خۆتانە ﴿وَمَا تُنفِقُونَ﴾ ئێوە هیچ نابەخشن ﴿إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ﴾ مەگەر بۆ ڕەزای خوا نەبێ ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟﴾ وە ئەوەی دەیبەخشن ﴿مِنْ خَيْرٍ﴾ لەسامان و(چاکە) ﴿يُوَفَّ إِلَيْكُمْ﴾ پاداشتەکەیتان دەست دەکەوێتەوە ﴿وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ و ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ. ﴿٢٧٢﴾ ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ﴾ (ئەم خێرە) بۆ ئەو هەژارانەیە ﴿أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ کە دەست و پێ بەستراون لە ڕێی خوادا ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ﴾ ناتوانن ﴿ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ (بۆ ڕۆزی پەیدا کردن) بگەڕێن بە زەوی دا ﴿يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ﴾ نەزانی بێ خەبەر وا هەست دەکات ئەوان ﴿أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ﴾ کە دەوڵەمەندن بەهۆی بێ نیازی یانەوە(سوالنەکردنیانەوە) ﴿تَعْرِفُهُم﴾ تۆ(ئەی موحەممەد ﷺ) دەیان ناسییت ﴿بِسِيمَٰهُمْ﴾ بە شێوەیاندا ﴿لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ﴾ داوای هیچ لەکەس ناکەن ﴿إِلْحَافًا﴾ بەزۆر(وەک سوالنەکەرانی تر) ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟﴾ وە ئەوەی دەیبەخشن ﴿مِنْ خَيْرٍ﴾ لە مالّ و سامان ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خوا ئاگادارە پێی ﴿٢٧٣﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم﴾ ئەوانەی کە مالّ و دارایی خۆیان دەبەخشن ﴿بِٱلَّيْلِ﴾ بە شەو ﴿وَٱلنَّهَارِ﴾ و بە ڕۆژ ﴿سِرًّا﴾ بە پەنهانی ﴿وَعَلَانِيَةً﴾ و بە ئاشکرا ﴿فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ﴾ ئا ئەوانە هەر پاداشتیان ﴿عِندَ رَبِّهِمْ﴾ لای پەروەردگاریانە ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ وە هیچ ترسێکیان لە سەر نیە(لە داهاتوودا) ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە ئەوان خەفەت بار نابن لە ڕۆژی دواییدا ﴿٢٧٤﴾

﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰا﴾ ئەوانەی کە سوود (ربا) دەخۆن ﴿لَا يَقُومُونَ﴾ (کاتی زیندوو بوونەوە) ڕاست نابنەوە (لە گۆڕەکانیاندا) ﴿إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى﴾ مەگەر چۆن کەسێ ڕاست دەبێتەوە ﴿يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ﴾ کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ (وە تووشی فێ بووبێ) ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓا﴾ ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە، سوود خۆران ووتیان: ﴿إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ﴾ کڕین و فرۆشتن ﴿مِثْلُ ٱلرِّبَوٰا﴾ وەک سوود وایە ﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ﴾ لەکاتێکدا خوا ڕێی داوە بە کڕین و فرۆشتن وحەڵاڵی کردووە ﴿وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰا﴾ بەڵام سوود (ربا) ی قەدەغە کردووە ﴿فَمَن جَآءَهُۥ﴾ ئەمجا ئەو کەسەی پێی گەیشت ﴿مَّوْعِظَةٌ﴾ ئامۆژگاری یەک ﴿مِّن رَّبِّهِۦ﴾ لە پەروەردگاری یەوە ﴿فَٱنتَهَىٰ﴾ وە خێرا دەستی لێ هەڵگرت ﴿فَلَهُۥ مَا سَلَفَ﴾ ئەوا ئەوەی لەوەپێش وەری گرتووە بۆخۆیەتی (لە سوود خواردن) ﴿وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ وە کاری ئەو حەوالّە بەخوایە ﴿وَمَنْ عَادَ﴾ وە ئەوەی گەڕایەوە(بۆ سوود خواردن) ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئا ئەوانە هاوڕێی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا﴾ تیا دەمێننەوە ﴿خَٰلِدُونَ﴾ بە هەمیشەیی وهەتاهەتایی ﴿٢٧٥﴾ ﴿يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰا﴾ خوا فەڕ و بەرەکەتی سوود ناهێڵێت ﴿وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ وە بڕەو بە خێرو بەخشین ئەدات وزیادی ئەکات ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ﴾ وە خوا خۆشی ناوێت ﴿كُلَّ كَفَّارٍ﴾ هیچ بێباوەڕ و ناسوپاسگوزارێکی ﴿أَثِيمٍ﴾ تاوانکار ﴿٢٧٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە کردەوە باشەکانیان کردوە ﴿وَأَقَامُوا ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژیان بەهۆش و بیرەوە کردووە ﴿وَءَاتَوُا ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە زەکاتیان داوە ﴿لَهُمْ أَجْرُهُمْ﴾ تەنها پاداشتیان ﴿عِندَ رَبِّهِمْ﴾ لای پەروەردگاریانە ﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ وە هیچ ترسێکیان لەسەر نی یە(لەڕۆژی دواییدا) ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە هیچ خەفەتێک ڕووبان تێ ناکات.﴿٢٧٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە (بە خوا) ﴿ٱتَّقُوا ٱللَّهَ﴾ لە خوا بترسن ﴿وَذَرُوا﴾ وە دەست هەڵگرن ﴿مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا﴾ لەو سودەی کە لای خەڵک ماوتانە ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿٢٧٨﴾ ﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا﴾ ئەمجا ئەگەر دەستان لێ هەڵنەگرت ﴿فَأْذَنُوا﴾ کەواتە بزانن و ئاگادار بن ﴿بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ جەنگ لەگەڵ خوداو پێغەمبەرەکەی ڕادەگەیەنن ﴿وَإِن تُبْتُمْ﴾ وە ئەگەر پەشیمان بوونەوە ﴿فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ﴾ ئەوا تەنها سەرمایەکانتان هی ئێوەیە ﴿لَا تَظْلِمُونَ﴾ نەستەم بکەن(لە خەڵکی) ﴿وَلَا تُظْلَمُونَ﴾ وە نەستەمتان لێ دەکرێت ﴿٢٧٩﴾ ﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ﴾ وە ئەگەر قەرزدار نەداربوو ﴿فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ﴾ ئەوە با مۆڵەتی بدرێت تا خوا دەسەڵاتی دەدا ﴿وَأَن تَصَدَّقُوا﴾ وەئەگەر(لە قەرزەکە) ئازادیان بکەن ﴿خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ باشترە بۆتان ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر تێ بگەن ﴿٢٨٠﴾ ﴿وَٱتَّقُوا﴾ وە بترسن ﴿يَوْمًا﴾ لەڕۆژێك ﴿تُرْجَعُونَ فِيهِ﴾ دەگەڕێنرێنەوە ﴿إِلَى ٱللَّهِ﴾ بۆ لای خوا ﴿ثُمَّ تُوَفَّىٰ﴾ لەپاشان پاداشت ئەدرێتەوە ﴿كُلُّ نَفْسٍ﴾ بە هەموو کەسێك ﴿مَّا كَسَبَتْ﴾ (پاداشت و سزای) ئەوەی کردووەیەتی ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ ﴿٢٨١﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ﴾ ئەگەر قەرزێکتان لەیەکتری کرد ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ بۆ ماوەیەکی ناوبراو(دیاری کراو) ﴿فَٱكْتُبُوهُ﴾ ئەوە بینووسن ﴿وَلْيَكْتُب﴾ وە با بینوسێ ﴿بَّيْنَكُمْ﴾ لە نێوانتاندا ﴿كَاتِبٌۢ﴾ نووسەرێك ﴿بِٱلْعَدْلِ﴾ بەڕاستی (وەدادوەری) ﴿وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ﴾ وە هیچ نووسەرێك با سەرپێچی نەکات ﴿أَن يَكْتُبَ﴾ لە نوسینی(سەنەدی قەرز) دا ﴿كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُ﴾ هەروەك خوا ئەوی فێری نووسین کردووە ﴿فَلْيَكْتُبْ﴾ با بینوسێ ﴿وَلْيُمْلِلِ ٱلَّذِى﴾ وە با ئەو کەسە دەقی سەنەدەکە بڵێ وببخوێنێتەوە ﴿عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ﴾ کە قەرزەکەی بەسەرەوەیە ﴿وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ﴾ وە لە پەروەردگاری بترسێ ﴿وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْـًٔا﴾ وە هیچی لێ کەم نەکاتەوە ﴿فَإِن كَانَ ٱلَّذِى﴾ ئەمجا ئەگەر ئەو کەسەی ﴿عَلَيْهِ ٱلْحَقُّ﴾ قەرزەکەی بەسەرەوەیە ﴿سَفِيهًا﴾ بێ عەقڵ بوو ﴿أَوْ ضَعِيفًا﴾ یان ناتەواو بوو ﴿أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ﴾ یا نەی دەتوانی ﴿أَن يُمِلَّ هُوَ﴾ خۆی دەقی سەنەدەکە بڵێت وبخوێنێتەوە ﴿فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُۥ﴾ ئەوە با گەورەکەی بیڵێت وبخوێنێتەوە ﴿بِٱلْعَدْلِ﴾ بەڕاستی (وەدابەروەری) ﴿وَٱسْتَشْهِدُوا۟ شَهِيدَيْنِ﴾ وە دوو شاهید بگرن ﴿مِن رِّجَالِكُمْ﴾ لە پیاوانی خۆتان(موسوڵمان) ﴿فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ﴾ ئەمجا ئەگەر دوو پیاو نەبوو ﴿فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ﴾ ئەوە با پیاوێك و دوو ژن بن ﴿مِمَّن تَرْضَوْنَ﴾ لەوانەی کە پەسەندیان دەکەن ﴿مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ﴾ لە شاهیدەکان ﴿أَن تَضِلَّ إِحْدَىٰهُمَا﴾ بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان لەبیری چوو ﴿فَتُذَكِّرَ إِحْدَىٰهُمَا ٱلْأُخْرَىٰ﴾ با ئەوی تریان بیری بخاتەوە ﴿وَلَا يَأْبَ ٱلشُّهَدَآءُ﴾ با شایەتەکان سەرپێچی نەکەن ﴿إِذَا مَا دُعُوا۟﴾ کاتێك بانگ کران (بۆ شایەتی دان) ﴿وَلَا تَسْـَٔمُوٓا۟﴾ وە بێزار مەبن ﴿أَن تَكْتُبُوهُ﴾ لەوەی کە بینوسن ﴿صَغِيرًا﴾ بچووك بێت ﴿أَوْ كَبِيرًا﴾ یان گەورە ﴿إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦ﴾ تا کاتی خۆی ﴿ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ ئەم نوسینەتان ڕاست تر بەلای خواوە ﴿وَأَقْوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ﴾ وە چەسپێنەر تر بۆ شایەتی دانەکە ﴿وَأَدْنَىٰٓ أَلَّا تَرْتَابُوٓا۟﴾ وە نزیك تر لەوەی کە نەکەونە گومانەوە ﴿إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً﴾ مەگەر کاتێك ئەو کردەوەیە بازرگانیەکی ﴿حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ﴾ دەست بە دەست بێ بیگێڕن لە ناو خۆتاندا ﴿فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ ئەوە لەم کاتەدا گوناهتان ناگات ﴿أَلَّا تَكْتُبُوهَا﴾ ئەگەر نەینووسن ﴿وَأَشْهِدُوٓا۟﴾ وە شاهید بگرن ﴿إِذَا تَبَايَعْتُمْ﴾ کاتێك کڕین و فرۆشتنتان کرد ﴿وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ﴾ و با زیان بە نووسەر و شاهید نەگەیەندرێ ﴿وَإِن تَفْعَلُوا۟﴾ وە ئەگەر زیانتان گەیاند ﴿فَإِنَّهُۥ فُسُوقٌۢ بِكُمْ﴾ ئەوە بێگومان گوناهتان دەگات ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ﴾ وە خوا فێرتان دەکات ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بە هەموو شتێك زانا وئاگادارە ﴿٢٨٢﴾

﴿وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ ئەگەر لەسەر سەفەر بوون ﴿وَلَمْ تَجِدُوا﴾ و دەستتان نەکەوت ﴿كَاتِبًا﴾ نووسەرێك ﴿فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ﴾ ئەوە بارمتەیەك وەرگرن ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا﴾ جا ئەگەر هەندێکتان لە هەندێکتان دڵنیا بوون ﴿فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ﴾ با ئەو کەسەی کە بە ئەمین زانراوە سپاردەکە بداتەوە ﴿وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ﴾ وە با لە پەروەردگاری بترسێت ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ﴾ وە شایەتی مەشارنەوە ﴿وَمَن يَكْتُمْهَا﴾ وە ئەو کەسەی بیشارێتەوە ﴿فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾ ئەوە بەڕاستی بە دڵ گوناهبارە ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ وە خوا ئاگادارە بە هەموو کردەوەیەکتان ﴿٢٨٣﴾ ﴿لِّلَّهِ﴾ هەر هی خوایە ﴿مَا فِي السَّمَاوَاتِ﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکانایە ﴿وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ و ئەوەی لە زەویدایە ﴿وَإِن تُبْدُوا﴾ ئەگەر ئاشکرای بکەن ﴿مَا فِي أَنفُسِكُمْ﴾ ئەوەی لە دڵتاندایە ﴿أَوْ تُخْفُوهُ﴾ یا بیشارنەوە ﴿يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ﴾ خوا محاسەبەتان دەکات لەسەری ﴿فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ﴾ ئەوسا خۆش دەبێت لەو کەسەی کە بیەوێت ﴿وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ﴾ وە سزای کەسێك دەدات کە بیەوێت ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە خوا بەدەسەڵات و بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٢٨٤﴾ ﴿آمَنَ الرَّسُولُ﴾ پێغەمبەر ﷺ بڕوای هێنا ﴿بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ﴾ بەو نامەیەی کە بۆی نێردراوە ﴿مِن رَّبِّهِ﴾ لە پەروەردگاریەوە ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ﴾ لەگەڵ بڕوادارانداً ﴿كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ﴾ هەموو بڕوایان هێناوە بەخوا ﴿وَمَلَائِكَتِهِ﴾ وە بە فریشتەکانی ﴿وَكُتُبِهِ﴾ وە بە نامەکانی ﴿وَرُسُلِهِ﴾ وە بە پێغەمبەرانی ﴿لَا نُفَرِّقُ﴾ جیاوازی ناکەین ﴿بَيْنَ أَحَدٍ﴾ لە نێوان هیچ یەکێك ﴿مِّن رُّسُلِهِ﴾ لە پەیامبەرانی ﴿وَقَالُوا﴾ (بڕواداران) ووتیان: (پێغەمبەر ئایینی خوای پێ گەیاندین ئێمەش) ﴿سَمِعْنَا﴾ بیستمان ﴿وَأَطَعْنَا﴾ فەرمانبەرییمان کرد ﴿غُفْرَانَكَ رَبَّنَا﴾ داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین ئەی پەروەردگارمان ﴿وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ وە هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە ﴿٢٨٥﴾ ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا﴾ خوا داوا لە هیچ کەسێك ناکات ﴿إِلَّا وُسْعَهَا﴾ مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ﴾ (سوودی) بۆ خۆی هەیە هەر چاکەیەك بکات (با هەر بەدڵیش بێت) ﴿وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ وە (زیانی) بۆ خۆیەتی هەر خراپەیەك بکات ﴿رَبَّنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿لَا تُؤَاخِذْنَا﴾ لێمان مەگرە ﴿إِن نَّسِينَا﴾ ئەگەر کردەوەیەکی پێویستمان لەبیرچوو ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ یا بەهەڵە گوناهێکمان کرد ﴿رَبَّنَا﴾ ئەی پەروەردگار ﴿وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا﴾ لەسەرمان دامەنێ باری قورس ﴿كَمَا حَمَلْتَهُ﴾ وەك ئەوەی داتنا ﴿عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا﴾ لەسەر ئەوانەی پێش ئێمە (ئوممەتانی پێشووتر) ﴿رَبَّنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿وَلَا تُحَمِّلْنَا﴾ بەڵای وامان بەسەردا مەدە ﴿مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ﴾ کە بۆمان هەڵنەگیرێت ﴿وَاعْفُ عَنَّا﴾ وە گوناهەکانمان بسڕەوە ﴿وَاغْفِرْ لَنَا﴾ وە لێمان خۆشبە ﴿وَارْحَمْنَا﴾ وە میهرەبانیمان لە گەڵدا بکە ﴿أَنتَ مَوْلَانَا﴾ تۆی یاریدەدەرو پشتیوانمان ﴿فَانصُرْنَا﴾ کەواتە سەرمان بخە ﴿عَلَى الْقَوْمِ﴾ بەسەر گەلی ﴿الْكَافِرِينَ﴾ بێ بڕوایاندا ﴿٢٨٦﴾

سورەتی ﴿ آلِ عِمْرَانَ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓ﴾ تەنها خوا ماناکەی دەزانێت بە(ئەلیف، لام، میم) دەخوێنرێتەوە بۆ ماناکەی سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوانەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە جگە لە ئەو ﴿الْحَيُّ الْقَيُّومُ﴾ زیندووە و هەمیشە ڕاگری بوونەوەرە. ﴿٢﴾ ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ﴾ ناردوویە تیە خوارەوە بۆت ﴿الْكِتَابَ﴾ قورئان ﴿بِالْحَقِّ﴾ بەڕاستی و دروستی ﴿مُصَدِّقًا﴾ بەڕاست دانەری ﴿لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ هەموو ئەو (کتب) انە یە لەپێشیدا بوون ﴿وَأَنْزَلَ التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ﴾ وە تەورات و ئینجیلی نارد خوارەوە ﴿٣﴾ ﴿مِنْ قَبْلُ﴾ لەپێش قورئاندا ﴿هُدًى لِلنَّاسِ﴾ بەڕێنموونی خەڵکی ﴿وَأَنْزَلَ﴾ وە ناردی یە خوارەوە ﴿الْفُرْقَانَ﴾ قورقان(واتە: جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست _ مەبەست پێ ی قورئانە) ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێگومان ئەوانەی کە بێ بڕوابوون ﴿بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ بە ئایەت و بەڵگەکانی خوا ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ بۆیان هەیە (لە قیامەت دا) سزای سەخت ﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ﴾ وە خوا بالآ دەست و بەتوانایە ﴿ذُو انْتِقَامٍ﴾ خاوەنی تۆڵەو سزایە ﴿٤﴾ ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَيْءٌ﴾ بەڕاستی خوا هیچ شتێکی لێ وون نابێت. ﴿فِي الْأَرْضِ﴾ نە لەزەوی ﴿وَلَا فِي السَّمَاءِ﴾ وە نە لەئاسماندا ﴿٥﴾ ﴿هُوَ الَّذِي﴾ ئەو خوایە زاتیکە ﴿يُصَوِّرُكُمْ﴾ شێوەتان ئەکێشێ ﴿فِي الْأَرْحَامِ﴾ لە منداڵدانەکانتدا ﴿كَيْفَ يَشَاءُ﴾ چۆنی بووی ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نیە تەنها ئەو نەبێت ﴿الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ زاڵی بالادەستی کار بەجێ یە ﴿٦﴾ ﴿هُوَ الَّذِي﴾ ئەو خوایە ﴿أَنْزَلَ عَلَيْكَ﴾ ناردوویەتی یە خوارەوە بۆت ﴿الْكِتَابَ﴾ قورئان ﴿مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ﴾ هەندێکی لەئایەتەکانی (مەبەستەکانیان) ڕوشنن ﴿هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ﴾ ئەو ئایەتانە بنەڕەتی قورئانن ﴿وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ وە ئەوانی تر(ئایەتانێکن کە مەبەستەکانیان) ڕوشن نین ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ﴾ ئەمجا ئەوکەسانەی ﴿فِي قُلُوبِهِمْ﴾ کە لە دڵیاندا ﴿زَيْغٌ﴾ لادان و چەوتی هەیە ﴿فَيَتَّبِعُونَ﴾ دوای ئەو ئایەتانە دەکەون ﴿مَا تَشَابَهَ مِنْهُ﴾ کە لە قورئاندا موتەشابهن(هاوشێوەن ،واتاکانی ڕوشن نین) ﴿ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ﴾ بۆ تێکدانی بیروباوەڕی موسوڵمانان ﴿وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ﴾ وە بۆ ڕاڤەکردنی بە ئارەزووی ناپاکی خۆیان ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ﴾ لە حاڵەتێکدا کەس ڕاڤە کردنی نازانێت ﴿إِلَّا اللَّهُ﴾ تەنیا خوا نەبێت ﴿وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ﴾ لەگەڵ زانایان و ئەوانەی دامەزراوان لە زانینی علمی شەرعیدا ﴿يَقُولُونَ﴾ ئەڵێن ﴿آمَنَّا بِهِ﴾ ئێمە بڕوامان هێناوە بە(متشابە) ﴿كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا﴾ هەمووی لە پەروەردگارمانەوەن ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ﴾ بیر لە قورئان ناکەنەوە ﴿إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ تەنها خاوەنانی ژیریی و بیر وهۆش نەبێت ﴿٧﴾ ﴿رَبَّنَا﴾ ئەڵێن ئەی پەروەردگارمان ﴿لَا تُزِغْ﴾ لای مەدە(لە ڕێ ی ڕاست) ﴿قُلُوبَنَا﴾ دڵەکانمان ﴿بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا﴾ دوای ئەوەی کە ڕێنموونیت کردین ﴿وَهَبْ لَنَا﴾ وە پێمان ببەخشە ﴿مِنْ لَدُنْكَ﴾ لە لای خۆتەوە ﴿رَحْمَةً﴾ بەزەیی یەک (میهرەبانیەك) ﴿إِنَّكَ أَنْتَ﴾ بەڕاستی هەر تۆی ﴿الْوَهَّابُ﴾ بەخشندە ﴿٨﴾ ﴿رَبَّنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿إِنَّكَ﴾ بێگومان تۆ ﴿جَامِعُ النَّاسِ﴾ کۆکەرەوەی خەڵکیت ﴿لِيَوْمٍ﴾ بۆ ڕۆژێك ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە هیچ گومانی تێدا نی یە ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ بەڵێنی خۆی ناشکێنێت و دەیباتە سەر ﴿٩﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێگومان ئەوانەی بێ بڕوا بوون ﴿لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ﴾ هەرگیز کەڵك و سوودیان پێ ناگەیەنێت ﴿أَمْوَٰلُهُمْ﴾ نە مالیان ﴿وَلَآ أَوْلَٰدُهُم﴾ وە نە منداڵیان ﴿مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ لە (سزای) خوا بەهیچ شێوەیەك ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ﴾ وە ئا ئەوانە ﴿وَقُودُ ٱلنَّارِ﴾ سووتەمەنی دۆزەخن ﴿١٠﴾ ﴿كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ﴾ (داب و باوی ئەم یێ بڕوایانە) وەك داب ونەریتی دەست و پێوەندەکانی فیرعەونە ﴿وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ و ئەوانەی لەپێش ئەواندا بوون وایە ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەمجا خواش گرتنی ﴿بِذُنُوبِهِمْ﴾ بەهۆی تاوانە کانیانەوە ﴿وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ وە خوا تۆڵەی سەختە ﴿١١﴾ ﴿قُل﴾ بڵێ: ﴿لِّلَّذِينَ﴾ بەوانەی ﴿كَفَرُوا۟﴾ کە بێ بڕوان ﴿سَتُغْلَبُونَ﴾ لەمەولا ئەشکێن و ژێر دەکەون ﴿وَتُحْشَرُونَ﴾ وە کۆدەکرێنەوە ﴿إِلَىٰ جَهَنَّمَ﴾ بەرەو دۆزەخ ﴿وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ کە ناخۆشترین شوێنە ﴿١٢﴾ ﴿قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ﴾ بێگومان نیشانەیەکی گرنگ ڕوویدا بۆ ئێوە(ئەی موسوڵمانینە یان ئەی کافرەکان) ﴿فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا﴾ لەو دوو دەستەی(کە لە جەنگی بەدردا) دایان بەیەکدا ﴿فِئَةٌ﴾ دەستەیەکیان ﴿تُقَٰتِلُ﴾ دەجەنگیین ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لە ڕێی خوادا ﴿وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ﴾ وە ئەوەی تریان بێ بڕوابوون ﴿يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ﴾ موسوڵمانەکانیان ئەدیی بەدوو ئەوەندەی خۆیان ﴿رَأْىَ ٱلْعَيْنِ﴾ بە بینینی چاو ﴿وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ﴾ وە خوا پشت گیری دەکات ﴿بِنَصْرِهِۦ﴾ بە یارمەتی خۆی ﴿مَن يَشَآءُ﴾ بۆ هەرکەس بیەوێت ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەم یارمەتیدانەدا ﴿لَعِبْرَةً﴾ پەند وئامۆژگاری هەیە ﴿لِّأُو۟لِى ٱلْأَبْصَٰرِ﴾ بۆ کەسانی خاوەن ژیری و بیروهۆش ﴿١٣﴾ ﴿زُيِّنَ﴾ جوان کراوە ورازێنراوەتەوە ﴿لِلنَّاسِ﴾ بۆ خەڵکی ﴿حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ﴾ خۆشی وئارەزوەکانی نەفس ﴿مِنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ لە ئافرەتان ﴿وَٱلْبَنِينَ﴾ و کوڕ وکاڵی زۆر ﴿وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ﴾ و دارایی زۆری کەڵەکە کراو ﴿مِنَ ٱلذَّهَبِ﴾ لە ئاڵتون و زێڕ ﴿وَٱلْفِضَّةِ﴾ و زیو ﴿وَٱلْخَيْلِ﴾ و ئەسپ و ماینانی ﴿ٱلْمُسَوَّمَةِ﴾ نیشانەدار (بەسپێتی ناوچەوان و هەر چوار پەلی) ﴿وَٱلْأَنْعَٰمِ﴾ هەروەها ئاژەڵ و چوارپێ ﴿وَٱلْحَرْثِ﴾ و کشتوکاڵ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەمانە ﴿مَتَٰعُ﴾ بەهرە و (کەل و پەل) ی ﴿ٱلْحَيَوٰةِ﴾ زیندەگانیی (ژیان) ی ﴿ٱلدُّنْيَا﴾ دونیان ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥ﴾ وە لای خوا هەیە ﴿حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ﴾ خۆشترین جێگا و پاشەڕۆژ ﴿١٤﴾ ﴿قُلْ﴾ بڵێ: ﴿أَؤُنَبِّئُكُم﴾ خەبەرتان بدەمێ ﴿بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ﴾ بەباشتر لەمانەتان ﴿لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟﴾ بۆ ئەوانەی کە پارێزیان کرد و لەخودا ترسان ﴿عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتٌ﴾ لای پەروەردگاریان چەند بەهەشتێك هەیە ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا﴾ کە بەژێریاندا دەڕوات ﴿ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕووبارەکان ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بەهەمیشەیی و هەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە ﴿وَأَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ﴾ وە (بۆیان هەیە) ژنانی پاکیزە ﴿وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ وە ڕەزامەندی لە خواوە ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ وە خوا بینایە بە بەندەکان ﴿١٥﴾

﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ﴾ (لە خوا ترسان) ئەوانەی کە دەڵێن ﴿رَبَّنَآ﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿إِنَّنَآ﴾ بەڕاستی ئێمە ﴿ءَامَنَّا﴾ بڕوامان هێنا ﴿فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا﴾ دەی خۆش بیە لە گوناهەکانمان ﴿وَقِنَا﴾ وە بمانپارێزە ﴿عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ لە سزای ئاگری دۆزەخ ﴿١٦﴾ ﴿ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ (ئەوانە بریتین لە) ئارام گران ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ﴾ و ڕاستگۆیان ﴿وَٱلْقَٰنِتِينَ﴾ و فەرمانبەردارانی خودا ﴿وَٱلْمُنفِقِينَ﴾ و دارایی ومالبەخشن ﴿وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ﴾ و ئەوانەی کە داوای لێ خۆشبوون دەکەن ﴿بِٱلْأَسْحَارِ﴾ لە پێش بەیانیاندا ﴿١٧﴾ ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ﴾ خوا شایەتی ئەدات(واتە ڕای دەگەیەنێت و بەبەڵگە دەیچەسپێنێت) ﴿أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ کە بەڕاستی هیچ پەرستراوێکی بەهەق وڕاست نی یە ئەو نەبێت ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ وە فریشتەکانیش شایەتی ئەدەن (واتە ئیقرار ئەکەن) ﴿وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ﴾ وە خاوەن زانستەکان (زانایان) یش شایەتی ئەدەن(واتە باوەڕی چەسپاویان هەیە) ﴿قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ﴾ (خوا) هەمیشە دادپەروەری ڕاگرتوە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە جگە لە خوا ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ کە بالادەستی کاربەجێ یە ﴿١٨﴾ ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ﴾ بەڕاستی دینی پەسەند کراو ﴿عِندَ ٱللَّهِ﴾ لای خوا ﴿ٱلْإِسْلَٰمُ﴾ (هەر) ئیسلامە ﴿وَمَا ٱخْتَلَفَ﴾ دوو بەرەکی نەکەوتنە ناو ﴿ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانەی ﴿أُو۟تُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ کە نامەیان بۆ هاتبوو ﴿إِلَّا مِنۢ بَعْدِ﴾ دوای ئەوە نەبێت ﴿مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ﴾ کە زانینی بەڕاستیان بۆ هات ﴿بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ﴾ (ئەم لادانەشیان) لە ڕووی ستەم و حەسادەتەوە بوو لە نێو خۆیاندا ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ جا هەر کەسێك بێ بڕوا بێ بە ئایەتەکانی خوا(کە قورئانە) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا زوو حسابی لەگەڵ دەکات ﴿١٩﴾ ﴿فَإِنْ حَآجُّوكَ﴾ ئەمجا ئەگەر(خاوەن نامەکان) دەمەقاڵێ یان لەگەڵ کردیت ﴿فَقُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) تۆش بڵێ ﴿أَسْلَمْتُ وَجْهِىَ لِلَّهِ﴾ ڕووی خۆم سپارد بەخوا (وملکەچی ئەوم) ﴿وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ﴾ لەگەڵ ئەوانەی پەیڕەوی من ئەکەن ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ أُو۟تُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەوانە کە نامەی تەورات و ئینجیلیان دراوەتێ(کە جوولەکە و گاوورەکانن) ﴿وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ﴾ وە بە نەخوێندەوارەکان(هاوبەش پەیداکەرەکانی گەلی عەرەب) ﴿ءَأَسْلَمْتُمْ﴾ ئایا ئێوە موسوڵمان بوون ؟ ﴿فَإِنْ أَسْلَمُوا۟﴾ ئەمجا ئەگەر موسوڵمان بوون ﴿فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟﴾ ئەوە بەڕاستی ماناکانی ئەوەیە کە هیدایەتیان وەرگرتووە ﴿وَّإِن تَوَلَّوْا۟﴾ وە ئەگەر ڕووشیان وەرگێڕا ﴿فَإِنَّمَا﴾ ئەوە بەڕاستی ﴿عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ﴾ تۆ هەر ڕاگەیاندنت لەسەرە ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ وە خوا بینایە بە بەندەکان ﴿٢٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ﴾ بێگومان ئەوانەی بێ بڕوان ﴿بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بە ئایەتەکانی خوا(بە نیشانەکانی خوا) ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ وە پێغەمبەران ئەکوژن ﴿بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ بە ناڕەوا ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلَّذِينَ﴾ وە ئەو کەسانە ئەکوژن ﴿يَأْمُرُونَ﴾ کە فەرمان ئەدەن ﴿بِٱلْقِسْطِ﴾ بە دادگەری ﴿مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ لە خەڵکی ﴿فَبَشِّرْهُم﴾ ئەوە مژدەیان بدەرێ (وەك سووکایەتی کردن وایە) ﴿بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ بە سزای پڕ لە ئازار ﴿٢١﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿حَبِطَتْ﴾ پووچ بووەتەوە ﴿أَعْمَٰلُهُمْ﴾ کردەوەکانیان ﴿فِى ٱلدُّنْيَا﴾ لە دونیا ﴿وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ وە لە ڕۆژی دوایی دا ﴿وَمَا لَهُم﴾ وە ئەوان نیانە ﴿مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ هیچ یارمەتیدەرێك ﴿٢٢﴾

﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا ورد نابیتەوە ﴿إِلَى الَّذِينَ﴾ لەوانەی ﴿أُوتُوا﴾ پێیان دراوە ﴿نَصِيبًا﴾ بەشێك ﴿مِنَ الْكِتَابِ﴾ لە تەورات ﴿يُدْعَوْنَ﴾ بانگ دەکرێن ﴿إِلَىٰ كِتَابِ اللَّهِ﴾ بۆ لای کتێبی خوا(تەورات) ﴿لِيَحْكُمَ﴾ بۆ ئەوەی بڕیار بدات ﴿بَيْنَهُمْ﴾ لە نێوانیاندا ﴿ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِنْهُمْ﴾ لە پاشان دەستەیەك لەوان پشت هەڵدەکەن ﴿وَهُمْ مُعْرِضُونَ﴾ لە حاڵێکدا ئەوان ڕوو وەرگێڕن ﴿٢٣﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ﴾ ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە بێگومان ئەوان ﴿قَالُوا﴾ دەیان ووت: ﴿لَنْ تَمَسَّنَا﴾ هەرگیز بەر لەشمان ناکەوێت ﴿النَّارُ﴾ ئاگر ﴿إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ﴾ تەنها چەند ڕۆژێکی ژمێررا و کەم نەبێت ﴿وَغَرَّهُمْ﴾ وە خەڵەتاندنی(و فریووی دان) ﴿فِي دِينِهِمْ﴾ لە دینەکەیاندا ﴿مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ ئەو درۆیانەی کە هەڵیان دەبەست ﴿٢٤﴾ ﴿فَكَيْفَ﴾ ئەمجا دەبێ حاڵیان چۆن بێت ﴿إِذَا جَمَعْنَاهُمْ﴾ ئەو کاتەی کە کۆیان دەکەینەوە ﴿لِيَوْمٍ﴾ لە ڕۆژێکدا ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە گومانی تێدا نی یە ﴿وَوُفِّيَتْ﴾ و پاداشتی تەواوی دەدرێتەوە ﴿كُلُّ نَفْسٍ﴾ هەموو کەسێك ﴿مَا كَسَبَتْ﴾ ئەوەی کردویەتی ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وە ئەوان هیچ ستەمێکیان لێ ناکرێت ﴿٢٥﴾ ﴿قُلِ اللَّهُمَّ﴾ بڵێ ئەی خوایە ﴿مَالِكَ الْمُلْكِ﴾ خاوەن دەسەڵات ﴿تُؤْتِي الْمُلْكَ﴾ دەسەڵات دەدەیت ﴿مَنْ تَشَاءُ﴾ بە هەر کەسێك کە بتەوێت ﴿وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ﴾ وە دەسەڵات ئەستێنیتەوە ﴿مِمَّنْ تَشَاءُ﴾ لە هەر کەسێك کە بتەوێت ﴿وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ﴾ وە بەڕێزی دەکەیت ئەوەی بتەوێت ﴿وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ﴾ وە بێ ڕێزی دەکەیت ئەوەی بتەوێت ﴿بِيَدِكَ﴾ تەنها بەدەستی تۆیە ﴿الْخَيْرُ﴾ هەموو چاکەیەك ﴿إِنَّكَ﴾ بەڕاستی تۆ ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ﴾ بەسەر هەموو شتێکدا ﴿قَدِيرٌ﴾ بە توانایت ﴿٢٦﴾ ﴿تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ﴾ شەو دەکەیت بەناو ڕۆژدا ﴿وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ﴾ وە ڕۆژ دەکەیت بەناو شەودا ﴿وَتُخْرِجُ الْحَيَّ﴾ وە زیندوو دەردێنی ﴿مِنَ الْمَيِّتِ﴾ لە مردوو ﴿وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ﴾ وە مردوو دەردێنی ﴿مِنَ الْحَيِّ﴾ لەزیندوو ﴿وَتَرْزُقُ﴾ وە ڕۆزی دەدەیت ﴿مَنْ تَشَاءُ﴾ بە هەر کەسێ کە بتەوێت ﴿بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بەبێ حساب و بێ شومار ﴿٢٧﴾ ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ﴾ نابێ بڕواداران بێ باوەڕان بگرن ﴿أَوْلِيَاءَ﴾ بە دۆستی خۆیان ﴿مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ لەجیاتی بڕواداران ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ وە هەر کەسێك وابکات ﴿فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾ ئیتر پەیوەستی لەگەڵ خوادا نامێنێ ﴿إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً﴾ مەگەر بۆ خۆپاراستنتان بێت لێ یان (بەشێوەیەك کە بە دەم بیڵێن و بەدڵ باوەڕتان پێی نەبێت) ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ﴾ وە خوا دەتان ترسێنێت لە سزای خۆی ﴿وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ وە هەر بۆ لای خوایە گەڕانەوە ﴿٢٨﴾ ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿إِنْ تُخْفُوا﴾ ئەگەر بیشارنەوە ﴿مَا فِي صُدُورِكُمْ﴾ ئەوەی لە دڵتانداید ﴿أَوْ تُبْدُوهُ﴾ یان ئاشکرای بکەن ﴿يَعْلَمْهُ اللَّهُ﴾ خوا پێ ی دەزانێ ﴿وَيَعْلَمُ﴾ وە دەیزانێت ﴿مَا فِي السَّمَاوَاتِ﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان ﴿وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ وە ئەوەی لەزەوی دایە ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ﴾ وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا ﴿قَدِيرٌ﴾ بە توانایە ﴿٢٩﴾

﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ﴾ (بترسن) لەو رۆژەی هەموو کەسێك ئەبینێت ﴿مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ﴾ هەر کارێکی باشی کردبێت ﴿مُّحْضَرًا﴾ ئامادەیە ﴿وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ﴾ وە هەر کارێکی خراپی کردبێت ﴿تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ﴾ ئاوات دەخوازێت کە لە نێوان ئەو و کارە خراپەکەیدا ﴿أَمَدًۢا بَعِيدًا﴾ ماوەیەکی زۆر دوور ببوایە ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ﴾ وە خوا دەتان ترسێنێ ﴿نَفْسَهُۥ﴾ لە سزای خۆی ﴿وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ وە خوا میهرەبانە بە بەندەکانی خۆی. ﴿٣٠﴾ ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ﴿إِن كُنتُمْ﴾ ئەگەر ئێوە ﴿تُحِبُّونَ ٱللَّهَ﴾ خواتان خۆش دەوێت ﴿فَٱتَّبِعُونِى﴾ کەواتە دوای من بکەون ﴿يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ﴾ تا خواش ئێوەی خۆش بوێت ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾ وە لە گوناهەکانتان خۆش ببێت ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ﴾ وە خوا لێخۆشبووی ﴿رَّحِيمٌ﴾ میهرەبانە ﴿٣١﴾ ﴿قُلْ﴾ بڵێ: ﴿أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾ فەرمانبەردار وگوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بن ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟﴾ ئەمجا ئەگەر پشت هەڵکەن ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ﴾ ئەوە بێگومان خوا ﴿لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بێ بڕوایانی خۆش ناوێت ﴿٣٢﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ﴾ بێگومان خوا هەڵی بژاردووە ﴿ءَادَمَ وَنُوحًا﴾ ئادەم و نووح ﴿وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ﴾ وە خانەوادەی ئیبراهیم ﴿وَءَالَ عِمْرَٰنَ﴾ وە خانەوادەی عیمران ﴿عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەسەر هەموو جیهانیاندا ﴿٣٣﴾ ﴿ذُرِّيَّةًۢ﴾ نەوەیەکن ﴿بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ﴾ هەندێکیان لە هەندێکیان کەوتوونەتەوە ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ﴾ وە خوا بیسەری ﴿عَلِيمٌ﴾ زانایە ﴿٣٤﴾ ﴿إِذْ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ عِمْرَٰنَ﴾ (بیێنەوە بیر) کاتێك کە ژنی عیمران ووتی ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿إِنِّى نَذَرْتُ لَكَ﴾ بێگومان من نەزرم کردوە بۆ تۆ ﴿مَا فِى بَطْنِى مُحَرَّرًا﴾ ئەوەی کە لە سکم دایە ئازادکراو بێت (بۆ خزمەتی خانەی تۆ کە بیت المقدس) ﴿فَتَقَبَّلْ مِنِّىٓ﴾ دە تۆش (ئەم نەزرەم) لێ گیرا بکە ﴿إِنَّكَ أَنتَ﴾ بەڕاستی تۆ ﴿ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ بیسەری زانایت ﴿٣٥﴾ ﴿فَلَمَّا وَضَعَتْهَا﴾ جا کاتێك کە سکەکەی دانا ﴿قَالَتْ﴾ ووتی: ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿إِنِّى وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ﴾ خۆ من کچم بوو ﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ﴾ بەڕاستی خوا زاناترە ﴿بِمَا وَضَعَتْ﴾ بەوەی کە بوویەتی ﴿وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ﴾ کوڕیش وەك کچ نی یە (مەبەست لەوەیە لەو کاتەدا کوڕان دەکران بە نەزر بۆ خزمەتکردنی بیت المقدس) ﴿وَإِنِّى سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ﴾ وە بێگومان منیش ناوم نا مەریەم ﴿وَإِنِّىٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا﴾ وە من خۆی و نەوەی ئەپارێزم بە تۆ ﴿مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ لە شەیتانی دەرکراو ﴿٣٦﴾ ﴿فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا﴾ ئەمجا پەروەردگاری مەریەمی وەرگرت ﴿بِقَبُولٍ حَسَنٍ﴾ بەوەرگرتنێکی جوان ﴿وَأَنۢبَتَهَا﴾ وە ڕووواندی (پەروەردەی کرد) ﴿نَبَاتًا حَسَنًا﴾ بە ڕووواندنێك (پەروەردەیەکی) جوان ﴿وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا﴾ وە زەکەریا دەستەبەریی کرد (ئەرکی ژیانی گرتە ئەستۆ و خودا کردی بەمامۆستای مەریەم) ﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ﴾ هەر کات زەکەریا بڕۆشتایە بۆ لای مەریەم لە شوێنی خواپەرستیەکەیدا ﴿وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا﴾ خواردەمەنی ورزق و ڕۆزی لەلا دەبینی ﴿قَالَ﴾ (زەکەریا) ووتی: ﴿يَٰمَرْيَمُ﴾ ئەی مەریەم ﴿أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا﴾ ئەمەت لە کوێ بوو ە؟ ﴿قَالَتْ﴾ (مەریەم) ووتی: ﴿هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە لەلایەن خواوەیە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ﴾ بەڕاستی خوا ڕۆزی دەدات ﴿مَن يَشَآءُ﴾ بە هەر کەسێك کە بیەوێت ﴿بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بە بێ حساب و بێ شومار ﴿٣٧﴾

﴿هُنَالِكَ﴾ ئا لەو کاتەدا ﴿دَعَا﴾ پارایەوە ﴿زَكَرِيَّا رَبَّهُ﴾ زەکەریا لە پەروەردگاری ﴿قَالَ﴾ ووتی: ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿هَبْ لِي﴾ پێم ببەخشە ﴿مِن لَّدُنكَ﴾ لەلایەنی خۆتەوە ﴿ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً﴾ کوڕێکی سرووشت پاك ﴿إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾ بەڕاستی تۆ بیسەری پارانەوەیت ﴿٣٨﴾ ﴿فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ﴾ جا فریشتە بانگی لێکرد ﴿وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ﴾ لەکاتێکدا کە زەکەریا لە میحرابەکەدا وەستابوو نوێژی دەکرد ﴿أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ﴾ بەڕاستی خوا مژدەت دەداتێ ﴿بِيَحْيَىٰ﴾ بە(کوڕێك ناوی) یەحیایە ﴿مُصَدِّقًا﴾ کە بڕواهێنەرە ﴿بِكَلِمَةٍ مِّنَ اللَّهِ﴾ بە عیسای ووتەی خوا ﴿وَسَيِّدًا﴾ و پێشەوایە ﴿وَحَصُورًا﴾ وە جلەوگری نەفسی خۆیەتی ﴿وَنَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾ وە یەکێکە لە پێغەمبەرانی چاك کردار ﴿٣٩﴾ ﴿قَالَ﴾ (زەکەریا) ووتی: ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَامٌ﴾ من چۆن کوڕم دەبێت ﴿وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ﴾ لە حاڵێکدا بەڕاستی پیری پەخە گیرم بووە ﴿وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ﴾ وە ژنەکەشم نەزۆکە ؟ ﴿قَالَ﴾ (خوای گەورە) فەرمووی ﴿كَذَٰلِكَ اللَّهُ﴾ ئیشی خوا وایە ﴿يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ﴾ چی بوێت دەیکات ﴿٤٠﴾ ﴿قَالَ﴾ (زەکەریا) ووتی ﴿رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً﴾ ئەی پەروەردگارم نیشانەیەکم بۆ دابنێ ﴿قَالَ﴾ (خوای گەورە) فەرمووی: ﴿آيَتُكَ﴾ نیشانەکەت ئەوەیە ﴿أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ﴾ کە ناتوانیت قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت سێ ڕۆژ ﴿إِلَّا رَمْزًا﴾ مەگەر بە ئاماژە (هێما) نەبێت ﴿وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا﴾ وە زۆر یادی پەروەردگارت بکە ﴿وَسَبِّحْ﴾ و تەسبیحاتی خوا بکە ﴿بِالْعَشِيِّ﴾ بە ئێواران ﴿وَالْإِبْكَارِ﴾ و بەیانیان ﴿٤١﴾ ﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ﴾ (یادی ئەوە بکە) کاتێك کە فریشتە (جیبرییل) ووتی: ﴿يَا مَرْيَمُ﴾ ئەی مەریەم ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿اصْطَفَاكِ﴾ تۆی هەڵبژاردە ﴿وَطَهَّرَكِ﴾ و پاکی کردیتەوە (لە هەموو خووڕەوشتێکی ناشیرین) ﴿وَاصْطَفَاكِ﴾ وە هەڵی بژاردوی ﴿عَلَىٰ نِسَاءِ الْعَالَمِينَ﴾ بەسەر هەموو ژنانی جیهاندا ﴿٤٢﴾ ﴿يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ﴾ ئەی مەریەم فەرمانبەرداری پەروەردگارت بکە ﴿وَاسْجُدِي وَارْكَعِي﴾ وە سوژدەو کڕنووش بەرە ﴿مَعَ الرَّاكِعِينَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی کە سوژدەو کڕنوش دەبەن ﴿٤٣﴾ ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ﴾ ئەوەی ووترا لە هەواڵە پەنهانەکانن ﴿نُوحِيهِ إِلَيْكَ﴾ بە وەحی بۆت دەنێریین (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ﴾ وە تۆ لە لای ئەوان نەبوویت ﴿إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ﴾ کاتێك کە قەڵەمەکانیان هاوێشت ﴿أَيُّهُمْ﴾ کامیان ﴿يَكْفُلُ مَرْيَمَ﴾ دەستەبەریتی وسەرپەرشتی وبەخێوکردنی مەریەمیان بەردەکەوێت ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ﴾ وە تۆ لەلایان نەبوویت ﴿إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾ کە دەمەقاڵێیان دەکرد (لەم ڕووەوە) ﴿٤٤﴾ ﴿إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ﴾ کاتێك کە فریشتەکە ووتی: ﴿يَا مَرْيَمُ﴾ ئەی مەریەم ﴿إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ﴾ بێگومان خوا مژدەت دەداتێ ﴿بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ﴾ بە ووتەیەك لەوەوە ﴿اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ کە ناوی مەسیح(عیسا)ی کوڕی مەریەمە ﴿وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ بەڕێزو پایەبەرزە لە هەردوو جیهاندا ﴿وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ﴾ وە لە نزیکانی خودایە ﴿٤٥﴾

﴿وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ﴾ وە قسە دەکات لەگەڵ خەڵکیدا ﴿فِي ٱلْمَهْدِ﴾ لە بێشکەداو ﴿وَكَهْلًا﴾ لە (کاتی) گەورەیی دا ﴿وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە لە پیاو چاکانیشە ﴿٤٦﴾ ﴿قَالَتْ﴾ مەریەم ووتی: ﴿رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ﴾ ئەی پەروەردگارم من چۆن منداڵم دەبێت ﴿وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ﴾ لە کاتێکدا کە پیاو نەهاتۆتە لام (لێم نەکەوتوە) ؟ ﴿قَالَ﴾ (جیبریل) فەرمووی ﴿كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾ وایە(کە ئەڵێیت) خوا چی بوێت دروستی دەکات ﴿إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا﴾ کاتێك کە بڕیاری شتێکی دا ﴿فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ﴾ هەر ئەوەندەی دەوێت پێ بڵێت ﴿كُن فَيَكُونُ﴾ ببە، ئیتر دەبێت ﴿٤٧﴾ ﴿وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ﴾ وە خوا فێری کتێب و دانایی وتەورات و ئینجیلی دەکات ﴿٤٨﴾ ﴿وَرَسُولًا﴾ وە پێغەمبەر(دەنێرێت) ﴿إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ بۆ بەنو ئیسرائیل (نەوەکانی یەعقوب) ﴿أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ﴾ (پێ یان دەڵێت) بەڕاستی من نیشانەیەکم بۆ هێناون ﴿مِّن رَّبِّكُمْ﴾ لە پەروەردگارتانەوە ﴿أَنِّيٓ أَخْلُقُ لَكُم﴾ کە من بۆتان دروست دەکەم ﴿مِّنَ ٱلطِّينِ﴾ لە قوڕ ﴿كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ﴾ (شتێك) لە وێنەی باڵندە ﴿فَأَنفُخُ فِيهِ﴾ ئەمجا فووی پیادەکەم ﴿فَيَكُونُ طَيْرًۢا﴾ یەکسەر دەبێت بە باڵندە ﴿بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ بە فەرمانی خوا ﴿وَأُبْرِئُ﴾ وە چاکی ئەکەمەوە ﴿ٱلْأَكْمَهَ﴾ کوێری زکماك ﴿وَٱلْأَبْرَصَ﴾ و بەڵەك ﴿وَأُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ وە مردوانیش زیندوو دەکەمەوە ﴿بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ بە فەرمانی خوا ﴿وَأُنَبِّئُكُم﴾ وە خەبەرتان دەدەمێ(لە خواوە) ﴿بِمَا تَأْكُلُونَ﴾ چی ئەخۆن ﴿وَمَا تَدَّخِرُونَ﴾ چی بە زەخیرە هەڵدەگرن ﴿فِي بُيُوتِكُمْ﴾ لە ماڵەکانتاندا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی هەیە لەم موعجیزانەدا ﴿لَءَايَةً لَّكُمْ﴾ بەڵگە ونیشانەی بەهێز بۆ ئێوە (لەسەر ڕاستی پێغەمبەریەتی من) ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿٤٩﴾ ﴿وَمُصَدِّقًا﴾ وە(من هاتووم)بەڕواهێنەر ﴿لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ بەو تەوراتەی کەلە بەردەستمدایە ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِي﴾ وە هاتووم بۆ ئەوەی حەڵاڵ بکەم هێندێ لەو شتانەی ﴿حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾ کە قەدەغە کراوە لێتان ﴿وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ وە بەڵگەم بۆ هێناون لەلای پەروەردگارتانەوە ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ کەواتە بترسن لە (بێ فەرمانی) خوا ﴿وَأَطِيعُونِ﴾ وەفەرمانبەرداریم بکەن ﴿٥٠﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ﴾ بە ڕاستی خوا پەروەردگاری من و ئێوەیە ﴿فَٱعْبُدُوهُ﴾ دەی بیپەرستن ﴿هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ ئا ئەمەیە ڕێگای ڕاست ﴿٥١﴾ ﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ﴾ ئەمجا کاتێك کە عیسا هەستی کرد ﴿مِنْهُمُ ٱلْكُفْرَ﴾ بە بێ بڕوایی گەلەکەی ﴿قَالَ مَنْ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ ووتی : کێ لەگەڵ مندایارمەتی دەری دینی خوایە ﴿قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ﴾ شاگردەکانی (حەواریيەکانی) ووتیان ﴿نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ﴾ ئێمە یارمەتی دەری دینی خواین ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ بڕوامان بە خوا هێناوە ﴿وَٱشْهَدْ﴾ و تۆ ئەی عیسا شاهید بە ﴿بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ کە ئێمە گوێڕایەڵ وملکەچی ئەوین ﴿٥٢﴾

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا ﴿بِمَآ أَنزَلْتَ﴾ بەوەی کە ناردووتە خوارەوە ﴿وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ﴾ وە پەیڕەوی پێغەمبەری تۆمان کرد ﴿فَٱكْتُبْنَا﴾ دەی خوایە ناومان بنووسە (بمانژمێرە) ﴿مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ لە دەفتەری بڕوادارانی (یەکتاپەرست)دا ﴿٥٣﴾ ﴿وَمَكَرُوا۟﴾ (جوولەکەکان) پیلانیان گێڕا (بۆ کوشتنی عیسا) ﴿وَمَكَرَ ٱللَّهُ﴾ خواش لە بەرانبەردا پیلانی لێ گێڕان ﴿وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ﴾ وەخواش چاکترین پیلان گێڕە (لەبەرانبەر پیلان گێڕاندا بۆ پووچەڵکردنەوەی فڕوفێڵەکانیان) ﴿٥٤﴾ ﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ﴾ (بیهێنەرەوە یادت) کاتێ خوا فەرمووی ئەی عیسا ﴿إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ﴾ من تۆ دەبەمەوە و بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم ﴿وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە پاک کەرەوەی تۆم لە (هاوەڵەی) ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ﴿وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ﴾ وە پەیڕەوانی (ڕاستەقینەی) تۆ بەرز دەکەمەوە ﴿فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ بەسەر بێ بڕواياندا ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ تا ڕۆژی دوایی ﴿ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ﴾ پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای منە ﴿فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ﴾ ئەمجا بڕیار دەدەم لە نێوانتاندا ﴿فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ لەو شتانەی کە تیایاندا جیاوازو ناکۆکن ﴿٥٥﴾ ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ جا ئەوانەی بێ بڕوابوون ﴿فَأُعَذِّبُهُمْ﴾ سزایان دەدەم ﴿عَذَابًا شَدِيدًا﴾ بەسزای سەخت ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لە دونیاو ڕۆژی دوایشدا ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ وە ئەوانە هیچ یارمەتیدەرێکیان نی یە ﴿٥٦﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە کردەوە باشەکانیان کردووە ﴿فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ﴾ ئەوە خوا بەتەواوی پاداشتیان دەداتەوە ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بێگومان خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت ﴿٥٧﴾ ﴿ذَٰلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ﴾ ئەم بەسەرهاتانەی کە ئەیان خوێنینەوە بەسەرتدا (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿مِنَ ٱلْءَايَٰتِ﴾ لە ئایەت وبەڵگە ونیشانەکان ﴿وَٱلذِّكْرِ ٱلْحَكِيمِ﴾ و قورئانی پڕ لە حیکمەتن ﴿٥٨﴾ ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی وێنەی (دروست بوونی) عیسا لای خوا ﴿كَمَثَلِ ءَادَمَ﴾ وەک وێنەی ئادەم وایە ﴿خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ﴾ کە دروستی کرد لە گڵ ﴿ثُمَّ قَالَ لَهُۥ﴾ لە پاشان پێی ووت ﴿كُن فَيَكُونُ﴾ ببە، ئەویش بوو (بەمرۆڤ) ﴿٥٩﴾ ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ قسەی ڕاست ئەوەیە کە لە خواوە بەتۆ گەیشت ﴿فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ کەواتە لە گومانداران مەبە ﴿٦٠﴾ ﴿فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ﴾ ئەمجا هەر کەسێک دەمە قاڵێ لەگەڵ کردیت(لە بارەی عیساوە) ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾ دوای ئەو زانینەی کە(بەوەحی) بۆت هات ﴿فَقُلْ تَعَالَوْا۟﴾ تۆش پێیان بڵێ وەرن ﴿نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ﴾ با بانگی کوڕەکانمان و کوڕەکانتان بکەین ﴿وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ﴾ وە (بانگی) ژنەکانمان و ژنەکانتان بکەین ﴿وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ﴾ وە (بانگی) خۆمان و خۆتان بکەین ﴿ثُمَّ نَبْتَهِلْ﴾ لە پاشاندا (هەموومان) لەخوا بپارێینەوە ﴿فَنَجْعَل لَّعْنَتَ ٱللَّهِ﴾ ئەمجا نەفرەتی خوا بکەین ﴿عَلَى ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ لە وانەمان کە لەدرۆزنان ﴿٦١﴾

﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ﴾ بێگومان هەر ئەمەیە چیرۆك و داستانی ڕاست و دروست ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ﴾ وەهیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نی یە ﴿إِلَّا ٱللَّهُ﴾ تەنها خوا نەبێ ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ تەنها خۆی بالادەستی کار دروستە ﴿٦٣﴾ ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ ئەمجا ئەگەر پشتیان هەلکرد. ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا ئاگادارە ﴿بِٱلْمُفْسِدِينَ﴾ بە کردەوەی بەدکاران (گەندەلکاران) ﴿٦٣﴾ ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی خاوەن نامەکان ﴿تَعَالَوْا﴾ وەرن ﴿إِلَىٰ كَلِمَةٍ﴾ بۆ لای ووتەیەکی ﴿سَوَآءٍ﴾ ڕاست و (یەکسان) ﴿بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ﴾ لە نێوان ئێمە و ئێوەدا ﴿أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ کە جگە لەخوا نەپەرستین ﴿وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ وە هیچ شتێك نەکەین بە هاوبەشی ﴿وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە هێندێکمان هێندێکمان بە پەروەردگار دانەنێین ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ ئەمجا ئەگەر پشتیان هەلکرد ﴿فَقُولُوا۟﴾ ئێوەش بڵێن: ﴿ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ ئێوە شاهید بن کە ئێمە فەرمانبەردار و گوێڕایەڵ وملکەچی خوداین ﴿٦٤﴾ ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی خاوەن نامەکان ﴿لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ﴾ بۆچی دەمەقاڵێ دەکەن دەربارەی ئیبراهیم ﴿وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ﴾ لە کاتێکدا کە تەورات و ئینجیل نەنێرراونەتە خوارەوە ﴿إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓ﴾ لە دوای ئیبراهیم نەبێت ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی بۆ تێ ناگەن ؟ ﴿٦٥﴾ ﴿هَٰٓأَنتُمْ﴾ ئاگادارین ئێوە ﴿هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجْتُمْ﴾ ئەوانەن کەدەمە قاڵێتان کرد ﴿فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ﴾ لەوەی کە شتێکتان لێدەزانی ﴿فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ﴾ ئەی بۆ دەمە قاڵێ دەکەن لە شتێکدا کە هیچی لێ نازانن ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ﴾ وە خوا دەیزانێ ﴿وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە ئێوە نازانن ﴿٦٦﴾ ﴿مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا﴾ ئیبراهیم نەجوولەکە بووەو ﴿وَلَا نَصْرَانِيًّا﴾ نە گاوور ﴿وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا﴾ بەڵکو پاك و خواپەرست و گوێڕایەڵ وملکەچ بوو ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە لە هاوبەشی پەیداکەران نەبوو ﴿٦٧﴾ ﴿إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ﴾ بێگومان نزیکترین کەس لە ئیبراهیم ﴿لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ﴾ ئەوانەن کە وەختی خۆی پەیڕەویان کرد ﴿وَهَٰذَا ٱلنَّبِىُّ﴾ وە ئەم پێغەمبەرەو ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە خوا دۆستی بڕوادارانە ﴿٦٨﴾ ﴿وَدَّت﴾ حەزیان دەکرد ﴿طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ دەستەیەك لە خاوەن نامەکان ﴿لَوْ يُضِلُّونَكُمْ﴾ کە گومڕاتان بکەن ﴿وَمَا يُضِلُّونَ﴾ لە کاتێکدا کەس گومڕا ناکەن ﴿إِلَّآ أَنفُسَهُمْ﴾ خۆیان نەبێت ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ بەڵام هەستی پێ ناکەن (تێ ناگەن) ﴿٦٩﴾ ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی خاوەن نامەکان ﴿لِمَ تَكْفُرُونَ﴾ بۆ بێ بڕوا دەبن ﴿بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بە ئایەتەکانی خوا ﴿وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ﴾ لە کاتێکدا کە شایەتی دەدەن (لە سەر ڕاستی ئەوان) ﴿٧٠﴾

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ ئەی خاوەن نامەکان ﴿لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ﴾ بۆ پۆشاکی درۆ ئەکەن بەبەر ڕاستی دا ﴿وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ﴾ وەڕاستەکە دەشارنەوە ﴿وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا خۆشتان ئەمە دەزانن ﴿٧١﴾ ﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ وە دەستەیەك لەخاوەن نامەکان ووتیان (بە هەندێکیان) ﴿ءَامِنُواْ بِٱلَّذِيٓ﴾ بڕوابێنن بەو قورئانە ﴿أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ کە نێرراوەتە خوارەوە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿وَجۡهَ ٱلنَّهَارِ﴾ سەرلە بەیانیان (بەفێل) ﴿وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ﴾ وە بێ بڕوا بینەوە دەمەو ئێوارە ﴿لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ﴾ بەلکو ئەوانیش پەشیمان ببنەوە ﴿٧٢﴾ ﴿وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ﴾ باوەڕتان نەبێت ﴿إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ﴾ مەگەر بە کەسێك کە دوای دینی ئێوە کەوتبێت ﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡهُدَىٰ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: بەڕاستی ڕێنموونی ﴿هُدَى ٱللَّهِ﴾ هەر ڕێنموونی خوایە ﴿أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ﴾ (ئەی خاوەن نامەکان ئێوە پێتان گرانە) کە بدرێ بە یەکێکی تر وێنەی ئەو دینەی کە بە ئێوە دراوە ﴿أَوۡ يُحَآجُّوكُمۡ﴾ یا دەمەقاڵێتان لەگەڵ بکەن(بۆڕتان بدەن) ﴿عِندَ رَبِّكُمۡۗ﴾ لای پەروەردگارتان ﴿قُلۡ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿إِنَّ ٱلۡفَضۡلَ بِيَدِ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەو بەهرەیە(واتە پێغەمبەرایەتی) بەدەستی خوایە ﴿يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ﴾ دەیدات بەهەر کەسێك کە بیەوێت ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ﴾ وە خوا خاوەنی بەخششی زۆر و زانایە. ﴿٧٣﴾ ﴿يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ﴾ ئەو(خوایە) بەحەمەت و میهرەبانی خۆی تایبەت دەکات ﴿مَن يَشَآءُۚ﴾ بۆ هەرکەسێك بیەوێت (شیاوی بێت) ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ وە خوا خاوەنی بەخشش و بەهرەی گەورەیە ﴿٧٤﴾ ﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ وە لە ناو خاوەن نامەکانی هی وا هەیە ﴿مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ﴾ ئەگەر خەزنەیەك بە سپاردە لای دابنێی ﴿يُؤَدِّهِ إِلَيۡكَ﴾ دەتداتەوە ﴿وَمِنۡهُم مَّنۡ﴾ وە هی واشیان تیایە ﴿إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ﴾ ئەگەر دینارێکی لا دابنێیت ﴿لَّا يُؤَدِّهِ إِلَيۡكَ﴾ ناتداتەوە ﴿إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗا﴾ مەگەر بەسەریەوە بوەستیت ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ﴾ ئەم ناپاکی یە بەهۆی ئەوەوە بوو ﴿قَالُواْ﴾ کە دەیان ووت: ﴿لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ﴾ گوناهمان ناگات لە خواردنی مالّی ئەم نەخوێندەوارانە (واتە عەرەبەکان) ﴿وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ﴾ وە درۆ بەدەم خواوە دەکەن ﴿وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ وە خۆیان دەزانن (کە درۆ دەکەن) ﴿٧٥﴾ ﴿بَلَىٰ﴾ نەخێر وانی یە (وەك دەڵێن) ﴿مَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ﴾ هەر کەسێك پەیمانی خۆی بەجێ بهێنێت ﴿وَٱتَّقَىٰ﴾ وە پاریزکاری بکات ولەخودا بترسێت ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا پاریزکارانی خۆش دەوێت ﴿٧٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ﴾ بێگومان ئەوانەی دەیفرۆشن ﴿بِعَهۡدِ ٱللَّهِ﴾ پەیمانی خوا ﴿وَأَيۡمَٰنِهِمۡ﴾ و سوێندەکانی خۆیان ﴿ثَمَنٗا قَلِيلًا﴾ بە نرخێکی کەم ﴿أُوْلَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە ﴿لَا خَلَٰقَ لَهُمۡ﴾ بێ بەشن(لە بەهرەی خوا) ﴿فِي ٱلۡأٓخِرَةِ﴾ لە ڕۆژی دوایی دا ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ﴾ وە خوا قسەیان لەگەڵ ناکات ﴿وَلَا يَنظُرُ إِلَيۡهِمۡ﴾ وە تەماشاشیان ناکات ﴿يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا ﴿وَلَا يُزَكِّيهِمۡ﴾ و لە گوناهیان خۆش نابێت وپاکیان ناکاتەوە ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ وە بۆ ئەوان هەیە سزای بە ئێش و نازار ﴿٧٧﴾

﴿وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا﴾ بە ڕاستی لە خاوەن نامەکان دەستەیەك هەیە ﴿يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ﴾ (ناو بەناو نامەکەیان تێکدەدەن و) زمانیان با ئەدەن و ئەپێچنەوە بە خوێندنەوەی کتێبەکەیان (تەورات) ﴿لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ﴾ تا تۆ وا بزانیت لە نامەی خوایە ﴿وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ﴾ (لە کاتێکدا) کە ئەوە لە نامەی خوا نی یە ﴿وَيَقُولُونَ﴾ وە دەڵێن ﴿هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ ئەوە لە خواوەیە ﴿وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ لە کاتێکدا کە ئەوە لە خواوە نی یە ﴿وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ﴾ وە درۆ بەدەم خواوە دەکەن و ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ خۆشیان دەزانن (کە درۆیە) ﴿٧٨﴾ ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ﴾ نابێ بۆ هیچ ئادەمی یەك ﴿أَن يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ﴾ کە خوا نامەو شەریعەت و پێغەمبەرێتی دابێتێ ﴿ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ﴾ پاشان بە خەڵکی بڵێت ﴿كُونُوا عِبَادًا لِّي﴾ ببن بە بەندەی من ﴿مِن دُونِ اللَّهِ﴾ لە جیاتی خوا ﴿وَلَٰكِن كُونُوا رَبَّانِيِّينَ﴾ بەڵکو (پێیان دەڵێت) خوا پەرست بن ﴿بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ﴾ چونکە ئێوە خەڵك فێری نامەکەی خودا دەکەن ﴿وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ﴾ وە ئێوە خۆشتان دەیخوێننەوە ﴿٧٩﴾ ﴿وَلَا يَأْمُرَكُمْ﴾ وە خوا فەرمانتان پێ نادات ﴿أَن تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ﴾ کە فریشتە و پێغەمبەران بکەن ﴿أَرْبَابًا﴾ بە پەرستراوی خۆتان ﴿أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ﴾ چۆن (خودا) فەرمانتان پێ دەدات بێ بڕوابن (کافر بن) ﴿بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ دوای ئەوەی کە ئێوە بڕوا دار بوون؟! ﴿٨٠﴾ ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ﴾ (بهێنەوە یادیان) کاتێك کە خوا پەیمانی وەرگرت لە پێغەمبەران ﴿لَمَا آتَيْتُكُم﴾ کە هەرچیم دانێ ﴿مِّن كِتَابٍ﴾ لە نامەو ﴿وَحِكْمَةٍ﴾ حیکمەت و (شەریعەت) ﴿ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ﴾ لە پاشان پێغەمبەرێکتان بۆ هات ﴿مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ﴾ بە بڕوا هێنەر بەو نامەی کەلە لاتانە ﴿لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ﴾ دەبێ بڕوای پێ بهێنن ﴿وَلَتَنصُرُنَّهُ﴾ وە یارمەتی بدەن ﴿قَالَ﴾ خوا فەرمووی : ﴿ءَأَقْرَرْتُمْ﴾ ئایا دانتان نا بەم پەیمانەدا؟ ﴿وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي﴾ وە لەسەر ئەوە پەیمانی متمانی وەرگرت ﴿قَالُوا﴾ پێغەمبەران ووتیان: ﴿أَقْرَرْنَا﴾ بەڵێ دانمان پێداناو پەیمانمان بەست ﴿قَالَ فَاشْهَدُوا﴾ خوا فەرمووی کەواتە ئێوە بەشاهید بن ﴿وَأَنَا مَعَكُم﴾ وە منیش لەگەڵ ئێوە ﴿مِّنَ الشَّاهِدِينَ﴾ یەکێکم لە شاهیدان ﴿٨١﴾ ﴿فَمَن تَوَلَّىٰ﴾ جا ئەوەی پشتی هەڵکرد(لەم پەیمانە) ﴿بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ دوای ئەم دان پێدانانە ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ کەواتە هەر ئەوانن دەستەی دەرچوان لە فەرمانی خودا ﴿٨٢﴾ ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ﴾ ئایا(بێ بڕوایان) داوای غەیری دینی خوا دەکەن؟! ﴿وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ لە کاتێکدا کە هەرچی لەئاسمان و زەوی دایە گوێرایەڵ وملکەچی خودان ﴿طَوْعًا﴾ بیانەوێ (بە ویستی خۆیان) ﴿وَكَرْهًا﴾ یانەیانەوێ(بەناچاری) ﴿وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ وە هەموو هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە ﴿٨٣﴾

﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ ئێمە بڕوامان هێناوە بە خوای گەورە ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا﴾ وە بەوەی نێررا وەتە خوارەوە بۆمان ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ﴾ وە بەوەی کە نێررا وەتە خوارەوە بۆ ئیبراهیم ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ﴾ وئیسماعیل وئیسحاق یەعقوب وکوڕانی یەعقوب ﴿وَمَآ أُوتِىَ﴾ وە بەوەی کە دراوە ﴿مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ﴾ بە موو ساو عیسا ﴿وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ﴾ وەپێغەمبەرەکانی تر لە پەروەردگاریانەوە ﴿لَا نُفَرِّقُ﴾ جیاوازی ناکەین ﴿بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ﴾ لەنێوان هیچ کامێك لەم پێغەمبەرانە ﴿وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ﴾ وە ئێمە بۆ خوای گەورە گەردن کەچین ﴿٨٤﴾ ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا﴾ وە هەر کەسێك دوای هەر ئایینێك بکەوێت جگە لە ئایینی ئیسلام ﴿فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ﴾ ئەوە لێی وەر ناگیرێ ﴿وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ وە ئەو لە ڕۆژی دوایی دا ﴿مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ لە زەرەرمەندانە ﴿٨٥﴾ ﴿كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا﴾ چۆن خوا ڕێنمووئیی گەلێك دەکات ﴿كَفَرُوا۟﴾ بێ بڕوابوون ﴿بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ﴾ دوای بڕوا هێنانیان ﴿وَشَهِدُوٓا۟﴾ وە شایەتیان دابێ ﴿أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ﴾ کە ئەو پێغەمبەرە ڕاستە و (لەلایەن خوداوە هاتووە) ﴿وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ وە نیشانەی زۆریان بۆ هاتبێ ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا ڕێنمووئیی گەلی ستەمکاران ناکات ﴿٨٦﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمْ﴾ ئەوانە سزایان ئەوەیە ﴿أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ ٱللَّهِ﴾ کە لە سەریانە نەفرینی خودا ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ و نەفرینی فریشتەکان ﴿وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ و نەفرینی هەموو خەڵکی ﴿٨٧﴾ ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ لەو(نەفرینە) دا دەمێننەوە بە ئێجگاری وهەمیشەیی ﴿لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ﴾ سزایان لێ سووك ناکرێت ﴿وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ وە مۆڵەت نادرێن. ﴿٨٨﴾ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ﴾ مەگەر ئەوانەی ﴿تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ تۆبەیان کردبێ دوای ئەوە ﴿وَأَصْلَحُوا۟﴾ وە کردەوەی چاکیان کردبێت ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خوا لێ خۆشبووی میهرەبانە ﴿٨٩﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بە ڕاستی ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون ﴿بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ﴾ دوای بڕوا هێنانیان ﴿ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا﴾ پاشان زیاتر بێ باوەڕ بوون ﴿لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ﴾ هەرگیز تەوبەیان لێ گیرا ناکرێت ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ﴾ ئا ئەوانە ئەوانەن کە گومڕابوون ﴿٩٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بە ڕاستی ئەوانەی بێ بڕوابوون ﴿وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ﴾ وە بە بێ بڕوایی مردن ﴿فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم﴾ ئەوە هەرگیز (فدیە) لە هیچ کامێکیان وەر ناگیرێت ﴿مِّلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا﴾ با پڕ بە هەموو زەویش زێڕ بێت ﴿وَلَوِ ٱفْتَدَىٰ بِهِۦٓ﴾ بیبەخشێت لە بریتی دا (بۆ سووك کردنی سزا لەسەری) ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە ئەوانە سزای بە ئازاریان بۆ هەیە ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ وە هیچ یارێدەدەر و سەرخەرێکیان نی یە ﴿٩١﴾

﴿لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ﴾ ئێوە هەرگیز بە خێرو چاکە ناگەن (وە دەستگیرتان نابێت) ﴿حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ تا نەبەخشن هەندێ لەو دارایی یەی کە خۆشتان دەوێت ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ﴾ وە هەرچی ببەخشن ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خودا ئاگای لێ یە (بە پێی دڵ و دەروونتان پاداشتان دەداتەوە) ﴿٩٢﴾ ﴿كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلًّا﴾ هەموو جۆرە خواردەمەنیەکان حەلاڵ بوون ﴿لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ بۆ نەوەی یەعقوب ﴿إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَٰٓءِيلُ﴾ بێجگە لەوەی کە یەعقوب حەرامی کرد ﴿عَلَىٰ نَفْسِهِۦ﴾ لەسەر خۆی ﴿مِن قَبْلِ﴾ لە پێش ﴿أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوْرَىٰةُ﴾ ناردنە خوارەوەی تەورات ﴿قُلْ فَأْتُوا۟ بِٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: دەی تەورات بهێنن ﴿فَٱتْلُوهَآ﴾ و بیخوێننەوە ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ﴿٩٣﴾ ﴿فَمَنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾ ئەمجا هەر کەس درۆ بە دەم خواوە هەڵبەستێ ﴿مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ لە پاش ئەوە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ کەواتە ئەوانە خۆیانن ستەمکارن ﴿٩٤﴾ ﴿قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: خوا ڕاستی فەرموو ﴿فَٱتَّبِعُوا۟ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ﴾ کەوا بوو پەیڕەوی ئایینی ئیبراهیم بکەن ﴿حَنِيفًا﴾ کە پاکە (بە ویستی خۆی لە بیرو باوەڕو کرداری هەڵە لای داوە بۆ بیرو باوەڕو کرداری ڕاست) ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە هیچ کاتێک لە هاوبەشی بڕیار دەران نەبووە ﴿٩٥﴾ ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ﴾ بە ڕاستی یەکەم ماڵێک ﴿وُضِعَ لِلنَّاسِ﴾ دانراوە بۆ (خواپەرستی) خەڵکی ﴿لَلَّذِى بِبَكَّةَ﴾ ئەو ماڵەیە کە لەبەککە (مەککە) دایە ﴿مُبَارَكًا﴾ پیرۆز کراوە ﴿وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ وە ڕێنموونی یە بۆ جیهانیان ﴿٩٦﴾ ﴿فِيهِ ءَايَٰتٌۢ بَيِّنَٰتٌ﴾ تیایدا هەیە چەند بەڵگەو نیشانەی ڕوون ﴿مَّقَامُ إِبْرَٰهِيمَ﴾ (کە یەکێکیان) شوێنی وەستانەکەی ئیبراهیمە ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ﴾ وە هەر کەس چوویتە ئەو شوێنە ﴿كَانَ ءَامِنًا﴾ بێ ترس بووە (لە زیان و ئازاردان) ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ خودا بڕیاریداوە لەسەرخەڵکی وفەرزی کردوەلەسەریان ﴿حِجُّ ٱلْبَيْتِ﴾ حەجی ماڵەکەی (خۆی) ﴿مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ لەسەر هەر کەسێک کە توانای گەیشتن و(ڕۆیشتنی) هەیێت بۆی ﴿وَمَن كَفَرَ﴾ وە هەر کەس باوەڕی نەبێ(یان توانای هەیێت و نەچێت) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئەوە بە ڕاستی خوا بێ نیازە لە هەموو جیهانیان ﴿٩٧﴾ ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ بڵێ: ئەی نامە داران (خاوەن کتێبەکان) ﴿لِمَ تَكْفُرُونَ﴾ لە بەر چی بێ بڕوان ﴿بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بە بەڵگەکانی خوا ﴿وَٱللَّهُ شَهِيدٌ﴾ کاتێکدا خوا بیناو ئاگاداری. ﴿عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ﴾ بەئەوەی کە دەیکەن ﴿٩٨﴾ ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان ﴿لِمَ تَصُدُّونَ﴾ لەبەر چی بەرگری (ڕێگری) دەکەن ﴿عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لە ڕێی خوا ﴿مَنْ ءَامَنَ﴾ کەسێک کە بڕوای هێنابێ (مەبەست پێی پێغەمبەرو باوەڕدارانە) ﴿تَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ دەتانەوێ بە ناڕاست بیخەنە بەرچاوی خەڵک ﴿وَأَنتُمْ شُهَدَآءُ﴾ لە کاتێکدا ئێوە زانا و ئاگادارن (بەوەی ڕێی خوایە) ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ﴾ وە خوا بێ ئاگا نی یە ﴿عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ لەوەی کە ئێوە دەیکەن ﴿٩٩﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿إِن تُطِيعُوا۟ فَرِيقًا﴾ ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی دەستەیەک بن ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ لەوانەی کە نامەیان پێدراوە ﴿يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ كَٰفِرِينَ﴾ دەتانکەنەوە بە کافر دوای بڕوا هێنانەکەتان ﴿١٠٠﴾

﴿وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ﴾ چۆن بێ بڕوادەبن؟ ﴿وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ لە کاتێکدا دەخوێنرێتەوە بە سەرتاندا ﴿ءَايَٰتُ ٱللَّهِ﴾ بەڵگەکانی خوا (ئایەتەکانی قورئان) ﴿وَفِيكُمْ رَسُولُهُۥ﴾ وە پێغەمبەرەکەی لە ناوتاندایە ﴿وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ﴾ وە هەرکەس دەست بگرێ بە (ئایینی) خواوە ﴿فَقَدْ هُدِىَ﴾ ئەوە بەڕاستی ڕێنمووندەکرا ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێبازێکی ڕاست و دروست ﴿١٠١﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ بترسن لە خوا ﴿حَقَّ تُقَاتِهِۦ﴾ ترسانێک کە شیاوێتی ﴿وَلَا تَمُوتُنَّ﴾ وە مەمرن ﴿إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ هەر بە موسوڵمانی نەبێ ﴿١٠٢﴾ ﴿وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا﴾ هەموتان دەست بگرن بەهۆی پەیوەستیتان بەخواوە (کە قورئانە) ﴿وَلَا تَفَرَّقُوا۟﴾ چەند بەرەکە(و لێک جیا) مەبن ﴿وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ ببیر لە بەهرەو چاکەی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە ﴿إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً﴾ لە کاتێکدا کە ئێوە دوژمنی یەکتر بوون ﴿فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ﴾ بەڵام خوا هۆگری خستە نێوان دڵەکانتان ﴿فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا﴾ ئێستا بوون بەبرای یەکتر بەهۆی ئەو چاکەی خواوە ﴿وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ﴾ وە ئێوە لەسەر لێواری چاڵێ بووبون لەئاگر ﴿فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا﴾ بەڵام خوا ڕزگاری کردن لێی ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئا بەو جۆرە ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ﴾ خوا بەڵگە ونیشانەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە بۆتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ تا بەردەوام بن لەسەر ڕێنمووندنی (یان لەسەر شارەزایی) ﴿١٠٣﴾ ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ﴾ ئەبێ لە ناو ئێوەدا کۆمەڵێک ببێت ﴿يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ﴾ بانگەواز بکەن بۆ چاکە ﴿وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ فەرمان بدەن بە هەموو چاکەیەک ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ وە بەرگری بکەن لە هەموو خراپەیەک ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوانە خۆیانن سەرکەوتوو وسەرفرازن ﴿١٠٤﴾ ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ﴾ بە ڕێنەی ئەوانە مەبن (وەک ئەهلی کتاب) ﴿تَفَرَّقُوا۟﴾ کە بەش بەش و ﴿وَٱخْتَلَفُوا۟﴾ جیاواز بوون ﴿مِنۢ بَعْدِ﴾ لە پاش ئەوەی ﴿مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ ئەو بەڵگانەی بۆیان هات ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە ئەوانە سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە ﴿١٠٥﴾ ﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ﴾ ڕۆژێک دێت کە چەند ڕوویەک سپی دەبن ﴿وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ﴾ وە چەند ڕوویەک ڕەش دەبن ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ﴾ جا ئەوانەی ﴿ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ﴾ کە ڕوویان ڕەش بووە ﴿أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ﴾ (پێ یان دەووترێت) بۆچی بێ بڕوابوون لە پاش بڕوا هێنانتان ﴿فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ کەواتە بچێژن سزا ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ بەهۆی بێ بڕوایی تانەوە ﴿١٠٦﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱبْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ﴾ وە ئەوانە کە ڕوویان سپی دەبێت ﴿فَفِى رَحْمَةِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە لەناو بەزەیی خوادان (لەبەهەشتدان) ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانە تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿١٠٧﴾ ﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ﴾ ئەمانە ئایەتەکانی خودان ﴿نَتْلُوهَا عَلَيْكَ﴾ دەیان خوێنینەوە بەسەرت دا ﴿بِٱلْحَقِّ﴾ کە ڕاستن ﴿وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ﴾ خواش نایەوێت ﴿ظُلْمًا لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ هیچ ستەمێک بۆ جیهانیان ﴿١٠٨﴾

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ تەنها بۆ خوایە هەرچی لە ئاسمانەکاندایە (وملکی خودایە) ﴿وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾ وە هەرچی لەزەوی دایە ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ﴾ وە هەر بۆلای خودا ﴿تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾ دەگەڕێتەوە هەموو کارەکان ﴿١٠٩﴾ ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ﴾ ئێوە(موسوڵمانان) باشترین گەلێك بوون ﴿أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی ﴿تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ فەرمان دەدەن بەچاکە ﴿وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ وە جڵەوگیری دەکەن لە خراپە ﴿وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ وە بڕوا دەهێنن بەخوا ﴿وَلَوْ ءَامَنَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەگەر نامە دارەکان (خاوەن کتێبەکان لە جولەکەو گاورەکان) بڕوایان بهێنایە ﴿لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم﴾ ئەوە باشتربوو بۆیان ﴿مِّنْهُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ هەندێ لەوان بڕوادارن و(باوەڕیان هێناوە بە ئایینی ئیسلام) ﴿وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان لە فەرمانی خوا دەرچوون ﴿١١٠﴾ ﴿لَن يَضُرُّوكُمْ﴾ هەرگیز ئەوان زیانتان پێ ناگەیەنن ﴿إِلَّآ أَذًى﴾ مەگەر زیانێکی کەم ﴿وَإِن يُقَٰتِلُوكُمْ﴾ وە ئەگەر بجەنگێن لەگەڵتاندا ﴿يُوَلُّوكُمُ ٱلْأَدْبَارَ﴾ پشتان تێ دەکەن ﴿ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾ دواتریش سەرکەوتوو نابن ﴿١١١﴾ ﴿ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ﴾ دراوە بەسەریاندا سەر شۆڕی و ڕیسوایی ﴿أَيْنَ مَا ثُقِفُوٓا﴾ لەهەر شوێنێك بین ﴿إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ مەگەر بە هۆی بەڵێن لەلایەن خوداوە نەبێت ﴿وَحَبْلٍ مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ وە بەڵێنێك لەلای خەڵکەوە ﴿وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ شایستەی خەشمێکی گەورەبوون لە لایەن خواوە ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْمَسْكَنَةُ﴾ وە دراوە بەسەریاندا هەژاری(دەروون و چاو برسێتی) ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟﴾ ئەوە لەبەر ئەوە بوو ئەوان ﴿يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بێ بڕوابوون بە بەڵگەکانی خوا ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ﴾ وە پێغەمبەرانیان دەکوشت ﴿بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ بەناڕەوا ﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟﴾ ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوانە سەرپێچی ﴿وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ﴾ و دەست درێژیان دەکرد ﴿١١٢﴾ ﴿لَيْسُوا۟ سَوَآءً﴾ هەموو(نامە دارەکان) چوون یەك نین ﴿مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ لەناو خاوەن نامەکاندا ﴿أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ﴾ دەستەیەك ڕاست و ڕێك هەن ﴿يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئایەتەکانی خوا دەخوێنن(وباوەڕیان هێناوە بە ئایینی ئیسلام) ﴿ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ﴾ لە (کاتەکانی) شەودا ﴿وَهُمْ يَسْجُدُونَ﴾ وە لە(کاتەکانی) کڕنوش بردنیان دا ﴿١١٣﴾ ﴿يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ بڕوایان هەیە بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾ وە بە ڕۆژی دوایی ﴿وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ و فەرمان دەدەن بەهەرچی چاکەیە ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ وە بەرگری دەکەن لە هەرچی خراپەیە ﴿وَيُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ وە پێشبڕکێ دەکەن لە هەموو چاکەکاندا ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە ئەوانە لە کۆمەڵی چاکانن ﴿١١٤﴾ ﴿وَمَا يَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ﴾ هەر خێرو چاکەیەك بکەن ﴿فَلَن يُكْفَرُوهُ﴾ ئەوە هەرگیز بێ بەش ناکرێن لە پاداشتەکەی ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُتَّقِينَ﴾ خواش بەئاگایە لە پارێزکاران ولەوانەی لێی دەترسن ﴿١١٥﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەبێ بڕوا بوون ﴿لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ﴾ سوود بەوان ناگەیەنێ ﴿أَمْوَٰلُهُمْ﴾ نەمالەکانیان ﴿وَلَآ أَوْلَٰدُهُم﴾ وە نە منداڵەکانیان ﴿مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ هیچێك لەلای خواوە ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ هاوەڵ وهاوڕێی ئاگر دەبن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوان تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿١١٦﴾ ﴿مَّثَلُ مَا يُنفِقُونَ﴾ وێنەی ئەو مالّ و دارایییەی کەبەختی دەکەن ﴿فِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ لەم ژیانی دونیایەدا ﴿كَمَثَلِ رِيحٍ﴾ بە وێنەی بایەکە ﴿فِيهَا صِرٌّ﴾ سەرما و سۆڵەی تێدابێت ﴿أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ﴾ بەدات لەکشتوکاڵی تاقمێك ﴿ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ کەستەمیان لەخۆیان کردبێت ﴿فَأَهْلَكَتْهُ﴾ جا ئەو (با) وسەرمایە کشتوکاڵەکەی لەناو بەرێت ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ﴾ وە خوا ستەمی لێ نەکردوون ﴿وَلَٰكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەکرد ﴿١١٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَتَّخِذُوا۟﴾ مەگرن بۆ خۆتان ﴿بِطَانَةً﴾ دۆستی گیانی بەگیانی ﴿مِّن دُونِكُمْ﴾ جگە لەخۆتان(واتە جگە لەباوەڕداران) ﴿لَا يَأْلُونَكُمْ﴾ دریغیتان لێ ناکەن ﴿خَبَالًا﴾ لەهیچ شەڕ و خراپەیەك ﴿وَدُّوا۟﴾ ئاواتە خوازی ﴿مَا عَنِتُّمْ﴾ ناخۆشیتانن ﴿قَدْ بَدَتِ﴾ بێگومان دەرئەکەوێت ﴿ٱلْبَغْضَآءُ﴾ خەشم و قین ﴿مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ﴾ لە(قسەکانی) دەمیانەوە ﴿وَمَا تُخْفِى صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾ وەئەوەی لەدڵیاندا شاردوویانەتەوە گەورەترە ﴿قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ بەڕاستی بەڵگە ونیشانەکانمان بۆ ڕوون کردونەتەوە ﴿إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ﴾ ئەگەر ئێوە ژیربن ﴿١١٨﴾ ﴿هَٰٓأَنتُمْ أُو۟لَآءِ تُحِبُّونَهُمْ﴾ بێدارین ئاگەوەتێوەن کەئەوانتان خۆش دەوێت ﴿وَلَا يُحِبُّونَكُمْ﴾ وەئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ ﴿وَتُؤْمِنُونَ﴾ وەباوەڕتان هەیە ﴿بِٱلْكِتَٰبِ كُلِّهِۦ﴾ بەهەموو نامە ئاسمانی یەکان ﴿وَإِذَا لَقُوكُمْ﴾ کاتێك ئەوان پێتان بگەن ﴿قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا﴾ دەڵێن بڕوامان هێناوە ﴿وَإِذَا خَلَوْا۟﴾ وە کاتێك تەنها بونەوە ﴿عَضُّوا۟ عَلَيْكُمُ ٱلْأَنَامِلَ﴾ سەرە پەنجەکانی خۆیان ئەگەزن لێتان ﴿مِنَ ٱلْغَيْظِ﴾ لەڕقدا ﴿قُلْ مُوتُوا۟﴾ بڵێ بمرن ﴿بِغَيْظِكُمْ﴾ بەداخ و ڕقی خۆتانەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ﴾ بەڕاستی خوا زانایە ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ بەوەی لەناو دڵەکاندایە ﴿١١٩﴾ ﴿إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ﴾ ئەگەر چاکە و خۆشیەکتان پێ بگات ﴿تَسُؤْهُمْ﴾ غەمبار دەبن ﴿وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ﴾ بەڵام ئەگەر ناخۆشیەکتان پێ بگات ﴿يَفْرَحُوا۟ بِهَا﴾ دڵخۆش دەبن پێی ﴿وَإِن تَصْبِرُوا۟﴾ ئەگەر ئێوە بەئارام بن (لەسەر گوێڕایەڵی خوا) ﴿وَتَتَّقُوا۟﴾ و لەخوا بترسن ﴿لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا﴾ پیلانی ئەوان هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ بەڕاستی خوا تەواو ئاگادارە بە هەرچی ئەوان دەیکەن ﴿١٢٠﴾ ﴿وَإِذْ﴾ وە (بیرتان بێت) کاتێ ﴿غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ﴾ کە بەیانی زوو دەرچوویت لەلای ماڵ و خێزانت ﴿تُبَوِّئُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بڕواکانت نیشتەجێ ئەکرد ﴿مَقَٰعِدَ لِلْقِتَالِ﴾ لە چەند شوێنێکدا بۆ جەنگ کردن ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بیسەری زانایە ﴿١٢١﴾

﴿إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ﴾ لەو کاتەدا کە دوو کۆمەڵ لە ئێوە خەریك بوون ﴿أَن تَفْشَلَا﴾ سست بن وتێك بشکێن و (بگەڕێنەوە) ﴿وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا﴾ بەڵام خوا دۆست و یارمەتی دەریان بوو ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ وە بڕوا داران با پشت تەنها بە خوا ببەستن ﴿١٢٣﴾ ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ سوێند بە خوا بێگومان خوا ئێوەی سەرخست ﴿بِبَدْرٍ﴾ لە (جەنگی) بەدردا ﴿وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾ لە کاتێکدا ئێوە کەم و لاواز بوون ﴿فَٱتَّقُوا ٱللَّهَ﴾ دەی لە خوا بترسن ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بەڵکو سوپاس گوزاری بن ﴿١٢٤﴾ ﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ (بیریان بخەرەوە) ئەو کاتەی دەتووت بە بڕوادارەکان ﴿أَلَن يَكْفِيَكُمْ﴾ ئایا بەستان نی یە ﴿أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم﴾ پەروەردگارتان کۆمەکتان بکات ﴿بِثَلَٰثَةِ ءَالَٰفٍ﴾ بە سێ هەزار ﴿مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُنزَلِينَ﴾ لە فریشتە دابەزێنراوەکان ﴿١٢٥﴾ ﴿بَلَىٰٓ إِن تَصْبِرُوا﴾ بەڵێ، ئەگەر ئارام بگرن ﴿وَتَتَّقُوا﴾ وە لە خوا بترسن ﴿وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَٰذَا﴾ پەلامارتان بدەن لەم کاتانەدا ﴿يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم﴾ پەروەردگارتان کۆمەکتان بکات ﴿بِخَمْسَةِ ءَالَٰفٍ﴾ بە پێنج هەزار ﴿مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُسَوِّمِينَ﴾ لە فریشتە نیشانەدارەکان ﴿١٢٦﴾ ﴿وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ﴾ وە خوا تەنها ئەو (کۆمەکی) یەی کرد ﴿إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ﴾ بە مژدە بۆتان ﴿وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ﴾ وە بۆ ئەوەی دڵەکانتانی پێ ئارام ببێ ﴿وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ (ئەوەش بزانن) سەرکەوتنیش تەنها لەلایەن خوای ﴿ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾ بالاّ دەستی داناوەیە ﴿١٢٧﴾ ﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا﴾ (وە ناردنی فریشتەکان) بۆ ئەوە بوو دابڕێت (لە ناوی بات) بەشێك ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا﴾ لەوانەی کە بێ بڕوان ﴿أَوْ يَكْبِتَهُمْ﴾ یان خەفەت باریان بکات(بە تێشکانیان) ﴿فَيَنقَلِبُوا خَآئِبِينَ﴾ ئەمجا بگەڕێنەوە بە نائومێدی ﴿١٢٨﴾ ﴿لَيْسَ لَكَ﴾ دەربارەی هەڵهاتووەکانی شەڕی ئوحود بە ڕاستی بەدەست تۆ نی یە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ﴾ هیچ شتێك لەو کارەدا ﴿أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ﴾ چ(خوا) تەوبەیان لێ وەرگرێ ﴿أَوْ يُعَذِّبَهُمْ﴾ یان سزایان بدات ﴿فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ﴾ چونکە بە ڕاستی ئەوانە ستەمکارن ﴿١٢٩﴾ ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ هەر بۆ خوایە هەرچی لە ئاسمانەکاندایە ﴿وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾ وە هەرچی لە زەوی دایە ﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ خۆش ئەبێ لە هەر کەس خۆی بیەوێ وە سزای هەر کەسیش ئەدات خۆی بیەوێ ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە خوا لێ بوردەی میهرەبانە ﴿١٣٠﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَأْكُلُوا ٱلرِّبَوٰٓا﴾ سوود مەخۆن ﴿أَضْعَٰفًا مُّضَٰعَفَةً﴾ چەند بەرامبەر ﴿وَٱتَّقُوا ٱللَّهَ﴾ و لە خوا بترسن ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕزگاربن ﴿١٣١﴾ ﴿وَٱتَّقُوا ٱلنَّارَ﴾ وە خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی ﴿ٱلَّتِيٓ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ﴾ کە ئامادە کراوە بۆ بێ بڕواکان ﴿١٣٢﴾ ﴿وَأَطِيعُوا ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾ وە گوێ ڕایەڵی خودا و پێغەمبەر بن ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ بێگومان میهرەبانیتان لە گەڵ ئەکرێت ﴿١٣٣﴾

﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ﴾ پێشبڕکێ بکەن بۆ لێ بوردنێکی گەورەی (خودا) ﴿مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا﴾ وە بۆ بەهەشتێك کە پانییەکەی (بە ئەندازەی) ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ﴾ ئاسمانەکان و زەوی یە ﴿أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ کە ئامادە کراوە بۆ لە خوا ترسان ﴿١٣٣﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ﴾ ئەوانەی مالّ دەبەخشن (لە ڕێ ی خوادا) ﴿فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾ لە کاتی خۆشی (دەوڵەمەندی) و ناخۆشی دا ﴿وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ﴾ و ڕقی بەتینی خۆیان دەخۆنەوە و ﴿وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ﴾ دەبوورن لە خەڵکی ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ خواش چاکەکارانی خۆش دەوێت ﴿١٣٤﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً﴾ وە ئەوانەی کە کاتێك کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن ﴿أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ﴾ یاستەم لەخۆیان دەکەن ﴿ذَكَرُواْ ٱللَّهَ﴾ کە یادی خوایان کردەوە ﴿فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ﴾ ئەمجا داوای لێ بوواردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان ﴿وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ﴾ ئایا کێ دەبوورێت لە گوناهەکان ﴿إِلَّا ٱللَّهُ﴾ بێجگە لە خوا؟ ﴿وَلَمۡ يُصِرُّواْ﴾ وە بەردەوام نابن ﴿عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ﴾ لەسەر ئەوەی کە کردوویانە ﴿وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا بزانن (گوناهە) ﴿١٣٥﴾ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ﴾ پاداشتیان لێ بووردنە ﴿مِّن رَّبِّهِمۡ﴾ لەلایەن پەروەردگارییانەوە ﴿وَجَنَّٰتٞ﴾ و چەند باخاتێك (بەهەشتێك) ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ کەڕوبارەکان دەڕۆن بەژێریاندا ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ﴾ ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا بەهەمیشەیی ﴿وَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ﴾ چەند چاکە پاداشتی چاکەکاران ﴿١٣٦﴾ ﴿قَدۡ خَلَتۡ﴾ بێگومان ڕابورد ﴿مِن قَبۡلِكُمۡ سُنَنٞ﴾ لە پێش ئێوەوە چەند ڕێ و یاسایەك (باوێك) ﴿فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ئەمجا ئێوە بگەڕێن بەزەویدا ﴿فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ﴾ و سەرنج بدەن ئایا چۆن بوو ﴿عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ﴾ سەرئەنجامی بێ بڕواکان ﴿١٣٧﴾ ﴿هَٰذَا بَيَانٞ لِّلنَّاسِ﴾ ئەمە ڕوون کردنەوەیە بۆ هەموو خەڵکی ﴿وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٞ﴾ و ڕێنمووێی و ئامۆژگاری یە ﴿لِّلۡمُتَّقِينَ﴾ بۆ لە خوا ترسان ﴿١٣٨﴾ ﴿وَلَا تَهِنُواْ﴾ سست و دڵ لاواز مەبن ﴿وَلَا تَحۡزَنُواْ﴾ وە غەمبار مەبن ﴿وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ﴾ هەر ئێوە بەرز و بڵند ترن ﴿إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئەگەر بڕوادار بن ﴿١٣٩﴾ ﴿إِن يَمۡسَسۡكُمۡ قَرۡحٞ﴾ ئەگەر ئێوە (لە ئوحوددا) زام و بریندتان تووش بووە ﴿فَقَدۡ مَسَّ ٱلۡقَوۡمَ قَرۡحٞ﴾ ئەوە بێگومان ئەو هۆزە (بتپەرستەکان لە بەدردا) زام و بریندیان تووش بووە ﴿مِّثۡلُهُۥۚ﴾ بە وێنەی زامی ئێوە ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ﴾ ئەو چەرخ و ڕۆژانەی (زاڵبوون و سەرکەوتنانە) ﴿نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ﴾ دەیگێڕین لە ناو خەڵکیدا (جارێك بۆ ئێوە و جارێك بۆ ئەوان) ﴿وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ﴾ لەبەر ئەوەی (لەدونیادا) خوا دەری بخات ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَيَتَّخِذَ مِنكُمۡ﴾ و لە ناو ئێوەدا هەڵبژێرێت ﴿شُهَدَآءَۗ﴾ چەند کەسێك بە شەهید ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت ﴿١٤٠﴾

﴿وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ﴾ وە تا خوا(لە تاوان) پاك بكاتەوە ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەی كە بڕوادارن ﴿وَيَمْحَقَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ وەبێ باوەڕان بنەبڕ بكات ﴿١٤١﴾ ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ﴾ ئایا ئێوە وا گومانتان دەبرد ﴿أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ﴾ كە دەچنە بەهەشت ﴿وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ﴾ لە كاتێكدا هێشتا خوا دەری نەخستوە (واتە تاقی نەكردونەتەوە) ﴿ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ﴾ ئەوانەی تێ دەكۆشن لە ئێوە ﴿وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ و هێشتا دەری نەخستوون كەسانێك لە ئێوە كە خۆڕاگران ﴿١٤٢﴾ ﴿وَلَقَدْ كُنتُمْ﴾ سوێند بێ بێگومان ئێوە ﴿تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ﴾ ئاواتی(شەهیدی و) مردنتان نەخواست ﴿مِن قَبْلِ﴾ لەپێش ئەوەی ﴿أَن تَلْقَوْهُ﴾ پێ ی بگەن ﴿فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ﴾ خۆ بەڕاستی مردنتان بینی ﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ﴾ لە كاتێكدا ئێوە زەق سەیرتان دەكرد ﴿١٤٣﴾ ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ﴾ موحەممەد ﷺ تەنها پێغەمبەرێكە (نەمرنی یە) ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ﴾ بێگومان لەپێش ئەو پێغەمبەرانی تر ڕابوردون ﴿أَفَإِي۟ن مَّاتَ﴾ جا ئایا ئەگەر وەفاتی كرد ﴿أَوْ قُتِلَ﴾ یان كوژرا ﴿ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ﴾ دەگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان(پاشگەز دەبنەوە) ﴿وَمَن يَنقَلِبْ﴾ هەر كەس هەڵگەڕێتەوە ﴿عَلَىٰ عَقِبَيْهِ﴾ بۆ دواوەی خۆی(بۆ بت پەرستی) ﴿فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا﴾ ئەوە هەرگیز (ئەو كەسە) هیچ زیانێك ناگەیەنێت بەخوا ﴿وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ﴾ وە بەزوویی خوا پاداشتی ﴿ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ سوپاس گوزاران دەداتەوە ﴿١٤٤﴾ ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ﴾ هیچ كەسێك نەبووە ﴿أَن تَمُوتَ﴾ كە بمرێت ﴿إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ مەگەر بە فەرمانی خوا ﴿كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا﴾ نوسراوێكی كات دیاری كراوە (لەو كاتەدا كەخوای گەورە دیاری كردوە) ﴿وَمَن يُرِدْ﴾ هەر كەسێك دەیەوێت ﴿ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا﴾ پاداشت و دەستكەوتی دونیایی ﴿نُؤْتِهِۦ مِنْهَا﴾ لەو(پاداشتی دونیا) هەندێكی پێ دەدەین ﴿وَمَن يُرِدْ﴾ وە هەر كەسێك دەیەوێت ﴿ثَوَابَ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ پاداشتی پاشەڕۆژ ﴿نُؤْتِهِۦ مِنْهَا﴾ لەو(پاداشتی پاشەڕۆژە) هەندێكی پێ دەبەخشین ﴿وَسَنَجْزِى ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ وە بەزووی پاداشتی سوپاس گوزاران دەدەینەوە ﴿١٤٥﴾ ﴿وَكَأَيِّن مِّن نَّبِىٍّ﴾ زۆر لە پێغەمبەران ﴿قَٰتَلَ مَعَهُۥ﴾ جەنگ و كوشتاریان كردووە لەگاڵیاندا (شانبەشانیان) ﴿رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ﴾ زۆر لە زانایان و خواناسان ﴿فَمَا وَهَنُوا۟﴾ جا سست و دەستە پاچە نەبوون ﴿لِمَآ أَصَابَهُمْ﴾ بەهۆی ئەوەی كە دووچاریان بووە ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لە ڕێ ی خوادا ﴿وَمَا ضَعُفُوا۟﴾ وە بێ هێز و لاواز نەبوون ﴿وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟﴾ وە سەریان شۆڕ نەكرد بۆ دوژمن ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ وە خوا خۆڕاگرانی خۆش دەوێت ﴿١٤٦﴾ ﴿وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ﴾ هەر ئەمە ووتەی ئەوان بوو ﴿إِلَّآ أَن قَالُوا۟﴾ كەدەیان ووت ﴿رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان لێمان ببورە ﴿ذُنُوبَنَا﴾ لە گوناهەكانمان ﴿وَإِسْرَافَنَا﴾ وە لە زیادە ڕەویمان ﴿فِىٓ أَمْرِنَا﴾ لە كاروبارماندا ﴿وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا﴾ و پێكانمان جێگیر بكە (لە جەنگدا) ﴿وَٱنصُرْنَا﴾ و سەرمان بخە ﴿عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بەسەر كۆمەڵی بێ بڕوایاندا ﴿١٤٧﴾ ﴿فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾ بەهۆی ئەوەوە خوا پێ ی بەخشین ﴿ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا﴾ پاداشتی دونیا ﴿وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ وە پاداشتی چاك و شیرینی ڕۆژی دوایی ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ خوا چاكەكارانی خۆش دەوێت ﴿١٤٨﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿إِن تُطِيعُواْ﴾ ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی بکەن ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ بۆ ئەوانەی بێ بڕوان ﴿يَرُدُّوكُمْ﴾ ئەتان گێڕنەوە ﴿عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ﴾ بۆ دواوەی خۆتان (بۆ بت پەرستی) ﴿فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ﴾ ئەمجا ئەگەڕێنەوە بە زیانباری ﴿١٤٩﴾ ﴿بَلِ ٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ﴾ (ئەوانە دۆستان نین) بەڵکو خوا یارمەتی دەر و دۆستی ئێوەیە ﴿وَهُوَ خَيْرُ ٱلنَّٰصِرِينَ﴾ وەخواباشترینی هەموو یارمەتی دەرانە ﴿١٥٠﴾ ﴿سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ﴾ بەزوویی دەخەینە دڵی ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ ئەوانەی بێ بڕوان ﴿ٱلرُّعْبَ﴾ ترس و بیمی بەتین ﴿بِمَآ أَشْرَكُواْ بِٱللَّهِ﴾ بەهۆی ئەوەی کرد بوویانە هاوبەشی خوا ﴿مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا﴾ شتانێ کە خوا هیچ بەڵگەی نەناردۆتە خوارەوە لەسەری ﴿وَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ﴾ کە جێگا و شوێنی ئەوان ئاگرە ﴿وَبِئْسَ مَثْوَى﴾ وەچەند نیشتە جێیەکی خراپە ﴿ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (جێگەی) ستەمکاران ﴿١٥١﴾ ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ سوێند بێت بێگومان خوا بەجێی هێنا بۆتان ﴿وَعْدَهُۥٓ﴾ بەڵێنەکەی ﴿إِذْ تَحُسُّونَهُم﴾ کاتێك (سەرەتای جەنگی ئوحود) هەستتان لێ بڕین (دەتان کوشتن) ﴿بِإِذْنِهِۦ﴾ بەفەرمانی خوا ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ﴾ هەتا کاتێك (لە ناکاو) سست بوون ﴿وَتَنَٰزَعْتُمْ﴾ ئاژاوە و دووبەرەکیتان کرد ﴿فِي ٱلْأَمْرِ﴾ لەکاری جەنگدا ﴿وَعَصَيْتُم﴾ وەبێ فەرمانیتان کرد ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم﴾ لەپاش ئەوەی کەخوا نیشانی دان ﴿مَّا تُحِبُّونَ﴾ ئەوەی (لە جەنگەکەدا) پێتان خۆش بوو (کەسەرکەوتن لەسەرەتایی جەنگەکەدا) ﴿مِنكُم﴾ هەندێك لە ئێوە ﴿مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا﴾ (دەسکەوتی) دونیایی دەویست ﴿وَمِنكُم مَّن﴾ وە هەندێکتان ﴿يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ﴾ پاداشتی ڕۆژی دوایی دەویست ﴿ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ﴾ پاشان (خوا) ئێوەی گێڕایەوە لە (جەنگی) ئەوان (و تێ شکان) ﴿لِيَبْتَلِيَكُمْ﴾ تاتاقیتان بکاتەوە (لەخۆڕاگرتندا) ﴿وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ﴾ سوێندبێ بێگومان خوا لێتان بووڕا ﴿وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ﴾ و خوا خاوەنی بەهرەو چاکەیە ﴿عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بەسەر بڕوادارانەوە ﴿١٥٢﴾ ﴿إِذْ تُصْعِدُونَ﴾ کاتێك دووردەکەوتنەوە (سەردەکەوتن بەکێوی ئوحوددا) ﴿وَلَا تَلْوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ﴾ وەبەڕێی کەس نەئەوەستان ولاتان نەدەکردەوە بەلایدا ﴿وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ﴾ لەکاتێکدا پێغەمبەر بانگی لێ دەکردن ﴿فِيٓ أُخْرَىٰكُمْ﴾ لە دواتانەوە ﴿فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ﴾ جا (خوا) پاداشتی غەم و خەفەتی هەر بە غەم و خەفەت دانەوە ﴿لِّكَيْلَا تَحْزَنُواْ﴾ بۆ ئەوەی غەمبار نەبن ﴿عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ﴾ لەسەر ئەوەی لە دەستان چووە ﴿وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ﴾ وە (غەمبار نەبن بە) ئەوەی دووچارتان بووە ﴿وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ﴾ خواش ئاگاداری ﴿بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ بەوەی کەدەیکەن ﴿١٥٣﴾

﴿ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم﴾ پاشان دایبەزاند بە سەرتاندا(بۆی ناردن) ﴿مِّن بَعْدِ الْغَمِّ﴾ لە پاش ئەو غەمەی(ی کە چەشتتان) ﴿أَمَنَةً﴾ ئارامی ﴿نُّعَاسًا﴾ کە وەنەوزێك بوو ﴿يَغْشَىٰ طَائِفَةً مِّنكُمْ﴾ بەسەر دەستەیەك لە ئێوە داهات ﴿وَطَائِفَةٌ﴾ بەڵام دەستەوتاقمێکی دیکەتان (کەباوەڕیان هێندەبەهێز نەبوو) ﴿قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ﴾ بەڕاستی هەرخۆیان مەبەست بوو ﴿يَظُنُّونَ﴾ گومانی ﴿بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ﴾ ناڕاست وناهەقیان بەخوادەبرد ﴿ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾ وەك گومانی نەفامێتی ﴿يَقُولُونَ﴾ ئەیان ووت ﴿هَل لَّنَا﴾ ئایا بۆمان هەیە (بەدەستمانە) ﴿مِنَ الْأَمْرِ﴾ لەم کارەدا(زاڵ بوون) ﴿مِن شَيْءٍ﴾ هیچ شتێك ﴿قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ﴾ بڵێ بێگومان کاروبار ﴿كُلَّهُ لِلَّهِ﴾ هەمووی بەدەست خوایە ﴿يُخْفُونَ﴾ دەیشارنەوە ﴿فِي أَنفُسِهِم﴾ لە دەروونیاندا ﴿مَّا لَا يُبْدُونَ لَكَ﴾ ئەوەی کە دەری نابڕن بۆت ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا﴾ دەڵێن ئەگەر بە دەست ئێمە بوایە ﴿مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾ لەم کارەدا شتێك (لە سەرکەوتن) ﴿مَا قُتِلْنَا هَاهُنَا﴾ ئێمە لێرەدا نەدەکوژرابین ﴿قُل لَّوْ كُنتُمْ﴾ بڵێ ئەگەر ئێوە ﴿فِي بُيُوتِكُمْ﴾ لە ماڵەکانی خۆشتاندا بوونایە ﴿لَبَرَزَ الَّذِينَ﴾ هەر دەردەچوون ئەوانەی ﴿كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ﴾ کە کوژرانیان لەسەر نووسرا بوو ﴿إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ﴾ بۆ جێگای کوژرانیان (ڕاکشانیان) ﴿وَلِيَبْتَلِيَ اللَّهُ﴾ بۆ ئەوەی خوا تاقی بکاتەوە ﴿مَا فِي صُدُورِكُمْ﴾ ئەوەی کە لە سنگتاندایە ﴿وَلِيُمَحِّصَ﴾ وە بۆ ئەوەی پاڵفتە و پاکی بکاتەوە ﴿مَا فِي قُلُوبِكُمْ﴾ ئەو(بڕوایە) ی کە لە دڵتاندایە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ﴾ وە خوا زانایە ﴿بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ بەوەی لە سینەو دەرونەکاندایە ﴿١٥٤﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ﴿تَوَلَّوْا مِنكُمْ﴾ پشتیان هەلکرد لەناوتاندا ﴿يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ﴾ لەو ڕۆژەی کە هەردوو کۆمەڵ گەیشتن بەیەك (لە ئوحود دا) ﴿إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ﴾ بێگومان تەنها شەیتان هەڵی خلیسکاندن ولەخشتەی بردن ﴿بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا﴾ بەهۆی هەندێ لەو گوناهانەی کەلەوەو پێش کردبوویان ﴿وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ﴾ سوێند بێ بێگومان خوا لێ یان خۆشبوو ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ چونکە بەڕاستی خوا ﴿غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ لێبووردەی بەئارام و لەسەرخۆیە (لە تۆڵە سەندن دا) ﴿١٥٥﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وەك ئەوانە مەبن کە بێباوەڕ بوون ﴿وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ﴾ بە برا بێباوەڕەکانیان دەووت ﴿إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ﴾ کاتێ سەفەریان بکردایە ﴿أَوْ كَانُوا غُزًّى﴾ یان غەزایان بکردایە وبچوونایە بۆ جەنگ ﴿لَّوْ كَانُوا عِندَنَا﴾ ئەگەر لای ئێمە(نیشتەجێ) بوونایە ﴿مَا مَاتُوا﴾ نە دەمردن ﴿وَمَا قُتِلُوا﴾ و نە دەکوژران ﴿لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَٰلِكَ﴾ تا خوا ئەوەبکات تا خوا ئەوەبکات ﴿حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ﴾ بە داخ و مەراق لە دڵیاندا ﴿وَاللَّهُ يُحْيِي﴾ وە خوا (مرۆڤ) دەژێنێ ﴿وَيُمِيتُ﴾ و دەیشی مرێنێت ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ وە خودا بینایە بەهەر کردەوەیەك کە ئێوە دەیکەن ﴿١٥٦﴾ ﴿وَلَئِن قُتِلْتُمْ﴾ سوێندیێ ئەگەر ئێوە بکوژرێن ﴿فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لە ڕێ ی خوادا ﴿أَوْ مُتُّمْ﴾ یان بمرن ﴿لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرَحْمَةٌ﴾ ئەوە بەڕاستی لێبووردن و میهرەبانی لە لایەن خواوە ﴿خَيْرٌ﴾ چاکترە ﴿مِّمَّا يَجْمَعُونَ﴾ لەوەی کەکۆی دەکەنەوە ﴿١٥٧﴾

﴿وَلَئِن مُّتُّمْ﴾ سوێند بێ ئەگەر ئێوە بمرن ﴿أَوْ قُتِلْتُمْ﴾ یان بکوژرێن ﴿لَإِلَى ٱللَّهِ﴾ هەر لای خوا ﴿تُحْشَرُونَ﴾ کۆدەکرێنەوە ﴿١٥٨﴾ ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ بەهۆی بەزەیی خواوەیە ﴿لِنتَ لَهُمْ﴾ بۆ ئەوان نەرم و نیانی بوێت ﴿وَلَوْ كُنتَ﴾ ئەگەر تۆ ﴿فَظًّا﴾ بەدخوو قسە رەق و ﴿غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ﴾ دڵ ڕەق بوویتایە ﴿لَٱنفَضُّوا۟﴾ ئەوە هەموو بڵاوەیان دەکرد ﴿مِنْ حَوْلِكَ﴾ لەدەورت ﴿فَٱعْفُ عَنْهُمْ﴾ کەواتە لێ یان ببورە ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ و داوای لێ بوردونیان بۆ بکە لەخوا ﴿وَشَاوِرْهُمْ﴾ و ڕاوێژیان پێ بکە ﴿فِى ٱلْأَمْرِ﴾ لە کاروبار دا ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ﴾ جا کاتێک (دوا ڕاوێژ کردن) بڕیارت دا ﴿فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ ئەوە پشت بە خوا ببەستە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ﴾ بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کەپشت بەخوا دەبەستن ﴿١٥٩﴾ ﴿إِن يَنصُرْكُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر خوا سەرتان بخات ﴿فَلَا غَالِبَ لَكُمْ﴾ ئەوە هیچ کەس زاڵ نابێ بەسەرتاندا ﴿وَإِن يَخْذُلْكُمْ﴾ وە ئەگەر یارمەتیتان نەدا (پشتتان بەردات) ﴿فَمَن ذَا ٱلَّذِى﴾ کێیە ئەو کەسەی؟ ﴿يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعْدِهِۦ﴾ لەپاش خوا سەرتان دەخات ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ وە با بڕواداران پشت هەر بەخوا ببەستن ﴿١٦٠﴾ ﴿وَمَا كَانَ لِنَبِىٍّ﴾ وە بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبوو ﴿أَن يَغُلَّ﴾ کەخیانەت بکات ﴿وَمَن يَغْلُلْ﴾ وە هەر کەس خیانەت بکات ﴿يَأْتِ بِمَا غَلَّ﴾ بەو خیانەتەوەی کردوویەتی دێت (بەکۆڵیەوەیە) ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لە پاشەڕۆژدا (ڕۆژی هەستانەوە) ﴿ثُمَّ تُوَفَّىٰ﴾ پاشان پاداشت دەدرێتەوە ﴿كُلُّ نَفْسٍ﴾ هەموو کەسێک ﴿مَّا كَسَبَتْ﴾ هەرچی کردبێت ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت ﴿١٦١﴾ ﴿أَفَمَنِ ٱتَّبَعَ﴾ دەی ئایا کەسێک کەشوێنی ﴿رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ﴾ ڕەزامەندی خوا کەوتبێت ﴿كَمَنۢ بَآءَ﴾ وەک کەسێک وایە بگەڕێتەوە ﴿بِسَخَطٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ بەخەشمێکەوە لەلایەن خواوە ﴿وَمَأْوَىٰهُ﴾ وە جێگا و شوێنی ئەو ﴿جَهَنَّمُ﴾ دۆزەخ بێت ﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ کە سەرئەنجامێکی چەند خراپە؟ ﴿١٦٢﴾ ﴿هُمْ دَرَجَٰتٌ﴾ (چاکە کاران و خراپە کاران) خاوەنی چەند پلەی جیاوازن ﴿عِندَ ٱللَّهِ﴾ لای خوا ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ﴾ وە خوا بینایە ﴿بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ بە ئەوەی کەدەیکەن ﴿١٦٣﴾ ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ﴾ سوێند بێت بێگومان خوا چاکە و منەتی نا ﴿عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بەسەر بڕوادارانداً ﴿إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ﴾ کاتێ کەڕەوانەی کرد لەناویاندا ﴿رَسُولًا﴾ پێغەمبەرو نێردراوێک ﴿مِّنْ أَنفُسِهِمْ﴾ لەخۆیان ﴿يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ﴾ کە دەیخوێنێتەوە بەسەریاندا ﴿ءَايَٰتِهِۦ﴾ بەڵگە ونیشانەکانی خودا ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾ و پاک و خاوێنیان دەکاتەوە ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾ وە قورئان و فەرموودەیان فێر دەکات ﴿وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ﴾ ئەگەر چی ئەوان لەپێشدا ﴿لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ لەگومڕایی یەکی ڕوون و ئاشکرادا بوون ﴿١٦٤﴾ ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتْكُم﴾ ئایا بۆچی کاتێک دووچارتان بوو ﴿مُّصِيبَةٌ﴾ ناخۆشیەک (لەئوحود دا) ﴿قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا﴾ بێگومان ئێوە دووقاتی ئەوەتان دووچاری ئەوان کرد (لەبەدردا) ﴿قُلْتُمْ﴾ ووتتان ﴿أَنَّىٰ هَٰذَا﴾ ئەمە لە کوێوە هات ﴿قُلْ﴾ بڵێ (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿هُوَ مِنْ عِندِ﴾ ئەوە لەلایەن ﴿أَنفُسِكُمْ﴾ خۆتانەوە بوو (کە فەرمانی پێغەمبەرتان شکاند) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ﴿١٦٥﴾

﴿وَمَآ أَصَٰبَكُمۡ﴾ ئەوەی کەدووچارتان بوو ﴿يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ﴾ لەو رۆژەدا کە هەردوو کۆمەڵ بەیەک گەیشتن (لەئوحوددا) ﴿فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە بەویستی خودا بوو ﴿وَلِيَعۡلَمَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ بۆ ئەوەی بڕواداران دەربخات ﴿١٦٦﴾ ﴿وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ﴾ و بۆ ئەوەیش دووڕوەکان ئاشکرا بکات ﴿وَقِيلَ لَهُمۡ﴾ وپێیان ووترا ﴿تَعَالَوۡاْ قَٰتِلُواْ﴾ وەرن بجەنگن ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێ ی خوادا ﴿أَوِ ٱدۡفَعُواْ﴾ یابەرگری (لە ولاتی خۆتان) بکەن ﴿قَالُواْ لَوۡ نَعۡلَمُ قِتَالٗا﴾ ووتیان: ئەگەر بمانزانیایە جەنگ دەبێت ﴿لَّٱتَّبَعۡنَٰكُمۡ﴾ شوێنتان دەکەوتین ﴿هُمۡ لِلۡكُفۡرِ يَوۡمَئِذٍ﴾ ئەوانە لەو رۆژەدا لە بێ بڕواییەوە ﴿أَقۡرَبُ مِنۡهُمۡ لِلۡإِيمَٰنِ﴾ نزیک تر بوون تا لە بڕواو ئیمانەوە ﴿يَقُولُونَ بِأَفۡوَٰهِهِم﴾ ئەوانە بەدەمیان شتێك دەڵێن ﴿مَّا لَيۡسَ فِي قُلُوبِهِمۡ﴾ کەلەدڵیاندا نی یە ﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ﴾ وەخوا (لەهەموو کەس) زاناترە ﴿بِمَا يَكۡتُمُونَ﴾ بەوەی کە دەیشارنەوە ﴿١٦٧﴾ ﴿ٱلَّذِينَ قَالُواْ﴾ ئەوانەی کەووتیان (مەبەست پێی دووڕوەکانە) ﴿لِإِخۡوَٰنِهِمۡ﴾ دەربارەی براکانیان (باوەڕداران) ﴿وَقَعَدُواْ﴾ لە کاتێکدا خۆیان دانیشتن و دەرنەچوون ﴿لَوۡ أَطَاعُونَا﴾ ئەگەر ئەوان گوێرایەڵی ئێمە بوونایە ﴿مَا قُتِلُواْ﴾ نەدەکوژران ﴿قُلۡ فَٱدۡرَءُواْ﴾ بڵێ کەواتە بەرگری ﴿عَنۡ أَنفُسِكُمُ ٱلۡمَوۡتَ﴾ مردن لە خۆتان دووربخەنەوە ﴿إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ﴿١٦٨﴾ ﴿وَلَا تَحۡسَبَنَّ﴾ هەرگیز وا گومان مەبەن ﴿ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ﴾ ئەوانەی کە کوژران ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێ ی خوادا ﴿أَمۡوَٰتَۢا﴾ مردوون ﴿بَلۡ أَحۡيَآءٌ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو ئەوانە زیندوون ﴿عِندَ رَبِّهِمۡ﴾ لای پەروەردگاریان ﴿يُرۡزَقُونَ﴾ ڕۆزی دەدرێن ﴿١٦٩﴾ ﴿فَرِحِينَ بِمَآ﴾ شادمان و دڵخۆشن بەوەی ﴿ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾ کە خوا پێ ی بەخشیوون ﴿مِن فَضۡلِهِۦ﴾ لەبەهرە و فەزڵی خۆی ﴿وَيَسۡتَبۡشِرُونَ بِٱلَّذِينَ﴾ شادمانن بەوانە (بەبرا تێکۆشەرەکانیان) ﴿لَمۡ يَلۡحَقُواْ بِهِم﴾ کە هێشتا نەگەیشتوون پێیان ﴿مِّنۡ خَلۡفِهِمۡ﴾ لەدوای (شەهیدبوونی) ئەمان ﴿أَلَّا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ نەهیچ ترسێکیان لەسەرە ﴿وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ و نە ئەوانە هیچ غەم و خەفەتێك دەخۆن ﴿١٧٠﴾ ﴿يَسۡتَبۡشِرُونَ﴾ شادمان و دڵخۆشن ﴿بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ﴾ بەو بەهرەو زیادە فەزڵەی لەلایەن خواوە (پێیان دراوە) ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بەڕاستی خوا ﴿لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ پاداشتی بڕواداران وون ناکات ﴿١٧١﴾ ﴿ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانەی ﴿ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾ کە وەڵامی خواو پێغەمبەریان دایەوە ﴿مِنۢ بَعۡدِ﴾ لەپاش ئەوەی کە ﴿مَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡقَرۡحُ﴾ (لەئوحوددا) تووشی بریندار بوون ﴿لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ مِنۡهُمۡ﴾ بۆ ئەوانەیان هەیە کەکردەوەی چاکیان کردوە ﴿وَٱتَّقَواْ﴾ وەخۆیان پاراستووە ﴿أَجۡرٌ عَظِيمٞ﴾ پاداشتێکی گەورە ﴿١٧٢﴾ ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ﴾ ئەوانەی کەخەڵکی پێیان دەووتن ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ﴾ بە ڕاستی خەڵکی (بێ باوەڕ) ﴿قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ﴾ لەشکر و کۆمەڵی زۆریان کۆکردۆتەوە لە دژتان ﴿فَٱخۡشَوۡهُمۡ﴾ کەواتە بترسن لێ یان ﴿فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا﴾ کەچی ئەوان (ئیمانداران) بەمە باوەڕیان زیاد بوو ﴿وَقَالُواْ﴾ وە ووتیان ﴿حَسۡبُنَا ٱللَّهُ﴾ هەر خوامان بەسە ﴿وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ﴾ چەند پشت پێ بەستراوێکی چاکە ﴿١٧٣﴾

﴿فَٱنقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ﴾ ئەمجا گەڕانەوە(بۆ مەدینە) بە بەهرەی گەورەوە (کەسەلامەتی یە) ﴿مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ﴾ وفەزڵ و پاداشت لەلایەن خواوە ﴿لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ﴾ هیچ زیان و ناخۆشیەکیان تووش نەبوو ﴿وَٱتَّبَعُواْ﴾ ئەوانە شوێنی ﴿رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ﴾ ڕەزامەندی خوا کەوتن ﴿وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ﴾ وەخوا خاوەنی بەهرەی گەورەیە ﴿١٧٤﴾ ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ﴾ بەڕاستی ئەوەی ئێوە (سارد دەکاتەوە) تەنها ﴿ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ شەیتانە ﴿يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ﴾ کەدۆست و (برادەرانی) خۆی دەترسێنێت ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ﴾ جائێوە لێیان مەترسن ﴿وَخَافُونِ﴾ وەلەمن بترسن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿١٧٥﴾ ﴿وَلَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ﴾ بادڵ غەمگینت نەکەن ئەوانەی ﴿يُسَٰرِعُونَ﴾ پێشبڕکێ و پەلە دەکەن ﴿فِى ٱلْكُفْرِ﴾ لەبێ بڕواییدا ﴿إِنَّهُمْ﴾ بێگومان ئەوانە ﴿لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيْـًٔا﴾ هەرگیز هیچ زیانێك ناگەیەنن بەخوا ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ خوا دەیەوێت ﴿أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا﴾ کەهیچ بەشێکیان بۆ دانەنێ ﴿فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ لەڕۆژی دوایی دا ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وەبۆ ئەوان سزایەکی گەورە هەیە ﴿١٧٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ﴿ٱشْتَرَوُاْ ٱلْكُفْرَ﴾ کەبێ بڕواییان کڕی (لەم جیهانەدا) ﴿بِٱلْإِيمَٰنِ﴾ بەبڕواو ئیمان ﴿لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيْـًٔا﴾ هەرگیز هیچ جۆرە زیانێك ناگەیەنن بەخوا ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ﴾ بۆئەوانە هەیە سزایەکی ﴿أَلِيمٌ﴾ بەئێش و ئازار ﴿١٧٧﴾ ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ﴾ هەرگیز واگومان نەبەن ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾ ئەوانەی کەبێ باوەڕن ﴿أَنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ﴾ ئەو مۆڵەت دانی ئێمە بۆ ئەوان ﴿خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ﴾ چاکە بۆ خۆیان ﴿إِنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ﴾ بەڕاستی ئێمە مۆڵەتی ئەوان ئەدەین ﴿لِيَزْدَادُوٓاْ إِثْمًا﴾ بۆ ئەوەی گوناهی زیاتر بکەن ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ وە بۆ ئەوانە هەیە سزایەکی ڕیسواکەر ﴿١٧٨﴾ ﴿مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ خوا واز لەبڕواداران ناهێنێت ﴿عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ﴾ لەسەر ئەو بارەی کەئێوەی لەسەرن (کەجیا نەبوونەوەی موسڵمان و دووڕوو و کافرە) ﴿حَتَّىٰ يَمِيزَ﴾ هەتا جیا دەکاتەوە ﴿ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ﴾ پیس لەپاك ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ﴾ وەخوای گەورە ئێوە ئاگادار ناکات ﴿عَلَى ٱلْغَيْبِ﴾ بەسەر نهێنی (غەیب) دا ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڵام خوای گەورە ﴿يَجْتَبِى مِن رُّسُلِهِۦ﴾ هەڵی ئەبژێرێت لە نێرراوەکانی دا ﴿مَن يَشَآءُ﴾ هەرکەسێکی بوێت ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ﴾ جا بڕوای ڕاستەقینە بێنن بەخوا ﴿وَرُسُلِهِۦ﴾ وەبەنێرراوەکانی ﴿وَإِن تُؤْمِنُواْ﴾ وە ئەگەر بەو جۆرە بڕوا بێنن ﴿وَتَتَّقُواْ﴾ وخۆتان بپارێزن ﴿فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ ئەوە پاداشتێکی زۆر گەورەتان بۆ هەیە ﴿١٧٩﴾ ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ﴾ هەرگیز واگومان نەبەن ئەوکەسانەی ﴿يَبْخَلُونَ﴾ کەچروکی دەکەن ﴿بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾ بەوەی کە خوا پێی بەخشیوون ﴿مِن فَضْلِهِۦ﴾ لەڕێز و بەهرەی خۆی ﴿هُوَ خَيْرًا لَّهُم﴾ کەئەو (چرووکی ی)ە چاکترە بۆیان ﴿بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو ئەوە خراپە بۆیان ﴿سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِۦ﴾ بە زوویی ئەوەی چروکیان پێ دەکرد وەك تەوق دەکرێتە ملیان ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەپاشە ڕۆژدا (ڕۆژی هەستانەوە) ﴿وَلِلَّهِ﴾ وە هەر بۆخوایە وموڵکی ئەوە ﴿مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ میراتی ئاسمانەکان و زەوی (ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە) ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە خوا ئاگاداڕە بە هەرچی کە ئێوە دەیکەن ﴿١٨٠﴾

﴿لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی خوا بیستی ﴿قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ﴾ ووتەی ئەو(جوولەك) انەی كە ووتیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ﴾ بێگومان خوا هەژارە ﴿وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ﴾ و ئێمە دەوڵەمەندین(چونكە داوای قەرزمان لێ دەكات مەبەستیان لە ئایەتی - ومن يقرض الله قرضاً حسناً - یە) ﴿سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ﴾ ئەوەی كە ووتیان دەینووسین ﴿وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ﴾ (وە دەینووسین) كوشتنی ئەوانە بۆ پێغەمبەرەكان ﴿بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ بە ناڕەوا ﴿وَنَقُولُ ذُوقُواْ﴾ وە(پێیان) دەڵێین بچەژن ﴿عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ﴾ سزای ئاگری سووتێنەر ﴿١٨١﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەو(سزا سەختە) ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ﴾ بەهۆی كردەوەی(خراپی خۆتانەوەیە) كە پێشتان خستووە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ هیچ جۆرە ستەمێك ناكات لە بەندەكان ﴿١٨٢﴾ ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ﴾ ئەو(جوولەكانەی) كە ووتیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿عَهِدَ إِلَيْنَآ﴾ پەیمانی داوە بە ئێمە ﴿أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ﴾ كە بڕوا نەهێنین بەهیچ نێرراوێك ﴿حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ﴾ هەتا قوربانی و خێرێكمان بۆ نەهێنێت ﴿تَأْكُلُهُ ٱلنَّارُ﴾ كە ئاگر(بێتە خوارەوە) بیسووتێنێت ﴿قُلْ قَدْ جَآءَكُمْ﴾ بڵێ بێگومان هاتن بۆلاتان ﴿رُسُلٌ مِّن قَبْلِى﴾ چەند پێغەمبەرێك لەپێش منەوە ﴿بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ بەبەڵگەڕوونەكانەوە ﴿وَبِٱلَّذِى قُلْتُمْ﴾ وبە ئەو(موعجیزەیەی) كە ووتتان ﴿فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ﴾ دەی بۆچی ئەو(پێغەمبەر) انەتان كوشت ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوەڕاست دەكەن ﴿١٨٣﴾ ﴿فَإِن كَذَّبُوكَ﴾ جائەگەر باوەڕیان پێ نەكردی ﴿فَقَدْ كُذِّبَ﴾ ئەوە بێگومان بڕوا نەكراوە (پێغەمبەرانی پێش تۆش بەدرۆزانران) ﴿رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ﴾ بە پێغەمبەرانی لەپێش تۆوە ﴿جَآءُو بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ هێناویانە بەبەڵگە ڕوونەكان ﴿وَٱلزُّبُرِ﴾ و نامەی ئاسمانی(نامەی پەند و تەمێ كەر) ﴿وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ﴾ و نامەی ڕوون كەرەوە ﴿١٨٤﴾ ﴿كُلُّ نَفْسٍ﴾ هەموو(خاوەن) گیانێك ﴿ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ﴾ مردن دەچێژێت ﴿وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ﴾ وە بەڕاستی بەتەواوی پێتان دەدرێت ﴿أُجُورَكُمْ﴾ پاداشتەكانتان ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لە ڕۆژی دوایی دا(هەستانەوەدا) ﴿فَمَن زُحْزِحَ﴾ ئەمجا هەركەس دوورخرێتەوە ﴿عَنِ ٱلنَّارِ﴾ لە ئاگری دۆزەخ ﴿وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ﴾ و بخرێتە بەهەشتەوە ﴿فَقَدْ فَازَ﴾ ئەوە بەڕاستی ئەو كەسە سەركەوتووە ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ﴾ ژیانی دونیاش هیچ شتێك نیە ﴿إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ﴾ جگە لە چەند ساتێ و ئارەزوویەكی فریودەر نەبێت ﴿١٨٥﴾ ﴿لَتُبْلَوُنَّ﴾ سوێند بێت بێگومان تاقی دەكرێنەوە ﴿فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ﴾ لە سامان و دارایی و گیانی خۆتاندا ﴿وَلَتَسْمَعُنَّ﴾ سوێند بێت بێگومان دەبیستن ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ﴾ لەوانەی كە نامەیان پێدراوە ﴿مِن قَبْلِكُمْ﴾ لە پێش ئێوە ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ﴾ وە لەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە ﴿أَذًى كَثِيرًا﴾ (ئازار و) قسەی ناخۆشی زۆر ﴿وَإِن تَصْبِرُواْ﴾ جا ئەگەر ئێوە ئارام بگرن ﴿وَتَتَّقُواْ﴾ و پارێزكاربن ﴿فَإِنَّ ذَٰلِكَ﴾ ئەوە بێگومان ئەوە ﴿مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ﴾ لە كارە بەهێز و گەورەكانە (لەو كارانەیە لێ بڕانی دەوێ) ﴿١٨٦﴾

﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ﴾ (بیتەوە بیریان) کاتێك کەخواوەری گرت ﴿مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ﴾ پەیمان لەوانەی ﴿أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ کەنامەیان پێ بەخشرابوو (لەجولەکە و گاورەکان) ﴿لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ﴾ دەبێ ئەو نامەیە ڕوون بکەنەوە بۆ خەڵکی ﴿وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ﴾ وە نەیشارنەوە ﴿فَنَبَذُوهُ﴾ بەڵام ئەو (پەیمانەیان) فڕێدایە ﴿وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ﴾ پشت خۆیانەوە ﴿وَٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦ﴾ و کڕییان بەو نامەیە ﴿ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ نرخێکی کەم ﴿فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ﴾ ئای چەند خراپە ئەوەی کڕییان ﴿١٨٧﴾ ﴿لَا تَحْسَبَنَّ﴾ وەگومان مەبە ﴿ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ﴾ ئەوانەی کەشادمانن ﴿بِمَآ أَتَوا۟﴾ بەوەی کەکردیان ﴿وَّيُحِبُّونَ﴾ و پێیان خۆشە ﴿أَن يُحْمَدُوا۟﴾ کەسوپاس بکرێن ﴿بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا۟﴾ بەشتێك کە نەیان کردووە ﴿فَلَا تَحْسَبَنَّهُم﴾ ئەوە هەرگیز گومانیان پێ مەبە ﴿بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ﴾ بەڕزگار بوو لەسزا ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ﴾ و بۆ ئەوانە هەیە سزایەکی ﴿أَلِيمٌ﴾ ئازاردەر ﴿١٨٨﴾ ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ﴾ هەربۆخوایە پادشایەتی ومولکی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئاسمانەکان وزەوی ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ﴾ وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا ﴿قَدِيرٌ﴾ دەسەڵاندارە ﴿١٨٩﴾ ﴿إِنَّ فِى خَلْقِ﴾ بەڕاستی لەدروست کردنی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَٱخْتِلَٰفِ﴾ و لەجیاوازی و گۆڕانی ﴿ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ شەو و ڕۆژدا ﴿لَءَايَٰتٍ﴾ چەندەها بەڵگە هەیە ﴿لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بۆ خاوەن بیرو هۆشەکان ﴿١٩٠﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ﴾ ئەوانەی کەیادی خوا دەکەن ﴿قِيَٰمًا وَقُعُودًا﴾ بەپێوەو بەدانیشتنەوە ﴿وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ﴾ بەڕاکشانەوە ﴿وَيَتَفَكَّرُونَ فِى خَلْقِ﴾ وەبیر دەکەنەوە لەدروست کردنی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئاسمانەکان و زەوی ﴿رَبَّنَا﴾ (ئەڵێن) ئەی پەروەردگارمان ﴿مَا خَلَقْتَ هَٰذَا﴾ ئەم (جیهانەت) دروست نەکردووە ﴿بَٰطِلًا﴾ بەبێ هودە ﴿سُبْحَٰنَكَ﴾ پاك و بێگەردی بۆ تۆ ﴿فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ دەسا تۆش بمان پارێزە لەسزای ئاگری دۆزەخ ﴿١٩١﴾ ﴿رَبَّنَآ﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ﴾ هەرکەس تۆ بیخەیتە ئاگری دۆزەخەوە ﴿فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ﴾ ئەوە بێگومان ڕیسوات کردووە ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ وە هیچ پشتیوانێك نیە بۆ ستەمکاران ﴿١٩٢﴾ ﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە ﴿سَمِعْنَا مُنَادِيًا﴾ گوێمان لە بانگخوازێك بوو (مەبەست پێ پێغەمبەری خودایە ﷺ) ﴿يُنَادِى لِلْإِيمَٰنِ﴾ بانگی ئەکرد بۆ بڕواهێنان ﴿أَنْ ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ﴾ (دەی ووت) بڕوا بێنن بە پەروەردگارتان ﴿فَـَٔامَنَّا﴾ دەست بەجێ بڕوامان هێنا ﴿رَبَّنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ﴿فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا﴾ دەی لە گوناهەکانمان خۆش ببە ﴿وَكَفِّرْ عَنَّا﴾ وبسڕەوە لێمان ﴿سَيِّـَٔاتِنَا﴾ خراپەکانمان ﴿وَتَوَفَّنَا﴾ و بمان مرێنە ﴿مَعَ ٱلْأَبْرَارِ﴾ لەگەڵ کەسانی چاکەکاردا ﴿١٩٣﴾ ﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان پێمان ببەخشە (لەباش مردن) ﴿مَا وَعَدتَّنَا﴾ ئەوەی بەڵێنت پێ دایین ﴿عَلَىٰ رُسُلِكَ﴾ لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکانت ﴿وَلَا تُخْزِنَا﴾ و ڕیسوامان مەکە ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لە ڕۆژی دوایی دا (هەستانەوە) ﴿إِنَّكَ﴾ بێگومان تۆ ﴿لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ﴾ بەڵێن ناشکێنیت ﴿١٩٤﴾

﴿فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ﴾ ئەمجا پەروەردگاریان وەلامی (نزاکانی) دانەوە ﴿أَنِّي لَآ أُضِيعُ﴾ (فەرمووی) بێگومان من زایە ناکەم ﴿عَمَلَ عَٰمِلٍ مِّنكُم﴾ کردەوەی (هیچ) خاوەن کردەوەیەك لە ئێوە ﴿مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ﴾ لە نێر یان مێ ﴿بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ﴾ هەندێکتان لە هەندێکی ترتان بوون ﴿فَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا﴾ جا ئەوانەی کە کۆچیان کرد ﴿وَأُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ﴾ و دەرکران لە جێ و شوێنی خۆیان ﴿وَأُوذُوا۟ فِى سَبِيلِى﴾ و ئەشکەنجەو ئازار دران لە ڕێ ی مندا ﴿وَقَٰتَلُوا۟﴾ و جەنگیان کرد ﴿وَقُتِلُوا۟﴾ و کوژران ﴿لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ﴾ سوێند بەخوا دەیسڕمەوە لێیان ﴿سَيِّـَٔاتِهِمْ﴾ خراپەکانیان ﴿وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ﴾ وە بێگومان دەیان خەمە بەهەشتانێکەوە ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کە ڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا ﴿ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئەمە پاداشت دانەوەیە کە لە لای خواوە ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥ﴾ وە لای خوایە ﴿حُسْنُ ٱلثَّوَابِ﴾ جوانترین (چاکترین) پاداشت ﴿١٩٥﴾ ﴿لَا يَغُرَّنَّكَ﴾ لە خشتەت نەبات (فریوت نەدا) ﴿تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ هات و چۆی ئەوانەی بێ بڕوان (بەخۆشی و ئاسوودەیی یەوە) ﴿فِى ٱلْبِلَٰدِ﴾ لە وولاتدا ﴿١٩٦﴾ ﴿مَتَٰعٌ قَلِيلٌ﴾ ئەو ئاسوودەییەی ئەوان خۆشی یەکی کەمە ﴿ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ﴾ پاشان جێ و شوێنیان دۆزەخە ﴿وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ ئای چ شوێنێکی خراپ و بەدە ﴿١٩٧﴾ ﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ﴾ بەڵام ئەوانەی ﴿ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ﴾ لە پەروەردگاریان دەترسن ﴿لَهُمْ جَنَّٰتٌ﴾ بۆیان هەیە بەهەشتانێك ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کە ڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ تیایدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی ﴿نُزُلًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئامادە کراوە لە لایەن خواوە ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ وە ئەوەی کە لای خوایە ﴿خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ﴾ چاکترە بۆ چاکەکاران ﴿١٩٨﴾ ﴿وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ بێگومان لەناو نامە دارەکاندا هەیە ﴿لَمَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ﴾ کەسانێك کە بڕوا دەهێنن بەخوا ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُمْ﴾ و بەو نامەیەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە (مەبەست پێ قورئانە) ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ﴾ وە بەو نامەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ خۆیان ﴿خَٰشِعِينَ لِلَّهِ﴾ مل کەچن بۆ خوا ﴿لَا يَشْتَرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بەلگەکانی خوا نافرۆشن ﴿ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ بە نرخێکی کەم ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئەو نامە دارانە ﴿لَهُمْ أَجْرُهُمْ﴾ بۆیان هەیە پاداشتی خۆیان ﴿عِندَ رَبِّهِمْ﴾ لە لای پەروەردگاریانەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ لێپرسینەوە و موحاسەبەکردنی خێرایە ﴿٢٠٠﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿ٱصْبِرُوا۟﴾ خۆ گرن ﴿وَصَابِرُوا۟﴾ و (لە خۆگری دوژمن) خۆگرتر بن ﴿وَرَابِطُوا۟﴾ و لە سەنگەردا ئێشک بگرن ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ و لە خوا بترسن ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕزگار بین ﴿٢٠٠﴾

سورەتی ﴿النساء﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ ئەی خەلکینە ﴿اتَّقُوا رَبَّكُمُ﴾ خۆتان بپارێزن لە(سزای) پەروەردگارتان ﴿الَّذِي خَلَقَكُمْ﴾ ئەوەی کە دروستی کردوون ﴿مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾ لەیەك کەسەوە(کە ئادەمە) ﴿وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ وە هەر لە ئەویش هاوسەرەکەی دروست کردووە ﴿وَبَثَّ مِنْهُمَا﴾ و بڵاوی کردۆتەوە لەو دووانە ﴿رِجَالًا كَثِيرًا﴾ پیاوانی زۆر ﴿وَنِسَاءً﴾ هەروەها ئافرەتان ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي﴾ خۆتان بپارێزن لەو خوایەی کە ﴿تَسَاءَلُونَ بِهِ﴾ بەناوی ئەوەوە داوا دەکەن لە یەکتر ﴿وَالْأَرْحَامَ﴾ وە(خۆتان بپارێزن لە بچڕاندنی) خزمایەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە ﴿عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ چاودێرە بەسەرتانەوە ۝١ ﴿وَآتُوا﴾ بیدەنەوە ﴿الْيَتَامَىٰ﴾ بە هەتیوان(دوای باڵغ بونیان) ﴿أَمْوَالَهُمْ﴾ مال و سامانیان ﴿وَلَا تَتَبَدَّلُوا الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ﴾ وە پیس(لە مالی خۆتان) مەگۆڕنەوە بە پاك (لە مالی ئەوان) ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَهُمْ﴾ وە مالەکانیان مەخۆن ﴿إِلَىٰ أَمْوَالِكُمْ﴾ لەگەڵ مالەکانی خۆتان ﴿إِنَّهُ كَانَ﴾ بێگومان ئەو خواردنە ﴿حُوبًا كَبِيرًا﴾ گوناهێکی گەورەیە ۝٢ ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ﴾ وە ئەگەر ترسان ﴿أَلَّا تُقْسِطُوا﴾ دادپەروەر نەبن ﴿فِي الْيَتَامَىٰ﴾ لە(مارەیی) ئەو ئافرەتە بێ باوکانەدا(مارەیان مەکەن) ﴿فَانْكِحُوا﴾ ئەوە مارە بکەن ﴿مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ﴾ لەو ئافرەتانەی حەڵاڵن بۆتان ﴿مَثْنَىٰ﴾ دوو دوو ﴿وَثُلَاثَ﴾ یا سیان سیان ﴿وَرُبَاعَ﴾ یا چوار چوار (وانە تا چوار ژن دروستە لەیەك کاتدا کۆی بکەیتەوە) ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ﴾ جا ئەگەر ترسان ﴿أَلَّا تَعْدِلُوا﴾ دادگەر نەبن ﴿فَوَاحِدَةً﴾ ئەوە یەك ئافرەت (مارە بکەن لەوانەی ئازادن) ﴿أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ یان ئەو کەنیزەکانەی کە مولکتانن ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ﴾ ئەوە نزیکترە ﴿أَلَّا تَعُولُوا﴾ کە ستەم نەکەن (یا هەژار نەکەون) ۝٣ ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ﴾ بیدەن بە ئافرەتان(نەك کەس وکاریان) ﴿صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً﴾ مارەییەکانیان وەك بەخشین نەك وەك کرێ ﴿فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا﴾ ئەمجا ئەگەر بە دڵ پێیان خۆش بوو بەخشینی شتێك لەو(مارەیی یە) بە ئێوە ﴿فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا﴾ ئەوە ئێوە بیخۆن بە خۆشی و حەڵاڵی (نۆشی گیانتان بێ) ۝٤ ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ﴾ مەیدەنە گێل وکەم عەقڵەکان ﴿أَمْوَالَكُمُ﴾ مالەکانتان ﴿الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ لە حاڵەتێکدا خوا ئەو(مالانە) ی بۆ کردوون ﴿قِيَامًا﴾ بەهۆی ڕاوەستانی ژیانتان ﴿وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا﴾ وە (بێ عەقڵەکان) ڕۆزی و خۆراکیان بدەنێ لەو مالە ﴿وَاكْسُوهُمْ﴾ و پۆشاکیان بۆ بکەن ﴿وَقُولُوا لَهُمْ﴾ و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن ﴿قَوْلًا مَعْرُوفًا﴾ بە گفتوگۆیەکی باش ۝٥ ﴿وَابْتَلُوا الْيَتَامَىٰ﴾ هەتیوان تاقی بکەنەوە ﴿حَتَّىٰ إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ﴾ هەر کاتێك گەیشتنە(تەمەنی) ژن هێنان و شووکردن ﴿فَإِنْ آنَسْتُمْ﴾ ئەمجا ئەگەر هەستان کرد ﴿مِنْهُمْ رُشْدًا﴾ لەواندا ژیری(و پێگەیشتن) ﴿فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ﴾ ئەوە سامان و مالەکانیان پێ بدەنەوە ﴿وَلَا تَأْكُلُوهَا﴾ و مالەکانیان مەخۆن ﴿إِسْرَافًا﴾ بە زیادەڕەوی ﴿وَبِدَارًا أَنْ يَكْبَرُوا﴾ و بەپەلە نەوەك گەورە ببن (ولیتان وەرگرنەوە) ﴿وَمَنْ كَانَ غَنِيًّا﴾ وە هەر کەس (لەسەرپەرشتیاری هەتیوان) دەوڵەمەند بوو ﴿فَلْيَسْتَعْفِفْ﴾ با خۆی بگرێتەوە (لە خواردنی مالیان) ﴿وَمَنْ كَانَ فَقِيرًا﴾ وە هەر کەس لەوان هەژار بوو ﴿فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ﴾ با (لێ ی) بخوات بە ئەندازەی پێویست ﴿فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ﴾ ئەمجا هەر کات مالی هەتیوەکانتان دایەوە پێیان ﴿فَأَشْهِدُوا عَلَيْهِمْ﴾ ئەوە شایەتیان لەسەر بگرن ﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ حَسِيبًا﴾ بەسە خوا بۆ لێپرسینەوە (بەسەرتانەوە) ۝٦

﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ﴾ بۆ پیاوان هەیە بەشێك ﴿مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ﴾ لە و(میراتەی) دایك و باوك بەجێی دەهێلن ﴿وَالْأَقْرَبُونَ﴾ و خزمە نزیکەکان ﴿وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ﴾ وە بۆ ئافرەتانیش هەیە بەشێك ﴿مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ﴾ لە و(میراتەی) دایك و باوك بەجێی دەهێلن ﴿وَالْأَقْرَبُونَ﴾ و خزمە نزیکەکان ﴿مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ﴾ لە ئەوەی(بەجێی دەهێلن) کەم بێت یان زۆر ﴿نَصِيبًا مَّفْرُوضًا﴾ بەبەشێکی بڕیار دراو ۷ ﴿وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ﴾ جا ئەگەر کاتی دابەش کردنی(میراتەکە) ئامادەبوون ﴿أُولُو الْقُرْبَىٰ﴾ خزمە نزیکەکان(کە میرات ناگرن لە مردوو) ﴿وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينُ﴾ و هەتیوو و هەژارە (بێگانە) کان ﴿فَارْزُقُوهُم مِّنْهُ﴾ ئەو لەو کەلەپوورە بەشیان بدەن(ئەم بەش دانە سوننەتە نەك واجب) ﴿وَقُولُوا لَهُمْ﴾ وە قسەیان لەگەڵ بکەن ﴿قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ بە قسەکردنێکی جوان و چاك ۸ ﴿وَلْيَخْشَ الَّذِينَ﴾ ئەوانەی (سەرپەرشتیارن) با بترسن ﴿لَوْ تَرَكُوا﴾ ئەگەر بەجێی بهێڵن ﴿مِنْ خَلْفِهِمْ﴾ لەپاش خۆیانەوە (پاش مردن) ﴿ذُرِّيَّةً ضِعَافًا﴾ منداڵانی لاواز(بچوك) ﴿خَافُوا عَلَيْهِمْ﴾ دەترسن لێیان(بفەوتێن) ﴿فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ﴾ دەبا لەخوا بترسن ﴿وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا﴾ و قسەی ڕاست و ڕەوا بکەن(مەبەست بێی ئەوەیە وەسیەتێك نەکەن زیان بگەیەنن بەمنداڵەکانیان پاش خۆیان بەهەژاری بەجێیان بهێڵن وهەموو مالّ وسەروەتەکەیان بکەن بەخێر و سەدەقە) ۹ ﴿إِنَّ الَّذِينَ﴾ بەڕاستی ئەو کەسانەی ﴿يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَىٰ﴾ کە مالّی هەتیوەکان دەخۆن ﴿ظُلْمًا﴾ بەستەم و ناڕەوا ﴿إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا﴾ بەڕاستی ئەوانە بەس لە سکی خۆیان ئاگر دەخۆن. ﴿وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا﴾ وە لەمەوپاش دەچنە ئاگرێکی بەتین و هەڵگیرساوەوە ۱۰ ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ﴾ خوا ئامۆژگاریتان دەکات ﴿فِي أَوْلَادِكُمْ﴾ دەربارەی(میراتی) ڕۆڵەکانتان ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾ بۆ نێرێك هەیە (لە میرات) بە وێنەی بەشی دوو مێ ﴿فَإِن كُنَّ نِسَاءً﴾ خۆ ئەگەر(منداڵەکانتان) تەنها ئافرەت بوون ﴿فَوْقَ اثْنَتَيْنِ﴾ (دووان و) زیاد لەدووان ﴿فَلَهُنَّ﴾ ئەوا بۆیان هەیە ﴿ثُلُثَا﴾دوو بەش لە سێ بەشی ﴿مَا تَرَكَ﴾ ئەوەی (مردووەکە) بەجێ ی هێشتووە ﴿وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً﴾ بەڵام ئەگەر یەك ئافرەت بوو ﴿فَلَهَا النِّصْفُ﴾ ئەوە نیوەی (میراتەکەی) بۆ هەیە ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا﴾ وە بۆ هەر کام لە دایك و باوکی مردووەکە هەیە ﴿السُّدُسُ﴾ شەش یەك ﴿مِمَّا تَرَكَ﴾ لەوەی کە بەجێ ی هێشتووە ﴿إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ﴾ ئەگەر مردووەکە منداڵی هەبوو ﴿فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ﴾ بەڵام ئەگەر مردووەکە منداڵی نەبوو ﴿وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ﴾ و دایك و باوکی میرات گری بوون ﴿فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ﴾ ئەوە سێ یەك بۆ دایکەکەیەتی ﴿فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ﴾ بەڵام ئەگەر (مردووەکە) چەند برایەکی هەبوو ﴿فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ﴾ ئەوا شەش یەك بۆ دایکەکەیەتی ﴿مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ﴾ لەپاش (دەرکردنی) وەسیەتێك ﴿يُوصِي بِهَا﴾ وەسیەتی پێ کرابێ (لە لایەن مردووەکەوە) ﴿أَوْ دَيْنٍ﴾ یان دانەوەی قەرزێك (کە لەسەری بێت) ﴿آبَاؤُكُمْ﴾ باوکەکانتان ﴿وَأَبْنَاؤُكُمْ﴾ و کوڕەکانتان ﴿لَا تَدْرُونَ﴾ نازانن ﴿أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا﴾ کامەیان بەسوودترن بۆتان ﴿فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ﴾ (ئەو دابەش کردنە) لە لایەن خواوە پێویست کراوە ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە ﴿عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ زانای دانایە ۱۱

﴿وَلَكُمْ نِصْفُ﴾ بۆ ئێوە هەیە نیوەی ﴿مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ﴾ ئەو (میراتەی) کەژنەکانتان بەجێ یان هێشتووە ﴿إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ﴾ ئەگەر ئەو ژنانە منداڵیان نەبوو ﴿فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ﴾ جا ئەگەر منداڵیان هەبوو ﴿فَلَكُمُ الرُّبُعُ﴾ بۆ ئێوە هەیە چوار یەك ﴿مِّمَّا تَرَكْنَ﴾ لەوەی (ژنەکانتان) بەجێیان هێشتووە ﴿مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ﴾ لەپاش (دەرکردنی) وەسیەتێك ﴿يُوصِينَ بِهَا﴾ کەکردبێتیان ﴿أَوْ دَيْنٍ﴾ یان قەرزێك (کەلەسەریان بێت) ﴿وَلَهُنَّ الرُّبُعُ﴾ بۆ (ژنەکانتان) هەیەچواریەك ﴿مِّمَّا تَرَكْتُمْ﴾ لەوەی بەجێتان هێشتووە ﴿إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ﴾ ئەگەر ئێوە منداڵتان نەبوو ﴿فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ﴾ جا ئەگەر منداڵتان هەبوو ﴿فَلَهُنَّ الثُّمُنُ﴾ ئەوەبۆ ئەوان هەیە هەشت یەك ﴿مِّمَّا تَرَكْتُم﴾ لەوەی بەجێتان هێشتووە ﴿مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ﴾ لەپاش (دەرکردنی) وەسیەتێك ﴿تُوصُونَ بِهَا﴾ کەکردبێتتان ﴿أَوْ دَيْنٍ﴾ یان دانەوەی قەرزێك (کەلەسەرتان بێت) ﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ﴾ وە ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك کەمیراتی لێ ئەگیرا (مردبوو) نەباوان (دایك وباوك) ی هەبوو نە منداڵ ﴿وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ﴾ وە تەنها برایەك یان خوشکێکی (لەدایکەوە) هەبوو ﴿فَلِكُلِّ وَاحِدٍ﴾ ئەوە بۆ هەر یەك ﴿مِّنْهُمَا﴾ لەو دووانە هەیە ﴿السُّدُسُ﴾ شەش یەك ﴿فَإِن كَانُوا أَكْثَرَ﴾ بەڵام ئەگەر ئەوان زیاتر بوون ﴿مِن ذَٰلِكَ﴾ لەبرایەك یان خوشکێك (ی دایکی) ﴿فَهُمْ شُرَكَاءُ﴾ ئەو کاتە ئەوانە هەموویان هاوبەشن ﴿فِي الثُّلُثِ﴾ لەسێ یەك(ی میراتەکە)دا ﴿مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ﴾ لەپاش (دەرکردنی) وەسیەتێك ﴿يُوصَىٰ بِهَا﴾ کەکرابێت ﴿أَوْ دَيْنٍ﴾ یان قەرزێك ﴿غَيْرَ مُضَارٍّ﴾ کە (وەسیەتە کە یاقەرزەکە بۆ میراتگران) بێزیان بێت ﴿وَصِيَّةً مِّنَ اللَّهِ﴾ ئەمە بڕیارە لەلایەن خواوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ﴾ خواش زانای لەسەرخۆیە ﴿١٢﴾ ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ﴾ ئەو (یاسایانە) سنورەکانی خودان ﴿وَمَن يُطِعِ﴾ هەر کەسێك گوێڕایەڵی ﴿اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ﴿يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ﴾ (خوا) دەیخاتە ناو بەهەشتانێك ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ کەڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ تیایدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿وَذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ وەئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿١٣﴾ ﴿وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ هەر کەسێکیش سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ﴿وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ﴾ و سنورەکانی (خوا) بپەڕێنێت ﴿يُدْخِلْهُ نَارًا﴾ دەیخاتە ئاگرێکەوە ﴿خَالِدًا فِيهَا﴾ هەمیشە دەمێنێتەوە تیایدا ﴿وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ وەسزایەکی ڕیسواکەری بۆ هەیە ﴿١٤﴾

﴿وَٱلَّٰتِي يَأْتِينَ ٱلْفَٰحِشَةَ﴾ ئەوانەی کە کاری زۆر پیس و ناشرین(زینا) دەکەن ﴿مِن نِّسَآئِكُمْ﴾ لە ئافرەتان(ی بەرادار) تان ﴿فَٱسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِّنكُمْ﴾ ئەوە چوار شایەت لە خۆتان لەسەریان بگرن ﴿فَإِن شَهِدُوا﴾ ئەمجا ئەگەر شایەتیان دا ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ﴾ئەوە ئەو(ژنە زیناکارانە) بەند بکەن ﴿فِي ٱلْبُيُوتِ﴾ لە ماڵەکانتاندا ﴿حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلْمَوْتُ﴾ هەتا(فریشتەی) مەرگ گیانیان دەکێشێت ﴿أَوْ يَجْعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا﴾ یان خوا ڕێگایەك (ی ڕزگار بوون) یان بۆ دائەنێ (ئەمە حوکمی زیناکردن بوو پێش هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانی سورەتی النور واتە حوکمی ئەم ئایەتەی سورەتی (النساء)بە ئایەتەکانی سورەتی النور سڕاوەتەوە) ﴿١٥﴾ ﴿وَٱلَّذَانِ﴾ وە ئەو دووانەی(کوڕو کچەی) ﴿يَأْتِيَٰنِهَا مِنكُمْ﴾ ئەو کارە پیسە (زینا) دەکەن لە ئێوە ﴿فَـَٔاذُوهُمَا﴾ ئەوە ئازاریان بدەن ﴿فَإِن تَابَا﴾ جا ئەگەر گەڕانەوەو تەوبەیان لێکرد ﴿وَأَصْلَحَا﴾ وە چاك بوون ﴿فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَآ﴾ ئەوا وازیان لێ بێنن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ﴾ چونکە بەڕاستی خوا هەمیشە ﴿تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾ لێبووردەی میهرەبانە ﴿١٦﴾ ﴿إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ﴾ بێگومان وەرگرتنی تەوبە ﴿عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ﴾ لای خوا تەنها بۆ ئەوانەیە کە گوناە دەکەن بە نەفامی ﴿ثُمَّ يَتُوبُونَ﴾ پاشان پەشیمان دەبنەوە ﴿مِن قَرِيبٍ﴾ بە زوویی(پێش مردن) ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾ خوا گەڕانەوەیان لێ وەردەگرێت ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ﴾ خواش هەمیشە ﴿عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ زانای دانایە ﴿١٧﴾ ﴿وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ﴾ پەشیمانی(وەرگرتن) نی یە ﴿لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ بۆ ئەوانەی تاوانی زۆر دەکەن ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ هەتا کاتی سەرە مەرگی یەکێکیان دێ ﴿قَالَ إِنِّي تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ﴾ دەڵێت: بەڕاستی من ئێستا تەوبەم کرد ﴿وَلَا ٱلَّذِينَ﴾ وە بۆ ئەوانەش نی یە ﴿يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ﴾ کە دەمرن بە بێ بڕوایی ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ﴾ ئەوانەی(باسکران) ئامادەمان کردووە بۆیان ﴿عَذَابًا أَلِيمًا﴾ سزایەکی ئازار دەر ﴿١٨﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا يَحِلُّ لَكُمْ﴾ حەڵاڵ نی یە بۆتان ﴿أَن تَرِثُوا ٱلنِّسَآءَ كَرْهًا﴾ کە ئافرەتان بە زۆر(بە ناچاری) بە میراتی بەرن(بۆ خۆتان) ﴿وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ﴾ وە بەرگری شوکردنیان لێ مەکەن ﴿لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ﴾ بۆ ئەوەی هەندێ لەو(مارەیی یەی) کە پێتان داون ببەن (بۆ خۆ تان) ﴿إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ﴾ مەگەر کاتێ کە کردەوەیەکی زۆر ناشرین(زینا) بە ئاشکرا بکەن ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ وە ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن بەچاکی(و ڕێانیان لەگەڵ ببەنە سەر) ﴿فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ﴾ جا ئەگەر حەزتان لێیان نەبوو(تەڵاقیان مەدەن) ﴿فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا شَيْـًٔا﴾ چونکە لەوانەیە ئێوە حەز نەکەن لە شتێك ﴿وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ﴾ و خوا لەوەدا داینابێت ﴿خَيْرًا كَثِيرًا﴾ چاکە وخێرێکی زۆر ﴿١٩﴾

﴿وَإِنْ أَرَدتُّمُ﴾ ئەگەر ویستتان ﴿ٱسْتِبْدَالَ زَوْجٍ﴾ گۆڕینی ژنێك ﴿مَّكَانَ زَوْجٍ﴾ لەشوێن ژنێك (کەحەزی لێ ناکەن) ﴿وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ﴾ و دابێتتان بەیەکێکیان ﴿قِنطَارًا﴾ مالێکی زۆر (بەمارەیی) ﴿فَلَا تَأْخُذُوا﴾ ئەوە مەی سەننەوە ﴿مِنْهُ شَيْـًٔا﴾ لێی هیچ شتێك (لەومالە زۆرە) ﴿أَتَأْخُذُونَهُۥ بُهْتَٰنًا﴾ ئایا ئەو(مارەیی یە)یان لێ ئەسەننەوە بەبوختان کردن ﴿وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ و تاوانێکی ئاشکرا(بەرامبەری ئافرەتەکە) ﴿٢٠﴾ ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ﴾ جا چۆن وەری دەگرنەوە؟ ﴿وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾ لەکاتێکدا چوونەتەلای یەکتری (تێکەڵاوی ژن و میردایەتیتان لەگەڵ یەك کردووە) ﴿وَأَخَذْنَ مِنكُم﴾ وەئەو ئافرەتانە وەریان گرتووە لێتان ﴿مِّيثَٰقًا غَلِيظًا﴾ پەیمانێکی پتەو بەهێز (کەوا بەستنی نیکاحە) ﴿٢١﴾ ﴿وَلَا تَنكِحُوا﴾ (ئەی پیاوان) مارەی مەکەن ﴿مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ ئەو ئافرەتانەی کەباوکەکانتان مارەیان کردوون (واتە باوەژنەکانتان) ﴿إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ﴾ مەگەر ئەوەی پێش لەم (حەرام کردنە) کرابێت ﴿إِنَّهُۥ كَانَ﴾ بەڕاستی ئەو مارەکردنە ﴿فَٰحِشَةً﴾ کردەوەیەکی زۆر پیس وچەپەڵ ﴿وَمَقْتًا﴾ زۆر بێزراو ﴿وَسَآءَ سَبِيلًا﴾ وڕێبازێکی زۆر خراپ و بەدە (کەگیراوەتە بەر) ﴿٢٢﴾ ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ﴾ قەدەغەکراوە لەسەرتان (حەرام کراوە) ﴿أُمَّهَٰتُكُمْ﴾ (مارەکردنی) دایکانتان ﴿وَبَنَاتُكُمْ﴾ و کچەکانتان ﴿وَأَخَوَٰتُكُمْ﴾ و خوشکەکانتان ﴿وَعَمَّٰتُكُمْ﴾ و پورەکانتان (کەخوشکی باوکتانن) ﴿وَخَٰلَٰتُكُمْ﴾ و پورەکانتان (کەخوشکی دایکتانن) ﴿وَبَنَاتُ ٱلْأَخِ﴾ و کچانی برا ﴿وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ﴾ و کچانی خوشك ﴿وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ﴾ ئەو دایکانەتان کەشیریان پێ داوون ﴿وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ﴾ وخوشکەکانتان لەشیرەوە ﴿وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ﴾ و دایکی ژنەکانتان (خەسوو) ﴿وَرَبَٰٓئِبُكُمُ﴾ و کچانی ژنانتان کە لەمێردی تریان بن ﴿ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم﴾ ئەوانەی کەلە ماڵی ئێوەدا دەژین ﴿مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِى﴾ لەو ژنانەتانن ﴿دَخَلْتُم بِهِنَّ﴾ کەچوونەتە لایان ﴿فَإِن لَّمْ تَكُونُوا۟ دَخَلْتُم بِهِنَّ﴾ جا ئەگەر نەچووبونە لایان (دایکی کوڵەبەسەکان) ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ ئەوە هیچ گوناهێکتان لەسەر نی یە (لەمارە کردنی کچەکانیاندا) ﴿وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ﴾ وە (حەرامە بۆتان) هاوسەری کوڕەکانتان(بووك) ﴿ٱلَّذِينَ مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ﴾ ئەوانەی کەلە پشتی خۆتانن ﴿وَأَن تَجْمَعُوا۟﴾ وە (قەدەغە وحەرامکراوە لەسەرتان) کۆکردنەوە ﴿بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ﴾ لە نێوان دوو خووشك لەیەك کاتدا ﴿إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ﴾ مەگەر ئەوەی پێش ئەم (حوکمە لەنەفامیدا) کرابێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ﴾ بێگومان خوا هەمیشە ﴿غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ لێبوردەی میهرەبانە ﴿٢٣﴾

﴿وَٱلْمُحْصَنَٰتُ﴾ (هەروەها حەرام کراوەلێتان) ئەوانەی کەمێردیان هەیە ﴿مِنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ لە ئافرەتان ﴿إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ﴾ جگە لەوانەی کە بوونەتە مولکتان (کەنیزەک) ﴿كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ (ئەو حوکمانە باسکران)پێویست کراوو نوسراوی خوایە لەسەرتان ﴿وَأُحِلَّ لَكُم﴾ وە بۆتان حەلالکراوە ﴿مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمْ﴾ بێجگە لەوانە (کە باسکران هەمووی حەلالّە بۆتان تا چوار ژن بەیەکەوە کۆ بکەنەوە) ﴿أَن تَبْتَغُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُم﴾ کە بەمال وسامانتان خوازبێنی (ئافرەتان) بکەن ﴿مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ﴾ (بەمەرجێ) کە داوێن پاک بن و داوێن پیس نەبن ﴿فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ مِنْهُنَّ﴾ جا ئەوەی کە لەژنتان لێ وەرگرت لەو ئافرەتانە(ی حەلالن) ﴿فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ ئەوا مارەیی یەکەیان پێ بدەن کەفەرزکراوە لەسەرتان ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ تاوانتان لەسەر نی یە ﴿فِيمَا تَرَٰضَيْتُم بِهِۦ﴾ لەوەی کە لەسەری پێک هاتن (لەگەڵ ژنەکانتان دا لەکەمکردنەوەی مارەیی) ﴿مِنۢ بَعْدِ ٱلْفَرِيضَةِ﴾ لە پاش دیاریکردنی مارەیی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ بەڕاستی خودا هەمیشە زانای کاردروستە ﴿٢٤﴾ ﴿وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا﴾ وە ئەوەی لە ئێوە نەیتوانی لەبەر هەژاری ﴿أَن يَنكِحَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ کە ئافرەتانی ئازادی ئیماندار مارەبکات ﴿فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم﴾ ئەوە با لەوانە مارە بکات کەبوونەتە مولکتان ﴿مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ لە کەنیزەکە ئیمانداەکانتان ﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِكُم﴾ وە خوا زاناترە بەباوەڕەکەتان ﴿بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ﴾ هەندێکتان لەهەندێکی ترتانن (هەمووتان نەوەی ئادەمن) ﴿فَٱنكِحُوهُنَّ﴾ لەبەرئەوەمارەیان بکەن ﴿بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ﴾ بەڕەزامەندی کەسوکاریان ﴿وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ و مارەیی یەکەیان پێ بدەن ﴿بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ بەشێوازێکی چاک ﴿مُحْصَنَٰتٍ غَيْرَ مُسَٰفِحَٰتٍ﴾ لەکاتێکدا ئەو کەنیزەکانە پاک داوێن بن داوێن پیس (و زیناکاری بەئاشکرا) نەبن ﴿وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخْدَانٍ﴾ و دۆستیان نەبێ (بەنهێنی بۆ زینا کردن) ﴿فَإِذَآ أُحْصِنَّ﴾ جا ئەگەر ئەو (کەنیزەکانە) شوویان کرد ﴿فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ﴾ پاشان خراپەیەکی ئاشکرایان کرد (زینا) ﴿فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ﴾ ئەوە نیوەی سزای ئافرەتە ئازادەکانیان لەسەرە(لێیان بدرێت کە پەنجا جەلدە) ﴿ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ ٱلْعَنَتَ مِنكُمْ﴾ ئەو (مارەکردنی کەنیزەکە) بۆ کەسێکە لەئێوە لە تاوان کردن (زینا) بترسێ ﴿وَأَن تَصْبِرُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ بەڵام ئەگەر ئارام بگرن (و کەنیزەک مارە نەکەن) چاکترە بۆتان ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ خوا لێبوردەی بەبەزەیی یە ﴿٢٥﴾ ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ خوا دەیەوێت ﴿لِيُبَيِّنَ لَكُمْ﴾ بۆتان ڕوون بکاتەوە ﴿وَيَهْدِيَكُمْ﴾ وە ڕێنمووتان بکات ﴿سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ بۆ ڕێ وشوێنی ئەوانەی لە پێش ئێوەوە بوون (لەخواناسان) ﴿وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ﴾ و لێتان خۆش ببێت ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای کاردروستە ﴿٢٦﴾

﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ﴾ وەخوا دەیەوێت ﴿أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ﴾ کەلێتان ببوورێت ﴿وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ﴾ بەلام ئەیانەوێت ئەوانەش ﴿يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ﴾ کەشوێن ئارەزو و هەواو هەوەسەکانیان کەوتوون ﴿أَن تَمِيلُوا۟﴾ کە لاتان بدەن ﴿مَيْلًا عَظِيمًا﴾ بەلادانێکی گەورە ﴿٢٧﴾ ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ خوا دەیەوێت ﴿أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ﴾ کەئەرکتان لەسەر سووک بکات ﴿وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا﴾ چونکەئادەمی بە لاواز دروست کراوە ﴿٢٨﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم﴾ سامانی یەکتری مەخۆن ﴿بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ﴾ لەنێواتاندا بەناڕەوا ﴿إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً﴾ مەگەر بازرگانی یەک بێت ﴿عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾ بەڕەزامەندی لەنێوان خۆتان دا ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ﴾ وە خۆتان مەکوژن(یان خۆتان مەفەوتێنن بەتاوان) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ بەڕاستی خواهەمیشە بەبەزەیی یە پێتان ﴿٢٩﴾ ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ وە هەرکەسێک ئەوە بکات(واتە یەکێک بکوژێت) ﴿عُدْوَٰنًا وَظُلْمًا﴾ بەدەست دڕێژی و ستەم ﴿فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا﴾ ئەو لەمەودوا دەیخەینە ناو ئاگرەوە ﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا﴾ وە ئەوەش هەمیشە بۆ خوا ئاسانە ﴿٣٠﴾ ﴿إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ﴾ ئەگەر دوور بکەونەوە لەو تاوانە گەورانەی کەلێتان قەدەغەکراوە ﴿نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾ ئەوە تاوانە بچووکەکانتان بۆ دەپۆشین ﴿وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا﴾ وە دەتانخەینە شوێنێکی چاک و ڕێزدارەوە ﴿٣١﴾ ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا۟﴾ وە ئاوات مەخوازن ﴿مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ بۆ ئەو پلەیەی کە خوا فەزڵی هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکی ترتاندا ﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ﴾ بۆ پیاوان بەش هەیە ﴿مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟﴾ لەوەی بەدەستی ئەهێنن ﴿وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ﴾ وە بۆ ئافرەتانیش بەش هەیە ﴿مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ﴾ لەوەی بەدەستی ئەهێنن ﴿وَسْـَٔلُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە داوا لەخوا بکەن ﴿مِن فَضْلِهِۦٓ﴾ لەبەهرەو بەخششی خۆی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە بەهەموو شتێک زانایە ﴿٣٢﴾ ﴿وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا﴾ وە دامان ناوە بۆ هەموو (مردوویەک یان میراتێک) ﴿مَّوَٰلِىَ﴾ چەند میرات گرێک(کە بەشێ ئەگرن) ﴿مِمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ﴾ لەوەی کە دایک و باوک و خزمانیان بەجێیان هێشتووە ﴿وَٱلَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَٰنُكُمْ﴾ وە ئەوانەش کەپەیمانتان لەگەڵ گرێ داون (کە میرات لەیەکتر بەرن) ﴿فَـَٔاتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ﴾ ئەوە بەشی خۆیانیان بدەنێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارو چاودێرە ﴿٣٣﴾

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ﴾ پیاوان سەرپەرشتیارن (کاربەدەستن) بەسەر ئافرەتانەوە ﴿بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ﴾ بەهۆی ئەوەوە خوا فەزڵی هەندێکیانی داوە ﴿عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ بەسەر هەندێکیاندا ﴿وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ﴾ هەروەها بەهۆی ئەوەی کە (پیاوان) لەسامانەکانیان خەرج دەکەن ﴿فَٱلصَّٰلِحَٰتُ﴾ جا ئافرەتە چاکەکان (ئەوانەن) ﴿قَٰنِتَٰتٌ﴾ گوێرایەڵانی بەردەوام (بۆ خواو پاشان مێردەکانیان) ﴿حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ﴾ پارێزەرانی (داوێنی خۆیان وسامانی مێردەکانیانن) کە مێردەکانیان لەماڵەوە نەبن ﴿بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ﴾ بەهۆی ئەوەی خوا فەرمانی پاراستنی داوە ﴿وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ﴾ وەئەو ئافرەتانەش کەئێوە دەترسن ﴿نُشُوزَهُنَّ﴾ سەرپێچیتان بکەن ﴿فَعِظُوهُنَّ﴾ ئەوە ئامۆژگاریان بکەن ﴿وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ﴾ و جێگەیان لێ جیابکەنەوە (و لەگەڵیان مەخەون) ﴿وَٱضْرِبُوهُنَّ﴾ و لێیان بدەن (لێدانێك کەلەشی عەیب دار نەکات) ﴿فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ﴾ جا ئەگەر گوێرایەڵیان کردن ﴿فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا﴾ ئەوە ئیتر هیچ رێگەیەك لەدژیان مەگرنەبەر ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە بەرز وبڵندی گەورەیە ﴿٣٤﴾ ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ﴾ وە ئەگەر ترسان ﴿شِقَاقَ بَيْنِهِمَا﴾ لە تێکچونی نێوانیان (ژن و مێرد) ﴿فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ﴾ ئەوە ناوبژیوانێك بنێرن لەخزمی پیاوەکە ﴿وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ﴾ و ناو بژیوانێك لە خزمی ئافرەتەکە ﴿إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا﴾ ئەگەر (دوو ناوبژیوانەکە) ئاشتییان بوێت ﴿يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ﴾ خوا نێوان ژن و مێردەکە چاك دەکاتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە زانای ئاگادارە ﴿٣٥﴾ ﴿وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ بەس خوا بپەرستن، ﴿وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ و هیچ شتێك مەکەن بەهاوبەشی ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾ هەروەها لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاك بن ﴿وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ وە لەگەڵ خزم و نزیکان ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ و هەتیوان ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾ و هەژاران ﴿وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ وهاوسێی خزم ﴿وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ﴾ و هاوسێی بێگانە یا دوور ﴿وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ﴾ و هاوڕێی هەمیشەیی یا هاوڕێی سەفەر ﴿وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ و ڕێبوار ﴿وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ﴾ و ئەوانەی بوون بەمولکتان (چاك بن لەگەڵیاندا) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ﴾ بەڕاستی خوا خۆشی ناوێت ﴿مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا﴾ ئەو کەسەی کە خۆ بەزل زان و شانازیکەر بێت ﴿٣٦﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ﴾ ئەوانەی کە چرووکن ﴿وَيَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبُخْلِ﴾ فەرمانیش دەکەن بەخەڵکی بەچرووکی ﴿وَيَكْتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾ وە دەیشارنەوە ئەوەی خوا پێی بەخشیوون ﴿مِن فَضْلِهِۦ﴾ لە بەخششی خۆی ﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا﴾ وە ئامادەمان کردوە بۆ بێباوەڕان سزایەکی ڕیسواکەر ﴿٣٧﴾

﴿وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ﴾ وە ئەوانەی مالّەکانیان دەبەخشن ﴿رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾ لەبەر ڕوپامایی خەڵکی ﴿وَلَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ باوەڕیش ناهێنن نەبەخوا ﴿وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ و نەبەڕۆژی دوایی ﴿وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيْطَٰنُ لَهُۥ قَرِينًا﴾ وە هەرکەس شەیتان هاوڕێی بێت ﴿فَسَآءَ قَرِينًا﴾ ئەوە (شەیتان) هاوڕێیەکی زۆر خراپە ﴿٣٨﴾ ﴿وَمَاذَا عَلَيْهِمْ﴾ وە ئەوانە چ زیانێکیان دەکەوتە سەر؟ ﴿لَوْ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ ئەگەر باوەڕیان بهێنایە بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ وە بەڕۆژی دوایی ﴿وَأَنفَقُوا۟﴾ وەبیان بەخشی یایە ﴿مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ﴾ لەوەی کەخوا پێ ی بەخشیبوون ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمْ عَلِيمًا﴾ وەخوا هەمیشە زانایە پێیان ﴿٣٩﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ بەڕاستی خوا بە ئەندازەی گەردیلەیەک ستەم ناکات ﴿وَإِن تَكُ حَسَنَةً﴾ وە ئەگەر چاکەیەک هەبێت ﴿يُضَٰعِفْهَا﴾ (خودا) پاداشتەکەی چەندجارە دەکاتەوە ﴿وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ﴾ وەدەیبەخشێت لەلایەن خۆیەوە ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتێکی گەورە ﴿٤٠﴾ ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا﴾ ئەمجا (حاڵی کافران) چۆن بێت کاتێك هێنامان ﴿مِن كُلِّ أُمَّةٍۭ بِشَهِيدٍ﴾ لە هەموو ئومەتێکدا شایەتێك (کە پێغەمبەرەکەیانە) ﴿وَجِئْنَا بِكَ﴾ تۆیشمان هێنا (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا﴾ بەشایەت بەسەر ئائەوانەوە ﴿٤١﴾ ﴿يَوْمَئِذٍ﴾ لەو ڕۆژەدا ﴿يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَعَصَوُا۟ ٱلرَّسُولَ﴾ ئاوات دەخوازن ئەوانەی کافر بوون و سەرپێچی پێغەمبەریان کرد ﴿لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلْأَرْضُ﴾ کە زەویان بەسەردا تەخت بکرێت (واتە بخرێنە ژێر زەوی و نەهێنرێنە دەرەوە) ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا﴾ وە(لەو ڕۆژەدا) هیچ قسەو باسێك لەخوا ناشارنەوە ﴿٤٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کەبڕواتان هێناوە ﴿لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ﴾ نزیکی نوێژ مەبنەوە کاتێك ئێوە سەرخۆش بن ﴿حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ﴾ هەتا بزانن چی دەڵێن ﴿وَلَا جُنُبًا﴾ وەهەروەها نزیکی (جێگای) نوێژ مەبنەوە لەکاتێکدا لەشتان پێ نوێژە (لەشتان پیسە) ﴿إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ﴾ مەگەر تێپەڕبن (بەمزگەوتدا) ﴿حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا۟﴾ هەتا خۆتان دەشۆن ﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ﴾ وە ئەگەر ئێوە نەخۆش بوون ﴿أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ یان لەسەفەردا بوون ﴿أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم﴾ یان کەسێك لەئێوە هاتەوە ﴿مِّنَ ٱلْغَآئِطِ﴾ لەشوێنی دەست بەئاو گەیاندنەوە ﴿أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ یان جووت بوون لەگەڵ خێزانەکانتاندا (یالە یەک کەوتن لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەمدا) ﴿فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً﴾ ئەمجا ئاوتان دەست نەکەوت ﴿فَتَيَمَّمُوا۟ صَعِيدًا طَيِّبًا﴾ ئەوە بەخۆڵێکی پاك تەیەمووم بکەن ﴿فَٱمْسَحُوا۟ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ﴾ جا بەو تۆزو خۆڵە ڕووخسار و دەستەکانتان تەیەموم بکەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە سڕەڕەوەی تاوانە و لێبووردەیە ﴿٤٣﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا سەیری ئەوانەت نەکردووە ﴿أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ کە بەشێك لەنامەکەیان پێ دراوە (کە تەورات) ﴿يَشْتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ﴾ گومڕایی هەڵدەبژێرن (دەکەن) ﴿وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ﴾ وە دەیانەوێت ئێوەش لەڕێبازی ڕاست گومڕابن ﴿٤٤﴾

﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِأَعۡدَآئِكُمۡۚ﴾ وەتەنها خوا چاك ئاگاداره بەدوژمنەکانتان ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيّٗا﴾ وە تەنها خوا بەسە دۆست بێت ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرٗا﴾ تەنها خواش بەسە یاریدەدەر بێت ﴿٤٥﴾ ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾ هەندێك لە جوولەکەکان ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾ فەرموودەکانی خوا دەگۆڕن لەشوێن و مەبەستی خۆی ﴿وَيَقُولُونَ سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا﴾ وە دەڵێن: بیستمان و سەرپێچیمان کرد!! ﴿وَٱسۡمَعۡ غَيۡرَ مُسۡمَعٖ﴾ گوێ بگرە قەت گوێت لێ نەبێ!! ﴿وَرَٰعِنَا﴾ وە دەڵێن (راعنا) چاك گوێمان بۆ بگرە (بەڵام بەزمانی جوولەکە واتە تۆ خراپترینمانی ئەوان ئەم مانایان مەبەست بوو) ﴿لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ﴾ دەمیان خوار دەکردەوە (بۆ ئەوەی مەبەستە خراپەکە بگەیەنێت) ﴿وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ﴾ وە بۆتانەو تەشەردان لەئایینی (ئیسلام) ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ قَالُواْ﴾ وە ئەگەر ئەوان بیان ووتایە ﴿سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا﴾ بیستمان و گوێرایەڵین ﴿وَٱسۡمَعۡ وَٱنظُرۡنَا﴾ و (قسەمان) ببیستەو پەلەمان لێ مەکە ﴿لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَقۡوَمَ﴾ ئەوە چاکترو ڕاست تر بوو بۆیان ﴿وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ﴾ بەڵام خوا نەفرینی لێ کردن ﴿بِكُفۡرِهِمۡ﴾ بەهۆی بێ باوەڕییەکەیانەوە ﴿فَلَا يُؤۡمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا﴾ بۆیە بڕوا ناهێنن کەمێکیان نەبێت ﴿٤٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ﴾ ئەی ئەوانەی ﴿أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ کەنامەتان پێ بەخشراوە ﴿ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا﴾ بڕوا بهێنن بەو (قورئانە)ی ناردوومانەتە خوارەوە ﴿مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُم﴾ کە بەڕاست دانەری ئەو(تەوراتە)ی ئێوەیە ﴿مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهٗا﴾ پێش ئەوەی ڕوخسارانێك ساف بکەین (لەپێشەوە) ﴿فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ﴾ ئەمجا بیبەینە پشت سەریان ﴿أَوۡ نَلۡعَنَهُمۡ﴾ یان نەفرەتیان لێ بکەین ﴿كَمَا لَعَنَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلسَّبۡتِۚ﴾ وەك چۆن نەفرەتمان کرد لە خەڵکانی شەممە (ئەوانەی کەڕاوە ماسییان لێ قەدەغە کرا لە ڕۆژی شەممەدا کەچی دەهاتن لەڕۆژی هەینیدا تۆڕەکانیان دادەخست و ڕۆژی یەك شەممە هەڵیان دەگرتەوە) ﴿وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولٗا﴾ وەبڕیاری خوا هەمیشە بەدی دێت ﴿٤٧﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ﴾ خۆش نابێت گەر هاوبەشی بۆ دابنرێ بێجگە لەوە خۆش ئەبێت لەهەر گوناهێکی تر ﴿لِمَن يَشَآءُۚ﴾ بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت، ﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ﴾ وە هەرکەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێت ﴿فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا﴾ ئەوە بێگومان گوناهێکی زۆر گەورەی هەڵبەستووە ﴿٤٨﴾ ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا سەیری ئەوانەت نەکردووە ﴿يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم﴾ کەخۆیان بەپاك و چاك دەزانن ﴿بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ﴾ (وانی یە) بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت پاك و خاوێنی دەکات ﴿وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا﴾ و کەمترین ستەمیان لێ ناکرێت (بابەئەندازەی ئەو دەزوە باریکەی ناوکی خورماش بێت) ﴿٤٩﴾ ﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ﴾ سەیری بکە چۆن ﴿يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ﴾ بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن ﴿وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثۡمٗا مُّبِينًا﴾ وە بەسە ئەو درۆیەکە گوناهێکی ڕوون و ئاشکرایە ﴿٥٠﴾ ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە لەوانەی ﴿أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ بەشێك لەنامەی خوایان پێدراوە ﴿يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ﴾ بڕوا ئەهێنن بەشتی بێ نرخ و بەرنامەی غەیری خوا (بە جادوو گەران و بەشەیتان) ﴿وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ وە ئەڵێن بەوانەی کەبێ بڕوان ﴿هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ﴾ ئەوانە ڕێبازیان ڕاستترە ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا﴾ لەوانەی کەباوەڕیان هێناوە ﴿٥١﴾

﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ﴾ ئا ئەوانە کەسانێکن کە خوا نەفرینی لێ کردوون ﴿وَمَن يَلْعَنِ اللَّهُ﴾ هەر کەسێکیش خوا نەفرینی لێ بکات ﴿فَلَن تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا﴾ ئەوە هەرگیز دەست ناکەوێت بۆی هیچ یارمەتی دەرێ ﴿٥٢﴾ ﴿أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ﴾ ئایا ئەوانە (جوولەکەکان) بەشیان هەیە ﴿مِّنَ الْمُلْكِ﴾ لە دەسەلاتی پاشایەتی (خاوەنێتی بوونەوەر)؟ ﴿فَإِذًا لَّا يُؤْتُونَ النَّاسَ نَقِيرًا﴾ (جا ئەگەر بیانبوایە) ئەو کاتە بەخەڵکی یان نەدەبەخشی (بە ئەندازەی) تۆپکڵی دەنکە خورمایەك ﴿٥٣﴾ ﴿أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ﴾ یان ئێرەیی (حەسوودی) دەبەن بەخەڵکی؟ ﴿عَلَىٰ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ﴾ لەسەر ئەوەی خوا پێی بەخشیوون (کە پێغەمبەرێتی یە) ﴿مِن فَضْلِهِ﴾ لە فەزڵ و بەهرەی خۆی ﴿فَقَدْ آتَيْنَا﴾ ئەوە بێگومان داومانە ﴿آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ﴾ بەئەوەی ئیبراهیم کتێب ﴿وَالْحِكْمَةَ﴾ و پێغەمبەرێتی ﴿وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا﴾ هەروەها پێمان بەخشین دەسەلاتێکی گەورە ﴿٥٤﴾ ﴿فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ بِهِ﴾ جالەو خەڵکەدا هەبوو بڕوایان بە (موحەممەد ﷺ) هێنا ﴿وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُ﴾ هەشیان بوو بەرگری لێ کردووە ﴿وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا﴾ وە دۆزەخ بەسە (بۆیان) کە ئاگرێکی هەڵگیرساوە ﴿٥٥﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ بڕوا بوون ﴿بِآيَاتِنَا﴾ بە ئایەتەکانی ئێمە ﴿سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا﴾ لەمەوڵا دەیانخەینە ناو ئاگرێك ﴿كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم﴾ هەر کاتێك کە پێستیان سووتا (وبرژا) ﴿بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا﴾ بۆیان دەگۆڕێن بەپێستێکی تر ﴿لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ بۆ ئەوەی سزاکە (بەچاکی) بچەژن ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە زاڵی کار دروستە ﴿٥٦﴾ ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێنا ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ و کاری چاکەیان کرد ﴿سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ﴾ لەمەوڵا دەیانخەینە چەند بەهەشتێ ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ کە ڕووبارەکان دەچن بەژێریاندا ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ دەمێننەوە تیایدا بەهەمیشەیی ﴿لَّهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ﴾ بۆیان هەیە تیایدا هاوسەرانی پاك وخاوێن ﴿وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا﴾ وە دەیانخەینەژێر سێبەری چڕو بەردەوامەوە ﴿٥٧﴾ ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ﴾ بەڕاستی خوا فەرمانتان پێ دەکات ﴿أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ﴾ بەدانەوەی گشت سپاردەکان ﴿إِلَىٰ أَهْلِهَا﴾ بۆ خاوەنەکانیان ﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ﴾ وە کاتێك دادوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا ﴿أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ (خودا فەرمان دەکات) بەداد حوکم بکەن ﴿إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ﴾ بەڕاستی خوا بە چاکی ئامۆژگاریتان دەکات ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە بیسەری بینایە ﴿٥٨﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی کەسانێك کەباوەڕتان هێناوە ﴿أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن ﴿وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ﴾ وە پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستە (عادیلە)کانی خۆتان بن ﴿فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ﴾ جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لە شتێکدا ﴿فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر ﷺ ﴿إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخوا ﴿وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ و بەڕۆژی دوایی ﴿ذَٰلِكَ خَيْرٌ﴾ ئەوە باشترە ﴿وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ وە ئاکام و ئەنجامی چاکترە ﴿٥٩﴾

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی ﴿يَزْعُمُونَ﴾ وا خۆ نیشان دەدەن ﴿أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟﴾ کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە ﴿بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ بەوەی دابەزیوە بۆتۆ (کە قورئانە) ﴿وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ و بەوەش کە پێش تۆ دابەزیوە (کە تەوراتە) ﴿يُرِيدُونَ أَن﴾ دەیانەوێت کە ﴿يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ﴾ دادگای وحومکیان ببەن بۆلای یەکێک کە حوکم بەبەرنامەی خوا ناکات ﴿وَقَدْ أُمِرُوٓا۟﴾ لە کاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێ کراوە ﴿أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ﴾ کە بڕوایان پێی نەبێت ﴿وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ وە شەیتان دەیەوێت ﴿أَن يُضِلَّهُمْ﴾ کە گومڕایان بکات ﴿ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾ بەگومڕاییەکی دوور لە ڕاستی ﴿٦٠﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟﴾ وە ئەگەر پێیان بوترێت : وەرن ﴿إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بۆلای ئەوەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿وَإِلَى ٱلرَّسُولِ﴾ وە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ﴿رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ دەبینی (ئەی موحەممەد ﷺ) دوو ڕووەکان ﴿يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا﴾ ڕووت لێ وەردەگێڕن بەوەڕگەڕانێکی تەواو ﴿٦١﴾ ﴿فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ﴾ ئایا حاڵیان چۆن ئەبێت کاتێک بەسەرهاتێکی ناخۆشیان تووش بێت؟ ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ بەهۆی ئەوەی دەستیان پێشی خستووە (کردوویانە) ﴿ثُمَّ جَآءُوكَ﴾ پاشان دێنەوە بۆ لات ﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ﴾ و سوێند دەخۆن بەخوا ﴿إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا﴾ تەنها نیازی چاکە و یەک خستنەوەمان بووە (کاتێک کە حوکم دەبەین بۆلای غەیری خوا) ﴿٦٢﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِى قُلُوبِهِمْ﴾ ئەوانە کەسانێکن خوا دەزانێت چی لە دڵیاندا هەیە ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ کەواتە ڕوویان لێ وەرگێڕە ﴿وَعِظْهُمْ﴾ وە ئامۆژگاریان بکە ﴿وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ وە بڵێ پێیان دەربارەی خۆیان ﴿قَوْلًۢا بَلِيغًا﴾ ووتەیەکی ڕەوان و کاریگەر ﴿٦٣﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ﴾ وە هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە ﴿إِلَّا لِيُطَاعَ﴾ تەنها بۆ ئەوە نەبێت گوێڕایەڵی بکرێت ﴿بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ بەفەرمانی خوا ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ﴾ وە بێگومان ئەگەر ئەوان ﴿إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ کاتێک ستەمیان لەنەفسی خۆیان کرد ﴿جَآءُوكَ﴾ بهاتنایە بۆلات ﴿فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ﴾ و داوای لێ بوردونیان بکردایە لە خوا ﴿وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ﴾ پێغەمبەریش داوای لێ خۆش بوونی بۆ بکردنایە ﴿لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾ بێگومان دەیان بینی خوا پەشیمانی وەرگری بەبەزەیی ﴿٦٤﴾ ﴿فَلَا وَرَبِّكَ﴾ نەخێر (وانی یە کەخۆیان بە باوەڕدار نیشان دەدەن) سوێند بەپەروەردگارت ﴿لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ﴾ بڕوا دارنین تاتۆ نەکەنە دادوەر ﴿فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾ لەهەر ناژاوە و دووبەرەکی یەکی نێوانیان دا ﴿ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ لە پاشان هەست نەکەن لە دەرونیاندا ﴿حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ﴾ بەهیچ بێزارییەک لەو بڕیارەی تۆ داوتە ﴿وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا﴾ و مل کەچ نەبن بەملکەچی یەکی تەواو ﴿٦٥﴾

﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ﴾ وە بێگومان ئەگەر ئێمە پێویستمان بکردایە لەسەریان ﴿أَنِ اقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ﴾ کە یەکتری بکوژن (واتە باوەڕداران بێ باوەڕان بکوژن) ﴿أَوِ اخْرُجُوا مِنْ دِيَارِكُمْ﴾ یان لەماڵەکانتان دەربچن ﴿مَا فَعَلُوهُ﴾ ئەوەیان نەدەکرد ﴿إِلَّا قَلِيلٌ مِنْهُمْ﴾ کەمێکیان نەبێت ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا﴾ وە ئەگەر بەڕاستی ئەوان کاریان بکردایە ﴿مَا يُوعَظُونَ بِهِ﴾ بە پێی ئەو ئامۆژگارییانەی دەکران ﴿لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ﴾ ئەوە باشتر بوو بۆیان ﴿وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا﴾ وە دامەزراوتر دەبوون (لەسەر ئایینەکەیان) ﴿٦٦﴾ ﴿وَإِذًا لَآتَيْنَاهُمْ﴾ جا ئەو کاتە بێگومان پێمان دەبەخشین ﴿مِنْ لَدُنَّا﴾ لەلایەن خۆمانەوە ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتێکی گەورە ﴿٦٧﴾ ﴿وَلَهَدَيْنَاهُمْ﴾ وە ڕێنموونیمان دەکردن ﴿صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿٦٨﴾ ﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ﴾ وەهەر کەسێک گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بکات ﴿فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ﴾ جا ئەوانە لەگەڵ کەسانێکن ﴿أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾ کە خوا فەزڵ و بەهرەی (خۆی) ڕشتووە بەسەریاندا ﴿مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ﴾ لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان ﴿وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ﴾ و شەهیدان و پیاوچاکان ﴿وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا﴾ وە ئەوانە چ هاوڕێ و هاوەڵێکی چاکن ﴿٦٩﴾ ﴿ذَلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللَّهِ﴾ ئەو فەزڵ و بەهرەیە تەنها لەلایەن خواوەیە ﴿وَكَفَى بِاللَّهِ عَلِيمًا﴾ وە بەسە کە خوا زانایە (بەهەموو شتێک) ﴿٧٠﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی کەسانێک کە باوەڕتان هێناوە ﴿خُذُوا حِذْرَكُمْ﴾ ئاگاداریی خۆتان وەرگرن ﴿فَانْفِرُوا ثُبَاتٍ﴾ ئەوسا ئاقم ئاقم هێرش بەرن (دەرچن بۆ جیهاد) ﴿أَوِ انْفِرُوا جَمِيعًا﴾ یان هەموو پێکەوە هێرش بەرن (دەرچن بۆ جیهاد) ﴿٧١﴾ ﴿وَإِنَّ مِنْكُمْ﴾ وە بێگومان لە ناوتاندایە ﴿لَمَنْ لَيُبَطِّئَنَّ﴾ کەسی وا بەڕاستی خۆی دوا دەخات ﴿فَإِنْ أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ﴾ جا ئەگەر تووشی بەسەرهاتێکی خراپ هاتن ﴿قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيَّ﴾ دەڵێت بەڕاستی خوا فەزڵ و بەهرەی ڕشت بەسەرمدا ﴿إِذْ لَمْ أَكُنْ مَعَهُمْ شَهِيدًا﴾ کە لەگەڵیاندا ئامادە نەبووم ﴿٧٢﴾ ﴿وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِنَ اللَّهِ﴾ وە ئەگەر تووشی فەزڵ و بەهرەیەک بوون لەخواوە ﴿لَيَقُولَنَّ كَأَنْ لَمْ تَكُنْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ﴾ بێگومان دەڵێت وەک لەنێوان ئێوە و ئەوا هیچ دۆستایەتی یەک نەبوو بێت ﴿يَا لَيْتَنِي كُنْتُ مَعَهُمْ﴾ ئەی خۆزگە لەگەڵ ئەواندا بوومایە ﴿فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ تا قازانجێکی زۆر گەورەم بکردایە ﴿٧٣﴾ ﴿فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ کەواتە با بجەنگێت لەڕێی خوادا ﴿الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ﴾ کەسانێک کە ژیانی دونیا دەفرۆشن بەڕۆژی دوایی ﴿وَمَنْ يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ جا هەر کەسێک بجەنگێت لەڕێی خوادا ﴿فَيُقْتَلْ﴾ ئەمجا بکوژرێ (شەهید ببێت) ﴿أَوْ يَغْلِبْ﴾ یان زاڵ ببێت ﴿فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ﴾ ئەوە دواتر پێی دەدەین ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتێکی گەورە ﴿٧٤﴾

﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ئەوە چیتانە (بەچ بیانوویەك) جەنگ ناكەن لەپێناوی خواد ﴿وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ﴾ و لەپێناوی چەوساوەكان لەپیاوان و ئافرەتان و منداڵان ﴿الَّذِينَ يَقُولُونَ﴾ ئەوانەی كە دەڵێن ﴿رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ الْقَرْيَةِ﴾ ئەی پەروەردگارمان رزگارمان كەی لەم شارە (مەبەست پێی شاری مەككەیە) ﴿الظَّالِمِ أَهْلُهَا﴾ كە خەڵكەكەی ستەمكارن ﴿وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا﴾ وە لەلایەن خۆتەوە پشتیوانێكمان بۆ بەدی بهێنە ﴿وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ﴾ وە لەلایەن خۆتەوە بەدی بهێنە بۆمان ﴿نَصِيرًا﴾ یارمەتی دەرێك ﴿٧٥﴾ ﴿الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەو كەسانەی باوەڕیان هێناوە ﴿يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لەپێناوی خوادا دەجەنگێن ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕن ﴿يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ﴾ لە پێناوی ناڕەوا (یان شەیتان) دا دەجەنگێن ﴿فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ﴾ كەواتە شەڕبكەن لە گەڵ دۆستەكانی شەیتاندا ﴿إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا﴾ بەڕاستی پیلانی شەیتان هەر لاواز بووە ﴿٧٦﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ﴾ ئایا سەیری ئەو كەسانەت نەكردووە كەپێیان ووترا ﴿كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ﴾ دەستان بگێڕنەوە (لەجەنگ و كوشتار) ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ و نوێژ بكەن ﴿وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ و زەكات بدەن؟ ﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ﴾ كەچی كاتێك جەنگیان لەسەر پێویست كرا ﴿إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ﴾ یەكسەر دەستەیەكیان لە خەڵكی دەترسان ﴿كَخَشْيَةِ اللَّهِ﴾ وەك ترسان لەخودا ﴿أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً﴾ بگرە زیاتریش دەترسان ﴿وَقَالُوا رَبَّنَا﴾ دەیان ووت ئەی پەروەردگاری ئێمە ﴿لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ﴾ بۆچی جەنگت لەسەرمان پێویست كردوە. ﴿لَوْلَا أَخَّرْتَنَا إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ﴾ خۆزگە دوات دەخستین (لەجەنگ كردن) بۆ ماوەیەكی كەم ﴿قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ﴾ بڵێ خۆشی و لەزەتی دونیا زۆر كەمە ﴿وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ﴾ و پۆژی دوایی باشترە ﴿لِّمَنِ اتَّقَىٰ﴾ بۆ كەسێك لەخوا بترسێت ﴿وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا﴾ وەستەمتان لێ ناكرێت بە(ئەندازەی) تاڵی ناوكە خورمایەك ﴿٧٧﴾ ﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا﴾ لەهەرشوێنێك بن ﴿يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ﴾ مردن پێتان دەگات ﴿وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ﴾ بالەناو قەڵا و كۆشكی بەرزو قایمشدابن ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ﴾ وە ئەگەر (ناپاكان) خۆشی و چاكە هاتە ڕێیان ﴿يَقُولُوا هَٰذِهِ مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ دەڵێن ئەمە لەلایەن خواوەیە ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ﴾ وە ئەگەر تووشی نا خۆشی و خراپەیەك هاتن ﴿يَقُولُوا هَٰذِهِ مِنْ عِندِكَ﴾ دەڵێن ئەمە لەلایەن تۆوەیە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ اللَّهِ﴾ بڵێ: هەمووی لەلایەن خواوەیە ﴿فَمَالِ هَٰؤُلَاءِ الْقَوْمِ﴾ ئەوە ئەو خەڵكە چی یانە؟ ﴿لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا﴾ وەكو لە هیچ قسەیەك تێ نەگەن وایە ﴿٧٨﴾ ﴿مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ﴾ هەر چاكەیەكت تووش بوو ئەوە لەخواوەیە ﴿وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ﴾ وە هەر خراپەیەكت تووش بوو ﴿فَمِن نَّفْسِكَ﴾ ئەوە لە خۆتەوەیە ﴿وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا﴾ و ئێمە تۆمان ناردووە بەپێغەمبەر بۆخەڵكی ﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ وە خوا بەسە شایەتی ئەوە بدات ﴿٧٩﴾

﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ﴾ هەر کەسێك گوێرایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکات ﴿فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ﴾ ئەوە بەڕاستی گوێرایەڵی خوای کردووە ﴿وَمَن تَوَلَّىٰ﴾ هەرکەسێکیش پشت هەڵبکات ﴿فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ﴾ ئەوە ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە ﴿عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ بە چاودێر و پارێزەر بەسەریانەوە ﴿٨٠﴾ ﴿وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ﴾ (دووڕوەکان) دەڵێن گوێرایەڵین (مل کەچ و فەرمانبەردارین) ﴿فَإِذَا بَرَزُوا۟ مِنْ عِندِكَ﴾ بەڵام کاتێك لەلای تۆ دەرچوون ﴿بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ﴾ کۆمەڵێك لەوان شەو دەکەنەوە بەپیلان گێران (لەموسڵمانان) ﴿غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ﴾ بەپێچەوانەی قسەکانی تۆ ﴿وَٱللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ﴾ وەخوا دەینووسێت ئەو (پیلانانەی) شەو کردوویانە ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ کەواتە وازیان لێ بێنە ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ و پشت بەخوا ببەستە ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا﴾ خوا بەسە پشتیوانت بێ ﴿٨١﴾ ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ﴾ ئەوەبۆ بیر ناکەنەوە لەقورئان؟ ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ﴾ خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگەلە خوا ﴿لَوَجَدُوا۟ فِيهِ﴾ بێگومان دەیانبینی تێیدا ﴿ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا﴾ جیاوازیی زۆر ﴿٨٢﴾ ﴿وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ﴾ وە کاتێك هەواڵێکیان پێ بگات ﴿مِّنَ ٱلْأَمْنِ﴾ دەربارەی ئاسایش و هێمنایەتی (نیوانتان) ﴿أَوِ ٱلْخَوْفِ﴾ یان لەبارەی ترسەوە ﴿أَذَاعُوا۟ بِهِۦ﴾ بڵاوی دەکەنەوە ﴿وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ﴾ بەڵام ئەگەر بیانگەڕانایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ﴿وَإِلَىٰٓ أُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ﴾ و بۆ لای کاربەدەستانی خۆیان ﴿لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ﴾ ئەوە ئەوانەی ڕاستی هەواڵەکان دەردەهێنن دەزانن هەواڵەکە (ڕاستە یان درۆیە) ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ وە ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا نەبوایە بەرامبەر بەئێوە ﴿لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ بێگومان شوێن شەیتان دەکەوتن کەمێکتان نەبێت ﴿٨٣﴾ ﴿فَقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) لەپێناوی خوادا بجەنگێ ﴿لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ﴾ تۆ تەنها ئەرکی خۆت لێ داوا کراوە (یا تۆ تەنها ئەرکی خۆت لەسەرە) ﴿وَحَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ هانی بڕوادارانیش بدە (بۆ جیهاد) ﴿عَسَى ٱللَّهُ﴾ ئومێدە خوا ﴿أَن يَكُفَّ بَأْسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بەرگری هێزی بێ باوەڕان بکات ﴿وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأْسًا﴾ وە خوا بەهێزترە ﴿وَأَشَدُّ تَنكِيلًا﴾ و تۆڵەی بەتین ترە ﴿٨٤﴾ ﴿مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً﴾ هەرکەسێ تکایەکی چاکە بکات ﴿يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٌ مِّنْهَا﴾ بەشێکی لە(پاداشتی) ئەو چاکەیە بۆ هەیە ﴿وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً﴾ وە هەرکەسێ تکایەکی خراپە بکات ﴿يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا﴾ ئەویش بەشێکی دەبێت لە(سزای) ئەو خراپەیە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ﴾ وەخوا هەمیشە ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا﴾ بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە (چاودێرە) ﴿٨٥﴾ ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ﴾ هەر کاتێك سڵاوێکتان لێ کرا ﴿فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ﴾ ئەوە بەچاکتر لەو سڵاوە سڵاو بکەنەوە (لێیان) ﴿أَوْ رُدُّوهَا﴾ یان وەکو خۆی بیسەننەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا﴾ بێگومان خوا هەمیشە پرساو چاودێرە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٨٦﴾

﴿اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە جگە لەخوا ﴿لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان کۆتان دەکاتەوە بۆ (لێپرسینەوەی) ئەو ڕۆژی دواییەی ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە هیچ گومانی تێدا نیە ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا﴾ جا کێ لە خوا قسە(و بەڵێنی) ڕاست تر ﴿٨٧﴾ ﴿فَمَا لَكُمْ﴾ ئەوە چیتانە ﴿فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ﴾ دەربارەی دوو ڕووەکان بوونەتە دوو دەستە ﴿وَاللَّهُ أَرْكَسَهُمْ بِمَا كَسَبُوا﴾ لەکاتێکدا خوا ئەوانەی گەڕاندۆتەوە بۆ بێ باوەڕی بەهۆی کردەوەکانیانەوە ﴿أَتُرِيدُونَ﴾ ئایا دەتانەوێت ﴿أَنْ تَهْدُوا مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ﴾ ڕێنمووننی کەسێك بکەن کە خوا گومڕای کردووە؟ ﴿وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ﴾ وە هەر کەسێك خوا گومڕای بکات ﴿فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا﴾ ئەوە هەرگیز ناتوانی ڕێگای ڕاستی بۆ بدۆزیتەوە ﴿٨٨﴾ ﴿وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ﴾ ئەوان ئاواتە خوازن ئێوەش بێ باوەڕبن ﴿كَمَا كَفَرُوا﴾ وەك چۆن خۆیان بێ باوەڕ بوون ﴿فَتَكُونُونَ سَوَاءً﴾ تا ئێوەو ئەوان یەکسان بن ﴿فَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ أَوْلِيَاءَ﴾ کەواتە ئەوان بە دۆست و یارمەتی دەر هەڵمەبژێرن ﴿حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ هەتا (بەشیمان دەبنەوەو) کۆچ دەکەن لەڕێ ی خوادا ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا﴾ ئەمجا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو پشتیان هەلکرد ﴿فَخُذُوهُمْ﴾ ئەوە(بەدیل) بیانگرن ﴿وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ﴾ و بیانکوژن لەهەر شوێنێك تووشیان بوون ﴿وَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ وە هیچ دۆست و یارمەتی دەرێك لەوان هەڵمەبژێرن ﴿٨٩﴾ ﴿إِلَّا الَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوْمٍ﴾ جگە لەوانەی پەیوەندی دەکەن بە کەسانێکەوە ﴿بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ﴾ کە لەنێوان ئێوەو ئەواندا پەیمان هەیە ﴿أَوْ جَاءُوكُمْ حَصِرَتْ صُدُورُهُمْ﴾ یان هاتوون بۆ لاتان لەسەر دڵیان ناڕەحەتە (حەزناکەن) ﴿أَنْ يُقَاتِلُوكُمْ أَوْ يُقَاتِلُوا قَوْمَهُمْ﴾ لەوەی کە جەنگتان لەدژ بکەن یاجەنگ لەدژی خزمەکانیان بکەن ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ﴾ وە ئەگەر خوا بیویستایە ﴿لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ﴾ زاڵی دەکردن بەسەرتاندا ﴿فَلَقَاتَلُوكُمْ﴾ و جەنگیان دژتان دەکرد ﴿فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ﴾ جا ئەگەر ئەوان کەنارگیر بوون لە ئێوە ﴿فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ﴾ و جەنگیان لە دژتان نەدەکرد ﴿وَأَلْقَوْا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ﴾ و پێشنیاری ئاشتیان کرد بۆتان (مل کەج بوون) ﴿فَمَا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلًا﴾ ئەوە خوا ڕێگەی نەداوون کە دەستیان بۆ بەرن و (نابێ شەڕیان لەدژ بکەن) ﴿٩٠﴾ ﴿سَتَجِدُونَ آخَرِينَ﴾ لە مەولا کەسانێکی تر دەبینن ﴿يُرِيدُونَ أَنْ يَأْمَنُوكُمْ﴾ دەیانەوێت لەئێوە ئەمین بن ﴿وَيَأْمَنُوا قَوْمَهُمْ﴾ وە لە هۆزەکەی خۆشیان ئەمین بن ﴿كُلَّ مَا رُدُّوا إِلَى الْفِتْنَةِ﴾ هەر کاتێك بانگ کرابن بۆ بێ باوەڕی و بت پەرستی ﴿أُرْكِسُوا فِيهَا﴾ گەڕاونەتەوە بۆی (واتە بەئاشتی ڕازی نەدەبوون) ﴿فَإِنْ لَمْ يَعْتَزِلُوكُمْ﴾ جا ئەگەر کەنارگیر نەبوون لێتان ﴿وَيُلْقُوا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ﴾ وە جڵەوی ئاشتیان نەدایە دەستتان ﴿وَيَكُفُّوا أَيْدِيَهُمْ﴾ وە دەستیان نەکێشایەوە (لەجەنگ کردن) ﴿فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ﴾ ئەوە بەدیل بیانگرن و بیانکوژن ﴿حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ﴾ لەهەر شوێنێك کە بەردەستتان کەوتن ﴿وَأُولَٰئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ﴾ ئەوانەی (باسمان کرد) داومانەتە ئێوە ﴿عَلَيْهِمْ﴾ لەدژیان ﴿سُلْطَانًا مُبِينًا﴾ دەسەلاتی ئاشکرا ﴿٩١﴾

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا﴾ بـۆ هیچ باوەڕدارێك ڕەوانی یە باوەڕدارێك بکوژێت ﴿إِلَّا خَطَـًٔا﴾ مەگەر بەهەڵە نەبێت ﴿وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا﴾ وە هەر کەسێك ئیماندارێك بە هەڵە بکوژێت ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ﴾ ئەوە(لەسەریەتی) ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار ﴿وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ﴾ و (نرخی) خوێنبەکیش بدات بـە کـەس و کاری کوژراوەکە ﴿إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟﴾ مەگەر ببەخشـن (لە خوێنەکە بەخێری خۆیان) ﴿فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ﴾ بەڵام ئەگەر کوژراوەکە لە گەلێك بوو کە دوژمنتان بوون (کافری شەڕ کەر بوون) ﴿وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾ وە بەڵام کوژراوەکە ئیمانداربوو ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ﴾ ئەوە (هەر لەسەریەتی) ئازادکردنی بەندەیەکی ئیماندار ﴿وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ﴾ وە ئەگەر (کوژراوەباوەڕدارەکە) لە گەلێك بوو ﴿بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَـٰقٌ﴾ کە لەنێوان ئێوەوئەواندا پەیمان هەبوو ﴿فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ﴾ ئەوا(نرخی)خوێنبەك بدەنە کەسی کوژراوەکـە ﴿وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ﴾ لە گـەڵ ئازادکردنی کۆیلەیەکی ئیماندار ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ﴾ جا ئەو (بکوژ)ەی دەستی نەکەوت(یان نەی بـوو) ﴿فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ﴾ ئـەوە (لەسـەریەتی) ڕۆژوو گرتنی دوو مانگ ﴿مُتَتَابِعَيْنِ﴾ لەسـەریەك ﴿تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ﴾ (ئـەم بڕیارە)لـێ بوورەدنە لەلایەن خواوە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ وەخوا هەمیشـە زانـای کاردروستە ﴿٩٢﴾ ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا﴾ وەهەرکەسێك ئیماندارێك بەدەس ئەنقەس بکوژێت ﴿فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ﴾ ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە ﴿خَـٰلِدًا فِيهَا﴾ بە هەمیشەیی تیابـدا ئەبێت ﴿وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ﴾ وخوا خەشـمی لێگرتـووە ﴿وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ و نەفرینی لێ کردووەو سزایەکی گەورەی بۆئامادە کردووە ﴿٩٣﴾ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی کەسانێك کەبڕواتـان هێناوە ﴿إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ کاتێـك دەرچوون (بۆ جیهاد کـردن) لەڕێگەی خوادا ﴿فَتَبَيَّنُوا۟﴾ هەمـوو شـتێك ڕوون بکەنـەوە ﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَنْ﴾ وە نەڵێن بەو کەسـانەی ﴿أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ﴾ کـە سـڵاو(ی موسـڵمانانە)تان لـێ دەکەن ﴿لَسْتَ مُؤْمِنًا﴾ تـۆ بـڕوادار نیت؟ ﴿تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ بەدوای شـتوومەك و سـامانی دونیایدا بگەڕێن ﴿فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ﴾ ئەوە لای خوا دەسکەوتی زۆر هەیە ﴿كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ﴾ ئێوەش لەمەو پێش هەروەها بوون (ئیمانەکەتـان دەشـاردەوە) ﴿فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ﴾ ئەمجا خوا منەتی نا بەسـەرتاندا (بـە هێز و زاڵی کردن) ﴿فَتَبَيَّنُوٓا۟﴾ دەی کەواتە هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە ئاگادارە بەوەی ئێوە دەیکەن ﴿٩٤﴾

﴿لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ یەکسان نین ئەو باوەڕدارانەی دانیشتوون و جیهاد ناکەن ﴿غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ﴾ جگە لە خاوەن عوزرەکان نەبێت (وەک نەخۆش، و کوێر، وشەل) ﴿وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕێگەی خوادا ﴿بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ بەماڵ و گیانیان ﴿فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ خوا فەزڵی تێکۆشەران بە ماڵ و گیانیانی داوە ﴿عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً﴾ بە سەر دانیشتوان (لە جیهاد)دا بە پلەیەک ﴿وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ﴾ وە هەر یەک لەو دوو تاقمە خوا بەڵێنی پاداشتی زۆر چاکی پێی داوون (کە بەهەشتە). ﴿وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ وە خوا ڕێزی تێکۆشەرانی داوە بەسەر دانیشتووەکاندا بە پاداشتێکی گەورە ﴿٩٥﴾ ﴿دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً﴾ لەلای (خوا)وە پلەی زۆر و لێ خۆش بوون و میهرەبانیان بۆ هەیە ﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وە خوا هەمیشە لێبوردەی میهرەبانە ﴿٩٦﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ﴾ بە ڕاستی ئەوانەی کە فریشتەکان گیانیان دەکێشن ﴿ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ﴾ لە کاتێکدا کەستەمیان لەخۆیان دەکرد(بە کۆچ نەکردنیان) ﴿قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ﴾ (بە تەشەرەوە پێیان) دەڵێن (دەربارەی ئایینەکەتان) لەچیدا بوون؟! ﴿قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ﴾ دەڵێن ئێمە چەوساوە بووین لەسەر زەوی دا ﴿قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً﴾ (پێیان) دەڵێن مەگەر زەویی خوا فراوان نەبوو؟ ﴿فَتُهَاجِرُوا فِيهَا﴾ تا کۆچتان بکردایە تیایدا ﴿فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ﴾ جا ئەوانە شوێنیان دۆزەخە ﴿وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ ئای چ پاشە ڕۆژێکی خراپە ﴿٩٧﴾ ﴿إِلَّا الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ﴾ بێجگە لەو چەوساوانەی کە لە پیاوان ﴿وَالنِّسَاءِ﴾ و ئافرەتان ﴿وَالْوِلْدَانِ﴾ و لە منداڵان ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً﴾ کە توانای هیچ چارەیەکیان نی یە (لەبەر بێ هێزی و پیریان) ﴿وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا﴾ وە بەهیچ شێوازێک ڕێ دەرناکەن ﴿٩٨﴾ ﴿فَأُولَٰئِكَ عَسَى اللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ﴾ ئا ئەوانە ئومێد هەیە خوا لێ یان خۆش بێت ﴿وَكَانَ اللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا﴾ وە خوا هەمیشە چاوپۆشیکەر و لێ خۆشبووە ﴿٩٩﴾ ﴿وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ وە هەر کەسێک کۆچ بکات لە ڕێ ی خوادا ﴿يَجِدْ فِي الْأَرْضِ﴾ دەستی دەکەوێت لە زەویدا ﴿مُرَاغَمًا كَثِيرًا﴾ جێگە و ڕێگەی زۆر (کە دوژمن پێی ناخۆشە) ﴿وَسَعَةً﴾ وە فراوانی (لە ڕۆزی ژیاندا) ﴿وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ﴾ وە هەرکەسێک لە ماڵی خۆی دەرچێت ﴿مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ وە کۆچ بکات بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی ﴿ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ﴾ پاشان مردن پێی بگات ﴿فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ﴾ ئەوە بێگومان پاداشتی ئەو کەسە کەوتۆتە سەر خوا ﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وە خوا هەمیشە لێ بوردەی بە بەزەیی یە ﴿١٠٠﴾ ﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ هەر کاتێک سەفەرتان کرد (و گەڕان) بەزەوی دا ﴿فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ ئەوە هیچ گوناهێکتان لەسەر نی یە ﴿أَن تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ﴾ کە نوێژەکان کورت بکەنەوە ﴿إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەگەر ترسان ئەوانەی بێ باوەڕن جەنگتان لەگەڵ بکەن ﴿إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا﴾ بە ڕاستی بێ باوەڕان هەمیشە بۆ ئێوە دوژمنێکی ڕوون و ئاشکران ﴿١٠١﴾

﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ﴾ کاتێك تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) لەجەنگدا) لەناو بڕوادارانداا بوویت ﴿فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَوٰةَ﴾ و پێش نوێژیت بۆ کردن ﴿فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ﴾ ئەوە با تاقمێك لەوان لەگەڵ تۆ نوێژ بکەن ﴿وَلْيَأْخُذُوٓا أَسْلِحَتَهُمْ﴾ و با چەکەکانیان پێ بێت ﴿فَإِذَا سَجَدُوا﴾ جا کاتێك سوژدەیان بردا (رکاتێکیان تەواو کرد) ﴿فَلْيَكُونُوا مِن وَرَآئِكُمْ﴾ با (بچنە دواوە) لە پشتانەوە بن (پاسەوانتان بن) ﴿وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ﴾ وە باتاقمەکەی تر بێن ﴿لَمْ يُصَلُّوا﴾ کە نوێژیان نەکردوە (وپاسەوان بوون) ﴿فَلْيُصَلُّوا مَعَكَ﴾ و لەگەڵ تۆ نوێژ بکەن ﴿وَلْيَأْخُذُوا حِذْرَهُمْ﴾ وە باوورپای خۆیان بن ﴿وَأَسْلِحَتَهُمْ﴾ و چەکەکانیشیان پێ بێت ﴿وَدَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ پێ باوەڕان ئاواتە خوازن ﴿لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ﴾ کە ئێوە بێ ئاگابن لە چەکەکانتان ﴿وَأَمْتِعَتِكُمْ﴾ و شت و مەکەکانتان ﴿فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم﴾ تا پەلامارتان بدەن ﴿مَّيْلَةً وَاحِدَةً﴾ بە پەلامارێکی یەکجارەکی (بدەن بە سەرتاندا) ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ وە تاوانتان لەسەر نی یە ﴿إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ﴾ ئەگەر بەهۆی بارانەوە ناڕەحەت بوون ﴿أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ﴾ یان نەخۆش بوون ﴿أَن تَضَعُوٓا أَسْلِحَتَكُمْ﴾ کە چەکەکانتان دانێن ﴿وَخُذُوا حِذْرَكُمْ﴾ بەڵام ووریایی خۆتان بکەن ﴿إِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ﴾ بەڕاستی خوا ئامادەی کردوە بۆ بێ باوەڕان ﴿عَذَابًا مُّهِينًا﴾ سزایەکی ڕیسواکەر ﴿١٠٢﴾ ﴿فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلَوٰةَ﴾ ئەمجا کاتێك نوێژەکانتان بەجێ هێنا ﴿فَاذْكُرُوا اللَّهَ﴾ ئەوسا یادی خوا بکەن ﴿قِيَامًا وَقُعُودًا﴾ بەپێوە و بەدانیشتنەوە ﴿وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمْ﴾ وە لە سەرتەنیشتان (بە پاڵکەوتنەوە) ﴿فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ﴾ جا هەر کاتێك دڵ ئارام بوون (و ترس نەما) ﴿فَأَقِيمُوا الصَّلَوٰةَ﴾ ئەو کاتە نوێژەکانتان بە ڕێك و پێکی بکەن ﴿إِنَّ الصَّلَوٰةَ﴾ بەڕاستی نوێژ ﴿كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ هەمیشە لەسەر باوەڕداران ﴿كِتَابًا مَّوْقُوتًا﴾ فەرز کراوێکی کات بۆ دیاری کراوە ﴿١٠٣﴾ ﴿وَلَا تَهِنُوا﴾ سست مەبن ﴿فِي ابْتِغَاءِ الْقَوْمِ﴾ لە بەدوا گەڕانی دوژمنتاندا (یان لە بەدوا گەڕانی ئەو قەومە کافرانەدا) ﴿إِن تَكُونُوا تَأْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارتان پێ بگات ﴿فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ﴾ بێگومان ئەوانیش ئێش و ئازاریان پێ دەگات ﴿كَمَا تَأْلَمُونَ﴾ وەك چۆن ئێوە ئێش و ئازارتان پێ دەگات ﴿وَتَرْجُونَ مِنَ اللَّهِ﴾ وە ئێوە ئومێد دەکەن لەخوا ﴿مَا لَا يَرْجُونَ﴾ ئەوەی ئەوان ئومێدی ناکەن (کە پاداشت و سەرکەوتنە) ﴿وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ وە بەڕاستی خوا هەمیشە زانای کار دروستە ﴿١٠٤﴾ ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ﴾ بێگومان ئێمە دامانبەزاندوتە سەر تۆ ﴿الْكِتَابَ بِالْحَقِّ﴾ ئەم قورئانە بەڕاستی ﴿لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ﴾ بۆ ئەوەی بڕیار بدەی لەنێوان خەڵکیدا ﴿بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ﴾ بەو بڕیارەی کەخوا نیشانی داویت ﴿وَلَا تَكُن لِّلْخَائِنِينَ خَصِيمًا﴾ وە بۆ ناپاکان مەبە بەپارێزەر و پشتیوان ولایەنگر ﴿١٠٥﴾

﴿وَٱسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ﴾ داوای لێخۆشبوون لەخوا بکە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ بەڕاستی خوا لێخۆش بووی بە بەزەیی یە ﴿١٠٦﴾ ﴿وَلَا تُجَٰدِلْ عَنِ ٱلَّذِينَ﴾ بەرگری مەکە لەوانەی ﴿يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ﴾ ناپاکی دەکەن دەربارەی خۆیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ﴾ بێگومان خوا خۆشی ناوێت ﴿مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا﴾ ئەوانەی کە بەردەوام زۆر ناپاک و گوناهبارن ﴿١٠٧﴾ ﴿يَسْتَخْفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ (تاوانەکانی) خۆیان دەشارنەوە لەخەڵکی (لەترساندا) ﴿وَلَا يَسْتَخْفُونَ مِنَ ٱللَّهِ﴾ و نایشارنەوە لە خوا (شەرم ناکەن لە خوا) ﴿وَهُوَ مَعَهُمْ﴾ لەکاتێکدا خوا لەگەڵیاندایە ﴿إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَىٰ مِنَ ٱلْقَوْلِ﴾ کاتێك (کە بەنهێنی) لەشەودا تەگبیر دەکەن و قسەیەك دەکەن خوا پێی ڕازی نی یە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا﴾ وە خوا هەمیشە زانـاو ئاگـادارە بەهەر کردەوەیەك کـە ئەوان دەیکـەن ﴿١٠٨﴾ ﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلْتُمْ عَنْهُمْ﴾ (ئیمانداران) بێدارین وا ئێوە بەرگریتان لەناپـاکان کـرد ﴿فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ لەژیانـی دونیـادا ﴿فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنْهُمْ﴾ دەی ئایـا کـێ بەرگریبـان لـێ دەکات (لـە سـزای خـوا) ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لـە ڕۆژی دوایـی دا ﴿أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا﴾ یان کێ کارو باریان دەگرێتە دەست ﴿١٠٩﴾ ﴿وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا﴾ وە هەرکەس کردەوەیەکـی خـراپ بـکات ﴿أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ﴾ یـان سـتەم لەخـۆی بکات ﴿ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ﴾ پاشـان داوای لـێ خـۆش بوون لەخوا بکات ﴿يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ دەبینێت خـوا لێبـوردەی میهرەبانە ﴿١١٠﴾ ﴿وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا﴾ وە هەرکەسێك گوناهێك (ی گەورە) بکات ﴿فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ﴾ بێگومان (زیانی) ئەو گوناهە هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ وەخوا هەمیشە زانای کاردرووستە ﴿١١١﴾ ﴿وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً﴾ وە هەرکەسێك گوناهێـك بکات (بەهەڵـە) ﴿أَوْ إِثْمًا﴾ یان گوناهێك بکات (بەقەست) ﴿ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا﴾ پاشـان (ئەو تاوانە) بخاتە سـەر بێ تاوانێك ﴿فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَٰنًا﴾ ئەوە بێگومـان خستویەتیە ئەستۆی خـۆی (سـزای) بوهتانێـك ﴿وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ و تاوانێکـی ئاشـکرا ﴿١١٢﴾ ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ وە ئەگەر بەخشش و بەزەیی خوا بەسەر تەوە نەبوایە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿لَّهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ﴾ بێگـومان دەستەیەك لـەو ناپاکانە بە نیازبـوون ﴿أَن يُضِلُّوكَ﴾ کە گومڕات بکـەن ﴿وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ﴾ بەڵام ئەوانە بەس خۆیان گومڕا دەکەن ﴿وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَىْءٍ﴾ وە ئەوانە هیچ زیانێ ناگەیەنن بە تۆ ﴿وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ﴾ وەخوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ سەرت ﴿ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾ قورئان و دانایی ﴿وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ﴾ وە ئەوەی کەنەتئەزانی فێری کردی ﴿وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا﴾ وە هەمیشە بەخششی خوا بەسەر تۆوە زۆر گەورەیە ﴿١١٣﴾

﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ﴾ هیچ چاکەیەك نی یە لەزۆربەی چپەو سرتە کردنەکانیان دا ﴿إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ﴾ مەگەر یەکێك فەرمان بکات بەمال بەخشین لەریێ خوادا یان فەرمانکردن بە چاکە ﴿أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ﴾ یان چاککردنی نێوان خەلکی ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ جا هەر کەسێك ئەوە بکات ﴿ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ﴾ بەنیازی ڕەزامەندی خوا ﴿فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ﴾ ئەوە لە داهاتوودا پێی دەبەخشین ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتی زۆر گەورە ﴿١١٤﴾ ﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ﴾ وەهەر کەسێك دژایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات ﴿مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ﴾ پاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بووبەوە ﴿وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وشوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێت بێجگە لەڕێگای بڕوادارانﷺ ﴿نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ﴾ ڕووی وەردەگێڕین بۆئەو ڕێبازەی کەهەڵی بژاردووە ﴿وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ﴾ و دەیخەینە دۆزەخ ﴿وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾ ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە ﴿١١٥﴾ ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ﴾ بەڕاستی خوا خۆش نابێت ﴿أَن يُشْرَكَ بِهِ﴾ لەوەی کەهاوەڵی بۆ دابنرێت ﴿وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ﴾ بەڵام جگە لەوە هەرچی بێت لێ ی خۆش دەبێت ﴿لِمَن يَشَاءُ﴾ لە هەرکەسێك کە(خوا) بیەوێت ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ﴾ وە هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خوا دابنێت ﴿فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕابوونێکی دوور لەڕاستی ﴿١١٦﴾ ﴿إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِ﴾ جگە لە خوا نزاو هاوار ناکەن (نایپەرستن جگە لەخوا) ﴿إِلَّا إِنَاثًا﴾ تەنها لەچەند (بتێکی ناولێنراوی) مێینە نەبێت (وە لات ومەنات وعوزا) ﴿وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَانًا مَّرِيدًا﴾ وە نایپەرستن جگە لە شەیتانی یاخی و سەرکەش نەبێ ﴿١١٧﴾ ﴿لَّعَنَهُ اللَّهُ﴾ کە خوا نەفرینی لێ کردووە ﴿وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ﴾ وە(شەیتان) ووتوویەتی سوێند بێت هەڵدەبژێرم (بەبەندەی خۆم) ﴿مِنْ عِبَادِكَ﴾ لەبەندەکانت دا ﴿نَصِيبًا مَّفْرُوضًا﴾ بەشێکی دیاری کراو ﴿١١٨﴾ ﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمْ﴾ سوێند بێت گومڕایان دەکەم ﴿وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ﴾ و بەئاوات و خەیاڵی درۆینە سەرگەرمیان دەکەم ﴿وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ﴾ وە فەرمانیان پێ دەدەم جا بێگومان ئەوانیش گوێچکەی ئاژەڵەکان دەبڕن (لەسەردەمی نەفامیدا هەر ووشترێك پێنج سکی بکردایە گوێیان دەبڕی ولەسەر خۆیان حەرام دەکرد) ﴿وَلَآمُرَنَّهُمْ﴾ وە فەرمانیان پێ دەدەم ﴿فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ﴾ ئەوسا ئەوانیش دروست کراوی خوا دەگۆڕن ﴿وَمَن يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللَّهِ﴾ وە هەرکەسێك شەیتان بکات بەدۆستی خۆی بێجگە لەخوا ﴿فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا﴾ ئەوە بێگومان زیانی لێ کەوتووە بەزیانێکی دیارو ناشکرا ﴿١١٩﴾ ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ﴾ (شەیتان) بەڵێنیان پێ دەدات و ئاوات و ئومێدیان دەخاتەبەر ﴿وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا﴾ دڵنیابن شەیتان هیچ بەڵێنێکیان پێ نادات جگە لەخەڵەتاندن نەبێت ﴿١٢٠﴾ ﴿أُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ﴾ ئەوانە شوێن و جێگەیان دۆزەخە ﴿وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا﴾ و هیچ شوێنی ڕاکردن و لادانیان دەست ناکەوێت لێ ی ﴿١٢١﴾

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ وە ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿سَنُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ﴾ لە داهاتوویەکی نزیکدا دەیانخەینە بەهەشتانێک ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ کە ڕووبارەکان بە ژێر درەختەکانیان دا دەڕۆن ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ﴾ دەمێننەوە تیایدا بە هەمیشەیی ﴿وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٗاۚ﴾ بەڵێنی خوایە و ڕاستە (بەدی دەهێنرێت) ﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلٗا﴾ وە ئایا کێ لە خوا ڕاست بێژترە ﴿١٢٢﴾ ﴿لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ﴾ (بەرزی و پاداشت) نەبە ئارەزووی ئێوەیە و نەبەئارەزووی خاوەن کتێبەکانە ﴿مَّن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ﴾ هەر کەسێک خراپەیەک بکات پاداشتی دەدرێتەوە ﴿وَلَا يَجِدۡ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە دەستی ناکەوێت بێجگە لەخوا ﴿وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا﴾ هیچ دۆست و یارمەتی دەرێک ﴿١٢٣﴾ ﴿وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ کەسێکیش کردەوە چاکەکان جێ بەجێ بکات ﴿مِن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ﴾ لە نێر یان لە مێ ﴿وَهُوَ مُؤۡمِنٞ﴾ لە هەمان کاتدا ئەو کەسە بڕوادار بێت ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ﴾ ئەوە ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە ﴿وَلَا يُظۡلَمُونَ نَقِيرٗا﴾ و بچووکترین ستەمیان لێ ناکرێت (هێندەی تۆپکلێی ناوکە خورمایەک) ﴿١٢٤﴾ ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا﴾ ئایا کێ ئایینی چاکتر و جوانترە (وە کێ دیندارترە) ﴿مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ﴾ لە کەسێک کە ڕووی خۆی یەکلا کردبێتەوە بۆ خوا ﴿وَهُوَ مُحۡسِنٞ﴾ لە هەمان کاتدا ئەو کەسە چاکەکار بێت ﴿وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۗ﴾ و شوێنی ئایینی ئیبراهیم کەوتبێت بەڕاستی و پاکی (کە بە وێبستی خۆی لە بەتاڵ لای داوە بۆ لای ڕاست) ﴿وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا﴾ وە خوا ئیبراهیمی هەڵبژارد بەدۆست و خۆشەویستی خۆی ﴿١٢٥﴾ ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ تەنها بۆ خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطَۢا﴾ وە خوا بەردەوام ئاگاداری هەموو شتێکە ﴿١٢٦﴾ ﴿وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ئافرەتان ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِيهِنَّ﴾ بڵێ خوا وەڵامتان دەداتەوە دەربارەیان ﴿وَمَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ﴾ وە ئەوەی بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە ﴿فِي ٱلۡكِتَٰبِ﴾ لە قورئاندا ﴿فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ﴾ (وەڵامێکە) لەبارەی کچانی هەتیوەوە ﴿ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ﴾ ئەوانەی پێ یان نادەن ﴿مَا كُتِبَ لَهُنَّ﴾ ئەوەی نووسراوە بۆیان (واتە میراتی باوکیان) ﴿وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ﴾ وە حەز ناکەن مارەیان بکەن (لەبەر میراتەکەشیان ناهێڵن شوو بکەن) ﴿وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلۡوِلۡدَٰنِ﴾ وە لە بارەی ئەو منداڵانەی کە بێ دەسەڵاتن ﴿وَأَن تَقُومُواْ لِلۡيَتَٰمَىٰ بِٱلۡقِسۡطِۚ﴾ وە (خوا فەرمان دەدات) بە دادگەری لەگەڵ هەتیوان دا بجوڵێنەوە ﴿وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ﴾ وە هەر کردەوەیەکی باش بکەن ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِهِۦ عَلِيمٗا﴾ ئەوە بێگومان خوا بەئاگایە لێی ﴿١٢٧﴾

﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ﴾ وە ئەگەر ئافرەتێك ﴿خَافَتۡ﴾ ترسا ﴿مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضٗا﴾ لە گوێ پێ نەدان یا پشت هەڵکردنی مێردەکەی ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ﴾ ئەوە هەردووکیان هیچ گوناهێکیان لەسەر نی یە ﴿أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗا﴾ کە ئاشتەوایی کی چاك بکەن لە نێوان خۆیاندا ﴿وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞ﴾ هەر ئاشتەوایی و یەك کەوتن چاکترە ﴿وَأُحۡضِرَتِ ٱلۡأَنفُسُ ٱلشُّحَّۚ﴾ هەر چەندە چرووکی و پەزیلی تێکەڵاوی دەرونەکان کراوە ﴿وَإِن تُحۡسِنُواْ وَتَتَّقُواْ﴾ وە ئەگەر چاکە کارو پارێزکاربن ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ﴾ ئەوە دڵنیابن بەڕاستی خوا هەمیشە ﴿بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا﴾ بە ئاگایە لەوەی کە دەیکەن ﴿١٢٨﴾ ﴿وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ﴾ ئێوە هەرگیز ناتوانن داد پەروەربن ﴿بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ لە نێوان ژنەکانتان دا ﴿وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ﴾ هەر چەندە سوور بن (هەوڵ بدەن) ﴿فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ﴾ جا کەواتە بەتەواوی خوار مەبنەوە (لە هاوسەری یەکێکیان) ﴿فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ﴾ بەو هۆیەوە واز بهێنن لەوی تریان وەك هەڵبەستراو (نە ئەوەیە مێردی هەبێت نەبەڕەڵاش کرا بێت وتەڵاق درا بێت) ﴿وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ﴾ وەئەگەر بسازێن و پارێزکار بن ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشە لێبوردەی میهرەبانە ﴿١٢٩﴾ ﴿وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغۡنِ ٱللَّهُ كُلّٗا مِّن سَعَتِهِۦۚ﴾ وە ئەگەر لێك جیابوونەوە پەروەردگار هەریەکەیان (لەوی تر) بێ نیاز و پێویستی بەڕەحمی خۆی ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ﴾ وە خوا هەمیشە ﴿وَٰسِعًا حَكِيمٗا﴾ بەهرە فراوان و کاردروستە ﴿١٣٠﴾ ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ وە بۆ خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە ﴿وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ئامۆژگاریمان کردوون ﴿ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ ئەوانەی کەنامەیان پێدراوە ﴿مِن قَبۡلِكُمۡ﴾ لەپێش ئێوەدا ﴿وَإِيَّاكُمۡ﴾ هەروەها ئێوەش ﴿أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾ کە لەخوا بترسن ﴿وَإِن تَكۡفُرُواْ﴾ وە ئەگەر بێ باوەڕ بن ﴿فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ ئەوە بەڕاستی هەر هی خوایە هەرچی لەئاسمانەکان و زەوی دایە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيّٗا حَمِيدٗا﴾ وە خوا هەمیشە دەوڵەمەندو سوپاس کراوە ﴿١٣١﴾ ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ وە تەنها بۆ خوایە موڵکی ئەوە هەرچی لەئاسمانەکان و زەوی دایە ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا﴾ تەنها خوا بەسە پێ سپێراو و چاودێر بێت ﴿١٣٢﴾ ﴿إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ﴾ ئەگەر خوا بیەوێت ناتانهێنێت و لەناوتان دەبات ﴿أَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿وَيَأۡتِ بِـَٔاخَرِينَۚ﴾ وە دەستەیەکی تر دەهێنێت ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرٗا﴾ وەخوا هەردەم بەسەر ئەوەدا بەتوانایە ﴿١٣٣﴾ ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا﴾ هەر کەسێك پاداشتی دونیای دەوێت ﴿فَعِندَ ٱللَّهِ﴾ ئەوە لای خوایە ﴿ثَوَابُ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ﴾ پاداشتی دونیا و دواڕۆژ ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا﴾ وە هەمیشە خوا بیسەری بینایە ﴿١٣٤﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی کەسانێك کەباوەڕتان هێناوە ﴿كُونُوا قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ﴾ بەردەوام زۆر دادگەربن ﴿شُهَدَآءَ لِلَّهِ﴾ لەبەر خوا شایەتی بدەن ﴿وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ﴾ باشایەتی یەکە دژ بەخۆشتان بێت ﴿أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ﴾ یان دژی باوك و دایك ﴿وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾ و دژی خزمە نزیکەکانتان (بێت) ﴿إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا﴾ ئەگەر (شایەتی لەسەر دراوەکە) دەوڵەمەند بێت یان هەژار (شایەتیەکە هەر بدەن) ﴿فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا﴾ چونکە خوا بەوان لە پێشترە (و قازانجیان چاکتر دەزانێت) ﴿فَلَا تَتَّبِعُوا ٱلْهَوَىٰٓ﴾ کەواتە شوێن ئارەزوو مەکەون ﴿أَن تَعْدِلُوا﴾ بۆ ئەوەی لەهەق لانەدەن ﴿وَإِن تَلْوُۥٓا أَوْ تُعْرِضُوا﴾ وە ئەگەر (شایەتیەکە) پێچەوانە بدەن یان نەیدەن و گوێی نەدەنێ ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشە ﴿بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ بەکارەکانتان ئاگادارە ﴿١٣٥﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا ءَامِنُوا بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە بەردەوام بن لەسەر باوەڕ بەخودا و پێغەمبەرەکەی ﴿وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ﴾ و بەو قورئانەی ناردووبەتیە خوارەوە، بۆ پێغەمبەرەکەی ﴿وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ﴾ وە بەو کتێبانەش کەپێشتر ناردوویەتیە خوارەوە ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ﴾ وە هەر کەسێك بێ باوەڕ بێت بەخوا ﴿وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ﴾ و بە فریشتەکانی ﴿وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ﴾ و بە کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ وە بە ڕۆژی دوایی ﴿فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾ ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بەگومڕایی یەکی زۆر دوور (لەڕاستی) ﴿١٣٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿ثُمَّ كَفَرُوا﴾ پاشان بێ باوەڕ بوونەتەوە ﴿ثُمَّ ءَامَنُوا﴾ دواتر باوەڕیان هێناوە ﴿ثُمَّ كَفَرُوا﴾ ئەوسا بێ باوەڕبوونەتەوە ﴿ثُمَّ ٱزْدَادُوا كُفْرًا﴾ پاشان لە بێ بڕوایی دا زیادتر ڕۆچوون ﴿لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ﴾ خوا هەرگیز لێیان خۆش نابێت ﴿وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا﴾ وە ڕێنمایی یان ناکات بۆ ڕێگای ڕاست ﴿١٣٧﴾ ﴿بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ موژدەبدە بەدوو ڕوەکان ﴿بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ بەوەیکەبەڕاستی سزایەکی بەئازاریان بۆهەیە ﴿١٣٨﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ﴾ ئەوانەی کە بێ باوەڕان بەدۆست و خۆشەویستی خۆیان دادەنێن ﴿مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بێجگە لە ئیمانداران ﴿أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ﴾ ئایا بەتەمان سەربەرزیان لای ئەوان دەس کەوێ؟ (بۆچونێکی هەڵەیە) ﴿فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ چونکە بەڕاستی سەربەرزیو بالآ دەستی هەمووی بۆ خوایە ﴿١٣٩﴾ ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ﴾ وە بێگومان خوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆتان ﴿فِى ٱلْكِتَٰبِ﴾ لە قورئاندا ﴿أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ هەر کاتێك بیستان ئایەتەکانی (بەڵگەکانی) خوا ﴿يُكْفَرُ بِهَا﴾ بڕوایان پێ ناکرێت ﴿وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا﴾ و گاڵتەیان پێ دەکرێت ﴿فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ﴾ ئەوە دامەنیشن لەگەڵیاندا (لەگەڵ ئەوانەی گاڵتە بەئایەتەکانی خودا دەکەن) ﴿حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ﴾ تا دەچنە ناو باسێکی ترەوە (و باسەکە دەگۆڕن) ﴿إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ﴾ بێگومان ئەگەر دانیشتن لەگەڵیاندا (و هاوبەشیان بکەن) ئەوە ئێوەش وەك ئەوانن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ﴾ بەڕاستی خوا کۆکەرەوەی ﴿ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ﴾ دوورڕوەکان و بێ باوەڕەکانیشە ﴿فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ بەتێکڕا لە دۆزەخدا ﴿١٤٠﴾

﴿ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ﴾ (دوورووەکان) ئەوانەی چاوەڕوانی (سەر ئەنجامی) ئێوە دەکەن ﴿فَإِن كَانَ لَكُمْ﴾ جا ئەگەر بۆ ئێوە بوو ﴿فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ سەرکەوتن لەلای خواوە ﴿قَالُوٓاْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ﴾ دەڵێن مەگەر ئێمە لەگەڵ ئێوە نەبووین؟ ﴿وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ﴾ بەڵام ئەگەر بەشێ بڕوایان بەشێکیان (لەسەرکەوتن) هەبوو ﴿قَالُوٓاْ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ﴾ ئەڵێن ئایا ئێمە زاڵمان نەکردن بەسەر ئەوان دا؟ ﴿وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ و ئێوەمان نەپارێست لەئیمانداران؟ (کەواتە بەشمان بدەن) ﴿فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ جا خوا لەڕۆژی دواییدا بڕیاری بەکجاری دەدات لە نێوانتاندا ﴿وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا﴾ وە هەرگیز خوا (بەڵگەی) کافران بەسەر ئیمانداران (ی ڕاستەقینە) دا سەرناخات (لەم جیهانەدا) ودروست نیە باوەڕداران ملکەچ وسەر شۆڕی بێباوەڕان بن وحوکمی ئەوان جێ بەجێ بکەن ﴿١٤١﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ بە ڕاستی دوورووەکان ﴿يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ﴾ دەیانەوێت خوا بخەڵەتێنن ﴿وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ﴾ کەچی (لەبەرامبەردا) خوا خەڵەتێنەری ئەوانە وفڕ وفێڵەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە) ﴿وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ هەر کاتێکیش هەستن بۆ نوێژ ﴿قَامُواْ كُسَالَىٰ﴾ بە تەمەڵی و سستی هەڵدەستن ﴿يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ﴾ ڕوپامایی بۆ خەڵکی ئەکەن ﴿وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ وە یادی خوا ناکەن کەمێک نەبێت ﴿١٤٢﴾ ﴿مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ﴾ دوودڵ ودڵەڕاوکێیانە لە نێوان(کوفر وباوەڕ) دا ﴿لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ نەلای بڕوادارانن ﴿وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ وەنە لای بێ باوەڕانن ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ﴾ وەهەر کەسێک خوا گومڕای بکات ﴿فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا﴾ ئەوە هەرگیز ڕێگەیەکی ڕاستی بۆ نادۆزێتەوە (بێگەیەنێت بەمەبەست) ﴿١٤٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ﴾ بێ بڕواکان مەکەنە دۆستی خۆتان ﴿مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ لەبری ئیمانداران ﴿أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُواْ لِلَّهِ﴾ ئایا(بەم کارە) دەتانەوێت بیدەن بە خوا ﴿عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا﴾ بەڵگەیەکی ڕوون لەدژی خۆتان؟ ﴿١٤٤﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ (بابزانن)بەڕاستی دوو ڕووەکان ﴿فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ لە خانە و تەبەقی هەرە ژێرەوەی ئاگردان ﴿وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا﴾ وە هەرگیز ڕزگار کەرێکت بۆ ئەوان دەست ناکەوێت ﴿١٤٥﴾ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ﴾ جگە لەوانەی کە تەوبە دەکەن ﴿وَأَصْلَحُواْ﴾ و خۆیان چاک دەکەن ﴿وَٱعْتَصَمُواْ بِٱللَّهِ﴾ ودەست دەگرن بە (ئایینی) خواوە ﴿وَأَخْلَصُواْ دِينَهُمْ لِلَّهِ﴾ و ئایینەکەیان پاک وخاوێن دەکەن بۆ خوا ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ جائەوانە(ی ئەو مەرجانەیان بەجێ هێنا) لەگەڵ ئیمانداراندا دەبن ﴿وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بێگومان لەداهاتوودا خوا دەیبەخشێت بەئیمانداران ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتێکی زۆر گەورە ﴿١٤٦﴾ ﴿مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ﴾ ئایا خواچ ئیشێکی هەیە بە سزادانتان ﴿إِن شَكَرْتُمْ﴾ ئەگەر سوپاسی بکەن ﴿وَءَامَنتُمْ﴾ وە باوەڕی پێ بێنن ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا﴾ وە خوا هەمیشە سوپاسگوزاری بەندە چاکەکانیەتی و زانایە پێیان ﴿١٤٧﴾

﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ﴾ خوا پێی خۆش نی یە ﴿ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلْقَوْلِ﴾ ئاشکرا کردنی قسەی نابەجێ و خراپ ﴿إِلَّا مَن ظُلِمَ﴾ مەگەر کەسێك ستەمی لێکرا بێت (بۆی دروستە خراپەی ستەمکار ئاشکرا کات) ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا﴾ وە خوا هەمیشە بیسەری زانایە ﴿١٤٨﴾ ﴿إِن تُبْدُوا۟ خَيْرًا﴾ ئەگەر خێر و چاکە دەرخەن (بەئاشکرا بیکەن) ﴿أَوْ تُخْفُوهُ﴾ یان بیشارنەوە ﴿أَوْ تَعْفُوا۟ عَن سُوٓءٍ﴾ یان ببورن لەخراپە یەك ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا﴾ ئەوە بێگومان خوا هەمیشە لێبوردەی بەتوانایە ﴿١٤٩﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕن ﴿بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾ بەخوا و پێغەمبەرەکانی ﴿وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟﴾ وەدەیانەوێت جیاوازی بخەنە ﴿بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾ نێوان خوا و پێغەمبەرەکانی ﴿وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ﴾ وە دەڵێن باوەڕ بەهەندێك (لەپێغەمبەران) دەهێنین ﴿وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ﴾ وە باوەڕ ناهێنن بەهەندێکی تریان ﴿وَيُرِيدُونَ﴾ و دەیانەوێت ﴿أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا﴾ لەو نێوانەدا ڕێگەیەك بدەنەبەر ﴿١٥٠﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا﴾ ئائەوانە بەڕاستی بێ باوەڕی تەواون ﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ﴾ وە ئامادەمان کردووە بۆ بێ باوەڕان ﴿عَذَابًا مُّهِينًا﴾ سزایەکی ڕسواکەر ﴿١٥١﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ وە ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾ بەخواو پێغەمبەرەکانی ﴿وَلَمْ يُفَرِّقُوا۟﴾ وە هیچ جیاوازی یەکیان نەخستە ﴿بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ﴾ نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرانە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ﴾ لە داهاتوودا خوا پاداشتیان دەداتەوە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وە خوا هەمیشە لێ بوردەی میهرەبانە ﴿١٥٢﴾ ﴿يَسْـَٔلُكَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾ (ئەی موحەمەد ﷺ) خاوەن نامەکان داوات لێ دەکەن ﴿أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ﴾ کە بۆیان بێنیتە خوارەوە ﴿كِتَٰبًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ پەڕاوێك لەئاسمانەوە ﴿فَقَدْ سَأَلُوا۟ مُوسَىٰٓ﴾ جا بەڕاستی داوایان کرد لە موسا ﴿أَكْبَرَ مِن ذَٰلِكَ﴾ گەورەتر لەوە ﴿فَقَالُوٓا۟﴾ ووتیان ﴿أَرِنَا ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾ خوامان نیشان بدە بەئاشکرا ﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ﴾ جا بروسکەیەك لێ ی دان و گرتنی ﴿بِظُلْمِهِمْ﴾ بەهۆی ستەم کردنیانەوە ﴿ثُمَّ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلْعِجْلَ﴾ پاشان گوێرەکەیەکیان کرد بە پەرستراوی خۆیان ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ﴾ پاش ئەوەی بۆیان هات ﴿ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ بەڵگە ئاشکراکان ﴿فَعَفَوْنَا عَن ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا ئێمە چاوپۆشیمان لەویش کرد (لە گوێرەکە پەرستییەکە یان) ﴿وَءَاتَيْنَا مُوسَىٰ﴾ وە بەخشیمان بەموسا ﴿سُلْطَٰنًا مُّبِينًا﴾ موعجیزە و بەڵگەی ئاشکرا (تا باوەڕ بێنن) ﴿١٥٣﴾ ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ ٱلطُّورَ﴾ وە بەرزمان کردەوە بەسەر سەریانەوە (کێوی طور) ﴿بِمِيثَٰقِهِمْ﴾ بەهۆی پەیماندانیانەوە ﴿وَقُلْنَا لَهُمُ﴾ وە ووتمان پێ یان ﴿ٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا﴾ بچنە ژوورەوە لەدەرگای (قودسەوە) بەمل کەچی وسوژدە بردنەوە ﴿وَقُلْنَا لَهُمْ﴾ وە ووتمان پێیان ﴿لَا تَعْدُوا۟ فِى ٱلسَّبْتِ﴾ دەست درێژی مەکەن لە ڕۆژی شەممانداا (بەڕاو کردنی ماسی) ﴿وَأَخَذْنَا مِنْهُم﴾ و وەرمان گرت لێیان ﴿مِّيثَٰقًا غَلِيظًا﴾ پەیمانێکی بەهێز و بتەو ﴿١٥٤﴾

﴿فَبِمَا نَقْضِهِم﴾ جا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ﴿مِّيثَٰقَهُمْ﴾ پەیمانیان ﴿وَكُفْرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ وە بەهۆی بڕوا نەهێنانیان بە ئایەتەکانی خوا ﴿وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ﴾ وە کوشتنی پێغەمبەرانیان ﴿بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ بەناڕەوا (وەک زەکەریاو یەحیا) ﴿وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ﴾ وە بەهۆی ئەو ووتەیەیان: ئێمە دڵمان داپۆشراوە ﴿بَل طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو خودا مۆری ناوە بەسەر دڵەکانیان دا ﴿بِكُفْرِهِمْ﴾ بەهۆی باوەڕ نەهێنانیانەوە ﴿فَلَا يُؤْمِنُونَ﴾ کەواتە باوەڕ ناهێنن ﴿إِلَّا قَلِيلًا﴾ مەگەر کەمێکیان نەبێت ﴿١٥٥﴾ ﴿وَبِكُفْرِهِمْ﴾ وە بەهۆی بڕوانەهێنانیانەوە ﴿وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ﴾ وە قسەکردنیان لەدژی مەریەم ﴿بُهْتَٰنًا عَظِيمًا﴾ کە بوختانێکی زۆر گەورە بوو ﴿١٥٦﴾ ﴿وَقَوْلِهِمْ﴾ وە بەهۆی ئەوەی کەووتیان ﴿إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ﴾ بێگومان ئێمە مەسیح عیسای کوڕی مەریەممان کوشت ﴿رَسُولَ ٱللَّهِ﴾ کە پێغەمبەری خوایە ﴿وَمَا قَتَلُوهُ﴾ لەکاتێکدا نەشیان کوشتبوو ﴿وَمَا صَلَبُوهُ﴾ وە هەڵیشیان نەواسی بوو ﴿وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ﴾ بەڵکو لێیان گۆڕدرا ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ﴾ وە بێگومان ئەوانەی دووبەرەکیان تێ کەوت دەربارەی عیسا ﴿لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ﴾ لەگومانداون لە کوشتنەکەیدا ﴿مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ﴾ هیچ زانینێکیان دەربارەی نی یە ﴿إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ﴾ جگە لەشوێن کەوتنی گومان نەبێت ﴿وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا﴾ وە بەڕاستی وبێگومان نەیان کوشتبوو ﴿١٥٧﴾ ﴿بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ﴾ (وانی یە) بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆلای خۆی ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ وەخوا هەمیشە زاڵی کار دروستە ﴿١٥٨﴾ ﴿وَإِن مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ وە هیچ کەسێک نی یە لەنامەدار و (خاوەن کتێب) ەکان ﴿إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِۦ﴾ مەگەر بڕوای پێ دێنێت (بەعیسا) ﴿قَبْلَ مَوْتِهِۦ﴾ پێش مردنی ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وە لەڕۆژی دوایشدا ﴿يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا﴾ (عیسا) دەبێت بەشایەت بەسەریانەوە ﴿١٥٩﴾ ﴿فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟﴾ بەهۆی ستەم کردنەوە لەلایەن جوولەکەکانەوە ﴿حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ﴾ حەرامیمان کرد لێیان ﴿طَيِّبَٰتٍ﴾ چەند خۆراکێکی پاک و خاوێن ﴿أُحِلَّتْ لَهُمْ﴾ کە حەڵاڵ کرابوو بۆیان ﴿وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا﴾ وە بەهۆی زۆر دڕایەتی کردن و بەرهەڵستی کردنیان لەڕێگەی خوا ﴿١٦٠﴾ ﴿وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟﴾ وەبەهۆی سوودوەرگرتنیانەوە ﴿وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ﴾ کەبێگومان لێیان قەدەغە کرابوو ﴿وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ﴾ وە بەهۆی سامان و مالی خەڵکی خواردونیانەوە ﴿بِٱلْبَٰطِلِ﴾ بەناڕەوا ﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ﴾ وە ئامادەمان کردووە بۆ بێ بڕواکانیان ﴿عَذَابًا أَلِيمًا﴾ سزایەکی زۆر بەئازار ﴿١٦١﴾ ﴿لَّٰكِنِ ٱلرَّٰسِخُونَ﴾ بەڵام دامەزراوان وشارەزایان ﴿فِى ٱلْعِلْمِ مِنْهُمْ﴾ لەزانیاریدا لەوان (لە جوولەکەکان) ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ و باوەڕدارەکان ﴿يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ بڕوایان هەیە بەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ ﴿وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ وەبەوەش پێش تۆ نێردراوەتە خوارەوە ﴿وَٱلْمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە بەجێ هێنەرانی نوێژ ﴿وَٱلْمُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکات دەران ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ و باوەڕداران بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾ و بە ڕۆژی دوایی ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ﴾ ئەوانە لە داهاتوویەکی نزیکدا پێیان دەبەخشین ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتێکی زۆر گەورە ﴿١٦٢﴾

﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ﴾ بەڕاستی ئێمە نیگامان بۆ کردووی ﴿كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ﴾ وەك چۆن نیگامان کرد بۆ نووح ﴿وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ﴾ و بۆ پێغەمبەرەکانی پاش ئەو ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ﴾ وە نیگامان کرد بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب ﴿وَٱلۡأَسۡبَاطِ﴾ و ئەوەکانی یەعقوب ﴿وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ﴾ وە بۆ عیسا و ئەیوب و یونس و هاروون وسولەیمان ﴿وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا﴾ وە زەبوورێشمان بەخشی بەداوود ﴿١٦٣﴾ ﴿وَرُسُلٗا﴾ وە پێغەمبەرانێك ﴿قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ﴾ بێگومان بەسەرهاتەکانیانمان گێڕاوەتەوە بۆت ﴿مِن قَبۡلُ﴾ لەمەو پێش ﴿وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ﴾ وە پێغەمبەرانێك بەسەرهاتەکانیانمان نەگێڕاوەتەوە بۆت ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ وە خوا قسەی کرد لەگەڵ مووسا بەقسە کردن ﴿١٦٤﴾ ﴿رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ﴾ پێغەمبەران (مان ناردووە) کە موژدەدەرن ﴿وَمُنذِرِينَ﴾ و ترسێنەرن بن ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ﴾ بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی نەبێت ﴿عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ﴾ بەڵگە بەسەر خواوە دوای (ناردنی) پێغەمبەران ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا﴾ وە خوا هەمیشە زاڵ و کار دروستە ﴿١٦٥﴾ ﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ﴾ بەڵام خوا شایەتی دەدات ﴿بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَ﴾ بە(ڕاستیەتی) ئەو قورئانەی ناردوویەتیە خوارەوە بۆت ﴿أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ﴾ بە زانینی خۆی ناردوویەتیە خوارەوە ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ﴾ و فریشتەکانیش شایەتی ئەدەن ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا﴾ وە خوا بەسە شایەت بێت ﴿١٦٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەبێ باوەڕبوون ﴿وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ و بەرهەڵستی ڕێگای خوایان کرد ﴿قَدۡ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا﴾ بێگومان ئەوانە گومڕابوون بە گومڕابوونێکی دوور و لەڕادە بەدەر ﴿١٦٧﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان نەهێنا وەستەمیان کرد ﴿لَمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ﴾ خوا لێیان خۆش نابێت ﴿وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ طَرِيقًا﴾ ڕێنمووننیشیان ناکات بۆ هیچ ڕێگایەك ﴿١٦٨﴾ ﴿إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ﴾ بێجگە لەڕێگەی دۆزەخ ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ﴾ ئەمێنێنەوە تیایدا بەهەمیشەیی و بێ بڕانەوە ﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ﴾ وە ئەوەی باسکرا ﴿عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا﴾ لای خوا ئاسانە ﴿١٦٩﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ﴾ بێگومان پێغەمبەر هێناویەتی بۆتان ﴿بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ﴾ ڕاستی و ڕەوا لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿فَـَٔامِنُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ﴾ کەواتە ئێوەش باوەڕ بهێنن چاکترە بۆتان ﴿وَإِن تَكۡفُرُواْ﴾ وە ئەگەر باوەڕ نەهێنن ﴿فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ ئەوا بێگومان هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هی خوایە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا﴾ وە خوا هەمیشە زانای دانای (کاردروستە) ﴿١٧٠﴾

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ ئەی خاوەن پەڕاوە ئاسمانی یەکان ﴿لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ﴾ زیادە ڕەوی مەکەن لەئاینەکەتان دا ﴿وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ﴾ وە شتێك مەڵێن لە بارەی خواوە بێجگە لەڕاستی ﴿إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ﴾ بێگومان مەسیح عیسای کوڕی مەریەم ﴿رَسُولُ ٱللَّهِ﴾ تەنها پێغەمبەری خوایە ﴿وَكَلِمَتُهُۥٓ﴾ (دروستی کردوە بە)ووتەی خۆی (ببە) ﴿أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ﴾ بە(جیبریل دا) ناردی بۆ مەریەم ﴿وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ﴾ و(عیسا) گیانێکە لەلایەن خواوە بەخشراوە ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ﴾ کەواتە بڕوا بهێنن بەخواو پێغەمبەرانی ﴿وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ﴾ وە مەڵێن (خواکانمان) سیانن (اللە و عیسی و مەریەم) ﴿ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ﴾ (لەو ووتەیە) کۆتایی بهێنن چاکترە بۆتان ﴿إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ﴾ بێگومان خوا پەرستراوێکی تەنهایە ﴿سُبۡحَانَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ﴾ پاك و بێ گەردی بۆ خوا لەوەی ڕۆڵەی هەبێت ﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ هەر هی خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان و ﴿وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ﴾ هەرچی لەزەویدایە ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا﴾ وە خوا بەسە چاودێربێ (و هەموو شتێکی بدرێتە دەست) ﴿۱۷۲﴾ ﴿لَّن يَسۡتَنكِفَ ٱلۡمَسِيحُ﴾ هەرگیز مەسیح لاریی نی یە (نارازی نی یە) ﴿أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ﴾ لەوەی بەندەی خوا بێت ﴿وَلَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ﴾ هەروەها فریشتە نزیکەکانیش ﴿وَمَن يَسۡتَنكِفۡ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ﴾ وە هەر کەس بەبەندایەتی خوا ڕازی نەبێت ﴿وَيَسۡتَكۡبِرۡ﴾ وە خۆی بە گەورە دابنێت ﴿فَسَيَحۡشُرُهُمۡ إِلَيۡهِ جَمِيعٗا﴾ ئەوە لەداهاتوودا هەموویان کۆدەکاتەوە لای خۆی ﴿۱۷۳﴾ ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ جا ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کردەوە چاکەکانیان کردوە ﴿فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡ﴾ ئەوا پاداشتیان دەداتەوە ﴿وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۖ﴾ و بۆیان زیادیش دەکات لەبەهرەی خۆی ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡتَنكَفُواْ﴾ بەڵام ئەوانەی لاریی یان کرد (لەبەندایەتی ئەو) ﴿وَٱسۡتَكۡبَرُواْ﴾ وە خۆیان بە گەورە زانی ﴿فَيُعَذِّبُهُمۡ﴾ ئەوە خوا سزایان دەدات ﴿عَذَابًا أَلِيمٗا﴾ بەسزایەکی بەئازار ﴿وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە جگە لەخوا دەستیان ناکەوێت ﴿وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا﴾ هیچ دۆست و پشت گیرێك (سەرخەرێك) ﴿۱۷۴﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُم﴾ ئەی خەڵکینە بەڕاستی بۆتان هات ﴿بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ بەڵگەی ئاشکرا لەپەروەردگارتانەوە ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ﴾ وە ناردمانە خوارەوە بۆتان ﴿نُورٗا مُّبِينٗا﴾ ڕووناکییەکی ئاشکراکەر (کەقورئانە) ﴿۱۷۵﴾ ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ﴾ جا ئەوانەی باوەڕیان بەخوا هێناوە ﴿وَٱعۡتَصَمُواْ بِهِۦ﴾ و پشتیان بەو بەستووە وەدەستیان گرت بە ئاینەکەیانەوە ﴿فَسَيُدۡخِلُهُمۡ فِي رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ﴾ ئەوە بێگومان دەیانخاتە ناو بەزەیی خۆیەوە ﴿وَفَضۡلٖ﴾ و بەهرەو چاکە(ی خۆیەوە) ﴿وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا﴾ وە ڕێنمایییان دەکات بۆلای خۆی کە ڕێگای ڕاستە ﴿۱۷۶﴾

﴿يَسْتَفْتُونَكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) داوای فتوات لێ دەکەن ولێت دەپرسن ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ﴾ بڵێ خوا فتواتان بۆدەدات ﴿فِي ٱلْكَلَٰلَةِ﴾ دەربارەی کەلالە (کەسێکە نەوەو کوڕو باوك و باپیری نەبێت) ﴿إِنِ ٱمْرُؤٌا هَلَكَ﴾ ئەگەر پیاوێك مردوو ﴿لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ﴾ منداڵی نەبوو ﴿وَلَهُۥٓ أُخْتٌ﴾ تەنها خوشکێکی هەبوو ﴿فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ﴾ ئەوە نیوەی میراتی برا مردووەکەی دەکەوێت ﴿وَهُوَ يَرِثُهَآ﴾ وە (ئەگەر ئافرەتێ بمرێت و تەنها برایەکی هەبێت) ئەو (برایە) میراتی خوشکە مردووەکەی هەموو دەبات ﴿إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ﴾ ئەگەر خوشکە مردووەکەی منداڵی نەبێت ﴿فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ﴾ بەڵام گەر دوو خوشك بوون(دوای برا مردووەکەیان) ﴿فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ﴾ ئەوا (دوو خوشکەکە) دوو سێ یەکی میراتی براکەیان دەبەن ﴿وَإِن كَانُوٓا إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً﴾ وە ئەگەر میراتگرەکان چەند خوشك و برایەك بوون، پیاوان و ئافرەتان ﴿فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ ئەوە بۆ هەر نێرینەیەك ئەندازەی بەشی دوو مێینە هەیە ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ خوا بۆتان ڕوون دەکاتەوە ﴿أَن تَضِلُّوا۟﴾ تا گومڕا نەبن ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وەخوا بەهەموو شتێك زانایە ﴿١٧٦﴾

سورەتی ﴿المَائِدَة﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی بڕواداران ﴿أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ﴾ بەڵێنەکانتان بەنەسەر ﴿أُحِلَّتْ لَكُم﴾ حەڵاڵ کراوە بۆتان ﴿بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾ (گۆشتی) ئاژەڵ و چوارپێ (مەڕو بزن و ووشترو ڕەشە وولاغ) ﴿إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ بێجگەلەوەی کە دەخوێنرێتەوە بەسەرتان دا (حەرامن) ﴿غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ﴾ دروست نی یە ڕاو بکەن ﴿وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾ لەکاتێکدا ئێوە لە ئیحرام دابن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ﴾ بەڕاستی خوا هەرچی بوێت بڕیاری بۆ دەدات ﴿١﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾ ڕێ مەگرن لەدروشمەکانی خوا (هەڵی مەوەشێنەوە) ﴿وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ﴾ وجەنگ مەکەن لەمانگە حەرامەکان دا ﴿وَلَا ٱلْهَدْىَ﴾ وە ڕێ مەگرن لەو قوربانیانەی بەدیاری دەهێنرێن بۆ مەککە ﴿وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾ و (ڕێ مەگرن و زیان مەدەن) لەو قوربانیانەی ملوانکەیان لەمل کراوە (دیاری کراون بۆ نەزر وقوربانی کردن) ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾ وە مەشکێنن ڕێزی ئەوانەی نیازی مالی خوادەکەن ﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا﴾ بەتەمای بەهرەمەندی وڕەزامەندی پەروەردگاریانن ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟﴾ وە کاتێك ئیحرامتان شکاند ئەوە(دروستە) ڕاو بکەن ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ﴾ باخەشم و قینتان لە کۆمەڵێك واتان لێنەکات ﴿أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ لەبەر ئەوەی بەر گرییان کردن لە مزگەوتی حەرام (کەعبە) ﴿أَن تَعْتَدُوا۟﴾ کە دەست درێژی بکەن ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾ وە کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر چاکە و پارێزگاری و لەخواترسان ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا۟﴾ وە کۆمەکی یەکتر مەکەن ﴿عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾ لەسەر تاوان و دەست درێژی ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ و لە خوا بترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ بێگومان خوا تۆڵەی بەتینە ﴿٢﴾

﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ﴾ لەسەرتان یاساغ کراوە ﴿الْمَيْتَةُ﴾ (گۆشتی) مردارەوە بوو ﴿وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ﴾ وە خوێن وە گۆشتی بەراز ﴿وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ و ئەو ئاژەڵەی لەکاتی سەر بڕیندا ناوی غەیری خوای لێ برابێت ﴿وَالْمُنْخَنِقَةُ﴾ و ئاژەڵی خنکاو (و خنکێنراو) ﴿وَالْمَوْقُوذَةُ﴾ وە ئەوەی کەلێ ی درابێ تاگیانی دەرچوبێت ﴿وَالْمُتَرَدِّيَةُ﴾ وە ئەوەی لەبەرزی کەوتبێتە خوارەوەو مرد بێت ﴿وَالنَّطِيحَةُ﴾ وە شۆخ لێدراو (کەبەو شۆخ لێ دانە مردبێ) ﴿وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ﴾ وە ئەوەی درندە لێ ی خواردبێ ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ بێجگە ئەوەی (پێش مردن) سەرتان بڕی بێت ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ﴾ هەروەها (یاساغ کراوە لەسەرتان) ئەو ئاژەڵەی لەسەر بەرد سەربڕابێت (نصب: چەند بەردێك بوون لە دەوری کەعبە بەپیرۆز سەیر دەکران و لەلایاندا ئاژەڵیان سەر دەبڕی) ﴿وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ﴾ و داواکردنی بەش بەخت(و نیاز گرتنەوە) بەتیرو پشك (کە هەموو جۆرە یانصیب هاوشێوەکانی دەگرێتەوە) ﴿ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ﴾ (ئەنجام دانی) ئەمانە هەمووی لەفەرمان دەرچوون و تاوانە ﴿الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە ئەمڕۆ نائومێد بوون ﴿مِن دِينِكُمْ﴾ لەئایینەکەتان ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ﴾ کەوانە لێیان مەترسن ﴿وَاخْشَوْنِ﴾ تەنها لە من بترسن ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ ئەمڕۆ ئایینەکەتانم تەواو (کامل) کردوە بۆتان ﴿وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي﴾ و چاکەو بەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ و ڕازی بووم کەئیسلام ئایینتان بێت ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ﴾ جا هەرکەس ناچار بوو ﴿فِي مَخْمَصَةٍ﴾ لەبرسیەتیدا ﴿غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ﴾ بێ ئەوەی نیەتی گوناە کردنی هەبێت (لەو گۆشتانە بخوات گوناهی ناگات) ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا لێخۆش بووی بەبەزەیی یە ﴿٣﴾ ﴿يَسْأَلُونَكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) پرسیارت لێ دەکەن ﴿مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ﴾ چی حەلاڵ کراوە بۆیان؟ ﴿قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ﴾ بڵێ حەلاڵ کراوە بۆتان هەموو خۆراکە پاکەکان ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ﴾ وە (ئێچیری) ئەو باڵندەو تانجی و سەگە ڕاو کەرانەی کەفێری ڕاوتان کردوون ﴿تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ﴾ فێری ڕاویان ئەکەن لەوەی خوافێری کردوون ﴿فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ﴾ دەبخۆن لەوانەی بۆتان دەگرن ﴿وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ و ناوی خوای لەسەر بێنن (کاتێ تانجی یەکەی تێ بەڕێدەن وکاتێ دەیخۆن) ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ و لەخوا بترسن ﴿إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ بێگومان خوا لێپرسینەوەی خێرایە ﴿٤﴾ ﴿الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ﴾ ئەمڕۆ حەلاڵ کراوە بۆتان خۆراکە پاکوخاوێنەکان ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ وە خۆراکی ئەوانەی نامەیان پێ دراوە (ئەهلی کتاب) ﴿حِلٌّ لَّكُمْ﴾ حەلاڵە بۆتان ﴿وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ﴾ وە خۆراکی ئێوەش حەلاڵە بۆ ئەوان ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ﴾ وە ئافرەتانی (ئازادی) داوێن پاك لەئیمانداران (حەلاڵە بۆتان) ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ هەروەها ئافرەتانی (ئازادی) داوێن پاك لەنامەدارانی (گاور وجولەکە) ﴿مِن قَبْلِكُمْ﴾ پێش ئێوە ﴿إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ ئەگەر ئێوە مارەیی یەکانیان بدەنێ (حەلاڵن بۆتان) ﴿مُحْصِنِينَ﴾ ئێوە دەبێ داوێن پاك بن ﴿غَيْرَ مُسَافِحِينَ﴾ داوێن پیس نەبن (بەئاشکرا) ﴿وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ﴾ و دۆستی ژێر بەژێرتان نەبێ (بۆ داوێن پیسی) ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ﴾ وە ئەوەی بێ باوەڕ بێ بەئیمان و شەریعەت ﴿فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ﴾ ئەوە بێگومان کردەوەکانی هەڵدەوەشێتەوە ﴿وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ وە لەڕۆژی دوایی دا یەکێکە لە خەسارۆمەندان ﴿٥﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕدارن ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ ئەگەر هەستان بۆ نوێژ کردن ﴿فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ﴾ ئەوە دەم و چاوتان بشۆن ﴿وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ﴾ هەروەها دەستەکانتان لە گەڵ ئانیشکەکانتان ﴿وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ﴾ وە دەستی تەڕ بهێنن بەسەرتان دا ﴿وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ﴾ وە پێکانتان (بشۆن) لەگەڵ هەردوو قولەپێتان ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَٱطَّهَّرُواْ﴾ وە ئەگەر لەش گران بوون ئەوەخۆتان خاوێن بکەنەوە (خۆتان بشۆن) ﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ﴾ وە ئەگەر نەخۆش بوون ﴿أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ یان لەسەفەردا بوون ﴿أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ﴾ یان کەسێکتان هاتەوە لەشوێنی پێویستی سەرئاوکردن ﴿أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ یان جووت بوون (یاپێستان بەریەك کەوت) لەگەڵ خێزانەکانتاندا ﴿فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً﴾ و ئاوتان دەست نەکەوت ﴿فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا﴾ ئەوە تەیەموم بکەن بەخۆڵێکی پاك ﴿فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ﴾ جادەست بهێنن بەدەم و چاوو دەستەکانتان دا بەو تۆز و خۆڵە پاکە ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾ خوا نایەوێت هیچ جۆرە تەنگی و ناڕەحەتیەك لەسەرتان دابنێت ﴿وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ﴾ بەڵکو ئەیەوی پاکتان بکاتەوە ﴿وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ﴾ و چاکە و بەهرەی خۆی تەواو بکات بەسەرتانەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بەڵکو سوپاسی بکەن ۝٦ ﴿وَٱذْكُرُواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ یادی چاکەو فەزڵی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە. ﴿وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِى وَاثَقَكُم بِهِۦٓ﴾ وە ئەو پەیمانەی کەدایمەزراندن پێی ﴿إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾ کاتێك کەووتتان بیستمان وگوێڕایەڵ بووین ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ لەخوا بترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ بەڕاستی خوا چاك ئاگادارە بەوەی لە سینگە کاندایە ۝٧ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ﴾ زۆر بەڕێکوپێکی هەستن بەئەنجام دانی فەرمانەکانی خوا ﴿شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ﴾ شایەتی دەربن بەدادو ڕاستی ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ﴾ بارِق و کینەتان لەدەستەو کۆمەڵێك هانتان نەدا ﴿عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْ﴾ لەسەر ئەوەی ڕاست نەڕۆن و دادگەر نەبن ﴿ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ﴾ دادگەربن ئەوە نزیکترەلەپارێزکاری وخواپەرستی یەوە ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ وەلەخوابترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ بێگومان خوا ئاگایەبەکردەوەکانتان ۝٨ ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ خوا بەڵێنی داوەبەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کردەوەی چاکەکانیان کردوە ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ﴾ بۆیان هەیە لێخۆش بوون ﴿وَأَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ و پاداشتێکی گەورە ۝٩

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ وە ئەوانەی بڕوایان نەهێنا ﴿وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ وە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانەنا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ﴾ ئەوانە هاوڕێی ئاگری دۆزەخن ﴿١٠﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ یادی چاکە و بەهرەی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە ﴿إِذْ هَمَّ قَوْمٌ﴾ کاتێك کۆمەڵێك نیازیان کرد ﴿أَن يَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ﴾ کەدەست دڕێژ بکەن بۆتان ﴿فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ﴾ خوایش بەرگری دەست دڕێژی ئەوانی لێکردن ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ وە با بڕواداران هەرپشت بەخوا ببەستن ﴿١١﴾ ﴿وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ سوێند بەخوا، بەڕاستی خوا پەیمانی بەهێزی وەرگرت لەنەوەی ئیسرائیل ﴿وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ﴾ و هەڵمان بژارد لەوان ﴿ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا﴾ دوانزە چاودێر ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ﴾ وە خوا فەرمووی ﴿إِنِّى مَعَكُمْ﴾ بێگومان من لەگەڵتانم ﴿لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر بەڕێ وپێکی نوێژ بەجێ بهێنن ﴿وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکات بدەن ﴿وَءَامَنتُم بِرُسُلِى﴾ و باوەڕ بهێنن بە نێردراوەکانم ﴿وَعَزَّرْتُمُوهُمْ﴾ وە یارمەتیان بدەن وڕێزیان بگرن ﴿وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ﴾ وە قەرز بدەن بە (بەندەکانی) خوا وخێریان پێ بکەن ﴿قَرْضًا حَسَنًا﴾ بەقەرزدان و خێرێکی جوان وچاك ﴿لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾ ئەوە بێگومان گوناە و خراپە کانتان ئەسڕمەوە ﴿وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّٰتٍ﴾ وە ئەتان خەمە بەهەشتانێك ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کەڕوبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا ﴿فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ﴾ ئەمجا لەپاش ئەو مەرج و پەیمانە هەرکەس لەئێوە بێ بڕوا ببێت ﴿فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ ئەوە بێگومان ڕێگای ڕاستی وون کردوە ﴿١٢﴾ ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ﴾ ئەمجا بەهۆی (پاش گەز بوونەوەو) هەڵوەشاندنەوەیان بۆ پەیمانەکەیان ﴿لَعَنَّٰهُمْ﴾ نەفرەتمان لێ کردن ﴿وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً﴾ وەدڵەکانیانمان گێڕا بەدڵێکی ڕەق و ووشك ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ﴾ ووتە و فەرموودەی خوا لادەدەن ﴿عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾ لە شوێنەکانی خۆی ﴿وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾ وە لەبیریان کرد بەشێکی زۆرلەوەی کەئامۆژگاری کرابوون پێی ﴿وَلَا تَزَالُ﴾ بێ کۆتایی ودواهاتن (بەردەوام) ﴿تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ﴾ ئاگادار ئەبی بەسەر ناپاکی وکردەوەی ناپاکیانەوە (وبەردەوام خەریکی فڕ وفێڵ وناپاکین) ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾ مەگەر کەمێك لەوان نەبێت (کە ئەمە پیشەیان نی یە) ﴿فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ﴾ جا ببورە لێیان و چاو پۆشی بکە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بەڕاستی خوا چاکەکەرانی خۆش دەوێت ﴿١٣﴾

﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ﴾ وە لەوانەی کەدەیان ووت ﴿إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ﴾ ئێمە گاوورین ﴿أَخَذْنَا مِيثَٰقَهُمْ﴾ بەڵێن و پەیمانی بەهێزمان لێ وەرگرتن ﴿فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾ بەڵام بەشێکی گەورە لەوەی کەنامۆژگاری کران پێی (لەسەر زمانی عیسی) لەبیریان چوو ﴿فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ﴾ بەهۆی ئەوەوە دوژمنایەتی وکینەبەریمان خستە نێوانیان ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ تارۆژی دوایی ﴿وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ﴾ وە لەمەودوا خوا هەواڵیان پێدەدات ﴿بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ﴾ بەوەی کەدەیانکرد (لەجیهان دا) ﴿١٤﴾ ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی نامەدارەکان (ئەهلی کتاب) ﴿قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا﴾ بێگومان نێررامان هاتووە بۆ ئێوە ﴿يُبَيِّنُ لَكُمْ﴾ ڕوونی دەکاتەوە بۆتان ﴿كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ﴾ زۆری لەوەی کەئێوە دەتان شاردەوە ﴿مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ لەکتێب (ی تەورات و ئینجیل) دا ﴿وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ﴾ وەچاو پۆشی دەکات لەزۆرێك لەوانە ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ﴾ بێگومان بۆتان هاتووە لەلایەن خواوە ﴿نُورٌ وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ﴾ ڕووناکی یەکی گەورەو نامەیەکی ڕوون کەرەوە ﴿١٥﴾ ﴿يَهْدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ﴾ خوا ڕێنموونی کەسێکی پێ دەکات شوێن ڕەزامەندی ئەو بکەوێت ﴿سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ﴾ بۆڕێگەکانی ئارامی و ئاشتی ﴿وَيُخْرِجُهُم﴾ وەدەریان دەهێنێت ﴿مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾ لەتاریکی یەکانی (بێ باوەڕیەوە) بۆ ناو ڕووناکی (ئیمان و ئیسلام) ﴿بِإِذْنِهِۦ﴾ بە فەرمانی خۆی ﴿وَيَهْدِيهِمْ﴾ وە ڕێنموونیان دەکات ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿١٦﴾ ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بێ باوەڕبوون ئەوانەی کەووتیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ بەڕاستی خوا هەر مەسیحی (عیسی) کوڕی مەریەمە ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ﴿فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ ئەوە کێ دەتوانێت ڕێی هیچ شتێك بگرێت لەخوا ﴿إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ﴾ ئەگەر بیەوێت مەسیحی کوڕی مەریەم لەناو ببات ﴿وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ هەروەها دایکی و هەرچی کەسیش لەزەویی دا هەیە ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وەهەر بۆ خوایە خاوەن دارێتی ئاسمانەکان و زەوی وموڵکی ئەون ﴿وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ و هەرچی وا لە نێوانیاندا ﴿يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾ دروست ئەکاو دایئەهێنێت هەرچی بیەوێت ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ وەخوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ﴿١٧﴾

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ﴾ جوولەکە وگاوورەکان دەیان ووت ﴿نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ﴾ ئێمە کوڕان و خۆشەویستانی خوایین ﴿قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم﴾ بڵێ دەی بۆچی سزاتان دەدات بەهۆی گوناهە کاتتانەوە ﴿بَلْ أَنتُم بَشَرٌ﴾ (نەخێر ڕاست نی یە) بەڵکو ئێوە مرۆڤێکن ﴿مِّمَّنْ خَلَقَ﴾ لەو مرۆڤانەی کەخوا دروستی کردون ﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ﴾ خۆش ئەبێت لەهەر کەس بیەوێت ﴿وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ و سزای هەرکەسیش ئەدات کەبیەوێت ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ و هەر بۆ خوایە مولکی ئاسمانەکان و زەوی وهەرچی والە نێوانیاندا ﴿وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ﴾ وە هەر بۆ لای ئەویشە گەڕانەوە ﴿١٨﴾ ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەی نامە دارەکان ﴿قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا﴾ بێگومان نێرراوەکەمان هات بۆ ناوتان ﴿يُبَيِّنُ لَكُمْ﴾ (بەرنامەی خوا) ڕوون دەکاتەوە بۆتان ﴿عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ﴾ پاش ماوەیەك لەناردنی پێغەمبەران ﴿أَن تَقُولُوا۟﴾ لەبەر ئەوەی نەڵێن: ﴿مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ﴾ نەهات بۆ لامان هیچ مژدەدەرو ترسێنەرێك ﴿فَقَدْ جَآءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ﴾ ئەوەتا بێگومان مژدە دەرو ترسێنەرتان بۆ هاتووە ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ وەخوا بەتوانا و دەسەڵات دارە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿١٩﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾ باسی ئەو کاتە بکە کەموسا فەرمووی بەگەلەکەی ﴿يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ ئەی گەلەکەم بیبری چاکەو بەهرەی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە ﴿إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ﴾ کاتێك کەپێغەمبەرانی تێدا هەڵبژاردون ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾ وە چەندینی کردوون بەپادشا ومەلیك ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا﴾ وە شتێکی پێ بەخشیوون کە نەی بەخشیووە بەهیچ کەس ﴿مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ لەجیهانیان ﴿٢٠﴾ ﴿يَٰقَوْمِ﴾ ئەی گەلەکەم ﴿ٱدْخُلُوا۟ ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ﴾ بچنە ناو ئەو خاکە پیرۆزەی (پاکراوەتەوە لەبت پەرستی کە مەبەست پێی بیت المقدسە) ﴿ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ کەخوا بڕیاری داوە بۆتان ﴿وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِكُمْ﴾ وە پاشەوپاش وەرنەگەڕێنەوە لەئاینەکەتان ﴿فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ﴾ (ئەگەر بگەڕێنەوە) ئەوە بەزیانباری و نائومێدی ئەگەڕێنەوە ﴿٢١﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ﴾ ووتیان ئەی موسا ﴿إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ﴾ بەڕاستی گەلێکی زۆر دارو ستەمکار لەو شارە دایە ﴿وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا﴾ وە ئێمە هەرگیز ناچینە ناوی ﴿حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا﴾ تا ئەوان لێ ی دەرنەچن ﴿فَإِن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا﴾ ئەمجا ئەگەر ئەوان لێی دەرچوون ﴿فَإِنَّا دَٰخِلُونَ﴾ ئەو کاتە بێگومان ئێمە تێی ئەچین ﴿٢٢﴾ ﴿قَالَ رَجُلَانِ﴾ دوو پیاو ووتیان: ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ﴾ لەوانەی لەخوا دەترسان ﴿أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا﴾ وەخوا چاکەی ئیمانی ڕشت بوو بەسەریاندا ﴿ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ﴾ بدەن بەسەریاندا لەقاپی شارەوە بچنە ژورەوە ﴿فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ﴾ جا ئەگەر چوونە ناویەوە ئەوە بەڕاستی ئێوە زاڵ دەبن بەسەریاندا ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟﴾ وەپشت هەر بەخوا ببەستن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ﴿٢٣﴾

﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ﴾ ووتیان ئەی موسا ﴿إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا﴾ بەڕاستی ئێمە هەرگیز ناچینە ناو ئەوشارە ﴿مَّا دَامُوا۟ فِيهَا﴾ تائەوان تێیدابن ﴿فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ﴾ کەواتە بڕۆ خۆت و پەروەردگارت لەدژیان جەنگ بکەن ﴿إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ بێگومان ئێمە لێرە دانیشتووین ﴿٢٤﴾ ﴿قَالَ﴾ (موسا) ووتی ﴿رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ﴾ ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من خاوەنی هیچ کەسێك نیم ﴿إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى﴾ بێجگە لەخۆم و براکەم نەبێت ﴿فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ﴾ کەواتە جیایی بخەرە نێوان ئێمەو ئەوگەلەی ﴿ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ کە لەسنووری خوا دەرچوون ﴿٢٥﴾ ﴿قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ﴾ (خوا) فەرمووی بەڕاستی ئەو (خاکە پیرۆزەی بیت المقدس) تەدەغە کراوە لەسەریان ﴿أَرْبَعِينَ سَنَةً﴾ ماوەی چل ساڵ ﴿يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بەسەر گەردانی دەخولێنەوە بەسەر زەویدا ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ بۆیە خەم مەخۆ لەسەر ئەو گەلەی کەلە سنووری خوا دەرچوون ﴿٢٦﴾ ﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بخوێنەرەوە بەسەریاندا ﴿نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ﴾ هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەم کە حەق و ڕاستە ﴿إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا﴾ کاتێك هەردووکیان دوو جۆرە قوربانی یان کرد ﴿فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا﴾ ئەمجا لەیەکێکیان وەرگیرا ﴿وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْءَاخَرِ﴾ وەلەوی تریان وەرنەگیرا ﴿قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ﴾ (ئەوەیان لێی گیرا نەکرا) ووتی بێگومان دەبێ هەر بتکوژم ﴿قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ ئەویش ووتی خوا (قوربانی) تەنها لەپارێزکاران و لەخواترسان گیرا دەکات ﴿٢٧﴾ ﴿لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَىَّ يَدَكَ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژکەی ﴿لِتَقْتُلَنِى﴾ بۆ ئەوەی بمکوژی ﴿مَآ أَنَا۠ بَٰسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ﴾ من دەست درێژ ناکەم بۆ تۆ بۆ ئەوەی بتکوژم ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی من لەخوا ئەترسم ﴿رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ﴿٢٨﴾ ﴿إِنِّىٓ أُرِيدُ﴾ بەڕاستی من دەمەوێت ﴿أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ﴾ کە تۆ بگەڕێیتەوە (بۆلای خوا) بەگوناهی من و خۆیشتەوە ﴿فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾ ئەوسا تۆ لەهاوەڵانی دۆزەخ دەبیت ﴿وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ هەر ئەوەش پاداشتی ستەم کارانە ﴿٢٩﴾ ﴿فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ﴾ ئەمجا دەرونی (ئەو تاوانبارە) هانی دا ﴿قَتْلَ أَخِيهِ﴾ بۆ کوشتنی براکەی ﴿فَقَتَلَهُۥ﴾ وە کوشتی ﴿فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ بەهۆی یەوە چووە ڕیزی زیان باران وخەسارومەندان ﴿٣٠﴾ ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا﴾ پاشان خوا قەلە ڕەشێکی نارد ﴿يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ لەزەویدا چاڵی هەڵنەکەند (بۆ قەلە ڕەشێکی مرداوەوە بوو) ﴿لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ﴾ بۆ ئەوەی نیشانی بدات کەچۆن لەشی براکەی بشارێتەوە ﴿قَالَ يَٰوَيْلَتَىٰٓ﴾ ووتی ئای داخی سەختم وتیاچوون بۆ من ﴿أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا ٱلْغُرَابِ﴾ بۆ من دەستە پاچە بووم لەوەی وەك ئەم قەلەڕەشەبم؟ ﴿فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى﴾ تا تەرم و عەورەتی براکەم بشارمەوە ﴿فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ﴾ ئەوسا چووە ڕیزی پەشیمان بوانەوە ﴿٣١﴾

﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ﴾ هەر لەبەر ئەوەی کەلەو داستانەدا باسکرا) ﴿كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ پێویستمان کرد لەسەرنەوەی ئیسرائیل ﴿أَنَّهُۥ﴾ کەبێگومان بڕیار ئەمەیە ﴿مَن قَتَلَ نَفْسًۢا﴾ ئەوەی تەنیا کەسێك بکوژێت ﴿بِغَيْرِ نَفْسٍ﴾ لەتۆڵەی کەسێکی کوژراودا نەبێت ﴿أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ یان تۆڵەی خراپە کاری و ئاژاوە بنێتەوە لەسەر زەوی دا ﴿فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾ ئەوە وەك ئەوەوایە هەموو خەڵکی کوشتبێت ﴿وَمَنْ أَحْيَاهَا﴾ ئەوەش بێ تاوانێك ڕزگار کات لەکوژران ﴿فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾ ئەوە وەك ئەوەوایە هەموو ئادەمی ڕزگار کردبێت و زیندووی کردبنەوە ﴿وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان، پێغەمبەرەکانمان هاتن بۆلایان بەبەڵگە ڕوونەکانەوە ﴿ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ کەچی لەپاش ئەوە زۆرێك لەوانە ﴿فِى ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ﴾ زیادە ڕەویان کرد لەزەویدا ﴿٣٢﴾ ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُا۟ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی تۆڵەی ئەوانەی ﴿يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ کە جەنگ و دوژمنایەتی ئەکەن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی دا ﴿وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا﴾ وە هەوڵ ئەدەن لەزەویدا خراپە بڵاوبکەنەوە ﴿أَن يُقَتَّلُوٓا۟﴾ (ئەوە تۆڵەیان) ئەوەیە بکوژرێن ﴿أَوْ يُصَلَّبُوٓا۟﴾ یا هەڵبواسرێن بەدارا ﴿أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم﴾ یان دەست وقاچیان ببڕدرێت ﴿مِّنْ خِلَٰفٍ﴾ بەپێچەوانەوە (ڕاست وچەپ) ﴿أَوْ يُنفَوْا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ﴾ یان دوور بخرێنەوە لەوواڵات ﴿ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْىٌ فِى ٱلدُّنْيَا﴾ ئەمە زەبونی و ئابڕو بردنیانە لە جیهاندا ﴿وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ لە دوارۆژیشدا بۆیان هەیە ﴿عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ سزایەکی گەورە ﴿٣٣﴾ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟﴾ بێجگەلەوانەی تەوبەیان کردووە ﴿مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ﴾ لەپێش ئەوەی دەسەڵاتتان ببێت بەسەریاندا ﴿فَٱعْلَمُوٓا۟﴾ تا بزانن ﴿أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ کەبەڕاستی خوالێ بوردەی میهرەبانە ﴿٣٤﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ لەخوا بترسن ﴿وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ﴾ بگەڕێن بەدوای هەموو هۆکارێکدا کەنزیکتان بخاتەوە لەخوا ﴿وَجَٰهِدُوا۟ فِى سَبِيلِهِۦ﴾ وەتێ بکۆشن وخەبات بکەن لەڕێگەی خوادا ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بەئومێدی ڕزگار بونتان ﴿٣٥﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەلەجیهاندا بێ بڕوا بوون ﴿لَوْ أَنَّ لَهُم﴾ ئەگەر ببنە خاوەنی ﴿مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ هەرچی لەزەویدایە هەمووی ﴿وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ﴾ ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بێت ﴿لِيَفْتَدُوا۟ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بکڕنەوە و ڕزگارکەن لەسزای ڕۆژی دوایی وببەخشن بۆ ڕزگار بوونیان ﴿مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ﴾ لێ یان وەرناگیرێت ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆیان هەیە سزایەکی بە ئازار ﴿٣٦﴾

﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُوا مِنَ النَّارِ﴾ دەیانەوێت لەئاگری دۆزەخ بێنەدەرەوە ﴿وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنْهَا﴾ بەڵام هەرگیز دەرچوونیان لە (ئاگری دۆزەخ) نی یە ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ و سزای بەردەوامیان بۆ هەیە ﴿٣٧﴾ ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ﴾ پیاو و ئافرەتی دز ﴿فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا﴾ دەستیان ببڕن ﴿جَزَاءً بِمَا كَسَبَا﴾ لەتۆڵەی ئەو دزیەی کردویانە ﴿نَكَالًا مِّنَ اللَّهِ﴾ ئەمە تۆڵە و تەمێ کردنێکە لەلایەن خواوە ﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا بالآ دەستی کار دروستە ﴿٣٨﴾ ﴿فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ﴾ جا هەر کەس تۆبەی کرد لەپاش ستەمەکەی (دزیەکەی) ﴿وَأَصْلَحَ﴾ وە کردەوەی چاکی کردو باش بوو ﴿فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ﴾ ئەوە بێگومان خوا تۆبەکەی لێ وەردەگرێت ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿٣٩﴾ ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ﴾ ئایا نەت زانیوە ﴿أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ﴾ کەهەر بۆ خوایە خاوەنێتی ئاسمانەکان و ﴿وَالْأَرْضِ﴾ زەوی ﴿يُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ﴾ سزای هەر کەسێك دەدات کەبیەوێت ﴿وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ﴾ وە ئەبوورێت لەهەر کەس خۆی بیەوێت ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وەخوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و دەسەڵاتدارە ﴿٤٠﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿لَا يَحْزُنكَ﴾ خەم بارت نەکات ﴿الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ﴾ ئەوانەی کە پێشبڕکێ دەکەن لەبێ بڕوایی دا ﴿مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ﴾ لەوانەی بەدەم ئەڵێن بڕوامان هێناوە ﴿وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ﴾ کەچی دڵە کانیان بڕوای نەهێناوە ﴿وَمِنَ الَّذِينَ هَادُوا﴾ هەروەها لەوانەش کە جوولەکەن ﴿سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ﴾ زۆر گوێ قوڵاخن بۆ درۆ ﴿سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ﴾ زۆر گوێ لە مشتی دەستەیەکی ترن ﴿لَمْ يَأْتُوكَ﴾ کەنەهاتون بۆلای تۆ ﴿يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ﴾ ووتەکانی (تەورات) دەگۆڕن ﴿مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ﴾ لە پاش ئەوەی خوا لەشوێنی خۆی داینـاون ﴿يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا﴾ ئەڵێن ئەگەر ئەمەی ئێمە)تان پێ گوترا (لەلایەن موحەممەد ﷺ) ﴿فَخُذُوهُ﴾ ئەوە وەری گرن ﴿وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ﴾ ئەگەر لەئەمەی ئێمە)تان پێ نەگوترا ﴿فَاحْذَرُوا﴾ ئەوا خۆتان بپارێزن ﴿وَمَن يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ﴾ وەهەر کەسێك خوا بیەوێ کافرو گومڕای بکات ﴿فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾ ئەوە تۆ لەبەرامبەر خوادا هیچت پێ ناکرێت بۆی ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ﴾ خوا نەیویستووە دڵە کانیان پاك بکاتەوە ﴿لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ﴾ لەدونیادا سەرشۆڕدەبن ﴿وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ﴾ وە لەڕۆژی دواییشدا بۆیان هەیە ﴿عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ سزایەکی زۆر گەورە ﴿٤١﴾

﴿سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ﴾ ئەو (جوولەکانە) زۆر گوێ قوڵاخی درۆن (هەمیشە گوێ هەڵدەخەن بۆ درۆ) ﴿أَكَّٰلُونَ لِلسُّحْتِ﴾ مالی حەرام زۆر دەخۆن ﴿فَإِن جَآءُوكَ﴾ جا ئەگەر ئەوانە هاتن بۆلات ﴿فَٱحْكُم بَيْنَهُمْ﴾ ئەوە (بەویستی خۆت) بڕیار بدە لە نێوانیاندا ﴿أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ یان وازیان لێ بهێنە ﴿وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ خۆ ئەگەر وازیان لێ بهێنی ﴿فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْـًٔا﴾ ئەوە هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنن ﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ﴾ وە ئەگەر بڕیارت دا لەنێوانیاندا ئەوا بە دادوەری بڕیار بدە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ چونکە بەڕاستی خوا دادگەرانی خۆش دەوێت ﴿٤٢﴾ ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ﴾ وە ئەوانە چۆن تۆدەکەن بەدادوەر ﴿وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ﴾ لەکاتێکدا تەورانیان لایە ﴿فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ﴾ کە حوکم و بڕیاری خوای تیایە ﴿ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا لەپاش ئەوە (ی کەکردیتیان بەدادوەر) ڕوو وەر دەگێڕن ﴿وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بێگومان ئەوانە بڕوادار نین ﴿٤٣﴾ ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ﴾ بێگومان ئێمە تەوراتمان نارد خوارەوە ﴿فِيهَا هُدًى وَنُورٌ﴾ کەڕێنموونی و ڕووناکی تێدا بوو ﴿يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەو پێغەمبەرانە حوکمیان پێ دەکرد ﴿أَسْلَمُوا﴾ کەموسڵمان و ملکەج بوون ﴿لِلَّذِينَ هَادُوا﴾ بۆ ئەوانەی کە جوولەکە بوون ﴿وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ﴾ هەروەها زانا خوا ناسەکان و زانا شەرع زانەکان (حوکمیان پێ دەکرد) ﴿بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ﴾ بەهۆی ئەوەی فەرمانی پارێزگاری کتێبی خوا (تەورات)یان پێ کرا بوو (لەلایەن پێغەمبەرەکانیانەوە) ﴿وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ﴾ وەشایەتیش بوون لەسەری ﴿فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ﴾ کەواتە ئەی (زانایانی جوولەکە) لەخەڵکی مەترسن ﴿وَٱخْشَوْنِ﴾ بەڵکو تەنها لەمن بترسن ﴿وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى﴾ بەڵگەو فەرمانەکانی من مەگۆڕنەوە (مەفرۆشن) ﴿ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ بە نرخێکی کەم ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ وە هەر کەس حوکم نەکات بەو بڕیارانەی کەخوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ ئا ئەوانە بێ باوەڕن و موسڵمان نین ﴿٤٤﴾ ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ﴾ لەتەوراتدا نوسیمان (پێویستمان کرد) لەسەریان ﴿أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ﴾ کەبێگومان هەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست کەسێك بکوژێنێت ئەکوژرێتەوە لە بەرامبەریدا ﴿وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ﴾ وە چاو لەبری چاو ﴿وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ﴾ وە لووت لەبری لووت ﴿وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ﴾ وە گوێچکە لەبری گوێچکە ﴿وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ﴾ وە ددان لەبری ددان ﴿وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾ وەزامەکانیش تۆڵەیان زامدار کردنی دەست درێژی کەرانە ﴿فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ﴾ جا هەر کەس لەتۆڵە سەندن خۆش بێت ئەوە ئەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم﴾ وە هەر کەسێك حوکم نەکات ﴿بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بەوەی کەخودا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ئەوا هەر ئەو کەسانە ستەم کاری تەواون ﴿٤٥﴾

﴿وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم﴾ ئەمجا بەدوای پێغەمبەرانی (جوولەکەدا) ڕەوانەمان کرد ﴿بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ﴾ عیسای کوڕی مەریەم ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ باوەڕی هەیە بەئەو تەوراتەی کەلەپێش خۆیەوە هاتووە و(ڕاستی دەردەخات وباوەڕی پێیەتی) ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ﴾ وەئینجیلمان پێ بەخشی کەڕێنموونی و ڕووناکی تێدایە ﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ وەئەو تەوراتە بەڕاست دەزانێت کەلە پێش ئەوەوە هاتووە ﴿وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ وە ڕێنموونی و ئامۆژگاری یە بۆ پارێزکاران ولەخواترسان ﴿٤٦﴾ ﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ﴾ دەبا پەیڕەوانی ئینجیل حوکم بکەن ﴿بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ﴾ بەوەی کەخوا ناردوویەتیە خوارەوە تیایدا ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ وە هەرکەس حوکم نەکات بەوەی کەخوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ ئا ئەوانە بەتەواوی یاخین و لەفەرمانی خوا دەرچوون ﴿٤٧﴾ ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ﴾ وە ئەم قورئانەمان نارد خوارەوە بۆتۆ بەحەق و ڕاستی ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ و کتێبەکانی پێش خۆی بەڕاست دەزانی و پشتیوانیان لێ دەکات (پێش دەست تێخستن و گۆڕینیان لەلایەن جولەکە وگاورەکانەوە) ﴿وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ﴾ و چاودێریانە ﴿فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ کەواتەحوکم و بڕیاربدە لەناو نامەدارەکاندا بەوەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ﴾ وە شوێن هەواو هەوەسی ئەوان مەکەوە ﴿عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ﴾ لانەدەی لەو حوکم و بڕیارە هەق و ڕاستەی کەبۆت هاتووە ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ﴾ دامان ناوە بۆ هەر ئوممەتێك لەئێوە ﴿شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ شەریعەت و ڕێگەیەکی ڕوون ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ وە ئەگەر خوا بیویستایە ئێوەی ئەکرد بەیەك ئوممەت و کۆمەڵ ﴿وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ﴾ بەڵام (نەیکردوون) بۆئەوەی تاقیتان بکاتەوە ﴿فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ﴾ لەو شەریعەت و یاسایانەی کەپێی بەخشیوون ﴿فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ کەواتە پێش بڕکێ بکەن بۆ ئەو شتانەی کەچاکن ﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾ گەڕانەوەتان هەر بۆلای خوایە بەگشتی ﴿فَيُنَبِّئُكُم﴾ ئەمجا هەواڵتان پێدەدا ﴿بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ بەوەی کەلەجیهاندا جیاوازبوون تیایدا ﴿٤٨﴾ ﴿وَأَنِ ٱحْكُم بَّيْنَهُم﴾ وە(فەرمانمان پێ کردیت) کەحوکم بکە لەنێوانیاندا ﴿بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ بەوەی کەخوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ﴾ و شوێن حەزو ئارەزوبان نەکەویت ﴿وَٱحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ﴾ وە ووریابە لێیان لەوەی بت ترازێنن ﴿عَنۢ بَعْضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ﴾ لە هەندێك لەوەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆت ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟﴾ ئەمجا ئەگەر ئەوانە ڕوبان وەرگێڕاو سەرپێچی بان کرد ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ ئەوە بزانە و دڵنیابە خوا ئەیەوێت ﴿أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ﴾ بەهۆی هەندێك لە تاوانەکانیانەوە سزایان بدات و تووشی زیانیان بکات ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ﴾ بێگومان زۆر لە نادەمی یەکان سەرکەشن و لەسنووری خوا دەرچوون ﴿٤٩﴾ ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾ ئایا ئەوان داوای حوکمی نەفامی دەکەن؟ ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا﴾ ئایا کێ حوکم و بڕیاری لە هی خوا جوان و چاکترە؟ ﴿لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ بۆکەسانێك کە بڕوای تەواویان هەیە ﴿٥٠﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ﴾ جوولەکەو گاوور مەکەن بەپشتیوان و خۆشەویستی خۆتان ﴿بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ ئەوانە هەندێکیان دۆستی یەکترن ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ﴾ ئەوەتان ئەوان بکات بەپشتیوان و دۆستی خوی ﴿فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ﴾ ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە لەوانە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بێگومان خوا ڕێنموونی گەلی ستەمکاران ناکات ﴿٥١﴾ ﴿فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ بۆیە ئەبینی ئەوانەی دڵیان نەخۆشی (دوو ڕوویی) تیایە ﴿يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ﴾ پێش بڕکێ ئەکەن لەدۆستایەتی ئەو (جوولەکەو گاوور) انەدا ﴿يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ﴾ ئەڵێن ئەترسین ﴿أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ﴾ کەبەسەر هاتی ناخۆشی ڕۆژگار دووچارمان ببێت ﴿فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ﴾ دەی نزیکە خوا سەرکەوتن و زاڵ کردنی تەواو بنێرێت (بۆ پێغەمبەر ﷺ) ﴿أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ﴾ یان لەلایەن خۆیەوە کارێکی تر بکات ﴿فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟﴾ بەهۆی ئەوەوە وایان لێدێت لەوەی پەنهانیان کردبوو ﴿فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ﴾ لەدەروونی خۆیاندا پەشیمان دەبنەوە ﴿٥٢﴾ ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەوسا ئەوانەی بڕوایان هێناوە دەڵێن ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ ئایا ئەوکەسانە ئەوانەن کەسوێندیان بەخوا ئەخوارد ﴿جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ﴾ بەتوندترین سوێندیان ﴿إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ﴾ کەبەڕاستی ئەوان لەگەڵتانن ﴿حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ﴾ کردەوەکانیان پوچەڵ بوویەوە ﴿فَأَصْبَحُوا۟ خَٰسِرِينَ﴾ بەهۆی ئەوەوە زەرەرمەندو ڕەنجە ڕۆبوون ﴿٥٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ﴾ هەر کەس لەئێوە هەڵگەڕێتەوە لەئایینەکەی ﴿فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ﴾ ئەوە بەزوویی خوا لەباتی ئەوان گەل و کۆمەڵێکی تر ئەهێنێت ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ خوا ئەوانی خۆش ئەوێت و ئەوانیش خوایان خۆش ئەوێت ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بەسۆزو بەزەیین بەرانبەر بڕوادارن ﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بەهێزو تووندن بەرانبەر بێ بڕوایان ﴿يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ تێ کۆشان دەکەن لەڕێی خوادا ﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾ و ناترسن لەسەرزەنشتی سەرزەنشت کاران ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ﴾ ئەوەی باسکرا چاکەو بەهرەی خوایە ﴿يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾ ئەیبەخشێت بەهەر کەس کەخۆی بیەوێت ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ وەخوا دەستەڵات فراوانی زانایە ﴿٥٤﴾ ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ بێگومان دۆست و یارمەتی دەری ئێوە تەنها خواو پێغەمبەرەکەیی ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ و بڕوادارانن ﴿ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ ئەوانەی کەبەڕێك و پێکی نوێژەکانیان بەجێ ئەهێنن ﴿وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکات ئەدەن ﴿وَهُمْ رَٰكِعُونَ﴾ بەردەوام مل کەچن بۆ فەرمانی خوا ﴿٥٥﴾ ﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ وە هەر کەس خواو پێغەمبەرو ئیمانداران بکات بەپشتیوانی خۆی ﴿فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ﴾ ئەوە بێگومان هەر کۆمەڵی خودا زاڵ و سەرکەوتوون ﴿٥٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی کەسانێك کەبڕواتان هێناوە ﴿لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَكُمْ﴾ دامەنێن ئەوانەی کەئایینەکەی ئێوە دادەنێن (بەشتێکی) ﴿هُزُوًا وَلَعِبًا﴾ گاڵتەو لاقرتی پێکراو ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ لەوانەی نامەیان پێ بەخشراوە ﴿مِن قَبْلِكُمْ﴾ لەپێش ئێوەدا ﴿وَٱلْكُفَّارَ﴾ وە لەبێ بڕواکانیش ﴿أَوْلِيَآءَ﴾ (دایان مەنێن) بەدۆست و خۆشەویستی خۆتان ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿٥٧﴾

﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ﴾ کاتێك ئێوە بانگ دەدەن بۆ نوێژ ﴿اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا﴾ ئەو (دوو ڕووانە) گاڵتەو لاقرتی پێ ئەکەن ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْقِلُونَ﴾ ئەمەش بەهۆی ئەوەوە یە کەئەوان گەلێکی نەفام و نەزانن ﴿٥٨﴾ ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ﴾ بڵێ ئەی نامەدارەکان ﴿هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّا﴾ ئایا هیچ ڕەخنەو ڕقێکتان هەیە لەئێمە ﴿إِلَّا أَنْ آمَنَّا بِاللَّهِ﴾ بێجگە لەوەی کەبڕوامان هێناوە بەخوا ﴿وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا﴾ وە بەو قورئانەی هێنراوەتە خوارەوە بۆمان ﴿وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلُ﴾ وە بەوەی لەمەوپێش هێنراوەتە خوارەوە ﴿وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَاسِقُونَ﴾ بێگومان زۆربەتان سەرکەش و لەسنوور دەرچوون ﴿٥٩﴾ ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ ﴿بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ﴾ کێ شوێن و پاداشتی خراپترە لای خوا لەوە ﴿مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ﴾ ئەوە کەسێکە خوا نەفرەتی لێ کردبێت ﴿وَغَضِبَ عَلَيْهِ﴾ وخەشمی لێگرتبێت ﴿وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ﴾ وە هەندێکی لێ کردبن بەمەیموون و بەراز ﴿وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ﴾ وە بت وتاغوتی پەرستبێت ﴿أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا﴾ ئەوانەی باسکران خراپترین شوێنیان هەیە ﴿وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ و گومڕاترین کەسن لەڕێگای ڕاست ﴿٦٠﴾ ﴿وَإِذَا جَاءُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا﴾ وەکاتێك دێن بۆلاتان دەڵێن بڕوامان هێناوە ﴿وَقَد دَّخَلُوا بِالْكُفْرِ﴾ سوێندبێ بێگومان بەبێ بڕوایی یەوە هاتوون ﴿وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ﴾ وەبێگومان هەر بەبێ بڕواییشەوە دەرچوون ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا يَكْتُمُونَ﴾ وە خوا زۆر چاك دەزانێ بەوەی کەدەیان شاردەوە ﴿٦١﴾ ﴿وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ﴾ وەئەبینی زۆرێك لەوانە ﴿يُسَارِعُونَ فِي الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ پێشبڕکێ ئەکەن لەگوناهو دەست درێژی کردن ﴿وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾ و حەرام خواردندا (وەك بەرتیل) ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بێگومان ئەوەی کەدەیانکرد زۆر بەدو خراپ بوو ﴿٦٢﴾ ﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ﴾ ئەوە بۆچی بەرگریبان نەکردن خواپەرست و زاناکانیان ﴿عَن قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ﴾ لەگوفتاری گوناهیان و ﴿وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾ لەحەرام خواردنیان (وەك بەرتیل) ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾ بەڕاستی شتێکی بەدبوو ئەوەی دەیانکرد ﴿٦٣﴾ ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ﴾ جوولەکەکان ووتیان ﴿يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ﴾ خوا دەستی بەستراوە (پاکی بۆخودا) ﴿غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ﴾ یاخوا ئەوان خۆیان چنگ قوچراو و دەست بەستراوبن ﴿وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا﴾ وەنەفرینیان لێکرا بەهۆی ئەوەی کە ووتیان ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ (نەخێر وانی یە) بەڵکو هەردوو دەستی خودا هەمیشە کراوەیە (لەم ئایەتەدا جێگیرکردن و باسکردنی سیفەتی دەست بۆ خودا هاتووە ئێمە باوەڕمان پێیەتی بەبێ لێچواندن و شێوەکەی نازانین وتەنها خودا دەیزانێت) ﴿يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ﴾ چۆنی بیەوێت دەیبەخشێت ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم﴾ وەسوێند بەخوا زیاد دەکات بۆ زۆر لەوان (بۆ زاناو سەرۆکەکانیان) ﴿مَّا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ ئەو قورئانەی هێنراوتە خوارەوە بۆ تۆ لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿طُغْيَانًا وَكُفْرًا﴾ سەرکەشی و بێ بڕوای (زیاد ئەکات بۆیان) ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ﴾ وەخستومانەتە نێوانیان ﴿الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ﴾ دوژمنایەتی و کینەو ڕقەبەری ﴿إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ تاڕۆژی دوایی ﴿كُلَّمَا أَوْقَدُوا نَارًا لِّلْحَرْبِ﴾ هەر جارێك ئاگرێکیان هەڵگیرساندبێت بۆ ئاژاوە نانەوەو جەنگ ﴿أَطْفَأَهَا اللَّهُ﴾ خوا ئەو ئاگرەی کوژاندۆتەوە ﴿وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا﴾ وە تێکۆشان ئەکەن لەزەوی دا بۆ خراپەو تێکدان ﴿وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ خوا خراپەکارانی خۆش ناوێت ﴿٦٤﴾

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُوا﴾ خۆ ئەگەر بەڕاستی نامەدارەکان (ئەهلی کتاب لەگاور و جولەکەکان) بڕوایان بهێنایە ﴿وَٱتَّقَوْا﴾ و خۆیان بپاراستایە و پارێزکار ولەخواترس بوونایە ﴿لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ﴾ بێگومان گوناهو خراپەکانیانمان دەسڕی یەوە لێیان ﴿وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ وە دەمانخستنە ناو بەهەشتانی پڕ ناز و نیعمەت ﴿٦٥﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ﴾ وە بێگومان ئەگەر ئەو نامەدارانە تەورات و ئینجیلیان کار پێ بکردایە ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم﴾ هەروەها ئەو قورئانەی کەهێنراوەتە خوارەوە بۆیان ﴿مِن رَّبِّهِمْ﴾ لەلایەن پەروەردگاریانەوە ﴿لَأَكَلُوا۟ مِن فَوْقِهِمْ﴾ بێگومان ڕۆزی یان دەخوارد لەلای سەرویانەوە (لە ئاسمانەوە) ﴿وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ﴾ وە لە ژێرپێیانەوە(لە زەوی یەوە) ﴿مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ﴾ تێیان دایە دەستەو کۆمەڵێکی ڕێك وپێك ﴿وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ﴾ بەڵام زۆرێك لەوان ﴿سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ﴾ ئەوەی دەیکەن زۆر بەدو خراپە ﴿٦٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ ڕایگەیەنە (بەخەڵك) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت ﴿مِن رَّبِّكَ﴾ لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ﴾ وە ئەگەر وانەکەی ﴿فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ﴾ ئەوە ڕاسپێریەکەی خوات ڕانەگەیاندوەو بەجێت نەهێناوە ﴿وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ وەخواتۆدەپارێزێت لەخەڵکی (کەبت کوژن) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بێگومان خوا ڕێنموونی بێ بڕوایان ناکات ﴿٦٧﴾ ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەی نامەدارەکان (ئەی ئەهلی کتاب) ﴿لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ﴾ ئێوە لەسەر هیچ شتێك نین ﴿حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ﴾ هەتا بەڕێنك و ڕاستی پەیڕەوی تەورات و ئینجیل نەکەن ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم﴾ هەروەها ئەو قورئانەی کەهێنراوەتە خوارەوە بۆتان ﴿مِّن رَّبِّكُمْ﴾ لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم﴾ سوێند بەخوا زیاد ئەکات بۆ زۆربان ﴿مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا﴾ سەرکەشی و بێ باوەڕیبان (زیاد دەکات) ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ کەواتە خەم مەخۆ لەسەر کۆمەڵی بێ بڕوایان ﴿٦٨﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟﴾ و ئەوانەی بوون بەجوولەکە ﴿وَٱلصَّٰبِـُٔونَ﴾ ئەستێرە پەرست یان فریشتە پەرستەکان ﴿وَٱلنَّصَٰرَىٰ﴾ وە شوێن کەوتوانی عیسی پێغەمبەر ﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ هەر کەس لەوانە بڕوایان هێنا بێت بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ و بە ڕۆژی دوایی ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ و کردەوەی چاکی کردبێت ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ ئەوە نەهیچ مەترسیەکیان لەسەرە ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە نەخەفەت بار ئەبن (لەڕۆژی دوایی دا) ﴿٦٩﴾ ﴿لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ سوێند بەخوا پەیمانی بەهێزمان وەرگرت لە بەنو ئیسرائیل ﴿وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًا﴾ و چەند پێغەمبەرێکمان نارد بۆیان ﴿كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولٌۢ﴾ هەر جارێك پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە ﴿بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ﴾ بە هەر فەرمانێ کە بەدڵیان نەبوایە ﴿فَرِيقًا كَذَّبُوا۟﴾ دەستەیەکیان بەدرۆزن دانەنان ﴿وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ﴾ وە دەستەیەکیشیان دەکوشتن ﴿٧٠﴾

﴿وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتۡنَةٞ﴾ وایان دەزانی کەتۆڵە و سزا دووچاریان نابێت ﴿فَعَمُواْ وَصَمُّواْ﴾ جا بۆیە کوێرو کەڕبوون (لەئاست بیستن و بینینی هەق) ﴿ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ﴾ لە پاشان خوا تەوبەو گەڕانەوەی لێ وەر گرتن ﴿ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ﴾ ئەمجا لەپاش ئەوە زۆر بەیان کوێرو کەڕبوون (لەبیستن و بینینی بەڵگەو ئایەتەکانی خوا) ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ﴾ وە خوا بینەرە بەهەر کردەوەیەك کەدەیکەن ﴿٧١﴾ ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ﴾ سوێند بێت بێ باوەڕبوون ئەوانەی کەووتیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۖ﴾ بێگومان خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە ﴿وَقَالَ ٱلۡمَسِيحُ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ لەکاتێکدا مەسیح (کاتێك پەوانەکرا) ووتی ئەی بەنو ئیسرائیل ﴿ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۖ﴾ تەنها خوا بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەشە ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ﴾ بەڕاستی هەر کەس هاوبەشبۆ خوا دابنێت ﴿فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ﴾ ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لێ حەرام کردووە ﴿وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ﴾ وە جێگا و شوێنی ئاگر دەبێت ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ﴾ وە بۆ ئەو ستەم کارانە هیچ یارمەتی دەرێك نی یە ﴿٧٢﴾ ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بێ باوەڕبوون ئەوانەی کەووتیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖ﴾ بێگومان خوا یەکێکە لەو سێ خوا (کەبریتین لەپەروەردگارو عیسی و دایکی) ﴿وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ﴾ (لەکاتێکدا) هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە بێجگە لەتەنیا خوایەك ﴿وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ﴾ وە ئەگەر واز نەهێنن لەو ووتە ناڕەواو بەدانە ﴿لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ﴾ سوێند بەخوا دووچاری ئەوانەیان ئەبێت کەبێ باوەڕبوون ﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزایەکی بەئازارو سەخت ﴿٧٣﴾ ﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ﴾ دەی ئایا بۆ تۆبە ناکەن و ناگەڕێنەوە بۆلای خوا؟ ﴿وَيَسۡتَغۡفِرُونَهُۥۚ﴾ و داوای لێبوردنی لێ ناکەن؟ ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ لەکاتێکدا خوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿٧٤﴾ ﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ﴾ مەسیحی کوڕی مەریەم هیچ نی یە جگە لەپێغەمبەری خوا ﴿قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۖ﴾ بێگومان لەپێش ئەوەوە چەندەها پێغەمبەر بوون ﴿وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ﴾ دایکیشی ئافرەتێکی زۆر ڕاست گۆیە ﴿كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ﴾ هەردووکیان خواردنیان دەخوارد (واتە خوانین) ﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾ سەرنج بدە چۆن ئایەت و بەڵگەکان ڕوون دەکەینەوە بۆیان ﴿ثُمَّ ٱنظُرۡ﴾ پاشان سەیر کە ﴿أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ چۆن لادەدرێن لەحەق بەرەو بەتاڵ دەڕۆن ﴿٧٥﴾ ﴿قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا ئێوە بێجگە لەخوا شتێك دەپەرستن؟ ﴿لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ﴾ کە هیچ زەرەرو سوودێکی نی یە بۆتان ﴿وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾ وە خوا هەر خۆی بیسەری زانایە ﴿٧٦﴾ ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەی نامەدارەکان ﴿لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ﴾ زیادە ڕۆی مەکەن لەئاینەکەتانـدا ﴿غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ﴾ جگە لەوە نەبێت کەڕاست وحەقە ﴿وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ﴾ و شوێن ئارەزووی کەسانێك مەکەون ﴿قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ﴾ کەبەڕاستی پێشتر گومڕاو سەرلێ شێواو بوون ﴿وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا﴾ وە زۆر کەسیشیان گومڕاکرد ﴿وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾ وە خۆشیان گومڕابوون و لایاندا لەڕێگای ڕاست ﴿٧٧﴾

﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ نەفرین کراوەکانی بێ بڕوابوون ﴿مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ لەبەرەو نەوەی ئیسرائیل ﴿عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ﴾ لەسەر زمانی داوود ﴿وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ﴾ ولەسەر زمانی عیسای کوڕی مەریەمیش ﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ﴾ ئەو نەفرینەش لەبەر ئەوە بوو سەرپێچیان کرد ﴿وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ﴾ و هەمیشە دەست درێژیان دەکرد ﴿٧٨﴾ ﴿كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ﴾ ئەوانە بەرگری یەکتری یان نەدەکرد ﴿عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ﴾ لەهەر کارێکی بێزراو ناشەرعی کەدەیانکرد ﴿لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ بێگومان زۆر بەدبوو ئەوەی کەئەیانکرد ﴿٧٩﴾ ﴿تَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ﴾ ئەبینی (ئەی موحەممەد ﷺ) زۆر بەیان ﴿يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ﴾ دۆستایەتی ئەکەن لەگەڵ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ أَنفُسُهُمۡ﴾ بێگومان زۆر بەد و خراپە ئەوەی کەپێشیان خست بۆخۆیان (وکردویانە) ﴿أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ﴾ کە هۆی خەشم و قینی خوا بوو لێیان ﴿وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ خَٰلِدُونَ﴾ وە ئەوانە لەسزای دۆزەخدا بێ بڕانەوە دەمێننەوە ﴿٨٠﴾ ﴿وَلَوۡ كَانُواْ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ وە ئەگەر ئەوانە بڕوایان بهێنایە بەخوا ﴿وَٱلنَّبِيِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ﴾ وە بە پێغەمبەرو بەو بەرنامەیەی کەنێراوەتە خوارەوە بۆ سەری ﴿مَا ٱتَّخَذُوهُمۡ أَوۡلِيَآءَ﴾ ئەو بێ بڕوایانەیان نەدەکرد بەدۆست و خوشەویستی خۆیان ﴿وَلَٰكِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ﴾ بەڵام زۆر بەیان ﴿فَٰسِقُونَ﴾ لەئایین دەرچوون و یاخیبن لەخوا ﴿٨١﴾ ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ سوێند بێت دەبینیت (ئەی موحەممەد ﷺ) خراپترینی خەڵکی بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ بڕواداران دا ﴿ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ﴾ جوولەکە و هاوبەشدانەران ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ وە سوێند بێت دەبینیت نزیکترینیان لەخۆشەویستی بۆ بڕواداران ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ﴾ ئەوانەن کەدەیان ووت بێگومان ئێمە گاوورییں ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا﴾ ئەوەش لەبەر ئەوەیە بێگومان لە ناویاندا قەشەو گۆشەگیرانێك هەن ﴿وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ﴾ کە بەڕاستی ئەوان خۆیان بەزل و گەورە دانانێن ﴿٨٢﴾ ﴿وَإِذَا سَمِعُواْ﴾ هەر کاتێك گوێیان لێ بووایە ﴿مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ﴾ ئەو قورئانەی کە نێراوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ﴿تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ﴾ دەبینی چاوەکانیان ﴿تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ﴾ لە فرمێسك (پڕدەبێ و) دەڕژێت ﴿مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ ٱلۡحَقِّۖ﴾ لەبەر ئەو ڕاستی یەی کە زانیویانە (و بۆیان دەرکەوتوە) ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا﴾ ئەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئەوا ئێمە باوەڕمان هێنا (بەو قورئانەی ناردووتە خوارەوە بۆ موحەممەد) ﴿فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ دەتۆش لەگەڵ شایەتی دەران ناومان بنوسە و(لەگەڵ ئەواندا بمانژمێرە) ﴿٨٣﴾

﴿وَمَالَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ﴾ بۆچی دەبێ ئێمە باوەڕ نەهێنین بە خوا ﴿وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ﴾ و بەوەی کە بۆمان هاتووە لە حەق و ڕاستی ﴿وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا﴾ لە کاتێکدا ئومێدمان وایێ پەروەردگارمان بمانخاتە ﴿مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ﴾ ڕیزی پیاو چاکانەوە ﴿٨٤﴾ ﴿فَأَثَابَهُمُ اللَّهُ بِمَا قَالُوا﴾ جا خوا پاداشتیان ئەداتەوە بەهۆی ئەوەوە کە ووتیان ﴿جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ بەچەند باخێك کە ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ دەمێننەوە تیایدا بەهەمیشەیی ﴿وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ﴾ وە ئەوەیە پاداشتی چاکەکاران ﴿٨٥﴾ ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێناو ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دەزانی ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ ئەوانەن هاوەڵانی دۆزەخ ﴿٨٦﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ئەو شتە پاك و خۆشانەی کە خوا حەڵاڵی کردوە بۆتان یاساغی مەکەن لە خۆتان ﴿وَلَا تَعْتَدُوا﴾ و سنوور مەشکێنن ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ چونکە بێگومان خوا سنوور شکێنەرانی خۆش ناوێت ﴿٨٧﴾ ﴿وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ﴾ بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیانەی کە خوا پێی بەخشیوون ﴿حَلَالًا طَيِّبًا﴾ کە حەڵاڵ و پاکن ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ﴾ خۆتان بپارێزن و بترسن لەو خوایەی کە ئێوە باوەڕتان پێ یەتی ﴿٨٨﴾ ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ﴾ خوا لێتان ناگرێت ﴿بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ﴾ ئەو سوێندانەتان کە نیازی دڵی لەگەڵدا نی یە ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم﴾ بەڵام لێ تان ئەگرێت (بە گوناهبارتان دادەنێ) ﴿بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ﴾ بە(شکاندنی) سوێندێك کە بەنیازی دڵ داتان بەستبێت ﴿فَكَفَّارَتُهُ﴾ جا کەفارەتی (سرینەوەی شکاندنی) ئەو سوێندانە ﴿إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ﴾ خۆراك دانی (دە) هەژارە ﴿مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾ لە خۆراکێك مام ناوەندی کە بە منداڵ وخێزانی خۆتانی دەدەن ﴿أَوْ كِسْوَتُهُمْ﴾ یا پۆشاکی (دە) هەژار ﴿أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾ یا ئازاد کردنی بەندەیەك ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ﴾ جائەوەی دەستی نەکەوت هیچ کام لەمانە ﴿فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ﴾ ئەوە سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ﴿ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ﴾ ئەوە(ی باسکرا) کەفارەتی سوێندەکانتانە کاتێك کە سوێندتان خوارد(و سوێندەکەتان شکاند) ﴿وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ﴾ وە سوێندەکانتان بپارێزن ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ﴾ بەو جۆرە خوا ئایەتەکانی خۆی بە ڕوونی باسی ئەکات بۆتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن ﴿٨٩﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ﴾ بێگومان ئارەق و قومار و ئەو بەردانەی کە کراون بە بت ﴿وَالْأَزْلَامُ﴾ و ئەو پارچە دارانەی (کە بەکارئەهێنرێن بۆ دیاریکردنی بەش و چارەنووس) ﴿رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ﴾ ئەوانە پیسن و لەکردەوەی شەیتانن ﴿فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ کەواتە دووربکەونەوە لێی تا ڕزگاربن ﴿٩٠﴾

﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ بێگومان شەیتان هەر ئەوەی ﴿أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ﴾ کە دوژمنایەتی و کینەو ڕق بخاتە ناوتانەوە ﴿فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ﴾ بەهۆی ئارەق و قومارەوە ﴿وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾ وە بەرگریتان بکات لەیادی خودا و لەنوێژ کردن ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە وازدەهێنن (لەو خراپانە)؟ ﴿٩١﴾ ﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە فەرمانبەر وگوێڕایەڵی خوابن ﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ﴾ وە فەرمانبەرو گوێڕایەڵی نێرراوە کەی بن ﴿وَٱحْذَرُوا۟﴾ و بترسن (ئاگادارین) ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ ئەمجا ئەگەر ئێوە ڕوو وەرگێڕن و فەرمان بەری نەکەن ﴿فَٱعْلَمُوٓا۟﴾ ئەوا بزانن ﴿أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا﴾ بێگومان ئەوەی کە لەسەر نێردراوەکەی ئێمە بێت ﴿ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ﴾ تەنها ڕاگەیاندنی ڕوون و ئاشکرای ئایینەکەیە ﴿٩٢﴾ ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ نەبووەو نی یە لەسەر ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟﴾ هیچ گوناهێك لەوەی خواردوویانە (ئارەق و پارەی قومار پێش حەرام کردنیان) ﴿إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟﴾ ئەگەر خۆیان پاراستبێت (لەو چەرخەدا لەوەی کە حەرام بووە لە سەریان) ﴿وَّءَامَنُوا۟﴾ وە باوەڕداربووبن ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کردەوە چاکەکانیان کردبێت ﴿ثُمَّ ٱتَّقَوا۟﴾ پاشان خۆیان پاراستبێت (لەوەی کە حەرام کرابێت) ﴿وَّءَامَنُوا۟﴾ و بڕواشیان هەبوبێت (بەوەی کە هاتبێت لە لایەن خواوە) ﴿ثُمَّ ٱتَّقَوا۟﴾ پاشان بەردەوام بووبن لەسەر خۆ پاریزی ﴿وَّأَحْسَنُوا۟﴾ و چاکەکانیشیان بەچاکی کردبێت ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ وە خوا ئەو چاکەکارانەی خۆش دەوێت ﴿٩٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ﴾ سوێند بە خوا، خوا تاقیتان دەکاتەوە ﴿بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ﴾ بە هەندێك نێچیر ﴿تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ﴾ کە بەدەست دەیانگرن و بە ڕمەکانتان ڕاویان دەکەن ﴿لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ﴾ تا خوا دەری بخات کێ لێی دەترسێت بە پەنهانی ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا هەرکەس دەست درێژی بکات دوای ئەو (هەواڵ پێدانە) ﴿فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوە بۆی هەیە سزایەکی بەئازار ﴿٩٤﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ﴾ نێچیر مەکوژن ﴿وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾ لە کاتێکدا ئێوە لە ئیحرامدان ﴿وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا﴾ وە ئەوەتان بەدەستی ئەنقەست بیکوژێت ﴿فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ﴾ ئەوە لەسەریەتی سەر بڕینی وێنەی ئەوەی کە کوشتوویەتی ﴿مِنَ ٱلنَّعَمِ﴾ لە ئاژاڵ و ماڵات ﴿يَحْكُمُ بِهِۦ﴾ ئەو بڕیارە بدەن (نێچیرەکە لە بەرانبەرج ئاژەڵێکدایە) ﴿ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ دوو پیاوی موسڵمانی چاك لەخۆتان ﴿هَدْيًۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ﴾ بە شێوەی قوربانی بگاتە کەعبە (و لەوێ بیکات بەقوربانی) ﴿أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ﴾ یان بە ئەندازەی نرخی قوربانیەکە خۆراك بدات بە چەند هەژارێك ﴿أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا﴾ یان بەقەدەر ئەو خۆراکدانە ڕۆژوو بگرێت ﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی بچێژێت تۆبالی کارەکەی ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ﴾ خوا خۆش بووە لەوەی کە ئێپەڕی و بەسەرچوو ﴿وَمَنْ عَادَ﴾ بەڵام هەرکەسێك بگەڕێتەوە (بۆ سەر ئەو کردەوەیە) ﴿فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ﴾ ئەوا خوا تۆڵەی بە تینی لێ دەسێنێت ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ وەخوا زاڵە و خاوەنی تۆڵەی بەتینە ﴿٩٥﴾

﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ﴾ ڕاو(ی نێچیر) و خواردەمەنی دەریایی حەلاڵکراوە بۆتان ﴿مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾ تا ئێوە و گەشتیارەکان سوودی لێ وەربگرن ﴿وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ ٱلْبَرِّ﴾ وڕاو(نێچیری) کێوی و ووشکایی یاساغ کراوە لێتان ﴿مَا دُمْتُمْ حُرُمًا﴾ تا لە ئیحرامدا بن ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ﴾ لە (بیقەرمانی) ئەو خوایە بترسن کە ﴿إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ هەر بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە (لە ڕۆژی دوایی دا) ﴿٩٦﴾ ﴿جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾ خوا کەعبە کە (بیت الحرام)ە داینساوە تاوەکو (جێگای) ﴿قِيَٰمًا لِّلنَّاسِ﴾ ڕاوەستانی کاروباری دین ودونیای خەڵکی بێت ﴿وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾ وە هەروەها مانگە یاساغەکان (کە جەنگ تێیاندا حەرامە)و قوربانیە دیاری نەکراوەکان و قوربانیە دیاری کراوەکانیشی داناوە ﴿ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئەوەش بۆ ئەوەی کە بزانن بەڕاستی خوا ﴿يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەزانێت و بە تاگایە کە چی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە بێگومان خوا بە هەموو شتێك زانایە ﴿٩٧﴾ ﴿ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ باش بزانن کە بەڕاستی خوا تۆڵەی زۆر بە تینە (بۆ یاخیان) ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە بەڕاستی خوا لێبووردەی میهرەبانە (بۆ تۆبەکاران) ﴿٩٨﴾ ﴿مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ﴾ نێردراوەکەی خوا (موحەممەد ﷺ)هیچی لەسەر نی یە بێجگە لە ڕاگەیاندن نەبێت ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾ وە خوا دەزانێت بەوەی دەری دەخەن بەوەش دەیشارنەوە ﴿٩٩﴾ ﴿قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ پیس و پاك وەك یەك نین ﴿وَلَوْ أَعْجَبَكَ﴾ هەرچەند سەرسامت بکات ﴿كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ﴾ زۆری پیسەکە ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ کەواتە لەخوا بترسن ﴿يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ ئەی خاوەنانی ژیری و هۆشمەندان ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ تا ڕزگار بین ﴿١٠٠﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ﴾ پرسیار مەکەن لە شتانێك ﴿إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ﴾ ئەگەر ئاشکرا بکرێن بۆتان ناخۆش و خراپ دەبێت بۆتان ﴿وَإِن تَسْـَٔلُوا۟ عَنْهَا﴾ وە ئەگەر پرسیار بکەن دەربارەیان ﴿حِينَ يُنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ﴾ کاتێك قورئان دەنێردرێتە خوارەوە، بۆتان ئاشکرا دەکرێن ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا﴾ خوا خۆش بووە لەو پرسیارانەی لەوە و پێش ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ وە خوا زۆر لێبوردەی لەسەرخۆیە ﴿١٠١﴾ ﴿قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ﴾ بێگومان ئەو (جۆرە) پرسیارانەیان کرد کۆمەڵێك ﴿مِّن قَبْلِكُمْ﴾ پێش ئێوە ﴿ثُمَّ أَصْبَحُوا۟ بِهَا كَٰفِرِينَ﴾ پاشان بێ بڕوا بوون بەهۆی ئەو پرسیارانەوە. ﴿١٠٢﴾ ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ﴾ خوا دای نەناوە و بڕیاری نەداوە (بۆ بتپەرست وهاوەڵدانەران کە حەرامی بکەن لەسەرخۆیان وجێنی بهێڵن بۆ بتەکانیان وسوودیان لێ وەرنەگرن) ﴿مِنۢ بَحِيرَةٍ﴾ لەبەحیرە: (ووشترێك بوو پێنج سکی بکردایەو پێنجەم نێر بوایە، ئەو کاتە گوێچکەیان لەت دەکرد و بەرەڵایان دەکرد) ﴿وَلَا سَآئِبَةٍ﴾ و سائیبە: (ووشترێك بوو کە دە تا دوانزە سکی بکردایە هەموو مێینە بوایە) ﴿وَلَا وَصِيلَةٍ﴾ و وەصیلە: (ووشترێك بوو یەکەم و دووەم سکی مێینە بوایە) ﴿وَلَا حَامٍ﴾ و حام: (ووشترێکی نێر بوو کە لە پشتی ئەو دە سك پەیدا ببوایە) ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بەڵام ئەوانەی بێ باوەڕبوون ﴿يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾ درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستن ﴿وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ و زۆربەیان ژیر نین (نەزانن) ﴿١٠٣﴾

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا﴾ وەکاتێك کە بووترێ پێ یان وەرن ﴿إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ بۆ لای ئەو قورئانەی کە خوا ناردویەتیە خوارەوە ﴿وَإِلَى الرَّسُولِ﴾ و بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ﴿قَالُوا حَسْبُنَا﴾ دەڵێن بەسمانە ﴿مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا﴾ ئەو(ئاینەی) کەباوك و باپیرانمان لەسەری بوون ﴿أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ﴾ ئایا(چاویان لێ دەکەن) ئەگەر لە حاڵێکدا باو باپیرانیشیان ﴿لَا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ هیچ شتێکیان نەزانیبێ وگومڕابووبن ﴿۱۰۴﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ هۆشتان بەخۆتانەوە بێت ﴿لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ﴾ زیانتان پێ ناگەبەنێت ئەوەی گومڕا بووە ﴿إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾ ئەگەر ئێوە لەسەر ڕێی ڕاست بن (بەرگری کردن لەخراپە بەشێکە لە ڕێنموونی وەرگرتن) ﴿إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾ هەر بۆلای خوایە گەڕانەوەی هەموتان بە گشتی ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەمجا هەواڵتان پێ ئەدا بەهەر کردەوەیەك کە کردووتانە ﴿۱۰۵﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ﴾ شایەتی بدەن لە نێوانتاندا ﴿إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ﴾ کاتێك کەمردنی هەرکامتان نزیك بوویەوە ﴿حِينَ الْوَصِيَّةِ﴾ لەکاتی وەسیەت کردنتاندا ﴿اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ دوو کەسی دادپەروەر لەخۆتان (موسوڵمان بن) ﴿أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ﴾ یان دووکەسی تر جگەلە خۆتان (کافرین) ﴿إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ ئەگەر ئێوە بەسەفەر ڕۆشتبوون بە وڵاتدا ﴿فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾ و بەڵای مردنتان تووش هات ﴿تَحْبِسُونَهُمَا مِن بَعْدِ الصَّلَاةِ﴾ (دوو شایەتەکە) ڕاگرن لەپاش نوێژ (ی عەسر) ﴿فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ﴾ دەبێ سوێند بخۆن بەخوا ﴿إِنِ ارْتَبْتُمْ﴾ ئەگەر گومانتان بوو (لە ڕاستی و پاکی یان) ﴿لَا نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا﴾ ئێمە(سوێند خواردنمان) بەخوا ناگۆڕینەوە بەهیچ نرخێك ﴿وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ باشایەتی بۆدراوەکە خزم و نزیکیش بێت ﴿وَلَا نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللَّهِ﴾ وە شایەتی (دان بۆ) خواناشارینەوە ﴿إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الْآثِمِينَ﴾ بێگومان (ئەگەر شایەتییەکەمان شاردەوە) کەواتە بەڕاستی لە گوناهباران دەبین ﴿۱۰۶﴾ ﴿فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰ﴾ ئەمجا ئەگەر زانرا (پاش سوێند خواردنیان) بەوەی ﴿أَنَّهُمَا اسْتَحَقَّا إِثْمًا﴾ کەئەو دوو شایەتە درۆیان کردوەو خۆیان تاوان بارکردووە ﴿فَآخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا﴾ ئەوە دووکەسی تر لە شوێنی ئەواندا هەڵدەستن (بەسوێند خواردن) ﴿مِنَ الَّذِينَ اسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْأَوْلَيَانِ﴾ لەوانەی کەشیاوو نزیکترین (لەمردووەکە) لەو دووانە ﴿فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ﴾ئەمجا هەردووکیان سوێند بخۆن بەخوا ﴿لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا﴾ کەبەڕاستی شایەتیەکەی ئێمە ڕاستترە لە شایەتیەکەی ئەو دووانەی پێشوو ﴿وَمَا اعْتَدَيْنَا﴾ وە لەڕاستی لامان نەداوە (لەسوێند خواردنەکەماندا) ﴿إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ بێگومان (ئەگەر لابدەین) ئەوکاتە ئێمە لەستەمکاران دەبین ﴿۱۰۷﴾ ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ﴾ ئەو(جۆرە شایەتی دانە) نزیکترە ﴿أَن يَأْتُوا بِالشَّهَادَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَا﴾ کە شایەتەکان هەڵسن بە شایەتیەکەیان بەشێوە ڕاستەکەی ﴿أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ﴾ یابترسن لە ڕەدکردنەوەی سوێندەکان (بۆخزمی نزیکی مردووەکە) ﴿بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ دوای سوێند خواردنی ئەمان (واتە بە درۆ بخرێنەوە) ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاسْمَعُوا﴾ بترسن لە خوا و خۆتان بپارێزن و گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بن ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ خوا ڕێنموونی کۆمەڵی لەسنوور دەرچوو ناکات ﴿۱۰۸﴾

﴿يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ﴾ لە رۆژێك (بترسن) خوا هەموو پێغەمبەران کۆدەکاتەوە ﴿فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ﴾ ئەوسا پێیان دەفەرموێت چ وەڵامێکتان درایەوە؟ ﴿قَالُوا لَا عِلْمَ لَنَا﴾ دەڵێن هیچ زانیارییەکمان نییە ﴿إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ بێگومان تەنها تۆ ئاگاداری هەموو نهێنیەکانیت ﴿١٠٩﴾ ﴿إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ﴾ (بیر بکەرەوە) کاتێك خوا بە عیسای کوڕی مەریەمی فەرموو ﴿اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَالِدَتِكَ﴾ بیربکەرەوە لەچاکە و بەهرەی من بەسەر خۆت و دایکتەوە ﴿إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ﴾ کاتێك کە پشتیوانیم لێ کردیت بە گیانی هەرە پیرۆز (جوبرەئیل) ﴿تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا﴾ کاتێ لە بێشکەدا بوویت و بەگەورەییش قسەت لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد ﴿وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ﴾ وە کاتێکیش فێری کتێب (ونووسین) و حیکمەت و تەورات و ئینجیلم کردیت ﴿وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا﴾ وەبیربکەرەوە کاتێك بەفەرمانی من لەقوڕ شتێکت لە شێوەی باڵندە دروست دەکرد ﴿فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي﴾ دەست بەجێ بەفەرمانی من ئەبوو بە باڵندە ﴿وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي﴾ وە بەفەرمانی من کوێری زکماك و بەڵەکیت چاك دەکردەوە ﴿وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي﴾ وەکاتێ بەفەرمانی من مردووانت لە گۆڕ دەردەهێنا (بەزیندوو کراوەیی) ﴿وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ﴾ وە بیربکەرەوە کاتێك بەرگری نەوەکانی ئیسرائیلم کردلێت (بتکوژن) ﴿إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ﴾ کاتێکیش موعجیزە ڕوونەکانت بۆهێنان ﴿فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ﴾ جا ئەوانەیان کە بێ باوەڕبوون ووتیان ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ بەڕاستی ئەمە هیچ نی یە جگەلە جادوویەکی ئاشکرا نەبێت ﴿١١٠﴾ ﴿وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى الْحَوَارِيِّينَ﴾ وە (بیربکەرەوە) کاتێك خستمە دڵی هاوەڵە ئایینەتیەکانت ﴿أَنْ آمِنُوا بِي وَبِرَسُولِي﴾ کەبڕوا بێنن بە من و بە پێغەمبەرەکەم (عیسی) ﴿قَالُوا آمَنَّا وَاشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ﴾ ئەوانیش ووتیان: ئەوا بڕوامان هێنا و تۆش شایەت بە کە بێگومان ئێمە موسڵمانین ﴿١١١﴾ ﴿إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ﴾ کاتێك حەواریەکان ووتیان: ئەی عیسای کوڕی مەریەم ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ﴾ ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت ﴿أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ﴾ لەئاسمانەوە خوانێکمان بۆ بنێرێتە خوارەوە ﴿قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ﴾ (عیسا) ووتی لەخوا بترسن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ﴿١١٢﴾ ﴿قَالُوا نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا﴾ (حەواریەکان) ووتیان دەمانەوێت لێی بخۆین ﴿وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا﴾ ودڵمان ئارام بێ و دڵنیابین (کەپێغەمبەریت) ﴿وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا﴾ وەبزانین کە بێگومان ڕاستت لەگەڵ کردوین (لەوەی کەپێت ڕاگەیاندین) ﴿وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ ئێمەش ببین بەشایەت لەسەری (بۆئەوانەی ئامادەنین) ﴿١١٣﴾

﴿قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی ﴿اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ﴾ ئەی خوای پەروەردگارمان لەئاسمانەوە خوانێکمان بۆ بنێرە خوارەوە ﴿تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا﴾ تا ببێت بە جەژن بۆ ئێستامان و نەوەکانی داهاتووشمان ﴿وَآيَةً مِّنكَ﴾ وەموعجیزە و بەڵگەیەك بێت لەلایەن تۆوە ﴿وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ وە ڕزق و ڕۆزیمان پێ ببەخشە چونکە تۆ باشترینی هەموو ڕۆزی دەرانی ﴿١١٤﴾ ﴿قَالَ اللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ﴾ خوای گەورە فەرموی: بە ڕاستی من ئەو خوانە دەنێرمە خوارەوە بۆتان ﴿فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ﴾ ئەمجا هەر کەس لەئێوە بێ بڕوا و نا سوپاس بێت لە پاش ئەوە ﴿فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا﴾ ئەوە بێگومان سزایەکی ئەدەم ﴿لَّا أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ﴾ کە سزای هیچ کەسی پێ نادەم لەجیهانیان ﴿١١٥﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ﴾ وە(بیر بکەرەوە) کاتێك خوا دەفەرموێ (لەڕۆژی دواییدا) ئەی عیسای کوڕی مەریەم ﴿أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ﴾ ئایا تۆ ووتووتە بە خەڵکی ﴿اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ کەمن و دایکم بەدوو پەرستراو دابنێن (وبمانپەرستن) لەجیاتی خوا؟ ﴿قَالَ سُبْحَانَكَ﴾ (عیسای) ووتی: پاك و بێگەردی بۆ تۆ ئەی خوایە ﴿مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ﴾ نابێت و ناگونجێت بۆ من شتێك بڵێم کە بە هیچ شێوەیەك مافی من نی یە ﴿إِن كُنتُ قُلْتُهُ﴾ ئەگەر من ئەو قسەیەم کردبێت ﴿فَقَدْ عَلِمْتَهُ﴾ ئەوە بەڕاستی تۆ ئاگات لێ یە ﴿تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي﴾ چونکە تۆ ئەوەی لە نەفسم دایە دەیزانی ﴿وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ﴾ بەڵام من نازانم و بێ ئاگام لەوەی کە لەنەفسی تۆدایە ﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ بەڕاستی تەنها تۆ زانای تەواوی بە هەموو نهێنی یەك ﴿١١٦﴾ ﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ﴾ هیچم پێ نەوتوون ﴿إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ﴾ بێجگە لەوە نەبێت کە تۆ فەرمانت پێ کردووم ﴿أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ﴾ کە بەندایەتی خوا بکەن کەپەروەردگاری من و ئێوەیشە ﴿وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ﴾ و من شایەت و چاودێر بووم بە سەریانەوە تا لە ناویاندا بووم ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي﴾ ئەمجا کاتێك تۆ منت بردەوە (و بەرزت کردمەوە بۆ ئاسمان) ﴿كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ﴾ هەر خۆت چاودێر بووی بەسەریانەوە ﴿وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ وەخۆت ئاگادار و شایەتی بەسەر هەموو شتێکەوە ﴿١١٧﴾ ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ﴾ ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن ﴿وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ﴾ وەئەگەر لێیشیان خۆش بیی ﴿فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ ئەوە بێگومان تەنها خۆتی بەدەستەڵاتی کاردروست ﴿١١٨﴾ ﴿قَالَ اللَّهُ﴾ خوای گەورە فەرموی: ﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾ ئەمە ڕۆژێکە ڕاستبێژان ڕاستیەکەیان کەڵکیان پێدەگەیەنێ ﴿لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ بەهەشتانێکیان بۆ هەیە کە ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕۆن ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ ئەمێننەوە تیایدا بە هەمیشەیی ﴿رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾ خوا ڕازی بووە لێیان و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون ﴿ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿١١٩﴾ ﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ هەر بۆ خوایە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَمَا فِيهِنَّ﴾ و هەرچیشیان تێدایە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە تەنها ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بە توانا و دەسەڵاتدارە ﴿١٢٠﴾

سورەتی ﴿ الأنعام ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ هەموو سوپاس و ستایشێ هەربۆ ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە ﴿وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ﴾ وە تاریکی یەکان و ڕووناکی داناوە ﴿ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ ئەمجا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون هاوتا و هاوبەش بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن ﴿١﴾ ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ طِينٍ﴾ خوا ئەو زاتەیە کەئێوەی لەقوڕ دروست کردووە ﴿ثُمَّ قَضَىٰ أَجَلًا﴾ پاشان کاتێکی دیاری کردووە(بۆ مردن) ﴿وَأَجَلٌ مُسَمًّى عِنْدَهُ﴾ وە کاتێکی دیاری کراویش لای خوای گەورە دانراوە (بۆ قیامەت) ﴿ثُمَّ أَنْتُمْ تَمْتَرُونَ﴾ کەچی دوا ئەوەش ئێوە بەگومانن ﴿٢﴾ ﴿وَهُوَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الْأَرْضِ﴾ وەتەنها ئەو خوایە (بالادەست و پەرستراوە) لەئاسمانەکان ولەزەویدا ﴿يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ﴾ نهێنی و ئاشکراتان دەزانێ و بە هەموو کردەوەیەکیش کەدەیکەن ئاگادارە ﴿٣﴾ ﴿وَمَا تَأْتِيهِمْ مِنْ آيَةٍ مِنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ﴾ وە هەر بەڵگەو نیشانەیەك لەبەڵگە ونیشانەکانی پەروەردگاریان بۆ بێت ﴿إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ ئەوان ڕووی لێ وەردەگێڕن ﴿٤﴾ ﴿فَقَدْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ﴾ بەڕاستی کاتێك قورئانیان بۆ هات بە درۆیان دانا ﴿فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ﴾ جا لەمەو پاش بۆیان دێت ﴿أَنْبَاءُ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ هەواڵی ئەو شتانەی کەئەوان گاڵتەیان پێدەکرد ﴿٥﴾ ﴿أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ قَرْنٍ﴾ ئایا نەیان دیوە (نەیان زانیوە) لەپێش ئەوانەوە چەند گەل و نەوەمان لەناو بردووە ﴿مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ دەسەڵاتمان پێدا بوون لەزەویدا ﴿مَا لَمْ نُمَكِّنْ لَكُمْ﴾ بەشێوەیەك کە بە ئێوەمان نەدابوو ﴿وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِمْ مِدْرَارًا﴾ و بارانی پەیتاپەیتامان بەسەردا باراندن ﴿وَجَعَلْنَا الْأَنْهَارَ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمْ﴾ وە جۆگەو ڕووبارەکانمان واڵێ کرد بوو کە بەبن باخ و کۆشکەکانیاندا دەڕۆیشت ﴿فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ﴾ لەناو مان بردن بە هۆی گوناهەکانیانەوە ﴿وَأَنْشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ﴾ وە لە دوای ئەوان دروستمان کرد ﴿قَرْنًا آخَرِينَ﴾ گەل و نەوەیەکی تر ﴿٦﴾ ﴿وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا﴾ وە ئەگەر نامەیەکی نوسراومان بنارداید تەخوارەوە بۆت ﴿فِي قِرْطَاسٍ﴾ لەناو کاغەزێکدا بوایە ﴿فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ﴾ و دەستیشیان لێ بدایە ﴿لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێگومان ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەیان ووت ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ ئەمە تەنها جادوویەکی ئاشکرایە ﴿٧﴾ ﴿وَقَالُوا لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ﴾ وە دەیان ووت: بۆچی فریشتەیەك نەنێررا وەتە خوارەوە بۆسەری (ببینین) ﴿وَلَوْ أَنْزَلْنَا مَلَكًا﴾ ئەگەر فریشتەیەکمان بنارداید تە خوارەوە ﴿لَقُضِيَ الْأَمْرُ﴾ بێگومان کارتەواو دەبوو (لەناو بردنیان جێ بەجێ دەکرا) ﴿ثُمَّ لَا يُنْظَرُونَ﴾ پاشان مۆڵەت نەئەدران ﴿٨﴾

﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا﴾ ئەگەر ئەو (پێغەمبەرە) مان بکردایە بەفریشتەیەك ﴿لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا﴾ بێگومان دەمانگۆڕا بە وێنەی پیاوێك (تابیبینن وقسەی لەگەڵ بکەن) ﴿وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ﴾ و بێگومان لێمان دەشێواندن وەك چۆن خۆیان لە خۆیان دەشێواند ﴿٩﴾ ﴿وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێندبێ بێگومان گاڵتە کراوە بە پێغەمبەرانی پێش تۆیش ﴿فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم﴾ سەرئەنجام بۆ ئەوانەیان گاڵتەیان دەکرد دابەزی و دەوری دان ﴿مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ تۆڵەی ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد (لەسزای سەخت) ﴿١٠﴾ ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بڕۆن و بگەڕێن بە زەویدا ﴿ثُمَّ ٱنظُرُوا۟﴾ پاشان سەرنج بدەن ﴿كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴾ سەرئەنجامی ئەوانەی بەلگەکانی خوایان بەدرۆ دادەنا چۆن بووە ﴿١١﴾ ﴿قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا هی کێ یە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ﴿قُل لِّلَّهِ﴾ بڵێ تەنها بۆ خوایە کە بەزەیی و میهرەبانی پێویستی کردوە لەسەرخۆی ﴿لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان کۆتان دەکاتەوە لە ڕۆژی دوایی دا ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە هیچ گومان و دوودڵی تێدانی یە ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ ئەوانەی خۆیان دۆڕاندووە ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوە ئەوانن کە بڕوا ناهێنن ﴿١٢﴾ ﴿وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ وە هەر بۆ خوایە ئەوەی ئارامی گرتووە لەشەو و ڕۆژدا ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە هەر ئەو بیسەری زانایە ﴿١٣﴾ ﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا؟ بێجگە لە خوا دۆست و پەرستراوێ تر بۆخۆم دانێم؟ ﴿فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ کەئەو بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ﴾ ئەو خوایە ڕۆزی دەدات و ڕۆزی پێ نادرێ ﴿قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ﴾ بڵێ بەڕاستی من فەرمانم پێ دراوە ﴿أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ﴾ کە یەکەم کەس بم مل کەج کەم (بۆ فەرمانی خوا) ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە (فەرمانم پێدراوە لەلایەن خوداوە) هەرگیز لەهاوبەشدانەران مەبە ﴿١٤﴾ ﴿قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى﴾ پێیان بڵێ: بێگومان من دەترسم ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانی پەروەردگارم بکەم ﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ لە سزای ڕۆژێکی گەورە ﴿١٥﴾ ﴿مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ﴾ هەرکەس ئەو سزایەی لێ لادرێ لەو ڕۆژەدا ﴿فَقَدْ رَحِمَهُۥ﴾ ئەوە بێگومان خوا بەزەیی پێیدا هاتۆتەوە ﴿وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ﴾ و ئەوەیە سەرکەوتنی ئاشکراو تەواو ﴿١٦﴾ ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ﴾ وە ئەگەر خوا دووچاری بەڵاو زیانێکت بکات ﴿فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ﴾ ئەوە جگە ئەو (خوا) کەس نی یە بتوانێ لایبات ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ﴾ وە ئەگەر خێر و خۆشبەکیشت پێ بگەیەنێت ﴿فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئەوە خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿١٧﴾ ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ﴾ وە هەر ئەوە دەست ڕۆیشتوو زاڵە بەسەر بەندەکانیدا ﴿وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ﴾ هەر ئەوەیش کار دروستی ئاگادارە ﴿١٨﴾

﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: شایەتی دانی کێ لە هەموو شایەتی دانێك گەورەترە (لەسەر پێغەمبەریتی من) ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ بڵێ: خوا گەورەترین ﴿شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ شایەتە لە نێوان من و ئێوەدا ﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ﴾ وە ئەم قورئانە سرووش (وەحی) کراوە بۆ من ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ﴾ بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم و هەر کەسێکی کەش کە پێی دەگات ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ﴾ ئایا بەڕاستی ئێوە شایەتی ئەدەن بە دڵنیاییەوە کە لەگەڵ خوادا ﴿آلِهَةً أُخْرَىٰ﴾ چەند پەرستراوێکی تر هەبێ؟! ﴿قُل لَّا أَشْهَدُ﴾ بڵێ: من شایەتی (وا ناڕەوا) نادەم ﴿قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ بڵێ: بێگومان هەر ئەو پەرستراوی تاك و تەنهایە ﴿وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ وە بەڕاستی من بەریم لەوەی کە ئێوە دەیکەنە هاوبەشی بۆ خوا ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەوانەی کە نامەمان پێ بەخشین (لەگاورو جولەکەکان) ﴿يَعْرِفُونَهُ﴾ ئەم پێغەمبەرە دەناسن (کە پێغەمبەری خوایە بەهۆی باسکردنی نیشانەکانی لە تەورات و ئینجیل دا) ﴿كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ﴾ وەك چۆن کوڕەکانیان ئەناسن ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ ئەوانەی خۆیان دۆڕاندو خەسارۆمەند کرد ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوە ئەوانن بڕوا ناهێنن ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ کێ ستەم کارترە لەو کەسەی درۆ هەڵبەستێ بەدەم خواوە ﴿أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ﴾ یا بێ باوەڕ بوو بێ بە ئایەتاکانی (بەڵگەکانی) خوا ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ بەڕاستی ستەم کاران ڕزگاریان نابێت ﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا﴾ وە ڕۆژێ هەموویان کۆ دەکەینەوە (لەقیامەتدا) ﴿ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟﴾ پاشان ئەڵێین بەوانەی هاوەڵیان بۆ خوا دانابوو ﴿أَيْنَ شُرَكَاؤُكُمُ الَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ کوان ئەوهاوەڵانەی کە بە خەیاڵی خۆتان بەهاوەڵی خواتان دانابوون ﴿ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّا﴾ پاشان بەهانەیان هیچ نەبوو بێجگە لەوەی ﴿أَن قَالُوا۟ وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾ کە ووتیان سوێند بە خوای پەروەردگارمان ئێمە بەهیچ جۆرێك هاوبەشی دانەر نەبووین بۆ خوا ﴿انظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ سەیر کە چۆن درۆ لە دژی خۆشیان دەکەن ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ و لێیان وون بوون ئەو بتانەی خۆیان بە درۆ هەڵیان بەستبوون ﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ﴾ وە لەو (کافرانە) کەسانێ هەیە کە گوێت بۆ دەگرن کەقورئان دەخوێنی ﴿وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً﴾ بەڵام ئێمە (بەهۆی تاوان گوناە و هاوەڵدانانیانەوە) چەند پەردەیەکمان داوە بەسەر دڵەکانیاندا ﴿أَن يَفْقَهُوهُ﴾ بۆ ئەوەی تێ ی نەگەن ﴿وَفِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا﴾ وە کەپی و گوێ گرانیمان خستۆتە ناو گوێچکەیانەوە ﴿وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا﴾ وە ئەگەر هەموو بەڵگە و نیشانەیەکی ڕوون ببینن بڕوای پێ ناهێنن ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ﴾ تا ئەو ڕادەیە کاتێ بێن بۆ لات دەمە دەمێ و بەربەرەکانێت لەگەڵ دەکەن ﴿يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ ئەوانەی بێ باوەڕن ئەڵێن ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ ئەم قورئانە هیچ نی یە بێجگە لە ئەفسانەی پێشینان ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ﴾ ئەوان بەرگری (خەڵك) ئەکەن لەو (قورئانە) ﴿وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ﴾ و خۆشیان لێی دوور دەکەنەوە ﴿وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ﴾ هیچ کەسیش لە ناو نابەن خۆیان نەبێ ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ و هەستیش ناکەن (کەلەچی خەسارۆمەندیەکدان) ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى النَّارِ﴾ وە ئەگەر بیان بینیت کاتێك کە لەسەر قەراغی دۆزەخ وە ستێنراوون ﴿فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ﴾ کە دەڵێن خۆزگە دەگەڕێنرایینەوە بۆ دونیا ﴿وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا﴾ و بەڵگەکانی پەروەردگارمان بەدرۆ نەدەزانی ﴿وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وە لە بڕواداران ئەبووین

﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا يُخْفُونَ مِن قَبْلُ﴾ (نەخێر بەڕاستیان نی یە) بەڵکو ئەوەی کە لەوەو پێش دەیانشاردەوە
بۆیان دەرکەوتووە ﴿وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ﴾ وەئەگەر بگەڕێنرێنەوە (بۆ دونیا) بێگومان دووبارە
دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کارانەی کەلێیان قەدەغە کرابوو ﴿وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ وەبەڕاستی ئەوانە درۆزنن ﴿٢٨﴾
﴿وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا﴾ وە ووتیان بەڕاستی هەر ئەم ژیانە (ی دونیا) مانە ﴿وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ﴾
وئێمە زیندوو ناکرێینەوە ﴿٢٩﴾ ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ وەئەگەر ئەوانە دەبینی ئەو کاتەی کەلە حزووری
پەروەردگاریاندا وەستێنراوون ﴿قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِالْحَقِّ﴾ (پەروەردگار) دەفەرموێ ئایا ئەمە ڕاست نییە؟
﴿قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾ ئەڵێن: بەڵێ ڕاستە سوێند بە پەروەردگارمان ﴿قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ دەفەرموێ دەی
بچەژن ئەو سزایە ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ بە هۆی ئەوەی کەبڕواتان نەهێناوە (ئێنکارتان دەکرد) ﴿٣٠﴾
﴿قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە دیداری پەروەردگاریان بە درۆ دەزانی زەرەریان
کرد ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً﴾ هەتا کاتێ لەناکاو ڕۆژی دوایی یان بەسەردا دێت ﴿قَالُوا يَا حَسْرَتَنَا عَلَىٰ
مَا فَرَّطْنَا فِيهَا﴾ ئەڵێن ئای داخ و پەشیمانی سەخت بۆ ئێمە چەند کەم تەرخەمیمان کردلە دونیادا و
لەدەستمان چوو ﴿وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ﴾ لەکاتێکدا تاوانەکانیان هەڵگرتووە بەکۆڵیانەوەیە
﴿أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ﴾ ئای چەند بەدو خراپە ئەو بارەگرانەی هەڵی دەگرن ﴿٣١﴾ ﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا
إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾ وەژیانی دونیا هیچ نیە بێجگە گاڵتە و سەرقاڵی نەبێ ﴿وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾
وە بێگومان ماڵی دوا ڕۆژ چاکترە بۆئەوانەی خۆیان دەپارێزن و لە خوا دەترسن ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی
ئایا بۆ ژیر نابن ﴿٣٢﴾ ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە دەزانین کەبێگومان ئەوەی
کەئەوان دەیڵێن غەمبارت دەکات ﴿فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ﴾ بەڵام بێگومان ئەوان تۆ بەدرۆزن دانانێن
﴿وَلَٰكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ بەڵکو ئەو ستەم کارانەئایەتەکانی خوا ﴿يَجْحَدُونَ﴾ ئینکار دەکەن (وبەدرۆی
دەزانن) ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێندبەخوا بێگومان پێغەمبەرانی پێش تۆش (ئەی موحەممەد
ﷺ) باوەڕیان پێ نەکراوە ﴿فَصَبَرُوا عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا﴾ بەڵام ئارامیان گرت لەسەر ئەو باوەڕ پێ نەکرانەیان
﴿وَأُوذُوا حَتَّىٰ أَتَاهُمْ نَصْرُنَا﴾ وە ئەزیەت و ئازار دران تا یارمەتی و سەرخستنی ئێمەیان بۆ هات
﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ﴾ وەفەرمانەکانی (بەڵێنەکانی) خوا بەهیچ کەسێك ناگۆڕدرێ ﴿وَلَقَدْ جَاءَكَ مِن نَّبَإِي
الْمُرْسَلِينَ﴾ سوێند بێت بێگومان هەواڵی هەندێ لەو پێغەمبەرانەت بۆ هاتووە ﴿٣٤﴾ ﴿وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ
إِعْرَاضُهُمْ﴾ خۆ هەرچەند ڕوو وەرگێڕانی ئەوانە سەخت و گرانە لەسەرت ﴿فَإِنِ اسْتَطَعْتَ﴾ جا ئەگەر
توانیت ﴿أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الْأَرْضِ﴾ بەناخی زەویدا تونێلێك لێ دەیت ﴿أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ﴾ یان
پەیژەیەك بۆ ئاسمان دا نێیت بەهۆیەوە بەڵگەیەکیان بۆ بهێنی ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَىٰ﴾ وە
ئەگەر خوا بیویستایە ئەوانەی کۆدەکردەوە لەسەر ڕێنموونی و بڕوا هێنان ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾
کەواتە هەرگیز لەوانە مەبە کە نەزانن ﴿٣٥﴾

﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾ بەڕاستی تەنها ئەوانە وەلامی تۆ ئەدەنەوە کە(بەدڵ) ئەبیسن ﴿وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ﴾ مردووەکانیش (ئەوانەی باوەڕ ناهێنن) خوا زیندوویان دەکاتەوە ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ پاشان هەر بۆلای خۆی دەگەڕێنەوە ﴿٣٦﴾ ﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ ووتیان بۆچی لەلایەن پەروەردگارییەوە موعجیزەیەکی بۆ نەهاتۆتە خوارەوە ﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ﴾ بڵێ بێگومان خوا بە توانایە ﴿عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً﴾ کە بەڵگە و نیشانەیەك بهێنێتە خوارەوە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٣٧﴾ ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ هیچ گەڕۆکێکی گیان لەبەرنی یە لەزەویدا ﴿وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ﴾ وە هیچ باڵندەیەك نی یە کە دەفڕێ بە هەردوو باڵەکەی ﴿إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾ مەگەر ئەوانیش وەك ئێوە ئومەتانێکن ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ﴾ هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە لەم کتێبەدا (لوح المحفوظ یا قورئان دا) ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ پاشان ئەوانە (لە ڕۆژی دوایی دا) لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە ﴿٣٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بەبەڵگەکانی ئێمە ﴿صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ کەڕ و لاڵن لەناو تاریکستاندان ﴿مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ﴾ هەرکەس خوا بیەوێ گومڕای دەکات ﴿وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ هەرکەسیش خوا بیەوێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿٣٩﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هەوالم پێ بدەن ئەگەر سزای خواتان بۆ بێت ﴿أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ﴾ یان ڕۆژی دوایی یەخەتان بگرێت ﴿أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ﴾ ئایا هاوار دەکەنە هیچ شتێك بێجگە لە خوا ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن ﴿٤٠﴾ ﴿بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ﴾ (نەء) بەڵکو تەنها بانگ و هاوار لەخوا دەکەن ﴿فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ﴾ ئەمجا ئەویش ئەگەر ویستی ئەوەی هاواری (لە دەست) ئەکەن نایهێڵێ ﴿وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ﴾ و ئەو شتانەتان لەبیر دەچێتەوە کە دەتانکردن بە هاوبەش بۆ خوا ﴿٤١﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێند بێت بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بۆ گەلانی پێش تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾ وەتووشی نەبوونی و هەژاری وەنەخۆشی و ترس و ناڕەحەتیمان کردن ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ﴾ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و پەشیمانی دەربڕن (لاوازی وکزی بنوێنن) ﴿٤٢﴾ ﴿فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟﴾ دەی بۆ نەپارانەوە کاتێك سزای ئێمەیان بۆهات؟ ﴿وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ بەڵام دڵیان ڕەق بووە ﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ وەشەیتان ئەو کردەوەخراپانەی بۆ ڕازاندبوونەوە کەدەیانکرد ﴿٤٣﴾ ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ﴾ جا کاتێ لەبیریان چوبەوە ئەوەی کە پێی ئامۆژگاری کران ﴿فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ﴾ دەرگای هەموو شتێکمان لەسەر کردنەوە ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟﴾ تاکاتێ دڵخۆش بوون بەوەی پێ یان درابوو ﴿أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾ لە ناکاودا تۆڵەمان لێ سەندن ئیتر ئەوانیش ئائومێد و سەرگەردان بوون ﴿٤٤﴾

﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ ئەمجا ئەو گەلەی کە ستەمیان کرد دوا بڕاو کران ﴿وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ و هەموو سوپاس و ستایشێ هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە ﴿٤٥﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ پێم بڵێن ﴿إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ﴾ ئەگەر خوا هەستی بیستن و بینینتان لێ بسەنێتەوە ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم﴾ مۆریش بنێ بەسەر دڵەکانتاندا ﴿مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِۦ﴾ چ پەرستراوێك هەیە بێجگە خوا بۆتان بهێنێتەوە ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ تەماشابکە چۆن بەڵگەکان دەگۆڕین و چەند بارەیان دەکەینەوە ﴿ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ﴾ پاشان ئەوان پشتی تێ دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن ﴿٤٦﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ﴾ ئەی (موحەممەد ﷺ) بڵێ پێم بڵێن ﴿إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً﴾ ئەگەر سزای خوا لە ناکاو دا یا بە ئاشکرا بێت بۆتان ﴿هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ئایا لەناو دەبرێ (بە سزای خوایی) بێجگە لە کۆمەڵی ستەم کاران نەبێت؟ ﴿٤٧﴾ ﴿وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ وە نێرراوەکانمان نەناردووە ﴿إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ مەگەر بە مۆژدەدەرو ترسێنەرنەبێت ﴿فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ﴾ جا هەرکەس بڕوای هێناو کردەوەی چاکی کرد ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ئەوە هیچ مەترسی یەکیان لەسەر نابێ و غەمباریش نابن ﴿٤٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ ئەوانەیش بێ بڕوا بوون بە بەڵگەکانی ئێمە ﴿يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ﴾ بە هۆی دەرچوونیان لە سنوور (ی فەرمانی خوا) سزایان لێ دەکەوێ و دەیانگرێ ﴿٤٩﴾ ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوا لای منە ﴿وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ﴾ وە شتی نهێنیش نازانم ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ﴾ وە پێتان ناڵێم بێگومان من فریشتەم ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ﴾ شوێنی هیچ ناکەوم تەوەنەبێت کە بۆ نیگام کراوە ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ﴾ بڵێ ئایا کوێر و بینا یەکسانن؟ ﴿أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ﴾ دەی ئایا بۆ بیر ناکەنەوە؟ ﴿٥٠﴾ ﴿وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ﴾ بەم قورئانە بترسێنە تەوانەی دەترسن ﴿أَن يُحْشَرُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ (لەوەی کە) کۆبکرێنەوە لای پەروەردگاریان ﴿لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ﴾ لە کاتێکدا بێجگە لە خوا هیچ یارمەتیدەر و تکا کارێکیان نی یە ﴿لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بەڵکو خۆیان بپارێزن ولەخودا بترسن ﴿٥١﴾ ﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم﴾ وە تەوانە دەرنەکەیت کە پەروەردگاریان دەپەرستن (وهاواری لێ دەکەن) ﴿بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾ بەبەیانیان و ئێوارانداا (ڕەزامەندی) خوایان دەوێ ﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ﴾ و لێپرسینەوەی هیچ شتێکیان لەسەر تۆ نی یە ﴿وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ﴾ وە لێپرسینەوەی هیچ شتێکی تۆش لەسەر ئەوان نی یە ﴿فَتَطْرُدَهُمْ﴾ جا ئەگەر دەریانکەیت (دور یان خەیتەوە) ﴿فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ئەوە لەستەمکاران دەبیت ﴿٥٢﴾

﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ وە بەوجۆرە هەندێکیانمان بەهەندێکی تریان تاقی کردەوە ﴿لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ﴾ بۆ ئەوەی بڵێن ئایا ئەوانە خوا رێزو بەهرەی پێ بە خشیوون لە ناو ئێمەدا؟ ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ﴾ ئایا خوا لە هەموو کەس زاناتر نی یە بەوانەی شوکرانە بژێرن؟ ﴿٥٣﴾ ﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وەکاتێ ئەوانەی کە بڕوایان هەیە بە ئایەتەکانی ئێمە هاتن بۆلات ﴿فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ﴾ ئەوە پێیان بڵێ سڵاوتان لێ بێت ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ﴾ پەروەردگارتان بەزەیی و میهرەبانی لەسەر خۆی پێویست کردووە ﴿أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ﴾ بێگومان هەرکەس لە ئێوە کارێکی خراپ بکات بەنەزانی ﴿ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ﴾ پاشان بگەڕێتەوە و تەوبە بکات وخۆی چاک بکات ﴿فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا لێبوردەی بەبەزەیی یە ﴿٥٤﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ﴾ ئابەو جۆرە ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە ﴿وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ بۆ ئەوەی ڕێگای تاوانباران ڕوون بێتەوە ﴿٥٥﴾ ﴿قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ﴾ بڵێ: بێگومان من قەدەغەم لێکراوە لەوەی کەبەندایەتی بکەم بۆ ئەوانەی ﴿تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئێوە هاواریان لێدەکەن و دەیان پەرستن بێجگە لە خوا ﴿قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهْوَآءَكُمْ﴾ بڵێ من شوێنی ئارەزووەکانی ئێوە ناکەوم ﴿قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾ ئەگەر وا بکەم بێگومان من گومڕا دەبم وەلە ڕێزی ئەو کەسانەدا نابم کە ڕێنموونیان وەرگرتووە ﴿٥٦﴾ ﴿قُلْ إِنِّى عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى﴾ بڵێ بێگومان من لەسەر بەڵگەیەکی ئاشکرام کە لەلایەن پەروەردگارمەوەیە ﴿وَكَذَّبْتُم بِهِۦ﴾ کەچی ئێوە بڕواتان پێ نەهێنا ﴿مَا عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ﴾ ئەو (سزای)ئێوە پەلەی هاتنی دەکەن بە دەست من نی یە ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ فەرمان ڕەوایی تەنها بۆ خوایە ﴿يَقُصُّ ٱلْحَقَّ﴾ حەق و ڕاستی باسی دەکات ﴿وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ﴾ وە ئەو چاکترینی بڕیاردەر و جیاکەرەوەیە ﴿٥٧﴾ ﴿قُل لَّوْ أَنَّ عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ﴾ بڵێ ئەگەر لام بوایە ئەوەی ئێوەپەلە لە دەکەن لە هاتنی ﴿لَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ﴾ ئەوا کاری نێوان من و ئێوە کۆتایی پێ دەهێنرا ﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا چاک ئاگادارە بەستەم کاران ﴿٥٨﴾ ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ﴾ وە کلیلی هەموو نهێنی یەکان هەرلای خوایە ﴿لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾ کەس نایانزانێت جگە لە (خودا) ﴿وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ وە (خوا) دەزانێ چی لە ووشکانی و دەریادا هەیە ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا﴾ وە هەر گەلایەک بکەوێتە خوارەوە خوا پێ ی دەزانێت ﴿وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ﴾ و هەر دانەوێلەیەک لە تاریکی یەکانی زەویدا بێت ﴿وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ﴾ و هەر تەڕو ووشکێک هەبێت ﴿إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ هەر هەموویان لە کتێبی ئاشکرا لە (لوح المحفوظ) دان ﴿٥٩﴾

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ﴾ وە هەر ئەو خوایەیە کە دەتان خەوێنێت لەشەودا (لێرەدا خەو بەمانای مردن هاتووە) ﴿وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ﴾ وە ئەشزانێ (لە ڕۆژدا) چ کارێکتان ئەنجام داوە ﴿ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ﴾ پاشان لە ڕۆژدا لە خەوبیدارتان دەکاتەوە ﴿لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى﴾ بۆ ئەوەی تەواو بێ ماوەی دیاریکراو (ی هەموو کەسێ) ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ﴾ ئەوسا هەر بۆلای ئەوە گەڕانەوەتان ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ پاشان هەواڵتان پێ دەدات بەهەر کردەوەیەک کە کردوتانە ﴿١٠﴾ ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ﴾ ئەو (خوا) زاڵ و دەسەڵاتدارە بەسەر بەندەکانیدا ﴿وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً﴾ و فریشتانێکتان بۆ دەنێرێت (کە چاودێر و پارێزەر و نوسەری کردەوەکانتان) ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ تاکاتی مردنی یەکێکتان دێت ﴿تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا﴾ نێردراوەکانمان گیانی دەکێشن ﴿وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ﴾ کەهیچ سستی و کەمتەرخەمی یەک ناکەن (لەکارەکانیاندا) ﴿١١﴾ ﴿ثُمَّ رُدُّوٓا إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ﴾ پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆلای خوا کەسەروەری ڕاستەقینە یانە ﴿أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ﴾ ئاگادارین فەرمان ڕەوایی و بڕیار هەر بۆئەوە ﴿وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ﴾ هەر خوایشە لێپرسینەوەی خێراترە لە هەموو کەس ﴿١٢﴾ ﴿قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئایا کێ ئێوە ڕزگار دەکات لەتاریکیەکانی ووشکانی و دەریا ﴿تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾ کە هاوار و نزای لێدەکەن بە ئاشکرا و نهێنی ﴿لَئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ﴾ (ئەڵێن) سوێند بە خوا ئەگەر لەم مەترسی یە ڕزگارمان بکات ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ ئەوە بێگومان لە سوپاس کارانی خوا دەبین ﴿١٣﴾ ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا﴾ بڵێ: هەر خوا ئێوە ڕزگار دەکات لەو مەترسی یە ﴿وَمِن كُلِّ كَرْبٍ﴾ و لە هەموو ناڕەحەتی و غەم و پەژارەیەک ﴿ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ﴾ (لەگەڵ ئەوەشدا) پاشان ئێوە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن ﴿١٤﴾ ﴿قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ﴾ بڵێ: هەر ئەو خوایە بەتوانا و دەستەڵاتدارە ﴿عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا﴾ کەسزایەکتان بۆ بنێرێت ﴿مِّن فَوْقِكُمْ﴾ لە سەروتانەوە ﴿أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ﴾ یان لە ژێرپێتانەوە ﴿أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا﴾ یان سەرتان لێ بشێوێنێ و بتان کات بەچەند دەستە و تاقمێکەوە ﴿وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ﴾ جا هەندێکتان بە هەندێکی ترتان سزا و ئازار بدات ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ سەرنج بدە چۆن ئایەتەکان دەگۆڕین (لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر) ﴿لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ﴾ تا ئەوان تێبگەن و ببربکەنەوە ﴿١٥﴾ ﴿وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوْمُكَ وَهُوَ ٱلْحَقُّ﴾ گەلەکەت باوەڕیان بەم قورئانە نەکرد کە هەر ئەوە حەق و ڕاست ﴿قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ﴾ بڵێ: من پارێزەر و بەڕێوەبەر نیم ﴿١٦﴾ ﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ﴾ بۆ هەموو هەواڵێک کاتێکی دیاریکراو هەیە (کە ڕاست و درۆی تیادا ڕوون دەبێتەوە) ﴿وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ وە بەزووبی دەزانن ﴿١٧﴾ ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا﴾ هەر کاتێ ئەوانەت دی قسەی ناشایستە دەکەن دەربارەی ئایەتەکانی ئێمە ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ ئەوە ڕوو وەرگێڕە لێیان ﴿حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ﴾ تا دەچنە سەر باسێکی تر ﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ وە ئەگەر شەیتان لە بیری بردیتەوە ﴿فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ئیتر لە پاش بیرکەوتنەوەت لەگەڵ کۆمەڵی ستەمکاران دامەنیشە ﴿٦٨﴾

﴿وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ﴾ (هەرچەندە) ئەوانەی خۆیان دەپارێزن هیچ پرسیارو ئاوانی ئەوانیان لەسەر نی یە ﴿وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بەڵام بیرخستنەوەیە تا خۆیان بپارێزن ﴿٦٩﴾ ﴿وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) واز بێنە لەوانەی ئایینەکەیان کردووە بە گەمە و گاڵتەجاڕی ﴿وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ و ژیانی دونیا هەڵی خەڵەتاندون ﴿وَذَكِّرْ بِهِۦٓ﴾ وە بە قورئان ئامۆژگاریان بکە ﴿أَن تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ﴾ بۆ ئەوەی هیچ کەس تیا نەچێ بەهۆی ئەو (خراپانە)ی کردویەتی ﴿لَّيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ﴾ کە جگە لە خوا هیچ دۆست و تکاکارێکی نی یە ﴿وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَآ﴾ ئەگەر هەموو فیدا و بڕێتی یەك بدات لێ ی وەرناگیرێ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبْسِلُوا۟ بِمَا كَسَبُوا۟﴾ ئەوانە کەسانێکن بەهۆی ئەو (خراپانە)ی کە کردوویانە تیاچوون ﴿لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ﴾ بۆ ئەوانەیە خواردنەوەیەك لە ئاوی زۆر گەرم و بەکوڵ ﴿وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ﴾ وسزای زۆر بە ئازاریش بە هۆی ئەوەی کەبێ بڕوابوون ﴿٧٠﴾ ﴿قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بڵێ ئایا بێجگە لەخوا هاوار بکەین (و بپەرستین) ﴿مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا﴾ شتێك کەنەسوودمان پێ دەگەیەنێت و نە زیان ﴿وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِنَا﴾ وە بەرەو دوا بگەڕێینەوە (پاشگەزبینەوە لە ئایینەکەمان) ﴿بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ﴾ لە پاش ئەوەی کە خوا ڕێنموونی کردین (بۆ ڕێگای ڕاست)؟ ﴿كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾ بەوێنەی ئەوکەسەی کە شەیتانەکان سەریان لێ شێواندبێ ﴿فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ﴾ لەزەوی دا سەرگەردان بێ ﴿لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى﴾ و چەند هاوڕێ یەکی هەبێ بانگی کەن بۆ ڕێگای ڕاست ﴿ٱئْتِنَا﴾ (بڵێن) وەرە بۆلای ئێمە (کەچی بەگوێیان نەکات) ﴿قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ﴾ بڵێ بەڕاستی هەر ڕێنموونی خوا ڕێ نموونی ڕاستە ﴿وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ و فەرمانمان پێدراوە کە مل کەج و گوێڕایەڵ بین بۆ پەروەردگاری جیهانیان ﴿٧١﴾ ﴿وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ﴾ وە(فەرمانمان پێدراوە) کە بەڕێکی نوێژ بەجێ بێنن و لەو (پەروەردگارە) بترسین ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ وە هەموتان هەر بۆلای ئەو زاتە کۆ دەکرێنەوە(لەڕۆژی دواییدا) ﴿٧٢﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ﴾ وەهەر ئەو خوایەیە کەئاسمانەکان و زەوی بەدی هێناوە بەحەق و ڕاستی ﴿وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ﴾ وە هەر ڕۆژێ بەشتێك بفەرموێ ببە ئەویش دەست بەجێ دەبێ ﴿قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ﴾ فەرمان و ووتەی ئەو ڕاستە ﴿وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ﴾ هەر بۆئەوە مولك و خاوەنیەتی لەو ڕۆژەدا کەفوو دەکرێت بە (صور) کەڕەنادا ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ زانا و ئاگایە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك ﴿وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ﴾ و هەر ئەوە کاردروست و بە ئاگا ﴿٧٣﴾

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ﴾ وە(بیربکەرەوە) کاتێك کە ئیبراهیم ووتی بە ئازەری باوکی ﴿أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً﴾ ئایا تۆ بتانێك دەکەیتە پەرستراوی خۆت؟ ﴿إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ بەڕاستی من تۆو گەلەکەت لە گومڕایی یەکی تەواو و ئاشکرادا دەبینم ﴿٧٤﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبْرَٰهِيمَ﴾ بەو شێوەیە نیشانی ئیبراهیم مان دا ﴿مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ دەسەلات و خاوەنێتی (خوا بۆ) ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ﴾ بۆ ئەوەی لەڕیزی باوەڕدارە ڕاستەقینەکاندا بێت ﴿٧٥﴾ ﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ﴾ کاتێ شەوی بەسەردا هات ﴿رَءَا كَوْكَبًا﴾ ئەستێرەیەکی بینی ﴿قَالَ هَٰذَا رَبِّي﴾ ووتی ئەمە پەروەردگاری منە ﴿فَلَمَّآ أَفَلَ﴾ بەڵام کاتێ ئاوابوو ﴿قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلْءَافِلِينَ﴾ ووتی من هەرچی ئاوا بێ خۆشم ناوێ ﴿٧٦﴾ ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا﴾ ئەمجا کاتێ مانگی بینی هەڵهات ﴿قَالَ هَٰذَا رَبِّي﴾ ووتی ئەمە پەروەردگاری منە ﴿فَلَمَّآ أَفَلَ﴾ بەڵام کاتێ کە ئاوابوو ﴿قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي﴾ ووتی سوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگارم ڕێنمووئیم نەکات ﴿لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلضَّآلِّينَ﴾ بێگومان لەکۆمەڵی گومڕایان دەبم ﴿٧٧﴾ ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً﴾ ئەمجا کاتێ خۆری بینی هەڵهات ﴿قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ﴾ ووتی ئەمە پەروەردگاری منە ئەمە گەورەترە (لەوان) ﴿فَلَمَّآ أَفَلَتْ﴾ جا کاتێ خۆریش ئاوا بوو ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم بەڕاستی من بەریم لە هەرشتێ کەئێوە دەیکەن بەهاوبەش بۆ خوا ﴿٧٨﴾ ﴿إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي﴾ بەڕاستی من ڕووی خۆم وەرئەگێڕم بۆلای زاتێك ﴿فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ کە ئاسمانەکان و زەوی بەدی هێناوە ﴿حَنِيفًا﴾ جگە لەخوا ڕووم لەهیچی تر ناکەم ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە بێگومان من لەهاوبەش پەیداکەران نیم ﴿٧٩﴾ ﴿وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ﴾ (بەڵام ئیبراهیم) گەلەکەی دەمەقاڵێیان لەگەڵدا کرد ﴿قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ﴾ فەرمووی ئایا ئێوە دەمەدەمێ و موجادەلەم لەگەڵدا دەکەن؟ لەبارەی خواوە کە بەڕاستی ڕێنمووئی منی کردووە ﴿وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ﴾ من ناترسم لەوەی کە ئێوە دەیکەن بەهاوبەش بۆ خوا (چونکە زیان ناگەیەنن) ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيْـًٔا﴾ مەگەر شتێك کەپەروەردگارم بیەوێ بیکات ﴿وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا﴾ زانست و ئاگاداری پەروەردگارم هەموو شتێکی گرتۆتەوە ﴿أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ دەی ئایا بۆ بیرناکەنەوە ﴿٨٠﴾ ﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ﴾ وە من چۆن دەترسم لەو بتانەی کە ئێوە کردووتانە بەهاوبەش بۆ خوا ﴿وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ﴾ کەئێوە ناترسن بێگومان بتانێکتان کردۆتە هاوبەش بۆ خوا ﴿مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا﴾ کە هیچ بەڵگەیەك نەنێرراوە بۆتان (کە ئەوان بپەرستن) ﴿فَأَيُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ﴾ دەی کەواتەکام لەم دوو دەستەیە شایستە ترە بە نەترسان (و ئارامی) ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە هیچ دەزانن ﴿٨١﴾

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ﴾ و بڕواکەیان تێکەڵ بەستەم (هاوەڵ دانان) نەکردووە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ هێمنی و ئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە هەر ئەوانەش ڕێنموون کراوون ﴿٨٢﴾ ﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ﴾ ئەو (بەڵگانە) بەڵگەی ئێمە بوون کە دابوومان بە ئیبراهیم ﴿عَلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ لەبەرانبەر گەلەکەیەوە ﴿نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ﴾ هەرکەسێک بمانەوێت پلەوپایەی بەرز دەکەینەوە ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت کاردروستی زانایە ﴿٨٣﴾ ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾ وە ئیسحاق و (لەئیسحاقیش) یەعقوبمان پێ بەخشی ﴿كُلًّا هَدَيْنَا﴾ ڕێنموونیی هەموویانمان کرد ﴿وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ﴾ وە لەوەو پێش ڕێنموونیی نووحیشمان کرد ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ ولەنەوەکانی نووح داوودو سولەیمان و ئەیووب و یوسف و مووساو هاروونمان (ڕێنموونیی کرد) ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ئا بەو چەشنە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿٨٤﴾ ﴿وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ﴾ وە زەکەریا و یەحیا و عیسا و ئیلیاس ﴿كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ هەرێەک لەمانە لە چاکەکاران بوون ﴿٨٥﴾ ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا﴾ وە ئیسماعیل و یەسەع و یونس و لووط ﴿وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ هەرێەکە لەمانە ڕێزماندوون بەسەر هەموو خەڵکیدا ﴿٨٦﴾ ﴿وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ﴾ هەروەها هەندێ لەباوک و نەوەو و براکانیان ﴿وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ وَهَدَيْنَٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ هەڵمان بژاردوون و ڕێنموونیمان کردوون بۆ ڕێگەی ڕاست ﴿٨٧﴾ ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن﴾ ئەوە ڕێنموونی خوایە ڕێنموونی هەربەندەیەکی پێدەکات ﴿يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ لەبەندەکانی کە خۆی بیەوێ ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ وە ئەگەر هاوبەشیان ڕەوابدایە بۆ خوا بێگومان ئەو چاکانەی کردبوویان هەموویێ پاداشت دەردەچوو ﴿٨٨﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە کە سانێکن ﴿ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ﴾ پەیام و زانین و حوکمڕانی و پێغەمبەرێتیمان پێ بەخشیوون ﴿فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ﴾ جا ئەگەر ئەوانە (قوڕەیش) بڕوای پێ نەهێنن ﴿فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا۟ بِهَا بِكَٰفِرِينَ﴾ ئەوە بێگومان بەدەستەیەکی ترمان سپاردووە (چاودێری بکەن و) بێ بڕواش نابن پێ ی ﴿٨٩﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ﴾ ئەوانە (ئەو پێغەمبەرانەی باس کران) کەسانێک بوون خوا ڕێنموونیی کردن ﴿فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ﴾ دەی پەیڕەوی ڕێگە وڕێبازی ئەوان بکە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ داوای هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێناکەم لەسەری ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَٰلَمِينَ﴾ ئەم قورئانە تەنها ئامۆژگاری یە بۆ هەموو جیهانیان ﴿٩٠﴾

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ﴾ وەك پێویست خوایان نەناسی و رێزیان نەگرت ﴿إِذْ قَالُوا﴾ کاتێ ووتیان ﴿مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ﴾ خوا هیچ شتێکی نەناردۆتە خوارەوە بۆ هیچ ئادەمی یەك ﴿قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي﴾ بڵێ ئەی کێ ئەو کتێبەی نارد خوارەوە ﴿جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ﴾ کە موسا هێنای ﴿نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ﴾ (ئەو کتێبە) ڕووناکی و ڕێنموونیی بوو بۆ خەڵك (پێش دەستکاری کردنی لەلایەن جولەلەکەکانەوە) ﴿تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ﴾ ئێوە ئەو (کتێبە) دەکەنە چەند پەڕە و کاغەزێك ﴿تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا﴾ بەشێکی (کە قازانجتانە) ئاشکرای دەکەن و زۆرێشی (کەزیانی خۆتانە) دەیشارنەوە ﴿وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوا﴾ شتانێك فێر کراوون کەئێوە نەتان دەزانی ﴿أَنتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ﴾ نەخۆتان و نە باو و باپیرانتان ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ بڵێ هەرخوا (کتێبی بۆ موسا ناردووە) ﴿ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾ پاشان لێیان گەڕێ لەناو بەتاڵی خۆیاندا گاڵتەو یاری بکەن و ڕۆبچن. ﴿٩١﴾ ﴿وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ﴾ ئەم قورئانە ئێمە ناردووماندەتەخوارەوە ﴿مُبَارَكٌ﴾ پیرۆز و فەڕدارە ﴿مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ ئەو کتێبانەش پێش ئەو هاتوون بەڕاستیان دادەنێت (پێش ئەوەی گاور وجولەکەکان بیشێوێنن) ﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾ هەروەها بۆ ئەوەی دانیشتوانی مەککە ودەوروبەری ئاگادار کەیتەوەو بیانترسێنی ﴿وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ﴾ جا ئەوانەی بڕوایان بە دواڕۆژ هەبێ بڕوا بەو (قورئانە) دێنن ﴿وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ ئەوان پارێزەرن بۆ نوێژەکانیان و بەچاکی لەکاتی خۆیاندا دەیانکەن ﴿٩٢﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ کێ لەوکەسەستەم کارترەکەدرۆ هەڵبەستێ بەدەم خواوە ﴿أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ﴾ یان بڵێ نیگا وسرووشم بۆکراوە ﴿وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ﴾ بەڵام هیچ نیگا و سرووشێکیشی بۆ نەکرابێ ﴿وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ هەروەها کەسێ کە بڵێ منیش وێنەی ئەو قورئانەی خوا دابەزاندووەداوەبەزێنم ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ﴾ خۆزگە ستەمکارانت دەبینی کاتێ ﴿فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ﴾ وان لە نارەحەتی و سەختی سەرەمەرگدا ﴿وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ﴾ و فریشتەکان دەستیان بۆ دەبەن (بۆ گیان کێشانیان) ﴿أَخْرِجُوا أَنفُسَكُمُ﴾ (پێیان دەڵێن) خۆتان دەربازکەن (لەم نارەحەتی گیان کێشانە ئەگەر ڕاست دەکەن) ﴿الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ﴾ ئەمڕۆ پاداشتی ڕیسواکەر دەدرێنەوە ﴿بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ﴾ بەهۆی ئەوەی کەقسەی ناڕاستان هەڵئەبەست بەدەم خواوە ﴿وَكُنتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ﴾ و خۆتان بەگەورە دەزانی لەبەرانبەر ئایەتەکانی خوادا ﴿٩٣﴾ ﴿وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ﴾ سوێند بێت بێگومان ئێوە بە تەنیا و یەك یەك گەڕانەوە بۆ لامان ﴿كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ هەر وەکو یەکەم جار دروستمان کردن ﴿وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ﴾ و ئەوەی پێمان دابوون بەجێتان هێشت لەدوای خۆتان (لەماڵ وسەروەت وسامان) ﴿وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ﴾ وە نابینین لەگەڵتاندا﴿شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ﴾ ئەو تکاکارانەی کە لاتان وابوو هاوبەشی خوان لە تکا کردن بۆتان ﴿لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ﴾ سوێند بە خوا بێگومان پەچڕا پەیوەستی نێوانتان ﴿وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ وە ئەوەی بە پشتیوانی خۆتان دادەنا وون بوو لێتان ﴿٩٤﴾

﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ﴾ بەڕاستی خوا لەتکەری دانەوێڵە و ناوکە تۆوە (کاتێك کە دەڕوێنێرێت لە زەویدا) ﴿يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ﴾ زیندوو دەرئەهێنێ لە مردوو ﴿وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ﴾ وە (خوا) دەرهێنەری مردوانە لە زیندوو ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ ئەوەیە خوای ئێوە دەی کەواتە ئێوە چۆن (لەپەرستنی ئەو خوایە) لا دەدرێن؟ ﴿٩٥﴾ ﴿فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ﴾ (خوا) بەدی هێنەری شەبەق و ڕووناکی ڕۆژ بوونەوەیە ﴿وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا﴾ و شەوی کردووە بەکات و هۆی ئارامگرتن ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ حُسْبَانًا﴾ و خۆر و مانگی کردۆتە هۆی حساب دیاریکردن و زانینی کات ﴿ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾ ئەوەش ئەندازەگرتنی خوای بەدەسەلاتی زانایە ﴿٩٦﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ﴾ وە هەر خوایە کەئەستێرەی داناوە بۆتان ﴿لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ بۆ ئەوەی ڕێبیان پێدەرکەن لە تاریکیەکانی وشکانی و دەریادا ﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بەڕاستی ئایەتەکانمان ڕوون کردۆتەوە بۆ کۆمەڵێ کەبزانن و تێ بگەن ﴿٩٧﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾ وە ئەو خوایە زاتێکە کە ئێوەی دروست کردووە لەیەك کەس کە (ئادەم)ە ﴿فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ ئەمجا (لە پشتی باوکتانا) نیشتەجێ کران (دواتریش لەمندالدانی دایکتاندا) دانران بە شێوەی کاتی ﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ﴾ بەڕاستی ئایەتەکانمان ڕوون کردۆتەوە بۆ کەسانێ بەووردی بیر بکەنەوە ﴿٩٨﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى﴾ وە ئەو خوایە زاتێکە ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ کە بارانی لە ئاسمانەوە بارانـدووە ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ﴾ جا بە هۆی ئەو (بارانەوە) هەموو جۆرە چەکەرەیەکمان ڕواند ﴿فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا﴾ ئەمجا ڕووەکی سەوزمان لێ ڕووانـدووە ﴿نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا﴾ وە لەو (ڕووەکە سەوزە) دانەوێڵەی لەسەریەك کەڵەکە بوومان دەرهێناوە (وەك گوڵی جۆ و گەنم) ﴿وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ﴾ وە لە دار خورما لە چەند پەلێکی هێشووی شۆڕە وە بوو دەردەهێنین ﴿وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ﴾ وە (دەڕوێنین بەو بارانە) باخاتی زۆرلە تریٚ ی هەمە جۆر ﴿وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ﴾ و زەیتون و بنە هەناری ﴿مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ﴾ هاوو ڕێنە و لەیەکتر جیا جیا(لەتامدا) ﴿ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ﴾ سەرنجی بەرهەمەکەی بدەن ﴿إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ﴾ کاتێك بەر دەگرێت و پێ دەگات ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بێگومان لەم سەرنجدانەدا چەندبەڵگەی گەورەهەیە (لەسەر گەورەی دەسەڵاتی خودا) بۆکەسانێك کە بڕوا دەهێنن ﴿١٠٠﴾ ﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ﴾ هاوبەشانێکیان بڕیاردا وە بۆ خوا کەجنۆکەن ﴿وَخَلَقَهُمْ﴾ لە کاتێکدا خودا ئەو (جنۆکانەی) دروست کردووە ﴿وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەدرۆ و بوختان چەند کوڕ و کچیان ڕەوادا وە بۆ خوا بەبێ زانیاری ﴿سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ پاك و بێ گەردی بۆ خوا لەوەی کە ئەوبێ بڕوایانە بڕیاری ئەدەن بۆ خوا ﴿١٠١﴾ ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ (خوا) داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە لە نەبوون ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ﴾ چۆن منداڵی دەبێ کە ژن و هاوسەری نەبووە ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ خۆی هەموو شتێکی دروستکردووە ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ و ئەو بە هەموو شتێ زانا و بە ئاگایە ﴿١٠٢﴾

﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ﴾ هەر ئەو خوایەیە کە پەروەردگاری ئێوەیە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نی یە جگە لە ئەو ﴿خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ دروست کەری هەموو شتێکە ﴿فَٱعْبُدُوهُ﴾ کەواتە ئەو بپەرستن ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾ وە ئەو خوایە چاودێرە بەسەر هەموو شتێکەوە ﴿لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ چاوەکان پەی پێ نابەن و ناتوانن ببینن ﴿وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ﴾ بەڵام ئەو هێزی بینین و چاوەکان دەبینێت ﴿وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ و ئەو بە ئاگای ورد بینە ﴿قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ﴾ بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە چەندین بەڵگەی ڕوونتان بۆ هاتووە ﴿فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ﴾ ئەمجا هەر کەس بیر لەڕاستی دەکاتەوە دەیبینێ ئەوە (سوودی) بۆ خۆیەتی ﴿وَمَنْ عَمِيَ فَعَلَيْهَا﴾ هەر کەسیش بیر ناکاتەوە و کوێر بووە ئەوە (زیانی) هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ﴾ وە من چاودێر و پارێزەرنیم بە سەرتانەوە (بەس ڕاگەیەنەرم) ﴿وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ ئاوا جۆر و شێوەی بەڵگەکان دەگۆڕین ﴿وَلِيَقُولُوا۟ دَرَسْتَ﴾ دەبا هەر بڵێن خوێندووتە وپێتووتراوە ﴿وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ وە بۆ ئەوەی چاك ڕوونی بکەینەوە بۆ کۆمەڵێك کەتێدەگەن و شارەزان ﴿ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ شوێنی ئەوە بکەوە کەلەلایەن پەروەردگارتەوە وەحیت بۆ کراوە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ شایستەی پەرستن نیە بێجگە لەو (خوا) ﴿وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە ڕوو وەرگێرە لەهاوبەشی بڕیاردەران ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟﴾ وە ئەگەر خوا بیویستایە هاوەڵیان دا نەدەنا ﴿وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ و تۆمان نەدەکرد بەچاو دێرو پارێزەر بەسەریانەوە ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ و تۆ زۆردارو دەسەڵاتدار نیت بەسەریانەوە ﴿وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ (موسڵمانان) جنێوو قسەی ناشرین مەدێن بەوبت و پەرستراوانەی کەئەوان هاواریان لێ دەکەن و دەیانپەرستن بێجگە لەخوا ﴿فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەو هۆیەوە ئەوانیش قسەی نەشیاو بڵێن بەخوا ﴿كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ﴾ بەو شێوەیە ڕازاندومانەتەوە بۆ هەموو ئوممەتێك کردەوەکەیان ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ﴾ پاشان گەڕانەوەیان هەر بۆلای پەروەردگاریانە ﴿فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئەمجا هەواڵیان پێ دەدات بەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدا ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ﴾ وە بەهێزترین سوێندیان بەخوا دەخوارد ﴿لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا﴾ سوێند بەخوا ئەگەر موعجیزەیەکیان بۆ بێت (لەوانەی کەخۆیان داوایان دەکرد) بێگومان بڕوا دەهێنن پێ ی ﴿قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ بڵێ بەڕاستی موعجیزەکان هەر لای خوایە ﴿وَمَا يُشْعِرُكُمْ﴾ وە ئێوە نازانن ئەی بڕواداران ﴿أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەگەر ئەو بەڵگانەش بێتەکایەوە هەر بڕوا ناهێنن ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ﴾ وە(کاتی هاتنی موعجیزەکان بەهۆی بێ بڕواییانەوە) دڵ و چاویان وەردەگێڕین و لادەدەین (لە باوەڕ هێنان) ﴿كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ هەر وەك لە سەرەتاوە بڕوایان بەقورئان نەهێنا ﴿وَنَذَرُهُمْ﴾ وەلێیان دەگەڕێین ﴿فِى طُغْيَٰنِهِمْ﴾ لەسەر کەشی خۆیاندا بن ﴿يَعْمَهُونَ﴾ (دەبا) هەر سەرگەردان بن

﴿وَلَوْ أَنَّنَا﴾ وە بێگومان ئەگەر ئێمە ﴿نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ﴾ فریشتەمان بۆ لای ئەو (پێباوەڕ) انە بناردایە ﴿وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ و مردووەکان قسەیان لەگەڵ بکردنایە ﴿وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ﴾ و هەموو شتێکمان بۆ کۆبکردنایەتەوە ﴿قُبُلًا﴾ ڕوو بەڕوو بەپێش چاویانەوە (یان کۆمەڵ کۆمەڵ) ﴿مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟﴾ بڕوایان نەدەهێنا ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ مەگەر خوا بیویستایە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن و بێ ئاگان ﴿١١١﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا﴾ هەر بەو شێوە بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان داناوە ﴿شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ﴾ لەشەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە ﴿يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾ کەبەنهێنی بەیەکتری ڕادەگەیەنن ﴿زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا﴾ ووتەی ڕازاوە و بریقەدار بۆ فریودانیان ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ﴾ وە ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوەیان نەدەکرد ﴿فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ دەلێیان گەڕێ بەخۆیان و ئەو درۆیانەی کەهەڵی دەبەستن ﴿١١٢﴾ ﴿وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ﴾ وە بۆ ئەوەی گوێبگرێ بۆ ئەو (ووتە بریقەدارو ڕازاوەی بۆ یەکتری دەکەن) ﴿أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ﴾ دڵی ئەو کەسانەی بڕوایان نیی یە بەڕۆژی دوایی ﴿وَلِيَرْضَوْهُ﴾ بۆ ئەوەی ڕازی ببن پێ ی ﴿وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ﴾ وەتا ئەنجامی بدەن ئەو گوناهانەی ئەنجامی ئەدەن ﴿١١٣﴾ ﴿أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا﴾ جا ئایا جگە لەخوا دادوەرێکی تر بۆ خۆم بڕیار بدەم؟ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ﴾ لەکاتێکدا (خوا) ئەو زاتەیە کەناردوویەتیە خوارەوە بۆ ئێوە ﴿ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا﴾ ئەم قورئانە کەڕوون کەرەوەی هەموو باسێکە بەدرێژی ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەوانەش کە نامەمان پێ بەخشین ﴿يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ﴾ چاك دەزانن بێگومان ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگارتەوە بەحەق و ڕاستی نێرراوە ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ کەواتە هەرگیز لەگومانداران مەبە ﴿١١٤﴾ ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾ وە فەرمان و ووتەی پەروەردگارت تەواو بووەو بەئەنجام گەیشت ﴿صِدْقًا وَعَدْلًا﴾ بەڕاستی و دروستی ﴿لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ﴾ کەهیچ کەس ناتوانێ بڕیارو ووتەکانی بگۆڕێ ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ هەر خوا بیسەری زانایە ﴿١١٥﴾ ﴿وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بیت لەسەر زەویدان ﴿يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێگەی خوا گومڕات دەکەن ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ﴾ ئەوان هەر شوێنی گومان کەوتوون ﴿وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ وە هەمیشە درۆو گۆتەرە کاری دەکەن ﴿١١٦﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ﴾ بێگومان هەر پەروەردگارت چاك دەزانێت ﴿مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ کێ گومڕا بووە و لای داوە لەڕێگای ئەو ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴾ وە هەر ئەو زاناترە بەوانەی ڕێبازی ڕاستیان گرتووە ﴿١١٧﴾ ﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾ دەبخۆن لەو (سەربڕاو)ەی کەناوی خوای لەسەر هێنراوە ﴿إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بەئایەتەکانی خوا بڕوادارن ﴿١١٨﴾

﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا﴾ بۆچی ئێوە ناخۆن؟ ﴿مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ لە (گۆشتی) ئەو (ئاژەڵان)ەی کەناوی خوای لەسەر هێنراوە (لەکاتی سەربڕینی دا) ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ﴾ کەبێگومان خوا بۆتانی ڕوون کردۆتەوە ئەوەی حەرامی کردوە لەسەرتان ﴿إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ جگە لەوەی کەناچار دەبن بۆی (بیخۆن لەو خواردنانەی کە حەرامن) ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا لَيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِمْ﴾ بەڕاستی زۆر کەس خەڵکی گومڕا دەکەن بە هەوا و ئارەزوی خۆیان ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەبێ هیچ زانیاری یەك (کە لەخواوە وەرگیرابێت) ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ﴾ بێگومان پەروەردگارت دەست درێژ کاران و سەرکەشان چاك دەناسێ ﴿١١٩﴾ ﴿وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ﴾ لە گوناهی ئاشکراو نهێنی واز بێنن ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الْإِثْمَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە گوناە دەکەن بە دەستی ئەنقەست ﴿سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا يَقْتَرِفُونَ﴾ بەزوویی تۆڵەیان لێ دەسەنرێت بەهۆی ئەو تاوانانەی دەیانکرد ﴿١٢٠﴾ ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ لەو (سەربڕاوە) مەخۆن کەناوی خوای لەسەر نەهێنراوە (لەکاتی سەربڕیندا) ﴿وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ بێگومان (خواردنی) ئەوە تاوان و لەسنوور دەرچوونە ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ﴾ وە بێگومان شەیتانەکان بەنهێنی شت بەدۆستانیان دەڵێن ﴿لِيُجَادِلُوكُمْ﴾ بۆ ئەوەی موجادەلە و دەمەدەمێتان لەگەڵ بکەن ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ جائەگەر بەگوێیان بکەن ئەوە بێگومان لەهاوبەشدانەران دەبن ﴿١٢١﴾ ﴿أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ﴾ ئایا کەسێك کەمردوو بێت (واتە بێ بڕوا بێت) و ئێمە زیندووومان کردەوە (هیدایەتماندا) ﴿وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ﴾ و ڕووناکیەکمان بۆ فەراهەم هێنا (کەقورئانە) بەهۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێ و دەڕوات ﴿كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ﴾ ئایا وەك ئەوە وایە کە لەناو تاریکستانێکدا بێت ﴿لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا﴾ کە بەهیچ جۆرێ دەرچوونی نیە لێی ﴿كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێبڕوایان ئەو کردەوە (خراپانەی) دەیان کرد ﴿١٢٢﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا﴾ بەو شێوەیە لە هەموو شارێکدا گەورەترینی تاوانباریمان کرد (بەدەسەڵاتدار) ﴿لِيَمْكُرُوا فِيهَا﴾ بۆ ئەوەی پیلان و فێڵ بکەن لەو شارانەدا ﴿وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ وە فێڵ وپیلان ناکەن (لە کەس) بێجگە لەخۆیان ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ بەڵام ئەوان هەستی پێ ناکەن ﴿١٢٣﴾ ﴿وَإِذَا جَاءَتْهُمْ آيَةٌ﴾ وە کاتێك ئایەتێکیان بۆ بێت ﴿قَالُوا لَنْ نُؤْمِنَ﴾ دەڵێن ئێمە هەرگیز باوەڕ ناهێنین ﴿حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللَّهِ﴾ هەتا وێنەی ئەوەی بەپێغەمبەرانی خوا دراوە بەئێمەش نەدرێت ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ خوا چاك دەزانێت پەیام و پێغەمبەرایەتی خۆی بۆ کوێ دەنێرێت (وکێ شیاو تر بۆ ئەو کارە) ﴿سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُوا﴾ بەزوویی ئەوانەی تاوانیان کردووە دووچاریان دەبێت ﴿صَغَارٌ عِنْدَ اللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ سووکی وڕیسوایی لای خوا وسزای سەخت ﴿بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ﴾ بەهۆی ئەو پیلان وفێڵانەوەی کەدەیانکرد (لە بڕواداران) ﴿١٢٤﴾

﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ﴾ جا هەرکەسێك خوا بیەوێت ڕێنموونی بکات ﴿يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ﴾ سینگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام(وبڕواهێنان) ﴿وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ﴾ وەهەرکەس خوا بیەوێت گومڕای کات(لەبەر نەشیاویی وسەرکەشی خۆی) ﴿يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا﴾ سنگی زۆر تەنگ دەکات ﴿كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ وەك ئەوەی(بیەوێت)بەرز ببێتەوە بەرەو ئاسمان (چونکە مرۆڤ تا بەرەو ئاسمان بەرز ببێتەوە هەست بە تەنگە نەفەسی دەکات وبەناڕەحەت هەناسەی بۆ دەدرێت) ﴿كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ﴾ بەوجۆرەخوا پیسی وناپاکی دادەنێت ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ لەسەر ئەوانەی کەبڕوا ناهێنن ﴿١٢٥﴾ ﴿وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا﴾ ئەم ئیسلامە ڕێگای پەروەردگارتە کەڕێك و ڕاستە ﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ﴾ بێگومان بەڕوونی ئایەتەکانمان باسکردووە ﴿لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾ بۆ کۆمەڵێك کەبیربکەنەوە ﴿١٢٦﴾ ﴿لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ بۆ ئەوانەیە لای پەروەردگاریان ماڵی ئاشتی کە(بەهەشتە) ﴿وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ تەنها ئەویش دۆستیانە بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی دەیان کرد ﴿١٢٧﴾ ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا﴾ وە ڕۆژێك (خوا) تێکڕا کۆیان دەکاتەوە(دەفەرموێت) ﴿يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ﴾ ئەی دەستەو کۆمەڵی جنۆکە. ﴿قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ﴾ بێگومان ئێوە زۆر کەستان لەئادەمیەکان گومڕا کرد ﴿وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ﴾ وە دۆستەکانیان لەئادەمی دەڵێن ﴿رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ﴾ ئەی پەروەردگارمان هەندێکمان سوودو کەڵکمان لەهەندێکمان وەرگرت. ﴿وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا﴾ وە بەو کاتەو مۆڵەتە گەیشتین کەبۆت دیاری کرد بووین. ﴿قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ﴾ خوا فەرمووی ئاگر شوێنتانە. ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ﴾ بەهەمیشەیی و بێ بڕانەوە دەمێننەوە تیایدا ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾ جگە لەو کاتەی کەخوا بیەوێ ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت کار دروستی زانایە ﴿١٢٨﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّى بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا﴾ بەو شێوەیە هەندێك لەستەمکاران دەکەین بەدۆست و پشتیوانی هەندێکی تریان ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ بەهۆی ئەو کردەوانەوەی ئەنجامیان دەدا ﴿١٢٩﴾ ﴿يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾ ئەی دەستەو کۆمەڵی جنۆکەو ئادەمی ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ﴾ ئایا پێغەمبەرانتان لەخۆتان بۆ نەهات ﴿يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى﴾ کەئایەتەکانی منتان بۆ بخوێننەوە ﴿وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾ وە لەگەیشتن و دووچار بوونی ئەم ڕۆژەیان نەترساندن ﴿قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا﴾ دەڵێن (ڕاستەو) شایەتی لەسەر خۆمان دەدەین ﴿وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ بەڵام ژیانی دونیاخەڵەتاندینی ﴿وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ و شایەتیان لەسەر خۆیان دا ﴿أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰفِرِينَ﴾ کەبێگومان ئەوان بێ بڕوا بوون ﴿١٣٠﴾

﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ﴾ ئەوەی باسکرا لەبەر ئەوەیە کەپەروەردگارت لەناو بەری (خەڵکی) شارو گوندەکان نەبووە و زوڵم و ستەمی لێ نەکردوون ﴿وَأَهْلُهَا غَافِلُونَ﴾ لەکاتێکدا خەڵکی ئەو شارو گوندانە بێ ئاگابووبن ﴿١٣١﴾ ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُوا﴾ بۆ هەر یەکێك (لەجنۆکەو ئادەمی) چەند پلە و پایە هەیە لەبەرانبەر کردەوەکانیاندا ﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾ وە پەروەردگارت لەوەی کەدەیکەن (ئەو ستەم کارانە) بێ ئاگا نییە ﴿١٣٢﴾ ﴿وَرَبُّكَ الْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ﴾ هەر پەروەردگاری تۆ بێ نیازە و خاوەنی میهرەبانی یە ﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ﴾ ئەگەر بیەوێت لەناوتان دەبات ﴿وَيَسْتَخْلِفْ مِن بَعْدِكُم مَّا يَشَاءُ﴾ وە کێی بوێت دوای ئێوە دەیکاتە جێنشین(ی ئێوە) ﴿كَمَا أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ﴾ وەك چۆن ئێوەی لەنەوەی کۆمەڵێکی تر بەدی هێنا ﴿١٣٣﴾ ﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَآتٍ﴾ بێگومان هەر بەڵێنێکتان پێ دەدرێ هەر دێت ﴿وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ و ئێوە لەدەس خوا دەرناچن ﴿١٣٤﴾ ﴿قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەی گەلەکەم لەسەر ڕێبازی خۆتان ئەوەی لەدەستان دێت بیکەن ﴿إِنِّي عَامِلٌ﴾ بێگومان منیش کارو کردەوەی خۆم دەکەم ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُ عَاقِبَةُ الدَّارِ﴾ جا لەمەو پاش دەزانن سەرئەنجامی ئەو دونیا بۆکێ دەبێت ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ بێگومان (بێ باوەڕان و) ستەم کاران ڕزگاریان نابێت ﴿١٣٥﴾ ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ﴾ وە بڕیاریاندا بۆ خوالەوەی کە (خوا) دروستی کردو دای هێنا ﴿مِنَ الْحَرْثِ وَالْأَنْعَامِ نَصِيبًا﴾ بەشێك لەکشتوکاڵ و ئاژەڵ و مااڵت ﴿فَقَالُوا هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ﴾ جا بەگومانی خۆیان ووتیان ئەمە بۆ خوایە ﴿وَهَٰذَا لِشُرَكَائِنَا﴾ وە ئەوەش بۆ هاوبەشەکانمان (بتەکانمانە) ﴿فَمَا كَانَ لِشُرَكَائِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى اللَّهِ﴾ جائەوەی بۆ هاوبەشەکانیانەئەوەبەخوانا گات ﴿وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَائِهِمْ﴾ وەئەوەش بۆ خوایەئەوەدەگات بەهاوبەشەکانیان (واتە: خوانایەوێت و ئەیداتەوەبەسەریاندا) ﴿سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ ئای چ خراپە ئەوەی بڕیاری دەدەن ﴿١٣٦﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ﴾ ئا بەو شێوەیە شەیتانەکان کوشتنی ڕۆڵەکانیان بۆ زۆر لەهاوەڵ دانەرەکان ڕازاندەوە ﴿لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی لەناویان بەرن (بەکوشتنی کەسانی بێ تاوان)وە بۆ ئەوەی ئاینەکەیان لێ بشێوێنن ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ﴾ وە ئەگەر خوا بیویستایە ئەوەیان نەدەکرد ﴿فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ کەواتە لێیان گەڕێ با لەگەڵ ئەو درۆو دەلەسەیەی کە هەڵی دەبەستن (بێ ئاگا و گومڕا بن) ﴿١٣٧﴾

﴿وَقَالُوا۟ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ﴾ وە (بە گومانی خۆیان)دەیان ووت ئەمانە ئاژەڵ ومالآت وکشتوکاڵێکن کەقەدەغە کراون ﴿لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ﴾ تابێ لێیان بخوات کەسانێك نەبێ خۆمان بمانەوێت ﴿بِزَعْمِهِمْ﴾ بەگومانی خۆیان ﴿وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا﴾ مالآتێکیش پشتیان قەدەغە کرابوو (نابێ باریان لێ بنرێ یا سواریان ببن) ﴿وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا﴾ هەروەها ئاژەڵ و مالآت هەیە (لەکاتی سەربڕین دا) ناوی خوایان لەسەر نەدەبرد ﴿ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ﴾ بەدرۆ هەڵبەستن بەدەم خواوە ﴿سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ لەمەولا خوا تۆڵەی ئەو درۆ هەڵبەستنەیان لێ دەستەنێت ﴿١٣٩﴾ ﴿وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾ وە دەیان ووت ئەوەی لەسکی ئەم ئاژەڵ و مالآتانە دایە ﴿خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا﴾ تایبەتە بەنێرینەکانمانەوە (بیاوەکانمان) ﴿وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا﴾ وە قەدەغە کراوە لەسەر ژنەکانمان ﴿وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ﴾ وە ئەگەر مردارەوە بوو بوون ئەوا هەموو تیایدا هاوبەشو بەشدارن ﴿سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ﴾ بەزوویی خوا سزای ئەم پێناسە (نەفامانە) یان دەداتەوە ﴿إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خوا کار دروستی زانایە ﴿١٤٠﴾ ﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَٰدَهُمْ﴾ بەڕاستی زیانباربوون ئەوانەی ڕۆڵەکانی خۆیان کوشت ﴿سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەنەفامی ونەزانی ﴿وَحَرَّمُوا۟ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ﴾ و ئەوەی کەخوا پێی بەخشیبوون لەخۆیان قەدەغەکرد ﴿ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ﴾ بەدەست هەڵبەست و درۆ بەدەم خواوە ﴿قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە گومڕا بوون و ڕێنموونی کراو نەبوون ﴿١٤١﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٍ﴾ وە تەنها خوایە کەبەدی هێناوە باخاتی ﴿مَّعْرُوشَٰتٍ﴾ کەپرو هەرزاڵە بۆ کراو(یا ساق بەرز) ﴿وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ﴾ وە کەپرو هەرزاڵە بۆ نەکراو(ساق کورت) ﴿وَٱلنَّخْلَ وَٱلزَّرْعَ﴾ وە دار خورماو کشتوکاڵی ﴿مُخْتَلِفًا أُكُلُهُۥ﴾ جیاواز لەخواردن و تامدا (بەدی هێناوە) ﴿وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ﴾ زەیتون و هەناریشی (بەدی هێناوە) ﴿مُتَشَٰبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ﴾ لەیەك چوو (لەوێنەو دیمەندا)و لەیەك نەچوو (لەتامدا) ﴿كُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ﴾ بخۆن لەبەروبوومی کاتێك هاتەبەر ﴿وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ﴾ وە لەڕۆژی دروێنەو چنینیدا مافەکەی (زەکاتەکەی) لێ بدەن ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓا۟﴾ و زیادەڕۆی مەکەن ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ بێگومان خوا زیادەڕۆیانی خۆش ناوێت ﴿١٤١﴾ ﴿وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًا﴾ لەئاژەڵ و مالآتیش هەندێکی بارهەڵگرەو هەندێکی بۆ کوڵك و خوری (کەڕاخەرو فەرشی لێ دروست دەکرێت) ﴿كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ لەوەی کەخوا پێ ی بەخشیوون بخۆن ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ وە شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ چونکە بێگومان شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە. ﴿١٤٢﴾

﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ﴾ (خوا) هەشت جۆر ئاژەڵ و مالاتی (دروست کردووە) ﴿مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ﴾ لەمەڕ دووان (مەڕ و بەران) ﴿وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ﴾ و لەبزن دووان (بزن و سابرێن) ﴿قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئایا خوا ئەو دوو نێرەی حەرام کردووە؟ ﴿أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ﴾ یا ئەو دوو مێ یە؟ ﴿أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ﴾ یا ئەو بێچوانەی کە لەسکی ئەو دوو (جۆرە ئاژەڵە) مێینەدایە ﴿نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن هەواڵم بدەنێ بەزانیاریەك (لەخواوە) ﴿١٤٣﴾ ﴿وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ﴾ وە لەحوشتر دووان و لەڕەشەوڵاخ دووان (نێرو مێیەك) ﴿قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا خوا ئەو دوو نێرەی حەرام کردووە یان ئەو دوو مێ یە؟ ﴿أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ﴾ یا ئەو بێچوانەی کە لەسکی ئەو دوو (جۆرە وولاخە) مێینەدایە ﴿أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ﴾ یان ئێوە ئامادەو شایەت بووون ئەو کاتە کەخوا فەرمانی پێکردن (بەم قەدەغەکردنە) ﴿فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا﴾ کەواتە کێ لەو کەسە ستەم کار تر کەدرۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت ﴿لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ﴾ بۆ ئەوەی خەڵکی گومڕا بکات ﴿بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ﴾ بەبێ هیچ زانیاری یەك ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بەڕاستی خوا ڕێنموونیی کۆمەڵی ستەم کاران ناکات ﴿١٤٤﴾ ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ نابینم لەوەی کە (وەحی) وسرووشم بۆ کراوە هیچ خۆراکێك حەرام بێت بۆ کەسێك کە بیخوات ﴿إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا﴾ جگە لە مردارەوە بوو یان خوێنێکی ڕژێنراو نەبێت ﴿أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ﴾ یا گۆشتی بەراز چونکە بێگومان ئەوەش پیس (وحەرامە) ﴿أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ﴾ یان سەربڕاوێك (کاتی سەربڕین) ناوی غەیری خوای لەسەر هێنرابێت ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ﴾ جا هەر کەس ناچار بوو (کەئەو حەرامانە بخوات لەبەر برسیەتی وخواردنی حەڵاڵی دەست نەکەوت) با زیاد لەپێویست نەخوات ﴿وَلَا عَادٖ﴾ و مەبەستی سنوور بەزاندن نەبێت ﴿فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ئەوە بێگومان پەروەردگارت لێبوردەی میهرەبانە ﴿١٤٥﴾ ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا﴾ تەنها لەسەر ئەوانەی بوونە جوولەکە حەراممان کرد ﴿كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ﴾ هەموو چرنوکدارێك (باڵدار بێت یا ئاژەڵ) ﴿وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ﴾ وە لە(گۆشتی) ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزنیش پیو وبەزەکانیمان لێ حەرام کردن ﴿إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ﴾ مەگەر ئەوەی کەبەسەر پشتیانەوە بێت ﴿أَوِ ٱلۡحَوَايَآ﴾ یا ئەوەی بەڕیخۆڵەکانیانەوە بێت ﴿أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ﴾ یا تێکەڵ بووبێت و لکا بێت بەئێسکەوە ﴿ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ﴾ بەهۆی سەرکەشیانەوە ئەو تۆڵە و سزامان دان ﴿وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾ وە بێگومان ئێمە ڕاست گۆین ﴿١٤٦﴾

﴿فَإِن كَذَّبُوكَ﴾ ئەمجا ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردی ﴿فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ﴾ ئەوا (پێیان) بڵێ پەروەردگارتان خاوەنی میهرەبانی فراوانە ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ وە سزاو تۆڵەی ئەو (خوا کەهات) لەهۆزی تاوانباران ناگێڕدرێتەوە ﴿١٤٨﴾ ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟﴾ ئەوانەی کەهاوبەشیان بۆ خوا دانا بوو لەمەو دوا دەڵێن: ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا﴾ ئەگەر خوا بیویستایە ئێمەو باوو باپیرانمان هاوبەشمان (بۆ خوا) دانەدەنا ﴿وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ﴾ وە هیچ شتێکمان حەرام نەدەکرد ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆیان کرد ﴿حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا﴾ هەتا سزاو تۆڵەی ئێمەیان چەشت ﴿قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا هیچ زانیاریەکتان لایە ﴿فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ﴾ تا دەری بخەن بۆمان و دەری ببڕن ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ﴾ ئێوە شوێنی هیچ شتێك ناکەون بێجگە لەگومان نەبێت ﴿وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ﴾ و ئێوە هەر لەخۆتانەوە بەگۆترە شت دەڵێن ﴿١٤٩﴾ ﴿قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ﴾ بڵێ دەی کەواتە بەڵگەی بەهێز و(دەسەڵات) هەر بۆ خوایە ﴿فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ جا ئەگەر(خوا) بیویستایە هەر هەموو تانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست ﴿١٥٠﴾ ﴿قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ﴾(ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەو شایەتانەتان بێنن ﴿يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا﴾ کە شایەتی دەدەن کە خوا ئەمەی حەرام کردووە ﴿فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ﴾ جا ئەگەر (بە درۆ) شایەتیان دا تۆ لەگەڵیاندا شایەتی مەدە ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە شوێن هەواو هەوەس وئارەزواتی ئەوانە مەکەوە کەباوەڕیان نەهێنا بەئایەتەکانی ئێمە ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ وە شوێن ئەوانەش مەکەوە کەبڕوایان نی یە بەڕۆژی دوایی ﴿وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ ئەوانەش کەهاوبەش و هاوتا بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن ﴿١٥١﴾ ﴿قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ وەرن بابیخوێنمەوە (بۆتان) ﴿مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ ئەوەی پەروەردگارتان (حەرام) و یاساغی کردووە لەسەرتان ﴿أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ (فەرمانیداوە کەوا) هیچ شتێك نەکەن بە هاوبەش بۆی ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾ و لەگەڵ باوك و دایکدا ئاکار چاك و ڕەفتار جوانبن ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ﴾ و منداڵەکانتان مەکوژن لەبەر هەژاری و نەبوونی ﴿نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ﴾ ئێمە ڕۆزی ئێوەو ئەوانیش دەدەین ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ﴾ وە نزیکی گوناهو کردەوە زۆر بەدەکان مەکەونەوە ﴿مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ ئەوەی کە بە ئاشکرا دەکرێ لەو (خراپانە) ئەوەش پەنهان دەکرێ ﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ وە ئەو کەسە مەکوژن کە خوا کوشتنی حەرام کردووە مەگەر هەق بێ (بکوژرێتەوە لەتۆڵەدا) ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ﴾ خوا ئەمانەی بەئێوە ڕاسپاردوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بۆ ئەوەی تێ بگەن (و ژیری خۆتان بەکاربهێنن) ﴿١٥٢﴾

﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ﴾ وە نزیکی مالی هەتیوان مەکەونەوە ﴿إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ مەگەر بەو شێوەی کەجوانترو چاکتر بێت (بۆ ئەوان) ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُ﴾ تا بالغ دەبێت و دەگاتە هێزی خۆی ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ﴾ وە پێوانەو کێشانە بێ زیادو کەم ئەنجام بدەن بەدادگەری ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ داوای هیچ ئەرك و فەرمانێك لەکەس ناکەین بەئەندازەی توانای خۆی نەبێت ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا﴾ وەکاتێك (بۆشایەتی دان و شتی تر) قسەتان کرد دادوەرو پاست بن ﴿وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ با (لەدژی) خزمی نزیکی خۆشتان بێت ﴿وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا﴾ وەبەڵێن و پەیمانی خوا بەجاکی ببەنەسەر ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ﴾ خوائەو شتانەی بەئێوە ڕاسپاردوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی ببیر بکەنەوە ﴿١٥٢﴾ ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا﴾ (فەرمانی داوە کە) بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کەڕاست و دروستە ﴿فَاتَّبِعُوهُ﴾ کەواتە شوێنی بکەون ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ﴾ و شوێنی کۆپڕە ڕێگا وڕێچکەکانی تر مەکەون ﴿فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾ چونکە دوورتان دەخەنەوەو لاتان دەدەن لەڕێگەی خوا ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ﴾ خوا ئەو شتانەی بەئێوە ڕاسپاردوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بۆ ئەوەی پارێزکار و لە خواترس بن ﴿١٥٣﴾ ﴿ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ لەپاش ئەوە تەورانمان بەخشی بەموسا ﴿تَمَامًا عَلَى الَّذِي أَحْسَنَ﴾ بۆ تەواو کردنی چاکەو بەهرەمان بەرانبەر کەسێك کەبەچاکی پێی هەڵساوە ﴿وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ﴾ وەڕوون کەرەوەی هەموو شتێك بێ ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ وە ڕێنیشاندەرو ڕێنموونیی و میهرەبانی بێ ﴿لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن بەگەیشتنیان بەحوزووری پەروەردگاریان (لە ڕۆژی دواییدا) ﴿١٥٤﴾ ﴿وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ﴾ وە ئەم قورئانە پیرۆزە بەفەڕ وپیتەمان ناردۆتە خوارەوە ﴿فَاتَّبِعُوهُ﴾ کەواتە ئێوەش شوێنی بکەون ﴿وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ و خۆتان بپارێزن و (پارێزکاربن) تا ڕەحمتان پێ بکرێت ﴿١٥٥﴾ ﴿أَن تَقُولُوا﴾ لەبەر ئەوەی نەڵێن ﴿إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ﴾ بێگومان کتێب تەنها بۆ سەر دوو کۆمەڵی (گاوورو جوولەکە) نێراوەتە خوارەوە ﴿مِن قَبْلِنَا﴾ لەپێش ئێمەدا ﴿وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ﴾ کەبەڕاستی ئێمە لەخوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی کتێبەکانیان بێ ئاگابووین ﴿١٥٦﴾ ﴿أَوْ تَقُولُوا﴾ وە بۆ ئەوەی نەڵێن ﴿لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ﴾ بەڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمەش بهاتبایە ﴿لَكُنَّا أَهْدَىٰ مِنْهُمْ﴾ ئەوە ئێمە لەوان ڕێنموون تر دەبووین ﴿فَقَدْ جَاءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ ئێوە بێگومان بەڵگەو نیشانە (قورئان)ی ڕوونتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾ کەڕێنموونیی و میهرەبانیەکی گەورەیە ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ کەواتە کێ ستەم کار تر لەو کەسەی بێ باوەڕ بێت بەئایەتەکانی خوا و بەدرۆی بزانێت ﴿وَصَدَفَ عَنْهَا﴾ وە ڕوویان لێ وەرگێڕێت ﴿سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا﴾ لەمەو دوا بەزوویی تۆڵە دەسێنین لەوانەی سەرپێچی دەکەن لە ئایەتەکانی ئێمە ﴿سُوءَ الْعَذَابِ﴾ بەسزایەکی بەدو سەخت ﴿بِمَا كَانُوا يَصْدِفُونَ﴾ بەهۆی ئەو لادانەوە کەدەیانکرد ﴿١٥٧﴾

﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئاخۆ ئەوان چاوەڕوانی چ شتێك دەكەن بێجگە لەوەی مەلائیكە(ی گیان كێشان) یان بۆ بێت ﴿أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ﴾ یان پەروەردگارت بێت (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ﴾ یان هەندێك لەموعجیزەو نیشانە ئاشكراكانی پەروەردگارت بەدی بێت ﴿يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ﴾ ئەو ڕۆژەی هەندێك لەنیشانەو بەڵگە ڕوونەكانی پەروەدگارت بەدی دێت ﴿لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا﴾ باوەڕهێنان سوود ناگەیەنێت بەهیچ كەس ﴿لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ﴾ كەپێشتر بڕوای نەهێنا بێت ﴿أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا﴾ یان هیچ خێروچاكەیەكی نەكردبێت لە گەڵ ئیمانەكەیدا ﴿قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾ بڵێ: چاوەڕوان بن (هەڕەشەیە) ئێمەش چاوەڕوانی دەكەین ﴿۱۵۸﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ئاینەكەیان بەش بەش كرد ﴿وَكَانُوا۟ شِيَعًا﴾ و بوون بەچەند دەستەو تاقمێكەوە ﴿لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ﴾ تۆ لەهیچ شتێكدا لەئەوان نیت ﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ﴾ بێگومان كاری ئەوان تەنها بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ﴾ پاشان خوا هەواڵیان پێ دەدا بەهەر كردەوەیەك كەكردویانە ﴿۱۵۹﴾ ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ﴾ هەر كەسێك چاكە بكات ﴿فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾ ئەوە (لەڕۆژی دوایی دا) دە ئەوەندەی چاكەكەی پاداشتی بۆ هەیە ﴿وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ﴾ وە هەر كەسێك خراپە بكات ﴿فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا﴾ ئەوە تۆڵەی لێ ناسێنرێ تەنها بەوێنەی خۆی نەبێ ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ و ئەوانە ستەمیان لێ ناكرێت ﴿۱۶۰﴾ ﴿قُلْ إِنَّنِى هَدَىٰنِى رَبِّىٓ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بێگومان من پەروەردگارم ڕێنموونیی كردووم ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿دِينًا قِيَمًا﴾ ئاینێكی زۆر ڕاست و پاك (كەهیچ لاریەكی تیا نی یە) ﴿مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا﴾ ئایینی ئەو ئیبراهیمەیە كە لەهەموو ئایینە ناڕاستەكان لایداوە بۆ پەرستنی خوا بەتەنها ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە بە هیچ جۆرێك لە هاوبەش پەیداكەران نەبووە ﴿۱۶۱﴾ ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بێگومان نوێژو (بەندایەتی) و قوربانی ﴿وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى﴾ و ژیان و مردنم ﴿لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ﴿۱۶۲﴾ ﴿لَا شَرِيكَ لَهُۥ﴾ هیچ هاوبەشێكی نی یە ﴿وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ﴾ و هەر بەوە فەرمانم پێ دراوە ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ وە من یەكەمی ناو هەموو موسڵمانان و فەرمانبەردارانم (بۆ خودا) ﴿۱۶۳﴾ ﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئایا بێجگە لەخوا پەرستراوێكی تر بۆ خۆم هەڵبژێرم ﴿وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ﴾ لەكاتێكدا ئەو پەروەردگاری هەموو شتێكە ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا﴾ و هەر كەسێك هەر گوناهو خراپەیەك بكات تەنها لەسەر خۆیەتی ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ وە هیچ كەسێكی گوناهكار گوناهی كەسێكی تر هەڵناگرێت ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ﴾ پاشان گەڕانەوەتان هەر بۆلای پەروەردگارتانە ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ ئەمجا هەواڵتان پێ ئەدا بەوەی كەئێوە تیایدا جیاواز بوون ﴿۱۶۴﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ﴾ وە خوا ئەو زاتەیە كە ئێوەی كردووە بەجێنشینانی زەوی (كۆمەڵ لەدوای كۆمەڵ دێن) ﴿وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ﴾ چەند پلە هەندێكتانی بەرز كردۆتەوە بەسەر هەندێكی ترتاندا ﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ﴾ بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە لەوەدا كەپێی بەخشیوون ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت تۆڵە سەندنی خێرایە (بۆ بەدكاران) ﴿وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە بەڕاستی ئەو لێبوردەی میهرەبانە (بۆ چاكەكاران) ﴿۱۶۵﴾

سورەتی ﴿ الأعراف ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓصٓ﴾ بە(ئەلیف، لام، میم، صاد) دەخوێنرێتەوە، خوا زاناترە بەماناو مەبەست پێی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ① ﴿كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ (ئەم قورئانە) نامەیەکە نێرراوەتە خوارەوەبۆ تۆ(ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿فَلَا يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ﴾ کەواتە دڵ تەنگ مەبە(بەپەرەو نەکەرانی) ﴿لِتُنذِرَ بِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی (ئەوان)بەم قورئانە بترسێنی ﴿وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ وبیرخستنەوەو ئامۆژگاریش بێ بۆ برواداران ② ﴿ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾ بەپیرەوی ئەوە بکەن کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە دابەزێنراوەتە خوارەوە بۆتان ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ﴾ وە بێجگە لەئەو (خودا) شوێن هیچ پەرستراوانێکی تر مەکەون و مەیکەن بە پشتیوانی خۆتان ﴿قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ ئێوە زۆر کەم بیر دەکەنەوە ③ ﴿وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا﴾ وە چەندەها شار و گوندمان وێران کرد ﴿فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا﴾ و سزای ئێمەیان بۆ هات لەشەودا ﴿أَوْهُمْ قَآئِلُونَ﴾ یان ئەوان لەخەو و پشووی نیوەڕۆدا بوون. ④ ﴿فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ﴾ جا کاتێك سزای ئێمەیان بۆهات هاوارو نزایان هیچ نەبوو ﴿إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾ بێجگە لەوەی کەدەیان ووت: بەڕاستی ئێمە ستەم کاربووین. ⑤ ﴿فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی پرسیار دەکەین لەوانەی کەپێغەمبەرانیان بۆ نێردرا (کە چۆن پێشوازییان لێکردن) ﴿وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ وە بێگومان پرسیاریش دەکەین لەپێغەمبەران(کە چۆن وەڵام درانەوە). ⑥ ﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ﴾ جا سوێند بەخوا بەڕاستی (ئەوەی کردوویانە)بۆیان دەگێڕینەوە لەڕووی زانیاریەوە ﴿وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ﴾ وەئێمە هیچ کاتێك بێ ئاگا نەبووین (لێیان) ⑦ ﴿وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ﴾ کێشانەی ڕاست (بۆ کردەوەکانتان) لەو ڕۆژە دا دەبێت و گومانی تێدا نی یە ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ جاهەر کەس کێشراو(ی چاك) ەکانی قورس بێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوە ئەوانەن ڕزگارو گەیشتوو بەئامانج ⑧ ﴿وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ وە هەرکەس کێشراوی(چاکەکانی) سووك بێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم﴾ ئەوانە کەسانێکن کەخۆیانیان دۆڕاندووەو زەرەر مەندبوون ﴿بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ﴾ بەهۆی ئەوەی کەستەمیان کرد بەرانبەر بەڵگەو نیشانەکانی ئێمە (و بەدرۆیان دانا) ⑨ ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئێوەمان نیشتەجێ و جێگیر کرد لەزەویدا ﴿وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ﴾ و جۆرەها هۆی ژیانمان تێیدا بۆ ڕەخساندن ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ (بەڵام) ئێوە زۆر کەم سوپاس گوزارن ⑩ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ﴾ سوێند بێت بێگومان ئێوەمان بەدی هێنا و پاشان شکڵ و شێوەمان کێشان ﴿ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ﴾ پاشان ووتمان بەفریشتەکان سوژدە ببەن بۆ ئادەم ﴿فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ﴾ هەموویان یەکسەر سوژدەیان برد بێجگە لەئیبلیس (لەشەیتان) ﴿لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ کە لەسوژدە بەران نەبوو ⑪

﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ﴾ (خوا) فەرمووی چی بەرگری کردی کەسوژدە نەبەیت کاتێك فەرمانم پێکردی ﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ (شەیتان) ووتی: من لە (ئادەم) چاکترم ﴿خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾ چونکە منت لە ئاگر دروست کردووەو ئەوت لەقوڕ دروست کردووە ﴿١٢﴾ ﴿قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا﴾ (خوا) فەرمووی: (لە بەهەشت) بڕۆرە خوارەوە ﴿فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا﴾ چونکە بۆت نی یە لەو (بەهەشتە)دا خۆت بەگەورەو زل بزانی ﴿فَاخْرُجْ﴾ یەکسەر دەرچۆ ﴿إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ﴾ بەڕاستی تۆ لەبێ نرخ و ڕیسوایانی ﴿١٣﴾ ﴿قَالَ أَنظِرْنِي﴾ ووتی مۆڵەتم بدە (مەمرێنە) ﴿إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە ﴿١٤﴾ ﴿قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ﴾ (خواش) فەرمووی: بێگومان تۆ لەمۆڵەت دراوانیت ﴿١٥﴾ ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ﴾ ووتی ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەوە کە گومڕات کردم بێگومان بۆیان (ئادەم و نەوەکانی) دادەنیشم ﴿صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ لەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا ﴿١٦﴾ ﴿ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾ ئەمجا سوێندبێ بێگومان بۆیان دەچم لەپێشیانەوە و لەدوایانەوە ﴿وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ﴾ وە لەلای ڕاستیان و لەلای چەپیانەوە ﴿وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ﴾ ئەوسا نابینی زۆربەیان سوپاس گوزارین ﴿١٧﴾ ﴿قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا﴾ (خوا) فەرمووی: دەرچۆ تێیدا بە لۆمەکراوی و دەرکراوی ﴿لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ﴾ سوێندبێ بێگومان هەرکەس شوێنی تۆ کەوتبێت لەوان ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ ئەوە بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەم لەئێوە هەمووتان ﴿١٨﴾ ﴿وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ﴾ وە(ووتمان) ئەی ئادەم تۆو هاوسەرەکەت نیشتەجێ ی بەهەشت بن ﴿فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا﴾ بخۆن لەهەرچی کەویست و حەزتان لێ بوو ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ﴾ بەڵام نزیکی ئەو درەختە مەکەونەوە ﴿فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ ئەگینا لەستەم کاران دەبن ﴿١٩﴾ ﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ﴾ ئەمجا شەیتان خەیاڵ و خەتەرە و وەسوەسەی خراپی خستە دڵیان ﴿لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا﴾ بۆ ئەوەی دەریخات بۆیان ئەو عەیب و عەورەتەی کەشاردبوویەوە لێیان (و بەدەرەوە نەبووە) ﴿وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ﴾ وە پێی ووتن: پەروەردگارتان (لەبەر هیچ هۆیەك) بەرگری ئەو درەختەی لێ نەکردون ﴿إِلَّا أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ﴾ مەگەر لەبەر ئەوەی کەنەبنە دوو فریشتە ﴿أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ﴾ یان (لەبەهەشتدا) بمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿٢٠﴾ ﴿وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾ وە سوێندی بۆ خواردن ووتی بێگومان من لە ئامۆژگاریکەرانی دڵسۆزی ئێوەم ﴿٢١﴾ ﴿فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ﴾ سەرئەنجام بەخەڵەتاندن هانی دان ﴿فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ﴾ جا کاتێك (لەبەروبوومی) ئەو درەختەیان چەشت ﴿بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا﴾ هەردووکیان عەیب و عەورەتیان دەرکەوت ﴿وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ﴾ وە دەستیان کرد بەداپۆشینی خۆیان بەگەڵای (درەختانی) بەهەشت ﴿وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا﴾ وە پەروەردگاریان بانگی هەردووکیانی کرد ﴿أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ﴾ ئایا ئەو درەختەم قەدەغە نەکرد لێتان ﴿وَأَقُل لَّكُمَا﴾ وە ئایا پێم نەووتن ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ کە بێگومان شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە ﴿٢٢﴾

﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا﴾ هەردووکیان ووتیان ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لەخۆمان کرد ﴿وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا﴾ جا ئەگەر لێمان نەبووری و میهرەبانیمان لەگەڵ نەکەیت ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە لەزیانباران دەبین ﴿٢٣﴾ ﴿قَالَ اهْبِطُوا﴾ (خوا) فەرمووی بڕۆنە خوارەوە(لەبەهەشت) ﴿بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ هەندێکتان دوژمنی هەندێکی ترتانن ﴿وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ﴾ وە بۆتان هەیە لەزەویدا نیشتەجێ بوون ﴿وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ و هۆی ڕابواردن و ژیان تا ماوەیەك ﴿٢٤﴾ ﴿قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ﴾(خوا) فەرمووی: لەزەوی دا دەژین و لەویشدا دەمرن ﴿وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ﴾ و هەر لەویش دەردەهێنرێن (و زیندوو دەکرێنەوە) ﴿٢٥﴾ ﴿يَا بَنِي آدَمَ﴾ ئەی نەوەی ئادەم ﴿قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا﴾ بێگومان پۆشاکمان بۆ ناردوون ﴿يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا﴾ کەعەیب وعەورەتتان دادەپۆشێ وە پۆشاکی جوان و ڕازاوەیش(مان بۆ ناردوون) ﴿وَلِبَاسُ التَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ﴾ بەڵام پۆشاکی ترسان لەخوا و پارێزکاری چاکترو باشترە ﴿ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ﴾ ئەوەی باسکرا هەندێکە لەبەڵگەو نیشانەکانی خوا ﴿لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیربکەنەوەو ئامۆژگاری وەرگرن ﴿٢٦﴾ ﴿يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ﴾ ئەی نەوەی ئادەم با شەیتان فریوتان نەدات و نەتانخەڵەتێنێ ﴿كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ﴾ هەرچۆنێ باوك و دایکتانی لەبەهەشت دەرکرد ﴿يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا﴾ لەحاڵێکدا پۆشاکەکەیانی لێ داکەندن ﴿لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا﴾ بۆ ئەوەی عەیب و عەورەتیان (دەربخات و) نیشانیان بدات ﴿إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ﴾ بەڕاستی شەیتان خۆی و دەستەکەی دەتانبینن ﴿مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾ لەجێگایەکەوە کەئێوە ئەوان نابینن ﴿إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە شەیتانەکانمان گێڕاوە ﴿أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بەدۆست وخۆشەویست بۆ ئەوانەی کەبڕوا ناهێنن ﴿٢٧﴾ ﴿وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً﴾ وە کاتێك کردەوەیەکی زۆر بەدو ناشیرینیان دەکرد (کە بەڕووتی تەواف کردن نموونەیەکیەتی) ﴿قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا﴾ دەیان ووت: لە باوو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە ﴿وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا﴾ وە خوا فەرمانی ئەو (کردەوە)ی پێ داووین ﴿قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بێگومان خوا فەرمان نادا بەکردەوەی بەدو خراپ ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئایا بەدەم خواوە شتێك دەڵێن کەنایزانن و بێ ئاگان لێی؟ ﴿٢٨﴾ ﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ﴾ بڵێ پەروەردگارم فەرمانی بە دادپەروەری داوە ﴿وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ وە لەکاتی هەموو نوێژێکدا ڕاست ڕوو بکەنە خوا ﴿وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾ و دڵسۆزانە هاواری لێ بکەن و بیپەرستن ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ هەرچۆنێ لە یەکەم جارەوە (خوا) دروستی کردون بەو شێوەیە دەگەڕێنەوە (بۆ لای خوا) ﴿٢٩﴾ ﴿فَرِيقًا هَدَىٰ﴾ دەستەیەکی ڕێنموونی کردوە ﴿وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ دەستەیەکیش گومڕایی بەسەریاندا چەسپا ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە شەیتانەکانیان کرد ﴿أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ بەدۆست و پشتیوانی خۆیان لەجیاتی خوا ﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ﴾ وە وا گومان دەبەن کەڕێ نموونیی کراوون ﴿٣٠﴾

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ﴾ ئەی نەوەی ئادەم، پۆشاکی جوان و ڕازاوەتان بپۆشن لەکاتی هەموو نوێژ (چوونە مزگەوتێکتاندا) ﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْ﴾ وە بخۆن و بخۆنەوە (لەوەی کە خوا حەلالی کردووە بۆتان) و زیادە ڕۆی مەکەن ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ بێگومان خوا زیادەڕۆیانی خۆش ناوێت ﴿٣١﴾ ﴿قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ کێ ڕازاندنەوە وجوانی و (نازونیعمەتە) خواییەکانی حەرام کردووە ﴿ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ﴾ کەخوا بۆ بەندەکانی دروستی کردووە ﴿وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ﴾ هەروەها ڕۆزی وخۆراکە پاک و خۆشەکان (کێ حەرامی کردوون) ﴿قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەوانە بۆ بڕوادارانە لەژیانی دونیادا (بێ بڕوایانیش لەپەنای ئەواندا بەشداری دەکەن) ﴿خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ﴾ (بەڵام) لەڕۆژی دوایی دا تایبەتە بەبڕوادارانەوە ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾ بەم شێوەیە ئایەتەکانمان بڵاس دەکەین و ڕوونی دەکەینەوە ﴿لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ﴾ بۆ گەل و کۆمەڵێک کە دەزانن و تێ دەگەن ﴿٣٢﴾ ﴿قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ﴾ بڵێ بێگومان پەروەردگارم تەنها ئەو کردەوانەی حەرام کردوە کەزۆر بەدو خراپن ﴿مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ﴾ ئەوانەی کە ئاشکران و ئەوانەش نهێنین ﴿وَٱلۡإِثۡمَ﴾ وە گوناهی (حەرام کردووە) ﴿وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾ وە دەست درێژی بەناهەق ﴿وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا﴾ وە(حەرامی کردوە) شتێک بکەنە هاوبەشی بۆخوا ﴿لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا﴾ کەبەڵگەی بۆ نەهاتووە ﴿وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ وە (حەرامی کردووە) کەبەدەم خواوە شتانێک بڵێن کەنایزانن ﴿٣٣﴾ ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٞۖ﴾ وە بۆ هەموو نوممەتێ کاتێکی دیاری کراو هەیە (بۆ مردن و سزادانیان) ﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ﴾ ئەمجا کاتێک ماوە(ی مردن یا سزا) کەیان هات ﴿لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ﴾ ساتێک دواناکەون ﴿وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ﴾ و پێشیش ناکەون ﴿٣٤﴾ ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ﴾ ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بۆتان هات ﴿رُسُلٞ مِّنكُمۡ﴾ پێغەمبەرانێک لەخۆتان ﴿يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي﴾ ئایەتەکانی منبان بۆ دەخوێندنەوە ﴿فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ﴾ جا هەر کەس خۆی پاراست(لە نافەرمانی خوا) و کردەوەی چاکی کرد ﴿فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ ئەوە مەترسی یان لەسەر نیە وخەم و خەفەتیش ناخۆن ﴿٣٥﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە ئەوانەش کە بێ بڕوا بوون بەئایەتەکانی ئێمە ﴿وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ﴾ و خۆیان بەزل دەزانی لەبەرانبەر ئەو ئایەتانەدا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ﴾ ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن ﴿هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانە بەهەمیشەیی تیایا دەمێننەوە ﴿٣٦﴾ ﴿فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ جا کێ لەوە ستەمکار تر کە درۆ بەدەم خواوە هەڵبەستێ ﴿أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ﴾ یان بێ بڕوا بێت بەئایەتەکانی خوا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ﴾ ئەوانە ئەو بەشەی بۆیان نوسراوە دوو چاریان دەبێت ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا﴾ هەتا ئەو کاتەی نێردراوەکانمان (بۆ گیان کێشان) دێن بۆیان ﴿يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ﴾ دەیانمرێنن و(گیانیان دەکێشن) ﴿قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ﴾ پێیان دەڵێن ئەوانەی لەجیاتی خوا ئێوە هاوارو نزاتان لێ ئەکردن لەکوێن ﴿قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا﴾ (لەوەڵامدا) دەڵێن دیار نین و وون بوون لێمان ﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ﴾ وە شایەتی دەدەن لەسەر خۆیان ﴿أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ﴾ کە بێگومان ئەوانە لە دونیادا بێ بڕوا بوون ﴿٣٧﴾

﴿قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ﴾ (خوا پێیانی) فەرموو ئێوە لەگەڵ ئەو ئومەتانەی کەلە پێش ئێوە وەبوون لەجنۆکەو ئادەمیزاد بچنە ئاگری دۆزەخەوە ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾ هەر جارێك دەستەیەك دەچنە ناوێەوە نەفرین لەهاوبیرانی دەکات ﴿حَتَّىٰ إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا﴾ هەتا هەموو دەگەن بەیەك و کۆدەبنەوە یەك دەگرن ﴿قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ﴾ دوایینەکانیان (کەشوێن کەوتوو بوون) دەربارەی پێشوەکانیان (کەپێشەوا بوون) دەڵێن ﴿رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئەوانە ئێمەیان گومڕا کرد ﴿فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ﴾ دە تۆش لەئاگردا دووقات سزایان بدە ﴿قَالَ﴾ (پەروەردگار) دەفەرموێ ﴿لِكُلٍّ ضِعْفٌ﴾ بۆ هەرکامتان (سزا) دوو بەرامبەرە ﴿وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾ بەڵام ئێوە نازانن و بێ ئاگان ﴿٣٨﴾ ﴿وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ﴾ سەرۆك و چاولێکراوەکان بە شوێن کەوتووەکانیان دەڵێن ﴿فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ﴾ ئێوەش هیچ زیادە ڕێزێکتان بەسەر ئێمەدا نییە ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ دە ئێوەش سزا بچەژن ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ بەهۆی ئەو (خراپانەوەی) دەتان کرد ﴿٣٩﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ بڕوا بوون بەئایەتەکانی ئێمە ﴿وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا﴾ وەخۆیان بەگەورەو زل دادەنا لە بەرامبەریاندا ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ﴾ ئەوانە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە ﴿وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ﴾ و ناچنە بەهەشتەوە ﴿حَتَّىٰ يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ﴾ هەتا حوشتر نەچێتە بەکونی دەرزی درومانداا (ئەمەش مەرجێکە هەرگیز نایەتە دی) ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە لە تاوانباران دەسێنین ﴿٤٠﴾ ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ﴾ ئەوانەی لەدۆزەخدا فەرش و ڕاخەریان (لە ئاگرە) ﴿وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ﴾ وە لەلای سەروشیانەوە لێفەو داپۆشەریان (لەئاگرە) ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە لەستەمکاران دەستێنین ﴿٤١﴾ ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە وکردەوەی چاکیشیان کردووە ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ داوالە هیچ کەس ناکەین زیادلەتوانای خۆی ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ﴾ ئا ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ ئەوان هەمیشەیین تێیدا ﴿٤٢﴾ ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم﴾ ئەوەی لەدڵیاندا بووبێت دامان ڕنی ﴿مِّنْ غِلٍّ﴾ لەکینە و ڕق (دەربارەی یەکتری) ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ﴾ ڕووبارەکان دەڕۆن بەژێر (کۆشك وباخەکان)یاندا ﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا﴾ وە دەڵێن سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەڕێنموونیی کردین بۆ ئەم ڕێگایە ﴿وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ﴾ کە ئێمە هەرگیز ڕێبازی ڕاست شارەزا نەدەبووین ﴿لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ﴾ ئەگەر خوا ڕێنموونی نەکردینایە ﴿لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾ سوێند بەخوا بێگومان نێردراوەکانی پەروەردگارمان ڕاستیان هێنا ﴿وَنُودُوا أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ﴾ وە بانگیان لێ دەکرێت بەمەی کەئەو بەهەشتە ﴿أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ پێتان بەخشرا بەهۆی ئەو کردەوە (چاکانەی کە) دەتان کرد ﴿٤٣﴾

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ﴾ وە بەهەشتیەکان بانگ دەکەن ﴿أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ﴾ لەدۆزەخیەکان ﴿أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا﴾ بێگومان ئێمە ئەوەی کەپەروەردگارمان بەڵێنی پێداین ڕاست بوو پێی گەیشتین ﴿فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗا﴾ جا ئایا ئێوەش ئەوەی کەپەروەردگارتان بەڵێنی پێدان ڕاست بوو پێی گەیشتن؟ ﴿قَالُواْ نَعَمۡ﴾ دەڵێن بەڵێ ﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ﴾ پاشان جارچیەک جاڕی دەدا لەنێوانیاندا ﴿أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ کەنەفرینی خوا لەسەر ستەمکاران بێت ﴿٤٤﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی بەرهەڵستی لە ڕێی خوا دەکەن ﴿وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا﴾ و دەیان ویست ئەو(ڕێگایە) بەخوارو ناڕێک نیشان بدەن ﴿وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان بێ بڕوا بوون بەڕۆژی دوایی ﴿٤٥﴾ ﴿وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞ﴾ و لەنێوانیاندا پەردەو جیاکەرەوەیەک هەیە ﴿وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ﴾ بەسەر ئەعرافەوە (کەبەرزاییەکە لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا) پیاوانێک هەن ﴿يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡ﴾ هەر یەکە لەبەهەشتی ودۆزەخیەکان دەناسنەوە بەهۆی نیشانە (وشێوەی تایبەت)ی یانەوە ﴿وَنَادَوۡاْ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ﴾ جا بەهەشتیەکان بانگ دەکەن و دەڵێن: سەلامتان لێ بێت ﴿لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ﴾ نەچوونەتە ناوبەوە بەڵام ئومێدیان هەیەو بەتەمان بچنەناوی ﴿٤٦﴾ ﴿وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ﴾ هەر کاتێک ڕوویان لادرێ و وەرگێڕدرێ ﴿تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾ بەرەو لای دۆزەخیەکان ﴿قَالُواْ رَبَّنَا﴾ دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ﴿لَا تَجۡعَلۡنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ مەمانخەنە ڕیزی گەلی ستەم کاران ﴿٤٧﴾ ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا﴾ وە ئەوانەی وان بەسەر ئەعرافەوە پیاوانێک بانگ دەکەن ﴿يَعۡرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمۡ﴾ کەبەنیشانەی تایبەتی یان دا دەیان ناسن ﴿قَالُواْ﴾ دەڵێن ﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ﴾ کۆمەڵەکەتان سوودی پێ نەگەیاندن ﴿وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ﴾ هەروەها خۆبەزل زانین و لەخۆبایی بوونتان بەکەڵکتان نەهات ﴿٤٨﴾ ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ﴾ ئایا ئەوانە(هەژارە باوەڕدارەکان) هەر ئەوانە نین کەئێوە (لەدونیادا) سوێندتان دەخوارد ﴿لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ﴾ کەخوا بەر میهرەبانی خۆیان ناخات ﴿ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ﴾ (خوا بەهەژارە باوەڕدارەکان ئەڵێ) بچنە بەهەشت هیچ مەترسیەکتان لەسەر نی یە ﴿وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ﴾ و ئێوە خەم ناخۆن ﴿٤٩﴾ ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ﴾ وە دۆزەخیەکان بانگ و هاوار لەبەهەشتیەکان دەکەن ﴿أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ﴾ (دەڵێن) هەندێ ئاومان پێ ببەخشن ﴿أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ﴾ یان هەندێ لەوڕۆزیەی کەخوا پێی بەخشیوون ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ (لەوەڵامیاندا) دەڵێن: خوا هەردووکی لەسەر بێ بڕوایان حەرام کردووە ﴿٥٠﴾ ﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ﴾ ئەوانەی کەئاینەکەی خۆیان کردبووە ﴿لَهۡوٗا وَلَعِبٗا﴾ سەرقاڵی بێ سوود و گاڵتە جاڕی ﴿وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ﴾ وە ژیانی دونیا هەڵیخەڵەتاندن ﴿فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ﴾ بۆیە ئەمڕۆ ئەوان لەبیر خۆمان دەبەینەوە ﴿كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا﴾ هەرچۆنێک ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لەبیری خۆیان بردبۆوە ﴿وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ﴾ وە (لەبەرئەوەی) ئایەتەکانی ئێمەیان ئینکار دەکرد (دانیان پێدا نەدەهێنا) ﴿٥١﴾

﴿وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە کتێبێکمان بۆ هێناون ﴿فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾ لەڕووی زانستەوە بەڕوونی شیمان کردۆتەوە ﴿هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ کەڕێنموونی و میهرەبانی یە بۆ کەسانێك بڕوا دەهێنن ﴿٥٢﴾ ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ﴾ ئایا چاوەڕوانی چی دەکەن بێجگە لە سەرئەنجامی هەڕەشەکانی ئەو (قورئانە)؟ ﴿يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ﴾ ئەو ڕۆژەی کە سەرئەنجامی (هەڕەشەکانی) بەدی دێت ﴿يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ﴾ ئەوانەی لەوەو پێش لەبیریان کردبوو دەڵێن ﴿قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ﴾ بەڕاستی نێردراوەکانی پەروەردگارمان بەڕاستیەوە هاتن ﴿فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ﴾ جا ئایا (ئەمڕۆ) تکا کارانێك بۆ ئێمە هەیە تکامان بۆ بکەن ﴿أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾ یا بگەڕێنرێینەوە بۆ دونیا تا کردەوەی چاك بکەین نەك ئەوەی دەمان کرد ﴿قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ بێگومان خۆیانیان دۆڕاند ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ ئەوەی هەڵیان دەبەست وون بوو لێیان ﴿٥٣﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى﴾ بەڕاستی پەروەردگار تان ئەو خوایەیە ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروست کردووە ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾ پاشان (خوا) بەرز بووەوە سەر عەرش و قەراری گرت (ئێمە ئیمانمان پێ یەتی بەڵام شێوەکەی نازانین پرسیار کرا لە ئیمامی مالیك دەربارەی (استواء) فەرمووی وەستانە کە حەقیقەتەو چۆنێتیەکەی نەزانراوەو پرسیار کردن دەربارەی بیدعەتە وباوەڕبوون پێ ی واجبە) ﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ﴾ بە(تاریکایی) شەو (ڕۆشنایی) ڕۆژ دادەپۆشێت (بەپێچەوانەشەوە) ﴿يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾ (ڕۆژ بەشوێن شەوەوەیە بەخێرایی) وشەو بەشوێن ڕۆژەوەیە بەخێرایی ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ﴾ خۆرو مانگ و ئەستێرەکانیش ﴿مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ ژێر بار کراوون بەفەرمانی خۆی ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ﴾ بێداربن کەبەدی هێنان و فەرماندان هەر بۆ خوایە ﴿تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ پاك و بێگەردە (لەهەموو کەم و کوڕی یەك) خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان ﴿٥٤﴾ ﴿ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾ لەپەروەردگارتان بپارێنەوە بەزەلیلی(و کڕوزانەوە) و بەنهێنی ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ بێگومان خوا دەست درێژی کارانی خۆش ناوێت ﴿٥٥﴾ ﴿وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا﴾ خراپەکاری مەکەن لەزەویدا پاش ئەوەی کەخوا چاکی کردووە ﴿وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ وە هاوار و نزا بەرن بۆ خوا بەترس و ئومێدەوە ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بەڕاستی میهرەبانی خوا لەچاکەکارانەوە نزیکە ﴿٥٦﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ﴾ وە ئەو(خوا) زاتێکە بایەکان دەنێرێت ﴿بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ﴾ بەموژدەدەر پێش (بارانی) ڕەحمەتی پەروەردگار ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا﴾ هەتا کاتێ هەوری قورس(ی باراناوی) هەڵدەگرن ﴿سُقْنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ﴾ دەینێرین بۆ وولاتێکی مردوو (وشکی بێ گیا) ﴿فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ﴾ جا بەو (هەورە) باران دەبارێنین ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ بەهۆی ئەوەوە هەموو بەرووبومێك دەردەهێنین (لە زەویدا) ﴿كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ هەربەوشێوەیە مردووەکان لەزەوی دەردەهێنین (وزیندوویان دەکەینەوە) ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ تا ئێوە ببربکەنەوە ﴿٥٧﴾

﴿وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ﴾ زەوی وخاکی پاك و بەپیت ﴿يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ﴾ رووەك و شینایيە کەی بەفەرمانی پەروەردگاری دەڕوێت ﴿وَٱلَّذِى خَبُثَ﴾ وە ئەوەی پیس و بێ خێرە ﴿لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا﴾ دڕك و دالّ نەبێ لێ ی ناڕوێت و دەرنایەت ﴿كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ ئا بەو جۆرە ئایەتەکانی خۆمان باس دەکەین ﴿لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ﴾ بۆ گەلێك کە سوپاسگوزاربن ﴿٥٨﴾ ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمەنووحمان ڕەوانە کرد بۆ لای گەلەکەی ﴿فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ ووتی: ئەی گەلەکەم تەنها خوا بپەرستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ ئێوە هیچ پەرستراوێکتان نی یە بێجگە لەو (خوا) ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ﴾ بەڕاستی من دەترسم (دووچاری) ئێوە بێ ﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ سزای ڕۆژێکی گەورە (کە ڕۆژی دوایی یە) ﴿٥٩﴾ ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِۦٓ﴾ کاربەدەست و دەسەلاتدارانی گەلەکەی ووتیان ﴿إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆ لەگومڕاییەکی ئاشکرا دەبینین ﴿٦٠﴾ ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى ضَلَٰلَةٌ﴾ فەرمووی: ئەی گەلەکەم هیچ گومڕایی یەك لەمندا نی یە ﴿وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەڵکو من نێردراوم لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ﴿٦١﴾ ﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى﴾ پەیامەکانی پەروەردگارم ڕادەگەیەنم پێتان ﴿وَأَنصَحُ لَكُمْ﴾ وە ئامۆژگاریتان دەکەم ﴿وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ و ئەوەی من لەلایەن خواوە دەیزانم ئێوە نایزانن ﴿٦٢﴾ ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ ئایا سەرتان سوڕماوە لەهاتنی پەیام و یادخەرەوەیەك لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ﴾ بۆ پیاوێك لەخۆتان (کەنووحە) ﴿لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا۟﴾ بۆ ئەوەی ئاگادارتان کاتەوەو بتانترسێنێت و خۆتان بپارێزن (لەنافەرمانی خوا) ﴿وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت ﴿٦٣﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَٰهُ﴾ دوای ئەوە بڕوایان پێ نەهێنا ئێمەش (نووح)مان ڕزگار کرد ﴿وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ﴾ هەروەها ئەوانەش لە گەڵیدا بوون لەکەشتیەکەدا ﴿وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ پاشان ئەوانەی بڕوایان نەبوو بە ئایەتەکانمان نوقممان کردن و خنکاندمانن ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵی (دڵ) کوێران بوون ﴿٦٤﴾ ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا﴾ وە ناردمان بۆ لای گەلی عاد براکەیان کە هوود(پێغەمبەرە) ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ فەرمووی: ئەی گەلەکەم بەتەنها خوا بپەرستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ هیچ پەرستراوێکتان نی یە بێجگە لەو ﴿أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە پارێزکار نابن ولەخودا ناترسن؟! ﴿٦٥﴾ ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦٓ﴾ ئەو کاربەدەست و دەسەلاتدارانەی کە بێ بڕوابوون لە گەلەکەی ووتیان ﴿إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى سَفَاهَةٍ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆ لەگێلی و نەفامیدا دەبینین ﴿وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ وە بەڕاستی وا گومان دەبەین کە تۆ لەدرۆزنان بیت ﴿٦٦﴾ ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى سَفَاهَةٌ﴾ فەرمووی ئەی گەلەکەم هیچ گێلی و نەفامی یەك لە منداني یە ﴿وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەڵکو من نێردراوێکم لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانیانەوە ﴿٦٧﴾

﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى﴾ پەیامەکانی پەروەردگارم بەئێوە ڕادەگەیەنم ﴿وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ﴾ وە من بۆ ئێوە ئامۆژگاریکەرێکی دەست پاك و ئەمینم ﴿٦٨﴾ ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ ئایا سەرتان سوڕماوە لەهاتنی (نیگاو) ئامۆژگاری لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ﴾ بۆ پیاوێك لەخۆتان تا بتانترسێنێت ﴿وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ﴾ وە بیری (چاکەکانی خوا) بکەنەوە کاتێ ئێوەی کرد ﴿خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ﴾ بەجێنشین لەپاش گەلی نووح ﴿وَزَادَكُمْ فِى ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً﴾ وە لەش وقەڵافەتی ئێوەی لەوان گەورەتر دروست کرد ﴿فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ﴾ کەواتە بیری چاکەو بەهرەکانی خوا بکەنەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕزگارتان ببێت ﴿٦٩﴾ ﴿قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ﴾ ووتیان ئایا بۆ ئەوە هاتووی بۆ ئاومان کە بەتەنها خوا بپەرستین ﴿وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا﴾ وە وازبێنین لەوەی باوك و باپیرانمان دەیانپەرستن ﴿فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ﴾ کەواتە ئەو (سزایە)ی کەبەڵێنت پێ داوین بۆمان بێنە دی ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەیت و لەڕاست گۆیانی ﴿٧٠﴾ ﴿قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾ فەرمووی: بێگومان لەلایەن پەروەردگارتانەوە تووشتان بووە ﴿رِجْسٌ وَغَضَبٌ﴾ سزاو خەشم و توڕەیی ﴿أَتُجَٰدِلُونَنِى فِىٓ أَسْمَآءٍ﴾ ئایا دەمە قاڵێم لەگەڵدا دەکەن دەربارەی چەند ناوێك ﴿سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم﴾ کەئێوەو باوو باپیرانتان ناوتانە لەبتانێك ﴿مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ﴾ کەخوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەریان نەناردۆتە خوارەوە ﴿فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ﴾ جا کەواتە چاوەڕوانی بکەن منیش لەگەڵتان لەچاوەڕوانانم ﴿٧١﴾ ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا﴾ ئەوسائەووئەوانەش لەگەڵی بوون (وباوەڕیان پێ هێنابوو) بەمیهرەبانیەك لەلایەن خۆمانەوە ڕزگارمان کردن ﴿وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانەشمان لەڕیشە هێنا ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَمَا كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ﴾ کەئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دادەناو باوەڕدار نەبوون ﴿٧٢﴾ ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا﴾ وە بۆ گەلی سەمودیش صاڵحی برایانمان نارد ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ فەرمووی: ئەی گەلەکەم خوا بەتەنها بپەرستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ جگە لەو پەرستراوێکی ترتان نی یە ﴿قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ بێگومان موعجیزەیەکی ڕوونتان لەپەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً﴾ ئەمە حوشترێ خوایە کە موعجیزەیەکە بۆ ئێوە ﴿فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ﴾ جا لێ ی گەڕێن با بخوا و بلەوەڕێت لەزەوی خوادا ﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ﴾ و ئازاری مەدەن و دەستی بۆ مەبەن بەخراپە ﴿فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (ئەگەر وابکەن) تووشی سزایەکی سەخت و بەئازار دەبن ﴿٧٣﴾

﴿وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ﴾ بیر بکەنەوە لەو کاتەی کەخوا ئیوەی گێڕا ﴿خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ﴾ بەجێنشین لەپاش هۆزی عاد ﴿وَبَوَّأَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ لەزەویدا دایمەزراندن و نیشتەجێی کردن ﴿تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا﴾ لەدەشتەکانیدا کۆشکی بەرز دروست دەکەن ﴿وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًا﴾ وە لەشاخەکانی دا، مالّ و خانوو دانەتاشن ﴿فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ﴾ دەبیر بکەنەوە لەچاکە گەورەکانی خوا (وسوپاسی بکەن) ﴿وَلَا تَعْثَوْاْ فِي ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ و خراپەکاری مەکەن لەولاتدا (و مەبن بەخراپەکار و گێرە شێوێن) ﴿٧٤﴾ ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ﴾ دەسەلاتدارە لووت بەرزەکانی گەلەکەی ووتیان ﴿لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ﴾ بەوانەی لاوازو ژێر دەستەکرا بوون ﴿لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ﴾ ئەوانەی بڕوایان هێنا بوو لەناویاندا ﴿أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ ئایا دەزانن کەصالح ڕەوانە کراوە لەلایەن پەروەردگاریەوە ﴿قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ مُؤْمِنُونَ﴾ ووتیان بێگومان ئێمە بڕوادارین بەوەی کەصالح پێی ڕەوانە کراوە ﴿٧٥﴾ ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ﴾ ئەوانەی خۆیان بەزل دەزانی ووتیان ﴿إِنَّا بِٱلَّذِيٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە بێ باوەڕین بەوەی کەئێوە بڕواتان پێ هێناوە ﴿٧٦﴾ ﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ﴾ ئەمجا حوشترەکەیان سەربڕی ﴿وَعَتَوْاْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ﴾ وە سەرکەشییان کرد لەفەرمانی پەروەدگاریان ﴿وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ﴾ وە ووتیان: ئەی صالح ﴿ٱئْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ﴾ ئەو بەڵێنی (سزا) ی بەئێمە دەدەیت بۆمان بێنەدی ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ ئەگەر تۆ لەپێغەمبەرانی ﴿٧٧﴾ ﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ﴾ بەهۆی ئەوەوە بومەلەرزەیەکی بەتین لێی دان ﴿فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ﴾ ئیتر هەموویان لەمالّ وخانووەکانیان دا بوون بە(لاشەی) بێ گیان و بێ جوڵە ﴿٧٨﴾ ﴿فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾ جا صالح ڕووی لێ وەرگێڕان(و وازی لێ هێنان) ﴿وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي﴾ وە فەرمووی ئەی گەلەکەم سوێند بەخوا بەڕاستی پەیامی پەروەردگارم پێ ڕاگەیاندن ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ وە ئامۆژگاریم کردن و دڵسۆز بوم بۆتان ﴿وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ﴾ بەڵام ئێوە ئامۆژگارو دڵسۆزانتان خۆشناوێت ﴿٧٩﴾ ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ﴾ وە لوطمان نارد، کاتێک بەگەلەکەی ووت ﴿أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ﴾ چۆن ئێوە ئەو کارە زۆر بەدو خراپە دەکەن کە (نێر بازیە) ﴿مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ هیچ کەس لەجیهاندا پێشتان نەکەوتوە لەو (کارەپیسە)دا ﴿٨٠﴾ ﴿إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً﴾ بەڕاستی ئێوە بەپیاوان ئارەزوتان دەشکێنن؟ ﴿مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ﴾ لەجیاتی ئافرەتان؟ ﴿بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ﴾ بەڵکو ئێوە دەستەیەکی زیادە ڕۆن ﴿٨١﴾

﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ﴾ وە وەلامی گەلەکەی هیچ نەبوو ﴿إِلَّآ أَن قَالُوٓا﴾ بێجگە لەوەی کەوتیان ﴿أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ﴾ لەشار و وولاتەکەتان (لووط و ئیمانداەکان) دەربکەن ﴿إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ بەڕاستی ئەوانە کەسانێکن کەخۆیان پاك و تەمیز ڕادەگرن ﴿٨٢﴾ ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ﴾ ئەمجا ئێمە خۆی وشوێنکەوتوانیمان ڕزگار کرد ﴿إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ جگە لەخێزانەکەی کە لەتیاچووان بوو ﴿٨٣﴾ ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا﴾ جا بارانێکمان بەسەرا باراندن (بەرد بارانمان کردن) ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ جا سەیر کە سەرئەنجامی تاوان باران چۆن بوو (وچیان لێ هات) ﴿٨٤﴾ ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ وە بۆ گەلی مەدیەنیش شووعەیبی برایانمان نارد ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ فەرمووی ئەی گەلەکەم بەتەنها خوا بپەرستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ هیچ پەرستراوێکتان نی یە بێجگە لەو ﴿قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ بێگومان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەو موعجیزەیەکی ڕوون و ئاشکرایتان بۆ هاتووە ﴿فَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ﴾ کەواتە لە پێوانە و کێشانەتان دا ڕێنك و ڕاست بن ﴿وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ﴾ و لەشت و مەکی خەڵکی کەم مەکەنەوە (بەدزی) ﴿وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا﴾ وە لەزەویدا خراپەکاری مەکەن لەپاش چاکردنی ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوەی باسکرا چاکترە بۆتان ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ئیماندارن ﴿٨٥﴾ ﴿وَلَا تَقْعُدُوا۟ بِكُلِّ صِرَٰطٍ﴾ وە لەسەر هەموو ڕێگایەك دامەنیشن (ڕێگە مەگرن) ﴿تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ هەڕەشە بکەن و بەرهەڵستی ڕێگەی خوا بکەن ﴿مَنْ ءَامَنَ بِهِۦ﴾ لەو کەسەی باوەڕی پێ هێنابێ ﴿وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ و بتانەوێت ڕێگای خوا بەلاری وچەوتی بخەنەڕوو ﴿وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا﴾ وە بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە ئێوە کەم بوون ﴿فَكَثَّرَكُمْ﴾ پاشان خوا زۆری کردن ﴿وَٱنظُرُوا۟﴾ دەی سەرنج بدەن ﴿كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ سەرئەنجامی خراپەکاران چۆن بوو (وچیان لێ هات) ﴿٨٦﴾ ﴿وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ﴾ وە ئەگەر کۆمەڵێك لەئێوە ﴿ءَامَنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ﴾ باوەڕیان هێنا بێت بەو پەیامەی بەمندا نێردراوە ﴿وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُوا۟﴾ وە کۆمەڵێکی ترتان باوەڕیان نەهێنا بێت ﴿فَٱصْبِرُوا۟﴾ ئەوە ئارام بگرن ﴿حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَا﴾ هەتا خوا بڕیار دەدات لەنێوانماندا ﴿وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ﴾ وە ئەو (خوا) باشترینی بڕیاردەرانە ﴿٨٧﴾

﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ﴾ ئەو کاربەدەست و دەسەلاتدارانەی کەخۆیان بەگەورە دائەنا لەناو گەلەکەی (شوعەیب) دا ووتیان ﴿لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ﴾ ئەی شوعەیب بێگومان دەرت دەکەین. ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ﴾ وە ئەوانەش کە بڕوایان هێناوە لەگەڵ تۆدا ﴿مِن قَرْيَتِنَآ﴾ لە شارەکەمان ﴿أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا﴾ یان دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئایینی ئێمە ﴿قَالَ﴾ (شوعەیب) فەرمووی: ﴿أَوَلَوْ كُنَّا كَٰرِهِينَ﴾ ئەگەر حەزیش نەکەین و پێشمان ناخۆش بێت ﴿٨٨﴾ ﴿قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ بێگومان درۆیەکی گەورەمان بۆ خوا هەڵبەستوە. ﴿إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم﴾ ئەگەر بگەڕێینەوە ناو ئایینەکەتان (کە بت پەرستی یە) ﴿بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا﴾ پاش ئەوەی کەخوا ڕزگاری کردین لێی ﴿وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ﴾ ڕەوانیە بۆمان بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو (بت پەرستی یە) ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَا﴾ مەگەر خوای پەروەردگارمان بیەوێت. ﴿وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا﴾ زانست و ئاگاداری پەروەردگارمان هەموو شتێکی گرتۆتەوە. ﴿عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا﴾ تەنها پشتمان بە خوا بەستووە ﴿رَبَّنَا ٱفْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا﴾ (ووتیان): ئەی پەروەردگارمان، لەنێوان ئێمە و گەلەکەماندا حوکم و بڕیار بدە ﴿بِٱلْحَقِّ﴾ بەهەق ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْفَٰتِحِينَ﴾ تۆ باشترینی بڕیار دەرانی ﴿٨٩﴾ ﴿وَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ﴾ دەستەو ئەشرافی هۆزەکەی کە بێ بڕوا بوون ووتیان ﴿لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا﴾ سوێند بە خوا ئەگەر ئێوە شوێن شوعەیب بکەون ﴿إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ﴾ بەڕاستی ئەو کاتە زیان لێکەوتوان خۆتانن ﴿٩٠﴾ ﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ﴾ جا بەهۆی ئەوە وە بومەلەرزەیەکی توند لێی دان ﴿فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ﴾ هەموویان لەماڵەکانیاندا لەناوچوون (بێ گیان و جوواڵە کەوتن) ﴿٩١﴾ ﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا﴾ ئەوانەی کە شوعەیبیان بەدرۆزانی (باوەڕیان پێ نەهێنا) ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَا﴾ (وا تیا چوون) وەک هەر لەو ماڵانە نەدانە بووبن (وتێیدا نەژیابن) ﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا﴾ ئەوانەی کە شوعەیبیان بە درۆزانی (باوەڕیان پێ نەهێنا) ﴿كَانُوا۟ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ هەر ئەوان خەسارۆمەند بوون ﴿٩٢﴾ ﴿فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾ ئینجا (شوعەیب) ڕووی لێ وەرگێڕان ﴿وَقَالَ يَٰقَوْمِ﴾ فەرمووی پێیان: ئەی گەلەکەم ﴿لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی من پەیامی پەروەردگارم بە ئێوە گەیاند ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ و ئامۆژگاریم کردن ﴿فَكَيْفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ﴾ جا چۆن بۆ هۆزی بێ بڕواو کافر غەم و خەفەت بخۆم ﴿٩٣﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ﴾ ئێمە بۆ هەر گوندو شارێك پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردبێت ﴿إِلَّآ أَخَذْنَآ أَهْلَهَا﴾ دانیشتوانیمان تووش کردووە ﴿بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾ بەنەبوونی و کەم دەرامەتی (بەزیان و نەخۆشی) ﴿لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ﴾ تا لە پەروەردگار بپارێنەوە و پەشیمان ببنەوە ﴿٩٤﴾ ﴿ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ﴾ لەدوابیدا خراپە و ناخۆشیە کەمان گۆڕی بەچاکە و خۆشی ﴿حَتَّىٰ عَفَوا۟﴾ هەتا زۆر بوون و گەشەیان کرد لەماڵ و سەروەتدا. ﴿وَّقَالُوا۟﴾ وە ووتیان: ﴿قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ﴾ بێگومان باو و باپیرانمان تووشی زیان و ناخۆشی و نەخۆشی بوون ﴿فَأَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً﴾ جا لەناکاودا سزامان گرتنی ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لەکاتێکدا کە هەستیان نەدەکرد ﴿٩٥﴾

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ﴾ وە ئەگەر دانیشتوانی شار وگوندەکان ﴿ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟﴾ باوەڕیان بهێنایە و خۆیان بپارێستایە (لە قەدەغە کراوەکانی خوا) ﴿لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ بەڕاستی دەرگای بەرەکاتی ئاسمان و زەویمان بۆ دەکردنەوە ﴿وَلَٰكِن كَذَّبُوا۟﴾ بەڵام بڕوایان نەهێنا (بەپێغەمبەرەکەیان) ﴿فَأَخَذْنَٰهُم﴾ ئەمجا ئێمەش ئەوانمان گرت وسزامان دان ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ بەهۆی ئەو خراپانەوەی دەیان کرد ﴿٩٦﴾ ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ﴾ ئایا خەڵکی ئەو شار وگوندانە ترسیان نەبوو ﴿أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَٰتًا﴾ لەوەی سزای ئێمەیان بۆبێت لە شەودا ﴿وَهُمْ نَآئِمُونَ﴾ کاتێک ئەوان خەوتوون ﴿٩٧﴾ ﴿أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ﴾ وە ئایاخەڵکی ئەو شار وگوندانە ترسیان نەبوو ﴿أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا﴾ لەوەی کەسزای ئێمەیان بۆ بێت ﴿ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾ لە چێشتەنگاودا لە کاتێکدا یاری و گاڵتە دەکەن ﴿٩٨﴾ ﴿أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ﴾ جا ئایا لە پیلانی خوا نەترسان و بێ باک بوون ﴿فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ﴾ دەی کەس لەپیلانی خوا دڵنیا نابێت ﴿إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ جگە لەکەسانی زەرەرمەند نەبێت ﴿٩٩﴾ ﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ﴾ ئایا ڕوون نەبۆتەوە بۆ ئەوانەی زەویبان بە میرات بۆ دەمێنێتەوە ﴿مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ﴾ دوای (تیا چوونی) خاوەنە پێشووەکانیان ﴿أَن لَّوْ نَشَآءُ﴾ ئەگەر بمانەوێت ﴿أَصَبْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ﴾ بەهۆی گوناهەکانیانەوە دووچاری بەڵایان دەکەین. ﴿وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ وە مۆر دەنێین بەسەر دڵیان دا ﴿فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ ئیتر ئەوان (هیچ پەند وئامۆژگارییەک) نابیستن ﴿١٠٠﴾ ﴿تِلْكَ ٱلْقُرَىٰ﴾ ئەو شار وگوندانانەی (کە ویرانمان کردن) ﴿نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآئِهَا﴾ هەندێک لە هەواڵەکانی دەگێڕینەوە بۆت ﴿وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی پێغەمبەرانیان بۆهات بەبەڵگەو نیشانەی ڕوونەوە ﴿فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟﴾ بەڵام باوەڕیان نەهێنا ﴿بِمَا كَذَّبُوا۟ مِن قَبْلُ﴾ بەوەی کەلەپێش دا بەدرۆیان دەزانی ﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ ئا بەو جۆرە خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵی بێ باوەڕان دا ﴿١٠١﴾ ﴿وَمَا وَجَدْنَا لِأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ﴾ زۆربەی ئەوانمان نەدی خاوەنی هیچ پەیمانێک بن ﴿وَإِن وَجَدْنَآ أَكْثَرَهُمْ لَفَٰسِقِينَ﴾ بەڕاستی زۆربەیانمان دی سەرپێچی کەر(و تاوانبار) بوون ﴿١٠٢﴾ ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ﴾ پاشان دوای ئەوانەی (کەباسمان کردن) موسامان نارد ﴿بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ﴾ بە بەڵگەو موعجیزەکانمانەوە بۆ لای فیرعەون و دارو دەستەکەی ﴿فَظَلَمُوا۟ بِهَا﴾ بەڵام ئەوان بەتیشانەکان (بێ بڕوا بوون) و ستەمیان کرد ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ جا بڕوانە و سەرنج بدە کەسەرەنجامی لە فەرمان دەرچووان و خراپەکاران چۆن بوو ﴿١٠٣﴾ ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰفِرْعَوْنُ﴾ موسا فەرمووی : ئەی فیرعەون ﴿إِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەڕاستی من پێغەمبەرێکم لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ﴿١٠٤﴾

﴿حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ﴾ وا شیاوە و(سوورم) کە هیچ شتێك نەڵێم. ﴿عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ﴾ بە ناوی خواوە جگە لە هەق و ڕاستی ﴿قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ بە ڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرام بۆ هێناون. ﴿فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ کەواتە بەنو ئیسرائیل لەگەڵ من بنێرە (بەرەڵایان کە، لە کۆیلەیی و چەوسانەوەت) ﴿١٠٥﴾ ﴿قَالَ﴾ (فیرعەون) ووتی: ﴿إِن كُنتَ جِئْتَ بِـَٔايَةٍ فَأْتِ بِهَآ﴾ ئەگەر بەڵگە و موعجیزە یەکت هێناوە (ئەی موسی) ئەوە نیشانی بدە ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر تۆ لە ڕاست بێژانی ﴿١٠٦﴾ ﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ﴾ ئەمجا موسا گۆچانەکەی فڕێدا. ﴿فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ﴾ یەکسەر گۆچانەکە بوو بەمارێکی گەورەی ئاشکرا ﴿١٠٧﴾ ﴿وَنَزَعَ يَدَهُۥ﴾ دەستی (لە باخەڵ یەوە یان لە بن هەنگڵ یەوە) دەرهێنا ﴿فَإِذَا هِيَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ﴾ لە پڕ ئەو (دەستە) سپی و پرشنگداربوو بۆ بینەران ﴿١٠٨﴾ ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ﴾ هەندێك لە کاربەدەست ودەسەڵاتدارانی گەلەکەی فیرعەون ووتیان: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٌ﴾ بە ڕاستی ئەم (موسایە) جادووگەرێکی زۆر زانە ﴿١٠٩﴾ ﴿يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ﴾ دەیەوێت لە خاك و وڵاتی خۆتان دەرتان کات ﴿فَمَاذَا تَأْمُرُونَ﴾ جا ئێوە فەرمان و ڕاتان چیە (لەم بارەیەوە) ﴿١١٠﴾ ﴿قَالُوٓا۟﴾ ئەوانیش ووتیان: ﴿أَرْجِهْ وَأَخَاهُ﴾ کاری (موسا) وبراکەی دوا بخە ﴿وَأَرْسِلْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ﴾ کەسانێکی کۆکەرەوە بنێرە بۆ ئەو شارانە(ی جادووگەری لێ یە) ﴿١١١﴾ ﴿يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ﴾ هەموو جادووگەرێکی شارەزات بۆ دەهێنن ﴿١١٢﴾ ﴿وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ﴾ جادووگەران هاتن بۆ لای فیرعەون ﴿قَالُوٓا۟﴾ ووتیان: ﴿إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا﴾ بێگومان ئێمە پاداشت و خەڵاتی گەورەمان دەبێت ﴿إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ﴾ ئەگەر ئێمە سەرکەوتین (بەسەر موسا دا)؟ ﴿١١٣﴾ ﴿قَالَ نَعَمْ﴾ (فیرعەون) ووتی: بەڵێ پاداشتی گەورەتان دەبێ: ﴿وَإِنَّكُمْ لَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ﴾ وبێگومان ئێوە لەنزیکانی (خۆم) دەبن ﴿١١٤﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ﴾ (جادووگەرەکان) ووتیان ئەی موسا ﴿إِمَّآ أَن تُلْقِىَ﴾ یاتۆ (ئەوەی پێتە) فڕێ ی دە ﴿وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحْنُ ٱلْمُلْقِينَ﴾ یان ئێمە دەیهاوێژین و فڕێی دەدەین ﴿١١٥﴾ ﴿قَالَ ٱلْقُوا۟﴾ (موسا) ووتی: ئێوە بیهاوێژن (ئەوەی پێتانە) ﴿فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟﴾ ئەمجا کاتێ (ئەوەی پێیان بوو لە جادوو) فڕێ یان دا ﴿سَحَرُوٓا۟ أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ﴾ چاوبەستیان لە خەڵك کرد ﴿وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ﴾ وترسێکی گەورەیان خستە دڵیانەوە ﴿وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ﴾ وە جادوویەکی گەورەیان نواند ﴿١١٦﴾ ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ﴾ وەحیمان کرد بۆ موسا ﴿أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ﴾ کە گۆچانەکەت فڕێ بدە ﴿فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ﴾ ئیتر یەکسەر ئەو (گۆچانە بوو بەمارو) هەرچی جادووی درۆینەیان کردبوو هەڵی لووشی ﴿١١٧﴾ ﴿فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ﴾ ئیتر ڕاستی دەرکەوت و ڕوون بوویەوە ﴿وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئەوانیش هەرچی (سیحر) یان کردبوو پووچەڵ بوویەوە ﴿١١٨﴾ ﴿فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ﴾ هەر لەوێدا (فیرعەون و شوێنکەوتوانی) ژێر خران و دۆڕان ﴿وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ﴾ و بە ڕسوایی گەڕانەوە ﴿١١٩﴾ ﴿وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ﴾ وە جادووگەران هەموویان سووژدەیان برد (بۆ پەروەردگاریان) ﴿١٢٠﴾

﴿قَالُوٓاْ﴾ (ساحیرەکان) ووتیان: ﴿ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ئێمە بڕوامان هێنا بەپەروەردگاری جیهانیان ﴿١٢١﴾ ﴿رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ کە پەروەردگاری موسا و هاروونە ﴿١٢٢﴾ ﴿قَالَ فِرۡعَوۡنُ﴾ فیرعەون ووتی: ﴿ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾ پێش ئەوەی ئێزنتان بدەم باوەڕتان پێ هێنا! ﴿إِنَّ هَٰذَا﴾ بەڕاستی ئەمە ﴿لَمَكۡرٞ مَّكَرۡتُمُوهُ فِي ٱلۡمَدِينَةِ﴾ فێڵ و پیلانێکە (ئێوەو موسا) نەخشەتان بۆ کێشاوە لەم شارەدا. ﴿لِتُخۡرِجُواْ مِنۡهَآ أَهۡلَهَاۖ﴾ تا دانیشتوانەکەی لێ دەربکەن. ﴿فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ﴾ جا لە دواییدا دەزانن (چیتان لێ دەکەم) ﴿١٢٣﴾ ﴿لَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم﴾ سوێند بێت دەست و قاچتان ببڕم ﴿مِّنۡ خِلَٰفٖ﴾ بەپێچەوانەوە (چەپ و ڕاست) ﴿ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ ئەمجا سوێند بێ گشتان هەڵدەواسم ﴿١٢٤﴾ ﴿قَالُوٓاْ﴾ ووتیان: (بەفیرعەون) ﴿إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ﴾ ئێمە دڵنیاین کە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە ﴿١٢٥﴾ ﴿وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ﴾ تۆ هیچ ڕەخنەیەکت لەئێمە نی یە ﴿إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا﴾ جگە لەوەی کە ئێمە باوەڕمان بەبەڵگە و نیشانەکانی پەروەردگارمان هێناوە ﴿لَمَّا جَآءَتۡنَاۚ﴾ کاتێ بۆ مان هات ﴿رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئارامیمان بەسەردا بڕێژە ﴿وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ﴾ و بە موسوڵمانیەتی بمان مرێنە ﴿١٢٦﴾ ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ﴾ هەندێك لە دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی گەلی فیرعەون ووتیان ﴿أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوۡمَهُۥ﴾ ئایاوازلەموو ساو هۆزەکەی دەهێنی ﴿لِيُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ بۆ ئەوەی لەوو لاتدا (خاکی میسردا) خراپەکاری بکەن ﴿وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَۚ﴾ و دەست لەخوێت و پەرستراوەکانت هەڵبگرن ﴿قَالَ﴾ (فیرعەون) ووتی: ﴿سَنُقَتِّلُ أَبۡنَآءَهُمۡ﴾ لەمەودواکوڕەکانیان دەکوژین ﴿وَنَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡ﴾ و ئافرەتانیان دەهێڵینەوە بەزیندوویی (بۆ خزمەت کردن). ﴿وَإِنَّا فَوۡقَهُمۡ قَٰهِرُونَ﴾ وە بێگومان ئێمە دەسەڵاتدارین بەسەریاندا ﴿١٢٧﴾ ﴿قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ﴾ موسا بەگەلەکەی ووت ﴿ٱسۡتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصۡبِرُوٓاْۖ﴾ داوای یارمەتی لە خوا بکەن و خۆ ڕاگرن. ﴿إِنَّ ٱلۡأَرۡضَ لِلَّهِ﴾ بێگومان هەموو زەوی مولکی خوایە. ﴿يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۖ﴾ دەیدا بەهەرکەس لەبەندە (شیاوە)کانی کەخۆی بیەوێت ﴿وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ و سەرئەنجامی چاك بۆ خواناسانە ﴿١٢٨﴾ ﴿قَالُوٓاْ﴾ (گەلەکەی) ووتیان: ﴿أُوذِينَا مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا﴾ پێش هاتنی تۆ بۆ ناومان ئازار دراین ﴿وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَاۚ﴾ هەروەها پاش هاتنی تۆ بۆ ناومان (بەپێغەمبەرایەتی) ﴿قَالَ﴾ (موسا) فەرمووی: ﴿عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُهۡلِكَ عَدُوَّكُمۡ﴾ بەڵکو پەروەردگارتان دوژمنەکەتان لەناو بەرێت ﴿وَيَسۡتَخۡلِفَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ و ئێوە بکات بەجێنشین(ی دوژمنەکانتان) لەسەر زەوی ﴿فَيَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ﴾ جا تەماشا دەکات ئێوە چۆن کار دەکەن ﴿١٢٩﴾ ﴿وَلَقَدۡ أَخَذۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە داروودەستەی فیرعەونمان سزادا ﴿بِٱلسِّنِينَ﴾ بە ووشکە ساڵی وقات وقڕی ﴿وَنَقۡصٖ مِّن ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ و کەم بوونەوەی بەرو بوومی میوە و کشتوکاڵەکانیان ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو (پەند وەربگرن) ﴿١٣٠﴾

﴿فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ﴾ جا کاتێ چاکەیان بۆ بهاتایە(لە سەروەت و بەروبووم) ﴿قَالُوا۟ لَنَا هَٰذِهِۦ﴾ دەیان ووت: ئەمە هەر هی ئێمەیە (شایستەی ئێمەیە) ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ﴾ بەڵام کاتێ تووشی بەڵاو خراپە بوونایە ﴿يَطَّيَّرُوا۟ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ﴾ (دەیان ووت) بەهۆی شوومی موسا و شوێن کەوتووانیەوەیە ﴿أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ﴾ بێدارین بێگومان ئەو (ناخۆشیانە)ی بەلایانەوە شووم و خراپە لەلایەن خواوەیە(نەک موسا و ئیمانداران) ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان بێ ئاگان ونازانن ﴿١٣١﴾ ﴿وَقَالُوا۟﴾ دەیان ووت (بە موسا) ﴿مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ﴾ هەر موعجیزەیەکمان بۆ بهێنی ﴿لِّتَسْحَرَنَا بِهَا﴾ بۆ ئەوەی جادوومان لێ بکەی پێ ی ﴿فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ ئەوە ئێمە باوەڕت پێ ناهێنین ﴿١٣٢﴾ ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ﴾ ئەوسا ئێمەش ناردمانە سەریان ﴿ٱلطُّوفَانَ﴾ لافاو ﴿وَٱلْجَرَادَ﴾ وکوللە ﴿وَٱلْقُمَّلَ﴾ وئەسپێ ﴿وَٱلضَّفَادِعَ﴾ جۆرەها بۆق ﴿وَٱلدَّمَ﴾ و خوێن ﴿ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ﴾ کەچەند بەڵگەو موعجیزەیەکی ڕوون بوون ﴿فَٱسْتَكْبَرُوا۟﴾ کەچی خۆیان بە گەورە زانی (لەوەی کە بڕوا بهێنن) ﴿وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ بێگومان ئەوانە گەلێکی تاوانبار بوون ﴿١٣٣﴾ ﴿وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ ٱلرِّجْزُ﴾ کاتێکیش ئەو سزاو بەڵایان بەسەردا هات ﴿قَالُوا۟﴾ ووتیان: ﴿يَٰمُوسَى ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ﴾ ئەی موسا لە پەروەردگارت بپارێرەوە بۆمان ﴿بِمَا عَهِدَ عِندَكَ﴾ وەک بەڵێنی بەتۆ داوە ﴿لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ﴾ سوێندبێ گەر ئەم بەڵاو سزایەمان لەسەر لابەری ﴿لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ﴾ بێگومان باوەڕت پێ دێنین ﴿وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ و بەنو ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین ﴿١٣٤﴾ ﴿فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلرِّجْزَ﴾ بەڵام کاتێک سزاکەمان لەسەریان لابرد ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ هُم بَٰلِغُوهُ﴾ تاگەیشتنە ماوەی دیاری کراو (بۆ تیاچوونیان) ﴿إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ﴾ دەست بەجێ پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە ﴿١٣٥﴾ ﴿فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ﴾ جا تۆڵەمان لێ سەندن ﴿فَأَغْرَقْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ﴾ وە لە دەریادا خنکاندمانن ﴿بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ لەبەر ئەوەی ئەوان باوەڕیان بە نیشانەکانی ئێمە نەبوو ﴿وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَٰفِلِينَ﴾ وهەمیشە لێ یان بێ ئاگا بوون ﴿١٣٦﴾ ﴿وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ﴾ ئینر (لەجێگای گەلی فیرعەون) ئەو گەلەمان نیشتەجێ کرد ﴿كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَٰرِبَهَا﴾ کە هەمیشە دەچەوسێنرانەوە لەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئەو وولاتەدا ﴿ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا﴾ کەپیت و بەرەکەتمان تێ خست بوو ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ و بەڵێنی هەرەجوانی پەروەردگارت بەتەواوی هاتەدی ﴿عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ بۆ نەوی ئیسرائیل ﴿بِمَا صَبَرُوا۟﴾ بەهۆی ئارامگری یانەوە (لەسەر ناڕەحەتی یەکان) ﴿وَدَمَّرْنَا﴾ وە ڕووخاندمان وتێکمان دا ﴿مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ﴾ ئەو کۆشک و تەلارانەی فیرعەون و گەلەکەی دروستیان کردبوو ﴿وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ﴾ هەروەها ئەو (مێوە و ڕەز وباخانەی) کە کەپریان بۆ کرد بوو ﴿١٣٧﴾

﴿وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ﴾ ئەمجا نەوەی ئیسرائیلمان لەو دەریا پەڕاندەوە(فیرعەون و گەلەکەیمان تێدا خنکاند) ﴿فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡمٖ﴾ ئەمجا تووشی خەڵکانێك بوون ﴿يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصۡنَامٖ لَّهُمۡۚ﴾ بەردەوام خەریکی پەرستنی بتەکانیان بوون ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَى﴾ (جوولەکەکانیش) ووتیان: ئەی موسا ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ﴾ هەروەك ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ ﴿قَالَ﴾ موسا فەرمووی: ﴿إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ﴾ بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن ﴿١٣٨﴾ ﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ بێگومان ئەوانە ﴿مُتَبَّرٞ مَّا هُمۡ فِيهِ﴾ ئەو (بت پەرستی یەی) ئەوانی لەسەرە لە ناودەچێ ﴿وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ وە هەرچی دەکەن بەتاڵ و هەڵوەشاوەیە ﴿١٣٩﴾ ﴿قَالَ﴾ (موسا) فەرمووی: ﴿أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِيكُمۡ إِلَٰهٗا﴾ ئایا جگە لە خوا داوای پەرستراوێکی ترتان بۆ بکەم ؟ ﴿وَهُوَ فَضَّلَكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ کە(ئەو خوایە) رێزی داوون بەسەر جیهانیانداا ﴿١٤٠﴾ ﴿وَإِذۡ أَنجَيۡنَٰكُم مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ﴾ وە (بیربکەنەوە) لەو وەختەی رزگارمان کردن لە دەست و پەیوەندەکەی فیرعەون ﴿يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ﴾ کە ئەشکەنجە و ئازاری سەختیان دەدان ﴿يُقَتِّلُونَ أَبۡنَآءَكُمۡ﴾ کوڕانی ئێوەیان دەکوشت ﴿وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ﴾ و ئافرەتانی ئێوەیان دەهێشتەوە (بۆ خزمەتی خۆیان) ﴿وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ﴾ وە لەو (ئازاردانە)تانداا تاقی کردنەوەیەکی گەورە بوو لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿١٤١﴾ ﴿وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ﴾ وە بەڵێنمان بە موسا دا ﴿ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ﴾ سی شەو ﴿وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ﴾ بەدە شەوی تر ماوەکەمان تەواو کرد ﴿فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ﴾ ئەوسا وەختی دیداری پەروەردگاری بوو بە چل شەوی تەواو ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ﴾ موسا بە هاروونی برای ووت ﴿ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي﴾ تۆ لە ناو گەلەکەمدا جێنشینم بە ﴿وَأَصۡلِحۡ﴾ و کاری چاك بکە ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ و شوێنی ڕێبازی خراپەکاران مەکەوە ﴿١٤٢﴾ ﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا﴾ جا کاتێ موسا هات بۆ کات و شوێنی دیاری کراومان(بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵمان) ﴿وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ﴾ و پەروەردگار ووتووێژی لەگەڵدا کرد ﴿قَالَ رَبِّ﴾ ووتی: ئەی پەروەردگارم ﴿أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ﴾ خۆتم نیشان بدە تا بت بینم ﴿قَالَ لَن تَرَىٰنِي﴾ (پەروەردگار) فەرمووی: تۆ (لە دونیادا) من نابینی ﴿وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡجَبَلِ﴾ بەڵام سەیری (لای) شاخەکە بکە ﴿فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ﴾ جا ئەگەر ئەو شاخە لە شوێنی خۆی دا نەجوڵا ﴿فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۖ﴾ ئەوە دوای کەمێك تۆش دەمبینی ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ﴾ جا کاتێك پەروەردگاری خۆی دەرخست بۆ شاخەکە ﴿جَعَلَهُۥ دَكّٗا﴾ شاخەکەی وورد و هان کرد(و لەگەڵ زەویدا تەختی کرد) ﴿وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ﴾ و موساش بەبێ هۆشی کەوت بەڕوودا ﴿فَلَمَّآ أَفَاقَ﴾ جا وەختێ هۆشی بەخۆیدا هاتەوە (چاك بوویەوە) ﴿قَالَ سُبۡحَٰنَكَ﴾ فەرمووی: پاکی و بێ گەردی بۆ تۆ (ئەی پەروەردگار) ﴿تُبۡتُ إِلَيۡكَ﴾ بە بەشیمانی گەڕامەوە بۆ لات ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ وە من یەکەمی بڕوا دارنم ﴿١٤٣﴾

﴿قَالَ﴾ (پەروەردگار) فەرمووی: ﴿يَٰمُوسَىٰٓ﴾ ئەی موسا ﴿إِنِّي ٱصْطَفَيْتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ بێگومان من تۆم هەڵبژاردوە بەسەر هەموو خەڵکی دا ﴿بِرِسَٰلَٰتِي﴾ بەپەیامەکانم ﴿وَبِكَلَٰمِي﴾ و قسەکردنم (لەگەڵت ڕاستەوخۆ) ﴿فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ﴾ کەواتە ئەوەی پێم بەخشیوی تۆند دەستی پێوە بگرە ﴿وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ وە لە سوپاس گوزاران بە ﴿١٤٤﴾ ﴿وَكَتَبْنَا لَهُۥ فِي ٱلْأَلْوَاحِ﴾ و لەو پارچە تەختانەدا بۆمان نووسی ﴿مِن كُلِّ شَيْءٍ﴾ لە هەموو جۆرە باسێك ﴿مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ﴾ پەند و ئامۆژگاری و باسی هەموو شتێك بەڕوونی (کە پێویستیان پێ ی بێت) ﴿فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ﴾ کەواتە (موسا) بەتوندی بیانگرە و ئاگاداریان بە ﴿وَأْمُرْ قَوْمَكَ﴾ وە فەرمان بە گەلەکەت بکە ﴿يَأْخُذُوا۟ بِأَحْسَنِهَا﴾ تا دەست بگرن و ڕەفتار بکەن بە جوانتر و چاکترینیان ﴿سَأُورِيكُمْ دَارَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ بەزووبی جێ و شوێن لەسنوور دەرچووانتان نیشان دەدەم ﴿١٤٥﴾ ﴿سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ﴾ لایان ئەدەم لە بەڵگە و نیشانە و ئایەتەکانم ﴿ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ ئەوانەی کە خۆیان بە گەورە دادەنێن لەسەر زەویدا ﴿بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ بەناهەق و ناڕەوا ﴿وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ﴾ ئەوانە ئەگەر هەموو ئایەت و موعجیزەیەك ببینن ﴿لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا﴾ باوەڕیپێ ناهێنن ﴿وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ﴾ وە ئەگەر ئایینی ڕاست و دروست ببینن ﴿لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا﴾ نایکەن بە ڕێبازو ئایینی خۆیان ﴿وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلْغَىِّ﴾ وە ئەگەر ڕێگەی گومڕایی و ئایینی چەوت ببینن ﴿يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا﴾ دەیکەن بە ئایین و ڕێباز بۆ خۆیان ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەیە کە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی ﴿وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَٰفِلِينَ﴾ وە هەمیشە بێ ئاگا بوون لێیان ﴿١٤٦﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە کەسانێك کە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی ﴿وَلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ هەروەها دیداری ڕۆژی دواییان (بە درۆ زانی) ﴿حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ﴾ کارو کردەوەی (چاکیان) بە هیچ دەرچوو (پوچەڵ بوویەوە) ﴿هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئایا جگە لەو (خراپانە)ی کە دەیان کرد سزا دەدرێن؟ ﴿١٤٧﴾ ﴿وَٱتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ وە هۆزی موسا پاش (ڕۆیشتنی) موسا دروستیان کرد ﴿مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا﴾ لە خشڵ و زێڕەکانیان پەیکەری گوێرەکەیەك ﴿لَّهُۥ خُوَارٌ﴾ کە قۆڕەی (وەك گوێرەکەی) هەبوو ﴿أَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّهُۥ لَا يُكَلِّمُهُمْ﴾ ئایا ئەوانە نەیانبینی کە بێگومان ئەو (گوێرەکەیە) قسەیان لەگەڵدا ناکات ﴿وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا﴾ و هیچ ڕێبازێکیشیان نیشان نادات ﴿ٱتَّخَذُوهُ﴾ کردیان بە (پەرستراو) ﴿وَكَانُوا۟ ظَٰلِمِينَ﴾ و ئەوانە ستەمکاربوون ﴿١٤٨﴾ ﴿وَلَمَّا سُقِطَ فِيٓ أَيْدِيهِمْ﴾ وە کاتێ لە دەستیان دەرچوو (زۆر پەشیمان بوونەوە) ﴿وَرَأَوْا۟ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا۟﴾ وە تێگەیشتن و بینیان کە بێگومان گومڕابوون ﴿قَالُوا۟﴾ ووتیان: ﴿لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا﴾ سوێند بە خوا ئەگەر پەروەردگارمان بەزەیی پێماندا نەیەتەوە ﴿وَيَغْفِرْ لَنَا﴾ وە لە گوناهەکانمان خۆش نەبێت ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ ئەوەبەڕاستی ئێمە لە زیان لێ کەوتوان دەبین ﴿١٤٩﴾

﴿وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ جا کاتێ مووسا گەڕایەوە ناو هۆزەکەی ﴿غَضْبَٰنَ أَسِفًا﴾ بەڕق و تووڕەییەکی زۆرەوە ﴿قَالَ﴾ (مووسا) ووتی (بە گوێرەکە پەرستەکان) ﴿بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِى مِنۢ بَعْدِىٓ﴾ لە دوای من ج جێنشینێکی بەد فەڕو خراپ بوون ﴿أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ﴾ ئایا پەلەتان کرد لە فەرمانی پەروەردگارتان؟ ﴿وَأَلْقَى ٱلْأَلْوَاحَ﴾ (مووسا) تەختەکانی (تەوراتی) فڕێ دا ﴿وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيْهِ﴾ وە (قژی) سەری (هاروونی) برای گرت و بەرەو خۆی ڕایکێشا ﴿قَالَ﴾ (هارون) ووتی: ﴿ٱبْنَ أُمَّ﴾ ئەی کوڕی دایکم ﴿إِنَّ ٱلْقَوْمَ ٱسْتَضْعَفُونِى﴾ بەڕاستی ئەم گەلە لاوازیان کردم ﴿وَكَادُوا۟ يَقْتُلُونَنِى﴾ نزیك بوو بم کوژن ﴿فَلَا تُشْمِتْ بِىَ ٱلْأَعْدَآءَ﴾ کەواتە دوژمنانم پێ دڵخۆش مەکە ﴿وَلَا تَجْعَلْنِى مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ و لە گەڵ هۆزی ستەمکاراندا داممەنێ ﴿١٥٠﴾ ﴿قَالَ﴾ (مووسا) فەرمووی: ﴿رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِأَخِى﴾ ئەی پەروەردگارم لە خۆم و براکەم خۆش بە ﴿وَأَدْخِلْنَا فِى رَحْمَتِكَ﴾ وە بمانخەرە ناو بەزەیی و میهرەبانی خۆتەوە ﴿وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ تۆ میهرەبان ترینی هەموو میهرەبانانیت ﴿١٥١﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلْعِجْلَ﴾ بەڕاستی ئەو کەسانەی کە گوێرەکە پەرست بوون ﴿سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ﴾ لەمەو دوا دەکەونەبەر ڕق و خەشمی پەروەردگاریان ﴿وَذِلَّةٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ هەروەها ڕسوایی و زەلیلی لە ژیانی دونیادا. ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُفْتَرِينَ﴾ هەر بەو جۆرە سزای درۆ هەڵبەستان دەدەین ﴿١٥٢﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ وە ئەوانەی گوناهیان کرد ﴿ثُمَّ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِهَا﴾ پاشان دوای ئەوە تەوبەیان کرد ﴿وَءَامَنُوٓا۟﴾ و باوەڕیان هێنا ﴿إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا﴾ بێگومان پەروەردگارت پاش ئەو (باوەڕهێنان و تۆبە کردنە) ﴿لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ لێبووردەی میهرەبانە ﴿١٥٣﴾ ﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلْغَضَبُ﴾ جا کاتێ مووسا تووڕەیی یەکەی نیشتەوە ﴿أَخَذَ ٱلْأَلْوَاحَ﴾ تەختەکانی (تەوراتی) هەڵگرتەوە ﴿وَفِى نُسْخَتِهَا﴾ و لە ڕەنووس و نوسراوی ئەو (تەختانە)دا ﴿هُدًى وَرَحْمَةٌ﴾ ڕێنموونی و بەزەیی گەورە هەبوو ﴿لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ﴾ بۆ کەسانێك کە لە پەروەردگاریان دەترسن ﴿١٥٤﴾ ﴿وَٱخْتَارَ مُوسَىٰ قَوْمَهُۥ﴾ وە مووسا لە گەلەکەی خۆی هەڵی بژارد ﴿سَبْعِينَ رَجُلًا﴾ حەفتا پیاو ﴿لِّمِيقَٰتِنَا﴾ بۆ کات و شوێنی دیاری کراو لە گەڵ ئێمە (بۆ ئەوەی لە کێوی طور تەوبە بکەن لە تاوانی گوێرەکە پەرستیەکەیان، جا کاتێك هاتنە ئەوێ ووتیان بە مووسا بڕوات پێ ناهێنین تا خوا نەبینین تۆ خۆت قسەت لە گەڵ کرد با ئێمەش ببینین) ﴿فَلَمَّآ أَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ﴾ (خوا سزای دان وبومەلەرزەی بۆ ناردن) جا کاتێك کە بوومەلەرزەکە دایگرتن ﴿قَالَ﴾ (مووسا) فەرمووی: ﴿رَبِّ لَوْ شِئْتَ﴾ ئەی پەروەردگارم گەر بتویستایە ﴿أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّىَّ﴾ لەمەو پێش ئەوان و منیشت لەناو دەبرد ﴿أَتُهْلِكُنَا﴾ ئایا تۆ هەموومان لەناو دەبەیت ﴿بِمَا فَعَلَ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّا﴾ بەهۆی ئەوەی کە گێل ونەفامەکانمان ئەنجامیان داوە ﴿إِنْ هِىَ إِلَّا فِتْنَتُكَ﴾ ئەمە تەنها تاقی کردنەوەیەکی خۆتە ﴿تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ﴾ هەر کەسێکت بوێت بەو هۆیەوە گومڕای دەکەیت ﴿وَتَهْدِى مَن تَشَآءُ﴾ وە هەر کەسێکت بوێ ڕێنموونی دەکەیت ﴿أَنتَ وَلِيُّنَا﴾ هەر تۆ پشتیوان و (پەرستراومانی) ﴿فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا﴾ کەواتە لێمان خۆش ببەو ڕەحمان پێ بکە ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَٰفِرِينَ﴾ چونکە باشترین لێ بوردە هەر تۆی ﴿١٥٥﴾

﴿وَٱكْتُبْ لَنَا فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً﴾ (خوایە) لەم دونیادا چاکەمان بۆ بنووسە ﴿وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ هەروەها لەپۆژی دوایشدا ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾ بەڕاستی ئێمە بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە ﴿قَالَ﴾ (پەروەردگار) فەرمووی: ﴿عَذَابِىٓ﴾ سزاو ئازارم ﴿أُصِيبُ بِهِۦ مَنْ أَشَآءُ﴾ دووچاری هەرکەسی دەکەم کەبمەوێ ﴿وَرَحْمَتِى وَسِعَتْ كُلَّ شَىْءٍ﴾ وە بەزەیی و ڕەحمەتیشم هەموو شتێکی گرتۆتەوە ﴿فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ﴾ جا لەدوایی دا ئەو (بەزەیی یەم) دەنووسم بۆ ئەوانەی ﴿يَتَّقُونَ﴾ پارێزکار و لەخوا ترسن ﴿وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکات دەدەن ﴿وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانەش کە بڕوا بەبەڵگەو نیشانەکانی ئێمە دێنن ﴿١٥٦﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ﴾ (ئەم ڕەحمەتەی پەروەردگار) بۆ ئەوانەیە کە شوێن پێغەمبەرﷺ کەوتوون کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارە و (لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە) ﴿ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ﴾ ئەو کەسە (پێغەمبەرێکە ئەهلی کتاب سیفەتی دەزانن) چونکە بە نووسراوی لایانە ﴿فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ﴾ لە تەورات و ئینجیل دا ﴿يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ کە فەرمانیان پێ دەکات بە چاکە ﴿وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ و ڕێگریان لێ دەکات لە خراپە ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ شتە خاوێن و پاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ﴾ وە شتە پیسەکانیان لێ حەرام (قەدەغە) دەکات ﴿وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ﴾ و بارە قورس وگرانەکانیان لەسەر لادەبات و ﴿وَٱلْأَغْلَٰلَ﴾ ئەو کۆت و زنجیرانەش ﴿ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾ کە بەسەریانەوە بوون ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ﴾ ئەمجا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو (پێغەمبەرە) هێنابێت ﴿وَعَزَّرُوهُ﴾ و ڕێزو قەدریان بۆ دانابێت ﴿وَنَصَرُوهُ﴾ یارمەتیان دابێت و پشتیوانیان لێ کردبێت ﴿وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ﴾ و پەیڕەوی ئەو نوورەیان کردبێت (کە قورئانە) ﴿ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ﴾ کە لەگەڵیدا نێردراوەتە خوارەوە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوان هەموو (کە باسکران) لە ڕزگار بووانن ﴿١٥٧﴾ ﴿قُلْ﴾ (ئەی مەحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾ بەڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەموتان ﴿ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئەو (خوایەی) کەتەنها بۆ ئەوە، مولکی هەموو ئاسمانەکان و زەوی ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە جگە لەئەو ﴿يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾ دەژێنێت و دەمرێنێت ﴿فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ کەواتە بڕوا بەخوا و پێغەمبەرەکەی بهێنن ﴿ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ﴾ کە نێراوێکی نەخوێندەوارە ﴿ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ﴾ ئەویش باوەڕی بەخوا ﴿وَكَلِمَٰتِهِۦ﴾ و بەووتەکانی هەیە ﴿وَٱتَّبِعُوهُ﴾ ئێوەش شوێنی بکەون و پەیڕەوی بکەن ﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست ﴿١٥٨﴾ ﴿وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ﴾ وەلەهۆزەکەی موسادا ﴿أُمَّةٌ﴾ تاقمێکی گەورە هەن ﴿يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ﴾ کەڕێنموونی خەڵکی دەکەن بەحەق وڕاستی ﴿وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ﴾ و هەر بەحەقیش دادوەری دەکەن ﴿١٥٩﴾

﴿وَقَطَّعْنَٰهُمُ ٱثْنَتَىْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا﴾ ئەوان (جوولەکە)مان کرد بە دوانزە تیرە و تایفەوە ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ﴾ وە وەحیمان بۆ مووسا کرد ﴿إِذِ ٱسْتَسْقَىٰهُ قَوْمُهُۥٓ﴾ کاتێك کە هۆزەکەی داوای ئاویان لێ کرد (لە تینواندا) ﴿أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ﴾ کە بە گۆچانەکەت بدە لەبەردەکە ﴿فَٱنۢبَجَسَتْ مِنْهُ﴾ ئیتر دەست بەجێ لێی هەڵقوڵا ﴿ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا﴾ دوازدە کانی ﴿قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ﴾ بێگومان هەر تیرە و تایفەیەك جێگای ئاو خواردنی خۆی دەزانی ﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْغَمَٰمَ﴾ وەهەورمان کرد بە سێبەر بە سەریانەوە ﴿وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ﴾ و گەزۆ و باڵندەی (شیلاقە)مان بۆ ناردن ﴿كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ﴾ لەوڕزق و ڕۆزیە پاکانە بخۆن کە پێمان داوون ﴿وَمَا ظَلَمُونَا﴾ وەئەوانە (بەو تاوانانە) هیچ ستەمێکیان لە ئێمە نەکرد ﴿وَلَٰكِن﴾ بەڵکو ﴿كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ هەر ستەمیان لە خۆیان دەکرد ﴿١٦٠﴾ ﴿وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ﴾ (بیربکەرەوە) کاتێ بەوان ووترا ﴿ٱسْكُنُوا۟ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ﴾ لەناو ئەو شارەدا (بیت المقدس) نیشتە جێ ببن ﴿وَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ﴾ لە (خواردنەکانی) ئەوێ بخۆن لە هەر لایەك حەزتان کرد ﴿وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ﴾ و بڵێن: (داوای) ئێمە سڕینەوەی گوناهەکانمانە ﴿وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا﴾ و لە دەروازەی (شارەوە) بەسوژدە بردنەوە بڕۆنە ژوورەوە ﴿نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيٓـَٔتِكُمْ﴾ ئەوسا لە خراپەو تاوانەکانتان دەبوورێین و خۆش دەبین ﴿سَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ لەئاینندەدا (پاداشتی) چاکەکاران زیاد دەکەین ﴿١٦١﴾ ﴿فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ﴾ کەچی ئەوانەیان کەستەمیان کرد گۆڕییان ﴿قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ﴾ ئەو (ووتەی) کە پێیان ووترا بوو بەووتەیەکی تر ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا﴾ ئێمەش (دوای ئەوە) سزایەکمان نارد سەریان ﴿مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ لە ئاسمانەوە ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ﴾ بە هۆی ئەوەوە کە بەردەوام ستەمیان دەکرد ﴿١٦٢﴾ ﴿وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ﴾ وە پرسیاریان لێ بکە دەربارەی ئەو شارەی ﴿ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ﴾ کە لە نزیك دەریا(ی سور) بوو ﴿إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ﴾ کە لە ڕۆژی شەممەدا دەست دەیژی یان دەکرد (بەوەی ڕاوە ماسیان دەکرد لەکاتێکدا خوای گەورە لەو ڕۆژەدا ڕاوە ماسی لێ قەدەغە کردبوون) ﴿إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا﴾ چونکە لە ڕۆژی شەممەکەیاندا ماسیە گەورەکان دەهاتن ودەردەکەوتن بە سەر ئاوەوە (خوای گەورو بەمە تاقی کردنەوە) ﴿وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ﴾ وە ڕۆژێك کە شەممە نەبوایە ﴿لَا تَأْتِيهِمْ﴾ ماسیە گەورەکان نەدەهات بۆیان ﴿كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم﴾ ئا بەو جۆرە تاقیمان کردنەوە ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ﴾ چونکە لە فەرمانی خوا دەردەچوون وسەر پێچییان دەکرد (بەوەی فێڵیان کرد، دەچوون لە ڕۆژی هەینیدا تۆڕەکانیان دادەنا، وڕۆژی یەك شەممەش هەڵیان دەگرتەوە بەمەش فەرمانەکەی خوایان شکاند) ﴿١٦٣﴾

﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ﴾ کاتێ تاقمێ لەوان (بەتاقمێکی تریانی) ووت ﴿لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا﴾ بۆچی ئامۆژگاری کۆمەڵێك دەکەن ﴿اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ﴾ کەخوا لەناویان دەبات ﴿أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ یان بە سزایەکی سەخت سزایان دەدات ﴿قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ﴾ ووتیان: تا لای پەروەردگارتان بەهانەو عوزر بێ (و تاوانبار نەبین لە سەر بێ دەنگیمان) ﴿وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ و بەڵکو ئەوان لەخوا بترسن ﴿١٦٤﴾ ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ﴾ ئەمجا کاتێ ئەوەی پێی ئامۆژگاری کرابوون لەبیریان چوو ﴿أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ﴾ ئەوانەی بەرگریان دەکرد لە خراپە وتاوان رزگارمان کردن ﴿وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ ئەوانەش کە ستەمیان کرد سزامان دان ﴿بِعَذَابٍ بَئِيسٍ﴾ بەسزایەکی زۆر خراپ ﴿بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ بەهۆی دەرچوونیان لە فەرمانی خوا ﴿١٦٥﴾ ﴿فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ﴾ جاکاتێك یاخی بوون لە ئەوەی قەدەغە کرابوون لێ ی ﴿قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ﴾ ئەوسا پێمان ووتن: ببنە چەند مەیموونێکی دوورخراوەی بێ نرخ ﴿١٦٦﴾ ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) ببربکەرەوە) کاتێ پەروەردگارت ڕایگەیاندو دای بە گوێچکەیاندا ﴿لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ﴾ سوێندبێ بێگومان دەینێرێ بۆیان ﴿إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ تا ڕۆژی دوایی ﴿مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ﴾ کەسانێ کە سزای تۆند و بەدیان پێ بچێژێ ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت تۆڵەی خێرایە ﴿وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی لێ خۆش بوو و میهرەبانیشە ﴿١٦٧﴾ ﴿وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الْأَرْضِ أُمَمًا﴾ وە ئەوانمان لەسەر زەوی دابە چەند کۆمەڵێك دابەش کرد ﴿مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ﴾ هەندێکیان چاکەکارن ﴿وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ﴾ وە هەندێکیشیان وەك ئەوان نەبوون (بێ باوەڕ بوون) ﴿وَبَلَوْنَاهُم بِالْحَسَنَاتِ﴾ وە تاقیمان کردنەوە بەچەندەها چاکەو خۆشی ﴿وَالسَّيِّئَاتِ﴾ و بەچەندەها خراپە و ناخۆشی ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ بەئومێدی ئەوەی بگەڕێنەوە (بۆ لای خوا) ﴿١٦٨﴾ ﴿فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ﴾ دوای ئەوان جێ نشینانێکی خراپ هاتنە جێگەیان ﴿وَرِثُوا الْكِتَابَ﴾ کە میراتگری تەورات بوون ﴿يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا الْأَدْنَىٰ﴾ کە هەر بۆ مالّ وسامانی (حەرامی) ئەم دونیایە هەوڵیان ئەدا ئەوەشیان هەڵبژارد ﴿وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا﴾ وە دەیانووت بێگومان ئێمە عەفو دەکرێین ﴿وَإِن يَأْتِهِمْ﴾ لەکاتێکدا ئەگەر بۆیان بێت ﴿عَرَضٌ مِّثْلُهُ يَأْخُذُوهُ﴾ کالایەکی وەك ئەوی تر ئەگەر چی خراپیش بوایە وەریان دەگرت ﴿أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم﴾ ئایا لێیان وەرنەگیراوە و پێویست نەکراوە لەسەریان ﴿مِّيثَاقُ الْكِتَابِ﴾ پەیمان لە تەوراتدا ﴿أَن لَّا يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ﴾ کە بەدەم خواوە هیچ نەڵێن ﴿إِلَّا الْحَقَّ﴾ بێجگە لە ڕاستی نەبێت ﴿وَدَرَسُوا مَا فِيهِ﴾ ئەوەی لە تەوراتدا هەبوو خوێندویانەتەوە ﴿وَالدَّارُ الْآخِرَةُ﴾ وە ڕۆژی دوایی و (دەست کەوتی ئەو ڕۆژە) ﴿خَيْرٌ لِّلَّذِينَ﴾ چاکتر و باشترە بۆ ئەوانەی ﴿يَتَّقُونَ﴾ کە خۆ پارێزو لە خواترسن ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ئایا هێشتا ژیر نابن؟ ﴿١٦٩﴾ ﴿وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ﴾ وە ئەوانەی بەتوندی دەست دەگرن بەتەوراتەوە (و پەیڕەویان دەکرد پێش هاتنی ئیسلام) ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ وە نوێژەکانیان بەجێ دەهێنن ﴿إِنَّا لَا نُضِيعُ﴾ بێگومان ئێمە وونی ناکەین ﴿أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ﴾ پاداشتی چاکەکاران ﴿١٧٠﴾

﴿وَإِذْ نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ فَوْقَهُمْ﴾ (بهێنەوە بیریان) کاتێك کە کێو(ی طور) مان بەرزکردەوە بەسەریاندا ﴿كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٌ﴾ وەکو هەورێك (سێبەرێك) بوو ﴿وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُۥ وَاقِعٌۢ بِهِمْ﴾ وە لایان وابوو کە دەکەوێت بە سەر یاندا ﴿خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ﴾ (پێمان ووتن) ئەوەی کە پێمان داوون بەتوندی بیگرن ﴿وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ﴾ وە ئەوەی تێدایە (لە ئامۆژگاری و حوکم) بەردەوام لە بیرتان بێت ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بەڵکو بینە پارێزکار و لەخواترس ﴿١٧١﴾ ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ﴾ وە کاتێ کە پەروەردگارت وەری گرت (دەری هێنا) ﴿مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ﴾ لە پشتی ئادەمی یەکان ﴿ذُرِّيَّتَهُمْ﴾ وەچە و نەوەکانیان ﴿وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ وەکردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ (پێی ووتن) ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم ؟ ﴿قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ﴾ (لە وەڵامدا) ووتیان: بەڵێ شایەتیمان دا ﴿أَن تَقُولُوا۟﴾ تا نەڵێن ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لە ڕۆژی دوایی دا ﴿إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە بێ ئاگا بووین لەمە (کەخوا پەروەردگارمانە) ﴿١٧٢﴾ ﴿أَوْ تَقُولُوٓا۟﴾ یا نەوەکو بڵێن: ﴿إِنَّمَآ أَشْرَكَ ءَابَآؤُنَا﴾ بێگومان باوو باپیرانمان هاوبەشیان بڕیار داوە ﴿مِن قَبْلُ﴾ لەپێش (ئێمەوە) ﴿وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعْدِهِمْ﴾ وەئێمەش وەچە و نەوەی دوای ئەوان بووین ﴿أَفَتُهْلِكُنَا﴾ دەی ئایا لەناومان دەبەیت ﴿بِمَا فَعَلَ ٱلْمُبْطِلُونَ﴾ بەوەی کە بێ فەرو خراپەکاران کردوویانە ﴿١٧٣﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ ئا بەو جۆرە نیشانەکانی خوا ڕوون دەکەینەوە ﴿وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ بەڵکو (بەڕەو هەق) بگەڕێنەوە ﴿١٧٤﴾ ﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) بخوێنەرەوە بەسەریاندا ﴿نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا﴾ هەواڵی ئەو کەسەی کە نیشانەکانی خۆمان پێ بەخشی ﴿فَٱنسَلَخَ مِنْهَا﴾ کەچی خۆی لێ دارنسی (و دەرچوو لە فەرمانی خوا) ﴿فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ ئەمجاشەیتان دوای کەوت ﴿فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ﴾ بەهۆی ئەوەوە بوو بەبەکێك لە گومڕایان ﴿١٧٥﴾ ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا﴾ ئەگەر بمان ویستایە بەو ئایەتانە پلەیمان بەرز دەکردەوە ﴿وَلَٰكِنَّهُۥٓ﴾ بەڵام ئەو ﴿أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ﴾ خۆی نوساند بە زەوی یەوە ﴿وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ﴾ و دوای ئارەزووی خۆی کەوت ﴿فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ﴾ نموونەی ئەو وەك ئەو سەگەیە ﴿إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ﴾ ئەگەر لێی بدەیت و دەریکەیت (مۆرەت لێ دەکات و) زمانت لێ دەردێنێ ﴿أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث﴾ وە ئەگەر وازیشی لێ بهێنێ هەر زمان دەردەهێنێ ﴿ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ﴾ ئەو(سیفەتانە) نموونەی ئەو کەسانەیە ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ کە نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانا ﴿فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ﴾ دەی ئەو داستان و چیرۆکانە باس بکە ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ تا بچنەوە بەخۆیاندا و بیر بکەنەوە ﴿١٧٦﴾ ﴿سَآءَ﴾ بەدو خراپە ﴿مَثَلًا ٱلْقَوْمُ ٱلَّذِينَ﴾ وێنە و (چیرۆکی) ئەو کەسانەی ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ کە نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانا ﴿وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ﴾ ئەوانە هەمیشە ستەمیان لە خۆیان دەکرد ﴿١٧٧﴾ ﴿مَن يَهْدِ ٱللَّهُ﴾ هەر کەس خوا ڕێنموونی بکات ﴿فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِى﴾ هەر ئەو ڕێنموونی کراوە ﴿وَمَن يُضْلِلْ﴾ هەر کەسیش (خوا بەهۆی کردەوەکانیەوە) گومڕای بکات ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ هەر ئەوانە زیان لێ کەوتوو ڕەنجەڕۆن ﴿١٧٨﴾

﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا﴾ وە سوێند بەخوا بەڕاستی دروستمان کردووە ﴿لِجَهَنَّمَ﴾ بۆ دۆزەخ ﴿كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ﴾ زۆرێك لە جنۆکە و ئادەمی ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا﴾ دڵیان هەیە بەڵام پێی تێناگەن (لە ڕاستی) ﴿وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا﴾ و چاویان هەیە (هەق) پێ نابینن ﴿وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا﴾ و گوێیان هەیە (هەقی پێ) نابیستن ﴿أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ﴾ ئەوانە وەك ئاژەڵ (وچوار پێ) وان ﴿بَلْ هُمْ أَضَلُّ﴾ بگرە خراپتر و گومڕاترن (لە ئاژەڵ) ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ هەر ئەوانەن بێ ئاگایان ﴿١٧٩﴾ ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ﴾ هەر بۆ خوایە جوانترین و چاکترینی ناوەکان ﴿فَادْعُوهُ بِهَا﴾ جا ئێوەش بەو ناوانە بانگ و هاواری لێ بکەن ﴿وَذَرُوا الَّذِينَ﴾ واز بهێنن و نرخ دامەنێن بۆ ئەوانەی ﴿يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ﴾ کەلەناوەکانی (خوا) دا گۆڕان و لادان دەکەن (دەیکەنە ناو بۆ بتەکانیان) ﴿سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەزووبی تۆڵەی ئەوەی دەیانکرد لێیان دەسەنرێت ﴿١٨٠﴾ ﴿وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ﴾ وە لەوانەی کە دروستمان کردووە کۆمەڵێك هەیە ﴿يَهْدُونَ بِالْحَقِّ﴾ ڕێنموونی خەڵك دەکەن بە (ئایینی) ڕاست ﴿وَبِهِ يَعْدِلُونَ﴾ و داد وەڕێشی پێ دەکەن ﴿١٨١﴾ ﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ وە ئەوانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانا ﴿سَنَسْتَدْرِجُهُم﴾ وورده وورده(پلە بە پلە) نزیکیان دەکەینەوە لە تیاچوون ﴿مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەجۆرێك کە خۆیشیان بەخۆیان نازانن ﴿١٨٢﴾ ﴿وَأُمْلِي لَهُمْ﴾ ماوەیەك مۆڵەتیان دەدەم ﴿إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ﴾ بەڕاستی پیلانی من زۆر پتەو و بەهێزە ﴿١٨٣﴾ ﴿أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا﴾ ئایا ئەوان بیریان نەکردۆتەوە ﴿مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ﴾ کەهاوڕێ کەیان موحەممەد ﷺ هەرگیز تووشی شێتی نەبووە ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ ئەو تەنها تر سێنەرێکی ئاشکرایە (بۆ ئێوە) ﴿١٨٤﴾ ﴿أَوَلَمْ يَنظُرُوا﴾ ئایا ئەوانە ناڕوانن؟ ﴿فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ لەو مولکە گەورەو فراوانەی لەئاسمانەکان و زەوی دا هەیە ﴿وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ﴾ وە لەو شتانەی خوای گەورە دروستی کردوون ﴿وَأَنْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ﴾ وەلەوانەیە نزیك بوبێتەوە ﴿أَجَلُهُمْ﴾ کۆتایی (ژیان)یان ﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ﴾ جا بەچ قسەیەك لە پاش قورئان بڕوا دێنن ﴿١٨٥﴾ ﴿مَن يُضْلِلِ اللَّهُ﴾ هەر کەس خوا گومڕای بکات (بەتاوانی کردەوەی خراپی) ﴿فَلَا هَادِيَ لَهُ﴾ ئەو هیچ ڕێنموونی کەرێکی بۆ نییە ﴿وَيَذَرُهُمْ﴾ (خوا) وازیان لێ دێنێت ﴿فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ لە گومڕایی و یاخی بوونی خۆیاندا گێژ بخۆن ﴿١٨٦﴾ ﴿يَسْأَلُونَكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) پرسیارت لێ دەکەن ﴿عَنِ السَّاعَةِ﴾ لەبارەی ڕۆژی دوایی یەوە ﴿أَيَّانَ مُرْسَاهَا﴾ کەی دەبێت ﴿قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي﴾ بڵێ: زانینی ئەوە تەنها لای پەروەردگارمە ﴿لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا﴾ هیچ کەس (ناتوانێت) کاتەکەی ئاشکرا بکات ﴿إِلَّا هُوَ﴾ جگە لەپەروەردگار نەبێت ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (هاتنی قیامەت) بۆ ئاسمانەکان و زەویش گران و قورسە ﴿لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً﴾ نایەت بەسەرتاندا (ڕوونادات) لەناکاودا نەبێت ﴿يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ﴾ لە تۆ دەپرسن وەك ئەوەی کە تۆ ﴿حَفِيٌّ عَنْهَا﴾ لە (هاتنی) ڕۆژی دوایی ئاگادارین ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿إِنَّمَا عِلْمُهَا﴾ بێگومان زانینی (هاتنی) ئەو ڕۆژە ﴿عِندَ اللَّهِ﴾ تەنها لای خوایە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆرێك لە خەڵکی نایزانن ﴿١٨٧﴾

﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿لَآ أَمْلِكُ لِنَفْسِى نَفْعًا وَلَا ضَرًّا﴾ من خاوەنی هیچ سوودو زیانێك نیم بۆخۆم ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾ مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ ﴿وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ﴾ ئەگەر من غەیب و شتە نادیارەکانم بزانیایە ﴿لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ﴾ خێرو خۆشی زۆرم بەدەست دەهێنا ﴿وَمَا مَسَّنِىَ ٱلسُّوٓءُ﴾ وەهیچ خراپەو زیانێکم پێ نە دەگەیی ﴿إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ﴾ من تەنها ترسێنەرو مژدەدەرم ﴿لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ خەڵکانێك کە باوەڕ دەهێنن ﴿١٨٨﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم﴾ (خوا) ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردوە ﴿مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾ لەیەك کەس (کە ئادەمە) ﴿وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ هەر لە خۆی هاوسەری بەدی هێنا ﴿لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا﴾ تا لەلای بحەسێتەوە (ئارام بگرێ) ﴿فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا﴾ جا کاتێك (پیاوەکە) لەگەڵ هاوسەرەکەی جووت بوو (دروست بوو) ﴿حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا﴾ باری سووکی هەڵگرت (سکی پڕبوو) ﴿فَمَرَّتْ بِهِۦ﴾ ئەمجا لەسەر ئەم (سك پڕیە) ماوەیەك تێپەڕی ﴿فَلَمَّآ أَثْقَلَت﴾ جا کاتێك (سکەکەی) قورس بوو ﴿دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا﴾ (ژن و میردەکە) هەردوو لە خوا پاڕانەوە ﴿لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا﴾ سوێند بێ ئەگەر تۆ منداڵێکی چاك و تەواومان پێ بدەیت ﴿لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ بێگومان لە سوپاس گوزاران دەبین ﴿١٨٩﴾ ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا﴾ بەڵام کاتێك (ئەوەکانی ئادەم وحەوا پاش خۆیان) پەروەردگار منداڵێکی چاکی پێدان ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ﴾ چەند هاوبەشێکیان بۆخوا دانا (وەك ئەوەی بتپەرستەکان دەیانکرد) ﴿فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾ لەوەی کەپێی دابوون ﴿فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ خوا لەوە بەرزو بڵندتر کە هاوبەشی بۆ دابنێن ﴿١٩٠﴾ ﴿أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا﴾ ئایا شتانێك دەکەن بە هاوبەشی خوا کە ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن ﴿وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴾ لەکاتێکدا خۆشیان دروست کراون ﴿١٩١﴾ ﴿وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا﴾ وە(ئەو بت و پەرستراوانە) ناتوانن هیچ یارمەتی یەکیان بدەن ﴿وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ﴾ هەروەها ناتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن ﴿١٩٢﴾ ﴿وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ﴾ وە ئەگەر ئێوە ئەوان (بتەکان) بانگ بکەن بۆ ڕێی ڕاست ﴿لَا يَتَّبِعُوكُمْ﴾ شوێنتان ناکەون ﴿سَوَآءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ﴾ بۆ ئێوە یەکسانە چ بانگیان بکەن ﴿أَمْ أَنتُمْ صَٰمِتُونَ﴾ یان بێ دەنگ بن (سوودتان پێ ناگەیەنن) ﴿١٩٣﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ﴿تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ کە ئێوە هاوارو داوایان لێ دەکەن جگە لە خوا ﴿عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ﴾ ئەوانیش چەند بەندەیەکن وەك خۆتان ﴿فَٱدْعُوهُمْ﴾ دەی بانگ وهاواریان لێ بکەن ﴿فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ﴾ با وەڵامتان بدەنەوە (ویستەکانتان بە جێ بهێنن) ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست گۆن، ﴿١٩٤﴾ ﴿أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَآ﴾ ئایا ئەوانە (هیچ نەبێ وەك خۆتان) قاچیان هەیە کە پێ ی بڕۆن بەڕێدا ﴿أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَآ﴾ یان دەستیان هەیە کەدەستی پێ بوەشێنن ﴿أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَآ﴾ یان چاویان هەیە کەپێ ی ببینن ﴿أَمْ لَهُمْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا﴾ یان گوێیان هەیە کەپێ ی ببیستن ﴿قُلِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ﴾ بانگی هاوبەشەکانتان بکەن ﴿ثُمَّ كِيدُونِ﴾ پاشان نەخشەوپیلانم بۆدانێن ﴿فَلَا تُنظِرُونِ﴾ ومۆڵەتیشم مەدەن ﴿١٩٥﴾

﴿إِنَّ وَلِيِّيَ ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی پشتیوان و دۆستی من هەر خوایە ﴿ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئەو (خوایەی) کەقورئانی نارد خوارەوە ﴿وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە هەر ئەویش پشتیوانی چاکەکاران دەکات ﴿١٩٦﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ وە ئەوانەی ئێوە جگە لە خوا هانایان بۆ دەبەن ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ﴾ ناتوانن یارمەتی تان بدەن ﴿وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ﴾ ناشتوانن یارمەتی خۆیان بدەن ﴿١٩٧﴾ ﴿وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ﴾ وە ئەگەر بانگیان بکەن بۆ ڕێگای ڕاست ﴿لَا يَسْمَعُوا۟﴾ ئەوان نابیستن ﴿وَتَرَىٰهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ﴾ وە وادەزانی بۆ تۆ دەڕوانن ﴿وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان هیچ نابینن ﴿١٩٨﴾ ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ﴾ دەست بگرە بە لێبوردەیی یەوە (چاوو پۆشی بکە) ﴿وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ﴾ فەرمانیش بدە بە چاکە و چاکە کردن ﴿وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ و ڕوو وەرگێرە لە نەفامان و نەزانان (وازیان لێ بهێنە) ﴿١٩٩﴾ ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ﴾ وە ئەگەر خەتەرەو خەیاڵ و وەسوەسەیەکت بۆ هات لە لایەنی شەیتانەوە ﴿فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ﴾ یەکسەر پەنا بگرە بەخوا ﴿إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی هەر ئەو بیسەری زانایە ﴿٢٠٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟﴾ بەڕاستی ئەوانەی خواناس و پارێزکار بوون ﴿إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ کاتێک خەتەرو وەس وەسەیەکیان لەشەیتانەوە پێ بگات ﴿تَذَكَّرُوا۟﴾ یادی خوا دەکەن و خوایان بیر دەکەوێتەوە ﴿فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴾ جا کتوپڕ بەرچاویان ڕۆشن دەبێتەوە (ڕاستی دەدۆزنەوە) ﴿٢٠١﴾ ﴿وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِى ٱلْغَىِّ﴾ وە برا (شەیتانە) کانیان یارمەتییان دەدەن لە گومڕایی بوونیدا ﴿ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ﴾ پاشان کۆتایی ناهێنن و واز ناهێنن (بۆ گومڕا کردنیان) ﴿٢٠٢﴾ ﴿وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم﴾ وە هەر کاتێک (وەحی دوا بکەوێت) ئایەتێکیان بۆ نەهێنی ﴿بِـَٔايَةٍ قَالُوا۟ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَا﴾ دەیان ووت: بۆچی لەخۆتەوە ڕێکی ناخەیت (بۆ خۆت هەڵی نابەستی) ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: بێگومان من هەر شوێنی ئەوە دەکەوم ﴿مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ مِن رَّبِّى﴾ کە لەلایەن پەروەردگارمەوە وەحیم بۆ دەکرێت ﴿هَٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ﴾ ئەم (قورئانە) بەرچاو ڕۆشنی و بەڵگەیە لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿وَهُدًى﴾ و ڕێنموونی و نیشاندەرە ﴿وَرَحْمَةٌ﴾ و میهرەبانی و بەزەیی خوایە ﴿لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ گەل و هۆزێک کە باوەڕ دێنن ﴿٢٠٣﴾ ﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ﴾ وە کاتێک کە قورئان خوێندرا ﴿فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ﴾ دەبێ گوێ ی لێ بگرن ﴿وَأَنصِتُوا۟﴾ و بێ دەنگیش بن ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ بۆ ئەوەی خوا میهرەبانیتان لە گەڵدا بکات ﴿٢٠٤﴾ ﴿وَٱذْكُر رَّبَّكَ فِى نَفْسِكَ﴾ وە لە (دڵ و) دەروونت دا یادی پەروەردگارت بکە ﴿تَضَرُّعًا وَخِيفَةً﴾ بە پارانەوەو ترس و بیمەوە ﴿وَدُونَ ٱلْجَهْرِ مِنَ ٱلْقَوْلِ﴾ بەبێ ئەوەی دەنگ بەرزبکەیتەوە ﴿بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ﴾ لە بەرەبەیانی و دەماو دەمی ئێوارانداو ﴿وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْغَٰفِلِينَ﴾ وە لە بێ ئاگایان مەبە ﴿٢٠٥﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ﴾ بەڕاستی ئەو فریشتانەی کە لای پەروەردگارتن ﴿لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾ خۆ بە زل نازانن ﴿عَنْ عِبَادَتِهِۦ﴾ لە پەرستنی ئەو (خوا) ﴿وَيُسَبِّحُونَهُۥ﴾ و هەمیشە ستایشی دەکەن (کڕنووشی بۆ دەبەن) ﴿وَلَهُۥ يَسْجُدُونَ﴾ و تەنها سوژدە بۆ ئەو دەبەن. ﴿٢٠٦﴾

سورەتی ﴿ الأَنفَالِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَسْأَلُونَكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) پرسیارت لێ دەکەن ﴿عَنِ الْأَنفَالِ﴾ سەبارەت بە دەسکەوتەکان(ی جەنگی بەدر) ﴿قُلِ﴾ تۆش بڵێ: ﴿الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ ئەو دەست کەوتانە هەر بۆ خوا و پێغەمبەرن ﷺ ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ کەواتە خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن ﴿وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾ وە پەیوەندی نێوان خۆتان چاك بکەنەوە ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەرئێوە بڕوادارن ﴿١﴾ ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ﴾ بێگومان بڕواداران تەنها کەسانێکن ﴿إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ﴾ کاتێك کە باسی خوا کرا و ناوی هێنرا ﴿وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ دڵیان دەترسێت و ترسی لێ دەنیشێت ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ﴾ کاتێکیش ئایەتەکانی خوا بخوێنرێتەوە بەسەریاندا ﴿زَادَتْهُمْ إِيمَانًا﴾ بڕوایان (پێی) زیاد دەبێت ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ و هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن ﴿٢﴾ ﴿الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ﴾ ئەوانەن کە بەڕاستی نوێژەکانیان بەجێ دەهێنن ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ وە لەو ڕزق و ڕۆزیەی پێمان داوون (لە پێناوی خوادا) دەیبەخشن ﴿٣﴾ ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ﴾ هەر ئەوانەن ﴿الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا﴾ بڕوادارانی ڕاستەقینە ﴿لَّهُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ پلەی بەرزیان بۆ هەیە لای پەروەردگاریان ﴿وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ و لێ خۆش بوونی (تاوانەکانیان) و ڕۆزی پەسەندو چاك (یان بۆ هەیە) ﴿٤﴾ ﴿كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ﴾ هەر چۆنێك کە پەروەردگارت لە ماڵەکەت (لەشاری مەدینە) دەریهێنایت (بۆ جەنگی بەدر) ﴿بِالْحَقِّ﴾ بەهەق و ڕاستی ﴿وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ لەکاتێکدا بێگومان دەستەیەك لەبڕواداران ﴿لَكَارِهُونَ﴾ بێزاربوون و پێیان ناخۆش بوو ﴿٥﴾ ﴿يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ﴾ دەمەقاڵێت لەگەڵدا دەکەن لە (شتی) هەق و ڕاستدا ﴿بَعْدَمَا تَبَيَّنَ﴾ دوای ئەوەش کە بۆیان ڕوون بۆتەوە (کە ڕاستە هێشتا جەنگیان لا گرانە) ﴿كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ﴾ وەك ئەوەی بە تونڈی بەرەو مردن ببرێن ﴿وَهُمْ يَنظُرُونَ﴾ و بەچاوی خۆیان (مردن) ببینن ﴿٦﴾ ﴿وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللَّهُ﴾ (بیری ئەو کاتە بکەنەوە) کەخوا بەڵێنی بەئێوەدا ﴿إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ﴾ دەست کەوتی یەکێك لەدوو کۆمەڵە (کاروانە بازرگانییەکە یان سەرکەوتن بە سەریاندا) ﴿أَنَّهَا لَكُمْ﴾ بەڕاستی دەبێتە هی ئێوە ﴿وَتَوَدُّونَ﴾ وە ئێوە ئەوەتان پێ خۆشە ﴿أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ﴾ کە ئەو دەستکەوتە بێ چەکە، (کاروانە بازرگانیەکە) ﴿تَكُونُ لَكُمْ﴾ بۆ ئێوە بێت ﴿وَيُرِيدُ اللَّهُ أَن يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ﴾ بەڵام خوا دەیەوێت ووتەکانی خۆی بەڕاست دەرچێ (حەق سەرکەوێ) ﴿وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ﴾ و ڕەگ و ڕیشەی بێ باوەڕان لەبن بێنێ ﴿٧﴾ ﴿لِيُحِقَّ الْحَقَّ﴾ تا هەق جێگیر بکات ﴿وَيُبْطِلَ الْبَاطِلَ﴾ و ناحەقیش لەناو بەرێ و پوچەڵێ بکاتەوە ﴿وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ﴾ با تاوانبارانیش پێیان ناخۆش بێت ﴿٨﴾

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك (لە بەدر دا) هاناتان بۆ پەروەردگارتان دەبرد ﴿فَاسْتَجَابَ لَكُمْ﴾ خواش هات بەهاناتانەوە ﴿أَنِّي مُمِدُّكُم﴾ ووتی من دەنێرم بۆ یارمەتیان ﴿بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ﴾ هەزار فریشتە ﴿مُرْدِفِينَ﴾ بە دوای یەکدا (دێنە خوارێ) ﴿١٠﴾ ﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ﴾ وەخوا ئەوەی تەنها بۆ شادی و موژدە نارد ﴿وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ﴾ تا دڵەکانتان پێ ی ئارام بگرێت ﴿وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ وە سەر کەوتنیش تەنها لای خواوەیەو بەس ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا بەدەستەلاتی کار بەجێ یە ﴿١٠﴾ ﴿إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێ (خوا) وەنەوزی بەسەرتاندا هێنا ﴿أَمَنَةً مِّنْهُ﴾ (بووە هۆی) دڵنیایی ئێوە لە لایەن (پەروەردگار) خۆیەوە ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاءِ مَاءً﴾ بارانیشی لە ئاسمانەوە بۆ باراندن ﴿لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ﴾ تا پاکتان بکاتەوە پێی ﴿وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ﴾ و پیسی شەیتان (دوو دڵی و گومان) لەئێوە دوور بخاتەوە ﴿وَلِيَرْبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ﴾ و پەیوەندی دڵەکانتان پتەو بکات ﴿وَيُثَبِّتَ بِهِ الْأَقْدَامَ﴾ وە بەو (بارانی) پێکانتان دامەزراو و جێگیر بکات ﴿١١﴾ ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ﴾ (بێنەوە بیر) کاتێك کە پەروەردگارت نیگای نارد ﴿إِلَى الْمَلَائِكَةِ﴾ بۆ فریشتەکان ﴿أَنِّي مَعَكُمْ﴾ (کە بە پێغەمبەر وباوەڕداران ڕابگەیەنن) کە بێگومان من (خوای گەورە) لە گەڵتانم ﴿فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ دەی دڵی کەسانێك قایم و دامەزراو کەن کە باوەڕیان هێناوە ﴿سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ﴾ بە زوویی ترس و بیم دەخەمە دڵی ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕ بوون ﴿فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ﴾ جا ئێوەش لەسەرووی گەردنیان بدەن (واتە سەریان) ﴿وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾ وە لە هەموو سەر پەنجەکانیان بدەن (واتە لە هەموو لاشەیان بدەن لەسەرەوە تا خوارەوە) ﴿١٢﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەوە ﴿بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ لەبەر ئەوەی کە بەڕاستی ئەوانە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەیان کرد ﴿وَمَن يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ هەر کەسێکیش دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ﴿فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ ئەوە بێگومان تۆڵە و سزای خوا زۆر سەخت وبەتینە ﴿١٣﴾ ﴿ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ﴾ (حوکم و سزای ئێوە) ئەوەیە دەی بیچەژن ﴿وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ﴾ وە بەڕاستی بۆ بێ بڕوایان سزای ئاگری دۆزەخ هەیە ﴿١٤﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا﴾ کاتێك (لەجەنگ دا) ڕووبەڕووی زۆرێك لەبێ باوەڕان بوونەوە ﴿فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ﴾ قەت پشتیان تێ مەکەن و هەڵمەیەن ﴿١٥﴾ ﴿وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ﴾ وە هەر کەس لەو ڕۆژەدا پشتیان تێ بکات و هەڵبێت ﴿إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ﴾ مەگەر (مەبەستی ئەوەبێت) بۆ هێرش کردن بگەڕێتەوە سەریان ﴿أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ﴾ یان بڕوات بۆ لای کۆمەڵێکی تر (و یارمەتیان بدات) ﴿فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ﴾ ئەوە بێگومان بەڕق و خەشمی خواوە دەگەڕێتەوە ﴿وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ﴾ وە جێگای دۆزەخ دەبێت ﴿وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ کە جێگایەکی زۆر خراپ و بەدە ﴿١٦﴾

﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ﴾ دە کەواتە ئێوە ئەوانتان نەکوشت ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ﴾ بەڵکو خوا ئەوانی کوشت ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ﴾ وەکاتێ کە (مشتێ خۆڵ و زیخت ڕووبەکافران) هاوێشت بەتەنها تۆ نەتهاوێشت ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ﴾ بەڵکو خوا هاوێشتی (و لێیدان) ﴿وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ ئەوەی خوا بڕواداران تاقی بکاتەوە ﴿مِنْهُ بَلَاءً حَسَنًا﴾ لەلایەن خۆیەوە بەتاقی کردنەوەیەکی چاک ﴿إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەری زانایە ﴿١٧﴾ ﴿ذَٰلِكُمْ﴾ (سەر ئەنجامی باوەڕداران و کافران) ئەوە بوو (کەڕووی دا) ﴿وَأَنَّ اللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ الْكَافِرِينَ﴾ وە بەڕاستی خوا پیلانی بێ بڕوایان پوچەڵ دەکاتەوە ﴿١٨﴾ ﴿إِن تَسْتَفْتِحُوا﴾ ئەگەر ئێوە ئەی (بێباوەڕان) داوای یارمەتی و سەرکەوتن دەکەن ﴿فَقَدْ جَاءَكُمُ الْفَتْحُ﴾ ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنتان بۆ هات (گاڵتەیان پێ دەکات) ﴿وَإِن تَنتَهُوا فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەگەر کۆتایی بهێنن (لەدوژمنایەتی پێغەمبەریان کۆتای بهێنن بە بت پەرستی) ئەوە چاکترە بۆتان ﴿وَإِن تَعُودُوا نَعُدْ﴾ وە ئەگەر بگەڕێنەوە (بۆ سەر دژایەتی یان بت پەرستی) ئەوە ئێمەش دەگەڕێینەوە (بۆ سەر خستی باوەڕداران) ﴿وَلَن تُغْنِيَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئًا﴾ هەر گیز دەستەو کۆمەڵەکەتان هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنن ﴿وَلَوْ كَثُرَتْ﴾ هەر چەند زۆریش بن ﴿وَأَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وەبێگومان خوا لەگەڵ بڕواداران دایە ﴿١٩﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ﴿أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بن ﴿وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ﴾ وپشتی تێمەکەن ﴿وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ﴾ لەکاتێکدا ئێوە تێدەگەن و دەبیستن ﴿٢٠﴾ ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا﴾ وەکو ئەوانە مەبن کە(بەسەر زارەکی) ووتیان :بیستمان ﴿وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئەوانە هیچ نابیستن و تێناگەن ﴿٢١﴾ ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ﴾ بەڕاستی خراپترینی هەموو گیان لەبەران لە لای خوا ﴿الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴾ ئەو کەڕوالاڵانەن (مەبەست پێ بێباوەڕانە) کە بیرناکەنەوە و ژیر نابن ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ﴾ وە ئەگەر خوا بیزانیایە ﴿فِيهِمْ خَيْرًا﴾ چاکەیەک لەو (بێباوەڕانەدا) هەیە ﴿لَأَسْمَعَهُمْ﴾ بێگومان وای لێ دەکردن ببیستن ﴿وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ﴾ ئەگەر خوا (فەرمانی خۆی) پێ ببیستنایە ﴿لَتَوَلَّوا﴾ هەر ڕوویان وەردەگێڕا ﴿وَهُم مُّعْرِضُونَ﴾ وە ئەوان هەر گوێ پێ نەدەرن ﴿٢٣﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ﴿اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ﴾ وەڵامی خوا و پێغەمبەر بدەنەوە ﴿إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ کاتێک کە بانگتان دەکەن بۆ لای ئەو (ئایینەی) کەزیندووتان دەکاتەوە ﴿وَاعْلَمُوا﴾ بشزانن ﴿أَنَّ اللَّهَ﴾ بەڕاستی (ویستی) خوا ﴿يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ﴾ دەبێتە بەربەست لەنێوان ئادەمی و دڵیدا (واتە ئەو پەڕی دەستەڵاتی هەیە بەسەر دڵی بەندەکانیدا) ﴿وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ وە بەڕاستی هەر لای ئەو کۆ دەکرێنەوە (لەڕۆژی دوایی دا) ﴿٢٤﴾ ﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً﴾ وەخۆتان بپارێزن لەئاشوب و بەڵایەک ﴿لَّا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً﴾ کە تووشی ستەم کارانتان نابێت بە تایبەتی (هەموتان دەگرێتەوە) ﴿وَاعْلَمُوا﴾ وە بشزانن ﴿أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ کە بەڕاستی تۆڵە و سزای خوا زۆر سەختە ﴿٢٥﴾

﴿وَٱذْكُرُوٓا﴾ بیر بکەنەوە ﴿إِذْ أَنتُمْ﴾ کاتێك کە ئێوە ﴿قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ کەم و لاوازکراو و ژێر دەستە بوون لە زەوی (مەککە)دا ﴿تَخَافُونَ﴾ دەترسان ﴿أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ﴾ کەخەڵکی بتان فڕێنن وبەدەن بەسەرتاندا ﴿فَـَٔاوَىٰكُمْ﴾ ئەمجا خوا پەنای دان ﴿وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ﴾ وە بەیارمەتی خۆی پشتیوانی کردن ﴿وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ وە ڕزق و ڕۆزی لە شتە پاك (و حەڵاڵە) کان پێ بەخشین ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بۆ ئەوەی سوپاس گوزاری خوا بن ﴿٢٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَخُونُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾ ناپاکی مەکەن لەگەڵ خوا و پێغەمبەر ﷺ دا ﴿وَتَخُونُوٓا۟ أَمَٰنَٰتِكُمْ﴾ وە ناپاکی مەکەن لە سپاردەکانی ناو خۆتان ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئێوە دەزانن (ناپاکی یە) ﴿٢٧﴾ ﴿وَٱعْلَمُوٓا﴾ وە بزانن ﴿أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ﴾ بەڕاستی مال و منداڵتان ﴿فِتْنَةٌ﴾ هۆی تاقی کردنەوەی (ئێوەن) ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ وە بەڕاستی لای خوا پاداشتی زۆر گەورە هەیە ﴿٢٨﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿إِن تَتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ ئەگەر ئێوە خواناس بن و خۆتان بپارێزن ﴿يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا﴾ هۆی جیاکەرەوەی (ڕاست و ناڕاست) تان بۆ فەراهەم دێنێت ﴿وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾ و لە گوناهەکانتان دەبوورێ ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْ﴾ و لێتان خۆش دەبێت ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾ وە خوا خاوەن بەهرە و چاکەی زۆر گەورەیە ﴿٢٩﴾ ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە(بیر بکەرەوە) کاتێك ئەوانەی بێ باوەڕ بوون پیلانیان لە دژت دەگێڕا ﴿لِيُثْبِتُوكَ﴾ تا بەندو کۆتت بکەن ﴿أَوْ يَقْتُلُوكَ﴾ یان بتکوژن ﴿أَوْ يُخْرِجُوكَ﴾ یان (لە مەککە) دەرت بکەن ﴿وَيَمْكُرُونَ﴾ وە ئەوانە (بەردەوام) پیلان دەگێڕن و فڕو فێڵ دەکەن ﴿وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ﴾ وە خوایش لەبەرامبەر ئەواندا پیلان دەگێڕێت بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلان و فڕ و فێڵەکانیان ﴿وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ﴾ وە خوا چاکترینی پیلان گێڕانە (بەرامبەر پیلان گێڕان) ﴿٣٠﴾ ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا﴾ وە کاتێك کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە ﴿قَالُوا۟ قَدْ سَمِعْنَا﴾ دەڵێن :بیستمان (واتە گرنگ نی یە) ﴿لَوْ نَشَآءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَآ﴾ ئەگەر بمان ویستایە وێنەی ئەو ئایەتانەمان دەووت ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئەمە هیچ نی یە جگە لە ئەفسانەی پێشینان ﴿٣١﴾ ﴿وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ﴾ (بیر بکەرەوە) کاتێك (کە بێ باوەڕەکان) دەیان ووت ئەی پەروەردگار ﴿إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ﴾ ئەگەر ئەم قورئانە ڕاستەو لەلایەن تۆوە هاتووە ﴿فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً﴾ دەی بەرد بەسەرماندا ببارێنە ﴿مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ لە ئاسمانەوە ﴿أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ یان سزای سەختی پڕ ئازارمان بۆ بێنرە ﴿٣٢﴾ ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ﴾ وە بەڕاستی خوا سزایان نادات ﴿وَأَنتَ فِيهِمْ﴾ لەکاتێك دا تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) لەناویاندا بیت ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ﴾ هەروەها خوا تووشی سزایان ناکات ﴿وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾ لە کاتێکدا ئەوان داوای لێبوردن بکەن لە خودا ﴿٣٣﴾

﴿وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ اللَّهُ﴾ خوا چۆن سزایان نادات؟! ﴿وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ لە کاتێکدا ئەوان بەرگری (موسوڵمانان) دەکەن لە چوون بۆ مزگەوتی بەڕێزو پیرۆزی (کەعبە) ﴿وَمَا كَانُوا أَوْلِيَاءَهُ﴾ لەکاتێکدا ئەوان خۆشەویست و سەرپەرشتیاری ئەو (مزگەوتە) نین ﴿إِنْ أَوْلِيَاؤُهُ إِلَّا الْمُتَّقُونَ﴾ بەڕاستی سەرپەرشتیار و خۆشەویستی ئەو (مزگەوتە) خوا ناسان و پارێزکارانن ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٣٤﴾ ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِنْدَ الْبَيْتِ﴾ وەنوێژی ئەوان (بت پەرستەکان) لەماڵی خوادا هیچ نی یە ﴿إِلَّا مُكَاءً﴾ جگە لە فیکە کردن ﴿وَتَصْدِيَةً﴾ و چەپڵە لێدان نەبێت ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ کەواتە بچەژن سزای سەخت (لە بەدردا) ﴿بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ بە هۆی بڕوا نەهێنانتانەوە ﴿٣٥﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەبێ باوەڕن ﴿يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ﴾ مالّ و سامانیان خەرج دەکەن ﴿لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ بۆ ئەوەی بەر هەڵستی ڕێگەی خوا بکەن ﴿فَسَيُنْفِقُونَهَا﴾ جا لە مەودوا (مالّ و سامانیان) بەخت دەکەن و دەیبەخشن ﴿ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً﴾ لەپاشان دەبێت بەداخ و پەژارە بۆیان ﴿ثُمَّ يُغْلَبُونَ﴾ پاشان ژێر دەکەون ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی کەبێ باوەڕن ﴿إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ﴾ هەر لەدۆزەخ دا کۆ دەکرێنەوە ﴿٣٦﴾ ﴿لِيَمِيزَ اللَّهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ﴾ بۆ ئەوەی خوا دەستەی ناپاك لە دەستەی پاك جیا بکاتەوە ﴿وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ و ناپاکەکانیش لەسەر یەك هەڵچنێت ﴿فَيَرْكُمَهُ جَمِيعًا﴾ ئەمجا هەمووی پێکەوە کۆ بکاتەوە ﴿فَيَجْعَلَهُ فِي جَهَنَّمَ﴾ و ببخاتە دۆزەخەوە ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ هەر ئەوانە زیانبار و خەسارۆ مەندی تەواون ﴿٣٧﴾ ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿لِلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بە ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ﴿إِنْ يَنْتَهُوا﴾ ئەگەر کۆتایی بهێنن (بەبێ بڕوایی یەکەیان) ﴿يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ﴾ بەڕاستی (خوا) دەبوورێت لەهەرچی لەوەو پێش کردوویانە ﴿وَإِنْ يَعُودُوا﴾ بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە (سەر کردەوەی پێشوویان) ﴿فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ﴾ ئەوە بەڕاستی باوو یاسای پێشینە (خراپە) کان چی بوو (بۆ ئەمانیش دووبارە دەبێتەوە) ﴿٣٨﴾ ﴿وَقَاتِلُوهُمْ﴾ (باوەڕداران) جەنگ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕاندا ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ هەتا ئاژاوە(بێ باوەڕی و بت پەرستی) نامێنێت ﴿وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ و ئایین و ملکەچی هەمووی بۆ خوا دەبێت ﴿فَإِنِ انْتَهَوْا﴾ جا ئەگەر کۆتایی یان هێنا ﴿فَإِنَّ اللَّهَ﴾ ئەوەبەڕاستی خوا ﴿بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بەهەر کردەوەیەك کە (بێ باوەڕان) دەیکەن بینایە ﴿٣٩﴾ ﴿وَإِنْ تَوَلَّوْا﴾ وە ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو پشتیان هەڵکرد ﴿فَاعْلَمُوا﴾ ئەوە بزانن ﴿أَنَّ اللَّهَ مَوْلَاكُمْ﴾ بەڕاستی خوا پشتیوان و یارمەتی دەرتانە ﴿نِعْمَ الْمَوْلَىٰ﴾ ئەو (خوا) باشترین پشتیوانە ﴿وَنِعْمَ النَّصِيرُ﴾ وە باشترین یاریدەدەر و سەرخەرتانە ﴿٤٠﴾

﴿وَٱعْلَمُوٓا﴾ وەبزانن ﴿أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ﴾ بێگومان هەر چیەکتان لەغەنیمەت(دەسکەوت) وگرت ﴿فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ﴾ ئەوە بەڕاستی پێنج یەکی ئەو(دەسکەوتە) بۆ خوا ﴿وَلِلرَّسُولِ﴾ و بۆ پێغەمبەر ﷺ ﴿وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ و بۆ خزمانی (پێغەمبەر ﷺ) ﴿وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ و بۆ هەتیوان ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾ و بۆ هەژاران ﴿وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ و بۆ ڕێبوارانە ﴿إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هێناوە بەخوا ﴿وَمَآ أَنزَلْنَا﴾ وە بەوەی ناردوومانەتە خوارەوە ﴿عَلَىٰ عَبْدِنَا﴾ بۆسەر بەندەکەمان (کەموحەممەد پێغەمبەرە ﷺ) ﴿يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ﴾ لەڕۆژی جیاکردنەوەدا (واتە جەنگی بەدر) ﴿يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ﴾ لەو ڕۆژەی کەدوو کۆمەڵ بەیەک گەیشتن (دژ بەیەک جەنگان) ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە ﴿٤١﴾ ﴿إِذْ أَنتُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلدُّنْيَا﴾ وەکاتێک ئێوە لای خواری (شیوەکەی) نزیک (مەدینە)دا بوون ﴿وَهُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلْقُصْوَىٰ﴾ و ئەوانیش لەلای سەروی (شیوەکەی) دوورتر (لەمەدینە)دا بوون ﴿وَٱلرَّكْبُ﴾ کاروانەکەش ﴿أَسْفَلَ مِنكُمْ﴾ لەخوارتری ئێوە بوو ﴿وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ﴾ وە ئەگەر بەڵێنتان بەیەکتر بدایە ﴿لَٱخْتَلَفْتُمْ﴾ بێگومان جیاواز دەبوون ﴿فِى ٱلْمِيعَٰدِ﴾ لەبەڵێنەکەدا (جەنگتان نەدەکرد) ﴿وَلَٰكِن﴾ بەڵام ﴿لِّيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا﴾ (کۆی کردونەتەوە) بۆ ئەوەی خوا کارێک بەدی بێنێت ﴿كَانَ مَفْعُولًا﴾ هەر بەدی دێت ﴿لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ﴾ بۆ ئەوەی لەناو بچێت ئەو کەسەی (بەلای خواوە) لەناو چووە ﴿عَنۢ بَيِّنَةٍ﴾ لەڕووی بەڵگەوە ﴿وَيَحْيَىٰ مَنْ حَىَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ﴾ وەبۆ ئەوەی بژی ئەوەی (بەلای خواوە) دەژی لەڕووی بەڵگەوە ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە بەڕاستی خوا بیسەری زانایە ﴿٤٢﴾ ﴿إِذْ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ﴾ (بیر بکەرەوە) کاتێ کەخوا ئەو (بێ بڕوای)انەی نیشان دەدایت ﴿فِى مَنَامِكَ قَلِيلًا﴾ لەخەوتدا کەم بوون ﴿وَلَوْ أَرَىٰكَهُمْ كَثِيرًا﴾ خۆ ئەگەر (خوا ژمارەی) ئەوانەی بەزۆر نیشان بدایتایە ﴿لَّفَشِلْتُمْ﴾ ئەوە بێگومان دەترسان و دەشکان ﴿وَلَتَنَٰزَعْتُمْ﴾ وە جیاواز دەبوون ﴿فِى ٱلْأَمْرِ﴾ لەبڕیاری جەنگدا ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَ﴾ بەڵام خوا پاراستنی ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ﴾ بەڕاستی ئەو (خوا) زانایە ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ بە ئەوەی لەناو دڵاندایە ﴿٤٣﴾ ﴿وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ﴾ (بیر بکەنەوە) کاتێک خوا ئەوانی نیشان دان ﴿إِذِ ٱلْتَقَيْتُمْ﴾ کاتێ ڕووبەڕوو بوونەوە ﴿فِىٓ أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا﴾ لەبەرچاوتان بەکەم دەبینران ﴿وَيُقَلِّلُكُمْ فِىٓ أَعْيُنِهِمْ﴾ ئێوەشی لەبەر چاوی ئەوان بەکەم نیشان دا ﴿لِّيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا﴾ بۆ ئەوەی خوا کارێک بەدی بهێنێت ﴿كَانَ مَفْعُولًا﴾ هەر بەدی دێت ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾ وە هەموو کارەکان هەر بۆلای خوا دەگێڕێنرێنەوە ﴿٤٤﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً﴾ کاتێ (لەجەنگدا) لەگەڵ کۆمەڵێکدا ڕووبەڕوو بوونەوە ﴿فَٱثْبُتُوا﴾ خۆگربن (هەڵنەیەن) ﴿وَٱذْكُرُوا ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾ و یادی خوا زۆر بکەن ﴿لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بۆ ئەوەی سەرکەوتوبن ﴿٤٥﴾

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ (ئەی باوەڕداران) گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەن ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا﴾ وەجیاوازمەبن و دووبەرەکی مەکەن بەهۆیەوە بشکێن و لاوازبین ﴿وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ و هێزتان بڕواو نەمێنێت ﴿وَاصْبِرُوا﴾ وەخۆڕاگربن ﴿إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆگراندایە ﴿٤٦﴾ ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا﴾ وەک ئەوانە (بت پەرستەکان) مەبن دەرچوون ﴿مِن دِيَارِهِمْ﴾ لەماڵ و وواڵاتی خۆیان ﴿بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ﴾ بەفیزووڕووپامایی بۆ خەڵک کردن ﴿وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾ وەبەرگری (خەڵکیان) دەکرد لەڕێگەی خوا ﴿وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ وە خوا بەهەموو ئەو کارانەی دەیکەن ئاگاداڕە ﴿٤٧﴾ ﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ﴾ (بیربکەرەوە) کاتێک کەشەیتان کردەوەکانیانی (بۆ بت پەرستەکان) ڕازاندنەوە ﴿وَقَالَ﴾ وە ووتی: ﴿لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ﴾ ئەمڕۆ هیچ کەس بەسەرتاندا زاڵنابێ ﴿وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ﴾ و بێگومان من پەناەدەر (و پارێزەر)ی ئێوەم ﴿فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ﴾ ئەمجا کاتێک هەردوو دەستەکە ڕوو بەڕووی یەکتر بوونەوە ﴿نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ﴾ (شەیتان) پاشەو پاش بەدوای خۆی دا گەڕایەوە ﴿وَقَالَ﴾ و ووتی: ﴿إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكُمْ﴾ بەڕاستی من بەریم لەئێوە ﴿إِنِّي أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ﴾ چونکە بەڕاستی ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن ﴿إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ﴾ بەڕاستی من لەخوا دەترسم ﴿وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ و خوا زۆر تۆڵەی بەتین و سەختە ﴿٤٨﴾ ﴿إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ﴾ (بیربکەرەوە) کاتێ دووڕووەکان ﴿وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ و ئەوانەی نەخۆشی لەدڵیاندابوو دەیان ووت ﴿غَرَّ هَٰؤُلَاءِ دِينُهُمْ﴾ ئەوانە (موسوڵمانەکان) ئاینەکەیان فریوی داوون ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ هەرکەسێ پشت بەخوا ببەستێت ﴿فَإِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا بە دەسەڵاتی کار دروستە ﴿٤٩﴾ ﴿وَلَوْ تَرَىٰ﴾ وە ئەگەر دەتبینی ﴿إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلَائِكَةُ﴾ کاتێک فریشتەکان گیانی بێ باوەڕان دەکێشن ﴿يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ﴾ لەدەموچاوو پاشیان دەدەن ﴿وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ﴾ و (پێیان دەڵێن) بچەژن سزای ئاگری سوتێنەر ﴿٥٠﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ﴾ ئەو (ئازار و سزایە) بەهۆی ئەوەوەیە دەستی خۆتان پێشی خستووە ﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ وە بەڕاستی خوا بە هیچ شێوەیەک ستەمکار نی یە بۆ بەندەکانی ﴿٥١﴾ ﴿كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ﴾ (ئەم بێ باوەڕانە باوو نەریتیان) هەر وەکو باو و نەریتی دەستەی فیرعەون ﴿وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ و ئەوانەیە لەپێش ئەوانەوە بوون ﴿كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ کە بێ بڕوا بوون بە نیشانەکانی خوا ﴿فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ﴾ ئیتر (سزای) خوایش گرتنی بەهۆی گوناهەکانیانەوە ﴿إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ بەڕاستی خوا بەتوانای تۆڵە بەتینە ﴿٥٢﴾

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً﴾ ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کەبەڕاستی خوا هیچ نیعمەتێك ناگۆڕێ ﴿أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ﴾ کە بەخشیبێتی بەهەر گەل و هۆزێك ﴿حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ هەتا ئەوەی لەخۆیاندایە نەیگۆڕن (واتە ئیمانەکەیان بگۆڕن بۆ بێ باوەڕی) ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە بەڕاستی خوا بیسەری زانایە ﴿٥٣﴾ ﴿كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ (ئەم کردەوەی ئەمان) وەکو باوو نەریتی دەستەی فیرعەون وئەوانەی لەپێش ئەوان بوون وایە ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ﴾ بەڵگەکانی پەروەردگاریان بەدرۆ زانی ﴿فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ﴾ ئیمەش لەناومان بردن بەهۆی گوناهەکانیانەوە ﴿وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ﴾ وە دەست و پێوەندەکەی فیرعەونمان خنکاند ﴿وَكُلٌّ كَانُوا۟ ظَٰلِمِينَ﴾ چونکە هەموویان ستەم کار بوون ﴿٥٤﴾ ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی بەدترینی گیان لەبەران (کەسانێکن) بەلای خواوە ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوانەن بێ باوەڕبوون ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ لەبەر ئەوەی ئەوان باوەڕ ناهێنن ﴿٥٥﴾ ﴿ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنْهُمْ﴾ ئەوانەی کەپەیمانت لەگەڵیان بەست ﴿ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ﴾ لەپاش ئەوە پەیمانەکەیان دەشکاند ﴿فِى كُلِّ مَرَّةٍ﴾ لەهەموو جارێکدا ﴿وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ﴾ و ئەوان خۆیان ناپارێزن ولە خودا ناترسن ﴿٥٦﴾ ﴿فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِى ٱلْحَرْبِ﴾ جا ئەگەر تووشی ئەوانە بوویت (زاڵبوویت بەسەریاندا) لە جەنگ دا ﴿فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ﴾ (سزاو کوشتن و بڕینێکیان پێ بکە) کەببێتە هۆی ترس لەدڵی ئەو دوژمنانەی لەپشتیانەوەن ﴿لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ بەڵکو ئەوان بیربکەنەوە ﴿٥٧﴾ ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً﴾ وە ئەگەر بەڕاستی مەترسیت کرد لەناپاکی دەستەیەك (کەپەیمانەکەیان بشکێنن) ﴿فَٱنۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ﴾ ئەو کاتە (پەیمانەکە) فڕێ بدەرەوە بۆیان بەڕێك وپێکی تا بەرامبەر بن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ﴾ بەڕاستی خوا ناپاکانی خۆش ناوێت ﴿٥٨﴾ ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ﴾ وە باگومان نەبەن ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَبَقُوٓا۟﴾ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون پێشکەوتوون ﴿إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ﴾ بێگومان ئەوانە خوا دەستە پاچە ناکەن (لە دەستی دەرناچن) ﴿٥٩﴾ ﴿وَأَعِدُّوا۟ لَهُم﴾ (ئەی ئیمانداران) ئامادەی بکەن بۆیان ﴿مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ﴾ ئەوەی لەتواناتاندا هەیە لەهێز ﴿وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ﴾ وە لەئەسپی دابەستراو ﴿تُرْهِبُونَ بِهِۦ﴾ تا بترسێنن پێی ﴿عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ دوژمنی خواو دوژمنی خۆتان ﴿وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ﴾ وە کەسانێکی تریش بێجگە لەوان ﴿لَا تَعْلَمُونَهُمُ﴾ ئێوە نایانناسن ﴿ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾ خوا دەیاننناسێت ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ﴾ وە هەرشتێك ببەخشن ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێی خوادا ﴿يُوَفَّ إِلَيْكُمْ﴾ (پاداشەکەی) بەتەواوی دەدرێتەوە پێتان ﴿وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ وە ئێوە هیچ ستەمتان لێ ناکرێت ﴿٦٠﴾ ﴿وَإِن جَنَحُوا۟ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا﴾ وە ئەگەر ئەوانە مەیلی ئاشتیان هەبوو تۆش (ئەی موحەممەد ﷺ) مەیلی ئەوە بکە ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ وە پشت بەخوا ببەستە ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ بەڕاستی هەر ئەو زاتە بیسەری زانایە ﴿٦١﴾

﴿وَإِن يُرِيدُوٓاْ﴾ وە ئەگەر ویستیان ﴿أَن يَخۡدَعُوكَ﴾ فێڵت لێ بکەن ﴿فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ﴾ ئەوە بەڕاستی خوات بەسە (پشت و پەنات بێت) ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ﴾ خوا ئەو زاتەیە کەبەهێزی کردیت بەیارمەتی خۆی ﴿وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ وە بەبڕوادارانی ﴿٦٢﴾ ﴿وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡۚ﴾ وە هۆگری خستە نێوان دڵەکانیان ﴿لَوۡ أَنفَقۡتَ﴾ ئەگەر بتبەخشیایە ﴿مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ هەرچی لەزەویدا هەیە ﴿مَّآ أَلَّفۡتَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ﴾ هۆگریت نەدەخستە نێوان دڵەکانیانەوە ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيۡنَهُمۡۚ﴾ بەڵام خوا هۆگری خستە نێوانیان ﴿إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ بەڕاستی هەر ئەو زاڵی کاردروستە ﴿٦٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿حَسۡبُكَ ٱللَّهُ﴾ خوات بەسە ﴿وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ هەروەها ئەو بڕوادارانەش کەشوێنت کەوتوون ﴿٦٤﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ﴾ هانی بڕوادارانبدە لەسەر جەنگ کردن (لەگەڵ دوژمناندا) ﴿إِن يَكُن مِّنكُمۡ﴾ ئەگەر لەئێوەدا ببێت ﴿عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ﴾ بیست کەسی خۆڕاگر ﴿يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ﴾ زاڵ دەبن بەسەر دووسەد کەسی(بێ باوەڕ) دا ﴿وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ﴾ وە ئەگەر سەد کەس لەئێوە هەبێت ﴿يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا﴾ زاڵ دەبن بەسەر هەزار کەس دا ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ لەئەوانەی بێ باوەڕن ﴿بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ﴾ بەهۆی ئەوەی بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵێکن نافامن ﴿٦٥﴾ ﴿ٱلۡـَٰٔنَ﴾ ئێستا ﴿خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ﴾ خوا فەرمانەکەی سووک کرد لەسەرتان ﴿وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗاۚ﴾ وەزانی کەلاوازیتان تێدایە ﴿فَإِن يَكُن مِّنكُم﴾ جا ئەگەر لەئێوەدا ببێت ﴿مِّاْئَةٞ صَابِرَةٞ﴾ سەد کەسی خۆڕاگر ﴿يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ﴾ زاڵ دەبن بەسەر دووسەد کەس(ی بێ باوەڕ) دا ﴿وَإِن يَكُن مِّنكُمۡ أَلۡفٞ﴾ وەئەگەر هەزار کەس لەئێوە هەبن ﴿يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفَيۡنِ﴾ زاڵدەبن بەسەر دوو هەزار کەس دا ﴿بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ﴾ بەفەرمانی خوا ﴿وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ وەخوا لەگەڵ خۆگراندایە ﴿٦٦﴾ ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ﴾ بۆ هیچ پێغەمبەرێک رەوا نی یە ﴿أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ﴾ کە دیلی (لە دوژمنان) هەبێت و ڕایان بگرێت ﴿حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ هەتا کوشتاری زۆریان لێ نەکات وەدەسەڵاتی نەچەسپێت لەزەویدا ﴿تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا﴾ ئایائێوە مالی دونیاتان دەوێت(بە وەرگرتنی فیدیە)؟ ﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ﴾ (لەکاتێکدا) خوای گەورە (پاداشتی) ڕۆژی دوایی دەوێت (بۆ ئێوە) ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ وە خوا بەتوانا و زاڵی کار دروستە ﴿٦٧﴾ ﴿لَّوۡلَا كِتَٰبٞ﴾ ئەگەر نووسراو (و بڕیار)ێک ﴿مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ﴾ لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە (کە حەڵاڵ بوونی دەستکەوت و غەنیمەتی جەنگە) ﴿لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ﴾ بێگومان لەبەر ئەو (فیدیە)ی کە وەرتان گرت (لەبەرامبەر ئازادکردنی دیلەکاندا) تووشتان دەبوو ﴿عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾ سزایەکی گەورە ﴿٦٨﴾ ﴿فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمۡتُمۡ﴾ کەواتە بخۆن لەوەی کە بە غەنیمەت گرتان ﴿حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ﴾ حەڵاڵ و پاکە ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾ وە لە خوا بترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ بەڕاستی خوا لێ بوردەی میهرەبانە ﴿٦٩﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم﴾ بڵێ بەوانەی کە لەژێر دەستان دان ﴿مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ﴾ لەدیلەکان ﴿إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر خوا بزانێت ﴿فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا﴾ لەدڵەکانتاندا چاکەیەك هەیە ﴿يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا﴾ پێتان دەبەخشێت چاکتر ﴿مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ﴾ لەو (فیدیە)ی لێتان وەرگیراوە ﴿وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ﴾ وە لێتان دەبوورێت ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ وە خوالێ بووردەی میهرەبانە ﴿٧٠﴾ ﴿وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ﴾ وەئەگەر (ئەو دیلانە) بیانەوێت ناپاکیت لەگەڵدا بکەن ﴿فَقَدۡ خَانُواْ ٱللَّهَ﴾ ئەوە بێگومان ناپاکیان لەگەڵ خوادا کرد ﴿مِن قَبۡلُ﴾ لەپێش (ئەمەدا) ﴿فَأَمۡكَنَ مِنۡهُمۡۚ﴾ خواش (تۆی) زاڵ کرد بەسەریاندا ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ﴾ وەخوا زانای دانایە ﴿٧١﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێنا ﴿وَهَاجَرُواْ﴾ و کۆچیان کرد ﴿وَجَٰهَدُواْ﴾ و تێکۆشان ﴿بِأَمۡوَٰلِهِمۡ﴾ بەماڵیان ﴿وَأَنفُسِهِمۡ﴾ و بەگیانیان ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێگای خوادا ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ﴾ وە ئەوانەی (کۆچەرەکانیان) گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن ﴿أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ﴾ ئەوانە پشتیوان و دۆستی یەکترین ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ﴾ وە ئەوانەی کەبڕوایان هێناوەو کۆچیان نەکردووە ﴿مَا لَكُم﴾ بۆ ئێوە نی یە ﴿مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ﴾ هیچ جۆرە دۆستایەتیەکیان بکەن ﴿حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ﴾ هەتا کۆچ نەکەن ﴿وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ﴾ وەئەگەر داوای یارمەتیان لێ کردن ﴿فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ﴾ لە(پاریزگاری) ئایین ئەوە پێویستە لەسەرتان یارمەتی دانیان ﴿إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ﴾ مەگەر لەدژی گەلێك ﴿بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ﴾ لەنێوان ئێوەو ئەواندا پەیمان هەبێت (نابێت یارمەتیان بدەن) ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ وەخوا بینایە بەوەی کەدەیکەن ﴿٧٢﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ وە ئەوانەی کە بێ بڕوان ﴿بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ﴾ هەندێکیان دۆستی هەندێکیانن ﴿إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ﴾ ئەگەر ئەو(پشتیوانی یە) نەکەن لەزەویدا ئاژاوەو فەسادو بەدخوویەکی گەورە بەرپا دەبێت ﴿٧٣﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ وەئەوانەی کەبڕوایان هێنا ﴿وَهَاجَرُواْ﴾ وکۆچیان کرد ﴿وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ و تێکۆشان لەڕێگەی خوادا ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ﴾ ئەوانەش(کۆچەرەکان) یان گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ﴾ بەڕاستی هەر ئەوانەن بڕوادارانی ڕاستەقینە ﴿لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ﴾ بۆ ئەوانەیە لێ بووردن ﴿وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ﴾ و ڕۆزیەکی چاك و بەنرخ ﴿٧٤﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ﴾ وە ئەوانەی لەدوایبدا بڕوایان هێنا ﴿وَهَاجَرُواْ﴾ و کۆچیان کرد ﴿وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ﴾ و لەگەڵ ئێوەدا تێکۆشان ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ﴾ ئا ئەوانە لەئێوەن ﴿وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ﴾ وە ئەوانەی خزمی یەکترن ﴿بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ﴾ هەندێکیان (بۆ میرات گرتن) شایستەترن بەهەندێکی تریان ﴿فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۗ﴾ لەکتێبی خوادا (لە قورئان یا لە لوح المحفوظ) دا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ﴾ بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك زانایە ﴿٧٥﴾

سورەتی ﴿ التَّوۡبَةِ ﴾

﴿بَرَآءَةٞ﴾ ئەمە بەری بوونێکی گەورەو گرنگە ﴿مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ﴾ لەلایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە ﴿إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم﴾ بۆ ئەوانەی کەپەیمانتان لەگەڵ بەستوون ﴿مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ لە هاوبەشدانەران ① ﴿فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ کەواتە (ئەی بێ بڕواکان) لەزەویدا بگەڕێن ﴿أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ﴾ ماوەی چوار مانگ ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ﴾ وە بزانن بێگومان ئێوە ﴿غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِ﴾ لەدەستی خوا دەرناچن ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخۡزِي ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ وە بەڕاستی خوا پیسواکەری بێ بڕوایانە ② ﴿وَأَذَٰنٞ﴾ هەروەها ئەمە ڕاگەیاندنێکە ﴿مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ﴾ لەلایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە ﴿إِلَى ٱلنَّاسِ﴾ بۆ گشت خەڵکی ﴿يَوۡمَ ٱلۡحَجِّ ٱلۡأَكۡبَرِ﴾ لەڕۆژی حەجی گەورەدا ﴿أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ وَرَسُولُهُۥۚ﴾ بەڕاستی خواو پێغەمبەرەکەی بەرین لەهاوبەشدانەرەکان ﴿فَإِن تُبۡتُمۡ﴾ جا ئەگەر پەشیمان ببنەوە ﴿فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ﴾ ئەوە چاکترە بۆتان ﴿وَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ﴾ وە ئەگەر پشتی تێ بکەن ﴿فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ﴾ ئەوە بزانن بێگومان ئێوە ﴿غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِۗ﴾ لە دەستی خوادەرناچن ﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ مژدەش بدەبەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە ﴿بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ بەسزایەکی ئازاردەر ③ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم﴾ بێجگە لەوانەی کەپەیمانتان لەگەڵ بەستوون ﴿مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ لە هاوبەشدانەرەکان ﴿ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ شَيۡـٔٗا﴾ پاشان هیچ کەم و کوڕییان لێ نەکردن ﴿وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا﴾ وە پشتیوانی هیچ کەسێکیان نەکردووە لەدژتان ﴿فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ﴾ ئەوە ئێوەش پەیمانەکەیان بۆ تەواو بکەن (لەگەڵیان دا بیبەنەسەر) ﴿إِلَىٰ مُدَّتِهِمۡۚ﴾ تاماوەی دیاری کراویان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ بەڕاستی خوا پارێزکاران ولەخواترسانی خۆش دەوێت ④ ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ﴾ ئەمجا کاتێك مانگە حەرامەکان (ذو القعدة ، ذو الحجة، محرم، رجب) تەواو بوون ﴿فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ ئەوە هاوبەشدانەرەکان بکوژن ﴿حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ﴾ لە هەر شوێنێك دەستان کەوتن ﴿وَخُذُوهُمۡ﴾ وە (بەدیل) بیانگرن ﴿وَٱحۡصُرُوهُمۡ﴾ وە بەرگریان بکەن لە دەرچوون ﴿وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ﴾ وە بۆیان دانیشن لە هەموو جێگایەکی چاوەڕوانی دا ﴿فَإِن تَابُواْ﴾ جا ئەگەر پەشیمان بوونەوە ﴿وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ و نوێژیان کرد ﴿وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکاتیان دا ﴿فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ﴾ ئەوە ڕێیان بەرەڵاکەن ووازیان لێ بهێنن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ بەڕاستی خوا لێ بووردەی میهرەبانە ⑤ ﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ﴾ وە ئەگەر کەسێك لە هاوبەشدانەرەکان داوای هاوسێ یەتی و پەنادانی لێ کردیت ﴿فَأَجِرۡهُ﴾ ئەوە پەنای بدە ﴿حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ﴾ بۆ ئەوەی ووتەی خوای گەورە (قورئان) ببیستێت ﴿ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ﴾ لە پاشان بیگەیەنە جێگای هێمنی خۆی ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ﴾ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بێگومان ئەوانە ﴿قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ﴾ دەستە و کۆمەڵێکن هیچ نازانن ⑥

﴿كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ﴾ چۆن عەهد و پەیمان دەبێت بۆ هاوبەش دانەرەکان ﴿عِندَ اللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِ﴾ لای خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ﴿إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّمْ﴾ بێجگە لەوانەی کەپەیمانتان لەگەڵبەستن ﴿عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ لای مزگەوتی حەرام (کە کەعبەی پیرۆزە) ﴿فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ﴾ جاچەند ئەوانە ڕێك و ڕاست بوون لەگەڵتان ﴿فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ﴾ ئێوەش ڕێك و ڕاست بن لەگەڵیان ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ بەڕاستی خوا خۆ پارێزەران وخواناسانی خۆش دەوێت ۞ ﴿كَيْفَ﴾ چۆن (پەیمان دەبەنە سەر) ﴿وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ﴾ لەکاتێکدا ئەگەر زاڵ بین بەسەرتاندا ﴿لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ﴾ لەبەر چاو ناگرن دەربارەی ئێوە ﴿إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾ هیچ خزمایەتی و سوێند و بەڵێنێك ﴿يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ﴾ بەووتەی دەمیان ڕازیتان دەکەن ﴿وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ﴾ بەڵام دڵەکانیان دژتانن و ڕقیان لێتان دەبێتەوە ﴿وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ﴾ ئا ئەوانە زۆربەیان سنوورەکانی خودا دەبەزێنن ۝ ﴿اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ بەڵگە و ئایەتەکانی خوایان گۆڕییەوە ﴿ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ بەنرخێکی زۆر کەم ﴿فَصَدُّوا عَن سَبِيلِهِ﴾ ئەمجا بەرگرییان لەڕێگەی خوا کرد ﴿إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەڕاستی زۆر خراپ بوو ئەوەی ئەوان دەیانکرد ۝ ﴿لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ﴾ لەبەر چاو ناگرن دەربارەی هیچ بڕوادارێك ﴿إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾ هیچ خزمایەتی و سوێندو بەڵێنێك ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ﴾ وە هەر ئەوانە دەست درێژی کەرن ۝ ﴿فَإِن تَابُوا﴾ ئەمجا ئەگەر پەشیمان بوونەوە ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ و نوێژیان بەجێ هێنا ﴿وَآتَوُا الزَّكَاةَ﴾ و زەکاتیاندا ﴿فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ﴾ ئەوە براتانن لەئایینداو ﴿وَنُفَصِّلُ الْآيَاتِ﴾ وە ئێمە بەڵگەکان ڕوون دەکەینەوە ﴿لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بۆ گەلێك کەدەیزانن ۝ ﴿وَإِن نَّكَثُوا أَيْمَانَهُم﴾ بەڵام ئەگەر سوێندو پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە ﴿مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ﴾ پاش بەستنی پەیمانەکەیان ﴿وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ﴾ وە تەشەرو تانەیاندا لەئایینەکەتان ﴿فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ﴾ ئەوە بجەنگن لەدژی پێشەوایانی بێ باوەڕ ﴿إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ﴾ بەڕاستی ئەوانە هیچ جۆرە پەیمانێکیان نی یە ﴿لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ﴾ بەڵکو کۆتایی بێنن (بەبێ باوەڕی) ۝ ﴿أَلَا تُقَاتِلُونَ قَوْمًا﴾ ئایا ئێوە جەنگ ناکەن لەگەڵ گەلێکدا ﴿نَّكَثُوا أَيْمَانَهُمْ﴾ کەپەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە (پەیمانی حودەیبیە) ﴿وَهَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ﴾ و نیازی دەرکردنی پێغەمبەر ﷺیان کرد ﴿وَهُم بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ هەر ئەوانیش لەیەکەم جارەوە دەستیان کرد بەجەنگ لەگەڵ ئێوەدا ﴿أَتَخْشَوْنَهُمْ﴾ ئایا لێیان دەترسن ﴿فَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ﴾ (لەکاتێکدا) هەر خوا شایستەترە کەلێی بترسن ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ۝

﴿قَٰتِلُوهُمۡ﴾ (ئەی باوەڕداران) بیان کوژن ﴿يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ﴾ خوا بەدەستی ئێوە سزایان دەدات ﴿وَيُخۡزِهِمۡ﴾ و ڕیسوایان دەکات ﴿وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ﴾ و سەرتان دەخات بەسەریاندا ﴿وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾ و (خوا) سینەو دڵی کۆمەڵی بڕوادار خۆش دەکات ﴿١٤﴾ ﴿وَيُذۡهِبۡ غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡۚ﴾ و ڕق و خەشمی دڵەکانیان دادەمرکێنێ و ناهێڵێت ﴿وَيَتُوبُ ٱللَّهُ﴾ وە خوای گەورە تەوبە وەردەگرێ ﴿عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ﴾ لە هەر کەسێك کەبیەوێت ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای دانایە ﴿١٥﴾ ﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تُتۡرَكُواْ﴾ ئایا گومانتان وابوو کەوازتان لێ دەهێنرێت ﴿وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ﴾ لەکاتێکدا هێشتا خوا ئاشکرای نەکردووە ﴿ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ﴾ ئەوانەی تێکۆشان لەئێوە (لە پێناو خوادا) ﴿وَلَمۡ يَتَّخِذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە نەیان کردووەو هەڵیان نەبژاردووە جگە لەخوا ﴿وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ و پێغەمبەرەکەی و موسوڵمانان ﴿وَلِيجَةٗۚ﴾ بە هاوڕاز و جێی نهێنیان (دڵسۆزیان) ﴿وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ﴾ وە خوا ئاگایە بەهەرچی کەئێوە دەیکەن ﴿١٦﴾ ﴿مَا كَانَ لِلۡمُشۡرِكِينَ﴾ نابێت هاوبەشدانەران ﴿أَن يَعۡمُرُواْ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾ مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان بکەنەوە (و سەرپەرشتیان بکەن) ﴿شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلۡكُفۡرِۚ﴾ لەکاتێکدا خۆیان شاهیدن لەسەر خۆیان کە بێباوەڕن ﴿أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ﴾ ئەوانە کردەوەکانیان هەڵوەشاوەتەوە ﴿وَفِي ٱلنَّارِ هُمۡ خَٰلِدُونَ﴾ وە ئەوانە لەناو ئاگردا هەمیشەیین ﴿١٧﴾ ﴿إِنَّمَا يَعۡمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان دەکاتەوە ﴿مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ کەسێك کەبڕوای هێنابێت بەخوا ﴿وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ و بەڕۆژی دوایی ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ و نوێژەکانی بەجێ هێنابێت ﴿وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکاتی دابێت ﴿وَلَمۡ يَخۡشَ إِلَّا ٱللَّهَۖ﴾ و لە کەس نەترسا بێت بێجگە لەخوا ﴿فَعَسَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ﴾ جا بەڵکو ئەوانە ﴿أَن يَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ﴾ لەو کەسانە بن کە ڕێنموونیی کراون ﴿١٨﴾ ﴿أَجَعَلۡتُمۡ سِقَايَةَ ٱلۡحَآجِّ﴾ (ئەی بێباوەڕان) ئایا پێتان وایە ئاودان بەحاجییان ﴿وَعِمَارَةَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ﴾ و (سەرپەرشتی و) ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی حەرام (کەعبەی پیرۆز) ﴿كَمَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ وەکو کەسێکە کەباوەڕی هێنا بێت بەخوا ﴿وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ و بەڕۆژی دوایی ﴿وَجَٰهَدَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾ و تێکۆشا بێت لە ڕێی خوادا ؟ ﴿لَا يَسۡتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِۚ﴾ چوون یەك نین بەلای خوداوە (و یەکسان نین) ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا ڕێنموونی کۆمەڵی ستەمکاران ناکات ﴿١٩﴾ ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ﴾ ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە و کۆچیان کردووە ﴿وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ و تێکۆشاون لەڕێگای خوادا ﴿بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ﴾ بەماڵیان و بەگیانیان ﴿أَعۡظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ﴾ پلەیان بەرزترە لای خوا ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ﴾ وەهەر ئەوانە سەرکەوتوون (لە دونیا و دوا ڕۆژدا) ﴿٢٠﴾

﴿يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم﴾ پەروەردگاریان موژدەیان دەداتێ ﴿بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ﴾ بەمیهرەبانی و ڕەزامەندی
لەلایەن خۆیەوە ﴿وَجَنَّاتٍ لَّهُمْ﴾ هەروەها بەهەشتانێکیان بۆ هەیە ﴿فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ﴾ نازو نیعمەتی
بەردەوام و هەمیشەیی تێدایە ﴿٢١﴾ ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ دەمێننەوە تیایدا بەهەمیشەیی ﴿إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ
أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا پاداشتی هەرە گەورەی لایە ﴿٢٢﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی
کەبڕواتان هێناوە ﴿لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ﴾ باوك و براکانتان دامەنێن (هەڵمەبژێرن)
﴿أَوْلِيَاءَ﴾ بەدۆست و خۆشەویست ﴿إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ﴾ ئەگەر بێ باوەڕیان لەباوەڕ
لا خۆشەویسترو چاکتربوو ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ﴾ وە هەر کەس لەئێوە ئەوانە بکات بەدۆستی
خۆی ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ ئەوە هەر ئەوانە ستەم کارن ﴿٢٣﴾ ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ﴾ (ئەی
موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەگەر باوکانتان ﴿وَأَبْنَاؤُكُمْ﴾ وکوڕەکانتان ﴿وَإِخْوَانُكُمْ﴾ وبراکانتان
﴿وَأَزْوَاجُكُمْ﴾ وهاوسەرەکانتان ﴿وَعَشِيرَتُكُمْ﴾ وخزم وعەشرەتتان ﴿وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا﴾ ومال
و دارایی یەك (بە زەحمەت) پەیداتان کردووە ﴿وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا﴾ و بازرگانیەك
کەدەترسن بڕەوی نەبێت (بێ بازاڕبێت) ﴿وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا﴾ و خانوو بەرەیەك کەپێی ڕازین
﴿أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ خۆشەویست تر لاتان لەخوا پێغەمبەرەکەی ﴿وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ﴾
و تێکۆشان لەڕێگەکەیدا ﴿فَتَرَبَّصُوا﴾ ئەوە چاوەڕوان بکەن ﴿حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ﴾ هەتا خوا
فەرمان (و تۆڵە)ی خۆی دێنێت (بۆتان) ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ وە خوا ڕێنموونی
کەسانی تێپەڕ لەسنوور ناکات ﴿٢٤﴾ ﴿لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی خوا سەری خستن
﴿فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ﴾ لەزۆر جێگاو شوێندا ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ﴾ و لەڕۆژی حونەینیشدا (یارمەتی
دان) ﴿إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ﴾ کەبەزۆری خۆتاندا دەنازین ﴿فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا﴾ بەڵام (ئەو
زۆربە)هیچ سوودێکی نەبوو بۆتان ﴿وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ﴾ و زەویتان لەسەر تەنگ بوویەوە
﴿بِمَا رَحُبَتْ﴾ بەو فراوانیەی کەهەیەتی ﴿ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ﴾ پاشان پشتان کردە دوژمن و هەڵهاتن ﴿٢٥﴾
﴿ثُمَّ أَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ﴾ لەپاش ئەوە خوا ئارامی خۆی نارد ﴿عَلَىٰ رَسُولِهِ﴾ بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ﴿وَعَلَى
الْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ سەر بڕوادارانِ ﴿وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا﴾ وە سەربازانێکی (لەئاسمانەوە) نارد خوارەوە
کەئێوە نەتاندەبینین ﴿وَعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وەسزای بێ بڕواکانیشی دا (بەکوشتن و بریندار
و بەدیل گرتن) ﴿وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ﴾ ئەوەش سزای بێ باوەڕانە ﴿٢٦﴾

﴿ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ﴾ پاشان خوا خۆش دەبێت ﴿مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ﴾ لەپاش ئەوە ﴿عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ﴾ لە هەر کەسێك کە بیەوێت ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ وە خوا لێ بوردەی میهرەبانە ﴿٢٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەوانەی کەبڕواتان هێناوە ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ﴾ بێگومان هاوبەش دانەران پیسن ﴿فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ﴾ کەواتە با نزیکی مزگەوتی حەرام نەکەونەوە ﴿بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ﴾ پاش ئەم ساڵەیان (ئەو ساڵەی فەتحی مەککە کرا) ﴿وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ﴾ وەئەگەر لەنەبوونی ترسان ﴿فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەوە لەمەو پاش خوا دەوڵەمەندتان دەکات ﴿مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ﴾ لە چاکە و فەزڵ و بەهرەی خۆی ئەگەر ویستی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ﴾ بەڕاستی خوا زانای کاردروستە ﴿٢٨﴾ ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ﴾ جەنگ بکەن لەگەڵ ئەوانەی ﴿لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ کەبڕوا ناهێنن بەخوا ﴿وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ وە بەڕۆژی دوایی ﴿وَلَا يُحَرِّمُونَ﴾ وە بەحەرامی دانانێن ﴿مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ ئەوەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە ﴿وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ﴾ وە ملکەچ ناکەن بۆ ئایینی ڕاست و دروست (ئایینی ئیسلام) ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ لە ئەوانەی کتێبیان پێ بەخشراوە (مەبەست پێی گاور وجولەکەکانە) ﴿حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ﴾ هەتا باج و سەرانە دەدەن (بەدەوڵەتی ئیسلامی) ﴿عَن يَدٖ﴾ بەدەستی خۆیان و بەملکەچی ﴿وَهُمۡ صَٰغِرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان سەرشۆڕو ڕیسوان ﴿٢٩﴾ ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ﴾ جوولەکەکان ووتیان ﴿عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ﴾ عوزەیر کوڕی خوایە ﴿وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى﴾ و گاوورەکانیش ووتیان ﴿ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ﴾ مەسیح کوڕی خوایە ﴿ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ﴾ ئەوە ووتەی ئەوانە بەدەمی خۆیان دەیڵێن ﴿يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ﴾ وەك ووتەی ئەوانە دەڵێنەوە ﴿كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ﴾ کەپێشتر بێ بڕوا بوون ﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ﴾ خوا لەناویان بەرێت ﴿أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ چۆن درۆ دەکەن و لەهەق و ڕاستی لادەدەن ﴿٣٠﴾ ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ﴾ زانا و قەشەکانیان ﴿أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بەپەروەردگار لەجیاتی خوا ﴿وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ﴾ هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (یان کردوە بە خوا) ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ﴾ لە کاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە ﴿إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ﴾ بێجگە لەوەی کەیەك خوا بپەرستن ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ﴾ کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە بێجگە لەئەو ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ﴾ پاك و بێگەردی بۆ ئەو (خوا) یەی ﴿عَمَّا يُشۡرِكُونَ﴾ لەوەی دەیکەنە هاوبەشی ﴿٣١﴾

﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ﴾ دەیانەوێت ڕووناکی (ئایینی) خوا بکوژێننەوە ﴿بِأَفْوَٰهِهِمْ﴾ بەفووی دەمیان ﴿وَيَأْبَى ٱللَّهُ﴾ وە خوا نایەوێت و ناهێلێت ﴿إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ﴾ و هەر ڕووناکی خۆی (کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە) تەواو دەکات سەری دەخات (بەسەر تەواوی بێباوەڕاندا) ﴿وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ هەر چەندە بێ باوەڕان پێ یان ناخۆش بێت ﴿٣٢﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ﴾ خوا زاتێکە کەپێغەمبەرەکەی ناردووە ﴿بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ﴾ بە ڕێنموونی و ئایینی ڕاست ﴿لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ﴾ بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر هەموو ئایینەکاندا بە گشتی ﴿وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ﴾ هەر چەندە بت پەرستان پێان ناخۆش بێت ﴿٣٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی ئەوانەی کەبڕواتان هێناوە ﴿إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْأَحْبَارِ وَٱلرُّهْبَانِ﴾ بەڕاستی زۆر لەزاناو قەشەکانی (جوولەکەو گاوور) ﴿لَيَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ﴾ سامان و مالی خەڵکی دەخۆن بەناهەق ﴿وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وبەرگری (خەڵک) دەکەن لەڕێگەی خوا ﴿وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ﴾ وە ئەوانەی ئاڵتون و زیوو سەریەک دەنێن و کۆدەکەنەوە ﴿وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ و نایبەخشن و زەکاتەکەی دەرناکەن لە پێناو خودا ﴿فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەوە موژدەیان پێ بدە بەسزایەکی ئازاردەر ﴿٣٤﴾ ﴿يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا﴾ لە ڕۆژێکدا سوور دەکرێتەوە ﴿فِى نَارِ جَهَنَّمَ﴾ لەئاگری دۆزەخ دا ﴿فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ﴾ ئەوسا بەو (ئاڵتون و زیوە سوورەوە بووە) داخ دەکرێت ڕوویان ﴿وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ﴾ و تەنیشتیان و پشتیان ﴿هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ﴾ (پێیان دەووترێت) ئەمە ئەو (سامانەیە) کۆتان دەکردەوە بۆ خۆتان ﴿فَذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ﴾ دەبچێژن (تۆڵەی) ئەوەی کۆتان دەکردەوە ﴿٣٥﴾ ﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی ژمارەی مانگەکان (ی ساڵ) لای خوا ﴿ٱثْنَا عَشَرَ شَهْرًا﴾ دوانزە مانگە ﴿فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ﴾ لە (لوح المحفوظ) وا دانراوە ﴿يَوْمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ لەڕۆژێکەوە (خوا) ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ﴾ چوار لەو مانگانە گەورەو بەڕێزن (شەڕیان تێدا قەدەغەکراوە) ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾ ئەوە ئایینی ڕێک و ڕاستە ﴿فَلَا تَظْلِمُوا۟ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ کەواتە لەو چوار مانگەدا ستەم مەکەن لەخۆتان (وکوشتاریان تێدا مەکەن) ﴿وَقَٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً﴾ وە بجەنگن لەدژی تەواوی بت پەرستان بەتێکڕا ﴿كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً﴾ هەروەک ئەوان دژی ئێوە دەجەنگن بە تێکڕا و (بێ جیاوازی) ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟﴾ ئەوەش بشزانن ﴿أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ کە بێگومان خوا لەگەڵ پارێزکاران وخواناساندایە (بە چاودێری و پاراستن) ﴿٣٦﴾

﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ﴾ بەراستی دواخستن و گۆڕینی (مانگە حەرامەکان) ﴿زِيَادَةٌ فِي ٱلْكُفْرِ﴾ ڕۆچوونە لەبێ باوەڕیی دا ﴿يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێ باوەڕانی پێ گومڕا دەکرێت ﴿يُحِلُّونَهُۥ عَامًا﴾ (دواخستنەکە) سالێك حەلاڵی دەکەن ﴿وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا﴾ و سالێك حەرامی دەکەن ﴿لِّيُوَاطِـُٔوا۟ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ﴾ بۆ ئەوەی ڕێك بین لەگەڵ ژمارەی ئەو چوار مانگەی کەخوا ڕێزداری کردوون (جەنگی تێیاندا حەرام کردووە) ﴿فَيُحِلُّوا۟ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ﴾ سەر ئەنجام ئەوەی خوا حەرامی کردبوو حەلاڵی دەکەن ﴿زُيِّنَ لَهُمْ﴾ جوان کراوە بۆیان ﴿سُوٓءُ أَعْمَـٰلِهِمْ﴾ کردەوە ناشیرینەکانیان ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾ خواش ڕێنموونی کەسانی بێ باوەڕ ناکات ﴿٣٧﴾ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿مَا لَكُمْ﴾ ئێوە چیتانە ﴿إِذَا قِيلَ لَكُمُ﴾ کاتێك پێتان بووترێت ﴿ٱنفِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ دەرچن (بۆ جیهاد) لەڕێی خوادا ﴿ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ﴾ لەشوێنی خۆتان ناجوڵێن (خۆتان دوا دەخەن) ﴿أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْـَٔاخِرَةِ﴾ ئایا ئێوە ڕازین بەم ژیانەی دونیا لەبری پاشەڕۆژ ﴿فَمَا مَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ دەی کامەیە خۆشی و شادیی ئەم ژیانەی دونیا ﴿فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ لەبەرامبەری خۆشی پاشەڕۆژدا زۆر کەمە ﴿٣٨﴾ ﴿إِلَّا تَنفِرُوا۟﴾ ئەگەر نەڕۆن و دەرنەچن (بۆ جیهادکردن) ﴿يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ (خوا) سزاتان دەدا بەسزایەکی سەخت و ئازاردەر ﴿وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ وەلەبری ئێوە گەلێکی تر دەهێنێت (جیاواز لەئێوە) ﴿وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْـًٔا﴾ و ئێوە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنن ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە خوا بەتوانایە بەسەر هەموو شتێك دا ﴿٣٩﴾ ﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ﴾ ئەگەر ئێوە یارمەتی ئەو (پێغەمبەرە ﷺ) نەدەن ﴿فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ﴾ ئەوە بێگومان خوا یارمەتی داوە ﴿إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ کاتێك بێ بڕوایان دەریان کرد لەمەککە ﴿ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ﴾ پێغەمبەر یەکێك بوو لەدوو کەسە ﴿إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ﴾ کاتێك ئەو دووانە (پێغەمبەرو ئەبو بەکر) لەئەشکەوتی (ثور) دابوون ﴿إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ﴾ ئەو کاتەبەهاوەڵەکەی (بەئەبوبەکری صدیقی) ووت ﴿لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا﴾ خەم مەخۆ بێگومان خوا لەگەڵمانە ﴿فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ﴾ ئەمجا خوا ئارامی و ئاسایشی بۆ نارد خوارەوە ﴿وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا﴾ وە یارمەتی دا بەسەربازانێك کە نەتاندەبینین ﴿وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ووتەی بێ باوەڕانی گێڕا ﴿ٱلسُّفْلَىٰ﴾ بەژێر کەوتوو ﴿وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ﴾ و ووتەی خوا ﴿هِىَ ٱلْعُلْيَا﴾ هەر بەرز و بڵندە ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زاڵی بااڵدەستی کاردروستە ﴿٤٠﴾

﴿ٱنفِرُوا۟ خِفَافًا﴾ بڕۆن و دەرچن (بۆ جیهاد) چ سووك بن (لەش ساغ و دەوڵەمەند و دەسەلاتداربن) ﴿وَثِقَالًا﴾ چ قورس و گران بن (نەخۆش و هەژاربن) ﴿وَجَٰهِدُوا۟﴾ و تێبکۆشن ﴿بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ﴾ بەماڵ و گیانتان ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێگەی خوادا ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوەتان چاکترە بۆتان ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بزانن ﴿٤١﴾ ﴿لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا﴾ ئەگەر دەست کەوتێکی نزیك ﴿وَسَفَرًا قَاصِدًا﴾ و سەفەرێکی ئاسان بوایە ﴿لَّٱتَّبَعُوكَ﴾ ئەوا شوێنت دەکەوتن (دەردەچوون لەگەڵتا) ﴿وَلَٰكِم بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ ٱلشُّقَّةُ﴾ بەڵام (بڕینی) ڕێگەی دوورو دژوار (ی جەنگی تەبووك) بۆ ئەوان ناڕەحەتە ﴿وَسَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ﴾ وە بێگومان (پاش گەڕانەوەتان لەتەبووك) سوێند دەخۆن بەخوا ﴿لَوِ ٱسْتَطَعْنَا﴾ ئەگەر بمانتوانیایە ﴿لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ﴾ لەگەڵتان دەردەچووین (بۆ جیهاد) ﴿يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ﴾ ئەوانە خۆیان دەفەوتێنن ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾ وە خوا دەزانێ بەڕاستی ئەو(دوو ڕووانە) درۆزنن ﴿٤٢﴾ ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) خوا لێت ببوورێت ﴿لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ﴾ لەبەرچی مۆڵەتی ئەو (دوو ڕوانەت) دا ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ﴾ هەتا بۆت دەرکەوێت ﴿ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟﴾ ئەوانەی کەڕاستیان کرد ﴿وَتَعْلَمَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ وە درۆزنەکان بناسیت ﴿٤٣﴾ ﴿لَا يَسْتَـْٔذِنُكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) مۆڵەتت لێ وەرناگرن (بۆ ئەوەی خۆیان دوا بخەن لە جیهادکردن) ﴿ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە بەخوا ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ و بەڕۆژی دوایی ﴿أَن يُجَٰهِدُوا۟﴾ کەتێبکۆشن ﴿بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ بەماڵ و گیانیان ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُتَّقِينَ﴾ وە خوا ئاگاو زانایە بەخۆ پارێزەران ﴿٤٤﴾ ﴿إِنَّمَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە مۆڵەتت لێ وەردەگرن (کە نەیەن بۆ جیهاد کردن) ﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ کە بڕوایان نی یە بەخوا و بە ڕۆژی دوایی ﴿وَٱرْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ و دڵەکانیان لە گومان و دوو دڵی دایە ﴿فَهُمْ فِى رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ﴾ بۆیە ئەوانە لە گومان و دوودڵی خۆیاندا سەرگەردانن ﴿٤٥﴾ ﴿وَلَوْ أَرَادُوا۟ ٱلْخُرُوجَ﴾ ئەگەر بیان ویستایە دەربچن (بۆ جیهادکردن) ﴿لَأَعَدُّوا۟ لَهُۥ عُدَّةً﴾ ئەوە هێزو کەرەستەی پێویستیان بۆ ئامادە دەکرد (لەچەك و وولاخ وتفاقی جەنگ) ﴿وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ﴾ بەڵام خوا دەرچوونی ئەوانی پێ ناخۆش بوو ﴿فَثَبَّطَهُمْ﴾ بۆیە (خوا) خاوی کردنەوە (لەدەرچوون بۆ جیهاد) ﴿وَقِيلَ ٱقْعُدُوا۟﴾ پێیان ووترا دانیشن ﴿مَعَ ٱلْقَٰعِدِينَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی ماوانەتەوە ﴿٤٦﴾ ﴿لَوْ خَرَجُوا۟ فِيكُم﴾ ئەگەر لەگەڵتانەدا دەرچوونایە ﴿مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا﴾ هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەدەکردن بێجگە لە تێکدان و خراپەکاری نەبێت ﴿وَلَأَوْضَعُوا۟ خِلَٰلَكُمْ﴾ و بێوان ئێوەیان تێکدەدا (بەدوو زمانی و هاتو هوت) ﴿يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ﴾ ئاژاوەیان بۆ دەنانەوە ﴿وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ﴾ وە لەناو ئێوەدا خەڵکانێك هەن چاك گوێیان لێ دەگرن ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە خوا بەئاگا و زانایە بەستەم کاران ﴿٤٧﴾

﴿لَقَدِ ٱبْتَغَوُا۟ ٱلْفِتْنَةَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی دەستیان دابوویە ئاژاوە (و بشێوی) ﴿مِن قَبْلُ﴾ لەمەو پێش ﴿وَقَلَّبُوا۟ لَكَ ٱلْأُمُورَ﴾ و جۆرەها فەرمان و پیلانیان بۆ (لاوازکردن) ت بەکارهێنا ﴿حَتَّىٰ جَآءَ ٱلْحَقُّ﴾ هەتا ڕاستی هات ﴿وَظَهَرَ أَمْرُ ٱللَّهِ﴾ وە کارو فەرمانی خوا سەرکەوت ﴿وَهُمْ كَٰرِهُونَ﴾ کە ئەوان پێیان ناخۆش بوو ﴿٤٨﴾ ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ﴾ وە هەندێ کەس لەوانە دەڵێن ﴿ٱئْذَن لِّى﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) ڕوخسەتم بدە (با نەیەم بۆ جیهادکردن) ﴿وَلَا تَفْتِنِّى﴾ و تووشی گوناهو خراپەم مەکە ﴿أَلَا فِى ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟﴾ ئاگادارین (لەئێستەوە) کەوتوونەتە ناو گوناهو خراپەوە ﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ﴾ و بێگومان دۆزەخ دەوری بێ باوەڕانی داوە ﴿٤٩﴾ ﴿إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ﴾ ئەگەر بەهرەو چاکە و سەرکەوتن بێتەڕێگات ﴿تَسُؤْهُمْ﴾ ناڕەحەت و غەمبار دەبن ﴿وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ﴾ وە ئەگەر ناڕەحەتی و تێشکانت تووش بێت ﴿يَقُولُوا۟﴾ (بەکەشخەوە) دەڵێن ﴿قَدْ أَخَذْنَآ أَمْرَنَا﴾ بەڕاستی ئێمە کاری خۆمان کرد ﴿مِن قَبْلُ﴾ لەمەو پێش ﴿وَيَتَوَلَّوا۟ وَّهُمْ فَرِحُونَ﴾ جا ڕوو وەردەگێڕن بەخۆشحاڵی و شادمانی یەوە ﴿٥٠﴾ ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هیچمان تووش نابێت ﴿إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا﴾ جگە لەوەی کەخوا نوسیویەتی بۆمان ﴿هُوَ مَوْلَىٰنَا﴾ خوا پشتیوانی ئێمەیە ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ وە بڕواداران با تەنها پشت بەخوا ببەستن ﴿٥١﴾ ﴿قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ﴾ (پێیان) بڵێ: ئایا چاوەڕوانی چی دەکەن بۆ ئێمە ﴿إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِ﴾ بێجگەلە یەکێك لەدوو شتە زۆر چاکە کە (سەرکەوتن یان شەهید بوون لە پێناو خوادا) ﴿وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ﴾ ئێمەش چاوەڕوانین بۆ ئێوە ﴿أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ﴾ کەخوا دووچارتان بکات ﴿بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِۦٓ﴾ بەسزایەك لەلایەن خۆیەوە ﴿أَوْ بِأَيْدِينَا﴾ یان بەدەستی ئێمە ﴿فَتَرَبَّصُوٓا۟﴾ کەواتە چاوەڕوانی بکەن ﴿إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ﴾ بێگومان ئێمە لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانین ﴿٥٢﴾ ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ﴿أَنفِقُوا۟ طَوْعًا﴾ مالّ ببەخشن بەخۆشی خۆتان ﴿أَوْ كَرْهًا﴾ یان بەزۆر و ناچاری ﴿لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمْ﴾ هەرگیز لێتان وەرناگیرێت ﴿إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْمًا فَٰسِقِينَ﴾ چونکە بەڕاستی ئێوە کۆمەڵێکی لەسنوور دەرچوو بوون ﴿٥٣﴾ ﴿وَمَا مَنَعَهُمْ﴾ وە هیچ شتێك بەرگری ئەوانەی نەکردووە ﴿أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ﴾ کە گیرا بکرێت لێ یان ﴿نَفَقَٰتُهُمْ﴾ ئەوەی کە بەخشییان ﴿إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُوا۟﴾ بێجگە لەوەی کە بێگومان ئەوانە بێ باوەڕبوون ﴿بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ﴾ بەخوا و پێغەمبەرەکەی ﴿وَلَا يَأْتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نایەن بۆ نوێژکردن ﴿إِلَّا وَهُمْ كُسَالَىٰ﴾ بەتەمەڵی نەبێت ﴿وَلَا يُنفِقُونَ﴾ وە (هیچیشك) نابەخشن ﴿إِلَّا وَهُمْ كَٰرِهُونَ﴾ تێلا پێیان ناخۆشە و ناچارن ﴿٥٤﴾

﴿فَلَا تُعْجِبْكَ﴾ جا با سەرنجت ڕانەکێشێت (سەرسامت نەکات) ﴿أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ﴾ (زۆری) مال و دارایی و منداڵیان ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ بێگومان خوا دەیەوێت ﴿لِيُعَذِّبَهُم﴾ سزایان بدات ﴿بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ بەهۆی ئەو (مال و منداڵەوە) لەم ژیانی دونیایەدا ﴿وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ﴾ وە بەسەختی گیانیان دەربچێت ﴿وَهُمْ كَٰفِرُونَ﴾ لەکاتێکدا کەئەوان بێ باوەڕن ﴿٨٥﴾ ﴿وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ﴾ وە سوێند دەخۆن بەخوا ﴿إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ﴾ کەبەڕاستی ئەوان لەئێوەن (لە باوەڕدارانن) ﴿وَمَا هُم مِّنكُمْ﴾ کەچی لەئێوە نین ﴿وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ﴾ بەڵکو ئەوانە کۆمەڵێکن زۆر دەترسن (زراویان چووە) ﴿٨٦﴾ ﴿لَّوْ يَجِدُونَ مَلْجَـًٔا﴾ ئەگەر پەنایەکیان دەست کەوێت ﴿أَوْ مَغَٰرَٰتٍ﴾ یان ئەشکەوتانێك ﴿أَوْ مُدَّخَلًا﴾ یان کون و قوژبن و نەفەقێك ﴿لَّوَلَّوْا إِلَيْهِ﴾ پەنای بۆ دەبەن و(ڕووی تێدەکەن) ﴿وَهُمْ يَجْمَحُونَ﴾ لەکاتێکدا زۆر بەپەلە ڕادەکەن (یا هیچ شتێك جڵەویان ناگرێت) ﴿٨٧﴾ ﴿وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ﴾ وەهەندێ کەس لەوانە ڕەخنەو توانجت لێ دەگرن ﴿فِى ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ لەدابەش کردنی خێرەکاندا ﴿فَإِنْ أُعْطُوا۟ مِنْهَا﴾ خۆ ئەگەر لەو خێر و سەدەقەیان پێ بدرێت ﴿رَضُوا۟﴾ ڕازی دەبن ﴿وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا۟ مِنْهَآ﴾ وە ئەگەر پێیان نەدرێ لێی ﴿إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ﴾ ئەو کاتە ئەوان تووڕەو ناڕازی دەبن ﴿٨٨﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا۟﴾ وە بەڕاستی ئەگەر ئەوانە ڕازی بوونایە ﴿مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ بەوەی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ پێی دابوون ﴿وَقَالُوا۟﴾ وەبیان ووتایە ﴿حَسْبُنَا ٱللَّهُ﴾ خوامان بەسە ﴿سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ﴾ لەمەو پاش خوا پێمان دەبەخشێت ﴿مِن فَضْلِهِۦ﴾ لە فەزڵ ومیهرەبانی خۆی ﴿وَرَسُولُهُۥٓ﴾ هەروەها پێغەمبەرەکەشی (بەشمان دەدا) ﴿إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە بەسۆزو پەرۆشین بۆ لای خوا ﴿٨٩﴾ ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ﴾ بەڕاستی (زەکات) دان تەنها (بۆ ئەم کومەڵانەیە کە خوای گەورو باسی کردوون) ئەوانیش ﴿لِلْفُقَرَآءِ﴾ بۆ بێنەوایان ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ﴾ وە بۆ هەژاران ﴿وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا﴾ و ە بۆکرێکارانێك کەبەسەریەوەن (کۆی دەکەنەوە) ﴿وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ﴾ وە ئەوانەی دڵیان دا ئەهێنرێت (بۆ خۆشویستنی ئیسلام) ﴿وَفِى ٱلرِّقَابِ﴾ وە بۆ ئازاد کردنی بەندەو کۆیلەکان ﴿وَٱلْغَٰرِمِينَ﴾ وە بۆ قەرزاران ﴿وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وە بۆ جەنگاوەرانی ڕێی خودا ﴿وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ و بۆ ڕێبوارانی پەککەوتە ﴿فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ﴾ ئەمە پێویست کراوە وفەرزکراوە لەلایەن خواوە ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای کاردروستە ﴿٩٠﴾ ﴿وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ﴾ وە لەو ناپاکانەدا کەسانێك هەیە ﴿يُؤْذُونَ ٱلنَّبِىَّ﴾ کە ئازاری پێغەمبەر ﷺ دەدەن ﴿وَيَقُولُونَ﴾ و دەڵێن ﴿هُوَ أُذُنٌ﴾ ئەو خۆش باوەڕو گوێ گرە بۆ هەموو شت ﴿قُلْ﴾ تۆش بڵێ ﴿أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ﴾ گوێ گری چاکەیە (کە قازانجە) بۆتان ﴿يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ﴾ باوەڕی هەیە بەخوا ﴿وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ و باوەڕی بەئیمانداران هەیە ﴿وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ﴾ و میهرەبانی یە بۆ ئەوانەی ﴿ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ﴾ بڕوایان هێناوە لە ئێوە ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ﴾ وە ئەوانەی کە ئازاری پێغەمبەری خوا ﷺ دەدەن ﴿لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزایەکی ئازاردەریان بۆ هەیە ﴿٩١﴾

﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ﴾ (ناپاکان) بەخوا سوێندتان بۆ دەخۆن ﴿لِيُرْضُوكُمْ﴾ بۆ ئەوەی لێبیان
ڕازی بن ﴿وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ﴾ وە خواو پێغەمبەرەکەی ﴿أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ﴾ شایستە ترە بەوەی کەڕازی بکەن
﴿إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئەوانە بڕوادارن ﴿٦٢﴾ ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا﴾ ئایا ئەوانە نازانن ﴿أَنَّهُ مَنْ يُحَادِدِ
اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ بێگومان هەرکەس دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ﴿فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ﴾ ئەوە
بێگومان (تۆڵەی) ئەو کەسە ئاگری دۆزەخە ﴿خَالِدًا فِيهَا﴾ بۆ هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە ﴿ذَٰلِكَ
الْخِزْيُ الْعَظِيمُ﴾ ئەوەیە ڕیسوایی و زەبوونی زۆر گەورە ﴿٦٣﴾ ﴿يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ﴾ دوو ڕووەکان
مەترسی دەکەن ﴿أَنْ تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ﴾ لەوەی کە سورەتێك دەربارەیان بنێرێتە خوارەوە ﴿تُنَبِّئُهُمْ﴾
کە هەواڵیان لەسەربدات ﴿بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ﴾ بەوەی کەلە دڵیان دایە ﴿قُلِ اسْتَهْزِئُوا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ
بڵێ: گاڵتە و لاقرتی بکەن ﴿إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَا تَحْذَرُونَ﴾ بەڕاستی خوا دەرخەرو ئاشکراکاری
ئەوەیە کەمەترسی لێ دەکەن ﴿٦٤﴾ ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ﴾ سوێندیێ ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت ﴿لَيَقُولُنَّ﴾
بەڕاستی دەڵێن ﴿إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ دڵنیابن ئێمە هەر دەمەتەقێ و گاڵتە دەکەین ﴿قُلْ﴾ تۆش
بڵێ: ﴿أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ﴾ ئایا بەخواو بەڵگەکانی ﴿وَرَسُولِهِ﴾ و پێغەمبەرەکەی ﴿كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ﴾
ئێوە گاڵتەو لاقرتیتان دەکەن؟ ﴿٦٥﴾ ﴿لَا تَعْتَذِرُوا﴾ بەهانە مەهێننەوە ﴿قَدْ كَفَرْتُمْ﴾ بەڕاستی ئێوە بێ بڕوا
بوونەوە ﴿بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ پاش بڕوا هێنانتان ﴿إِنْ نَعْفُ﴾ ئەگەر ببورین و چاوپۆشی بکەین ﴿عَنْ طَائِفَةٍ
مِنْكُمْ﴾ لەکۆمەڵ و تاقمێکتان (بەهۆی گەڕانەوەتانەوە) ﴿نُعَذِّبْ طَائِفَةً﴾ سزای کۆمەڵ و تاقمێکی تر
دەدەین ﴿بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ﴾ لەبەرئەوەی بێگومان ئەوانە تاوانبار بوون ﴿٦٦﴾ ﴿الْمُنَافِقُونَ﴾ پیاوانی
دووڕوو ﴿وَالْمُنَافِقَاتُ﴾ و ئافرەتانی دوو ڕوو ﴿بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾ هەندێکیان پشتیوانی هەندێکیانن
﴿يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ﴾ فەرمان دەکەن بە خراپە ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ﴾ و بەرگری دەکەن لە چاکە
﴿وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ﴾ و دەستیان دەقوچن (وخێر ناکەن) ﴿نَسُوا اللَّهَ﴾ خوایان لەبیر چۆتەوە ﴿فَنَسِيَهُمْ﴾
بۆیە خواش لەبیری کردوون و وازی لێ هێناون ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ﴾ بەڕاستی دووڕووەکان هەر ئەوانن
﴿الْفَاسِقُونَ﴾ کەدەرچوون لەسنوور ﴿٦٧﴾ ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ﴾ خوا بەڵێنی داوە بە پیاوو
ئافرەتە دووڕووەکان ﴿وَالْكُفَّارَ﴾ و بەبێ باوەڕانیش ﴿نَارَ جَهَنَّمَ﴾ بە ئاگری دۆزەخ ﴿خَالِدِينَ
فِيهَا﴾ دەمێننەوە تیایدا بە هەمیشەیی ﴿هِيَ حَسْبُهُمْ﴾ ئاگری دۆزەخیان بەسە ﴿وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ﴾ و خوا
نەفرینی لێ کردوون ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ﴾ و سزای هەمیشەییان بۆ هەیە ﴿٦٨﴾

﴿كَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ (ئێوە ئەی دووڕووەکان) وەك ئەوانەن لەپێش ئێوەدا بوون ﴿كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً﴾ ئەوانە زۆر بەهێزتر بوون لەئێوە ﴿وَأَكْثَرَ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا﴾ و مالّ و سامان و منداڵیشیان زۆرتر بوو (لەئێوە) ﴿فَٱسْتَمْتَعُوا۟ بِخَلَٰقِهِمْ﴾ ئەمجا ئەوان شادمان بوون بەشی خۆیان ڕایان بوارد ﴿فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ﴾ وەئێوەش ڕاتان بواردو شادمان بوون بەبەشەکەی خۆتان ﴿كَمَا ٱسْتَمْتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم﴾ هەرچۆنێك ئەوانەی لەپێش ئێوە شادمان بوون ﴿بِخَلَٰقِهِمْ﴾ بەبەشی خۆیان ﴿وَخُضْتُم﴾ وە ئێوە ڕۆچوون لەناهەق و بەتاڵدا ﴿كَٱلَّذِى خَاضُوٓا۟﴾ بەوێنەی ڕۆچوونی ئەوان ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ﴾ ئەوانە کردەوەکانیان پوچەڵ و بێسوود بوو ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لەدونیاو ڕۆژی دواییشدا ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ وە هەر ئەوانەن زەرەرمەندو ڕەنجەڕۆن ﴿٦٩﴾ ﴿أَلَمْ يَأْتِهِمْ﴾ ئایا نەهاتووە بۆیان و پێ یان نەگەیشتووە ﴿نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ هەواڵی ئەوانەی کەلەپێش ئەمانەوە بوون ﴿قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ﴾ لەگەلی نووح وعاد ﴿وَثَمُودَ﴾ و سەموود (هۆزی صالح) ﴿وَقَوْمِ إِبْرَٰهِيمَ﴾ وە گەلی ئیبراهیم ﴿وَأَصْحَٰبِ مَدْيَنَ﴾ و خەڵکی مەدیەن ﴿وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتِ﴾ و شارەکانی ژێرو زەبەر کراو (هۆزی لووط) ﴿أَتَتْهُمْ رُسُلُهُم﴾ پێغەمبەرەکانیان هاتن بۆ ناویان ﴿بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ بەبەڵگە ڕوونەکانەوە ﴿فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ جا خوا ستەمی لێ نەکردن ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو ئەوانە خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد ﴿٧٠﴾ ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ﴾ پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار ﴿بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ هەندێکیان پشتوان و یارمەتی دەرو خۆشەویستی هەندێکی تریانن ﴿يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ فەرمان دەدەن بەچاکە ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ و بەرگری دەکەن لەخراپە ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ و بەڕێك و پێکی نوێژ جێ بەجێ دەکەن ﴿وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ و زەکات(ی سامانیان) دەدەن ﴿وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ وە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەوانە لەداهاتوودا خوا ڕەحمیان پێدەکات ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا بەدەسەڵاتی کار دروستە ﴿٧١﴾ ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ﴾ خوا بەڵێنی داوە ﴿ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ بە پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار ﴿جَنَّٰتٍ﴾ بە بەهەشتانێك ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کەڕوبارەکان دەڕۆن بەژێریاندا ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً﴾ و (بەڵێنی پێ داوون) بەچەند کۆشکی چاك و ڕازاوە ﴿فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ﴾ لە بەهەشتانێکی هەمیشەیی دا ﴿وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ و ڕەزامەندیش لەلایەن خواوە کە گەورەترە (لە هەموو شتێك) ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ هەر ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿٧٢﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ﴾ جیهاد بکە دژی بێ باوەڕان ﴿وَٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ ودووڕووەکان ﴿وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾ وە توندو تیژ بەلەدژیان ﴿وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ﴾ شوێنی حەوانەوەی ئەوانە دۆزەخە ﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ کە دواڕۆژو چارە نوسێکی خراپە ﴿٧٣﴾ ﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ﴾ (دووڕووەکان) سوێند دەخۆن بەخوا ﴿مَا قَالُوا۟﴾ (ئەو ووتانەی دراوەتە پاڵیان) نەیان ووتووە ﴿وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ﴾ سوێندبەخوا بێگومان ووتەی بێ باوەڕییان ووتووە ﴿وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ﴾ وەبێ بڕوابوونەتەوە لەپاش موسوڵمان بوونیان ﴿وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟﴾ و نیازی شتێکیان بوو بەڵام بۆیان نەکرا (کوشتنی پێغەمبەر ﷺ کاتی گەڕانەوەی لەتەبووك) ﴿وَمَا نَقَمُوٓا۟﴾ وە هیچ ڕەخنەو ڕقێکیان نەبوو ﴿إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە خواو پێغەمبەرەکەی(وبڕوادارانیان) دەوڵەمەند کردوە ﴿مِن فَضْلِهِۦ﴾ لە فەزڵ و بەهرەی خۆی ﴿فَإِن يَتُوبُوا۟﴾ ئەمجا ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە وپەشیمان ببنەوە ﴿يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ﴾ ئەوە چاکترە بۆیان ﴿وَإِن يَتَوَلَّوْا۟﴾ وە ئەگەر ڕوو وەر گێڕن و(نەگەڕێنەوە) ﴿يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەوە خوا سزایان دەدات ﴿عَذَابًا أَلِيمًا﴾ بەسزایەکی سەخت ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لەدونیاو پاشەڕۆژدا ﴿وَمَا لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە لەزەوی دانی یە بۆ ئەوان ﴿مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ هیچ دۆست و یارمەتی دەرێك ﴿٧٤﴾ ﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ﴾ وەلەناپاکان کەسانێك هەن کەپەیمانیان داوەبەخوا ﴿لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر خوا لە فەزڵ و بەهرەی خۆی پێمان ببەخشێت ﴿لَنَصَّدَّقَنَّ﴾ ئەوە بێگومان خێر وچاکە دەکەین ﴿وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە بێگومان لە چاکەکاران دەبین ﴿٧٥﴾ ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ﴾ کەچی کاتێك خوا لە فەزڵ و بەهرەی خۆی پێی بەخشین ﴿بَخِلُوا۟ بِهِۦ﴾ ڕژدی و چرووکیان تێداکرد ﴿وَتَوَلَّوا۟﴾ و پشتیان هەڵکرد ﴿وَّهُم مُّعْرِضُونَ﴾ لە کاتێکدا ئەوانە ڕوو وەر گێڕن ﴿٧٦﴾ ﴿فَأَعْقَبَهُمْ﴾ ئەمجا خواش سەرئەنجامی ئەوانی گێڕا ﴿نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ﴾ بەدوو ڕوویی لەدڵیاندا ﴿إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ﴾ هەتا ئەو ڕۆژەی بەدیداری (خوا) دەگەن ﴿بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ﴾ بەهۆی نەبرد نەسەری ئەو بەڵێنەی کەدابوویان بەخوا ﴿وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ﴾ و بەهۆی ئەوە شەوە درۆیان دەکرد ﴿٧٧﴾ ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟﴾ ئایا نەیان زانیوە ﴿أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ﴾ کەبێگومان خوا ئاگادارە ﴿سِرَّهُمْ﴾ بەنهێنی ﴿وَنَجْوَىٰهُمْ﴾ و چپەیان ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾ بەڕاستی خوا ئەوپەڕی ڕادە ئاگاو زانایە بەشاراوەو پەنهانەکان ﴿٧٨﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ﴾ ئەو کەسانەی کەتانەو تەشەر دەدەن ﴿ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ لەو باوەڕدارانەی جگەلە زەکات مالّ و سامانیان دەبەخشن ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ﴾ وە(تانە وتەشەر دەدەن) لەوانەی کەتەنها کەمێکیان هەیە بەزەحمەت پەیدایان کردووە ﴿فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ﴾ ئەوسا هەر گاڵتەشیان پێ دەکەن ﴿سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ﴾ خوا گاڵتە بەوان دەکات (لەبەرامبەر گاڵتەی ئەواندا) ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ و سزای سەخت بۆ ئەوانە ﴿٧٩﴾

﴿أَسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) داوای لێبوردونیان بۆ بکەیت ﴿أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ یان داوای لێبوردونیان بۆ نەکەیت (یەکسانە) ﴿إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ ئەگەر داوای لێبوردونیان بۆ بکەیت ﴿سَبْعِينَ مَرَّةً﴾ حەفتا جار ﴿فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ﴾ ئەوە خوا هەرگیز لێیان نابوورێت ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەوەش ﴿بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟﴾ بەهۆی ئەوەیە بێگومان ئەوانە بێ باوەڕ بوون ﴿بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ بەخوا و پێغەمبەرەکەی ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ وە خوا ڕێنمووننیی خەڵکانی دەرچوو لەئایین ناکات ﴿٨٠﴾ ﴿فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ﴾ (ئەو دوو ڕووانەی) دواکەوتن لە جیهاد کردن و (لەمەدینەدا مابوونەوە) دڵ خۆش بوون ﴿بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ﴾ بەدانیشتن و بەجێمانیان لە پێغەمبەری خوا (لەجەنگی تەبووك دا) ﴿وَكَرِهُوٓا۟ أَن يُجَٰهِدُوا۟﴾ وە پێیان ناخۆش بوو کەجیهاد بکەن و تێکۆشن ﴿بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ بەماڵ و گیانیان ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێی خوادا ﴿وَقَالُوا۟﴾ (بەئیماندارانیان) دەووت ﴿لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ﴾ لەم (وەرزە) گەرمایەدا دەرمەچن بۆ جیهاد ﴿قُلْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) پێی: ﴿نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا﴾ ئاگری دۆزەخ زۆر گەرم تەرە (لەم گەرمایە) ﴿لَّوْ كَانُوا۟ يَفْقَهُونَ﴾ ئەگەر ئەوانە تێ بگەن و بزانن ﴿٨١﴾ ﴿فَلْيَضْحَكُوا۟ قَلِيلًا﴾ دەی با کەم پێ بکەنن ﴿وَلْيَبْكُوا۟ كَثِيرًا﴾ و زۆر بگرین ﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ (ئەو سزایە) تۆڵەو پاداشتی ئەو کردەوانەیە کەدەیان کرد ﴿٨٢﴾ ﴿فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ﴾ ئەوسا ئەگەر خوا تۆی گەڕاندەوە (ئەی موحەممەد ﷺ لەتەبووك) ﴿إِلَىٰ طَآئِفَةٍ مِّنْهُمْ﴾ بۆلای کۆمەڵێك لەو بەجێ ماوانە ﴿فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ﴾ و داوایان لێ کردیت بۆ دەرچوون (بۆ غەزایەکی تر) ﴿فَقُلْ﴾ تۆش پێی: ﴿لَن تَخْرُجُوا۟ مَعِىَ أَبَدًا﴾ هەرگیز ئێوە لەگەڵ مندا دەرناچن بۆ جیهاد ﴿وَلَن تُقَٰتِلُوا۟ مَعِىَ عَدُوًّا﴾ و هەرگیز ئێوە لەگەڵ مندا جەنگ ناکەن لەگەڵ هیچ دوژمنێکدا ﴿إِنَّكُمْ رَضِيتُم﴾ چونکە بێگومان ئێوە ڕازی بوون ﴿بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ بەدانیشتن لەیەکەم جاردا ﴿فَٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْخَٰلِفِينَ﴾ کەوانە هەر دانیشن لەگەڵ بەجێ ماوانەدا ﴿٨٣﴾ ﴿وَلَا تُصَلِّ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) تۆ نوێژ مەکە ﴿عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ﴾ لەسەر هیچ کەس لەوانە کەمرد ﴿أَبَدًا﴾ هەتا هەتایە ﴿وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ﴾ وە ڕامەوەستە لەسەر گۆڕەکەی ﴿إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟﴾ بێگومان ئەوانە بێ باوەڕ بوون ﴿بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ بەخوا و پێغەمبەرەکەی ﴿وَمَاتُوا۟﴾ و مردن ﴿وَهُمْ فَٰسِقُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوانە بەردەوام سنوورشکێن بوون ﴿٨٤﴾ ﴿وَلَا تُعْجِبْكَ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) باسەرت سوڕنەهێنێت ﴿أَمْوَٰلُهُمْ وَأَوْلَٰدُهُمْ﴾ ماڵ و منداڵی زۆریان ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی خوا دەیەوێت ﴿أَن يُعَذِّبَهُم بِهَا﴾ بەوە (ماڵ و منداڵ) سزایان بدات ﴿فِى ٱلدُّنْيَا﴾ لەدونیادا ﴿وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ﴾ وە گیانیان دەربچێت ﴿وَهُمْ كَٰفِرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوانە بێ باوەڕن ﴿٨٥﴾ ﴿وَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ﴾ و هەر کاتێك سورەتێك بنێردرێتە خوارەوە ﴿أَنْ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ بەمەی کەباوەڕ بەخوا بێنن ﴿وَجَٰهِدُوا۟ مَعَ رَسُولِهِ﴾ و جیهاد و تێکۆشان بکەن لەگەڵ پێغەمبەرەکەیدا ﴿ٱسْتَـْٔذَنَكَ﴾ مۆڵەتت لێ وەردەگرن ﴿أُو۟لُوا۟ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ﴾ ئەوانەیان کەخاوەن دەسەڵات و سامانن ﴿وَقَالُوا۟ ذَرْنَا﴾ و دەڵێن لێمان گەڕێ و وازمان لێ بێنە ﴿نَّكُن مَّعَ ٱلْقَٰعِدِينَ﴾ با لەگەڵ دانیشتووەکاندا بین (وەك ئافرەت و منداڵ وپەککەوتە) ﴿٨٦﴾

﴿رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ﴾ ڕازی بوون بەوەی کەلەگەڵ بەجێ هێڵراوان دابن (وەك ئافرەت و منداڵ و پەککەوتەکانان) ﴿وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ وە مۆر نراوە بەسەر دڵیاندا ﴿فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ بۆیە ئەوان هیچ تێناگەن و نازانن ﴿٨٧﴾ ﴿لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ﴾ بەڵام پێغەمبەر ﷺ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ و ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە لەگەڵیدا ﴿جَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ تێکۆشان بەماڵ و گیانیان ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْخَيْرَٰتُ﴾ هەموو خێر و خۆشی هەر بۆ ئەوانە ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ وە هەر ئەوانە سەرفرازن ﴿٨٨﴾ ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ﴾ خوا بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردوون ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کەڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بەهەمیشەیی تیا دەمێننەوە ﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿٨٩﴾ ﴿وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ﴾ بیانوگران لەعەرەبە دەشتەکییەکان هاتن (بۆ لای پێغەمبەر ﷺ) ﴿لِيُؤْذَنَ لَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت (نەڕۆن بۆ جیهاد) ﴿وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ﴾ وە دانیشتن ئەوانەی ﴿كَذَبُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ کەدرۆیان کرد لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەی ﴿سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ﴾ بێگومان ئەوانەیان کە بێ بڕوا بوون لە داهاتوودا دوو چاریان دەبێت ﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزایەکی سەختی ئازاردەر ﴿٩٠﴾ ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ﴾ (گوناهێك) لەسەر بێ هێز و پەککەوتە ونەخۆشەکان نی یە ﴿وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ﴾ ئەوانەش کەهیچیان نی یە خەرجی بکەن (بۆ پێویستی جیهاد) هیچ گوناهێکیان لەسەر نی یە (کەنەڕۆشتوون بۆ جیهاد) ﴿إِذَا نَصَحُوا۟ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ کاتێك کە دڵسۆز و ڕاست بن بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی ﴿مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ﴾ هیچ ڕێگەیەك نی یە بۆ (تاوانبار کردنی) ئەو چاکەکارانە ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە خوا لێخۆش بووی میهرەبانە ﴿٩١﴾ ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ﴾ وە تاوان لەسەر ئەو کەسانەش نی یە ﴿إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ﴾ کە هاتنە لات (ئەی موحەممەد ﷺ) بۆ ئەوەی (وواڵاخیان بۆ دابین کەیت و) سواریان کەیت ﴿قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ﴾ وونت وواڵاخم دەست ناکەوێت سوارتان بکەم (بۆ جیهاد کردن) ﴿تَوَلَّوا۟﴾ ئەوانیش گەڕانەوە ﴿وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ﴾ لەکاتێکدا چاویان فرمێسکی دەڕشت ﴿حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا۟ مَا يُنفِقُونَ﴾ لەداخ و خەفەتدا کەهیچیان نەبوو خەرجی بکەن (بۆ پێداویستی جیهاد) ﴿٩٢﴾ ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ﴾ تەنها ڕێگە (بۆ تاوانبارکردن) ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ﴾ لەسەر ئەوانەیە ﴿يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ﴾ داوای مۆڵەتت لێ دەکەن لەکاتێکدا دەوڵەمەندیشن (و توانای ڕۆیشتن بۆ جیهادیان هەیە) ﴿رَضُوا۟﴾ ڕازی بوون ﴿بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ﴾ بەوەی کە لەگەڵ بەجێ ماوەکاندا بن (لە جیهاد وەك ئافرەت و منداڵ و نەخۆش) ﴿وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ وە خوا مۆری ناوە بەسەر دڵیاندا ﴿فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەهۆیەوە هیچ نازانن ﴿٩٣﴾

﴿يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ﴾ عوزر و به‌هانه‌تان بۆ ده‌هێننه‌وه ﴿إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ﴾ کاتێك (له‌جیهاد وغه‌زا) گه‌رانه‌وه بۆلایان ﴿قُل لَّا تَعْتَذِرُوا﴾ بڵێ به‌هانه و عوزر مه‌هێننه‌وه ﴿لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ﴾ ئێمه هه‌رگیز باوه‌ڕتان پێ ناکه‌ین ﴿قَدْ نَبَّأَنَا اللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ﴾ چونکه به‌ڕاستی خوا ئاگاداری کردووین له هه‌واڵه‌کانتان (که ئێوه ناپاك و دووڕوون) ﴿وَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ﴾ وه له داهاتوودا خوا و پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی کرده‌وه‌کانتان ده‌بینن ﴿ثُمَّ تُرَدُّونَ﴾ پاشان (له‌ڕۆژی دوایی دا) ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه ﴿إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ بۆ لای زانای هه‌موو نهێنی و ئاشکراکان (که خوای گه‌وره‌یه) ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئه‌مجا هه‌واڵتان پێ ده‌دا به‌وه‌ی له دونیادا ده‌تان کرد ﴿٩٤﴾ ﴿سَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ﴾ به‌زوویی سوێندتان بۆده‌خۆن به‌خوا ﴿إِذَا انقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ﴾ کاتێك گه‌ڕانه‌وه بۆلایان ﴿لِتُعْرِضُوا عَنْهُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی چاوپۆشیان لێ بکه‌ن و سه‌رزه‌نشتیان نه‌که‌ن ﴿فَأَعْرِضُوا عَنْهُمْ﴾ ئێوه‌ش ڕوویان لێ وه‌رگێڕن ﴿إِنَّهُمْ رِجْسٌ﴾ به‌ڕاستی ئه‌و (دووڕوو) انه پیس (ونه‌گریسن) ﴿وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ﴾ وه جێگایان دۆزه‌خه (له ڕۆژی دوایی دا) ﴿جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ تۆڵه‌یان لێ ده‌سه‌نرێت به‌هۆی ئه‌و تاوان وخراپه‌ی له‌دونیادا ده‌یان کرد ﴿٩٥﴾ ﴿يَحْلِفُونَ لَكُمْ﴾ (به درۆ) سوێندتان بۆ ده‌خۆن ﴿لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی لێیان ڕازی بن ﴿فَإِن تَرْضَوْا عَنْهُمْ﴾ جا ئه‌گه‌ر ئێوه‌ش لێیان ڕازی بن ﴿فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَىٰ﴾ ئه‌وه بێگومان خوا ڕازی نابێت ﴿عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾ له‌که‌سانی ده‌رچوو له‌سنوور (ناوانبار) ﴿٩٦﴾ ﴿الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا﴾ عه‌ره‌به ده‌شته‌کییه‌کان بێ بڕوایی و دوو ڕوویی یان به‌هێز تره ﴿وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا﴾ و شایسته‌ترن که نه‌زانن ﴿حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ ئه‌و سنوورانه‌ی خوا ناردوویه‌تیه خواره‌وه ﴿عَلَىٰ رَسُولِهِ﴾ بۆ سه‌ر پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ﷺ ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وه خوا زانای کاردروسته ﴿٩٧﴾ ﴿وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَن﴾ وه له‌و عه‌ره‌به ده‌شته‌کییانه‌دا هه‌ندێك هه‌یه ﴿يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغْرَمًا﴾ ئه‌وه‌ی لێ ی وه‌رده‌گیرێت و ده‌ی به‌خشێت به‌باج و سه‌رانه‌ی داده‌نێت ﴿وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوَائِرَ﴾ وه چاوه‌ڕوانی ده‌که‌ن به‌سه‌ر هاتی خراپتان به‌سه‌ردا بێت ﴿عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ﴾ به‌ڵاو به‌سه‌ر هاتی خراپ به سه‌ر خۆیاندا بێت ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خواش بیسه‌ری زانایه ﴿٩٨﴾ ﴿وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَن﴾ وه هه‌ندێکی تر له‌و عه‌ره‌به ده‌شته‌کییانه هه‌یه ﴿يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ که باوه‌ڕیان به‌خوا و به‌ڕۆژی دوایی هه‌یه ﴿وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَاتٍ﴾ وه وای داده‌نێت ئه‌وه‌ی ده‌ی به‌خشێت هۆی نزیك بوونه‌وه‌یه ﴿عِندَ اللَّهِ﴾ له‌خوا ﴿وَصَلَوَاتِ الرَّسُولِ﴾ وه دوعا کردنی پێغه‌مبه‌ر ﷺ ﴿أَلَا إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَّهُمْ﴾ بێدارین بێگومان ئه‌وه هۆی نزیك بوونه‌وه‌یانه له‌خوداوه ﴿سَيُدْخِلُهُمُ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ﴾ له ئاینده‌دا خوا ده‌یانخاته ناو میهره‌بانی و ڕه‌حمه‌تی خۆیه‌وه ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خوا لێبورده‌ی میهره‌بانه ﴿٩٩﴾

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ﴾ وه پێشکه‌وتووه یه‌که‌مه‌کان (ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ره‌تاوه باوه‌ڕیان هێنا) ﴿مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ﴾ له‌کۆچه‌ران و یارمه‌ده‌ران ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ﴾ ئه‌وانه‌ش زۆر به چاکی په‌یره‌وی ئه‌وانیان کردووه و شوێنیان که‌وتوون ﴿رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ﴾ خوا لێیان ڕازیبه ﴿وَرَضُوا۟ عَنْهُ﴾ ئه‌وانیش له‌خوا ڕازین ﴿وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ﴾ وه (خوا) به‌هه‌شتانێکی بۆ ئاماده کردوون ﴿تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ که ڕووباره‌کان دێن و ده‌چن به‌ژێریاندا ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾ تێیدا ده‌مێننه‌وه به هه‌میشه‌یی و بێ بڕانه‌وه ﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ ئه‌وه‌یه گه‌یشتن به ئامانجی گه‌وره ﴿١٠٠﴾ ﴿وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ﴾ و له‌و عه‌ره‌به ده‌شته‌کییانه‌ی که له ده‌ورو به‌رتان دان ﴿مُنَٰفِقُونَ﴾ ناپاکانێك هه‌ن ﴿وَمِنْ أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ﴾ هه‌ندێك له‌خه‌ڵکی مه‌دینه‌ش ﴿مَرَدُوا۟ عَلَى ٱلنِّفَاقِ﴾ له‌سه‌ر ناپاکی ڕاهاتوون و خۆیان بۆ ته‌رخان کردووه ﴿لَا تَعْلَمُهُمْ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ﴾ تۆ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ناياننناسیت ئێمه چاك ده‌یا ننناسین ﴿سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ﴾ له ئاینده‌دا دووجار سزایان ده‌ده‌ین ﴿ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ﴾ دواتریش ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه بۆ ناو سزایه‌کی گه‌وره (دۆزه‌خ) ﴿١٠١﴾ ﴿وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُوا۟ بِذُنُوبِهِمْ﴾ وه که‌سانێکی تر هه‌ن دانیان ناوه به‌گوناهه‌کانیاندا ﴿خَلَطُوا۟ عَمَلًا صَٰلِحًا﴾ کرده‌وه‌ی چاکیان تێکه‌ڵ کردووه ﴿وَءَاخَرَ سَيِّئًا﴾ له‌گه‌ڵ کرده‌وه‌ی تری خراپدا ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ﴾ ئومێد وایه خوا توبه‌یان لێ وه‌رگرێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ به‌ڕاستی خوا لێ بورده‌ی میهره‌بانه ﴿١٠٢﴾ ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ﴾ وه‌ربگره له‌مال و داراییان (زه‌کات و سه‌ده‌قه) تا به‌هۆیه‌وه پاکیان بکه‌یته‌وه (له گوناه و تاوان) ﴿وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ و (دڵیان) پوخت و خاوێن ده‌که‌یت به‌و مالێ به‌خشینه ﴿وَصَلِّ عَلَيْهِمْ﴾ و دوعا و نزای خێریان بۆبکه ﴿إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ﴾ به‌ڕاستی دوعای تۆ ئارامی و دڵ خۆشی یه بۆ ئه‌وان ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وه‌خوا بیسه‌ری زانایه ﴿١٠٣﴾ ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟﴾ ئایا نه‌یان زانیوه ﴿أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ﴾ که بێگومان هه‌ر خوا ته‌وبه و په‌شیمانی له به‌نده‌کانی وه‌رده‌گرێت ﴿وَيَأْخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ﴾ وه هه‌ر ئه‌و خێر وبه‌خشینه‌کان وه‌رده‌گرێت ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ وه به‌ڕاستی هه‌ر خوایه وه‌رگری ته‌وبه یه و میهره‌بانه (له‌گه‌ڵ به‌نده‌کانیدا) ﴿١٠٤﴾ ﴿وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ به‌وانه) بڵێ :کارو کرده‌وه بکه‌ن ﴿فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ جا بێگومان خوا و پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی و برواداران کرده‌وه‌کانتان ده‌بینن ﴿وَسَتُرَدُّونَ﴾ له‌پاشان ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه ﴿إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ بۆلای (خوای) زانا به هه‌موو نهێنی و ئاشکراکان ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئه‌مجا هه‌والتان ده‌داتێ به‌هه‌رچی که ئێوه له دونیادا ده‌تان کرد ﴿١٠٥﴾ ﴿وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ﴾ (له به‌جێ ماوه‌کان دا) که‌سانێکی تر هه‌بوون که دواخران ﴿لِأَمْرِ ٱللَّهِ﴾ بۆ فه‌رمان و بڕیاری خوا ﴿إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ﴾ یان سزایان ده‌دات ﴿وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ﴾ یان په‌شیمانیان لێ وه‌رده‌گرێت ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وه خوا زانای کار دروسته ﴿١٠٦﴾

﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مَسْجِدًا﴾ وه‌(له‌ناپاکان) ئه‌وانه‌ی مزگه‌وتێکیان دروست کرد ﴿ضِرَارًا﴾ بۆ زیان گه‌یاندن(به موسڵمانان) ﴿وَكُفْرًا﴾ و خوانه‌ناسی ﴿وَتَفْرِيقًۢا بَيْنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ و جیاوازی خسته نێوان ئیمانداران ﴿وَإِرْصَادًا لِّمَنْ﴾ و بۆ چاوه‌ڕوانی کردنی که‌سانێ ﴿حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ که دژایه‌تی خوا و پێغه‌مبه‌ره‌که‌یان کردوه ﴿مِن قَبْلُ﴾ له‌وه‌و پێش ﴿وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّا ٱلْحُسْنَىٰ﴾ بێگومان (ئه‌و دوو ڕووانه) سوێند ده‌خۆن (ده‌ڵێن) ته‌نها چاکه‌مان ویستووه ﴿وَٱللَّهُ يَشْهَدُ﴾ به‌ڵام خوا شایه‌تی ده‌دات ﴿إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾ که به‌ڕاستی ئه‌وانه درۆزنن ﴿١٠٧﴾ ﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا﴾ هه‌رگیز نوێژی تێدانه‌که‌ی (ئه‌ی موحه‌مه‌د ﷺ) ﴿لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ﴾ بێگومان مزگه‌وتێك که له‌سه‌ر بناغه‌ی ته‌قوا و له خوا ترسان دامه‌زرا بێت ﴿مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ﴾ له یه‌که‌م ڕۆژه‌وه (یه‌که‌م ڕۆژ هاتنت بۆ شاری مه‌دینه) ﴿أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ﴾ شایسته‌تره که نوێژی تێدا بکه‌یت ﴿فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ﴾ پیاوانێکی تێدایه پێیان خۆشه ﴿أَن يَتَطَهَّرُوا۟﴾ که خۆیان خاوێن و پاك بکه‌نه‌وه (له‌ژه‌نگ وڕۆاری سه‌رده‌می نه‌فامی) ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ﴾ خوایش ئه‌وانه‌ی خۆش ده‌وێت که ده‌یانه‌وێت خۆیان پاك بکه‌نه‌وه ﴿١٠٨﴾ ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَٰنَهُۥ﴾ جا ئایا که‌سێك بناغه‌ی مزگه‌وته‌که‌ی دامه‌زراند بێت ﴿عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ﴾ له‌سه‌ر خواناسی و به‌ده‌ست هێنانی ڕه‌زامه‌ندی خوا چاکتره ﴿أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَٰنَهُۥ﴾ یان که‌سێك بناغه‌ی مزگه‌وته‌که‌ی دامه‌زراند بێت ﴿عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ﴾ له‌سه‌ر لێواری که‌نده‌ڵانێکی فشه‌ڵ و ڕووخه‌ك ﴿فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ﴾ جا به‌خۆیه‌وه بڕوخێته ناو ئاگری دۆزه‌خه‌وه ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وه خوا ڕێنمووننی که‌سانی سته‌مکار ناکات ﴿١٠٩﴾ ﴿لَا يَزَالُ بُنْيَٰنُهُمُ ٱلَّذِى﴾ به‌رده‌وام ئه‌و دروست کراوه‌یان ﴿بَنَوْا۟﴾ که دروستیان کرد ﴿رِيبَةً فِى قُلُوبِهِمْ﴾ هۆی بێ ئارامی و گومانه له دڵیاندا (واته هه‌رگیز له دڵیان ده‌رناچێت) ﴿إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ﴾ مه‌گه‌ر دڵیان پارچه پارچه بکرێت (و بمرن) ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وه خوا زانای کار دروسته ﴿١١٠﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ﴾ به‌ڕاستی خوا کڕیویه‌تی ﴿مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ له باوه‌ڕداران ﴿أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم﴾ گیان و ماڵیان ﴿بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ﴾ به‌وه‌ی که به‌هه‌شتیان ده‌داتێ له بریتیدا ﴿يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾(ئه‌و بڕوادارانه) ده‌جه‌نگن له ڕێی خوادا ﴿فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ﴾ ئه‌مجا (بێ باوه‌ڕان) ده‌کوژن و(خۆشیان) ده‌کوژرێن(شه‌هید ده‌بن) ﴿وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا﴾ ئه‌مه به‌ڵێنێکی ڕاسته (و خوا بڕیاری داوه) له‌سه‌رخۆی ﴿فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ﴾ له ته‌ورات و ئینجیل و قورئاندا ﴿وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ﴾ جا کێ به به‌ڵێن و به‌یمانی خۆی وه‌فادارتره ﴿مِنَ ٱللَّهِ﴾ وه‌ك خوای گه‌وره؟ ﴿فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى﴾ که‌واته مژده به‌خۆتان و شادمان بن به‌و فرۆشتنه‌تان ﴿بَايَعْتُم بِهِۦ﴾ که مامه‌ڵه‌تان پێوه کرد ﴿وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ (به ڕاستی) هه‌ر ئه‌وه‌یه گه‌یشتن به ئامانجی زۆر گه‌وره ﴿١١١﴾

﴿ٱلتَّٰٓئِبُونَ﴾ (موجاهیدانی ڕێگای خوا، ئه‌مانه سیفه‌تیانه) تۆبه‌کارن ﴿ٱلۡعَٰبِدُونَ﴾ خواپه‌رستن ﴿ٱلۡحَٰمِدُونَ ٱلسَّآئِحُونَ﴾ سوپاسگوزار وگه‌شتیارن (کۆچه‌رن له‌پێناو خوادا)﴿ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ﴾ کڕنوش و سوژده به‌رن (نوێژ خوێنن) ﴿ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ﴾ فه‌رمان ده‌رن به‌چاکه و ﴿وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾ به‌رگری که‌رن له خراپه ﴿وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ﴾ پارێزه‌ران بۆ سنووره‌کانی خودا ﴿وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ جا (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) موژده بده به‌و باوه‌ڕدارانه‌ی (ئه‌و سیفاتانه‌یان تێدایه) ﴿١١٢﴾ ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ڕه‌وا وشایسته نی یه بۆ پێغه‌مبه‌ر وباوه‌ڕداران ﴿أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ﴾ که داوای لێبوردن بکه‌ن بۆ هاوبه‌ش دانه‌ران ﴿وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ﴾ با خزمی نزیکیشیان بن ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ﴾ له پاش ئه‌وه‌ی که بۆیان ده‌رکه‌وتووه ﴿أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ﴾ که بێگومان ئه‌و (هاوبه‌ش دانه‌رانه) هاوه‌ڵ وپێڕی دۆزه‌خن ﴿١١٣﴾ ﴿وَمَا كَانَ ٱسۡتِغۡفَارُ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ﴾ وه داوای لێ خۆش بوونی ئیبراهیم بۆ باوکی ﴿إِلَّا عَن مَّوۡعِدَةٖ﴾ ته‌نها له‌به‌رواده و به‌ڵێنێك بوو ﴿وَعَدَهَآ إِيَّاهُ﴾ که به باوکی دابوو (که داوای لێ بوردنی بۆ بکات) ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ﴾ جا کاتێك بۆی ڕوون بوویه‌وه ﴿أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ﴾ که بێگومان باوکی دوژمنی خوایه ﴿تَبَرَّأَ مِنۡهُۚ﴾ خۆی لێ به‌ری کرد ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ﴾ به‌ڕاستی ئیبراهیم زۆر له خوا ترس و له‌سه‌ر خۆ بوو ﴿١١٤﴾ ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا﴾ وه خودا هیچ گه‌ل وهۆزێك گومڕا ناکات ﴿بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ﴾ دوای ئه‌وه‌ی ڕێنموونیی کردوون ﴿حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ﴾ هه‌تا بۆیان ڕوون نه‌کاته‌وه ئه‌وه‌ی پێویسته خۆیانی لێ بپارێزن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خوا زانا و ئاگاداره به‌هه‌موو شتێك ﴿١١٥﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾ بێگومان هه‌ر بۆ خوایه پادشایه‌تی ومولکی هه‌موو ئاسمانه‌کان و زه‌وی ﴿يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۚ﴾ (خوا) ده‌ژێنێت و ده‌شمرێنێت ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وه بێجگه له‌خوا بۆ ئێوه نیه ﴿مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ﴾ هیچ دۆست و فریادڕه‌س و یارمه‌تی ده‌رێك ﴿١١٦﴾ ﴿لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ﴾ بێگومان خوا ته‌وبه‌ی وه‌رگرت له پێغه‌مبه‌ر ﷺ ﴿وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ ٱلَّذِينَ﴾ و له‌و کۆچه‌ر و یاری ده‌ده‌رانه‌ی ﴿ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلۡعُسۡرَةِ﴾ که شوێنی (پێغه‌مبه‌ر ﷺ) که‌وتن له کاتی سه‌ختی و نارەحه‌تیدا (مه‌به‌ست پێی جه‌نگی ته‌بوکه) ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٖ مِّنۡهُمۡ﴾ پاش ئه‌وه‌ی نزیك بوو دڵی کۆمه‌ڵێکیان له هه‌ق لابدات ﴿ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡۚ﴾ پاشان خوا ته‌وبه‌ی لێ وه‌رگرتن ﴿إِنَّهُۥ بِهِمۡ﴾ به ڕاستی خوا له گه‌ڵیان ﴿رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ دڵسۆز و میهره‌بانه ﴿١١٧﴾

﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟﴾ هه‌روه‌ها (خوا ته‌وبه‌ی وه‌رگرت) له‌و سێ که‌سه‌ش که دواخران (خوا ده‌رباره‌یان بڕیاری نه‌دابوو) ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ﴾ هه‌تا ئه‌و کاته‌ی لێیان ته‌سك بوویه‌وه ﴿ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ﴾ زه‌وی به‌و فراوانیه‌ی که‌هه‌یه‌تی ﴿وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ﴾ و بێزاربوون له‌گیانی خۆشیان ﴿وَظَنُّوٓا۟ أَن لَّا مَلْجَأَ﴾ و زانیان هیچ په‌ناگه‌یه‌ك نی یه ﴿مِنَ ٱللَّهِ﴾ له (سزای) خوا ﴿إِلَّآ إِلَيْهِ﴾ مه‌گه‌ر په‌نایی خۆی نه‌بێت ﴿ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ﴾ پاشان په‌شیمانی لێ وه‌رگرتن (به دابه‌زاندنی چه‌ند ئایه‌تێك) ﴿لِيَتُوبُوٓا۟﴾ بۆ ئه‌وه‌ی توبه بکه‌ن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ به‌ڕاستی خوا هه‌میشه توبه وه‌رگری میهره‌بانه ﴿١١٩﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئه‌ی ئه‌وانه‌ی بڕواتان هێناوه ﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ خۆتان بپارێزن له(تۆڵه‌ی) خوا ﴿وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ وه‌له گه‌ڵ ڕاست گۆیاندابن وله‌پڕیزی ئه‌واندابن ﴿١٢٠﴾ ﴿مَا كَانَ لِأَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ﴾ نه‌ده‌بوو خه‌ڵکی مه‌دینه ﴿وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ﴾ و ئه‌و عه‌ره‌به ده‌شته‌کییانه‌ی به‌ده‌وور و به‌ریاندان ﴿أَن يَتَخَلَّفُوا۟ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ﴾ له پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ به‌جێ بمێنن و دوابکه‌ون (له‌جیهادکردن) ﴿وَلَا يَرْغَبُوا۟ بِأَنفُسِهِمْ عَن نَّفْسِهِۦ﴾ و گیانی خۆیان له گیانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ خۆشتربوێت ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ﴾ ئه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که بێگومان ئه‌وان ﴿لَا يُصِيبُهُمْ﴾ دووچاریان نابێت ﴿ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ﴾ هیچ تینوویه‌تی و ماندوو بوون ﴿وَلَا مَخْمَصَةٌ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ و برسێتی یه‌ك له‌ڕێی خوادا ﴿وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا﴾ هه‌روه‌ها پێ ناخه‌نه هیچ شوێنێك (له‌خاکی کافران) ﴿يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ﴾ که ڕقی کافرانی پێ هه‌ڵسێ و توڕه‌یان کات ﴿وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا﴾ وه هیچ زیانێك له دوژمن نادەن (دیل کردن و کوشتنیان یا گرتنی مال و سامانیان) ﴿إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ﴾ ئیلا به‌م کرده‌وانه بۆیان ده‌نوسرێت ﴿عَمَلٌ صَٰلِحٌ﴾ کرده‌وه‌یه‌کی چاك ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خوای گه‌وره ﴿لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ پاداشتی چاکه کاران وون ناکات ﴿١٢١﴾ ﴿وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً﴾ وه هیچ شتێك (له‌ڕێگه‌ی خودا) نابه‌خشن ﴿صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً﴾ بچووك بێت یان گه‌وره (که‌م بێت یان زۆر) ﴿وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا﴾ و هیچ دۆڵ وشیوێك نابڕن ﴿إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ﴾ ئیلا بۆیان ده‌نووسرێت ﴿لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی خوا پاداشتیان بداته‌وه ﴿أَحْسَنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ به‌چاکترین پاداشتی ئه‌وه‌ی که ده‌یانکرد ﴿١٢٢﴾ ﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ وه نه‌ده‌بوو باوه‌ڕداران ﴿لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً﴾ تێکڕا هه‌موو ده‌رچن و بڕۆن (بۆجیهاد) ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ﴾ ئه‌گه‌ر ده‌ربچوونایه ﴿مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ﴾ له هه‌موو کۆمه‌ڵێکیان چه‌ند که‌سێك ﴿لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی له ئایینه‌که‌یان تێبگه‌ن و شاره‌زابن ﴿وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی گه‌ل و هۆزه‌که‌یان (شاره‌زا بکه‌ن له‌وه‌ی که فێری بوون) بیشیان ترسێنن (له‌ئاگری دۆزه‌خ) ﴿إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ﴾ کاتێك گه‌ڕانه‌وه (له‌جیهاد کردن) بۆلایان ﴿لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وانیش (شاره‌زابن) وبێدار ببنه‌وه (له‌نه‌زانی) ﴿١٢٣﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئه‌ی ئه‌وانه‌ی که ئیمانتان هێناوه ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ﴾ بجه‌نگن له‌دژی ئه‌وانه‌ی ﴿يَلُونَكُمْ﴾ که نزیکن لێتانه‌وه ﴿مِّنَ ٱلْكُفَّارِ﴾ له بێ برِوایان ﴿وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً﴾ وه با بێ باوه‌ڕان له ئێوه‌دا توند و تیژی ببینن ﴿وَٱعْلَمُوٓاْ﴾ وبزانن ﴿أَنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خودا ﴿مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ له گه‌ڵ پارێزکاران و له‌خوا ترساندایه ﴿١٢٣﴾ ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ﴾ وه کاتێك سوره‌تێك (له‌قورئان) بنێردرێته خواره‌وه ﴿فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ﴾ (دوو ڕووه‌کان) هی وایان هه‌یه ده‌ڵێت ﴿أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا﴾ کام له ئێوه باوه‌ڕی به‌م (سوره‌ته) زیادی کرد ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ جا ئه‌وانه‌ی که باوه‌ڕیان هێناوه ﴿فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا﴾ ئه‌مه ئیمانیان زیاد ده‌کات (و به‌هێزتر ده‌بێت) ﴿وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ وه ئه‌وان مژده به‌خۆشن و خۆش حاڵن ﴿١٢٤﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ﴾ به‌ڵام ئه‌وانه‌ی ﴿فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ له‌نێو دڵیاندا نه‌خۆشی (و ناپاکی) هه‌یه (وه‌ك دوو ڕوه‌کان) ﴿فَزَادَتْهُمْ﴾ ئه‌وه سوره‌ته که بۆیان زیاد ده‌کات ﴿رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ﴾ سه‌ره‌ڕای پیسی و ناپاکی خۆیان پیسی و ناپاکی تر ﴿وَمَاتُواْ﴾ ئه‌و (ناپاکانه) ده‌مرن ﴿وَهُمْ كَٰفِرُونَ﴾ له کاتێکدا که بێ برِوان ﴿١٢٥﴾ ﴿أَوَلَا يَرَوْنَ﴾ ئایا ئه‌وانه نازانن و نابینن ﴿أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ﴾ بێگومان ئه‌وان تاقی ده‌کرێنه‌وه ﴿فِى كُلِّ عَامٍ﴾ له‌هه‌موو ساڵێکدا ﴿مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ﴾ جارێك یان دووجار ﴿ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ﴾ پاشان ئه‌وان ناگه‌ڕێنه‌وه و تۆبه‌ناکه‌ن ﴿وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ و پەند وه‌رناگرن ﴿١٢٦﴾ ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ﴾ وه کاتێك سوره‌تێك بنێردرێته خواره‌وه ﴿نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾ (ئه‌و دووڕوانه) ده‌ڕوانن بۆ یه‌کتری ﴿هَلْ يَرَىٰكُم مِّنْ أَحَدٍ﴾ (ده‌ڵێن) ئایا هیچ که‌س ده‌تان بینێت؟ ﴿ثُمَّ ٱنصَرَفُواْ﴾ پاشان (به دزییه‌وه) ده‌گه‌ڕێنه‌وه ﴿صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم﴾ خوا دڵیانی وه‌رگێڕا (له برِواهێنان) ﴿بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ﴾ چونکه به‌ڕاستی ئه‌وانه کۆمه‌ڵێکن هیچ تێ ناگه‌ن ﴿١٢٧﴾ ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی بۆتان هاتووه ﴿رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ﴾ پێغه‌مبه‌رێك له خۆتان ﴿عَزِيزٌ عَلَيْهِ﴾ قورس و گرانه به‌لایه‌وه ﴿مَا عَنِتُّمْ﴾ ناڕه‌حه‌تی و ناخۆشی ئێوه ﴿حَرِيصٌ عَلَيْكُم﴾ زۆر سووره له‌سه‌ر (باوه‌ڕهێنان)تان ﴿بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ بۆ برِواداران زۆر دڵسۆز و میهره‌بانه ﴿١٢٨﴾ ﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ﴾ جا ئه‌گه‌ر ڕوویان وه‌رگێڕا و گوێیان پێ نه‌دایت ﴿فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ﴾ ئه‌وسا بڵێ من ته‌نها خوام به‌سه ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ که هیچ په‌رستراوێکی ڕاست نی یه جگه له ئه‌و ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ ته‌نها پشت به‌و ده‌به‌ستم ﴿وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴾ ئه‌ویش په‌روه‌ردگاری عه‌رشی گه‌وره‌یه ﴿١٢٩﴾

سوره‌تی ﴿ يُونُسَ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿الر﴾ به (ئه‌لیف، لام، را و) ده‌خوێنرێته‌وه خوا زاناتره به ماناکه‌ی بۆ زانیاری زیاتر سه‌یری سه‌ره‌تای سوره‌تی (البقره) بکه ﴿تِلْكَ آيَاتُ﴾ ئه‌مه ئایه‌ته‌کانی ﴿الْكِتَابِ الْحَكِيمِ﴾ قورئانی نه‌گۆڕاوی پڕ حیکمه‌ته ﴿١﴾ ﴿أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا﴾ ئایا به‌لای خه‌ڵکه‌وه سه‌یره ﴿أَنْ أَوْحَيْنَا﴾ که ئێمه نیگامان کردوه ﴿إِلَىٰ رَجُلٍ مِنْهُمْ﴾ بۆ پیاوێك له‌خۆیان ﴿أَنْ أَنْذِرِ النَّاسَ﴾ (پێمان ووتووه) که‌ئاده‌می بترسێنه ﴿وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ وه موژده بده به‌وانه‌ی باوه‌ڕیان هێناوه ﴿أَنَّ لَهُمْ﴾ که بێگومان بۆیان هه‌یه ﴿قَدَمَ صِدْقٍ﴾ پله و پایه‌ی به‌رز ﴿عِنْدَ رَبِّهِمْ﴾ لای په‌روه‌ردگاریان ﴿قَالَ الْكَافِرُونَ﴾ به‌ڵام بێ باوه‌ڕان ووتیان ﴿إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ مُبِينٌ﴾ بێگومان ئه‌م (پیاوه) جادووبازێکی ئاشکرایه ﴿٢﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگاری ئێوه ئه‌و زاته‌یه ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ که هه‌موو ئاسمانه‌کان و زه‌وی دروست کردووه ﴿فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ له‌شه‌ش ڕۆژدا ﴿ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ﴾ پاشان به‌رزبوویه‌وه سه‌رعه‌رش وقه‌راری گرت (باوه‌ڕمان پێبێته‌تی به‌ڵام چۆنیه‌تێکه‌ی نازانین) ﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ﴾ (خوا) هه‌موو کاروباره‌کان هه‌ڵده‌سوڕێنێت ﴿مَا مِنْ شَفِيعٍ﴾ هیچ تکا کارێك نی یه (بۆ که‌س) ﴿إِلَّا مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ﴾ مه‌گه‌ر له‌پاش ڕێگه‌دانی ئه‌و (خوا) نه‌بێت ﴿ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ﴾ ئه‌وزاته په‌روه‌ردگاری ئێوه‌یه ﴿فَاعْبُدُوهُ﴾ که‌واته هه‌ر ئه‌و بپه‌رستن ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ده‌ی ئایا ئێوه بیرناکه‌نه‌وه ﴿٣﴾ ﴿إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾ گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌مووتان هه‌ر بۆلای ئه‌وه ﴿وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا﴾ به‌ڵێنی خوا حه‌ق وڕاسته ﴿إِنَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ﴾ بێگومان خوا له‌سه‌ره‌تاوه دروستکراوان دروست ده‌کات ﴿ثُمَّ يُعِيدُهُ﴾ دوای (مردنیان) دووباره دروستیان ده‌کاته‌وه ﴿لِيَجْزِيَ الَّذِينَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی پاداشتی ئه‌وانه بداته‌وه ﴿آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ که بڕوایان هێناوه‌و کرده‌وه‌ی چاکیان کردوه ﴿بِالْقِسْطِ﴾ به دادگه‌رانه ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وه ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان نه‌هێناوه ﴿لَهُمْ شَرَابٌ مِنْ حَمِيمٍ﴾ تایبه‌ت به‌وانه خواردنه‌وه‌ی کولاو کوڵی زۆر گه‌رم ﴿وَعَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وه سزای سه‌ختی ئازاردەر ﴿بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ﴾ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌دونیادا بێ باوه‌ڕبوون ﴿٤﴾ ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ﴾ خوا زاتێکه که خۆری گێڕاوه ﴿ضِيَاءً﴾ به تیشك ﴿وَالْقَمَرَ نُورًا﴾ مانگیشی گێڕاوه به‌ڕووناکی ﴿وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ﴾ بۆ (گه‌ڕانی) مانگ چه‌ند قۆناغێکی دیاری کردوه ﴿لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی ژماره‌ی ساڵه‌کان و حیسابی (مانگ و ڕۆژی) پێ بزانن ﴿مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَٰلِكَ﴾ خوا ئه‌وانه‌ی دروست نه‌کردوه ﴿إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ به‌حه‌ق و ڕاستی نه‌بێت ﴿يُفَصِّلُ الْآيَاتِ﴾ ئایه‌ته‌کان شی ده‌کاته‌وه ﴿لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بۆ کۆمه‌ڵێك که زانان و تێده‌گه‌ن ﴿٥﴾ ﴿إِنَّ فِي اخْتِلَافِ﴾ بێگومان له جیاوازی ﴿اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ شه‌و و ڕۆژدا ﴿وَمَا خَلَقَ اللَّهُ﴾ و هه‌رچی خوا دروستی کردوه ﴿فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا ﴿لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ﴾ چه‌ند نیشانه‌و به‌ڵگه هه‌یه بۆ ئه‌وانه‌ی که خۆیان ده‌پارێزن و له خوا ده‌ترسن ﴿٦﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ به‌راستی ئه‌وانه‌ی ﴿لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا﴾ به‌هیوای دیداری ئێمه نین (له دوارۆژدا) ﴿وَرَضُوا۟ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ورازی بوون به‌ژیانی دونیا ﴿وَٱطْمَأَنُّوا۟ بِهَا﴾ ودڵنیا بوون پێی ﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ﴾ وه ئه‌وانه‌ی بێ ئاگان له ئایه‌ته‌کانی ئێمه ﴿٧﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ﴾ ئه‌وانه جێگایان دۆزه‌خه ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ له‌بەر ئه‌و کرده‌وانه‌ی که (له‌دونیادا) ده‌یان کرد ﴿٨﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ به‌راستی ئه‌وانه‌ی بڕوایان هێناوه ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کرده‌وه چاکه‌کانیان کردوه ﴿يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم﴾ په‌روه‌ردگاریان ڕێنموونیان ده‌کات ﴿بِإِيمَٰنِهِمْ﴾ به‌هۆی باوه‌ڕه‌که‌یانه‌وه ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕوباره‌کان دێن و ده‌چن به‌ژێریان دا ﴿فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ له باخ وبه‌هه‌شتانی پڕ نازو نیعمه‌ت دا ﴿٩﴾ ﴿دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ﴾ دوعایان تێیدا (ئه‌وه‌یه که‌ده‌ڵێن) پاکو بێگه‌ردی بۆتۆ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان ﴿وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ﴾ سڵاو کردن لێیان له‌و (به‌هه‌شته‌دا)به‌ووشه‌ی سه‌لامه ﴿وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ﴾ وه دواهه‌مین دوعایان (ئه‌وه‌یه‌که ده‌ڵێن) ﴿أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بێگومان سوپاس و ستایش هه‌ر بۆ خوایه که په‌روه‌ردگاری هه‌موو جیهانه ﴿١٠﴾ ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ﴾ وه‌ئه‌گه‌ر خوا په‌له‌ی بکردایه (له قوبوڵ کردنی دوعای) شه‌ڕو خراپه‌دا بۆ خه‌ڵکی ﴿ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ﴾ وه‌ك په‌له‌کردنی (له‌قوبوڵ کردنی دوعای) خێر وخۆشی ﴿لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ﴾ ئه‌وه ماوه‌که‌یان دوایی پێ ده‌هێنرا (وکاتی مردونیان ده‌هات)﴿فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ﴾ بۆیه مۆڵه‌تی ئه‌وانه ده‌ده‌ین ﴿لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا﴾ به‌هیوای دیداری ئێمه نین (له‌ڕۆژی دوایی دا) ﴿فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ له نێو گومڕایی و سه‌رکه‌شیی خۆیان دا بسوڕێنه‌وه و بتلێنه‌وه ﴿١١﴾ ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ﴾ وه‌کاتێك ئاده‌می زیانێکی لێ بکه‌وێت ﴿دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا﴾ به‌ڕاکشان یان به‌دانیشتن یان به‌پێوه لێمان ده‌پاڕێته‌وه﴿فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ﴾ ئه‌مجا کاتێك زه‌ره‌رو زیانه‌که‌مان له‌سه‌ر لابردو نه‌مان هێشت ﴿مَرَّ﴾ ده‌ڕوات (ده‌چێته سه‌ر حاڵی پێشووی و ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر کاری ناپه‌سه‌ندی) ﴿كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ﴾ وه‌ك هاوار و دوعای نه‌کردبێت لێمان نه‌پاڕابێته‌وه﴿إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ﴾ بۆ لابردنی زیانێك که دووچاری بووبوو ﴿كَذَٰلِكَ زُيِّنَ﴾ به‌و جۆره ڕازێنراوه‌ته‌وه﴿لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ بۆ زیاده ڕه‌ۆیان ئه‌و کرده‌وانه‌ی که ده‌یان کرد ﴿١٢﴾ ﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی له‌ناومان برد ﴿ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ چه‌ند گه‌ل و نه‌ته‌وه له‌پێش ئێوه‌دا ﴿لَمَّا ظَلَمُوا۟﴾ کاتێك ناهه‌قیان کرد﴿وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ له‌کاتێکدا که‌پێغه‌مبه‌رانیان به‌به‌ڵگه‌ی ڕوونه‌وه بۆ هات ﴿وَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟﴾ هه‌ر باوه‌ڕیان نه‌هێنا ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ ئا به‌و جۆره تۆڵه له کۆمه‌ڵی تاوانباران ده‌ستێنین ﴿١٣﴾ ﴿ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ﴾ له‌پاشان ئێوه‌مان کرد به‌جێگر و جێنشین ﴿فِى ٱلْأَرْضِ﴾ له‌زه‌ویدا ﴿مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ له‌پاش ئه‌وان ﴿لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رنج بده‌ین ئێوه چۆن ڕه‌فتار وکرده‌وه ده‌که‌ن ﴿١٤﴾

﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ وه‌کاتێك بخوێنرێته‌وه به‌سه‌ریاندا ﴿ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ﴾ ئایه‌ته روونه‌کانی ئێمه ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا﴾ ئه‌وانه‌ی به‌ته‌مای دیداری ئێمه نین (له‌دواروژ دا) ده‌ڵێن ﴿ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ﴾ قورئانێکی تر جگه‌له‌م قورئانه بێنه ﴿أَوْ بَدِّلْهُ﴾ یان بیگۆڕه ﴿قُلْ مَا يَكُونُ لِىٓ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) پێیان بڵێ بۆ من نی یه ﴿أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآئِ نَفْسِىٓ﴾ که‌له‌لایه‌ن خۆمه‌وه بیگۆڕم ﴿إِنْ أَتَّبِعُ﴾ من شوێن هیچ شتێ ناکه‌وم ﴿إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ﴾ جگه‌له‌وه‌ی وه‌حی و سرووش ده‌کرێت بۆم ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ﴾ به‌راستی من ده‌ترسم ﴿إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى﴾ ئه‌گه‌ر سه‌رپێچی په‌روه‌ردگارم بکه‌م ﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ له‌سزای ڕۆژێکی گه‌وره (که ڕۆژی دوایی یه) ﴿١٥﴾ ﴿قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ﴾ (پێیان) بڵێ ئه‌گه‌ر خوا بیویستایه ﴿مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ﴾ ئه‌م قورئانه‌م نه‌ده‌خوێنده‌وه بۆتان ﴿وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ﴾ وه له‌و (قورئان) ئاگادارم نه‌ده‌کردن ﴿فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ﴾ چونکه بێگومان من مامه‌وه له‌ناوتاندا ﴿عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ﴾ ماوه‌ی ته‌مه‌نێکی درێژ پێش هاتنی ئه‌م قورئانه ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ده‌ی ئایا ئێوه بۆ ژیر نابن و بیر ناکه‌نه‌وه؟ ﴿١٦﴾ ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ﴾ جا کێ سته‌مکارتره ﴿مِمَّنِ﴾ له‌و که‌سه‌ی ﴿ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ درۆ به‌ده‌م خواوه هه‌ڵبه‌ستێ ﴿أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ﴾ یائایه‌ته‌کانی قورئان به‌درۆ دابنێت ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ به‌راستی تاوان باران ڕزگاریان نابێت ﴿١٧﴾ ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئه‌وانه بێجگه‌له‌خوا شتانێك ده‌په‌رستن ﴿مَا لَا يَضُرُّهُمْ﴾ که نه‌زیانیان پێ ده‌گه‌یه‌نن ﴿وَلَا يَنفَعُهُمْ﴾ نه‌سوود و قازانج ﴿وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ وه ده‌ڵێن ئه‌و بتانه ﴿شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ تکا کارمانن لای خوا ﴿قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) به‌وانه) بڵێ ئایا ئێوه هه‌واڵ ده‌ده‌ن به‌خوا ﴿بِمَا لَا يَعْلَمُ﴾ به‌شتێك که‌بێ ئاگایه‌لێ ی ﴿فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ له‌ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا ﴿سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ خوا پاك و بێگه‌رد و بڵنده له‌وه‌ی که ده‌یکه‌نه هاوبه‌شی ﴿١٨﴾ ﴿وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ﴾ خه‌ڵکی له‌رابوردودا ﴿إِلَّآ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ هه‌ریه‌ك ئوممه‌ت بوون (بڕوا دار بوون به‌خوا) ﴿فَٱخْتَلَفُوا۟﴾ ئه‌مجا جیاواز بوون ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ﴾ وه ئه‌گه‌ر بڕیارێك پێشتر نه‌درایه ﴿مِن رَّبِّكَ﴾ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارته‌وه ﴿لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ﴾ ئه‌وا بڕیار ده‌درا له‌نێوانیاندا ﴿فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ له‌وه‌ی که تێیدا جیاواز بوون ﴿١٩﴾ ﴿وَيَقُولُونَ﴾ وه ئه‌وانه ده‌ڵێن ﴿لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ﴾ با بهێنرایه‌ته خواره‌وه بۆی ﴿ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ به‌ڵگه‌و نیشانه‌یه‌ك له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاریه‌وه ﴿فَقُلْ إِنَّمَا ٱلْغَيْبُ﴾ تۆش بڵێ بێگومان (زانینی) نهێنی و په‌نهانی ﴿لِلَّهِ﴾ تایبه‌ت به خوایه ﴿فَٱنتَظِرُوٓا۟﴾ که‌واته چاوه‌ڕوانی بکه‌ن ﴿إِنِّى مَعَكُم﴾ به‌راستی منیش له‌گه‌ڵ ئێوه‌دا ﴿مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ﴾ یه‌کێکم له چاوه‌ڕوانکه‌ران ﴿٢٠﴾

﴿وَإِذَآ أَذَقۡنَا ٱلنَّاسَ رَحۡمَةً﴾ وه کاتێك که نیعمه‌ت و ڕه‌حمه‌تی خۆمان ده‌ده‌ین به‌خه‌ڵکی و تامی ئه‌و نیعمه‌تیان پێده‌چێژین ﴿مِّنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُمۡ﴾ له‌پاش زیان و ناخۆشیه‌ك که‌لێیان که‌وتووه ﴿إِذَا لَهُم مَّكۡرٞ﴾ ده‌ست به‌جێ ئه‌وان پیلان ده‌گێڕن ﴿فِيٓ ءَايَاتِنَاۚ﴾ ده‌رباره‌ی به‌ڵگه و ئایه‌ته‌کانی ئێمه ﴿قُلِ ٱللَّهُ أَسۡرَعُ مَكۡرًاۚ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ خوا خێراتره له پیلان کردندا (له به‌رامبه‌ر پیلانی ئه‌واندا) ﴿إِنَّ رُسُلَنَا﴾ بێگومان فریشته و چاودێره‌کانمان ﴿يَكۡتُبُونَ مَا تَمۡكُرُونَ﴾ هه‌ر پیلان و فڕو فێڵێك (ئه‌و بێ باوه‌ڕانه) ده‌یکه‌ن ده‌ینوسن ﴿١١﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُسَيِّرُكُمۡ﴾ خوا زاتێکه هاتو چۆتان پێ ده‌کات ﴿فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۖ﴾ له‌ووشکایی و له‌ده‌ریادا ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ﴾ هه‌تا کاتێك ئێوه ﴿فِي ٱلۡفُلۡكِ﴾ له‌که‌شتی دان ﴿وَجَرَيۡنَ بِهِم﴾ (که‌شتیه‌کان) ده‌یان گێڕێت ﴿بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ﴾ به‌هۆی شنه بایه‌کی خۆشه‌وه ﴿وَفَرِحُواْ بِهَا﴾ و خۆش حاڵ ده‌بن پێی ﴿جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ﴾ (له‌پڕ) ڕه‌شه بایه‌کی زۆر به‌هێز له‌و (که‌شتییانه) هه‌ڵکات ﴿وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ﴾ وشه‌پۆلیان بۆ بێت ﴿مِن كُلِّ مَكَانٖ﴾ له‌هه‌موو لایه‌که‌وه ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ﴾ وه دڵنیا بوون له‌وه‌ی که ئه‌وان ﴿أُحِيطَ بِهِمۡ﴾ ده‌وره دراون (و له‌ناو ده‌چن) ﴿دَعَوُاْ ٱللَّهَ﴾ هاوار ده‌که‌نه خوا ی گه‌وره ﴿مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ زۆر به‌دڵسۆزی و گه‌ردنی بۆ که‌ج ده‌که‌ن ﴿لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا﴾ (و ده‌ڵێن) سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر ڕزگارمان بکه‌یت ﴿مِنۡ هَٰذِهِۦ﴾ له‌م سه‌ختی وناڕه‌حه‌تیه ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ بێگومان ئێمه له سوپاسگوزاران ده‌بین (بۆتۆ ئه‌ی خوایه) ﴿١٢﴾ ﴿فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمۡ﴾ ئه‌مجا کاتێك خوا ڕزگاری کردن (له‌و ناڕه‌حه‌تیه) ﴿إِذَا هُمۡ يَبۡغُونَ﴾ کوتوپڕ ده‌ست ده‌که‌نه‌وه به خراپه‌کاری و بێ باوه‌ڕی ﴿فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ له‌زه‌ویدا ﴿بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۗ﴾ به ناڕه‌وا ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئه‌ی ئاده‌می یه (خراپه‌کاره‌کان) ﴿إِنَّمَا بَغۡيُكُمۡ﴾ له‌ڕاستیدا ستەم و ناحه‌قی یه‌کانتان ﴿عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ﴾ زیانی هه‌ر بۆ خۆتانه ﴿مَّتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾ له‌زه‌تی ژیانی دونیاش بێ نرخه ﴿ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُكُمۡ﴾ پاشان گه‌ڕانه‌وه‌تان هه‌ر بۆلای ئێمه‌یه ﴿فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ ئه‌مجا هه‌واڵتان پێ ده‌ده‌ین به‌وه‌ی که (له‌دونیادا) ده‌تان کرد ﴿١٣﴾ ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ بێگومان وێنه‌ی ژیانی دونیا ﴿كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ وه‌ك بارانێك وایه له‌ئاسمانه‌وه باراندومانه ﴿فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ﴾ جا به‌هۆی ئه‌و (بارانه‌وه ڕوه‌کی زۆر ڕواوه و) سه‌وزی و ڕوه‌کی زه‌وی تێکه‌ڵ به‌یه‌ك بوون وبه یه‌کدا چوون ﴿مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ﴾ له‌وه‌ی که خه‌ڵکی و ئاژه‌ڵیش ده‌یخۆن ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ﴾ هه‌تا کاتێك ﴿أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ﴾ زه‌وی (به‌سه‌وزی و ڕوه‌ك) ڕه‌ونه‌ق و جوانی خۆی وه‌رده‌گرێت و خۆی ده‌ڕازێنێته‌وه ﴿وَظَنَّ أَهۡلُهَآ﴾ دانیشتوان و خه‌ڵکی ئه‌و (زه‌ویه) وا ده‌زانن ﴿أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ﴾ که‌به‌ ڕاستی ئه‌وان به‌توانان به‌سه‌ر (دروێنه کردن) یدا ﴿أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا﴾ (له‌ناکاوێکدا) فه‌رمانی ئێمه بێت بۆ ئه‌و (زه‌وی و کشتوکاڵه) ﴿لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا﴾ له‌شه‌و یان له‌ڕۆژدا ﴿فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا﴾ ئه‌مجا وه‌ك دروێنه کراوی لێ بکه‌ین (وهیچیان بۆ نه‌مێنێته‌وه) ﴿كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ بِٱلۡأَمۡسِۚ﴾ وه‌ك له‌وه‌و پێش هه‌ر نه‌بووبێت ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ﴾ ئاوه‌ها جۆره ڕوونی ده‌که‌ینه‌وه ﴿ٱلۡأٓيَٰتِ﴾ ئایه‌ت و به‌ڵگه‌و نیشانه‌کانمان ﴿لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بۆ گه‌لێ که بیربکه‌نه‌وه ﴿٢٤﴾ ﴿وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ﴾ وه خوا (خه‌ڵك) بانگ ده‌کات ﴿إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ﴾ بۆ ماڵی ئاشتی و ئارامی (به‌هه‌شت) ﴿وَيَهۡدِي مَن﴾ وه ڕێنموونیی هه‌ر که‌سێك ده‌کات ﴿يَشَآءُ﴾ که بیه‌وێت ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾ بۆ ڕێگه‌ی ڕاست ﴿٢٥﴾

﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا﴾ بۆ ئه‌وانه‌ی چاکه‌یان کردوه ﴿الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ﴾ پاداشتی چاکتر (به‌هه‌شت) و زیاتریان هه‌یه (که‌بینینی خوایه) ﴿وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ﴾ ده‌م و چاویان داناگرێت (لێی نانیشێت) ﴿قَتَرٌ وَلَا ذِلَّةٌ﴾ هیچ ڕه‌شی وته‌پ و تۆزو ڕیسوایی‌ه‌ك ﴿أُولَٰئِكَ﴾ ئه‌وانه ﴿أَصْحَابُ الْجَنَّةِ﴾ هاوڕێی به‌هه‌شتن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ ئه‌وانه‌ له‌و (به‌هه‌شته)دان به‌هه‌میشه‌یی ﴿١٠﴾ ﴿وَالَّذِينَ﴾ ئه‌وانه‌ش ﴿كَسَبُوا السَّيِّئَاتِ﴾ که‌کرده‌وه‌ی خراپیان کردووه ﴿جَزَاءُ سَيِّئَةٍ﴾ تۆڵه‌ی هه‌ر خراپه‌یه‌ك ﴿بِمِثْلِهَا﴾ به‌ئه‌ندازه‌ی ئه‌و (خراپه‌یه تۆڵه‌ی لێ ده‌سێندرێ) ﴿وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ﴾ وه ڕیسوایی دایان ده‌گرێت ﴿مَا لَهُمْ﴾ بۆیان نییه ﴿مِنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ﴾ هیچ په‌ناده‌رێك له(سزای) خودا ﴿كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ﴾ (به‌ڕاده‌یه‌ك ڕوویان ڕه‌ش بووه) ده‌ڵێی ده‌م و چاوویان داپۆشراوه ﴿قِطَعًا مِنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا﴾ به چه‌ند به‌شێك له‌شه‌وه زه‌نگ ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ ئه‌وانه‌ی(که‌باس کران) هاوڕێی ئاگری دۆزه‌خن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ ئه‌وان تێیدا ده‌مێننه‌وه به‌هه‌میشه‌یی. ﴿١١﴾ ﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ باسی بکه بۆیان) ئه‌و ڕۆژه‌ی هه‌موویان کۆده‌که‌ینه‌وه ﴿ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ﴾ ئه‌مجا ده‌ڵێین به‌وانه‌ی ﴿أَشْرَكُوا﴾ هاوبه‌شیان بۆ خوا بڕیار داوه ﴿مَكَانَكُمْ﴾ له‌شوێنی خۆتاندا نه‌جوڵێن (ڕاوه‌ستن) ﴿أَنْتُمْ وَشُرَكَاؤُكُمْ﴾ خۆتان و بت و په‌رستراوه‌کانتان ﴿فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ﴾ ئه‌مجا لێکیان جیاده‌که‌ینه‌وه ﴿وَقَالَ شُرَكَاؤُهُمْ﴾ په‌رستراوه‌کانیان ده‌ڵێن ﴿مَا كُنْتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ﴾ ئێوه ئێمه‌تان نه‌ده‌په‌رست ﴿١٢﴾ ﴿فَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ جا خوا به‌سه که شاهید بێت ﴿بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ﴾ له‌نێوان ئێمه و ئێوه‌دا ﴿إِنْ كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ﴾ بێگومان ئێمه بێ ئاگابووین له‌به‌ندایه‌تی کردنتان بۆ ئێمه ﴿١٣﴾ ﴿هُنَالِكَ تَبْلُوا﴾ له‌وێدا ده‌رده‌که‌وێت ﴿كُلُّ نَفْسٍ مَا أَسْلَفَتْ﴾ هه‌موو که‌سێك چی پێش خۆی خستووه ﴿وَرُدُّوا إِلَى اللَّهِ﴾ وه هه‌موو ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه بۆلای خوا ﴿مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ﴾ که کۆمه‌کی که‌ر وپه‌روه‌ردگاری حه‌ق و ڕاستیانه ﴿وَضَلَّ عَنْهُمْ﴾ وه‌لێیان وون ده‌بێت ﴿مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ ئه‌و (په‌رستراوه درۆیانه‌ی) هه‌ڵیان به‌ستبوون ﴿١٤﴾ ﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ ئایا کێ ڕزق و ڕۆزیتان ده‌دات ﴿مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ له‌ئاسمان (به باران) و له‌زه‌ویه‌وه (به ڕووه‌ك) ﴿أَمَّنْ يَمْلِكُ﴾ یان کێ خاوه‌نی (دروستکه‌ری) ﴿السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ﴾ گوێ و چاوانه ﴿وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ﴾ وه کێ زیندوو له مردوو ده‌رده‌هێنێت ﴿وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ﴾ وه مردوو له‌زیندوو ده‌رده‌هێنێت ﴿وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ﴾ هه‌روه‌ها کێ کاره‌کان هه‌ڵده‌سوڕێنێ ﴿فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ﴾ بێگومان یه‌کسه‌ر ده‌ڵێن خوا ﴿فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ که‌واته (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) پێیان بڵێ ده‌ی بۆ خۆتان ناپارێزن (له‌سزای خوا)؟ ﴿٣١﴾ ﴿فَذَٰلِكُمُ اللَّهُ﴾ هه‌ر ئه‌و خوایه ﴿رَبُّكُمُ الْحَقُّ﴾ په‌روه‌ردگاری ڕاستی ئێوه‌یه ﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ﴾ ده‌ی له‌پاش ڕاستی هیچ هه‌یه ﴿إِلَّا الضَّلَالُ﴾ جگه له گومڕایی ﴿فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ﴾ ده‌ی چۆن له‌ڕێگه‌ی ڕاست لاده‌درێن؟! ﴿٣٢﴾ ﴿كَذَٰلِكَ حَقَّتْ﴾ به‌و جۆره چه‌سپاوه ﴿كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾ بڕیاری په‌روه‌ردگارت ﴿عَلَى الَّذِينَ﴾ له‌سه‌ر ئه‌وانه‌ی ﴿فَسَقُوا﴾ له‌سنوور لایان داوه ﴿أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بێگومان ئه‌وانه بڕوا ناهێنن ﴿٣٣﴾

﴿قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ له‌وانه‌ی کردوتانه به‌هاوبه‌شی خوا ﴿مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ﴾ که‌سێك هه‌یه شتێك له‌نه‌بوونه‌وه دروست بکات ﴿ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ ئه‌مجا (له‌پاش مردنی) دووباره‌ی بکاته‌وه ﴿قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ﴾ بڵێ خوا له نه‌بوو شت دروست ده‌کات ﴿ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ ئه‌مجا (له پاش مردنی) دروستی ده‌کاته‌وه ﴿فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ ده‌ی چۆن له ڕاستی لا ده‌درێن ﴿٣٤﴾ ﴿قُلْ هَلْ﴾ بڵێ ئایا ﴿مِن شُرَكَآئِكُم﴾ له ناو به‌رستراوه‌کانتاندا ﴿مَّن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ﴾ که‌سێ هه‌یه ڕێنموونیی بکات بۆ ڕێگای ڕاست ﴿قُلِ ٱللَّهُ﴾ بڵێ خوا ﴿يَهْدِى لِلْحَقِّ﴾ ڕێنموونیی ده‌کات بۆ ڕێگای ڕاست ﴿أَفَمَن يَهْدِىٓ﴾ جا ئایا که‌سێك که ڕێنموونیی ده‌کات ﴿إِلَى ٱلْحَقِّ﴾ بۆ ڕاسته‌ڕێ ﴿أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ﴾ شایان تره به‌وه‌ی پەیڕه‌وی بکرێت وشوێنی بکه‌وێت ﴿أَمَّن لَّا يَهِدِّىٓ﴾ یان که‌سێك ڕێبازی ڕاست شاره‌زا نابێ ﴿إِلَّآ أَن يُهْدَىٰ﴾ مه‌گه‌ر شاره‌زا بکرێت ﴿فَمَا لَكُمْ﴾ ئه‌وه چیتانه ﴿كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾ چۆن ئه‌و بڕیار ده‌ده‌ن؟ ﴿٣٥﴾ ﴿وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ﴾ وه زۆربه‌یان شوێن هیچ ناکه‌ون ﴿إِلَّا ظَنًّا﴾ جگه له گومان ﴿إِنَّ ٱلظَّنَّ﴾ به‌ڕاستی گومان ﴿لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا﴾ له ڕاست حه‌قدا هیچ سوودێك (به‌خاوه‌نه‌که‌ی) ناگه‌یه‌نێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ به‌ڕاستی خوا ﴿عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ زانایه به‌وه‌ی که ده‌یکه‌ن ﴿٣٦﴾ ﴿وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ﴾ ڕه‌وانی یه‌و ناگونجێت ئه‌م قورئانه ﴿أَن يُفْتَرَىٰ﴾ هه‌ڵبه‌ستراو بێ ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ (له‌لایه‌ن که‌سێکه‌وه) جگه له‌خوا ﴿وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى﴾ به‌ڵکو به‌ڕاست دانه‌ری ئه‌و (کتێبانه‌ی) ﴿بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ پێش خۆیه‌تی (پێش ده‌ستکاری کردنیان) ﴿وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ وه ڕوون که‌ره‌وه‌ی کتێبه ئاسمانیه‌کانه ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ (ئه‌م قورئانه) هیچ گومانی تێدانی یه ﴿مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاری جیهانیانه‌وه هاتووه ﴿٣٧﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ﴾ یان ده‌ڵێن (موحه‌ممه‌د ﷺ) خۆی ئه‌م قورئانه‌ی هه‌ڵبه‌ستووه به‌ده‌م خواوه ﴿قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ﴾ به‌وانه بڵێ سوره‌تێك بهێنن ﴿مِّثْلِهِۦ﴾ وه‌ك ئه‌و ﴿وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم﴾ و هه‌ر که‌سێك که‌ده‌توانن بانگی بکه‌ن ﴿مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێجگه له‌خوا ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه ڕاست ده‌که‌ن ﴿٣٨﴾ ﴿بَلْ﴾ (ئه‌وه وازلێ بێنه) به‌ڵکو ﴿كَذَّبُوا۟ بِمَا﴾ ئه‌وانه بڕوایان به‌قورئان نه‌هێناو به درۆیان دانا ﴿لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ﴾ که هیچ زانارییان ده‌رباره‌ی نه‌بوو ﴿وَلَمَّا﴾ که هێشتا ﴿يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ﴾ سه‌رئه‌نجامی (سزاو تۆڵه‌ی) قورئانیان بۆ نه‌هاتووه ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ﴾ به هه‌مان شێوه (پەیامی پێغه‌مبه‌رانیان) به‌درۆ زانی ئه‌وانه‌ی ﴿مِن قَبْلِهِمْ﴾ له‌پێش ئه‌مانه‌وه بوون ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ﴾ ئه‌مجا سه‌رنج بده که چۆن بوو ﴿عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ دوارۆژ و ئاکامی ستەم کاران ﴿٣٩﴾ ﴿وَمِنْهُم مَّن﴾ له‌وانیشدا که‌سی وا هه‌یه ﴿يُؤْمِنُ بِهِۦ﴾ که‌بڕوا به‌قورئان ده‌هێنێت ﴿وَمِنْهُم مَّن﴾ که‌سی واشیان هه‌یه ﴿لَّا يُؤْمِنُ بِهِۦ﴾ که‌بڕوای پێ ناهێنێت ﴿وَرَبُّكَ أَعْلَمُ﴾ وه پەروه‌ردگارت له‌هه‌موو که‌س زاناتره ﴿بِٱلْمُفْسِدِينَ﴾ به خراپه‌کاران ﴿٤٠﴾ ﴿وَإِن كَذَّبُوكَ﴾ ئه‌گه‌ر بڕوایان پێ نه‌هێنای ﴿فَقُل لِّى عَمَلِى﴾ ئه‌وه پێیان بڵێ (پاداشتی) کرده‌وه‌ی خۆم بۆ خۆم ﴿وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ﴾ و (پاداشتی) کرده‌وه‌ی خۆتان بۆ خۆتان ﴿أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ﴾ ئێوه به‌ڕین (به‌ڕپرسیارنین) له‌وه‌ی من ده‌یکه‌م ﴿وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾ منیش به‌ڕیم (به‌ڕپرسیارنیم) له‌وه‌ی ئێوه ده‌یکه‌ن ﴿٤١﴾ ﴿وَمِنْهُم مَّن﴾ (کافران) که‌سی وایان هه‌یه ﴿يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ﴾ گوێت لێ ده‌گرن (که‌قورئان ده‌خوێنیت) ﴿أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ﴾ جا ئایا تۆ گوفتارت به‌که‌ڕان ده‌ژنه‌وێنی؟ ﴿وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَعْقِلُونَ﴾ ئه‌گه‌ر چی ئه‌و که‌ڕانه هیچیش تێنه‌گه‌ن ﴿٤٢﴾

﴿وَمِنْهُم مَّن﴾ وه هی وایان هه‌یه ﴿يَنظُرُ إِلَيْكَ﴾ ده‌روانێت بۆت ﴿أَفَأَنتَ تَهْدِي الْعُمْيَ﴾ ده‌ی ئایا تۆ ڕێنموونیی ئه‌و کوێرانه ده‌که‌یت (مه‌به‌ست پێی بێ باوه‌ڕانه که کوێرن له ئاست بینینی هه‌ق وڕاستیدا) ﴿وَلَوْ كَانُوا لَا يُبْصِرُونَ﴾ ئه‌گه‌ر چی ئه‌و کوێرانه نابیناش بن؟ ﴿٤٣﴾ ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ به‌ڕاستی خوا ﴿لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا﴾ هیچ ستەم له‌خه‌ڵکی ناکات ﴿وَلَٰكِنَّ النَّاسَ﴾ به‌ڵکو خه‌ڵکی ﴿أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ خۆیان ستەم له‌خۆیان ده‌که‌ن ﴿٤٤﴾ ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ﴾ وه (بیریان بخه‌نه‌وه) ئه‌و ڕۆژه‌ی که(خوا) هه‌موویان کۆ ده‌کاته‌وه ﴿كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوا﴾ ده‌ڵێی له دونیادا نه‌ماونه‌ته‌وه ﴿إِلَّا سَاعَةً﴾ ساتێکی که‌م نه‌بێت ﴿مِّنَ النَّهَارِ﴾ له ڕۆژێك ﴿يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ﴾ خۆیان به‌یه‌کتر ده‌ناسێنن ﴿قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ﴾ به‌ڕاستی زه‌ره‌رمه‌ند بوون ئه‌وانه‌ی ﴿كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ﴾ که بڕوایان نه‌هێنا به (زیندووبونه‌وه) دیداری خوا ﴿وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ﴾ وه‌ئه‌وانه ڕێنموون وه‌ر گرنه‌بوون ﴿٤٥﴾ ﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ﴾ به‌ڕاستی ئه‌گه‌ر نیشانت بده‌ین ﴿بَعْضَ﴾ هه‌ندێك ﴿الَّذِي نَعِدُهُمْ﴾ له‌وه‌ی به‌ڵێنمان داوه پێیان (زالبوونت به‌سه‌ریاندا) ﴿أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾ یان تۆ بمرێنین (پێش به‌دی هاتنی) ﴿فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ﴾ ئه‌وه گه‌ڕانه‌وه‌یان هه‌ر بۆ لای ئێمه‌یه ﴿ثُمَّ اللَّهُ﴾ پاشان خوا ﴿شَهِيدٌ﴾ شایه‌ته ﴿عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ﴾ له‌سه‌ر ئه‌و کرده‌وانه‌ی که ده‌یکه‌ن (له‌پاش تۆ) ﴿٤٦﴾ ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ﴾ وه بۆ هه‌موو گه‌لێك پێغه‌مبه‌رێك هه‌بووه ﴿فَإِذَا جَاءَ رَسُولُهُمْ﴾ جا کاتێك پێغه‌مبه‌ره‌که‌یان (له‌قیامه‌تدا) هات بۆلایان ﴿قُضِيَ بَيْنَهُم﴾ بڕیار ده‌درێت له‌نێوانیاندا ﴿بِالْقِسْطِ﴾ به‌دادگه‌ریی و ڕاستی ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وه ئه‌وان هیچ ستەمیان لێ ناکرێت ﴿٤٧﴾ ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ﴾ ده‌ڵێن که‌ی ده‌بێت ﴿هَٰذَا الْوَعْدُ﴾ ئه‌و به‌ڵێن و هه‌ڕه‌شه‌یه ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه ڕاست ده‌که‌ن ﴿٤٨﴾ ﴿قُل﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ ﴿لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي﴾ به‌ده‌ستم نی یه بۆ خودی خۆم ﴿ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾ هیچ زیان و سوودێك ﴿إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ﴾ مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی خوا بیه‌وێت ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ﴾ بۆ هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه‌ك کاتێکی دیاری کراو هه‌یه ﴿إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ﴾ ئه‌گه‌ر کاته‌که‌یان هات ﴿فَلَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً﴾ ئه‌وا نه‌ساتێك دوا ده‌که‌ون ﴿وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ نه‌پێشیش ده‌که‌ون ﴿٤٩﴾ ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ﴾ تۆ بڵێ (به‌وانه) پێم بڵێن ﴿إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُهُ﴾ ئه‌گه‌ر سزای خواتان بۆهات ﴿بَيَاتًا أَوْ نَهَارًا﴾ له‌شه‌ودا یان له‌ڕۆژدا ﴿مَّاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ الْمُجْرِمُونَ﴾ ئایا تاوانباران بۆچی(سزایه‌ك) پەله ده‌که‌ن ﴿٥٠﴾ ﴿أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ﴾ ئایا پاش ئه‌وه‌ی ڕووی داو به‌دی هات ﴿آمَنتُم بِهِ﴾ ئێوه بڕوای پێ دێنن؟!! ﴿آلْآنَ﴾ ئا ئێستا (بڕوای پێ دێنن)؟ ﴿وَقَدْ كُنتُم بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ﴾ خۆ به‌ڕاستی ئێوه پەله‌ی هاتنی (ئه‌و سزا) یه‌تان ده‌کرد ﴿٥١﴾ ﴿ثُمَّ قِيلَ﴾ ئه‌مجا پێیان ده‌ووترێت ﴿لِلَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ به‌وانه‌ی که ستەمیان کردوه ﴿ذُوقُوا عَذَابَ﴾ بچه‌ژن سزای ﴿الْخُلْدِ﴾ هه‌میشه‌یی ﴿هَلْ تُجْزَوْنَ﴾ ئایا ئێوه تۆڵه‌تان لێ ده‌سه‌ندرێت ﴿إِلَّا بِمَا﴾ مه‌گه‌ر به‌هۆی ئه‌و (کارانه‌وه) نه‌بێت ﴿كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ که‌خۆتان ده‌تان کرد ﴿٥٢﴾ ﴿وَيَسْتَنبِئُونَكَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) لێت ده‌پرسن ﴿أَحَقٌّ هُوَ﴾ ئایا ئه‌و سزایه ڕاسته (به‌دی دێت)؟ ﴿قُلْ إِي وَرَبِّي﴾ پێیان بڵێ به‌ڵێ سوێند به‌په‌روه‌ردگارم ﴿إِنَّهُ لَحَقٌّ﴾ بێگومان ئه‌وه ڕاسته ﴿وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ وه ئێوه ناتوانن خۆتانی لێ قوتار بکه‌ن ﴿٥٣﴾

﴿وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ﴾ ئه‌گه‌ر هه‌ر که‌سێك بێت ﴿ظَلَمَتْ﴾ که ستەمی کردووه (له‌دونیادا) یان بێ باوەڕ بوو بێت ﴿مَا فِي الْأَرْضِ﴾ هه‌رچی له زه‌ویدایه ﴿لَافْتَدَتْ بِهِ﴾ له‌برێتی خۆی ده‌یدات (ته‌نها بۆ ئه‌وه‌ی ڕزگاری ببێت) ﴿وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ﴾ وه (بێ باوەڕان) په‌شیمانی خۆیان ده‌شارنه‌وه (له‌و ڕۆژه‌دا) ﴿لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ﴾ کاتێك که ئه‌و سزایه ده‌بینن ﴿وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ﴾ جا بڕیار ده‌درێت له نێوانیاندا به‌دادوه‌ری ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ و ئه‌وانه هیچ ستەمیان لێ ناکرێت ﴿٥٤﴾ ﴿أَلَا إِنَّ لِلَّهِ﴾ ئاگادارین به‌ڕاستی مولکی خوایه ﴿مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ ئه‌وه‌ی له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدایه ﴿أَلَا إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ﴾ ئاگادارین به‌ڕاستی به‌ڵێنی (هه‌ڕه‌شه‌ی) خوا ﴿حَقٌّ﴾ ڕاسته ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌یان نازانن ﴿٥٥﴾ ﴿هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾ ئه‌و (خوایه) ده‌ژێنێنێت وده‌مرێنێنێت ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ و هه‌ر بۆلای ئه‌و ده‌گه‌ڕێنرێنه‌وه (له‌ڕۆژی دواییدا) ﴿٥٦﴾ ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ ئه‌ی خه‌ڵکینه ﴿قَدْ جَاءَتْكُمْ﴾ بێگومان بۆتان هاتووه ﴿مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ ئامۆژگاری (قورئان) له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارتانه‌وه ﴿وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ﴾ وه شیفا و چاره‌یه بۆ ئه‌وه‌ی له ناو دڵ و ده‌رونتان دایه ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾ وه ڕێنموونیی و میهره‌بانیه ﴿لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ بڕواداران ﴿٥٧﴾ ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ هه‌ر به‌هۆی چاکه‌و ﴿وَبِرَحْمَتِهِ﴾ و میهره‌بانی خواوه‌یه ﴿فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾ جا که‌واته بابه‌وه دڵخۆش بن ﴿هُوَ خَيْرٌ﴾ ئه‌وه چاکتره (بۆیان) ﴿مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾ له‌وه‌ی کۆی ده‌که‌نه‌وه (له‌شتی ئه‌م دونیایه) ﴿٥٨﴾ ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ﴾ بڵێ (به‌و بێ بڕوایانه) پێم بڵێن ﴿مَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾ ئه‌وه‌ی خوا ناردوویه‌تیه خواره‌وه ﴿لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ﴾ بۆتان له ڕزق و ڕۆزی ﴿فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ﴾ هه‌ندێکیتان کردووه ﴿حَرَامًا وَحَلَالًا﴾ به حه‌رام و (هه‌ندێکی)به حه‌ڵاڵ ﴿قُلْ آللَّهُ﴾ بڵێ ئایا خوا ﴿أَذِنَ لَكُمْ﴾ مۆڵه‌تی (ئه‌وه‌ی) پێ داوون (له‌خۆتانه‌وه شتانێك حه‌ڵاڵ و شتانێکیش حه‌رام بکه‌ن) ﴿أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ﴾ یان درۆ ده‌که‌ن به‌ناوی خواوه ﴿٥٩﴾ ﴿وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ﴾ وه گومانی ئه‌وانه چیه ﴿يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ﴾ که درۆ هه‌ڵبه‌ستن به‌ناوی خواوه ﴿يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ له‌ڕۆژی دواییدا ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ به‌ڕاستی خوا ﴿لَذُو فَضْلٍ﴾ خاوه‌نی چاکه‌و فه‌زڵ و به‌هره‌یه ﴿عَلَى النَّاسِ﴾ به‌سه‌ر خه‌ڵکی یه‌وه ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی ﴿لَا يَشْكُرُونَ﴾ سوپاسی (ئه‌و چاکه‌و به‌هرانه) ناکه‌ن ﴿٦٠﴾ ﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ﴾ وه (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) تۆ له هه‌ر مه‌به‌ست و کارێکدابیت ﴿وَمَا تَتْلُوا مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ﴾ وه هه‌رچی له قورئان بخوێنی ﴿وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ﴾ و (ئێوه) هه‌ر کرده‌وه‌یه‌ك بکه‌ن ﴿إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ﴾ بێگومان ئێمه به‌سه‌رتانه‌وه ﴿شُهُودًا﴾ شایه‌تین و ئاگادارین ﴿إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ﴾ کاتێك ده‌ڕۆنه ناویه‌وه و پێوه‌ی خه‌ریکن ﴿وَمَا يَعْزُبُ﴾ وه وون نابێت ﴿عَنْ رَبِّكَ﴾ له‌په‌روه‌ردگارت ﴿مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ﴾ به‌ئه‌ندازه‌ی گه‌ردیله‌یه‌ك ﴿فِي الْأَرْضِ﴾ نه له‌زه‌وی ﴿وَلَا فِي السَّمَاءِ﴾ و نه له‌ئاسماندا ﴿وَلَا أَصْغَرَ مِنْ ذَٰلِكَ﴾ وه نه‌بچوکتر له‌و گه‌ردیله‌یه ﴿وَلَا أَكْبَرَ﴾ و نه گه‌وره‌تر له‌و(گه‌ردیله‌یه) ﴿إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ مه‌گه‌ر ئه‌وه‌تا له ناو په‌ڕاوێکی ئاشکرادا (که‌مه‌به‌ست پێی لوح المحفوظ)ه ﴿٦١﴾

﴿أَلَآ إِنَّ﴾ ئاگادار بن بێگومان ﴿أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ﴾ دۆستانی خوا ﴿لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ ترسیان لەسەر نیە ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ خەفەتیش ناخۆن ﴿٦٢﴾ ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ﴿وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ﴾ وەهەمیشە خۆیان دەپارێزن و لەخوا دەترسن ﴿٦٣﴾ ﴿لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ﴾ هەر بۆ ئەوانە مژگێنی وموژدە ﴿فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ لەژیانی دونیادا ﴿وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ و لە دواڕۆژیشدا ﴿لَا تَبْدِيلَ﴾ گۆڕان نییە ﴿لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ﴾ بۆ ووتە (و بەڵێنە) کانی خوا ﴿ذَٰلِكَ هُوَ﴾ هەر ئەوەیە ﴿ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿٦٤﴾ ﴿وَلَا يَحْزُنكَ﴾ باخەمبارت نەکات ﴿قَوْلُهُمْ﴾ ووتەی ئەوانە ﴿إِنَّ ٱلْعِزَّةَ﴾ چونکە بەڕاستی هێز و دەسەڵات ﴿لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ هەمووی بۆ خوایە ﴿هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ خوایش بیسەری زانایە ﴿٦٥﴾ ﴿أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ﴾ ئاگادار بن بەڕاستی هەر بۆ خوایە ﴿مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ هەر چی لە ئاسمانەکان ﴿وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ﴾ هەرچیش لە زەوی دایە ﴿وَمَا يَتَّبِعُ﴾ پەیڕەویان نەکردووە ﴿ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی بێجگە لەخواوەپەرستن ﴿شُرَكَآءَ﴾ بەرستراوانێ (هاوبەشانێ بۆ خوا) ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ﴾ ئەوانە تەنها شوێن گومان کەوتوون ﴿وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ وە ئەوانە تەنها درۆدەکەن (بەگومان و گۆتەرە شت دەڵێن) ﴿٦٦﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِى﴾ ئەو خوایە زاتێکە ﴿جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ﴾ شەوی بۆ داناون ﴿لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ﴾ تاتێیدا بحەسێنەوە ﴿وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا﴾ ڕۆژیشی داناوە بە ڕووناککەرەوە (کەمایەی ژیان و گوزەرانتان بێت) ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەوەدا (کە باس کرا) ﴿لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ﴾ چەند بەڵگەو نیشانەیەبۆ کەسانێک کە دەبیستن و ژیرن ﴿٦٧﴾ ﴿قَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا﴾ ئەوانەدەڵێن خوامندا لێ بۆخۆی هەڵبژاردووە!! ﴿سُبْحَٰنَهُۥ﴾ پاکی وبێگەردی بۆ خوا ﴿هُوَ ٱلْغَنِىُّ﴾ ئەو بێ نیازە ﴿لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ تەنها ئەو خاوەنیانە هەرچی وا لە ئاسمانەکان ﴿وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وهەرچی والەزەویدا ﴿إِنْ عِندَكُم مِّن سُلْطَٰنٍ بِهَٰذَآ﴾ هیچ بەڵگەیەکتان لانیە بەمەی کە دەیڵێن. ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئایا شتێک دەڵێن بەدەم خواوە کە نایزانن و بێ ئاگان لێی ﴿٦٨﴾ ﴿قُلْ إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەڕاستی ئەوانەی ﴿يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ﴾ کە درۆ هەڵ دەبەستن بە ناوی خواوە ﴿لَا يُفْلِحُونَ﴾ (هەرگیز) ڕزگارنابن ﴿٦٩﴾ ﴿مَتَٰعٌ فِى ٱلدُّنْيَا﴾ (چونکە) بەهرەو ڕابواردنێکی کەمە لەدونیادا (بەسەر دەبەن) ﴿ثُمَّ إِلَيْنَا﴾ پاشان بۆ لای ئێمەیە ﴿مَرْجِعُهُمْ﴾ گەڕانەوەیان ﴿ثُمَّ نُذِيقُهُمُ﴾ ئەمجا پێیان دەچێژین ﴿ٱلْعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ﴾ سزای زۆر توند ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ﴾ بەهۆی ئەوەی کە بڕوایان نەهێنا (تامردن) ﴿٧٠﴾

﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ده‌نگویاس و هه‌والی نووح (علیه السلام) یان بۆ بخوێنه‌ره‌وه ﴿إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦ﴾ کاتێك به‌گه‌له‌که‌ی ووت ﴿يَٰقَوْمِ﴾ ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُم﴾ ئه‌گه‌ر به‌لاتانه‌وه قورس و گرانه ﴿مَّقَامِى﴾ مانه‌وه‌م له‌ناوتاندا ﴿وَتَذْكِيرِى بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ و ئامۆژگاری کردنم (بۆتان) به‌ئایه‌ته‌کانی خوا ﴿فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْتُ﴾ ئه‌وامن پشتم به‌خوا به‌ستووه ﴿فَأَجْمِعُوٓا۟ أَمْرَكُمْ﴾ ئێوه‌ش کارو بڕیاری خۆتان کۆکه‌نه‌وه ﴿وَشُرَكَآءَكُمْ﴾ له‌گه‌ڵ هاوبه‌شه‌کانتان دا ﴿ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً﴾ ئه‌مجا باکار و بڕیاره‌کانتان شاراوه نه‌بێت به‌لاتانه‌وه (به‌ڵکو ئاشکرابێت) ﴿ثُمَّ ٱقْضُوٓا۟ إِلَىَّ﴾ پاشان به‌لامارم بده‌ن ﴿وَلَا تُنظِرُونِ﴾ و ماوه‌م مه‌ده‌ن ﴿٧١﴾ ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ جا ئه‌گه‌ر سه‌رپێچیتان کردم (پشتم تێ ده‌که‌ن) ﴿فَمَا سَأَلْتُكُم﴾ ئه‌وه من داوام نه‌کردووه لێتان ﴿مِّنْ أَجْرٍ﴾ هیچ پاداشتێك ﴿إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ﴾ پاداشتی من هه‌ر له‌سه‌ر خوایه ﴿وَأُمِرْتُ﴾ وه فه‌رمانم پێ دراوه ﴿أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ که له فه‌رمانبه‌ردارانی خودا و موسوڵمانان بم ﴿٧٢﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ﴾ ئه‌مجا به‌درۆیان زانی ﴿فَنَجَّيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ﴾ ئه‌وسا ئێمه‌ش ئه‌و (نووح) و ئه‌وانه‌ش که‌له‌گه‌ڵی بوون ڕزگارمان کردن ﴿فِى ٱلْفُلْكِ﴾ له‌که‌شتیه‌که‌دا ﴿وَجَعَلْنَٰهُمْ﴾ وه‌کردمانن ﴿خَلَٰٓئِفَ﴾ به‌جێ نشینانی (ئه‌وان له‌زه‌ویدا) ﴿وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ﴾ ئه‌وانه‌شمان ژێر ئاوخست ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ که‌بڕوایان به‌ئایه‌ته‌کانی ئێمه نه‌هێنا ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ﴾ ئه‌مجا سه‌رنج بده و بڕوانه بزانه چۆن بوو ﴿عَٰقِبَةُ ٱلْمُنذَرِينَ﴾ دواڕۆژ و ئاکامی ترسێنراوان ﴿٧٣﴾ ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ ئه‌مجا له‌دوای نووح ناردمان ﴿رُسُلًا﴾ پێغه‌مبه‌رانێك ﴿إِلَىٰ قَوْمِهِمْ﴾ بۆ ناو گه‌له‌کانیان ﴿فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ ئه‌وانیش هاتن بۆ لایان به‌به‌ڵگه ڕوونه‌کانه‌وه ﴿فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟﴾ که‌چی ئه‌وان بڕوایان نه‌هێنا ﴿بِمَا كَذَّبُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ﴾ به‌وه‌ی که‌له ڕابردوودا بڕوایان پێنه‌هێنا بوو ﴿كَذَٰلِكَ نَطْبَعُ﴾ به‌و جۆره مۆر ده‌نێین ﴿عَلَىٰ قُلُوبِ﴾ به‌سه‌ر دڵی ﴿ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ ده‌ست درێژ کاراندا (تاتێبگه‌ن) ﴿٧٤﴾ ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا﴾ پاشان ناردمان ﴿مِنۢ بَعْدِهِم﴾ له‌پاش ئه‌و نێرراوانه ﴿مُّوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ﴾ موسا و هاروون بۆلای فیرعه‌ون ﴿وَمَلَإِيْهِۦ﴾ و ه بۆ لای ده‌سته و تاقمه‌که‌ی ﴿بِـَٔايَٰتِنَا﴾ به‌به‌ڵگه و موعجیزه‌کانمانه‌وه ﴿فَٱسْتَكْبَرُوا۟﴾ به‌ڵام ئه‌وان خۆیان به‌گه‌وره زانی ﴿وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ و ئه‌وان هۆزێکی تاوان باربوون ﴿٧٥﴾ ﴿فَلَمَّا جَآءَهُمُ﴾ جا کاتێك بۆیان هات ﴿ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا﴾ هه‌ق و ڕاستی له‌لایه‌ن ئێمه‌وه ﴿قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰذَا﴾ ووتیان بێگومان ئه‌مه ﴿لَسِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ جادوویه‌کی ڕوون و دیاره! ﴿٧٦﴾ ﴿قَالَ مُوسَىٰٓ﴾ موسا ووتی (بێبان) ﴿أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ﴾ ئایا ئێوه‌به‌م هه‌ق و ڕاستیه ده‌ڵێن (جادووه) ﴿لَمَّا جَآءَكُمْ﴾ کاتێك بۆتان هاتووه ﴿أَسِحْرٌ هَٰذَا﴾ ئایا ئه‌وه جادووه ﴿وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّٰحِرُونَ﴾ که جادووبازان ڕزگاریان نابێت ﴿٧٧﴾ ﴿قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا﴾ ووتیان ئایا هاتووی بۆلامان ﴿لِتَلْفِتَنَا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی لامان ده‌ی ﴿عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَا﴾ له‌وه‌ی باوو باپیرانمان له‌سه‌ری بوون ﴿وَتَكُونَ لَكُمَا﴾ تابۆ هه‌ر دووکتان (موسا و هاروون) بێت ﴿ٱلْكِبْرِيَآءُ﴾ گه‌وره‌یی (وسه‌رۆکایه‌تی به‌نو ئیسرائیل) ﴿فِى ٱلْأَرْضِ﴾ له‌زه‌ویدا ﴿وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ﴾ وه ئێمه هه‌گیز باوه‌ڕتان پێ ناکه‌ین ﴿٧٨﴾

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ﴾ فیرعه‌ون ووتی (به‌کۆمه‌ڵه‌که‌ی) ﴿ٱئْتُونِى بِكُلِّ﴾ بۆم بێنن و (کۆی بکه‌نه‌وه) هه‌موو ﴿سَٰحِرٍ عَلِيمٍ﴾ جادوو گه‌ڕێکی زۆر زانا و لێزان ﴿٧٩﴾ ﴿فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ﴾ جا کاتێك جادوو گه‌ره‌کان هاتن ﴿قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ﴾ مووسا پێی ووتن: ﴿أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ﴾ ئه‌وه‌ی ده‌تانه‌وێ بیهاوێژن (فڕێی ده‌ن) ﴿٨٠﴾ ﴿فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟﴾ ئه‌مجا کاتێك (جا دووه‌کانیان) فڕێ دا ﴿قَالَ مُوسَىٰ﴾ مووسا ووتی ﴿مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ﴾ هه‌رچی ئێوه هێناوتانه جادووه ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ﴾ بێگومان خوا به‌زوویی پوچه‌ڵی ده‌کاته‌وه ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ﴾ چونکه به‌ڕاستی خوا چاکی ناکات ﴿عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ کرده‌وه‌ی خراپه‌کاران ﴿٨١﴾ ﴿وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ﴾ خوا حه‌ق و ڕاستی سه‌رده‌خات (ده‌یچه‌سپێنێت) ﴿بِكَلِمَٰتِهِۦ﴾ به‌فه‌رمان و به‌ڵێنه‌کانی ﴿وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ با تاوانبارانیش پێیان ناخۆش بێت ﴿٨٢﴾ ﴿فَمَآ ءَامَنَ﴾ جا (له‌سه‌ره‌تاوه) بڕوای نه‌هێنا ﴿لِمُوسَىٰٓ﴾ به‌مووسا ﴿إِلَّا ذُرِّيَّةٌ﴾ چه‌ند که‌سێك نه‌بێت ﴿مِّن قَوْمِهِۦ﴾ له گه‌له‌که‌ی ﴿عَلَىٰ خَوْفٍ﴾ به‌هۆی ترس و بیمیان ﴿مِّن فِرْعَوْنَ﴾ له فیرعه‌ون ﴿وَمَلَإِيْهِمْ﴾ و کاربه‌ده‌ست و گه‌وره‌کانیان ﴿أَن يَفْتِنَهُمْ﴾ نه‌وه‌ك بیانگێڕێته‌وه بۆ بێ دینی ﴿وَإِنَّ فِرْعَوْنَ﴾ به‌ڕاستی فیرعه‌ون ﴿لَعَالٍ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ خۆیه زل زان و زاڵ بوو له زه‌وی (میسر)دا ﴿وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ وه به‌ڕاستی له سنوور به‌زێنان بوو ﴿٨٣﴾ ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ﴾ وه مووسا ووتی ﴿يَٰقَوْمِ﴾ ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿إِن كُنتُمْ﴾ گه‌ر ئێوه ﴿ءَامَنتُم بِٱللَّهِ﴾ بڕواتان به‌خوا هێناوه ﴿فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوٓا۟﴾ ئه‌وه ته‌نها پشت به‌خوا ببه‌ستن ﴿إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه فه‌رمانبه‌ر و مل که‌چن ﴿٨٤﴾ ﴿فَقَالُوا۟﴾ ئه‌وانیش (باوه‌ڕداره‌کان) ووتیان ﴿عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا﴾ ته‌نها پشتمان به‌خوا به‌ستووه ﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان مه‌مانگێڕه به جێگه‌ی ئه‌شکه‌نجه وئازار ﴿لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بۆ گه‌لی سته‌مکاران ﴿٨٥﴾ ﴿وَنَجِّنَا﴾ وه ڕزگارمان بکه ﴿بِرَحْمَتِكَ﴾ به‌به‌زه‌یی خۆت ﴿مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ له‌ده‌ست کۆمه‌ڵی بێ بڕوایان ﴿٨٦﴾ ﴿وَأَوْحَيْنَآ﴾ وه‌نیگامان کرد ﴿إِلَىٰ مُوسَىٰ﴾ بۆ مووسا ﴿وَأَخِيهِ﴾ وبراکه‌ی (هاروون) ﴿أَن تَبَوَّءَا﴾ که پێکی بێنن و ئاماده‌ی بکه‌ن ﴿لِقَوْمِكُمَا﴾ بۆ گه‌له‌که‌تان ﴿بِمِصْرَ بُيُوتًا﴾ چه‌ند خانوویه‌ك له‌میسردا (که‌تێیدا بحه‌وێنه‌وه) ﴿وَٱجْعَلُوا۟ بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً﴾ وه خانووه‌کانتان بکه‌ن به قیبله (واته بیکه‌ن به‌جێگای په‌رستنی خودا) ﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ و به‌ڕێکو پێکی نوێژ به‌جێ بێنن ﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ مژده‌ش بده به‌بڕواداران (به‌به‌هه‌شت و سه‌رکه‌وتن) ﴿٨٧﴾ ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ﴾ و مووسا ووتی ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان به‌ڕاستی تۆ ﴿ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ﴾ به‌خشیووته به‌فیرعه‌ون و کۆمه‌ڵه‌که‌ی ﴿زِينَةً وَأَمْوَٰلًا﴾ هۆکاری ڕازانه‌وه و جوانی و مال و سامانی زۆر ﴿فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ له‌ژیانی دونیادا ﴿رَبَّنَا لِيُضِلُّوا۟﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵك گومڕا بکه‌ن ﴿عَن سَبِيلِكَ﴾ له‌ڕێگای تۆ ﴿رَبَّنَا ٱطْمِسْ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان له ناوی به‌ره و مه‌یهێڵه ﴿عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ﴾ مالّ و سامانیان ﴿وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ دڵه‌کانیان ڕه‌ق وڕه‌ش بکه ﴿فَلَا يُؤْمِنُوا۟﴾ چونکه بڕوا ناهێنن ﴿حَتَّىٰ يَرَوُا۟﴾ هه‌تا نه‌بینن (به‌چاوی خۆیان) ﴿ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾ سزای سه‌ختی ئازاردەر ﴿٨٨﴾

﴿قَالَ قَدْ﴾ (خوای گه‌وره) فه‌رمووی بێگومان ﴿أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا﴾ داوای هه‌ردووکتان وه‌رگیرا ﴿فَٱسْتَقِيمَا﴾ جا خۆ ڕاگر و به‌رده‌وام بن (له‌سه‌ر ئایینی خوا) ﴿وَلَا تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ﴾ وه مه‌که‌ونه شوێن ڕێگای ﴿ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ ئه‌وانه‌ی که‌نازانن ﴿٨٩﴾ ﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ﴾ ئه‌مجا نه‌وه‌ی ئیسرائیلمان له‌ده‌ریاکه (ده‌ریای سوور) په‌ڕاندووه ﴿فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ﴾ ئه‌مجا فیرعه‌ون و له‌شکره‌که‌ی شوێنیان که‌وتن ﴿بَغْيًا وَعَدْوًا﴾ به ستەم و ده‌ست درێژی کردن ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ﴾ هه‌تا ئه‌و کاته‌ی ﴿أَدْرَكَهُ ٱلْغَرَقُ﴾ خه‌ریك بوو (فیرعه‌ون) بخنکێ ﴿قَالَ ءَامَنتُ﴾ ئه‌وسا ووتی بڕوام هێنا ﴿أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ﴾ که هیچ په‌رستراوێکی ڕاست نی یه ﴿إِلَّا ٱلَّذِىٓ﴾ جگه له‌ئه‌و (خوایه) نه‌بێت ﴿ءَامَنَتْ بِهِۦ﴾ که بڕوایان پێ هێناوه ﴿بَنُوٓا۟ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ نه‌وه‌ی ئیسرائیل ﴿وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ وه منیش له موسڵمانانم ﴿٩٠﴾ ﴿ءَآلْـَٰٔنَ﴾ ئێستا (باوه‌ڕ دێنێت؟) ﴿وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ﴾ که بێگومان له‌وه‌و پێش سه‌رپێچیت کرد ﴿وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ وه‌تۆ له‌خراپه‌کاران و تێکده‌ران بوویت ﴿٩١﴾ ﴿فَٱلْيَوْمَ﴾ به‌ڵام ئه‌مڕۆ ﴿نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ﴾ لاشه‌که‌ت (له ده‌ریا) ڕزگار ده‌که‌ین ﴿لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً﴾ بۆ ئه‌وه‌ی بیی به‌په‌ند بۆ ئه‌وه‌ی له‌دوای تۆ دێت ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ وه به‌ڕاستی زۆرێك له‌خه‌ڵکی ﴿عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ﴾ بێ ئاگان له به‌ڵگه و نیشانه‌کانی ئێمه ﴿٩٢﴾ ﴿وَلَقَدْ بَوَّأْنَا﴾ سوێند به‌خوا بێگومان نیشته جێمان کردن ﴿بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ نه‌وه‌ی ئیسرائیل ﴿مُبَوَّأَ صِدْقٍ﴾ له‌شوێنێکی چاك و شایسته‌دا ﴿وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ و ڕۆزی چاك و پاکمان پێ دان ﴿فَمَا ٱخْتَلَفُوا۟﴾ جا ڕاجیاو دووبه‌ره‌ك نه‌بوون ﴿حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ﴾ هه‌تا زانین و شاره‌زایی (ته‌ورات) یان بۆ هات ﴿إِنَّ رَبَّكَ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت ﴿يَقْضِى بَيْنَهُمْ﴾ بڕیار ده‌دات له‌نێوانیاندا ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ له‌ڕۆژی دوایدا ﴿فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ له‌وه‌ی ئه‌وان تێیدا ڕاجیا بوون ﴿٩٣﴾ ﴿فَإِن كُنتَ﴾ جائه‌گه‌ر تۆ ﴿فِى شَكٍّ﴾ له گوماندای ﴿مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ﴾ له‌وه‌ی که ناردومانه‌ته خواره‌وه بۆت ﴿فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ﴾ ئه‌وه پرسیار له‌وانه بکه ﴿يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ که کتێبی ئاسمانی شاره‌زان و ده‌یخوێننه‌وه ﴿مِن قَبْلِكَ﴾ له‌پێش تۆ ﴿لَقَدْ جَآءَكَ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی بۆت هاتووه ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ هه‌ق و ڕاستی له‌په‌روه‌ردگارته‌وه ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ که‌واته له‌ده‌سته‌ی گومانداران مه‌به ﴿٩٤﴾ ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ﴾ و له‌وانه‌ش مه‌به ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ که نیشانه‌کانی خوایان به درۆزانی (و باوه‌ڕیان پێ نه‌هێنان) ﴿فَتَكُونَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ (ئه‌گه‌ر وابکه‌یت) ئه‌وه ده‌چیته ڕیزی زه‌ره‌مه‌ندانه‌وه ﴿٩٥﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی ﴿حَقَّتْ عَلَيْهِمْ﴾ ده‌رچووه و چه‌سپاوه بۆیان ﴿كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾ بڕیاری په‌روه‌ردگارت ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بڕوا ناهێنن ﴿٩٦﴾ ﴿وَلَوْ جَآءَتْهُمْ﴾ (بڕوا ناهێنن) هه‌رچه‌ند بۆیان بێت ﴿كُلُّ ءَايَةٍ﴾ هه‌موو به‌ڵگه‌و نیشانه‌یه‌ك ﴿حَتَّىٰ يَرَوُا۟﴾ هه‌تا نه‌بینن (به چاوی خۆیان) ﴿ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾ سزای سه‌ختی ئازاردەر ﴿٩٧﴾

﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ﴾ (خه‌لکی) هیچ شار و گوندێك (له‌وانه‌ی که هه‌ڕه‌شه‌یان لێکرا) وباوه‌ڕیان هێنا (کاتی بینین و دابه‌زینی سزای په‌روه‌ردگار) ﴿فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ﴾ باوه‌ڕه‌که‌یان هیچ سوودی پێ نه‌گه‌یاندن ﴿إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ﴾ جگه‌له گه‌لی یونس (علیه السلام) نه‌بێت ﴿لَمَّآ ءَامَنُوا۟﴾ کاتێك هه‌موو بڕوایان هێنا وته‌وبه‌یان کرد (که دڵ نیابوون سزای په‌روه‌ردگار دابه‌زیوه بۆ سه‌ریان) ﴿كَشَفْنَا عَنْهُمْ﴾ لامان برد له‌سه‌ریان ﴿عَذَابَ ٱلْخِزْىِ﴾ سزای سه‌رشۆڕی و ڕیسوایی ﴿فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ له ژیانی دونیادا ﴿وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾ و به‌هره و خۆشیمان پێدان تا ماوه‌یه‌ك (تاکاتی مردنیان) ﴿٩٨﴾ ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ﴾ وه‌ئه‌گه‌ر په‌روه‌ردگارت بیویستایه ﴿لَءَامَنَ﴾ بڕوای ده‌هێنا ﴿مَن فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئه‌و (خه‌لکه‌ی) والەزه‌ویدان ﴿كُلُّهُمْ جَمِيعًا﴾ هه‌موو به تێکڕا ﴿أَفَأَنتَ﴾ ده‌ی ئایا تۆ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ﴿تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ﴾ زۆر له‌خه‌لکی ده‌که‌یت ﴿حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ﴾ هه‌تا ببنه بڕوادار ﴿٩٩﴾ ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ﴾ وه بۆ هیچ که‌سێك نی یه ﴿أَن تُؤْمِنَ﴾ که‌بڕوا بێنێ ﴿إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ مه‌گه‌ر به ویستی خوا نه‌بێت ﴿وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ﴾ وه پیسی (وبێ باوه‌ڕی) ده‌خاته ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ﴾ سه‌ر ئه‌وانه‌ی ﴿لَا يَعْقِلُونَ﴾ که‌تێ ناگه‌ن وبیر ناکه‌نه‌وه ﴿١٠٠﴾ ﴿قُلِ ٱنظُرُوا۟﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ: سه‌رنج بده‌ن ﴿مَاذَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ چی له‌ئاسمانه‌کان و زه‌ویدایه ﴿وَمَا تُغْنِى ٱلْـَٔايَٰتُ وَٱلنُّذُرُ﴾ که‌چی نیشانه و ترسینه‌ره‌کان هیچ سوود ناگه‌یه‌نن ﴿عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ﴾ به‌که‌سانێك بڕوانه‌هێنن ﴿١٠١﴾ ﴿فَهَلْ يَنتَظِرُونَ﴾ ده‌ی چاوه‌ڕوانی چی ده‌که‌ن ﴿إِلَّا مِثْلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ﴾ بێجگه له ڕووداوێك وەك ڕووداوه‌کانی ئه‌وانه‌ی ﴿خَلَوْا۟ مِن قَبْلِهِمْ﴾ که له پێشیانه‌وه ڕابوردن ﴿قُلْ فَٱنتَظِرُوا۟﴾ بڵێ ده‌ی چاوه‌ڕوان بکه‌ن ﴿إِنِّى مَعَكُم﴾ به‌ڕاستی منیش له‌گه‌ڵ ئێوه‌دا ﴿مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ﴾ له چاوه‌ڕوانانم ﴿١٠٢﴾ ﴿ثُمَّ نُنَجِّى﴾ پاشان ئێمه ڕزگاری ده‌که‌ین (له کاتی ناڕه‌حه‌تیدا) ﴿رُسُلَنَا﴾ پێغه‌مبه‌رانمان (﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ و ئه‌وانه‌ی بڕوایان هێناوه ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئاببه‌و شێوه ﴿حَقًّا عَلَيْنَا﴾ پێویسته له‌سه‌رمان ﴿نُنجِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ ئیمان داران ڕزگار بکه‌ین ﴿١٠٣﴾ ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ بڵێ ئه‌ی خه‌ڵکینه ﴿إِن كُنتُمْ فِى شَكٍّ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه له گومانداون ﴿مِّن دِينِى﴾ له (ڕاستی) ئاینه‌که‌م ﴿فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ﴾ ئه‌وه من ناپه‌رستم ئه‌وانه‌ی ﴿تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ که ئێوه ده‌ی په‌رستن بێجگه له‌خوا ﴿وَلَٰكِنْ﴾ به‌ڵکو ﴿أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِى﴾ ئه‌و خوایه‌ده‌په‌رستم ﴿يَتَوَفَّىٰكُمْ﴾ که‌ئێوه ده‌مرێنێ ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ﴾ وه من فه‌رمانم پێ کراوه که ﴿مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ له‌بڕواداران بم ﴿١٠٤﴾ ﴿وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ﴾ وه ڕووت ڕێك و ڕاست بکه ﴿لِلدِّينِ حَنِيفًا﴾ بۆ ئایینێك که‌ڕاسته ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وه به‌هیچ جۆرێك له‌هاوبه‌ش دانه‌ران مه‌به ﴿١٠٥﴾ ﴿وَلَا تَدْعُ﴾ هاوارمه‌که (مه‌په‌رسته) ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێجگه له‌خوا ﴿مَا لَا يَنفَعُكَ﴾ شتێ نه‌سوودت پێ ده‌گه‌یه‌نێت ﴿وَلَا يَضُرُّكَ﴾ و نه‌زیانت لێ ده‌دات ﴿فَإِن فَعَلْتَ﴾ جا ئه‌گه‌ر وات کرد ﴿فَإِنَّكَ إِذًا﴾ ئه‌وه بێگومان ئه‌وکاته تۆ ﴿مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ له‌سته‌مکارانی ﴿١٠٦﴾

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ﴾ وه ئه‌گه‌ر خوا به تۆ بگه‌یه‌نێت ﴿بِضُرٍّ﴾ زیانێك ﴿فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ﴾ هیچ لاده‌رێك نی یه بۆ ئه‌و (زیانه) ﴿إِلَّا هُوَ﴾ بێجگه له خوا ﴿وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ﴾ وه ئه‌گه‌ر خێر و خۆشیه‌كی بوێست بۆت ﴿فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ﴾ ئه‌وه هیچ به‌رگری كه‌رێك نیه بۆ چاكه‌ی خوا ﴿يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ به‌هره‌مه‌ندی ده‌كات ئه‌و كه‌سه‌ی خۆی بیه‌وێت ﴿مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ له به‌نده‌كانی ﴿وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ وه هه‌ر ئه‌و لێ بوورده‌ی به‌به‌زه‌ییه ﴿١٠٧﴾ ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ ئه‌ی خه‌ڵكینه ﴿قَدْ جَآءَكُمُ ٱلْحَقُّ﴾ به‌ڕاستی (قورئانی) حه‌قتان بۆ هاتووه ﴿مِن رَّبِّكُمْ﴾ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارتانه‌وه ﴿فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ﴾ جا هه‌ر كه‌سێك ڕێنموونی وه‌ر گرتبێت ﴿فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ﴾ ئه‌وه بێگومان (قازانجی) ڕێنموونیه‌كه‌ی بۆ خۆیه‌تی ﴿وَمَن ضَلَّ﴾ هه‌ر كه‌سێش گومڕا بووبێت ﴿فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ ئه‌وه بێگومان (زیانی) گومڕابوونه‌كه‌ی بۆ خۆیه‌تی ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم﴾ وه من له ئێوه ﴿بِوَكِيلٍ﴾ به‌ر پرسیار نیم ﴿١٠٨﴾ ﴿وَٱتَّبِعْ﴾ شوێن ئه‌وه بكه‌وه ﴿مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ﴾ كه سرووش وه‌حی كراوه بۆت ﴿وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ﴾ وه به ئارام و خۆگر به هه‌تا ﴿يَحْكُمَ ٱللَّهُ﴾ خوا بڕیاری ده‌دات (له ئێوانی تۆ و ئه‌واندا) ﴿وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ﴾ وه ئه‌و (خوایه) چاكترینی هه‌موو دادوه‌ر و بڕیارده‌رانه ﴿١٠٩﴾

سوره‌تی ﴿هُود﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿الٓر﴾ به‌(ئه‌لیف، لام، ڕا) ده‌خوێنرێته‌وه خوا زاناتره به‌مانا‌كه‌ی، بۆ زانیاری زیاتر سه‌یری سه‌ره‌تای سوره‌تی (البقرة) بكه ﴿كِتَٰبٌ أُحْكِمَتْ﴾ ئه‌مه كتێبێكه به‌و داڕێژراوه ﴿ءَايَٰتُهُۥ﴾ ئایه‌ته‌كانی ﴿ثُمَّ فُصِّلَتْ﴾ پاشان ڕوون كراونه‌ته‌وه ﴿مِن لَّدُنْ﴾ له‌لایه‌ن ﴿حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ (خوای) كاردروستی زاناوه ﴿١﴾ ﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟﴾ بۆ ئه‌وه‌ی هیچ شتێك نه‌په‌رستن ﴿إِلَّا ٱللَّهَ﴾ بێجگه له‌خوا ﴿إِنَّنِى لَكُم مِّنْهُ﴾ به‌ڕاستی من له‌لایه‌ن ئه‌و (خوا)وه بۆ ئێوه ﴿نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ﴾ ترسێنه‌ر و موژده‌ده‌رم ﴿٢﴾ ﴿وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌ی داوای لێبوردن بكه‌ن له‌په‌روه‌ردگارتان ﴿ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ﴾ پاشان تۆبه‌ بكه‌ن و بگه‌ڕێنه‌وه بۆلای ﴿يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا﴾ ده‌تان ڕێنێ به‌ژیانێكی چاك و خۆش ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ تاماوه‌ی دیاری كراو (بۆتان) ﴿وَيُؤْتِ كُلَّ﴾ وه ده‌به‌خشێت به‌هه‌موو ﴿ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ﴾ خاوه‌ن چاكه و به‌هره‌یه‌ك (پاداشتی) چاكه و به‌هره‌ی خۆی ﴿وَإِن تَوَلَّوْا۟﴾ وه ئه‌گه‌ر ڕوو وه‌ر گێڕن و سه‌رپێچی بكه‌ن ﴿فَإِنِّىٓ أَخَافُ﴾ ئه‌وه به‌ڕاستی من مه‌ترسی ده‌كه‌م ﴿عَلَيْكُمْ﴾ یه‌خه‌تان بگرێ ﴿عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ﴾ سزای ڕۆژێكی گه‌وره(كه ڕۆژی دواییه) ﴿٣﴾ ﴿إِلَى ٱللَّهِ﴾ هه‌ر بۆلای خوایه ﴿مَرْجِعُكُمْ﴾ گه‌ڕانه‌وه‌تان ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ وه ئه‌و (خوایه) ده‌سه‌ڵات داره به‌سه‌ر هه‌موو شتێكدا ﴿٤﴾ ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ﴾ ئاگادار بن بێگومان ئه‌وان ﴿يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ﴾ سنگیان ده‌پێچنه‌وه (له‌سه‌ر كینه و دژایه‌تی) ﴿لِيَسْتَخْفُوا۟ مِنْهُ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی خۆیان بشارنه‌وه له خوا ﴿أَلَا حِينَ﴾ بیدارین كاتێك ﴿يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ﴾ ئه‌وانه خۆیان داده‌پۆشن به‌پۆشاكه‌كانیان (بۆ ئه‌وه‌ی پیلانه‌كانیان ده‌رنه‌كه‌ون) ﴿يَعْلَمُ﴾ (خوا) ده‌زانێت ﴿مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ به‌وه‌ی ده‌یشارنه‌وه‌و ئه‌وه‌ی ئاشكرای ده‌كه‌ن ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ﴾ بێگومان ئه‌و (خوایه) به ئاگا و زانایه ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ به‌و (نهێنیانه‌ی) له سینه و دڵه‌كاندایه ﴿٥﴾

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ﴾ هیچ گیان له‌به‌رێك نی یه ﴿فِي ٱلْأَرْضِ﴾ له‌زه‌وی دا ﴿إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ﴾ ئیلا له‌سه‌ر خوایه ﴿رِزْقُهَا﴾ رزق و رۆزیه‌که‌ی ﴿وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا﴾ وه(خوا) ده‌زانێ شوێنی مانه‌وه‌ی ﴿وَمُسْتَوْدَعَهَا﴾ وه شوێنی لێ ده‌رچوونی ﴿كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ هه‌مووی نوسراوه له‌کتێبی ڕوون که‌ره‌وه(لوح المحفوظ)دا ۝٦ ﴿وَهُوَ﴾ ئه‌و (خوایه) زاتێکه ﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ که ئاسمانه‌کان وزه‌وی دروست کردوه ﴿فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ له شه‌ش ڕۆژدا ﴿وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ﴾ و عه‌رشه‌که‌ی له‌سه‌ر ئاو بوو ﴿لِيَبْلُوَكُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی تاقیتان بکاته‌وه ﴿أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ کامتان کرده‌وه‌ی چاکتر (ده‌که‌ن) ﴿وَلَئِن قُلْتَ﴾ سوێندبێ ئه‌گه‌ر بڵێیت (به‌وانه) ﴿إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ﴾ به‌ڕاستی ئێوه زیندوو ده‌کرێنه‌وه ﴿مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ﴾ له‌پاش مردن ﴿لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا﴾ بێگومان ئه‌وانه‌ی که بێ بڕوان ده‌ڵێن ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ ئه‌مه هیچ نی یه بێجگه له جادوویه‌کی ڕوون و دیار نه‌بێت ۝٧ ﴿وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ﴾ وه سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر ئه‌و سزایان دوا بخه‌ین ﴿إِلَىٰٓ أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ﴾ تاماوه‌یه‌کی که‌می دیاری کراو ﴿لَّيَقُولُنَّ مَا يَحْبِسُهُۥٓ﴾ ئه‌وه به‌ڕاستی ده‌ڵێن چی ئه‌و سزای ڕاگرتووه (بۆچی بۆمان نایه‌ت) ﴿أَلَا يَوْمَ يَأْتِيهِمْ﴾ بێدار بن ڕۆژێ ئه‌و سزایه‌یان بۆ دێت ﴿لَيْسَ مَصْرُوفًا عَنْهُمْ﴾ لێیان لا نادرێ ﴿وَحَاقَ بِهِم﴾ وه ده‌وریان ده‌دات ﴿مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ ئه‌وه‌ی که ئه‌وانه گاڵته‌و لاقرتییان پێ ده‌کرد ۝٨ ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾ سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر ئێمه بچێژین به ئاده‌می ﴿مِنَّا رَحْمَةً﴾ چاکه و فه‌زڵ و به‌هره‌یه‌ك لای خۆمانه‌وه ﴿ثُمَّ نَزَعْنَٰهَا مِنْهُ﴾ پاشان ئه‌و (چاکه‌و به‌هره‌یه‌ی) لێ بگرینه‌وه ﴿إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ﴾ بێگومان ئه‌و زۆر نائومێد و سڵه‌یه (له‌و کاته‌دا کوفری نیعمته‌کانی خوا ده‌کات) ۝٩ ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ﴾ سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر پێی بچێژین بیده‌ینێ ﴿نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ﴾ به‌هره‌و چاکه دوای ئه‌و سه‌ختی و ناره‌حتیانه‌ی تووشی بووه ﴿لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ﴾ بێگومان ده‌ڵێت گشت سه‌ختی و زیانه‌کانم له مل بوویه‌وه (به‌ڕۆکی به‌ردام) ﴿إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ﴾ بێگومان (له‌وکاته‌دا) زۆر دڵخۆش و لوت به‌رزو خۆ به‌زل زانه ۝١٠ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟﴾ جگه له‌وانه‌ی که باڕام و خۆگر بوون ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کرده‌وه چاکه‌کانیان به‌جێ هێنا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُم﴾ ئه‌وانه بۆیان هه‌یه ﴿مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ لێبوردن و پاداشتی گه‌وره ۝١١ ﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكٌۢ﴾ ئایا تۆ وازهێنه‌ری ﴿بَعْضَ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ﴾ له (ڕاگه‌یاندنی) هه‌ندێك له‌وه‌ی نیگات بۆ کراوه ﴿وَضَآئِقٌۢ بِهِۦ صَدْرُكَ﴾ و دڵ ته‌نگ ده‌بی پێی ﴿أَن يَقُولُوا۟﴾ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌ده‌ڵێن ﴿لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ﴾ بۆچی گه‌نج و خه‌زێنه‌ی بۆ نانێرێ دڕێته خواره‌وه ﴿أَوْ جَآءَ مَعَهُۥ مَلَكٌ﴾ یان بۆچی فریشته‌یه‌کی له‌گه‌ڵدا نه‌هاتووه ﴿إِنَّمَآ أَنتَ نَذِيرٌ﴾ بێگومان تۆ ته‌نها ترسێنه‌ری ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ﴾ و خوا بۆ هه‌موو شتێك سه‌رپه‌رشتیکارو چاودێره ۝١٢

﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ﴾ یان ئه‌وانه ده‌ڵێن پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئه‌و (قورئانه)ی هه‌ڵبه‌ستووه ﴿قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ﴾ بڵێ ده‌ی ئێوه‌ش ده سوره‌تی وه‌کو ئه‌و(قورئانه) بێنن ﴿مُّفْتَرَيَٰتٍ﴾ هه‌ڵبه‌ستراوبن ﴿وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم﴾ وه‌بانگ بکه‌ن (بۆ پشتیوانیتان) هه‌رکه‌س ده‌توانن ﴿مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێجگه له‌خوا ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه ڕاست ده‌که‌ن ﴿١٣﴾ ﴿فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ﴾ جا ئه‌گه‌ر وه‌ڵامیان نه‌دانه‌وه ﴿فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أُنزِلَ﴾ ئه‌وه بزانن که‌بێگومان ئه‌م (قورئانه) نێردراوه‌ته خواره‌وه ﴿بِعِلْمِ ٱللَّهِ﴾ به‌ئاگاداری وزانینی خوا ﴿وَأَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هه‌روه‌ها بزانن هیچ په‌رستراوێکی ڕاست نی یه بێجگه له‌ئه‌و ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ ده‌ی ئایا ئێوه مسڵمانن؟ ﴿١٤﴾ ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ﴾ هه‌رکه‌س ده‌یه‌وێت ﴿ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا﴾ ژیانی دونیا و ڕازاوه و جوانی ئه‌و ﴿نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا﴾ ئێمه (به‌رهه‌می) کرده‌وه‌کانیان به‌ته‌واوی پێ ده‌ده‌ین تیایدا ﴿وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾ وه ئه‌وان له‌م ژیانه‌دا که‌م و کوڕی یان له‌گه‌ڵ ناکرێت ﴿١٥﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ﴾ ئه‌وانه که‌سانێکن بۆیان نی یه ﴿فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ﴾ له‌ڕۆژی دواییدا جگه له‌ئاگر ﴿وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا﴾ وه ئه‌وه‌ی کردیان تێیدا پوچ و بێ به‌رهه‌م بووه ﴿وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ وه هه‌رچیان کرد به‌رده‌وام بوو به‌هیچ ﴿١٦﴾ ﴿أَفَمَن كَانَ﴾ جا ئایا که‌سێك ﴿عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ به‌ڵگه‌یه‌کی ئاشکرای بێ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاریه‌وه ﴿وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ﴾ و شایه‌تێك لای ئه‌وه‌وه بۆی بخوێنێته‌وه ﴿وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ﴾ وه له‌پێش ئه‌م (شایه‌تیه‌ی خۆیه‌وه) په‌راوی مووسائ (شایه‌ته بۆی) ﴿إِمَامًا وَرَحْمَةً﴾ که‌په‌یڕه‌و پێشه‌واو میهره‌بانیه ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ ئه‌وانه بڕوایان هه‌یه به‌و (شایه‌ته که‌قورئانه) ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ﴾ وه هه‌رکه‌س باوه‌ڕی پێی نه‌بێت ﴿مِنَ ٱلْأَحْزَابِ﴾ له‌و کۆمه‌ڵ و ئاقمانه (ئه‌وانه‌ی کۆبونه‌وه له‌سه‌ر دژایه‌تی ئیسلام) ﴿فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾ ئه‌وه ئاگر جێگایه‌تی ﴿فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ﴾ که‌واته هیچ جۆره گومان و دوو دڵیه‌کت نه‌بێت له‌و(قورئانه) ﴿إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ به‌ڕاستی ئه‌و قورئانه ڕاسته له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارته‌وه هاتووه ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ك له‌خه‌ڵکی بڕواناهێنن ﴿١٧﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ﴾ وه‌ئایا کێ سته‌مکارتره له‌و که‌سه‌ی ﴿ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ که‌درۆ هه‌ڵبه‌ستێ به‌ده‌م خواوه؟ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ ئه‌وانه ده‌برێنه حوزوری په‌روه‌ردگاریان (ووته‌کانیان ده‌خرێته ڕوو) ﴿وَيَقُولُ ٱلْأَشْهَٰدُ﴾ وه شایه‌ته‌کان (له‌پێغه‌مبه‌ران وفریشته‌کان) ده‌ڵێن ﴿هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ﴾ ئا ئه‌وانه ئه‌و که‌سانه‌ن ﴿كَذَبُوا۟ عَلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ (له‌دونیادا) درۆیان هه‌ڵده‌به‌ست به‌ده‌م په‌روه‌ردگاریانه‌وه ﴿أَلَا لَعْنَةُ ٱللَّهِ﴾ بێداربن نه‌فرینی خوا ﴿عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بۆ سته‌مکارانه ﴿١٨﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئه‌وانه‌ی به‌رهه‌ڵستی ڕێگه‌ی خوا ده‌که‌ن ﴿وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ و ده‌یانه‌وێ به‌ڵارو چه‌وتی نیشانده‌ن ﴿وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ له‌کاتێکدا ئه‌وان به‌ڕۆژی دوایی ﴿هُمْ كَٰفِرُونَ﴾ بێ بڕوان ﴿١٩﴾

﴿أُولَٰئِكَ لَمْ يَكُونُوا مُعْجِزِينَ﴾ ئـه‌و (نه‌فرین لـێ کراو)انه ناتوانن (له‌ده‌ستی خـوا) خۆیان قوتـار بکه‌ن ﴿فِي الْأَرْضِ﴾ لـه‌وڵات و زه‌ویـدا ﴿وَمَا كَانَ لَهُم﴾ و نییانـه ﴿مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ﴾ بێجگـه لەخـوا هیـچ پشـتیوان و دۆسـتێك ﴿يُضَاعَفُ لَهُمُ﴾ بۆیان دووقات ده‌کرێته‌وه ﴿الْعَذَابُ﴾ سـزا ﴿مَا كَانُوا يَسْتَطِيعُونَ السَّمْعَ﴾ توانـای بیستنی (ئـه‌و قورئانه)یـان نه‌بـوو ﴿وَمَا كَانُوا يُبْصِرُونَ﴾ (هه‌قیشـیان)نه‌ده‌بینی ﴿٢٠﴾ ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ﴾ ئه‌وانـه کەسـانێکن ﴿خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ﴾ که‌خۆیـان دۆڕانـد ﴿وَضَلَّ عَنْهُم﴾ وه لێیـان وون بـوو ﴿مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ ئه‌و درۆو ده‌له‌سـانه‌ی له‌دونیادا ده‌یان کرد ﴿٢١﴾ ﴿لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ﴾ به‌ڕاسـتی و بێگومـان ئه‌وانـه ﴿فِي الْآخِرَةِ﴾ لـه‌ڕۆژی دواییـدا ﴿هُمُ الْأَخْسَرُونَ﴾ زه‌ره‌رمه‌ند تریـن که‌س خۆیانن ﴿٢٢﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ به‌ڕاسـتی ئه‌وانه‌ی بڕوایان هێنـاوه ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ و کرده‌وه چاکه‌کانیان به‌جـێ هێناوه ﴿وَأَخْبَتُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ و گه‌ردن که‌ج و دڵ ئـارام بوون بۆ (فه‌رمانه‌کانی) په‌روه‌ردگاریان ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ﴾ ئه‌وانه هاوه‌ڵانی به‌هه‌شتن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ تێیدا ده‌مێننه‌وه به‌هه‌میشه‌یی ﴿٢٣﴾ ﴿مَثَلُ الْفَرِيقَيْنِ﴾ وێنه‌ی ئه‌و دوو ده‌سته‌یه ﴿كَالْأَعْمَىٰ وَالْأَصَمِّ وَالْبَصِيرِ وَالسَّمِيعِ﴾ وه‌ك کوێر و که‌پ و بیسـه‌ر و بیناوان ﴿هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا﴾ ئایا ئه‌ودوو ده‌سـته‌یه یه‌کسانن ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ده بۆ بیر ناکه‌نه‌وه ﴿٢٤﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا﴾ سـوێند بـه خـوا بێگومـان ناردمان ﴿نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ﴾ نـووح بـۆ لای گه‌له‌که‌ی ﴿إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ (پێی ووتن) دڵنیابن من ترسێنه‌رێکی ئاشکرام بۆتان ﴿٢٥﴾ ﴿أَن لَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ﴾ که‌جگه لەخـوا نه‌په‌رسـتن ﴿إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ﴾ (چونکـه) به‌ڕاسـتی من ده‌ترسـم یه‌خه‌تان بگـرێ ﴿عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ﴾ سـزای ڕۆژێکـی سـه‌خت و به‌ئـازار ﴿٢٦﴾ ﴿فَقَالَ الْمَلَأُ﴾ جـا کاربه‌ده‌سـت وده‌سـه‌ڵاتداره‌کان ووتیـان ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئه‌وانـه‌ی که‌بڕوایان نه‌هێنا بوو ﴿مِن قَوْمِهِ﴾ لـه گه‌له‌که‌ی (نووح) ﴿مَا نَرَاكَ﴾ ئێمه تۆ نابینین ﴿إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا﴾ جگه له‌ئاده‌می یه‌کی وه‌ك خۆمان ﴿وَمَا نَرَاكَ﴾ وه نابینین تۆ ﴿اتَّبَعَكَ﴾ هیچ که‌سێك شوێنت که‌وتبێت ﴿إِلَّا الَّذِينَ﴾ جگه له‌وانه‌ی ﴿هُمْ أَرَاذِلُنَا﴾ که هه‌ژار و په‌سته‌کانمانن ﴿بَادِيَ الرَّأْيِ﴾ بـێ ئـاوه‌زا و سـاویلکه‌ن (ڕوالـه‌ت بینـن) ﴿وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ﴾ وه نابینن ئێوه ﴿عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ﴾ هیچ شـتێکتان له ئێمه زیادبێ ﴿بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ﴾ به‌ڵکو به‌درۆزنتان ده‌زانین ﴿٢٧﴾ ﴿قَالَ يَا قَوْمِ﴾ (نـووح) ووتـی ئـه‌ی گه‌له‌کـه‌م ﴿أَرَأَيْتُمْ﴾ هه‌والـم بده‌نـێ ﴿إِن كُنتُ﴾ ئه‌گه‌ر مـن ﴿عَلَىٰ بَيِّنَةٍ﴾ به‌ڵگه‌ی ئاشکرام هه‌بێـت ﴿مِّن رَّبِّي﴾ لـه‌لای په‌روه‌ردگارمـه‌وه ﴿وَآتَانِي رَحْمَةً﴾ و ڕه‌حمه‌تێکی پـێ به‌خشـیبم ﴿مِّنْ عِندِهِ﴾ له‌لایه‌ن خۆیه‌وه ﴿فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ﴾ به‌ڵام ئه‌وه له‌ئێوه شاردرابێته‌وه ﴿أَنُلْزِمُكُمُوهَا﴾ ئایا به‌زۆر پابه‌ندتان بکه‌ین پێیه‌وه ﴿وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ﴾ له کاتێکدا ئێوه حه‌زی لـێ ناکه‌ن و پێتان ناخۆشه ﴿٢٨﴾

﴿وَيَٰقَوْمِ﴾ وە ئەی گەلەکەم ﴿لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًا﴾ لەسەر ئەم (گەیاندنی پەیامە) داوای هیچ مالّ و سامانێکتان لێ ناکەم ﴿إِنْ أَجْرِيَ﴾ پاداشتی من ﴿إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ﴾ هەر لەسەر خوایە ﴿وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ وە من ئەوانە دەرناکەم بڕوایان هێناوە ﴿إِنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ﴾ بەڕاستی ئەوانە بەدیداری پەروەردگاریان دەگەن (لەڕۆژی دواییدا) ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمْ﴾ بەڵام من ئێوە دەبینم ﴿قَوْمًا تَجْهَلُونَ﴾ کە کۆمەڵێکی نەزانن ﴿٢٩﴾ ﴿وَيَٰقَوْمِ مَن يَنصُرُنِي﴾ ئەی گەلەکەم کێ یارمەتیم دەدات ﴿مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمْ﴾ لەبەرانبەر خوادا ئەگەر ئەوانە بتارێنم (و دەریان بکەم) ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ دەی ئایا بۆ بیر ناکەنەوە؟ ﴿٣٠﴾ ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ﴾ من پێتان نالێم ﴿عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ﴾ خەزێنەکانی خوا لای منە ﴿وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ﴾ و ناشڵێم غەیب و شتە نادیارەکان دەزانم ﴿وَلَآ أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ﴾ هەروەها نالێم من فریشتەم ﴿وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ﴾ بەوانەش نالێم ﴿تَزْدَرِيٓ أَعْيُنُكُمْ﴾ کە لەبەر چاوی ئێوە سووک و بێ ڕێزن ﴿لَن يُؤْتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيْرًا﴾ خوا هیچ چاکەیەکیان ناداتێ ﴿ٱللَّهُ أَعْلَمُ﴾ خوا چاک دەزانێ ﴿بِمَا فِيٓ أَنفُسِهِمْ﴾ بەوەی لەدەروونی ئەواندایە ﴿إِنِّيٓ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بەڕاستی من ئەوکاتە (ئەگەر ئەو هەژارانە دەربکەم) لەستەمکاران دەبم ﴿٣١﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰنُوحُ﴾ ووتیان ئەی نووح ﴿قَدْ جَٰدَلْتَنَا﴾ بێگومان دەمەقاڵێت کرد لەگەڵماندا ﴿فَأَكْثَرْتَ جِدَٰلَنَا﴾ زۆریش دەمەقاڵێت کرد لەگەڵماندا ﴿فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ﴾ دەی ئەوەی بەڵێنمان پێ دەدەیت (لەسزا) بۆمان بهێنە ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر تۆ لەڕاست گۆیانیت ﴿٣٢﴾ ﴿قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ ٱللَّهُ﴾ ووتی بێگومان خوا بۆتان دەهێنێت ﴿إِن شَآءَ﴾ ئەگەر بیەوێت ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ وە ئێوە ناتوانن (لەسزای خوا) خۆتان قوتار بکەن ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَا يَنفَعُكُمْ نُصْحِيٓ﴾ وە ئامۆژگاری من سوودتان پێ ناگەیەنێت ﴿إِنْ أَرَدتُّ﴾ گەر بمەوێت ﴿أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ﴾ ئامۆژگاریتان بکەم ﴿إِن كَانَ ٱللَّهُ يُرِيدُ﴾ ئەگەر خوا بیەوێت ﴿أَن يُغْوِيَكُمْ﴾ گومڕاتان بکات ﴿هُوَ رَبُّكُمْ﴾ ئەو پەروەردگارتانە ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ وە هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە ﴿٣٤﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ﴾ یا ئەوانە دەڵێن موحەممەد ﷺ ئەم (قورئانەی) بەناوی خواوە هەڵبەستووە ﴿قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ﴾ بڵێ ئەگەر من هەڵم بەستبێت ﴿فَعَلَيَّ إِجْرَامِى﴾ ئەوە گوناهو تاوانەکەی تەنها لەسەر خۆمە ﴿وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ﴾ وە منیش بەریم لەتاوانی ئێوە ﴿٣٥﴾ ﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ﴾ وەحی کرا بۆ نووح (علیه السلام) ﴿أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ﴾ کەوا کەسی تر بڕوا ناهێنێت ﴿مِن قَوْمِكَ﴾ لەگەڵەکەت ﴿إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ﴾ بێجگە لەوەی پێشتر بڕوای هێناوە ﴿فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ﴾ کەواتە ناڕەحەت وغەمبار مەبە بەوەی ئەوان دەیکەن ﴿٣٦﴾ ﴿وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ﴾ وە کەشتیەکەش دروست بکە ﴿بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا﴾ بە پێش چاو و چاودێری وفەرمان و نیگای ئێمە (لەم ئایەتەدا باسی سیفەتی -چاو، عین - هاتووە بۆ خوای گەورە، بڕوامان پێیەتی بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەک ، شێوەکەی نازانین وە تەنها خوا خۆی دەزانێت) ﴿وَلَا تُخَٰطِبْنِي﴾ وە هیچ قسەم لەگەڵدا مەکە ﴿فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟﴾ لە بارەی ئەوانەی ستەمیان کردووە (وبێ بڕوا بوون) ﴿إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ﴾ چونکە بێگومان ئەوانە دەخنکێنرێن ﴿٣٧﴾

﴿وَيَصْنَعُ ٱلْفُلْكَ﴾ وه ده‌ستی کرد به‌دروست کردنی که‌شتیه‌که ﴿وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ﴾ هه‌ر کاتێك تێ په‌ڕینایه به‌لایدا ﴿مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِۦ﴾ کۆمه‌ڵێ له‌گه‌له‌که‌ی ﴿سَخِرُوا۟ مِنْهُ﴾ گاڵته‌یان پێ ده‌کرد ﴿قَالَ إِن تَسْخَرُوا۟ مِنَّا﴾ (نووح) ده‌یووت ئه‌گه‌ر ئێوه ئێسته گاڵته‌و لاقرتی به‌ئێمه ده‌که‌ن ﴿فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ﴾ ئه‌وه بێگومان ئێمه‌ش لاقرتی به‌ئێوه ده‌که‌ین ﴿كَمَا تَسْخَرُونَ﴾ هه‌ر چۆن ئێوه لاقرتی به‌ئێمه ده‌که‌ن ﴿٣٨﴾ ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ جا له‌مه‌وپاش ده‌زانن ﴿مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ﴾ کێ سزای بۆ دێت ﴿يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ سه‌ر شۆڕی ده‌کات (له‌دونیاداو له‌قیامه‌تیشدا) سزای هه‌میشه‌یی به‌سه‌ردادێت ﴿٣٩﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا﴾ (نووح) (که‌شتیه‌که‌ی دروست کرد) هه‌تا کاتێك ﴿جَآءَ أَمْرُنَا﴾ فه‌رمانی ئێمه هات (بۆ له‌ناوبردنیان) ﴿وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ﴾ و ته‌نوره‌که ئاوی لێ هه‌ڵ قوڵا ﴿قُلْنَا ٱحْمِلْ فِيهَا﴾ ووتمان (به‌نووح) له‌و (که‌شتیه)دا هه‌ڵی بگره ﴿مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ﴾ له‌هه‌موو نێرو مێیه‌ك دووان ﴿وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن﴾ ژن و منداڵه‌کانیشت هه‌ڵبگره ئه‌وه‌یان نه‌بێت ﴿سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ﴾ بڕیاری خوای له‌سه‌ر دراوه (به‌خنکاندن) ﴿وَمَنْ ءَامَنَ﴾ هه‌ر ئه‌وانه‌ش (هه‌ڵ بگره که) بڕوایان هێنا (له‌گه‌له‌که‌ت) ﴿وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ وه خه‌ڵکێکی که‌م نه‌بێت بڕوایان نه‌هێنا له‌گه‌ڵی دا ﴿٤٠﴾ ﴿وَقَالَ ٱرْكَبُوا۟ فِيهَا﴾ (نووح) ووتی هه‌مووتان سواربن له‌و (که‌شتیه)دا ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْرٖىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ﴾ به‌ناوی خواوه له‌کاتی ڕۆیشتن و وه‌ستانی دا ﴿إِنَّ رَبِّى﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم ﴿لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ زۆر لێ بوورده‌ی میهره‌بانه ﴿٤١﴾ ﴿وَهِىَ تَجْرِى بِهِمْ﴾ که‌شتیه‌که ده‌یبردن ﴿فِى مَوْجٍ كَٱلْجِبَالِ﴾ به‌ناو شه‌پۆلی وه‌ك کێوو شاخ دا ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبْنَهُۥ﴾ نووحیش علیه السلام کوڕه‌که‌ی بانگ کرد (که‌ناوی که‌نعان بوو) ﴿وَكَانَ فِى مَعْزِلٍ﴾ که له‌شوێنێکی که‌ناردا بوو ﴿يَٰبُنَىَّ ٱرْكَب مَّعَنَا﴾ (ووتی) ئه‌ی کوڕی خۆشه‌ویستم له‌گه‌ڵمان دا سوار به ﴿وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ و له‌گه‌ڵ بێ بڕوایان مه‌به ﴿٤٢﴾ ﴿قَالَ سَـَٔاوِىٓ إِلَىٰ جَبَلٍ﴾ (کوڕه‌که‌ی) ووتی په‌نا بۆ شاخێك ده‌به‌م ﴿يَعْصِمُنِى مِنَ ٱلْمَآءِ﴾ که بمپارێزێت له‌م لافاوه ﴿قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلْيَوْمَ﴾ (نووح) ووتی ئه‌مڕۆ هیچ پارێزه‌رێك (په‌ناده‌رێك) نیه ﴿مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ﴾ له‌فه‌رمانی خوا (که‌خنکاندنه) ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ﴾ مه‌گه‌ر که‌سێك خوا ڕه‌حمی پێ بکات (و باوه‌ڕدار بێت) ﴿وَحَالَ بَيْنَهُمَا ٱلْمَوْجُ﴾ له‌وکاته‌دا شه‌پۆلی لافاو که‌وته نێوانیان ﴿فَكَانَ مِنَ ٱلْمُغْرَقِينَ﴾ جا ئه‌و (کوڕه خنکاو) له‌خنکاوان بوو ﴿٤٣﴾ ﴿وَقِيلَ يَٰٓأَرْضُ﴾ ئه‌وسا ووترا ئه‌ی زه‌وی ﴿ٱبْلَعِى مَآءَكِ﴾ ئاوه‌که‌ت هه‌ڵمژه ﴿وَيَٰسَمَآءُ أَقْلِعِى﴾ و ئه‌ی ئاسمان باران مه‌بارێنه ﴿وَغِيضَ ٱلْمَآءُ﴾ ئیتر لافاوه‌که ڕۆچوو به‌ناخی زه‌وی دا ﴿وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ﴾ کاره‌که (خنکانیان) ته‌واو کرا ﴿وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِىِّ﴾ و (که‌شتیه‌که) وه‌ستا به‌سه‌ر (کێوی) جوودیه‌وه ﴿وَقِيلَ بُعْدًا﴾ ووترا دووری له‌ڕه‌حمی خوا ﴿لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بۆ گه‌ڵی ستەمکاران ﴿٤٤﴾ ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ﴾ نووح هاواری کرده‌په‌روه‌ردگاری ﴿فَقَالَ رَبِّ﴾ ووتی ئه‌ی په‌روه‌ردگارم ﴿إِنَّ ٱبْنِى﴾ به‌ڕاستی کوڕه‌که‌م ﴿مِنْ أَهْلِى﴾ له‌که‌س و کاری منه ﴿وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ﴾ و بێگومان به‌ڵێنی تۆش ڕاسته ﴿وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ﴾ وه تۆش دادوه‌رترینی هه‌موو فه‌رمان ڕه‌وایانی ﴿٤٥﴾

﴿قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ﴾ (خـوا) فه‌رمووی ئه‌ی نووح به‌راستی ئه‌و (که‌نعان) ﴿لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ﴾ له‌که‌س و کاری تۆ نی یه ﴿إِنَّهُۥ عَمَلٌ﴾ بێگومان ئه‌و (کوڕه) کرده‌وه‌ی ﴿غَيْرُ صَٰلِحٍ﴾ خراپ و ناپه‌سه‌ند بوو ﴿فَلَا تَسْـَٔلْنِ﴾ جـا که‌واته داوای شتێکم لێ مه‌کـه ﴿مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ﴾ که‌زانیاریت ده‌رباره‌ی نی یه ﴿إِنِّىٓ أَعِظُكَ﴾ به‌راستی من ئامۆژگاریت ده‌کـه‌م ﴿أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ تـا له‌نه‌فامان نه‌بیـت ﴿٤٦﴾ ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ﴾ (نـووح) ووتـی په‌روه‌ردگـارم به‌راستی من ﴿أَعُوذُ بِكَ﴾ په‌نـات پێ ده‌گرم (لـه‌وه‌ی) ﴿أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا﴾ داوای شتێکت لـێ بکـه‌م ﴿لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ﴾ که‌نایزانم ﴿وَإِلَّا تَغْفِرْ لِى وَتَرْحَمْنِىٓ﴾ وه ئه‌گـه‌ر نه‌بوریت لێم وڕه‌حمم پێ نه‌که‌ی ﴿أَكُن مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ له‌زیان لێکه‌وتوان ده‌بم ﴿٤٧﴾ ﴿قِيلَ يَٰنُوحُ﴾ ووترا ئه‌ی نووح ﴿ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا﴾ دابه‌زه(له‌که‌شتیه‌که) به‌هێمنـی و بێـوه‌ی له‌لایـه‌ن ئێمـه‌وه ﴿وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ﴾ وه به‌پیت و فه‌ڕی زۆر به‌سـه‌رخۆته‌وه ﴿وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ﴾ وه‌به‌سه‌ر گه‌لانێك که‌پێدا ئه‌بن له‌وانه‌ی کـه له‌گـه‌لْ تۆ دان (یا به‌سـه‌ر ئه‌و خه‌لکانـه‌ی له‌گه‌لْ تۆدان) ﴿وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ﴾ چه‌نـد نه‌ته‌وه‌و گه‌ل دواتر دێن خۆشـی و نازو نیعمه‌تیان پێ ده‌ده‌ین ﴿ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا﴾ پاشـان له‌لایـه‌ن ئێمه‌وه دووچاریان ده‌بێـت ﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سـزای سـه‌ختی ئـازارده‌ر ﴿٤٨﴾ ﴿تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ﴾ ئه‌مانـه(ی باسـکران) له‌هه‌والـه گرنگـه نادیاره‌کانـه ﴿نُوحِيهَآ إِلَيْكَ﴾ به‌نیگا بۆمـان ناردی ﴿مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ﴾ نه‌تـۆ و نه‌گه‌له‌کـه‌ت نه‌تـان ده‌زانیـن ﴿مِن قَبْلِ هَٰذَا﴾ له‌پێـش ئـه‌م (نیگـای ئێمـه) ﴿فَٱصْبِرْ﴾ که‌واتـه خۆڕاگربـه ﴿إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ﴾ به‌راستی سـه‌رئه‌نجام بۆ له‌خوا ترسـانه ﴿٤٩﴾ ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا﴾ وه‌بۆلای (گه‌لی) عاد هوودی برایانمان نارد ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ ووتی ئه‌ی گه‌له‌کـه‌م خوا بپه‌رستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ هیچ په‌رسـتراوێکتان نی یـه جگه له ئه‌و ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ﴾ ئێوه ته‌نها درۆ هه‌ڵبه‌ستن ﴿٥٠﴾ ﴿يَٰقَوْمِ﴾ ئـه‌ی گه‌له‌کـه‌م ﴿لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾ لـه‌سـه‌ر ئه‌م (گه‌یاندنـی پەیامه) داوای هیچ پاداشـتێکتان لێ ناکـه‌م ﴿إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِى﴾ پاداشـتی من هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌و (خوا)یه ﴿فَطَرَنِىٓ﴾ که‌دروسـتی کـردوم ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ده‌ی ئایا ژیـر نابن ﴿٥١﴾ ﴿وَيَٰقَوْمِ﴾ وه ئـه‌ی گه‌له‌کـه‌م ﴿ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ داوای لێبـوردن له‌په‌روه‌ردگارتـان بکـه‌ن ﴿ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ﴾ دواتـر بگه‌ڕێنـه‌وه بـۆلای ئـه‌و ﴿يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم﴾ (ئه‌گه‌ر وایکه‌ن خوا) له‌ئاسمانه‌وه (باران) ده‌بارێنێت به‌سه‌رتاندا ﴿مِّدْرَارًا﴾ به‌لێزه‌مه ﴿وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً﴾ و هێزی تر زیاد ده‌کات ﴿إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ﴾ بۆ هێزه‌که‌تان ﴿وَلَا تَتَوَلَّوْا۟ مُجْرِمِينَ﴾ وه‌ڕوو وه‌رمه‌گێـڕن (له‌بانگه‌وازه‌که‌م) به‌تـاوان باری ﴿٥٢﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰهُودُ﴾ ووتیان ئه‌ی هوود ﴿مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ﴾ تـۆ هیـچ به‌ڵگه‌یه‌کـی ڕوونت بـۆ نه‌هێناویـن ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِىٓ ءَالِهَتِنَا﴾ بۆیـه ئێمه‌ش واز له‌په‌رسـتراوه‌کان (خواکان) مان ناهێنین ﴿عَن قَوْلِكَ﴾ له‌به‌ر قسـه‌ی تۆ ﴿وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ وه ئێمه باوه‌ڕت پێ ناکه‌ین ﴿٥٣﴾

﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا﴾ ئێمه ته‌نها (ئه‌وه به‌تۆ) ده‌ڵێین ﴿اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا﴾ هه‌ندێك له‌په‌رستراوه‌كانمان تووشیان كردووی ﴿بِسُوءٍ﴾ به‌شێتی ﴿قَالَ إِنِّي﴾ ووتی به‌ڕاستی من ﴿أُشْهِدُ اللَّهَ﴾ خوا ده‌كه‌م به‌شایه‌ت ﴿وَاشْهَدُوا﴾ و ئێوه‌ش شایه‌ت بن ﴿أَنِّي بَرِيءٌ﴾ كه‌به‌ڕاستی من به‌ریم و دوورم ﴿مِمَّا تُشْرِكُونَ﴾ له‌وه‌ی كه‌ئێوه ده‌یكه‌نه هاوبه‌ش بۆخوا ﴿٥٤﴾ ﴿مِن دُونِهِ﴾ جگه له‌خوا ﴿فَكِيدُونِي جَمِيعًا﴾ جا هه‌مووتان پیلانم لێ بگێڕن ﴿ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ﴾ له‌پاشان مۆڵه‌تیشم مه‌ده‌ن(و لێم مه‌وه‌ستن) ﴿٥٥﴾ ﴿إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ﴾ به‌ڕاستی من پشتم به‌خوا به‌ستووه ﴿رَبِّي وَرَبِّكُمْ﴾ كه‌په‌روه‌ردگاری من و په‌روه‌ردگاری ئێوه‌یشه ﴿مَّا مِن دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا﴾ هیچ گیان له‌به‌رێك نیه له‌زێر ڕكێفی خوای گه‌وره‌دا نه‌بێت (بگری پێشه سه‌ریه‌تی) ﴿إِنَّ رَبِّي﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم ﴿عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ له‌سه‌ر ڕێگه‌یه‌كی ڕاسته ﴿٥٦﴾ ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ ئه‌وسا ئه‌گه‌ر ئێوه ڕوو وه‌رگێڕن ﴿فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم﴾ ئه‌وه بێگومان من پێم ڕاگه‌یاندون ﴿مَّا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ﴾ ئه‌وه‌ی به‌منداێ نێردراوه بۆتان ﴿وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ وه په‌روه‌ردگارم كۆمه‌ڵێكی تر له‌شوێنی ئێوه داده‌نێ ﴿وَلَا تَضُرُّونَهُ شَيْئًا﴾ ئێوه‌ش هیچ زیانێك به‌خوا ناگه‌یه‌نن ﴿إِنَّ رَبِّي﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾ به‌سه‌ر هه‌موو شتێكدا چاودێرو پارێزه‌ره ﴿٥٧﴾ ﴿وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا﴾ وه كاتێك فه‌رمانی ئێمه هات (بۆ له‌ناوبردنیان) ﴿نَجَّيْنَا هُودًا﴾ هوودمان ڕزگار كرد ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ﴾ ئه‌وانه‌ش باوه‌ڕیان هێنابوو له‌گه‌ڵی ﴿بِرَحْمَةٍ مِّنَّا﴾ به‌میهره‌بانی خۆمان ﴿وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ وه ئه‌وانمان له‌سزایه‌كی توندو به‌هێز ڕزگار كرد ﴿٥٨﴾ ﴿وَتِلْكَ عَادٌ﴾ ئه‌وه‌ش گه‌ڵی عاد بوو ﴿جَحَدُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ﴾ باوه‌ڕیان نه‌هێنا به به‌ڵگه‌و موعجیزه‌كانی په‌روه‌ردگاریان ﴿وَعَصَوْا رُسُلَهُ﴾ و سه‌رپێچی نێرراوه‌كانی خوایان كرد ﴿وَاتَّبَعُوا أَمْرَ كُلِّ﴾ و شوێن فه‌رمانی هه‌موو ﴿جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾ زۆرداریكی سه‌ركه‌ش كه‌وتن ﴿٥٩﴾ ﴿وَأُتْبِعُوا﴾ به‌شوێنیاندا نێررا ﴿فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً﴾ نه‌فرین له‌م دونیایه‌دا ﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ و له‌ڕۆژی دواییشدا ﴿أَلَا إِنَّ عَادًا﴾ بێدار بن به‌ڕاستی گه‌ڵی عاد ﴿كَفَرُوا رَبَّهُمْ﴾ بڕوایان به‌په‌روه‌ردگاریان نه‌هێنا ﴿أَلَا بُعْدًا﴾ بێداربن دووری و له‌ناوچوون ﴿لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ﴾ بۆ عادی گه‌ڵی هوود ﴿٦٠﴾ ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ﴾ بۆ گه‌ڵی سه‌مووديش ناردمان ﴿أَخَاهُمْ صَالِحًا﴾ صالح پێغه‌مبه‌ر علیه السلام ی برایان ﴿قَالَ يَا قَوْمِ﴾ ووتی ئه‌ی گه‌له‌كه‌م ﴿اعْبُدُوا اللَّهَ﴾ خوا بپه‌رستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ هیچ په‌رستراوێكتان نیه بێجگه له ئه‌و ﴿هُوَ أَنشَأَكُم﴾ ئه‌و دروستی كردوون ﴿مِّنَ الْأَرْضِ﴾ له‌زه‌ویدا ﴿وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ و كردونی به‌ئاوه‌دان كه‌ره‌وه تێیدا ﴿فَاسْتَغْفِرُوهُ﴾ كه‌واته داوای لێبوردنی لێ بكه‌ن ﴿ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ﴾ پاشان بگه‌ڕێنه‌وه بۆلای ﴿إِنَّ رَبِّي﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم ﴿قَرِيبٌ مُّجِيبٌ﴾ زۆر نزیكی دوعا وه‌رگره ﴿٦١﴾ ﴿قَالُوا يَا صَالِحُ﴾ ووتیان ئه‌ی صالح ﴿قَدْ كُنتَ فِينَا﴾ به‌ڕاستی تۆ له‌ناوماندا ﴿مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَا﴾ جێی ئومێد بووی پێش ئه‌مه ﴿أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ﴾ ئایا به‌رگریمان ده‌كه‌ی له‌په‌رستنی ﴿مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا﴾ ئه‌وه‌ی كه‌باو و باپیرانمان په‌رستوویانه ﴿وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ﴾ و به‌ڕاستی ئێمه له گوماندایین ﴿مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾ له‌وه‌ی تۆ بانگمان ده‌كه‌یت بۆلای و دوو دڵین ﴿٦٢﴾

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ﴾ صالح ووتی ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ﴾ بیم بڵێن ئه‌گه‌ر من ﴿عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي﴾ به‌ڵگه‌یه‌کی ئاشکرام هه‌بێ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارمه‌وه ﴿وَءَاتَىٰنِي مِنْهُ رَحْمَةً﴾ وه له‌لایه‌ن خۆیه‌وه پێغه‌مبه‌ریتی پێ به‌خشیبم ﴿فَمَن يَنصُرُنِي﴾ جا کێ یارمه‌تیم ده‌دات ﴿مِنَ ٱللَّهِ﴾ له‌به‌رامبه‌ر خوادا ﴿إِنْ عَصَيْتُهُۥ﴾ ئه‌گه‌ر سه‌رپێچی ئه‌و بکه‌م ﴿فَمَا تَزِيدُونَنِي﴾ که‌واته ئێوه هیچ بۆمن زیاد ناکه‌ن ﴿غَيْرَ تَخْسِيرٍ﴾ زه‌ره‌رو زیان نه‌بێت ﴿۶۳﴾ ﴿وَيَٰقَوْمِ﴾ ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ﴾ ئه‌مه ووشتره‌که‌ی خوایه ﴿لَكُمْ ءَايَةً﴾ که‌موعجیزه‌یه‌کی ڕوونه بۆ ئێوه (له‌سه‌ر ڕاستی پێغه‌مبه‌ریتیه‌که‌م) ﴿فَذَرُوهَا﴾ جا ئێوه‌ش وازی لێ بێنن ﴿تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ﴾ با له‌زه‌وی خوا بخوات (بله‌وه‌ڕێت) ﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ﴾ به‌خراپه ده‌ستی بۆ مه‌به‌ن ﴿فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ﴾ ئه‌گینا سزایه‌کی به زوویی تووشتان ده‌بێت ﴿۶۴﴾ ﴿فَعَقَرُوهَا﴾ که‌چی ئه‌وان ووشتره‌که‌یان سه‌ربڕی ﴿فَقَالَ﴾ جا (صالح) ووتی ﴿تَمَتَّعُوا۟ فِى دَارِكُمْ﴾ ڕابوێرن له‌ماڵی خۆتاندا ﴿ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ﴾ سێ ڕۆژ ﴿ذَٰلِكَ وَعْدٌ﴾ ئه‌وه به‌ڵێنێکه ﴿غَيْرُ مَكْذُوبٍ﴾ درۆ نییه ﴿۶۵﴾ ﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا﴾ جا کاتێك فه‌رمانمان هات (بۆ له‌ناو بردنیان) ﴿نَجَّيْنَا صَٰلِحًا﴾ صالح مان ڕزگار کرد ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ ئه‌وانه‌ش بڕوایان هێنابوو له‌گه‌ڵیدا ﴿بِرَحْمَةٍ مِّنَّا﴾ به‌به‌زه‌ییه‌ك له‌لایه‌ن خۆمانه‌وه ﴿وَمِنْ خِزْىِ يَوْمِئِذٍ﴾ له سه‌رشۆڕی و ڕیسوایی ئه‌و ڕۆژه (په‌نامان دان) ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْعَزِيزُ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت هه‌ر خۆی به‌توانا و به‌ده‌سه‌ڵاته ﴿۶۶﴾ ﴿وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ﴾ ئه‌وانه‌ش که‌سته‌میان کرد شریخه‌یه‌ك گرتنی ﴿فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ﴾ ئیتر له‌ناو ماڵه‌کانیاندا که‌وتن به‌ڕووداو جوولەیان لێ بڕا (مردن) ﴿۶۷﴾ ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ﴾ وەك ئه‌وه‌ی له‌وێدا نه‌بووبن ﴿أَلَآ إِنَّ ثَمُودَا۟﴾ بێدار بن به‌ڕاستی گه‌لی سه‌موود ﴿كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ﴾ بێ بڕوابوون به‌په‌روه‌ردگاریان ﴿أَلَا بُعْدًا لِّثَمُودَ﴾ بێداربن دووری و له‌ناوچوون بۆ گه‌لی سه‌موود ﴿۶۸﴾ ﴿وَلَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُنَآ﴾ سوێند به‌خوا بێگومان نێڕراوه‌کانمان هاتن ﴿إِبْرَٰهِيمَ بِٱلْبُشْرَىٰ﴾ بۆلای ئیبراهیم به‌مژده‌وه ﴿قَالُوا۟ سَلَٰمًا﴾ ووتیان سه‌لامی خوات لێ بێت ﴿قَالَ سَلَٰمٌ﴾ (له‌ویش) ووتی سه‌لامی خوا له‌ئێوه‌ش ﴿فَمَا لَبِثَ﴾ ئه‌مجا ئه‌وه‌نده‌ی نه‌برد ﴿أَن جَآءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ﴾ (ئیبراهیم) خێرا گوێره‌که‌یه‌کی برژاوی هێنا بۆیان ﴿۶۹﴾ ﴿فَلَمَّا رَءَآ أَيْدِيَهُمْ﴾ جا کاتێك بینی ده‌ستیان ﴿لَا تَصِلُ إِلَيْهِ﴾ درێژ ناکه‌ن بۆی (و لێ ی ناخۆن) ﴿نَكِرَهُمْ﴾ ناناسایی هاتنه به‌رچاوی ﴿وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً﴾ و له‌ده‌رونی خۆیدا مه‌ترسی لێ کردن (که‌نیازی خراپیان هه‌بێت) ﴿قَالُوا۟ لَا تَخَفْ﴾ ووتیان مه‌ترسه ﴿إِنَّآ أُرْسِلْنَآ﴾ به‌ڕاستی ئێمه نێڕراوین ﴿إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ﴾ بۆ سه‌ر گه‌لی لووط ﴿۷۰﴾ ﴿وَٱمْرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٌ﴾ له‌وکاته‌دا خێزانه‌که‌ی وەستابوو ﴿فَضَحِكَتْ﴾ و پێکه‌نی ﴿فَبَشَّرْنَٰهَا بِإِسْحَٰقَ﴾ ئێمه‌ش مژده‌مان پێ دا به‌ئیسحاق ﴿وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ يَعْقُوبَ﴾ وه له‌پاش ئیسحاق (مژده‌مان پێدا) به‌یه‌عقوب (که‌کوڕی ئیسحاقه) ﴿۷۱﴾

﴿قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ﴾ (خێزانی ئیبراهیم) ووتی وەیرۆ (وای) ﴿ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ﴾ چۆن منداڵم دەبێت کەمن پیرە ژنێکم ﴿وَهَٰذَا بَعْلِى شَيْخًا﴾ ئەوەش مێردەکەمە کە پیرەبووە ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عَجِيبٌ﴾ بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە ﴿٧٢﴾ ﴿قَالُوٓا۟ أَتَعْجَبِينَ﴾ (فریشتەکان) ووتیان تۆ سەرت سوڕدەمێنێت؟ ﴿مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ﴾ لەکار و فەرمانی خوا ﴿رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ﴾ ڕەحمەت و بەرەکەتی زۆری خواتان لەسەربێت ﴿أَهْلَ ٱلْبَيْتِ﴾ ئەی ئال و بەیتی ئیبراهیم ﴿إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ﴾ بەڕاستی خوا سوپاس کراوی چاکە فراوانە ﴿٧٣﴾ ﴿فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إِبْرَٰهِيمَ ٱلرَّوْعُ﴾ ئەمجا کاتێک ترس و بیمی ئیبراهیم لاچوو نەما ﴿وَجَآءَتْهُ ٱلْبُشْرَىٰ﴾ وە مژدەکەشی بۆ هات ﴿يُجَٰدِلُنَا فِى قَوْمِ لُوطٍ﴾ لەبارەی گەلەکەی لووط گفتوگۆی لەگەڵ دەکردین ﴿٧٤﴾ ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ﴾ (چونکە) بەڕاستی ئیبراهیم ﴿لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ﴾ لەسەرخۆو دڵنەرم و ڕوو لەخوابوو ﴿٧٥﴾ ﴿يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ﴾ ئەی ئیبراهیم ﴿أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَآ﴾ وازبهێنە لەم کارە ﴿إِنَّهُۥ قَدْ جَآءَ﴾ بەڕاستی بێگومان دەرچووە (بۆ ئەوکارە) ﴿أَمْرُ رَبِّكَ﴾ فەرمانی پەروەردگارت ﴿وَإِنَّهُمْ ءَاتِيهِمْ﴾ وە بەڕاستی بۆ ئەوانە دێت ﴿عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ﴾ سزایەکی نەگەڕاوە ﴿٧٦﴾ ﴿وَلَمَّا جَآءَتْ﴾ کاتێک کەهاتن ﴿رُسُلُنَا لُوطًا﴾ فریشتەکانمان بۆلای لووط ﴿سِىٓءَ بِهِمْ﴾ هاتنیانی پێ ناخۆش بوو ﴿وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا﴾ وە دڵگران بوو پێیان ﴿وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ﴾ وە ووتی ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی سەختە ﴿٧٧﴾ ﴿وَجَآءَهُۥ قَوْمُهُۥ﴾ وە گەلەکەی هاتن بۆلای ﴿يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ﴾ پەلەیان دەکرد (لەهاتن) بۆلای ﴿وَمِن قَبْلُ﴾ لەکاتێکدا ئەوان لەوەو پێش ﴿كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ هەمیشە کردەوە بەدەکانیان ئەنجام دەدا (کە نێربازی بوو) ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم ﴿هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِى﴾ ئەوانە کچەکانی منن (مەبەستی کچەکانی هۆزەکەی بوو) ﴿هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ﴾ ئەوانە پاک وحەڵاڵن بۆتان ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ دەی لەخوا بترسن ﴿وَلَا تُخْزُونِ فِى ضَيْفِىٓ﴾ و سەرشۆڕم مەکەن لەوەی دەتانەوێت بەرامبەر میوانەکانم بیکەن ﴿أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ﴾ ئاخۆ پیاوێکی ژیرو تێگەیشتووتان تێدا نی یە ﴿٧٨﴾ ﴿قَالُوا۟ لَقَدْ﴾ ووتیان سوێندبێت بێگومان ﴿عَلِمْتَ﴾ تۆ دەزانیت ﴿مَا لَنَا فِى بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ﴾ ئێمە هیچ هەق (و ئارەزوو) یکمان لەکچەکانتدا نیە ﴿وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ﴾ وە بەڕاستی تۆ دەزانی ئێمە چیمان دەوێت ﴿٧٩﴾ ﴿قَالَ لَوْ أَنَّ لِى بِكُمْ قُوَّةً﴾ ووتی ئای خۆزگە لەبەرانبەر ئێوەدا هێزێکم ببوایە ﴿أَوْ ءَاوِىٓ إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ﴾ یان پەنایەکی قایم ببوایە پەنام پێ ببردایە (بەرگریم دەکردن) ﴿٨٠﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰلُوطُ﴾ (فریشتەکان) ووتیان ئەی لووط ﴿إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ﴾ بەڕاستی ئێمە نێرراوی پەروەردگاری تۆین ﴿لَن يَصِلُوٓا۟ إِلَيْكَ﴾ هەرگیز ناگەنەلای تۆ ﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ﴾ جا تۆ وماڵ ومنداڵت و ئەوەی باوەڕی پێ هێناویت لەبەشێکی شەودا بڕۆن (وئەم شارە بەجێ بهێڵن) ﴿وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ﴾ وە هیچ کەس لەئێوە لانەکاتەوە بەدوای خۆیدا ﴿إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ﴾ جگە لەژنەکەت ﴿إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمْ﴾ بەڕاستی ئەو تووشی دەبێت ئەوەی کەتووشی ئەوان (گەلەکەت) دەبێت (چونکە بێ باوەڕ بوو) ﴿إِنَّ مَوْعِدَهُمُ ٱلصُّبْحُ﴾ بێگومان وەختی لەناو بردنیان بەرەبەیانە ﴿أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٍ﴾ ئایا بەرەبەیان نزیک نییە ﴿٨١﴾

﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا﴾ جا که فه‌رمانی ئیمه هات (بۆ له‌ناوبردنیان) ﴿جَعَلْنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا﴾ ئه‌و (شوێنه)مان سه‌رو ژێر کرد ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا﴾ و باراندمان به‌سه‌ریاندا ﴿حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ﴾ وورده‌زیخی گڵین ﴿مَّنضُودٍ﴾ به‌دوای یه‌کداوبێ بچڕان (ده‌باری) ﴿٨٢﴾ ﴿مُّسَوَّمَةً﴾ هه‌موو ئه‌و (وورده‌زیخانه)دیاری کرابوون ﴿عِندَ رَبِّكَ﴾ لای په‌روه‌ردگارته‌وه ﴿وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾ وه ئه‌و (سزایه) دوور نی یه له‌سته‌م کارانه‌وه ﴿٨٣﴾ ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ﴾ وه (ناردمان) بۆ (خه‌ڵکی) مه‌دیه‌نیش ﴿أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ شوعه‌یبی برایان ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ﴾ ووتی ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ خوا بپه‌رستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ هیچ په‌رستراوێکتان نی یه بێجگه ئه‌و ﴿وَلَا تَنقُصُوا۟﴾ وه که‌م و کوڕی مه‌که‌ن ﴿ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ﴾ له‌پێوانه و کێشانه‌دا ﴿إِنِّىٓ أَرَىٰكُم﴾ به‌ڕاستی من ده‌تان بینم ﴿بِخَيْرٍ﴾ به‌مال و سامانی زۆره‌وه ﴿وَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ﴾ وه به‌ڕاستی من ده‌ترسم لێتان ﴿عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ﴾ سزایه‌ك که گه‌مارۆتان بدات و لێی رزگار نه‌بن ﴿٨٤﴾ ﴿وَيَٰقَوْمِ﴾ جا ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿أَوْفُوا۟ ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ﴾ پێوانه‌و کێشانه ڕاست و دروست ئه‌نجام بده‌ن ﴿وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ﴾ وه که‌م و کوڕی مه‌که‌ن له‌شت ومه‌کی خه‌ڵکیدا ﴿وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ و خراپه کاری مه‌که‌ن (یاخراپه بڵاومه‌که‌نه‌وه) له‌زه‌ویدا ﴿٨٥﴾ ﴿بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئه‌وه‌ی خوا ده‌یهێڵته‌وه (له‌قازانجی حه‌ڵاڵ) چاکتره بۆتان ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه بڕوادارن ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ﴾ و من پارێزه‌ر نیم به‌سه‌رتانه‌وه ﴿٨٦﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰشُعَيْبُ﴾ ووتیان ئه‌ی شوعه‌یب ﴿أَصَلَوٰتُكَ تَأْمُرُكَ﴾ ئایا نوێژه‌که‌ت فه‌رمانت پێ ده‌دات ﴿أَن نَّتْرُكَ﴾ که‌ئێمه وازبێنین ﴿مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَآ﴾ له‌وه‌ی باوو باپیرانمان په‌رستوویانه ﴿أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِىٓ أَمْوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُا۟﴾ یان وازبێنین له‌وه‌ی به‌ویستی خۆمان له‌مال و سامانماندا ده‌یکه‌ن ﴿إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلْحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ﴾ به‌ڕاستی تۆ به‌له‌نه‌که‌ری لێ زان و هۆشمه‌ندیت ﴿٨٧﴾ ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ﴾ ووتی ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿أَرَءَيْتُمْ﴾ هه‌والم بده‌نێ ﴿إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى﴾ ئه‌گه‌ر من به‌ڵگه‌یه‌کی ڕوونم له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارمه‌وه پێ بێت ﴿وَرَزَقَنِى مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا﴾ وه‌ڕۆزیه‌کی زۆرو باشی پێدابم له‌لایه‌ن خۆیه‌وه (چ مه‌به‌ستێکم هه‌یه درۆ بکه‌م) ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ﴾ وه من هه‌رگیز نامه‌وێت پێچه‌وانه‌ی ئێوه بکه‌م ﴿إِلَىٰ مَآ أَنْهَىٰكُمْ عَنْهُ﴾ له‌و (کاره‌ی) به‌رگری ئێوه‌ی لێ ده‌کەم (خۆم بیکه‌م) ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا ٱلْإِصْلَٰحَ مَا ٱسْتَطَعْتُ﴾ من هیچ مه‌به‌ستێکم نی یه بێجگه له‌چاککردن وچاکسازی نه‌بێت ئه‌وه‌نده‌ی بتوانم وله‌توانامدا بێت ﴿وَمَا تَوْفِيقِىٓ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾ سه‌رکه‌وتنیشیم ته‌نها به(پشتیوانی) خوایه ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ پشتم هه‌ر به‌و به‌ستووه ﴿وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ هه‌ر بۆلای ئه‌ویش ده‌گه‌ڕێمه‌وه ﴿٨٨﴾

﴿وَيَٰقَوْمِ لَا يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِيٓ﴾ ئه‌ی گه‌له‌که‌م دژایه‌تیتان له‌گه‌ڵم نه‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی ﴿أَن يُصِيبَكُم مِّثْلُ مَآ أَصَابَ﴾ تووشتان ببێت وێنه‌ی ئه‌و(سزایه)ی تووشی ﴿قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَٰلِحٍ﴾ گه‌لی نووح یان گه‌لی هوود یان گه‌لی صالح بوو ﴿وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِّنكُم بِبَعِيدٍ﴾ خۆ گه‌له‌که‌ی لووط دوور نی یه لێتانه‌وه (چیان به‌سه‌ر هات) ﴿٨٩﴾ ﴿وَٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ وه داوای لێبوردنیش له‌په‌روه‌ردگارتان بکه‌ن ﴿ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ﴾ پاشان بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای ﴿إِنَّ رَبِّى رَحِيمٌ وَدُودٌ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم میهره‌بانی دڵسۆزه ﴿٩٠﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰشُعَيْبُ﴾ ووتیان ئه‌ی شوعه‌یب ﴿مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا﴾ ئێمه تێناگه‌ین له‌زۆرێك ﴿مِّمَّا تَقُولُ﴾ له‌وه‌ی تۆ ده‌یڵێیت ﴿وَإِنَّا﴾ به‌ڕاستی ئێمه ﴿لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفًا﴾ تۆ به لاواز ده‌بینین له‌ناوماندا ﴿وَلَوْلَا رَهْطُكَ﴾ خۆ ئه‌گه‌ر (له‌به‌ر) خزمه‌کانت نه‌بوایه ﴿لَرَجَمْنَٰكَ﴾ دڵنیابه به‌رد بارانمان ده‌کردی ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ﴾ (چونکه)تۆ خۆت هیچ ده‌سه‌ڵاتێکت نی یه له‌به‌رامبه‌ر ئێمه‌دا ﴿٩١﴾ ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ﴾ ووتی ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿أَرَهْطِىٓ أَعَزُّ عَلَيْكُم﴾ ئایا خزمه‌کانم به‌ده‌سه‌ڵات ترن له‌به‌رامبه‌ر ئێوه‌دا ﴿مِّنَ ٱللَّهِ﴾ له‌خوا ﴿وَٱتَّخَذْتُمُوهُ وَرَآءَكُمْ ظِهْرِيًّا﴾ له‌کاتێکدا فه‌رمانی ئه‌و (خوا)تان پشت گوێ خستووه ﴿إِنَّ رَبِّى﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم ﴿بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ ئاگاداره به‌هه‌رچی ئێوه ده‌یکه‌ن ﴿٩٢﴾ ﴿وَيَٰقَوْمِ﴾ ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ﴾ کرده‌وه بکه‌ن له‌سه‌ر بارو حاڵه‌تی خۆتان ﴿إِنِّى عَٰمِلٌ﴾ به‌ڕاستی منیش کارو کرده‌وه ده‌که‌م ﴿سَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ له‌مه‌ودوا ده‌زانن ﴿مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ﴾ کێ سزای بۆ دێت ﴿يُخْزِيهِ﴾ ڕیسوا و سه‌ر شۆڕی ده‌کات ﴿وَمَنْ هُوَ كَٰذِبٌ﴾ وه‌کێش درۆزنه ﴿وَٱرْتَقِبُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُمْ رَقِيبٌ﴾ جا چاوه‌ڕوانی بکه‌ن به‌ڕاستی منیش له‌گه‌ڵتان چاوه‌ڕوانم ﴿٩٣﴾ ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا﴾ کاتێك فه‌رمانی ئێمه هات (بۆ له‌ناوبردنیان) ﴿نَجَّيْنَا شُعَيْبًا﴾ شوعه‌یبمان ڕزگار کرد ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ وئه‌وانه‌ش بڕوایان هێنابوو له‌گه‌ڵیدا ﴿بِرَحْمَةٍ مِّنَّا﴾ به‌به‌زه‌یی له‌لایه‌ن خۆمانه‌وه ﴿وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ﴾ وه ئه‌وانه‌ی سته‌میان کرد بوو نالّه‌و شریخه که (نه‌عره‌ته‌که) گرتنی ﴿فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ﴾ ئیتر هه‌مووبان له‌مال و جێگاکانیاندا ده‌مه‌و ڕووکه‌وتن و جوولّه‌یان نه‌ما (مردن) ﴿٩٤﴾ ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَا﴾ (وایان لێهات) وەك هه‌ر نێبدا نه‌بووبن ﴿أَلَا بُعْدًا لِّمَدْيَنَ﴾ بیداربن دووری و تیاچوون بۆ خه‌ڵکی مه‌دیه‌ن ﴿كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ﴾ وەك چۆن گه‌لی سه‌موود تیاچوون و دوور بوون له‌ڕه‌حمی خوا ﴿٩٥﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا﴾ سوێند به‌خوا بێگومان ناردمان ﴿مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ مووسا به‌موعجیزه‌کانمانه‌وه ﴿وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾ وه به‌ڕابه‌ڕو به‌ڵگه‌ی ڕوونه‌وه ﴿٩٦﴾ ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ﴾ بۆ لای فیرعه‌ون و ده‌سته‌وپێوه‌نده‌که‌ی ﴿فَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ فِرْعَوْنَ﴾ به‌ڵام ئه‌وان شوێن فه‌رمانی فیرعه‌ون که‌وتن ﴿وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ﴾ له‌کاتێکدا فه‌رمانی فیرعه‌ون ڕاست و ڕه‌وانه‌بوو ﴿٩٧﴾

﴿يَقْدُمُ قَوْمَهُۥ﴾ پێش گه‌له‌که‌ی ده‌که‌وێت ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ له‌ڕۆژی دواییدا ﴿فَأَوْرَدَهُمُ ٱلنَّارَ﴾ ئه‌مجا هه‌مووی‌ان ده‌باته‌ ناو ئاگری دۆزه‌خ ﴿وَبِئْسَ ٱلْوِرْدُ ٱلْمَوْرُودُ﴾ ئای چه‌ند خراپه‌ ئه‌و شوێنه‌ی ئه‌وانی بۆ ده‌برێت ﴿٩٨﴾ ﴿وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَٰذِهِۦ لَعْنَةً﴾ وه‌ له‌م (دونیا)دا نه‌فرینیان به‌شوێندا نێرراوه ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ هه‌روه‌ها له‌ڕۆژی دواییشدا ﴿بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ﴾ ئای چه‌ند خراپه‌ ئه‌و به‌خشراوه‌ی پێیان به‌خشرا ﴿٩٩﴾ ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ﴾ ئه‌وه‌ی (باسکرا بۆت چه‌ند هه‌والێکه‌) له‌ هه‌والی شاره‌کانی ڕابوردوو ﴿نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ﴾ ده‌یگێڕینه‌وه‌ بۆت (له‌م سوره‌ته‌دا) ﴿مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ﴾ هه‌ندێکیان ماون وهه‌ندێکی تریان نه‌ماون (وێران بوون) ﴿١٠٠﴾ ﴿وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ﴾ وه‌ ئێمه‌ ستەممان لێ نه‌کردن ﴿وَلَٰكِن ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ به‌ڵکو خۆیان ستەمیان کرد له‌خۆیان ﴿فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ﴾ جا هیچ سوودێکی پێ نه‌گه‌یاندن ﴿ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِى﴾ ئه‌و په‌رستراوانه‌یان ﴿يَدْعُونَ﴾ که‌ده‌یان په‌رستن و هاواریان لێ ده‌کردن ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ له‌جیاتی خوا ﴿مِن شَىْءٍ﴾ به‌ هیچ شتێك (سودیان پێ نه‌گه‌یاندن) ﴿لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ﴾ کاتێ فه‌رمانی په‌روه‌ردگارت هات (بۆ له‌ناو بردنیان) ﴿وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ﴾ ئه‌و (بت)انه‌ هیچیان زیاد نه‌کرد بۆ ئه‌وانه‌(ی ده‌یان په‌رستن) بێجگه‌ زیان و له‌ناوچوون نه‌بێت ﴿١٠١﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ﴾ ئا به‌و شێوه‌یه‌ سزادانی په‌روه‌ردگارت ﴿إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ﴾ کاتێك خه‌ڵکی شاره‌کان سزا ده‌دات ﴿وَهِىَ ظَٰلِمَةٌ﴾ له‌ کاتێکدا ستەمکاربوون ﴿إِنَّ أَخْذَهُۥٓ﴾ به‌ڕاستی تۆڵه‌ سه‌ندنی ئه‌و ﴿أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ ئازار ده‌ر و به‌تینه‌ ﴿١٠٢﴾ ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ به‌ڕاستی له‌ودا (باسکرا) په‌ندو ئامۆژگاری هه‌یه‌ ﴿لِّمَنْ خَافَ﴾ بۆ که‌سێك بترسێت ﴿عَذَابَ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ له‌سزای دوا ڕۆژ ﴿ذَٰلِكَ يَوْمٌ﴾ ئه‌و ڕۆژه‌ ڕۆژێکه‌ ﴿مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ﴾ که‌ئاده‌می بۆ کۆده‌کرێته‌وه‌ ﴿وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ﴾ و ئه‌وه‌ ڕۆژێکی دیارو به‌رچاوه‌ (هه‌موان ئاماده‌ن تێیدا) ﴿١٠٣﴾ ﴿وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ﴾ وه‌ ئێمه‌ دوای ناخه‌ین ﴿إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ﴾ مه‌گه‌ر بۆ کاتێکی دیارو به‌رچاو نه‌بێت ﴿١٠٤﴾ ﴿يَوْمَ يَأْتِ﴾ ئه‌و ڕۆژه‌ که‌دێت ﴿لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ﴾ هیچ که‌س قسه‌ ناکات ﴿إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾ مه‌گه‌ر به‌مۆڵه‌تی خوا ﴿فَمِنْهُمْ شَقِىٌّ وَسَعِيدٌ﴾ ئه‌وسا له‌ناویاندا هه‌یه‌ بێ به‌خت (وچاره‌ڕه‌ش)و هه‌یه‌ به‌خته‌وه‌ر(وناسوده‌) ﴿١٠٥﴾ ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُوا۟﴾ جا ئه‌وانه‌ی بێ به‌خت وچاره‌ڕه‌ش بوون ﴿فَفِى ٱلنَّارِ﴾ ئه‌وه‌ له‌ناو ئاگردان ﴿لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ﴾ له‌ناو ئه‌و (ئاگره‌)دا هه‌ر ئاخ وئۆف و هه‌نیسکیانه ﴿١٠٦﴾ ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ تیایدا ده‌مێننه‌وه‌ به‌هه‌میشه‌یی ﴿مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ﴾ تا ئاسمانه‌کان و زه‌وی بمێنێت (مه‌به‌ست پێی ئاسمان وزه‌ویه‌ له‌ قیامه‌تدا که‌ ئه‌وانیش هه‌ر ده‌مێنن) ﴿إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ﴾ مه‌گه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی په‌روه‌ردگارت بیه‌وێت (ورزگاری بکات) ﴿إِنَّ رَبَّكَ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت ﴿فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾ ئه‌وه‌ی که‌بیه‌وێت ده‌یکات ﴿١٠٧﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ﴾ به‌ڵام ئه‌وانه‌ی ﴿سُعِدُوا۟﴾ که‌به‌خته‌وه‌ر وناسوده‌کراون ﴿فَفِى ٱلْجَنَّةِ﴾ ئه‌وه‌ له‌به‌هه‌شت دان ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ به‌هه‌میشه‌یی ده‌مێننه‌وه‌ تیایدا ﴿مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ﴾ تا ئاسمان و زه‌وی بمێنێت ﴿إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ﴾ مه‌گه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی په‌روه‌ردگارت بیه‌وێت ﴿عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ﴾ ئه‌وه‌ به‌خشینێکه‌ بێ بڕانه‌وه‌ ﴿١٠٨﴾

﴿فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ﴾ که‌واته هیچ جۆره گومان و دودڵیه‌کت نه‌بێت ﴿مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰؤُلَاءِ﴾ له(ناڕاستی) ئه‌وه‌ی ئه‌وانه ده‌یپه‌رستن ﴿مَا يَعْبُدُونَ﴾ ته‌نها ئه‌وه ده‌یپه‌رستن ﴿إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ آبَاؤُهُم﴾ که‌باوو باپیرانیان ده‌یان پەرستن ﴿مِن قَبْلُ﴾ له‌وه‌و پێش ﴿وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ﴾ به‌ڕاستی ئێمه پێیان ده‌ده‌ین به‌ته‌واوی ﴿نَصِيبَهُمْ﴾ به‌شی خۆیان(له‌سزا) ﴿غَيْرَ مَنقُوصٍ﴾ به‌بێ لێ که‌مکردنه‌وه(بڕاوبڕ) ﴿١٠٩﴾ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئێمه به‌خشیمان ﴿مُوسَى الْكِتَابَ﴾ به‌مووسا پەڕاوی (ته‌ورات) ﴿فَاخْتُلِفَ فِيهِ﴾ ئه‌مجا جیاوازی تێداکرا ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ﴾ ئه‌گه‌ر له‌به‌ر بڕیارێك نه‌بوایه که‌پێشتر دراوه ﴿مِن رَّبِّكَ﴾ له‌لایه‌نی پەروەردگارته‌وه ﴿لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾ دادوه‌ری ده‌کرا له‌نێوانیاندا ﴿وَإِنَّهُمْ﴾ و به‌ڕاستی ئه‌وانه ﴿لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾ له‌گومان و دوو دڵیدان له‌و (قورئانه) ﴿١١٠﴾ ﴿وَإِنَّ كُلًّا﴾ بێگومان هه‌موو (ئه‌وانه‌ی جیاوازن) ﴿لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَالَهُمْ﴾ به‌ڕوه‌ردگارت (پاداشتی) کرده‌وه‌کانیان به‌ته‌واوی پێ ده‌دات ﴿إِنَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ به‌ڕاستی ئه‌و ئاگاداره به‌هه‌ر کرده‌وه‌یه‌ك که‌ده‌یکه‌ن ﴿١١١﴾ ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾ که‌واته ڕاست به به‌و شێوه‌ی فه‌رمانت پێدراوه ﴿وَمَن تَابَ مَعَكَ﴾ وه ئه‌وانه‌ش تۆبه‌یان کردوه له‌گه‌ڵ تۆدا(و گه‌ڕاونه‌ته‌وه) ﴿وَلَا تَطْغَوْا﴾ زیاده ڕه‌وی مه‌که‌ن ﴿إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ به‌ڕاستی ئه‌و(خوا) بینایه به‌هه‌ر کرده‌وه‌یه‌ك که‌ده‌یکه‌ن ﴿١١٢﴾ ﴿وَلَا تَرْكَنُوا﴾ پاڵ مه‌ده‌ن ﴿إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ به‌وانه‌وه که‌سته‌میان کردوه ﴿فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ﴾ چونکه دووچاری ئاگری دۆزه‌خ ده‌بن ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ﴾ و بێجگه له‌خوا هیچ پشتیوانێکتان نابێ ﴿ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ پاشانیش یارمه‌تی نادرێن ﴿١١٣﴾ ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ﴾ وه نوێژ ئه‌نجام بده ﴿طَرَفَيِ النَّهَارِ﴾ له‌م سه‌رو ئه‌وسه‌ری ڕۆژدا (له‌به‌یانیان و ئێواراندا) ﴿وَزُلَفًا مِّنَ اللَّيْلِ﴾ و له به‌شێك له‌شه‌ودا ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ﴾ چونکه به‌ڕاستی (کرده‌وه) چاکه‌کان ﴿يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ (کرده‌وه) خراپه‌کان لاده‌به‌ن وده‌یانسڕنه‌وه ﴿ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّاكِرِينَ﴾ ئه‌وه پەند و ئامۆژگاری یه بۆ پەندوەرگران ﴿١١٤﴾ ﴿وَاصْبِرْ﴾ وه خۆڕاگر به ﴿فَإِنَّ اللَّهَ﴾ چونکه به‌ڕاستی خوا ﴿لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ پاداشتی چاکه کاران وون ناکات ﴿١١٥﴾ ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ﴾ ده‌ی بابیوایه له‌ناو ئه‌و ئومه‌تانه‌ی ﴿مِن قَبْلِكُمْ﴾ که‌له پێش ئێوه دابوون ﴿أُولُو بَقِيَّةٍ﴾ که‌سانی خاوه‌ن ئایین و ژیری ﴿يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ﴾ که‌به‌رگریان بکردایه له‌خراپه‌کاری له‌زه‌ویدا ﴿إِلَّا قَلِيلًا﴾ مه‌گه‌ر که‌میك ﴿مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ﴾ له‌وانه‌ی ڕزگارمان کردن له‌و گه‌لانه‌دا ﴿وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ﴾ وه ئه‌وانه‌ی که‌سته‌میان کرد شوێنی ژیان خۆشی و ڕابواردن که‌وتن ﴿وَكَانُوا مُجْرِمِينَ﴾ و به‌رده‌وام بوون له خراپه‌کاری ﴿١١٦﴾ ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ﴾ هه‌رگیز به‌ڕوه‌ردگارت به‌ستەم خه‌ڵکی شارو گونده‌کان له‌ناو نابات (واته خوای گه‌وره ستەمکار نیه) ﴿وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ له کاتێکدا دانیشتوانی (ئه‌و شارانه) موصڵح و چاکه‌کاربووبن ﴿١١٧﴾

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ﴾ گـه‌ر په‌روه‌ردگـارت بیویستایه ﴿لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ﴾ گشت خه‌لکـی ده‌کرد ﴿أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ به (په‌یـره‌وی) یه‌ك ئایین ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ به‌لأم ئـه‌وان بـه‌رده‌وام جیاوازده‌بن ﴿١١٨﴾ ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾ مه‌گـه‌ر که‌سـێك په‌روه‌ردگـارت میهره‌بانـی له‌گـه‌ڵ کردبێت ﴿وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ وه هـه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ش دروستی کـردوون ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ﴾ بڕیـاری په‌روه‌ردگـارت ده‌رچـوو (کۆتایی هات) ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ﴾ که سـوێند به‌خوا دۆزه‌خ پڕ ده‌کـه‌م ﴿مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ له جنۆکه و له ئاده‌می هه‌موو پێکه‌وه ﴿١١٩﴾ ﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ﴾ هه‌مووت بۆ ده‌گێڕینه‌وه ﴿مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ﴾ له هه‌والی پێغه‌مبه‌ران (علیهـم السـلام) ﴿مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ﴾ بۆ ئه‌وه که‌دڵی تۆی پـێ دامه‌زراو بکـه‌ین ﴿وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَقُّ﴾ وه له‌م (سـوره‌ته)دا حه‌ق و ڕاسـتیت بۆ هاتووه ﴿وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ وه ئامۆژگاری و په‌ندیشـی تیایه بۆ بڕواداران ﴿١٢٠﴾ ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ﴾ وه بڵـێ به‌وانه‌ی ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ که‌بڕوا ناهێنن ﴿ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ﴾ ئێـوه کار وکرده‌وه بکه‌ن له‌سـه‌ر ئه‌و شـێوه‌ی خۆتـان (که ئه‌وه‌تان له‌سـه‌ری) ﴿إِنَّا عَٰمِلُونَ﴾ بێگومان ئێمـه‌ش کـرده‌وه ده‌که‌ین(به‌گوێـره‌ی ئـه‌وه‌ی کـه خـودا فه‌رمانـی پـێ کردووێـن) ﴿١٢١﴾ ﴿وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾ ئه‌وسـا چاوه‌ڕوانی بکـه‌ن (بۆ به‌سـه‌رهاتی خراپ) به‌ڕاسـتی ئێمـه‌ش چاوه‌ڕوانین ﴿١٢٢﴾ ﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وه ته‌نهـا بـۆ خوایـه (زانینـی) نهێنـی ئاسـمانه‌کان وزه‌وی وته‌نهـا هه‌ر ئه‌ویـش پێـی ئاگـاداره ﴿وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ﴾ هـه‌ر بـۆلای ئه‌ویـش ده‌گه‌ڕێنرێتـه‌وه ﴿ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ﴾ هه‌موو کار وبارێك ﴿فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾ که‌واته ئه‌و بپه‌رسته‌و هه‌ربشت به‌و ببه‌سته ﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ وه بێگومان په‌روه‌ردگارت بێ ئاگا نیه له‌هه‌ر کرده‌وه‌یه‌ك ئێوه ده‌یکه‌ن. ﴿١٢٣﴾

سوره‌تی ﴿يُوسُفَ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿الٓرٰ﴾ به (ئه‌لیف ، لام ، را) ده‌خوێنرێته‌وه خوا زاناتره به ماناکه‌ی بۆ زانیاری زیاتر سه‌یری سه‌ره‌تای سـوره‌تی (البقـره) بکـه ﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ﴾ ئه‌مانـه نیشـانه‌کانی کتێبی ئاشـکران ﴿١﴾ ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ﴾ به‌ڕاسـتی ئێمـه ناردومانه‌ته خواره‌وه ﴿قُرْءَانًا عَرَبِيًّا﴾ قورئانێـك به عه‌ره‌بی ﴿لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بـۆ ئـه‌وه‌ی ژیربـن و لـێ ی تـێ بگـه‌ن ﴿٢﴾ ﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ﴾ ئێمـه ده‌گێڕینـه‌وه بـۆ تـۆ ﴿أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ﴾ جـوان تریـن چیـرۆك و به‌سـه‌رهات ﴿بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ﴾ لـه ڕێگای ئـه‌م قورئانه‌وه نیگامان کردووه بۆت ﴿وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِۦ﴾ هه‌ر چه‌نده تۆ له‌پێش (هاتنی) ئه‌م قورئانه‌دا ﴿لَمِنَ ٱلْغَٰفِلِينَ﴾ له‌م به‌سـه‌رهاته بێ ئاگا بوویت ﴿٣﴾ ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ﴾ (بیریان خه‌ره‌وه) کاتێك یوسـف به باوکی ووت ﴿يَٰٓأَبَتِ إِنِّى رَأَيْتُ﴾ ئه‌ی بابه گیان به ڕاستی من له خه‌ومدا دیم ﴿أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا﴾ یازده ئه‌ستێره ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ﴾ و مانگ و ڕۆژ ﴿رَأَيْتُهُمْ لِى سَٰجِدِينَ﴾ دیمن سوژده‌یان بۆ ده‌بردم ﴿٤﴾

﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ﴾ ووتی ئه‌ی کوڕی شیرینم ﴿لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ﴾ خه‌وه‌که‌ت مه‌گێڕه‌ره‌وه ﴿عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ﴾ بۆ براکانت ﴿فَيَكِيدُوا۟ لَكَ كَيْدًا﴾ نه‌وه‌ك به‌هۆیه‌وه فێڵ و پیلانێکت لێ بگێڕن ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ﴾ به‌ڕاستی شه‌یتان ﴿لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ دوژمنێکی ئاشکرایه بۆ ئاده‌می ﴿٥﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ﴾ ئابه‌و شێوه‌یه هه‌ڵت ده‌بژێرێت (بۆ پێغه‌مبه‌رایه‌تی) ﴿رَبُّكَ﴾ په‌روه‌ردگارت ﴿وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ﴾ وه فێری لێکدانه‌وه‌ی خه‌ونه‌کانیشت ده‌کات ﴿وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ﴾ وه نیعمه‌ت و به‌هره‌ی خۆی ته‌واو ده‌کات بۆت ﴿وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ﴾ وه بۆ بنه‌ماڵه‌ی یه‌عقوبیش ﴿كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ﴾ هه‌ر چونێك ته‌واوی کرد بۆ هه‌ردوو باپیره‌ت ﴿مِن قَبْلُ﴾ له‌پێشدا ﴿إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ﴾ که‌ئیبراهیم و ئیسحاقن ﴿إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت زانای کاردروسته ﴿٦﴾ ﴿لَّقَدْ كَانَ فِى يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی له‌به‌سه‌رهاتی یوسف و براکانی دا ﴿ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ﴾ په‌ندو ئامۆژگاری هه‌یه بۆ پرسیارکه‌ران ﴿٧﴾ ﴿إِذْ قَالُوا۟﴾ کاتێك (براکانی یوسف) ووتیان ﴿لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ﴾ بێگومان یوسف و براکه‌ی ﴿أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا﴾ خۆشه‌ویستترن له ئێمه به‌لای باوکمانه‌وه ﴿وَنَحْنُ عُصْبَةٌ﴾ له‌کاتێکدا ئێمه کۆمه‌ڵێکی به‌هێز و توانین ﴿إِنَّ أَبَانَا﴾ به‌ڕاستی باوکمان ﴿لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ له هه‌ڵه‌یه‌کی ڕوون و ئاشکرادایه ﴿٨﴾ ﴿ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ﴾ (هه‌ندێکیان ووتیان) یوسف بکوژن ﴿أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا﴾ یانفڕێی بده‌نه زه‌وی یه‌کی دوور ﴿يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ﴾ (ئه‌و کاته) سه‌رنجی باوکتان ته‌نیا بۆ لای ئێوه ده‌بێت ﴿وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ﴾ و له‌دوای ئه‌وه‌وه ده‌بن به‌کۆمه‌ڵێکی چاکه‌کار (به‌توبه‌کردن) ﴿٩﴾ ﴿قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ﴾ قسه‌که‌ریك له‌وان ووتی ﴿لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ﴾ یوسف مه‌کوژن ﴿وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ﴾ به‌ڵکو فڕێی بده‌نه بنی بیرێکه‌وه ﴿يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ﴾ هه‌ندێك له کاروانیه‌کان (ده‌ی دۆزنه‌وه) وهه‌ڵی ده‌گرن ﴿إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه (کاره‌که) هه‌ر ده‌که‌ن ﴿١٠﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ (پاش کێشانی نه‌خشه وپیلانه‌که‌یان) ووتیان ئه‌ی باوکی به‌ڕێزمان له‌به‌رچی تۆ له یوسف لێمان دڵنیانیت و(به‌گومانیت لێمان) ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ﴾ له‌کاتێکدا که‌ئێمه دڵسۆزو خه‌مخۆرین بۆی ﴿١١﴾ ﴿أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا﴾ سبه‌ینێ له‌گه‌ڵمان بینێره(بۆ ده‌روده‌شت) ﴿يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ﴾ (به‌ئاره‌زووی خۆی)خواردن بخوات و یاری بکات ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ و بێگومان ئێمه پارێزگاری ده‌که‌ین ﴿١٢﴾ ﴿قَالَ إِنِّى لَيَحْزُنُنِىٓ﴾ (باوکیان) ووتی به‌ڕاستی دڵته‌نگ و خه‌مبارده‌بم ﴿أَن تَذْهَبُوا۟ بِهِۦ﴾ که‌ئێوه یوسف به‌رن (له‌گه‌ڵ خۆتان) ﴿وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ﴾ وه ده‌ترسم که ئێوه لێی بێ ئاگابن وگورگ بیخوات ﴿١٣﴾ ﴿قَالُوا۟ لَئِنْ أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ﴾ ووتیان چۆن گورگ ده‌یخوات ؟! ﴿وَنَحْنُ عُصْبَةٌ﴾ له‌کاتێکدا ئێمه کۆمه‌ڵێکی به‌هێزین ﴿إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ﴾ به‌ڕاستی ئه‌و کاته ئێمه زه‌ره‌ر مه‌ندین (ڕوو زه‌ردی تۆ ده‌بین) ﴿١٤﴾

﴿فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِۦ﴾ ئه‌مجا کاتێك یوسفیان برد له‌گه‌ڵ خۆیان ﴿وَأَجْمَعُوٓا أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ﴾ وه هه‌موو بڕیاریاندا بیخه‌نه بنی بیره‌که‌وه ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ﴾ وه ئێمه وه‌حی و سرووشمان بۆ (یوسف) کرد ﴿لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا﴾ سوێند به‌خوا هه‌والی ئه‌م کاره‌یان پێ ده‌ده‌یت (که‌پێیان کردی) ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ له‌کاتێکدا ئه‌وان هه‌ست ناکه‌ن ﴿١٥﴾ ﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمْ عِشَآءً يَبْكُونَ﴾ جا ئێواره دره‌نگانێك (براکانی یوسف) به‌گریانه‌وه هاتنه‌وه بۆ لای باوکیان ﴿١٦﴾ ﴿قَالُوا يَٰٓأَبَانَآ﴾ ووتیان ئه‌ی باوکی ئێمه ﴿إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ﴾ به‌ڕاستی ئێمه ڕۆیشتین پێشبڕکێمان ده‌کرد ﴿وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا﴾ و یوسفمان لای شتومه‌که‌کانمان به‌جێ هێشت ﴿فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ﴾ بۆیه گورگ خواردی ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا﴾ وه تۆ قه‌ت باوەڕ به‌ئێمه ناکه‌یت ﴿وَلَوْ كُنَّا صَٰدِقِينَ﴾ هه‌رچه‌ند ئێمه ڕاستگۆش بین. ﴿١٧﴾ ﴿وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍ﴾ (براکانی) کراسه‌که‌ی (یوسف)یان هێنایه‌وه که خوێنی درۆینه‌ی پێوه بوو ﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا﴾ (باوکیان) ووتی به‌ڵکو دڵ و ده‌رووتی خۆتان ئه‌م کاره(ناپه‌سه‌نده)ی بۆ ئاسان و جوان کردوون ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ (ووتی جا ئارام ده‌گرم) به‌ئارام گرتنێکی چاك و په‌سه‌ند ﴿وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾ خواش یارمه‌تی ده‌رمه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی باسی ده‌که‌ن ﴿١٨﴾ ﴿وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ﴾ جا کاروانێك هات ﴿فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ﴾ و ئاو هێنه‌ره‌که‌یان نارد (بۆ ئاو) ﴿فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ﴾ ئه‌ویش دۆڵچه‌که‌ی داهێلا بۆ ناو بیره‌که ﴿قَالَ يَٰبُشْرَىٰ﴾ (که دۆڵچه‌که‌ی هێنایه سه‌ره‌وه) ووتی ئه‌ی خه‌ڵکینه موژده بێ ﴿هَٰذَا غُلَٰمٌ﴾ ئه‌مه کوڕێکه ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً﴾ وه ئه‌وان (یوسف)یان شارده‌وه کردیانه کاڵای بازرگانی ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ وه خوا زانایه به‌وه‌ی ئه‌وانه ده‌یکه‌ن ﴿١٩﴾ ﴿وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ﴾ و فرۆشتیان به‌نرخێکی که‌م ﴿دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ﴾ که چه‌ند ده‌رهه‌مێك بوو ﴿وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ﴾ و ئه‌وان پێ نیاز بوون لێی (چونکه ده‌ترسان ڕازیان ده‌رکه‌وێت) ﴿٢٠﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ﴾ وه ئه‌و که‌سه‌ی له میسر یوسفی کڕی ووتی به ژنه‌که‌ی ﴿أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ﴾ ڕێزی لێ بگره (شوێنی حه‌وانه‌وه‌ی چاکی بۆ ئاماده بکه) ﴿عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ﴾ به‌ڵکو سوودمان پێ بگه‌یه‌نێت ﴿أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا﴾ یان بیکه‌ین به کوڕی خۆمان ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئابه‌م جۆره یوسفمان جێ گیر کرد(و پله‌و پایه‌مان پێدا) له زه‌وی (میسر)دا ﴿وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ﴾ (ئه‌مه‌مان کرد) تا فێری خه‌و لێکدانه‌وه‌ی بکه‌ین ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمْرِهِۦ﴾ وه خوا به‌سه‌ر کاری خۆیدا زاڵ وبه‌ده‌سه‌ڵاته ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی نازانن ﴿٢١﴾ ﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ﴾ وه کاتێك بوو به‌پیاو و پێ گه‌یی ﴿ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا﴾ فه‌رمان ڕه‌وایی و زانیاریمان پێدا ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ وه ئابه‌م جۆره پاداشتی چاکه‌کاران ده‌ده‌ینه‌وه ﴿٢٢﴾

﴿وَرَٰوَدَتْهُ ٱلَّتِى هُوَ فِى بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِۦ﴾ ئەو ئافرەتەی یوسف لەمالیدا بوو دەست تێکەڵاوی (وخیانەتی) لەیوسف ویست ﴿وَغَلَّقَتِ ٱلْأَبْوَٰبَ﴾ و هەموو دەرگاکانی داخست ﴿وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ﴾ ووتی دەی وەرە پێشەوە بۆ ئەوەی بۆت ئامادەکراوە ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ﴾ (یوسف) ووتی من پەنا دەگرم بەخوا ﴿إِنَّهُۥ رَبِّىٓ﴾ بەڕاستی ئەو(خوا) پەروەردگاری منە ﴿أَحْسَنَ مَثْوَاىَ﴾ رێزی لێ گرتووم ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ بەڕاستی ستەمکاران ڕزگاریان نابێت ﴿٢٣﴾ ﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ ۖ وَهَمَّ بِهَا﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئەو ژنە بەتەواوی نیازی (تێکەڵی ژن و مێردی) یوسفی کرد، یوسفیش نیازی ئەو ژنەی دەکرد بەخەتەرەی نەفسی بەشەری ﴿لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَٰنَ رَبِّهِۦ﴾ ئەگەر ئەو بەڵگە ڕوونەی پەروەردگاری نەدیبایە ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئا بەو جۆرە (بەڵگەمان نیشانی یوسف دا) ﴿لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ﴾ بۆ ئەوەی خراپەو داوێن پیسی لێ دوور بخەینەوە ﴿إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ﴾ چونکە بەڕاستی ئەو(یوسف) لەبەندە پاک وهەڵبژاردەکانی ئێمەیە ﴿٢٤﴾ ﴿وَٱسْتَبَقَا ٱلْبَابَ﴾ (یوسف و ئافرەتەکە) هەر دووکیان بەڕاکردن گەشتنە لای دەرگاکە (یوسف بۆ خۆ ڕزگارکردن و ژنەکەی (عزیزی میصر) پێش بۆ ئەوەی بگات بە یوسف (بۆ بەجێهێنانی مەبەستی خۆی) ﴿وَقَدَّتْ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٍ﴾ (ئافرەتەکە) کراسەکەی (یوسفی) دڕاند لەدواوە ﴿وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا﴾ جا هەردووکیان تووشی مێردی (ئافرەتەکە) بوون ﴿لَدَا ٱلْبَابِ﴾ لەبەردەم دەرگاکە (ی دەرەوە) دا ﴿قَالَتْ مَا جَزَآءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوٓءًا﴾ (ئافرەتەکە بۆ ئەوەی خۆی لەو تاوانە بەدوور بگرێت وخیانەتەکەی دەرنەکەوێت) بەپەلە ووتی: سزای ئەو کەسە چیە کە ویستبێتی خراپە (داوێن پیسی) لەگەڵ خێزانەکەتدا بکات ﴿إِلَّآ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ جگە لەوەی بەند بکرێت یان سزایەکی سەخت بدرێت ﴿٢٥﴾ ﴿قَالَ هِىَ رَٰوَدَتْنِى عَن نَّفْسِى﴾ (یوسف)ووتی ئەو (ژنە) داوێن پیسی لەمن وویست ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ﴾ ئەوسا شایەتێك لەکەس و کاری ئەو (ئافرەتە) شایەتی دا ﴿إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ﴾(ووتی) ئەگەر کراسەکەی (یوسف) ﴿قُدَّ مِن قُبُلٍ﴾ لە پێشەوە درێترا بێت ﴿فَصَدَقَتْ﴾ ئەوە ئافرەتەکە ڕاست دەکات ﴿وَهُوَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ وە (یوسف) لە درۆزنان (خراپەکارانە) ﴿٢٦﴾ ﴿وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ﴾ وەئەگەر کراسەکە٢ی ﴿قُدَّ مِن دُبُرٍ﴾ لەدواوە درێترابێت ﴿فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەوە ئافرەتەکە درۆ دەکات و (یوسف) لەڕاست گۆیانە ﴿٢٧﴾ ﴿فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ﴾ ئەمجا کاتێك (عەزیز) بینی کراسەکەی یوسف ﴿قُدَّ مِن دُبُرٍ﴾ لەدواوە دڕاوە ﴿قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ﴾ ووتی بەڕاستی ئەمە لەفڕو فێڵی ئێوەی (ئافرەتانە) ﴿إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ﴾ بەڕاستی فڕوفێڵی ئێوە زۆر گەورەیە ﴿٢٨﴾ ﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا﴾(عەزیز ووتی) یوسف وازبێنە لەم کارەو باسی مەکە ﴿وَٱسْتَغْفِرِى لِذَنۢبِكِ﴾ و (ژنەکە) تۆش بۆ گوناهەکەت داوای لێبوردن بکە ﴿إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلْخَاطِـِٔينَ﴾ چونکە بەڕاستی تۆ لەپێڕی تاوانبارانی ﴿٢٩﴾ ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِى ٱلْمَدِينَةِ﴾(دەستەیەك) لەژنانی شار (پاش ئەوەی هەوالەکەیان بیست بەتەشەرەوە) ووتیان ﴿ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ﴾ ژنەکەی عەزیز(ی میصر) ﴿تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ﴾ دەیەوێت (هەوڵ دەدا) لەگەڵ غوڵامەکەی داوێن پیسی بکات ﴿قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا﴾ بەڕاستی خۆشەویستی (ئەو غوڵامە) چووەتە ناو پەردەی دڵی ﴿إِنَّا لَنَرَىٰهَا﴾ بەڕاستی ئێمە ئەو (ژنە) دەبینین ﴿فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ لە گومڕاییەکی ڕوون دایە ﴿٣٠﴾

﴿فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ﴾ جا کاتێك ژنه‌کـه (ی عه‌زیـز) تانه‌و ته‌شـه‌ری ئه‌وانی بیسـت ﴿أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ﴾ ناردی به‌دوایاندا ﴿وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَئًا﴾ ئاماده‌ی کرد بۆیان شـوێنی (خۆشـی دانیشـتن و) شان دادان ﴿وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا﴾ و هه‌ریـه‌ك لـه‌وان چه‌قۆیه‌کـی پێـدان (بۆ میوه‌لـه‌ت کردن) ﴿وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ﴾ ئه‌وسـا ووتی (به‌یوسـف) وه‌ره بۆ ناویان (بابتبینن) ﴿فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ﴾ هه‌ر که ئه‌و (یوسـف) یان بینی حه‌په‌سـان (له‌جوانی ئه‌ودا) ﴿وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾ و هه‌مـوویان (له‌کاتی میوه له‌تکردندا) ده‌سـتی خۆیانیـان بـڕی ﴿وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ﴾ ووتیـان پاکـی وبێگـه‌ردی بـۆ خـوا ﴿مَا هَٰذَا بَشَرًا﴾ ئه‌مـه ئاده‌مـی نییه ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ ئه‌مـه ته‌نهـا فریشـته‌یه‌کی بـه‌رزو به‌ڕێـزه ﴿٣١﴾ ﴿قَالَتْ﴾ (ژنه‌کـه) ووتـی پێیـان ﴿فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى﴾ ئه‌مه ئه‌و که‌سـه‌یه که ﴿لُمْتُنَّنِى فِيهِ﴾ ئێوه سه‌رزه‌نشتی منتان ده‌کرد له‌سه‌ری ﴿وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ﴾ وه سـوێند به‌خـوا بێگومان وبسـتم ده‌سـتم له‌گه‌ڵ تێکـه‌ڵ کات ﴿فَٱسْتَعْصَمَ﴾ بـه‌ڵام ئه‌و خـۆی گرتووه (نه‌یکرد) ﴿وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ﴾ وه سـوێند به‌خـوا ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی فه‌رمانـی پێ ده‌که‌م نه‌یـکات ﴿لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ﴾ ئـه‌وه بێگومـان به‌نـد ده‌کرێـت و له‌ڕیسـوایان ده‌بێـت ﴿٣٢﴾ ﴿قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ﴾ (یوسـف) ووتی ئـه‌ی په‌روه‌ردگارم به‌ندکردنم لا خۆشـتره ﴿مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ﴾ لـه‌وه‌ی که‌ئه‌وانـه داوای ده‌کـه‌ن لێـم (که بیکـه‌م) ﴿وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ﴾ وه ئه‌گه‌ر پیلانی ئـه‌و ژنانه‌م لـێ لانـه‌ده‌ی ﴿أَصْبُ إِلَيْهِنَّ﴾ له‌وانه‌یـه دڵـم بۆلایـان بـڕوا (حه‌زیـان لـێ بکـه‌م) ﴿وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ پاشـان له‌نه‌فامـان ده‌بم و ده‌چمـه ڕیزیانه‌وه ﴿٣٣﴾ ﴿فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ﴾ ئه‌وسـا په‌روه‌ردگاری دوعاکه‌ی لـێ وه‌رگـرت ﴿فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ﴾ و پیلانه‌کـه‌ی ئـه‌و (ژنانـه) ی لـێ لادا ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ به‌ڕاسـتی هـه‌ر خـوا بیسـه‌ری زانایـه ﴿٣٤﴾ ﴿ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُا۟ ٱلْـَٔايَٰتِ﴾ ئه‌مجـا بۆیـان ده‌رکـه‌وت و پێیـان چـاك بـوو پاش ئـه‌وه‌ی ئـه‌و هه‌مـوو به‌ڵگه‌یـان (لـێ) بینـی ﴿لَيَسْجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٍ﴾ تاماوه‌یه‌ك به‌نـدی بکـه‌ن ﴿٣٥﴾ ﴿وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ﴾ ئه‌وسـا دوو کـوڕی لاو (خزمه‌تـکار) له‌گه‌ڵـی چوونـه به‌ندیخانـه ﴿قَالَ أَحَدُهُمَآ﴾ یه‌کێکیان ووتی (به‌یوسـف) ﴿إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ﴾ به‌ڕاسـتی له‌خه‌ومدا خۆمم دی ﴿أَعْصِرُ خَمْرًا﴾ تریـم ده‌گوشـی که‌ده‌بێ به‌عه‌ره‌ق ﴿وَقَالَ ٱلْءَاخَرُ﴾ وه‌ئه‌وی تریان ووتی ﴿إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ﴾ بێگومان له‌خه‌ودا خۆمم دی ﴿أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِى خُبْزًا﴾ نانم هه‌ڵده‌گرت به‌سه‌ر سه‌رمه‌وه ﴿تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُ﴾ باڵنده لێی ده‌خـوارد ﴿نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓ﴾ لێکدانه‌وه‌ی ئه‌و (خه‌و)ه‌مان پێ بڵێ ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ به‌ڕاستی ئێمه تۆ له‌چاکه‌کاران ده‌بینین (که‌چاك خه‌و له‌یه‌ك ده‌ده‌یته‌وه و په‌ڕینی ده‌که‌یت) ﴿٣٦﴾ ﴿قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ﴾ (یوسـف) ووتـی : (سـبه‌ینێ) هیـچ خۆراکێکتـان پـێ نادرێـت کـه بیخـۆن ﴿إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ﴾ به‌هـه‌ر دووکتـان ده‌ڵێم چی وچیتان بـۆ ده‌هێنن ﴿قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا﴾ پێش ئـه‌وه‌ی بگاته لاتان ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِى رَبِّىٓ﴾ ئه‌مـه‌ش له‌و به‌هرانه‌یه که‌په‌روه‌ردگارم فێری کردوم ﴿إِنِّى تَرَكْتُ﴾ به‌ڕاسـتی من وازم هێنـاوه ﴿مِلَّةَ قَوْمٍ﴾ له‌ئایینی گه‌ڵێـك ﴿لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ که‌بڕوایان به خوا نه‌هێنا ﴿وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ﴾ وه ئه‌وان بێ بڕواش بوون به ڕۆژی دوایی ﴿٣٧﴾

﴿وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِىٓ﴾ وه شوێنی ئاینی باوو باپیرانم که‌وتووم ﴿إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾ که (ئاینی) ئیبراهیم و ئیسحاق و یه‌عقوبه ﴿مَا كَانَ لَنَآ﴾ شایسته و شیاونی یه بۆمان (بۆ شوێنکه‌وتوانی ئیبراهیم) ﴿أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَىْءٍ﴾ که‌هیچ شتێك بکه‌ین به‌هاوبه‌ش بۆ خوا ﴿ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ عَلَيْنَا﴾ ئه‌مه‌ش چاکه‌و به‌هره‌ی خوایه به‌سه‌ر ئێمه‌وه ﴿وَعَلَى ٱلنَّاسِ﴾ وه به‌سه‌ر خه‌ڵکیشه‌وه ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی سوپاسی خوا ناکه‌ن ﴿٣٨﴾ ﴿يَٰصَٰحِبَىِ ٱلسِّجْنِ﴾ ئه‌ی دوو هاوڕێکه‌ی به‌ندینخانه‌م ﴿ءَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ﴾ ئایا چه‌ند خوایه‌کی جیاجیا باشترن ﴿أَمِ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ﴾ یان خوایه‌کی تاکی به‌ده‌سه‌ڵات ﴿٣٩﴾ ﴿مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ﴾ ئێوه بێجگه له‌خوا هیچ شتێك ناپه‌رستن ﴿إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم﴾ جگه‌له‌چه‌ند ناوێك نه‌بێت که ئێوه‌وباوو باپیرانتان ناوتان ناوون (خودا) ﴿مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ﴾ خوا هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی ده‌رباره‌یان نه‌ناردۆته خواره‌وه (که ئه‌وانه بپه‌رستن) ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ بێگومان بڕیار ته‌نها بۆ خوایه ﴿أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ فه‌رمانی داوه بێجگه له‌و هیچ شتێك نه‌په‌رستن ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾ ئه‌وه‌یه ئاینی ڕاستی دامه‌زراوی نه‌گۆڕاو ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی نازانن ﴿٤٠﴾ ﴿يَٰصَٰحِبَىِ ٱلسِّجْنِ﴾ ئه‌ی دوو هاوڕێکه‌ی به‌ندینخانه‌م ﴿أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسْقِى رَبَّهُۥ خَمْرًا﴾ یه‌کێکتان عاره‌ق ده‌رخواردی گه‌وره‌که‌ی (پاشا) ده‌دات ﴿وَأَمَّا ٱلْءَاخَرُ فَيُصْلَبُ﴾ به‌ڵام ئه‌وی تر تان (ده‌کوژرێت و) هه‌ڵده‌واسرێت ﴿فَتَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِۦ﴾ ئه‌وسا باڵنده له‌سه‌ر (و ده‌م چاو)ی ده‌خوات ﴿قُضِىَ ٱلْأَمْرُ ٱلَّذِى فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ﴾ ئه‌و کاره‌ی که‌ئێوه ده‌رباره‌ی پرسیار ده‌که‌ن (له‌لایه‌ن خوداوه) بڕیاری له‌سه‌ر دراوه (وناگۆڕێت) ﴿٤١﴾ ﴿وَقَالَ لِلَّذِى ظَنَّ﴾ و(یوسف) ووتی به‌وه‌ی که‌ده‌یزانی ﴿أَنَّهُۥ نَاجٍ مِّنْهُمَا﴾ ڕزگاری ده‌بێت له‌دوو به‌ندکراوه‌که ﴿ٱذْكُرْنِى عِندَ رَبِّكَ﴾ باسم بکه لای گه‌وره‌و پادشاکه‌ت (که به‌ناهه‌ق گیراوم) ﴿فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ به‌ڵام شه‌یتان له‌بیری برده‌وه ﴿ذِكْرَ رَبِّهِۦ﴾ که‌باسی (یوسف) بکات لای پادشاکه‌ی ﴿فَلَبِثَ فِى ٱلسِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ﴾ بۆیه ماوه‌ی چه‌ند ساڵێك (یوسف) له‌به‌ندیخانه‌دا مایه‌وه ﴿٤٢﴾ ﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ﴾ وه پادشا (خه‌ونکی بینی) ووتی ﴿إِنِّىٓ أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ﴾ بێگومان من له‌خه‌ومدا حه‌وت مانگای قه‌ڵه‌وم بینی ﴿يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ﴾ که‌حه‌وت (مانگا)ی له‌ڕ ولاواز ده‌یخواردن ﴿وَسَبْعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ﴾ وه حه‌وت گوڵه دانه‌ویڵه‌ی سه‌وزو حه‌وتی تری وشکم بینی ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ﴾ ئه‌ی کاربه‌ده‌ست ودونیا دیدان ﴿أَفْتُونِى فِى رُءْيَىَ﴾ ئه‌م خه‌وه‌م بۆ لێك بده‌نه‌وه ﴿إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه مانای خه‌و ده‌که‌ن و ده‌زانن خه‌و به‌رژین بکه‌ن ﴿٤٣﴾

﴿قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ﴾ ووتیان خه‌وی تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵ (و پڕوپوچه) ﴿وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ﴾ و ئێمه‌ش لێکدانه‌وه‌ی خه‌وی تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵ نازانین ﴿٤٤﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ﴾ ئه‌وسا ئه‌وه‌یان که‌ڕزگاری بوو له‌دوو (به‌ندکراو)ه‌که له‌پاش چه‌ند ساڵێك بیری که‌وته‌وه ووتی ﴿أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ﴾ من بۆتان لێکده‌ده‌مه‌وه مانای ئه‌و خه‌وه ﴿فَأَرۡسِلُونِ﴾ جا (فه‌رموو) بمنێرن (به‌دوای یوسف دا که له‌به‌ندینخانه‌دایه) ﴿٤٥﴾ ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ﴾ (هات ووتی) یوسف ئه‌ی هاوڕێی ڕاستگۆ ﴿أَفۡتِنَا فِي سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ﴾ مانای ئه‌و خه‌وه‌مان پێ بڵێ چی یه ؟ حه‌وت مانگای قه‌ڵه‌و که‌حه‌وت مانگای له‌ڕو لاواز بیانخوات ﴿وَسَبۡعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ﴾ هه‌روه‌ها حه‌وت گوڵی دانه‌ویله‌ی سه‌وزو حه‌وت گوڵی ووشك ﴿لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ﴾ تا من بگه‌ڕێمه‌وه بۆلای خه‌ڵکی ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وان ئه‌وه بزانن ﴿٤٦﴾ ﴿قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا﴾ (یوسف) ووتی حه‌وت ساڵ کشتوکاڵ ده‌که‌ن به‌دوای یه‌کداو به‌به‌رده‌وامی ﴿فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ﴾ جائه‌وه‌ی که‌دروێنه‌تان کرد بیهێڵنه‌وه له‌گوڵه‌که‌یدا ﴿إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ﴾ که‌مێك نه‌بێت له‌وه‌ی که‌ده‌یخۆن ﴿٤٧﴾ ﴿ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ﴾ ئه‌مجا له‌پاش ئه‌و (حه‌وت ساڵه) حه‌وت ساڵی تردێت که‌سه‌خت وقات و قڕبیه ﴿يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ﴾ هه‌رچیتان پاشه که‌وت کردووه بۆ ئه‌م (حه‌وت ساڵه سه‌خته) ده‌یخۆن ﴿إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ﴾ مه‌گه‌ر که‌مێك له‌وه‌ی قایم هه‌ڵی ده‌گرن (بۆ بنه تۆو وناشتنه‌وه‌ی ساڵێکی تر) ﴿٤٨﴾ ﴿ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ﴾ پاشان دوای ئه‌و (حه‌وت ساڵه سه‌خته) ساڵێك دێت ﴿فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ﴾ خه‌ڵکی تێیدا (ڕزگار ده‌کرێن) بارانیان بۆ ده‌بارێنرێت و تێیدا دۆشاو(ی میوه‌هات) ده‌گرن ﴿٤٩﴾ ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ﴾ پاشا ووتی ﴿ٱئۡتُونِي بِهِۦۖ﴾ ئه‌و (پیاوه) م بۆ بێنن ﴿فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ﴾ جا کاتێك نێردراوه‌که(ی پاشا) هاته لای یوسف ﴿قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾ (یوسف) ووتی بگه‌ڕێره‌وه بۆلای گه‌وره‌که‌ت (پادشاکه‌ت) ﴿فَسۡـَٔلۡهُ﴾ و پرسیاری لێ بکه ﴿مَا بَالُ ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّۚ﴾ هۆی چی بوو که‌ئه‌و ژنانه ده‌ستی خۆیانیان بڕی ﴿إِنَّ رَبِّي بِكَيۡدِهِنَّ عَلِيمٞ﴾ بێگومان په‌روه‌ردگارم به‌پیلانی ئه‌و (ژن) انه ئاگادارو زانایه ﴿٥٠﴾ ﴿قَالَ مَا خَطۡبُكُنَّ إِذۡ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفۡسِهِۦۚ﴾ ووتی (به‌ژنه‌کان) مه‌به‌ستان چی بوو کاتێك ویستتان یوسف بخه‌ڵه‌تێنن و کاری خراپی پێ بکه‌ن ﴿قُلۡنَ حَٰشَ لِلَّهِ﴾ (ئافره‌ته‌کان) ووتیان پاك و بێگه‌ردی بۆ خوا ﴿مَا عَلِمۡنَا عَلَيۡهِ مِن سُوٓءٖۚ﴾ ئێمه هیچ خراپه‌یه‌کمان لێ نه‌دیوه ﴿قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ﴾ ژنه‌که‌ی عه‌زیز ووتی ﴿ٱلۡـَٰٔنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ﴾ ئاێستا حه‌ق و ڕاستی ده‌رکه‌وت ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ﴾ من ده‌مویست (یوسف) ده‌ستم له‌گه‌ڵ بکات ﴿وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ و بێگومان ئه‌و له‌ڕاست گۆیانه ﴿٥١﴾ ﴿ذَٰلِكَ لِيَعۡلَمَ أَنِّي﴾ (یوسف ووتی) ئه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی (پادشا) بزانی به‌ڕاستی من ﴿لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ﴾ به‌په‌نهانی ناپاکی وخیانه‌تم نه‌کردووه لێی ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ﴾ وه به‌ڕاستی خواش پیلانی ناپاکان ناگه‌یه‌نێته ئه‌نجام ﴿٥٢﴾

﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ﴾ وه (یوسف ووتی) من هه‌رگیز پاکانه بۆ خۆم ناکه‌م ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ﴾ (چونکه) به‌راستی نه‌فس زۆر فه‌رمان ده‌ره به‌خراپه ﴿إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ﴾ بێجگه ئه‌و نه‌فسه‌ی په‌روه‌ردگارم ڕه‌حمی پێ کردبێت ﴿إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ به‌راستی په‌روه‌ردگارم لێبورده‌ی میهره‌بانه ﴿٥٣﴾ ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ﴾ جا پادشا ووتی (به‌ڕێره‌سته‌کانی) ﴿ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ﴾ ئه‌و یوسفه‌م بۆ بێنن ﴿أَسۡتَخۡلِصۡهُ لِنَفۡسِيۖ﴾ ده‌یکه‌مه (که‌سێکی) تایبه‌ت به‌خۆم ﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ﴾ جا کاتێ که (پادشا) قسه‌ی له‌گه‌ڵ کرد ﴿قَالَ إِنَّكَ﴾ ووتی به‌ڕاستی تۆ ﴿ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ﴾ ئه‌مڕۆ لای ئێمه خاوه‌نی پله‌و پایه و باوه‌ڕپێکراوی ﴿٥٤﴾ ﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ﴾ (یوسف) فه‌رمووی (به‌پادشا) له‌سه‌ر خه‌زنه و دارایی زه‌وی (میسر) دابمنێ به‌ڕاستی من پارێزه‌رێکی شاره‌زام ﴿٥٥﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ﴾ ئا به‌و جۆره یوسفمان پایه‌دارو جێگیر کرد ﴿فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ له‌خاك (ی میسر)دا ﴿يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ﴾ له‌هه‌ر شوێنێك(ی میسردا) بیویستایه ده‌ژیا ﴿نُصِيبُ بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ﴾ هه‌ر که‌سمان بوێ به‌ڕمیهره‌بانی خۆمانی ده‌خه‌ین (له‌دونیادا) ﴿وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ و پاداشتی چاکه کاران وون ناکه‌ین ﴿٥٦﴾ ﴿وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ﴾ وه به‌ڕاستی پاداشتی ڕۆژی دوایی چاکتره ﴿لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی بڕوایان هێناوه ﴿وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ و به‌هه‌میشه‌یی خۆپارێز بوون (له هاوبه‌ش بڕیاردان و تاوان) ﴿٥٧﴾ ﴿وَجَآءَ إِخۡوَةُ يُوسُفَ﴾ وه (له کاتی گرانیدا) براکانی یوسف هاتن (بۆ میسر) ﴿فَدَخَلُواْ عَلَيۡهِ﴾ ئه‌وسا چوونه لای (یوسف) ﴿فَعَرَفَهُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ﴾ ده‌ست به‌جێ (یوسف) ئه‌وانی ناسی یه‌وه به‌ڵام ئه‌وان ئه‌میان نه‌ناسی یه‌وه ﴿٥٨﴾ ﴿وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمۡ﴾ جا کاتێك که ڕێکی خستن وئه‌وه‌ی که ویستیان پێی دان ﴿قَالَ ٱئۡتُونِي بِأَخٖ لَّكُم مِّنۡ أَبِيكُمۡۚ﴾ ووتی برایه‌کی باوکیتان هه‌یه بۆم بێنن ﴿أَلَا تَرَوۡنَ أَنِّيٓ﴾ ئایا نابینن که‌من ﴿أُوفِي ٱلۡكَيۡلَ﴾ پێوانه‌م تێرو ته‌واوه (بۆ کڕیاره‌کان) ﴿وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ﴾ وه‌من خانه خوێی چاکم ﴿٥٩﴾ ﴿فَإِن لَّمۡ تَأۡتُونِي بِهِۦ﴾ جا ئه‌گه‌ر ئه‌و (برایه‌تان)م بۆ نه‌هێنن ﴿فَلَا كَيۡلَ لَكُمۡ عِندِي وَلَا تَقۡرَبُونِ﴾ ئه‌وه پێوانه(ی دانه‌وێله)تان لای من نیه‌و نزیك (ئه‌م وولاته‌ش) مه‌که‌ونه‌وه ﴿٦٠﴾ ﴿قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ﴾ ووتیان هه‌وڵ و ته‌قه‌لا ده‌ده‌ین له‌گه‌ڵ باوکی دا ﴿وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ﴾ و دڵنیابه ئێمه ئه‌و کاره ده‌که‌ین ﴿٦١﴾ ﴿وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ﴾ وه (یوسف) ووتی به به‌رده‌ست و خزمه‌تکاره‌کانی ﴿ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ﴾ دراوه‌کانیان که داویانه (به دزی یه‌وه) بیخه‌نه ناو باره‌کانیان ﴿لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ﴾ به‌ڵکو بیناسنه‌وه ﴿إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ﴾ کاتێك که گه‌ڕانه‌وه بۆ ناو ماڵ و منداڵیان ﴿لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ﴾ تا (بیێته هۆی ئه‌وه‌ی) بگه‌ڕێنه‌وه و بێنه‌وه (جارێکی تر) ﴿٦٢﴾ ﴿فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمۡ﴾ ئه‌مجا کاتێکگه‌ڕانه‌وه بۆ لای باوکیان ﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا﴾ ووتیان ئه‌ی باوکی به‌ڕێزمان ﴿مُنِعَ مِنَّا ٱلۡكَيۡلُ﴾ (بۆ ساڵی داهاتوو) پێوانه‌مان لێ قه‌ده‌غه کراوه (شتمان پێنافرۆشن ئه‌گه‌ر بنیامین نه‌نێریت له‌گه‌ڵمانـدا) ﴿فَأَرۡسِلۡ مَعَنَآ أَخَانَا نَكۡتَلۡ﴾ جا که‌واته براکه‌مان له‌گه‌ڵماندا بنێره پێوانه‌ش ده‌که‌ین (دانه‌وێله ده‌کڕین) ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ و دڵنیابه ئاگاداریشی ده‌که‌ین ﴿٦٣﴾

﴿قَالَ﴾ (یه‌عقوب) ووتی (پێیان) ﴿هَلۡ ءَامَنُكُمۡ عَلَيۡهِ﴾ ئایا دڵنیابم لێتان ده‌رباره‌ی ﴿إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمۡ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبۡلُ﴾ هه‌روه‌ك پێشتر دڵنیا بووم لێتان ده‌رباری (یوسفی) برای ﴿فَٱللَّهُ خَيۡرٌ حَٰفِظٗا﴾ که‌واته خوا چاکترین پارێزه‌ره ﴿وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ وه ئه‌و به‌زه‌یی دارترینی هه‌موو به‌زه‌یی دارانه ﴿٦٤﴾ ﴿وَلَمَّا فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمۡ﴾ جا کاتێك باره‌کانیان کرده‌وه ﴿وَجَدُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ رُدَّتۡ إِلَيۡهِمۡ﴾ بینی یان ده‌سمایه که‌یان بۆ گه‌ڕێنراوه‌ته‌وه ﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا﴾ ووتیان ئه‌ی باوکی به‌ڕێزمان ﴿مَا نَبۡغِي﴾ چیمان ده‌وێت ﴿هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا﴾ ئه‌مه دراوه‌که‌مانه ﴿رُدَّتۡ إِلَيۡنَا﴾ بۆمان نێردراوه‌ته‌وه ﴿وَنَمِيرُ أَهۡلَنَا﴾ بژێویش بۆ خاو خێزانمان ده‌هێنین ﴿وَنَحۡفَظُ أَخَانَا﴾ و براکه‌شمان ده‌پارێزین ﴿وَنَزۡدَادُ كَيۡلَ بَعِيرٖ﴾ و باری ووشترێکیش (دانه‌ویلّه) زیاد ده‌هێنین ﴿ذَٰلِكَ كَيۡلٞ يَسِيرٞ﴾ ئه‌م (باره‌ش) پێوانه‌یه‌کی که‌مه (و به ئاسانی ده‌مان ده‌نێ) ﴿٦٥﴾ ﴿قَالَ لَنۡ أُرۡسِلَهُۥ مَعَكُمۡ﴾ (یه‌عقوب) ووتی هه‌رگیز ناینێرم له‌گه‌ڵتان ﴿حَتَّىٰ تُؤۡتُونِ مَوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ﴾ هه‌تا به‌ڵێنێکی بته‌وم پێ نه‌ده‌ن له‌لایه‌ن خواوه (تا سوێندم بۆ نه‌خۆن به‌خوا) ﴿لَتَأۡتُنَّنِي بِهِۦٓ﴾ که‌بێگومان (به بێوه‌ی) ئه‌ی هێننه‌وه بۆم ﴿إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمۡ﴾ مه‌گه‌ر ده‌ور بدرێن وچارتان نه‌مێنێت ﴿فَلَمَّآ ءَاتَوۡهُ مَوۡثِقَهُمۡ﴾ ئه‌مجا کاتێك پەیمانیان پێدا (سوێندیان خوارد) ﴿قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ﴾ (یه‌عقوب) ووتی خوا ئاگادار و چاودێره سه‌باره‌ت به‌وه‌ی که‌ده‌یڵێین ﴿٦٦﴾ ﴿وَقَالَ يَٰبَنِيَّ﴾ وه ووتی ئه‌ی کوڕه‌کانم ﴿لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ﴾ هه‌مووتان له‌ده‌رگایه‌که‌وه‌مه‌چنه‌ژووره‌وه ﴿وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖ﴾ به‌ڵکو له‌چه‌ند ده‌رگایه‌کی جیاجیاوه بچنه ژووره‌وه ﴿وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍ﴾ وه من هیچ سوودتان پێ ناگه‌یه‌نم له‌به‌رانبه‌ر (پێشهاتی) خوادا ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ هه‌موو حوکم و بڕیارێك ته‌نها بۆ خوایه ﴿عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ﴾ پشت هه‌ر به‌و ده‌به‌ستم ﴿وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ﴾ و خۆسپێرانیش با خۆیان هه‌ر به‌و بسپێرن ﴿٦٧﴾ ﴿وَلَمَّا دَخَلُواْ﴾ جا کاتێك چوونه ژووره‌وه ﴿مِنۡ حَيۡثُ أَمَرَهُمۡ أَبُوهُم﴾ له‌و شوێنه‌وه‌ی که باوکیان فه‌رمانی پێ دابوون ﴿مَّا كَانَ يُغۡنِي عَنۡهُم﴾ ئه‌و(چوونه به‌و جۆره) هیچ سوودی پێ نه‌گه‌یاندن ﴿مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍ﴾ له به‌رامبه‌ر (قه‌ده‌ری) خوادا ﴿إِلَّا حَاجَةٗ﴾ به‌ڵکو ئه‌وه مه‌به‌ستێك بوو ﴿فِي نَفۡسِ يَعۡقُوبَ﴾ له ده‌رووني یه‌عقوبدا بوو ﴿قَضَىٰهَا﴾ (به‌م شێوه) ئه‌نجامی دا ﴿وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلۡمٖ﴾ وه به‌ڕاستی یه‌عقوب خاوه‌نی زانست و زانیاری بوو ﴿لِّمَا عَلَّمۡنَٰهُ﴾ چونکه ئێمه فێرمان کرد بوو ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی نازانن ﴿٦٨﴾ ﴿وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ کاتێکیش که چوونه ژووره‌وه بۆ لای یوسف ﴿ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَخَاهُ﴾ (یوسف) براکه‌ی برده په‌نا خۆیه‌وه ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَنَا أَخُوكَ﴾ ووتی به‌ڕاستی من براکه‌ی تۆم ﴿فَلَا تَبۡتَئِسۡ﴾ که‌واته هیچ غه‌مبار مه‌به ﴿بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ به‌وه‌ی که ئه‌وان ده‌یکه‌ن (له‌گه‌ڵت) ﴿٦٩﴾

﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ﴾ جا کاتێك كه‌ڕێكی خستن و ئه‌وه‌ی ویستیان پێی دان ﴿جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ﴾ ئاوخۆری (پێوانه‌كه‌ی) مه‌لیكی خسته ﴿فِى رَحْلِ أَخِيهِ﴾ ناو باری براكه‌ی ﴿ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ﴾ پاشان جارِ چی یه‌ك جاری دا ﴿أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ﴾ ئه‌ی كاروانه‌كه ﴿إِنَّكُمْ لَسَٰرِقُونَ﴾ به‌ڕاستی ئێوه دزن ﴿٧٠﴾ ﴿قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟ عَلَيْهِم﴾ ڕوویان تێكردن و ووتیان ﴿مَّاذَا تَفْقِدُونَ﴾ چیتان گوم كردوه؟ ﴿٧١﴾ ﴿قَالُوا۟﴾ ووتیان ﴿نَفْقِدُ صُوَاعَ ٱلْمَلِكِ﴾ ئاوخۆره‌كه‌ی (پێوانه‌كه‌ی) پادشامان دیارنیه ﴿وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمْلُ بَعِيرٍ﴾ هه‌ر كه‌سێك بیهێنێته‌وه باری ووشترێك (خۆراكی) ده‌درێتێ ﴿وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ﴾ وه‌منیش ده‌سته‌به‌ری ئه‌و (باره) ده‌بم ﴿٧٢﴾ ﴿قَالُوا۟﴾ ووتیان ﴿تَٱللَّهِ﴾ سوێند به‌خوا ﴿لَقَدْ عَلِمْتُم﴾ به‌ڕاستی ئێوه ده‌زانن ﴿مَّا جِئْنَا﴾ كه‌ئێمه نه‌هاتووین ﴿لِنُفْسِدَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی خراپه بكه‌ین له‌وڵاتدا ﴿وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ﴾ وه‌ئێمه پێشتر دز نه‌بووین ﴿٧٣﴾ ﴿قَالُوا۟﴾ ووتیان ﴿فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ﴾ ده‌ی ئایا تۆڵه‌ی ئه‌ودزه‌چیه ﴿إِن كُنتُمْ كَٰذِبِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه دڕۆزن بووون ﴿٧٤﴾ ﴿قَالُوا۟ جَزَٰٓؤُهُۥ﴾ ووتیان تۆڵه‌ی ئه‌وه‌یه ﴿مَن وُجِدَ فِى رَحْلِهِۦ﴾ له‌باری هه‌ركه‌سێكدا دۆزرایه‌وه ﴿فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ﴾ هه‌ر ئه‌وكه‌سه خۆی تۆڵه‌ی بێت (واته : ئه‌وه‌ی دزیه‌كه‌ی كردووه ئه‌بێته عه‌بد و كۆیله‌ی ئه‌وه‌ی دزیه‌كه‌ی لێ كراوه) ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ئابه‌و جۆره تۆڵه له‌سته‌مكاران ده‌سێنین ﴿٧٥﴾ ﴿فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ﴾ ئه‌وسا (یوسف) ده‌ستی كرد به‌بشكنینی جه‌واڵه‌كانیان (باره‌كانیان) ﴿قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ﴾ له‌پێش بشكنینی جه‌واڵی (بینامین) برای (دایك و باوكی یوسف) ﴿ثُمَّ ٱسْتَخْرَجَهَا﴾ له‌پاشان (ئاو خۆر - پێوانه‌كه‌ی) ده‌ری هێنا ﴿مِن وِعَآءِ أَخِيهِ﴾ له جه‌واڵی براكه‌یدا ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئابه‌و جۆره ﴿كِدْنَا لِيُوسُفَ﴾ پیلانمان نیشانی یوسف دا ﴿مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ﴾ ئه‌و نه‌یده‌توانی براكه‌ی بگرێت ﴿فِى دِينِ ٱلْمَلِكِ﴾ به‌پێی ئاینی و یاسایی پادشا (به‌ڵكو به‌پێ ی ئه‌و قسه بوو براكانی خۆیان كردیان) ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ مه‌گه‌ر (كاتێك) كه خوا بیه‌وێت ﴿نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ﴾ هه‌ر كه‌سێك بمانه‌وێت پله‌ی به‌رز ده‌كه‌ینه‌وه ﴿وَفَوْقَ كُلِّ﴾ و له‌سه‌ر هه‌موو ﴿ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ خاوه‌ن زانستێكه‌وه زاناتر هه‌یه (مه‌به‌ست پێ خودایه) ﴿٧٦﴾ ﴿قَالُوٓا۟ إِن يَسْرِقْ﴾ ووتیان ئه‌گه‌ر ئه‌و (بنیامین) دزیبێتی ﴿فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ﴾ ئه‌وه بێگومان براكه‌شی پێشتر دزی كردووه (واته یوسفیش دز بووه) ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفْسِهِۦ﴾ به‌ڵام یوسف (پێناخۆشبوونی خۆی) به‌م (تۆمه‌ته) له‌ده‌رونی خۆیدا شارده‌وه ﴿وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾ ده‌ری نه‌بڕی بۆ ئه‌وان ﴿قَالَ أَنتُمْ﴾ (ته‌نها) ووتی ئێوه ﴿شَّرٌّ مَّكَانًا﴾ له‌وان خراپترن ﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾ خواش چاك ده‌زانێ به‌وه‌ی كه‌ئێوه ده‌یڵێن ﴿٧٧﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ﴾ ووتیان ئه‌ی عه‌زیز (پادشا) ﴿إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا﴾ به‌ڕاستی ئه‌و باوكێكی زۆر پیری به‌ته‌مه‌نی هه‌یه ﴿فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓ﴾ جایه‌كێك له ئێمه له جیاتی ئه‌و بگره ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ به‌ڕاستی ئێمه تۆ له‌چاكه‌كاران ده‌بینین ﴿٧٨﴾

﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ﴾ (یوسف) ووتی په‌نا به‌خوا ﴿أَن نَّأۡخُذَ إِلَّا مَن وَجَدۡنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ﴾ له‌وه‌ی که هیچ که‌سێ بگرین بێجگه له‌وه‌ی که ئاو خۆر (پێوانه) که‌مان لا دۆزیوه‌ته‌وه (که‌دزرا بوو) ﴿إِنَّآ إِذٗا لَّظَٰلِمُونَ﴾ به‌ڕاستی ئه‌گه‌ر وا بکه‌ین ئێمه له‌سته‌م کاران ده‌بین ﴿٧٩﴾ ﴿فَلَمَّا ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ مِنۡهُ﴾ جا کاتێك بێ هیوا بوون له‌وه‌ی (وه‌زیر به‌ره‌لای بکات) ﴿خَلَصُواْ نَجِيّٗا﴾ چوونه که‌نارێك به‌چپه ڕاوێژیان ده‌کرد ﴿قَالَ كَبِيرُهُمۡ﴾ برا گه‌وره‌که‌یان ووتی ﴿أَلَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ﴾ ئه‌ی نازانن ﴿أَنَّ أَبَاكُمۡ﴾ که بێگومان باوکتان ﴿قَدۡ أَخَذَ عَلَيۡكُم مَّوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ﴾ سوێند و په‌یمانێکی به‌ناوی خواوه لێ وه‌رگرتن ﴿وَمِن قَبۡلُ مَا فَرَّطتُمۡ فِي يُوسُفَۖ﴾ پێشتریش (له‌و به‌لێنه‌ی پێتان دابوو) ده‌رباره‌ی یوسف که‌متەرخه‌میتان کرد ﴿فَلَنۡ أَبۡرَحَ ٱلۡأَرۡضَ﴾ که‌وانه من ئه‌م زه‌ویه به‌جێ ناهێلم ﴿حَتَّىٰ يَأۡذَنَ لِيٓ أَبِيٓ﴾ هه‌تا باوکم مۆڵه‌تی (گه‌ڕانه‌وه‌م) پێ نه‌دات ﴿أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِيۖ﴾ یان خوا بڕیارم بۆ نه‌دات ﴿وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ﴾ هه‌رئه‌ویش باشترینی دادوه‌رانه ﴿٨٠﴾ ﴿ٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيكُمۡ﴾ ئێوه بگه‌ڕێنه‌وه بۆلای باوکتان ﴿فَقُولُواْ يَٰٓأَبَانَآ﴾ وبێی بڵێن ئه‌ی باوکی خۆمان ﴿إِنَّ ٱبۡنَكَ سَرَقَ﴾ به‌ڕاستی کوڕه‌که‌ت دزی کرد ﴿وَمَا شَهِدۡنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمۡنَا﴾ وئێمه‌ش بێجگه له‌وه‌ی ده‌مانزانی شایه‌تیمان نه‌داوه ﴿وَمَا كُنَّا لِلۡغَيۡبِ حَٰفِظِينَ﴾ خۆ ئێمه ئاگاداری شاراوه ونهێنی یه‌کان نه‌بووین ﴿٨١﴾ ﴿وَسۡـَٔلِ ٱلۡقَرۡيَةَ ٱلَّتِي﴾ (خۆ ئه‌گه‌ر بڕوا ناکه‌یت) له‌خه‌ڵکی ئه‌و شاره‌ش بپرسه ﴿كُنَّا فِيهَا﴾ که‌ئێمه‌ی لێ بووین ﴿وَٱلۡعِيرَ ٱلَّتِيٓ أَقۡبَلۡنَا فِيهَاۖ﴾ وله‌و کاروانه‌ش (بپرسه) له‌گه‌ڵیدا گه‌ڕاینه‌وه ﴿وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾ وه‌به‌ڕاستی ئێمه ڕاست گۆین ﴿٨٢﴾ ﴿قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ﴾ (یه‌عقوب علیه السلام) ووتی وانی یه به‌ڵکو نه‌فسی خۆتان کارێکی بۆ جوان (و ئاسان) کردون ﴿فَصَبۡرٞ جَمِيلٌۖ﴾ بۆیه چارم دان به‌خۆدا گرتنه به‌جوانی ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًاۖ﴾ به‌و ئومێده‌ی خوا هه‌موویان (یوسف و بونیامینیش) م بۆ بهێنێته‌وه ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌و زانای کاردروسته ﴿٨٣﴾ ﴿وَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ﴾ ئه‌وسا ڕوی لێ وه‌رگێران ﴿وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ ووتی ئاخ و داخ بۆ یوسف ﴿وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ﴾ وه هه‌ردوو چاوی سپی (و کوێر) بوون له‌داخ وخه‌فه‌تدا ﴿فَهُوَ كَظِيمٞ﴾ چونکه هه‌ر داخ و خه‌فه‌تی خۆی ده‌خوارده‌وه ﴿٨٤﴾ ﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ﴾ ووتیان سوێند به‌خوا ﴿تَفۡتَؤُاْ تَذۡكُرُ يُوسُفَ﴾ وازناهێنی هه‌ربیری یوسف ده‌که‌یته‌وه ﴿حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا﴾ هه‌تا په‌کت ده‌که‌وێت به‌نه‌خۆشی وخه‌فه‌ت خواردن ﴿أَوۡ تَكُونَ مِنَ ٱلۡهَٰلِكِينَ﴾ یان ده‌مریت و ده‌چیته ڕیزی له‌ناوچوان ﴿٨٥﴾ ﴿قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ ووتی من سکاڵا و ده‌ردی دڵ و خه‌فه‌ت و په‌ژاره‌م هه‌ر لای خوا ده‌که‌م ﴿وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ وه من له‌لایه‌ن خواوه شتانێك ده‌زانم که ئێوه نایزانن ﴿٨٦﴾

﴿يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ﴾ (یه‌عقوب ووتی) ئه‌ی کوڕه‌کانم بڕۆن ﴿فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ﴾ جا بگه‌ڕێن و هه‌والی یوسف و براکه‌ی بزانن ﴿وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ﴾ نائومێدیش مه‌بن له‌به‌زه‌یی و میهره‌بانی خوا ﴿إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ﴾ به‌ڕاستی نائومێد نابێت له‌ڕه‌حم و میهره‌بانی خوا ﴿إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ جگه له‌وانه‌ی که‌بێ بڕوان ﴿٨٧﴾ ﴿فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ قَالُواْ﴾ جا کاتێك که چوونه لای ئه‌و (یوسف) ووتیان ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ﴾ ئه‌ی عه‌زیز (پادشا) ﴿مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ﴾ زیان و برسێتی تووشی خۆمان و مالّ و منداڵمان بووه ﴿وَجِئۡنَا بِبِضَٰعَةٖ مُّزۡجَىٰةٖ﴾ و دراوێکی که‌مان هێناوه (بۆ کڕینی خۆراك) ﴿فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ﴾ تۆش پێوانه‌که‌مان به ته‌واوی بده‌ری ﴿وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآۖ﴾ خێرێشمان پێ بکه ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَجۡزِي ٱلۡمُتَصَدِّقِينَ﴾ به‌ڕاستی خوا پاداشتی خێرخوازان ده‌داته‌وه ﴿٨٨﴾ ﴿قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم﴾ ووتی ئێوه ده‌زانن چیتان کرد ﴿بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ﴾ به‌یوسف و براکه‌ی ﴿إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ﴾ له‌وکاته‌دا که‌ئێوه نه‌زان بوون ﴿٨٩﴾ ﴿قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُۖ﴾ ووتیان به‌ڕاست تۆ یوسفیت؟ ﴿قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ﴾ ووتی (پێیان) من یوسفم و ئه‌مه‌ش برامه ﴿قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ﴾ به‌ڕاستی خوا منه‌تی نابه‌سه‌رماندا ﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ﴾ به‌ڕاستی هه‌رکه‌س خۆی بپارێزێت وله‌خوا بترسێت ودان به‌خۆیدا بگرێت ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ ئه‌وسا به‌ڕاستی خوا پاداشتی چاکه‌کاران وون ناکات ﴿٩٠﴾ ﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ﴾ ووتیان (به‌یوسف) سوێند به‌خوا ﴿لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا﴾ به‌ڕاستی خوا تۆی هه‌ڵ بژارد به‌سه‌ر ئێمه‌دا ﴿وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ﴾ وه به‌ڕاستی ئێمه له خه‌تاکاران بووین ﴿٩١﴾ ﴿قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَۖ﴾ (یوسف) ووتی ئه‌مڕۆ هیچ سه‌رزه‌نشت و ته‌شه‌رێکتان له‌سه‌ر نییه (له‌لایه‌ن منه‌وه) ﴿يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ﴾ خوالێتان خۆش بێت ﴿وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ وه ئه‌و (خوا) له‌هه‌موو میهره‌بانان میهره‌بانتره ﴿٩٢﴾ ﴿ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِي هَٰذَا﴾ ئه‌م کراسه‌ی من ببه‌ن ﴿فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِي﴾ و بیده‌ن به‌سه‌ر ده‌م و چاوی باوکم دا ﴿يَأۡتِ بَصِيرٗا﴾ (ده‌ست به‌جێ) چاوی چاك ده‌بێته‌وه ﴿وَأۡتُونِي بِأَهۡلِكُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ ئه‌وسا هه‌موو که‌س و کارتان بێنن بۆ (ئه‌م وڵاته‌ی) من ﴿٩٣﴾ ﴿وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلۡعِيرُ﴾ جا کاتێك کاروانه‌که (له‌میسر) ده‌رچوو ﴿قَالَ أَبُوهُمۡ﴾ باوکیان ووتی ﴿إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَۖ﴾ به‌ڕاستی من بۆنی یوسف هه‌ست پێ ده‌کەم ﴿لَوۡلَآ أَن تُفَنِّدُونِ﴾ ئه‌گه‌ر به‌خه‌ڵه‌فاو و بێ عه‌قڵم دانه‌نێن ﴿٩٤﴾ ﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ﴾ ووتیان سوێند به‌خوا ﴿إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلۡقَدِيمِ﴾ تۆ هه‌ر له‌سه‌ر هه‌ڵه‌که‌ی کۆنی خۆتی ﴿٩٥﴾

﴿فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ﴾ جا کاتێك مژده ده‌ره‌که هات ﴿أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ﴾ ئه‌و (کراسه)ی دابه‌سه‌ر ده‌م و چاویدا ﴿فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا﴾ یه‌کسه‌ر بینایی گه‌ڕایه‌وه (که‌پێشتر نابینا بوو بوو) ﴿قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ﴾ (یه‌عقوب) ووتی من به‌ئێوه‌م نه‌ووت؟ ﴿إِنِّيٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ دڵنیابن من له‌لایه‌ن خواوه شتانێك ده‌زانم ئێوه نایزانن ﴿٩٦﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا﴾ ووتیان ئه‌ی بابه ﴿ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ﴾ داوای لێ خۆش بوونی گوناهه‌کانمان بۆ بکه (لای په‌روه‌ردگار) ﴿إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ﴾ به‌ڕاستی ئێمه گوناهباربووین ﴿٩٧﴾ ﴿قَالَ سَوْفَ﴾ (یه‌عقوب) ووتی پێیان دواتر ﴿أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّىٓ﴾ داوای لێبوردنتان بۆ ده‌کەم له‌په‌روه‌ردگارم ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌و لێبورده‌ی میهره‌بانه ﴿٩٨﴾ ﴿فَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ جا کاتێك چوونه لای یوسف (له‌ولاتی میسر) ﴿ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ﴾ دایك و باوکی برده نزیکی خۆی (و ده‌ستی کرده ملیان) ﴿وَقَالَ ٱدْخُلُوا۟ مِصْرَ﴾ و فه‌رمووی پێیان وه‌رنه میسر ﴿إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ﴾ ئه‌گه‌ر خوا بیه‌وێت ئارام ده‌بن (هیچ زیانێکتان تووش نایه‌ت) ﴿٩٩﴾ ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾ وه باوك و دایکی له‌سه‌ر ته‌خت (ی حوکمڕانی خۆی) دانا ﴿وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا﴾ وه هه‌موو که‌وتن به‌ڕووداو بۆی به‌سوژده بردنه‌وه ﴿وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ﴾ (یوسف) ووتی ئه‌ی باوکی خۆشه‌ویستم ﴿هَٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَىَ﴾ ئه‌مه لێکدانه‌وه‌ی خه‌وه‌که‌م بوو ﴿مِن قَبْلُ﴾ که‌له‌مه‌و پێش (بینیم) ﴿قَدْ جَعَلَهَا رَبِّى حَقًّا﴾ بێگومان په‌روه‌ردگارم به‌ڕاستی گێڕا ﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ﴾ وه به‌ڕاستی خوا چاکه‌ی له‌گه‌ڵ کردم ﴿إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ﴾ کاتێ له زیندان ده‌ری هێنام ﴿وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلْبَدْوِ﴾ وه ئێوه‌شی له لادێ وبیابانه‌وه هێنا (بۆ ناوشار) ﴿مِّنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ دوای ئه‌وه‌ی شه‌یتان ناخۆشی و ناکۆکی خسته ﴿بَيْنِى وَبَيْنَ إِخْوَتِىٓ﴾ نێوان من و براکانم ﴿إِنَّ رَبِّى﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم ﴿لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ﴾ میهره‌بانه به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی بیه‌وێت ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌و زانای کاردروسته ﴿١٠٠﴾ ﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارم به‌ڕاستی پێت به‌خشیووم ﴿مِنَ ٱلْمُلْكِ﴾ هه‌ندێك له‌ده‌سه‌ڵات و پاشایه‌تی ﴿وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ﴾ وه هه‌ندێکیش له لێکدانه‌وه‌ی خه‌ونت فێر کردووم ﴿فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئه‌ی دروستکه‌ری ئاسمانه‌کان وزه‌وی ﴿أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ تۆ پشتیوان و یارمه‌تی ده‌ری منی له‌دونیا و له‌ڕۆژی دوایی دا ﴿تَوَفَّنِى مُسْلِمًا﴾ به‌موسوڵمانێتی بممرێنه ﴿وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ﴾ و بمخه‌ره ڕیزی پیاو چاکانه‌وه (له‌دوا ڕۆژدا) ﴿١٠١﴾ ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ﴾ ئه‌وه‌ی (که باس کرا) له هه‌واڵه‌نه‌زانراو و په‌نهانه‌کانه ﴿نُوحِيهِ إِلَيْكَ﴾ که به وه‌حی بۆت ده‌نێرین (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ﴾ تۆ لای ئه‌وان (براکانی یوسف) نه‌بوویت ﴿إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ﴾ کاتێ که‌هه‌موو بڕیاری خۆیان دا (به‌نهێنی) ﴿وَهُمْ يَمْكُرُونَ﴾ و پیلانیان دارشت ﴿١٠٢﴾ ﴿وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ وه‌زۆربه‌ی خه‌ڵکی هه‌رچه‌ند تۆ سووربیت (له‌سه‌ر باوه‌ڕ هێنانیان) باوه‌ڕ ناهێنن ﴿١٠٣﴾

﴿وَمَا تَسْـَٔلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) تۆ داوای هیچ پاداشتێك له‌وانه ناكه‌یت له‌سه‌ر (گه‌یاندنی) ئه‌و (قورئانه) ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ ئه‌و قورئانه هه‌ر په‌ند و ئامۆژگاریه بۆ جیهانیان ﴿١٠٤﴾ ﴿وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ﴾ وه زۆر به‌لگه‌و نیشانه هه‌یه ﴿فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ له‌ئاسمانه‌كان و زه‌ویدا ﴿يَمُرُّونَ عَلَيْهَا﴾ به لایاندا ده‌ڕۆن ﴿وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ﴾ به‌ڵام ئه‌وان ڕووبان لێ وه‌رده‌گێڕن ﴿١٠٥﴾ ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ﴾ جا زۆربه‌یان باوه‌ڕناهێنن به‌خوا ﴿إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ مه‌گه‌ر ئه‌وان له‌وكاته‌دا هاوبه‌ش بڕیار ده‌رن بۆ خوا ﴿١٠٦﴾ ﴿أَفَأَمِنُوٓا۟ أَن تَأْتِيَهُمْ﴾ جا ئایا ئه‌وانه ناترسن یه‌خه‌یان بگرێت ﴿غَٰشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ ٱللَّهِ﴾ سزایه‌كی داپۆشه‌ری خوا ﴿أَوْ تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً﴾ یان له‌ناكاودا ڕۆژی دواییان به‌سه‌ردا بێت ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ له كاتێكدا ئه‌وان هه‌ستی پێ نه‌كه‌ن ﴿١٠٧﴾ ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ﴾ بڵێ ئه‌مه ڕێگای منه ﴿أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ﴾ بانگی (خه‌ڵكی) ده‌كه‌م بۆ لای خوا ﴿عَلَىٰ بَصِيرَةٍ﴾ له‌سه‌ر به‌ڵگه‌ی ڕوون وچاوڕۆشنی ﴿أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى﴾ من و ئه‌وانه‌ش شوێنم كه‌وتوون ﴿وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ﴾ وخواش پاك و بێگه‌رده ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وه من هیچ كات له‌هاوبه‌ش دانه‌ران نیم ﴿١٠٨﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ﴾ وه ئێمه پێش تۆ (پێغه‌مبه‌رمان) نه‌ناردووه ﴿إِلَّا رِجَالًا﴾ جگه له‌پیاوانێك ﴿نُّوحِىٓ إِلَيْهِم﴾ كه‌نیگامان بۆ ده‌كردن ﴿مِّنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰٓ﴾ له‌خه‌ڵكی شار و گونده‌كان ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ده‌ی ئایا ئه‌و (بێ بڕوایانه) نه‌گه‌ڕاون به‌سه‌ر زه‌ویدا ﴿فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ﴾ تا سه‌رنج بده‌ن چۆن بووه ﴿عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ سه‌رئه‌نجامی ئه‌وانه‌ی كه له‌پێش ئه‌مانه‌وه بوون ﴿وَلَدَارُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ﴾ وه بێگومان ژیانی ڕۆژی دوایی چاكتره ﴿لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟﴾ بۆ ئه‌وانه‌ی خۆیان پاراستووه وله‌خواترس بوون (له‌دونیادا) ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ده‌ی ئێوه ژیرنابن و تێ ناگه‌ن ﴿١٠٩﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ﴾ هه‌تا كاتێ پێغه‌مبه‌ره‌كانیان نائومێد بوون (له‌سه‌ركه‌وتن) ﴿وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟﴾ وه گه‌له‌كه‌یان وایان زانی كه (پێغه‌مبه‌ران) درۆیان له‌گه‌ڵدا كردون ﴿جَآءَهُمْ نَصْرُنَا﴾ (له‌و كاته‌دا) سه‌ركه‌وتن و یارمه‌تی ئێمه‌یان بۆ هات ﴿فَنُجِّىَ مَن نَّشَآءُ﴾ جا ئه‌وانه‌ی ده‌مانویست ڕزگاركران ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا﴾ سزاشمان ناگه‌ڕێنرێته‌وه ﴿عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ له گه‌ل و هۆزی تاوانبار ﴿١١٠﴾ ﴿لَقَدْ كَانَ فِى قَصَصِهِمْ﴾ سوێندبێت بێگومان له‌داستانی (پێغه‌مبه‌رانداعلیهم السلام) ﴿عِبْرَةٌ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ په‌ندو ئامۆژگاری هه‌یه بۆ خاوه‌ن بیر وهۆشان ﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ﴾ ئه‌م (قورئانه) چیرۆك و قسه‌یه‌ك نی یه هه‌ڵبه‌ستراببێت ﴿وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ به‌ڵكو به‌ڕاست دانه‌ر و پشتگیری ئه‌و (كتێبانه)یه كه له‌پێش خۆیه‌وه (هاتوون پێش ده‌ستكاری كردنیان له‌لایه‌ن جوله‌كه وگاوره‌كانه‌وه) ﴿وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَىْءٍ﴾ هه‌روه‌ها ڕوون كه‌ره‌وه‌ی هه‌موو شتێكه ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ وه ڕێنموونی و میهره‌بانیه ﴿لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ ئه‌وانه‌ی كه‌بڕوا دێنن ﴿١١١﴾

سوره‌تی ﴿ الرَّعۡدِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿الٓمٓرٰ﴾ به‌(ئه‌لیف، لام، را) ده‌خوێنرێته‌وه خوا زاناتره به ماناکه‌ی، بۆزانیاری زیاتر سه‌یری سه‌ره‌تای سوره‌تی (البقره) بکه ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِۗ﴾ ئه‌مانه ئایه‌ته‌کانی کتێبی(ئاسمانین) ﴿وَٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ﴾ وه ئه‌وه‌ی نێرراوه‌ته خواره‌وه بۆتۆ ﴿مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ﴾ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارته‌وه حه‌ق وڕاسته ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ به‌لاّم زۆربه‌ی خه‌ڵکی باوه‌ڕ ناهێنن ﴿١﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي﴾ ئه‌و خوایه‌ی ﴿رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ ئاسمانه‌کانی به‌رز کردۆته‌وه ﴿بِغَيۡرِ عَمَدٖ﴾ به‌بێ هیچ پایه‌و ستونێك ﴿تَرَوۡنَهَاۖ﴾ وه‌ك ده‌یبینن ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ﴾ پاشان به‌رزبوه‌وه بۆسه‌رعه‌رش و قه‌راری گرت (به‌و شێوه‌ی شایسته‌ی خوابێت که‌ئێمه چونێیه که‌ی نازانین) ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ﴾ وه‌خۆرومانگی ڕام هێناوه(بۆ خزمه‌تکردنی خه‌ڵکی) ﴿كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ﴾ هه‌ر یه‌که‌یان ده‌گه‌ڕێ تاکاتی دیاری کراو ﴿يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ﴾ هه‌موو کاروبارێك هه‌ڵده‌سوڕێنێ ﴿يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾ و ئایه‌ته‌کان ڕوون ده‌کاته‌وه (بۆتان) ﴿لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ﴾ هه‌تا له (زیندوو بوونه‌وه و) گه‌یشتن به‌خزمه‌ت په‌روه‌ردگارتان دڵنیابن ﴿٢﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي مَدَّ ٱلۡأَرۡضَ﴾ (خوا) ئه‌و زاته‌یه که زه‌وی ڕاخستووه (به‌پانی و درێژی) ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۡهَٰرٗاۖ﴾ و چه‌ندها چیا و ڕووباری تێدا داناوه (دروست کردووه) ﴿وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ وه‌له هه‌موو جۆره میوه‌یه‌ك ﴿جَعَلَ فِيهَا زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ﴾ جوتێك نێر و مێی تێدا دروست کردووه ﴿يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَۚ﴾ شه‌و ده‌دات به‌سه‌ر ڕۆژدا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ به‌ڕاستی له‌وانه‌دا ﴿لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾ به‌ڵگه و نیشانه هه‌یه بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که‌بیرده‌که‌نه‌وه ﴿٣﴾ ﴿وَفِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ وه له‌زه‌ویدا ﴿قِطَعٞ مُّتَجَٰوِرَٰتٞ﴾ چه‌ند پارچه‌ی له یه‌ك نزیدا هه‌ن ﴿وَجَنَّٰتٞ مِّنۡ أَعۡنَٰبٖ﴾ هه‌روه‌ها باخاتی ترێ و ڕه‌ز ﴿وَزَرۡعٞ﴾ و کشتوکاڵ ﴿وَنَخِيلٞ﴾ و(باخاتی) دارخورمای ﴿صِنۡوَانٞ وَغَيۡرُ صِنۡوَانٖ﴾ دوو قه‌د(ی یه‌ك بنج) و یه‌ك قه‌د ﴿يُسۡقَىٰ بِمَآءٖ وَٰحِدٖ﴾ هه‌مووی‌ان به‌یه‌ك ئاو ئاوده‌درێن ﴿وَنُفَضِّلُ بَعۡضَهَا عَلَىٰ بَعۡضٖ﴾ که‌چی فه‌زڵی هه‌ندێکیمان داوه به‌سه‌ر هه‌ندێکی تریاندا ﴿فِي ٱلۡأُكُلِۚ﴾ له‌خواردندا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ به‌ڕاستی له‌وانه‌دا ﴿لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾ چه‌ند نیشانه‌ی ڕوون هه‌یه بۆ ئه‌وانه‌ی تێ ده‌گه‌ن و بیرده‌که‌نه‌وه ﴿٤﴾ ﴿وَإِن تَعۡجَبۡ﴾ جا ئه‌گه‌ر تۆ سه‌رت سوڕ بمێنێ ﴿فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ﴾ ئه‌وه قسه‌ی ئه‌وانه جێی سه‌ر سوڕمانه که‌ده‌ڵێن ﴿أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا﴾ ئایا کاتێك (که‌مردین و) بوینه‌وه به‌خاك ﴿أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۚ﴾ ئایا ئێمه سه‌ر له نوێ دروست ئه‌کرێینه‌وه ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئه‌وانه که‌سانێکن ﴿كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ﴾ که بێ باوه‌ڕ بوون به په‌روه‌ردگاریان ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَاقِهِمۡۖ﴾ جا ئه‌وانه کۆت و زنجیر له گه‌ردنیاندایه ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ﴾ وه ئه‌وانه هاوه‌ڵانی ئاگرن ﴿هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ که به‌هه‌میشه‌یی ده‌مێننه‌وه تێیدا ﴿٥﴾

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ﴾ به‌په‌له داوای سزات لێ ده‌که‌ن ﴿قَبْلَ الْحَسَنَةِ﴾ پێش چاکه‌و به‌زه‌یی ﴿وَقَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِمُ الْمَثُلَاتُ﴾ که بێگومان له‌پێش ئه‌مانه‌وه زۆر هه‌بوون تۆڵه‌یان لێ سه‌نراوه ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ﴾ و به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت ﴿لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ﴾ خاوه‌نی لێ بوردنه بۆ خه‌ڵکی ﴿عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ﴾ گه‌رچی سته‌مکاریش بن ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ﴾ هه‌روه‌ها به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت ﴿لَشَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ تۆڵه‌سێنێکی توند وتیژه ﴿٦﴾ ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وه ئه‌وانه‌ی که بێ باوەڕ بوون ده‌یان ووت ﴿لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ﴾ ئه‌وه بۆ نه‌نێردراوه‌ته خواره‌وه بۆی ﴿آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ﴾ موعجیزه‌یه‌ك له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاریه‌وه ﴿إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ﴾ ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ تۆ هه‌ر ترسێنه‌ری ﴿وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ﴾ و بۆ هه‌موو گه‌لێك ڕێنیشانده‌رێك هه‌یه ﴿٧﴾ ﴿اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ﴾ خوا ده‌زانێ هه‌موو مێینه‌یه‌ك (له منالدانیدا) چی هه‌ڵگرتووه (کوڕ یان کچ) ﴿وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ﴾ وه هه‌روه‌ها ده‌زانێت منداڵدانه‌کان چی لێ که‌مده‌بێته‌وه ﴿وَمَا تَزْدَادُ﴾ و چی زیاد ده‌کات ﴿وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ﴾ وه هه‌موو شتێك لای ئه‌و (خوا) ئه‌ندازه‌ی (دیاری کراوی خۆی) هه‌یه ﴿٨﴾ ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ (خوا) زانایه به‌هه‌موو دیار و نادیارێك ﴿الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ﴾ گه‌وره و به‌رزه وبڵنده ﴿٩﴾ ﴿سَوَاءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ﴾ یه‌کسانه (بۆ خوا) ئه‌وه‌تان به‌نهێنی قسه بکات ﴿وَمَن جَهَرَ بِهِ﴾ وه ئه‌وه‌تان به‌ئاشکرا (قسه) بکات ﴿وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ﴾ و ئه‌وه‌ی که‌له‌شه‌ودا خۆی ده‌شارێته‌وه ﴿وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ﴾ ئه‌وه‌ی که‌له ڕۆژدا ده‌رده‌که‌وێت ﴿١٠﴾ ﴿لَّهُ مُعَقِّبَاتٌ﴾ بۆ ئه‌و (ئاده‌می) هه‌یه چه‌ند فریشته‌یه‌ك که به‌دوای یه‌کدا دێن ﴿مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ﴾ له‌پێش و له‌دوایه‌وه ﴿يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ﴾ به‌فه‌رمانی خوا ده‌ی پارێزن له‌زیان ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ به‌ڕاستی خوا ﴿لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ﴾ (بار و حاڵی) هیچ گه‌لێك ناگۆڕێت ﴿حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ هه‌تا ئه‌وان خۆیان (بار و حاڵی) خۆیان نه‌گۆڕن ﴿وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ﴾ وه کاتێك خوا بیه‌وێت ﴿بِقَوْمٍ سُوءًا﴾ گه‌ل وهۆزێك تووشی به‌ڵا وسزا بکات ﴿فَلَا مَرَدَّ لَهُ﴾ هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگری لێ بکات ﴿وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ﴾ و جگه له‌و (خوا) هیچ یارمه‌تی ده‌ر و پشتیوانێکیان نی یه ﴿١١﴾ ﴿هُوَ الَّذِي﴾ (خوا) ئه‌و زاته‌یه ﴿يُرِيكُمُ الْبَرْقَ﴾ بروسکه‌تان نیشان ده‌دات ﴿خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ که‌هۆی ترساندن و هیوا وئومێدتانه ﴿وَيُنشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ﴾ هه‌روه‌ها هه‌وری قورس (به‌ئاوی باران) به‌دی ده‌هێنێت ﴿١٢﴾ ﴿وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ﴾ وه هه‌وره‌گرمه سوپاس و ستایشی ئه‌و (خوا) ده‌کات ﴿وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ﴾ هه‌روه‌ها فریشته‌کانیش له هه‌یبه‌ت و ترسی ئه‌و (ستایشی ده‌که‌ن) ﴿وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ﴾ وه (په‌روه‌ردگار) هه‌وره بروسکه‌کان ده‌نێرێت ﴿فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَاءُ﴾ و ده‌یدات له هه‌رکه‌سێ که‌بیه‌وێت ﴿وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ﴾ له کاتێکدا ئه‌وانه ده‌مه ده‌مێ (وموجاده‌له) ده‌که‌ن ده‌رباره‌ی خوا ﴿وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ﴾ و ئه‌و (خوا) هێز و توانای زۆر به‌تینه ﴿١٣﴾

﴿لَهُۥ دَعۡوَةُ ٱلۡحَقِّۖ﴾ نـزاو پاانـه‌وه‌ی هه‌قیـش هه‌ر بـۆ (خوایـه) ﴿وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ ئه‌وانـه‌ش ده‌لالێنه‌وه و نـزا لای غه‌یری خـوا ده‌که‌ن ﴿لَا يَسۡتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيۡءٍ﴾ هیچ وه‌لامێکیـان نادەنه‌وه (نایـه‌ن به‌هاواریانه‌وه) ﴿إِلَّا كَبَٰسِطِ كَفَّيۡهِ إِلَى ٱلۡمَآءِ﴾ مه‌گه‌ر وه‌ك که‌سێك (که‌تینووی بێت له‌دوورەوه) هه‌ردوو مشتی خۆی بۆلای ئاونـك دریـژ کردبێ ﴿لِيَبۡلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ﴾ بۆ ئـه‌وەی (ئاو) بگاته ده‌می بـه‌لام نایگاتێ ﴿وَمَا دُعَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ﴾ نـزاو دوعـای بـێ بڕوایـان (له‌به‌کانیـان) هیچ نیه جگـه له‌گومڕایی و سـه‌رلێ شـێوان ﴿١٤﴾ ﴿وَلِلَّهِ يَسۡجُدُ﴾ سـوژده بـۆ خوا ده‌بـات ﴿مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ هه‌رچی له‌ئاسـمانه‌کان و زه‌ویدایه ﴿طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا﴾ بیانـه‌وێ و نه‌یانـه‌وێ ﴿وَظِلَٰلُهُم بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ﴾ هه‌روەهـا سـێبه‌ره‌کانیان له‌به‌یانیـان و ئێواراندا(سوژده ده‌به‌ن) ﴿١٥﴾ ﴿قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ کێ پەروەردگاری ئاسـمانه‌کان و زه‌وی یـه ﴿قُلِ ٱللَّهِۚ﴾ بڵێ خـوا ﴿قُلۡ﴾ جا بڵـێ ﴿أَفَٱتَّخَذۡتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ﴾ ده‌ی ئێوه بێجگه له‌و(خـوا) پشـتیوانانێکتان هه‌ڵبـژاردووه (بـۆ خۆتـان) ﴿لَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ نَفۡعٗا وَلَا ضَرّٗا﴾ که‌خاوەنـی هیـچ سـوود و زیانێـك نین بۆ خۆشـیان ﴿قُلۡ﴾ بڵێ ﴿هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ﴾ ئایا کوێر و چاو سـاغ یه‌کسـانن؟ ﴿أَمۡ هَلۡ تَسۡتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ﴾ یـان ئایـا تاریکیـه‌کان و ڕووناکـی وه‌ك یـه‌ك وان؟ ﴿أَمۡ جَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ﴾ نه‌خێـر ئه‌وانه چه‌ند هاوبه‌شێکیان بۆ خوا داناوه؟ ﴿خَلَقُواْ كَخَلۡقِهِۦ﴾ (گوایه) وه‌ك دروسـتکراوانی خوایان دروسـت کردبێت؟ ﴿فَتَشَٰبَهَ ٱلۡخَلۡقُ عَلَيۡهِمۡۚ﴾ ئه‌وسا دروسـت کراوه‌که‌یان لێ شێواوه!! ﴿قُلِ ٱللَّهُ﴾ بڵێ خوا ﴿خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ﴾ دروسـت کاری هه‌موو شتێکه ﴿وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ﴾ و هه‌ر ئه‌ویشه تاك و ته‌نیای زاڵه به‌سـه‌ر هه‌موو شتێکدا ﴿١٦﴾ ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ﴾ بارانی له‌ئاسمانه‌وه باراندووه ﴿فَسَالَتۡ أَوۡدِيَةُۢ بِقَدَرِهَا﴾ جا هه‌ر شـێو و دۆڵێك به ئه‌ندازه‌ی خۆی لافاوی هه‌ڵده‌سـێت ﴿فَٱحۡتَمَلَ ٱلسَّيۡلُ﴾ ئه‌وسا لافاوه‌که هه‌ڵی ده‌گرێـت ﴿زَبَدٗا رَّابِيٗاۚ﴾ که‌فێکـی به‌رزبـووه (بـه لافاوه‌کـه‌وه) ﴿وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيۡهِ فِي ٱلنَّارِ﴾ هه‌روەهـا لـه‌و (کانزایانـه‌ش پەیداده‌بـێ) که ئاگری بۆ تاوده‌ده‌ن (ده‌یتوێننه‌وه) ﴿ٱبۡتِغَآءَ حِلۡيَةٍ﴾ به‌مه‌به‌سـتی دروسـت کردنی خشـڵ (زێڕ وزیوو) ﴿أَوۡ مَتَاعٖ﴾ یان شـتوومه‌کی تر (وه‌ك قـاپ و قاچاغ) ﴿زَبَدٞ مِّثۡلُهُۥۚ﴾ که‌فێك وه‌کـو ئـه‌و (که‌فی لافـاوه پەیدا ده‌بـێ) ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئـا به‌و جۆره ﴿يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ وَٱلۡبَٰطِلَۚ﴾ خـوا نموونه‌ی حه‌ق و به‌تاڵ دەنێته‌وه ﴿فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذۡهَبُ جُفَآءٗۖ﴾ جا که‌فه‌که ده‌ڕوات و له ناو ده‌چـێ ﴿وَأَمَّا مَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ﴾ به‌ڵام ئه‌وەی که سوود ئه‌گه‌یه‌نێت به‌خه‌ڵکی ﴿فَيَمۡكُثُ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ له‌زه‌ویدا ده‌مێنێته‌وه ﴿كَذَٰلِكَ يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ﴾ ئاوبـه‌و جـۆره خـوا نموونـه‌کان ده‌هێنێتـه‌وه ﴿١٧﴾ ﴿لِلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ﴾ بـۆ ئه‌وانـه‌ی وه‌ڵامـی بانگه‌وازی پەروەردگاریان دایه‌وه ﴿ٱلۡحُسۡنَىٰۚ﴾ (پاداشـتی) هه‌ره چاك (به‌هه‌شـت) هه‌یه ﴿وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَهُۥ﴾ ئه‌وانه‌ش وه‌ڵامی بانگه‌وازی (پەروەردگار)یان نه‌دایه‌وه ﴿لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ ئه‌گه‌ر هه‌رچی وا لـه زه‌ویـدا هه‌مووی هـی ئه‌وان بـێ ﴿وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ﴾ ئه‌وەنده‌ی تریشـی له‌گـه‌ڵ بێت ﴿لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦۚ﴾ ده‌یـده‌ن لـه بریتـی و به‌ده‌لـی سـزای ڕۆژی دوایـی ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ﴾ ئه‌وانه بۆیـان هه‌یه ﴿سُوٓءُ ٱلۡحِسَابِ﴾ لێپرسـینه‌وەیه‌کی سـه‌خت وخراپ ﴿وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ﴾ و جێگایان دۆزەخه ﴿وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ﴾ ئای که‌چه‌ند شوێنێکی به‌د و خراپه ﴿١٨﴾

﴿أَفَمَن يَعْلَمُ﴾ جا ئایا کەسێك کە بزانێت (ژیری بخاتە کار) ﴿أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ بەڕاستی ئەوەی نێردراوەتە خوار بۆ تۆ ﴿مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ﴾ لەلایەن پەروەردگارتەوە حەق وڕاستە ﴿كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ﴾ وەك ئەو کەسەیە کە کوێربێت (ژیری خۆی نەخاتە کار و بێ باوەر بێت) ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بێگومان هەر ئەوانە بیر دەکەنەوە کە خاوەنی ژیرین ﴿١٩﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کە پەیمانی خوا دەبەنە سەر ﴿وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ﴾ وە بەڵێن ناشکێنن و هەڵی ناوەشێننەوە ﴿٢٠﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يَصِلُونَ﴾ وە ئەوانەی کە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دەهێن ﴿مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ﴾ بەوەی خوا فەرمانی داوە کەپەیوەست بکرێت لەگەڵیاندا (وەك بەسەرکردنەوەی خزمان) ﴿وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ﴾ وە لە پەروەردگاریان دەترسن ﴿وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلْحِسَابِ﴾ وە لەخراپە و سەختی لێپرسینەوە دەترسن ﴿٢١﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟﴾ وە ئەوانەن کە دانیان بەخۆیاندا گرت ﴿ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ﴾ بەمەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاریان ﴿وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژیان بەجێ هێناوە ﴿وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ﴾ وە لەو ڕۆزیەی پێمان داوون بەخشیوویانە ﴿سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ بەنهێنی و بەئاشکرا ﴿وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ﴾ وە بەچاکە بەرگری لەخراپە دەکەن (بەچاکە خراپەکانیان دەسڕنەوە و لای دەبەن) ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عُقْبَى ٱلدَّارِ﴾ سەر ئەنجامی چاکی ئەو دونیا هەر بۆ ئەوانە ﴿٢٢﴾ ﴿جَنَّٰتُ عَدْنٍ﴾ بەهەشتانێك جێگای مانەوەی هەمیشەیی یە ﴿يَدْخُلُونَهَا﴾ کە ئەوان دەچنە ناویەوە ﴿وَمَن صَلَحَ﴾ هەروەها ئەوانەش کە چاك بوون ﴿مِنْ ءَابَآئِهِمْ﴾ لەباو و باپیرانیان ﴿وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ﴾ وهاوسەرانیان و وەچە و نەوەکانیان ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ فریشتەکانیش ﴿يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ﴾ دەچنە ژوورەوە بۆ لایان لە هەموو دەرگایەکەوە ﴿٢٣﴾ ﴿سَلَٰمٌ عَلَيْكُم﴾ (پێیان دەڵێن) سەلامتان لێ بێ ﴿بِمَا صَبَرْتُمْ﴾ چونکە ئارامتان گرت (لە دونیادا) ﴿فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ﴾ جا چەند سەر ئەنجامێکی چاکتان بوو ﴿٢٤﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ﴾ بەڵام ئەوانەی کە پەیمانی خوا هەڵ دەوەشێننەوە ﴿مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ﴾ لەپاش بەستن و گرێ دانی ﴿وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ﴾ ئەو پەیوەندی خزمایەتیەی کە خوا فەرمانی پێ داوە بەجێی ناهێنن و ئەیبڕێنن ﴿وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ و خراپەکاری دەکەن لەزەویدا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعْنَةُ﴾ هەر بۆ ئەوانە نەفرین و دووریی لەبەزەیی خوا ﴿وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾ هەوەها بۆ ئەوانە سەرئەنجامی خراپ ﴿٢٥﴾ ﴿ٱللَّهُ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ﴾ خوا ڕزق و ڕۆزی فراوان دەکات ﴿لِمَن يَشَآءُ﴾ بۆ هەرکەسێك خۆی بیەوێت ﴿وَيَقْدِرُ﴾ وەکەمی دەکات (بۆ هەرکەسێك بیەوێت) ﴿وَفَرِحُوا۟ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ وە ئەوانە دڵخۆش بوون بەژیانی دونیا ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ لەکاتێکدا ژیانی دونیا هیچ نیە ﴿فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ لەچاو ڕۆژی دواییدا ﴿إِلَّا مَتَٰعٌ﴾ جگە لە ڕابواردنێکی چەند ساتێکی کەم نەبێت ﴿٢٦﴾ ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوانە کەبێ بڕوا بوون دەڵێن ﴿لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ﴾ بۆچی نەنێردرا بۆی ﴿ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ موعجیزەیەك لەلایەن پەروەردگاریەوە ﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەڕاستی خوا ﴿يُضِلُّ مَن يَشَآءُ﴾ هەر کەسی بوێت گومڕای دەکات (کەشیاوی گومڕاکردنە) ﴿وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ﴾ وە ڕێنموونی هەر کەسێك دەکات کە بۆلای خۆی گەڕابێتەوە ﴿٢٧﴾ ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە ﴿وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم﴾ ودڵیان ئارام دەبێت ﴿بِذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ بەیادی خوا ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ ئاگادارین کەهەر بە یادی خوا ﴿تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ﴾ دڵەکان ئارام دەگرن ﴿٢٨﴾

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئه‌وانه‌ی بڕوایان هێناوه ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کرده‌وه چاکه‌کانیان کردووه ﴿طُوبَىٰ لَهُمْ﴾ خۆش به‌ختی بۆ ئه‌وانه ﴿وَحُسْنُ مَـَٔابٍ﴾ له‌گه‌ڵ سه‌ره‌نجامی چاك ﴿٢٩﴾ ﴿كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَٰكَ﴾ هه‌ر به شێوه‌ی (پێغه‌مبه‌رانی تر) تۆمان ڕه‌وانه کردوه ﴿فِىٓ أُمَّةٍ﴾ له‌ناو گه‌ل و ئوممه‌تێکدا ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَآ أُمَمٌ﴾ که له‌پێش ئه‌وانه‌وه گه‌ل و ئوممه‌تی تر هاتوون و چوون ﴿لِّتَتْلُوَا۟ عَلَيْهِمُ ٱلَّذِىٓ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی بیخوێنیته‌وه به‌سه‌ریاندا ئه‌وه‌ی ﴿أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾ نیگامان کردووه بۆت ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ﴾ له‌کاتێکدا ئه‌وانه بڕواناهێنن به‌خوای میهره‌بان ﴿قُلْ هُوَ رَبِّى﴾ بڵێ ئه‌و په‌روه‌ردگاری منه ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ په‌رستراوێکی به‌هه‌ق نی یه بێجگه له ئه‌و ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ پشتم هه‌ر به‌و به‌ستووه ﴿وَإِلَيْهِ مَتَابِ﴾ گه‌ڕانه‌وه‌شم هه‌ر بۆلای ئه‌وه ﴿٣٠﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرْءَانًا﴾ به‌ڕاستی ئه‌گه‌ر قورئانێك (به‌خوێندنه‌وه‌ی) ﴿سُيِّرَتْ بِهِ ٱلْجِبَالُ﴾ چیاکانی پێ ببرایه (بۆ شوێنێکی تر) ﴿أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ ٱلْأَرْضُ﴾ یان زه‌وی پێ له‌ت له‌ت بکرایه ﴿أَوْ كُلِّمَ بِهِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ یان له‌گه‌ڵ مردووواندا قسه‌ی بکردایه (ئه‌مجا باوه‌ڕ ناهێنن) ﴿بَل لِّلَّهِ ٱلْأَمْرُ جَمِيعًا﴾ به‌ڵام هه‌موو کاروباره‌کان به‌ده‌ست خوان ﴿أَفَلَمْ يَاْيْـَٔسِ﴾ ده‌ی ئایا بێ هیوا نه‌بوون (ونه‌یان زانیوه) ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئه‌وانه‌ی که‌بڕوایان هێناوه ﴿أَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ﴾ که‌ئه‌گه‌ر خوا بیویستایه ﴿لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾ هه‌موو خه‌ڵکی ده‌خسته سه‌ر ڕێگه‌ی ڕاست ﴿وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وه ئه‌وانه‌ی که‌بێ باوه‌ڕ بوون هه‌میشه ﴿تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُوا۟ قَارِعَةٌ﴾ به‌ڵای سه‌ختیان تووش ده‌بێت به‌هۆی ئه‌وه‌ی کردوویانه ﴿أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ﴾ یان ئه‌و (به‌ڵایه) له نزیك ماڵه‌کانیانه‌وه ڕووده‌دات ﴿حَتَّىٰ يَأْتِىَ وَعْدُ ٱللَّهِ﴾ هه‌تا به‌ڵێنی خوا دێته دی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ﴾ به‌ڕاستی خوا به‌ڵێنی خۆی به‌دی ده‌هێنێت ﴿٣١﴾ ﴿وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ﴾ سوێند به‌خوا بێگومان گاڵته وسووکایه‌تی کرا ﴿بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ به پێغه‌مبه‌رانی زۆر له‌پێش تۆوه ﴿فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ منیش (ماوه‌یه‌ك) مۆڵه‌تم دا به‌وانه‌ی بێ باوه‌ڕ بوون ﴿ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ﴾ پاشان ئه‌وانم گرت (تۆڵه‌م لێ سه‌ندن) ﴿فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵه‌ی من (ده‌رباره‌یان) ﴿٣٢﴾ ﴿أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌۢ﴾ ده‌ی ئه‌و (خوایه)ی چاودێره ﴿عَلَىٰ كُلِّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ﴾ به‌سه‌ر هه‌موو که‌سه‌وه هه‌رچی کردووه (وەك بتانێکه ئاگای له هیچ نی یه) ﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ﴾ ئه‌وانه هاوبه‌شانێکیان بۆ خوا بڕیار داوه ﴿قُلْ سَمُّوهُمْ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ ناوی ئه‌و (بت و هاوبه‌شانه‌م) بۆ بڵێن ﴿أَمْ تُنَبِّـُٔونَهُۥ﴾ یان ئێوه هه‌واڵ ده‌ده‌ن به‌خوا ﴿بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ به‌وه‌ی که(به‌خه‌یاڵی ئێوه) نایزانێت له‌زه‌ویدا ﴿أَم بِظَٰهِرٍ مِّنَ ٱلْقَوْلِ﴾ یان قسه‌ی ڕوت و (بێ مانا) ده‌که‌ن ﴿بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مَكْرُهُمْ﴾ (نه‌خێر خوا هاوبه‌شی نی یه) به‌ڵکو ئه‌وانه‌ی بێ باوه‌ڕ بوون فێڵ و پیلانی خۆیان بۆ ڕازێنراوه‌ته‌وه ﴿وَصُدُّوا۟ عَنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ وه ڕه‌وه‌غه کران له‌ڕێگه‌ی ڕاست ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ﴾ هه‌ر که‌سێش خوا گومڕای بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾ ئه‌وه هیچ ڕێ نیشانده‌رێکی بۆ نی یه ﴿٣٣﴾ ﴿لَّهُمْ عَذَابٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ئه‌وانه له ژیانی دونیادا سزایان بۆ هه‌یه ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَقُّ﴾ وه به‌ڕاستی سزای ڕۆژی دوایی سه‌خت ترو گران تره ﴿وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ وه بێگومان هیچ پارێزه‌رێك نی یه بۆ ئه‌وان له (سزای) خوا ﴿٣٤﴾

﴿مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ﴾ وێنه‌ی ئه‌و به‌هه‌شته‌ی که‌به‌ڵێن دراوه به پارێزکاران و له‌خواترسان ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕووباره‌کان ده‌ڕۆن به‌ژێر باخه‌کانیدا ﴿أُكُلُهَا دَآئِمٌ وَظِلُّهَا﴾ میوه وسێبه‌ره‌کانی (به‌هه‌شت) هه‌میشه‌یین ﴿تِلْكَ عُقْبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ﴾ ئه‌و(به‌هه‌شته) ئاکامی ئه‌وانه‌یه که خۆیان پاراست (له دونیادا) وله‌خواترسان ﴿وَّعُقْبَى ٱلْكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ﴾ و ئاکامی بێ باوه‌ڕانیش هه‌ر ئاگره ﴿٣٥﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾ ئه‌وانه‌ش کتێبمان پێ دابوون ﴿يَفْرَحُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ شاد ده‌بن به‌وه‌ی نێرراوه‌ته خواره‌وه بۆت ﴿وَمِنَ ٱلْأَحْزَابِ مَن﴾ و هه‌ندێ له گرۆ و تاقمه‌کان هه‌ن ﴿يُنكِرُ بَعْضَهُۥ﴾ هه‌ندێك له‌وه ئینکار ده‌که‌ن ﴿قُلْ إِنَّمَآ أُمِرْتُ﴾ بڵێ من ته‌نها فه‌رمانم به‌وه پێدراوه ﴿أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ﴾ که خوا بپه‌رستم ﴿وَلَآ أُشْرِكَ بِهِۦٓ﴾ و هیچ هاوبه‌شێکی بۆ دانه‌نێم ﴿إِلَيْهِ أَدْعُواْ وَإِلَيْهِ مَـَٔابِ﴾ هه‌ر بۆلای خوا (خه‌ڵکی) بانگ ئه‌که‌م گه‌ڕانه‌وه‌شم ته‌نها بۆلای ئه‌و(خوایه) ﴿٣٦﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ﴾ به‌و شێوه ئه‌و(قورئانه)مان ناردۆته‌خواره‌وه(بۆ تۆ) ﴿حُكْمًا عَرَبِيًّا﴾ که فه‌رمانێکی عه‌ره‌بییه ﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئه‌گه‌ر تۆ شوێنی ئاره‌زوه‌کانی ئه‌وانه بکه‌وی ﴿بَعْدَ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾ له‌دوای ئه‌و وه‌حی و شاره‌زاییه‌ی که هاتووه بۆت ﴿مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا وَاقٍ﴾ هیچ پارێزه‌رێکت نابێت له(سزای) خوا ﴿٣٧﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێند به‌خوا بێگومان پێش تۆ پێغه‌مبه‌رانێکمان ناردووه ﴿وَجَعَلْنَا لَهُمْ﴾ و پێمان دان ﴿أَزْوَٰجًا وَذُرِّيَّةً﴾ هاوسه‌ر و نه‌وه و وه‌چه ﴿وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ﴾ وه بۆ هیچ پێغه‌مبه‌رێك نه‌بووه ﴿أَن يَأْتِىَ بِـَٔايَةٍ﴾ (پێش تۆ) نیشانه‌یه‌ك (موعجیزه‌یه‌ك) بێنێ ﴿إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ مه‌گه‌ر به‌ئیزنی خوا نه‌بێت ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ﴾ بۆ هه‌موو کارێك وه‌ختێکی تایبه‌تی هه‌یه که‌نووسراوه ﴿٣٨﴾ ﴿يَمْحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثْبِتُ﴾ ئه‌وه‌ی خوا بیه‌وێ ده‌یسڕێته‌وه‌و (ئه‌وه‌ش بیه‌وێ) ده‌یهێڵێته‌وه ﴿وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ﴾ سه‌رچاوه‌ی کتێبه‌کان لای ئه‌و (خوایه که لوح المحفوظ)ه ﴿٣٩﴾ ﴿وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ﴾ جا ئه‌گه‌ر نیشانت ده‌ین ﴿بَعْضَ ٱلَّذِى﴾ هه‌ندێك له‌و ﴿نَعِدُهُمْ﴾ هه‌ڕه‌شانه‌ی لێمان کردون ﴿أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾ یان (پێش ئه‌وه) بتمرێنین ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ﴾ بێگومان تۆ هه‌ر ڕاگه‌یاندنت له‌سه‌ره ﴿وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ﴾ و لێپرسینه‌وه‌ش له‌سه‌ر ئێمه‌یه ﴿٤٠﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ﴾ ئایا (بیباوه‌ڕان) سه‌رنجیان نه‌داوه ﴿أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا﴾ که ئێمه زه‌وی که‌م ده‌که‌ینه‌وه له هه‌موو لایه‌کانی یه‌وه ﴿وَٱللَّهُ يَحْكُمُ﴾ و خوا (به‌ویستی خۆی) بڕیار ده‌دات ﴿لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِۦ﴾ که‌س ناتوانێ بڕیاری ئه‌و (خوا) بگۆڕێ (یا هه‌ڵوه‌شێنێته‌وه) ﴿وَهُوَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ و ئه‌و (خوا) لێپرسینه‌وه‌ی خێرایه ﴿٤١﴾ ﴿وَقَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ وه بێگومان ئه‌وانه‌ی پێش ئه‌مانیش فێڵ و پیلانیان گێڕا ﴿فَلِلَّهِ ٱلْمَكْرُ جَمِيعًا﴾ به‌ڵام هه‌موو پیلان و (نه‌خشه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوو) بۆ خوایه (له‌به‌رامبه‌ر نه‌خشه وپیلانی ئه‌واندا) ﴿يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ﴾ (خوا) ده‌زانێت هه‌موو که‌س چی ده‌کات ﴿وَسَيَعْلَمُ ٱلْكُفَّٰرُ﴾ و له‌مه‌و دواش بێ باوه‌ڕان ده‌زانن ﴿لِمَنْ عُقْبَى ٱلدَّارِ﴾ سه‌رئه‌نجامی (هه‌ر دوو جیهان) بۆ کێ ده‌بێت ﴿٤٢﴾

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وه ئه‌وانه‌ی بێ باوه‌ڕ بوون پێت ده‌ڵێن ﴿لَسْتَ مُرْسَلًا﴾ تۆ ڕه‌وانه‌کراو (وپێغه‌مبه‌ری خوا) نیت ﴿قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ﴾ تۆش (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ پێیان) بڵێ خوا به‌سه ﴿شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ شایه‌ت بێت له‌نێوان من و ئێوه‌دا ﴿وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ﴾ هه‌روه‌ها ئه‌و که‌سه‌ش که‌شاره‌زایی کتێبی (ئاسمانی) لایه ﴿٤٣﴾

سوره‌تی ﴿إِبْرَٰهِيمَ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿الٓرۚ﴾ به‌(ئه‌لیف لام ڕا) ده‌خوێنرێته‌وه خوا زاناتره به ماناکه‌ی، بۆزانیاری زیاتر سه‌یری سه‌ره‌تای سوره‌تی (البقره) بکه ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ﴾ ئه‌مه په‌ڕاوێکه ناردومانه‌ته خواره‌وه بۆ تۆ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ﴿لِتُخْرِجَ ٱلنَّاسَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵکی ڕزگار بکه‌یت ﴿مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾ له‌تاریکی یه‌کانه‌وه بۆ ڕووناکی (له‌تاریکی بێ باوه‌ڕیه‌وه بۆ ڕووناکی باوه‌ڕ وئیمان) ﴿بِإِذْنِ رَبِّهِمْ﴾ به‌ئیزنی په‌روه‌ردگاریان ﴿إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ﴾ (ڕێنموونیان بکه‌یت) بۆ ڕێگای (خوای) به‌ده‌سه‌لات وزاڵی سوپاس کراو ﴿١﴾ ﴿ٱللَّهِ ٱلَّذِى﴾ ئه‌و خوایه‌ی ﴿لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ که هه‌رچی له‌ئاسمانه‌کان وزه‌ویدایه هی ئه‌وه ﴿وَوَيْلٌ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ و هاوار و وای بۆ بێ باوه‌ڕان ﴿مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ له سزایه‌کی سه‌خت ﴿٢﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئه‌وانه‌ی که ژیانی دونیایان لا خۆشتره له ژیانی ڕۆژی دوایی ﴿وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وقه‌ده‌غه‌ی(خه‌ڵکی) ده‌که‌ن له‌ڕێگای خوا ﴿وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ ده‌یانه‌وێت ئه‌و (ڕێگای خوا) لارو چه‌وت نیشان ده‌ن ﴿أُولَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ﴾ ئه‌وانه له‌گومڕاییه‌کی دوور(له ڕاستی)دان ﴿٣﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ﴾ وه هیچ پێغه‌مبه‌رێکمان ڕه‌وانه نه‌کردووه ﴿إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ﴾ به‌زمانی گه‌له‌که‌ی خۆی نه‌بێت ﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی (ئایینه‌که‌یان) بۆ ڕوون بکاته‌وه ﴿فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ﴾ ئه‌وسا خوا هه‌رکه‌سی ویستبێت گومڕای کردووه (به‌هۆی سه‌رکه‌شی خۆیه‌وه) ﴿وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾ هه‌رکه‌سێکیشی ویستبێ ڕێنموونی کردووه ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ هه‌ر ئه‌ویش زاڵ وبه‌ده‌سه‌لاتی کاردروسته ﴿٤﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی مووسامان نارد ﴿بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ به‌موعجیزه‌کانمانه‌وه ﴿أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ﴾ (فه‌رمانمان پێدا) که گه‌له‌که‌ت ڕزگار بکه ﴿مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾ له‌تاریکیه‌کانی (بێ باوه‌ڕیه‌وه) بۆ ڕووناکی (باوه‌ڕ و ئیمان) ﴿وَذَكِّرْهُم بِأَيَّٰمِ ٱللَّهِ﴾ ڕۆژه (پیرۆزه) کانی خودایان به‌بیر بهێنه‌ره‌وه (یا فه‌زڵه‌کانی خوایان بیر بخه‌ره‌وه) ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ﴾ به‌ڕاستی له‌و (بیرخستنه‌وه)دا په‌ند و به‌ڵگه‌ی زۆر هه‌یه ﴿لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ بۆ هه‌موو خۆڕاگرێکی سوپاس گوزار ﴿٥﴾

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ﴾ (بیریان بخه‌ره‌وه) کاتێك مووسا به‌گه‌له‌که‌ی ووت ﴿ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ بیری ئه‌و فه‌زڵ و به‌هره وچاکه‌ی خودا بکه‌نه‌وه که به‌سه‌رتانه‌وه‌یه ﴿إِذْ أَنجَىٰكُم﴾ (ئه‌ویش ئه‌وه بوو) کاتێك که‌رزگاری کردن ﴿مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ﴾ له دارو ده‌سته‌که‌ی فیرعه‌ون ﴿يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ﴾ که‌سزای خراپیان پێ ده‌چه‌شتن (به‌هه‌میشه‌یی) ﴿وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ﴾ وکوڕانی ئێوه‌یان سه‌رده‌بڕی ﴿وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ﴾ و ئافره‌تانی ئێوه‌یان به‌زیندوویی ده‌هێشته‌وه (بۆ خزمه‌ت کاری) ﴿وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ﴾ له‌وه‌تانـدا تاقی کردنه‌وه‌یه‌کی گه‌وره بوو له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارتانه‌وه ﴿٦﴾ ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ﴾ (بیریان بخه‌ره‌وه) کاتێك که په‌روه‌ردگارتان ڕای گه‌یانـد ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾ سوێندیێ بێگومان ئه‌گه‌ر ئێوه سوپاسی (چاکه‌ی) من بکه‌ن بۆتان زیـاد ده‌که‌م ﴿وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِى لَشَدِيدٌ﴾ به‌ڵام بێگومان ئه‌گه‌ر نا سوپاسی بکه‌ن ئه‌وه به‌ڕاستی سزای من زۆربه‌تینه ﴿٧﴾ ﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ﴾ مووسا فه‌رمووی ﴿إِن تَكْفُرُوٓا۟ أَنتُمْ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه ناسوپاسی (نیعمه‌ته‌کانی خـوا) بکه‌ن ﴿وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ و هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ش له‌زه‌ویدان ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ حَمِيدٌ﴾ ئه‌وه به‌ڕاستی خوا بێ نیازی سوپاس کراوه ﴿٨﴾ ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ﴾ ئایا بۆتان نه‌هاتووه ﴿نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ هه‌والی ئـه‌و گه‌لانه‌ی که له‌پێش ئێوه‌دا بوون ﴿قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ﴾ وه‌ك گه‌لـی نـووح و عـاد و سه‌موود ﴿وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ هه‌روه‌هـا ئه‌وانه‌ی کـه له‌پاش ئـه‌وان بوون وهاتـن ﴿لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ بێجگـه له‌خـوا هیـچ کـه‌س ئایانزانێت ﴿جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ پێغه‌مبه‌ره‌کانیـان بۆهـات بـه موعجیـزه وبه‌ڵگـه‌ی ئاشکراوه ﴿فَرَدُّوٓا۟ أَيْدِيَهُمْ فِىٓ أَفْوَٰهِهِمْ﴾ ئه‌مجـا ئـه‌وان ده‌سـت و په‌نجـه‌ی خۆیـان گه‌سـت لـه ڕق و قیـن دا ﴿وَقَالُوٓا۟ إِنَّا كَفَرْنَا﴾ و ووتیـان به‌ڕاستی ئێمـه بـێ باوه‌ڕیـن ﴿بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ﴾ به‌و(په‌یامه)ی که به‌ئێـوه‌دا نێردراوه ﴿وَإِنَّا لَفِى شَكٍّ﴾ وه به‌ڕاستی ئێمـه له‌گوماندایـن ﴿مِّمَّا تَدْعُونَنَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾ لـه‌وه‌ی ئێـوه بانگمـان ده‌کـه‌ن بۆلای و دوو دڵیـن ﴿٩﴾ ﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ﴾ پێغه‌مبه‌ره‌کانیـان ووتیـان (پێیـان) ﴿أَفِى ٱللَّهِ شَكٌّ﴾ ئایـا لـه (بوونـی) خـوادا گومـان هه‌یـه ﴿فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ کـه به‌دیهێنـه‌ری ئاسـمانه‌کان و زه‌ویـیه ﴿يَدْعُوكُمْ﴾ بانگتـان ده‌کات ﴿لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾ بـۆ ئـه‌وه‌ی له‌گوناهه‌کانتان خـۆش بێـت ﴿وَيُؤَخِّرَكُمْ﴾ و دوا‌تان بخات ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ بۆ کاتێکی دیاری کراو ﴿قَالُوٓا۟ إِنْ أَنتُمْ﴾ ووتیان ئێوه‌ش ﴿إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾ هه‌ر ئاده‌میه‌کی وه‌ك ئێمه‌ن ﴿تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا﴾ ده‌تانه‌وێت به‌رگری ئێمه بکه‌ن و لامان ده‌ن ﴿عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا﴾ له(به‌رستنی) ئـه‌وه‌ی کـه بـاوو باپیرانمـان ده‌یـان به‌رسـت ﴿فَأْتُونَا بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾ ده‌ی نیشـانه وبه‌ڵگه‌یه‌کی ڕوونمان بۆ بێنن (ئه‌گه‌ر ڕاست ده‌که‌ن پێغه‌مبه‌رن) ﴿١٠﴾

﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ﴾ پێغه‌مبه‌ره‌کانیان پێیان ووتن ﴿إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ ئێمه هه‌ر ئاده‌میه‌کین وه‌کو ئێوه ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ﴾ به‌ڵام خوا ﴿يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾ منه‌ت ده‌نێت به‌سه‌ر هه‌رکام له‌به‌نده‌کانیدا که‌بیه‌وێت (ده‌یکاته پێغه‌مبه‌ر) ﴿وَمَا كَانَ لَنَا﴾ وه ئێمه هه‌رگیز ناتوانین ﴿أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَانٍ﴾ موعجیزه و به‌ڵگه‌یه‌کتان بۆ بێنین ﴿إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ مه‌گه‌ر به‌ئیزنی خوا نه‌بێت ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ وه بابڕواداران پشت هه‌ر به‌خوا ببه‌ستن ﴿١١﴾ ﴿وَمَا لَنَا أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ﴾ وه ئایا بۆچی پشت به‌خوا نه‌به‌ستین ﴿وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا﴾ که بێگومان ئه‌و (زاته) ڕێگای ڕاستی نیشان داوین؟ ﴿وَلَنَصْبِرَنَّ﴾ وه به‌ڕاستی دان به‌خۆماندا ده‌گرین ﴿عَلَىٰ مَا آذَيْتُمُونَا﴾ له‌سه‌ر هه‌ر ئازارێك که بمان ده‌ن ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ ده‌با خۆسپێران پشت هه‌ر به‌خوا ببه‌ستن ﴿١٢﴾ ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێ بڕواکان ووتیان ﴿لِرُسُلِهِمْ﴾ به‌پێغه‌مبه‌ره‌کانیان ﴿لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَا﴾ به‌ڕاستی له‌خاك و ووڵاته‌که‌مان ده‌رتان ده‌که‌ین ﴿أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا﴾ یان به‌ڕاستی ده‌بێ بگه‌ڕێنه‌وه ناو ئاینه‌که‌ی ئێمه ﴿فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ﴾ جا په‌روه‌ردگاریان نیگای بۆ (پێغه‌مبه‌ران) کرد ﴿لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ﴾ که بێگومان ستەمکاران له‌ناو ده‌به‌ین ﴿١٣﴾ ﴿وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ﴾ و بێگومان ئێوه نیشته‌جێ ده‌که‌ین ﴿الْأَرْضَ مِن بَعْدِهِمْ﴾ له‌و خاکه‌دا پاش (تیاچوونی) ئه‌وان ﴿ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي﴾ ئه‌وه‌ش بۆ که‌سانێکه له‌وه‌ستانی به‌رده‌م من ده‌ترسن (له‌قیامه‌تدا) ﴿وَخَافَ وَعِيدِ﴾ وه (پێشتر) ترسابێت له‌هه‌ڕه‌شه (ی من) ﴿١٤﴾ ﴿وَاسْتَفْتَحُوا﴾ وه (پێغه‌مه‌ران) داوای سه‌رکه‌وتن و زاڵ بوونیان کرد (له‌خوا) ﴿وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾ و هه‌موو ملهوڕو یاخییه‌ك بێ هیوا بوون ﴿١٥﴾ ﴿مِّن وَرَائِهِ جَهَنَّمُ﴾ له‌دوای (تیاچوونی جێگای) ئه‌و دوژمنه ﴿وَيُسْقَىٰ مِن مَّاءٍ صَدِيدٍ﴾ و له کێم و زووخاو ئاو ده‌درێت (ده‌کرێت به‌گه‌رووياندا) ﴿١٦﴾ ﴿يَتَجَرَّعُهُ﴾ که قوم قوم (زۆر به قیزه‌وه) ده‌یخواته‌وه ﴿وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُ﴾ به‌ڵام ناتوانێ قوتی بدات ﴿وَيَأْتِيهِ الْمَوْتُ﴾ و مردنی بۆ دێت ﴿مِن كُلِّ مَكَانٍ﴾ له‌هه‌موو لایه‌که‌وه ﴿وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ﴾ و که‌چی ناشمرێت ﴿وَمِن وَرَائِهِ﴾ و له‌دوای ئه‌وه‌ش ﴿عَذَابٌ غَلِيظٌ﴾ سزای سه‌خت (ده‌درێت) ﴿١٧﴾ ﴿مَّثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ﴾ ئه‌وانه‌ی بێ بڕوابوون به‌په‌روه‌ردگاریان نموونه‌ی ﴿أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ﴾ کرده‌وه‌کانیان وه‌ك خۆڵه‌میشێك وایه ﴿اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ﴾ به‌توندی با لێی هه‌ڵکردبێت ﴿فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ﴾ له ڕۆژێکی ڕه‌شه‌بای سه‌ختدا ﴿لَّا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُوا عَلَىٰ شَيْءٍ﴾ ئه‌وان هیچیان ده‌ست ناکه‌وێت له‌وه‌ی که‌له دونیادا کردویانه ﴿ذَٰلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ﴾ ئا ئه‌وه‌یه گومڕابوونی دوور له ڕاستی ﴿١٨﴾

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ﴾ ئایا نه‌تان زانیوه (نه‌تانبینیوه) که بێگومان خوا ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾ ئاسمانه‌کان و زه‌وی به‌هه‌ق و ڕاستی دروست کردوه ﴿إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ﴾ ئه‌گه‌ر بیه‌وێت ئێوه لا ده‌بات و ناتان هێنێت ﴿وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ وه (له جێ ی ئێوه) دروست کراوێکی تر ده‌هێنێت ﴿١٩﴾ ﴿وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾ ئه‌وه‌ش بۆ خوا گران و زه‌حمه‌ت نی یه ﴿٢٠﴾ ﴿وَبَرَزُوا لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ وهه‌موویان (له گۆڕه‌کانیان دێنه ده‌ره‌وه) بۆ خوا ده‌رده‌که‌ون و ئاشکرا ئه‌بن ﴿فَقَالَ الضُّعَفَاءُ﴾ ئه‌مجا (له‌ڕۆژی دواییدا) بێ ده‌سه‌لاته‌کان ده‌ڵێن ﴿لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ به زۆر دارو خۆ به‌زل زانه‌کان ﴿إِنَّا كُنَّا﴾ به‌ڕاستی ئێمه له دونیادا ﴿لَكُمْ تَبَعًا﴾ شوێن که‌ووی ئێوه بووین ﴿فَهَلْ أَنْتُمْ﴾ ئاخۆ ئێوه ﴿مُغْنُونَ عَنَّا﴾ به‌رگری ده‌که‌ن له ئێمه ﴿مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ﴾ هه‌ندێك له سزای خوا ﴿قَالُوا﴾ (نه‌وانیش) ده‌ڵێن ﴿لَوْ هَدَانَا اللَّهُ لَهَدَيْنَاكُمْ﴾ ئه‌گه‌ر خوا ئێمه‌ی ڕێنموونی بکردایه ئێمه‌ش ئێوه‌مان ڕێنموونی ده‌کرد ﴿سَوَاءٌ عَلَيْنَا﴾ به‌کسانه بۆمان ﴿أَجَزِعْنَا أَمْ صَبَرْنَا﴾ هاوار و ناله بکه‌ین یان ئارام بگرین ﴿مَا لَنَا مِنْ مَحِيصٍ﴾ ڕزگار بوونمان نی یه (له سزای خوا) ﴿٢١﴾ ﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ﴾ جا شه‌یتان ده‌ڵێت ﴿لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ﴾ کاتێك که کار ته‌واو ده‌بێت (ولێپرسینه‌وه‌یان کۆتایی دێت) ﴿إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ﴾ بێگومان خوا به‌ڵێنی پێدان ﴿وَعْدَ الْحَقِّ﴾ به به‌ڵێنێکی هه‌ق و ڕاست ﴿وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ﴾ و منیش به‌ڵێنم پێدان به‌ڵام درۆم کرد له‌گه‌ڵتاندا ﴿وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ﴾ وه‌من نه‌م بوو به‌سه‌رتاندا ﴿مِنْ سُلْطَانٍ﴾ هیچ زۆر و ده‌سه‌لاتێك ﴿إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ﴾ ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت که بانگم کردن (بۆ گومڕایی) ﴿فَاسْتَجَبْتُمْ لِي﴾ ئیتر ئێوه‌ش به‌ده‌نگمه‌وه هاتن (و به‌گوێتان کردم) ﴿فَلَا تَلُومُونِي﴾ که‌واته لۆمه‌ی من مه‌که‌ن ﴿وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ﴾ به‌ڵکو لۆمه‌ی خۆتان بکه‌ن ﴿مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ﴾ به‌ڕاستی من ناتوانم بێم به هاواری ئێوه‌وه ﴿وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ﴾ و ئێوه‌ش ناتوانن بێن به‌هاواری منه‌وه ﴿إِنِّي كَفَرْتُ﴾ به‌ڕاستی من بڕوام نه‌بوو ﴿بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ﴾ به‌وه‌ی که پێشتر (له دونیادا) منتان کرد بوو به هاوبه‌ش بۆ خوا ﴿إِنَّ الظَّالِمِينَ﴾ به‌ڕاستی ستەم کاران ﴿لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزای سه‌ختیان بۆ هه‌یه ﴿٢٢﴾ ﴿وَأُدْخِلَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وه ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان هێناوه و کرده‌وه چاکه‌کانیان کردووه ده‌خرێنه ﴿جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ ناو به‌هه‌شتانێك که ڕوباره‌کان دێن و ده‌چن به ژێریاندا ﴿خَالِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ﴾ به هه‌میشه تیایدا ده‌مێننه‌وه به ئیزنی په‌روه‌ردگاریان ﴿تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ﴾ به‌خێرهاتنیان له‌و (به‌هه‌شته)دا به‌ووته‌ی سه‌لامه ﴿٢٣﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نه‌ت زانیوه؟ ﴿كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا﴾ خوا چۆن نموونه‌ی هێناوه‌ته‌وه ﴿كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ﴾ که ووته‌ی چاك و ڕاست (لا إله إلا الله) وەك دره‌ختێکی چاك و به‌سوود وایه ﴿أَصْلُهَا ثَابِتٌ﴾ ڕه‌گی قایم (له زه‌ویدا) دا کۆتایێت ﴿وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾ و لق و پۆپه‌کانیشی (به‌رز بووبێته‌وه) به ئاسماندا ﴿٢٤﴾

﴿تُؤْتِيٓ أُكُلَهَا﴾ ئه‌و (دره‌خته) میوه و به‌رهمی خۆی ﴿كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا﴾ هه‌موو کاتێک به‌ئیزنی په‌روه‌ردگاری ﴿وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ﴾ وه خوا ئه‌و نموونانه ده‌هێنێته‌وه ﴿لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بۆ خه‌ڵکی بۆ ئه‌وه‌ی بیربکه‌نه‌وه ﴿٢٥﴾ ﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ﴾ وه نموونه‌ی ووته‌ی خراپ و پیس و(بێ باوه‌ڕی) ﴿كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ﴾ وه‌کو دره‌ختێکی خراپ و پیس وایه ﴿ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ﴾ هه‌ڵکه‌نرابێت له‌سه‌ر زه‌وی (و ڕه‌گی نه‌بێت) ﴿مَا لَهَا مِن قَرَارٍ﴾ هه‌ر خۆی نه‌گرێت ﴿٢٦﴾ ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئه‌وانه‌ی که‌بڕوایان هێناوه خوا دامه‌زراویان ده‌کات ﴿بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ﴾ به ووته‌ی به‌ڕێ وجێ (که شایه‌تومانه) ﴿فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ له‌ژیانی دونیادا و له‌ڕۆژی دوایشدا ﴿وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وه‌خواستەم کارانیش گومڕاده‌کات ﴿وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ﴾ وه‌خواهه‌رچی بیه‌وێت ده‌یکات ﴿٢٧﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا سه‌یری ئه‌وانه‌ت نه‌کردووه ﴿بَدَّلُوا نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا﴾ له جیاتی (سوپاسی) به‌هره وچاکه‌ی خوا بێ باوه‌ڕ وسپله بوون ﴿وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ﴾ و گه‌له‌که‌یان به‌ره‌و هه‌ڵدێر برد ﴿٢٨﴾ ﴿جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا﴾ ئه‌ویش دۆزه‌خه که‌ده‌چنه ناوی ﴿وَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ﴾ که جێگایه‌کی زۆر خراپه ﴿٢٩﴾ ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا﴾ (بێ باوه‌ڕان) چه‌ند هاوتایان بۆخوا بڕیاردا ﴿لِّيُضِلُّوا عَن سَبِيلِهِۦ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی (خه‌ڵك) گومڕابکه‌ن له‌ڕێگه‌ی خوا ﴿قُلْ تَمَتَّعُوا﴾ ئه‌ی (موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ به‌وانه‌ڕابوێرن (له دونیادا بۆ کوێ ده‌چن؟) ﴿فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ چونکه بێگومان چاره‌نوسستان هه‌ر دۆزه‌خ ده‌بێت ﴿٣٠﴾ ﴿قُل لِّعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ به‌وبه‌ندانه‌م که‌بڕوایان هێناوه ﴿يُقِيمُوا ٱلصَّلَوٰةَ﴾ به‌ڕێکی نوێژه‌کان بکه‌ن ﴿وَيُنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ﴾ و له‌وه‌ی پێمان داوون ببه‌خشن ﴿سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ به‌نهێنی و ئاشکرا ﴿مِّن قَبْلِ﴾ له‌پێش ئه‌وه‌ی ﴿أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ﴾ که ڕۆژێك بێت ﴿لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خِلَٰلٌ﴾ نه کڕین وفرۆشتنی تێدایه‌و نه‌دۆستایه‌تی ﴿٣١﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ خوا ئه‌و زاته‌یه که‌ئاسمانه‌کان و زه‌وی دروست کردووه ﴿وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ و له‌ئاسمانه‌وه بارانی باراندوه ﴿فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ و هه‌موو به‌روبوم (و دانه‌ویله)یه‌کی پێ ڕواندووه ﴿رِزْقًا لَّكُمْ﴾ که ڕزق وڕۆزیه بۆ ئێوه ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ﴾ هه‌روه‌ها که‌شتی بۆ ڕام هێناون (و خستویه‌تیه خزمه‌تتانه‌وه) ﴿لِتَجْرِىَ فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی بڕوات به‌ناو ده‌ریادا به‌فه‌رمانی خوا ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ﴾ و ڕووباره‌کانی بۆ ڕام هێناون (ولە خزمه‌تاندایه) ﴿٣٢﴾ ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ﴾ وه هه‌روه‌ها ڕامی هێناوه بۆتان و (له‌خزمه‌تاندایه) ﴿ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ﴾ ڕۆژ و مانگ به‌هه‌میشه‌یی ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ وه شه‌و و ڕۆژیشی بۆ ڕام هێناون ﴿٣٣﴾

﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾ وه له‌هه‌موو ئه‌و شتانه که‌داواتان کردووه پێ ی به‌خشیوون ﴿وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ﴾ خۆ ئه‌گه‌ر به‌هره و نیعمه‌ته‌کانی خوا بژمێرن ﴿لَا تُحْصُوهَآ﴾ بۆتان ناژمێردرێن ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ﴾ به‌راستی ئاده‌می (بێ بڕوا) ﴿لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾ زۆر ستەم کار و سپڵه‌یه (به‌رامبه‌ر نیعمه‌ته‌کانی خودا) ﴿٣٤﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ﴾ (بیریان بخه‌ره‌وه) کاتێك ئیبراهیم ووتی ئه‌ی په‌روه‌ردگارم ﴿ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا﴾ ئه‌م شاره (مه‌ککه) بکه به‌شارێکی ئارام و ئاسایش ﴿وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ﴾ وه خۆم و کوڕه‌کانم بپارێزه و دوورخه‌ره‌وه ﴿أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ﴾ له‌وه‌ی بته‌کان بپه‌رستین ﴿٣٥﴾ ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارم بێگومان ئه‌و بتانه ﴿أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ زۆر له‌خه‌ڵکیان گومڕا کردوه (و لایان دان له‌ڕێگه‌ی ڕاست) ﴿فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى﴾ جا هه‌رکه‌سێك (له‌ڕۆڵه‌کانم) شوێن من که‌وت ئه‌وه بێگومان له‌منه ﴿وَمَنْ عَصَانِى﴾ هه‌رکه‌سیش سه‌رپێچی کردم ﴿فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئه‌وه بێگومان تۆ لێبورده‌ی میهره‌بانی ﴿٣٦﴾ ﴿رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان من هه‌ندێك له‌ڕۆڵه‌کانم نیشته‌جێ کرد ﴿بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ﴾ له شوێنکی بێ کشتوکاڵ دا ﴿عِندَ بَيْتِكَ ٱلْمُحَرَّمِ﴾ لای ماڵه پیرۆز و ڕێزگیراوه‌که‌ت ﴿رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان هه‌تا به چاکی نوێژ به‌جێ بێنن وئه‌نجامی بده‌ن ﴿فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ به‌ڵکو دڵی خه‌ڵکانێك وا لێبکه‌یت ﴿تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ﴾ سۆزی ومه‌یلیان ببێت بۆلایان ﴿وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ و له‌هه‌موو به‌ر و میوه‌یه‌کیش ڕۆزیان بده ﴿لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ به‌ڵکو شوکرانه بژێرن ﴿٣٧﴾ ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ تَعْلَمُ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان به‌ڕاستی تۆ ده‌زانی ﴿مَا نُخْفِى وَمَا نُعْلِنُ﴾ به هه‌رچی ده‌یشارینه‌وه و هه‌رچی ده‌ری ده‌برین ﴿وَمَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ﴾ وه هیچ شتێ لای خوا شاراوه نی یه ﴿فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ نه‌له‌زه‌وی و نه‌له‌ئاسماندا ﴿٣٨﴾ ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى﴾ هه‌موو سوپاس و ستایشێك بۆ ئه‌و خوایه‌ی ﴿وَهَبَ لِى عَلَى ٱلْكِبَرِ إِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ﴾ که ئیسماعیل وئیسحاقی پێ به‌خشیم به‌پیری ﴿إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارم بیسه‌ری دوعا و پاڕانه‌وه‌یه ﴿٣٩﴾ ﴿رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارم من و ڕۆڵه‌کانم وا لێبکه‌ی به‌چاکی نوێژه‌کان به‌جێ بێنین ﴿رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان پاڕانه‌وه و نزاکه‌م وه‌رگره ﴿٤٠﴾ ﴿رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان له‌من و باوکم و دایکم و هه‌موو بڕواداران ببوره‌و خۆش ببه ﴿يَوْمَ يَقُومُ ٱلْحِسَابُ﴾ له ڕۆژێکدا که لێپرسینه‌وه ده‌کرێت وبه‌رپا ئه‌بێت ﴿٤١﴾ ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا﴾ وا مه‌زانه خوا بێ ئاگایه ﴿عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ له‌و(زوڵم و ستەمه‌ی) که‌ستەم کاران ده‌یکه‌ن ﴿إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ﴾ بێگومان ئه‌و دوایان ده‌خات بۆ ڕۆژێك ﴿تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ که‌چاوه‌کان تێیدا ئه‌بڵه‌ق ده‌بن (و نایانوقێن له ترسا) ﴿٤٢﴾

﴿مُهْطِعِينَ﴾ به‌خێرایی ده‌ڕۆن (به‌دەم بانگ که‌ریانه‌وه) ﴿مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ﴾ سه‌ریان به‌رز کردۆته‌وه(بۆ ئاسمان) ﴿لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ﴾ پێڵوی چاویان ناترووکێنن ﴿وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاءٌ﴾ و دڵیان خاڵی یه (له‌تیگه‌شتن) ﴿٤٣﴾ ﴿وَأَنذِرِ النَّاسَ﴾ وه (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) خه‌ڵکی ئاگادار بکه و بترسێنه ﴿يَوْمَ يَأْتِيهِمُ الْعَذَابُ﴾ له‌و ڕۆژه‌ی که سزایان بۆ دێت ﴿فَيَقُولُ الَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ ئه‌مجا ئه‌وانه‌ی که‌سته‌میان کردووه ده‌ڵێن ﴿رَبَّنَا أَخِّرْنَا إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ﴾ ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان بۆ ماوه‌یه‌کی که‌م دوامان بخه ﴿نُّجِبْ دَعْوَتَكَ﴾ تا وه‌ڵامی بانگه‌وازه‌که‌ت بده‌ینه‌وه ﴿وَنَتَّبِعِ الرُّسُلَ﴾ و شوێنی پێغه‌مبه‌ران بکه‌وین ﴿أَوَلَمْ تَكُونُوا أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ﴾ ئه‌ی ئێوه نه‌بوون پێشتر سوێندتان خوارد ﴿مَّا لَكُم مِّن زَوَالٍ﴾ که هه‌رگیز له‌ ناوناچن ﴿٤٤﴾ ﴿وَسَكَنتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ﴾ هه‌ر له‌جێ و شوێنی ئه‌وانه نیشته‌جێ بوون ﴿ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ﴾ که‌سته‌میان له‌خۆیان کرد ﴿وَتَبَيَّنَ لَكُمْ﴾ و به‌ڕوونی بۆتان ده‌رکه‌وت ﴿كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ﴾ که چیمان به‌سه‌ر هێنان ﴿وَضَرَبْنَا لَكُمُ الْأَمْثَالَ﴾ نموونه‌ی زۆریشمان بۆتان هێنایه‌وه ﴿٤٥﴾ ﴿وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ﴾ بێگومان ئه‌و (بێ باوه‌ڕانه) پیلانی گه‌وره‌ی خۆیانیان گێڕا (دژی پێغه‌مبه‌ره‌کانیان) ﴿وَعِندَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ﴾ خوای گه‌وره ئاگاداره به پیلانه‌کانیان ﴿وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ﴾ وه هه‌ر چه‌نده پیلانه‌که‌یان ﴿لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ﴾ شاخه‌کانی پێ بترازێت (و له‌بن بنێت) ﴿٤٦﴾ ﴿فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ﴾ جا وا گومان مه‌به به‌خوا ﴿مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ﴾ ئه‌و به‌ڵێنه‌ی داویه‌تی به‌پێغه‌مبه‌رانی به‌دی ناهێنێت ونایهێنێته جێ ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ﴾ به‌ڕاستی خوا به‌دەسه‌ڵاتی خاوەن تۆڵه‌یه ﴿٤٧﴾ ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ﴾ له‌ڕۆژێکدا که ئه‌م زه‌وی یه ده‌گۆڕێت ﴿غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ﴾ به‌زه‌وی یه‌کی تر وئاسمانه‌کانیش (ده‌گۆڕێن به ئاسمانی تر) ﴿وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ﴾ ئه‌وسا هه‌موو (له‌گۆڕه‌کانیان دێنه ده‌ره‌وه) ده‌رده‌که‌ون بۆ خودای ته‌نهای زاڵ وبه‌ده‌سه‌ڵات به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا ﴿٤٨﴾ ﴿وَتَرَى الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ﴾ و له‌و ڕۆژه‌دا تاوان باران ده‌بینی ﴿مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ﴾ له کۆت و زنجیردا پێکه‌وه به‌ستراون ﴿٤٩﴾ ﴿سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ﴾ پۆشاکیان قه‌ترانی ڕەشه ﴿وَتَغْشَىٰ وُجُوهَهُمُ النَّارُ﴾ و ده‌م و چاویشیان ئاگر دایپۆشیوه ﴿٥٠﴾ ﴿لِيَجْزِيَ اللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی خوا تۆڵه‌و پاداشتی هه‌موو که‌سێك بداته به گوێره‌ی ئه‌وه‌ی که‌کردوویه‌تی ﴿إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ به‌ڕاستی خوا (موحاسه‌کردن) ولێپرسینه‌وه‌ی خێرایه ﴿٥١﴾ ﴿هَٰذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ﴾ ئه‌م (قورئانه) ڕاگه‌یاندن وجارێکه بۆ هه‌موو خه‌ڵك ﴿وَلِيُنذَرُوا بِهِ﴾ وه هه‌تا پێی بیدار بکرێنه‌وه ﴿وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ وه بۆ ئه‌وه‌ی بزانن بێگومان ئه‌و(خوا) په‌رستراوێکی تاك و ته‌نهایه ﴿وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ و تا خاوەن ژیرییه‌کان بیربکه‌نه‌وه و په‌ند وەربگرن ﴿٥٢﴾

سورەتی ﴿ الحِجۡر ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓرٰۚ﴾ بە(ئەلیف، لام، را) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ وَقُرۡءَانٖ مُّبِينٖ﴾ ئەمانە ئایەت و نیشانەکانی قورئانی ڕوون کەرەوە وئاشکران ۝١ ﴿رُّبَمَا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ ئەوانەی کەبێ باوەڕ بوون (لە ئایندەیەکی نزیکدا) زۆر جار ئاوات دەخوازن ﴿لَوۡ كَانُواْ مُسۡلِمِينَ﴾ کاشکای موسوڵمان بوونایە. ۝٢ ﴿ذَرۡهُمۡ يَأۡكُلُواْ وَيَتَمَتَّعُواْ﴾ لێیان گەڕێ بابخۆن و ڕابوێرن ﴿وَيُلۡهِهِمُ ٱلۡأَمَلُۖ﴾ وئومێد وهیوا بێ ئاگایان بکات ﴿فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ﴾ جا بێگومان لەمەو دوا دەزانن (چۆن سزایان دەدەین) ۝٣ ﴿وَمَآ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةٍ﴾ (خەڵکی) هیچ شارێکمان لەناو نەبردووە ﴿إِلَّا وَلَهَا كِتَابٞ مَّعۡلُومٞ﴾ مەگەر کاتی دیاری کراو بۆ لەناو چوونیان هەبووە ۝٤ ﴿مَّا تَسۡبِقُ مِنۡ أُمَّةٍ﴾ وەهیچ ئوممەتێك پێش ناکەوێت ﴿أَجَلَهَا وَمَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ﴾ لەکاتی لەناوبردنی خۆی هەروەها دواش ناکەوێ ۝٥ ﴿وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِي﴾ (بێ باوەڕان) ووتیان ئەی ئەو کەسەی ﴿نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ﴾ کە قورئان نێرراوەتە خوار بۆ سەرت ﴿إِنَّكَ لَمَجۡنُونٞ﴾ بەڕاستی تۆ شێتیت ۝٦ ﴿لَّوۡ مَا تَأۡتِينَا بِٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ﴾ دەی بۆ فریشتەمان بۆ ناهێنی (شایەتی بدات تۆ پێغەمبەری) ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر تۆ لەڕاست گۆیانیت ۝٧ ﴿مَا نُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ﴾ ئێمە فریشتە نانێرینە خوارەوە مەگەر بەڕاست و ڕەوا نەبێت ﴿وَمَا كَانُوٓاْ إِذٗا مُّنظَرِينَ﴾ وە ئەو کاتەش ئەوانە مۆڵەت نادرێن ۝٨ ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ﴾ بێگومان هەر ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ و بەڕاستی هەر ئێمەش دەی پارێزین ۝٩ ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ﴾ سوێندبێت بێگومان ئێمە پێش تۆ پێغەمبەرانمان ناردووە ﴿فِي شِيَعِ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ لەناو هۆزو کۆمەڵە پێشووەکاندا ۝١٠ ﴿وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ﴾ هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەهاتووە ﴿إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾ ئیللا گاڵتە ولاقرتیان پێ کردووە ۝١١ ﴿كَذَٰلِكَ نَسۡلُكُهُۥ فِي قُلُوبِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە ئێمە ئەو (قورئانە) دەخەینە ناو دڵی تاوان بارانەوە ۝١٢ ﴿لَا يُؤۡمِنُونَ بِهِۦ﴾ کەچی ئەوان باوەڕی پێ ناهێنن ﴿وَقَدۡ خَلَتۡ سُنَّةُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ کە بێگومان باوو ڕێبازی پێشووەکانیش هەر وابووە ۝١٣ ﴿وَلَوۡ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم﴾ ئەگەر بۆمان بکردنایەتەوە ﴿بَابٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ دەرگایەك لەئاسمانەوە ﴿فَظَلُّواْ فِيهِ يَعۡرُجُونَ﴾ و ئەوان پێیدا بڕۆشتنایەتە سەرەوە ۝١٤ ﴿لَقَالُوٓاْ إِنَّمَا سُكِّرَتۡ أَبۡصَٰرُنَا﴾ ئەوسا دەیان ووت بێگومان ئێمە چاوبەستمان لێکراوە ﴿بَلۡ نَحۡنُ قَوۡمٞ مَّسۡحُورُونَ﴾ بەڵکو ئێمە کۆمەڵێکین جادوومان لێ کراوە ۝١٥

﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە دروستمان کردووە ﴿فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا﴾ چەند بورجێك لەئاسماندا ﴿وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ﴾ و ئەو(ئاسمانە)مان ڕازاندۆتەوە بۆ سەرەنج دەران و تەماشاکەران ﴿١٦﴾ ﴿وَحَفِظْنَاهَا﴾ و ئەو(ئاسمانە)مان پاراستووە ﴿مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ﴾ لەهەموو شەیتانێکی دەرکراو لەبەزەیی خوا ﴿١٧﴾ ﴿إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ﴾ مەگەر ئەوانەی کەبەدزیەوە گوێ دەگرن ﴿فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ﴾ یەکسەر گڕوتاگرێکی دیاردوای دەکەوێت(وڕاوی دەنێ) ﴿١٨﴾ ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا﴾ زەویشمان ڕاخستووە ﴿وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ﴾ وچەند کێوو شاخی دامەزراومان تێدا داناوە ﴿وَأَنبَتْنَا فِيهَا﴾ و ڕواندووومانە تیایدا ﴿مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾ لەهەموو ڕووەك و درەختێك بەڕێك و پێکی ﴿١٩﴾ ﴿وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ﴾ وە لەو(زەویە)دا هۆکارەکانی ژیانمان بۆ ئێوە ڕەخساندوە ﴿وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ﴾ هەروەها بۆ ئەوانەش کەئێوە ڕزق وڕۆزیان نادەن ﴿٢٠﴾ ﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ﴾ وە هیچ شتێك نییە مەگەر خەزێنەکانی لای ئێمەیە ﴿وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾ و نای نێرین و نایدەین بەئەندازەی دیاری کراو نەبێت ﴿٢١﴾ ﴿وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ﴾ وە با (هەوا) مان ناردووە کە پیتێنەری دارو درەخت بێت ﴿فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ ئەمجا لەئاسمانەوە بارانمان بارانددووە ﴿فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ﴾ وەئێوەمان پێ نێراو کردووە ﴿وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ﴾ لەکاتێکدا ئێوە نەتان دەتوانی ئەو(ئاوە) خەزن بکەن ﴿٢٢﴾ ﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ﴾ بێگومان هەر ئێمە دەژێنین وەدەشمرێنین ﴿وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ﴾ هەر ئێمەش میراتگری هەموانین ﴿٢٣﴾ ﴿وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ﴾ سوێند بەخوا ئێمە ئاگادارین بەوانەی لەپێش ئێوەوە بوون ﴿وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ﴾ و سوێند بەخوا بێگومان ئەوانەش دەناسین کەپاش ئێوە دێن ﴿٢٤﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ﴾ بێگومان هەر پەروەردگارت هەموویان کۆ دەکاتەوە ﴿إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی هەر خۆی کاردروستی زانایە ﴿٢٥﴾ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ﴾ سوێندبێت بێگومان ئێمە ئادەمیمان دروست کرد ﴿مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق ﴿٢٦﴾ ﴿وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ﴾ جنۆکەشمان پێشتر دروست کرد ﴿مِن نَّارِ السَّمُومِ﴾ لە ئاگرێکی بەتین ﴿٢٧﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ﴾ (بیریان بخەرەوە) کاتێك پەروەردگارت بەفریشتەکانی فەرموو ﴿إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا﴾ بەڕاستی من بەشەرێك دروست دەکەم ﴿مِّن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق ﴿٢٨﴾ ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ﴾ هەر کاتێك ڕێك وپێکم کرد ﴿وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾ و فوم بە بەریدا کرد لە ڕۆحێك کە خۆم دروستم کردووە (مەبەست لەدانە پاڵی ڕۆح بۆلای خوا ڕێزو تەشریفە) ﴿فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ دەبێ یەکسەر سوژدەی بۆ بەرن ﴿٢٩﴾ ﴿فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ﴾ جا فریشتەکان هەموو تێکڕا سوژدەیان برد (بۆی) ﴿٣٠﴾ ﴿إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ﴾ ئیبلیس (شەیتان) نەبێت کەسەرپێچی کرد ﴿أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ﴾ لەوەی کەلەگەڵ سوژدەبەراندا بێت ﴿٣١﴾

﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ﴾ (خوا) فەرمووی ئەی ئیبلیس بۆ چی تۆ ﴿أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ لەگەڵ سوژدە بەراندا نەبوویت؟! ﴿٣٢﴾ ﴿قَالَ لَمۡ أَكُن لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٖ﴾ (ئیبلیس) ووتی: من هیچ کاتێ سوژدە نابەم بۆ بەشەرێك ﴿خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ﴾ کەدروستت کردووە لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق ﴿٣٣﴾ ﴿قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا﴾ (خوا پێی) فەرموو دەلەوێ (بەهەشت) بڕۆدەرەوە ﴿فَإِنَّكَ رَجِيمٞ﴾ چونکە بەڕاستی تۆ لەبەزەیی من دەرکراوی ﴿٣٤﴾ ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ وە بەڕاستی نەفرینت لەسەرە تاڕۆژی دوایی ﴿٣٥﴾ ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ ووتی ئەی پەروەردگارم دەی مۆڵەتم بدە تاڕۆژێ (مردووان) زیندوو دەکرێنەوە ﴿٣٦﴾ ﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ﴾ (خوا) فەرمووی ئەوە بەڕاستی تۆ لەمۆڵەت دراوانی ﴿٣٧﴾ ﴿إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ﴾ تاڕۆژێ کەکاتی دیاری کراوە ﴿٣٨﴾ ﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي﴾ ووتی ئەی پەروەردگارم لەبەر ئەوەی گومڕات کردم ﴿لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ بێگومان خۆشی (دونیا)یان لەزەویدا بۆ دەڕازێنمەوە ﴿وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ وە بەڕاستی هەموویان گومڕا دەکەم ﴿٣٩﴾ ﴿إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ بەندە دڵسۆزەکانت نەبێت ﴿٤٠﴾ ﴿قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ مُسۡتَقِيمٌ﴾ (خوا) فەرمووی ئەمە ڕێگای هەق و ڕاستە بەرەو من ﴿٤١﴾ ﴿إِنَّ عِبَادِي﴾ بەڕاستی بەندەکانی من ﴿لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ﴾ تۆ هیچ دەسەڵاتت نیە بەسەریاندا ﴿إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ﴾ جگە لەو گومڕایانەی کەشوێنت کەوتوون ﴿٤٢﴾ ﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوۡعِدُهُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ وە بێگومان دۆزەخ جێگای هەموویانە ﴿٤٣﴾ ﴿لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ﴾ (دۆزەخ) حەوت دەرگای هەیە ﴿لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ﴾ هەر دەرگایەکیشیان لەوانە دابەشکراوە بۆ چەند بەشێك ﴿٤٤﴾ ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ﴾ بەڕاستی خۆپارێزو لە خواترسان لەناو باخات و کانیاودان ﴿٤٥﴾ ﴿ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ﴾ (پێیان دەووترێت) بچنە ناویانەوە بەهێمنی و ئاسوودەیی ﴿٤٦﴾ ﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ﴾ هەر ڕق و کینەیەك لەدڵیاندا بووبێت دەرمان هێناوە ﴿إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ بۆ ئەوەی بەرامبەر یەکتر بەسەر کورسی دانیشتوون ﴿٤٧﴾ ﴿لَا يَمَسُّهُمۡ فِيهَا نَصَبٞ﴾ لەوێدا ماندوو بوونیان تووش نایەت ﴿وَمَا هُم مِّنۡهَا بِمُخۡرَجِينَ﴾ و هەرگیز لەو (بەهەشتە) دەرناکرێن ﴿٤٨﴾ ﴿نَبِّئۡ عِبَادِيٓ﴾ هەوال بدە بەبەندەکانم ﴿أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ کە بەڕاستی هەر من لێبوردەی میهرەبانم ﴿٤٩﴾ ﴿وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ﴾ وبێگومان هەر سزای منە سزای سەخت ﴿٥٠﴾ ﴿وَنَبِّئۡهُمۡ عَن ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ وە هەواڵیان پێ بدە دەربارەی میوانەکانی ئیبراهیم ﴿٥١﴾

﴿إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَامًا﴾ کاتێك چوونە ژورەوە بۆلای ووتیان سەلامت لێ بێت ﴿قَالَ إِنَّا مِنكُمْ وَجِلُونَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی بەڕاستی ئێمە لێتان دەترسین ﴿٥٢﴾ ﴿قَالُوا لَا تَوْجَلْ﴾ ووتیان(پێی) مەترسە ﴿إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ﴾ بەڕاستی ئێمە مژدەت دەدەینێ بە(لەدایك بوونی) کوڕێکی زانا ﴿٥٣﴾ ﴿قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِي﴾ ووتی ئایا مزگێنیم پێ دەدەن ﴿عَلَىٰ أَن مَّسَّنِيَ الْكِبَرُ﴾ لەکاتێکدا کەپیر بووم ﴿فَبِمَ تُبَشِّرُونَ﴾ ئێستر چی مژدەیەکم دەدەنێ ﴿٥٤﴾ ﴿قَالُوا بَشَّرْنَاكَ بِالْحَقِّ﴾ ووتیان ئەو مژدەی داومانە پێت ڕاستە (و دێتە دی) ﴿فَلَا تَكُن مِّنَ الْقَانِطِينَ﴾ جا لە نائومێدان مەبە ﴿٥٥﴾ ﴿قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ﴾ ووتی جا کێ لەمیهرەبانی پەروەردگاری نائومێد دەبێت ﴿إِلَّا الضَّالُّونَ﴾ گومڕایان نەبێت ﴿٥٦﴾ ﴿قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ﴾ (ئیبراهیم) فەرمووی ئەی ڕەوانەکراوان (ی خوا) چ کارێکی گرنگتان هەیە ﴿٥٧﴾ ﴿قَالُوا إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ﴾ وتیان بەڕاستی ئێمە نێردراوین بۆ سەر گەلێکی تاوانبار (لەناویان بەرین) ﴿٥٨﴾ ﴿إِلَّا آلَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ جگە لەماڵ و منداڵی لووط کە بێگومان هەموویان ڕزگار دەکەین ﴿٥٩﴾ ﴿إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَا إِنَّهَا لَمِنَ الْغَابِرِينَ﴾ ژنەکەی نەبێت کەبێگومان بڕیارماندا وە ئەو لە ڕیزی تیاچواندا بێت ﴿٦٠﴾ ﴿فَلَمَّا جَاءَ آلَ لُوطٍ الْمُرْسَلُونَ﴾ جا کاتێك نێردراوەکان هاتن بۆ لای خاو خێزانی لووط ﴿٦١﴾ ﴿قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ﴾ (لووط) ووتی بەڕاستی ئێوە دەستەیەکی نەناسراون ﴿٦٢﴾ ﴿قَالُوا بَلْ جِئْنَاكَ﴾ ووتیان بەڵکو ئێمە بۆمان هێناوی ﴿بِمَا كَانُوا فِيهِ يَمْتَرُونَ﴾ ئەو(سزای) کەئەوان تێیدا دوودڵ بوون ﴿٦٣﴾ ﴿وَأَتَيْنَاكَ بِالْحَقِّ﴾ وە ئێمە ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوە ﴿وَإِنَّا لَصَادِقُونَ﴾ بێگومان ئێمە ڕاست گۆیین ﴿٦٤﴾ ﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ اللَّيْلِ﴾ جا کەواتە لەبەشێکی شەودا شەوڕەوی بە (شوێنکەوتووان و) خاوخێزانت بکە (لە شار دەرچۆ) ﴿وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ﴾ و خۆت دوایان بکەوە ﴿وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ﴾ هیچ کامتان لانەکەنەوە ﴿وَامْضُوا حَيْثُ تُؤْمَرُونَ﴾ و بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کەفەرمانتان پێدراوە ﴿٦٥﴾ ﴿وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَٰلِكَ الْأَمْرَ﴾ ئەم کارەمان بەنیگا بە لووط ڕاگەیاند ﴿أَنَّ دَابِرَ هَٰؤُلَاءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ﴾ کەبێگومان لەبەرەبەیانەدا ئەوانە دوا بڕاو دەبن(هەموویان لەناو دەچن) ﴿٦٦﴾ ﴿وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ جا خەڵکی (نێربازی) شارەکە هاتن (بەرەو ماڵی لووط) ومژدەیان بەیەکتری دەدا ﴿٦٧﴾ ﴿قَالَ إِنَّ هَٰؤُلَاءِ ضَيْفِي﴾ (لووط) ووتی دڵنیابن ئەمانە میوانی منن ﴿فَلَا تَفْضَحُونِ﴾ دەی ئابڕوم مەبەن ﴿٦٨﴾ ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ﴾ و لە خوا بترسن و شەرمەزار و ڕیسوام مەکەن ﴿٦٩﴾ ﴿قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ ووتیان ئێمە پێمان نەووتیت نابێ بەرگری لە کەس بکەیت (نابێ کەس توخنت بکەوێت) ﴿٧٠﴾

﴿قَالَ هَٰؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ﴾ (لـووط) فەرمـووی ئاوەوانـە کچانـی منـن (مارەیان کـەن) ﴿إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ﴾ ئەگەر ئێـوە (ئـەوکارە) ئەنجـام دەدەن ﴿٧١﴾ ﴿لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ﴾ سـوێند بەتەمەن و ژیانی تۆ (ئـەی موحەممەد ﷺ) بەڕاستی ئەوانە ﴿لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ لەسـەر خۆشـی خۆیانـدا سـەرگەردانن ﴿٧٢﴾ ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ﴾ جـا لەکاتـی خـۆر هەڵهاتندا شـریخەیەکی بەهێـز گرتنـی ﴿٧٣﴾ ﴿فَجَعَلْنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا﴾ ئەمجا ئەو (شـارە)مان سـەرو ژێر کـرد ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ﴾ و گڵی بەردینمان بەسـەردا باراندن ﴿٧٤﴾ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ﴾ بەڕاسـتی لەمـەدا بەڵگـەی زۆر هەیـە بـۆ ئەوانـەی بیر دەکەنـەوە ﴿٧٥﴾ ﴿وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ﴾ وە بێگومـان ئەو (شـارە وێران کراوە) لەسـەر ڕێگای سـەرەکی (کاروانەکان) دایـە ﴿٧٦﴾ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ بەڕاسـتی لـەوەدا بەڵگـەی گرنـگ هەیـە بـۆ بـڕواداران ﴿٧٧﴾ ﴿وَإِن كَانَ أَصْحَٰبُ الْأَيْكَةِ لَظَٰلِمِينَ﴾ بەڕاسـتی خاوەن باخاتە زۆر پـڕەکانیش (قەومی شـوعەیب) لەسـتەمکاران بـوون ﴿٧٨﴾ ﴿فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ﴾ جـا تۆڵەمـان لـێ سـەندن ﴿وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٍ مُّبِينٍ﴾ جـا بەڕاسـتی ئـەم دووانە لەسـەر ڕێگایەکی ئاشـکرادان ﴿٧٩﴾ ﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَٰبُ الْحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ﴾ سـوێند بەخـوا بێگومان خەڵکـی حیجرێـش (گەلەکـەی صالـح) بڕوایـان بـە پێغەمبەرەکانیان نەکـرد ﴿٨٠﴾ ﴿وَءَاتَيْنَٰهُمْ ءَايَٰتِنَا﴾ بەڵگـەو نیشـانەکانی خۆمانمـان پێـدان ﴿فَكَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ بـەڵام ئـەوان ڕووبـان لـێ وەرگێڕا ﴿٨١﴾ ﴿وَكَانُوا يَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ﴾ ئەوانە لەشـاخەکاندا دەیانتاشـی ﴿بُيُوتًا ءَامِنِينَ﴾ خانـووی زۆری (قایمی) بـێ تـرس و بیـم ﴿٨٢﴾ ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ﴾ ئەمجـا دەنـگ و پیاهەڵشـاخانێکی بەهێـز گرتنی لەبەرەبەیاندا ﴿٨٣﴾ ﴿فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ جا هەرچیان کردبوو (خانوو لەچیاکاندا) هیچ سوودی پـێ نەگەیانـدن ﴿٨٤﴾ ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضَ﴾ وە ئێمـە ئاسـمانەکان و زەویمان دروسـت نەکردوە ﴿وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ ئەوەش لەنێوانیاندا یە بەهەق و ڕاستی نەبێت ﴿وَإِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ﴾ وە بێگومان ڕۆژی دوایـی دێـت ﴿فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ﴾ تـۆش بەجوانی چاوپۆشـی بکـە لێیان ﴿٨٥﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْخَلَّٰقُ الْعَلِيمُ﴾ بەڕاستی هەر پەروەردگارت بەدی هێنەری زانایە ﴿٨٦﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي﴾ سـوێند بەخـوا بەڕاسـتی حـەوت ئایەتـی دووبـارە کراوەمان پێ بەخشـیت (مەبەسـت لە سـورەتی الفاتحـە یـە کە چەنـد جارێك لـە نوێـژدا دووبـارە دەبێتـەوە) ﴿وَالْقُرْءَانَ الْعَظِيمَ﴾ هەروەهـا قورئانی گـەورەش ﴿٨٧﴾ ﴿لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ﴾ (ئـەی موحەممـەد ﷺ) چاوت مەبـڕە ئەو نـازو نیعمەتی (دونیـا) کەداومانە بـە ﴿أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ﴾ کۆمەڵێك لەو بێ باوەڕانـە ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾ و خەمیان بۆ مەخۆ ﴿وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە بالـی بەزەیـی ڕاخە بۆ بـڕواداران ﴿٨٨﴾ ﴿وَقُلْ إِنِّيٓ أَنَا النَّذِيرُ الْمُبِينُ﴾ وە بڵـێ بەڕاستی من ترسێنەرێکی ڕوون و ئاشکرام (دەتان ترسێنم لە سزایەك) ﴿٨٩﴾ ﴿كَمَآ أَنزَلْنَا عَلَى الْمُقْتَسِمِينَ﴾ وێنەی ئەو (سزایە)ی ناردمان بۆ دابەشکەران (مەبەسـت پێ جولەکە و گاورەکانە کە باوەڕیان دەکرد بەهەندێکی قورئان وبێ باوەڕیش بوون بەهەندێکی تری) ﴿٩٠﴾

﴿ٱلَّذِينَ جَعَلُوا۟ ٱلْقُرْءَانَ عِضِينَ﴾ ئەوانەی کەقورئانیان کردە چەند بەشـەوە (باوەڕداربوون بەهەندێکی وکافریـش بوون بـەوەی تری) ﴿٩١﴾ ﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ جا سـوێند بە پەروەردگارت پرسیار لەهەموویـان دەکەیـن ﴿٩٢﴾ ﴿عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ لـەوەی کەدەیانکـرد (لەدونیادا) ﴿٩٣﴾ ﴿فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ﴾ جـا هـەر فەرمانێکت پێ دەدرێـت بەئاشـکرا ڕای گەیەنە ﴿وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ و گـوێ بەهاوبەش دانـەران مـەدە ﴿٩٤﴾ ﴿إِنَّا كَفَيْنَٰكَ ٱلْمُسْتَهْزِءِينَ﴾ بەڕاسـتی ئێمـە تـۆ دەپارێزیـن لەشـەڕ وپیلانـی ئـەو کەسـانەی گاڵتـە ولاقرتی دەکەن بـە ئایینەکـەت ﴿٩٥﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ ئەوانەی لەگەڵ خوادا پەرسـتراوێکی تر دادەنێن ﴿فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ جا دواتر دەزانن (چۆن سزایان دەدەین) ﴿٩٦﴾ ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ﴾ سـوێند بەخوا بێگومان ئێمە دەزانین ﴿أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ﴾ کەبەڕاسـتی تۆ دڵت تەنگ دەبـێ بـەوەی ئەوانە دەیڵێـن ﴿٩٧﴾ ﴿فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ﴾ کەواتە تەسـبیحاتی پەروەردگـارت بکە ﴿وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ و لەسـوژدە بەران بە ﴿٩٨﴾ ﴿وَٱعْبُدْ رَبَّكَ﴾ وە پەروەردگارت بپەرسـتە ﴿حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ ٱلْيَقِينُ﴾ هەتا مردن یەخەت پێ دەگرێت ﴿٩٩﴾

سورەتی ﴿ النَّحْل ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشیندەی میهرەبان

﴿أَتَىٰٓ أَمْرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ﴾ ئـەوا فەرمانـی خوا(بـە سـزادانیان)هات بۆیـە پەلـە مەکـەن (لەهاتنـی) ﴿سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ پـاك و بێگـەردی بـۆ خـوا لەهەر شـتێك ئەوانـە دەیکەن بەهاوبەشـی ﴿١﴾ ﴿يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ﴾ فریشـتە دەنێرێتەخوارەوە بەوەحی بەفەرمانی خۆی ﴿عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ﴾ بـۆ هـەر کەسـێك لەبەندەکانـی کەخـۆی بیەوێت ﴿أَنْ أَنذِرُوٓا۟﴾ بـەوەی کەخەڵکی بترسـێنن ﴿أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ﴾ کەبەڕاسـتی بێجگـە لەمـن هـیچ پەرسـتراوێکی تـر نـی یـە کەواتـە هەر لەمن بترسـن ﴿٢﴾ ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ﴾ (خوا) ئاسـمانەکان و زەوی بەهەق دروسـت کرد ﴿تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ بـەرزو بڵنـدە لە هەرچـی ئەوانە دەیکەنە هاوبەشـی ﴿٣﴾ ﴿خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ﴾ (خوای گەورە) ئادەمی دروست کرد لە دڵۆپە ئاوێك ﴿فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ﴾ کەچی بۆتە دوژمنێکی ئاشکرای (بەرنامەکـەی خـودا) ﴿٤﴾ ﴿وَٱلْأَنْعَٰمَ خَلَقَهَا ۗ لَكُمْ﴾ ئاژەڵیشـی بۆ ئێوە دروسـت کردووە ﴿فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ﴾ کـە (هـۆی) گەرمایـی و کەڵکیـان تێدایە ﴿وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾ وە لە(گۆشـتی) ئـەوان دەخـۆن ﴿٥﴾ ﴿وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ﴾ وە بـۆ ئێوە هەیـە لەو (ئاژەڵانـەدا دیمەنی) جوانـی و ڕازاوە ﴿حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ﴾ کاتێ دەیان هێننەوە لە لەوەڕگا و کاتێکیش دەیان بەن بۆ لەوەڕگا ﴿٦﴾

﴿وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ﴾ وه(هه‌ندێ له‌و مالّاتانه) باره‌کانتان هه‌ڵده‌گرن (وده‌یبه‌ن) بۆ شار وجێگایه ﴿لَّمْ تَكُونُوا۟ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلْأَنفُسِ﴾ که‌ئێوه پێی نه‌ده‌گه‌یشتن مه‌گه‌ر زۆر به‌نارەحه‌ت نه‌بێت ﴿إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارتان زۆر به‌سۆزو به‌به‌زه‌یی یه (بۆ ئاده‌می) ﴿٧﴾ ﴿وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ﴾ وه ئه‌سپ و ماین و ئێستڕو گوێ درێژ(ی بۆ دروست کردون) ﴿لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً﴾ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی سواریان بن و هۆی ڕازانه‌وه‌ش بن بۆ ئێوه ﴿وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ وه (خوا) شتی وا دروست ده‌کات که (ئێستا) ئێوه نایزانن ﴿٨﴾ ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصْدُ ٱلسَّبِيلِ﴾ ڕێگای ڕاست نیشاندان (به‌به‌نده‌کان) ته‌نها بۆ خوایه ﴿وَمِنْهَا جَآئِرٌ﴾ وه هه‌ندێك له‌ڕێگاکان لارو ناڕێکه ﴿وَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ وه ئه‌گه‌ر (خوا) بیویستایه هه‌موتانی ڕێنمووئی ده‌کرد ﴿٩﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ ئه‌و (خوا) زاتێکه که له‌ئاسمانه‌وه بارانی بۆ باراندون ﴿لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ﴾ ئاو خواردنه‌وه‌تان له‌و (بارانه)یه ﴿وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ﴾ و هۆی سه‌وز بوونی ڕوه‌کیشه که‌مه‌ڕ و مالّاتی لێ ده‌له‌وه‌ڕێنن ﴿١٠﴾ ﴿يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرْعَ﴾ به‌و (ئاوه خوا) بۆتان ده‌ڕوێنێت کشتوکاڵ ﴿وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلْأَعْنَٰبَ﴾ و زه‌یتوون و دار خورما میّو و ڕه‌ز ﴿وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ و هه‌موو به‌رو میوه‌یه‌ك ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ به‌ڕاستی له‌وه‌دا (باس کرا) به‌ڵگه‌یه‌کی ڕوون هه‌یه بۆ ئه‌وکه‌سانه‌ی بیر ده‌که‌نه‌وه ﴿١١﴾ ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ وه ڕامی هێناوه بۆتان شه‌وو ڕۆژ (له‌خزمه‌تی ئێوه‌دایه) ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ﴾ و خۆرو مانگ ﴿وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتٌۢ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ هه‌روه‌ها ئه‌ستێره‌کانیش ڕام هێنراوون به‌فه‌رمانی خوا ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ به‌ڕاستی له‌وه‌دا (باس کرا) به‌ڵگه‌ی زۆر هه‌یه بۆ ئه‌وانه که‌ژیرن و تێده‌گه‌ن ﴿١٢﴾ ﴿وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وه (ڕامی هێناوه) بۆتان ئه‌وه‌ی دروستی کردووه له‌زه‌ویدا وبڵاوی کردوه‌ته‌وه ﴿مُخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥٓ﴾ که‌ڕه‌نگ وجۆریان جیاوازه ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ به‌ڕاستی له‌وه‌دا باسکرا ﴿لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾ نیشانه‌یه‌کی ڕوون هه‌یه بۆ ئه‌وانه‌ی که‌ئامۆژگاری وه‌رده‌گرن ﴿١٣﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا﴾ وه ئه‌و (خوایه) زاتێکه که‌ده‌ریای ڕام هێناوه بۆ ئه‌وه‌ی گۆشتی تازه‌ی لێ بخۆن (مه‌به‌ست ماسی وهاوشێوه‌کانیه‌تی) ﴿وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا﴾ وه بۆ ئه‌وه‌ی خشڵیشی لێ ده‌ربهێنن که‌ده‌ی پۆشن (بۆ خۆ ڕازاندنه‌وه وه‌ك دوڕ وسه‌ده‌ف و مرواری) ﴿وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ﴾ و که‌شتیه‌کان ده‌بینی ئاوی ده‌ریاکه له‌ت ده‌کەن ﴿وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ وه بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌فه‌زڵ و ڕۆزی خوا به‌ده‌س بێنن وبۆ ئه‌وه‌ی سوپاسی خواش بکەن ﴿١٤﴾

﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ﴾ وە (خوا) لەزەویدا چەند شاخێکی دامەزراوی داناوە ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمْ﴾ بۆ ئەوەی ئێوە نەلەرزێنێت وبتوانن لەسەری بژین ﴿وَأَنْهَٰرًا﴾ وەچەم و ڕووباری (تیاداناوە) ﴿وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ هەروەها ڕێگای زۆر(ی بەدی هێناوە) بۆ ئەوەی ئێوە ڕێ ی پێ دەرکەن ﴿١٥﴾ ﴿وَعَلَٰمَٰتٍ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ﴾ هەروەها نیشانەی زۆری داناوەو بەئەستێرەش خەڵکی ڕێ دەرئەکەن (لەشەودا) ﴿١٦﴾ ﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ﴾ جا ئایا زاتێك (ئەمانە) دروست دەکات وەك کەسێك وایە کە هیچ دروست نەکات ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە؟ ﴿١٧﴾ ﴿وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ﴾ وە ئەگەر (بتانەوێت) نیعمەکانی خوا بژمێرن ناتوانن بیان ژمێرن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿١٨﴾ ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ﴾ وە خوا دەزانێ چی دە شاردنەوە ﴿وَمَا تُعْلِنُونَ﴾ و چی ئاشکرا دەکەن ﴿١٩﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەش هاواریان لێ دەکەن بێجگەلە خوا ﴿لَا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴾ هیچ شتێك دروست ناکەن بەڵکو خۆیان دروست کراون ﴿٢٠﴾ ﴿أَمْوَٰتٌ غَيْرُ أَحْيَآءٍ﴾ مردووی بێ گیانن ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ (ئەو بتانە) هەست ناکەن کەی (خۆیان وخەڵکی) زیندوو دەکرێنەوە ﴿٢١﴾ ﴿إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنیایە ﴿فَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ جا ئەوانەی کەبڕوا ناهێنن بەڕۆژی دوایی ﴿قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴾ دڵەکانیان بێ باوەڕەو هەمیشە خۆیان بەزل دەزانن ﴿٢٢﴾ ﴿لَا جَرَمَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ﴾ بڕاستە بێگومان خوا دەزانێت ﴿مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ بەئەوەی دەی شارنەوەو ئەوەی ئاشکرای دەکەن ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ﴾ بەڕاستی خوا خۆ بەزل زانانی خۆش ناوێت ﴿٢٣﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمْ﴾ وە کاتێك بەوانە بوترێت ئایا پەروەردگارتان چی ناردۆتە خوارەوە ﴿قَالُوٓا أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ دەڵێن حیکایەت وئەفسانەی پڕو پوچی پێشووەکان ﴿٢٤﴾ ﴿لِيَحْمِلُوٓا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً﴾ بۆ ئەوەی باری گوناهی خۆیان بەتەواوی هەڵبگرن ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەڕۆژی دوایدا ﴿وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم﴾ لەگەڵ هەندێك لەباری گوناهی ئەوانەی کە ئەمان گومڕایان دەکردن ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەبێ زانیاری ﴿أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾ بێدارین زۆر بەدە ئەوەی کەهەڵیدەگرن (و دەیگرنە ئەستۆ) ﴿٢٥﴾ ﴿قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ بەڕاستی ئەوانەش کە لەپێش ئەمانەوە بوون پیلانیان گێڕا ﴿فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ﴾ جا خوا کۆشك و خانووەکانیانی لەبن و بناغەوە دەرهێنا ﴿فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ﴾ ئەوسا سەربانەکانیان لەسەریانەوە ڕوخا بەسەریاندا ﴿وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لەلایەکەوە سزایان بۆ هات کەهەستیان پێ نەدەکرد ﴿٢٦﴾

﴿ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُخْزِيهِمْ﴾ پاشان لەڕۆژی دواییدا ڕیسوا و سەرشۆڕیان دەکات ﴿وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ﴾ و(خوا پێیان)دەفەرموێت لەکوێن ئەو هاوبەشانەی ﴿كُنتُمْ تُشَٰٓقُّونَ فِيهِمْ﴾ کەئێوە لەبەر ئەوان ململانێی (پێغەمبەرەکان و بڕواداران)تان دەکرد دەربارەیان ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ﴾ ئەوانەی زانیاریان پێ درا بوو دەڵێن ﴿إِنَّ ٱلْخِزْيَ ٱلْيَوْمَ وَٱلسُّوٓءَ﴾ بەڕاستی ڕیسوایی و بەدبەختی ئەمڕۆ ﴿عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بۆ بێ باوەڕانە ﴿٢٧﴾ ﴿ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئەوانەی کەفریشتەکان گیانیان دەکێشن ﴿ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ لە کاتێکدا ستەم کار بوون لەخۆیان ﴿فَأَلْقَوُا۟ ٱلسَّلَمَ﴾ جالەو کاتەدا مل کەج دەبن ﴿مَا كُنَّا نَعْمَلُ مِن سُوٓءٍ﴾ (و ئەڵێن) ئێمە هیچ خراپەیەکمان نەکردووە ﴿بَلَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بەڵێ (خراپەتان کردووە) بێگومان خوا ئاگادارە بەو کردەوانەی کەئێوە دەتانکرد ﴿٢٨﴾ ﴿فَٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ﴾ کەواتە لەدەرگاکانی دۆزەخەوە بڕۆنە ژوورەوە ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ تێیدا بمێننەوە بەهەمیشەیی و (هەتاهەتایی) ﴿فَلَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ ئای جێگەی خۆبەگەورەزانان چەندناخۆش و خراپە ﴿٢٩﴾ ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟﴾ وە ووترا بەوانەی کەخۆیان پاراست (لە بێ بڕوایی) ﴿مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُوا۟ خَيْرًا﴾ ئەوە پەروەردگارتان چی ناردۆتە خوارەوە؟ دەڵێن خێرو چاکە ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ﴾ بۆ ئەوانەی کە لەم دونیایەدا چاکەیان کردووە چاکە هەیە ﴿وَلَدَارُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ﴾ و بێگومان جێگای ڕۆژی دوایی چاکترە ﴿وَلَنِعْمَ دَارُ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ وچ خۆشەماڵ و شوێنی پارێزکاران ولەخواترسان ﴿٣٠﴾ ﴿جَنَّٰتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا﴾ بەهەشتانێك جێگای مانەوەی هەمیشەیین کەئەوان دەچنەناوی ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕوبارەکانی دەڕۆن بەژێر (قەسرو درەختەکان)یاندا ﴿لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ﴾ لەوبەهەشتانەدایە ئەوەی بیانەوێ بۆیان ئامادەیە ﴿كَذَٰلِكَ يَجْزِى ٱللَّهُ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ ئابەو جۆرە خوا پاداشتی خۆپارێزەران وخواناسان دەداتەوە ﴿٣١﴾ ﴿ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ﴾ ئەوانەی کەفریشتەکانی (گیان کێشان) گیانیان دەکێشن بەپاکی ﴿يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمُ﴾ (فریشتەکان) دەڵێن سەلامتان لێ بێت ﴿ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەوەی کەدەتانکرد(لەدونیادا) ﴿٣٢﴾ ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئایا (ئەو بێ باوەڕانە) چاوەڕێ ی چی ئەکەن جگە لەوەی فریشتەکان بۆتان بێن و(گیانیان بکێشن) ﴿أَوْ يَأْتِىَ أَمْرُ رَبِّكَ﴾ یان فەرمانی پەروەردگارت بێت (بۆ سزادانیان) ﴿كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوانەی پێش ئەمانیش هەر وەکو ئەمانیان کرد ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ﴾ و خواستەمی لێ نەکردن ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەکرد ﴿٣٣﴾ ﴿فَأَصَابَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُوا۟﴾ لەئاکامدا تۆڵەی ئەو خراپانانەیان تووش بوو کەکردبوویان ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ وە ئەو (سزا)ی کەئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد دەوری دان و هاتەسەریان ﴿٣٤﴾

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ وه ئه‌وانه‌ی هاوبه‌شیان داناوه بۆ خوا ده‌ڵێن ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئه‌گه‌ر خوا بیویستایه ﴿مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ﴾ بێجگه ئه‌و (خوا) هیچ شتێکمان نه‌ده‌په‌رست ﴿نَحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا﴾ نه‌ئێمه‌و نه‌باو و باپیرانمان ﴿وَلَا حَرَّمْنَا﴾ وه حه‌رامامان نه‌ده‌کرد ﴿مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ﴾ هیچ شتێك به‌بێ فه‌رمانی ئه‌و ﴿كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ پێشینانی ئه‌مانیش هه‌ر به‌و جۆره‌یان ده‌کرد ﴿فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ﴾ ئایا پێغه‌مبه‌ران هیچیان له‌سه‌ره بێجگه له‌ڕاگه‌یاندنێکی ﴿ٱلْمُبِينُ﴾ ئاشکرای ((ئایەتی یه‌کتاپه‌رستی)) ﴿۳۵﴾ ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا﴾ سوێند به‌خوا له‌ناو هه‌موو گه‌ل و ئوممه‌تێکدا پێغه‌مبه‌رێکمان ناردووه ﴿أَنِ ٱعْبُدُوا ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا ٱلطَّٰغُوتَ﴾ (که فه‌رمان ده‌که‌ن به‌خه‌ڵکی) به‌وه‌ی ته‌نها خوا بپه‌رستن و دوور که‌ونه‌وه له (په‌رستنی) هه‌رپه‌رستراوێکی تر ﴿فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ﴾ جا خوا هه‌ندێکی له‌و (ئوممه‌تانه) ڕێنموونی کرد ﴿وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ﴾ و هه‌ندێکیشیان (له‌به‌ر خراپیان) گومڕایی یه‌خه‌ی گرتن ﴿فَسِيرُوا فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا﴾ ده‌ی به‌زه‌ویدا بگه‌ڕێن و ته‌ماشاکه‌ن ﴿كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴾ سه‌ر ئه‌نجامی بێ باوه‌ڕان چۆن بوو ﴿۳۶﴾ ﴿إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ﴾ هه‌ر چه‌ند زۆر سووربی له‌سه‌ر ڕێنموونی ئه‌وانه (بێ سوودە) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ﴾ چونکه به‌ڕاستی خوا ڕێنموونی که‌سێك ناکات که (بیه‌وێ) گومڕای بکات ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ هیچ پشتیوانێکیشیان نی یه ﴿۳۷﴾ ﴿وَأَقْسَمُوا بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ﴾ وه ئه‌وانه زۆر توند سوێندیان ده‌خوارد به‌خوا ﴿لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ﴾ (ده‌یان ووت) هه‌رکه‌س بمرێت خوا زیندووی ناکاته‌وه ﴿بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا﴾ به‌ڵێ (زیندووی ده‌کاته‌وه) به‌ڵێنێکی هه‌ق و ڕاستی خوایه ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی نازانن ﴿۳۸﴾ ﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى يَخْتَلِفُونَ فِيهِ﴾ بۆئه‌وه‌ی ڕوونی بکاته‌وه بۆ خه‌ڵکی ئه‌وه‌ی تیایدا جیاوازن ﴿وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا﴾ وه‌تا ئه‌وانه‌ش که بێ باوه‌ڕ بوون بزانن ﴿أَنَّهُمْ كَانُوا كَٰذِبِينَ﴾ که‌به‌ڕاستی ئه‌وان درۆزن بوون ﴿۳۹﴾ ﴿إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَىْءٍ إِذَآ أَرَدْنَٰهُ﴾ به‌ڕاستی کاتێك (زیندووکردنه‌وه وبه‌دیهێنانی هه‌رشتێکمان) بوێت ﴿أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ (ئه‌مه‌یه) که‌پێی ده‌ڵێین ببه ئه‌ویش یه‌کسه‌ر ده‌بێت ﴿۴۰﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا فِى ٱللَّهِ﴾ وه ئه‌وانه‌ی له‌ڕێی خوادا کۆچیان کرد ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا﴾ دوای ئه‌وه‌ی سته‌میان لێ کرا ﴿لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً﴾ بێگومان له‌دونیادا نیشته‌جێ یان ده‌که‌ین زۆر به‌چاکی ﴿وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ وه به‌ڕاستی پاداشتی ڕۆژی دوایی گه‌وره‌تره ئه‌گه‌ر بیان زانیایه ﴿۴۱﴾ ﴿ٱلَّذِينَ صَبَرُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ ئه‌وانه که‌سانێك بوون دانیان به‌خۆیاندا گرت و ته‌نها پشتیان به‌په‌روه‌ردگاریان ده‌به‌ست ﴿۴۲﴾

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ﴾ وە ڕەوانەمان نەکردووە لەپێش تۆ ﴿إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ﴾ بێجگە لە پیاوانێ کە ئێگامان بۆ ناردوون ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ﴾ دەی پرسیار بکەن لەزانایان ﴿إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە نازانن ﴿٤٣﴾ ﴿بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ﴾ لەگەڵ چەندین بەڵگەو پەڕاوی ئاسمانی ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ﴾ وقورئانیشمان بۆ تۆ ناردە ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ﴾ بۆ ئەوەی ڕوونی بکەیتەوە بۆ خەڵکی ئەوەی بۆیان نێردراوەتە خوارەوە ﴿وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بەڵکو بیر بکەنەوە وێ بگەن ﴿٤٤﴾ ﴿أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ دەی ئایا ئەوانەی کەپیلان وخراپەیان کردووە یێ باکن و ناترسن لەوەی ﴿أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ﴾ کەخوا بیان بات بەناخی زەویدا ﴿أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ﴾ یان سزایان بۆ بێت ﴿مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ لەشوێنێکەوە کەهەستی پێ ناکەن ﴿٤٥﴾ ﴿أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ فِي تَقَلُّبِهِمۡ﴾ یان (سزا) بیان گرێت لەکاتی گەڕان و هاتوچۆدا ﴿فَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ﴾ ئێتر ناتوانن خۆیان قوتارکەن ﴿٤٦﴾ ﴿أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ عَلَىٰ تَخَوُّفٖ﴾ یان لەکاتێکدا دەترسن (لەسزادان) لەناویان دەبات ﴿فَإِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان پەروەردگارتان زۆر دڵسۆز ومیهرەبانە ﴿٤٧﴾ ﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ﴾ ئایا ئەوانە نابینن و سەرنج نادەن کە هەرچی خوا دروستی کردووە ﴿يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ﴾ سێبەرەکانیان دەگۆڕێت ﴿عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ﴾ بەلای ڕاست و چەپیاندا ﴿سُجَّدٗا لِّلَّهِ وَهُمۡ دَٰخِرُونَ﴾ بەمل کەچیەوە سوژدە بۆ خوا دەبن ﴿٤٨﴾ ﴿وَلِلَّهِ يَسۡجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە هەر بۆ خوا سوژدە دەبەن ﴿مِن دَآبَّةٖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ﴾ لەگیان لەبەران و فریشتەکان لەهەمان کاتدا خۆشیان بەگەورە دانانێن ﴿٤٩﴾ ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ﴾ لە پەروەردگاریان دەترسن کەلەلای سەرووبانەوەیە ﴿وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٥٠﴾ و هەر فەرمانێکیان پێ بکرێت دەیکەن ﴿٥٠﴾ ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ﴾ خوا فەرمووی دوو پەرستراو بۆ خۆتان دامەنێن ﴿إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ﴾ بێگومان پەرستراو(ی ئێوە) تەنها یەکێکە (کەخوای گەورە وبالادەستە) ﴿فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ﴾ کەواتە هەر لەمن بترسن ﴿٥١﴾ ﴿وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ وە تەنها مولکی خوایە ئەوەی لەئاسمانەکان و لەزەویدایە ﴿وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ﴾ وە گوێڕایەڵی بەردەوام هەر بۆ ئەوە ﴿أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ﴾ دەی ئایا لەغەیری خوا دەترسن؟ ﴿٥٢﴾ ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِ﴾ وە هەر چاکە و بەهرەیەکتان هەیێت ئەوە هەمووی لەخواوەیە ﴿ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ﴾ پاشان کاتێک دووچاری زیان و ناڕەحەتیەک بین ﴿فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ﴾ ئەوە پەناو هاوار هەر بۆلای ئەو دەبەن ﴿٥٣﴾ ﴿ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمۡ﴾ لەپاشان کاتێک ناڕەحەتیەکەی لەسەر لابردن ﴿إِذَا فَرِيقٞ مِّنكُم﴾ کتوپڕ دەستەیەک لە ئێوە ﴿بِرَبِّهِمۡ يُشۡرِكُونَ﴾ هاوبەش بڕیار دەدەن بۆ پەروەردگاریان (وەدەگەڕێنەوە سەر بێ باوەڕی) ﴿٥٤﴾

﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ﴾ (لێیان گەڕێ) با بێباوەڕ وسپڵە بن بەرامبەر ئەوەی پێمان بەخشین ﴿فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ وە (لەدونیادا) ڕابوێرن جا لەمەو دوا دەزانن (چییان لێ دەکەین) ﴿٥٥﴾ ﴿وَيَجْعَلُونَ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ﴾ وە (بت پەرستان) بۆ ئەو (بت)انەی کەهیچ نازانن دادەنێن ﴿نَصِيبًا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ﴾ بەشێك لەوەی کەئێمە پێمان بەخشیوون (لەخواردن و خواردنەوە) ﴿تَاللَّهِ لَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَفْتَرُونَ﴾ سوێند بەخوا پرسیارتان لێ دەکرێت لەسەر ئەو درۆو بوختانەی کەهەڵتان دەبەست ﴿٥٦﴾ ﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ الْبَنَاتِ﴾ ئەو (بت پەرستانە) کچان بۆ خوا دادەنێن (و دەڵێن فریشتەکان کچی خودان) ﴿سُبْحَانَهُ وَلَهُمْ مَا يَشْتَهُونَ﴾ پاك و بێگەردی بۆ خواو بۆ خۆشیان چییان پێ خۆشە (دایدەنێن کە حەزیان لە کورە) ﴿٥٧﴾ ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى﴾ هەرکاتێ یەکێك لەوانە مزگێنی کچی پێ بدرێت ﴿ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ﴾ ڕوی ڕەش دائەگەڕێت و بۆ خۆی پیش دەخواتەوە ﴿٥٨﴾ ﴿يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ﴾ خۆی دەشارێتەوە لەخەڵکی ﴿مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ﴾ لەبەر ئەو مژدە خراپەی پێی دراوە (بەگومانی خۆی) ﴿أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ﴾ ئایا (ئەو کچە) بیهێڵێتەوە بەسەرشۆڕی (ی بەخێوی بکات) ﴿أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ﴾ یان زیندە بەچاڵی کات ﴿أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ بێداربن ئای چەند خراپە ئەو بڕیارەی دەیدەن! ﴿٥٩﴾ ﴿لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ﴾ بۆ ئەوانە هەیە کە بڕوایان بەڕۆژی دوایی نی یە ﴿مَثَلُ السَّوْءِ﴾ نموونەی خراپ ﴿وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الْأَعْلَى﴾ نموونەی هەرە بەرزیش هەر بۆ خوایە ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ وە هەر ئەو (خوا) زاڵی بەدەسەڵاتی کاردروستە ﴿٦٠﴾ ﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ﴾ وە ئەگەر خوا خەڵکی سزا بدایە ﴿بِظُلْمِهِمْ﴾ بەهۆی ستەم (و بێ بڕوایی) یانەوە ﴿مَا تَرَكَ عَلَيْهَا مِنْ دَابَّةٍ﴾ هیچ گیان لەبەرێ (مرۆڤ) یەکی لەسەر (زەویدا) نەدەهێشت ﴿وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى﴾ بەڵام دوایان دەخات تا کاتی دیاری کراو (بۆیان) ﴿فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ﴾ جا کاتێك کاتی دیاری کراویان هات (ڕۆژیان تەواو بوو) ﴿لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً﴾ هیچ کات و ساتێك دواناکەون ﴿وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ و پێشیش ناکەون ﴿٦١﴾ ﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ﴾ وە ئەوان شتێ بۆ خوا دادەنێن کەخۆیان حەزی لێ ناکەن ﴿وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ﴾ وە زمانیان بەدرۆ دەڵێ ﴿أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَى﴾ کەبێگومان پاداشتی زۆر چاك هەر بۆ ئەوانە ﴿لَا جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ النَّارَ وَأَنَّهُمْ مُفْرَطُونَ﴾ ڕاستە وگومانی تێدا نی یە (پاداشتی) ئەوانە هەر ئاگری (دۆزەخ)ە و زوو بەپەلە دەبرێن (بۆی) ﴿٦٢﴾ ﴿تَاللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِنْ قَبْلِكَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ سەر گەلانی پێش تۆ ﴿فَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ﴾ جاشەیتان کردەوە (خراپەکان) یانی بۆ ڕازاندنەوە ﴿فَهُوَ وَلِيُّهُمُ الْيَوْمَ﴾ بۆیە ئەمڕۆ (شەیتان) پشتیوانیانە ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆ ئەوانە سزای سەختی بەئازار هەیە ﴿٦٣﴾ ﴿وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ﴾ وە ئێمە قورئانمان نەناردۆتە خوارەوە بۆت ﴿إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ﴾ مەگەر بۆ ئەوەی ڕوونی بکەیتەوە بۆ خەڵکی ﴿الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ﴾ ئەوەی کەتێیدا جیاواز بوون ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ وە تاڕێنمووئی و میهرەبانیش بێت بۆ کەسانێ کەباوەڕ دێنن ﴿٦٤﴾

﴿وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ وە خوا لەئاسمانەوە بارانی باراندووە ﴿فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ﴾ جا بەو (بارانە) زەوی زیندوو کردەوە دوای ئەوەی کەمردبوو ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەمەدا ﴿لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ﴾ نیشانە و بەڵگەیەکی ڕوون هەیە بۆ کەسانێك کە(ڕاستی) دەبیستن ﴿٦٥﴾ ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً﴾ وە بەڕاستی لەئاژەڵ و مالاتیشدا بۆ ئێوە پەند و ئامۆژگاری هەیە ﴿نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهِۦ﴾ لەوەی لەناو سکی دایە بەئێوەی دەنۆشین ﴿مِنۢ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ﴾ لەنێوان سڕوان (پیسی) و خوێندا شیرێکی پاکی بێ خەوشتان پێ دەنۆشێت ﴿٦٦﴾ ﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ﴾ وە لەبەرو بوومەکانی دار خورما و ڕەزەکانیش ﴿تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا﴾ (خواردنەوەی) سەر خۆشکەری لێ دروست دەکەن ﴿وَرِزْقًا حَسَنًا﴾ وەڕۆزی و بژێوی پاك و چاکیشی (لێ دروست دەکەن وەك مێوژ و دۆشاو) ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ بەڕاستی لەوەدا نیشانە هەیە بۆ کەسانێك کەتێدەگەن ﴿٦٧﴾ ﴿وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ﴾ وە پەروەردگارت سرووش (ئیلهامی) کرد بۆ هەنگ ﴿أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا﴾ کە لەچیاکاندا خانوو (بۆ خۆت) ساز بدە ﴿وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ﴾ و لە(کونی) دارو دەختەکان لەو (شوێن)انەی کەخەڵکی دروستی دەکەن (بۆی) ﴿٦٨﴾ ﴿ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ پاشان لەهەموو بەرو بوومێك بمژە ﴿فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا﴾ ئەوسا ئەو ڕێگایانەی پەروەردگارت بگرە بەر بەمل کەچی ﴿يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا﴾ لەسکی ئەو (هەنگانەوە) دێتە دەر ﴿شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ﴾ خواردنەوەیەك (هەنگوین) کەڕەنگەکانی جیاوازە ﴿فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ﴾ کەشیفای تێدایە بۆ خەڵکی ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بێگومان لەوەدا نیشانەی گەورە هەیە بۆ کەسانێك کەبیر دەکەنەوە ﴿٦٩﴾ ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمْ﴾ بێگومان خوا ئێوەی دروست کردووەو پاشان دەتان مرێنێت ﴿وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ﴾ وە هەندێك لەئێوە (زۆر پیر دەبێ تا) دەگەڕێنرێتەوە بۆ لاوازترینی تەمەن ﴿لِكَىْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْـًٔا﴾ بۆ ئەوەی لەپاش زانین هیچ شتێك نەزانێت (هەموو شتێکی لەبیر بچێتەوە) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا زانای بەتوانایە ﴿٧٠﴾ ﴿وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ فِى ٱلرِّزْقِ﴾ وە خوا فەزڵی هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکتاندا لە(پێدانی) ڕزق و ڕۆزی دا ﴿فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُوا۟ بِرَآدِّى رِزْقِهِمْ عَلَىٰ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ﴾ جائەوانەی کەفەزڵی خودایان بەسەرەوەیە وڕزق وڕۆزیان زۆرە بەشی بەندەکانی لێ نادەن ﴿فَهُمْ فِيهِ سَوَآءٌ﴾ تابەهۆی ئەوەوە ئەوان(بەندەکان و) ئەمان یەکسان بن تێیدا ﴿أَفَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾ دەی ئایا ئەوانە ئینکاری چاکەو نیعمەتەکانی خوا دەکەن؟ ﴿٧١﴾ ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا﴾ وە خوا لەڕەگەزی خۆتان هاوسەری بۆ بەدی هێناون ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً﴾ وە لەژن و هاوسەرەکانتان کوڕو نەوەی بۆ فەراهەم هێناون ﴿وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ وە ڕزق وڕۆزی پاك و خۆشی پێدا وون ﴿أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ﴾ دەی ئایا ئەوان هەر بەناهەق و بەتاڵ باوەڕ دێنن ﴿وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ﴾ وە بەچاکەو نیعمەتەکانی بێ باوەڕ و سپڵەن ﴿٧٢﴾

﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا﴾ ئەوان لەجیاتی خوا شتانێ دەپەرستن ﴿لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا﴾ کەخاوەنی هیچ
ڕزق و ڕۆزیەکی ئەوان نین ﴿مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا﴾ نەلە ئاسمانەکان و نە لەزەویدا ﴿وَلَا
يَسْتَطِيعُونَ﴾ و ناشتوانن (ڕۆزیان بدەن) ﴿٧٣﴾ ﴿فَلَا تَضْرِبُوا۟ لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ﴾ کەواتە وێنە بۆ خوا مەهێننەوە
﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ بەڕاستی خوا دەزانێت و ئێوە نازانن ﴿٧٤﴾ ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا﴾
خوا نموونەی هێناوەتەوە بەبەندەیەکی خاوەن دار ﴿لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ﴾ کەتوانای بەسەر هیچ شتێکدا نیە
﴿وَمَن رَّزَقْنَٰهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا﴾ لەگەڵ کەسێکی (باوەڕدار) کەڕزق و ڕۆزی چاکمان پێ دابێت لەلایەن
خۆمانەوە ﴿فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا﴾ ئەویش لەو (ڕۆزیە)ی بەبەخشێت بەنهێنی و ناشکرا ﴿هَلْ
يَسْتَوُۥنَ﴾ ئایا ئەو دووانە یەکسانن ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ سوپاس و ستایش بۆ خوا ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾
بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٧٥﴾ ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيْنِ﴾ وە هەروەها خوا نموونەی هێناوەتەوە بەدوو
پیاو ﴿أَحَدُهُمَآ أَبْكَمُ لَا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَىْءٍ﴾ یەکێکیان لاڵی زگماکی یە کەتوانای بەسەر هیچ شتێکدا نییە
﴿وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوْلَىٰهُ﴾ و ئەو (پیاوە) ئەرك و بارە بەسەر خاوەنەکەیەوە ﴿أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ﴾ بەرەو
هەرشوێنێك بینێرێ هیچ خێرو چاکەیەك ناهێنێتەوە ﴿هَلْ يَسْتَوِى هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ﴾ ئایا ئەو کەسە
یەکسانە لەگەڵ کەسێك فەرمان بەداد گەری بدات ﴿وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ و ئەو (کەسە) لەسەر
ڕێگەیەکی ڕاست بێت ﴿٧٦﴾ ﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وە هەر بۆ خوایە نهێنی و پەنهانیەکانی
ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ﴾ وە هاتنی ڕۆژی دوایش (بەلای خواوە) ﴿إِلَّا كَلَمْحِ
ٱلْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾ هەر وەکو چاو تروکانێك وایە یان نزیك تر لەوەش ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ﴿٧٧﴾ ﴿وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ﴾
خوا ئەو خوایە یە کە ئێوەی لەسکی دایکتان دەرهێناوە ﴿لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا﴾ کە هیچتان نەدەزانی
﴿وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ﴾ وە (خوا) گوێ و چاو و دڵی پێدان ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾
بۆ ئەوەی سوپاسی (خوا) بکەن ﴿٧٨﴾ ﴿أَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ﴾ ئایا ئەوان سەرنجی باڵندەیان نەداوە؟
﴿مُسَخَّرَٰتٍ فِى جَوِّ ٱلسَّمَآءِ﴾ کەچۆن لەهەوای ئاسماندا ڕام هێناون ﴿مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ بێجگە لەخوا
کێ ڕایان دەگرێت (بەو ئاسمانەوە) ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بەڕاستی لەو (ڕاگیرکردنە) دا
چەند نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ ئەوانەی باوەڕدێنن ﴿٧٩﴾

﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِّنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا﴾ وە خوا مالّە کانتانی کردووە بەجێی دانیشتن و حەوانەوە ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلْأَنْعَٰمِ بُيُوتًا﴾ وە لەپێستی ئاژەڵیش دەوارو ڕەشمالّی بۆ فەراهەم هێناون ﴿تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ﴾ (هەڵدەدرێت و دەگوێزرێتەوە) بە ئاسانی لەڕۆژی کۆچ و بارکردنتانداو لەڕۆژی مانەوەو نیشتەجێ بونتاندا ﴿وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا﴾ وە(سازاندویەتی بۆتان)لەخوری و کولّکی (ئەو ئاژەڵانە) ﴿وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا﴾ وە لە مووەکانیان شتومەکی ناومالّ کەکەڵکی لێ وەردەگرن ﴿إِلَىٰ حِينٍ﴾ تا ماوەیەك ﴿٨٠﴾ ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا﴾ وە خوا لەوەی کەدروستی کردووە سێبەری زۆری ڕەخساندووە بۆتان ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْجِبَالِ أَكْنَٰنًا﴾ وە لەچیاکاندا پەناگا وئەشکەوتی بۆ بەدی هێناون ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ﴾ وە سازیداوە بۆتان جل وپۆشاکێك کەدەتان پارێزێ لەگەرما ﴿وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ﴾ هەروەها جل وپۆشاکێك کە لەکاتی جەنگدا دەتان پارێزێت (لەدوژمنان) ﴿كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ﴾ ئا بەو جۆرە چاکەو نیعمەتەکانی خۆی تەواو دەکات بەسەرتانەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ﴾ بۆ ئەوەی مل کەچ و موسوڵمان ببن ﴿٨١﴾ ﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ﴾ ئەوسا ئەگەر ئەوان ڕوویان وەرگێڕا ئەوە بێگومان ئەوەی لەسەر تۆیە تەنها ﴿ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ﴾ ڕاگەیاندنی ئاشکرای (ئایەنەکەتە) ﴿٨٢﴾ ﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ﴾ ئەوانە بەهرەکانی خوا دەناسن (و دەزانن) ﴿ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾ پاشان ئینکاری دەکەن ﴿وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ وە زۆربەی ئەوانە هەر بێ باوەڕن ﴿٨٣﴾ ﴿وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا﴾ وە ڕۆژێك دێ ئێمە لەهەر ئوممەتێك شایەتێك (پێغەمبەرێك) یان بۆ دەنێرین ﴿ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوسا مۆڵەت نادرێت بەوانەی باوەڕیان نەهێناوە ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ بیانوشیان لێ وەرناگیرێت ﴿٨٤﴾ ﴿وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ وە کاتێ ئەوانەی ستەمیان کردووە وسزای دۆزەخ دەبینن ﴿فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ نەسزاکەیان لەسەر سووك دەکرێت نەمۆڵەتیش دەدرێن ﴿٨٥﴾ ﴿وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ شُرَكَآءَهُمْ﴾ وە کاتێك ئەوانەی کەهاوبەشیان داناوە بەرستراوەکانیان دەبینن ﴿قَالُوا۟﴾ دەڵێن ﴿رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئەوانە پەرستراوەکانمانن ﴿ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوا۟ مِن دُونِكَ﴾ کە ئێمە هاوارمان لێ نەکردن لەجیاتی تۆ ﴿فَأَلْقَوْا۟ إِلَيْهِمُ ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ﴾ ئەمجا ئەو (پەرستراوانە) ووتەیان ئاڕاستە دەکەن (و دەڵێن) بەڕاستی ئێوە ﴿لَكَٰذِبُونَ﴾ درۆزنن ﴿٨٦﴾ ﴿وَأَلْقَوْا۟ إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ﴾ وە لەو ڕۆژەدا هەموو گوێڕایەڵی و ملکەچی ئەنوێنن بۆ خوا ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ وە وون دەبێت لێیان ئەو درۆیانەی کەهەڵیان دەبەست (لەدونیادا) ﴿٨٧﴾

﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون و بەرگری خەڵکیشیان کردووە لەڕێگەی خوا ﴿زِدْنَٰهُمْ عَذَابًا فَوْقَ ٱلْعَذَابِ﴾ جگە لە سزا کەی خۆیان سزایان بۆ زیاد دەکەین ﴿بِمَا كَانُوا۟ يُفْسِدُونَ﴾ لەبەر ئەوەی کەخراپەکاریان دەکرد ﴿٨٨﴾ ﴿وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِى كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا﴾ وە ئەو ڕۆژەی کەئێمە لە هەر ئومەتێك شایەتێك (پێغەمبەرێك) دەنێرین ﴿عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ﴾ بۆسەریان لەخۆیان (کەشایەتیان لێ بدات) ﴿وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ وە تۆش دەهێنین (ئەی موحەممەد ﷺ) بەشایەت لەسەر ئەوانە ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ وە ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە بۆت ﴿تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾ کەڕوون کەرەوەیە بۆ هەموو شتێك ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ﴾ وەڕێنموونی ومیهرەبانی و مژدەیە بۆ موسڵمانان ﴿٨٩﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ﴾ بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بەدادگەری و بەچاکە ﴿وَإِيتَآئِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ و بە بەخشین بەخزم و خوێش ﴿وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْىِ﴾ وە (خوا) بەرگری دەکات لەداوێن پیسی و خراپە و دەست درێژی ﴿يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی پەند وەرگرن و بیربکەنەوە ﴿٩٠﴾ ﴿وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمْ﴾ وە بەڵێنی خوا بەجێ بێنن کاتێ کەبەڵێن دەدەن ﴿وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلْأَيْمَٰنَ﴾ و بەڵێن وپەیمانەکانتان مەشکێنن ﴿بَعْدَ تَوْكِيدِهَا﴾ لەپاش بەستن ودووپاتکردنەوەیان ﴿وَقَدْ جَعَلْتُمُ ٱللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا﴾ لەکاتێکدا خواتان کردووە بەشایەت و چاودێر بەسەر خۆتانەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ بەڕاستی هەرچی دەکەن خوا دەیزانێت ﴿٩١﴾ ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّتِى نَقَضَتْ غَزْلَهَا﴾ وەك ئەو (ئافرەتە) مەبن کەڕیسەکەی کردەوە بەخوری ﴿مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثًا﴾ لەپاش بادان وڕستن و شەتەك دانی ﴿تَتَّخِذُونَ أَيْمَٰنَكُمْ دَخَلًۢا بَيْنَكُمْ﴾ سوێندو پەیمانەکانتان دەکەن بەهۆی ناپاکی و فڕو فێڵ لەنێوانتاندا ﴿أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِىَ أَرْبَىٰ مِنْ أُمَّةٍ﴾ لەبەر ئەوەی دەستەو کۆمەڵێك زۆرترو بەهێز تر لەدەستەو کۆمەڵێکی تر ﴿إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ ٱللَّهُ بِهِۦ﴾ خوا بەوە تاقیتان دەکاتەوە ﴿وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وە سوێند بەخوا لەڕۆژی دواییدا بۆتان ڕوون دەکاتەوە ﴿مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ ئەوەی کەئێوە تیایدا جیاواز بوون ﴿٩٢﴾ ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ وە ئەگەر خوا بیویستایە ئێوەی دەکرد بەیەك ئوممەت ﴿وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ﴾ بەڵام (خوا) هەر کەسێکی بوێت گومڕای دەکات (بەهۆی سەرکەشی خۆیەوە) ﴿وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾ هەر کەسێکیشی بوێت ڕێنموونی دەکات ﴿وَلَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ وە سوێند بەخوا پرسیارتان لێ دەکرێت لەوەی کەدەتانکرد ﴿٩٣﴾

﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ﴾وە سوێند و پەیمانتان مەکەن بەهۆی ﴿دَخَلًۢا بَيْنَكُمْ﴾غەدرو ناپاکی لەنێوان یەکتردا ﴿فَتَزِلَّ قَدَمٌۢ بَعْدَ ثُبُوتِهَا﴾ تا پێ لەپاش جێگیر بوونی (لەسەر باوەڕ) هەڵنەخلیسکێ ﴿وَتَذُوقُوا۟ ٱلسُّوٓءَ﴾و سزاو نارەحەتی نەچەژن ﴿بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾بەهۆی بەرهەڵستی کردنتان لەڕێبازی خوا ﴿وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (ئەگەر وابن) سزای زۆر گەورەتان بۆ دەبێت ﴿٩٤﴾ ﴿وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِعَهْدِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ وە بەڵێن و پەیمانی خوا بەنرخێکی کەم مەگۆڕنەوە ﴿إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾بەڕاستی ئەوەی کەلای خوا هەیە چاکترە بۆتان ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ئەگەر ئێوە بزانن ﴿٩٥﴾ ﴿مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ﴾(چونکە) هەرچی لای ئێوەیە تەواو دەبێت ئەفەوتێت ونامێنێت بەڵام ئەوەی لای خوایە هەر دەمێنێت ﴿وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓا۟ أَجْرَهُم﴾سوێند بەخوا ئەوانەی کە بەئارام بوون پاداشتیان دەدەینەوە ﴿بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾بەپاداشتی چاکتر لە کردەوەکانیان ﴿٩٦﴾ ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ﴾هەرکەس لەنێر یان لەمێ کردەوەی چاکی کردبێت وبیکات ﴿وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾و بڕواداریش بوو بێت ئەوە سوێند بەخوا بەژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین ﴿وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ﴾و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بەچاکتر ﴿مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ لەوەی کەئەوان دەیانکرد ﴿٩٧﴾ ﴿فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ﴾(ئەی موحەممەد ﷺ) کاتێك ویستت قورئان بخوێنی ﴿فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾پەنا بگرە بەخوا لەشەیتانی نەفرین لێکراو و دەرکراو لەبەزەیی خوا ﴿٩٨﴾ ﴿إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ﴾بەڕاستی ئەو(شەیتان) دەسەڵاتی نی یە ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بەسەر ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ وتەنها پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن ﴿٩٩﴾ ﴿إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ﴾تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە ﴿يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ﴾ کە ئەو(شەیتان) دەکەنە دۆست پشتیوانی خۆیان و ئەوانەی بەهۆی ئەوەوە بوونەتە هاوەڵدانەر ﴿١٠٠﴾ ﴿وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً مَّكَانَ ءَايَةٍ﴾هەر کاتێك ئایەتێك لەجێی ئایەتێکی تردا دابەزێنین ﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ﴾وە خوا چاکتر دەزانێ چی دەنێرێتە خوارەوە ﴿قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مُفْتَرٍۭ﴾ دەڵێن تۆ لە خۆتەوە درۆ هەڵدەبەستی بەناوی خواوە ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾(وانیە) بەڵکو زۆر بەیان هیچ نازانن ﴿١٠١﴾ ﴿قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ﴾بڵێ جوبرەئیل دایبەزاندوە ﴿مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ﴾لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڕاستی ﴿لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾تا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەدامەزراویان بکات ﴿وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ﴾و ڕێنموونی و موژدەش بێت بۆموسوڵمانان ﴿١٠٢﴾

﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە دەزانین کەئەو (بێ باوەڕانە) دەڵێن ﴿إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ﴾ هەر ئادەمی یە (ئەم قورئانەی) فێری (موحەممەد) دەکات (مەبەستیان کابرایەکی ڕۆمی بوو) ﴿لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ﴾ کەچی زمانی ئەو کەسەی ئەوەی دەدەنەپاڵ عەجەمی یە ﴿وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ﴾ و ئەم (قورئانە)ش بەزمانی عەرەبی پاراو و ڕوون (دابەزیوە) ﴿١٠٣﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەبڕوایان بەئایەتەکانی خوا نی یە ﴿لَا يَهْدِيهِمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ خوای گەورە ڕێنموونیان ناکات، وسزای سەختی بۆ ئامادەکردوون ﴿١٠٤﴾ ﴿إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ﴾ بێگومان تەنها ئەوانە درۆهەڵدەبەستن بەناوی خواوە ﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ کەباوەڕیان بەئایەتەکانی خوا نی یە ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴾ وهەر خۆیان درۆزنن ﴿١٠٥﴾ ﴿مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إِيمَانِهِ﴾ ئەو کەسەی بێ باوەڕ بێ بەخوا لەپاشان باوەڕهێنانی ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ﴾ مەگەر کەسێك زۆری لێ کرا بێت ﴿وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ﴾ و دڵیشی دامەزراو ئارام بێت بەباوەڕ ﴿وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا﴾ بەڵام کەسێ دڵی خۆش و شادمان بێت بەبێ باوەڕی ﴿فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ اللَّهِ﴾ ئەوە بەر خەشم و قینی خوا کەوتوون ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ و سزای گەورەیان دەبێ ﴿١٠٦﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ﴾ ئەم (هەڕەشەیە) لەبەر ئەوەیە بەڕاستی ئەوانە ﴿اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ﴾ ژیانی دونیا یان لا خۆشەویستر بوو لەژیانی ڕۆژی دوایی ﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ وەبەڕاستی خوا ڕێنموونی کەسانی بێ باوەڕ ناکات ﴿١٠٧﴾ ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿طَبَعَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ ﴿وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ﴾ و بەسەر گوێ و چاویاندا ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ وە هەر ئەوانەن بێ ئاگایان ﴿١٠٨﴾ ﴿لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الْآخِرَةِ﴾ ڕاستە و بێگومان ئەوانە لەڕۆژی دواییدا ﴿هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ هەر ئەوان زەرەرمەندن ﴿١٠٩﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا﴾ پاشان بەڕاستی پەروەردگارت بۆ ئەوانەی کۆچیان کردوە ﴿مِن بَعْدِ مَا فُتِنُوا ثُمَّ جَاهَدُوا﴾ لەپاش ئەوەی سزا دران پاشان جیهاد و تێ کۆشانیان کرد ﴿وَصَبَرُوا إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا﴾ و بەئارام بوون بێگومان پەروەردگارت لەدوای ئەوە ﴿لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ لێ بوردەی میهرەبانە (بۆیان) ﴿١١٠﴾

﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ﴾ لەڕۆژێکدا کەهەموو کەسێك دێت ﴿تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا﴾ بەرگری لەخۆی دەکات ﴿وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ﴾ وە هەموو کەسێك هەرچی کردبێت پاداشتی تەواوی وەردەگرێ ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ و ئەوان ستەمیان لێ ناکرێت ﴿٧٥﴾ ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً﴾ خوا نموونەی هێناوەتەوە بە(خەڵکی) گوند و شارێك ﴿كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً﴾ کە هێمن و دڵنیا بوون ﴿يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا﴾ رزق و ڕۆزی زۆری بۆ دەهات ﴿مِّن كُلِّ مَكَانٍ﴾ لەهەموو شوێنێکەوە ﴿فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ﴾ کەچی بەرانبەر چاکە و نیعمەتەکانی خوا ناسوپاس و سپلە بوون ﴿فَأَذَاقَهَا اللَّهُ﴾ جا خوا بەو هۆیەوە کردی بەبەر (خەڵکە کە)یدا ﴿لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ﴾ پۆشاکی برسێتی و ترس و بیم ﴿بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾ لەبەر ئەو کردەوانەی کەدەیانکرد ﴿١١٢﴾ ﴿وَلَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی پێغەمبەرێکیان لەخۆیان بۆهات ﴿فَكَذَّبُوهُ﴾ کەچی باوەڕیان پێ نەهێنا ﴿فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ وَهُمْ ظَالِمُونَ﴾ جا سزا گرتنی لەکاتێکدا ستەم کاربوون ﴿١١٣﴾ ﴿فَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ﴾ جا لەو بژێویەی خوا پێ ی بەخشیوون بخۆن ﴿حَلَالًا طَيِّبًا﴾ کەحەڵاڵ و پاکە ﴿وَاشْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ﴾ و سوپاسی چاکەو نیعمەتی خوا بکەن ﴿إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ ئەگەر ئێوە هەر ئەو دەپەرستن ﴿١١٤﴾ ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ﴾ بێگومان (خوا) ئەوەی حەرامی کردووە لەسەرتان تەنها مردارەوە بوو ﴿وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ﴾ وخوێن وگۆشتی بەراز ﴿وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ و ئەوەی (کەسەربراوەو) ناوی غەیری خوای لێ هێنراوە ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ﴾ بەڵام هەر کەسێك ناچار بوو(لەو حەرامانە بخوات) بێ دەست درێژی و زیادەڕۆی ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خوا لێ بوردەی میهرەبانە ﴿١١٥﴾ ﴿وَلَا تَقُولُوا﴾ وە لەخۆتانەوە نەڵێن ﴿لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ﴾ ئەوەی کەبەزمانتاندا دێت بەدرۆ ﴿هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ﴾ ئەوە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە ﴿لِّتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ﴾ بۆ ئەوەی درۆ هەڵبەستن بەدەم خواوە ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی درۆ هەڵدەبەستن بەناوی خواوە ﴿لَا يُفْلِحُونَ﴾ ڕزگار نابن ﴿١١٦﴾ ﴿مَتَاعٌ قَلِيلٌ﴾ (لە دونیادا) ڕابوردنێکی کەم (یان دەبێ) ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (لەدوا ڕۆژدا) سزای سەختیان بۆ هەیە ﴿١١٧﴾ ﴿وَعَلَى الَّذِينَ هَادُوا﴾ وە لەسەر ئەوانەی کەجوولەکە بوون ﴿حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ﴾ حەرامممان کرد (لێیان) ئەوەی کەباسمان کردوە بۆت ﴿مِن قَبْلُ﴾ لەپێش (دابەزینی ئەم ئایەتە) ﴿وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ﴾ وە ئێمە ستەممان لێ نەکردن ﴿وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەکرد ﴿١١٨﴾

﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ﴾ پاشان بەڕاستی پەروەردگارت بۆ ئەوانەی ﴿عَمِلُوا السُّوءَ بِجَهَالَةٍ﴾ خراپەیان کردووە بەنەفامی ﴿ثُمَّ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ پاشان دوای ئەوە گەڕاونەتەوە و تۆبەیان کردووە ﴿وَأَصْلَحُوا﴾ وکرداری خۆیان چاك کردووە ﴿إِنَّ رَبَّكَ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت ﴿مِنْ بَعْدِهَا﴾ لە پاش ئەوانە ﴿لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ لێبوردەی میهرەبانە ﴿١١٩﴾ ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ﴾ بەڕاستی ئیبراهیم ﴿كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ﴾ (بۆ خۆی) ئومەتێك بوو گوێڕایەڵ وفەرمانبەردار بۆ خوا ﴿حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ لا دەربوو لەهەموو ئاینێکی ناهەق و هەرگیز لەهاوبەشدانەران نەبووە ﴿١٢٠﴾ ﴿شَاكِرًا لِأَنْعُمِهِ﴾ شوکرانە بژێری (خوا) بووە لەبەرامبەر نازو نیعمەتەکانیدا ﴿اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ ئەویش هەڵی بژارد و ڕێگەی ڕاستی نیشان دا (کەئیسلامە) ﴿١٢١﴾ ﴿وَآتَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً﴾ وە ئێمە لە دونیادا نیعمەت و بەهرەی چاکمان پێ بەخشی ﴿وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ﴾ وە بەڕاستی ئەو لەڕۆژی دوایشدا لەڕیزی چاکاندایە ﴿١٢٢﴾ ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ﴾ پاشان نیگامان بۆ کردیت ﴿أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ﴾ کەپەیڕەوی ئایینی ئیبراهیم بکە ﴿حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ چونکە پاك و ڕاست بوو بەهیچ جۆرێ لەهاوبەشدانەران نەبوو ﴿١٢٣﴾ ﴿إِنَّمَا جُعِلَ السَّبْتُ عَلَى الَّذِينَ﴾ بێگومان (ڕێزگرتنی) ڕۆژانی شەممە تەنها لەسەر ئەوانە دانرا ﴿اخْتَلَفُوا فِيهِ﴾ کەجیاواز بوون تیایدا ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ﴾ وە بەڕاستی پەروەردگارت ﴿لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ﴾ دادوەری دەکات لەنێوانیاندا ﴿يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لەڕۆژی دواییدا ﴿فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەوەی کەئەوان تیایدا جیاواز بوون ﴿١٢٤﴾ ﴿ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ﴾ (خەڵکی) بانگ بکە بۆ ڕێبازی پەروەردگارت ﴿بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ﴾ بە دانایی وبە ئامۆژگاری جوان و چاك و شیرین ﴿وَجَادِلْهُمْ﴾ وە لەگەڵیان بدوێ (موجادەلەبکە) ﴿بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ بەچاکترین شێوە ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ﴾ بێگومان پەروەردگارت خۆی چاك دەزانێ ﴿بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ﴾ بەوانەی گومڕا بوون ولایاندا وە لەڕێگاکەی ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ وە هەر خۆشی زانایە بەوانەی لەسەر ڕێگای ڕاستن ﴿١٢٥﴾ ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ﴾ وە ئەگەر تۆڵەتان سەندەوە ﴿فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ﴾ ئەوە بەئەندازەی ئەو ستەمەی دژتان کراوە تۆڵە بکەنەوە ﴿وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ﴾ وە ئەگەر ئارام بگرن ﴿لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ﴾ ئەوە باشترە بۆ ئارام گران ﴿١٢٦﴾ ﴿وَاصْبِرْ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) دان بەخۆتدا بگرە ﴿وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ﴾ ئارام گرتنەکەشت هەر بە(یارمەتی) خوایە ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾ و خەفەتیان بۆ مەخۆ ﴿وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ﴾ و بەو فێڵ و پیلانانەش دەیکەن دڵ تەنگ مەبە ﴿١٢٧﴾ ﴿إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەوانەیە کە خۆیان پاراستووە (لە تاوان) ﴿وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ﴾ هەروەها لەگەڵ ئەوانەشدایە کە خێرخواز وچاکەکارن ﴿١٢٨﴾

سوره‌تی ﴿ الإسراء ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ﴾ پاك و بێگه‌ردی بۆ ئه‌وزاته‌ی که شه‌وڕه‌وی کرد ﴿بِعَبْدِهِ لَيْلًا﴾ به به‌نده‌ی خۆی له شه‌وێکدا ﴿مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ له مزگه‌وتی حه‌رامه‌وه (له‌شاری مه‌ککه) ﴿إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى﴾ بۆ مزگه‌وتی (الاقصی) له (بیت المقدس) ﴿الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ﴾ که ده‌ورو به‌ریمان پیرۆز و فه‌ردار کردووه ﴿لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی هێندێك له به‌لگه‌و نیشانه ڕوونه‌کانی خۆمانی نیشان بده‌ین ﴿إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌و بیسه‌ری بینایه ﴿١﴾ ﴿وَآتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ وه ته‌وراتیشمان به‌خشی به مووسا ﴿وَجَعَلْنَاهُ هُدًى لِبَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ وه ئه‌و(ته‌وراته)مان کرده هۆی ڕێنموونی بۆ نه‌وه‌ی ئیسرائیل ﴿أَلَّا تَتَّخِذُوا مِنْ دُونِي وَكِيلًا﴾ (پێمان ووتن) که بێجگه له من که‌س مه‌که‌نه پشتیوانی خۆتان ﴿٢﴾ ﴿ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ﴾ (ئه‌ی) نه‌وه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی که‌له گه‌ڵ نووح (له که‌شتیدا) هه‌ڵمان گرتن ﴿إِنَّهُ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا﴾ به‌ڕاستی نووح به‌نده یه‌کی زۆر سوپاس گوزار بوو ﴿٣﴾ ﴿وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ﴾ نه‌وه‌کانی ئیسرائیلمان ئاگادار کردو هه‌والمان پێدان له‌نامه‌که‌یاندا ﴿لَتُفْسِدُنَّ فِي الْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ﴾ که سوێند به‌خوا ئێوه خراپه‌کاری ده‌که‌ن له‌زه‌وی دا دووجار ﴿وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا﴾ و بێگومان به‌رز ده‌بنه‌وه‌و زاڵ ده‌بن (به‌سه‌ر خه‌ڵکی دا) به‌به‌رز بونه‌وه‌یه‌کی زۆر گه‌وره ﴿٤﴾ ﴿فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ أُولَاهُمَا﴾ جا کاتێك یه‌که‌مین به‌ڵێن (له‌و دووانه) هات (که‌به‌ڵێنتان پێدراوه) ﴿بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَنَا﴾ ده‌ینێرینه سه‌رتان چه‌ند به‌نده‌یه‌کی خۆمان ﴿أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ﴾ که خاوه‌نی ده‌ست وه‌شاندنێکی به‌تینن له‌جه‌نگ دا ﴿فَجَاسُوا خِلَالَ الدِّيَارِ﴾ ئه‌مجا ئه‌وانه ده‌گه‌ڕێن به‌ناو وو‌ڵاته‌که‌تاندا ﴿وَكَانَ وَعْدًا مَفْعُولًا﴾ وه ئه‌وه به‌ڵێنێکی به‌دی هێنراو بوو ﴿٥﴾ ﴿ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ﴾ له‌پاشان جارێکی تر ئێوه به‌سه‌ریاندا زاڵ ده‌که‌ینه‌وه ﴿وَأَمْدَدْنَاكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ﴾ وه دارایی وکوڕی زۆرتان پێ ده‌به‌خشین ﴿وَجَعَلْنَاكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا﴾ وه له‌شکر و که‌ستان (له جاری پێشوو) زۆرتر ده‌که‌ین ﴿٦﴾ ﴿إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه چاکه بکه‌ن ئه‌وا چاکه بۆ خۆتان ده‌که‌ن ﴿وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا﴾ وه ئه‌گه‌ر خراپه‌ش بکه‌ن ئه‌وا (سزاکه‌ی) هه‌ر بۆ خۆتانه ﴿فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ﴾ جا کاتێ به‌ڵێنی (سزا و تۆڵه‌ی) دووهه‌م هات ﴿لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی په‌ژاره و خه‌فه‌ت به‌ڕوخسارتانه‌وه ده‌رکه‌وێت ﴿وَلِيَدْخُلُوا الْمَسْجِدَ﴾ وه بۆ ئه‌وه‌ی بچنه‌وه ناو مزگه‌وتی ئه‌قصاوه ﴿كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ هه‌رچۆنێك له‌جاری یه‌که‌مدا چوونه ناویه‌وه ﴿وَلِيُتَبِّرُوا مَا عَلَوْا تَتْبِيرًا﴾ وه بۆئه‌وه‌ی وێرانی بکه‌ن به‌وێران کردنێکی گه‌وره ﴿٧﴾

﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْ﴾ ئومێد وایه‌ به‌روه‌ردگارتان ڕه‌حمتان پێ بکات (ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ لای خوا) ﴿وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا﴾ ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێنه‌وه‌ (بۆ سه‌ر تاوان) ئێمه‌ش ده‌گه‌ڕێینه‌وه‌ (بۆ سزادانتان) ﴿وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا﴾ وه‌ دۆزه‌خمان کرد به‌ به‌ندیخانه‌ بۆ بێ باوه‌ڕان ۸ ﴿إِنَّ هَٰذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي﴾ به‌ڕاستی ئه‌م قورئانه‌ ڕێنموونی ده‌کات ﴿لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ﴾ بۆ ڕێبازو به‌رنامه‌یه‌ك که‌ڕاست ترینه‌ ﴿وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ﴾ و موژده‌ش ده‌دات به‌و باوه‌ڕدارانه‌ی ﴿يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ﴾ که‌ کرده‌وه‌ چاکه‌کان ده‌که‌ن ﴿أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا﴾ که‌ به‌ڕاستی پاداشتی گه‌وره‌یان بۆ هه‌یه ۹ ﴿وَأَنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ وه‌ به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی که‌باوه‌ڕیان نیه ﴿بِالْآخِرَةِ﴾ به‌ڕۆژی دوایی ﴿أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ سزایه‌کی سه‌ختمان بۆئاماده‌کردون ۱۰ ﴿وَيَدْعُ الْإِنسَانُ بِالشَّرِّ﴾ وه‌ ئاده‌می نزاو هاوار بۆشه‌ڕ و خراپه‌ ده‌کات ﴿دُعَاءَهُ بِالْخَيْرِ﴾ (هه‌روه‌کو) داوا و نزاکردنی بۆخێرو چاکه‌ ﴿وَكَانَ الْإِنسَانُ عَجُولًا﴾ وه‌ ئاده‌می هه‌میشه‌ هه‌ر په‌له‌یه‌تی ۱۱ ﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ﴾ شه‌و و ڕۆژمان کرد به‌دوو نیشانه‌ی (گه‌وره‌ی ده‌سه‌لاتی خودا) ﴿فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ﴾ ئه‌مجا نیشانه‌ی شه‌ومان تاریك کرد (یا سڕییه‌وه‌) ﴿وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً﴾ و به‌ڵگه‌و نیشانه‌ی ڕۆژمان ڕووناك کرده‌وه‌ ﴿لِّتَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی به‌شوێن ڕۆزی په‌روه‌ردگارتاندا بگه‌ڕێن ﴿وَلِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ﴾ وه‌ بۆئه‌وه‌ی ژماره‌ی ساڵه‌کان و حیسابی (مانگ و شه‌وو ڕۆژه‌کان) بزانن ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلًا﴾ وه‌ ئێمه‌ هه‌موو شتێکمان به‌ڕوون و ڕه‌وانی باس کردووه‌ (بۆتان) ۱۲ ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ﴾ وه‌ هه‌موو مرۆڤێك (له‌ڕۆژی دواییدا) کرده‌وه‌ی خۆیمان کردۆته‌ گه‌ردنیه‌وه‌ (چاکه‌ بێت یا خراپه‌) ﴿وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ وه‌ له‌ڕۆژی دواییدا بۆی ده‌رده‌هێنین ﴿كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا﴾ نامه‌یه‌ك که‌ به‌کراوه‌یی (و هه‌موو کرده‌وه‌کانی تێدا نوسراوه‌) وده‌یبینێت ۱۳ ﴿اقْرَأْ كِتَابَكَ﴾ (پێ ی ده‌ووترێت) نامه‌که‌ت بخوێنه‌ره‌وه‌ ﴿كَفَىٰ بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا﴾ ئه‌مڕۆ خۆت به‌سیت که‌ موحاسه‌به‌ی خۆت بکه‌یت ۱۴ ﴿مَّنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ﴾ هه‌رکه‌س ڕێنموونی وهیدایه‌تی وه‌رگرتبێت ئه‌وه‌ بێگومان ڕێنمونی وهیدایه‌ته‌که‌ی (سوود و قازانجه‌که‌ی) هه‌ر بۆ خۆی ده‌بێت ﴿وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ و هه‌رکه‌سیش گومڕا بووبێت ئه‌وه‌ بێگومان (زیان وسزاکه‌ی) هه‌ر بۆ خۆی ده‌بێت ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ وه‌ هیچ که‌سێکی گوناهکار گوناهی هیچ که‌سێکی تر هه‌ڵناگرێت ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ﴾ ئێمه‌ هه‌رگیز سزای (به‌نده‌کان) ناده‌ین ﴿حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ هه‌تا پێغه‌مبه‌ر نه‌نێرین (بۆیان) ۱۵ ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا﴾ وه‌ کاتێك بمانه‌وێت ﴿أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً﴾ (دانیشتوانی) شار و گوندێك له‌ناو ببه‌ین ﴿أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا﴾ فه‌رمان ده‌ده‌ین (به‌گوێرایه‌ڵی وکرده‌وه‌ی چاك) به‌ ده‌وڵه‌مه‌نده‌ خراپه‌کارو زۆرداره‌کانی ﴿فَفَسَقُوا فِيهَا﴾ که‌چی ئه‌وان یاخی ده‌بن و له‌فه‌رمان ده‌رده‌چن ﴿فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ﴾ جا بڕیاری (سزادان) پێویست ده‌بێت بۆ (دانیشتوانی) ئه‌و شار وگوندانه ﴿فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾ جا ئه‌وسا وێرانیان ده‌که‌ین به‌وێران کردنێکی ته‌واو ۱۶ ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا﴾ وه‌ زۆر (گه‌ل و میلله‌ت)مان له‌ناو برد ﴿مِنَ الْقُرُونِ مِن بَعْدِ نُوحٍ﴾ له‌ چه‌رخه‌کانی پاش نووح ﴿وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ﴾ به‌روه‌ردگارت به‌سه‌ به‌ گوناهی به‌نده‌کانی ﴿خَبِيرًا بَصِيرًا﴾ که‌ ئاگادار و بینایه ۱۷

﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ﴾ هه‌ر که‌سێك ته‌نها ژیانی دونیای بوێت ﴿عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا﴾ له‌م (دونیا)دا زوو پێ ی ده‌ده‌ین ﴿مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ﴾ ئه‌وه‌ی بمانه‌وێ بۆ هه‌ر که‌سێك ﴿ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ﴾ له پاشان دۆزه‌خمان بۆ ساز‌داوه ﴿يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا﴾ ده‌چێته ناوی به لۆمه‌کراوی و ده‌رکراوی له‌میهره‌بانی خوا ﴿١٨﴾ ﴿وَمَنْ أَرَادَ ٱلْءَاخِرَةَ﴾ هه‌ر که‌سێکیش مه‌به‌ستی ڕۆژی دوایی بووبێت ﴿وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا﴾ وه هه‌ولی بۆ بدات به‌و جۆره‌ی شایسته‌ی ئه‌وه ﴿وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾ و باوه‌ڕداریش بێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴾ ئاته‌وانه کرده‌وه و تێکۆشانه‌که‌یان وه‌رگیراوه (لای په‌روه‌ردگاریان) ﴿١٩﴾ ﴿كُلًّا نُّمِدُّ﴾ ده‌به‌خشین به‌هه‌موان ﴿هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ﴾ ئه‌وانه (که‌هه‌ر دونیایان ده‌وێت) و ئه‌وانه‌ش (که ڕۆژی دواییان ده‌وێ) ﴿مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ﴾ له به‌خششی په‌روه‌ردگارت (له‌م دونیایه‌دا) ﴿وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴾ بێگومان ڕۆزی وبه‌خشراوی په‌روه‌ردگارت هه‌رگیز قه‌ده‌غه کراو نه‌بووه ﴿٢٠﴾ ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) سه‌رنج بده چۆن ﴿فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ (له‌دونیادا) فه‌زڵی هه‌ندێکیانمان داوه به‌سه‌ر هه‌ندێکیاندا ﴿وَلَلْءَاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا﴾ وه بێگومان پله‌کان له ڕۆژی دواییدا گه‌وره‌تره و فه‌زڵه‌کانیش گه‌وره‌ترن ﴿٢١﴾ ﴿لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ (ئه‌ی ئاده‌می) له‌گه‌ڵ خوادا په‌رستراوێکی تر مه‌په‌رسته ﴿فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا﴾ ئه‌گینا ده‌بێته لۆمه‌کراوێکی سووك و ڕسوا ﴿٢٢﴾ ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ﴾ وه په‌روه‌ردگارت بڕیاری داوه ﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ که‌هیچ شتێك نه‌په‌رستن بێجگه له ئه‌و ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾ وه له‌گه‌ڵ دایك و باوکتان چاکه بکه‌ن ﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا﴾ ئه‌گه‌ر یه‌کێکیان (باوکت و دایکت)یان هه‌ردووکیان لای تۆ پیربوون ﴿فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ﴾ قسه‌ی ناخۆشیان پێ مه‌ڵێ ته‌نانه‌ت تۆفیشی ﴿وَلَا تَنْهَرْهُمَا﴾ وه‌تێیان مه‌خوره و پێیاندا هه‌ڵمه‌شاخێ ﴿وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾ (به‌ڵکو) ووته‌ی نه‌رم و شیرینیان (له‌گه‌ڵدا) به‌کاربێنه ﴿٢٣﴾ ﴿وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ﴾ باڵی خۆ به‌که‌م زانین و میهره‌بانیتیان بۆ ڕابخه ﴿وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا﴾ بڵێ ئه‌ی په‌روه‌ردگارم ڕه‌حمیان پێ بکه ﴿كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا﴾ هه‌رچۆنێك ئه‌وان منیان په‌روه‌رده کرد به‌منداڵی ﴿٢٤﴾ ﴿رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِى نُفُوسِكُمْ﴾ په‌روه‌ردگارتان چاك ده‌زانێت به‌هه‌رچی له‌دڵ و ده‌رونتاندا هه‌یه ﴿إِن تَكُونُوا۟ صَٰلِحِينَ﴾ ئه‌گه‌ر ئێوه چاك بن و نیازی چاکه‌تان بێت ﴿فَإِنَّهُۥ كَانَ لِلْأَوَّٰبِينَ غَفُورًا﴾ ئه‌وا بێگومان ئه‌و (خوایه) لێ بورده‌یه بۆ تۆبه‌کاران ﴿٢٥﴾ ﴿وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ﴾ وه‌مافی خزمانت بده ﴿وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ (هه‌روه‌ها مافی) هه‌ژارو ڕێبواریش ﴿وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا﴾ زیاده ڕه‌ویش مه‌که‌ن ﴿٢٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ﴾ به‌ڕاستی زیاده‌ڕه‌وان ﴿كَانُوٓا۟ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ﴾ دۆست وبرای شه‌یتانه‌کانن ﴿وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا﴾ شه‌یتانیش به‌رانبه‌ر (ناز و نیعمه‌ته‌کانی) په‌روه‌ردگاری هه‌میشه سپله‌یه ﴿٢٧﴾

﴿وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ﴾ وە ئەگەر ڕووت وەرگێڕا لەوانە (لەبەر نەداری) ﴿ٱبْتِغَآءَ رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا﴾ چاوەڕوانی بەخششی و ڕۆزیەك بوویت لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا مَّيْسُورًا﴾ ئەوە قسەی جوان و نەرمیان لەگەڵدا بکە ﴿٢٨﴾ ﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ﴾ وە دەستت مەکە کۆت بەگەردنتدا (واتە دەست قووچاوو مەبە لەخێرکردندا) ﴿وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ﴾ وکراوە وبەرەڵاشی مەکە بەتەواوی (هەرچیت هەبە بیدەی بەخەڵکی) ﴿فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا﴾ تا نەبیتە کەسێکی لۆمەکراوی هیچ بەدەستەوە نەماو ﴿٢٩﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت ﴿يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ﴾ ڕزق و ڕۆزی فراوان دەکات ﴿لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ﴾ بۆ هەر کەسێك کەبیەوێت و وەتەنگی دەکات بۆهەرکەسێ بیەوێت ﴿إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرًۢا بَّصِيرًا﴾ بەڕاستی ئەو هەمیشە ئاگا و بینایە بەبەندەکانی ﴿٣٠﴾ ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُمْ﴾ وە ڕۆڵەکانتان مەکوژن ﴿خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ﴾ لەترسی هەژاری و نەداری ﴿نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ﴾ ئێمە ڕۆزی ئەوانیش و ئێوەش دەدەین ﴿إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا﴾ بەڕاستی کوشتنی ئەوانە (ئەو منداڵانەتان) هەڵەو تاوانێکی گەورەیە ﴿٣١﴾ ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ﴾ و نزیکی زیناش مەکەونەوە ﴿إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً﴾ بەڕاستی ئەوە کردەوەیەکی زۆر ناشرین ﴿وَسَآءَ سَبِيلًا﴾ و ڕێگەیەکی پیس و خراپە ﴿٣٢﴾ ﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ﴾ وە کەسێك مەکوژن ﴿ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ کەخوا کوشتنی ئەوی حەرام کردوە مەگەر بە (هۆیەکی) ڕاست و ڕەوا نەبێت (وەك ئەگەر هاتوو کەسێکی کوشتبووو، یان لەئاین پاشگەز ببوەوە، یان شووی کردبوو یان ژنی هێنابوو زینایان کرد) ﴿وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا﴾ جا هەر کەسێك بەناهەق و ستەم لێ کراوی کوژرا ﴿فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا﴾ ئەوە دەسەڵاتمان داوە بەخاوەنەکەی (بەسەر بکوژەکەدا) ﴿فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ﴾ جا با خاوەنەکەی زیادەڕۆیی نەکات لە تۆڵەسەندنەوەدا (ئەگەر عەفووی کرد پاش ئەوە نەچێت تۆڵەی لێ بسەنێتەوە، وەئەگەر کوشتیشیەوە بە جوانترین شێوە بیکوژێتەوە وڕازی بێت بە بڕیاری خودا هەرچۆنێك بێت) ﴿إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا﴾ چونکە بەڕاستی ئەو (خاوەنە) یارمەتی دراوە ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ﴾ وە نزیکی مالی هەتیو مەکەونەوە ﴿إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ مەگەر بەچاکترین شێوە نەبێت (کە بڕیتی یە لە پاراستن و بەرهەم هێنانی) ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ﴾ هەتا (هەتیوەکە) دەگاتە کەمالی ژیری و لێزانی ﴿وَأَوْفُوا۟ بِٱلْعَهْدِ﴾ وەفا بکەن بە بەڵێن وپەیمانەکانتان ﴿إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا﴾ بەڕاستی (خاوەن) بەڵێن و پەیمان لێپرسراوە بەرامبەر بەڵێنەکانی ﴿٣٤﴾ ﴿وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ﴾ وە کاتێك کە پێوانە دەکەن (بۆ خەڵکی) بەڕێك و پێکی پێوانە بکەن ﴿وَزِنُوا۟ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ﴾ و کێشانەش بکەن بەتەرازوی ڕاست ودروست ﴿ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ ئەمە (بۆ ئێوە) چاکترو ئاکامیشی باشترە (لە دونیا و قیامەتیشدا) ﴿٣٥﴾ ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ﴾ وە شوێن شتێك مەکەوە کەزانیاریت دەربارەی نی یە ﴿إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ﴾ بەڕاستی گوێ و چاو و دڵ ﴿كُلُّ أُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا﴾ هەموو ئەوانە (خاوەنەکانیان) بەرپرسیارن لێیان ﴿٣٦﴾ ﴿وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا﴾ وە مەڕۆ بەزەویدا بەفیز زلی وشانازیەوە ﴿إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ ٱلْأَرْضَ﴾ (چونکە) بەڕاستی تۆ نەدەتوانی زەوی کون کەیت ﴿وَلَن تَبْلُغَ ٱلْجِبَالَ طُولًا﴾ وە نەدەگەیتە شاخەکان لەدرێژیدا ﴿٣٧﴾ ﴿كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ﴾ هەموو ئەوەی باسکرا خراپەکانی ﴿عِندَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا﴾ لای پەروەردگارت نابەجێ و بێزراوە ﴿٣٨﴾

﴿ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ﴾ ئەوە (ی کەباس کرا) هەندێکە لەو دانایی وحیکمەتەی کە پەروەردگارت نیگای کردووە بۆت ﴿وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ وە هیچ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا مەپەرستە ﴿فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ﴾ ئەگینا فڕێ دەدرێیتە ناو دۆزەخەوە ﴿مَلُومٗا مَّدۡحُورًا﴾ بە لۆمەکراوی ودوورخراوەی لەبەزەیی خوا ﴿١٩﴾ ﴿أَفَأَصۡفَىٰكُمۡ رَبُّكُم بِٱلۡبَنِينَ﴾ ئایا پەروەردگارتان ڕەگەزی کوڕی تایبەتی کردووە بە ئێوەوە ﴿وَٱتَّخَذَ مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنَٰثًا﴾ لە فریشتەکانیشی دا کچانی بۆخۆی هەڵبژاردووە ﴿إِنَّكُمۡ لَتَقُولُونَ قَوۡلًا عَظِيمٗا﴾ بەڕاستی ئێوەووتەیەکی زۆر گەورە (ونابەجێ) دەڵێن ﴿٢٠﴾ ﴿وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ﴾ وە سوێند بەخوا بێگومان (مەبەستەکانمان) بەچەند جۆر هێناوە لەم قورئانەدا ﴿لِيَذَّكَّرُواْ﴾ بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و ئامۆژگاری وەرگرن ﴿وَمَا يَزِيدُهُمۡ إِلَّا نُفُورٗا﴾ بەڵام (خوانەناسان) هەر دوورکەوتنەوەیان زیاتر دەبێت (بەو باسکردنە) ﴿٢١﴾ ﴿قُل لَّوۡ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٞ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەگەر لەگەڵ خوادا پەرستراوانێکی تر ببوایە ﴿كَمَا يَقُولُونَ﴾ وەک ئەو (بت پەرستان) دەڵێن ﴿إِذٗا لَّٱبۡتَغَوۡاْ﴾ ئەو کاتە دەگەڕان بە دوای ﴿إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا﴾ ڕێگایەکدا بۆلای خاوەنی عەرش (کە خوایە) ﴿٢٢﴾ ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ﴾ پاک و بێ گەرد و بەرز و بڵندە ئەو (خوایە) ﴿عَمَّا يَقُولُونَ﴾ لەوەی ئەو (بت پەرستانە) دەیڵێن (دەربارەی خوا) ﴿عُلُوّٗا كَبِيرٗا﴾ زۆر بەرز وبڵند تر ﴿٢٣﴾ ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ﴾ هەر حەوت ئاسمانەکان تەسبیحاتی خودا دەکەن ﴿وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ﴾ و زەوی و هەرچی لە ناویاندایە ﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ﴾ وە هیچ شتێک نیە ﴿إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ﴾ کە تەسبیحات و سوپاس وستایشی ئەو نەکات ﴿وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ﴾ بەڵام ئێوە تێ ناگەن لە تەسبیحاتەکەیان ﴿إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا﴾ بەڕاستی خوا هەمیشە بەئارام ولەسەرخۆ ولێبوردەیە ﴿٢٤﴾ ﴿وَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) کاتێک قورئان دەخوێنیت (بەسەریاندا) ﴿جَعَلۡنَا بَيۡنَكَ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ﴾ دادەنێین لەنێوان تۆو ئەوانەدا ﴿لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ﴾ کە باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نیە ﴿حِجَابٗا مَّسۡتُورٗا﴾ پەردەیەکی نادیار (داپۆشەر) ﴿٢٥﴾ ﴿وَجَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ﴾ وە دەیدەین بەسەر دڵیاندا ﴿أَكِنَّةً﴾ چەند پەردەیەکی زۆر ئەستوور ﴿أَن يَفۡقَهُوهُ﴾ بۆ ئەوەی لەقورئان تێ نەگەن ﴿وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٗا﴾ و گوێشیان کەڕ دەکەین (ئانەبیستن) ﴿وَإِذَا ذَكَرۡتَ رَبَّكَ﴾ وە هەر کاتێک ناوی پەروەردگارت دەبەیت (لای ئەو بێ باوەڕانەدا) ﴿فِي ٱلۡقُرۡءَانِ وَحۡدَهُۥ﴾ لە قورئاندا بەتاک و تەنیایی ﴿وَلَّوۡاْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِمۡ نُفُورٗا﴾ بە بێزاری پشتت تێ دەکەن ﴿٢٦﴾ ﴿نَّحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَسۡتَمِعُونَ بِهِۦٓ﴾ ئێمە چاک دەزانین بۆچی ئەوان گوێ دەگرن ﴿إِذۡ يَسۡتَمِعُونَ إِلَيۡكَ﴾ کاتێک گوێ دەگرن لەتۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿وَإِذۡ هُمۡ نَجۡوَىٰٓ﴾ هەروەها کاتێک پێکەوە چپە دەکەن ﴿إِذۡ يَقُولُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ کاتێ ستەم کارەکان دەڵێن ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلٗا مَّسۡحُورًا﴾ ئێوە تەنها شوێنی پیاوێکی جادولێکراو دەکەون ﴿٢٧﴾ ﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ﴾ سەرنج بدە چۆن ﴿ضَرَبُواْ لَكَ ٱلۡأَمۡثَالَ﴾ نموونەی جۆرا وجۆرت بۆدێننەوە ﴿فَضَلُّواْ﴾ سەرئەنجام گومڕا بوون ﴿فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ سَبِيلٗا﴾ ئیتر ناتوانن ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە ﴿٢٨﴾ ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا﴾ دەشڵێن ئایا کاتێ بووینە ئێسک پروسکێکی ڕزیو و پتورکاو ﴿أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾ ئایا (جارێکی تر) زیندوو دەکرێینەوە و دەبینەوە بەدروسکراوێکی نوێ ﴿٢٩﴾

﴿قُلْ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بێیان بڵێ ﴿كُونُوا۟ حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا﴾ ئێوه ببن به‌به‌رد یابه‌ئاسن ﴿٥٠﴾ ﴿أَوْ خَلْقًا مِّمَّا﴾ یان هه‌ر درست کراوێکی تر‌له‌وه‌ی ﴿يَكْبُرُ فِى صُدُورِكُمْ﴾ له میشك و دڵتاندا گه‌وره‌یه ﴿فَسَيَقُولُونَ﴾ جابێگومان ئه‌وانه ده‌ڵێن ﴿مَن يُعِيدُنَا﴾ کێ زیندووومان ده‌کاته‌وه ﴿قُلِ ٱلَّذِى﴾ بڵێ ئه‌و زاته (زیندووتان ده‌کاته‌وه) ﴿فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ که یه‌که‌م جار دروستی کردوون ﴿فَسَيُنغِضُونَ إِلَيْكَ رُءُوسَهُمْ﴾ جا (به‌لاقرتیه‌وه) سه‌رت بۆ ده‌له‌قێنن ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَ﴾ و ده‌ڵێن ئه‌وه‌که‌ی ده‌بێت ﴿قُلْ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَرِيبًا﴾ بڵێ له‌وانه‌یه ئه‌و (ڕۆژه هاتنی) نزیك بێت ﴿٥١﴾ ﴿يَوْمَ يَدْعُوكُمْ﴾ ئه‌و ڕۆژه‌ی که بانگتان ده‌که‌ن (له گۆڕه‌کانتانه‌وه) ﴿فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِۦ﴾ جائێوه‌ش ده‌ست به‌جێ دێن به‌دەم بانگ کردنه‌که‌وه به سوپاس و سه‌ناکردنه‌وه ﴿وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ﴾ و وا ده‌زانن نه‌ماونه‌ته‌وه (له دونیادا) ﴿إِلَّا قَلِيلًا﴾ ماوه‌یه‌کی که‌م نه‌بێت ﴿٥٢﴾ ﴿وَقُل لِّعِبَادِى﴾ وه (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ به‌به‌نده‌کانم ﴿يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ قسه‌یه‌ك بکه‌ن که جوانتر و باشترینی قسه بێت ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ﴾ به‌ڕاستی شه‌یتان ﴿يَنزَغُ بَيْنَهُمْ﴾ ناکۆکی و ئاژاوه ده‌خاته نێوانیان ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلْإِنسَٰنِ﴾ به‌ڕاستی شه‌یتان هه‌میشه بۆئاده‌می ﴿عَدُوًّا مُّبِينًا﴾ دووژمنێکی ڕون و ئاشکرایه ﴿٥٣﴾ ﴿رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ﴾ به‌ڕوه‌ردگارتان زاناتره به‌ئێوه ﴿إِن يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ﴾ ئه‌گه‌ر بیه‌وێ ڕه‌حمتان پێ ده‌کات ﴿أَوْ إِن يَشَأْ يُعَذِّبْكُمْ﴾ یان ئه‌گه‌ر بیه‌وێ سزاتان ده‌دات ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ﴾ وه ئێمه تۆمان نه‌ناردووه ﴿عَلَيْهِمْ وَكِيلًا﴾ به‌چاودێر وپارێزه‌ر به‌سه‌ریانه‌وه ﴿٥٤﴾ ﴿وَرَبُّكَ أَعْلَمُ﴾ وه به‌ڕوه‌ردگارت زاناتره ﴿بِمَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ به‌هه‌ر چی له ئاسمانه‌کان ولە زه‌وی دایه ﴿وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّۦنَ﴾ وه سوێند به‌خوا بیگومان فه‌زڵی هه‌ندێ له‌پێغه‌مبه‌رانمان داوه ﴿عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ به‌سه‌ر هه‌ندێکی تریاندا ﴿وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا﴾ و زه‌بورمان به‌خشی به داوود ﴿٥٥﴾ ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ (بێ باوه‌ڕان) هاوار بکه‌ن له ئه‌وانه‌ی ﴿زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ﴾ که ئێوه به خواتان ده‌زانین بێجگه له‌خوا ﴿فَلَا يَمْلِكُونَ﴾ جا ئه‌وانه ده‌سه‌ڵاتیان نیه ﴿كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ﴾ به‌ڵاو زیانتان له‌سه‌ر لابه‌ن ﴿وَلَا تَحْوِيلًا﴾ وه(ده‌سه‌ڵاتی) گۆڕانیشیان نی یه ﴿٥٦﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ﴾ ئه‌وانه‌ی که ئه‌و (نه‌فامانه) هاواریان لێ ده‌که‌ن ﴿يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ﴾ ئه‌وانه به‌دوای هۆکارێکدا ده‌گه‌ڕێن که نزیکیان کاته‌وه له په‌روه‌دگاریان ﴿أَيُّهُمْ أَقْرَبُ﴾ کامیان نزیك تره (له خواوه و پله‌و پایه‌ی به‌رزتره). ﴿وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ﴾ وه به‌هیوا و ئومێدو ڕه‌حمی ئه‌ون ﴿وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ﴾ و له سزایشی ده‌ترسن ﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ﴾ به‌ڕاستی سزای په‌روه‌ردگارت ﴿كَانَ مَحْذُورًا﴾ هه‌میشه مه‌ترسی لێکراوه وخۆلێپارێزراوه ﴿٥٧﴾ ﴿وَإِن مِّن قَرْيَةٍ﴾ وه (خه‌ڵکی) هیچ شارو گوندێکمان ﴿إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا﴾ که ئێمه له ناویان ببه‌ین ﴿قَبْلَ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ پێش (هاتنی) ڕۆژی دوایی ﴿أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا﴾ یان سزایان بده‌ین به سزایه‌کی سه‌خت ﴿كَانَ ذَٰلِكَ﴾ ئیللا ئه‌و (سزادانه یان له‌ناو بردنه) ﴿فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا﴾ له (لوح المحفوظ) دا نوسراوه ﴿٥٨﴾

﴿وَمَا مَنَعَنَآ﴾ وه هیچ شتێك به‌رگری ئێمه‌ی نه‌كردووه ﴿أَن نُّرْسِلَ بِٱلْـَٔايَـٰتِ﴾ كه ئه‌و موعجیزانه بنێرین ﴿إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلْأَوَّلُونَ﴾ جگه له‌وه‌ی كه پێشینه‌كان به درۆیان ده‌زانی ﴿وَءَاتَيْنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ﴾ ناردمان بۆ (هۆزی) سه‌موود ئه‌و حوشتره‌ی ﴿مُبْصِرَةً﴾ كه (موعجیزه‌یه‌كی) ئاشكرا بوو ﴿فَظَلَمُوا۟ بِهَا﴾ كه‌چی (باوه‌ڕیان نه‌هێنا و) سته‌میان لێكرد و(سه‌ربان بڕی) ﴿وَمَا نُرْسِلُ بِٱلْـَٔايَـٰتِ﴾ وه ئێمه موعجیزه‌كان نانێرین ﴿إِلَّا تَخْوِيفًا﴾ مه‌گه‌ر بۆ ترساندنی (ئه‌و گه‌له نه‌بێت) ﴿۵۹﴾ ﴿وَإِذْ قُلْنَا لَكَ﴾ (بیربكه‌ره‌وه) كاتێ پێمان ووتی ﴿إِنَّ رَبَّكَ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگارت ﴿أَحَاطَ بِٱلنَّاسِ﴾ ده‌وری هه‌موو خه‌ڵكی داوه (ده‌سه‌ڵاتی هه‌یه‌به‌سه‌ریاندا) ﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلرُّءْيَا ٱلَّتِىٓ أَرَيْنَـٰكَ﴾ وه ئه‌و خه‌و بینینه‌ی كه‌پێشانی تۆماندا (له‌وشه‌و ڕه‌ویه‌دا) ﴿إِلَّا فِتْنَةً لِّلنَّاسِ﴾ هه‌رله‌به‌ر تاقی كردنه‌وه‌ی خه‌ڵكی بوو ﴿وَٱلشَّجَرَةَ ٱلْمَلْعُونَةَ﴾ هه‌روه‌ها ئه‌و دره‌خته نه‌فرین لێ كراوه‌ش ﴿فِى ٱلْقُرْءَانِ﴾ كه له‌قورئاندا باسمان كردووه ﴿وَنُخَوِّفُهُمْ﴾ وه ئێمه (به‌و جۆره به‌ڵگانه) ئه‌وانه ده‌ترسێنین ﴿فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا طُغْيَـٰنًا كَبِيرًا﴾ كه‌چی ئه‌و (ترساندنه) هیچیان بۆ زیاد ناكات جگه له یاخی بوون و سه‌ركه‌شی نه‌بێت ﴿۶۰﴾ ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ﴾ وه باسی ئه‌وكاته‌بكه كه‌ئێمه به‌فریشته‌كانمان ووت ﴿ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ﴾ سوژده‌به‌رن بۆ ئاده‌م ﴿فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ﴾ ئه‌وانیش یه‌كسه‌ر هه‌موویان سوژده‌یان برد بێجگه له ئیبلیس (شه‌یتان نه‌بێت) ﴿قَالَ ءَأَسْجُدُ﴾ ووتی ئایامن سوژده‌به‌رم ﴿لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا﴾ بۆ كه‌سێك كه له‌قوڕ دروستت كردووه ﴿۶۱﴾ ﴿قَالَ أَرَءَيْتَكَ﴾ (ئیبلیس) ووتی پێم بڵێ و هه‌والم بده‌ری ﴿هَـٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ﴾ له‌باره‌ی ئه‌مه‌وه كه‌ڕێزی ئه‌وت داوه به‌سه‌رمنداا؟! ﴿لَئِنْ أَخَّرْتَنِ﴾ سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر دوام بخه‌یت ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ تاڕۆژی دوایی (نه‌مرم) ﴿لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ﴾ به‌ڕاستی زاڵ ئه‌بم به‌سه‌ر نه‌وه‌كانیدا (به‌گومڕاكردن) ﴿إِلَّا قَلِيلًا﴾ كه‌مێك له‌وان نه‌بێت (كه به‌نده تایبه‌تیه‌كانی خوان) ﴿۶۲﴾ ﴿قَالَ ٱذْهَبْ﴾ (خوا به‌شه‌یتانی) فه‌رموو بڕۆ ﴿فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ﴾ سا هه‌ر كه‌س له‌وان شوێنی تۆ كه‌وت ﴿فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ﴾ ئه‌وه به‌ڕاستی تۆڵه‌ی هه‌مووتان دۆزه‌خه ﴿جَزَآءً مَّوْفُورًا﴾ كه تۆڵه‌یه‌كی پڕبه‌پڕه ﴿۶۳﴾ ﴿وَٱسْتَفْزِزْ مَنِ ٱسْتَطَعْتَ مِنْهُم﴾ وه هه‌ركه‌س له‌وانه كه ده‌توانی گومڕای بكه ﴿بِصَوْتِكَ﴾ به‌ده‌نگت وسه‌دای (ناهه‌قت) ﴿وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم﴾ و بده به‌سه‌ریاندا و تێ یان خوره ﴿بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ﴾ به‌سوار وپیاده‌ی له‌شكره‌كه‌ته‌وه ﴿وَشَارِكْهُمْ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَـٰدِ﴾ وه هاوبه‌شییان بكه له‌مالّ و سامان و منداڵیاندا ﴿وَعِدْهُمْ﴾ به‌ڵێنیشیان پێ بده ﴿وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ﴾ به‌ڵام شه‌یتان به‌ڵێنیان پێ نادات ﴿إِلَّا غُرُورًا﴾ به‌خه‌ڵه‌تاندن نه‌بێت ﴿۶۴﴾ ﴿إِنَّ عِبَادِى﴾ بێگومان به‌نده‌كانی من ﴿لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَـٰنٌ﴾ ده‌سه‌ڵاتت به‌سه‌ریاندا نی یه (و ناتوانی گومڕایان بكه‌یت) ﴿وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا﴾ وه په‌روه‌ردگارت به‌سه پارێزه‌رو چاودێر بێت ﴿۶۵﴾ ﴿رَّبُّكُمُ ٱلَّذِى﴾ په‌روه‌ردگارتان ئه‌و زاته‌یه ﴿يُزْجِى لَكُمُ ٱلْفُلْكَ فِى ٱلْبَحْرِ﴾ كه كه‌شتی له ده‌ریادا هاتوچۆ پێده‌كات بۆ ئێوه ﴿لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦٓ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێن به‌دوای هه‌ندێكبه‌هره و ڕۆزی ئه‌ودا ﴿إِنَّهُۥ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ به‌ڕاستی ئه‌و (خوایه) هه‌میشه‌یی میهره‌بان وبه به‌زه‌یی یه به‌رامبه‌ر به ئێوه ﴿۶۶﴾

﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ﴾ جا کاتێك له‌ده‌ریادا تووشی به‌لاو زیان بێن ﴿ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ هه‌موو ئه‌و (په‌رستراوانه)ی هاواریان لێ ده‌که‌ن وون ده‌بن بێجگه له‌خوا ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ﴾ که چی کاتێك که (خوا) ڕزگارتان ده‌کات و ده‌گه‌نه ووشکانی ﴿أَعْرَضْتُمْ﴾ ڕوو وه‌رده‌گێڕن (له‌خودا) ﴿وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ كَفُورًا﴾ (چونکه) ئاده‌می هه‌میشه سپڵه‌و ناسوپاسه ﴿٦٧﴾ ﴿أَفَأَمِنتُمْ﴾ جا ئایا ئێوه ناترسن و بێباکن ﴿أَن يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ ٱلْبَرِّ﴾ له‌وه‌ی که له ووشکایی دا (بوومه‌له‌رزه) بتانبات به‌ناخی زه‌ویدا؟ ﴿أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا﴾ یا (ناترسن له‌وه‌ی) بای توندتان بنێرێته سه‌ر به‌وورده زیخه‌وه ﴿ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟ لَكُمْ وَكِيلًا﴾ پاشان پارێزه‌رێکیشتان ده‌ست نه‌که‌وێت ﴿٦٨﴾ ﴿أَمْ أَمِنتُمْ﴾ نه‌ی ئایا دڵنیا و بێباکن ﴿أَن يُعِيدَكُمْ فِيهِ﴾ له‌وه‌ی بتان گێڕێته‌وه ناو ده‌ریا ﴿تَارَةً أُخْرَىٰ﴾ جارێکی تر ﴿فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ﴾ ئه‌مجا بێنێرێته سه‌رتان ﴿قَاصِفًا مِّنَ ٱلرِّيحِ﴾ بایه‌کی توندو تیژی وێران که‌ر ﴿فَيُغْرِقَكُم بِمَا كَفَرْتُمْ﴾ ئه‌وساله‌ده‌ریاکه‌دانقومتان بکات له‌به‌ر ئه‌و بێ باوه‌ڕ و سپڵه بوونه‌تان ﴿ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟﴾ پاشان ده‌ستتان ناکه‌وێت ﴿لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِۦ تَبِيعًا﴾ هیچ که‌سێك که داوای تۆڵه‌ی ئێوه له ئێمه بکات ﴿٦٩﴾ ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ﴾ سوێند به‌خوا بێگومان ڕێزمان له نه‌وه‌ی ئاده‌م گرت ﴿وَحَمَلْنَٰهُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ و له ووشکانی و له‌ده‌ریادا هه‌ڵمان گرتن (به‌سواری و گه‌ڕانمان) ﴿وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ و ڕۆزی پاك و خاوێنمان پێ داون ﴿وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ﴾ وه فه‌زڵمان داون به‌سه‌ر زۆرێك ﴿مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ له‌وشتانه‌ی که‌دروستمان کردون به‌فه‌زڵێکی گه‌وره ﴿٧٠﴾ ﴿يَوْمَ نَدْعُوا۟ كُلَّ أُنَاسٍۭ﴾ (بیریان بخه‌نه‌وه) ئه‌و ڕۆژه‌ی که ئێمه هه‌موو ئاده‌میه‌ك بانگ ده‌که‌ین ﴿بِإِمَٰمِهِمْ﴾ به‌ناوی پێغه‌مبه‌ره‌که‌یانه‌وه (به‌ناوی په‌یامه‌که‌یانه‌وه) ﴿فَمَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾ جا هه‌ر که‌سێك نامه‌ی کرده‌وه‌که‌ی بدرێت به‌ده‌ستی ڕاستیه‌وه ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَقْرَءُونَ كِتَٰبَهُمْ﴾ ئا‌ئه‌وانه‌نامه‌که‌یان ده‌خوێننه‌وه ﴿وَلَا يُظْلَمُونَ﴾ وه‌سته‌میان لێ ناکرێت ﴿فَتِيلًا﴾ به‌ئه‌ندازه‌ی ئه‌و تاڵه باریکه‌ی به‌ده‌وری ناوکی خورمادایه ﴿٧١﴾ ﴿وَمَن كَانَ فِى هَٰذِهِۦٓ أَعْمَىٰ﴾ به‌ڵام هه‌ر که‌سێك له‌م (دونیایه)دا کوێر بووبێت (وڕێگه‌ی ڕاستی نه‌بینابێت) ﴿فَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ أَعْمَىٰ﴾ ئه‌وه ئه‌و که‌سه له‌ڕۆژی دوایشدا کوێره ﴿وَأَضَلُّ سَبِيلًا﴾ بگره له کوێریش گومڕاتره ﴿٧٢﴾ ﴿وَإِن كَادُوا۟ لَيَفْتِنُونَكَ﴾ وه به‌ڕاستی نزیك بوو ئه‌وانه لات ده‌ن ﴿عَنِ ٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾ له‌وه‌ی که نیگامان کرد بۆت ﴿لِتَفْتَرِىَ عَلَيْنَا غَيْرَهُۥ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی جگه‌له قورئان شتێك به‌ده‌م ئێمه‌وه هه‌ڵبه‌ستیت ﴿وَإِذًا لَّٱتَّخَذُوكَ خَلِيلًا﴾ (ئه‌گه‌ر گوێڕایه‌ڵیان بوویتایه) ئه‌وه له‌و کاته‌دا ده‌یان کردیت به‌دۆست و خۆشه‌ویستی خۆیان و (گومڕایان ده‌کردیت) ﴿٧٣﴾ ﴿وَلَوْلَآ أَن ثَبَّتْنَٰكَ﴾ خۆ ئه‌گه‌ر ئێمه تۆمان دامه‌زراونه کردایه ﴿لَقَدْ كِدتَّ﴾ به‌ڕاستی نزیك بوو تۆ ﴿تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْـًٔا قَلِيلًا﴾ که‌میك به‌لایاندا بچی ﴿٧٤﴾ ﴿إِذًا لَّأَذَقْنَٰكَ﴾ جا بێگومان ئه‌وکاته پێمان ده‌چه‌شتی ﴿ضِعْفَ ٱلْحَيَوٰةِ﴾ دوو به‌رانبه‌ر (سزای) ژیان ﴿وَضِعْفَ ٱلْمَمَاتِ﴾ دوو به‌رانبه‌ر (سزای) مردن ﴿ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ﴾ پاشان ده‌ستت نه‌ده‌که‌وت ﴿عَلَيْنَا نَصِيرًا﴾ یارمه‌تی ده‌رێك به‌رانبه‌ر به‌ئێمه (که به‌رگری ئه‌و سزایه‌ت لێ بکات) ﴿٧٥﴾

﴿وَإِن كَادُوا﴾ وە بەڕاستی نزیك بوو ئەو (بێ باوەڕ)انە ﴿لَيَسْتَفِزُّونَكَ﴾ (بەپیلان و دوژمنایەتی) نارەحەتت بکەن ﴿مِنَ ٱلْأَرْضِ﴾ لەخاکی مەککە ﴿لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا﴾ بۆ ئەوەی دەرت بکەن لێ ی ﴿وَإِذًا لَّا يَلْبَثُونَ خِلَٰفَكَ﴾ جا ئەوکاتە ئەوانە نەدەمانەوە لەپاش تۆ ﴿إِلَّا قَلِيلًا﴾ کاتێکی کەم نەبێت (خوا لەناوی دەبردن) ﴿٧٦﴾ ﴿سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا﴾ ڕێگا ونەریتێکە لە (ئێمەوە) بۆ ئەوانەی کە ناردومانن. ﴿قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا﴾ لە پێغەمبەرانمان پێش تۆ ﴿وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا﴾ باوو یاسای ئێمەش گۆڕانی بەسەردا نایەت ﴿٧٧﴾ ﴿أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) نوێژ بەجێ بهێنە ﴿لِدُلُوكِ ٱلشَّمْسِ﴾ لەکاتی لادانی خۆر (لەناوەڕاستی ئاسمان) ﴿إِلَىٰ غَسَقِ ٱلَّيْلِ﴾ هەتا (هاتنی) تاریکی شەو ﴿وَقُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ﴾ هەروەها نوێژی بەیانی (بەجێ بێنە) ﴿إِنَّ قُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ﴾ بەڕاستی قورئان خوێندنی نوێژی بەیانی ﴿كَانَ مَشْهُودًا﴾ هەمیشە دەبینرێت (لەلایەن فریشتەکانی شەو وڕۆژەوە) ﴿٧٨﴾ ﴿وَمِنَ ٱلَّيْلِ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) لە بەشێکی شەودا ﴿فَتَهَجَّدْ بِهِۦ﴾ هەستە شەو نوێژ بکە بەقورئان خوێندن تێیدا ﴿نَافِلَةً لَّكَ﴾ ئەوە زیادە نوێژی تایبەت بە تۆیە ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ﴾ ئومێدەوار بە پەروەردگارت بتگەیەنێتە ﴿مَقَامًا مَّحْمُودًا﴾ پلەو جێگایەکی پەسەندکراو (کە شەفاعەتی گەورەیە بۆ خەڵکی لەقیامەتدا) ﴿٧٩﴾ ﴿وَقُل رَّبِّ﴾ وە بڵێ ئەی پەروەردگارم ﴿أَدْخِلْنِى مُدْخَلَ صِدْقٍ﴾ (لەهەر کارێکدا بووم) ڕاست وچاك بێم ئەنجام بدە ﴿وَأَخْرِجْنِى مُخْرَجَ صِدْقٍ﴾ ڕاست و چاکیش بێم کۆتایی بێنە ﴿وَٱجْعَل لِّى مِن لَّدُنكَ﴾ وە لەلایەن خۆتەوە بۆم بسازێنە ﴿سُلْطَٰنًا نَّصِيرًا﴾ دەسەڵاتێکی یارمەتی دەر (کە زاڵ بم بەسەر هەموو کۆسپێکدا) ﴿٨٠﴾ ﴿وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ﴾ وە بڵێ ئاینی ڕاست هات ﴿وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُ﴾ وە ئاینی ناحەق و بەتاڵ نەما و ڕۆشت ﴿إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ بەڕاستی بەتاڵ هەمیشە لە ناوچووە ﴿٨١﴾ ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ﴾ وە لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ﴿مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەوەی کە هۆی شیفا و میهرەبانی یە بۆبڕوا داران ﴿وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا﴾ بەڵام (هاتنی ئەم قورئانە) بۆستەم کاران هیچ زیادناکات جگە لەخەسارۆمەندی نەبێت ﴿٨٢﴾ ﴿وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ﴾ وە کاتێك چاکە ونیعمەتی خۆمان بڕێژین بەسەر ئادەمی (بێ باوەڕدا) ﴿أَعْرَضَ﴾ ڕوو وەردەگێڕێت (لە زیکری وبادی ئێمە) ﴿وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾ ودوور دەکەوێتەوە ﴿وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ﴾ وە کاتێك ناخۆشی و زیانی لێ بکەوێت ﴿كَانَ يَـُٔوسًا﴾ زۆر نائومێد دەبێت ﴿٨٣﴾ ﴿قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هەموو کەس کار دەکات ﴿عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ﴾ لەسەر سروشت و(ڕێبازی)خۆی ﴿فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ﴾ جا پەروەردگارتان زاناترە بەو کەسەی ﴿أَهْدَىٰ سَبِيلًا﴾ کە ڕێبازەکەی ڕاستترە ﴿٨٤﴾ ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) پرسیارت لێ دەکەن لەبارەی ڕۆحەوە (کەچی یە) ﴿قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى﴾ بڵێ ڕۆح لەکارو فەرمانی تایبەت بە پەروەردگارمە ﴿وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾ وە ئێوە تەنها کەمێك لە زانیاریتان پێ بەخشراوە ﴿٨٥﴾ ﴿وَلَئِن شِئْنَا﴾ وە سوێند بەخوا ئەگەر بمانەوێت ﴿لَنَذْهَبَنَّ بِٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾ بێگومان ئەو (قورئانەی)نیگامان کردووە بۆت نایهێنین (لە دڵ و پەڕەکاندا) ﴿ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ﴾ لە پاشان دەست ناکەوێت ﴿بِهِۦ عَلَيْنَا وَكِيلًا﴾ لە بەرانبەر ئێمەدا کەسێك کە بەرگریت لێ بکات ﴿٨٦﴾

﴿إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ مه‌گه‌ر میهره‌بانییه‌ك له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارته‌وه‌نه‌بێت ﴿إِنَّ فَضْلَهُۥ كَانَ عَلَيْكَ كَبِيرًا﴾ به‌راستی فه‌زڵ و چاکه‌ی ئه‌و به‌سه‌رته‌وه گه‌وره‌یه ﴿٨٧﴾ ﴿قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر ئاده‌می و جنۆکه هه‌موو کۆببنه‌وه ﴿عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی وێنه‌ی ئه‌م قورئانه بێنن ﴿لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ﴾ ناتوانن وێنه‌ی ئه‌و بێنن ﴿وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ هه‌رچه‌نده پشتیوانی یه‌کتریش بن ﴿٨٨﴾ ﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ﴾ وه سوێند به‌خوا ئێمه هێناومانه‌ته‌وه بۆ خه‌ڵکی ﴿فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ﴾ له‌م قورئانه‌دا ﴿مِن كُلِّ مَثَلٍ﴾ له‌هه‌موو جۆره نموونه‌یه‌ك ﴿فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ﴾ که‌چی زۆربه‌ی خه‌ڵکی نایانه‌وێت ﴿إِلَّا كُفُورًا﴾ جگه له سپله‌یی و بێ باوه‌ڕی نه‌بێت ﴿٨٩﴾ ﴿وَقَالُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ﴾ ووتیان هه‌رگیز باوه‌ڕت پێ ناهێنین ﴿حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ ٱلْأَرْضِ يَنۢبُوعًا﴾ هه‌تا له‌م زه‌ویه‌دا کانیاوێکمان بۆ هه‌ڵنه‌قوڵێنی ﴿٩٠﴾ ﴿أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ﴾ یان باخێکت ببێت له دارخورما و تری ﴿فَتُفَجِّرَ ٱلْأَنْهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفْجِيرًا﴾ و چه‌ند ڕوبارێك هه‌ڵقوڵێنیت له نێوان دره‌خته‌کانیدا به‌خوڕ بڕوات ﴿٩١﴾ ﴿أَوْ تُسْقِطَ ٱلسَّمَآءَ﴾ یان ئاسمان بڕوخێنی ﴿كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا﴾ به‌سه‌رماندا هه‌رچۆن لافت لێداوه که به‌پارچه پارچه ده‌کرێت ﴿أَوْ تَأْتِىَ بِٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ یان خوا و فریشته‌کان بێنی ﴿قَبِيلًا﴾ ڕوو به‌ڕوو (بیان بینین). ﴿٩٢﴾ ﴿أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ﴾ یان کۆشك و ماڵێکت ببێت ﴿مِّن زُخْرُفٍ﴾ ڕازاوه به‌نه‌خش و نیگار ﴿أَوْ تَرْقَىٰ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ یان به‌رزببیته‌وه بۆ ئاسمان ﴿وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ﴾ وه هه‌رگیز باوه‌ڕ ناهێنین به‌به‌رز بونه‌وه‌که‌شت ﴿حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ﴾ هه‌تا په‌یامێکمان بۆ نه‌هێنیته خواره‌وه خۆمان بیخوێنینه‌وه ﴿قُلْ سُبْحَانَ رَبِّى﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ پاکی وبێگه‌ردی بۆپه‌روه‌ردگارم ﴿هَلْ كُنتُ﴾ ئایا من (شتێکی ترم) ﴿إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا﴾ جگه له‌ئاده‌میه‌کی نێرراو و پێغه‌مبه‌ر (واته من ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و شتانه‌م نیه به‌ڵکو من ته‌نها مرۆڤێکم و خودا کردوومی به پێغه‌مبه‌ر) ﴿٩٣﴾ ﴿وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ﴾ هیچ شتێك به‌رگری خه‌ڵکی نه‌کرد ﴿أَن يُؤْمِنُوٓا۟﴾ له‌وه‌ی که‌باوه‌ڕ بێنن ﴿إِذْ جَآءَهُمُ ٱلْهُدَىٰٓ﴾ کاتێك که‌ڕێنموونی و ئاینی حه‌قیان بۆ هات ﴿إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟﴾ بێجگه له‌وه‌ی ده‌یان ووت ﴿أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا﴾ چۆن خوا ئاده‌میه‌ك به پێغه‌مبه‌ر ده‌نێرێت ﴿٩٤﴾ ﴿قُل لَّوْ كَانَ فِى ٱلْأَرْضِ مَلَٰٓئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ﴾ بڵێ ئه‌گه‌ر له‌زه‌وی دا فریشته هه‌بوایه وبه دڵنیاییه‌وه (تیایدا) بگه‌ڕانایه (به وێنه‌ی ئاده‌می) ﴿لَّنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ بێگومان له ئاسمانه‌وه ده‌مان نارده‌خواره‌وه بۆیان ﴿مَلَكًا رَّسُولًا﴾ فریشته‌یه‌کی پێغه‌مبه‌ر ﴿٩٥﴾ ﴿قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا﴾ بڵێ پێیان خوا به‌سه که شاهید بێت ﴿بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ﴾ له نێوان من و ئێوه‌دا ﴿إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرًۢا بَصِيرًا﴾ به‌راستی خوا هه‌میشه به‌ئاگادار و بینایه به به‌نده‌کانی ﴿٩٦﴾

﴿وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ﴾ هـه‌ر که‌س خوا ڕێنموونی بکات ﴿فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ﴾ هه‌ر ئه‌و که‌سه ڕێنموونی کراوه (به‌ڕاستی) ﴿وَمَن يُضْلِلْ﴾ و هـه‌ر که‌سیش خـوا گومـڕای بکات ﴿فَلَن تَجِدَ لَهُمْ﴾ ئـه‌وه هه‌رگیز ده‌سـنت ناکه‌وێـت بۆیان ﴿أَوْلِيَآءَ مِن دُونِهِۦ﴾ بێجگـه له‌خـوا دۆسـت و یارمه‌تـی ده‌رانێـك ﴿وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وه لـه‌ڕۆژی دواییـدا حه‌شـریان ده‌که‌یـن ﴿عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ﴾ به‌سـه‌ر ڕووومـه‌ت و دەم و چاویانـدا ﴿عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا﴾ کـه کوێـرو لاڵ وکـه‌ڕن ﴿مَّأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ﴾ شـوێنی نیشـته‌جێیان دۆزه‌خـه ﴿كُلَّمَا خَبَتْ﴾ هـه‌ر جارێـك (دۆزه‌خ) بڵێسـه‌ی بنیشێته‌وه (دامرێته‌وه) ﴿زِدْنَٰهُمْ سَعِيرًا﴾ بڵێسـه‌ی ئاگره‌که‌یان بۆ زیاد ده‌که‌ین ﴿٩٧﴾ ﴿ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُم﴾ ئه‌وه تۆڵه‌ی ئه‌وانه‌یه ﴿بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ چونکه بێگومان باوه‌ڕیان نه‌هێنا به‌ئایه‌ته‌کانی ئێمه ﴿وَقَالُوٓا۟ أَءِذَا كُنَّا﴾ و ده‌یان ووت ئایا ئه‌گه‌ر ئێمه بووینه ﴿عِظَٰمًا وَرُفَٰتًا﴾ ئێسـك و پرووسـکی پاره‌پاره‌ی ڕزیو ﴿أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا﴾ ئایا ئێمه جارێکی تر زیندوو ده‌کرێینه‌وه به‌دروست کردنێکی تازه ﴿٩٨﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى﴾ ئایا ئه‌وانه نه‌یانزانیوه بێگومـان ئه‌و خوایه‌ی ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ که ئاسـمانه‌کان و زه‌وی دروسـت کردووه ﴿قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ﴾ ده‌سـه‌ڵات دارو به‌توانایه که‌وێنه‌ی ئه‌وانه دروسـت بکاته‌وه ﴿وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلًا﴾ وه کات و ماوه‌یه‌کی دیـاری کردووه بۆیـان ﴿لَّا رَيْبَ فِيهِ﴾ که گومانی تێدانیه ﴿فَأَبَى ٱلظَّٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورًا﴾ به‌ڵام سـته‌مکاران هیچیان ناوێـت جێ بـاوه‌ڕی نه‌بێـت ﴿٩٩﴾ ﴿قُل لَّوْ أَنتُمْ﴾ بڵێ ئه‌گه‌ر ئێـوه ﴿تَمْلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحْمَةِ رَبِّىٓ﴾ خاوه‌نـی خه‌زێنه‌کانی چاکـه و نیعمه‌ته‌کانـی په‌روه‌ردگـارم بـن ﴿إِذًا لَّأَمْسَكْتُمْ﴾ ئه‌وکاتـه ده‌تانگرێته‌وه (له‌به‌خشین) ﴿خَشْيَةَ ٱلْإِنفَاقِ﴾ لـه ترسـی خه‌رج بوون و ته‌واو بـوون ﴿وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ قَتُورًا﴾ وه ئاده‌می هه‌میشـه ڕژده و چرووکه ﴿١٠٠﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ﴾ وه سـوێند به‌خوا به‌ڕاستی به‌خشیمان به‌مووسـا ﴿تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ﴾ نۆ موعجیزه‌ی ڕوون وئاشکرا ﴿فَسْـَٔلْ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ده‌ی پرسیار له‌نه‌وه‌ی ئیسرائیل بکه (سه‌بارەت به‌ڕوداوی مووسـا و فیرعـه‌ون) ﴿إِذْ جَآءَهُمْ﴾ کاتـێ (مووسـا) هاته لایـان ﴿فَقَالَ لَهُۥ فِرْعَوْنُ﴾ ئه‌مجا فیرعـه‌ون پێی ووت ﴿إِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسْحُورًا﴾ به‌ڕاستی ئـه‌ی مووسـا مـن واگومـان ده‌بـه‌م که تـۆ جادو لـێ کـراو بیت ﴿١٠١﴾ ﴿قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ﴾ (مووسا علیه السلام) فه‌رمووی سوێندبه‌خوا بێگومان تۆ ده‌زانی ﴿مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ هیچ که‌س ئـه‌م موعجیزانه‌ی نه‌ناردۆتـه خواره‌وه ﴿إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ﴾ جگه له‌په‌روه‌ردگاری ئاسـمانه‌کان وزه‌وی نه‌بێت که ڕوونکه‌ره‌وه‌ن (بۆ خه‌ڵکی) ﴿وَإِنِّى لَأَظُنُّكَ﴾ وه به‌ڕاستی من دڵنیام که تۆ ﴿يَٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا﴾ ئـه‌ی فیرعـه‌ون لـه نـاو ده‌چیـت ﴿١٠٢﴾ ﴿فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ﴾ جـا فیرعـه‌ون ویسـتی کـه‌وا (مووسـا وکۆمه‌ڵه‌که‌ی) ده‌رکات له‌زه‌وی (میسر)دا ﴿فَأَغْرَقْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ جَمِيعًا﴾ ئینجا ئێمه‌ش فیرعه‌ون و ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵی بوون هه‌موویانمان خنکاند له ده‌ریادا ﴿١٠٣﴾ ﴿وَقُلْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ ئه‌وسا له‌پاش خنکاندنیان ووتمان ﴿لِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ به‌نه‌وه‌ی ئیسـرائیل ﴿ٱسْكُنُوا۟ ٱلْأَرْضَ﴾ نیشـته جـێ بن له‌و زه‌ویه‌ی (که فیرعه‌ون ویسـتی ده‌رتـان کات لێ ی) ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ جـا کاتێـك به‌ڵێنـی ڕۆژی دواییـ هـات ﴿جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا﴾ ئه‌وسـا هه‌مووتـان پێکـه‌وه (بۆ دادگای خوا) دێنین ﴿١٠٤﴾

﴿وَبِالْحَقِّ أَنزَلْنَاهُ﴾ وه ئه‌م (قورئانه)مان به‌هه‌ق ناردۆته خواره‌وه﴿وَبِالْحَقِّ نَزَلَ﴾ وه به‌حه‌ق و ڕاستیش هاتووه‌ته خواره‌وه﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ﴾ وه تۆمان ڕه‌وانه نه‌کردووه ﴿إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا﴾ به‌موژده ده‌رو ترسێنه‌ر نه‌بێت ﴿١٠٥﴾ ﴿وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ﴾ وه قورئانمان به‌ش به‌ش بۆت ناردووه ﴿لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی بیخوێنێته‌وه به‌سه‌ر خه‌ڵکیدا ﴿عَلَىٰ مُكْثٍ﴾ به له‌سه‌ر خۆیی و هێواشی ﴿وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلًا﴾ وه ئه‌م (قورئانه)مان به‌و شێوه دابه‌زاند ﴿١٠٦﴾ ﴿قُلْ آمِنُوا بِهِ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) پێیان) بڵێ باوه‌ڕبێنن به‌م (قورئانه) ﴿أَوْ لَا تُؤْمِنُوا﴾ یان باوه‌ڕی پێ نه‌هێنن ﴿إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ﴾ به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی که زانیارییان پێ به‌خشراوه ﴿مِن قَبْلِهِ﴾ له‌پێش ئه‌م (قورئانه)دا ﴿إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ کاتێك (قورئان) بخوێنرێته‌وه به‌سه‌ریاندا ﴿يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا﴾ به‌چه‌سپانی ده‌که‌ون به‌ڕووداو به‌سوژده بردن ﴿١٠٧﴾ ﴿وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا﴾ وه ده‌ڵێن پاك و بێگه‌ردی بۆ به‌ڕوه‌ردگارمان ﴿إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا﴾ به‌ڕاستی هه‌میشه به‌ڵێنی به‌ڕوه‌ردگارمان به‌دی دێنت ﴿١٠٨﴾ ﴿وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ﴾ وه ده‌که‌ون به‌سه‌ر ڕووداو ده‌گرین ﴿وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا﴾ و (قورئان) هه‌میشه ملکه‌چیان بۆ زیاد ده‌کات ﴿١٠٩﴾ ﴿قُلِ ادْعُوا اللَّهَ﴾ بڵێ نزا و هاوار له‌خوا بکه‌ن ﴿أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَٰنَ﴾ یان هاوار له ڕه‌حمان بکه‌ن (به‌کسانه) ﴿أَيًّا مَّا تَدْعُوا﴾ به‌هه‌ر کامیان نزاو هاوار داوای لێ بکه‌ن ﴿فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ﴾ چونکه هه‌ر بۆ خوایه هه‌موو ناوه زۆر جوانه‌کان ﴿وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ﴾ له‌نوێژکردنتدا ده‌نگ به‌رزمه‌که‌ره‌وه ﴿وَلَا تُخَافِتْ بِهَا﴾ و به‌نهێنیش مه‌یکه ﴿وَابْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا﴾ له‌و نێوانه‌دا ڕێگایه‌ك هه‌ڵبژێره (به‌شێوه‌یه‌ك خۆت گوێت له‌خۆت بێت) ﴿١١٠﴾ ﴿وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ وه (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ هه‌موو سوپاس و ستایش هه‌ر بۆ خوایه ﴿الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا﴾ زاتێك که‌هیچ منداڵێکی بۆ خۆی بڕیار نه‌داوه ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ﴾ و هیچ هاوبه‌شێکی نه‌بووه ﴿فِي الْمُلْكِ﴾ له مووڵك و پادشایه‌تیدا ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ﴾ هیچ دۆست و یارمه‌تی ده‌رێکی نه‌بووه ﴿مِّنَ الذُّلِّ﴾ له‌به‌ر بێ ده‌سه‌ڵاتی ﴿وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا﴾ (که‌واته) خوا زۆر به‌گه‌وره بگره ﴿١١١﴾

سوره‌تی ﴿الكهف﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي﴾ هه‌موو سوپاس و ستایش بۆ ئه‌و خوایه‌ی ﴿أَنزَلَ﴾ که ناردوویه‌تیه خواره‌وه ﴿عَلَىٰ عَبْدِهِ الْكِتَابَ﴾ قورئان بۆ سه‌ر به‌ندکه‌ی خۆی (موحه‌ممه‌د ﷺ) ﴿وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجًا﴾ و هیچ جۆره لاریه‌کی تێدا دانه‌ناوه ﴿١﴾ ﴿قَيِّمًا﴾ (کتێبێکی) ڕاست و پایه‌داره ﴿لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی به سزایه‌کی زۆر به‌تین بترسێنێت (ئه‌وانه‌ی که‌باوه‌ڕی پێ ناهێنن) ﴿مِّن لَّدُنْهُ﴾ له‌لایه‌ن خۆیه‌وه﴿وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ و مژده‌ش بدات به‌و باوه‌ڕدارانه‌ی﴿الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ﴾ که کرده‌وه چاکه‌کان ئه‌نجام ده‌ده‌ن ﴿أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا﴾ به‌مه‌ی که پاداشتێکی چاکیان بۆ هه‌یه ﴿٢﴾ ﴿مَّاكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا﴾ له‌و (به‌هه‌شته)دا بێ بڕانه‌وه ده‌مێننه‌وه ﴿٣﴾ ﴿وَيُنذِرَ الَّذِينَ﴾ وه (بۆ ئه‌وه‌ی) که‌سانێك بترسێنێت ﴿قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا﴾ که ده‌ڵێن ووت خوا ڕۆڵه‌ی بۆ خۆی بڕیار داوه ﴿٤﴾

﴿مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ﴾ نه‌خۆیان زانابوون پێی ﴿وَلَا لِءَابَآئِهِمْ﴾ نه‌باو و باپیرانیان ﴿كَبُرَتْ كَلِمَةً﴾ ج قسه‌یه‌کی (بوختانێکی) گه‌وره‌یه ﴿تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ﴾ که له‌ده‌میان ده‌رده‌چێت ﴿إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا﴾ جگه له‌درۆ هیچ شتێکی تر ناڵێن ۵ ﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ﴾ جا له‌وانه‌یه خۆت له ناوبه‌ری ﴿عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ﴾ له‌به‌ر کرده‌وه‌ی ئه‌وان ﴿إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا۟﴾ ئه‌گه‌ر ئیمان نه‌هێنن ﴿بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا﴾ به‌م قورئانه له‌داخ و خه‌فه‌تدا (بمریت) ۶ ﴿إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ﴾ به‌ڕاستی ئێمه هه‌رچی وابه‌سه‌ر زه‌وی یه‌وه کردوومانه ﴿زِينَةً لَّهَا﴾ به‌زینه‌ت و جوانی بۆ زه‌وی ﴿لِنَبْلُوَهُمْ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵکی تاقی بکه‌ینه‌وه ﴿أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ کامیان کرده‌وه‌ی جوانترو چاکتره؟ ۷ ﴿وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا﴾ وه به‌ڕاستی ئه‌وه‌ی وابه‌سه‌ر زه‌ویه‌وه ئێمه هه‌مووی ده‌که‌ین ﴿صَعِيدًا جُرُزًا﴾ به زه‌ویه‌کی ته‌ختی ووشک و برنگ ۸ ﴿أَمْ حَسِبْتَ﴾ نایا وات زانی ﴿أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ﴾ که هاوه‌ڵانی ئه‌شکه‌وت و تابلۆ (ئه‌و به‌رده‌ی ناویانی تیا نوسرا بوو) ﴿كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا﴾ ئه‌وان له‌ناو نیشانه‌کانی ئێمه‌دا شتێکی سه‌ر سوڕهێنه‌ر بوو؟ ۹ ﴿إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ﴾ کاتێ کۆمه‌ڵه گه‌نجێك په‌نایان برده‌به‌ر ئه‌شکه‌وته‌که ﴿فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً﴾ ووتیان ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان له‌لایه‌ن خۆته‌وه ڕه‌حمه‌تێکمان پێ ببه‌خشه ﴿وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا﴾ وه فه‌راهه‌م بێنه بۆمان له‌م کاره‌ی که‌واین تیایدا ڕێی ڕاست و ڕزگاری ۱۰ ﴿فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ﴾ جا ئێمه‌ش (دوعاکه‌یانمان گیرا کردو) په‌رده‌مان هێنا به‌سه‌ر گوێیاندا ﴿فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا﴾ له‌و ئه‌شکه‌وته‌دا چه‌ند ساڵ (خه‌ومان لێ خستن) ۱۱ ﴿ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ﴾ له‌پاشان خه‌به‌رمان کردنه‌وه ﴿لِنَعْلَمَ﴾ بۆئه‌وه‌ی ده‌ر یخه‌ین ﴿أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ﴾ له‌وده‌وو تاقمه کامیان ﴿أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا﴾ چاکتر ماوه‌ی خه‌وی خۆیان ده‌ژمێرن (له ئه‌شکه‌وته‌که‌دا) ۱۲ ﴿نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ﴾ ئێمه بۆت ده‌گێڕینه‌وه ﴿نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ﴾ هه‌والی ئه‌وان به‌ڕێك و ڕاستی ﴿إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ﴾ به‌ڕاستی ئه‌وانه کۆمه‌ڵه لاوێك بوون ﴿ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ﴾ باوه‌ڕیان هێنابوو به‌په‌روه‌ردگاریان ﴿وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى﴾ ئێمه‌ش ڕێنموونیمان زیاد کردن ۱۳ ﴿وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ و دڵیانمان به‌هێز کرد (له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه) ﴿إِذْ قَامُوا۟﴾ له‌کاتێکدا هه‌ستان و ڕاپه‌ڕین ﴿فَقَالُوا۟ رَبُّنَا﴾ ووتیان په‌روه‌ردگاری ئێمه ﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ په‌روه‌ردگاری ئاسمانه‌کان و زه‌وی یه ﴿لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا﴾ ئێمه هه‌رگیز بێجگه له‌و په‌رستراوێکی تر ناپه‌رستین ﴿لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا﴾ (ئه‌گه‌ر جگه له‌خوا شتێ تر بپه‌رستین) سوێند به‌خوا ئه‌وکاته درۆمان ووتووه ۱۴ ﴿هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا﴾ ئائه‌وانه گه‌له‌که‌ی ئێمه‌ن ﴿ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً﴾ بێجگه له‌خوا په‌رستراوی تریان بۆخۆیان بڕیار داوه ﴿لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم﴾ ده‌ی با بۆیان بهێنێته‌وه ﴿بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ﴾ به‌ڵگه‌و نیشانه‌ی ڕوون و ئاشکرا ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ﴾ ده‌ی کێ ستەم کارتره له‌و که‌سه‌ی ﴿ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ که درۆ هه‌ڵبه‌ستێ به‌ده‌م خوداوه ۱۵

﴿وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ﴾ (ئەی هاوەڵانی ئەشکەوت) کاتێك ئێوە دووری پەرێزیتان گرت لەوان (لەو بێ باوەڕانە) ﴿وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ و لەو (پەرستراو) انەش بێجگە لە خودا دەیان پەرستن ﴿فَأْوُۥٓا إِلَى ٱلْكَهْفِ﴾ دەی کەوایە پەنا بەرنە ئەشکەوتەکە ﴿يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ﴾ پەروەردگارتان بەڵاوی دەکاتەوە بۆتان بەزەیی وڕەحمەتی خۆی ﴿وَيُهَيِّئْ لَكُم﴾ و بۆتان فەراهەم دەهێنێت ﴿مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا﴾ لەم کارەتاندا هۆی گوزەران و ژیانتان ﴿١٦﴾ ﴿وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت﴾ خۆر دەبینی کاتێك کەهەڵدێت ﴿تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ﴾ لەلای ڕاستی ئەشکەوتەکەیان دەدات ﴿وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ﴾ کاتێکیش ئاوا دەبێت لای دەدا لێیان ﴿ذَاتَ ٱلشِّمَالِ﴾ بەلای چەپدا ﴿وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ مِّنْهُ﴾ لەکاتێکدا ئەوان لە ناو بۆشایی فراوانی ئەشکەوتەکەدان ﴿ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە هەندێکە لە بەڵگە و نیشانەکانی خوا ﴿مَن يَهْدِ ٱللَّهُ﴾ هەر کەسێ خوا ڕێنموونی بکات ﴿فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ﴾ تەنها ئەو کەسە ڕێنموونی کراوە ﴿وَمَن يُضْلِلْ﴾ و هەر کەسیش گومڕا بکات ﴿فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا﴾ ئەوە دەستت ناکەوێ بۆی هیچ پشتیوان و ڕێ نیشاندەرێك ﴿١٧﴾ ﴿وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا﴾ (ئەگەر بیان بینیت) وا دەزانیت بەخەبەرن ﴿وَهُمْ رُقُودٌ﴾ کە چی خەوتوون ﴿وَنُقَلِّبُهُمْ﴾ وە ئەو (خەوتوو)انە ئەم دیو و دیویان پێ دەکەین (بۆ ئەوەی لاشەیان تێك نەچێت) ﴿ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ﴾ بەلای ڕاست و بەلای چەپدا ﴿وَكَلْبُهُم بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ﴾ و سەگەکەیان هەردوو دەستی درێژ کردبوو ﴿بِٱلْوَصِيدِ﴾ لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەدا ﴿لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ﴾ ئەگەر سەیرێکت بکردنایە ﴿لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا﴾ بێگومان بەڕاکردن بەرەو دوا دەگەڕایتەوە ﴿وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا﴾ و پڕ بە دڵ لێیان دەترسایت ﴿١٨﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَٰهُمْ﴾ ئابەو شێوە (لەخەو) خەبەرمانکردنەوە ﴿لِيَتَسَآءَلُوا۟ بَيْنَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی پرسیار لە یەکتری بکەن ﴿قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ﴾ یەکێکیان ووتی ﴿كَمْ لَبِثْتُمْ﴾ چەندە ماونەتەوە (بە خەوتوویی) ﴿قَالُوا۟﴾ (هەندێکیان) ووتیان ﴿لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾ ڕۆژێك یا کەمتر لە ڕۆژێك ماوینەتەوە ﴿قَالُوا۟ رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ﴾ (هەندێکی تریان) ووتیان پەروەردگارتان زاناترە بەماوەی ماندووەتان ﴿فَٱبْعَثُوٓا۟ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِۦٓ﴾ دەیەکێکتان بەم دراوە (زیوە) تان بنێرن ﴿إِلَى ٱلْمَدِينَةِ﴾ بۆ ناو شار ﴿فَلْيَنظُرْ أَيُّهَآ أَزْكَىٰ طَعَامًا﴾ با سەیرکات کێ (لە خەڵکی شار) خۆراکی پاکترە ﴿فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ﴾ ئەوە با لەوە خۆراکتان بۆ بهێنێت ﴿وَلْيَتَلَطَّفْ﴾ با نەرم و نیان و لەسەرخۆ بێت لە هەڵسوکەوتیدا (تا نەناسرێتەوە) ﴿وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا﴾ و کەس لەئێوە ئاگادار نەکات ﴿١٩﴾ ﴿إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ﴾ چونکە بێگومان ئەگەر ئەوان پێتان بزانن ﴿يَرْجُمُوكُمْ﴾ بەرد بارانتان دەکەن ﴿أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِى مِلَّتِهِمْ﴾ یان دەتان گێڕنەوە بۆناو ئایینەکەی خۆیان ﴿وَلَن تُفْلِحُوٓا۟ إِذًا أَبَدًا﴾ ئەو کاتە ئێوە هەرگیز ڕزگارتان نابێت ﴿٢٠﴾

﴿وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ﴾ (پاش سەدان سال) ئا بەو شێوە خەڵکمان ئاگادار کرد بەسەریاندا ﴿لِيَعْلَمُوا أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾ بۆ ئەوەی بزانن کەبێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ﴿وَأَنَّ السَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَا﴾ وەدڵنیابن کەڕۆژی دوایی گومانی تێدانیە ﴿إِذْ يَتَنَازَعُونَ بَيْنَهُمْ﴾ (خەڵکی مان ئاگادارکرد بەسەریاندا) لەکاتێکدا ئەو خەڵکە کێشەیان بوو لەنێوان خۆیاندا ﴿أَمْرَهُمْ﴾ دەربارەیان ﴿فَقَالُوا ابْنُوا عَلَيْهِم بُنْيَانًا﴾ جا (هەندێکیان) ووتیان چەند خانوویەکیان بەسەرەوە دروست بکەن ﴿رَبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ﴾ پەروەردگاریان ئاگادارترە پێ یان ﴿قَالَ الَّذِينَ غَلَبُوا عَلَىٰ أَمْرِهِمْ﴾ ئەوانەی کەزاڵ بوون بەسەر کار و باری ئەوکۆمەڵەدا ووتیان ﴿لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا﴾ بێگومان مزگەوتێکیان بەسەرەوە دروست دەکەین ﴿٢١﴾ ﴿سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾ ئەوسا هەندێکیان دەڵێن (ئەو لاوانە) سێ کەسن و چوارەمیان سەگەکەیانە ﴿وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾ وەهەندێکی تریان دەڵێن پێنج کەسن و شەشەمیان سەگەکەیانە ﴿رَجْمًا بِالْغَيْبِ﴾ ئەمانە قسەی بێ بەڵگەن (تفەنگ بە تاریکە شەوەو دەنێن) ﴿وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾ هەندێکی تریان دەڵێن ئەوانە حەوت کەسن هەشتەمەکەیان سەگەکەیانە ﴿قُل رَّبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ پەروەردگارم زاناترە بەژمارەیان ﴿مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ کەمێک نەبێت لەخەڵکی کەس ژمارەیان نازانێت ﴿فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ﴾ کەواتە (ئەی موحەممەد ﷺ) لەبارەیانەوە دەمەقاڵێ مەکە ﴿إِلَّا مِرَاءً ظَاهِرًا﴾ جگەلە دەمەقاڵەیەکی ئاشکرا و ئاسان (تەنها ئەوە بڵێ کەلە قورئاندا بۆت هاتووە) ﴿وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا﴾ وە لەبارەیانەوە پرسیار لەکەسیان (خاوەن نامەکان) مەکە ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَا تَقُولَنَّ لِشَايْءٍ﴾ بۆ (کردنی) هیچ شتێک مەڵێ ﴿إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا﴾ بێگومان من سبەینێ ئەو شتە دەکەم ﴿٢٣﴾ ﴿إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ﴾ مەگەر (لەگەڵی دا بڵێیت) ئەگەر خوا بیەوێت ﴿وَاذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ﴾ هەر کاتێ (إن شاء الله) ت لەبیر چوو کەی بیرت هاتەوە بیڵێ ﴿وَقُلْ عَسَىٰ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّي﴾ بڵێ ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنمووئیم بکات ﴿لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا﴾ بۆ ڕێگایەکی نزیکتر (لە ڕاستی) لەمە ﴿٢٤﴾ ﴿وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ﴾ (ئەو کۆمەڵە لاوە) مانەوە لە ناو ئەشکەوتەکەیاندا (بە خەوتوویی) ﴿ثَلَاثَ مِائَةٍ سِنِينَ﴾ ماوەی سێ سەد سال (بە سالی هەتاوی) ﴿وَازْدَادُوا تِسْعًا﴾ نۆ سالی تریشیان زیادکرد (ئەگەر بەسالی مانگی عەرەبی حیساب بکرێت) ﴿٢٥﴾ ﴿قُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا﴾ بڵێ خوا زاناترە بەماوەی مانەوەیان ﴿لَهُ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ تەنها بۆ خوایە زانینی نهێنی ئاسمانەکان و زەوی ﴿أَبْصِرْ بِهِ وَأَسْمِعْ﴾ ئای (خودا) چ بینا و بیسەرە ﴿مَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ﴾ بێجگە لە (خوا) هیچ پشتیوانێکیان بۆنیە ﴿وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾ کەسیش ناکات بە هاوبەشی خۆی لە فەرمانی دا ﴿٢٦﴾ ﴿وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ﴾ بخوێنەرەوە ئەوەی کە وەحیت بۆ کراوە ﴿مِن كِتَابِ رَبِّكَ﴾ لە قورئانی پەروەردگارت ﴿لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ﴾ کەس نیە بتوانێت ووتەکانی ئەو بگۆڕێت ﴿وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا﴾ هەرگیز پەنایەکت دەست ناکەوێت بێجگە لە خوا پەنای بۆ بەریت ﴿٢٧﴾

﴿وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ﴾ خۆت ڕاگره له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی ﴿يَدۡعُونَ رَبَّهُم﴾ له‌به‌ره‌وه‌ردگاریان ده‌پاڕێنه‌وه ویادی ئه‌و ده‌که‌ن (و ده‌یپه‌رستن) ﴿بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ﴾ به‌یانیان و ئێواران ﴿يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ﴾ که‌مه‌به‌ستیان ڕه‌زامه‌ندی خوایه ﴿وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ﴾ چاوه‌کانت له‌وان لامه‌ده و وه‌رمه‌گێڕه (بۆ که‌سانی بێ باوه‌ڕی ده‌وڵه‌مه‌ند) ﴿تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾ که جوانی و رازاوه‌یی ژیانی ئه‌م دونیای ده‌وێت ﴿وَلَا تُطِعۡ مَنۡ﴾ و به‌گوێی که‌سێك مه‌که ﴿أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا﴾ که دڵیمان له یادی خۆمان بێ ئاگا کردوه ﴿وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ﴾ و شوێنی هه‌واو ئاره‌زووی خۆی که‌وتووه ﴿وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا﴾ هه‌موو کاره‌کانی خراپ و له‌سنوور ده‌رچووه ﴿٢٨﴾ ﴿وَقُلِ ٱلۡحَقُّ﴾ بڵێ حه‌ق (ئه‌م قورئانه) ﴿مِن رَّبِّكُمۡۖ﴾ له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارتانه‌وه هاتووه ﴿فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن﴾ جا هه‌رکه‌سێ ده‌یه‌وێت با باوه‌ڕبێنێ ﴿وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ﴾ و هه‌رکه‌سیش ده‌یه‌وێت با بێ باوه‌ڕ بێت (ئه‌مه‌ش جۆرێکه له هه‌ڕه‌شه وسه‌رزه‌نشت) ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلظَّٰلِمِينَ﴾ به ڕاستی ئێمه ئاماده‌مان کردووه بۆ سته‌مکاران (بێ باوه‌ڕان) ﴿نَارًا أَحَاطَ بِهِمۡ سُرَادِقُهَاۚ﴾ ئاگرێك که بڵێسه‌که‌ی (وه‌کو ڕه‌شماڵ) ده‌وریان ده‌دات ﴿وَإِن يَسۡتَغِيثُواْ﴾ وه ئه‌گه‌ر (له تینوانا) هاواری ئاو بکه‌ن ﴿يُغَاثُواْ بِمَآءٖ كَٱلۡمُهۡلِ﴾ ئاوێکیان بۆ ده‌هێنرێ وه‌ك مسی تواوه (یا وه‌ك چڵك و چه‌په‌ڵی ڕۆن و زه‌یت وایه) ﴿يَشۡوِي ٱلۡوُجُوهَۚ﴾ ڕوو ده‌م و چاوه‌کان ده‌برژێنێ ﴿بِئۡسَ ٱلشَّرَابُ﴾ ئای چ خواردنه‌وه‌یه‌کی پیس و خراپه ﴿وَسَآءَتۡ مُرۡتَفَقًا﴾ و ئای چ شوێن و جێگایه‌کی خراپه ﴿٢٩﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی که‌باوه‌ڕیان هێناوه ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کرده‌وه‌ی چاکه‌یان کردووه ﴿إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجۡرَ مَنۡ أَحۡسَنَ عَمَلًا﴾ بێگومان ئێمه پاداشتی ئه‌وانه‌ووون ناکه‌ین که کرده‌وه‌ی چاکیان کردوه ﴿٣٠﴾ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ﴾ بۆ ئه‌وانه هه‌یه ﴿جَنَّٰتُ عَدۡنٖ﴾ به‌هه‌شتانێکی هه‌میشه‌یی ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ که ڕوباره‌کان به ژێریاندا دێن و ده‌چن ﴿يُحَلَّوۡنَ فِيهَا﴾ ده‌ڕازێنرێنه‌وه له‌و (به‌هه‌شتانه)دا ﴿مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ﴾ به بازنی زێڕی ئاڵتون ﴿وَيَلۡبَسُونَ ثِيَابًا خُضۡرٗا﴾ وه پۆشاکی سه‌وز ده‌پۆشن ﴿مِّن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ﴾ له ئاوریشمی ته‌نك و ئه‌ستور ﴿مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۚ﴾ پاڵ ده‌ده‌نه‌وه له‌و (به‌هه‌شته) دا به سه‌ر کورسی وپاڵپشته‌کانه‌وه ﴿نِعۡمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتۡ مُرۡتَفَقٗا﴾ ئای چه‌ند پاداشتێکی چاکه و جێگایه‌کی خۆشه ﴿٣١﴾ ﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بۆیان بگێڕه‌وه نموونه‌ی ﴿رَّجُلَيۡنِ﴾ ئه‌و دوو پیاوه ﴿جَعَلۡنَا لِأَحَدِهِمَا﴾ دابوومان به یه‌کێکیان (که بێ باوه‌ڕ بوو) ﴿جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ﴾ دوو باخ له هه‌موو جۆره ترێیه‌ك ﴿وَحَفَفۡنَٰهُمَا بِنَخۡلٖ﴾ به دار خورما ده‌وری هه‌ردوو باخه‌که‌مان دابوو ﴿وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا﴾ له‌نێوان ئه‌و دوو باخه‌دا کشتوکاڵمان فه‌راهه‌م هێنابوو (بۆی) ﴿٣٢﴾ ﴿كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا﴾ هه‌ردوو باخه‌که به‌ری چاکیان گرتبوو ﴿وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ﴾ هیچیان لێ خه‌سار نه‌بوو بوو ﴿وَفَجَّرۡنَا خِلَٰلَهُمَا نَهَرٗا﴾ و له نێوان ئه‌و دوو باخه‌دا کانیاوێکمان هه‌ڵقوڵاندبوو (بۆ ئاودانیان) ﴿٣٣﴾ ﴿وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٞ﴾ هه‌روه‌ها (خاوه‌نی ئه‌و دوو باخه) ماڵ وسامانی زۆری هه‌بوو (له‌ئاڵتون وزیوو شتی تر) ﴿فَقَالَ لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ﴾ جا به هاوڕێ (ئیماندار هه‌ژاره)که‌ی ووت له کاتێکدا که قسه‌ی له‌گه‌ڵدا ده‌کرد ﴿أَنَا۠ أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا﴾ من ماڵ و سامانم له تۆ زۆرتره ﴿وَأَعَزُّ نَفَرٗا﴾ کوڕ و کاڵ و خزمه‌تکاریشم زیاتره ﴿٣٤﴾

﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ﴾ (بێ باوه‌ڕه‌که‌یان) چووه ناو باخه‌که‌یه‌وه ﴿وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ﴾ له کاتێکدا که ستەم کاربوو له خۆی ﴿قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا﴾ ووتی باوەڕ ناکەم هەرگیز ئەم باخەم لەناو بچێت ﴿٣٥﴾ ﴿وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً﴾ باوەڕیش ناکەم ڕۆژی دوایی بێت و ڕوو بدات ﴿وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّى﴾ سوێند بێ خۆ ئەگەر (پاش مردن) بمگێڕنەوە بۆ لای پەروەردگارم ﴿لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا﴾ بێگومان باشتر لەم باخەم دەست دەکەوێ ﴿٣٦﴾ ﴿قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ﴾ هاوڕێ (ئیماندارەکەی پێی ووت ﴿وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ﴾ لە کاتێکدا کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد ﴿أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ﴾ ئایا تۆ بێ باوەڕیت بەو زاتەی کە تۆی لەخاك دروست کردووە ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾ پاشان لە دڵۆپە ئاوێك ﴿ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا﴾ پاشان کردوێتی بە پیاو ﴿٣٧﴾ ﴿لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى﴾ بەڵام من هەر (دەڵێم) ئەو خوا پەروەردگارمە ﴿وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا﴾ و هیچ کەسیش ناکەم بە هاوبەشی پەروەردگارم ﴿٣٨﴾ ﴿وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ﴾ وە باکاتێ چوویتە ناو باخەکەتەوە ﴿قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾ بتووتایە هەرچی خوا بیەوێ (هەر ئەوە دەبێت) ﴿لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾ هەموو توانایەکیش هەر بەدەس خوایە ﴿إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ﴾ ئەگەر تۆ من دەبینی لەتۆ کەمتریش. ﴿مَالًا وَوَلَدًا﴾ مالّ و دارایی و منداڵم هەیە ﴿٣٩﴾ ﴿فَعَسَىٰ رَبِّى﴾ ئومێدم وایە کە پەروەردگارم ﴿أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ﴾ چاکتر لە باخەکەی تۆم پێ بدات ﴿وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ و بەڵا و بروسکەیەکیش لە ئاسمانەوە بنێرێت بۆباخەکەی تۆ ﴿فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا﴾ جا (باخەکەت) ببێت بەزەویەکی ووشکی ساف و خلیسك ﴿٤٠﴾ ﴿أَوْ يُصْبِحَ مَآؤُهَا غَوْرًا﴾ یان ئاوەکەی ڕۆبچێ بە ناخی زەویدا ﴿فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا﴾ ئیتر هەرگیز نەتوانی بیدۆزیتەوە ﴿٤١﴾ ﴿وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ﴾ سامان و بەر و بوومەکەی لەناوبرا (بە هەورە بروسکە سوتا و نەما) ﴿فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ﴾ ئەمجا کابراش لە داخا دەستەکانی دەپرواند ودەیدان بەیەکدا ﴿عَلَىٰ مَآ أَنفَقَ فِيهَا﴾ لەسەر ئەو ماڵەی کە خەرجی کرد بوو (لەباخەکەیدا) ﴿وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾ لە کاتێکدا (کەپری) باخەکەی هەموو کەوتوون بەسەر بەکدا ﴿وَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِى﴾ (جا لەپاشە ڕۆژدا) دەڵێت : خۆزگە ﴿لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّىٓ أَحَدًا﴾ کەسم نەکردایە بەهاوەڵی پەروەردگارم ﴿٤٢﴾ ﴿وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ فِئَةٌ يَنصُرُونَهُۥ﴾ کەسانێك نەبوو یارمەتی بدەن و بێنە بەهانایەوە ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێجگە لە خوا ﴿وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا﴾ خۆیشی سەرکەوتوو نەبوو ﴿٤٣﴾ ﴿هُنَالِكَ ٱلْوَلَٰيَةُ لِلَّهِ ٱلْحَقِّ﴾ لەو شوێنانەدا پشتیوانی تایبەتی خوای ڕاست و حەقە ﴿هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا﴾ هەر ئەویش چاکترین پاداشت ئەداتەوە ﴿وَخَيْرٌ عُقْبًا﴾ وسەرئەنجامی باشیش (بەئیمانداران) دەدات ﴿٤٤﴾ ﴿وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بهێنەرەوە بۆ ئەو (بێ باوەڕ) انە نموونەی ژیانی دونیا ﴿كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ وەك بارانێك وایە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین ﴿فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ﴾ ئەوسا جۆرەها ڕواوی زەویی (پێ دەڕوێت و) دەڕۆن بەناو یەکدا ﴿فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ﴾ ئەمجا دەبێتە پوش و پەڵاش و با پرش و بڵاوی دەکاتەوە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقْتَدِرًا﴾ وە خوا هەمیشە بە توانا و دەسەڵات دارە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٤٥﴾

﴿ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ مال و کوڕ و کاڵ جوانی و زینه‌تی ژیانی دونیان ﴿وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ﴾ کرده‌وه چاکه‌کان که (پاداشتیان) ده‌مێنێته‌وه ﴿خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا﴾ پاداشتیان چاکتره لای په‌روه‌ردگارت ﴿وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾ و زیاتر جێگه‌ی ئومێدن (له‌مانی دونیا) ﴿٤٦﴾ ﴿وَيَوْمَ نُسَيِّرُ ٱلْجِبَالَ﴾ وه (یادیان خه‌ره‌وه) ڕۆژێ که شاخه‌کان ده‌خه‌ینه ڕێ ﴿وَتَرَى ٱلْأَرْضَ بَارِزَةً﴾ و ڕووی زه‌وی به ڕوونی و ته‌ختی ده‌بینی ﴿وَحَشَرْنَٰهُمْ﴾ و هه‌موو (خه‌ڵکی) کۆ ده‌که‌ینه‌وه ﴿فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا﴾ و هیچ که‌سیان به‌جێ ناهێڵین ﴿٤٧﴾ ﴿وَعُرِضُوا۟ عَلَىٰ رَبِّكَ صَفًّا﴾ و هه‌موو (ئاده‌می) له‌به‌رده‌م په‌روه‌ردگارتدا ڕیز ده‌کرێن ﴿لَّقَدْ جِئْتُمُونَا﴾ سوێند به خوا دێنه‌وه بۆ لامان ﴿كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ﴾ هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ی که یه‌که‌م جار دروستمان کردن (به ڕووتی و بێ به‌رگی) ﴿بَلْ زَعَمْتُمْ﴾ به‌ڵام ئێوه گومانتان وابوو ﴿أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا﴾ که ئێمه کاتێك دانانێین بۆ (لێپرسینه‌وه) تان ﴿٤٨﴾ ﴿وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ﴾ نامه‌ی کرده‌وه‌کان دابه‌ش ده‌کرێت (ده‌درێته ده‌ستی ڕاست چاکان و ده‌ستی چه‌پی تاوانباران) ﴿فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ ئه‌مجا تاوانباران ده‌بینیت ﴿مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ﴾ زۆر ده‌ترسن له‌و (هه‌موو تاوان و خراپه)ی که تێیدایه ﴿وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا﴾ و ده‌ڵێن ئای هاوار بۆ ئێمه ﴿مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئه‌م نامه و ده‌فته‌ره چییه؟ ﴿لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا﴾ هیچ کرده‌وه‌یه‌کی بچووك و گه‌وره‌ی به‌جێ نه‌هێشتووه و تۆماری کردووه ﴿وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا﴾ هه‌ر کرده‌وه‌یه‌کیان کردبێت (تیایدا) ئاماده‌یه ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ و په‌روه‌ردگارت ستەم له که‌س ناکات ﴿٤٩﴾ ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ﴾ (بیریان بهێنه‌ره‌وه) کاتێك به فریشته‌کانمان ووت سوژده به‌رن بۆ ئاده‌م ﴿فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ﴾ ئه‌وانیش هه‌موو سوژده‌یان برد جگه له ئیبلیس (شه‌یتان) نه‌بێت ﴿كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ﴾ که له پێڕی جنۆکه‌کان بوو ﴿فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ﴾ بۆیه له فه‌رمانی په‌روه‌ردگاری ده‌رچوو ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ﴾ ده‌ی ئایا ئێوه (ئه‌ی ئاده‌میزاده‌کان) ئه‌وو نه‌وه‌ی ده‌که‌نه ﴿أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى﴾ دۆست و پشتیوانی خۆتان له جیاتی من ﴿وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌۢ﴾ له کاتێکدا که ئه‌وان دوژمنی ئێوه‌ن ﴿بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا﴾ ئای چ گۆڕینه‌وه‌یه‌کی خراپه بۆ سته‌مکاران ﴿٥٠﴾ ﴿مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ من ئه‌وان (شه‌یتان و نه‌وه‌ی)م ئاماده‌ی دروست کردنی ئاسمانه‌کان و زه‌وی نه‌کردووه ﴿وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ﴾ هه‌روه‌ها له (کاتی) دروست کردنی خۆشیاندا (ئاماده‌م نه‌کردوون) ﴿وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا﴾ وه من هه‌رگیز گومڕاکه‌رانم نه‌کردووه به یارمه‌تی ده‌ری خۆم ﴿٥١﴾ ﴿وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا۟ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ﴾ ڕۆژێك ده‌بێت که خوا ده‌فه‌رموێ بانگی ئه‌و بتانه بکه‌ن که لاتان وابوو هاوبه‌شی منن (با یارمه‌تیتان بده‌ن) ﴿فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ﴾ ئه‌وانیش بانگیان ده‌که‌ن به‌ڵام وه‌ڵامیان نادەنه‌وه (و نایه‌ن به هاواریانه‌وه) ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا﴾ وه ئێمه له نێوانیاندا شوێنکی پڕ ئازارمان داناوه ﴿٥٢﴾ ﴿وَرَأَى ٱلْمُجْرِمُونَ ٱلنَّارَ﴾ وه تاوانباران ئاگری دۆزەخ ده‌بینن ﴿فَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مُّوَٰقِعُوهَا﴾ و هه‌موو ده‌زانن و دڵنیان که ده‌چنه ناوی وتنی ده‌که‌ون ﴿وَلَمْ يَجِدُوا۟ عَنْهَا مَصْرِفًا﴾ و ڕێگایه‌کیان ده‌ست ناکه‌وێ بۆ گه‌ڕانه‌وه له‌و (ئاگره) ﴿٥٣﴾

﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ﴾ سوێندبه‌خوا به‌ڕاستی ئێمه‌له‌م قورئانه‌داهێناومانه‌ته‌وه ﴿لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ﴾ هه‌موو جۆره نموونه‌یه‌ك بۆ خه‌ڵكی ﴿وَكَانَ الْإِنسَانُ﴾ به‌ڵام هه‌میشه ئاده‌می ﴿أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا﴾ له هه‌موو شتێ زیاتر موجاده‌له ودەماقاڵێ ده‌كات ﴿٥٤﴾ ﴿وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَىٰ﴾ هیچ شتێك ڕێگری له خه‌ڵك نه‌كردووه كه باوەڕبهێنن كاتێك هیدایه‌ت و ڕێنموونیان بۆهات ﴿وَيَسْتَغْفِرُوا رَبَّهُمْ﴾ و داوای لێ بوردن بكه‌ن له په‌روه‌ردگاریان ﴿إِلَّا أَن تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ﴾ جگه له‌وەی وەك ئومه‌تانی پێشینانیان لێ بێت و(سزای خودا له ناویان ببات) ﴿أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ قُبُلًا﴾ یان سزا ڕوو به ڕوویان بێته‌وه (به چاوی خۆیان ببینن) ﴿٥٥﴾ ﴿وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ﴾ ئێمه پێغه‌مبه‌رانمان ناردووه ﴿إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ ته‌نها موژده ده‌ر و ترسێنه‌ر بن ﴿وَيُجَادِلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالْبَاطِلِ﴾ ئه‌وانه‌ی كه بێباوەڕن به‌ناهه‌ق و به‌تاڵ ده‌مه‌قاڵێ ده‌كه‌ن ﴿لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ﴾ بۆ ئه‌وەی (ئایینی) ڕاستی پێ له ناو به‌رن ﴿وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَمَا أُنذِرُوا هُزُوًا﴾ ئایه‌ته‌كانی من (كه قورئانه) و ئه‌و هه‌ره‌شانه‌ی پێی ترسێنراون به گاڵته‌یان ده‌زانین ﴿٥٦﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ﴾ كێ سته‌مكارتره له‌و كه‌سه‌ی كه ئامۆژگاری كرا بێت به ئایه‌ته‌كانی په‌روه‌ردگاری ﴿فَأَعْرَضَ عَنْهَا﴾ به‌ڵام ئه‌و گوێ ی پێ نه‌داو ﴿وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ﴾ و ئه‌و تاوانانه‌ی كه كردوویه‌تی له بیری خۆی بباته‌وه ﴿إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً﴾ به‌ڕاستی ئێمه چه‌ند په‌رده‌یه‌كی ئه‌ستورمان داوه به‌سه‌ر دڵیاندا ﴿أَن يَفْقَهُوهُ﴾ تا تێنه‌گه‌ن (له ئایه‌ته‌كانی ئێمه) ﴿وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا﴾ وه‌قورسی و كه‌پیمان خستۆته گوێیانه‌وه (تاڕاستی نه‌بیستن) ﴿وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ﴾ جا ئه‌گه‌ر بانگیان بكه‌یت بۆ سه‌ر ڕێگای ڕاست ﴿فَلَن يَهْتَدُوا إِذًا أَبَدًا﴾ ئه‌وانه هه‌رگیز هیدایه‌ت وەرناگرن ﴿٥٧﴾ ﴿وَرَبُّكَ الْغَفُورُ ذُو الرَّحْمَةِ﴾ په‌روه‌ردگارت لێ بووردەی خاوەن به‌زەییه ﴿لَوْ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُوا﴾ ئه‌گه‌ر تۆڵه‌یان لێ بسه‌ندبه‌هۆی ئه‌و (تاوانانه‌وه)ی كه كردوویانه ﴿لَعَجَّلَ لَهُمُ الْعَذَابَ﴾ بێگومان به په‌له سزای سه‌ختی بۆ ده‌ناردن ﴿بَل لَّهُم مَّوْعِدٌ﴾ به‌ڵام بۆ (سزادانی) ئه‌وان كاتێكی دیاری كراو هه‌یه ﴿لَّن يَجِدُوا مِن دُونِهِ مَوْئِلًا﴾ بێجگه له‌و (خوایه) هیچ په‌نایه‌كیان ده‌ست ناكه‌وێ (له‌و سزایه) ﴿٥٨﴾ ﴿وَتِلْكَ الْقُرَىٰ أَهْلَكْنَاهُمْ﴾ و ئه‌و هه‌موو شار وگوندانه‌مان به‌ربادو وێران كرد ﴿لَمَّا ظَلَمُوا﴾ كاتێك (دانیشتوانیان) سته‌میان كرد ﴿وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم مَّوْعِدًا﴾ و بۆ له‌ناو بردنیشیان كاتێكی دیاری كراومان دانا بوو ﴿٥٩﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَاهُ﴾ (باسی ئه‌و كاته بكه) كه موسا به‌ڵاوه به‌رده‌سته‌كه‌ی خۆی ووت ﴿لَا أَبْرَحُ حَتَّىٰ أَبْلُغَ﴾ من هه‌ر ده‌ڕۆم هه‌تا ده‌گه‌مه ﴿مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ﴾ شوێنی به‌یه‌ك گه‌یشتنی دوو ده‌ریاكه ﴿أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا﴾ یان ماوەیه‌كی دوور و درێژ ده‌ڕۆم ﴿٦٠﴾ ﴿فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا﴾ جا كاتێ گه‌یشتنه ئه‌و شوێنه‌ی دوو ده‌ریاكه به‌یه‌ك ده‌گه‌ن ﴿نَسِيَا حُوتَهُمَا﴾ ماسی یه‌كه‌یان له‌بیر چوو (كه وەك توێشوو بۆ سه‌فه‌ره‌كه‌یان پێیان بوو) ﴿فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا﴾ جا (ماسیه‌كه خۆی فڕێ داو) ڕێگه‌ی خۆی گرته به‌ر له‌ناو ده‌ریاكه‌دا و (ئاوەكه) له‌ت ده‌بوو وەك خۆی لێ نه‌ده‌هاته‌وه ﴿٦١﴾

﴿فَلَمَّا جَاوَزَا﴾ جا کاتێ تێپەڕین (لەو شوێنە) ﴿قَالَ لِفَتَىٰهُ ءَاتِنَا غَدَآءَنَا﴾ (موسا) فەرمووی بەلاوە بەردەستەکەی خواردنەکەمان بۆ بێنە ﴿لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَٰذَا نَصَبًا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی لەم سەفەرەماندا دووچاری ماندووبی و زەحمەت بووین ﴿٦٢﴾ ﴿قَالَ أَرَءَيْتَ﴾ (لاوەکە) ووتی لە بیرتە ﴿إِذْ أَوَيْنَآ إِلَى ٱلصَّخْرَةِ﴾ کاتێ چووینە پەنا بەردەکە (بۆ پشوودان) ﴿فَإِنِّى نَسِيتُ ٱلْحُوتَ﴾ جا بەڕاستی من (لەوێ) ماسیەکەم لە بیر چوو ﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ﴾ هیچ شتێ ئەو (ماسیەکە)ی لەبیر نەبردمەوە ﴿إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ﴾ کە باسی بکەم بۆت بێجگە لە شەیتان ﴿وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِى ٱلْبَحْرِ عَجَبًا﴾ (ماسییەکە زیندوو بویەوە و) بەشێوەیەکی سەیر رێگای خۆی لە دەریاکە گرتەبەر ﴿٦٣﴾ ﴿قَالَ ذَٰلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ﴾ (موسا) ووتی ئێمەش ئەوەمان دەویست ﴿فَٱرْتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا﴾ ئەمجا بەشوێنی خۆیاندا گەڕانەوە ﴿قَصَصًا﴾ بە سەرنج دان ﴿٦٤﴾ ﴿فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ﴾ جا بەندەیەك لە بەندەکانی ئێمەیان دی ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا﴾ کە لەلایەن خۆمانەوە ڕەحمەتمان پێدابوو ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ﴾ شارەزاشمان کردبوو ﴿مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾ لە زانیاری تایبەتی خۆمان ﴿٦٥﴾ ﴿قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ﴾ موسا بەو (بەندە صالحە)ی ووت ﴿هَلْ أَتَّبِعُكَ﴾ ئایا (هاوڕێیەتیت بکەم و) شوێنت بکەوم ﴿عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ﴾ بۆ ئەوەی فێرم بکەیت ﴿مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا﴾ لەو زانیاریە ڕاستەی فێری بوویت ﴿٦٦﴾ ﴿قَالَ إِنَّكَ﴾ ووتی (بە موسا) بەڕاستی تۆ ﴿لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا﴾ هەرگیز ناتوانی لەگەڵ مندا خۆت بگری ﴿٦٧﴾ ﴿وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ﴾ تۆ چۆن خۆت دەگری لەسەر ﴿مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا﴾ شتێ کەلە ڕازو نهێنی ئەو ئاگادار نیت ﴿٦٨﴾ ﴿قَالَ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا﴾ (موسا) ووتی ئەگەر خوا بیەوێ بەخۆڕاگر دەمبینی ﴿وَلَآ أَعْصِى لَكَ أَمْرًا﴾ و سەرپێچی لە هیچ فەرمانێکت ناکەم ﴿٦٩﴾ ﴿قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعْتَنِى﴾ ووتی (بە موسا) جا ئەگەر شوێنم کەوتی ﴿فَلَا تَسْـَٔلْنِى عَن شَىْءٍ﴾ ئەوە پرسیاری هیچ شتێکم لێ مەکە ﴿حَتَّىٰٓ أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا﴾ هەتا خۆم دەربارەی قسەت بۆ دەکەم (لەنهێنییەکەی ئاگادارت دەکەم) ﴿٧٠﴾ ﴿فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِى ٱلسَّفِينَةِ﴾ ئەمجا پێکەوە هەردووکیان ڕۆیشتن هەتا سواری کەشتییەك بوون ﴿خَرَقَهَا﴾ (پیاو چاکەکە) کەشتیکەی کون کرد ﴿قَالَ أَخَرَقْتَهَا﴾ (موسا) ووتی کەشتییەکەت کون تێ کرد ﴿لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا﴾ بۆ ئەوەی سەرنشینەکانی (لە دەریادا) نوقم بکەیت ﴿لَقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا إِمْرًا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی کارێکی زۆر خراپ و ناشایستەت کرد ﴿٧١﴾ ﴿قَالَ أَلَمْ أَقُلْ﴾ (بەندە چاکەکە) ووتی ئایا من نەم ووت ﴿إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا﴾ تۆ هەرگیز ناتوانی خۆت بگری لەگەڵ منداً ﴿٧٢﴾ ﴿قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِى بِمَا نَسِيتُ﴾ (موسا) ووتی لێم ببورە لەبەر ئەوەی (ئەو مەرجەی دامان نابوو) لەبیرم چوو ﴿وَلَا تُرْهِقْنِى مِنْ أَمْرِى عُسْرًا﴾ ئەم زانیاری فێربوونەم لەسەر قورس مەکە ﴿٧٣﴾ ﴿فَٱنطَلَقَا﴾ ئەمجا پێکەوە هەردووکیان ڕۆیشتن ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا غُلَٰمًا﴾ هەتا گەشتن بە تازە لاوێك ﴿فَقَتَلَهُۥ﴾ بەکسەر (پیاو چاکەکە) ئەو(تازە لاوەی) کوشت ﴿قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةًۢ﴾ (موسا) ووتی کەسێکی پاکی بێ گوناهت هەروا کوشت ﴿بِغَيْرِ نَفْسٍ﴾ بێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێ ﴿لَّقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا نُّكْرًا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی کارێکی زۆر خراپ و ناڕەوات کرد ﴿٧٤﴾

﴿قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ﴾ (به‌نده چاکه‌که) ووتی (به موسا) پێم نه‌ووتیت ﴿إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا﴾ بێگومان تۆ هەرگیز ناتوانی خۆت بگری له‌گه‌ڵ منـدا ﴿٧٥﴾ ﴿قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا﴾ (موسا) ووتی ئه‌گەر دوای ئه‌م جاره پرسیاری هەرشتێکم لێ کردی (ڕەخنـەم لێ گرتیت) ﴿فَلَا تُصَاحِبْنِي﴾ ئیتر هاوڕێیه‌تیم مه‌که ﴿قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْرًا﴾ چونکه بەڕاستی له‌لایـه‌ن منـه‌وه بیانـووت هەیـه (لـه‌وەی وازم لـێ بێنیت) ﴿٧٦﴾ ﴿فَانطَلَقَا﴾ ئه‌مجا پێکه‌وه هەردووکیان ڕۆیشتن ﴿حَتَّىٰ إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ﴾ هەتا گەشتنه لای خه‌ڵکی شارێك (له‌و کاته‌دا برسیان بوو) ﴿اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا﴾ داوای خۆراکیان کرد له‌خه‌ڵکی شاره‌که ﴿فَأَبَوْا أَن يُضَيِّفُوهُمَا﴾ ئه‌وانیش (خه‌ڵکی شاره‌که) میوان داریان لێ نه‌کردن ﴿فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا﴾ ئه‌مجا بینیان دیوارێك له‌ودا (له‌وشاره‌دا) ﴿يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ﴾ نزیـك بوو بکه‌وێت ﴿فَأَقَامَهُ﴾ (به‌نده چاکه‌که) دیواره‌که‌ی ڕاستی کـرده‌وه وهه‌ڵیچنیه‌وه ﴿قَالَ لَوْ شِئْتَ﴾ (موسـا) ووتـی ئه‌گـەر بتویسـتایه ﴿لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾ کرێیه‌کت له‌سـه‌ری وەرده‌گرت ﴿٧٧﴾ ﴿قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ﴾ ووتـی ئا لێره‌دا کاتی جیا بوونـه‌وه‌ی من و تۆیه ﴿سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ﴾ ئاگادارت ده‌که‌م له‌حیکمه‌تی ﴿مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾ ئه‌و شتانه‌ی که تۆ نه‌تتوانی خۆت بگری له‌سـه‌ر (ڕووداون) یان ﴿٧٨﴾ ﴿أَمَّا السَّفِينَةُ﴾ هۆی (کوون کردنی) که‌شتییه‌که (ئه‌وه بوو) ﴿فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ﴾ (ئه‌و که‌شتییه) هی چه‌ند که‌سێکی هەژار بوو ﴿يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ﴾ ئیشـیان ده‌کرد (به‌و که‌شتییه) له‌و دەریایه‌دا ﴿فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا﴾ بۆیه ویستم (به کون کردنی) عەیب داری بکەم (تا پاشا دەستی به‌سه‌ردا نه‌گرێت) ﴿وَكَانَ وَرَاءَهُم مَّلِكٌ﴾ چونکه له‌پێشیانه‌وه پاشایه‌ك هەبوو ﴿يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا﴾ دەستی دەگرت به‌سەر هەموو که‌شتیه‌کی (چاك) دا ﴿٧٩﴾ ﴿وَأَمَّا الْغُلَامُ﴾ وه تازه لاوه‌که‌ش (که کوشتم) ﴿فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ﴾ ئه‌وه باوك و دایکی ئیماندار بوون ﴿فَخَشِينَا أَن يُرْهِقَهُمَا﴾ جا ئێمه‌ش ترساین (خۆشه‌ویستی ئه‌ولاوه) پاڵیان پێوه بنێت ﴿طُغْيَانًا وَكُفْرًا﴾ بۆ سەرکەشی و بێ باوەڕی ﴿٨٠﴾ ﴿فَأَرَدْنَا أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا﴾ جـا (بـه‌و کاره) ویستمان پەروەردگاریان (له‌بـری ئـه‌وا) بۆیـان بگـۆڕێـت ﴿خَيْرًا مِّنْهُ زَكَاةً﴾ (به‌منداڵێکی) چاکتـر لـه‌و پاکتـر لـه گوناهـ ﴿وَأَقْرَبَ رُحْمًا﴾ به‌سـۆزو به‌زەیـی تـر بـێ بۆیـان ﴿٨١﴾ ﴿وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ﴾ وەهـۆی (چاککردنـه‌وەی) دیواره‌کـه‌ش چونکـه هـی دوو منداڵـی هەتیو بـوو ﴿فِي الْمَدِينَةِ﴾ لـه شـاره‌که‌دا ﴿وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا﴾ له‌ژێریـدا گەنجینه‌یـه‌ك هەبـوو که‌هـی ئـه‌و دوو منداڵـه بـوو ﴿وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا﴾ وه باوکـی ئـه‌ودوو منداڵه چـاك و خواناس بـوو ﴿فَأَرَادَ رَبُّكَ﴾ له‌به‌رئه‌وه پەروەردگـارت ویستی ﴿أَن يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا﴾ هەردووکیان گەوره‌و به‌هێز بین ﴿وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا﴾ پاشـان گەنجینه‌که‌یـان ده‌ربێنـن ﴿رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ ئەمـه ڕەحمەتێك بوو لەلایـه‌ن پەروەردگارتەوە(له‌بـه‌ر باوکیان) ﴿وَمَا فَعَلْتُهُ عَنْ أَمْرِي﴾ ئـه‌و (شـتانه‌ی) کردم لـه خۆمەوە نەبـوو ﴿ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ﴾ ئەوە نهێنی و هۆی ئـه‌و کرده‌وانه بـوو ﴿مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾ کـه تۆ توانای خۆ گرتنت نەبوو لەسـه‌ر (کردن)یان ﴿٨٢﴾ ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ﴾ هەروەهـا پرسیارت لـێ دەکەن دەربـاره‌ی (ذو القرنیـن) ﴿قُلْ سَأَتْلُوا عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا﴾ (له وەڵامیانـدا) بڵێ له بـاره‌یەوە هەندێك باس دەکەم بۆتان ﴿٨٣﴾

﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ به‌راستی ئیمه هێز و ده‌سه‌لاتمان پێ دا له زه‌ویدا ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا﴾ وه هۆکاری هه‌موو شتێکمان پێ دابوو (که پاشایه‌تی پێویستی بوو) ﴿٨٤﴾ ﴿فَأَتْبَعَ سَبَبًا﴾ ئه‌ویش که‌لکی له هۆکاره‌کان وه‌رده‌گرت (بۆ گه‌شتن به مه‌به‌ست) ﴿٨٥﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ﴾ (خۆی و له‌شکره‌که ڕۆیشت) تا ئه‌وکاته‌ی گه‌یشته شوێنی ئاوا بوونی خۆر ﴿وَجَدَهَا تَغْرُبُ﴾ (له‌و شوێنه‌دا) وا دیار بوو خۆر ئاوا ده‌بێ ﴿فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ﴾ له کانیاوێکدا که قوڕه ڕه‌شه‌ی به ده‌وردایه ﴿وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا﴾ جا له‌و جێگادا ڕێی که‌وت له گه‌لێکی (پێ باوه‌ڕ) ﴿قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ﴾ پێمان ووت ئه‌ی (ذو القرنين) ﴿إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ﴾ یا سزایان بده (به کوشتن گه‌ر باوه‌ڕیان نه‌هێنا) ﴿وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا﴾ یان چاکه‌یان له گه‌ڵدا بکه (گه‌ر باوه‌ڕیان هێنا) ﴿٨٦﴾ ﴿قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ﴾ (ذو القرنين) ووتی ئه‌وه‌ی ستەم بکات (باوه‌ڕ نه‌هێنێ) ﴿فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ﴾ ئه‌وه بێگومان ئێمه سزای ئه‌ده‌ین (به کوشتن) ﴿ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ﴾ پاشان ده‌گه‌ڕێنرێته‌وه بۆ لای په‌روه‌ردگاری ﴿فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا﴾ ئه‌ویش سزای ده‌دات به سزایه‌کی سه‌خت که وێنه‌ی نه‌بیستراوه ﴿٨٧﴾ ﴿وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ به‌ڵام ئه‌وه‌ی باوه‌ڕ بێنێ و کرده‌وه‌ی چاکیش بکات ﴿فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ﴾ ئه‌وه پاداشتی هه‌ره چاك (له دوارۆژدا) بۆ ئه‌وه ﴿وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا﴾ و کارو فه‌رمانی خۆمانی بۆ سووك و ئاسان ده‌که‌ین ﴿٨٨﴾ ﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا﴾ پاشان گه‌ڕایه‌وه بۆ ڕۆژهه‌ڵات، وئه‌و هۆکارانه‌ی گرته‌به‌ر که خوای گه‌وره پێی دابوو ﴿٨٩﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ﴾ هه‌تا کاتێ گه‌یشته شوێنی هه‌ڵاتنی خۆر ﴿وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ﴾ بینی خۆر هه‌ڵدێت له‌سه‌ر گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یەك ﴿لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا﴾ که‌هیچ په‌رده‌و په‌نایه‌کمان بۆ دانه‌نابوون (له‌خۆر بیانشارێته‌وه) ﴿٩٠﴾ ﴿كَذَٰلِكَ﴾ هه‌ر به‌و شێوه بوو (به‌سه‌رهاتی ذو القرنين) ﴿وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا﴾ بێگومان ئێمه به‌وه‌ی هه‌یبوو (له‌بیریدا بوو) ئاگادار بووین ﴿٩١﴾ ﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا﴾ پاشان (ذو القرنين) ڕۆیشت، وه‌ئه‌و هۆکار و ڕێگایانه‌ی گرته‌به‌ر که (خوای گه‌وره پێی دابوو) ﴿٩٢﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ﴾ هه‌تا گه‌یشته نێوانی دوو به‌ربەست (نێوان دوو چیا) ﴿وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا﴾ له‌نزیك ئه‌و دووبه‌ربەسته‌دا گه‌لێکی دی ﴿لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا﴾ له‌هیچ ووته‌یەك تێ نه‌ده‌گه‌یشتن (به‌زمانی خۆیان نه‌بێت) ﴿٩٣﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ﴾ ووتیان ئه‌ی (ذو القرنين) ﴿إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ﴾ به‌راستی (یأجوج و مأجوج) ﴿مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ له‌م خاکه‌دا خراپه‌کارن ﴿فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا﴾ ئاخۆ خه‌رجێکت پێ بده‌ین ﴿عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی به‌ربەستێ له‌نێوان ئێمه‌و ئه‌واندا دروست بکه‌یت ﴿٩٤﴾ ﴿قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ﴾ ووتی ئه‌و سامان و ده‌سه‌ڵاته‌ی په‌روه‌ردگارم پێی داوم چاکتره (له‌وه‌ی ئێوه باسی ده‌که‌ن) ﴿فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ﴾ جا ئێوه به هێز و بازوو یارمه‌تیم بده‌ن ﴿أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا﴾ له‌نێوان ئێوه‌و ئه‌واندا به‌ربەستێك دروست ئه‌که‌م ﴿٩٥﴾ ﴿ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ﴾ پارچه ئاسنم بۆ بێنن (له‌سه‌ر یه‌ك داینێن) ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ﴾ هه‌تا نێوانی هه‌ردوو کێوه‌که‌ی پڕ کرد و ڕێکی یه‌ك بوون ﴿قَالَ ٱنفُخُوا۟﴾ ووتی: (به‌موشه‌ده‌مه) فوو بکه‌ن (له‌و ئاگره‌ی له ژێریدا کرا بوویه‌وه) ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا﴾ هه‌تا کاتێ ئه‌و (پارچه ئاسنانه)ی کرد به‌ئاگر ﴿قَالَ﴾ (ذو القرنين) ووتی ﴿ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا﴾ مسی تواوەم بۆ بێنن بیکه‌م به‌سه‌ریدا ﴿٩٦﴾ ﴿فَمَا ٱسْطَٰعُوٓا۟ أَن يَظْهَرُوهُ﴾ ئه‌مجا (یأجوج و مأجوج) نه‌یان ده‌توانی سه‌رکه‌ون به‌سه‌ریدا (به‌هۆی به‌رزی و ساف و لوسی به‌وه ﴿وَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ لَهُۥ نَقْبًا﴾ وه نه‌یان ده‌توانی کونی تێبکه‌ن (له‌به‌ر ڕه‌قی و ئه‌ستووری) ﴿٩٧﴾

﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي﴾ (ذو القرنین) ووتی ئه‌م (دروست کردنه) ڕه‌حمه‌تێکه له لایه‌ن په‌روه‌ردگارمه‌وه ﴿فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي﴾ جا هه‌رکات به‌ڵێنی په‌روه‌ردگارم هات (به‌ده‌رچوونی یأجوج و مأجوج) ﴿جَعَلَهُ دَكَّاءَ﴾ ده‌یکاته زه‌ویه‌کی ته‌خت ﴿وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا﴾ وه بێگومان به‌ڵێنی په‌روه‌ردگارم هه‌ق و ڕاسته ﴿١٠٠﴾ ﴿وَتَرَكْنَا﴾ واز (له‌خه‌لکی) دێنین ﴿بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ﴾ له‌و ڕۆژه‌دا دێنن و ده‌چن به‌ناو یه‌کتردا (وه‌کو شه‌پۆلی ده‌ریا) ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ﴾ و فوو ده‌کرێ به‌شه‌پور دا ﴿فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا﴾ ئه‌وسا هه‌مووبان کۆ ده‌که‌ینه‌وه سه‌ڕاپا (که‌سیان لێ جێ نامێنێت) ﴿١٠١﴾ ﴿وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِّلْكَافِرِينَ﴾ وه له‌و ڕۆژه‌دا دۆزه‌خ نیشانی کافران ده‌ده‌ین ﴿عَرْضًا﴾ به‌نیشان دانێکی ته‌واو ﴿١٠٢﴾ ﴿الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ﴾ ئه‌وانه‌ی که(له‌م دونیایه‌دا) چاویان ﴿فِي غِطَاءٍ عَن ذِكْرِي﴾ په‌رده‌ی به‌سه‌ردا هاتبوو له‌یادی من ﴿وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا﴾ وه ئه‌وانه نه‌یان ده‌توانی (قورئان) ببیستن ﴿١٠٣﴾ ﴿أَفَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئایا ئه‌وانه‌ی بێ باوه‌ڕن وا گومان ده‌به‌ن (سوودی هه‌بێ بۆیان) ﴿أَن يَتَّخِذُوا عِبَادِي﴾ که به‌نده‌کانم (وه‌ك فریشته و عیسا) بکه‌ن ﴿مِن دُونِي أَوْلِيَاءَ﴾ به یار و یاوه‌ر و په‌رستراو جگه له من ﴿إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ﴾ به‌ڕاستی ئێمه دۆزه‌خمان ئاماده کردووه ﴿لِلْكَافِرِينَ نُزُلًا﴾ به‌جێگا و شوێن (میوانداری) بۆ بێ باوه‌ڕان ﴿١٠٤﴾ ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ﴾ بڵێ ئایا هه‌والتان بده‌ینێ ﴿بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا﴾ به خه‌ساره‌تمه‌ندترین (که‌س) له‌کارو کرده‌وه‌کانیاندا ﴿١٠٥﴾ ﴿الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ﴾ (ئه‌وانه) ئه‌و که‌سانه‌ن که کرده‌وه‌و کۆششیان به‌فیڕۆ چوو ﴿فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ له‌ژیانی دونیادا ﴿وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ﴾ واشیان گومان ده‌برد ﴿يُحْسِنُونَ صُنْعًا﴾ کارێکی زۆر چاك ده‌که‌ن ﴿١٠٦﴾ ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئه‌وانه که‌سانێکن بێ باوه‌ڕ بوون ﴿بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ﴾ به‌نیشانه‌کانی په‌روردگاریان و گه‌یشتن به‌خزمه‌تی (له‌دوا ڕۆژدا) ﴿فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ﴾ له‌به‌ر ئه‌وه کرده‌وه‌کانیان پوچه‌ڵ و بێ پاداشت ده‌رچوو ﴿فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا﴾ که‌وائه له‌ڕۆژی دوایی دا هیچ نرخ و ڕێزێکیان بۆ دانانێین ﴿١٠٧﴾ ﴿ذَٰلِكَ جَزَاؤُهُمْ جَهَنَّمُ﴾ ئه‌وه تۆڵه‌و سزایان دۆزه‌خه ﴿بِمَا كَفَرُوا﴾ له‌به‌ر ئه‌وه بێ باوه‌ڕبوون ﴿وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا﴾ و گاڵته‌یان ده‌کرد به‌نیشانه‌کان و پێغه‌مبه‌رانی ئێمه ﴿١٠٨﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ به‌ڕاستی ئه‌وانه که‌ئیمان و باوڕیان هێناوه ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وه‌کرده‌وه‌ی چاکیان کردووه ﴿كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا﴾ به‌هه‌شته‌کانی فیرده‌وس جێگای (میوانداری) ئه‌وانه ﴿١٠٧﴾ ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ به‌به‌رده‌وامی تێیدا ده‌مێننه‌وه ﴿لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا﴾ داوای گواستنه‌وه ناکه‌ن له‌و(به‌هه‌شته)دا ﴿١٠٨﴾ ﴿قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ ئه‌گه‌ر(ئاوی) ده‌ریاکان ببوایه ﴿مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي﴾ به‌مره‌که‌ب بۆ (نوسینی) زانیاری په‌روه‌ردگارم ﴿لَنَفِدَ الْبَحْرُ﴾ بێگومان (ئاوی) ده‌ریاکان ته‌واو ده‌بوون ﴿قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي﴾ پێش ئه‌وه‌ی زانیاری په‌روه‌ردگارم ته‌واو ببێت ﴿وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا﴾ ئه‌گه‌ر چه‌ند ئه‌وه‌نده‌ی ده‌ریاکانیش بێنین (بیکه‌ین به مره‌که‌ب زانیاری خوا ته‌واو نابێت) ﴿١٠٩﴾ ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ بڵێ (به‌و بێ باوه‌ڕانه) بێگومان منیش ته‌نها ئاده‌میزادێکم وه‌ك ئێوه ﴿يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾ به‌ڵام وه‌حیم بۆ دێت ﴿أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگاری ئێوه په‌روه‌ردگارێکی تاك و ته‌نیایه ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ﴾ جا هه‌ر که‌س به‌ته‌مایه به‌خزمه‌ت په‌روه‌ردگاری بگات (له‌قیامه‌تدا) ﴿فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا﴾ ئه‌وه با کرده‌وه‌ی چاك بکات ﴿وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ وه له‌په‌رستنی په‌روه‌ردگاری دا که‌س نه‌کات به‌هاوبه‌ش ﴿١١٠﴾

سوره‌تی ﴿مَرْيَمَ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ به ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿كٓهيعٓصٓ﴾ بـه (کاف، هـا، یا، عەین، صـاد) ده‌خوێنرێته‌وه خـوا زاناتره به ماناکـه‌ی، بۆزانیاری زیاتـر سـه‌یری سـه‌ره‌تای سـوره‌تی (البقـره) بکـه ﴿١﴾ ﴿ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ﴾(ئه‌مـه‌ی ده‌خوێنرێتـه‌وه به‌سـه‌رتدا) باس ویادی به‌زه‌یی پەروەردگارته ﴿عَبْدَهُۥ زَكَرِيَّآ﴾ به به‌نده‌ی خـۆی که‌زه‌که‌ریایه ﴿٢﴾ ﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ﴾ له‌کاتێکدا پارایـه‌وه له‌پەروەردگاری ﴿نِدَآءً خَفِيًّا﴾ به‌پارانه‌وه‌یه‌کی نهێنی و په‌نامه‌کی ﴿٣﴾ ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّى﴾ ووتـی ئـه‌ی پەروەردگـارم به‌راسـتی مـن ﴿وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّى﴾ ئێسـکم لاواز بـووه ﴿وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا﴾ له‌بەر پیری سەرم (به‌مووی سپی) گڕی گرتووه (ئه‌مه جۆرێکه له‌ڕه‌وانبێژی زمانـی عەره‌بـی به‌کاردێت به‌مه‌به‌سـتی ئه‌وه‌ی که مووی سـپی له‌کاتـی پیریدا گڕی بـه‌رداوه له مـوو ڕەشه‌کانی سه‌رده‌می گه‌نجێتی) ﴿وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيًّا﴾ پەروەردگارم هەرگیز له‌پارانه‌وەم لێت بێ هیوا نه‌بووم ﴿٤﴾ ﴿وَإِنِّى خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِىَ﴾ به‌راستی من ده‌ترسم که‌س و کاره‌که‌م (له‌ئایینی خوا لاده‌ن) ﴿مِن وَرَآءِى﴾ له‌پاش (مردنی) خۆم (چونکه که‌سێکیان نێدانیه جێگری من بێت) ﴿وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا﴾ وخێزانه‌که‌شـم نه‌زۆکـه (منداڵی نابێت) ﴿فَهَبْ لِى مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا﴾ سـا تۆ له‌لایـه‌ن خۆته‌وه منداڵێکـی چاکـم پـێ ببه‌خشـه ﴿٥﴾ ﴿يَرِثُنِى وَيَرِثُ مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ﴾ میراتگـری (پێغه‌مبه‌رێتـی) مـن وبنه‌ماڵـه‌ی یه‌عقـوب بـێ ﴿وَٱجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا﴾ ئـه‌ی پەروەردگـارم واشـی لـێ بکه که‌خـۆت لێی ڕازی بێـت ﴿٦﴾ ﴿يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ﴾ (خـوای گەوره فه‌رمووی) ئه‌ی زه‌که‌ریا به‌ڕاسـتی موژده‌ت ده‌ده‌ینـێ ﴿بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ﴾ به‌منداڵێ که‌ناوی یه‌حیایه ﴿لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا﴾ پێشـتر که‌سـمان بـه‌و نـاوه نـاو نه‌نـاوه ﴿٧﴾ ﴿قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ﴾ ووتـی ئـه‌ی پەروەردگارم چـۆن منداڵـم ده‌بێ ﴿وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا﴾ له‌کاتێکـدا خێزانـم نه‌زۆکـه ﴿وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا﴾ بێگومـان خۆشـم لـه پیریدا گەیشـتووم‌ته ئـه‌و پەڕی پیـری ﴿٨﴾ ﴿قَالَ كَذَٰلِكَ﴾ ووتـی (بڕیار)بـه‌و جۆره‌یه ﴿قَالَ رَبُّكَ﴾ پەروەردگاریشـت فه‌رموویه‌تی ﴿هُوَ عَلَىَّ هَيِّنٌ﴾ ئه‌و (کاره) به‌لای منه‌وه زۆر ئاسـانه ﴿وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ﴾ بێگومان پێشتریش تۆم دروست کردووه ﴿وَلَمْ تَكُ شَيْـًٔا﴾ که‌شتێك نه‌بوویت (پێش ئـه‌و دروستکردنه) ﴿٩﴾ ﴿قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً﴾ (زه‌که‌ریـا) ووتـی ئـه‌ی پەروەردگـارم نیشـانه‌یه‌کم بۆ دابنـێ (کاتێ ئه‌و مژده هاته دی) ﴿قَالَ ءَايَتُكَ﴾ (خوای گەوره) فه‌رمووی نیشـانه‌ی تـۆ ئه‌وه‌یه (له‌سـه‌ر بوونی ئه‌و کوڕه) ﴿أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ﴾ ناتوانیت گفتوگـۆ له‌گەڵ خه‌ڵکدا بکه‌یت ﴿ثَلَٰثَ لَيَالٍ سَوِيًّا﴾ سـێ شـه‌و له‌سه‌ر یه‌ك (به ڕۆژه‌کانیه‌وه هەر چه‌نده) ساغیت و لاڵ نیت ﴿١٠﴾ ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ﴾ پاشـان زه‌که‌ریا له پەرستگاکه‌ی هاته دەر بۆ ناو گەڵه‌که‌ی ﴿فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ﴾ جا به‌ئیشاره‌ت پێی ووتن ﴿أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا﴾ که به‌یانیان و ئێواران ته‌سبیحاتی خوا بکه‌ن ﴿١١﴾

﴿يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ﴾ (خوا ده‌فه‌رمویت به یه‌حیا پاش گه‌وره بوونی) ئه‌ی یه‌حیا ته‌ورات به‌توونـدو گرنـگ بگره ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا﴾ تێگه‌یشتنی ته‌ورات (یا حیکمه‌ت و ژیری) مان پێبه‌خشی له‌ته‌مه‌نی منالیـدا ﴿١٢﴾ ﴿وَحَنَانٗا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةٗۖ﴾ له‌گـه‌ڵ دڵسـۆزی و پـاك و خاوێنی له‌لایـه‌ن خۆمانـه‌وه ﴿وَكَانَ تَقِيّٗا﴾ وه ئه‌و (یه‌حیا) له‌خوا ترس و پارێزکار بوو ﴿١٣﴾ ﴿وَبَرّٗا بِوَٰلِدَيۡهِ﴾ هه‌ڵسـو که‌وتی له‌گه‌ڵ دایك و باوکیـدا جـوان بـوو ﴿وَلَمۡ يَكُن جَبَّارًا عَصِيّٗا﴾ خـۆ به‌زل زان و سـه‌ر پێچی کـه‌ر نه‌بوو (له‌فه‌رمانی خوا) ﴿١٤﴾ ﴿وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ﴾ سـه‌لامی خـوای له‌سـه‌ر بێت لـه‌و ڕۆژه‌ی له‌دایك بـوو ﴿وَيَوۡمَ يَمُوتُ﴾ وه له‌و ڕۆژه‌ی کـه وه‌فـات ده‌کات ﴿وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا﴾ وه لـه‌و ڕۆژه‌ی که‌زیندوو ده‌کرێتـه‌وه ﴿١٥﴾ ﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مَرۡيَمَ﴾ (ئـه‌ی موحه‌ممـه‌د ﷺ) باسـی به‌سـه‌رهاتی مه‌ریه‌م بکـه له قورئانـدا ﴿إِذِ ٱنتَبَذَتۡ مِنۡ أَهۡلِهَا﴾ ئـه‌و کاته‌ی که که‌نارگیری کرد له که‌س و کاری ﴿مَكَانٗا شَرۡقِيّٗا﴾ له شوێنێکی ڕۆژهه‌ڵاتی (مزگه‌وتی قودس دا خوا په‌رستی ده‌کـرد) ﴿١٦﴾ ﴿فَٱتَّخَذَتۡ مِن دُونِهِمۡ حِجَابٗا﴾ ئه‌مجـا په‌رده‌یه‌کـی دانـا له نێوان خـۆی و ئه‌وان (کـه‌س و کاری)دا ﴿فَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهَا رُوحَنَا﴾ ئێمه‌یـش جوبره‌ئیلمـان نـارد بـۆلای ﴿فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا﴾ وه‌کـو به‌شـه‌رێکی ته‌واو خۆی پیشـانی (مه‌ریـه‌م)دا ﴿١٧﴾ ﴿قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ﴾ (مه‌ریه‌م) ووتی من په‌نا ده‌گـرم به‌خوای میهره‌بان لـه تـۆ ﴿إِن كُنتَ تَقِيّٗا﴾ ئه‌گه‌ر تۆ له خوا ترسیت (وازم لێ بێنه و زیانم پـێ مه‌گه‌یه‌نه) ﴿١٨﴾ ﴿قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ رَبِّكِ﴾ جوبره‌ئیـل ووتـی (ترسـت نه‌بێ) مـن نێـردراوی په‌روه‌ردگارتـم ﴿لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمٗا زَكِيّٗا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی منداڵێکی پاك و خاوێنت پـێ ببه‌خشم ﴿١٩﴾ ﴿قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ﴾ (مه‌ریه‌م) ووتی من چۆن منداڵم ده‌بێت!! ﴿وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ﴾ کـه هیچ به‌شـه‌رێك (لێم نه‌که‌وتـووه) ڕه‌فاقه‌تـی نه‌کـردوم (به‌حه‌ڵاڵی) ﴿وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا﴾ وه داوێـن پیسـیش نه‌بـووم ﴿٢٠﴾ ﴿قَالَ كَذَٰلِكِ﴾ (جوبره‌ئیـل) ووتـی کاره‌که به‌و جـۆره یه (کـه پێم ووتی) ﴿قَالَ رَبُّكِ﴾ په‌روه‌ردگارت فه‌رموویه‌تی ﴿هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٞ﴾ ئه‌و کاره لای من زۆر ئاسانه ﴿وَلِنَجۡعَلَهُۥٓ ءَايَةٗ لِّلنَّاسِ﴾ و بـۆ ئـه‌وه‌ی بیکه‌ین به‌موعجیزه‌و نیشـانه‌یه‌ك بـۆ خه‌ڵکـی ﴿وَرَحۡمَةٗ مِّنَّاۚ﴾ و ڕه‌حمه‌تێکـی تایبه‌تیش له‌لایه‌ن ئێمـه‌وه ﴿وَكَانَ أَمۡرٗا مَّقۡضِيّٗا﴾ ئـه‌وه کارێکـی بڕیاردراوه(له‌لایـه‌ن خـواوه) ﴿٢١﴾ ﴿فَحَمَلَتۡهُ﴾ جـا (مه‌ریـه‌م) سکی پـڕ بـوو بـه‌و (کۆڕپه‌لـه‌وه) ﴿فَٱنتَبَذَتۡ بِهِۦ مَكَانٗا قَصِيّٗا﴾ ئه‌مجـا بـه (سکه‌که) وه دوور که‌وتـه‌وه بـۆ شـوێنێکی دوور (له که‌س و کاری) ﴿٢٢﴾ ﴿فَأَجَآءَهَا ٱلۡمَخَاضُ﴾ ئه‌وسـا ئێشی پێش ڕۆانی منداڵ بوون ناچاری کـردو بـردی ﴿إِلَىٰ جِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ﴾ بـۆ لای قـه‌دی دار خورمایه‌ك (تا له کاتـی منداڵ بوومه‌نه‌که‌یـدا خۆی پێوه بگرێـت و پاڵـی پێوه بـدات) ﴿قَالَتۡ يَٰلَيۡتَنِي مِتُّ قَبۡلَ هَٰذَا﴾ (مه‌ریـه‌م) ووتی ئـای خۆزگه پێش ئـه‌م (ڕوداوه) بمردمایـه ﴿وَكُنتُ نَسۡيٗا مَّنسِيّٗا﴾ و مـن شـتێکی له‌بیرچـووه‌ی باس نه‌کـراو بوومایه ﴿٢٣﴾ ﴿فَنَادَىٰهَا مِن تَحۡتِهَآ﴾ ئه‌مجـا (جوبره‌ئیـل) بانگـی مه‌ریه‌می کرد له‌ژێـری (دار خورماکه) وه ﴿أَلَّا تَحۡزَنِي﴾ (ووتـی) خه‌فه‌ت مه‌خۆ و غه‌مبـار مه‌بـه ﴿قَدۡ جَعَلَ رَبُّكِ تَحۡتَكِ سَرِيّٗا﴾ بێگومـان په‌روه‌ردگـارت له‌خوارتـه‌وه جۆگه‌یـه‌ك ئاوی بـۆ فه‌راهه‌م هێناوی ﴿٢٤﴾ ﴿وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ﴾ قه‌دی ئه‌و دار خورمایه‌ش بۆ لای خۆت ڕاوه‌شێنه ﴿تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا﴾ خورمای تازه پێ گه‌ییوت به‌سه‌ردا ده‌بارێت ﴿٢٥﴾

﴿فَكُلِي وَٱشْرَبِي﴾ ئه‌مجا (له‌و خورما) بخۆ و (له‌و ئاوه‌ش) بخۆره‌وه ﴿وَقَرِّي عَيْنًا﴾ چاوو دڵ ڕۆشنبه
﴿فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلْبَشَرِ أَحَدًا﴾ جا ئه‌گه‌ر هه‌ر که‌سێکت بینی (پرسیاری ئه‌م منداڵه‌ی لێ کردی)
﴿فَقُولِيٓ إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا﴾ به (ئیشاره‌ت) پێی بڵێ به‌ڕاستی من قسه‌ نه‌کردنم له‌سه‌ خۆم نه‌ذر کردووه
بۆ (خوای) میهره‌بان ﴿فَلَنْ أُكَلِّمَ ٱلْيَوْمَ إِنسِيًّا﴾ له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئه‌مڕۆ قسه‌ له‌گه‌ڵ هیچ که‌سێکدا ناکه‌م ﴿٢٦﴾
﴿فَأَتَتْ بِهِۦ قَوْمَهَا﴾ جا به‌و (منداڵه‌وه) هاته‌وه بۆ لای که‌س و کاره‌که‌ی ﴿تَحْمِلُهُۥ﴾ ئه‌و (منداڵه‌ی)
گرتبوو به باوه‌شیه‌وه ﴿قَالُوا۟ يَٰمَرْيَمُ﴾ (خزمه‌کانی) ووتیان ئه‌ی مه‌ریه‌م ﴿لَقَدْ جِئْتِ شَيْـًٔا فَرِيًّا﴾ به‌ڕاستی
شتێکی زۆر خراپ و ناپڕو به‌رت کردووه ﴿٢٧﴾ ﴿يَٰٓأُخْتَ هَٰرُونَ﴾ ئه‌ی ئه‌وه‌ی وه‌ك خوشکی هاروون
وایت (له‌ ته‌قوا و خواناسیدا) ﴿مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ﴾ نه‌باوکت پیاوێکی خراپ و داوێن پیس
بووه ﴿وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا﴾ نه‌ دایکت داوێن پیس و زیناکار بووه ﴿٢٨﴾ ﴿فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ﴾ جا(مه‌ریه‌م)
ئیشاره‌تی بۆ ئه‌و (منداڵه) کرد ﴿قَالُوا۟ كَيْفَ نُكَلِّمُ﴾ (خزمه‌کانی) ووتیان چۆن قسه‌ بکه‌ین ﴿مَن كَانَ فِي
ٱلْمَهْدِ صَبِيًّا﴾ له‌گه‌ڵ منداڵێکدا که‌ له‌ بێشکه‌دایه ﴿٢٩﴾ ﴿قَالَ إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ﴾ (منداڵه‌که‌ هاته‌ قسه‌و) ووتی
به‌ڕاستی من به‌نده‌ی خوام ﴿ءَاتَىٰنِيَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ پەڕاوی ئینجیلم پێ ده‌دات ﴿وَجَعَلَنِي نَبِيًّا﴾ و ده‌مکات
به‌ پێغه‌مبه‌ر ﴿٣٠﴾ ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ﴾ وه‌ پیرۆز و فه‌رداری کردووم له‌ هه‌ر جێگایه‌کدا بم
﴿وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ﴾ و فه‌رمانی پێداوم به‌ نوێژ کردن و به‌ زه‌کات دان ﴿مَا دُمْتُ حَيًّا﴾ هه‌تا له‌
ژیانه‌دام و زیندووم ﴿٣١﴾ ﴿وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي﴾ و (کردومی) به‌ ڕۆڵه‌یه‌کی چاکه‌کارو گوێرایه‌ڵ بۆ دایکم
﴿وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا﴾ نه‌ی کردووم به‌ ملهوڕێکی به‌د ڕه‌فتار ﴿٣٢﴾ ﴿وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ﴾ سڵاوی خوام
له‌سه‌ر بێت ﴿يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ﴾ ئه‌و ڕۆژه‌ی که‌ له‌ دایك بووم وه‌ ئه‌و ڕۆژه‌ی که‌ ده‌مرم ﴿وَيَوْمَ
أُبْعَثُ حَيًّا﴾ وه‌ ئه‌و ڕۆژه‌ی که‌ زیندوو ده‌کرێمه‌وه ﴿٣٣﴾ ﴿ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ ئه‌وه‌ (که‌ باس کرا)
عیسای کوڕی مه‌ریه‌مه‌ ﴿قَوْلَ ٱلْحَقِّ﴾ که‌ ووته‌یه‌کی ڕاسته‌ (ده‌رباره‌ی عیسا) ﴿ٱلَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ﴾
که‌ ئه‌وان (گاوور و جوولەکه‌کان) تێیدا دوو دڵن ﴿٣٤﴾ ﴿مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ﴾ ناگونجێ و شایه‌ن
نی یه‌ بۆ خوا منداڵی هه‌بێت ﴿سُبْحَٰنَهُۥٓ﴾ پاك و بێگه‌ردی بۆ خوا ﴿إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا﴾ هه‌رکاتێ بیه‌وێ
کارێك ببێ ﴿فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ﴾ ئه‌وه‌ بێگومان ته‌نها پێی ده‌ڵێ ﴿كُن فَيَكُونُ﴾ ببه‌، یه‌کسه‌ر ده‌بێت ﴿٣٥﴾
﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ﴾ بێگومان خوا په‌روه‌ردگاری من و ئێوه‌شه ﴿فَٱعْبُدُوهُ﴾ که‌واته‌ هه‌ر ئه‌و بپه‌رستن
﴿هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ ئه‌مه‌یه‌ ڕێگا و ڕێبازی ڕاست و دروست ﴿٣٦﴾ ﴿فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ﴾
به‌ڵام ده‌سته‌و تاقمی (گاوور و جوولەکه‌) کان له‌ نێو خۆیاندا ڕایان جیاواز بوو (له‌ باره‌ی عیساوه)
﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ جا سزاو له‌ناو چوون بۆ ئه‌وانه‌ی که‌ بێ باوەڕ بوون ﴿مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ له‌ بینینی
ڕۆژه‌ زۆر گه‌وره‌که‌ (که‌ ڕۆژی دوایی یه) ﴿٣٧﴾ ﴿أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ﴾ ئای که‌ چه‌نده‌ بیسه‌ر و بینه‌رن (ئه‌و
بێ باوەڕانه‌) ﴿يَوْمَ يَأْتُونَنَا﴾ له‌ڕۆژێکدا که‌ دێنه‌وه‌ بۆ لامان (له‌ قیامه‌تدا) ﴿لَٰكِنِ ٱلظَّٰلِمُونَ ٱلْيَوْمَ﴾ به‌ڵام
سته‌مکاران ئه‌مڕۆ (له‌ دونیادا) ﴿فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ له‌ گومڕاییه‌کی ئاشکرادان ﴿٣٨﴾

﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ئه‌و (سته‌مکار)انه ل‌ه‌ڕۆژی داخ و خه‌فه‌ت بترسێنه ﴿إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ﴾ کاتێ کارو باری (خه‌ڵکی) کۆتایی پێ ده‌هێنرێ ﴿وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ﴾ ل‌ه کاتێکدا ئه‌وانه غافڵن ﴿وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ و باوه‌ڕیش ناهێنن (به‌ڕۆژی دوایی) ﴿٣٩﴾ ﴿إِنَّا نَحْنُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر ئێمه ﴿نَرِثُ الْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا﴾ ده‌بینه میراتگری زه‌وی و ئه‌وه‌ی له‌سه‌ریه‌تی ﴿وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ﴾ وه هه‌ر بۆ لای ئێمه ده‌گه‌ڕێنه‌وه ﴿٤٠﴾ ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ﴾ وه (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ل‌ه قورئاندا باسی ئیبراهیم بکه ﴿إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا﴾ به‌ڕاستی ئه‌و (ئیبراهیم) زۆر ڕاستگۆ و پێغه‌مبه‌ر بوو ﴿٤١﴾ ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ﴾ کاتێ به باوکی ووت ﴿يَا أَبَتِ﴾ ئه‌ی باوکی خۆشه‌ویستم ﴿لِمَ تَعْبُدُ﴾ بۆ ده‌په‌رستی ﴿مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ﴾ شتێ که نابیستێ و نابینێ ﴿وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا﴾ وه هیچ سوودێکت پێ ناگه‌یه‌نێ ﴿٤٢﴾ ﴿يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ﴾ ئه‌ی باوکی خۆشه‌ویستم به‌ڕاستی دڵنیابه زانست و زانیارێکم بۆ هاتووه ﴿مَا لَمْ يَأْتِكَ﴾ که بۆ تۆ نه‌هاتووه (وپێت نه‌دراوه) ﴿فَاتَّبِعْنِي﴾ که‌واته شوێنم که‌وه و گوێرایه‌ڵیم بکه ﴿أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا﴾ ڕێنموونیت ده‌که‌م بۆ ڕێبازی ڕاست ﴿٤٣﴾ ﴿يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ﴾ ئه‌ی باوکی خۆشه‌ویستم شه‌یتان مه‌په‌رسته ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ﴾ به‌ڕاستی شه‌یتان ﴿كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ عَصِيًّا﴾ هه‌میشه سه‌رپێچی که‌ر و یاخی یه ل‌ه خوای میهره‌بان ﴿٤٤﴾ ﴿يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ﴾ ئه‌ی باوکی خۆشه‌ویستم به‌ڕاستی ده‌ترسم (گه‌ر به‌کافری بمری) ﴿أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ﴾ تووشی سزایه‌ك ببی ﴿مِّنَ الرَّحْمَٰنِ﴾ له لایه‌ن خوای میهره‌بانه‌وه ﴿فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا﴾ ئیتر ببیته هاوڕێ و هاوده‌می شه‌یتان (له‌دۆزه‌خدا) ﴿٤٥﴾ ﴿قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي﴾ (باوکی) ووتی تۆ واز ل‌ه به‌رستراوه‌کانی من دێنی (ونایانه‌رستی)؟! ﴿يَا إِبْرَاهِيمُ﴾ ئه‌ی ئیبراهیم ﴿لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ﴾ سوێندبێ ئه‌گه‌ر واز نه‌هێنی (له‌قسه ووتن به په‌رستراوه‌کانم) دڵنیا به به‌رد بارانت ده‌که‌م ﴿وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا﴾ (ده‌ی) بڕۆ ماوه‌یه‌کی زۆر دوور که‌وه‌ره‌وه لێم ﴿٤٦﴾ ﴿قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ﴾ (ئیبراهیم) فه‌رمووی سه‌لامت لێ بێت ﴿سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي﴾ ل‌ه مه‌ودوا داوای لێ بوردنت بۆ ده‌که‌م له په‌روه‌ردگارم ﴿إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا﴾ (چونکه) به‌ڕاستی ئه‌و (په‌روه‌ردگار) له‌گه‌ڵمدا میهره‌بانه (و دوعام گێرا ده‌کات) ﴿٤٧﴾ ﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ﴾ وه دووره په‌رێز ده‌بم ل‌ه ئێوه‌و ئه‌و شتانه‌ش ده‌یپه‌رستن ﴿مِن دُونِ اللَّهِ﴾ جگه ل‌ه خوا ﴿وَأَدْعُو رَبِّي﴾ ته‌نها په‌روردگارم ده‌په‌رستم ﴿عَسَىٰ﴾ نومێده‌وارم ﴿أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا﴾ ل‌ه په‌رستن و نزای په‌روه‌ردگارم دا بێ هیوا و نائومێد نه‌بم (وه‌کو ئێوه) ﴿٤٨﴾ ﴿فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ﴾ جا کاتێ (ئیبراهیم) دوور که‌وته‌وه لێیان (له گه‌ڵه بت په‌رسته‌که‌ی) ﴿وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ ولـه‌و شتانه‌ش ئه‌وان ده‌یان په‌رست جگه ل‌ه خوای گه‌وره ﴿وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ﴾ ئێمه ئیسحاق و(ل‌ه ئیسحاقیش) یه‌عقوبمان پێ به‌خشی ﴿وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا﴾ و هه‌ریه‌ك له‌وانیشمان کرد به پێغه‌مبه‌ر ﴿٤٩﴾ ﴿وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا﴾ ل‌ه ڕه‌حمه‌تی خۆمان ئه‌وانمان به‌هره‌مه‌ند کرد ﴿وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا﴾ باسی چاکه‌ی ئه‌وانمان خسته سه‌ر زمانی (ئاده‌میزاده‌کان) ﴿٥٠﴾ ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَىٰ﴾ ل‌ه قورئاندا باسی موسا بکه ﴿إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا﴾ به‌ڕاستی ئه‌و (که‌سێکی) هه‌ڵبژارده بوو (بێ گه‌ردبوو له ناته‌واوی) ﴿وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا﴾ و نێرراو و پێغه‌مبه‌ر بوو (بۆ خه‌ڵکی) ﴿٥١﴾

﴿وَنَدَيْنَٰهُ﴾ وه ئیمه ئه‌ومان بانگ کرد ﴿مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنِ﴾ له‌لای ڕاستی کێوی طوره‌وه ﴿وَقَرَّبْنَٰهُ نَجِيًّا﴾ وه ئه‌و(مووسا)مان نزیك کرده‌وه تا قسه‌ی له‌گه‌ڵ بکه‌ین ﴿٥٢﴾ ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥ مِن رَّحْمَتِنَآ﴾ وه له‌به‌زه‌یی و به‌خشنده‌یی خۆمان به‌خشیمان به‌و (مووسا) ﴿أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيًّا﴾ هاروونی برای که پێغه‌مبه‌ر بوو ﴿٥٣﴾ ﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِسْمَٰعِيلَ﴾ وه له قورئاندا باسی ئیسماعیل بکه ﴿إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلْوَعْدِ﴾ بێگومان ئه‌و له په‌یمان و به‌ڵێنه‌کانیدا ڕاست گۆ بوو ﴿وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا﴾ و ئه‌و نێرراوو پێغه‌مبه‌ری خوا بوو ﴿٥٤﴾ ﴿وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُۥ﴾ وه هه‌میشه فه‌رمانی ده‌دا به خێزان و که‌س و کاری ﴿بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ﴾ به نوێژ کردن و زه‌کات دان ﴿وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرْضِيًّا﴾ وه هه‌میشه لای په‌روه‌ردگاری جێگه‌ی ڕه‌زامه‌ندی بوو ﴿٥٥﴾ ﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِدْرِيسَ﴾ وه باسی ئیدریس بکه له قورئاندا ﴿إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا﴾ به‌ڕاستی ئه‌و زۆر ڕاست گۆ و پێغه‌مبه‌ر بوو ﴿٥٦﴾ ﴿وَرَفَعْنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا﴾ و پایه و پله‌یمان بڵند و به‌رز کرده‌وه ﴿٥٧﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم﴾ ئه‌وانه‌ی (که باس کران) که‌سانێکن که خوا نیعمه‌ت و چاکه‌ی خۆی ڕشت به‌سه‌ریاندا ﴿مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ﴾ له‌و پێغه‌مبه‌رانه‌ی که له نه‌وه‌ی ئاده‌من (وەك ئیدریس) ﴿وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ﴾ وه له (نه‌وه‌ی) ئه‌وانه‌یش (که له که‌شتیيه‌که‌دا) له‌گه‌ڵ نووح دا هه‌ڵمان گرتن (وەك ئیبراهیم) ﴿وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْرَٰٓءِيلَ﴾ وه له نه‌وه‌ی ئیبراهیم و یه‌عقوب (وەك ئیسماعیل و یوسف) ﴿وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَٱجْتَبَيْنَآ﴾ وه ئه‌وانه‌ی هیدایه‌تمان داون هه‌ڵمان بژاردوون ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُ ٱلرَّحْمَٰنِ﴾ ئا ئه‌وانه هه‌ر کاتێ ئایه‌ته‌کانی خوای به به‌زه‌ییان بۆ بخوێنرێته‌وه ﴿خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَبُكِيًّا﴾ ده‌ست به‌جێ ده‌که‌ون به ڕووداو به‌سوژده و گریانه‌وه ﴿٥٨﴾ ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ﴾ ئه‌مجا له پاش ئه‌وان که‌سانێك (له نه‌وه‌کانیان) بوونه جێنشینیان ﴿أَضَاعُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ که نوێژیان ده‌فه‌وتاند ﴿وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلشَّهَوَٰتِ﴾ و شوێن هه‌واو ئاره‌زوو که‌وتن ﴿فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا﴾ جا ئه‌وانه له داهاتوودا تووشی (سزای) گومڕاییان ده‌بن ﴿٥٩﴾ ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ﴾ جگه له‌وه‌ی که توبه‌ی کردبێت و باوه‌ڕی هێنابێت ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ و کارو کرده‌وه‌ی چاکی کردبێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ﴾ ئا ئه‌وانه ده‌چنه به‌هه‌شته‌وه ﴿وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْـًٔا﴾ و هیچ ستەمێکیان لێ ناکرێت (له‌پاداشتی کرده‌وه چاکه‌کانیان که‌م ناکرێته‌وه) ﴿٦٠﴾ ﴿جَنَّٰتِ عَدْنٍ﴾ به‌هه‌شتانی جێی مانه‌وه‌ی هه‌میشه‌یی یه ﴿ٱلَّتِى وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ که‌خوای میهره‌بان به‌ڵێنی داوه ﴿عِبَادَهُۥ بِٱلْغَيْبِ﴾ به به‌نده‌کانی که نادیارو په‌نهانه‌وه به‌چاوێ نه‌یانبینیوه ﴿إِنَّهُۥ كَانَ وَعْدُهُۥ مَأْتِيًّا﴾ به‌ڕاستی خوا به‌ڵێنی به‌دی دێت ﴿٦١﴾ ﴿لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا﴾ (به‌هه‌شتیيه‌کان) له به‌هه‌شتدا هیچ ووته و قسه‌یه‌کی بێ سوود نابیستن ﴿إِلَّا سَلَٰمًا﴾ ته‌نها سه‌لام کردن ده‌بیستن ﴿وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا﴾ له‌وێدا ڕزق و ڕۆزی ئاماده‌یه بۆیان ﴿بُكْرَةً وَعَشِيًّا﴾ به به‌یانیان و ئێواراندا ﴿٦٢﴾ ﴿تِلْكَ ٱلْجَنَّةُ﴾ ئه‌و به‌هه‌شته‌ی باسی کرا ﴿ٱلَّتِى نُورِثُ﴾ ئه‌وه‌یه که‌ده‌یبه‌خشین ﴿مِنْ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا﴾ به‌و که‌سانه‌ی که(له دونیادا) پارێزکار و له‌خوا ترس بوون له به‌نده‌کانمان ﴿٦٣﴾ ﴿وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ﴾ ئێمه (فریشته‌کان) له ئاسمانه‌وه دانابه‌زین به فه‌رمانی په‌روه‌ردگارت نه‌بێ ﴿لَهُۥ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا﴾ ته‌نها بۆ خوایه (و خوا ده‌زانێ) هه‌موو کاروباری داهاتوو ڕابوورد‌وو ﴿وَمَا بَيْنَ ذَٰلِكَ﴾ و ئێستا مان ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ وه په‌روه‌ردگارت (کرده‌وه‌ی به‌نده‌کانی) له‌بیر نه‌کردووه ﴿٦٤﴾

﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا﴾ که پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندایە ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ﴾ کەواتە بیپەرستە و زۆر خۆگر بە لە پەرستنیدا ﴿هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا﴾ ئایا ئاگاداریت وێنەی ئەو(خوایەکی تر) هەبێت ﴿٦٥﴾ ﴿وَيَقُولُ ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ ئادەمی(بێ بڕوا) دەڵێ ﴿أَءِذَا مَا مِتُّ﴾ ئایا کە مردم ﴿لَسَوۡفَ أُخۡرَجُ حَيّٗا﴾ لە داهاتوودا بە زیندوویی (لە گۆڕ) دەردەهێنرێم ﴿٦٦﴾ ﴿أَوَلَا يَذۡكُرُ ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ ئەوە ئادەمیزاد بۆ بیر ناکاتەوە ﴿أَنَّا خَلَقۡنَٰهُ مِن قَبۡلُ﴾ کە بێگومان ئێمە لە سەرەتاوە ئەومان دروست کردووە ﴿وَلَمۡ يَكُ شَيۡـٔٗا﴾ کە ئەو شتێك نەبوو ﴿٦٧﴾ ﴿فَوَرَبِّكَ لَنَحۡشُرَنَّهُمۡ﴾ ئەمجا سوێند بە پەروەردگارت ئەو (بێ بڕوایانە) کۆ دەکەینەوە (لە ڕۆژی دواییدا) ﴿وَٱلشَّيَٰطِينَ﴾ (لە گەڵ) ئەو شەیتانانەی (کە گومڕایان کردن) ﴿ثُمَّ لَنُحۡضِرَنَّهُمۡ﴾ پاشان بەڕاستی هەموویان ئامادە دەکەین ﴿حَوۡلَ جَهَنَّمَ جِثِيّٗا﴾ بەدەوری دۆزەخدا بەسەر ئەژنۆیاندا کەوتوون (لەبەر ترسناکی ئەو ڕۆژە) ﴿٦٨﴾ ﴿ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ﴾ پاشان بێگومان دەری دێنین (و دەیخەینە دۆزەخەوە) ﴿مِن كُلِّ شِيعَةٍ﴾ لە هەر پێڕەو دەستەیەك ﴿أَيُّهُمۡ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحۡمَٰنِ عِتِيّٗا﴾ کامەیان تاوانبارتر (یاخی تر) بووە لە بەرانبەر خوای میهرەباندا ﴿٦٩﴾ ﴿ثُمَّ لَنَحۡنُ أَعۡلَمُ﴾ ئەمجا بێگومان ئێمە زاناترین ﴿بِٱلَّذِينَ هُمۡ أَوۡلَىٰ بِهَا صِلِيّٗا﴾ بەوانەی کە شیاوترن بخرێنە دۆزەخ و بسوتێن پێی ﴿٧٠﴾ ﴿وَإِن مِّنكُمۡ﴾ کەس نییە لە ئێوە ﴿إِلَّا وَارِدُهَاۚ﴾ نەڕوات و تێنەپەڕێت بەسەر دۆزەخدا ﴿كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمٗا مَّقۡضِيّٗا﴾ (ئەو تێپەڕینە) بڕیارێکی بڕاوەیە لە پەروەردگارتەوە ﴿٧١﴾ ﴿ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ﴾ دواتر ئەوانە ڕزگار دەکەین کە پارێزکار ولەخواترس بوون ﴿وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيّٗا﴾ و ستەم کاران لەسەرچۆك لەناو (دۆزەخ) دا دەهێلینەوە ﴿٧٢﴾ ﴿وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ﴾ هەر کاتێ ئایەتە ڕوون و ئاشکراکانی ئێمە بەسەریاندا بخوێنرایەتەوە ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ ئەوانەی بێ بڕوا بوون دەیان ووت ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ بەوانەی ئیمانیان هێنا بوو ﴿أَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ خَيۡرٞ مَّقَامٗا﴾ کام لەم دوو کۆمەڵە جێ و شوێنی (خانوو بەرەی) خۆشترە ﴿وَأَحۡسَنُ نَدِيّٗا﴾ و کۆڕو مەجلیسی چاکترە ﴿٧٣﴾ ﴿وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم﴾ وەپێش ئەمان چەندینمان لەناو برد ﴿مِّن قَرۡنٍ﴾ لە گەلە (بێ باوەڕەکان) ﴿هُمۡ أَحۡسَنُ أَثَٰثٗا وَرِءۡيٗا﴾ کەل و پەلی ناومال ولاشە وقیافەتیشیان لەمان جوانتر بوو ﴿٧٤﴾ ﴿قُلۡ مَن كَانَ فِي ٱلضَّلَٰلَةِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەوەی لە گومڕایی دایە ﴿فَلۡيَمۡدُدۡ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ مَدًّا﴾ باخوای میهرەبان مۆڵەتی پێ بدات و تەمەنی درێژ بکات (تازیاتر تاوان بکەن) ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوۡاْ مَا يُوعَدُونَ﴾ هەتا کاتێ ئەو هەڕەشانەی کراوە لێیان دەبینن (دێتە دی) ﴿إِمَّا ٱلۡعَذَابَ وَإِمَّا ٱلسَّاعَةَ﴾ (ئەوەش)یان سزایە (لە دنیادا)یان (هاتنی) ڕۆژی دواییە ﴿فَسَيَعۡلَمُونَ﴾ جا لە داهاتوودا دەزانن ﴿مَنۡ هُوَ شَرّٞ مَّكَانٗا﴾ کێ جێگاو شوێنی (خانوو بەرەی) خراپ و ناخۆشە ﴿وَأَضۡعَفُ جُندٗا﴾ وەکێ سەرباز و لەشکری بێ هێزترە (کافران یان باوەڕداران) ﴿٧٥﴾ ﴿وَيَزِيدُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ هُدٗىۗ﴾ ئەوانەی لەسەر ڕێبازی هیدایەت بوون خوا هیدایەتیان بۆ زیاد دەکات ﴿وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ﴾ ئەو کردەوە چاکانەی لە (ڕۆژی دواییدا) دەمێننەوە ﴿خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا﴾ لای پەروەردگارت پاداشتی چاکترە ﴿وَخَيۡرٞ مَّرَدّٗا﴾ وئاکامیشی باشترە ﴿٧٦﴾

﴿أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى﴾ ئایا ئەو کەسەت دیوە ﴿كَفَرَ بِـَٔايَـٰتِنَا﴾ بێ باوەڕ بووە بە نیشانە و ئایەتەکانی ئێمە ﴿وَقَالَ﴾ ووتی ﴿لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا﴾ (لە ڕۆژی دواییشدا) مالّ و کوڕم پێ دەدرێ ﴿٧٧﴾ ﴿أَطَّلَعَ ٱلْغَيْبَ﴾ ئایا بەنهێنیەکان ئاگاداره ﴿أَمِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا﴾ یا بەڵێنی لە خوای میهرەبان وەرگرتووە ﴿٧٨﴾ ﴿كَلَّا﴾ نەخێر (وانیە) ﴿سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ﴾ لەمەوپاش ئەوەی دەیڵێ دەینوسین (لەسەری) ﴿وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلْعَذَابِ مَدًّا﴾ ماوەی سزای بۆ درێژ دەکەینەوە ﴿٧٩﴾ ﴿وَنَرِثُهُۥ مَا يَقُولُ﴾ ئەوەی ئەو دەیڵێ (لەمالّ و منداڵ) بەمیراتی لێ وەردەگرینەوە ﴿وَيَأْتِينَا فَرْدًا﴾ (لە ڕۆژی دواییدا) بەتەنها دێتەوە لامان ﴿٨٠﴾ ﴿وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانە بێجگە لە خوا بڕیاریان داوە بۆ خۆیان ﴿ءَالِهَةً﴾ چەند پەرستراوێك ﴿لِّيَكُونُوا۟ لَهُمْ عِزًّا﴾ بۆ ئەوەی ئەو پەرستراوانە ببنە یارمەتی دەر (و تکا کار) بۆیان ﴿٨١﴾ ﴿كَلَّا﴾ نەخێر (وانیە) ﴿سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ﴾ بەڵکو پەرستراوەکان (لە قیامەت دا) ئینکاری پەرستنەکەی ئەوان دەکەن ﴿وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا﴾ وە دەبنە دژیان و بەرپەرچیان دەدەنەوە ﴿٨٢﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەتدیوە (سەرنجت نەداوە) ﴿أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَـٰطِينَ﴾ کە بێگومان ئێمە شەیتانەکانمان زاڵ کردووە ﴿عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾ بەسەر بێ باوەڕان دا ﴿تَؤُزُّهُمْ أَزًّا﴾ چاك هانیان دەدەن (بۆ کوفر و تاوان) ﴿٨٣﴾ ﴿فَلَا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ﴾ جا (ئەی موحەممەد ﷺ) پەلەیان لێ مەکە ﴿إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا﴾ بێگومان ئێمە بەژمار دێنکی ورد (ڕۆژانی تەمەنیان) دەژمێرین ﴿٨٤﴾ ﴿يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ باسی ئەو ڕۆژە بکە کە پارێزکاران ولەخواترسان کۆ دەکەینەوە ﴿إِلَى ٱلرَّحْمَـٰنِ وَفْدًا﴾ دەستە دەستە وکۆمەڵ کۆمەڵ بەڕێز وحورمەتەوە دەیانبەین بۆ لای خوای میهرەبان ﴿٨٥﴾ ﴿وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ تاوانباریش دەدەینە بەر ﴿إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا﴾ بۆ دۆزەخ بەتینوێتی (بەوێنەی گەلە ئاژەڵ) ﴿٨٦﴾ ﴿لَّا يَمْلِكُونَ ٱلشَّفَـٰعَةَ﴾ دەسەڵاتی نکاو لاڵەیان نی یە ﴿إِلَّا مَنِ﴾ جگە لەو کەسەی ﴿ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَـٰنِ عَهْدًا﴾ بەڵێنی لە خوای میهرەبان وەرگرتووە (وەك پێغەمبەران و شەهیدان) ﴿٨٧﴾ ﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَلَدًا﴾ (گاوور وجوولەکەکان) دەیان ووت خوا منداڵی بۆخۆی داناوە ﴿٨٨﴾ ﴿لَّقَدْ جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی شتێکی زۆر نابەجێ و سەیر دەڵێن ﴿٨٩﴾ ﴿تَكَادُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ﴾ نزیکە ئاسمانەکان ﴿يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ﴾ لەت لەت و پارە پارە ببن لەبەر ئەو (قسەیە) ﴿وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ﴾ و (نزیکە) زەویش شەق بەرێت و بقڵیشێ ﴿وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا﴾ و(نزیکە) چیاکان بە یەك جار بڕوخێن ﴿٩٠﴾ ﴿أَن دَعَوْا۟ لِلرَّحْمَـٰنِ وَلَدًا﴾ لەبەر ئەوەی (بێ باوەڕان) منداڵ دەدەنە پاڵ خوای میهرەبان ﴿٩١﴾ ﴿وَمَا يَنۢبَغِى لِلرَّحْمَـٰنِ﴾ بۆ خوای میهرەبان شیاو نیە ﴿أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا﴾ کە منداڵی هەبێ ﴿٩٢﴾ ﴿إِن كُلُّ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان ﴿إِلَّآ ءَاتِى ٱلرَّحْمَـٰنِ عَبْدًا﴾ بەبەندەیی دێنە لای خوای میهرەبان (هیچ کەسێ لەوانە نیە بەندەی خوای میهرەبان نەبێ) ﴿٩٣﴾ ﴿لَّقَدْ أَحْصَىٰهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی هەموویانی سەرژمێری کردووە بە ژماردن ﴿٩٤﴾ ﴿وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَرْدًا﴾ هەر هەموویان بە تاك و تەنها دێنەوە بۆ لای (خوا) لە ڕۆژی قیامەتدا ﴿٩٥﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ به‌راستی ئه‌وانه‌ی که‌باوه‌ڕیان هێناوه ﴿وَعَمِلُوا ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ و کردەوه چاکه‌کانیشیان کردووه ﴿سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا﴾ بێگومان خوای میهره‌بان خۆشه‌ویستیان ده‌کات (له‌دڵی باوه‌ڕداراندا) ﴿٩٦﴾ ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ﴾ جا به‌راستی ئێمه قورئانمان له‌سه‌ر زمانی تۆ ئاسان کردووه ﴿لِتُبَشِّرَ بِهِ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ تا مژده‌ی پێ بده‌یت به‌پارێزکاران و له‌خواترسان ﴿وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا﴾ ئه‌و که‌سانه‌شی پێ بترسێنیت که‌به سه‌ختی دژایه‌تیت ده‌که‌ن ﴿٩٧﴾ ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ﴾ گه‌ل و کۆمه‌ڵی زۆرمان پێش ئه‌مان (له‌به‌ر خراپیان) له‌ناوبرد ﴿هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ﴾ ئایا هه‌ست ئه‌که‌یت به‌هیچ که‌سێك له‌وانه مابێت؟ ﴿أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا﴾ یان هیچ وورته و سرته‌به‌کیان ده‌بیستیت ﴿٩٨﴾

سوره‌تی ﴿طٰهٰ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

﴿طه﴾ به (طا، ها) ده‌خوێنرێته‌وه، خوا زاناتره به ماناکه‌ی بۆزانیاری زیاتر سه‌یری سه‌ره‌تای سوره‌تی (البقرة) بکه ﴿١﴾ ﴿مَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ﴾ قورئانمان نه‌ناردۆته خواره‌وه بۆ سه‌ر تۆ ﴿لِتَشْقَىٰٓ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی دوو چاری ناره‌حه‌تی غه‌م و په‌ژاره ببیت ﴿٢﴾ ﴿إِلَّا تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ﴾ ته‌نها ئامۆژگاری و پێر خسته‌وه‌یه بۆ ئه‌و که‌سه‌ی (له‌خوا) ده‌ترسێ ﴿٣﴾ ﴿تَنزِيلًا مِّمَّنْ﴾ (ئه‌م قورئانه) به‌به‌ش به‌ش نێردراوه‌ته خواره‌وه له‌لایه‌ن زاتێکه‌وه ﴿خَلَقَ ٱلْأَرْضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلْعُلَى﴾ که‌زه‌وی و ئاسمانه به‌رزو بڵنده‌کانی دروست کردووه ﴿٤﴾ ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ که (خوای) میهره‌بانه ﴿عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ﴾ که به‌رز بووه سه‌ر عه‌رش و قه‌راری گرت (به‌و شێوه‌ی شیاوی بێت ئێمه چۆنیه‌تییه‌که‌ی نازانین) ﴿٥﴾ ﴿لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ته‌نها مولکی خوایه ئه‌وه‌ی له‌ئاسمانه‌کان وئه‌وه‌ی له‌زه‌ویدایه ﴿وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ﴾ وه‌ئه‌وه‌ی له‌نێوانیاندایه‌و ئه‌وه‌ی له‌ژێر خاکدایه ﴿٦﴾ ﴿وَإِن تَجْهَرْ بِٱلْقَوْلِ﴾ ئه‌گه‌ر تۆ به ئاشکرا قسه بکه‌یت ﴿فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى﴾ ئه‌وه به‌راستی ئه‌و (خوا) نهێنی و له‌نهێنی شاراوه‌تریش ده‌زانێ ﴿٧﴾ ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوا (ئه‌و زاته‌یه) که هیچ په‌رستراوێکی تری به‌هه‌ق و ڕاستی نی یه جگه له‌ئه‌و ﴿لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ ته‌نها بۆ ئه‌وه ناوه هه‌ره جوانه‌کان ﴿٨﴾ ﴿وَهَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ئایا هه‌والّ و ده‌نگوباسی موسا پێغه‌مبه‌رت پێ گه‌یشتووه ﴿٩﴾ ﴿إِذْ رَءَا نَارًا﴾ کاتێ ئاگرێکی بینی (له‌گه‌ڕانه‌وه‌یدا بۆ میصر له‌شه‌وێکی ساردا) ﴿فَقَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا﴾ جا (موسا) ووتی به‌خێزانه‌که‌ی لێره بمێننه‌وه ﴿إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا﴾ به‌ڕاستی من ئاگرێکم به‌دی کردووه ﴿لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِقَبَسٍ﴾ (ئه‌ڕۆم بۆ لای) به‌لکو له‌و ئاگره چڵۆسکێکتان بۆ بێنم (خۆتانی پێ گه‌رم بکه‌نه‌وه) ﴿أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدًى﴾ یان لای ئه‌و ئاگره ڕێگا نیشان ده‌رێکم ده‌ست که‌وێ ﴿١٠﴾ ﴿فَلَمَّآ أَتَىٰهَا﴾ جا که‌گه‌شته لای (ئاگره‌که) ﴿نُودِىَ يَٰمُوسَىٰٓ﴾ بانگی لێ کرا: ئه‌ی موسا ﴿١١﴾ ﴿إِنِّىٓ أَنَا۠ رَبُّكَ﴾ به‌ڕاستی من په‌روه‌ردگاری تۆم ﴿فَٱخْلَعْ نَعْلَيْكَ﴾ ده‌ی پێڵاوه‌کانت داکه‌نه (له‌به‌ر ڕێزی شوێنه‌که) ﴿إِنَّكَ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى﴾ چونکه بێگومان تۆ له‌شێوی پیرۆزو به‌فه‌ڕی (طووا) دایت ﴿١٢﴾

﴿وَأَنَا اخْتَرْتُكَ﴾ من تۆم هه‌ڵبژاردووه (بۆ پێغه‌مبه‌رایه‌تی) ﴿فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَىٰ﴾ که‌واته گوێ بگره بۆ ئه‌وه‌ی نیگا ده‌کرێ (بۆت) ﴿١٣﴾ ﴿إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر من خوام ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا﴾ هیچ په‌رستراوێکی ڕاست نییه جگه له من ﴿فَاعْبُدْنِي﴾ که‌واته من بپه‌رسته ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ به چاکی نوێژ به‌جێ بێنه تامنت بێته‌وه یاد ﴿١٤﴾ ﴿إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ﴾ بێگومان ڕۆژی دوایی دێت ﴿أَكَادُ أُخْفِيهَا﴾ نزیك بوو (کاتی هاتنی له‌خۆیشم) بشارمه‌وه، (چاجای له‌فریشته وپێغه‌مبه‌ران، که‌واته زانینی کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی ته‌نها په‌روه‌ردگار ده‌یزانێت) ﴿لِتُجْزَىٰ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی پاداشت بدرێته‌وه ﴿كُلُّ نَفْسٍ﴾ هه‌موو که‌سێك ﴿بِمَا تَسْعَىٰ﴾ به گوێره‌ی ئه‌و کرده‌وه‌ی که ده‌یکات ﴿١٥﴾ ﴿فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا﴾ جا بارێنگری نه‌کات لێ ی ﴿مَنْ لَا يُؤْمِنُ بِهَا﴾ ئه‌و که‌سه‌ی باوه‌ڕی نی یه به‌و (قیامه‌ته) ﴿وَاتَّبَعَ هَوَاهُ﴾ و شوێن هه‌وا و ئاره‌زووی خۆی که‌وتووه ﴿فَتَرْدَىٰ﴾ ئه‌وسا تیا ده‌چێت ﴿١٦﴾ ﴿وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَىٰ﴾ (خوا فه‌رمووی) ئه‌ی موسا ئه‌وه چیه به‌ده‌ستی ڕاسته‌وه ﴿١٧﴾ ﴿قَالَ هِيَ عَصَايَ﴾ (موسا) فه‌رمووی ئه‌وه گۆچانه‌که‌مه ﴿أَتَوَكَّؤُا عَلَيْهَا﴾ خۆم ده‌ده‌م به‌سه‌ریدا (کاتی ڕۆیشتن) ﴿وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي﴾ گه‌ڵای دره‌ختی پێ ده‌وه‌ڕێنم بۆ مه‌ڕه‌کانم ﴿وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَىٰ﴾ وه چه‌ند کارو پێویستی تری پێ ده‌که‌م ﴿١٨﴾ ﴿قَالَ أَلْقِهَا يَا مُوسَىٰ﴾ (خوا) فه‌رمووی ئه‌ی موسا گۆچانه‌که‌ت فڕێ بده ﴿١٩﴾ ﴿فَأَلْقَاهَا﴾ جا ئه‌ویش فڕێی دا ﴿فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ﴾ ده‌ست به‌جێ گۆچانه‌که بووه به ماری‌ك به‌خێرایی ده‌ڕۆیشت (موسا ترسا) ﴿٢٠﴾ ﴿قَالَ﴾ (خوای گه‌وره) فه‌رمووی ﴿خُذْهَا وَلَا تَخَفْ﴾ بیگره‌و مه‌ترسه ﴿سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا الْأُولَىٰ﴾ دڵنیابه ده‌ی گێڕینه‌وه بۆ شێوه‌که‌ی یه‌که‌م جاری (ده‌یکه‌ینه‌وه به گۆچان) ﴿٢١﴾ ﴿وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ﴾ ده‌ستت بخه‌ره بن باڵت (پاشان ده‌ری بێنه) ﴿تَخْرُجْ بَيْضَاءَ﴾ که ده‌ردێت سپیه (وه‌ك کافور ده‌ده‌وشێته‌وه) ﴿مِنْ غَيْرِ سُوءٍ﴾ بێ ئه‌وه‌ی به‌ڵه‌کی و نه‌خۆشی بێت ﴿آيَةً أُخْرَىٰ﴾ (ئه‌مه‌ش) موعجیزه‌یه‌کی تره (جگه له گۆچانه‌که‌ت) ﴿٢٢﴾ ﴿لِنُرِيَكَ مِنْ آيَاتِنَا الْكُبْرَى﴾ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ندێ له‌موعجیزه‌و به‌ڵگه گه‌وره‌کانی خۆمانت پیشان بده‌ین ﴿٢٣﴾ ﴿اذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ﴾ بڕۆ بۆ لای فیرعه‌ون ﴿إِنَّهُ طَغَىٰ﴾ چونکه به‌ڕاستی له‌سنوور ده‌ڕچووه وياخی بووه ﴿٢٤﴾ ﴿قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي﴾ (موسا) ووتی په‌روه‌ردگارم سنگم (دڵ و ده‌رونم) فراوان بکه ﴿٢٥﴾ ﴿وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي﴾ وه ئێش و کارم بۆ ئاسان بکه ﴿٢٦﴾ ﴿وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي﴾ و گرێی زمانیشم به‌ره‌ڵا بکه ﴿٢٧﴾ ﴿يَفْقَهُوا قَوْلِي﴾ بۆ ئه‌وه‌ی له قسه‌کانم تێبگه‌ن ﴿٢٨﴾ ﴿وَاجْعَلْ لِي وَزِيرًا مِنْ أَهْلِي﴾ وه له‌خزم و که‌سی خۆم که‌سێك بکه‌ره پشتیوانم ﴿٢٩﴾ ﴿هَارُونَ أَخِي﴾ که هاروونی برامه ﴿٣٠﴾ ﴿اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي﴾ پشتمی پێ قایم و به‌هێز بکه ﴿٣١﴾ ﴿وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي﴾ بێکه‌ره هاوبه‌شم له‌کاره‌که‌مدا (گه‌یاندنی په‌یامی خوا) ﴿٣٢﴾ ﴿كَيْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی زۆرستایشت بکه‌ین ﴿٣٣﴾ ﴿وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا﴾ وه یاد و زیکری زۆرت بکه‌ین ﴿٣٤﴾ ﴿إِنَّكَ كُنْتَ بِنَا بَصِيرًا﴾ به‌ڕاستی تۆ بینای به (هه‌موو شتێکی) ئێمه ﴿٣٥﴾ ﴿قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَا مُوسَىٰ﴾ (خوای گه‌وره) فه‌رمووی به‌ڕاستی ئه‌وه‌ی داوات کرد پێت درا ئه‌ی موسا ﴿٣٦﴾ ﴿وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئێمه جارێکی تر منه‌تمان ناوه‌ته سه‌رت ﴿٣٧﴾

﴿إِذْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ﴾ کاتێ ئێمه ئاگاداری دایکتمان کرد ﴿مَا يُوحَىٰٓ﴾ ئه‌وه‌ی پێویست بوو ئاگادار بکرێت ﴿٣٨﴾ ﴿أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ﴾ که ئه‌و (مووسای شیره‌خۆره) بخه‌ره ناو سندوقێکه‌وه ﴿فَٱقْذِفِيهِ فِي ٱلْيَمِّ﴾ ئه‌مجا فڕێی ده‌ره ده‌ریاوه ﴿فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ﴾ جا باده‌ریاش بیهاته که‌ناری ئاوه‌که ﴿يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُۥ﴾ (له ئاکامدا) دوژمنی من و دوژمنی ئه‌و (که‌فیرعه‌ونه) بگرێته‌وه ﴿وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي﴾ له‌لایه‌ن خۆمه‌وه جۆره خۆشه‌ویستییه‌کم پێدابێت ﴿وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی په‌روه‌رده بکرێیت له پێش چاوی خۆم (به چاودێری و پارێزگاری خۆم) ﴿٣٩﴾ ﴿إِذْ تَمْشِيٓ أُخْتُكَ﴾ (له‌بیرت بێ) کاتێ که خوشکه‌که‌ت ده‌ڕۆیشت ﴿فَتَقُولُ﴾ و ده‌یووت (به فیرعه‌ون و ده‌سته‌که‌ی که مووسا ده‌گریا و شیری هیچ ئافره‌تێکی نه‌ده‌خوارد) ﴿هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ﴾ که‌سێکتان نیشان بدەم که به‌خێوی کات وبیگرێته ئه‌ستۆ ﴿فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ﴾ به‌و هۆیه‌وه تۆمان گێڕایه‌وه بۆ لای دایکت ﴿كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ﴾ تا چاو ودڵی گه‌ش بێته‌وه‌و خه‌فه‌ت نه‌خوات ﴿وَقَتَلْتَ نَفْسًا﴾ وه که‌سێکت کوشت (له ناقمی فیرعه‌ون) ﴿فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ﴾ به‌ڵام ئێمه ڕزگارمان کردی له‌و غه‌م وپه‌ژاره‌یه ﴿وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا﴾ وه دووچاری چه‌نده‌ها تاقی کردنه‌وه‌مان کردی ﴿فَلَبِثْتَ سِنِينَ﴾ ئه‌مجا چه‌ند ساڵێك مایته‌وه ﴿فِيٓ أَهْلِ مَدْيَنَ﴾ له‌ناو خه‌ڵکی مه‌دیه‌ندا ﴿ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَٰمُوسَىٰ﴾ پاشان ئه‌ی مووسا له کاتی دیاری کراودا (بۆ پێغه‌مبه‌رایه‌تی) هاتوویته ئێره ﴿٤٠﴾ ﴿وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي﴾ وه تۆم هه‌ڵبژارد بۆ خۆم (تاکو پێغه‌مبه‌ر بیت و په‌یامی من ڕاگه‌یه‌نیت) ﴿٤١﴾ ﴿ٱذْهَبْ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِي﴾ بڕۆ خۆت و براکه‌ت به به‌ڵگه و موعجیزه‌کانمه‌وه ﴿وَلَا تَنِيَا فِي ذِكْرِي﴾ سستی نه‌که‌ن له زیکر و یادی منـدا ﴿٤٢﴾ ﴿ٱذْهَبَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ﴾ هه‌ردووکتان بڕۆن بۆلای فیرعه‌ون ﴿إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾ چونکه به‌ڕاستی له‌سنوور ده‌رچووه و یاخی بووه ﴿٤٣﴾ ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا﴾ جا قسه‌ی له‌گه‌ڵ بکه‌ن به نه‌رم و نیانی ﴿لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ﴾ به‌ڵکو بیربکاته‌وه یا بترسێ (له سزای خوا) ﴿٤٤﴾ ﴿قَالَا رَبَّنَآ﴾ هه‌ردووکیان ووتیان ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان ﴿إِنَّنَا نَخَافُ﴾ به‌ڕاستی ئێمه ده‌ترسین ﴿أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَآ﴾ ده‌س درێژی بکاته سه‌رمان پێش ئه‌وه‌ی ئێمه هیچ بڵێین ﴿أَوْ أَن يَطْغَىٰ﴾ یان زیاتر یاخی و سه‌رکه‌ش ببێت ﴿٤٥﴾ ﴿قَالَ لَا تَخَافَآ﴾ (خوا) فه‌رمووی مه‌ترسن ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَآ﴾ به‌ڕاستی من له‌گه‌ڵتانام ﴿أَسْمَعُ وَأَرَىٰ﴾ ده‌بیستم و ده‌بینم ﴿٤٦﴾ ﴿فَأْتِيَاهُ فَقُولَآ﴾ که‌وابوو بچنه لای و (پێی) بڵێن ﴿إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ﴾ بێگومان ئێمه هه‌ردووك نێردراوی په‌روه‌ردگاری تۆین (بۆ سه‌ر تۆ) ﴿فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ جا واز له به‌نی ئیسرائیل بهێنه (با بێن) له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا ﴿وَلَا تُعَذِّبْهُمْ﴾ وه ئازار و سزایان مه‌ده ﴿قَدْ جِئْنَٰكَ بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكَ﴾ به‌ڕاستی ئێمه له لایه‌ن په‌روه‌ردگارته‌وه به‌ڵگه‌و موعجیزه‌مان بۆ هێناوی ﴿وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلْهُدَىٰٓ﴾ سڵاویش له‌سه‌ر که‌سێك بێت که شوێن ڕێگای ڕاستی ده‌که‌وێ ﴿٤٧﴾ ﴿إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَآ﴾ به‌ڕاستی ئێمه نیگامان بۆ کراوه ﴿أَنَّ ٱلْعَذَابَ﴾ که بێگومان سزا ﴿عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾ بۆ که‌سێکه (پێغه‌مبه‌ران) به‌درۆ ده‌زانێ و ڕوو وه‌رده‌گێڕێت (وباوه‌ڕ ناهێنێ) ﴿٤٨﴾ ﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ﴾ (فیرعه‌ون) ووتی باشه مووسا په‌روه‌ردگاری هه‌ردووکتان کێ یه؟ ﴿٤٩﴾ ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُۥ﴾ (مووسا) فه‌رمووی په‌روه‌ردگاری ئێمه ئه‌و زاته‌یه که هه‌موو شتێکی به‌شێوه‌یه‌کی ڕێك وپێك وجوان دروستکردووه ﴿ثُمَّ هَدَىٰ﴾ پاشان ڕێنموونیشی کردووه (بۆ کاری خۆی) ﴿٥٠﴾ ﴿قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ﴾ (فیرعه‌ون) ووتی ئه‌ی خه‌ڵکانی سه‌رده‌مه پێشووه‌کان حاڵیان چییه‌و چۆنه (له پاشی مردنیان) ﴿٥١﴾

﴿قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي﴾ (موسا) فه‌رمووی زانیاری ئه‌وه لای په‌روه‌ردگارمه ﴿فِي كِتَابٍ﴾ له په‌راوێکدایه ﴿لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾ په‌روه‌ردگارم هیچی لێ وون نابێ و هیچی له‌بیر ناچێ ﴿٥٢﴾ ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا﴾ (په‌روه‌ردگارم) زاتێکه که زه‌وی بۆ کردونه‌ته شوێنی حه‌سانه‌وه (وه‌کو بێشکه) ﴿وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا﴾ وه له‌ناوییدا چه‌نده‌ها ڕێگای بۆ فه‌راهه‌م هێناون ﴿وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ وه له‌ئاسمانه‌وه باران ده‌بارێنی (بۆتان) ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِ﴾ جا به‌و بارانه‌ی ڕواندومانه ﴿أَزْوَاجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ﴾ زۆر جۆتی جۆراو جۆر له‌ڕووه‌ك (که جیاوازن له تام و بۆن و ڕه‌نگ و شێوه‌دا) ﴿٥٣﴾ ﴿كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ﴾ (ئه‌ی مرۆڤه‌کان) بخۆن و ئاژه‌ڵ ومالاته‌کانیشتان بله‌وه‌ڕێنن ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ به‌ڕاستی له‌وه‌دا (که باسکرا) ﴿لَآيَاتٍ لِّأُولِي النُّهَىٰ﴾ به‌ڵگه و نیشانه‌ی زۆر هه‌یه بۆ ئه‌وانه‌ی خاوه‌نی ژیرین ﴿٥٤﴾ ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ﴾ له‌م زه‌ویه دروستمان کردون ﴿وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ﴾ دووباره ده‌تانگێڕینه‌وه ناو زه‌وی (به‌مردوویی) ﴿وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ﴾ جارێکی تر له‌و زه‌ویه ده‌رتان دێنینه‌وه (به‌زیندوویی بۆ لێپرسینه‌وه) ﴿٥٥﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرَيْنَاهُ آيَاتِنَا كُلَّهَا﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئێمه هه‌موو به‌ڵگه‌و نیشانه‌کانی خۆمان نیشان فیرعه‌ون دا ﴿فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ﴾ که‌چی باوه‌ڕی نه‌هێناو سه‌رپێچی کرد ﴿٥٦﴾ ﴿قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا﴾ (فیرعه‌ون) ووتی هاتوویت بۆ ناومان بۆ ئه‌وی ده‌رمان که‌یت ﴿مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَا مُوسَىٰ﴾ له‌خاکه‌که‌مان به‌جادوو گه‌ڕیه‌که‌ت ئه‌ی موسا ﴿٥٧﴾ ﴿فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ﴾ سوێندبێ جادوێه‌کت بۆ (به‌کار) بێنین ﴿مِّثْلِهِ﴾ وه‌ك ئه‌و (جادووه‌ی خۆت) ﴿فَاجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا﴾ جا شوێن و کاتێك له نێوان ئێمه و خۆتدا دابنێ ﴿لَّا نُخْلِفُهُ نَحْنُ وَلَا أَنتَ﴾ نه ئێمه و نه‌تۆ خۆمانی لێ نه‌بوێرین ﴿مَكَانًا سُوًى﴾ (با) جێگایه‌کی ته‌خت بێ ﴿٥٨﴾ ﴿قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ﴾ (موسا) فه‌رمووی کاتی دیارکراوتان ڕۆژی خۆڕازاندنه‌وه (ڕۆژی چه‌ژن) بێت ﴿وَأَن يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى﴾ به‌مه‌رجێ له کاتی چێشته‌نگاودا خه‌ڵکی کۆبکرێنه‌وه ﴿٥٩﴾ ﴿فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ﴾ ئه‌مجا فیرعه‌ون ڕۆیشت له‌و جێگایه ﴿فَجَمَعَ كَيْدَهُ﴾ وهه‌موو جادوو گه‌ره‌کانی کۆکرده‌وه ﴿ثُمَّ أَتَىٰ﴾ پاشان هات (بۆ شوێنی دیاری کراو) ﴿٦٠﴾ ﴿قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ﴾ موسا به جادوو گه‌رانی ووت ﴿وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ هاوار بۆ ئێوه درۆ به‌ده‌م خواوه نه‌که‌ن ﴿فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ﴾ ئه‌گینا به‌سزایه‌ك له‌ناوتان ده‌بات ﴿وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَىٰ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر که‌سێ درۆ هه‌ڵبه‌ستێ به‌ده‌م خواوه ڕه‌نجه ڕۆ ده‌بێت ﴿٦١﴾ ﴿فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ﴾ ئه‌مجا (جادوو گه‌ره‌کان) سه‌باره‌ت به‌کاره‌که‌یان له نێوانیان دا جیاوازی په‌یدا بوو ﴿وَأَسَرُّوا النَّجْوَىٰ﴾ و به‌نهێنی چرپه‌یان ده‌کرد ﴿٦٢﴾ ﴿قَالُوا إِنْ هَٰذَانِ لَسَاحِرَانِ﴾ ووتیان به‌ڕاستی ئه‌مانه دوو جادووگه‌رن ﴿يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم﴾ ده‌یانه‌وێ ده‌رتان په‌رێنن ﴿مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا﴾ له خاك و وڵاته‌که‌تان به جادووه‌که‌یان ﴿وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَىٰ﴾ وه ڕێباز و نه‌ریته هه‌ره باشه‌که‌تان له‌ناو به‌رن ﴿٦٣﴾ ﴿فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ﴾ جا که‌واته هه‌موو جادوو و پیلانێکتان کۆبکه‌نه‌وه ﴿ثُمَّ ائْتُوا صَفًّا﴾ پاشان به یه‌ك ڕیز بێنه (گۆڕه‌پانه‌وه) ﴿وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَىٰ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر که‌سێ ئه‌مڕۆ سه‌رکه‌وێ ڕزگاری ده‌بێ و سه‌رفرازه ﴿٦٤﴾

﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ﴾ (ساحیره‌کان) ووتیان ئه‌ی موسا ﴿إِمَّآ أَن تُلْقِىَ﴾ یانۆ (چادووه‌که‌ت) فڕێ بده ﴿وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ﴾ یا ئێمه له‌سه‌ره‌تاوه فڕێ ی ده‌ده‌ین ﴿٦٥﴾ ﴿قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟﴾ (موسا) فه‌رمووی نه‌خێر ئێوه (له‌پێشه‌وه) فڕێ ی بده‌ن ﴿فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ﴾ (ئه‌وانیش فڕێیاندا) جا له‌ناکاودا گوریس و دار ده‌سته‌کانیان ﴿يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ﴾ وه‌ها هاته‌ پێش چاوی (موسا) به‌هۆی جادووه‌که‌یانه‌وه که‌به‌ڕاستی ده‌جوڵێن و ده‌ڕۆن ﴿٦٦﴾ ﴿فَأَوْجَسَ فِى نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ﴾ جا موسا له‌دڵی خۆیدا که‌مێ ترسا ﴿٦٧﴾ ﴿قُلْنَا لَا تَخَفْ﴾ ووتمان پێی مه‌ترسه‌و بێ باك به ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ﴾ بێگومان هه‌ر تۆ سه‌رکه‌وتوو ده‌بی ﴿٦٨﴾ ﴿وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ﴾ ئه‌وه‌ی له‌ده‌ستی ڕاستدایه (که‌گۆچانه‌که‌ته) فڕێی بده ﴿تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟﴾ هه‌رچی (جادوو) ئه‌وان کردوویانه قوتی ده‌دات (هه‌ڵی ده‌لوشێ) ﴿إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ﴾ بێگومان ئه‌وه‌ی ئه‌وانه کردوویانه ته‌نها فڕوفێڵی جادوو بازه ﴿وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ﴾ جادوو بازیش سه‌رکه‌وتوو نابێ له‌هه‌ر کوێ وه‌هاتبێ (هه‌رچی بکات) ﴿٦٩﴾ ﴿فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا﴾ ئه‌وسا جادووگه‌ره‌کان خۆیان به‌ڕوودا به‌سوژده بردنه‌وه (بۆ خوا) ﴿قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ﴾ ووتیان بڕوامان هێنا به‌په‌روه‌ردگاری هاروون و موسا ﴿٧٠﴾ ﴿قَالَ﴾ (فیرعه‌ون) ووتی پێیان ﴿ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ﴾ ئایا ئێوه بڕواتان پێ هێنا پێش ئه‌وه‌ی مۆڵه‌تتان بده‌م ﴿إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى﴾ بێگومان ئه‌و موسا گه‌وره‌تانه ﴿عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ﴾ که‌فێری جادووی کردوون ﴿فَلَأُقَطِّعَنَّ﴾ جا سوێند بێت ده‌یبڕم (ده‌یقرتێنم) ﴿أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ﴾ ده‌ست و قاچتان به‌پێچه‌وانه‌وه (ڕاست و چه‌پ) ﴿وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ﴾ وه‌بێگومان به‌قه‌دی دارخورمادا هه‌ڵتان ده‌واسم (ده‌تانکه‌م به دارا) ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ﴾ (ئه‌وسا) به‌ڕاستی ده‌زانن ﴿أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ﴾ کاممان (من یان خواکه‌ی موسا) سزامان سه‌خترو به‌رده‌وام تره ﴿٧١﴾ ﴿قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ﴾ (ساحیره‌کان) ووتیان ئێمه هه‌رگیز تۆ هه‌ڵنابژێرین ﴿عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ به‌سه‌ر ئه‌و نیشانه‌و موعجیزانه‌دا که‌بۆمان هاتووه ﴿وَٱلَّذِى فَطَرَنَا﴾ (وه‌تۆ هه‌ڵنابژێرین به‌سه‌ر) ئه‌و خوایه‌ی که له‌نه‌بوون ئێمه‌ی دروست کردووه ﴿فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ﴾ جا هه‌ر چیت له‌ده‌ست دێت بیکه ﴿إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ﴾ بێگومان تۆ ته‌نها له‌م ژیانی دونیا ده‌ست ده‌ڕواو بڕیار ده‌ده‌یت ﴿٧٢﴾ ﴿إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا﴾ به‌ڕاستی ئێمه باوه‌ڕمان هێنا به‌په‌روه‌ردگارمان ﴿لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا﴾ بۆ ئه‌وه‌ی له‌تاوانه‌کانمان خۆش ببێت ﴿وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ﴾ هه‌روه‌ها له‌و جادووه‌ش که به‌زۆر پێت ده‌کردین ﴿وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ﴾ وه‌خوای گه‌وره (پاداشتی) چاکتره‌و به‌رده‌وامتره ﴿٧٣﴾ ﴿إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر که‌سێ بگه‌ڕێته‌وه لای په‌روه‌ردگاری ﴿مُجْرِمًا﴾ به‌تاوانباری ﴿فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ﴾ ئه‌وه بێگومان دۆزه‌خ جێگایه‌تی ﴿لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ﴾ نه‌ده‌مرێ تێیدا نه‌ده‌ژی (به‌ئاسوده‌یی) ﴿٧٤﴾ ﴿وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا﴾ وه ئه‌و که‌سه‌ی به‌باوه‌ڕداری بگه‌ڕێته‌وه لای (خوای گه‌وره) ﴿قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ به‌ڕاستی کرده‌وه‌ی چاکیشی کردبێ ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ﴾ ئاوه‌ها پله‌و پایه‌ی به‌رزو بڵندیان هه‌یه ﴿٧٥﴾ ﴿جَنَّٰتُ عَدْنٍ﴾ که به‌هه‌شتانێکه جێگای مانه‌وه‌ی هه‌مه‌میشه‌یی ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕوباره‌کان ده‌ڕۆن به ژێریاندا ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بێ بڕانه‌وه ده‌مێننه‌وه تێیدا ﴿وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ مَن تَزَكَّىٰ﴾ ئه‌وه پاداشتی که‌سێکه خۆی پاك و خاوێن ڕابگرێ (له کوفر و تاوان) ﴿٧٦﴾

﴿وَلَقَدْ أَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ﴾ به‌راستی نیگامان نارد بۆ موسا ﴿أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي﴾ که به‌نده‌کانم به شه‌و ببه (و له میصر ده‌رچن) ﴿فَاضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِي الْبَحْرِ يَبَسًا﴾ رێگه‌یه‌کی ووشکیان له ده‌ریای (سوور) دا بۆ بکه‌ره‌وه ﴿لَا تَخَافُ دَرَكًا﴾ مه‌ترسه (فیرعه‌ون) پێت بگات ﴿وَلَا تَخْشَىٰ﴾ وه مه‌ترسه (له‌خنکان له‌ده‌ریادا) ﴿٧٧﴾ ﴿فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنُودِهِ﴾ ئه‌مجا فیرعه‌ون به سه‌ربازه‌کانیه‌وه شوێنیان که‌وتن ﴿فَغَشِيَهُمْ مِنَ الْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ﴾ جا له ناکاو ده‌ریا ئه‌وانی (له‌ناو شه‌پۆلی خۆیدا) داپۆشی ج داپۆشینێك ﴿٧٨﴾ ﴿وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُ﴾ فیرعه‌ون گه‌له‌که‌ی خۆی گومرا کرد ﴿وَمَا هَدَىٰ﴾ و ڕێنمووئیی نه‌کردن ﴿٧٩﴾ ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ ئه‌ی نه‌وه‌ی ئیسرائیل ﴿قَدْ أَنْجَيْنَاكُمْ مِنْ عَدُوِّكُمْ﴾ به‌راستی ڕزگارمان کردن له‌دوژمنه‌که‌تان ﴿وَوَاعَدْنَاكُمْ﴾ وه به‌ڵێنمان پێدان ﴿جَانِبَ الطُّورِ الْأَيْمَنَ﴾ (به‌هاتنی موسا بۆ) لای ڕاستی کێوی طور ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ﴾ و بۆمان ناردن ﴿الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ﴾ گه‌زۆ و شێلاقه (بالنده‌یه‌که گۆشتی له هه‌موو بالنده‌یه‌ك خۆشتره) ﴿٨٠﴾ ﴿كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ بخۆن له‌و ڕۆزیه پاکانه‌ی پێمان داون ﴿وَلَا تَطْغَوْا فِيهِ﴾ و زیاده ڕۆی تێدا مه‌که‌ن ﴿فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِي﴾ ئه‌گینا خه‌شم و قاری من ده‌تانگرێته‌وه ﴿وَمَنْ يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِي﴾ جا هه‌ر که‌سێك قار و خه‌شمی من دایگرێ ﴿فَقَدْ هَوَىٰ﴾ ئه‌وه بێگومان تیاچووه‌و هه‌ڵدێراوه ﴿٨١﴾ ﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ﴾ وه به‌راستی من زۆر لێبوردوم له‌و که‌سه‌ی ته‌وبه‌ی کردبێ ﴿وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا﴾ و باوه‌ڕی هێنابێ و کرده‌وه‌ی چاکی کردبێت ﴿ثُمَّ اهْتَدَىٰ﴾ پاشان به‌رده‌وام بوبێ له‌سه‌ر ئه‌و ڕێبازه ﴿٨٢﴾ ﴿وَمَا أَعْجَلَكَ عَنْ قَوْمِكَ يَا مُوسَىٰ﴾ (خوا فه‌رمووی) ئه‌ی موسا بۆ چی پێش گه‌له‌که‌ت که‌وتی (بۆ گه‌یشتن به کێوی طور) ﴿٨٣﴾ ﴿قَالَ هُمْ أُولَاءِ عَلَىٰ أَثَرِي﴾ (موسا) فه‌رمووی گه‌له‌که‌م ئه‌وانه‌ن به دوامه‌وه‌ن ﴿وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ﴾ بۆیه به‌په‌له هاتم بۆ لات ئه‌ی په‌روه‌ردگارم ﴿لِتَرْضَىٰ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی لێم ڕازی بیت ﴿٨٤﴾ ﴿قَالَ﴾ (خوای گه‌وره) فه‌رمووی ﴿فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ﴾ جا به‌ڕاستی ئێمه قه‌ومه‌که‌تمان تاقی کرده‌وه ﴿مِنْ بَعْدِكَ﴾ له‌پاش (هاتنی) تۆ ﴿وَأَضَلَّهُمُ السَّامِرِيُّ﴾ وه‌سامیری گومڕای کردن ﴿٨٥﴾ ﴿فَرَجَعَ مُوسَىٰ إِلَىٰ قَوْمِهِ﴾ ئه‌مجا (پاش وه‌رگرتنی ته‌ورات) موسا گه‌ڕایه‌وه بۆ لای گه‌له‌که‌ی ﴿غَضْبَانَ أَسِفًا﴾ به تووڕه‌یی و قار و خه‌شمه‌وه ﴿قَالَ يَا قَوْمِ﴾ ووتی ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ﴾ ئایا په‌روه‌ردگارتان به‌ڵێنی پێ نه‌دان ﴿وَعْدًا حَسَنًا﴾ به به‌ڵێنی چاك ﴿أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ الْعَهْدُ﴾ بۆچی من زۆرم پێ چوو ﴿أَمْ أَرَدْتُمْ﴾ یان هه‌ر وبستتان ﴿أَنْ يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ تووڕه‌یی وخه‌شم له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگارتانه‌وه یه‌خه‌تان بگرێت ﴿فَأَخْلَفْتُمْ مَوْعِدِي﴾ بۆیه به‌ڵێنی منتان شکاند ﴿٨٦﴾ ﴿قَالُوا مَا أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ﴾ ووتیان ئێمه به‌ڵێنه‌که‌ی تۆمان نه‌شکاند ﴿بِمَلْكِنَا﴾ به‌ویست و ده‌سه‌ڵاتی خۆمان ﴿وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَا أَوْزَارًا﴾ به‌ڵکو ئێمه چه‌ند کۆڵ و باری درابوو به کۆڵماندا ﴿مِنْ زِينَةِ الْقَوْمِ﴾ له‌خشڵی قیبتییه‌کان ﴿فَقَذَفْنَاهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى السَّامِرِيُّ﴾ جا فڕێماندایه (ناو ئاگره‌وه) هه‌روه‌ها سامیریش فڕێی دا ﴿٨٧﴾

﴿فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا﴾ ئینر (سامیری له‌و خشڵه تواوانه) په‌یکه‌ری گوێره‌که‌یه‌کی بۆ دروست کردن ﴿لَّهُۥ خُوَارٌ﴾ بۆڕه‌یه‌کی هه‌بوو (وه‌ك بۆڕه‌ی گوێره‌که) ﴿فَقَالُوا۟﴾ ئه‌مجا ووتیان ﴿هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ﴾ ئه‌مه خوای ئێوه‌و خوای مووساشه ﴿فَنَسِىَ﴾ ئه‌وه (مووسا) له‌بیری چووه (ده‌گه‌ڕێ به‌شوێن خوادا) ﴿٨٨﴾ ﴿أَفَلَا يَرَوْنَ﴾ ئایا ئه‌وان نازانن (نابینن) ﴿أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا﴾ (ئه‌و گوێره‌که‌یه) وه‌ڵامی هیچ ووته‌یه‌کیان ناداته‌وه ﴿وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾ وه‌خاوه‌نی هیچ زیان و قازانجێك نییه بۆیان ﴿٨٩﴾ ﴿وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی هاروون پێی ووتن ﴿مِن قَبْلُ﴾ له‌وه‌و پێش ﴿يَٰقَوْمِ﴾ ئه‌ی گه‌له‌که‌م ﴿إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ﴾ بێگومان ئێوه به‌م (گوێره‌که‌یه) تاقی کرانه‌وه (گومڕا بوون) ﴿وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ به‌ڕاستی په‌روه‌ردگاری ئێوه خوای میهره‌بانه ﴿فَٱتَّبِعُونِى﴾ که‌واته شوێنی من بکه‌ون ﴿وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى﴾ گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی من بن ﴿٩٠﴾ ﴿قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ﴾ ووتیان هه‌رگیز واز ناهێنین و به‌ده‌وریدا دێین و ده‌یپه‌رستین ﴿حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ﴾ هه‌تا مووسا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ لامان ﴿٩١﴾ ﴿قَالَ يَٰهَٰرُونُ﴾ (مووسا) ووتی ئه‌ی هارون ﴿مَا مَنَعَكَ﴾ چ شتێك به‌رگری کردیت ﴿إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟﴾ کاتێ بینیت ئه‌مانه گومڕا بوون ﴿٩٢﴾ ﴿أَلَّا تَتَّبِعَنِ﴾ (له‌وه‌ی) که‌شوێن من بکه‌وی ﴿أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى﴾ ئایا سه‌رپێچی فه‌رمانی منت کرد؟ ﴿٩٣﴾ ﴿قَالَ يَبْنَؤُمَّ﴾ (هاروون) فه‌رمووی ئه‌ی کوڕی دایکم ﴿لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِى وَلَا بِرَأْسِىٓ﴾ موی ڕیش و سه‌رم مه‌گره و ڕایمه‌کێشه ﴿إِنِّى خَشِيتُ أَن تَقُولَ﴾ به‌ڕاستی ترسام که (هاتیته‌وه پێم) بڵێیت ﴿فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ تۆ جیاوازیت خسته نێوان به‌نی ئیسرائیلیه‌کانه‌وه ﴿وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِى﴾ و چاوه‌ڕوانی فه‌رمانی منت نه‌کرد ﴿٩٤﴾ ﴿قَالَ﴾ (مووسا) ووتی ﴿فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِىُّ﴾ ئه‌ی سامری تۆ ئه‌م کاره ترسناکه چی بوو کردت؟ ﴿٩٥﴾ ﴿قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا۟ بِهِۦ﴾ (سامیری) ووتی من شتێکم زانی ئه‌وان نه‌یانزانی (یامن شتێکم بینی ئه‌وان نه‌یان بینی) ﴿فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ﴾ ئه‌مجا من مشتێکم له‌شوێن پێی (وڵاخه‌که‌ی) جوبره‌ئیل هه‌ڵگرت ﴿فَنَبَذْتُهَا﴾ وه‌ پرژاندم (به‌خشڵه تواوه‌که‌دا) ﴿وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِى نَفْسِى﴾ به‌و جۆره نه‌فسم ئه‌و کاره‌ی بۆ جوان و شیرین کردم ﴿٩٦﴾ ﴿قَالَ فَٱذْهَبْ﴾ (مووسا) ووتی ده‌بڕۆ ﴿فَإِنَّ لَكَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ﴾ ئه‌وسا بێگومان تاماوی له‌م ژیانه‌دا (هه‌ر که‌س لێت نزیك بوێه‌وه) ده‌بێ بڵێیت: ﴿لَا مِسَاسَ﴾ نزیکم مه‌که‌وه‌ره‌وه، وده‌ستم لێ مه‌ده ﴿وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَّن تُخْلَفَهُۥ﴾ وه‌بێگومان به‌ڵێنێکیشت هه‌یه‌(له‌ڕۆژی دواییدا) هه‌رگیز ڕزگار نابیت لێی ﴿وَٱنظُرْ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ﴾ وه‌سه‌یری په‌رستراوه‌که‌شت که ﴿ٱلَّذِى ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفًا﴾ که‌به‌رده‌وام ده‌تپه‌رست ﴿لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ﴾ دڵنیابه چاك ده‌یسوتێنین ﴿ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِى ٱلْيَمِّ﴾ پاشان بێگومان (خۆڵه‌میشه‌که‌ش) پرژو بڵاو ده‌که‌ینه‌وه به‌ده‌ریادا ﴿نَسْفًا﴾ به‌پرژو بڵاوێکی وه‌ها (که شوێنه‌واریشی نه‌مێنێت) ﴿٩٧﴾ ﴿إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ﴾ به‌ڕاستی (ڕاسته‌قینه‌ی) ئێوه ته‌نها خوایه ﴿ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ که هیچ به‌رستراوێکی ڕاست نی یه ئه‌و نه‌بێت ﴿وَسِعَ كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا﴾ زانیاری ئه‌و هه‌موو شتێکی گرتۆته‌وه ﴿٩٨﴾

﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ئا به‌و جۆره ده‌یگێڕینه‌وه بۆت ﴿مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ﴾ هه‌ندێك له‌به‌سه‌رهات و هه‌والی ئه‌و (گه‌لانه‌ی) ڕابوردون ﴿وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ﴾ بێگومان پێمان داویت ﴿مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا﴾ له‌لایه‌ن خۆمانه‌وه قورئان ﴿١٠٠﴾ ﴿مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ﴾ هه‌ر که‌سێ پشتی تێ بکات ﴿فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ﴾ ئه‌وه به‌ڕاستی هه‌ڵیده‌گرێ ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ له‌ڕۆژی دواییدا ﴿وِزْرًا﴾ بارێکی قورس (له‌تاوان) ﴿١٠١﴾ ﴿خَٰلِدِينَ فِيهِ﴾ ێ بڕانه‌وه تێیدا ده‌مێنێته‌وه ﴿وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ حِمْلًا﴾ چ بارێکی خراپ و بێفه‌ڕیان به‌کۆڵه‌وه‌یه له‌ڕۆژی دواییدا ﴿١٠٢﴾ ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ﴾ ئه‌و ڕۆژه‌ی که فوو ده‌کرێ به‌شه‌پووردا (بۆ جاری دووه‌م) ﴿وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ ئه‌وسا تاوان باران کۆده‌که‌ینه‌وه ﴿يَوْمَئِذٍ زُرْقًا﴾ له‌و ڕۆژه‌دا له‌ش و چاویان شین هه‌ڵگه‌ڕاوه ﴿١٠٣﴾ ﴿يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ﴾ به‌چڕیه‌وه له‌نێوان خۆیاندا ده‌ڵێن ﴿إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا﴾ ئێوه ته‌نها ده (شه‌وو ڕۆژ له‌دونیادا) ماونه‌ته‌وه ﴿١٠٤﴾ ﴿نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ﴾ ئێمه چاك ده‌زانین به‌وه‌ی ئه‌وان ده‌ڵێن ﴿إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً﴾ کاتێ (ئه‌وه‌یان) که زیرترینه و نزیك ترینه له‌ڕاستییه‌وه ده‌ڵێ ﴿إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا﴾ ئێوه ته‌نها یه‌ك ڕۆژ ماونه‌ته‌وه ﴿١٠٥﴾ ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) پرسیارت لێ ده‌که‌ن سه‌باره‌ت به‌شاخه‌کان ﴿فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا﴾ تۆش بڵێ به‌ڕوه‌ردگار له‌بنیخیان دێنی و وردو خاشیان ده‌کات ئه‌مجا باپرژو بڵاویان ده‌کاته‌وه ﴿١٠٦﴾ ﴿فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا﴾ ئه‌مجا ڕێك و ساف بێ ئاوو گژوگیاو ده‌یهێڵێته‌وه ﴿١٠٧﴾ ﴿لَّا تَرَىٰ فِيهَا﴾ نابینی تێیدا ﴿عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا﴾ هیچ جۆره لاری و به‌رزی و نزمییه‌ك ﴿١٠٨﴾ ﴿يَوْمَئِذٍ﴾ له‌و ڕۆژه‌دا ﴿يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِىَ﴾ هه‌موو ده‌که‌ونه شوێن جارده‌ری (کۆکردنه‌وه) ﴿لَا عِوَجَ لَهُۥ﴾ لاره‌جڵه‌وی ناکه‌ن له‌فه‌رمانی ﴿وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ﴾ له‌ترسی خوای میهره‌بان هه‌موو ده‌نگه‌کان نزم ده‌بن ﴿فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا﴾ چه‌چپ نه‌بێ شتێك نابیستی ﴿١٠٩﴾ ﴿يَوْمَئِذٍ﴾ ئا له‌و ڕۆژه‌دا ﴿لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ﴾ تکا کردن سوودی نیه ﴿إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ مه‌گه‌ر که‌سێ خوای میهره‌بان ڕێگای بدات ﴿وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا﴾ و له‌ووته‌که‌شی ڕازی بێ ﴿١١٠﴾ ﴿يَعْلَمُ﴾ (خوا) ده‌زانێ و ئاگاداره ﴿مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ﴾ به‌هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی له‌پێشیانه‌وه‌یه (له‌قیامه‌تدا چاوه‌ڕێیانه) ﴿وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ وه به‌هه‌موو ئه‌و شتانه له‌پاشیانه‌وه‌یه (له دونیادا کردوویانه) ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا﴾ به‌ڵام ئه‌وان ده‌رباره‌ی خوا هه‌موو شتێك نازانن ﴿١١١﴾ ﴿وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ﴾ هه‌موو ده‌م و چاوه‌کان (له‌ڕۆژی قیامه‌تدا) مل که‌ج و فه‌رمانبه‌ردارن ﴿لِلْحَىِّ ٱلْقَيُّومِ﴾ بۆ (خوای) هه‌میشه زیندوو و ڕاگری بوونه‌وه‌ره ﴿وَقَدْ خَابَ﴾ بێگومان زه‌ره‌رمه‌ند بووه ﴿مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا﴾ ئه‌وه‌ی که‌باری سته‌می هه‌ڵگرتبێ ﴿١١٢﴾ ﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئه‌وه‌ش کرده‌وه چاکه‌کانی کردبێت ﴿وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾ باوه‌ڕداریش بوو بێت ﴿فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا﴾ ئه‌وه نه‌له سته‌م ده‌ترسێ (لێی بکرێ) ﴿وَلَا هَضْمًا﴾ نه‌له که‌م کردنه‌وه‌ی پاداشتی (ده‌ترسێ) ﴿١١٣﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ﴾ ئابه‌و جۆره ﴿أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا﴾ قورئانێکی عه‌ره‌بیمان دابه‌زاندووه ﴿وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ﴾ به چه‌ند جۆر و شێواز هه‌ڕه‌شه‌مان له‌ودا باسکردووه ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی له خوا بترسن و خۆیان بپارێزن (له تاوان) ﴿أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا﴾ یان ببێت به‌هۆی بیدارکردنه‌وه‌یان له‌غه‌فڵه‌ت وبێ ئاگایی (به‌هۆی قورئانه‌وه) ﴿١١٤﴾

﴿فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ﴾ ئه‌مجا به‌رزو بلنده ئه‌و خوایه ﴿ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ﴾ که‌ده‌سه‌لآت دارێکی (پادشایه‌کی) حه‌ق و ڕاسته ﴿وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ﴾ به‌له مه‌که له(خوێندنی) قورئاندا ﴿مِن قَبْلِ﴾ له‌پێش ئه‌وه‌ی ﴿أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ﴾ وه‌حی کردنه‌که‌ی بۆت ته‌واو بێت ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا﴾ وه‌بڵێ ئه‌ی په‌روه‌ردگارم زانست و زانیاریم زیاد بکه ﴿١١٤﴾ ﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئێمه پێشتر په‌یمان و به‌ڵێنمان له‌ئاده‌م وه‌رگرت (له‌ده‌رخستی قه‌ده‌غه‌کراو نه‌خوات) ﴿فَنَسِىَ﴾ به‌ڵام کاری پێ نه‌کرد (له‌بیری چوو) ﴿وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا﴾ وه ئێمه له‌ودا لێبڕانمان نه‌دی (که بیه‌وێت پێ فه‌رمانی خودا بکات) ﴿١١٥﴾ ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ (باسی) ئه‌و کاته بکه به‌فریشته‌کانمان ووت: ﴿ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ﴾ سوژده به‌رن بۆ ئاده‌م ﴿فَسَجَدُوٓا۟﴾ ئه‌وانیش هه‌موو سوژده‌یان برد ﴿إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ﴾ جگه له‌شه‌یتان که‌سه‌رپێچی کرد(و سوژده‌ی نه‌برد) ﴿١١٦﴾ ﴿فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ﴾ ئه‌مجا ووتمان ئه‌ی ئاده‌م ﴿إِنَّ هَٰذَا﴾ به‌ڕاستی ئه‌م (ئیبلیسه) ﴿عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ﴾ دوژمنی تۆو هاوسه‌ره‌که‌ته ﴿فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ﴾ که‌واته (ئاگادارین) له به‌هه‌شت ده‌رتان نه‌کات ﴿فَتَشْقَىٰٓ﴾ چونکه دوو چاری ناخۆشی و زه‌حمه‌ت ده‌بیت ﴿١١٧﴾ ﴿إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا﴾ بێگومان تۆ له‌و(به‌هه‌شته)دا برسیت نابێ ﴿وَلَا تَعْرَىٰ﴾ وڕووت و قوت نابی ﴿١١٨﴾ ﴿وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا﴾ وبێگومان له‌وێدا تینووت نابێت ﴿وَلَا تَضْحَىٰ﴾ وه هه‌تاوی (خۆر) لێت نادات (ئازارت پێ ناگه‌یه‌نێ) ﴿١١٩﴾ ﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ ئه‌مجا شه‌یتان نیازی خراپی خسته دڵیه‌وه ﴿قَالَ﴾ ووتی ﴿يَٰٓـَٔادَمُ﴾ ئه‌ی ئاده‌م ﴿هَلْ أَدُلُّكَ﴾ ئایا نیشانت بده‌م ﴿عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ﴾ ده‌رخستی نه‌مری (هه‌ر که‌س لێ ی بخوات هه‌رگیز نامرێ) ﴿وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ﴾ و مووڵك و ده‌سه‌ڵاتێ هه‌ر دوایی نه‌یه‌ت ﴿١٢٠﴾ ﴿فَأَكَلَا مِنْهَا﴾ ئه‌مجا هه‌ردووکیان له‌و (به‌روبوومی ده‌رخته) یان خوارد ﴿فَبَدَتْ﴾ به‌و هۆیه‌وه (جل وبه‌رگیان دامالدراو) ده‌رکه‌وت ﴿لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا﴾ عه‌یب و عه‌وره‌تیان ﴿وَطَفِقَا﴾ وه‌ده‌ستیان کرد ﴿يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ﴾ به داپۆشینی له‌شیان به گه‌ڵای (ده‌رخته‌کانی) به‌هه‌شت ﴿وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ﴾ وه‌ئاده‌م سه‌رپێچی فه‌رمانی په‌روه‌ردگاری کرد ﴿فَغَوَىٰ﴾ ئیتر له‌ڕێگای ڕاست لای دا ﴿١٢١﴾ ﴿ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ﴾ پاشان په‌روه‌ردگاری هه‌ڵیبژارد (بۆ پێغه‌مبه‌رێتی) ﴿فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ﴾ وته‌وبه‌ی لێ قبوڵ کردو ڕێنموونی کرد ﴿١٢٢﴾ ﴿قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا﴾ (خوا) فه‌رمووی هه‌ردووکتان برۆنه خواره‌وه له‌وێ (له‌به‌هه‌شت) ﴿جَمِيعًۢا﴾ به‌یه‌که‌وه ﴿بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ (نه‌وه‌کانتان) دەبنه دوژمنی یه‌کتری ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى﴾ جا ئه‌گه‌ر (به‌پێغه‌مبه‌رانداا) پەیامتان بۆ هات له‌لایه‌ن منه‌وه ﴿فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ﴾ ئه‌وسا ئه‌وه‌ی شوێنی ڕێنموونی من بکه‌وێ ﴿فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ﴾ ئه‌وه (له‌دونیادا) گومڕا نابێ و (له‌ڕۆژی دوایشدا) تووشی ناخۆشی و زه‌حمه‌ت نابێ ﴿١٢٣﴾ ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ﴾ وه هه‌رکه‌سێ ڕوو وه‌رگێڕێ ﴿عَن ذِكْرِى﴾ له‌ڕێنیازو یادی من ﴿فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا﴾ ئه‌وه بێگومان ئه‌و که‌سه گوزه‌رانێکی سه‌خت و ته‌نگی ده‌بێت (له‌گۆڕدا) ﴿وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ و له‌ڕۆژی دوایشدا حه‌شری ده‌که‌ین ﴿أَعْمَىٰ﴾ به‌کوێری ﴿١٢٤﴾ ﴿قَالَ رَبِّ﴾ ده‌ڵێ ئه‌ی په‌روه‌ردگارم ﴿لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ﴾ بۆچی به کوێری حه‌شرت کردم ﴿وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا﴾ خۆ من (له دونیادا) چاو ساغ و بینا بووم ﴿١٢٥﴾

﴿قَالَ كَذَٰلِكَ﴾ (خوا) ده‌فه‌رموێ هه‌ر به‌و شێوه‌ی ﴿أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا﴾ ئایه‌ته‌کانی ئێمه‌ت بۆ هات و له‌بیری خۆت بردەوه (و کوێر بوویت له‌ناستیدا) ﴿وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ﴾ به‌هه‌مان شێوه ئۆش ئه‌مڕۆ گوێت پێ نادرێت و له‌بیر ده‌کرێیت ﴿١٢٦﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ﴾ وه‌هه‌ر به‌و جۆره تۆڵه ده‌ستێنین له‌وه‌ی زیاده‌ڕۆی کردبێت ﴿وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ﴾ و باوه‌ڕی نه‌هێنابێ به‌ئایه‌ته‌کانی پەروردگاری ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ وه سزای ڕۆژی دوایی ﴿أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ﴾ به‌تین تر و به‌رده‌وام تره (له‌سزای دونیا) ﴿١٢٧﴾ ﴿أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ﴾ ده‌ی ئایا (خوا) بۆی ڕوون نه‌کردوونه‌ته‌وه ﴿كَمْ أَهْلَكْنَا﴾ چه‌ندمان له‌ناو برد ﴿قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ﴾ له‌گه‌ل و نه‌وه‌ی چه‌رخه‌کانی پێش ئه‌مان ﴿يَمْشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمْ﴾ که (ئه‌م بێ باوه‌ڕانه) ده‌گه‌ڕێن و هات و چۆ ده‌که‌ن به‌جێ و شوێنه‌کانیاندا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ به‌ڕاستی له‌وه‌دا (که‌باسکرا) ﴿لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ﴾ چه‌ند به‌ڵگه و نیشانه‌ی هه‌یه بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ژیرن ﴿١٢٨﴾ ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ﴾ ئه‌گه‌ر له‌به‌ر به‌ڵێن و بڕیارێك ﴿سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ﴾ له‌په‌روه‌ردگارته‌وه پێشتر دراوه (بۆ له‌ناوبردنیان) ﴿لَكَانَ لِزَامًا﴾ بێگومان (له‌ناو بردنی بێ باوه‌ڕان) پێویست ده‌بوو ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى﴾ ئه‌گه‌ر ماوه‌ی دیاری کراویش نه‌بوایه (که‌قیامه‌ته) ﴿١٢٩﴾ ﴿فَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾ که‌واته (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) ئارام بگره له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌وانه ده‌یڵێن ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ﴾ به‌حه‌مد و سوپاس وستایشی په‌روه‌ردگارت ته‌سبیحاتی خودا بکه ﴿قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ﴾ له‌پێش هه‌ڵاتنی خۆر ﴿وَقَبْلَ غُرُوبِهَا﴾ و له‌پێش ئاوا بوونیدا ﴿وَمِنْ ءَانَآئِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ﴾ و له‌هه‌ندێ کات و ساته‌کانی شه‌ودا خوا بپه‌رسته و نوێژ بکه ﴿وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ﴾ وه‌له سه‌ره‌تاو کۆتایی ڕۆژدا ﴿لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی (پاداشتێ بدرێیته‌وه) که‌پێی ڕازی بیت ﴿١٣٠﴾ ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ﴾ تۆ چاوه‌کانت مه‌بڕه ﴿إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ﴾ ئه‌و نازو نیعمه‌تانه‌ی داومانه ﴿أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ﴾ به‌تاقم و ده‌سته‌یه‌ك له‌وان (له‌بێباوه‌ڕان) ﴿زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ (چونکه ئه‌وه) زینه‌ت و جوانی ئه‌م ژیانی دونیایه ﴿لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ﴾ بۆ ئه‌وه‌یه تاقیبان بکه‌ینه‌وه تیایدا ﴿وَرِزْقُ رَبِّكَ﴾ دڵنیابه ڕزق و ڕۆزی په‌روه‌ردگارت (له‌دوا ڕۆژدا) ﴿خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ﴾ چاکتر و به‌رده‌وامتره ﴿١٣١﴾ ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) فه‌رمان بده به‌ئه‌ندامانی خێزانه‌که‌ت ﴿بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾ به‌نوێژ کردن، وه خۆیشت خۆڕاگرو به‌رده‌وام به له‌سه‌ر به‌جێ هێنانی ﴿لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا﴾ ئێمه داوای ڕۆزیت لێ ناکه‌ین ﴿نَّحْنُ نَرْزُقُكَ﴾ به‌ڵکو ئێمه ڕزق و ڕۆزی تۆ ده‌ده‌ین ﴿وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ﴾ وسه‌ره‌نجامی چاك بۆ پارێزکاران و خوانناسانه ﴿١٣٢﴾ ﴿وَقَالُوا۟﴾ (بێ باوه‌ڕان) ووتیان ﴿لَوْلَا يَأْتِينَا﴾ (ئه‌گه‌ر ڕاسته پێغه‌مبه‌ره) ده‌ی بۆ بۆمان ناهێنێ ﴿بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓ﴾ به‌ڵگه‌و موعجیزه‌یه‌ك له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاریه‌وه ﴿أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ﴾ ئایا ئه‌وان به‌ڵگه‌ی ئاشکرایان بۆ نه‌هاتووه ﴿مَا فِي ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ﴾ که له‌پەراوه پێشووه‌کاندا هه‌بوو (وه‌ك ته‌ورات و ئینجیل) ﴿١٣٣﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم﴾ ئه‌گه‌ر ئێمه ئه‌وانمان له‌ناو ببردایه ﴿بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ﴾ به‌سزایه‌ك پێش (ناردنی پێغه‌مبه‌ر ﷺ) ﴿لَقَالُوا۟ رَبَّنَا﴾ بێگومان (له‌دوا ڕۆژدا) ده‌یان ووت ئه‌ی په‌روه‌ردگارمان ﴿لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا﴾ بۆچی (له‌دونیادا) پێغه‌مبه‌رێکت بۆ نه‌ناردین ﴿فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ﴾ تاشوێنی به‌رنامه‌و ئایه‌ته‌کانی تۆ بکه‌وتبنایه ﴿مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ﴾ پێش ئه‌وه‌ی سه‌رشۆڕ و ڕیسوا ببین ﴿١٣٤﴾ ﴿قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ﴾ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) بڵێ: هه‌موو چاوه‌ڕوانین (چ لایه‌کمان سه‌رده‌که‌وین) ﴿فَتَرَبَّصُوا۟﴾ ده ئێوه‌ش چاوه‌ڕوان بن ﴿فَسَتَعْلَمُونَ﴾ ئه‌وسا له ئایندەدا ده‌زانن ﴿مَنْ أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِىِّ﴾ ج که‌سێك خاوه‌نی ڕێگای ڕاسته ﴿وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ﴾ وه ج که‌سێك هیدایه‌تی خوای وه‌رگرتووه ﴿١٣٥﴾

سورەتی ﴿ الأنبياء ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهربان

﴿اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ﴾ لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە ﴿وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ﴾ بەڵام ئەوان لە بێ ئاگایی و غەفڵەتدا ﴿مُعْرِضُونَ﴾ پشت تێکەر و ڕوو وەرگێڕن (لە ئایینی خوا) ① ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ﴾ هەر پەیامێکی تازەیان لە پەروەردگاریانەوە بۆ بێت (کە قورئانە) ﴿إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾ ئەوان دەیبیستن و گاڵتەی پێ دەکەن ② ﴿لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ﴾ دڵەکانیان بێ ئاگایە ﴿وَأَسَرُّوا النَّجْوَى﴾ زۆر بە نهێنی چپەیان دەکرد ﴿الَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ ئەوانەی کە ستەمیان کرد ﴿هَلْ هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ (دەڵێن) ئایا ئەم (پێغەمبەر)ەش هەربەشەرێك نییە وەك ئێوە ﴿أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ﴾ دەی ئایا ئێوە دەڕۆن بە دوای جادوودا ﴿وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ﴾ لە کاتێکدا ئێوە دەبینن (دەزانن ئەوەی موحەممەد ﷺ دەیڵێ سیحرە) ③ ﴿قَالَ﴾ (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی ﴿رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ﴾ پەروەردگارم بە هەموو قسەیەك (چرپە یەك) دەزانێت ﴿فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ لە ئاسمان بێت یا لە زەوی ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ ئەو زاتە بیسەری زانایە ④ ﴿بَلْ قَالُوا﴾ ئەوانە ووتیان: نەخێر (ئەوەی موحەممەد هێناویەتی نیگانییە) بەڵکو ﴿أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ﴾ چەند خەو بینینێکی تێکەڵ و پێکەڵی (موحەممەدە خۆیەتی) ﴿بَلِ افْتَرَاهُ﴾ نا بەڵکو موحەممەد خۆی ئەم (قورئانە)ی هەڵبەستووە ﴿بَلْ هُوَ شَاعِرٌ﴾ نابەڵکو ئەو (موحەممەدە) شاعیرە ﴿فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ﴾ دەبانیشانە وموعجیزەیەکمان بۆ بێنێ ﴿كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ﴾ وەك (ئەو موعجیزانەی) پێغەمبەرانی پێشووی پێ نێردرابوون ⑤ ﴿مَا آمَنَتْ﴾ بڕوایان نەهێنا ﴿قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا﴾ (خەڵکی) هیچ شار و گوندێك پێش ئەمان کەلەناومان بردوون ﴿أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ﴾ دەی ئایا ئەمان باوەڕ دێنن؟ ⑥ ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا﴾ نەمان ناردووە ﴿قَبْلَكَ﴾ پێش تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿إِلَّا رِجَالًا﴾ جگە لە پیاوانێك ﴿نُّوحِي إِلَيْهِمْ﴾ کە نیگا و سرووشمان بۆ کردوون ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ﴾ دەی پرسیار بکە لە خاوەنی کتێبەکانی (پێشوو لە زانایانی گاوور و جوولەکە) ﴿إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە نازانن ⑦ ﴿وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا﴾ ئێمە ئەو پێغەمبەرانەمان نەکردۆتە پەیکەرێك ﴿لَّا يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ﴾ کە خواردن نەخۆن ﴿وَمَا كَانُوا خَالِدِينَ﴾ وە ئەوان هەمیشەیی و نەمر نەبوون ⑧ ﴿ثُمَّ صَدَقْنَاهُمُ الْوَعْدَ﴾ پاشان بەڵێنێك کە پێمان دابوون بەجێمان هێنا ﴿فَأَنجَيْنَاهُمْ وَمَن نَّشَاءُ﴾ جا ئەوانە و هەرکەسێکمان دەویست (لە باوەڕداران) ڕزگارمان کردن ﴿وَأَهْلَكْنَا الْمُسْرِفِينَ﴾ وە زیادەڕۆیانمان لەناوبرد ⑨ ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَا﴾ سوێند بەخوا ناردومانەتە خوارەوە ﴿إِلَيْكُمْ كِتَابًا﴾ کتێبێك بۆ ئێوە ﴿فِيهِ ذِكْرُكُمْ﴾ کە سەربەرزی و ناوبانگی ئێوەی تێدایە ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا بۆ بیر ناکەنەوە ⑩

﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ﴾ چەندەها شارو گوندمان تێك شكاند (ولەناومان بردن) ﴿كَانَتْ ظَالِمَةً﴾ كە(خەلكەكەی) ستەمكار بوون ﴿وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ﴾ وەباش ئەوان گەل و تاقمی ترمان (لەجێیان) بەدی هێنا ﴿١١﴾ ﴿فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا﴾ جا كاتێك (بێ باوەڕان) هەستیان كرد بەسزاو تۆڵەی ئێمە ﴿إِذَا هُم﴾ دەست بەجێ ئەوان ﴿مِّنْهَا يَرْكُضُونَ﴾ لەو شارانە بەخێرایی ڕایان دەكرد ﴿١٢﴾ ﴿لَا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا﴾ (فریشتەكان بەگاڵتەوە پێیان دەڵێن) ڕامەكەن وبگەڕێنەوە ﴿إِلَىٰ مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ﴾ بۆ لای ئەو نازو نیعمەتانەی كە ڕۆچوو بوون تێیدا ﴿وَمَسَاكِنِكُمْ﴾ وە(بگەڕێنەوە) بۆ سەر خانوو ماڵەكانتان ﴿لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ﴾ بەڵكو پرسیارتان لێ بكرێت(لەوەی بەسەرتان هاتووە) ﴿١٣﴾ ﴿قَالُوا يَا وَيْلَنَا﴾ (لەگەڵ هەڵهاتندا) دەیان ووت: هاوار بۆ ئێمە ﴿إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ﴾ بێگومان ئێمە ستەمكار بووین ﴿١٤﴾ ﴿فَمَا زَالَت﴾ ئێستر بەردەوام ﴿تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ﴾ ئەمە هاواریان بوو (هاوار بۆ ئێمە) ﴿حَتَّىٰ جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ﴾ هەتا هەموویانمان دروێنە و خامۆش كرد (ولەناومان بردن) ﴿١٥﴾ ﴿وَمَا خَلَقْنَا﴾ ئێمە دروستمان نەكردووە ﴿السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ﴾ ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە بەگاڵتەو بەیێ هودە ﴿١٦﴾ ﴿لَوْ أَرَدْنَا﴾ ئەگەر بمان وویستایە ﴿أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا﴾ سەرقاڵی بۆ خۆمان هەڵبژێرین (وەك هاوسەرو منداڵ) ﴿لَّاتَّخَذْنَاهُ مِن لَّدُنَّا إِن كُنَّا فَاعِلِينَ﴾ لەلایەن خۆمانەوە هەڵمان دەبژارد ﴿١٧﴾ ﴿بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ﴾ (واز لەوە بێنە) بەڵكو حەق دەدەین بەسەر بەتاڵ و ناحەقدا ﴿فَيَدْمَغُهُ﴾ بەهۆیەوە (بەتاڵ) مێشكی دەپژێ و تێكدەشكێ ﴿فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ﴾ ئەمجا دەست بەجێ بەتاڵ دەفەوتێ و لەناو دەچێت ﴿وَلَكُمُ الْوَيْلُ﴾ هاوار (وسزای بەتین) بۆ ئێوە ﴿مِمَّا تَصِفُونَ﴾ لەبەر ئەوەی كە دەیڵێن و بڕیاری دەدەن بۆ خوا (لەهاوسەرو منداڵ) ﴿١٨﴾ ﴿وَلَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ تەنها بۆ خوایە ئەوەی لەئاسمانەكان وزەویدایە ﴿وَمَنْ عِندَهُ﴾ وە ئەو (فریشتانە) ی كە لای خوان ﴿لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ﴾ هەرگیز لەپەرستنی ئەو خۆیان بەزل نازانن ﴿وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ﴾ هەرگیزیش ماندوو نابن ﴿١٩﴾ ﴿يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾ شەوو ڕۆژ تەسبیحات و ستایشی (خودا دەكەن) ﴿لَا يَفْتُرُونَ﴾ ماندووونابن و سارد نابنەوە ﴿٢٠﴾ ﴿أَمِ اتَّخَذُوا﴾ ئایا ئەوانە هەڵیان بژاردووە (وبڕیاریان داوە) ﴿آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ﴾ چەند پەرستراو و (خوایەك) لەزەوی دا (بۆ خۆیان) ﴿هُمْ يُنشِرُونَ﴾ (كە دەسەڵاتی ئەوەیان نیە مردوو زیندوو بكەنەوە) وخۆیان كۆدەكرێنەوە وزیندوو دەكرێنەوە ﴿٢١﴾ ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ﴾ ئەگەر لەهەردووكیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەند پەرستراوێك هەبوایە ﴿إِلَّا اللَّهُ﴾ جگە لەخوا ﴿لَفَسَدَتَا﴾ بێگومان (ئاسمان و زەوی) هەر دوو كاول وێران دەبوون ﴿فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ﴾ دەی پاك و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگاری عەرش ﴿عَمَّا يَصِفُونَ﴾ لەوەی بێ باوەڕان ڕەوای دەدەن (بۆ خوا) ﴿٢٢﴾ ﴿لَا يُسْأَلُ﴾ (خوا) پرسیاری لێ ناكرێت (ڕەخنەی لێ ناگیرێت) ﴿عَمَّا يَفْعَلُ﴾ لەهەر كارێك كەدەیكات ﴿وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ بەڵكو ئەوان (نادەمیزاد) پرسیاریان لێ دەكرێت ﴿٢٣﴾ ﴿أَمِ اتَّخَذُوا﴾ ئایا ئەوانە هەڵیان بژاردووە (وبڕیاریان داوە) ﴿مِن دُونِهِ آلِهَةً﴾ چەند پەرستراوێك جگە لەخوا ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ﴾ (بێنیان) بڵێ بەڵگەتان بێنن (لەسەر ئەوەی بڕیارتان داوە) ﴿هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ﴾ ئەمە قسەی ئەم قورئانەیە(خوا ناردویەتی) بۆ من ﴿وَذِكْرُ مَن قَبْلِي﴾ وەقسەی ئەو (پەیام وپەڕاوانەشە) لەپێش منەوە هاتوون(وەك تەورات و ئینجیل لەهیچیاندا بوونی چەند پەرستراوێك بڕیار نەدراوە) ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ﴾ بەڵام زۆربەی زۆریان ﴿لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ﴾ حەق و ڕاستی نازانن ﴿فَهُم مُّعْرِضُونَ﴾ لەبەر ئەوە پشتی تێدەكەن و ڕووی لێ وەردەگێڕن ﴿٢٤﴾

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا﴾ وەئیمە نەمان ناردووە ﴿مِن قَبۡلِكَ﴾ پێش تۆ ﴿مِن رَّسُولٍ﴾ هیچ پێغەمبەرێك ﴿إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ﴾ مەگەر نیگامان بۆ ناردووە ﴿أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾ (بەوەی کە) بێگومان جگە لەمن هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە ﴿فَٱعۡبُدُونِ﴾ کەواتە تەنها من بپەرستن ﴿٢٥﴾ ﴿وَقَالُواْ﴾ (وەبێ باوەڕان) ووتیان ﴿ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا﴾ خوای میهرەبان منداڵی بۆ خۆی بڕیارداوە (کە فریشتەکانن) ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ﴾ پاك و بێگەردە خوا (لەم شتانە) ﴿بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ﴾ بەڵکو ئەوانە (ئەوفریشتانە) بەندەی ڕێز گیراو (ی خوا) ن ﴿٢٦﴾ ﴿لَا يَسۡبِقُونَهُۥ﴾ لە خوا پێش ناکەون ﴿بِٱلۡقَوۡلِ﴾ بەقسەو ووتەیان ﴿وَهُم بِأَمۡرِهِۦ﴾ وەئەوان بەفەرمانی خوا ﴿يَعۡمَلُونَ﴾ کار دەکەن ﴿٢٧﴾ ﴿يَعۡلَمُ﴾ (خوا) دەزانێت وئاگادارە ﴿مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ﴾ بە ئەوەی لەدونیا لەبەر دەستیاندایە ﴿وَمَا خَلۡفَهُمۡ﴾ وە بە ئەوەی لەڕۆژی دواییدا بۆیان ئامادەکراوە ﴿وَلَا يَشۡفَعُونَ﴾ وە (فریشتەکان) تکا ناکەن ﴿إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ﴾ تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت (خوا) ڕازی بێت (تکای بۆ بکرێت) ﴿وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ﴾ وە ئەوان (فریشتەکان) لەترس وهەیبەتی خوا ﴿مُّشۡفِقُونَ﴾ زۆر دەترسن ﴿٢٨﴾ ﴿وَمَن يَقُلۡ مِنۡهُمۡ﴾ وە هەرکام لەوانە (لەو فریشتانە) بڵێ ﴿إِنِّيٓ إِلَٰهٞ مِّن دُونِهِۦ﴾ بێگومان منیش پەرستراوم جگە لەخوا ﴿فَذَٰلِكَ نَجۡزِيهِ جَهَنَّمَۚ﴾ ئەو بە(ئاگری) دۆزەخ تۆڵەی لێ دەسەنین ﴿كَذَٰلِكَ﴾ هەربەوجۆرە ﴿نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە(تۆڵەیان لێ دەکەینەوە) ﴿٢٩﴾ ﴿أَوَلَمۡ يَرَ﴾ ئایا نەیان دی (نەیان زانیوە) ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾ ئەوانە بێ بڕوا بوون ﴿أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾ کەئاسمانەکان و زەوی ﴿كَانَتَا رَتۡقٗا﴾ هەردووکیان پێکەوە لکابوون (وەك پارچە بوون) ﴿فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ﴾ ئەمجا لەیەکترمان جیاکردنەوە ﴿وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ﴾ وە فەراهەممان هێنا لەئاو ودروستمان کردووە ﴿كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۖ﴾ هەموو شتێکی زیندوو ﴿أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ﴾ دەی ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن؟ ﴿٣٠﴾ ﴿وَجَعَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ وەدروستمان کردووە (ودامان ناوە) لەزەویدا ﴿رَوَٰسِيَ﴾ چەند شاخی دامەزراو ﴿أَن تَمِيدَ بِهِمۡ﴾ بۆ ئەوە جوواڵە جوڵ نەکات بەوانەی(بەسەر پشتیەوەن) ﴿وَجَعَلۡنَا فِيهَا﴾ وە سازاندومانە لە زەوی (بان لە شاخەکان) دا ﴿فِجَاجٗا سُبُلٗا﴾ دۆڵ و ڕێگاوبانی زۆر ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَهۡتَدُونَ﴾ تا ئەوان شارەزا بن و پێویستی خۆیان دابین بکەن ﴿٣١﴾ ﴿وَجَعَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ﴾ وە ئاسمانمان کردووە ﴿سَقۡفَۢا مَّحۡفُوظٗاۖ﴾ بەسەقفێکی (سەربڕی) پارێزراو ﴿وَهُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهَا﴾ بەڵام ئەوانە سەبارەت بە ئایەتەکانی ئاسمان ﴿مُعۡرِضُونَ﴾ پشت تێکەرو ڕوو وەرگێڕ بوون ﴿٣٢﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي﴾ وە هەر ئەو (خوا) یە ﴿خَلَقَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ کە شەو و ڕۆژی دروست کردووە ﴿وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ﴾ وە خۆر و مانگیش(ی دروست کردووە) ﴿كُلّٞ﴾ هەرێەك لەوان ﴿فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ﴾ لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە ﴿٣٣﴾ ﴿وَمَا جَعَلۡنَا﴾ بڕیارمان نەداوە ﴿لِبَشَرٖ مِّن قَبۡلِكَ﴾ بۆ هیچ کەسێك لەپێش تۆوە ﴿ٱلۡخُلۡدَۖ﴾ مانەوەی هەمیشەیی (نەمری) ﴿أَفَإِين مِّتَّ﴾ ئەمجا ئەگەر تۆ بمری ﴿فَهُمُ ٱلۡخَٰلِدُونَ﴾ (دوا مردنی تۆ) ئایا ئەوان ژیانیان بەردەوام دەبێ و نامرن؟ (نەخێر) ﴿٣٤﴾ ﴿كُلُّ نَفۡسٖ﴾ هەموو کەسێك ﴿ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ﴾ مردن دەچێژێت (وەدەمرێت) ﴿وَنَبۡلُوكُم﴾ وە ئێمە تاقیتان دەکەینەوە ﴿بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ﴾ بەخراپە وناخۆشی وە بە چاکە و خۆشی ﴿فِتۡنَةٗۖ﴾ تادەرکەوێت (چاك و خراپ) ﴿وَإِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ﴾ وەهەر بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە ﴿٣٥﴾

﴿وَإِذَا رَءَاكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) کاتێ تۆ دەبینن ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ ئەوانەی کە بێ باوەڕن ﴿إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا﴾ جگە لە گاڵتەو لاقرتی کردن بە تۆ هیچی تر ناکەن ﴿أَهَٰذَا ٱلَّذِى﴾ (بەسەرسامیەکەوە دەڵێن) ئا ئەمە ئەو کەسەیە ﴿يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ﴾ (بەخراپی) باسی بتەکانتان دەکات ﴿وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ﴾ لەکاتێکدا خۆیان بەباسکردنی (قورئان) وزیکری خوای میهرەبان ﴿هُمْ كَٰفِرُونَ﴾ بێ بڕوان ﴿٣٦﴾ ﴿خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ﴾ (سرووشتی) ئینسان وایە لەسەر پەلەکردن بەدی هێنراوە ﴿سَأُورِيكُمْ ءَايَٰتِى﴾ بەزوویی تۆڵەی خۆمتان نیشان دەدەم ﴿فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ﴾ کەواتە پەلە مەکەن ﴿٣٧﴾ ﴿وَيَقُولُونَ﴾ وە (بت پەرستان بە گاڵتەوە) دەڵێن ﴿مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ﴾ ئەم بەڵێنی (تۆڵەیە) کەی دێت ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن ﴿٣٨﴾ ﴿لَوْ يَعْلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەگەر ئەوانەی کە کافرن بیانزانیایە (چ سزایەکی سەخت لەبەر دەمیاندایە) ﴿حِينَ لَا يَكُفُّونَ﴾ کاتێ ناتوانن دووری بخەنەوە ﴿عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ﴾ بڵێسەی ئاگر لەدەم وچاو و پشتیان ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وەئەوان یارمەتی نادرێن ﴿٣٩﴾ ﴿بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً﴾ بەڵکو لەناکاودا تووشیان دێت ﴿فَتَبْهَتُهُمْ﴾ وسەرسامیان دەکات (بەشێوەیەك) ﴿فَلَا يَسْتَطِيعُونَ﴾ نەدەتوانن ﴿رَدَّهَا﴾ بیگێڕنەوە (بەرگری بکەن) ﴿وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ وەنەمۆڵەتیشیان دەدرێت (تەوبە بکەن) ﴿٤٠﴾ ﴿وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان گاڵتەو لاقرتی کراوە ﴿بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ بەپێغەمبەرانی پێش تۆش ﴿فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ﴾ ئەمجا دەوری ئەوانەی دا ﴿سَخِرُوا۟ مِنْهُم﴾ لەوان کە گاڵتەیان دەکرد (بەپێغەمبەران) ﴿مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ ئەو سزایەی ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد ﴿٤١﴾ ﴿قُلْ﴾ بڵێ (بە گاڵتە کەران) ﴿مَن يَكْلَؤُكُم﴾ کێ (دەتوانێت) ئێوە بپارێزێت ﴿بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ بەشەوو بەڕۆژ ﴿مِنَ ٱلرَّحْمَٰنِ﴾ لە (سزای) خوای میهرەبان ﴿بَلْ هُمْ﴾ بەڵکو ئەوانە ﴿عَن ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ﴾ بەردەوام پشت هەڵدەکەن لەیاد وزیکری پەروەردگاریان ﴿٤٢﴾ ﴿أَمْ لَهُمْ ءَالِهَةٌ﴾ ئاخۆ (ئەو بێ باوەڕانە) چەند پەرستراوێکیان هەیە ﴿تَمْنَعُهُم مِّن دُونِنَا﴾ جگەلەئێمە ڕێگری (سزا)یان لێ بکات ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ﴾ (ئەوپەرستراوانە) ناتوانن ﴿نَصْرَ أَنفُسِهِمْ﴾ یارمەتی خۆیان بدەن ﴿وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ﴾ وە لەلایەن ئێمەشەوە پەنا نادرێن ﴿٤٣﴾ ﴿بَلْ مَتَّعْنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ﴾ بەڵکو ئێمە ئەوان و باو و باپیرانیانمان ژیاندووە بە خۆشی (ناز و نیعمەتی دونیامان پێدابوون) ﴿حَتَّىٰ طَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ﴾ تاتەمەنی زۆریان بەسەر برد ﴿أَفَلَا يَرَوْنَ﴾ دەی ئایا ئەوانە (قوڕەیشیەکان) سەرنج نادەن ﴿أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ﴾ کە بێگومان ئێمە (وردە وردە) دێینە خاك و ولاتی (ئەوان) ﴿نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ﴾ لە هەموو لایەکی یەوە کەمی دەکەینەوە (بەڕزگار کردن لەلایەن موسڵمانانەوە) ﴿أَفَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ﴾ دەی ئایا ئەوان زاڵ و سەرکەوتوون (یانێمە)؟ ﴿٤٤﴾

﴿قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: بێگومان من تەنها ئێوە بێدار دەکەمەوە (دەتان ترسێنم) ﴿بِٱلْوَحْىِ﴾ بەنیگا و وەحی ﴿وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ﴾ وە کەڕەکان بانگەوازی (حەق) نابیستن ﴿إِذَا مَا يُنذَرُونَ﴾ کاتێك کە دەترسێنرێن ﴿٤٥﴾ ﴿وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر دوو چاریان ببێت ﴿نَفْحَةٌ﴾ کەمێك ﴿مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ﴾ لە سزای پەروەردگارت ﴿لَيَقُولُنَّ﴾ بێگومان ئەوان دەڵێن ﴿يَٰوَيْلَنَآ﴾ هاوارو تیاچوون بۆ ئێمە ﴿إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە (هەموومان) ستەمکار بووین ﴿٤٦﴾ ﴿وَنَضَعُ﴾ وەئێمە دادەنێین ﴿ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ﴾ تەرازووەکانی دادپەروەری (کەکردەوەی پێ دەکێشرێت) ﴿لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەڕۆژی قیامەتدا ﴿فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا﴾ ئەمجا هیچ کەس کەمترین ستەمی لێ ناکرێت ﴿وَإِن كَانَ مِثْقَالَ﴾ با قورسی (کردەوەکەی) ﴿حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ﴾ بەقەدەر تۆوی خەرتەلەیەکیش بێت ﴿أَتَيْنَا بِهَا﴾ ئێمە دەیهێنین ﴿وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ﴾ وە بەسە کەئێمە ژمێریاری (کردەوەی بەندەکان) بین ﴿٤٧﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی تەورات (کەجیا کەرەوەی حەق و بەتاڵە) بەخشیمانە موسا وهاروون، ﴿وَضِيَآءً وَذِكْرًا﴾ وەڕوون کەرەوە و یاد خەرەوەشە ﴿لِّلْمُتَّقِينَ﴾ بۆ پارێزکاران و لە خواترسان ﴿٤٨﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ﴾ ئەوانەی کەدەترسن ﴿رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ﴾ لە پەروەردگاریان بەنادیاری وپەنهانی ﴿وَهُم﴾ وەئەوان (کەسانێکن) ﴿مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشْفِقُونَ﴾ لە ڕۆژی دوایی زۆر دەترسن ﴿٤٩﴾ ﴿وَهَٰذَا﴾ وەئەم (قورئانە) ﴿ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ﴾ یاد خەرەوەیەکی بەفەڕ وپیرۆزە ﴿أَنزَلْنَٰهُ﴾ ناردومانەتە خوارەوە ﴿أَفَأَنتُمْ﴾ دەی ئایا ئێوە ﴿لَهُۥ مُنكِرُونَ﴾ دانی پێدا نانێن (باوەڕی پێ ناکەن) ﴿٥٠﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بەخشیمان ﴿إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ﴾ بە ئیبراهیم ڕێنموونی وشارەزایی ﴿مِن قَبْلُ﴾ لەپێشدا ﴿وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ﴾ وەئێمە لە (شیاوی) ئەو ئاگادار بووین ﴿٥١﴾ ﴿إِذْ قَالَ﴾ کاتێك ووتی ﴿لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ﴾ بە باوکی وگەلەکەی ﴿مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ﴾ ئا ئەم پەیکەر و بتانە چیین ﴿أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ﴾ کە ئێوە دەیان پەرستن (بەلایانەوە ماونەتەوە)؟ ﴿٥٢﴾ ﴿قَالُوا۟﴾ (گەلەکەی) ووتیان ﴿وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا﴾ باوو باپیرانمان دیوە ﴿لَهَا عَٰبِدِينَ﴾ ئەمانەیان پەرستووە ﴿٥٣﴾ ﴿قَالَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی ﴿لَقَدْ كُنتُمْ﴾ بەڕاستی ئێوە ﴿أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ﴾ خۆتان و باوو باپیرانتان ﴿فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ لە گومڕاییەکی ئاشکرادان ﴿٥٤﴾ ﴿قَالُوٓا۟﴾ (لە وەڵامدا) ووتیان ﴿أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ﴾ ئایا ڕاستی و حەقت بۆ هێناوین ﴿أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ﴾ یا تۆ گاڵتەمان پێ دەکەیت ﴿٥٥﴾ ﴿قَالَ بَل رَّبُّكُمْ﴾ (ئیبراهیم) ووتی (حەقم هێناوە) بەڵکو پەروەردگاری ئێوە ﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ﴾ هەر ئەویش بەدی هێناون ﴿وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم﴾ وە بێگومان من لەسەر ئەوانە (کەباسم کرد) ﴿مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ لە شاهید وبەئاگایانم ﴿٥٦﴾ ﴿وَتَٱللَّهِ﴾ سوێند بە خوا ﴿لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم﴾ پیلان دادەنێم بۆ (لەناو بردنی) بتەکانتان ﴿بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ﴾ دوای ئەوەی پشتان تێکردن (بەجێتان هێشتن) ﴿٥٧﴾

﴿فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا﴾ ئەمجا ئیبراهیم هەموو بتەکانی وورد کرد ﴿إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ﴾ جگە لە بتە زلەکەیان
نەبێت ﴿لَعَلَّهُمْ﴾ بە ئومێدی ئەوەی ﴿إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ﴾ بگەڕێنەوە بۆلای ئەو (بۆ لای ئیبراهیم ئەویش
ڕاستیان پێ بڵێ، بەڵکو باوەڕبێنن) ﴿٥٨﴾ ﴿قَالُوا﴾ (بت پەرستان) ووتیان ﴿مَن فَعَلَ هَٰذَا﴾ کێ ئەمەی کردووە
﴿بِآلِهَتِنَا﴾ بە خواکانمان (بەتەکانمان) ﴿إِنَّهُ﴾ بە ڕاستی ئەو کەسە ﴿لَمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ لەستەمکارانە
(دەبێ سزا بدرێت) ﴿٥٩﴾ ﴿قَالُوا﴾ (چەند کەسێك) ووتیان ﴿سَمِعْنَا فَتًى﴾ گوێمان لە لاوێك بوو
﴿يَذْكُرُهُمْ﴾ باسی ئەوانی (بتەکانی بە خراپە) دەکرد ﴿يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ﴾ پێی دەڵێن ئیبراهیم ﴿٦٠﴾
﴿قَالُوا﴾ (کۆمەڵێ لە گەلەکەی) ووتیان ﴿فَأْتُوا بِهِ﴾ کەوانە بیهێنن ﴿عَلَىٰ أَعْيُنِ النَّاسِ﴾ لە پێش چاوی
خەڵك (بیوەستێنن) ﴿لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ﴾ بەڵکو (ئەوانەی دەیناسنەوە) شایەتی لەسەر بدەن ﴿٦١﴾
﴿قَالُوا﴾ ووتیان ﴿ءَأَنتَ فَعَلْتَ هَٰذَا﴾ ئایا تۆ ئەمەت کردووە ﴿بِآلِهَتِنَا﴾ بە خواکانمان (بەتەکانمان)
﴿يَا إِبْرَاهِيمُ﴾ ئەی ئیبراهیم ﴿٦٢﴾ ﴿قَالَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی ﴿بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا﴾ نەخێر بەڵکو ئەم بتە
گەورەیان ئەوەی کردووە ﴿فَاسْأَلُوهُمْ﴾ دە پرسیار لەوانە (بتە شکاوەکان) بکەن ﴿إِن كَانُوا يَنطِقُونَ﴾
ئەگەر ئەوانە قسە دەکەن ﴿٦٣﴾ ﴿فَرَجَعُوا إِلَىٰ أَنفُسِهِمْ﴾ ئەمجا گەڕانەوە بۆ لای یەکتری (سەریان کرد
بەیەکدا) ﴿فَقَالُوا﴾ جا (لەناو خۆیاندا هەندێکیان) ووتیان ﴿إِنَّكُمْ﴾ بەڕاستی ئێوە ﴿أَنتُمُ الظَّالِمُونَ﴾
هەر خۆتان ستەمکارن ﴿٦٤﴾ ﴿ثُمَّ نُكِسُوا عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ﴾ پاشان سەر بەرەو خوار کرانەوە (گەڕانەوە بۆ سەر
سەختی و نەفامییەکەیان) ﴿لَقَدْ عَلِمْتَ﴾ بەڕاستی تۆ دەتزانی ﴿مَا هَٰؤُلَاءِ يَنطِقُونَ﴾ ئەو بتانە قسە ناکەن
(ئەی ئیبراهیم) ﴿٦٥﴾ ﴿قَالَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی ﴿أَفَتَعْبُدُونَ﴾ دەی ئێوە دەپەرستن؟ ﴿مِن دُونِ اللَّهِ مَا﴾
جگە لەخوا شتانێك ﴿لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا﴾ کە هیچ قازانج و سوودێکتان پێ ناگەیەنن ﴿وَلَا
يَضُرُّكُمْ﴾ وە هیچ زیانێکیشتان لێ نادەن ﴿٦٦﴾ ﴿أُفٍّ لَّكُمْ﴾ تۆف بۆ ئێوە ﴿وَلِمَا تَعْبُدُونَ﴾ بۆ ئەو
بتانەش کە دەیپەرستن ﴿مِن دُونِ اللَّهِ﴾ لە جیاتی خوا ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا ژیر نابن (بیر وهۆشتان
ناخەنە کار) ﴿٦٧﴾ ﴿قَالُوا﴾ (هەندێ لە بت پەرستان) ووتیان ﴿حَرِّقُوهُ﴾ (ئیبراهیم) چاك بسوتێنن
﴿وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ﴾ ویارمەتی خواکانتان (بتەکانتان) بدەن وسەریان بخەن ﴿إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ﴾ ئەگەر ئێوە
ئەو کارە دەکەن ﴿٦٨﴾ ﴿قُلْنَا﴾ (کە ئیبراهیمیان خستە ئاگرەوە) ووتمان ﴿يَا نَارُ﴾ ئەی ئاگر ﴿كُونِي بَرْدًا
وَسَلَامًا﴾ سارد بەرەوەو بێ زیانبە ﴿عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ﴾ لەسەر ئیبراهیم ﴿٦٩﴾ ﴿وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا﴾ ئەوان
ویستیان پیلان بگێڕن لە ئیبراهیم (بە سووتان لەناوی بەرن) ﴿فَجَعَلْنَاهُمُ﴾ بەڵام ئێمە ئەوانمان کردە
﴿الْأَخْسَرِينَ﴾ زەرەرمەندترین (دۆڕاوترین) کەس ﴿٧٠﴾ ﴿وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا﴾ وە ئیبراهیم ولووطمان
ڕزگار کرد ﴿إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي﴾ و (ناردمانن) بۆ ئەو زەویە (بۆ وڵاتی شام) ﴿بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ﴾
کە پیت و فەرمان تێ خستبوو ﴿٧١﴾ ﴿وَوَهَبْنَا لَهُ﴾ وە بەخشیمان بە ئیبراهیم ﴿إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً﴾
ئیسحاق و (بە ئیسحاقیش) یەعقوب، بە زیاد (لە داواکەی ئیبراهیم کە داوای منداڵێکی کرد)
﴿وَكُلًّا جَعَلْنَا﴾ وە هەموویانمان کرد ﴿صَالِحِينَ﴾ بە پیاوی چاك ﴿٧٢﴾

﴿وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً﴾ وە ئەوانمان کرد بە پێشەوا ﴿يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا﴾ بە فەرمانی ئێمە رێنموونی (خەڵکیان) دەکرد ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ﴾ وە نیگامان کرد بۆیان ﴿فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ بە ئەنجامدانی کاری چاك ﴿وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ﴾ وە بە نوێژ کردن ﴿وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ﴾ و زەکات دان ﴿وَكَانُوا۟ لَنَا﴾ وە ئەوان هەر بۆ ئێمە ﴿عَٰبِدِينَ﴾ عیبادەتیان دەکرد ﴿٧٣﴾ ﴿وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا﴾ بەخشیمان بە لووط پێغەمبەرێتی و زانیاری ﴿وَنَجَّيْنَٰهُ﴾ وە ڕزگارمان کرد ﴿مِنَ ٱلْقَرْيَةِ﴾ لە(دەست خەڵکی) ئەو شارەی (سەدوم) ﴿ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ﴾ کە (خەڵکەکەی) کردەوەی پیس و دزێویان دەکرد (نێربازییان دەکرد) ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟﴾ بەڕاستی ئەوانە ﴿قَوْمَ سَوْءٍ فَٰسِقِينَ﴾ گەلێکی خراپی لە فەرمان دەرچوو بوون ﴿٧٤﴾ ﴿وَأَدْخَلْنَٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ﴾ وە لووطمان خستەناوڕەحمەت و میهرەبانی خۆمانەوە ﴿إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ بەڕاستی لووط لە چاکەکاران بوو ﴿٧٥﴾ ﴿وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ﴾ وەپێشتر نووح پێغەمبەر ﷺ هاواری (لە ئێمە) کرد ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ﴾ ئەمجا ئێمەش وەڵامدانایەوە وبەدەنگیەوە هاتین ﴿فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ﴾ خۆی و (ئیماندارانی) خێزانەکەیمان ڕزگار کرد ﴿مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ﴾ لە تەنگانە زۆر گەورەکە (لە لافاو و خنکان) ﴿٧٦﴾ ﴿وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ﴾ وە یارمەتیمان دا لە دژی ئەو گەلەی ﴿كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ کە بەڵگەو ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دەزانی ﴿إِنَّهُمْ﴾ بەڕاستی ئەوانە ﴿كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ﴾ گەلێك بوون ڕۆچوون لە خراپەدا ﴿فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ لەبەر ئەوە هەموویانمان خنکان (لە تۆفانەکەدا) ﴿٧٧﴾ ﴿وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ﴾ (باسی) داوودو سولەیمان بکە ﴿إِذْ يَحْكُمَانِ﴾ کاتێ بڕیاریان دەردەکرد ﴿فِى ٱلْحَرْثِ﴾ دەربارەی ئەو کشتوکاڵەی ﴿إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ﴾ کە بەشەو ئاژەڵی کەسانێك تێیدا لەوەڕابوون (زیانیان لێ دابوو) ﴿وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ﴾ وە ئێمە بۆ دادوەری بڕیارەکەیان ﴿شَٰهِدِينَ﴾ ئامادە (ئاگادار) بووین ﴿٧٨﴾ ﴿فَفَهَّمْنَٰهَا سُلَيْمَٰنَ﴾ ئەوسا ئێمە ئەوەمان فێری سولەیمان کرد (سولەیمان ووتی: ئاژەڵە زیان خۆرەکە بدرێتە دەست خاوەن کشتوکاڵەکە، کەڵك لەشیر وبەرهەمیان وەربگرێت، وە کشتوکاڵەکەش بدرێتە دەست خاوەن ئاژەڵەکە بەروبوومەکەی بخۆن و خزمەتی بکەن تا وەك پێش زیان لێکەوتنەکەی لێ دێتەوە، پاشان هەریەك لەئاژەڵ وکشتوکاڵەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکانیان) ﴿وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا﴾ وە بە هەر یەك لەو دووانە (داوود و سولەیمان) پێغەمبەرێتی (ودادوەری) و زانستمان پێدان ﴿وَسَخَّرْنَا﴾ وە ڕاممان هێنا ﴿مَعَ دَاوُۥدَ﴾ لەگەڵ داوودا ﴿ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ﴾ چیاکان و باڵندەکە تەسبیحاتی خوایان دەکرد ﴿وَكُنَّا فَٰعِلِينَ﴾ وە هەر ئێمە ئەوەمان کرد (بۆ داوود) ﴿٧٩﴾ ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ﴾ وە داوودمان فێری دروستکردنی پۆشاکی زرێپۆش (جەنگی) کرد بۆ ئێوە ﴿لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ﴾ تابتان پارێزێت لەکاتی شەڕو کوشتارتاندا ﴿فَهَلْ أَنتُمْ﴾ دەی ئایا ئێوە ﴿شَٰكِرُونَ﴾ سوپاس گوزارن (بۆ خوا لەسەر ئەم نیعمەتانە) ﴿٨٠﴾ ﴿وَلِسُلَيْمَٰنَ﴾ وە (ڕاممان هێنا) بۆ سولەیمان ﴿ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً﴾ بای توند (ڕەشەبا) ﴿تَجْرِى بِأَمْرِهِۦٓ﴾ بەفەرمانی سولەیمان دەڕۆشت ﴿إِلَى ٱلْأَرْضِ﴾ بۆ ئەو وڵاتە و زەوییەی ﴿ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا﴾ کە پڕ پیت و بەرەکەتمان کرد بوو ﴿وَكُنَّا﴾ وە ئێمە ﴿بِكُلِّ شَىْءٍ﴾ بە هەموو شتێك ﴿عَٰلِمِينَ﴾ ئاگادار بووین ﴿٨١﴾

﴿وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن﴾ وە هەندێ لە شەیتانەکان (مان ڕام هێنابوو) ﴿يَغُوصُونَ لَهُۥ﴾ دەچوونە ژێری دەریا بۆ سوڵەیمان (تا گەوهەرو مرواری بۆ دەربهێنن) ﴿وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذَٰلِكَ﴾ وە جگە لەوە کاری تریشیان دەکرد (بۆی وەك کۆشك دروستکردن) ﴿وَكُنَّا لَهُمْ حَٰفِظِينَ﴾ بە ڕاستی ئێمەش چاودێر (وپارێزەر)ی ئەوان بووین ﴿٨٢﴾ ﴿وَأَيُّوبَ﴾ وە (باسی) ئەیووب (بکە) ﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ﴾ کاتێك هاواری لە پەروەردگاری کرد (لە دوای ناساغی ماوەیەکی زۆر) ﴿أَنِّى﴾ بە ڕاستی من ﴿مَسَّنِىَ ٱلضُّرُّ﴾ زیان و ئازار و نەخۆشی دووچارم بووە ﴿وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ و تۆش میهرەبانترینی میهرەبانانی ﴿٨٣﴾ ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ﴾ جا ئێمەش هاوار و نزاکەیمان گیرا کرد ﴿فَكَشَفْنَا﴾ و لامان برد ﴿مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ﴾ ئەو زیان و ئازار و نەخۆشییەی کە هەیبوو ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ﴾ وە هەموو مال و منداڵیمان پێ بەخشیەوە (کە پێشتر مردبوون) ﴿وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ﴾ و ئەوەندەی تریش لە گەڵیاندا ﴿رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا﴾ ئەوەڕەحمەتێکی تایبەت بوو لە ئێمەوە ﴿وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ﴾ وەبیرخەرەوە و ئامۆژگاری بوو بۆ خوا پەرستان ﴿٨٤﴾ ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ﴾ وە (باسی) ئیسماعیل و ئیدریس وذەلکیفل (بکە) ﴿كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ هەموویان لە ئارام گران بوون ﴿٨٥﴾ ﴿وَأَدْخَلْنَٰهُمْ﴾ وە ئێمە ئەوانمان خستە ﴿فِى رَحْمَتِنَآ﴾ ناو ڕەحمەتی خۆمان (کە بەهەشتە) ﴿إِنَّهُم﴾ بێگومان ئەوانە ﴿مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ لە چاکەکەکاران بوون ﴿٨٦﴾ ﴿وَذَا ٱلنُّونِ﴾ وە (باسی) زەننون (یونس بکە کە پێغەمبەری خەڵکی نەینەوا بوو) ﴿إِذ ذَّهَبَ﴾ کاتێك ڕۆیشت ﴿مُغَٰضِبًا﴾ بە تووڕەیی (گەلەکەی بەجێ هێشت) ﴿فَظَنَّ﴾ وای دەزانی ﴿أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ﴾ ئێمە تەنگانەی بەسەردا ناهێنین وهەروا وازی لێ دەهێنین ﴿فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ (خوای گەورە تاقیکردوەوفڕێدرایە ناو دەریا ونەهەنگێك قووتی دا) جا لە تاریکیەکاندا (تاریکی شەو و دەریا و ناو سکی نەهەنگ) هاواری کرد ﴿أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ﴾ (ئەی خوایە) بەڕاستی هیچ پەرستراوێکی بەهەق وڕاستی نییە جگە لە تۆ ﴿سُبْحَٰنَكَ﴾ پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە ﴿إِنِّى كُنتُ﴾ بێگومان من ﴿مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ لە ستەمکاران بووم (لەبەر ئەوەی ئارامم نەگرت و وازم لە گەلەکەم هێنا) ﴿٨٧﴾ ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ﴾ ئێمەش نزا و هاواری ئەومان گیراکرد ﴿وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ﴾ و لەو غەم وخەفەتە ڕزگارمان کرد ﴿وَكَذَٰلِكَ﴾ هەر بەو شێوەیە ﴿نُنجِى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ ئێمە ئیمانداران ڕزگار دەکەین ﴿٨٨﴾ ﴿وَزَكَرِيَّآ﴾ وە (باسی) زەکەریا (بکە) ﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ﴾ کاتێك هاواری لە پەروەردگاری کرد ﴿رَبِّ﴾ ئەی پەروەردگارم ﴿لَا تَذَرْنِى فَرْدًا﴾ بە تەنها مەمهێڵەوە (منداڵێکم پێ ببەخشە) ﴿وَأَنتَ﴾ وە تۆ ﴿خَيْرُ ٱلْوَٰرِثِينَ﴾ چاکترین میراتگرانی ﴿٨٩﴾ ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ﴾ ئێمەش دوعای ئەومان وەڵام دایەوە ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ﴾ و یەحیامان پێ بەخشی ﴿وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ﴾ و خێزانەکەشیمان بۆ چاك کردەوە (لە نەزۆکی) ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟﴾ بێگومان ئەوانەی (باسکران لە پێغەمبەران) ﴿يُسَٰرِعُونَ﴾ پێش بڕکێیان دەکرد ﴿فِى ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ لە (ئەنجامدانی) هەموو خێر و چاکەیەکدا ﴿وَيَدْعُونَنَا﴾ و هاواریان لە ئێمە دەکرد ﴿رَغَبًا وَرَهَبًا﴾ بە ئومێدی (بەهەشت) ولە ترسی (دۆزەخ) ﴿وَكَانُوا۟﴾ وە ئەوان ﴿لَنَا خَٰشِعِينَ﴾ ملکەچ بوون بۆ ئێمە (ودەترسن لێمان) ﴿٩٠﴾

﴿وَٱلَّتِيٓ﴾ وە(باسی) ئەو ئافرەتە (مەریەمی کچی عیمران بکە) ﴿أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا﴾ کەداوێنی خۆی پاراست ﴿فَنَفَخۡنَا فِيهَا﴾ ئەمجا فوومان پێداکرد (بەهۆی جوبرەئیلەوە) ﴿مِن رُّوحِنَا﴾ لەو ڕۆحەی کەهی خۆمان بوو ﴿وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ﴾ وە ئەو (مەریەم) و کوڕەکەیمان کرد ﴿ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ بە موعجیزەیەک بۆ جیهانیان ﴿٩١﴾ ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ﴾ بەڕاستی ئا ئەمەیە ﴿أُمَّتُكُمۡ﴾ ئایینی ئێوە ﴿أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ﴾ کەیەک ئایینە (ئایینی هەموو پێغەمبەرانە) ﴿وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ﴾ ومنیش پەروەردگارتانم ﴿فَٱعۡبُدُونِ﴾ کەواتە تەنها من بپەرستن ﴿٩٢﴾ ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ﴾ بەڵام خەڵکی جیاوازیان کەوتە نێوان و سەرپێچی پێغەمبەرەکانیان کرد، زۆربەیان بوون بەچەند کۆمەڵ گرۆهێکەوە (هەستان دەستیانکرد بە پەرستنی بت وهەواو ئارزووی خۆیان) ﴿كُلٌّ﴾ (بەڵام) هەموویان ﴿إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ﴾ تەنها بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە ﴿٩٣﴾ ﴿فَمَن﴾ ئەمجا هەر کەس ﴿يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ (هەرچەند) لەکردەوە چاکەکان بکات ﴿وَهُوَ مُؤۡمِنٞ﴾ (بەو مەرجەی) باوەڕداریش بێت ﴿فَلَا كُفۡرَانَ لِسَعۡيِهِۦ﴾ ئەوە (پاداشتی) کۆششەکەی وون نابێت و بەفیڕۆ ناڕوات ﴿وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە بۆ (کردەوەکانی) ئەو نووسەرین ﴿٩٤﴾ ﴿وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ﴾ وە حەرامە قەدەغەیەو ناشێت بۆ خەڵکی ئەو گوند وشارانەی ﴿أَهۡلَكۡنَٰهَآ﴾ کە کاولمان کردن ولەناومان بردن ﴿أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ﴾ کەجارێکی تر بگەڕێنەوە (بۆ دونیا) ﴿٩٥﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا﴾ (ژیان درێژەی دەبێت) تا ئەو کاتەی ﴿فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ﴾ (بەربەستەکەی) یەئجوج و مەئجوج دەکرێتەوە ﴿وَهُم﴾ ئەوانیش ﴿مِّن كُلِّ حَدَبٖ﴾ لەهەموو بەرزاییەکەوە ﴿يَنسِلُونَ﴾ بەپەلە (وبەخێرایی) دێنە خوارەوە ﴿٩٦﴾ ﴿وَٱقۡتَرَبَ﴾ وەنزیک بۆتەوە ﴿ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ﴾ بەڵێنی ڕاست (هاتنی قیامەت) ﴿فَإِذَا﴾ جا لەناکاودا ﴿هِيَ شَٰخِصَةٌ﴾ ئەبڵەق و زەق دەبێ ﴿أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ چاوی ئەوانەی بێ بڕوا بوون ﴿يَٰوَيۡلَنَا﴾ (دەڵێن) هاوارو مەرگ بۆ ئێمە ﴿قَدۡ كُنَّا﴾ بێگومان ئێمە لەدونیادا ﴿فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا﴾ لەبێ ئاگاییەک(ی تەواو)دا بووین لە ئەمە ﴿بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾ نەخێر بەڵکو ئێمە ستەمکار بووین ﴿٩٧﴾ ﴿إِنَّكُمۡ﴾ بەڕاستی ئێوە ﴿وَمَا تَعۡبُدُونَ﴾ وئەوانەش دەتانپەرستن ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ جگە لەخوا ﴿حَصَبُ جَهَنَّمَ﴾ (دەبنە) سووتەمەنی (وهەڵگیرسێنەری) دۆزەخ ﴿أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ﴾ ئێوە (و ئەوان) دەچنە ناوییەوە ﴿٩٨﴾ ﴿لَوۡ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ ئەگەر ئا ئەوانە (بتەکان) ﴿ءَالِهَةٗ﴾ خوا بوونایە ﴿مَّا وَرَدُوهَاۖ﴾ نەدەچوونە ناو ئەو (ئاگری دۆزەخ)ەوە ﴿وَكُلّٞ﴾ وە هەموو (بت وبت پەرستان) ﴿فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ بەهەمیشەیی تێیدادەمێننەوە ﴿٩٩﴾ ﴿لَهُمۡ﴾ بۆ ئەو (دۆزەخیانە)هەیە ﴿فِيهَا﴾ لەدۆزەخ دا ﴿زَفِيرٞ﴾ هەناسەی سارد هەڵکێشان ﴿وَهُمۡ فِيهَا﴾ وەئەوان لەوێدا (لەدۆزەخدا) ﴿لَا يَسۡمَعُونَ﴾ هیچ نابیستن ﴿١٠٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بێگومان ئەوانەی ﴿سَبَقَتۡ لَهُم مِّنَّا﴾ لەلایەن ئێمەوە پێشتر بڕیار دراوە بۆیان ﴿ٱلۡحُسۡنَىٰٓ﴾ کە بەختەوەربن (وچاکە بهێنرێتە ڕێیان) ﴿أُوْلَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە ﴿عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ﴾ لەدۆزەخ دوور دەخرێنەوە ﴿١٠١﴾

﴿لَا يَسْمَعُونَ﴾ (ئەوان) نابیستن ﴿حَسِيسَهَا﴾ دەنگی (بلیسەو قرچەی) ئاگری دوزەخ ﴿وَهُمْ﴾ وەئەوان ﴿فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ﴾ لەناو ئەو (نازو نیعمەتە) ی دڵیان حەزی لێیەتی ﴿خَالِدُونَ﴾ بەهەمیشەیی وبێ بڕانەوە دەمێننەوە ﴿۱۰۲﴾ ﴿لَا يَحْزُنُهُمُ﴾ غەمباریان ناکات ﴿الْفَزَعُ الْأَكْبَرُ﴾ ترسە هەرە گەورەکە (لەقیامەتدا) ﴿وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ﴾ و فریشتەکانیش پێشوازیان لێ دەکەن (لەبەر دەرگاکانی بەهەشتدا) ﴿هَٰذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي﴾ (وپێیان دەڵێن) ئەمە ئەو ڕۆژەیە ﴿كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾ کە بەڵێنتان پێ درابوو ﴿۱۰۳﴾ ﴿يَوْمَ﴾ (بینەوە بیریان) ئەو ڕۆژەی ﴿نَطْوِي السَّمَاءَ﴾ کەئاسمانەکان دەپێچینەوە ﴿كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ﴾ وەک پێچانەوە لول کردنی تۆماری کتێب وپەتروکێک ﴿كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ﴾ وەک یەکەم جار چۆن دروستمان کرد (بەڕوت و قووتی) ﴿نُّعِيدُهُ﴾ (پاش مردنیش) ئەو (دروست کردنە) دووبارە دەکەینەوە ﴿وَعْدًا عَلَيْنَا﴾ ئەوە بەڵێنێکە (جێ بەجێ کردنی) لەسەر ئێمەیە ﴿إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ﴾ بێگومان ئێمە (ئەو بەڵێنە) بەدی دەهێنین ﴿۱۰۴﴾ ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە نووسیوومانە ﴿فِي الزَّبُورِ﴾ لەزەبوور دا ﴿مِن بَعْدِ الذِّكْرِ﴾ لەدوای نووسینی لە(لوح المحفوظ) دا ﴿أَنَّ الْأَرْضَ﴾ بەڕاستی سەر زەوی (بەهەشت) ﴿يَرِثُهَا﴾ دەبنە خاوەنی وبەمیراتی دەیبەن ﴿عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ﴾ بەندە چاک و پاکەکانم ﴿۱۰۵﴾ ﴿إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَاغًا﴾ بێگومان لەمەدا (لەوەی لەم سورەتەدا باسکرا) بەسە کەپەند وئامۆژگاری بێت ﴿لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ﴾ بۆ گەلی خوا پەرستان ﴿۱۰۶﴾ ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردووە کەڕەحمەت بێت بۆ جیهانیان ﴿۱۰۷﴾ ﴿قُلْ﴾ بڵێ ﴿إِنَّمَا يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾ بێگومان تەنها شتێک کەنیگا کراوە بۆ من ﴿أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ (ئەمەیە) کە بەڕاستی پەرستراوی ئێوە خوای تاک و تەنهایە ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە ملکەچ دەبن؟ ﴿۱۰۸﴾ ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ جا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا ﴿فَقُلْ آذَنتُكُمْ﴾ ئەوە بڵێ هەموتانم ئاگادار کرد ﴿عَلَىٰ سَوَاءٍ﴾ بە یەکسانی ﴿وَإِنْ أَدْرِي﴾ و ناشزانم ﴿أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٌ﴾ نزیکە یادوورە (هاتنی) ﴿مَّا تُوعَدُونَ﴾ ئەو هەڕەشەی لێتان دەکرێت ﴿۱۰۹﴾ ﴿إِنَّهُ يَعْلَمُ﴾ بەڕاستی خوا دەزانێ ﴿الْجَهْرَ مِنَ الْقَوْلِ﴾ بە ووتە و قسەی ئاشکرا ﴿وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ﴾ وە دەشزانێت بەوقسەی دەیشارنەوە ﴿۱۱۰﴾ ﴿وَإِنْ أَدْرِي﴾ وەمن نازانم (مۆڵەت دانتان) ﴿لَعَلَّهُ فِتْنَةٌ لَّكُمْ﴾ لەوانەیە تاقیکردنەوە بێت بۆ ئێوە ﴿وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ (بەوێت) تاماوەیەک (وازتان لێ بهێنێت) کەڕابوێرن ﴿۱۱۱﴾ ﴿قَالَ﴾ (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی ﴿رَبِّ احْكُم بِالْحَقِّ﴾ ئەی پەروەردگارم بەدادگەرانە بڕیاربدە (لە نێوان من و ئەم بێ باوەڕانەدا) ﴿وَرَبُّنَا﴾ وە پەروەردگاری ئێمە ﴿الرَّحْمَٰنُ الْمُسْتَعَانُ﴾ میهربانی یارمەتی لێ داواکراوە ﴿عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾ لە بەرانبەر (ئەو قسە نابە جێیانەی) ئێوە دەیڵێن و هەڵیدەبەستن ﴿۱۱۲﴾

سورەتی ﴿الحج﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ ئەی خەلکینە ﴿اتَّقُوا رَبَّكُمْ﴾ بترسن لە(سزای) پەروەردگارتان ﴿إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ﴾ چونکە بەڕاستی بوومەلەرزەی قیامەت هەستان ﴿شَيْءٌ عَظِيمٌ﴾ شتێکی زۆر گەورەیە، کارەساتێکی سامناکە ① ﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا﴾ لەو ڕۆژەدا تێبوە ئەو (بوومەلەرزە) دەبینن ﴿تَذْهَلُ﴾ بێ ئاگا دەبێ (لەترسی ئەو ڕۆژە) ﴿كُلُّ مُرْضِعَةٍ﴾ هەموو ئافرەتێکی شیردەر (کاتێ کەمەکی لەدەمی منداڵەکەیدایە) ﴿عَمَّا أَرْضَعَتْ﴾ لەئەو (منداڵە)ی شیری پێ داوە ﴿وَتَضَعُ﴾ وەفڕێی دەدات و لە باری دەچێت ﴿كُلُّ ذَاتِ﴾ هەموو دووگیانێک (مێینەیەکی سک پڕ) ﴿حَمْلٍ حَمْلَهَا﴾ سکەکەی (کۆرپەکەی) ﴿وَتَرَى النَّاسَ﴾ خەڵکی دەبینی ﴿سُكَارَىٰ﴾ (وەک) سەرخۆشن ﴿وَمَا هُم بِسُكَارَىٰ﴾ بەڵام سەرخۆشیش نین ﴿وَلَٰكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾ بەڵکو سزای سەخت و بەتینی خوا (وای لێ کردون) ② ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن﴾ لەمرۆڤەکانیدا کەسی وا هەیە (نەضری کوڕی حارث) ﴿يُجَادِلُ فِي اللَّهِ﴾ موجادەلە دەکات دەربارەی خوا (و سیفەتەکانی) ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بەبێ هیچ زانیاری و زانستێک ﴿وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَّرِيدٍ﴾ وە شوێنی هەموو شەیتانێکی سەرکەش دەکەوێت ③ ﴿كُتِبَ عَلَيْهِ﴾ لەسەری نوسراوە (بڕیار دراوە) ﴿أَنَّهُ مَن تَوَلَّاهُ﴾ کە بێگومان هەرکەسێک خۆشی بوێت (وشوێنی بکەوێت) ﴿فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ﴾ ئەوە بەڕاستی گومڕای دەکات ﴿وَيَهْدِيهِ﴾ وە ڕێنموونی دەکات ﴿إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ﴾ بۆ سزای ئاگری هەڵگیرساوی دۆزەخ ④ ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿إِن كُنتُمْ﴾ ئەگەر ئێوە ﴿فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ﴾ لەگوماندان دەربارەی زیندووبوونەوە ﴿فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم﴾ ئەوسا (بزانن) بەڕاستی ئێمە ئێوەمان دروست کردووە ﴿مِّن تُرَابٍ﴾ لە خاک (خۆڵ) ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾ پاشان (نەوەکان) لەنوتفەیەک (دروست دەبن) ﴿ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ﴾ دواتر (دەبێتە) پارچە خوێنێکی مەیيو ﴿ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ﴾ دوای ئەوە (دەبێتە) پارچە گوشتێک ﴿مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ﴾ شکڵ و شێوە کێشراو و شکڵ و شێوە نەکێشراو ﴿لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ﴾ بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە بۆ ئێوە ﴿وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ﴾ وە لەمنداڵدانادا دەیهێڵینەوە (ڕایدەگرین) ﴿مَا نَشَاءُ﴾ ئەو (بێچوو)ەی بمانەوێت (لەبار نەچێت) ﴿إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ تاکاتێکی دیاری کراو ﴿ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا﴾ پاشان (لەسکی دایکتان) دەرتان دەهێنین بەساوایی ﴿ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ﴾ پاشان گەورە دەبن تادەگەنە تەواوی هێزو تواناتان ﴿وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ﴾ وە(لەم تەمەنەدا) هەندێکتان دەمرێنرێت ﴿وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ﴾ وە هەندێکتان دەگەیەنرێنە ﴿إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ﴾ ئەو پەڕی پیری، بێ کەڵکترینی تەمەن ﴿لِكَيْلَا يَعْلَمَ﴾ بۆ ئەوەی نەزانێ و لەبیری نەمێنێت ﴿مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا﴾ هەرچی کە دەیزانی ﴿وَتَرَى الْأَرْضَ﴾ وەزەوی دەبینی (لەزستاندا) ﴿هَامِدَةً﴾ خامۆشە ووشک و بێ گیایە ﴿فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ﴾ جا کاتێک بارانمان بەسەردا بارااند ﴿اهْتَزَّتْ﴾ زەوی (ڕووەکی لێ دەڕوێت و) دەجوڵێت ﴿وَرَبَتْ﴾ زەوی هەڵ دەدات (بەرز دەبێت) ﴿وَأَنبَتَتْ﴾ و(زەوی) دەڕوێنێ ﴿مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ لەهەموو جۆرە (گیا و گوڵێکی) جوان ⑤

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ﴾ ئەوەی (باس کرا) لەبەر ئەوەیە دڵنیابن ﴿ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ﴾ کەخوا حەق و ڕاستە ﴿وَأَنَّهُۥ يُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ وە بێگومان مردووەکان زیندوو دەکاتەوە ﴿وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ و بێگومان ئەو (خوایە) توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ۶ ﴿وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ﴾ وەبەڕاستی قیامەت ﴿ءَاتِيَةٌ﴾ دێت (وبەڕیا دەبێت) ﴿لَّا رَيْبَ فِيهَا﴾ گومانی تێدا نی یە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ ودڵنیاش بن خوا ﴿يَبْعَثُ﴾ زیندوو وی دەکاتەوە ﴿مَن فِى ٱلْقُبُورِ﴾ هەموو ئەوکەسانەی لەناو گۆڕەکاندا (مردوون) ۷ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن﴾ وە لەنا و خەڵکدا کەسی واهەیە ﴿يُجَٰدِلُ فِى ٱللَّهِ﴾ موجادەلە دەکات دەربارەی خوا ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى﴾ بەبێ هیچ زانیاری و شارەزاییەك (بەڵگەیەك) ﴿وَلَا كِتَٰبٍ مُّنِيرٍ﴾ وە بەبێ کتێبێکی ڕوونکەرەوە (لەلایەن خواوە) ۸ ﴿ثَانِىَ عِطْفِهِۦ﴾ (کەسێکە) ڕوو وەردەگێڕێت (وحەق وەرناگرێت) ﴿لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ بۆ ئەوەی خەڵك لەڕێگەی خوا لادا ﴿لَهُۥ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ﴾ ئەو کەسە لەدونیادا سەرشۆڕ دەبێت ﴿وَنُذِيقُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وە لە قیامەتیشدا پێی دەچێژین ﴿عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ﴾ سزای سوتێنەر ۹ ﴿ذَٰلِكَ﴾ (پێی دەووترێت) ئەو سزایە (کە باس کرا) ﴿بِمَا قَدَّمَتْ يَدَاكَ﴾ بەهۆی ئەو (گوناهانەوەیە) کەبەدەستی خۆت پێشت خستووە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ وەبێگومان خوا ﴿لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ﴾ ستەم کار نی یە ﴿لِّلْعَبِيدِ﴾ بەبەندەکانی ۱۰ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن﴾ وە لەناو خەڵکدا کەسی واهەیە ﴿يَعْبُدُ ٱللَّهَ﴾ خوا دەپەرستێ ﴿عَلَىٰ حَرْفٍ﴾ لە قەراغدا، (لەنێوانێکدا) ﴿فَإِنْ أَصَابَهُۥ خَيْرٌ﴾ جا ئەگەر تووشی خێر و خۆشی بوو ﴿ٱطْمَأَنَّ بِهِۦ﴾ دڵخۆش دەبێ پێی (بەردەوام دەبێ لەخواپەرستی دا) ﴿وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ﴾ وەئەگەر تووشی تاقیکردنەوە بەڵا بوو ﴿ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ﴾ بەرەو دوا هەڵدەگەڕێتەوە پاش گەڕ دەبێتەوە لەئایین ﴿خَسِرَ ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةَ﴾ زەرەر مەندی دونیا و قیامەت بووە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ﴾ تەنها ئەوەیە ﴿ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ﴾ زیانباری و خەسارەت مەندی ڕوون و ئاشکرا ۱۱ ﴿يَدْعُوا۟﴾ ئەو دەپارێتەوە (ودەپەرستێ) ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ جگەلە خوا ﴿مَا لَا يَضُرُّهُۥ﴾ شتێك نەزیانی پێدەگەیەنێت ﴿وَمَا لَا يَنفَعُهُۥ﴾ وە نە سوود و قازانجیشی پێدەگەیەنێت ﴿ذَٰلِكَ هُوَ﴾ تەنها ئەوەیە ﴿ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ﴾ لەڕێ لادانی (گومڕایی) زۆر دوور لەڕاستی ۱۲ ﴿يَدْعُوا۟﴾ ئەو هاواردەکات، ودەپەرستێت ﴿لَمَن ضَرُّهُۥٓ﴾ (لە) کەسێك کەزیانی ﴿أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِۦ﴾ لەسوودی نزیکترە ﴿لَبِئْسَ ٱلْمَوْلَىٰ﴾ ئای چ پشتیوانێکی خراپە ﴿وَلَبِئْسَ ٱلْعَشِيرُ﴾ وەچ هاوڕێ و هاودەمێکی خراپە ۱۳ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە دەیانخاتە ﴿جَنَّٰتٍ﴾ باخەکانی بەهەشتەوە ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کە ڕووبارەکان دەڕۆن بەژێریاندا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ﴾ ئەوەی بیەوێت دەیکات ۱۴ ﴿مَن كَانَ يَظُنُّ﴾ هەرکەس واگومان دەبات (لەبێ بڕوایان) ﴿أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ﴾ کە هەرگیز خوا ئەو (پێغەمبەرە ﷺ) یارمەتی نادات و سەری ناخات ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لە دونیا و دواڕۆژدا ﴿فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ﴾ دەبا پەتێك بەسەرەوە (بە بەرزییەوە) هەڵواسێت (و ملی پێدا بکات) ﴿ثُمَّ لْيَقْطَعْ﴾ پاشان هەناسەی ببڕێ (تا دەخنکێت) ﴿فَلْيَنظُرْ﴾ ئەوسا ببینێ (سەرنج بدا و ببڕکانەوە) ﴿هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ﴾ ئایا بەم کارە ئەو ڕق وتوڕەبیەی (لە دڵیدایە) لایدەبات (ونایهێنێت) ۱۵

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ﴾ ئابەم شێوە ئەو(قورئانە)مان ناردۆتە خوارەوە﴿ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ﴾ کە ئایەتەکانی ڕوون وئاشکران ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بێگومان خوا ﴿يَهْدِى مَن يُرِيدُ﴾ هەرکەسێك خۆی بیەوێت هیدایەتی دەدات. ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بەڕاستی کەسانێك کەبڕوایان هێناوە﴿وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟﴾ وکەسانێك کەبوون بەجوولەکە ﴿وَٱلصَّٰبِـُٔونَ﴾ و ئەستێرە (یا فریشتە) پەرستەکان ﴿وَٱلنَّصَٰرَىٰ﴾ و گاوورەکان (نەسرانیەکان) ﴿وَٱلْمَجُوسَ﴾ و ئاگر پەرستەکان (زەردەشتی یەکان) ﴿وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟﴾ و ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا دانا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ﴾ بڕیار دەدا لەنێوانیاندا (جیایان دەکاتەوە لەیەکتر کۆمەڵێك بۆ بەهەشت وکۆمەڵێکی تریان بۆ دۆزەخ) ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەڕۆژی دواییدا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا﴿عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارە. ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ئایا نەتدی ﴿أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ﴾ کە بەڕاستی سوژدە بۆ خوا دەبات ﴿مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەویدایە ﴿وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ﴾ هەروەها ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان ﴿وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ﴾ و چیاکان و درەخت و گیان لەبەران ﴿وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ زۆرێکیش لە خەڵکی (هەموو ئەمانەی باسکران بۆ خوا سوژدە دەبەن) ﴿وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ﴾ وە زۆرێکیش سزای بۆ بڕیاردرا (لە سەری چەسپا) ﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ﴾ وە هەر کەسێك خوا بێ ڕێز و ڕیسوای بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ﴾ ئەوە کەس ڕێزی لێ ناگرێت﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ﴾ هەر شتێکی بوێت دەیکات ﴿هَٰذَانِ خَصْمَانِ﴾ ئەمانە دوو کۆمەڵی دژ بەیەکن ﴿ٱخْتَصَمُوا۟ فِى رَبِّهِمْ﴾ دەمەقاڵێ و کێشەیانە دەربارەی پەروەردگاریان ﴿فَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ جا ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ﴿قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ﴾ لە (ڕۆژی دواییدا) پۆشاکیان بۆ دەبڕدرێت (پڕ بە بەریان) لە ئاگر ﴿يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ﴾ بەسەریاندا دەڕژێنرێت ﴿ٱلْحَمِيمُ﴾ ئاوی زۆر گەرم ﴿يُصْهَرُ بِهِۦ﴾ دەتوێنرێتەوە بەو (ئاوە گەرمە) ﴿مَا فِى بُطُونِهِمْ وَٱلْجُلُودُ﴾ ئەوەی لە ناو سك و پێستەکاندایە ﴿وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ﴾ بۆیان ئامادەیە گورزی ئاسنی ﴿كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟﴾ هەرکاتێك بیانەوێت﴿أَن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا﴾ کە بیانە دەرەوە لەو(دۆزەخ)ە ﴿مِنْ غَمٍّ﴾ لەبەر زۆر نارەحەتی ﴿أُعِيدُوا۟ فِيهَا﴾ دەگێڕێنرێنەوە بۆ ناوی ﴿وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ﴾ وە(پێیان دەووترێت) بچێژن سزای سوتێنەر ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە دەیانخاتە ﴿جَنَّٰتٍ﴾ بەهەشتانێك ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕۆن ﴿يُحَلَّوْنَ فِيهَا﴾ (ئەوان) دەڕازێنرێنەوە لەو (بەهەشتانە) دا ﴿مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا﴾ بە بازنی ئاڵتون و مرواری ﴿وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ﴾ وە پۆشاکیان لە بەهەشتدا ئاوریشمە ﴿٢٣﴾

﴿وَهُدُوٓاْ﴾ ئەو (بەهەشتیانە) ڕێنموونی کراون ﴿إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ﴾ بۆ ئەو ووتەی کەڕاست وجوانە (ووتەی لا اله إلا الله) ﴿وَهُدُوٓاْ﴾ هەروەها ڕێنموونی کراون ﴿إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْحَمِيدِ﴾ بۆ ڕێگای (خوای) سوپاس کراو ﴿٢٤﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ بێگومان ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وە ڕێگری (موسڵمانان) دەکەن لە ڕێگای خوا ﴿وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ وە لە (ڕۆشتن بۆ) مزگەوتی حەرام (بۆ کەعبە) ﴿ٱلَّذِى جَعَلْنَٰهُ﴾ کە ئەوێمان داناوە (بۆ خوا پەرستی) ﴿لِلنَّاسِ سَوَآءً﴾ بۆ هەموو خەڵکی یەکسانە ﴿ٱلْعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلْبَادِ﴾ چ ئەوانەی لەوێدان یان لە دورەوە بۆی دێن ﴿وَمَن يُرِدْ فِيهِ﴾ وە هەر کەس بیەوێت لەوێ (لە مزگەوتی حەرام) ﴿بِإِلْحَادٍۭ بِظُلْمٍ﴾ مەیلی لە هەق لادان زوڵم وستەم بکات ﴿نُّذِقْهُ﴾ پێی دەچێژین ﴿مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ سزای ئازاردەر ﴿٢٥﴾ ﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَٰهِيمَ﴾ (بیریان بخەرەوە) کاتێك دیاریمان کرد بۆ ئیبراهیم (علیه السلام) ﴿مَكَانَ ٱلْبَيْتِ﴾ جێگای کەعبە ﴿أَن لَّا تُشْرِكْ بِى شَيْـًٔا﴾ (پێمان ووت) هیچ شتێك مەکەرە هاوبەشم ﴿وَطَهِّرْ بَيْتِىَ﴾ و ماڵەکەم (مزگەوتی حەرام) پاك بکەرەوە ﴿لِلطَّآئِفِينَ﴾ بۆ تەواف کەران ﴿وَٱلْقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ﴾ و بۆ نوێژگەران (بەپێوە) وکۆرنوش و سوژدە بەران ﴿٢٦﴾ ﴿وَأَذِّن فِى ٱلنَّاسِ﴾ وە جاربدە بەناو خەڵکیدا ﴿بِٱلْحَجِّ﴾ بۆ حەج کردن ﴿يَأْتُوكَ رِجَالًا﴾ دێن بۆ لات (بۆ حەج) بە پیادە. ﴿وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ﴾ و بەسوار هەموو ووشترێکی لاواز (لەبەر ئەوەی) ﴿يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ﴾ کە لە هەموو ڕێگایەکی دوورەوە دێن ﴿٢٧﴾ ﴿لِّيَشْهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمْ﴾ تا ئامادەی جۆرەها سوود و قازانجی خۆیان بین ﴿وَيَذْكُرُواْ ٱسْمَ ٱللَّهِ﴾ وە ناوی خوا بیەن (کاتێك قوربانی سەر دەبڕن) ﴿فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْلُومَٰتٍ﴾ لە ڕۆژانێکی دیاری کراودا ﴿عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾ لەسەر ئەو ئاژەڵانەی خوا پێی داوون ﴿فَكُلُواْ مِنْهَا﴾ جا لەو (گۆشتی قوربانیانە) بخۆن ﴿وَأَطْعِمُواْ ٱلْبَآئِسَ ٱلْفَقِيرَ﴾ وە بیدەن بە نەداران و هەژاران ﴿٢٨﴾ ﴿ثُمَّ لْيَقْضُواْ تَفَثَهُمْ﴾ دوای (سەر بڕینی قوربانی) چڵك و پیسی (موو ونینۆك) لابەن بە خۆیانەوە ﴿وَلْيُوفُواْ نُذُورَهُمْ﴾ وە نەزرەکانیان جێبەجێ بکەن ﴿وَلْيَطَّوَّفُواْ﴾ و تەواف (ی ئیفاضە) بکەن ﴿بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ﴾ بە دەوری ماڵی دێرین و بەڕێزدا (بەدەوری کەعبەدا) ﴿٢٩﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەمەی (پێشوو باسی حەج بوو) ﴿وَمَن يُعَظِّمْ﴾ جا هەر کەس بپارێزێت و بە گەورەی بگرێت ﴿حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ﴾ سنوورەکانی خوا ﴿فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ﴾ ئەوە بۆ خۆی چاکترە ﴿عِندَ رَبِّهِۦ﴾ لای پەروەردگاری ﴿وَأُحِلَّتْ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمُ﴾ وە گۆشتی ئاژەڵ (مەڕ، بزن، مانگا، وشتر) بۆ ئێوە حەڵاڵ کراوە ﴿إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ جگە لەوانەی بۆتان باس دەکرێت (وەك مردارەوە بوو، یان بۆغەیری خودا سەربڕراو) ﴿فَٱجْتَنِبُواْ﴾ کەواتە خۆتان دوور بخەنەوە ﴿ٱلرِّجْسَ مِنَ ٱلْأَوْثَٰنِ﴾ لەو پیسیە کە بتەکانە ﴿وَٱجْتَنِبُواْ قَوْلَ ٱلزُّورِ﴾ هەروەها خۆتان بپارێزن لەقسەی درۆو ناڕەوا ﴿٣٠﴾

﴿حُنَفَآءَ لِلَّهِ﴾ گەردن کەج بن بۆ خوا (خۆتان لە هەموو بیرو باوەڕێکی لار دوورگرن) ﴿غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِۦ﴾ هاوبەش بڕیارەدەر مەبن بۆ خوا ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ﴾ جا هەرکەس هاوبەش بۆ خوا دابنێت ﴿فَكَأَنَّمَا﴾ ئەوە وەك ئەوە وایە ﴿خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە ﴿فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ﴾ ئەمجا بالندە (لە هەوادا) بە پەلە بیڕێنێت (وپارچە پارچەی بکات) ﴿أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ﴾ یا بایەکی تونند بیبات ﴿فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ﴾ بۆ جێگایەکی زۆر دوور (چۆڵەوانی) ﴿٣١﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەمە (کە باسکرا ئەوونەی هاوبەش دانان بوو بۆ خوا) ﴿وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾ وە هەر کەس دروشمەکانی (ئایینی) خوا بەگەورە ڕاگرێت ﴿فَإِنَّهَا﴾ جا بەڕاستی ئەو کارە ﴿مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾ لە خوا ترسی دڵەکانیانەوەیە (وتەقواکارن) ﴿٣٢﴾ ﴿لَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ﴾ بۆ ئێوە لەو (ئاژەڵانە)دا چەند سوود وەرگرتنێك هەیە (وەك سوار بوون، خواردنی شیریان) ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ (جگە لەمانەیش دەتوانن سوودیان لێ ببینن بەشێوەیەك زیانیان پێ نەگات) تاکاتی دیاری کراو (بۆ سەربڕینیان) ﴿ثُمَّ مَحِلُّهَآ﴾ کە شوێنی (سەربڕینی) ئەوانە ﴿إِلَى ٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ﴾ کاتێکە دەگەنە ماڵی دێرینی (کەعبە) ﴿٣٣﴾ ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ﴾ وە بۆ هەموو ئوممەتێك ﴿جَعَلْنَا مَنسَكًا﴾ قوربانی کردنمان داناوە ﴿لِّيَذْكُرُوا ٱسْمَ ٱللَّهِ﴾ بۆ ئەوەی ناوی خوا ببەن ﴿عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾ (کاتی سەربڕین) لەسەر ئەو ئاژەڵانەی خوا پێی داون ﴿فَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ جا خوای ئێوە پەرستراوێکی تەنهایە ﴿فَلَهُۥٓ أَسْلِمُوا۟﴾ کەواتە تەنها ملکەچی ئەو بن ﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ﴾ وە مژدە بدە بەملکەچان و خۆبەکەم زانان ﴿٣٤﴾ ﴿ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ﴾ ئەوانەی هەرکاتێك ناوی خوا بڕا ﴿وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ دڵەکانیان دەترسێ (دەلەرزێت) ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمْ﴾ وە ئارام گرن لەسەر ئەوەی تووشیان دەبێ (لەناخۆشی) ﴿وَٱلْمُقِيمِى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ وە بەجێ هێنەرانی نوێژەکانیانن ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ وە لەو ڕزق ڕۆزییەی پێمان داون دەیبەخشن ﴿٣٥﴾ ﴿وَٱلْبُدْنَ﴾ ئەو ووشترە گەورە و قەڵەوانە (دەبڕێن لەبیت الحرام سەردەبڕێن) ﴿جَعَلْنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ﴾ ئێمە کردومانەتە دروشمی خوا بۆ ئێوە ﴿لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ﴾ بۆ ئێوە لەواندا خێر وچاکە هەیە ﴿فَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا﴾ کەواتە (کاتی کردنیان بەقوربانی) ناوی خوایان لەسەر بهێنن ﴿صَوَآفَّ﴾ لە کاتێکدا لەسەر سێ پەل وەستاون و دەستی چەپیان بەسراوەتەوە (لەبەر ئەوەی وشتر بە پێوە سەر دەبڕدرێت) ﴿فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا﴾ جا کاتێك کەوتنە سەر زەوی بە تەنیشتدا (کاتێك گیانیان دەرچوو) ﴿فَكُلُوا۟ مِنْهَا﴾ ئەوە لەگۆشتەکەیان بخۆن ﴿وَأَطْعِمُوا۟ ٱلْقَانِعَ وَٱلْمُعْتَرَّ﴾ وە بیدەن بە هەژاران و سوالکەران ﴿كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَٰهَا لَكُمْ﴾ ئا بەو جۆرە ئەو ماڵاتانەمان بۆ ئێوە ڕامهێناوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ تا سوپاس گوزاربن بۆ خوا ﴿٣٦﴾ ﴿لَن يَنَالَ ٱللَّهَ﴾ هەگیز ناگات بە خوا ﴿لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا﴾ نەگۆشتی ئەو (قوربانیانە) نەخوێنیان ﴿وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ﴾ بەڵام ئەوەی بە خوا دەگات تەقوا و پارێزکاری ئێوەیە ﴿كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ﴾ ئا بەو جۆرە ئەو ماڵاتانەی بۆ ئێوە ڕامهێناوە ﴿لِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ﴾ بۆ ئەوەی خوا بەگەورە بگرن (یادی بکەن) ﴿عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ﴾ لەسەر ئەوەی ڕێنموونی کردوون (بۆ سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام) ﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ومژدە بدە بەچاکە کاران ﴿٣٧﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ﴾ بەڕاستی خوا بەرگری وپشتیوانی دەکات ﴿عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ لەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ﴾ بێگومان خوا خۆشی ناوێ ﴿كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ هەموو خیانەتکار و بێ باوەڕ وکافرێك ﴿٣٨﴾

﴿أُذِنَ﴾ رێگە درا (بەجەنگ و جیهاد کردن) ﴿لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ﴾ بە ئەو (موسڵمانانەی) شەڕیان لە گەڵدا دەکرێت ﴿بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟﴾ لەبەر ئەوەی کە بەڕاستی ستەمیان لێ کراوە ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بێگومان خوا ﴿عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ بۆ سەرخستنیان بە توانایە ﴿٣٩﴾ ﴿ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟﴾ ئەوانەی کە دەرکران ﴿مِن دِيَٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ لە مال و ولاتیان بە ناهەق ﴿إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟﴾ تەنها (گوناهیان ئەوە بوو) کە دەیان ووت ﴿رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾ پەروەردگارمان خوایە ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ﴾ وە ئەگەر خوا خەڵکی لە ناو نەبردایە ﴿بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ هەندێکیان بە هەندێکی تریان ﴿لَّهُدِّمَتْ﴾ بێگومان دەڕوخێنرا (وێران دەکرا) ﴿صَوَٰمِعُ﴾ دێر (خەڵوەتگە) ﴿وَبِيَعٌ﴾ و کلیسا ﴿وَصَلَوَٰتٌ﴾ و کەنیسە ﴿وَمَسَٰجِدُ﴾ مزگەوتەکان ﴿يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا﴾ کە یادی خوا لەو (پەرستگایانە)دا زۆر دەکرا ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن﴾ وە بێگومان خوا یارمەتی کەسانێك ئەدات (وسەریان دەخات) ﴿يَنصُرُهُۥٓ﴾ کە یارمەتی (دینی) خوا دەدەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بە ڕاستی خوا ﴿لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾ بەهێز وبالادەست و بەتوانایە ﴿٤٠﴾ ﴿ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەوانەی ئەگەر دەسەڵاتمان پێدان لە زەویدا ﴿أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ بە چاکی نوێژ بەجێ دەهێنن ﴿وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە زەکات دەدەن ﴿وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ و فەرمان دەدەن بە چاکە ﴿وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ و بەرگری دەکەن لە خراپە ﴿وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ﴾ و سەرئەنجامی هەموو کارەکان تەنها بەدەست خوایە ﴿٤١﴾ ﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ﴾ وە ئەگەر (بێ باوەڕان) تۆ بە درۆزن دەزانن وباوەڕت پێ ناکەن ﴿فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ﴾ ئەوە بێگومان پێش ئەوانیش (گەلانی تر) باوەڕیان نەکرد (بە پێغەمبەرەکانیان) ﴿قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ﴾ (وەك) گەلی نووح و عاد و سەموود ﴿٤٢﴾ ﴿وَقَوْمُ إِبْرَٰهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ﴾ وە گەلی ئیبراهیم و گەلی لووط ﴿٤٣﴾ ﴿وَأَصْحَٰبُ مَدْيَنَ﴾ هەروەها یارانی مەدیەن (هۆزی شوعەیب) ﴿وَكُذِّبَ مُوسَىٰ﴾ وە موساش بە درۆزن دانرا ﴿فَأَمْلَيْتُ لِلْكَٰفِرِينَ﴾ ئەمجا (بۆ ماوەیەك) مۆڵەتی بێ باوەڕانمدا ﴿ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ﴾ دواتر تۆڵەم لێ سەندن وگرتمن ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ جا چۆن بوو بە گژا چوونی ئێمە (لەوان) ﴿٤٤﴾ ﴿فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا﴾ ئەمجا چەندەها شار و دێهاتمان وێران کرد ﴿وَهِىَ ظَالِمَةٌ﴾ کە (خەڵکەکەی) ستەمکار بوون ﴿فَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾ ئەو(شارانە دیواری خانوەکانی) کەوتبوون بەسەر سەربانەکانیاندا ﴿وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ﴾ وە چەندەها بیر بێ خاوەن بوون (لە کار کەوتبوون) ﴿وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ﴾ وە چەندەها کۆشکی بەرز و بڵند (بێ خاوەن بوون) ﴿٤٥﴾ ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ دەی نایا ئەوانە بە زەوی دا نەگەڕاون ﴿فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ﴾ تا دڵیان هەبێت ﴿يَعْقِلُونَ بِهَآ﴾ بیری پێ بکەنەوە (لەو وێران بوونە) ﴿أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا﴾ یان گوێیان هەبێت گوێی پێ بگرن (بۆ ڕاستی) ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ لەڕاستی دا چاوەکان کوێر نابن ﴿وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ﴾ بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەبن ﴿ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ﴾ کەلە سینەکاندان ﴿٤٦﴾

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ﴾ وە ئەوان (قورەیش بە گاڵتەوە) بەپەلە داوای سزات لێ دەکەن ﴿وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ﴾ لەکاتێکدا هەرگیز خوا پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات ﴿وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ﴾ و بێگومان ڕۆژێک لای پەروەردگارت ﴿كَأَلْفِ سَنَةٍ﴾ وەک هەزار ساڵ وایە ﴿مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ لەو ساڵانەی ئێوە دەیژمێرن ﴿٤٧﴾ ﴿وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا﴾ وە(خەڵکی) چەندەها شار و گوند (هەبوون) مۆڵەتم دان ﴿وَهِيَ ظَالِمَةٌ﴾ کە ستەمکار بوون ﴿ثُمَّ أَخَذْتُهَا﴾ لەپاشان تۆڵەم لێ سەندن (ولەناوم بردن) ﴿وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ﴾ وە هەر بۆلای من دەگەڕێنەوە ﴿٤٨﴾ ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ بڵێ ئەی خەڵکینە ﴿إِنَّمَا أَنَا لَكُمْ﴾ بێگومان من بۆ ئێوە تەنها ﴿نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ ترسێنەرێکی ئاشکرام. ﴿٤٩﴾ ﴿فَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەمجا ئەو کەسانەی بڕوایان هێناو ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە کردەوە چاکەکانیان کرد ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ لێخۆشبوون و ڕۆزییەکی بەنرخ وفراوانیان بۆ ئامادەیە ﴿٥٠﴾ ﴿وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا﴾ وە ئەوانەی هەوڵیان داوە بۆ (دژایەتی) ئایەتەکانی ئێمە ﴿مُعَاجِزِينَ﴾ ناتوانن وەدەستەپاچەن ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ ئەوانەهاوەڵی دۆزەخن ﴿٥١﴾ ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ﴾ وە ئێمە لەپێش تۆ نەمان ناردووە ﴿مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ﴾ هیچ ڕەوانەکراو یان پێغەمبەرێک ﴿إِلَّا إِذَا تَمَنَّىٰ﴾ مەگەر هەر کاتێک (پەراوی خودای) خوێندبێتەوە بۆ گەلەکەی ﴿أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ﴾ شەیتان گومان و وەسوەسەی دەخستە ناو خوێنراوەکەیەوە (تا خەڵک باوەڕی پێ نەهێنن) ﴿فَيَنسَخُ اللَّهُ﴾ ئەمجا خوا لایدەبات (پوچەڵی دەکاتەوە) ﴿مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ﴾ ئەوەی شەیتان داوێتی بە گوێی خەڵکدا (لە وەسوەسە ودڵەڕاوکێ و دوودڵی) ﴿ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ﴾ پاشان خوا ئایەتەکانی خۆی دەچەسپێنێ ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای کاردروستە ﴿٥٢﴾ ﴿لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ﴾ لەبەر ئەوەی ئەو گومانانەی شەیتان دەیخاتە(دڵەکان خوا) دەیکاتە ﴿فِتْنَةً لِّلَّذِينَ﴾ (هۆی) تاقیکردنەوە بۆ ئەوانەی ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ﴾ نەخۆشی لە دڵیاندایە و (ئەوانەی) دڵیان ڕەقە ﴿وَإِنَّ الظَّالِمِينَ﴾ وە بەڕاستی ستەمکاران ﴿لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ﴾ لە دژایەتی یەکی زۆر دوور(لە ڕاستی) دان ﴿٥٣﴾ ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ﴾ وە بۆ ئەوە بزانن ئەو کەسانەی ﴿أُوتُوا الْعِلْمَ﴾ کە زانیاریان پێ دراوە ﴿أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ بێگومان ئەم (قورئان)ە ڕاستیەکە لە لایەن پەروەردگارتەوە ﴿فَيُؤْمِنُوا بِهِ﴾ تا باوەڕی پێ بێنن(وبەردەوام بن لەسەری) ﴿فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ﴾ وە دڵەکانیان ملکەچ و بەئارام ببێ بۆ ئەو (خوا) ﴿وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ﴾ وە بێگومان خوا هیدایەتدەری ﴿الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە ﴿إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ سەر ڕێگای ڕاست ﴿٥٤﴾ ﴿وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەردەوام ئەو کەسانەی بێ باوەڕن ﴿فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ﴾ لە گوماندان دەربارەی قورئان ﴿حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً﴾ هەتا لەناکاودا ڕۆژی دوایی بەخەبان دەگرێت ﴿أَوْ يَأْتِيَهُمْ﴾ یا بەخەبان دەگرێت (ودێت بۆیان) ﴿عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ﴾ سزای ڕۆژێکی نەزۆک و بێ خێر (کە ڕۆژی قیامەتە) ﴿٥٥﴾

﴿ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ﴾ دەسەلآت و پاشایەتی لەو رۆژەدا تەنها بۆ خوایە ﴿يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ﴾ لەنێوانیاندا دادوەری دەکات ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەمجا ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ لە بەهەشتانی پڕ نازو نیعمەت دان ﴿٥٦﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە ئەو کەسانەی بێ باوەڕ بوون ﴿وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ﴾ بۆ ئەوانە هەیە ﴿عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ سزای ڕیسواکەر ﴿٥٧﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟﴾ وە ئەو کەسانەی کۆچیان کردووە ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەڕێگای خوادا ﴿ثُمَّ قُتِلُوٓا۟ أَوْ مَاتُوا۟﴾ پاشان کوژران(شەهید بوون) یان مردن ﴿لَيَرْزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزْقًا حَسَنًا﴾ بێگومان خوا ڕزق وڕۆزیەکی چاکیان دەداتێ ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بێگومان خوا ﴿لَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ چاکترینی ڕۆزی دەرانە ﴿٥٨﴾ ﴿لَيُدْخِلَنَّهُم مُّدْخَلًا يَرْضَوْنَهُۥ﴾ سوێند بەخوا، خوا ئەوانە دەخاتە جێگایەك کەپێی ڕازی دەبن ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ﴾ وە بێگومان خوا زانای لەسەر خۆیە ﴿٥٩﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەمەی (باسمان کرد بۆت) ﴿وَمَنْ عَاقَبَ﴾ وە هەر کەسێك تۆڵەی خۆی بسێنێت (لەدەس درێژی کەر) ﴿بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ﴾ بەوێنەی ئەو ستەمەی لێی کراوە ﴿ثُمَّ بُغِىَ عَلَيْهِ﴾ لەدوای ئەوە جارێکی تر دەست درێژی بکرێتە سەر ﴿لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُ﴾ ئەوە بێگومان خوا یارمەتی دەدات (سەری دەخات) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾ بەڕاستی خوا چاوپۆشی کەری لێبوردەیە ﴿٦٠﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئەم (سەرخستنەی خوا) لەبەر ئەوەیە بەڕاستی خوا ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ﴾ (ئەوەندە بەدەسەلآتە) شەو دەباتە ناو ڕۆژەوە (کاتێك شەو درێژ تر بێت لەڕۆژ) ﴿وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ﴾ وەڕۆژ دەباتە ناو شەوەوە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ﴾ وە بێگومان خوا بیسەری بینایە ﴿٦١﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەمە ﴿بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ﴾ لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر خوا هەق و ڕاستە ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ وەبێگومان ئەوەی جگە لەخوا هاواری لێ دەکەن (وەیپەرستن) ﴿هُوَ ٱلْبَٰطِلُ﴾ هەر ئەو بەتاڵ و ناڕاستە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ وبەڕاستی خوا ﴿هُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ﴾ هەر خۆی بەرزو بڵندو گەورەیە ﴿٦٢﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نابینی ﴿أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ﴾ کەبەڕاستی خوا باراندویەتی ﴿مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ لە ئاسمانەوە باران ﴿فَتُصْبِحُ ٱلْأَرْضُ مُخْضَرَّةً﴾ (بەهۆی ئەو بارانەوە) زەوی سەوز دەبێت (بەڕووك) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ﴾ بێگومان خوا ووردبینی ئاگایە (بە هەموو شتێك) ﴿٦٣﴾ ﴿لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ هەر بۆ خوایە ئەوەی لە ئاسمانەکانە ﴿وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ و ئەوەیشی لە زەویدایە ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ﴾ وە بەڕاستی خوا ﴿لَهُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ هەر خۆی بێ نیاز و دەوڵەمەندە وشایستەی سوپاسە ﴿٦٤﴾

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئایا نابینی (نازانی) بەڕاستی خوا ﴿سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ڕامی هێناوە بۆتان وخستویەتیە خزمەتتانەوە هەموو ئەو شتانەی لەزەویدایە ﴿وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى﴾ وەکەشتی (ڕام هێناوە بۆتان) ودەڕوات ﴿فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ﴾ بەناو دەریادا بەفەرمانی ئەو (بەفەرمانی خوا) ﴿وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ﴾ وەئاسمانی ڕاگیر کردووە ﴿أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ﴾ تا نەکەوێت بەسەر زەویدا ﴿إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ﴾ مەگەر بەفەرمانی ئەو نەبێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ دڵسۆز و میهرەبانە بەرانبەر بەخەڵکی ﴿٦٥﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاكُمْ﴾ وە ئەو (خوا) زاتێکە کەژیانی پێ بەخشیوون (لەسەرەتای دروسکردنتانەوە) ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ﴾ دواتر دەتانمرێنێت پاشان زیندووتان دەکاتەوە ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَكَفُورٌ﴾ بێگومان خەڵکی زۆر ناسوپاس و سڵەن ﴿٦٦﴾ ﴿لِّكُلِّ أُمَّةٍ﴾ بۆ هەموو ئوممەتێك ﴿جَعَلْنَا مَنسَكًا﴾ شەریعەت و بەرنامەیەکمان داناوە ﴿هُمْ نَاسِكُوهُ﴾ ئەوان کاریان پێ کردووە ﴿فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِى ٱلْأَمْرِ﴾ کەواتە نابێت (خاوەن ئایینەکانی تر) لەکاری ئایینداکێشە و ئاژاوەت لەگەڵدا دروست کەن ﴿وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾ وەتۆ خەڵك بانگ بکە بۆ لای پەروەردگارت ﴿إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ﴾ بێگومان تۆ لەسەر ئایینێکی ڕاستی ﴿٦٧﴾ ﴿وَإِن جَٰدَلُوكَ﴾ جا ئەگەر دەمەقاڵێ وموجادەلەیان لەگەڵدا کردیت ﴿فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ تۆش بڵێ خوا خۆی چاك دەزانێ بەو کردەوانەی کە ئێوە دەیکەن ﴿٦٨﴾ ﴿ٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ﴾ خوا دادوەری دەکات لەنێوانتاندا ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەڕۆژی دواییدا ﴿فِيمَا كُنتُمْ﴾ لەو شتانەی کەئێوە ﴿فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ تێیدا جیاوازن ﴿٦٩﴾ ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ﴾ ئایا نازانی ﴿أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ﴾ بەڕاستی خوادەزانێ ﴿مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ بەهەموو ئەو شتانەی لە ئاسمان و زەویدایە ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ فِى كِتَٰبٍ﴾ بێگومان ئەوەی باسکرا لەکتێب لە (لوح المحفوظ) دایە ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ بەڕاستی ئەم (زانارییەی باسکرا) بەلای خواوە ئاسانە ﴿٧٠﴾ ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا﴾ ئەوان جگە لەخوا شتێك دەپەرستن ﴿لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا﴾ (خوا) هیچ بەڵگەیەکی نەناردۆتە خوارەوە لەسەری ﴿وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِۦ عِلْمٌ﴾ وە بێگومان خۆشیان هیچ زانیارییان دەربارەی ئەو (پەرستراوە) نیە ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ﴾ وەبۆ ستەمکاران نیە ﴿مِن نَّصِيرٍ﴾ هیچ یارمەتی دەرێك ﴿٧١﴾ ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ وەکاتێ بخوێنرێتەوە بۆیان ﴿ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ﴾ نیشانە ڕوونەکانی ئێمە ﴿تَعْرِفُ فِى وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ لەدەم و چاوی ئەو کەسانەی بێ باوەڕن دەبینی ﴿ٱلْمُنكَرَ﴾ ڕووگرژی و تووڕەیی ﴿يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ﴾ نزیکە پەلامار (وهێرش) بەرن بۆ ئەو کەسانەی ﴿يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا﴾ کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنێتەوە ﴿قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ ﴿بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ﴾ بەخراپتر لەو (ڕوگرژی و تووڕەییەی) ئێوە چێی پە ﴿ٱلنَّارُ﴾ ئاگری دۆزەخە ﴿وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ کەخوای گەورە بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە بێ باوەڕن ﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ چ جێگە و ئاکامێکی خراپە (کە پێ ی دەگەن) ﴿٧٢﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ﴾ نموونەیەك هێنراوەتەوە جا گوێی بۆ بگرن ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ﴾ بێگومان ئەوانەی هاواریان لێ دەکەن ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ لە جیاتی خوا ﴿لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا﴾ هەرگیز ناتوانن مێشێك دروست بکەن ﴿وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ﴾ هەرچەند هەموو شیان بۆی کۆببنەوە ﴿وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا﴾ وە ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بفڕێنێ ﴿لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ﴾ ناتوانن لێی بسێننەوە ﴿ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ﴾ داواکار و داوالێ کراو لاواز و بێ دەسەڵاتن ﴿٧٣﴾ ﴿مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ﴾ ئەوانە بەو شێوە پێویستە خوا بناسن نەیان ناسیوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾ بێگومان خوا بە توانای بەدەسەڵاتە ﴿٧٤﴾ ﴿ٱللَّهُ يَصْطَفِى مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا﴾ خوا لە فریشتەکاندا نێردراو هەڵدەبژێرێت ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ﴾ هەروەها لە خەڵکیش دا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەری بینایە ﴿٧٥﴾ ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ خوا ئاگاداری بەوەی لە بەردەمیاندایە (رووی داوە) و بەوەی لە دوایانەوەیە (دواتر ڕووەدات) ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾ و هەموو کارەکان هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە ﴿٧٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿ٱرْكَعُوا۟ وَٱسْجُدُوا۟ وَٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ کڕنوش و سوژدە بەرن و پەروەردگارتان بپەرستن ﴿وَٱفْعَلُوا۟ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۩﴾ وە کاری چاك بکەن بۆ ئەوەی ڕزگاربن ﴿٧٧﴾ ﴿وَجَٰهِدُوا۟ فِى ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ﴾ جیهاد و تێکۆشان بکەن لە پێناوی خوادا بەو شێوەیەی شایستە وشیاویەتی ﴿هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ﴾ ئەو (خوا) ئێوەی هەڵبژاردوە (بۆ هەڵگرتنی ئەم ئاینە) ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ وە لە ئایندا هیچ کارێکی قورس و گرانی لەسەر دانەناون ﴿مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ﴾ ئەمە ئاینی ئیبراهیمی باوە گەورەتانە ﴿هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِى هَٰذَا﴾ ئەو (خوا) پێشتر ئێوەی بە موسڵمان ناوناوە وەلەم قورئانەشدا ﴿لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ﴾ تا پێغەمبەر ببێت بە شاهید لەسەر ئێوە ﴿وَتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ وە ئێوەش ببنە شاهید لەسەر خەڵکی ﴿فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ کەواتە بە چاکی نوێژەکانتان بکەن وزەکات بدەن ﴿وَٱعْتَصِمُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ وە تەنها پشت بە خوا ببەستن ﴿هُوَ مَوْلَىٰكُمْ﴾ چونکە هەر ئەو پشتیوانتانە ﴿فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ﴾ ئای چەند پشتیوان و یارمەتی دەرێکی چاکە ﴿٧٨﴾

سورەتی ﴿ المؤمنون ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ﴾ بەڕاستی باوەڕداران ڕزگار دەبن (سەر دەکەون) ① ﴿الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ﴾ ئەوکەسانەی کەلە نوێژەکانیاندا ﴿خَاشِعُونَ﴾ لەخواترسن (گەردن کەچن بۆخوا) ② ﴿وَالَّذِينَ هُمْ﴾ وە ئەوانەی ﴿عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ﴾ لەشتی بێ هووده خۆیان دوور دەگرن ③ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ﴾ وە ئەوانەی ﴿لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ﴾ کەزەکاتی (سامانیان) دەردەکەن ④ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ﴾ وەئەوانەی ﴿لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ﴾ کەپارێزەری داوێنیان (لەشەروان پیسی) ⑤ ﴿إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ﴾ مەگەر بۆ خێزانی خۆیان ﴿أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ﴾ یابۆ کەنیزەکێك کەبووبن بەخاوەنیان ﴿فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ ئەوە بەڕاستی ئەوانە سەرزەنشت ناکرێن ⑥ ﴿فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا هەرکەسێ نیازی جگەلەو (دووجۆرە ئافرەتە) بکات (و ئارەزووی خۆی تێربکات) ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ﴾ ئەوسا ئەوانە دەست درێژی کەرن ⑦ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾ وە ئەوانەی کەپارێزەری سپاردەو پەیمانەکانیانن ⑧ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ وەئەوانەی کەبەردەوامن لەسەر نوێژەکانیان ⑨ ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ﴾ هەر ئەوانەن میرات گران ⑩ ﴿الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ﴾ ئەوانەی کەدەبنە خاوەنی فیردەوس ومیراتگری (بەهەشت) ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ ئەوان لەبەهەشتدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ⑪ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی مرۆڤمان دروست کرد ﴿مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ﴾ لەخۆلاسەو پاڵفتەیە لەقوڕ ⑫ ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً﴾ لەپاشان ئەومان کرد بەنوتفەیەك ﴿فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ﴾ لەئارامگایەکی قایم (منالدانی دایك)دا ⑬ ﴿ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً﴾ دواتر نوتفەکەمان کرد بەخوێنی مەییو ﴿فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً﴾ ئەمجا خوێنە مەییوەکەشمان کرد بەپارچە گۆشتێکی جووا و ﴿فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا﴾ ئەمجا پارچە گۆشتەکەشمان کرد بەئێسقان ﴿فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا﴾ ئەمجا بەگۆشت (بەیکەرە) ئێسکەکەمان داپۆشی ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ﴾ پاشان ئەومان کرد بەدروست کراوێکی تر ﴿فَتَبَارَكَ اللَّهُ﴾ جا گەورە وپیرۆزە ئەو خوایەی ﴿أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾ کەچاکترینی بەدی هێنەرانە ⑭ ﴿ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ﴾ پاشان بەڕاستی ئێوە لەدوای ئەوە هەموتان دەمرن ⑮ ﴿ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ﴾ لە پاشان بێگومان ئێوە لەڕۆژی دواییدا زیندوو دەکرێنەوە ⑯ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی لەسەری ئێوەوە دروستمان کردوە ﴿سَبْعَ طَرَائِقَ﴾ حەوت نهۆم ئاسمان ﴿وَمَا كُنَّا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ﴾ وە ئێمە لە دروست کراوەکان بێ ئاگانین ⑰

﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ﴾ وە لە ئاسمانەوە بە ئەندازە(ی پێویست) بارانمان بارانـد ﴿فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەمجا ئەو (ئاوە)مان لە زەوی دا هێلایەوە (ڕاگرت) ﴿وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ﴾ وە بێگومان ئێمە بەسەر لەناوبردنی ئـەو (ئـاوە)دا. ﴿لَقَـٰدِرُونَ﴾ بەتوانایـن ﴿١٨﴾ ﴿فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ﴾ ئەمجا بـە هۆی ئەو (بارانـە)وە بەدیمان هێناوە (ڕواندومانـە) بۆتـان ﴿جَنَّـٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَـٰبٍ﴾ چەند باخـی خورما و تری ﴿لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ﴾ بـۆ ئێوە هەیە لەو باخانەدا میوەی زۆر ﴿وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾ وە لە هەندێکیان دەخۆن (بەشێوەی بژێوی وەك میوژ و خورما) ﴿١٩﴾ ﴿وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَآءَ﴾ هەروەها (ڕواندومانە)جۆرە دارێك (زەیتون) کەلە طوری سینا دەڕوێت ﴿تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْـَٔاكِلِينَ﴾ کە ڕۆن و پێخۆرێك دەگرێت بۆ ئەوانەی دەیخۆن ﴿٢٠﴾ ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَـٰمِ لَعِبْرَةً﴾ وە بەڕاستی بـۆ ئێـوە لە مـالآت و ئاژەڵدا پەنـد هەیە ﴿نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهَا﴾ پێتان دەنۆشـین ئەو (شیر)ەی لـە ناو سکیاندایە ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ كَثِيرَةٌ﴾ وە بـۆ ئێوە لەو (ئاژەڵانەدا) سـوود و کەڵکێکـی زۆر هەیە ﴿وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾ و لێشـیان دەخـۆن ﴿٢١﴾ ﴿وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ﴾ وە لەسـەر (پشـتی هەنـدێ لـە) ئەوان و لەسـەر (پشـتی) کەشـتییەکانیش سـوار دەکرێـن ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ سـوێند بەخـوا بەڕاسـتی ئێمـە نووحمـان نـارد بـۆ لای هۆزەکـەی ﴿فَقَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ جا پێـی ووتـن ئـەی هۆزەکەم خوا بپەرسـتن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ ئێـوە جگە لەو پەرسـتراوێکی ترتان نی یە ﴿أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ دەی ئایـا خۆتان ناپارێزن ﴿٢٣﴾ ﴿فَقَالَ﴾ جـا ووتیـان ﴿ٱلْمَلَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ﴾ ئـەو دەسـەڵاتدار و ناودارانـەی کـە یێ بـاوەڕ بوون لە هۆزەکـەی (نـووح) ﴿مَا هَـٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ ئـەم (نووحـە) تەنهـا کەسێکە وەك ئێوە ﴿يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ﴾ دەیەوێـت خۆی بکاتە گەورە بەسـەرتانەوە ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَـٰٓئِكَةً﴾ ئەگەر خوا بیویسـتایە (پێغەمبەرێك بنێرێ) فریشـتەی دەنارد خوارەوە ﴿مَّا سَمِعْنَا بِهَـٰذَا﴾ ئێمە شـتی وامان نەبیسـتووە ﴿فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ﴾ لە بـاوو باپیـرە پێشـووەکانمانەوە ﴿٢٤﴾ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌۢ﴾ ئەم (نووحە) هـەر پیاوێکە ﴿بِهِۦ جِنَّةٌ﴾ شـێتی لەگەڵدایە ﴿فَتَرَبَّصُوا۟ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٍ﴾ جا تاماوەیەك چاوەڕوانی بکەن (بەڵکو چاك بێتەوە) ﴿٢٥﴾ ﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى﴾ (نووح) ووتی ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدە (سەرم بخە) ﴿بِمَا كَذَّبُونِ﴾ لەبەر ئەوەی باوەڕم پێ ناهێنن ﴿٢٦﴾ ﴿فَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ﴾ ئەمجا ئێمە نیگامان بۆ کرد ﴿أَنِ ٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ﴾ کە کەشـتیەکە دروسـت بکە ﴿بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا﴾ بە پێش چاو و چاودێری وفەرمان و نیگای ئێمە (لەم ئایەتەدا باسی سیفەتی -چاو، عین- هاتووە بۆ خوای گەورە، بڕوامان پێیەتـی بەبـێ هیچ لێچوانـدن ولێکدانەوەیەك ، شـێوەکەی نازانیـن وە تەنها خوا خـۆی دەزانێت) ﴿فَإِذَا جَآءَ أَمْرُنَا﴾ ئەمجـا کاتـێ فەرمانـی ئێمە (بـۆ لەناوبردنی ئـەوان) هات ﴿وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ﴾ و ئـاو لە تەنـورەوە هەڵقوڵا (نیشـانەی دەسـپێکردنی توفانەکەیـە) ﴿فَٱسْلُكْ فِيهَا﴾ تـۆش بیخـەرە نـاو کەشـتی یەکـەوە (سـواری کـە) ﴿مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ﴾ لـە هەمـوو جـۆرە (ئاژەڵێك)جوتێـك (نێـر ومێ یـەك) ﴿وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ مِنْهُمْ﴾ هەروەها (سـوار بکـە تەنداماتی)خێزانەکەت جگە لەوانەیان کە بڕیاری لـە ناو چوونیان دراوە (کـە کوڕەکـەی و هاوسـەرەکەی بوون) ﴿وَلَا تُخَـٰطِبْنِى﴾ وقسەشـم لە گەڵدا مەکـە ﴿فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟﴾ لەبارەی ئەوانەی کەستەمیان کردوە (و باوەڕیان نەهێنا) ﴿إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ﴾ چونکە بێگومان ئەوانە دەخنکێترێن ﴿٢٧﴾

﴿فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ﴾ ئەمجا کاتێ تۆو ئەو کەسانەی لەگەڵت دان سواری کەشتی بەکە بوون ﴿فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى﴾ (ئەی نووح) بڵێ سوپاس بۆ خوایەکی ئەو تۆ ﴿نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ کە ئێمەی ڕزگار کرد لە دەست گەلی زاڵمان ﴿٢٨﴾ ﴿وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا﴾ وە بڵێ ئەی پەروەردگارم دامبەزێنە (لە کەشتی بەکە) لە جێگایەکی پیرۆز و بەفەڕدا (کە کێوی جوودی یە لە کوردستانی تورکیا) ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ﴾ وە تۆ (خوایە) چاکترینی دابەزێنەرانی ﴿٢٩﴾ ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ﴾ بەڕاستی لەم (بەسەرهاتەی نووح دا) پەند ونیشانەی زۆر هەیە (بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند) ﴿وَّإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ﴾ وەبەڕاستی ئێمە تاقیکەرەوەین (بۆ هەموو خەڵک) ﴿٣٠﴾ ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ پاشان لەدوای ئەوان بەدیمان هێنا ﴿قَرْنًا ءَاخَرِينَ﴾ گەل و نەوەیەکی تر ﴿٣١﴾ ﴿فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ﴾ ئەمجا لەناو ئەواندا پێغەمبەرێکمان لە خۆیان نارد ﴿أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ (پێی ووتن) تەنها خوا بپەرستن ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ جگە لەو (خوایە) بەرستراوێکی ترتان نی یە ﴿أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ دەی ئایا خۆتان ناپارێزن (لە خوا ناترسن) ﴿٣٢﴾ ﴿وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ﴾ دەسەڵاتداران وناودارانی (هوود علیه السلام) ووتیان ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئەوانەی کە بڕوایان نەهێناو بێ باوەڕ بوون بە دیداری ڕۆژی دوایی ﴿وَأَتْرَفْنَٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ وە لە ژیانی دونیادا ناز و نیعمەتمان پێ دابوون ﴿مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ (ووتیان) ئەمە هەر مرۆڤێکە وەک ئێوە ﴿يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ﴾ لەوەی ئێوە دەیخۆن (ئەویش) دەخوات ﴿وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ﴾ وە لەوەی ئێوە دەیخۆنەوە (ئەویش) دەخواتەوە ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی بەشەرێکی وەک خۆتان بکەن ﴿إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ﴾ بێگومان ئەو کاتە ئێوە لە زیان باران دەبن ﴿٣٤﴾ ﴿أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ﴾ ئایا ئەو (هوود علیه السلام) بەڵێن بە ئێوە دەدات کەبەڕاستی کاتێ مردن ﴿وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَٰمًا﴾ وە بوون بەخاک و ئێسک (ی ڕزیوو) ﴿أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ﴾ بێگومان ئێوە (لە گۆڕ) دەر دەهێنرێن (زیندوو دەکرێنەوە) ﴿٣٥﴾ ﴿هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ﴾ زۆر دوورە، ئەستەمە ﴿لِمَا تُوعَدُونَ﴾ ئەو بەڵێنەی بە ئێوە دراوە (گوایە زیندوو دەکرێنەوە) ﴿٣٦﴾ ﴿إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا﴾ ژیان (یەکی تر) نی یە تەنها ژیانی ئەم دونیایەمان نەبێ ﴿نَمُوتُ وَنَحْيَا﴾ دەمرین ودەژین (ئەوە لە دوای نەوە) ﴿وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ﴾ وە ئێمە زیندوو ناکرێینەوە ﴿٣٧﴾ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ﴾ ئەوە (کە دەڵێ پێغەمبەرم) تەنها پیاوێکە ﴿ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ درۆ دەکات بەدەم خواوە ﴿وَمَا نَحْنُ لَهُۥ بِمُؤْمِنِينَ﴾ وە ئێمە هەرگیز باوەڕی پێ ناکەین ﴿٣٨﴾ ﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى﴾ (هوود علیه السلام) ووتی ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدە (و تۆڵەیان لێ بسەنە) ﴿بِمَا كَذَّبُونِ﴾ بەهۆی ئەوەی کە باوەڕم پێ ناهێنن ﴿٣٩﴾ ﴿قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ﴾ (خوا) فەرمووی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ﴿لَّيُصْبِحُنَّ نَٰدِمِينَ﴾ بێگومان پەشیمان دەبنەوە ﴿٤٠﴾ ﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ﴾ ئەمجا شریخە و دەنگێکی زۆ بەهێز (دای بەسەریاندا) هەموویانی گرت کە هەقیان بوو ﴿فَجَعَلْنَٰهُمْ غُثَآءً﴾ وئەوانمان کرد بە (وێنەی) پوش و کەفی (سەر لافاو) ﴿فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ جا دووری (لە ڕەحمەتی خوا) بۆ گەلی ستەمکاران ﴿٤١﴾ ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ دواتر لە پاش ئەوان بەدیمان هێنا ﴿قُرُونًا ءَاخَرِينَ﴾ چەند گەل وئوممەتێکی تر ﴿٤٢﴾

﴿مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا﴾ هیچ ئوممەتێ لە ماوەی دیاری کراو (بۆ مردن)یان نە پێش دەکەون ﴿وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ﴾ نەدواش دەکەون ﴿٤٣﴾ ﴿ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا﴾ لەپاشان پێغەمبەرانی خۆمان یەك لەدوای یەك نارد ﴿كُلَّ مَا جَاءَ أُمَّةً رَسُولُهَا﴾ هەر کاتێ ئوممەتێك لەخۆیان پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە ﴿كَذَّبُوهُ﴾ باوەڕیان پێ نەدەهێنا ﴿فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُمْ بَعْضًا﴾ جا ئێمەش ئەم ئوممەتە (بێ باوەڕانەمان) یەك بە دوای یەکدا (لەناوبرد) ﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ﴾ وە(باسی) ئەوانمان کردە ڕووداو وچەند بەسەرهاتێك (کەخەڵکی لەنێوان خۆیان باسی بکەن) ﴿فَبُعْدًا لِقَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەمجادووری (لەڕەحمی خوا) بۆ گەلێ باوەڕ ناهێنن ﴿٤٤﴾ ﴿ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَارُونَ﴾ لەپاشان مووسا و هاروونی برایمان نارد ﴿بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُبِينٍ﴾ بەنیشانەکانمان و بەڵگەی ئاشکراوە ﴿٤٥﴾ ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ﴾ بۆ لای فیرعەون و دارو دەستەکەی ﴿فَاسْتَكْبَرُوا﴾ بەڵام خۆیان بە گەورە دانا (باوەڕیان نەهێنا) ﴿وَكَانُوا قَوْمًا عَالِينَ﴾ وە ئەوان گەلێکی دەسەڵاتدار بوون بەسەر خەڵکیدا ﴿٤٦﴾ ﴿فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا﴾ ئەمجا ووتیان ئایا ئێمە بەدوو کەسی وەك خۆمان باوەڕ بێنین. ﴿وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ﴾ لەکاتێکدا گەلەکەیان (بەنی ئیسرائیل) ئێمە دەپەرستن (گەردن کەچن بۆ ئێمە) ﴿٤٧﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُمَا﴾ لەبەر ئەوە باوەڕیان پێ نەهێنان ﴿فَكَانُوا مِنَ الْمُهْلَكِينَ﴾ ئەمانیش (وەك گەلانی تر) لەناو بران ﴿٤٨﴾ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە تەوراتمان بەخشی بەمووسا ﴿لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ﴾ تا (بەنی ئیسرائیل) ڕێنمووون بین ﴿٤٩﴾ ﴿وَجَعَلْنَا ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ آيَةً﴾ هەروەها عیسای کوڕی مەریەم و دایکیمان کرد بەبەڵگەو موعجیزەیەك ﴿وَآوَيْنَاهُمَا إِلَىٰ رَبْوَةٍ﴾ و هەر دووکیان (عیسا و دایکی)مان دانا لەشوێنێکی بڵند (بیت المقدس) ﴿ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ﴾ کەخاوەنی (هەموو هۆیەکی) حەسانەوەو کانیاوە ﴿٥٠﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ﴾ ئەی ئێر ڕاوانی خودا ﴿كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ﴾ لەخۆراکی پاك (حەڵاڵ) بخۆن ﴿وَاعْمَلُوا صَالِحًا﴾ وە کردەوەی چاك بکەن ﴿إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ (چونکە) بەڕاستی من بەوەی ئێوە دەیکەن ئاگادارم ﴿٥١﴾ ﴿وَإِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ﴾ وەبێگومان هەر ئەمەیە ئاین و دینی ئێوە (ئەی پێغەمبەران دەستی پێوە بگرن) ﴿أُمَّةً وَاحِدَةً﴾ کەیەك ئایین و یەرنامەیە ﴿وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ﴾ وەمنیش پەروردگارتانم کەواتە خۆتان بپارێزن (لەتۆڵەم) ﴿٥٢﴾ ﴿فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُرًا﴾ (شوێنکەو توانیان) ئاینەکەیان (کەیەك ئایین بوو) پارچە پارچە کرد لەنێوان خۆیاندا بەچەند پارچەیەك ﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ جا هەر کۆمەڵ و دەستەیەکیان دڵخۆشن بەو (بەشە ئایینەی) کەهەیانە ﴿٥٣﴾ ﴿فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ﴾ کەوا بوو وازیان لێ بێنە لەو بێ ئاگایی و گومڕایی یەی داپۆشیون ﴿حَتَّىٰ حِينٍ﴾ (بابڕێن) ناماوەیەك ﴿٥٤﴾ ﴿أَيَحْسَبُونَ﴾ ئایا ئەوانە وادەزانن ﴿أَنَّمَا نُمِدُّهُمْ بِهِ﴾ ئەوەی پێیان دەبەخشین ﴿مِنْ مَالٍ وَبَنِينَ﴾ لەسامان و منداڵان ﴿٥٥﴾ ﴿نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ﴾ (بەهۆی شیاویانەوە) پەلەمان کردووە بۆیان لەخێر وخۆشیەکاندا ﴿بَل لَّا يَشْعُرُونَ﴾ (نەخێر وانی یە) بەڵکو ئەوانە هەست ناکەن (کە بۆ تاقی کردنەوەیانە) ﴿٥٦﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ﴾ بەڕاستی ئەو کەسانەی لەترسی (سزای) پەروەردگاریان هەمیشە دەترسن ﴿٥٧﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ﴾ وە ئەو کەسانەش کە بەئایەتەکانی پەروەردگاریان باوەڕ دێنن ﴿٥٨﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ﴾ وە ئەو کەسانەش کەهاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن ﴿٥٩﴾

﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا﴾ وە ئەو کەسانەی کەدەیبەخشن ئەوەی (لەزەکات و خێر دەیێ) بیبەخشن ﴿وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ﴾ لەکاتێکدا دڵیان دەترسێ (دەڵەرزێ) ﴿أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ﴾ لەبەر ئەوەی دڵنیان بۆ لای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە ﴿٦٠﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ ئا ئەوانە (کە خاوەنی ئەو سیفەتانە بوون باسکران) پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی چاکەکاندا ﴿وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ﴾ وە ئەوان بۆ چاکە کردن لەپێشن ﴿٦١﴾ ﴿وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ وە ئێمە ئەرك ناخەینە سەر هیچ کەس بەقەدەر توانای خۆی نەبێ ﴿وَلَدَيْنَا كِتَٰبٌ يَنطِقُ بِٱلْحَقِّ﴾ وە کتێبێکمان لەلایە (کردەوەی هەموو بەندەکانی تێدایە) کەبەڕاست و دروستی دەدوێ ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وەهیچ ستەمێك لەوان ناکرێ ﴿٦٢﴾ ﴿بَلْ قُلُوبُهُمْ﴾ بەڵام (بێ بڕوایان) دڵەکانیان ﴿فِى غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا﴾ لەبێ ئاگایی و نەزانی دایە لەم (کتێب و نامەی کردەوە) ﴿وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ﴾ وە ئەوان چەند کردەوەی خراپی تریان هەیە جیاوازە لە کردەوەی باوەڕداران ﴿هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ﴾ کە ئەوان هەمیشە ئەنجام دەریانن ﴿٦٣﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ﴾ هەتا ئەو کاتەی ﴿أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِم بِٱلْعَذَابِ﴾ کەسزا بەسەر گەورەو خۆش گوزەرانەکانیاندا دێنین (لەدونیادا) ﴿إِذَا هُمْ يَجْـَٔرُونَ﴾ لەناکاودا ئەوان دەس دەکەن بە هاوار و پاڕانەوە ﴿٦٤﴾ ﴿لَا تَجْـَٔرُوا۟ ٱلْيَوْمَ﴾ (پێ یان دەوترێ) ئەمڕۆ هاوار مەکەن ﴿إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ﴾ بەڕاستی ئێوە لەلایەن ئێمەوە یارمەتی نادرێن ﴿٦٥﴾ ﴿قَدْ كَانَتْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ بێگومان (پێشتر) ئایەتەکانی من دەخوێندرایەوە بەسەرتاندا ﴿فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ تَنكِصُونَ﴾ بەڵام ئێوە بەدوای خۆتاندا پاشەوپاش دەگەڕانەوە ﴿٦٦﴾ ﴿مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ﴾ لەبەرامبەر ئەو (قورئانە)دا خۆتان بەگەورە دەزانی ﴿سَٰمِرًا تَهْجُرُونَ﴾ شەوگارتان دەبردە سەر بەگاڵتە کردن و قسەی ناشرین ووتن (بەئایەتەکانی ئێمە) ﴿٦٧﴾ ﴿أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا۟ ٱلْقَوْلَ﴾ دەی ئایا ئەوان (قورەیش) بیریان لەم قورئانە نەکردۆتەوە ﴿أَمْ جَآءَهُم﴾ یاشتێکیان بۆهاتووە ﴿مَّا لَمْ يَأْتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ کە بۆ باو و باپیرە پێشینەکانیان نەهاتووە ﴿٦٨﴾ ﴿أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا۟ رَسُولَهُمْ﴾ یاپێغەمبەرەکەیان نەناسیووە ﴿فَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ﴾ بەو هۆیەوە ئەوان دان بەپێغەمبەرایەتیەکەیدا نانێن ﴿٦٩﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةٌ﴾ یادەڵێن ئەو (پێغەمبەرە) شێتە ﴿بَلْ جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ﴾ (نەخێر وانی یە) بەڵکو حەق وڕاستی بۆ هێناون ﴿وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان بوغزێنەری حەق و ڕاستین (ڕقیان لێیەتی) ﴿٧٠﴾ ﴿وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ﴾ وە ئەگەر حەق و ڕاستی شوێن هەوا و ئارەزوی ئەوان بکەوتایە ﴿لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ﴾ ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی تیایاندایە دەشێوان و تێك دەچوون بەسەر یەکدا ﴿بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِذِكْرِهِمْ﴾ بەڵکو ئێمە قورئانێکمان بۆ هێناون کەهۆی یادخستنەوە(و سەربەرزی) یە بۆ ئەوان ﴿فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ﴾ بەڵام ئەوان لەبیر خستنەوە(و سەربەرزی) خۆیان پشتێکەرن ﴿٧١﴾ ﴿أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ خَرْجًا﴾ یا داوای پارە و خەرج لەوان دەکەیت (لەبەرانبەر بانگەوازەکەت دا بۆیە باوەڕ ناهێنن) ﴿فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ﴾ ئەو بەخشش و ڕۆزی پەروەردگارت چاکترە (بۆ تۆ ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ وە خوا چاکترینی ڕۆزی دەرانە ﴿٧٢﴾ ﴿وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ﴾ وە بەڕاستی تۆئەوان بانگ دەکەیت ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿٧٣﴾ ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ وە بێگومان کەسانێ کەباوەڕیان نییە بەڕۆژی دوایی ﴿عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ﴾ لەم ڕێگا ڕاستە لادەرن ﴿٧٤﴾

﴿وَلَوْ رَحِمْنَٰهُمْ﴾ وە ئەگەر ڕەحم بەوان (بت پەرستانی قورەیش) بکەین ﴿وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ﴾ وەئەو ناخۆشی و بەڵایەی لەسەریان بوو لایبەین و هەڵیگرین (کەبریتی بوو لەبرسێتی بۆماوەی حەوت سال) ﴿لَّلَجُّوا۟ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ (نەك بیر ناکەنەوە) بێگومان لەسەرکەشی خۆیان دا ڕۆدەچن وبەسەر گەردانی دەمێننەوە ﴿٧٥﴾ ﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَٰهُم بِٱلْعَذَابِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ئەوانمان تووشی سزا و ئازار کرد (تاهۆش بکەنەوە) ﴿فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ لِرَبِّهِمْ﴾ بەڵام ئەوان (لەبەرانبەر) پەروەردگاریاندا نەخۆیان بەکەم زانی (ملکەچ بوون بۆی) ﴿وَمَا يَتَضَرَّعُونَ﴾ وە نە هانا و نزایان (بۆخوا) دەبەن لەکاتی نارەحەتی دا ﴿٧٦﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا﴾ (بەردەوام بوون لەسەر حاڵی خۆیان) تاکاتێ دەرگایەکمان بۆ کردنەوە ﴿ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ کەسزایەکی زۆر سەختی هەبوو ﴿إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ﴾ ئیتر کتوپڕ لەوێدا بێ ئومێد بوون ﴿٧٧﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ﴾ وە ئەو (خوا) زاتێکە دروستی کردووە بۆ ئێوە گوێ و چاوو دڵ ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ سوپاسی ئەو ناکەن زۆر کەم نەبێ ﴿٧٨﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە ئەو (خوا) زاتێکە ئێوەی (دروست کردوە و) بڵاوی کردونەتەوە بەزەویدا ﴿وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ وەهەر لای ئەویش کۆدەکرێنەوە (لەڕۆژی دواییدا) ﴿٧٩﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾ وەئەو (خوا) زاتێکە دەژێنێ و دەمرێنێ ﴿وَلَهُ ٱخْتِلَٰفُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ وەجیاوازی شەوو ڕۆژیش هەربەدەست ئەوە ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە بیر ناکەنەوە؟ ﴿٨٠﴾ ﴿بَلْ قَالُوا۟ مِثْلَ مَا قَالَ ٱلْأَوَّلُونَ﴾ (نەخێر بیر ناکەنەوە) بەڵکو ئەوان هەر ئەوەیان دەووت کە پێشووەکانیان دەیان ووت ﴿٨١﴾ ﴿قَالُوٓا۟ أَءِذَا مِتْنَا﴾ دەیان ووت ئایا کاتێ کەمردیین ﴿وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا﴾ وبووین بەخۆڵ و ئێسکی (ڕزیوو) ﴿أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ﴾ ئایا ئێمە (جارێکی تر) زیندوو دەکرێینەوە ﴿٨٢﴾ ﴿لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا هَٰذَا﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئەم بەڵێنە بەئێمە و باوو باپیرانمان درابوو ﴿مِن قَبْلُ﴾ لەمەو پێش ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئەم (بەڵێنانە) هیچ نیە جگە لەئەفسانەی (قسەی پڕو پوچی) پێشووەکان ﴿٨٣﴾ ﴿قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ زەوی و ئەوەی لەناویدایە هی کێ یە؟ ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە شت دەزانن ﴿٨٤﴾ ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ﴾ بێگومان دەڵێن (هەمووی) هی خوایە ﴿قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ بڵێ دەی ئایا بیر ناکەنەوە ﴿٨٥﴾ ﴿قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ﴾ بڵێ ئەی کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمان ﴿وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴾ و پەروەردگاری عەرشی گەورەیە ﴿٨٦﴾ ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ﴾ بێگومان دەڵێن (هەمووی) هی خوایە ﴿قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ بڵێ دەی ئایا خۆتان ناپارێزن (لەخوا ناترسن) ﴿٨٧﴾ ﴿قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ﴾ بڵێ کێ فەرمان ڕەوایی هەموو شتێکی بەدەستە ﴿وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ﴾ وە پەنای (هەموو لایەك) دەدات و کەس لەو پەنا نادرێت ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە شت دەزانن ﴿٨٨﴾ ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ﴾ بێگومان دەڵێن (هەموو ئەوانە) هی خوان ﴿قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ﴾ بڵێ کەواتە ئێوە چۆن سیحر و جادووتان لێ کراوە (کە ئاینی خوا بەناحەق دەزانن لەگەڵ دان نانتان بەهەموو ڕاستی یەکانیدا) ﴿٨٩﴾

﴿بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِٱلْحَقِّ﴾ (نەخێر وانی یە) بەڵکو ئێمە ڕاستیمان بۆ هێناون ﴿وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾ وە بێگومان ئەوان درۆزنن ﴿٩٠﴾ ﴿مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ﴾ خوا هیچ ڕۆڵەیەکی بۆ خۆی بڕیار نەداوە ﴿وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ﴾ وە هیچ پەرستراوێکی تری لەگەڵدا نەبووە ﴿إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ﴾ (ئەگەر پەرستراوی تری لەگەڵدا بوایە) ئەوکاتە هەر پەرستراوێك چی دروست کردووە (بۆ خۆی) دەبرد ﴿وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ وە هەندێکیان زاڵ دەبوون بەسەر هەندێکی تریاندا ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ خوا پاك وبێگەردە لەوەی ئەوان دەیڵێن ﴿٩١﴾ ﴿عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ (خوا) زانای هەموو نهێنی وئاشکراکانە ﴿فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ وە بەرزو بڵندە لەوەی کەئەوان (بت پەرستان) دەیکەنە هاوبەشی ﴿٩٢﴾ ﴿قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّى﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەی پەروەردگارم ئەگەر هەرنیشانم دەدەیت ﴿مَا يُوعَدُونَ﴾ ئەو سزایەی کەبەوان بەڵێن دراوە ﴿٩٣﴾ ﴿رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِى﴾ ئەی پەروەردگارم مەمخەرە ﴿فِى ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ڕیزی گەلی ستەمکارانەوە ﴿٩٤﴾ ﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَٰدِرُونَ﴾ وە بەڕاستی ئێمە بەتوانایین ئەو بەڵێنەی (سزای) بەوانمان داوە نیشانت بدەین ﴿٩٥﴾ ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ﴾ بە جوانترین و چاکترین شێوە بەرگری بکە لەخراپە ﴿نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ﴾ ئێمە ئاگادارترین بەوەی ئەوان دەیڵێن (بەخۆت و ئاینەکەت) ﴿٩٦﴾ ﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ﴾ وە بڵێ ئەی پەروەردگارم پەنا دەگرم بە تۆ ﴿مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ﴾ لەخەتەرە و(پاڵنەرو) وەسوەسەی شەیتانەکان ﴿٩٧﴾ ﴿وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ﴾ وە پەنات پێ دەگرم لەوەی (شەیتانەکان) ئامادەبن لام (سەرم لێ بشێوێنن) ﴿٩٨﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ (یێ بڕوایان وەك خۆیان دەمێننەوە) هەتا کاتێ مردن دێت بۆ هەر کامیان ﴿قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ﴾ ئەوسا دەڵێ ئەی پەروەردگارم بمگێڕەرەوە (بۆ دونیا) ﴿٩٩﴾ ﴿لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ﴾ بەڵکو کردەوەی چاك بکەم (لە بری ئەوەی نەمکردوە) لەو تەمەنەی لە دەستم چوو ﴿كَلَّآ﴾ هەرگیز ﴿إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا﴾ نەخێر بێگومان ئەمەی(کەدەیڵێت) تەنها قسەیەکە ئەو دەیڵێ (ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ دونیا هەروەك جاران دەبێت) ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ﴾ و لەپێشیانەوە بەرزەخێك (بەربەستێك) هەیە ﴿إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە ﴿١٠٠﴾ ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ﴾ ئەمجا کاتێ فوو دەکرێ بە شەیپوردا ﴿فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ﴾ لەو ڕۆژەدا هیچ خزمایەتیەك نامێنێ لە نێوانیاندا ﴿وَلَا يَتَسَآءَلُونَ﴾ وە پرسیاری یەکتری ناکەن ﴿١٠١﴾ ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ ئەمجا هەر کەسێ کێشراوە (چاکە)کانی قورس بێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوە ئەوانە ڕزگارو سەرکەوتوون ﴿١٠٢﴾ ﴿وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ وە کەسێ کێشراوە (چاکە)کانی سووك بێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ زیانیان لە خۆیان داوە، خۆیان دۆڕاندووە ﴿فِى جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ﴾ لە دۆزەخ دان بێ بڕانەوە ﴿١٠٣﴾ ﴿تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ﴾ (ئاگری دۆزەخ) دەم و چاویان دەسوتێنێ ﴿وَهُمْ فِيهَا كَٰلِحُونَ﴾ و هەموویان لە ئاگری دۆزەخ دا لێویان هەڵقرچاوە و دانەکانیان دەرکەوتووە ﴿١٠٤﴾

﴿أَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِي تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ (پێیان دەوترێت) ئایا ئایەتەکانی من لەدونیادا بەسەرتاندا نەدەخوێنرایەوە؟ ﴿فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ کەچی ئێوە بەدرۆتان دەزانی و ئیمانتان پێ نەدەهێنا ﴿١٠٥﴾ ﴿قَالُوا۟ رَبَّنَا﴾ (لەوەڵامدا) دەڵێن ئەی پەروەردگاری ئێمە ﴿غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا﴾ بەدی و خراپی خۆمان زاڵ بوو بوو بەسەرماندا ﴿وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ﴾ وە ئێمە کەسانێکی گومڕابووین ﴿١٠٦﴾ ﴿رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا﴾ ئەی پەروەدگارمان لەم (دۆزەخە) دەرمان بێنە ﴿فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ﴾ جا ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە (بۆ بێ باوەڕی) ئەوە بەڕاستی ئێمە ستەمکارین ﴿١٠٧﴾ ﴿قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ﴾ وە (خوا) دەفەرموێ: بە ڕیسوایی بمێننەوە لەدۆزەخدا و هیچ قسەیەکم لەگەڵدا مەکەن (إخساً: بۆ سەگ بەکاردێ کاتێ دەری دەکەیت و پێی دەڵێیت چغە) ﴿١٠٨﴾ ﴿إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى﴾ بێگومان لەدونیادا کۆمەڵێک لەبەندەکانی من ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا﴾ دەیانووت ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە ﴿فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا﴾ دەی لێمان خۆشبە و ڕەحممان پێ بکە ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ چونکە تۆ چاکترینی میهرەبانانی ﴿١٠٩﴾ ﴿فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا﴾ کەچی ئێوە گاڵتەتان بەوان دەکرد ﴿حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى﴾ تا (ئەو گاڵتە کردنەتان بە) ئەوان یادی منی لەبیربردنەوە ﴿وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ﴾ وە ئێوە هەمیشە بەوان پێدەکەنین ﴿١١٠﴾ ﴿إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ﴾ بێگومان ئەمڕۆ پاداشتم داونەتەوە ﴿بِمَا صَبَرُوٓا۟﴾ بەهۆی خۆگرییانەوە ﴿أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ﴾ بەڕاستی هەر ئەوانن سەرکەوتوو ﴿١١١﴾ ﴿قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ﴾ (خوا) دەفەرموێ: چەند ساڵ لەسەر زەوی دامانەوە؟ ﴿١١٢﴾ ﴿قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾ (لەوەڵامدا) دەڵێن ڕۆژێک یا کەمتر لەڕۆژێک ماینەوە ﴿فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ﴾ لەو (فریشت)انە بپرسە کەژمێریارن ﴿١١٣﴾ ﴿قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (خوا) فەرمووی نەماونەتەوە ماوەیەکی کەم نەبێت ﴿لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بەڕاستی ئێوە دەتانزانی؟ ﴿١١٤﴾ ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا﴾ ئایا ئێوە گومانتان وابووە کەبێگومان ئێوەمان بەبێ هودە دروست کردووە ﴿وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ وە بێگومان ئێوە ناگەڕێنەوە بۆلای ئێمە ﴿١١٥﴾ ﴿فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ﴾ جا بەرزو بڵندی بۆ خوای پاشای ڕاست و ڕەوا ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێک نی یە جگە لەو ﴿رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ﴾ کەپەروەردگاری عەرشی بەڕێزو بەرزە ﴿١١٦﴾ ﴿وَمَن يَدْعُ﴾ هەر کەس بپەرستێ ﴿مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا ﴿لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ﴾ کەهیچ بەڵگەیەکی نەبێ لەسەر ئەو (پەرستنە) ﴿فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ﴾ ئەوە بەڕاستی لێپرسینەوەی تەنها لای پەروەردگارێتی ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ بێگومان کافران ڕزگار نابن ﴿١١٧﴾ ﴿وَقُل رَّبِّ ٱغْفِرْ وَٱرْحَمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەی پەروەردگارم لێم خۆش بەو ڕەحمم پێ بکە ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ وە تۆ (خوایە) چاکترینی میهرەبانانی ﴿١١٨﴾

سورەتی ﴿النُّور﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا﴾ ئەمە سورەتێکە ئێمە نازدومانەتە خوارەوە ﴿وَفَرَضْنَاهَا﴾ و فەرزمان کردووە (گوێرایەڵی بریارەکانی) ﴿وَأَنزَلْنَا فِيهَا﴾ وە لەو (سورەتە) دا هێناومانەتە خوارەوە ﴿آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ﴾ ئایەتە ڕوونەکان ﴿لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی ئێوە بیر بکەنەوە ۝١ ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي﴾ ژن و پیاوی زیناکەر ﴿فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ هەریەکێکیان سەد دار (شەلاق)یان لێ بدەن ﴿وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ﴾ وە بەزەیی هاتنەوەتان پێیاندا (ژن و پیاوی زیناکەر) نەتان گرێ ﴿فِي دِينِ اللَّهِ﴾ لە (جێ بەجێ کردنی) فەرمانی خوا ﴿إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە ﴿بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ بەخواو بەڕۆژی دوایی ﴿وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا﴾ وە با ئامادەی بینینی سزادانی ئەو دووانە بن ﴿طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ کۆمەڵێك لەباوەڕداران ۝٢ ﴿الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً﴾ پیاوی زیناکەر مارە ناکات تەنها ئافرەتی زیناکەر و ئافرەتی موشریك نەبێ ﴿وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ﴾ وە ئافرەتی زیناکەر مارەی ناکات پیاوی زیناکەر یا پیاوی موشریك نەبێ ﴿وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەو (مارەکردن و شووکردن بەزیناکەر)ە یاساغ کراوە لەسەر ئیمانداران ۝٣ ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ﴾ وە ئەوانەی کەبوهتانی (زینا) دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك ﴿ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ﴾ لەپاشان چوار شایەت ناهێنن (لەسەر ڕاستی بوهتانەکەیان) ﴿فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾ ئەوە هەشتا دار (شەلاق)یان لێ بدەن ﴿وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا﴾ ئیتر هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ وە ئەوانە لەسنوور دەرچوون ۝٤ ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ جگە لەوانەی کە دوای ئەوە تەوبە دەکەن ﴿وَأَصْلَحُوا﴾ و کردەوەیان چاك دەکەن ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوسا بەڕاستی خوا لێخۆش بووی بەبەزەیی یە ۝٥ ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ﴾ ئەو (پیاوانەی) بوهتان بۆ خێزانەکانیان دەکەن ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنفُسُهُمْ﴾ وە بێجگە لەخۆیان هیچ شایەتێکیان نی یە ﴿فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ﴾ ئەوە شایەتی دانی هەریەك لەوانە (بەم جۆرەیە) ﴿أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾ کە چوار سوێند بەخوا بخوات کەبێگومان ئەو لەڕاستگۆیانە (کەدەڵێت خێزانەکەم بێنیوە زینای کردووە) ۝٦ ﴿وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ وەلەپێنجەم جاردا بڵێ نەفرینی خوا لەسەر ئەوبێ ﴿إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ ئەگەر درۆزن بێ ۝٧ ﴿وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ﴾ ئەو ئافرەتەش (کەتاوان بار کراوە لەلایەن مێردەکەیەوە) سزای (زینای) لەسەر لادەبات ﴿أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ بەمەی کەچوار جار سوێند بەخوا بخوات کەبێگومان مێردەکەی لەدرۆزنانە (درۆ دەکات) ۝٨ ﴿وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِن كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ وە لەپێنجەم جاردا (بڵێت) خەشمی خوای لەسەر بێ ئەگەر مێردەکەی لەڕاست گۆیان بێت ۝٩ ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ وە ئەگەر بەهرەو بەزەیی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە(هەر کام لەو پیاو و ئافرەتەی باسکران درۆزن بن خوا دەری دەخست و سزای دەدا لەدونیادا) ﴿وَأَنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ﴾ وە بێگومان خوا گێراکەری پەشیمانی و کار دروستە ۝١٠

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ﴾ بێگومان کەسانێ کە ئەو بوهتانەیان (بۆ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ) هەڵبەست ﴿عُصْبَةٌ مِّنكُمْ﴾ دەستەیەك بوون لەخۆتان (وموناڤیقیشیان تێدا بوو) ﴿لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم﴾ وا مەزانن ئەو (بوهتانە)شەڕو خراپە بۆتان ﴿بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ (وانی یە)بەڵکو خێرو چاکەیە بۆتان ﴿لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُم﴾ بۆهەر یەك لەوانە هەیە ﴿مَّا ٱكْتَسَبَ مِنَ ٱلْإِثْمِ﴾ لەتاوان بەو ئەندازەی هەوڵی داوە (لەو بوهتانەدا) ﴿وَٱلَّذِى تَوَلَّىٰ كِبْرَهُۥ مِنْهُمْ﴾ وە ئەو کەسەیان کەبەشی گەورەی بوهتانەکەی گرتە ئەستۆ (کەعەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو) ﴿لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (لەڕۆژی دواییدا) بۆ ئەوە سزای هەرە گەورە ﴿١١﴾ ﴿لَّوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ﴾ دەبوا کاتێ ئەو بوهتانەتان بیست ﴿ظَنَّ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا﴾ پیاوان وئافرەتانی ئیماندار گومانی چاکیان بەخۆیان ببردایە ﴿وَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ﴾ وەبیان ووتایە ئەمە بوهتانێکی ئاشکراو ڕوونە ﴿١٢﴾ ﴿لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ﴾ دە بۆچی ئەو بوهتان کەرانە چوار شایەتیان لەسەری نەهێنا ﴿فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ﴾ ئەمجا ئەگەر شایەتەکانیان نەهێنا ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ﴾ کەوانە هەر ئەوانەن لای خوا درۆزن ﴿١٣﴾ ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ وە ئەگەر بەهرە وڕەحمەتی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لەدونیا و ڕۆژی دوایی دا ﴿لَمَسَّكُمْ فِى مَآ أَفَضْتُمْ﴾ دوو چارتان دەبوو لەبەر ڕۆچوونتان لەو بوهتانەدا (بۆ عائیشە) ﴿فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ سزایەکی گەورە ﴿١٤﴾ ﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُۥ بِأَلْسِنَتِكُمْ﴾ کاتێ ئەم بوهتانەتان بەدەماو دەم لە یەکترەوە وەردەگرت ﴿وَتَقُولُونَ بِأَفْوَٰهِكُم﴾ وە بەزمانتان شتێك دەڵێن ﴿مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ﴾ کە زانیارێتان دەربارەی نەبوو ﴿وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا﴾ واتان دەزانی شتێکی سووك و ئاسانە ﴿وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ﴾ لەکاتێکدا لای خوا زۆر گەورەیە ﴿١٥﴾ ﴿وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم﴾ بۆچی کاتێ ئەمەتان بیست نەتان ووت ﴿مَّا يَكُونُ لَنَآ﴾ بۆ ئێمە شیاو نی یە ﴿أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا﴾ قسە(و بوهتانی)ی وا بکەین ﴿سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ﴾ پاك و بێگەردی بۆ تۆخوایە، ئەمە بوهتانێکی زۆر گەورەیە ﴿١٦﴾ ﴿يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ﴾ خوا ئامۆژگاریتان دەکات ﴿أَن تَعُودُوا۟ لِمِثْلِهِۦٓ أَبَدًا﴾ کە هەرگیز نەگەڕێنەوە بۆ وێنەی ئەوەی ڕووی دا ﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن ﴿١٧﴾ ﴿وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ وە خوا ئایەتەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای کار دروستە ﴿١٨﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی پێیان خۆشە ﴿أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ﴾ زینا (کرداری ناشیرین) بڵاوبێتەوە ﴿فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ لەناو خەڵکی ئیماندارا ﴿لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزای سەخیان بۆ هەیە ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ لەدونیاو ڕۆژی دوایی دا ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە خوا دەزانێ وئێوە نازانن ﴿١٩﴾ ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ ئەگەر بەهرەو بەزەیی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە (دووچاری سزا دەبوون بەهۆی ئەو بوهتانەوەکە کرا بۆ عائیشە) ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ وەبێگومان خوا بەسۆزی میهرەبانە ﴿٢٠﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ بەدوای هەنگاوەکانی شەیتان دا مەڕۆن ﴿وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ وە هەر کەس شوێن هەنگاوەکانی شەیتان بکەوێ ﴿فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾ چونکە بەڕاستی شەیتان فەرمان دەکات بە کاری زۆر ناشیرین (زینا) و خراپە ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ﴾ ئەگەر بەهرەو میهرەبانی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە ﴿مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا﴾ هەرگیز کەسێ لەئێوە پوخت و پاک نەدەبۆ وە ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ﴾ بەڵام خوا هەر کەسی بوێ (شیاوبێ) پاکی دەکاتەوە ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بیسەری زانایە. ﴿٢١﴾ ﴿وَلَا يَأْتَلِ﴾ باسوێند نەخۆن ﴿أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ﴾ ئەوانەتان کەخاوەنی چاکە وسەروەت و سامانن ﴿أَن يُؤْتُوٓاْ﴾ کەیارمەتی نەدەن ﴿أُوْلِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ بەخزمان و هەژاران و کۆچەران لەپێناوی خوادا ﴿وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ﴾ دەبا لێ بوورەبن و چاوپۆشی بکەن ﴿أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ ئایا پێتان خۆش نیە خوا لێتان خۆش بێ ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە خوا لێخۆش بوو و میهرەبانە. ﴿٢٢﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بێگومان ئەوانەی ﴿يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ بوهتانی زینا دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاکی بێ ئاگای ئیماندار ﴿لُعِنُواْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ نەفرینیان لێکراوە لەدونیا و ئاخیرەت دا ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وەبۆیان هەیە سزای زۆر گەورە ﴿٢٣﴾ ﴿يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ﴾ ڕۆژێك (دێ) شایەتی ئەدات لەسەریان ﴿أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم﴾ زمانیان و دەست و قاچەکانیان ﴿بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ بەوکردەوانەی کە کردوویانە ﴿٢٤﴾ ﴿يَوْمَئِذٍ﴾ لەو ڕۆژەدا ﴿يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلْحَقَّ﴾ خواپاداشتی تەواوی کاروکردەوەیان بەڕاستی ودادگەرانەوە دەداتەوە ﴿وَيَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ٱلْمُبِينُ﴾ وە ئەوکاتە دەزانن بەڕاستی هەر خوا هەقی ناشکرا و دیارە (بۆخۆی وسیفات وکرداری) ﴿٢٥﴾ ﴿ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ﴾ (واڕاستە) ئافرەتانی ناپاك بۆ پیاوانی ناپاك ﴿وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ﴾ وە پیاوە پیسەکان بۆ ئافرەتە پیسەکان ﴿وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ﴾ وە ئافرەتە پاکەکان بۆ پیاوە پاکەکان ﴿وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ﴾ وە پیاوە پاکەکان بۆ ئافرەتە پاکەکان ﴿أُوْلَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ﴾ ئەوپاکانە بەری کراون لەو (تۆمەتانە)ی ناپاکان دەیڵێن ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ بۆ ئەو پاك و چاکانەیە لێبووردن و ڕۆزی چاك و پیرۆز (بەهەشت) ﴿٢٦﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَدْخُلُواْ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ﴾ مەچنە هیچ ماڵێك جگەلەماڵەکانی خۆتان ﴿حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُواْ﴾ هەتا پرس دەکەن (بەخاوەنەکانیان) ﴿وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا﴾ وە (دوای ئەوەی مۆڵەت دران) سەلام بکەن لە خاوەن ماڵەکە ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوە چاکترە بۆتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی پەندو ئامۆژگاری وەرگرن ﴿٢٧﴾

﴿فَإِن لَّمْ تَجِدُوا۟ فِيهَآ أَحَدًا﴾ ئەمجا ئەگەر کەستان نەدی تیایدا ﴿فَلَا تَدْخُلُوهَا﴾ ئەوە مەچنە ژورەوە بۆ ئەو مالّە ﴿حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ﴾ هەتا مۆڵەت نەدرێن ﴿وَإِن قِيلَ لَكُمُ﴾ وە ئەگەر پێتان ووترا ﴿ٱرْجِعُوا۟ فَٱرْجِعُوا۟﴾ بگەڕێنەوە ئەبێ بگەڕێنەوە ﴿هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ﴾ ئەوە چاکتر و پاکترە بۆتان ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ وە خوا زانایە بەهەموو ئەو کردەوانەی دەیکەن ﴿٢٨﴾ ﴿لَّيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە (گوناهبار نابن) ﴿أَن تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا﴾ کەبچنە ئەو ماڵانەی ﴿غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيهَا مَتَٰعٌ لَّكُمْ﴾ کەسی تێدا نیشتەجێ نی یە و کەل و پەلی خۆتانی تیا بێت (وەک ئوتێل) ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ﴾ وە خوا دەزانێ ﴿مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾ بەوەی ئاشکرای دەکەن و بەوەیشی دەیشارنەوە ﴿٢٩﴾ ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەپیاوانی ئیماندار ﴿يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ﴾ چاوی خۆیان (لەسەیر کردنی نامەحرەم) داخەن و بپارێزن ﴿وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ﴾ وە عەورەتیان (لەداوێن پیسی) بپارێزن ﴿ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ﴾ ئەوە چاکتر و پاکترە بۆ ئەوان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ بێگومان خوا ئاگایە بەهەموو کردەوەیەک کەدەیکەن ﴿٣٠﴾ ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ وە بڵێ بە ئافرەتانی ئیمانداریش ﴿يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ﴾ چاویان داخەن وبپارێزن (لەسەیر کردنی نامەحرەم) ﴿وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ وە عەورەتیان بپارێزن (لەداوێن پیسی) ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ وە جوانی خۆیان دەرنەخەن ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ جگە لەوەی بەدەرەوەیە و دیارە لەجوانی (وەک دەم و چاویان و دەستیان) ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ وە با سەرپۆشە کانیان بدەن بەسینگ و بەرۆکیاندا ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ وە جوانی خۆیان دەرنەخەن (زیاد لەوەی دەردەکەوێت) ﴿إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ﴾ بۆ میردەکانیان نەبێت یا باوکیان ﴿أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾ یاباوکی میردەکانیان ﴿أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾ یا کوڕەکانیان یا کوڕی میردەکانیان ﴿أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ﴾ یا براکانیان یا کوڕی براکانیان ﴿أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ﴾ یا کوڕی خوشکەکانیان ﴿أَوْ نِسَآئِهِنَّ﴾ یا ئافرەتانی (ئیماندار) ﴿أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ﴾ یا کەنیزەکە کانیان ﴿أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ﴾ یا ئەو شوێن کەوتەو پیاوانەی کەبێ نیازن لەئافرەت (وەک خزمەت کارو پیر و نەخۆش کەئارەزووی ژن و میردایەتیان نییە) ﴿أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ﴾ یا ئەو منداڵە کوڕانەی کەئاگایان لە لەش و(عەورەتی) ئافرەتان نەبێت (بالّغ نەبووبن) ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ﴾ (ئافرەتان لەکاتی ڕۆشتن دا) قاچیان نەدەن بەزەوی دا ﴿لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ﴾ (تا دەنگی خرخاڵ و پاوانەکانیان بێت و) بزانرێت بەو جوانییەی پێیان کەشاردوویانەتەوە ﴿وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا﴾ هەموتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا ﴿أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ ئەی ئیمان دارەکان ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ تا ڕزگار و سەرکەوتوو بن ﴿٣١﴾

﴿وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ﴾ ژن مارە ببرن بۆ پیاوانی بێ ژن و ژنانی بێ میردیش بدەن بەشوو (میرد) ﴿وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ﴾ هەروەها ئەوانەی ئیمان دار و چاکن لە کۆیلەکان (ژنیان بۆ بێنن) و کەنیزەکەکان (یش بدەن بەشوو) ﴿إِن يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ﴾ ئەگەر ئەوان هەژارو کەم دەست بن ﴿يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ﴾ خوا لەبەخشندەی و بەهرەی خۆی دەوڵەمەندو بێ نیازیان دەکات ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا (بەهەرە) فراوان و زانا و دانایە ﴿٣٢﴾ ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا﴾ وە دەبێ ئەوانەی کەتوانای (ئەرکی) ژن هێنانیان نیە پاکژ خۆیان ڕاگرن ﴿حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ﴾ هەتا خوا بەبەهرە(و ڕۆزی) خۆی بێ نیازیان دەکات ﴿وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَـٰبَ﴾ وە ئەوانەی داوای نوسراو دەکەن (بۆ کڕینەوەی خۆیان) ﴿مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ﴾ لەبەندەو کەنیزەکەکانتان ﴿فَكَاتِبُوهُمْ﴾ ئەوە نوسراویان لەگەڵدا بنوسن (بۆ کڕینەوەو ئازاد بوونی خۆیان) ﴿إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا﴾ ئەگەر خێرتان لەواندا بەدی دەکرد (کەبڕیتی یە لەتوانای دانی ئەو پارەی ئەبێ بیدات بەخاوەنەکەی بۆ ئازاد بوونی) ﴿وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ﴾ وە لەو مالەی کەخوا بەئێوەی داوە پێیان بدەن ﴿وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَـٰتِكُمْ﴾ وە کەنیزەکەکانتان زۆر لێ مەکەن (ناچاریان مەکەن) ﴿عَلَى ٱلْبِغَآءِ﴾ لەسەر زینا کردن ﴿إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا﴾ ئەگەر ئەبانویست داوێن پاک بن ﴿لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ تا مال وسامانی ژیانی دونیاتان دەست کەوێت ﴿وَمَن يُكْرِههُّنَّ﴾ جا هەرکەس ناچاریان بکات (زۆریان لێ بکات) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ﴾ ئەمجا بەڕاستی خوا دوای ئەو زۆر لێ کردنەیان ﴿غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ لێبووردەی میهرەبانە (بەو کەنیزەکانە کە بەزۆر زینایان پێ کراوە) ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ ئێوە ﴿ءَايَـٰتٍ مُّبَيِّنَـٰتٍ﴾ چەند ئایەتێکی ڕوون کەرەوە ﴿وَمَثَلًا مِّنَ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُمْ﴾ وە چەند نموونەو بەسەرهاتی ئەو گەلانەی لەپێش ئێوەوە بوون ﴿وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ هەروەها پەندو ئامۆژگاری بۆ پارێزکاران ولەخوا ترسان ﴿٣٤﴾ ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ خوا نوورو ڕوناکی یەو ڕووناککەرەوەی ئاسمانەکان و زەوی یە ﴿مَثَلُ نُورِهِۦ﴾ وێنەی ڕووناککردنەوەی خوا ﴿كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ﴾ وەک تاقێک وایە چرایەکی تێدا بێت ﴿ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ﴾ ئەو چرایەش لەناو شوشەیەکدا بێت ﴿ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ﴾ ئەو شوشەیەش وەک ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدار بێت ﴿يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَـٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ﴾ (ئەو چرایە) دانە گیرسێ بە(ڕۆنی) درەختێکی زەیتونی بەفەڕو بەرەکەت ﴿لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ﴾ کە نەڕۆژهەلاتی بێ نەڕۆژ ئاوایی بێ (سێبەر نایگرێ نەکاتی هەڵهاتنی خۆر نەکاتی ئاوابوونی) ﴿يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ﴾ (ڕۆنەکەی ئەوەند پاک بێت) نزیکە ڕۆنەکەی داگیرسێ ﴿وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ﴾ با ئاگریشی بەر نەکەوێ ﴿نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ﴾ ڕووناکی لەسەر ڕووناکی (ڕووناکی زەیت و ڕووناکی ئاگر) ﴿يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ خوا هەرکەسی بوێت ڕێنموونی دەکات بۆلای ڕووناکی (ئایینی) خۆی ﴿وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ﴾ وە خوا چەندین نموونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا زانا و ئاگادارە بەهەموو شتێك ﴿٣٥﴾ ﴿فِى بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ﴾ لەمزگەوتانێکدا خوا مۆڵەتی داوە ﴿أَن تُرْفَعَ﴾ کە بەگەورەو پاک ڕاگیرێ (بەرزو بڵند دروست کرێت) ﴿وَيُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ﴾ زیکرو یادی خوای تێدا بکرێ ﴿يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ﴾ لەو (مزگەوتانە)دا تەسبیحاتی خوا دەکەن بەبەیانیان و ئێوارانداا ﴿٣٦﴾

﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ﴾ پیاوانێك كە بازرگانی و كڕین و فرۆشتن بێ ئاگایان ناكات ﴿عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ﴾ لەیادی خواو نوێژ كردن و زەكات دان ﴿يَخَافُونَ يَوْمًا﴾ لەڕۆژێك دەترسن (ڕۆژی قیامەت) ﴿تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ﴾ دڵ و چاوەكان تیایدا (دەگۆڕێن و) ناوەژوو دەبن ﴿٣٧﴾ ﴿لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا﴾ تا خوا پاداشتیان بدانەوە بەپاداشتی چاكتربنی ئەوەی كردویانە ﴿وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ﴾ وە (بێجگە لەپاداشتەكەیان) لەبەهرەی خۆیەوە زیادەشیان دەدانێ ﴿وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ﴾ وە خوا ڕزق و ڕۆزی (پاداشت) دەدا بەهەر كەس بیەوێ ﴿بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بەبێ ژمارە، بێ سنوور ﴿٣٨﴾ ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی كەبێ بڕوان ﴿أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ﴾ كردەوە (چاكە) كانیان وەك سەرابێك وایە (سەراب تیشكێكە كاتی زۆر گەرما لەبیابانـدا وەك ئاو دێتە پێش چاو) ﴿بِقِيعَةٍ﴾ لەبیابانێكدا (بریسكە بداتەوە) ﴿يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً﴾ (كەسێكی) زۆر تینوو بەئاوی دەزانێ (لـەدوورەوە) ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَهُ﴾ (بەپەلـە دەڕوات بـۆی) كاتێ دەگاتـە لای ﴿لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا﴾ هیچ بـەدی ناكات ﴿وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ﴾ (لەقیامەت كافـر) دەبینێ خـوا ئامادەیە لەلایـدا ﴿فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ﴾ ئەمجا خـوا بـە تـەواوی پاداشـتی (كردەوەكانـی) دەداتـێ ﴿وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ وە خـوا بـە پەلەو چەسـپانە لەلێپرسینەوەدا ﴿٣٩﴾ ﴿أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ﴾ یا (كـردەوەی بێ بڕوایـان) وەك چەند تاریكییـەك وایـە لەنـاو دەریایەكـی قوڵدا ﴿يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ﴾ كەشەپۆل لەسەرشـەپۆل دایپۆشـایێت ﴿مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ﴾ لەسەر ئەو (شەپۆلە) پشـەوە هەورێكی ڕەشی (باراناوی) بێت ﴿ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ﴾ تاریكیەكان نیشـتبنە سـەر یەكتـری ﴿إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا﴾ ئەگەر دەسـتی دەربێنێ نزیكە دەسـتی خۆی نەبینێت (لەبـەر تاریكـی) ﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا﴾ جـا هەر كـەس خوا نـووری (ئیمانـی) پێ نەبەخشـیبێ ﴿فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ﴾ ئـەوەی ڕووناكی بێت نییەتی ﴿٤٠﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایـا نابینی (نازانی) ﴿أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بێگومـان هەموئەوانـەی لەئاسـمانەكان و زەوی دان تەسـبیحاتی خـوا دەكـەن ﴿وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ﴾ هەروەها بالندەكان كاتێ بالیان كردۆتەوە (بەئاسماندان تەسبیحاتی خوا دەكەن) ﴿كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ﴾ هـەر یـەك لەمانە نوێـژ (دوعا) و تەسـبیحاتی خۆی دەزانـێ ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ وە خوا بـەوەی دەیكەن زانا وئاگـاداره ﴿٤١﴾ ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ تەنها بۆ خوایە خاوەنیەتی ئاسـمانەكان و زەوی ﴿وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ وگەڕانەوەش هەر بۆلای خوایە ﴿٤٢﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نازانی (نابینی) ﴿أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا﴾ كەخوا پەلەهەورەكان دەبـات (بەئاسـماندا) بـە هێواشـی ﴿ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ﴾ پاشـان ئەو (پەلـە هەور)انـە پەیوەسـت دەكات بەیەكەوە ﴿ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا﴾ دواتـر دەیـان خاتـە سـەر یەكتـری ﴿فَتَرَى الْوَدْقَ﴾ ئەمجـا دەبینـی دڵۆپـە بـاران ﴿يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ﴾ لەنێـو هەورەكـەوە دەبـارێ ﴿وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ﴾ وە لە ئاسـمانەوە لە هـەورەكان كەوەك كێـون تـەرزە دەبارێنێ ﴿فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ﴾ ئەمجا تووشـی زیان دەبێ بـەم (تەرزەیە) هەر كەسـێ خوا بیەوێت ﴿وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاءُ﴾ وە لای دەدات لـە هەر كەسـێ كەخۆی بیـەوێ ﴿يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ﴾ نزیكە ڕووناكی و شەوقی چەخماخە(ی هەورە) كە(بینای) چاوەكان ببات ﴿٤٣﴾

﴿يُقَلِّبُ ٱللَّهُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ خوا شەوو ڕۆژ دەگۆڕێت (بەکورت و درێژ کردنیان یا بەرۆژ بوونەوەو شەو داهاتن) ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەمەدا ﴿لَعِبْرَةً لِّأُولِي ٱلْأَبْصَٰرِ﴾ پەندێك هەیە بۆ خاوەن ژیریی یەکان ﴿٤٤﴾ ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍ﴾ وەخوا هەموو زیندەوەرێکی لەئاو دروست کردووە ﴿فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِۦ﴾ ئەمجا هەندێ لەوانە لەسەر سکی دەڕوات ﴿وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ﴾ وە هەندێکی تریان لەسەر دووقاچ دەڕوات ﴿وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰٓ أَرْبَعٍ﴾ وە هەشیانە لەسەر چوار پێ دەڕوات ﴿يَخْلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ﴾ خوا هەرچی بوێ دروستی دەکات ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ بێگومان خوا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ﴿٤٥﴾ ﴿لَّقَدْ أَنزَلْنَآ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ناردومانەتە خوارەوە ﴿ءَايَٰتٍۭ مُّبَيِّنَٰتٍ﴾ چەند ئایەتێکی ڕوون کەرەوە ﴿وَٱللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَآءُ﴾ وخواش هەر کەسی بوێ ڕێنموونیی دەکات ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿٤٦﴾ ﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا﴾ وە ئەوانە دەڵێن بڕوامان هێناوە ﴿بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا﴾ بەخواو بەپێغەمبەرو گوێڕایەڵیمان کردووە ﴿ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم﴾ پاشان کۆمەڵێك لەوان پشتی تێ دەکەن ﴿مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ لەپاش ئەوەی (ووتیان بڕوامان هێناوە) ﴿وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە ئەوانە (لەڕاستیدا) ئیماندار نین ﴿٤٧﴾ ﴿وَإِذَا دُعُوٓا﴾ وە کاتێ بانگ بکرێن ﴿إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ بۆ لای (شەریعەتی) خوا پێغەمبەر ﷺ ﴿لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی حوکم بکات لەنێوانیاندا ﴿إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ﴾ یەکسەر کۆمەڵێك لەوانە ڕوو وەردەگێڕن ﴿٤٨﴾ ﴿وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلْحَقُّ﴾ بەڵام ئەگەر (لەحوکم دانەکەدا) حەقەکە بۆ ئەوان بێت ﴿يَأْتُوٓا۟ إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ﴾ دێن بۆ لای (حوکمەکە) بەو پەڕی ملکەچی یەوە ﴿٤٩﴾ ﴿أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ ئایا دڵەکانیان نەخۆشی تێدایە ﴿أَمِ ٱرْتَابُوٓا﴾ یا لەگومانداا بوون ﴿أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُۥ﴾ یان دەترسن خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ ستەمیان لێ بکەن ﴿بَلْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ (نەخێر هیچ لەوانە نی یە) بەڵکو ئەوانە هەر خۆیان ستەمکارن ﴿٥٠﴾ ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ قسەی ئیمانداران تەنها ئەمەیە ﴿إِذَا دُعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ کاتێ بانگ بکرێن بۆ لای (بەرنامەی) خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ ﴿لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی بڕیاربدات لەنێوانیاندا ﴿أَن يَقُولُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾ کەدەڵێن بیستمان و گوێڕایەڵین ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ وە هەر ئەوانەن ڕزگاربووان ﴿٥١﴾ ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ جا هەر کەس گوێڕایەڵی خوا پێغەمبەرەکەی بکات ﴿وَيَخْشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقْهِ﴾ وە لەخوا بترسێ و خۆی لە(سەرپێچی) خوا بپارێزێ ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ﴾ ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانە سەرکەوتوون ﴿٥٢﴾ ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ (دوو ڕووەکان) سوێندیان دەخوارد بەخوا ﴿جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ﴾ بەتەو پەڕی سوێند خواردنیان ﴿لَئِنْ أَمَرْتَهُمْ لَيَخْرُجُنَّ﴾ کەئەگەر فەرمانیان پێ بدەیت (بەدەرچوون بۆ غەزا) بێگومان دەردەچن ﴿قُل لَّا تُقْسِمُوا۟﴾ بڵێ: سوێند مەخۆن ﴿طَاعَةٌ مَّعْرُوفَةٌ﴾ ملکەچی و گوێڕایەڵی ئێوە زانراوە (قسەتان پێچەوانەی کردارتانە) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ ئاگادارە بەو کردەوانەی دەیکەن ﴿٥٣﴾

﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ بڵێ فەرمانبەرداری خواو فەرمانبەرداری پێغەمبەر ﷺ بن ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ ئەمجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ﴾ ئەوە ئەو (پێغەمبەر ﷺ) تەنها بەرپرسیارە لەوەی دراوە بەسەریدا (کە گەیاندنی پەیامی خوایە) ﴿وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ﴾ وە ئێوەش بەرپرسن لەوەی دراوە بەسەرتاندا (کە باوەڕهێنانە) ﴿وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا﴾ وە ئەگەر گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن، ئەوە هیدایەت وەردەگرن ﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ﴾ وە پێغەمبەر هیچی لەسەر نی یە ﴿إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ بێجگە لەگەیاندنی ڕوون و ئاشکرا(ی پەیامی خوا) ﴿٥٤﴾ ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ﴾ خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کەباوەڕیان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە کردەوەی چاکەکانیان کردووە ﴿لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ کەبێگومان دەیانکاتە جێ نیشینی (خەڵکی تر) لەزەویدا ﴿كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ هەروەك ئەوانی (ئیمانداران) پێش ئەمانی کردە جێ نشین ﴿وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ﴾ وە ئایینەکەیان بۆ دەچەسپێنێ ﴿الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ﴾ ئەو (ئایینە)ی کەخوا پێی ڕازی بووە بۆیان ﴿وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا﴾ وە ترس وبیمیان بۆ دەگۆڕێ بەئاسایش و ئارامی ﴿يَعْبُدُونَنِي﴾ (لەوکاتەدا ئیتر) هەر من دەپەرستن و ﴿لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾ هیچ هاوبەشیەکم بۆ بڕیار نادەن ﴿وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ وە هەر کەس بێ بڕوا بێ دوا ئەوە (بەدی هاتنی بەڵێنەکان) ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانەن دەرچوو لەڕێگەی خوا ﴿٥٥﴾ ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ وەنوێژ بەجێ بێنن ﴿وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ و زەکات بدەن ﴿وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ تا خوا ڕەحمتان پێ بکات ﴿٥٦﴾ ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەو کەسانەی بێ باوەڕن وانەزانن ﴿مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ﴾ لەتوڵەی خوا ڕزگاریان دەبێ لەزەویدا ﴿وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ﴾ و ئەوان جێگایان ئاگرە ﴿وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ ئای چ سەرئەنجامێکی بەدوخراپە ﴿٥٧﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لِيَسْتَأْذِنكُمُ﴾ دەبێ مۆڵەتتان لێ وەرگرن ﴿الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ ئەوکەسانەی بەندەی ئێوەن (بەندەکانتان) ﴿وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ﴾ هەروەها منداڵەکانتان کەهێشتا باڵغ نەبوون ﴿ثَلَاثَ مَرَّاتٍ﴾ لەسێ کاتدا (بۆ چوونە ژوری نوستنی ژن و مێرد) ﴿مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ﴾ لەپێش نوێژی بەیانی ﴿وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ﴾ وە کاتێ پۆشاکتان دادەنێن (لادەبەن لەبەرتان دا) لەکاتی نیوەڕواندا ﴿وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ﴾ و لەپاش نوێژی عیشا (خەوتنان) ﴿ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ﴾ ئەم سێ کاتە کاتی خۆدەرخستنە بۆتان دروستە ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ﴾ دوا ئەم سێ کاتە (بێ مۆڵەت وەرگرتن) نەبۆ ئێوەو نەبۆ ئەوان هیچ گوناهێك نی یە (مۆڵەت وەرنەگرن) ﴿طَوَّافُونَ عَلَيْكُم﴾ (چونکە) ئەوان زۆر بەدەورو بەرتاندا دێن (بۆخزمەت کردنتان) ﴿بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ ئێوە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵن ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ﴾ ئاوەو جۆرە خوا ڕوونی دەکاتەوە ﴿لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ ئایەتەکانی بۆ ئێوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وەخوا زانای کاردروستە ﴿٥٨﴾

﴿وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ﴾ وەکاتێ کەمندالەکانتان بالّغ بوون ﴿فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا﴾ ئەوسا دەبێ مۆڵەت وەربگرن ﴿كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ وەکو چۆن کەسانی پێش ئەمان مۆڵەتیان وەردەگرت (لەهەموو کاتێکدا) ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ﴾ ئابەم جۆرە خوا ڕوونی دەکاتەوە ﴿لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ﴾ ئایەتەکانی بۆ ئێوە ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وەخوا زانای دانایە ﴿٥٨﴾ ﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ وەئافرەتانی پیرو لەکار کەوتوو ﴿ٱلَّٰتِى لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا﴾ ئەو ئافرەتانەی ئومێدی شوکردنیان نەماوە ﴿فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ﴾ هیچ گوناهێکیان لەسەر نی یە ﴿أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ﴾ کە(هەندێك لە) پۆشاکەکانیان لابەرن ﴿غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ﴾ بەڵام زینەت و جوانیان دەرنەخەن ﴿وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ﴾ خۆ ئەگەر لاینەبەن و پۆشتە بن ﴿خَيْرٌ لَّهُنَّ﴾ ئەوە چاکترە بۆیان ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ وەخوا بیسەری زانایە ﴿٦٠﴾ ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ﴾ کوێر گوناهی لەسەر نی یە ﴿وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ﴾ و شەل گوناهی لەسەر نی یە ﴿وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ هەروەها نەخۆش گوناهی لەسەر نی یە (ئەم جۆرە کەسانە گوناە نی یە بۆیان نان خواردن لەگەڵ کەسانی ساغدا) ﴿وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ﴾ وە بۆ ئێوەش گوناە نییە ﴿أَن تَأْكُلُوا۟ مِنۢ بُيُوتِكُمْ﴾ کە لەماڵەکانی خۆتان نان بخۆن (ماڵی منداڵ و خێزانەکانتان هەر بەماڵی خۆتان دادەنرێ) ﴿أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ﴾ یا (نان بخۆن لە)ماڵی باوکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ﴾ یا ماڵی دایکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ﴾ یا ماڵی براکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ﴾ یا ماڵی خۆشکەکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ أَعْمَٰمِكُمْ﴾ یا ماڵی مامەکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ﴾ یا ماڵە پورەکانتان (خوشکانی باوك) ﴿أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ﴾ یا ماڵی خاڵەکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ﴾ یا ماڵی پورەکانتان (خوشکانی دایك) ﴿أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ﴾ یا ئەو ماڵانەی کەکلیلەکانیان بەئێوەیە ﴿أَوْ صَدِيقِكُمْ﴾ یا ماڵی برادەرو هاوڕێتان ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ هیچ گوناهتان لەسەر نییە ﴿أَن تَأْكُلُوا۟ جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا﴾ بەکۆمەڵ یا بەتەنیا نان بخۆن ﴿فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا﴾ جا کاتێ چوونە (هەر ماڵێك لە) ماڵان ﴿فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ﴾ ئەوە سەلام لەیەکتر بکەن (لەوانەی کەوەك خۆتان وان) ﴿تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ بەسەلام کردنێك لەلایەن خواوە (هاتووە) ﴿مُّبَٰرَكَةً طَيِّبَةً﴾ سەلامێکی جوان وچاك و پاك ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ﴾ ئابەو شێوە خوا ڕوونی دەکاتەوە ﴿لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ ئایەتەکانی بۆ ئێوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بەڵکو ژیریتان بخەنە کارو بیربکەنەوە ﴿٦١﴾

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی ئیمانداران تەنها ئەوانەن ﴿ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ کەبڕوایان بەخوا و پێغەمبەرەکەی هێناوە ﴿وَإِذَا كَانُوا۟ مَعَهُۥ﴾ وە هەر کاتێك لەگەڵ ئەو (پێغەمبەر ﷺ) دابن ﴿عَلَىٰٓ أَمْرٍ جَامِعٍ﴾ لەکارێکی گرنگدا کەکۆبان دەکاتەوە (وەك غەزاو جومعەو جەژن) ﴿لَّمْ يَذْهَبُوا۟ حَتَّىٰ يَسْتَـْٔذِنُوهُ﴾ ناڕۆن بە هیچ لایەکدا هەتا مۆڵەت لەپێغەمبەر ﷺ وەرنەگرن ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ﴾ بێگومان ئەوانەی مۆڵەتت لێ وەردەرگرن ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ ئەوانە کەسانێکن کەبڕوایان هەیە بەخواو پێغەمبەرەکەی ﴿فَإِذَا ٱسْتَـْٔذَنُوكَ﴾ جا هەر کاتێ ئەوانە داوای مۆڵەتیان لێ کردیت ﴿لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ﴾ بۆ هەندێ ئیش و کاری تایبەتی خۆیان ﴿فَأْذَن لِّمَن شِئْتَ مِنْهُمْ﴾ ئەوە هەر کامیان خۆت ویستت مۆڵەتی بدە ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمُ ٱللَّهَ﴾ وە داوای لێبوردنیان بۆ بکە لەخوا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێبووردەی میهرەبانە ﴿٦٢﴾ ﴿لَّا تَجْعَلُوا۟ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ﴾ بانگ کردنی پێغەمبەر ﷺ لەناو خۆتاندا دامەنێن (نابێ) ﴿كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا﴾ وەك بانگ کردنی خۆتان لەیەکتری (دەبێت بەرێزەوە بانگ بکرێت وەك ئەی پێغەمبەر یارسول الله ﷺ) ﴿قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی خوا دەزانێ و ئاگاداری بەوانەی ﴿يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا﴾ لەئێوە (بەبێ مۆڵەت) لەپەنای خەڵکی تر‌ەوە دەردەچن بەدزییەوە ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ﴾ جا بابترسن ئەوانەی ﴿يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ﴾ کەپێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن ﴿أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ﴾ کە (لەدونیادا) بەلاو تاقیکردنەوەیەکیان تووش بێت ﴿أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ یا سزایەکی سەختیان تووش بێ (لەدوا ڕۆژدا) ﴿٦٣﴾ ﴿أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ﴾ بێدار بنەوە بەڕاستی تەنها بۆ خوایە ﴿مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە ﴿قَدْ يَعْلَمُ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ﴾ بێگومان خوا ئاگاداری بەتەواوی ئەو شتانەی ئێوەی لەسەرن، وە بەو (کارانەیشی کە دەیکەن) ﴿وَيَوْمَ يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ﴾ ئەو ڕۆژەش کەدەگەڕێنرێنەوە لای خوا ﴿فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟﴾ ئەوسا ئاگاداریان دەکاتەوە بەو کردەوانەی کردوویانە ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بەهەموو شتێك ئاگادارە ﴿٦٤﴾

سورەتی ﴿ الفرقان ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى﴾ گەورەو پیرۆزە ئەو زاتەی ﴿نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ﴾ کەقورئان (قورئان)ی بۆ سەر بەندەی خۆی ناردۆتە خوارەوە ﴿لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾ تا ترسێنەر بێت بۆ هەموو جیهانیان ﴿١﴾ ﴿ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئەو زاتەی کەدەسەڵات و مولکی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە ﴿وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا﴾ و هیچ منداڵی بۆ خۆی بڕیار نەداوە ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ﴾ و کەس هاوبەشی نییە لە فەرمانڕەوایی و مولك وداریدا ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ وە هەموو شتێکی دروست کردووە ﴿فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا﴾ وە ئەندازەی بۆ دیاری کرد (لە هەموو ڕوویەکەوە) بەچاکی ﴿٢﴾

﴿وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً﴾ بێجگە لەخوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان بڕیار داوە ﴿لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا﴾ کەهیچ شتێك دروست ناکەن ﴿وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴾ بەڵکو خۆشیان دروست کراون ﴿وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ﴾ دەسەڵاتیان نی یە بۆ خۆیان ﴿ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾ نەزیان نەسوودو قازاج (بگەیەنن) ﴿وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا﴾ هەروەها مردن و ژیان و زیندوو بوونەوەی خۆیان بەدەس نییە ﴿٣﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ ئەوانەی کەبێ بڕوا بوون دەیان ووت ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ ٱفْتَرَىٰهُ﴾ بێگومان ئەم(قورئانە) هیچ نییە جگە لەدرۆیەکی گەورە کەموحەممەد ﷺ هەڵی بەستووە ﴿وَأَعَانَهُۥ عَلَيْهِ قَوْمٌ ءَاخَرُونَ﴾ وە کەسانی تر بۆ ئەو (هەڵبەستنە) یارمەتییان داوە ﴿فَقَدْ جَآءُو ظُلْمًا وَزُورًا﴾ ئەوە بەڕاستی ئەوانە ستەم و بوهتانێکی گەورەیان کردوە ﴿٤﴾ ﴿وَقَالُوٓا۟ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ وە(بێ بڕوایان) دەیان ووت (ئەم قورئانە) بەسەرهات و داستانی پێشووەکانە ﴿ٱكْتَتَبَهَا﴾ (موحەممەد ﷺ) داوای کردووە بۆی بنوسن ﴿فَهِىَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ﴾ ئەمجا دەخوێندرێتەوە بەسەریدا ﴿بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ بەبەیانیان و ئێوارانـدا ﴿٥﴾ ﴿قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ زاتێ ناردوویەتی یە خوارەوە ﴿يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ کە هەموو نهێنی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێت ﴿إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ بەڕاستی ئەو (خوا) لێبووردەی میهرەبانە ﴿٦﴾ ﴿وَقَالُوا۟ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ﴾ (بێ بڕوایان) دەیان ووت ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە ﴿يَأْكُلُ ٱلطَّعَامَ﴾ خواردن دەخوات ﴿وَيَمْشِى فِى ٱلْأَسْوَاقِ﴾ وە بەبازاڕدا دەڕوات ﴿لَوْلَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ﴾ بۆچی فریشتەیەك نەنێرراوەتە خوارەوە بۆ لای ﴿فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا﴾ بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ترسێنەر بێ ﴿٧﴾ ﴿أَوْ يُلْقَىٰٓ إِلَيْهِ كَنزٌ﴾ یا گەنجینەیەکی (لەئاسمانەوە) بۆ فڕێ بدرایە ﴿أَوْ تَكُونُ لَهُۥ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا﴾ یا باخێکی ببوایە لێی بخواردایە ﴿وَقَالَ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ وە ستەمکاران (بێ بڕوایان) دەیان ووت (بەئیمانداران) ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا﴾ ئێوە تەنها شوێن پیاوێکی جادوو لێکراو کەوتوون ﴿٨﴾ ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا۟ لَكَ ٱلْأَمْثَالَ﴾ سەیر کە چۆن نموونەی (پووچ) بۆ تۆ دێننەوە ﴿فَضَلُّوا۟﴾ بەو هۆیەوە گومڕا بوون ﴿فَلَا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلًا﴾ ئیتر ناتوانن ڕێگای حەق و ڕاستی بدۆزنەوە ﴿٩﴾ ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِىٓ إِن شَآءَ﴾ گەورە و پیرۆزە ئەو زاتەی ئەگەر بیەوێ (لەدونیادا) ﴿جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَٰلِكَ﴾ چاکتر لەوە(ی بێ بڕوایان دەڵێن) بۆت ساز دەدات ﴿جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ باخاتێك کە ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕوات ﴿وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا﴾ وە چەند کۆشکت بۆ فەراهەم دێنێ ﴿١٠﴾ ﴿بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ﴾ (ڕاست ناکەن وانیە) بەڵکو ئەوانە باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نیە ﴿وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ﴾ وە ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ کەسێ باوەڕی بەڕۆژی دوایی نەبێ ﴿سَعِيرًا﴾ ئاگری هەڵگیرساو ﴿١١﴾

﴿إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾ کاتێ (ئەم ئاگرە) لەدورەوە ئەوان دەبینێت ﴿سَمِعُوا۟ لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا﴾ نرکە ونالەی گڕ وبلێسەی دەبیسن (کە نیشانەی ڕق و قینی زۆریەتی لێیان) ﴿١٢﴾ ﴿وَإِذَآ أُلْقُوا۟ مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا﴾ وەکاتێ فڕێ دەدرێنە جێگایەکی تەنگ لەدۆزەخدا ﴿مُّقَرَّنِينَ﴾ بەجووت کراوی دەست و قاچ وملیان لەکۆت و زنجیردا (یا لەشیان بەکۆت و زنجیر پێکەو بەسراوە) ﴿دَعَوْا۟ هُنَالِكَ ثُبُورًا﴾ لەوێدا داوای تیاچوون و مردن دەکەن ﴿١٣﴾ ﴿لَّا تَدْعُوا۟ ٱلْيَوْمَ ثُبُورًا وَٰحِدًا﴾ ئەمڕۆ داوای تەنیا مردنێک مەکەن ﴿وَٱدْعُوا۟ ثُبُورًا كَثِيرًا﴾ بەڵکو داوای مردنی زۆر بکەن ﴿١٤﴾ ﴿قُلْ أَذَٰلِكَ خَيْرٌ﴾ بڵێ ئایا ئەمە چاکترە ﴿أَمْ جَنَّةُ ٱلْخُلْدِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ﴾ یا ئەو بەهەشتە هەمیشەییەی کەبەڵێن دراوە بەپارێزکاران ولەخواترسان ﴿كَانَتْ لَهُمْ جَزَآءً وَمَصِيرًا﴾ کەپاداشت وسەرئەنجام وئاکامیانە ﴿١٥﴾ ﴿لَّهُمْ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ﴾ لەو (بەهەشتە) دا هەرچیان بوێ هەیە ﴿خَٰلِدِينَ﴾ بەهەمیشەیی و بێ بڕانەوە ﴿كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ وَعْدًا مَّسْـُٔولًا﴾ ئەوە بەڵێنێکە لەلایەن پەروەردگارتەوە ئەو لێ ی بەرپرسیارە ﴿١٦﴾ ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ﴾ وە لەو ڕۆژەدا خوا ئەو (بت پەرست) انە کۆدەکاتەوە ﴿وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ لەگەڵ ئەو پەرستراوانەی کەپەرستوونیان جگە لەخوا ﴿فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ﴾ ئەمجا خوا (بە پەرستراوەکان) دەڵێ ئایا ئێوە ﴿أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى هَٰٓؤُلَآءِ﴾ ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد ﴿أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ﴾ یا خۆیان ڕێگای (ڕاستیان) ونکردو گومڕابوون ﴿١٧﴾ ﴿قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ﴾ (پەرستراوەکان) دەڵێن پاک و بێگەردی بۆ تۆ ﴿مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ﴾ بۆ ئێمە شایستە نەبووە ﴿أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ﴾ کەبێجگە لەتۆ پەرستراوێک بۆ خۆمان دا بنێین ﴿وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ﴾ بەڵام نازو نیعمەتت دا بەئەوان و باوو باپیرانیان ﴿حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ﴾ هەتا (وایان لێهات) یادی تۆیان لەبیر چوو ﴿وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا﴾ وە ئەوانە کۆمەڵێکی تیاچووی بێ خێر بوون ﴿١٨﴾ ﴿فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ﴾ (خوا بەبت پەرستەکان دەڵێ) جا بێگومان پەرستراوەکانتان ئێوەیان بەدرۆ خستەوە لەو قسانەی کەدەتان کرد ﴿فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا﴾ ئەمجا نەدەتوانن (سزای خوا) لەخۆتان لادەن نەدەتوانن یارمەتی (خوا) بەدەس بێنن ﴿وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ﴾ وە هەر کەس لەئێوە ستەم بکات (هاوەڵ بۆ خوا دابنێ) ﴿نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا﴾ سزایەکی گەورەی پێ دەچەژێن ﴿١٩﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ ئێمە پێش تۆ هەرکام لەپێغەمبەرانمان نارد بێت ﴿إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ﴾ بێگومان ئەوان خواردنیان خواردووە ﴿وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ﴾ و بە بازاڕدا ڕۆشتوون ﴿وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً﴾ وە ئێمە هەندێک لەئێوەمان کردە هۆی تاقیکردنەوەی هەندێکی ترتان ﴿أَتَصْبِرُونَ﴾ ئایا خۆ دەگرن ﴿وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا﴾ وە پەروەردگارت بینایە (بەهەموو شتێک) ﴿٢٠﴾

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا﴾ وه ئه‌وانه‌ی که به‌هیوای دیداری ئیمه‌نین (له‌رۆژی دواییدا) ده‌ڵێن ﴿لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئه‌وه بۆ فریشته نانێرێ دڕێته خواره‌وه بۆ سه‌رمان ﴿أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا﴾ یاخود به‌روه‌ردگارمان نابینین ﴿لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ﴾ سوێند به‌خوا به‌ڕاستی ئه‌وانه له‌ده‌رونی خۆیاندا خۆیان به گه‌وره ده‌زانی ﴿وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا﴾ وه سه‌رکه‌شییه‌کی گه‌وره‌یان کرد. ﴿٢١﴾ ﴿يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ﴾ ئه‌ورۆژه‌ی فریشته‌کان ده‌بینن (کاتی مردن یاقیامه‌ت) ﴿لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ﴾ له‌و رۆژه‌دا هیچ مژده‌یه‌ك بۆتاوانباران نی یه ﴿وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ وه ده‌ڵێن (په‌نامان بده‌ن) به‌په‌نادانی پارێزراو ﴿٢٢﴾ ﴿وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ﴾ هاتین هه‌ر کرده‌وه‌یه‌کیانکرد بوو ﴿فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا﴾ هه‌موویمان وه‌کو تۆزی پرش وبلاوڵێ کرد ﴿٢٣﴾ ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ﴾ به‌هه‌شتی یه‌کان له‌و رۆژه‌دا ﴿خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا﴾ له‌چاکترین جێگادان ﴿وَأَحْسَنُ مَقِيلًا﴾ وه له‌باشترین شوێنی حه‌سانه‌وه(ی نیوه‌ڕوان)دان ﴿٢٤﴾ ﴿وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ﴾ وه رۆژێ ئاسمان له‌ت ده‌بێ له‌گه‌ڵ هه‌ورێکی سپی (هه‌موو ئاسمان ده‌گرێته‌وه) ﴿وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا﴾ وه فریشته‌کان ده‌نێردرێنه خواره‌وه کۆمه‌ڵ کۆمه‌ڵ. ﴿٢٥﴾ ﴿ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَٰنِ﴾ له‌و رۆژه‌دا فه‌رمانڕه‌وایه‌تی ته‌نها بۆ خوای میهره‌بانه ﴿وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ عَسِيرًا﴾ ئه‌و رۆژه رۆژێکی زۆر سه‌خته له‌سه‌ر بێ باوه‌ڕان ﴿٢٦﴾ ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ﴾ وه رۆژێکه که‌سته‌مکار قه‌پ ده‌کات به‌هه‌ر دوو ده‌ستی خۆیدا ﴿يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى﴾ و ده‌ڵێ خۆزگه ﴿ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا﴾ له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ردا ڕێگای ڕاستم بگرتایه‌ته‌بەر ﴿٢٧﴾ ﴿يَٰوَيْلَتَىٰ﴾ ئای تیاچوون بۆ من ﴿لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا﴾ خۆزگه فلان که‌سم نه‌کردایه به‌هاوه‌ڵ و خۆشه‌ویستی خۆم. ﴿٢٨﴾ ﴿لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ﴾ به‌ڕاستی ئه‌و(که‌سه‌ی کردم به‌هاوه‌ڵ) منی له‌قورئان وێڵ کرد ﴿بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى﴾ دوا ئه‌وه‌ی قورئانم پێ گه‌یشت(و باوه‌ڕم پێ هێنا) ﴿وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا﴾ وه شه‌یتان هه‌میشه پشت تێکه‌ر و پشت به‌رده‌ره بۆ ئاده‌میزاد ﴿٢٩﴾ ﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ﴾ وه پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ووتی ئه‌ی په‌روه‌ردگارم ﴿إِنَّ قَوْمِى﴾ به‌ڕاستی قه‌ومه‌که‌م (قوره‌یش) ﴿ٱتَّخَذُوا۟ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا﴾ ئه‌م قورئانه‌یان واز لێهێناوه‌و گوێی پێ نادەن ﴿٣٠﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ﴾ ئا به‌و جۆره (موحه‌ممه‌د ﷺ) که‌دژایه‌تی تۆ ده‌کرێ) دامان ناوه بۆ هه‌موو پێغه‌مبه‌رێك ﴿عَدُوًّا مِّنَ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ دوژمنێك له‌تاوانباران ﴿وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا﴾ به‌سه په‌روه‌ردگارت ڕێنموونی که‌رو یارمه‌تی ده‌رت بێ ﴿٣١﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وه ئه‌وانه‌ی بێ بڕوا بوون ده‌یان ووت ﴿لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً﴾ بۆچی (موحه‌ممه‌د ﷺ) هه‌موو قورئانی به‌یه‌ك جار بۆ دانه‌به‌زێنراوه ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئابه‌وجۆره(دامانبه‌زاندووه) ﴿لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ﴾ بۆ ئه‌وه‌ی دڵی تۆ (ئه‌ی موحه‌ممه‌د ﷺ) به‌و قورئانه دامه‌زراوو به‌هێز بکه‌ین ﴿وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا﴾ وه(به‌و بۆنه‌یه‌وه) ئایه‌تانی خۆمم بۆ ناردن به‌ره‌به‌ره ﴿٣٢﴾

﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ﴾ هەر نموونەو مەسەلێکت بۆ بێنن (لە ڕەخنەو پێشنیارە نابەجێکانیان) ﴿إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا﴾ ئێمە وەڵامەکەیمان بۆ تۆ هێناوە بەڕاستی و جوانترین ڕوون کردنەوە ﴿٣٣﴾ ﴿الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ﴾ ئەو کەسانەی کەبەسەر ڕوخساریاندا دەبرێن (ڕادەکێشرێن) بۆ دۆزەخ ﴿أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَكَانًا﴾ ئەوانە خراپترین جێگایان بۆ هەیە ﴿وَأَضَلُّ سَبِيلًا﴾ وە ڕێگاشیان وون کردووە (گومڕاترن) ﴿٣٤﴾ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی تەورات‌مان دا بەموسا ﴿وَجَعَلْنَا مَعَهُ أَخَاهُ هَارُونَ وَزِيرًا﴾ وە هاروونی برایشیمان کردە یاریدەدەری ﴿٣٥﴾ ﴿فَقُلْنَا اذْهَبَا﴾ ئەمجا ووتمان هەردووکتان بڕۆن ﴿إِلَى الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ بۆ سەر ئەو گەلەی کەباوەڕیان بەئایەتەکانی ئێمە نی یە و بەدرۆی دەزانن ﴿فَدَمَّرْنَاهُمْ تَدْمِيرًا﴾ ئەوسا لەناومان بردن بە لەناوبردنێکی زۆر خراپ ﴿٣٦﴾ ﴿وَقَوْمَ نُوحٍ لَمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ﴾ گەلی نووحیش کاتێ پێغەمبەرانیان بە درۆزانی ﴿أَغْرَقْنَاهُمْ﴾ (لەناوی لافاودا) نوقمیان کردن ﴿وَجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً﴾ وە کردنمانن بەپەندو عیبرەت بۆ خەڵک ﴿وَأَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ﴾ وە ئامادەمان کردووە بۆ ستەمکاران ﴿عَذَابًا أَلِيمًا﴾ سزای سەخت ﴿٣٧﴾ ﴿وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ﴾ و گەلی عادو سەموود و خاوەنی چاڵ و بیرەکان ﴿وَقُرُونًا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا﴾ وەزۆر گەلی تر کە لەنێوانیان دا بوون (لەناومان بردن) ﴿٣٨﴾ ﴿وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ الْأَمْثَالَ﴾ وەبۆ هەموویان چەندین نموونەمان هێنایەوە (بەڵام پەیریان نەکردەوە) ﴿وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا﴾ وە هەموویانمان لەناوبرد بە لەناوبردنێکی خراپ ﴿٣٩﴾ ﴿وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوان (قوڕەیش) تێپەڕبوون بەئەو شارەدا (سەدوم) ﴿الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ﴾ کەبارانی شەڕ (بەرد)ی بەسەردا بارێنرابوو ﴿أَفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَهَا﴾ ئایا ئەوان ئەو (شارەبەردباران کراوە)یان نەبینیوە ﴿بَل كَانُوا لَا يَرْجُونَ نُشُورًا﴾ (وانی یە ببینیویانە) بەڵکو ئەوان بەتەمای زیندوو بوونەوە نین ﴿٤٠﴾ ﴿وَإِذَا رَأَوْكَ﴾ وە(ئەی موحەممەد ﷺ) کاتێ تۆ ببینن ﴿إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا﴾ بەس گاڵتەت پێ دەکەن ﴿أَهَٰذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولًا﴾ و (دەڵێن) ئائەمەیە خوا ناردوویەتی بەپێغەمبەر ﴿٤١﴾ ﴿إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا﴾ (وەدەڵێن) نزیک بوو لە پەرستراوەکانمان لامان بدات ﴿لَوْلَا أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا﴾ ئەگەر لەسەر (پەرستنی)یان خۆگر نەبووینایە ﴿وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ لە داهاتوودا دەزانن ﴿حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ﴾ کاتێ سزا(ی خوا) دەبینن ﴿مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ کێ (گومڕاترە) ڕێگای وون کردووە ﴿٤٢﴾ ﴿أَرَأَيْتَ﴾ ئایا دیت ﴿مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ﴾ ئەو کەسەی هەواو ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی ﴿أَفَأَنتَ﴾ ئایا تۆ ﴿تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا﴾ ئەبێتە پارێزەر بۆ ئەو (کەشوێنی ئارەزوی نەکەوێت)؟ ﴿٤٣﴾

﴿أَمْ تَحْسَبُ﴾ ئایا وا دەزانی ﴿أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ﴾ زۆربەی ئەوانە دەبیستن یا تێدەگەن ﴿إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ﴾ ئەوانە هەر وەك ئاژەڵن ﴿بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ بەڵکو ئەوان گومڕا ترینشن ﴿٤٤﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾ ئایا نابینی پەروەردگارت ﴿كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ﴾ چۆن سێبەری درێژکردۆتەوە (لەبانگی بەیانیانەو تا خۆر هەڵاتن) ﴿وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا﴾ ئەگەر بیویستایە ڕای دەگرت بەوەستاوی (سێبەرەکە بەردەوام دەبوو) ﴿ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ﴾ لەپاشان خۆرمان کردە ﴿عَلَيْهِ دَلِيلًا﴾ بەڵگە لەسەر ئەو (سێبەرە چونکە ئەگەر خۆر نەبێت سێبەر ناناسرێت) ﴿٤٥﴾ ﴿ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا﴾ پاشان ئەو سێبەرە بۆلای خۆمان دەبەینەوە ﴿قَبْضًا يَسِيرًا﴾ بەشێنەیی و کەمە کەمە نایهێنین ﴿٤٦﴾ ﴿وَهُوَ الَّذِي﴾ ئەو (خوا) زاتێکە ﴿جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا﴾ کەشەوی بۆ کردون بەداپۆشەر (پۆشاك) ﴿وَالنَّوْمَ سُبَاتًا﴾ وە خەوتنی بۆ کردوون بەهۆی مت بوون ﴿وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا﴾ وە ڕۆژی بۆ هەستان (لەخەو بۆ کارو ڕسق پەیدا کردن) داناوە ﴿٤٧﴾ ﴿وَهُوَ الَّذِي﴾ وە ئەو (خوا) زاتێکە ﴿أَرْسَلَ الرِّيَاحَ﴾ باکان دەنێرێ ﴿بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ﴾ بەمژدەدەر پێش ڕەحمەتی خۆی (باران بارین) ﴿وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ﴾ وە لەئاسمانەوە باراندومانە ﴿مَاءً طَهُورًا﴾ ئاوێکی پاکۆکەر (پاك و خاوێن) ﴿٤٨﴾ ﴿لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَيْتًا﴾ تا زەوی مردووی پێ دەبوژێنینەوە ﴿وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا﴾ وە ئاوی دەدەن بەو (بارانە) لەوانەی دروستمان کردوون ﴿أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا﴾ ئاژەڵ و خەڵکانێکی زۆر ﴿٤٩﴾ ﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە بەچەند جۆر ئەم (ئیشانە)مان گۆڕی لەنێوانیاندا ﴿لِيَذَّكَّرُوا﴾ تا بیربکەنەوە ﴿فَأَبَىٰ أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا﴾ بەڵام زۆربەی خەڵك جگەلە سپلەیی (بێ باوەڕی) هیچیان ناوێت ﴿٥٠﴾ ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا﴾ ئەگەر بمان ویستایە بێگومان دەمان نارد ﴿فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَذِيرًا﴾ لەهەموو شارو شارۆچکەیەکدا ترسێنەرێك ﴿٥١﴾ ﴿فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ﴾ کەواتە تۆ بەگوێی بێباوەڕان مەکە ﴿وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا﴾ بە(بەڵگەکانی) ئەم قورئانە بەربەرەکانی یەکی گەورەیان لەگەڵدا بکە ﴿٥٢﴾ ﴿وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ﴾ ئەو (خوا) زاتێکە دوو دەریا (ئاو) ی بەڕەڵا کردووە لەپاڵ یەکدا ﴿هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ﴾ ئەمەیان شیرین و سازگارە (ئاوی ڕوبارو کانیاوە) ﴿وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾ ئەوی تریان زۆر سوێرو تاڵ و تفتە (ئاوی دەریاکانە) ﴿وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا﴾ وە لەنێوان ئەو دوو (ئاو)ەدا بەربەستێکی داناوە ﴿وَحِجْرًا مَحْجُورًا﴾ و بەرگری کەرێکی ئەستور (ئاوەکە دوو ئاوە تێکەڵ بەیەك نەبن) ﴿٥٣﴾ ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا﴾ ئەو (خوا) زاتێکە لەئاو(ی مرۆڤ) ئادەمیزادی دروست کردووە ﴿فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا﴾ ئەمجا ئەو (ئاوە)ی کردۆتە هۆی ڕەچەڵەك (پشت کە بەرێگەی نێرینە دەگەن بەمرۆڤ وەك کوڕ) و خزم (کە بەرێگەی ئافرەت دەگەنەوە بەمرۆڤ وەك کچە زاو خوشکەزا) ﴿وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا﴾ وە پەروەردگارت هەمیشە بە دەسەڵات و توانایە ﴿٥٤﴾ ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا﴾ ئەوانە جگە لەخوا شتانێك دەپەرستن ﴿لَا يَنْفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ﴾ کە نەسوود نەزیان بەوان ناگەیەنن ﴿وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِ ظَهِيرًا﴾ وە بێ بڕوایان بەردەوام دژی پەروەردگاریان پشتیوانی یەکترین (بۆ تاوان و خراپە) ﴿٥٥﴾

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ﴾ ئێمە تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردووە ﴿إِلَّا مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا﴾ کەمژدە دەرو ترسێنەر بی
۵۶ ﴿قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ من لەسەر گەیاندنی ئیسلام هیچ
کرێ و پاداشتێك لەئێوە داوا ناکەم ﴿إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا﴾ بەڵام هەر کەس ویستی
رێگەی پەروردگاری بگرێ (با بیگرێ) ۵۷ ﴿وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡحَيِّ﴾ پشت ببەستە بە(خوای) زیندوو
﴿ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ﴾ کەزاتێکە هەرگیز نامرێت ﴿وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِهِۦ﴾ تەسبیحات بکە بەستایشی
ئەو ﴿وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرًا﴾ بەسە (بۆ تۆ) کەخوا ئاگاداری بەندەکانی ۵۸
﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾ ئەو (خوایە)ی کەئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿وَمَا بَيۡنَهُمَا﴾
وەئەوەش لەنێوانیان دایە ﴿فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ﴾ لەشەش ڕۆژدا ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ﴾ لەپاشانیش بەرز
بوویەوە بۆ سەر عەرش و قەراری گرت (باوەڕمان پێبێتی بەبێ ئەوەی شێوەکەی بزانین) ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ
فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا﴾ ئەو خوای میهرەبانە کەواتە پرسیار لەزاتێ بکە کە بەهەموو شت زانا و ئاگایە ۵۹
﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ﴾ وە کاتێ بەوان بوترێ ﴿ٱسۡجُدُواْ لِلرَّحۡمَٰنِ﴾ سوژدە ببەن بۆخوای میهرەبان ﴿قَالُواْ
وَمَا ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾ دەڵێن ڕەحمان کێیە (ئێمە نایناسین) ﴿أَنَسۡجُدُ لِمَا تَأۡمُرُنَا﴾ ئایا سوژدە ببەین بۆ ئەو (زاتەی)
کەتۆ فەرمانمان پێ دەدەیت ﴿وَزَادَهُمۡ نُفُورٗا۩﴾ وە(بەم داوای سوژدە بردنە) دورکەوتنەوەیان (لەڕێگای
ڕاست) زیاتر دەبێت ۶۰ ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي﴾ پاك و بێگەرد وپیرۆزە ئەو (خوایەی) ﴿جَعَلَ فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجٗا﴾ کە
لەئاسماندا چەندخولگە (بورج)ی دروست کردووە ﴿وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجٗا﴾ وداینا وەلەئاسماندا خۆرێکی
پرشنگدار ﴿وَقَمَرٗا مُّنِيرٗا﴾ و مانگێکی ڕووناك کەرەوە(بۆ زەوی) ۶۱ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي﴾ وەئەو (خوایە) زاتێکە
﴿جَعَلَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ خِلۡفَةٗ﴾ کەشەوو ڕۆژی لەجێی یەکتر داناوە (بەدوای یەکتردا دێن و شوێنی
یەکتر دەگرنەوە) ﴿لِّمَنۡ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ﴾ بۆ ئەو کەسەی بیەوێ ببیرکاتەوە (لەدروسکراوەکانی خوا)
﴿أَوۡ أَرَادَ شُكُورٗا﴾ یا بیەوێ شوکرانە بژێری خوا بکات ۶۲ ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ﴾ بەندە تایبەتی یەکانی
خوای میهرەبان کەسانێکن ﴿يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا﴾ بە وێقارو نەرمی دەڕۆن بەسەر زەوی دا (بێ
لوت بەرزی و کەشخەو فیز کردن) ﴿وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ﴾ وەکاتێ نەزان و نەفامەکان (بەووتەی
ناشیرن) لەگەڵیان بدوێن ﴿قَالُواْ سَلَٰمٗا﴾ ووتەیەك دەڵێن پێیان گوناه نەبێت ۶۳ ﴿وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمۡ
وە کەسانێکن لەشەودا بۆ پەروەردگاریان ﴿سُجَّدٗا وَقِيَٰمٗا﴾ سوژدە بەرن و شەو نوێژ دەکەن ۶۴
﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا﴾ وە کەسانێکن کەدەڵێن ئەی پەروەردگارمان ﴿ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَۖ﴾
سزای دۆزەخمان لێ لادە ﴿إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾ بەڕاستی سزای ئەو (دۆزەخە) لانەچووی
بەردەوامە ۶۵ ﴿إِنَّهَا سَآءَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا﴾ بەڕاستی دۆزەخ جێگەو شوێن مانەوەیەکی زۆر خراپە
۶۶ ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ﴾ وە کەسانێکن کاتێ مال و سامان خەرج دەکەن (بۆ خۆیان و خێزانیان)
﴿لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ﴾ نەزیادە ڕۆی و نەڕەزیلی و دەست نوقاوی (تێدا) ناکەن ﴿وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا﴾
(بەڵکو) مام ناوەندیە لەونێوانەدا ۶۷

﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ﴾ وەکەسانێکن کەلەگەڵ خوادا ناپەرستن ﴿إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ هیچ پەرستراوێکی تر ﴿وَلَا يَقْتُلُونَ﴾ و ناکوژن ﴿ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ﴾ هیچ کەسێ کەخوا کوشتنی ئەوی یاساغ(حەرام) کردووە ﴿إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ بەهەق و ڕەوا نەبێ ﴿وَلَا يَزْنُونَ﴾ وە زیناو داوێن پیسی ناکەن ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ وە هەر کەس ئەو تاوانانە بکات (کەباسکران) ﴿يَلْقَ أَثَامًا﴾ تووشی تۆڵەکەی دێت ﴿٦٨﴾ ﴿يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ﴾ سزای بۆ چەند بارەدەکرێتەوە ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەڕۆژی قیامەتدا ﴿وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا﴾ وەبێ بڕانەوە بەبێ ڕێزوڕیسوایی لەدۆزەخ دادەمێنێتەوە ﴿٦٩﴾ ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ﴾ بێجگەلەکەسێ تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ ﴿وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا﴾ کارو کردەوەی چاکیشی کردبێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئا ئەوانە ﴿يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ﴾ خوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بەچاکە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وەخوا هەمیشە لێبووردەی بەبەزەیی یە ﴿٧٠﴾ ﴿وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ وە هەر کەس تەوبەی کردو کردەوەی چاکی کرد ﴿فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ﴾ ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا ﴿مَتَابًا﴾ بە گەڕانەوەیەکی تەواو ﴿٧١﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ ٱلزُّورَ﴾ وە (بەندەکانی خوا) کەسانێکن کەشایەتی درۆ نادەن ﴿وَإِذَا مَرُّوا۟ بِٱللَّغْوِ﴾ و کاتێ تێپەڕ بن بەلای شتی بێ سوودا (ئەنجام بدرێت لەلایەن نەفامانەوە) ﴿مَرُّوا۟ كِرَامًا﴾ تێپەڕ دەکەن بەڕێزەوە (پێ گوێدانە نەفامان) ﴿٧٢﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟﴾ وە کەسانێکن کاتێ ئامۆژگاری بکرێن ﴿بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ﴾ بەئایەتەکانی پەروەردگاریان ﴿لَمْ يَخِرُّوا۟ عَلَيْهَا﴾ ناکەون بەسەریاندا ﴿صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾ بە کەڕی و کوێری ﴿٧٣﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا﴾ وە کەسانێکن کەدەڵێن ئەی پەروەردگارمان بەبەخشە بێمان ﴿مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا﴾ لە هاوسەران و نەوەکانمان (منداڵەکانمان) ﴿قُرَّةَ أَعْيُنٍ﴾ ئەوەی چاوانی پێ گەش بێ هۆی دڵخۆشی بێت ﴿وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ وە بمانکە بە پێشەوای پارێزکاران و لەخوا ترسان ﴿٧٤﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە (کە ئەو سیفەتانەیان تیایە) ﴿يُجْزَوْنَ ٱلْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا۟﴾ پاداشت دەدرێنەوە بەپلە و کۆشکی بەرز لە بەهەشتدا بەهۆی ئارام گرتنیان ﴿وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَٰمًا﴾ وە لەو شوێنەدا سلاوێان لێ دەکرێ (لەلایەن فریشتەکانەوە زۆر بەگەرمی) ﴿٧٥﴾ ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بێ بڕانەوە تیایدا دەمێننەوە ﴿حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا﴾ چەن جێگا وشوێن ومانەوەیەکی جوان و خۆشە ﴿٧٦﴾ ﴿قُلْ مَا يَعْبَؤُا۟ بِكُمْ رَبِّى﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ خەڵکینە پەروەردگار گوێتان پێ نادات و هیچ بایەخێکتان نی یە لای ﴿لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ﴾ ئەگەر دوعا و نزاتان نەبێ (لەکاتی تەنگی و ناڕەحەتیدا) ﴿فَقَدْ كَذَّبْتُمْ﴾ کەچی (زۆربەتان) ئایینی خواتان بەدرۆ دەزانی (بڕواتان نەهێنا) ﴿فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا﴾ جادڵنیابن تۆڵەکەی یەخەتان دەگرێ و لێتان جیا نابێتەوە ﴿٧٧﴾

سورەتی ﴿ الشُّعَرَاءِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿طسم﴾ بە (طا، سین، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرە) بکە ① ﴿تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ﴾ ئەم (سورەتە) لەئایەتەکانی قورئانی ڕوونکەرەوەیە ② ﴿لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ﴾ خەریکە خۆت لەناو دەبەی (دەکوژی) بەخەفەت ﴿أَلَّا يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ لەبەر ئەوەی ئەوان (خەڵکی مەککە) باوەڕ ناهێنن ③ ﴿إِن نَّشَأْ﴾ ئەگەر بمانەوێت ﴿نُنَزِّلْ عَلَيْهِم﴾ دێنێتە خوارەوە بۆیان ﴿مِّنَ السَّمَاءِ آيَةً﴾ نیشانەو بەڵگەیەك لەئاسمانەوە ﴿فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ﴾ کەبەردەوام گەردنیانی بۆ دانەوێنن (ناچاریان بکات باوەڕ بێنن) ④ ﴿وَمَا يَأْتِيهِم﴾ هەر بێت بۆیان ﴿مِّن ذِكْرٍ مِّنَ الرَّحْمَٰنِ مُحْدَثٍ﴾ پەیامێکی تازە دابەزێنراو (کەقورئانە) لەخوای میهرەبانەوە ﴿إِلَّا كَانُوا عَنْهُ مُعْرِضِينَ﴾ ئەوان بەردەوام پشت تێکەرو ڕوو وەڕگێڕن لێی ⑤ ﴿فَقَدْ كَذَّبُوا﴾ جا بێگومان ئەوانە بەدرۆیان زانی و باوەڕیان پێ نەکرد (ئەوەی ناردبومان) ﴿فَسَيَأْتِيهِمْ﴾ جا بەزووبی بۆیان دێت ﴿أَنبَاءُ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ هەواڵەکانی ئەوەی ئەوان گاڵتەو لاقرتییان پێ دەکرد ⑥ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الْأَرْضِ﴾ ئایا سەیری زەوی ناکەن ﴿كَمْ أَنبَتْنَا فِيهَا﴾ چەندمان ڕواندووە تیایدا ﴿مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ﴾ لەهەموو جۆرێکی چاکی بەکەڵك ⑦ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً﴾ بەڕاستی لەڕواندنی ئەو هەموو ڕووەوە بەڵگەی گەورە هەیە ﴿وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ بەڵام زۆر بەیان بڕوادارنین و باوەڕ ناهێنن ⑧ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ﴾ بێگومان پەروەردگارت ﴿لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾ تەنها ئەو خاوەن دەسەڵاتی بەزەیی دارە ⑨ ﴿وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰ﴾ (باس بکە) ئەو کاتەی پەروەردگارت بانگی موسای کرد ﴿أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ کە (بەپێغەمبەری) بڕۆ بۆ لای ئەو گەلە ستەمکارە ⑩ ﴿قَوْمَ فِرْعَوْنَ﴾ کە گەلەکەی فیرعەونە ﴿أَلَا يَتَّقُونَ﴾ ئایا ئەوان ناترسن (بێ فەرمانی خواکەن) ⑪ ﴿قَالَ رَبِّ﴾ (موسا) ووتی ئەی پەروەردگارم ﴿إِنِّي أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ﴾ بەڕاستی من دەترسم بڕوام پێ نەکەن ⑫ ﴿وَيَضِيقُ صَدْرِي﴾ وەسینگم (دڵم) تەنگ بێ ﴿وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِي﴾ وە(دەترسم) بەچاکی قسەم بۆ نەکرێ و زمانم بەر نەبێ (لەو گرێیەی هەیەتی) ﴿فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَارُونَ﴾ کەواتە (خوایە جوبرەئیل) بنێرە بۆ لای هاروون (و بیکە بەپێغەمبەر بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات) ⑬ ﴿وَلَهُمْ عَلَيَّ ذَنبٌ﴾ وەئەوان (گەلی فیرعەون) تۆڵەی تاوانێکیان لەسەرمە ﴿فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ﴾ بۆیە دەترسم کەبمکوژن (لەجیاتی ئەو کوژراوە) ⑭ ﴿قَالَ كَلَّا﴾ (خوا) فەرمووی نەخێر (ئەوەی باست کرد هیچی ڕوونادات) ﴿فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا﴾ کەواتە هەردووکتان بەموعجیزەکانمانەوە بڕۆن (بۆ لای فیرعەون و گەلەکەی) ﴿إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ﴾ ئێمە لەگەڵتان گوێ دەگرین ⑮ ﴿فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا﴾ ئەوسا بڕۆنە لای فیرعەون و هەردووکتان بڵێن ﴿إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە پێغەمبەری پەروەردگاری جیهانیانین ⑯ ﴿أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ (تیراوین) کەتۆ بەتو ئیسرائیل (لەژێر دەستەیی خۆت) بەڕەڵا کەیت لەگەڵ ئێمەدا (بڕۆین بۆ شام) ⑰ ﴿قَالَ﴾ (فیرعەون) ووتی ﴿أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا﴾ ئایا ئێمە پێمان نەگەیاندی لەناو (ماڵی) خۆماندا بەمندالی ﴿وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ﴾ وە تۆ چەند ساڵێك لەتەمەنت لەناو ئێمەدا نەمایتەوە ⑱ ﴿وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ﴾ وە ئەو کردەوە (خراپە) شت کرد کەکردت (کەکوشتنی قبتی یەك بوو) ﴿وَأَنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ وە تۆ لەوانەی سپڵەو ناشوکرن ⑲

﴿قَالَ فَعَلْتُهَا﴾ (مووسا) ووتی ئەوکارەم کرد (ئەو پیاوەم کوشت) ﴿إِذًا وَأَنَا مِنَ الضَّالِّينَ﴾ کاتێ کەمن لەڕێزی نەزانانبووم ﴿١٩﴾ ﴿فَفَرَرْتُ مِنكُمْ﴾ ئەمجا رام کردو هەڵهاتم لەئێوە ﴿لَمَّا خِفْتُكُمْ﴾ کاتێك ترسام لێتان (تۆڵەم لێ بسەنن) ﴿فَوَهَبَ لِي رَبِّي حُكْمًا﴾ ئەوسا پەروەردگارم حیکمەتی (پێغەمبەریەتی) پێ بەخشیم ﴿وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ منی خستە ریزی پێغەمبەرانەوە (کردمی بەپێغەمبەر) ﴿٢١﴾ ﴿وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ﴾ وە ئەو (بەخێو کردنە) کە تۆ دەیکەیت بەمنەت بەسەرمەوە ﴿أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ بەهۆی ئەوەوە بووە کەتۆ نەوەی ئیسرائیلت کردبووە کۆیلە و ژێردەستەی خۆت (لەترسا دایکی مووسا مووسای بەخێو نەکرد) ﴿٢٢﴾ ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (ئەمجا) فیرعەون ووتی پەروەردگاری جیهانیان کێ یە ﴿٢٣﴾ ﴿قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ (مووسا) ووتی پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەوی و هەرچی لەنێوانیان دایە ﴿إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە دڵنیان ﴿٢٤﴾ ﴿قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ﴾ (فیرعەون) ووتی بەوانەی بەدەوری دا بوون (لەشوێنکەوتوانی) ﴿أَلَا تَسْتَمِعُونَ﴾ ئایا گوێتان لێیە (چی دەڵێ) ﴿٢٥﴾ ﴿قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ﴾ (مووسا) ووتی پەروەردگاری ئێوەو پەروەردگاری باوك وباپیرە پێشووەکانتانە ﴿٢٦﴾ ﴿قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ﴾ (فیرعەون) ووتی بەڕاستی ئەو پێغەمبەرە کەنێررراوە بۆ ئێوە ﴿لَمَجْنُونٌ﴾ شێتە ﴿٢٧﴾ ﴿قَالَ رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ (مووسا) ووتی پەروەردگاری رۆژهەڵات و رۆژ ئاوایەو ئەوەی لەنێوانیدایە ﴿إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بیربکەنەوە وڕێربن ﴿٢٨﴾ ﴿قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي﴾ (فیرعەون) ووتی سوێندبێ ئەگەر پەرستراوێ تر جگە لەمن دابنێیت ﴿لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ﴾ بێگومان دەتخەمە ریزی بەندکراوەکانەوەو زیندانیت دەکەم ﴿٢٩﴾ ﴿قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُّبِينٍ﴾ (مووسا) ووتی ئایا هەر زیندانیم دەکەیت ئەگەر شتێکی (موعجیزەیەکی) ڕوون و ئاشکرات بۆ بێنم (کەڕاستە پێغەمبەرم) ﴿٣٠﴾ ﴿قَالَ فَأْتِ بِهِ﴾ (فیرعەون) ووتی دەی ئەو شتە بێنە (بینوێنە) ﴿إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ ئەگەر تۆ لەڕاست گۆیانی ﴿٣١﴾ ﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ﴾ ئەمجا مووسا گۆچانەکەی فڕێدا ﴿فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ﴾ دەست بەجێ بوو بەئەژدیهایەکی دیارو ئاشکرا ﴿٣٢﴾ ﴿وَنَزَعَ يَدَهُ﴾ وە دەستی دەرهێنا (لەبن باڵیدا) ﴿فَإِذَا هِيَ بَيْضَاءُ لِلنَّاظِرِينَ﴾ یەکسەر دەستی سپی وپرشنگدار بوو بۆ بینەران ﴿٣٣﴾ ﴿قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ﴾ (فیرعەون) ووتی بەو پیاوە گەورانەی لەدەورەی بوون ﴿إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان ئەمە جادووگەرێکی زۆر زانایە ﴿٣٤﴾ ﴿يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم﴾ دەیەوێ دەرتان بکات ﴿مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ﴾ لەوڵات و خاکی خۆتان بەجادووەکەی ﴿فَمَاذَا تَأْمُرُونَ﴾ جافەرمانی چی دەدەن (لەدژی بیکەم) ﴿٣٥﴾ ﴿قَالُوا أَرْجِهْ وَأَخَاهُ﴾ ووتیان جارێ مووساوبراکەی وازی لێ بێنە (دوایانخە) ﴿وَابْعَثْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ﴾ سەربازەکانت کۆبکەرەوە وبیانێرە بۆ هەموو شارەکان ﴿٣٦﴾ ﴿يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ﴾ تاهەموو جادووگەرێکی زۆر زانت بۆ بهێنن ﴿٣٧﴾ ﴿فَجُمِعَ السَّحَرَةُ﴾ ئەمجا ئەو جادووگەرانە کۆکرانەوە ﴿لِمِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ﴾ لەکات و رۆژی دیاری کراودا ﴿٣٨﴾ ﴿وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ﴾ و بەخەڵکیش وترا ئێوەش کۆدەبنەوە؟ ﴿٣٩﴾

﴿لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ﴾ تا شوێن جادووگەران بکەوین ﴿إِن كَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ﴾ ئەگەر ئەوان زاڵ و سەرکەوتوو بوون ﴿٤٠﴾ ﴿فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ﴾ ئەمجا کاتێ جادووگەرەکان هاتن ﴿قَالُوا لِفِرْعَوْنَ﴾ ووتیان بەفیرعەون ﴿أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا﴾ ئایا بەڕاستی پاداشتمان هەیە ﴿إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ﴾ ئەگەر ئێمە زاڵ و سەرکەوتوو بین ﴿٤١﴾ ﴿قَالَ نَعَمْ﴾ (فیرعەون) ووتی بەڵێ ﴿وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ الْمُقَرَّبِينَ﴾ وەبێگومان ئێوە ئەو کاتە لەنزیکانی خۆم دەبن ﴿٤٢﴾ ﴿قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ﴾ موسا بەساحیرەکانی ووت ﴿أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ﴾ بیهاوێژن ئەوەی ئێوە هاوێژەریانن (لەجادوو) ﴿٤٣﴾ ﴿فَأَلْقَوْا حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ﴾ ئەوانیش گوریس و حەبل و دار دەستەکانیان فڕیدا ﴿وَقَالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ﴾ وە ووتیان سوێند بەگەورەیی فیرعەون ﴿إِنَّا لَنَحْنُ الْغَالِبُونَ﴾ بەڕاستی هەر ئێمە زاڵ و سەرکەتووین ﴿٤٤﴾ ﴿فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ﴾ ئەمجا موسا داردەستەکەی فڕیدا (و بوو بەمارێکی گەورە) ﴿فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ﴾ جا کوت و پڕ ئەو (مارە گەورە) هەرچی جادوویان کردبوو هەڵی لوشی ﴿٤٥﴾ ﴿فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ﴾ ئەمجا جادوو گەرەکان خران (کەوتن) بەڕوودا بەسوژدە بردنەوە (بۆ خوا) ﴿٤٦﴾ ﴿قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ووتیان ئەوا باوەڕمان هێنا بەپەروەردگاری جیهانیان ﴿٤٧﴾ ﴿رَبِّ مُوسَىٰ وَهَارُونَ﴾ کەپەروەردگاری موسا و هاروونە ﴿٤٨﴾ ﴿قَالَ آمَنتُمْ لَهُ﴾ (فیرعەون) ووتی ئایا باوەڕتان پێ هێنا ﴿قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ﴾ پێش ئەوەی مۆڵەتتان بدەم ﴿إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ﴾ بەڕاستی ئەو (موسا) جادوو گەرە گەورەکەتانە کە فێری جادووی کردون ﴿فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ جا بێگومان لەمەودوا دەزانن (چیتان لێ دەکەم) ﴿لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ﴾ بەڕاستی دەست و قاچتان ڕاست و چەپ دەبڕم ﴿وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ وە بێگومان هەمووتان هەڵ دەواسم (بەدارا) ﴿٤٩﴾ ﴿قَالُوا لَا ضَيْرَ﴾ (جادووگەرەکان) ووتیان هیچ زیانی نی یە (بۆ ئێمە ئەوەی تۆ ئەتەوێ بیکەی) ﴿إِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ﴾ (چونکە) بەڕاستی ئێمە گەڕانەوەمان بۆ لای پەروەردگارمانە ﴿٥٠﴾ ﴿إِنَّا نَطْمَعُ﴾ بەڕاستی ئێمە بەتەماین و ئومێد دەکەین ﴿أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَايَانَا﴾ کەپەروەردگارمان لە گوناهو تاوانەکانمان ببوڕێ ﴿أَن كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ چونکە ئێمە یەکەمی باوەڕداران بووین (لەگەلەکەماندا) ﴿٥١﴾ ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ﴾ وەحیمان نارد بۆ موسا ﴿أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي﴾ کەبەشەو بەندەکانم (باوەڕدارەکانم ببە(و میصر بەجێ بێڵن) ﴿إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ﴾ بێگومان (فیرعەون و کۆمەڵەکەی) دواتان دەکەون ﴿٥٢﴾ ﴿فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ﴾ ئەوسا فیرعەون پیاوانی کۆ کەرەوەی نارد بەشارەکاندا (بۆ کۆکردنەوەی لەشکرو هێز) ﴿٥٣﴾ ﴿إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ﴾ (فیرعەون ووتی) بەڕاستی ئەوانە (موسا و شوێن کەوتوانی) کۆمەڵێکی کەمی بێ نرخن ﴿٥٤﴾ ﴿وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَائِظُونَ﴾ وە بەڕاستی ئەوانە ڕقی ئێمە هەڵدەسێنن (بەووتارو کرداریان) ﴿٥٥﴾ ﴿وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ﴾ وە بێگومان ئێمە کۆمەڵێکین بێندار و ئاگادارین (بەپیلانەکانیان) ﴿٥٦﴾ ﴿فَأَخْرَجْنَاهُم مِّن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾ ئەمجا ئەوان (فیرعەون و کۆمەڵەکەی)مان دەرکرد لە باخات و کانیاوەکان ﴿٥٧﴾ ﴿وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ﴾ وە (دەرمان کردن) لەو هەموو گەنج و غەزنە و کۆشکە زۆر جوان و چاکانە ﴿٥٨﴾ ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئا بەو جۆرە (لەناومان بردن) ﴿وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ ئەوەکانی یەعقوب (جوولەکە)مان لەجێگایان دانا ﴿٥٩﴾ ﴿فَأَتْبَعُوهُم مُّشْرِقِينَ﴾ ئەمجا (فیرعەون و لەشکرەکەی) کاتێ خۆر هەڵهاتن شوێنیان کەوتن ﴿٦٠﴾

﴿فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ﴾ ئەمجا کاتێ دوو کۆمەڵەکە چاویان بەیەکتر کەوت ﴿قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ﴾ هاوەڵەکانی موسا ووتیان ﴿إِنَّا لَمُدْرَكُونَ﴾ بێگومان ئێمە گیراوین، (پێمان دەگەن) ﴿٦١﴾ ﴿قَالَ كَلَّآ﴾ (موسا) ووتی نەخێر پێتان ناگەن ﴿إِنَّ مَعِىَ رَبِّى سَيَهْدِينِ﴾ بێگومان من پەروردگارم لەگەڵە دڵنیابن رێنگای (رزگار بوونم) نیشان دەدات ﴿٦٢﴾ ﴿فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ﴾ ئەمجا سرووشمان کرد بۆ موسا ﴿أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ﴾ کە بە گۆچانەکەت بدە لەدەریاکە ﴿فَٱنفَلَقَ﴾ (ئەویش لێیداو) جا دەریاکە لەت بوو ﴿فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ﴾ کە هەر لەتێکی وەک شاخێکی زۆر گەورە وابوو ﴿٦٣﴾ ﴿وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ ٱلْـَٔاخَرِينَ﴾ وە ئەوانی تر (فیرعەون و لەشکرەکەی)مان نزیک کردەوە لەوێ (لەدەریاکە) ﴿٦٤﴾ ﴿وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ﴾ جا موسا و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون رزگارمان کردن ﴿٦٥﴾ ﴿ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْـَٔاخَرِينَ﴾ پاشان ئەوانی ترمان نوقم کرد (لەدەریادا) ﴿٦٦﴾ ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ بەڕاستی لەوەدا (کەباسکرا) بەڵگەیەکی گەورە هەیە (لەسەر دەسەڵاتی خوا) ﴿وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ بەڵام زۆربەیان باوەڕیان نەهێنا ﴿٦٧﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت زاڵ وبە بەزەیی یە ﴿٦٨﴾ ﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَٰهِيمَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بخوێنەرەوە بەسەریاندا هەواڵی ئیبراهیم ﴿٦٩﴾ ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ﴾ کاتێ ووتی بەباوکی و گەلەکەی ﴿مَا تَعْبُدُونَ﴾ چی دەپەرستن ﴿٧٠﴾ ﴿قَالُوا۟ نَعْبُدُ أَصْنَامًا﴾ ووتیان بتانێک دەپەرستین ﴿فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ﴾ ئەمجا بەردەوام بەندایەتیان دەکەین ﴿٧١﴾ ﴿قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ﴾ (ئیبراهیم) ووتی ئایا ئەوانە گوێیان لێتانە ﴿إِذْ تَدْعُونَ﴾ کاتێک هاوار ونزایان لێ دەکەن ﴿٧٢﴾ ﴿أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ﴾ یا ئایا ئەوان سوود یازیانتان پێ دەگەیەنن ﴿٧٣﴾ ﴿قَالُوا۟ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا﴾ ووتیان (نەخێر هیچیان پێ ناکرێ) بەڵکو ئێمە باوو باپیرانمان دیوە ﴿كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ﴾ ئابەو شێوەی ئێمە) یان کردووە ﴿٧٤﴾ ﴿قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ﴾ ووتی ئایا ئێوە دەزانن چی دەپەرستن ﴿٧٥﴾ ﴿أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ﴾ ئێوەو باوو باپیرە پێشووەکانتان ﴿٧٦﴾ ﴿فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ﴾ جا بەڕاستی هەموو ئەوانە دوژمنی منن ﴿إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ جگە لەپەروەردگاری جیهانیان ﴿٧٧﴾ ﴿ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ﴾ کە ئەو منی دروست کردووە پاشان هەر ئەویش رێنمووئیم دەکات ﴿٧٨﴾ ﴿وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ﴾ وە هەر ئەو زاتە خۆراکم پێدەدات و تێراوم دەکات ﴿٧٩﴾ ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ وە کاتێ نەخۆش بکەوم هەر ئەو شیفام دەدات (چاکم دەکاتەوە) ﴿٨٠﴾ ﴿وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ﴾ وە زاتێکە کەمن دەمرێنێ و پاشان زیندووم دەکاتەوە ﴿٨١﴾ ﴿وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ﴾ وە (پەروەردگارم) زاتێکە بەتەمام و ئومێد دەکەم ﴿أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ﴾ لە ڕۆژی پاداشت دا (قیامەتدا) ببورێ لەهەڵەکانم و بیانسڕێتەوە ﴿٨٢﴾ ﴿رَبِّ هَبْ لِى حُكْمًا﴾ ئەی پەروەردگارم دانایم پێ ببەخشە ﴿وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ﴾ بمبەرە ڕیزی پیاوچاکانەوە ﴿٨٣﴾

﴿وَٱجۡعَل لِّي لِسَانَ صِدۡقٖ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ﴾ وە باس کردنم بەچاکە لەناوگەلە داهاتووەکاندا ﴿٨٤﴾ ﴿وَٱجۡعَلۡنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ ٱلنَّعِيمِ﴾ وە بم گێڕی لەوەرگرانی بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت ﴿٨٥﴾ ﴿وَٱغۡفِرۡ لِأَبِيٓ﴾ وە لەباوکم خۆش ببە ﴿إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ بەڕاستی ئەو لەگومڕایانە ﴿٨٦﴾ ﴿وَلَا تُخۡزِنِي يَوۡمَ يُبۡعَثُونَ﴾ وە شەرمەزارو ڕیسوام مەکە لەڕۆژێکدا کە(خەڵکی) زیندوو دەکرێنەوە ﴿٨٧﴾ ﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ﴾ ڕۆژێ کەمااڵ و سامان و منداڵ و نەوە سوود ناگەیەنن ﴿٨٨﴾ ﴿إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ﴾ بێجگە لەکەسێ بێتە خزمەتی خوا بەدڵێکی ساغ و پاك و خاوێنەوە ﴿٨٩﴾ ﴿وَأُزۡلِفَتِ ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ وە (لەڕۆژی دواییدا) بەهەشت نزیك دەخرێتەوە بۆ پارێزکاران و لەخوا ترسان ﴿٩٠﴾ ﴿وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ لِلۡغَاوِينَ﴾ دۆزەخیش دەردەخرێت (و ئاشکرا دەکرێ) بۆ گومڕایان ﴿٩١﴾ ﴿وَقِيلَ لَهُمۡ﴾ وە پێیان دەوترێت ﴿أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡبُدُونَ﴾ کوان ئەوانەی کەئێوە دەتان پەرستن ﴿٩٢﴾ ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ لەجیاتی خوا ﴿هَلۡ يَنصُرُونَكُمۡ أَوۡ يَنتَصِرُونَ﴾ ئایا یارمەتیتان دەدەن یا یارمەتی خۆیان دەدەن ﴿٩٣﴾ ﴿فَكُبۡكِبُواْ فِيهَا هُمۡ وَٱلۡغَاوُۥنَ﴾ ئەمجا هەموو ئەوانە (پەرستراوان) و گومڕایان سەر بەرو خوار فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە ﴿٩٤﴾ ﴿وَجُنُودُ إِبۡلِيسَ أَجۡمَعُونَ﴾ هەروەها هەموو سەربازانی شەیتان ﴿٩٥﴾ ﴿قَالُواْ وَهُمۡ فِيهَا يَخۡتَصِمُونَ﴾ (بت پەرستان) لەکاتێکدا لەدۆزەخ دا شەڕە قسەو ئاژاوەیانە (لەگەڵ پەرستراوەکانیان دا) دەڵێن ﴿٩٦﴾ ﴿تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾ سوێند بەخوا ئێمە لەگومڕایی یەکی ئاشکرا دابووین ﴿٩٧﴾ ﴿إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ کاتێك ئێوەمان دەبردەڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە ﴿٩٨﴾ ﴿وَمَآ أَضَلَّنَآ إِلَّا ٱلۡمُجۡرِمُونَ﴾ کەس ئێمەی گومڕانەکردتاوانباران نەبێت ﴿٩٩﴾ ﴿فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ﴾ وەهیچ تکاکارێ بۆ ئێمە نی یە ﴿١٠٠﴾ ﴿وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٖ﴾ وە هیچ هاوڕێیەکی دڵسۆزمان نیە ﴿١٠١﴾ ﴿فَلَوۡ أَنَّ لَنَا كَرَّةٗ﴾ خۆزگە جارێکی تر بگەڕاینایەتەوە (بۆ دونیا) ﴿فَنَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ ئەوسا لەباوەڕداران دەبووین ﴿١٠٢﴾ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ﴾ بەڕاستی لەوەدا (باسکرا) پەندو بەڵگە هەیە ﴿وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ بەڵام زۆربەیان باوەڕدار نەبوون ﴿١٠٣﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی هەر پەروەردگارت زاڵ و میهرەبانە ﴿١٠٤﴾ ﴿كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ گەلی نووح پێغەمبەرانیان بەدرۆزن دانا (بڕوایان پێ نەکردن) ﴿١٠٥﴾ ﴿إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ نُوحٌ﴾ کاتێ کەنووحی برایان پێی ووتن ﴿أَلَا تَتَّقُونَ﴾ ئایا ناترسن لەخوا (خۆتان ناپارێزن) ﴿١٠٦﴾ ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ﴾ بێگومان من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆئێوە ﴿١٠٧﴾ ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەواتە لەخوا بترسن و گوێڕایەڵی من بکەن ﴿١٠٨﴾ ﴿وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ﴾ وە من داوای هیچ کرێیەکتان لێ ناکەم لەسەر ئەو (ڕێنمووئیی کردنەتان) ﴿إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ (چونکە) پاداشتی من تەنها لەسەر پەروەردگاری جیهانیانە ﴿١٠٩﴾ ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەواتە لەخوا بترسن و گوێ رایەڵی من بکەن ﴿١١٠﴾ ﴿قَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لَكَ﴾ ووتیان ئایا (چۆن) باوەڕ بەتۆ بێنین ﴿وَٱتَّبَعَكَ ٱلۡأَرۡذَلُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوانەی شوێنت کەوتون پەستترین کەسن (هەژارو داماو ونەفامن) ﴿١١١﴾

﴿قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (نووح علیه السلام) ووتی من چوزانم ئەوانەچی کردەوەیەك دەکەن ﴿١١٢﴾ ﴿إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّي﴾ پرسینەوەیان تەنها لەسەر پەروەردگارمە ﴿لَوْ تَشْعُرُونَ﴾ ئەگەر ئێوە هەست بکەن (بزانن) ﴿١١٣﴾ ﴿وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ و من دەر کەری باوەڕداران نیم ﴿١١٤﴾ ﴿إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ من تەنیا ترسێنەرێکی ڕوون کەرەوەم ﴿١١٥﴾ ﴿قَالُوا لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يَا نُوحُ﴾ ووتیان ئەی نووح ئەگەر کۆتایی نەهێنی (لەم کاری بانگەوازەت) ﴿لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ﴾ بێگومان لەبەرد باران کراوان دەبی ﴿١١٦﴾ ﴿قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ﴾ (نووح) ووتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان گەلەکەم بڕوایان پێ نەکردم ﴿١١٧﴾ ﴿فَافْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا﴾ کەواتە لەنێوان من و ئەواندا حوکم بدە بەحوکم دانێکی یەکجاری ﴿وَنَجِّنِي وَمَنْ مَعِيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ و من و ئەو باوڕدارانەی لەگەڵمدان ڕزگار بکە ﴿١١٨﴾ ﴿فَأَنْجَيْنَاهُ وَمَنْ مَعَهُ﴾ ئێمەش نووح و ئەو کەسانەی لەگەڵی بوو ڕزگارمان کردن (لەخنکان) ﴿فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ﴾ لەو کەشتی یەی کەپڕ کراو بوو (لەمرۆڤ و هەموو جۆرە گیاندارێك) ﴿١١٩﴾ ﴿ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ الْبَاقِينَ﴾ لەپاشان لەدوا (ڕزگار کردنی ئیمانداران) ئەوانەی کەمانەوە نوقمماں کردن (لە ئاوی تۆفانەکەدا) ﴿١٢٠﴾ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً﴾ بەڕاستی لەوەدا (باسکرا) بەڵگەیەکی گەورەیە ﴿وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ بەڵام زۆربەیان باوەڕدار نەبوون ﴿١٢١﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾ وە بەڕاستی هەر پەروەردگارت زاڵی بەبەزەییە ﴿١٢٢﴾ ﴿كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ﴾ گەلی عاد پێغەمبەرانی (خوا)یان بە درۆزن دانا (باوەڕیان پێ نەکردن) ﴿١٢٣﴾ ﴿إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ﴾ کاتێ هوود (علیه السلام) ی برایان پێی ووتن ﴿أَلَا تَتَّقُونَ﴾ ئایا خۆتان ناپارێزن (لەسزای خوا) ﴿١٢٤﴾ ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ﴾ بێگومان من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆ ئێوە ﴿١٢٥﴾ ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەواتە لەخوا بترسن و گوێ ڕایەڵی من بگەن ﴿١٢٦﴾ ﴿وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ وە من هیچ کرێیەك لەئێوە داوا ناکەم لەسەر ئەم (گەیاندنی بانگەوازە) ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ پاداشتی من تەنها لای پەروردگاری جیهانیانە ﴿١٢٧﴾ ﴿أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ﴾ ئایا ئێوە لەهەموو شوێنێکی بەرز(ی سەرەڕێگا) بورجێك دوست دەکەن بەبێ هوودە ﴿١٢٨﴾ ﴿وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ﴾ وە چەند کۆشك و قەڵای بەهێز (کارگە) دروست دەکەن ﴿لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ﴾ بەو ئومێدەی هەر بمێننەوەو نەمرن ﴿١٢٩﴾ ﴿وَإِذَا بَطَشْتُمْ﴾ وە هەر کاتێ دەست بوە شێنن ﴿بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ﴾ ستەمکارانە دەس دەوە شێنن ﴿١٣٠﴾ ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەواتە (لەسزای خوا) خۆتان بپارێزن و گوێ ڕایەڵی من بکەن ﴿١٣١﴾ ﴿وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ﴾ وە لە (سزای) ئەو خوایە بترسن وخۆتان بپارێزن کەخۆتان دەزانن چی پێ بەخشیون ﴿١٣٢﴾ ﴿أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ﴾ ئاژەڵ و مااڵت و منداڵ و ﴿١٣٣﴾ ﴿وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾ باخ و کانیاوی زۆری پێ داون ﴿١٣٤﴾ ﴿إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ﴾ بەڕاستی من دەترسم دووچارتان بێ ﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە(ی دژوارو پڕ لەسزا) ﴿١٣٥﴾ ﴿قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا﴾ ووتیان (بەهوود علیه السلام) لای ئێمە یەکسانە ﴿أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُنْ مِنَ الْوَاعِظِينَ﴾ ئامۆژگاری بکەیت یا ئامۆژگاری نەکەیت ﴿١٣٦﴾

﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّا خُلُقُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئه‌مه‌(ی تۆ هێناوته‌) ته‌نها درۆو ده‌له‌سه‌ی پێشینانه ﴿١٣٧﴾ ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ وه ئێمه سزا نادرێین ﴿١٣٨﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَٰهُمْ﴾ ئیتر باوه‌ڕیان پێ نه‌هێنا بۆیه ئێمه‌ش له‌ناومان بردن ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ بێگومان له‌وه‌دا (باسکرا) نیشانه‌ی گه‌وره هه‌یه ﴿وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ به‌ڵام زۆر به‌یان باوه‌ڕدار نه‌بوون ﴿١٣٩﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ به‌ڕاستی هه‌ر په‌روه‌ردگارت به‌ده‌سه‌ڵات و به‌به‌زه‌یی یه ﴿١٤٠﴾ ﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ گه‌لی سه‌مود پێغه‌مبه‌رانیان به‌درۆزن زانی ﴿١٤١﴾ ﴿إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَٰلِحٌ﴾ کاتێ صالح (علیه السلام) ی برایان پێی ووتن ﴿أَلَا تَتَّقُونَ﴾ ئایا (له‌سزای خوا) خۆتان ناپارێزن ﴿١٤٢﴾ ﴿إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ﴾ به‌ڕاستی من پێغه‌مبه‌رێکی ئه‌مینم بۆتان ﴿١٤٣﴾ ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ ده‌ی له‌خوا بترسن و گوێ ڕایه‌ڵی من بکه‌ن ﴿١٤٤﴾ ﴿وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ و من هیچ کرێ و پاداشتێك له‌سه‌ر ئه‌م (پێغه‌مبه‌رێتی یه) له‌ئێوه داوا ناکه‌م ﴿إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ کرێ و پاداشتی من ته‌نها لای په‌روه‌ردگاری جیهانیانه ﴿١٤٥﴾ ﴿أَتُتْرَكُونَ فِى مَا هَٰهُنَآ ءَامِنِينَ﴾ (وا ده‌زانن) وازتان لێ ده‌هێنرێ له‌دونیادا به‌هێمنی (ده‌ژین) ﴿١٤٦﴾ ﴿فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ﴾ له‌ناو باخات و کانیاوی زۆردا ﴿١٤٧﴾ ﴿وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ﴾ وه له‌ناو کشتوکاڵی زۆرو باخاتی دار خورمای میوه گه‌ییودا ﴿١٤٨﴾ ﴿وَتَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا فَٰرِهِينَ﴾ وه له‌چیاکان دا خانوو داده‌تاشن زۆر به‌لێزانانه ﴿١٤٩﴾ ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ که‌واته له(سزای) خوا بترسن و گوێ ڕایه‌ڵی من بکه‌ن ﴿١٥٠﴾ ﴿وَلَا تُطِيعُوٓا۟ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ وه گوێ ڕایه‌ڵی زیاده ڕه‌وان مه‌که‌ن ﴿١٥١﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئه‌وانه‌ی خراپه‌کاری ده‌که‌ن له‌زه‌وی دا ﴿وَلَا يُصْلِحُونَ﴾ وه کرده‌وه‌ی چاك ناکه‌ن ﴿١٥٢﴾ ﴿قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ﴾ ووتیان (به‌صالح علیه السلام) تۆ ته‌نها یه‌کێکی له جادوو لێکراوان ﴿١٥٣﴾ ﴿مَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾ تۆ ته‌نها مرۆڤێکی وه‌ك ئێمه ﴿فَأْتِ بِـَٔايَةٍ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ده‌ی ئایه‌ت و موعجیزه‌یه‌کمان بۆ بێنه ئه‌گه‌ر له‌ڕاست گۆیانی ﴿١٥٤﴾ ﴿قَالَ هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ﴾ (صالح علیه السلام) ووتی ئه‌م وشتره مێینه (موعجیزه)یه ﴿لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ﴾ ئاو خواردنه‌وه ڕۆژێك بۆ ئه‌وه و ڕۆژێکیش بۆ ئێوه‌یه ﴿١٥٥﴾ ﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ﴾ ده‌ستی بۆ مه‌به‌ن به‌خراپه ﴿فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ ئه‌گینا سزای تۆڵه‌ی ڕۆژێکی گه‌وره تووشتان دێت ﴿١٥٦﴾ ﴿فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا۟ نَٰدِمِينَ﴾ که‌چی ئه‌وان سه‌ریان بڕی ئه‌وسا په‌شیمان بوونه‌وه (له‌ترسی تۆڵه‌ی خوا) ﴿١٥٧﴾ ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ﴾ ئه‌مجا سزای (خراپه‌کەیان) ئه‌وانی گرت ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ به‌ڕاستی له‌مه‌دا (باسکرا) نیشانه‌یه‌کی گه‌وره هه‌یه به‌ڵام زۆر به‌یان باوه‌ڕدار نه‌بوون ﴿١٥٨﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بێگومان په‌روه‌ردگارت زاڵ وبه‌ده‌سه‌ڵات و به به‌زه‌یی یه ﴿١٥٩﴾

﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ گەلی لووط پێغەمبەرانیان بەدرۆزن دانا ﴿١٦٠﴾ ﴿إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ﴾ کاتێ لووطی برایان (علیه السلام) ووتی پێیان ئایا ئێوە لەخوا ناترسن خۆنا پارێزن ﴿١٦١﴾ ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ﴾ بەڕاستی من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆ ئێوە ﴿١٦٢﴾ ﴿فَاتَّقُوا ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەواتە لەخوا بترسن و گوێ ڕایەڵی من بکەن ﴿١٦٣﴾ ﴿وَمَا أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ وە من هیچ پاداشتێك لەسەر (پێغەمبەر پێکەم) لەئێوە داوا ناکەم ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ پاداشتی من تەنها لای پەروەردگای جیهانیانە. ﴿١٦٤﴾ ﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئایا لەناو (هەموو خەڵکی) جیهانیاندا ئێوە نێر بازی دەکەن ﴿١٦٥﴾ ﴿وَتَذَرُونَ﴾ وە وازدێنن ﴿مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم﴾ لەو هاوسەرانەتان کەپەروەردگارتان بۆی دروست کردون ﴿بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ﴾ نەخێر بەڵکو ئێوە کۆمەڵێکن دەرچوو لەسنوری ئارەزوو ﴿١٦٦﴾ ﴿قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰلُوطُ﴾ ووتیان: بەڕاستی ئەی لووط ئەگەر واز نەهێنی (لەم کارەت) ﴿لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ﴾ بێگومان لەدەرکراوان دەبیت (لەم خاکە) ﴿١٦٧﴾ ﴿قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ﴾ (لووط) ووتی بێگومان من زۆر قەڵس و بێزارم لەو کردەوەتان (نێربازی) ﴿١٦٨﴾ ﴿رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ﴾ ئەی پەروەردگارم خۆم و ماڵ و خێزانم ڕزگار بکە لە(تۆڵەی) ئەو کردەوەی ئەوان دەیکەن ﴿١٦٩﴾ ﴿فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ﴾ ئەمجا ئێمەش لووط و هەموو خێزانەکەیمان ڕزگار کرد ﴿١٧٠﴾ ﴿إِلَّا عَجُوزًا فِي ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ بێجگە لەپیرە ژنێ (خێزانی لووط) کە لەجێماوان و(تیاچوان) بوو ﴿١٧١﴾ ﴿ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْـَٔاخَرِينَ﴾ پاشان ئەوانی ترمان لەناو برد ﴿١٧٢﴾ ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا﴾ وە بارانێکمان (لەبەرد) بەسەریاندا باراند ﴿فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ﴾ ئەمجا ئای چ خراپ بوو بارانی ترسێنراوەکان ﴿١٧٣﴾ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ بەڕاستی لەمەدا (باسکرا) پەندێکی گەورە هەیە ﴿وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ بەڵام زۆربەیان باوەڕدار نەبوون ﴿١٧٤﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بێگومان پەروەردگارت زاڵ و میهرەبانە ﴿١٧٥﴾ ﴿كَذَّبَ أَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ خاوەنی باخاتە چڕو پڕەکانیش پێغەمبەرانیان بەدرۆزن دانا ﴿١٧٦﴾ ﴿إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ﴾ کاتێ شوعەیب علیه السلام پێی ووتن: ئایا خۆتان ناپارێزن و لەخوا ناترسن ﴿١٧٧﴾ ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ﴾ بەڕاستی من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆ ئێوە ﴿١٧٨﴾ ﴿فَاتَّقُوا ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ کەوابوو لەخوا بترسن و گوێڕایەڵی من بکەن ﴿١٧٩﴾ ﴿وَمَا أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ وە من هیچ کرێ و پاداشتێ لەئێوە داوا ناکەم لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەم ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ پاداشتی من تەنها لای پەروەردگای جیهانیانە ﴿١٨٠﴾ ﴿أَوْفُوا ٱلْكَيْلَ﴾ پێنك وڕاست پێوانە بکەن ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ ٱلْمُخْسِرِينَ﴾ وە لەزیان دەران مەبن (لەپێوانەدا ناتەواو بپێون) ﴿١٨١﴾ ﴿وَزِنُوا بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ﴾ وە بەتەرازوویەکی ڕاست و ڕێك کێشانە بکەن ﴿١٨٢﴾ ﴿وَلَا تَبْخَسُوا ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ﴾ و کەم و کوڕی مەکەن لەشتەکانی خەڵکیدا (هیچ مافێکیان زێر پێ مەخەن) ﴿وَلَا تَعْثَوْا فِي ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ وە ڕۆمەچن لەزەویدا بەخراپەکاریتان ﴿١٨٣﴾

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱلَّذِى﴾ وە بترسن لەو زاتەی ﴿خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّةَ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ کە ئێوەو خەڵکانی پێشوویشی دروست کردووە ﴿١٨٤﴾ ﴿قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ﴾ ووتیان تۆ تەنها لەجادوو لێ کراوانی ﴿١٨٥﴾ ﴿وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾ وە تۆ تەنها مرۆڤێکی وەک ئێمەی ﴿وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ و بەڕاستی ئێمە واگومانت پێ دەبەین لەدرۆزنان بیت ﴿١٨٦﴾ ﴿فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ دەی چەند پارچەیەک لەئاسمان بخەرە خوارەوە بەسەرماندا ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر تۆ لەڕاست گۆیانی ﴿١٨٧﴾ ﴿قَالَ رَبِّىٓ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ (شوعەیب) ووتی پەروەردگارم چاک دەزانێ بەهەر کردەوەیەک کەدەیکەن ﴿١٨٨﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ﴾ ئەمجا شوعەیبیان بەدرۆزن زانی ﴿فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ﴾ بەو هۆیەوە سزای رۆژی سێبەر(ی هەور) گرتنی ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ بەڕاستی ئەو سزایە سزای رۆژێکی زۆر گەورە بوو ﴿١٨٩﴾ ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ بێگومان لەمەدا (باسکرا) بەڵگەیەکی بەهێز هەیە ﴿وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ﴾ بەڵام زۆربەیان باوەڕدار نەبوون ﴿١٩٠﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ وە بەڕاستی پەروەردگارت هەر ئەوە زاڵ و بەبەزەیی ﴿١٩١﴾ ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ و بەڕاستی ئەم (قورئان)ە دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانیانە ﴿١٩٢﴾ ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ﴾ جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە ﴿١٩٣﴾ ﴿عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ﴾ بۆ سەردڵی تۆ بۆ ئەوەی لەترسێنەران بی ﴿١٩٤﴾ ﴿بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ مُّبِينٍ﴾ بەزمانێکی عەرەبی ڕوون و پاراو ﴿١٩٥﴾ ﴿وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ وە بەڕاستی (باسی قورئان) لەکتێبی پێغەمبەرە پێشووەکاندا هەیە ﴿١٩٦﴾ ﴿أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً﴾ ئایا ئەمە بەڵگەیەکی ڕوون نەبوو بۆیان (بۆ کافرانی قورەیش) ﴿أَن يَعْلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُا۟ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ کەزانایانی بەنی ئیسرائیل ئەو (دەنگ و باسی قورئان)ە دەزانن ﴿١٩٧﴾ ﴿وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ﴾ ئەگەر ئێمە ئەو (قورئانە)مان بنارداید‌ەتە خوارەوە بۆ سەر کەسێکی عەجەمی ﴿١٩٨﴾ ﴿فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم﴾ ئەمجا بیخوێندایەتەوەبەسەریاندا (بەسەر بێ باوەڕانی مەککەدا) ﴿مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾ باوەڕیان پێ نەدەهێنا ﴿١٩٩﴾ ﴿كَذَٰلِكَ سَلَكْنَٰهُ فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە ئەو (قورئان)مان خستۆتە ناو دڵی تاوانبارانەوە ﴿٢٠٠﴾ ﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ کەچی هەر باوەڕی پێ ناهێنن ﴿حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾ هەتا سزای سەخت بەچاوی خۆیان دەبینن (جا باوەڕ دێنن) ﴿٢٠١﴾ ﴿فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ ئەویش لە ناکاودا دێت بۆیان کەئەوان هەستی پێ ناکەن ﴿٢٠٢﴾ ﴿فَيَقُولُوا۟ هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ﴾ ئەوسا ئەڵێن ئا خۆ مۆڵەتمان پێ دەدرێت ﴿٢٠٣﴾ ﴿أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ﴾ دەی ئایا ئەوان پەلەی سزای ئێمەیانە ﴿٢٠٤﴾ ﴿أَفَرَءَيْتَ إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ﴾ تۆ پێم بڵێ ئەگەر چەند ساڵێ بەخۆشی بیان ژێنین ﴿٢٠٥﴾ ﴿ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُوا۟ يُوعَدُونَ﴾ لە پاشان ئەو سزایەی کەلێی ترسێنرا بوون بێت بۆیان ﴿٢٠٦﴾

﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُم﴾ سوودیان پێ ناگەیەنێ ﴿مَا كَانُواْ يُمَتَّعُونَ﴾ ئەو هەموو خۆشی و ڕابواردنەی بەوان درابوو ﴿٢٠٧﴾ ﴿وَمَآ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةٍ﴾ هیچ شارو گوندێکمان لەناو نەبردووە ﴿إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ﴾ دڵنیابە ترسێنەرانێکی هەبووە ﴿٢٠٨﴾ ﴿ذِكۡرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە، وە ئێمە ستەمکار نەبووین (لەسزادانیاندا) ﴿٢٠٩﴾ ﴿وَمَا تَنَزَّلَتۡ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾ شەیتانەکان ئەو (قورئانە)یان نەهێناوەتە خوارەوە ﴿٢١٠﴾ ﴿وَمَا يَنۢبَغِي لَهُمۡ وَمَا يَسۡتَطِيعُونَ﴾ نەشیاوی ئەوەن و نەدەشتوانن ﴿٢١١﴾ ﴿إِنَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّمۡعِ لَمَعۡزُولُونَ﴾ بەڕاستی شەیتانەکان لەگوێ گرتن(ی هەواڵی ئاسمان) بەرگری کراون ﴿٢١٢﴾ ﴿فَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ کەواتە هیچ پەرستراوێکی تر نەپەرستی لەگەڵ خوادا ﴿فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُعَذَّبِينَ﴾ ئەگینا لەسزا دراوان دەبی ﴿٢١٣﴾ ﴿وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ﴾ خزم و کەسە زۆر نزیکەکانت بترسێنە ﴿٢١٤﴾ ﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ﴾ و باڵی بەزەیی و نەرم و نیانیت ڕاخە ﴿لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ بۆ ئەو باوەڕدارانەی کەشوێنت کەوتوون ﴿٢١٥﴾ ﴿فَإِنۡ عَصَوۡكَ﴾ ئەمجا ئەگەر سەرپێچیان کردی ﴿فَقُلۡ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ ئەوسا پێیان بڵێ: بەڕاستی من بەریم لەوەی ئێوە دەیکەن ﴿٢١٦﴾ ﴿وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ﴾ وە پشت بەو خوایە ببەستە کەزاڵ و بەبەزەیی یە ﴿٢١٧﴾ ﴿ٱلَّذِي يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ﴾ ئەو (خوایە) کە دەتبینێ کاتێ بەتەنیا نوێژ دەکەی ﴿٢١٨﴾ ﴿وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ وە (دەبینێ) نوێژ کردنت لەناو نوێژگەراندا (کەپێش نوێژیبان بۆ دەکەیت) ﴿٢١٩﴾ ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾ بەڕاستی تەنها ئەوە بیسەری ئاگادار ﴿٢٢٠﴾ ﴿هَلۡ أُنَبِّئُكُمۡ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾ هەواڵتان بدەمێ شەیتانەکان دادەبەزنە سەرکێ؟ ﴿٢٢١﴾ ﴿تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ﴾ دادەبەزنە سەر هەموو (کەسێکی) زۆر درۆزنی زۆر تاوانبار ﴿٢٢٢﴾ ﴿يُلۡقُونَ ٱلسَّمۡعَ وَأَكۡثَرُهُمۡ كَٰذِبُونَ﴾ باش گوێ دەگرن (بۆ شەیتانەکان) وە زۆربەیان درۆزنن (لەو هەواڵانەدا دەیدەن بەخەڵکی) ﴿٢٢٣﴾ ﴿وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلۡغَاوُۥنَ﴾ (پێغەمبەر ﷺ) شاعیر نی یە) شاعیرەکان تەنها گومڕاکان شوێنیان دەکەون ﴿٢٢٤﴾ ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّهُمۡ﴾ ئایا نابینی کەئەوانە ﴿فِي كُلِّ وَادٖ يَهِيمُونَ﴾ بەهەموو دۆڵ و شیوێکدا بەسەر لێشێواوی دەڕۆن (شیعر دەڵێن) ﴿٢٢٥﴾ ﴿وَأَنَّهُمۡ يَقُولُونَ مَا لَا يَفۡعَلُونَ﴾ وە بەڕاستی ئەوانە شتێ دەڵێن کەخۆیان نایکەن ﴿٢٢٦﴾ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ جگە لەوانەیان بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿وَذَكَرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا﴾ وە یادو زیکری خوایان زۆر کردووە ﴿وَٱنتَصَرُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ﴾ وە تۆڵەیان سەندووە لەپاش ئەوە ستەمیان لێ کراوە ﴿وَسَيَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ﴾ وە ئەوانەی ستەمیان کردووە لەمەودوا دەزانن ﴿أَيَّ مُنقَلَبٖ يَنقَلِبُونَ﴾ کەچۆن گەڕانەوەیەك دەگەڕێنەوە(بۆ لای خوا دوای مردن) ﴿٢٢٧﴾

سورەتی ﴿النمل﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿طسٓ﴾ بە (طا، سین) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی بۆزانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿تِلْكَ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَكِتَابٍ مُّبِينٍ﴾ ئەمە ئایەتەکانی قورئان و کتێبی ئاشکرایە ① ﴿هُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ (هۆی) ڕێنموونیی و مژدەدانە بۆ بڕواداران ② ﴿الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ﴾ ئەوانەی کەنوێژ بەجێ دێنن و زەکات دەدەن ﴿وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴾ وە ئەوانەی بڕوای بتەویان بەڕۆژی دوایی هەیە ③ ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بەڕۆژی دوایی ﴿زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَالَهُمْ﴾ کردەوە (خراپە)کانیانمان ڕازاندووەتەوە بۆیان ﴿فَهُمْ يَعْمَهُونَ﴾ بۆیە ئەوان بەسەرگەردانی دەسوڕێنەوە ④ ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَهُمْ سُوءُ الْعَذَابِ﴾ ئەوانە کەسانێکن سزای بەدیان بۆ هەیە ﴿وَهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ﴾ وە ئەوانە لەڕۆژی دوایی دا زەرەرمەندترین کەسن ⑤ ﴿وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى الْقُرْآنَ﴾ بەڕاستی تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) قورئانت پێدەدرێ (فێر دەکرێ ی) ﴿مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ﴾ لەلایەن خوای کار دروستی زاناوە ⑥ ﴿إِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهْلِهِ﴾ (بیریان خەرەوە) کاتێ موسا بەخێزانەکەی ووت ﴿إِنِّي آنَسْتُ نَارًا﴾ بێگومان من ئاگرێ بەدیدەکەم ﴿سَآتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ﴾ (ئێوە لێرەدا بن) من دەڕۆم بۆ لای ئەو ئاگرە بەزووی هەواڵێکتان بۆ دێنم ﴿أَوْ آتِيكُم بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَّعَلَّكُمْ﴾ یا گڕو بزوسکێ (لەو ئاگرە) تان بۆ دێنم تا ئێوە ﴿تَصْطَلُونَ﴾ خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە ⑦ ﴿فَلَمَّا جَاءَهَا نُودِيَ﴾ ئەمجا کاتێ (موسا علیه السلام) گەیشتە لای ئاگرەکە بانگی لێ کرا ﴿أَن بُورِكَ مَن فِي النَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾ کە پیرۆز بووە ئەو کەسەی لەناو ئاگرەکە (ڕووناکی کە) دایەو ئەوەش بەدەوری دایە ﴿وَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ وە پاک و بێگەردە خوای پەروەردگاری جیهانیان ⑧ ﴿يَا مُوسَىٰ إِنَّهُ أَنَا اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ ئەی موسا بەڕاستی ئەوەی (بانگی کردی) منم خوای بەدەسەڵاتی کار دروست ⑨ ﴿وَأَلْقِ عَصَاكَ﴾ دە گۆچانەکەت فڕێ دە (ئەویش فڕێی دا) ﴿فَلَمَّا رَآهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَانٌّ﴾ ئەمجا کاتێ بینی وەک تیرەمار دەجوڵێ ﴿وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ﴾ (موسا) هەڵهات و ئاوڕی نەدایەوە. ﴿يَا مُوسَىٰ لَا تَخَفْ﴾ (خودا فەرمووی) ئەی موسا مەترسە ﴿إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ الْمُرْسَلُونَ﴾ بێگومان پێغەمبەران لای من ناترسن ⑩ ﴿إِلَّا مَن ظَلَمَ﴾ بێجگە لەکەسێ کەستەمی کردبێ ﴿ثُمَّ بَدَّلَ حُسْنًا بَعْدَ سُوءٍ﴾ پاشان خراپەکەی گۆڕیبێ بەچاکە ﴿فَإِنِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بەڕاستی من لێبوردەی بەبەزەیم ⑪ ﴿وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ﴾ وە دەستت بکە بەباخەڵتدا ﴿تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ﴾ (کە دەرت هێنا) بەسپێتی و پرشنگداری دێتە دەرەوە بەبێ بەڵەکی ﴿فِي تِسْعِ آيَاتٍ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ﴾ (ئەمە دوو موعجیزەیە) لەنۆ موعجیزە بۆ فیرعەون و گەلەکەی ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە گەلێکی لەسنوور دەرچوون ⑫ ﴿فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ آيَاتُنَا مُبْصِرَةً﴾ ئەمجا کاتێ موعجیزە ئاشکراو ڕوونەکانی ئێمەیان بۆ هات ﴿قَالُوا هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ ووتیان ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە ⑬

﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا﴾ ئەو موعجیزانەیان دان پێدا نەدەنا وئینکاریان دەکرد ﴿وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ﴾ کەچی لەدڵی خۆیان دا بەڕاستیان دەزانی ﴿ظُلْمًا وَعُلُوًّا﴾ لەبەر ستەمکاری و خۆ بە زل زانینیان (ئینکاریان دەکرد) ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ ئەمجا سەرنج بدە سەرئەنجامی خراپەکاران چۆن بوو ﴿١٤﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ عِلْمًا﴾ سوێند بە خوا زانستمان بە داوود و سولەیمان بەخشی ﴿وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى﴾ هەردووکیان ووتیان: هەموو سوپاس و سەنایە بۆ ئەو خوایەی ﴿فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّنْ عِبَادِهِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ کە ڕێزی داوین بەسەر زۆر لە بەندە باوەڕدارەکانیدا ﴿١٥﴾ ﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَٰنُ دَاوُۥدَ﴾ وە سولەیمان بووە میراتگری داوود (لە پێغەمبەرێتی و پاشایەتی و زانیاری دا) ﴿وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ (سولەیمان) ووتی ئەی خەڵکینە ﴿عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ﴾ فێری زمانی باڵندەکان کراوین ﴿وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ﴾ وە لە هەموو شتێکمان پێ دراوە ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ﴾ بەڕاستی ئەمە (بە من دراوە) فەزڵ و چاکەیەکی ئاشکرایە ﴿١٦﴾ ﴿وَحُشِرَ لِسُلَيْمَٰنَ جُنُودُهُۥ﴾ وە کۆ کرایەوە بۆ سولەیمان هەموو سەربازەکانی ﴿مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ﴾ لە جنۆکەو ئادەمی و باڵندەکان ﴿فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾ ئەمجا ئەوان (لە پێش و دواکەوتن) بەرگیری دەکران (و بەڕێز دەڕۆشتن) ﴿١٧﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا﴾ هەتا کاتێ گەشتنە ﴿عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ﴾ سەر شیوی میرووڵە (شوێنێك بوو میرووڵەی زۆر بوو) ﴿قَالَتْ نَمْلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ﴾ میرووڵەیەك ووتی: ئەی میرووڵەکان ﴿ٱدْخُلُوا۟ مَسَٰكِنَكُمْ﴾ بڕۆنە ناو ماڵەکانی خۆتان (کونەکانتان) ﴿لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ﴾ با سولەیمان و لەشکرەکەی نەتان پلیشێنن (لە ڕێبر پێیانەدا) ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لە کاتێکدا ئەوان هەست ناکەن ﴿١٨﴾ ﴿فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا﴾ ئەمجا (سولەیمان بەسەر سوڕمانەوە) زەردەخەنەی کرد لەقسەی ئەو میرولە ﴿وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ﴾ و ووتی ئەی پەروەردگارم وام ڕابێنە ﴿أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ﴾ کە سوپاسی ئەو چاکە و نیعمەتەتانەت بکەم کە ڕشتووتە بەسەر من و دایك باوکمدا ﴿وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ﴾ وە (ڕام بێنە) کە کار و کردەوەی چاکە بکەم کە تۆ پێی ڕازی بێت ﴿وَأَدْخِلْنِى بِرَحْمَتِكَ فِى عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە بە بەزەیی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانت ﴿١٩﴾ ﴿وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ﴾ جا (سولەیمان) چاوی بەباڵندەکان دا گێڕا ﴿فَقَالَ مَا لِىَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ﴾ ووتی ئەوە چی یە بۆ بەبوو سلێمانە نابینم ﴿أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ﴾ یاخود لە ئامادەنەبوانە؟ (خۆی دزیوەتەوە) ﴿٢٠﴾ ﴿لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ سوێند بە خوا سزایەکی بەتینی دەدەم ﴿أَوْ لَأَا۟ذْبَحَنَّهُۥٓ﴾ یا سەری دەبڕم ﴿أَوْ لَيَأْتِيَنِّى بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾ یا بەڵگەیەکی ڕوونم بۆ دێنێت (لەسەر ئامادە نەبوونی). ﴿٢١﴾ ﴿فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ﴾ ئەمجا (بەبوو) ماوەیەکی کورت مایەوە ﴿فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ﴾ جا (هاتەوە و بەسولەیمانی) ووت ئاگادار بووم لە شتێك کە تۆ ئاگادار نیت لێی ﴿وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ﴾ لە(وڵاتی) سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاستەقینەم بۆ هێناوی ﴿٢٢﴾

﴿إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةً تَمۡلِكُهُمۡ﴾ بەڕاستی من دیم ئافرەتێك پادشای ئەوانە (بەناوی بەلقیس) ﴿وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ﴾ کەهەموو شتێکی (پادشایەتی) پێ دراوە ﴿وَلَهَا عَرۡشٌ عَظِيمٞ﴾ و تەختێکی (پادشایەتی) زۆر گەورەی هەیە ﴿٢٣﴾ ﴿وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا﴾ خۆی و گەلەکەیم دی ﴿يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ لەجیاتی خوا سوژدە بۆ ڕۆژ دەبەن ﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾ و شەیتان کردەوە (خراپە) کانیانی بۆ ڕازاندبوونەوە ﴿فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ بەو هۆیەوە بەرگری کردون لەڕێگەی ڕاست ﴿فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ﴾ بۆیە ئەوان ڕێگای ڕاست نادۆزنەوە ﴿٢٤﴾ ﴿أَلَّا يَسۡجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي﴾ بۆ ئەوەی سوژدە نەبەن بۆ ئەو خوایەی ﴿يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ کەئەوەی شاراوە بێت لەئاسمانەکان و زەویدا دەری دەخات (دەردێنێ) ﴿وَيَعۡلَمُ مَا تُخۡفُونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ﴾ ئەوەش دەی شارنەوەو ئەوەی دەری دەخەن دەی زانێ ﴿٢٥﴾ ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ خوایە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە جگە لەئەو ﴿رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ پەروەردگاری عەرشی هەرە گەورەیە ﴿٢٦﴾ ﴿قَالَ سَنَنظُرُ﴾ (سولەیمان بەپەپوەکەی) ووت ئێمە لێ کۆڵینەوە دەکەین (سەیر دەکەین) ﴿أَصَدَقۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾ (تا بزانین) ڕاست دەکەیت (لەو هەواڵەدا) یا لە درۆزنانیت ﴿٢٧﴾ ﴿ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا﴾ ئەم نامەیەی منیان بۆ بەرە ﴿فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ثُمَّ تَوَلَّ عَنۡهُمۡ﴾ و فڕێ ی دە بۆیان پاشان دوور کەوەرەوە لێیان ﴿فَٱنظُرۡ مَاذَا يَرۡجِعُونَ﴾ ئەمجا سەرنج بدەج وەڵامێك دەگەڕێننەوە ﴿٢٨﴾ ﴿قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ﴾ (بەلقیس) ووتی ئەی پیاو ماقوڵ و سەرۆکەکان ﴿إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ﴾ بەڕاستی من نامەیەکی گرنگم بۆ هاوێژراوە ﴿٢٩﴾ ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ﴾ کەبێگومان لە سولەیمانەوە (هاتووە). ﴿وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەڕاستی ئەو (نامە دەست پێ دەکات): بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ﴿٣٠﴾ ﴿أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ﴾ خۆتان بەگەورە مەزانن بەسەرمداو بەموسڵمانی (گەردن کەچی) وەرن بۆ لام ﴿٣١﴾ ﴿قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ﴾ (بەلقیس) ووتی ئەی سەرۆك وئەشرافەکان ﴿أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي﴾ دەربارەی ئەم کارەم ڕای خۆتانم پێ بڵێن ﴿مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا﴾ چونکە من هیچ بڕیارێك نادەم ﴿حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ﴾ هەتا ئێوە ئامادە نەبن (و ڕاوێژتان پێ نەکەم) ﴿٣٢﴾ ﴿قَالُواْ نَحۡنُ أُوْلُواْ قُوَّةٖ﴾ ووتیان: ئێمە خاوەنی هێزین (چەك و سەرباز) ﴿وَأُوْلُواْ بَأۡسٖ شَدِيدٖ﴾ وە (لەجەنگدا) خاوەنی ئازایەتیەکی زۆرین ﴿وَٱلۡأَمۡرُ إِلَيۡكِ﴾ وە فەرمان وبڕیاریش بەدەستی تۆیە ﴿فَٱنظُرِي مَاذَا تَأۡمُرِينَ﴾ کەواتە سەرنج بدە (بیربکەرەوە) چ فەرمانێك دەدەیت ﴿٣٣﴾ ﴿قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ﴾ ووتی بەڕاستی پادشایان ﴿إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً أَفۡسَدُوهَا﴾ هەر کاتێ (بەزۆر) چوونە شارێکەوە خراپ و وێرانی دەکەن ﴿وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗ﴾ وە دەسەڵات دارەکانی ئەو (شارە) ڕیسوا سەرشۆڕ دەکەن ﴿وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ﴾ وە (کاتێ زاڵ بوون) هەر بەو جۆرە دەکەن ﴿٣٤﴾ ﴿وَإِنِّي مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٖ﴾ جا من دیاریەکی بەنرخ و گەورەیان بۆ دەنێرم ﴿فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾ ئەمجا چاوەڕوان دەکەم کەنێردراوەکان بەچی یەوە دەگەڕێنەوە ﴿٣٥﴾

﴿فَلَمَّا جَآءَ سُلَيْمَٰنَ﴾ ئەمجا کاتێك (نێراوەکە) هاتە لای سولەیمان ﴿قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ﴾ (سولەیمان) ووتی: ئێوە مالّ و سامان بەمن دەدەن؟! ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ﴾ دەی ئەوەی خوا بەمنی داوە ﴿خَيْرٌ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم﴾ چاکترە لەوەی داویەتی بەئێوە ﴿بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ﴾ بەڵکو ئێوە بەدیاریيەکەتان دڵخۆش دەبن ﴿٣٦﴾ ﴿ٱرْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُم﴾ (بە دیاریيەکەوە) بگەڕێرەوە بۆلایان سوێند بەخوا بۆیان دێین ﴿بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا﴾ بە لەشکرێکەوە کەتوانای ڕوو بەڕوو بوونەوەیان نی یە لەگەڵیدا ﴿وَلَنُخْرِجَنَّهُمْ مِّنْهَآ أَذِلَّةً﴾ وە سوێند بەخوا بەزەلیلی و ڕێزردەستی لەوولاتەکەیان دەربان دەکەین ﴿وَهُمْ صَٰغِرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان ڕیسوا و سەرشۆڕن ﴿٣٧﴾ ﴿قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا﴾ (سولەیمان) ووتی ئەی دەستەی پیاوماقوڵ و ئەشرافەکان ﴿أَيُّكُمْ يَأْتِينِى بِعَرْشِهَا﴾ کامتان تەختە (پادشایی یە) کەیم بۆ دێنن ﴿قَبْلَ أَن يَأْتُونِى مُسْلِمِينَ﴾ پێش ئەوەی بە ملکەچی بێن بۆلام ﴿٣٨﴾ ﴿قَالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ﴾ جنۆکەیەکی گەورەی بەهێز لە جنۆکەکان ووتی ﴿أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ﴾ من ئەو (تەختەییت) بۆ دێنم ﴿قَبْلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ﴾ پێش ئەوەی لەجێگەی خۆت هەستیت ﴿وَإِنِّى عَلَيْهِ لَقَوِىٌّ أَمِينٌ﴾ وە بێگومان من بەتوانام بەسەر ئەو (هێنانەدا) و دەسپاکیشم ﴿٣٩﴾ ﴿قَالَ ٱلَّذِى عِندَهُۥ عِلْمٌ مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەوەی زانستی لەکتێبی (ئاسمانی) لا بوو ووتی ﴿أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾ من بۆت دێنم پێش ئەوەی چاوت بتروکێنیت ﴿فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُۥ﴾ (تەختەکەی هێنا) جا کاتێك سولەیمان تەختەتەکەی (بەڵقیسی) لای خۆیدا بینی ﴿قَالَ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّى﴾ ووتی ئەمەلەفەزڵی پەروەردگارمەوەیە ﴿لِيَبْلُوَنِىٓ ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ﴾ بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە ئایا شوکری (ئەم نیعمەتە) دەکەم یان پێ نەزان و سپڵە دەبم ﴿وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ﴾ وە هەر کەسێ سوپاسی خوا بکات ئەوە بێگومان سوپاس بۆ خۆی دەکات (چونکە سوپاکردنی خوای گەورە نیعمەتەکانی پێ زیاد دەبێت) ﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ﴾ وە هەر کەسیش ناسوپاسی بکات (زیانی بۆ خۆیەتی) چونکە بێگومان پەروەردگارم دەوڵەمەند و بێ نیازە ﴿٤٠﴾ ﴿قَالَ نَكِّرُوا۟ لَهَا عَرْشَهَا﴾ (سولەیمان) ووتی تەختەکەی بگۆڕن ﴿نَنظُرْ أَتَهْتَدِىٓ﴾ سەرنج دەین (بزانین) دەیناسێتەوە (کە تەختەکەی خۆیەتی) ﴿أَمْ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ﴾ یان ناینناسێتەوە ﴿٤١﴾ ﴿فَلَمَّا جَآءَتْ قِيلَ أَهَٰكَذَا عَرْشُكِ﴾ ئەمجا کاتێك (بەڵقیس) هات پێی ووترا تەختەکەی تۆ وەك ئەمە وابوو ﴿قَالَتْ كَأَنَّهُۥ هُوَ﴾ (بەڵقیس) ووتی وەك ئەو وایە (ئەڵێی ئەوە) ﴿وَأُوتِينَا ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا﴾ (سولەیمان) ووتی: پێش ئەم (بەڵقیسە) زانستمان پێ درابوو ﴿وَكُنَّا مُسْلِمِينَ﴾ وە ئێمە ملکەچ موسڵمان بووین ﴿٤٢﴾ ﴿وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە ئەوەی بێجگە لەخوا دەی پەرست بەرگری کرد (لەباوەڕ هێنان بەخوا) ﴿إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَٰفِرِينَ﴾ بێگومان ئەو (بەڵقیس) لەگەڵی کافران بوو ﴿٤٣﴾ ﴿قِيلَ لَهَا ٱدْخُلِى ٱلصَّرْحَ﴾ ووترا بە (بەڵقیس) بچۆرە ناو کۆشکەکەوە ﴿فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً﴾ ئەمجا کاتێك کەبینی بەدەریای زانی ﴿وَكَشَفَتْ عَن سَاقَيْهَا﴾ و هەر دوو قاچی هەڵکرد (بۆ ئەوەی تەڕ نەبێت) ﴿قَالَ إِنَّهُۥ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ﴾ (سولەیمان) پێی ووت ئەوە (تۆ بە دەریای دەزانی) کۆشکێکە لەشوشە ﴿قَالَتْ رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى﴾ (بەڵقیس) ووتی ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من ستەمم لە خۆم کردو ﴿وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ لەگەڵ سولەیمان دا منیش ملکەچ بووم بۆ پەروەردگاری جیهانیان ﴿٤٤﴾

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا﴾ سوێند بەخوا ناردمان بۆ گەلی سەموود صالح پێغەمبەری برایان (علیه السلام) ﴿أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾ (پێی ووتن) کەخوا ببپەرستن ﴿فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ﴾ کەچی ئەوان بوونە دوو کۆمەڵی دژ بەیەك ﴿٤٥﴾ ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم بۆچی پەلە دەکەن ﴿بِٱلسَّيِّئَةِ قَبْلَ ٱلْحَسَنَةِ﴾ (بەهاتنی) سزاو تۆڵە پێش (هاتنی) ڕەحمەت و چاکە ﴿لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ ٱللَّهَ﴾ بۆچی (ناگەڕێنەوە) داوای لێخۆشبوون ناکەن لەخوا ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ تا ڕەحمتان پێ بکرێت ﴿٤٦﴾ ﴿قَالُوا۟ ٱطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ﴾ ووتیان ئێمە تووشی شومی و نەگبەتی بووین بەهۆی تۆو ئەوانەی لەگەڵ تۆدان (باوەڕداران) ﴿قَالَ طَٰٓئِرُكُمْ عِندَ ٱللَّهِ﴾ (صالح) ووتی هۆی ئەو نەگبەتی یەی ئێوە لەلای خوایە (کەبێ باوەڕیتانە) ﴿بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ﴾ نەخێر بەڵکو ئێوە گەلێکن تاقی دەکرێنەوە ﴿٤٧﴾ ﴿وَكَانَ فِى ٱلْمَدِينَةِ﴾ لەو شارە (ی صالح)دا ﴿تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ﴾ نۆ کەس هەبوون لەزەویدا خراپەکاریان دەکرد بەهیچ جۆر چاکەیان نەدەکرد ﴿٤٨﴾ ﴿قَالُوا۟ تَقَاسَمُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ ووتیان (بەیەکتری) سوێند بخۆن بەخوا ﴿لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهْلَهُۥ﴾ کەبەشەوا هێرش دەکەینە سەر مال و خێزانی (صالح و هەموویان لەناو دەبەین) ﴿ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ﴾ لەپاشان دەڵێین بەکەس و کاری (صالح) ﴿مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِۦ﴾ ئێمە ئاگامان لەکوشتن و تیاچوونی خێزانی ئەو نی یە ﴿وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾ وبێگومان ڕاستیش دەکەین ﴿٤٩﴾ ﴿وَمَكَرُوا۟ مَكْرًا﴾ ئەوان پیلانی نەخشەیان داڕشت بەپیلاندانێکی خراپ (بۆ کوشتنی صالح) ﴿وَمَكَرْنَا مَكْرًا﴾ ئێمەش (لەبەرامبەر پیلانی ئەواندا) پیلانمان گێڕا (بۆ لەناو بردنیان) بە پیلانگێڕانێکی بەهێز ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان هەستیان نەدەکرد ﴿٥٠﴾ ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ مَكْرِهِمْ﴾ ئەمجا سەرنج بدە سەر ئەنجامی پیلانی ئەوان چی لێهات ﴿أَنَّا دَمَّرْنَٰهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ چۆن ئێمە ئەوان و گەلەکەیانمان هەموو پێکەوە لەناو برد ﴿٥١﴾ ﴿فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ﴾ ئەمجا ئەوە (جێ) خانووەکانیانە ﴿خَاوِيَةًۢ بِمَا ظَلَمُوٓا۟﴾ چۆڵ و خاڵی یە لەبەر ئەوەی ستەمیان کرد ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ بەڕاستی لەو بەسەرهاتەدا پەندو ئامۆژگاری وبەڵگە هەیە ﴿لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بۆ کۆمەڵێك کە دەزانن (چیمان بەسەر ئەوانە هێناوە) ﴿٥٢﴾ ﴿وَأَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ﴾ وە ئەو کەسانەمان ڕزگار کرد کەبڕوایان هێنابوو و لەخوا دەترسان ﴿٥٣﴾ ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ﴾ وە باسی لووط بکە کاتێ ووتی بە گەلەکەی ﴿أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ﴾ ئایا ئێوە ئەو کارە زۆر خراپ و ناشیرینە دەکەن ﴿وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ﴾ کەئێوە دەبینن و دەزانن (چەند پیس وناشیرینە) ﴿٥٤﴾ ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ﴾ چۆن!! ئایا بەڕاستی ئێوە دەچنە لای پیاوان لەجیاتی ئافرەتان بۆ بەجێ هێنانی ئارەزوو (هەکانتان)؟ ﴿بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ دیارە ئێوە گەل و کۆمەڵێکی نەفام و نەزانن ﴿٥٥﴾

﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ﴾ ئەمجا وەلامی گەلەکەی هیچ نەبوو ﴿إِلَّآ أَن قَالُوٓا﴾ جگە لەوەی کەووتیان ﴿أَخْرِجُوٓا۟ ءَالَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ﴾ لووط و کەسوکار و(شوێن کەوتوانی) لەشارەکەتان دەرکەن ﴿إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ بەڕاستی ئەوان کەسانێکن خۆیان پاك ڕادەگرن (لەم کردەوەی ئێمە) ﴿٥٦﴾ ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ﴾ ئەمجا ئێمە لووط و خێزانەکەیمان ڕزگار کرد جگە لەهاوسەرەکەی ﴿قَدَّرْنَٰهَا مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ کەبڕیارمان دا ئەو(هاوسەرەکەی) لەجێماوان بێت لەسزادا ﴿٥٧﴾ ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا﴾ وەبارانێکمان (لەبەرد) بەسەریان دا بارانـد ﴿فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ﴾ ئای چ خراپ بوو بارانی ترسێنراوەکان ﴿٥٨﴾ ﴿قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هەموو سوپاس و ستایش بۆ خوا ﴿وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ﴾ وە سەلام و درود لەسەر ئەو بەندانەی خوا هەڵیبژاردون (بۆ پێغەمبەرایەتی) ﴿ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ ئایا خوا باشترە یا ئەو بتانەی دەیکەنە هاوبەشی خوا ﴿٥٩﴾ ﴿أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ ئایا زاتێك کەئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ لەئاسمانەوە بارانی بۆ بارانـدون ﴿فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ﴾ ئەمجا بەو(بارانە) چەند باخچەیەکی خاوەن جوانیمان ڕواند ﴿مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ﴾ کە ئێوە نەتان دەتوانی دارەخت و ڕواوی ئەو(باخچە) بڕوێنن ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایا هیچ پەرستراوی تر لەگەڵ خوادا هەیە ﴿بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ (نەخێر نی یە) بەڵام ئەوانە گەلێکن لادەدەن لەڕێگای ڕاست ﴿٦٠﴾ ﴿أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا﴾ ئایا زاتێ کەزەوی کردوەتە جێگای ئارامی و نیشتەجێ بـوون ﴿وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا﴾ وە لەناو(زەوی)دا چەند ڕوبـاری بـەدی هێناوە ﴿وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِىَ﴾ وە چەنـد چیای گەورەی بـۆ زەوی داناوە ﴿وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا﴾ وە لە نێوان دوو ئاودا (شـیرین و سـوێر) بەربەستی داناوە(بۆ ئـەوەی تێکەڵ نەبن) ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایـا هیچ پەرستراوی تـر هەیە لەگـەڵ خـوادا ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ نەخێر نی یە بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٦١﴾ ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ﴾ ئایا زاتێ کەدێت بەهاواری ناچار و داماوەوە کاتێـك هـاواری لێ دەکات ﴿وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ﴾ وە ناخۆشـی و بەڵاکان لادەبات ﴿وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ﴾ وە دەتان کاتە جێنشینی گەلانی تری سـەر زەوی ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایا پەرستراوێکی تر هەیە لەگـەڵ خوادا (نەخێـر نییە) ﴿قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ بەڵام زۆر کەم بیـر دەکەنەوە ﴿٦٢﴾ ﴿أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ ئایـا زاتێ کە ڕێنمووئیی ئێوە دەکات (بە ئەستێرە و شـتی تـر) لەتاریکی یەکانی ووشـکانی و دەریادا (لەشـەودا) ﴿وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦٓ﴾ و زاتێك کە (با) دەنێرێت بـە مـوژدەدەر پێش بارانـی ڕەحمەتـی ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایا هیچ پەرسـتراوێکی تر هەیە لەگـەڵ خوادا ﴿تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ خوا بەرز و بڵندترە لەوەی بت پەرستان دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٣﴾

﴿أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ ئایا زاتێ کە لەسەرەتاوە بونەوەر بەدی دێنێت پاشان (دوای مردنی) جارێکی تر دروستی دەکاتەوە ﴿وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وەزاتێ کە لەئاسمان و زەوی یەوە رزق و ڕۆزیتان دەدات ﴿أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ﴾ ئایا هیچ پەرستراوی تر هەیە لەگەڵ خوادا (نەخێر نی یە) ﴿قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەلگەتان بێنن ئەگەر ڕاست دەکەن ﴿٦٤﴾ ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ﴾ بڵێ کەسانێ کە لە ئاسمانەکان و زەوی دان غەیب نازانن ﴿إِلَّا ٱللَّهُ﴾ بێجگە لەخوا (تەنها ئەو دەیزانێ) ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ و ئەوان هەست ناکەن چ کاتێ زیندوو دەکرێنەوە ﴿٦٥﴾ ﴿بَلِ ٱدَّٰرَكَ عِلْمُهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ بەڵکو زانیاری ئەوان دەربارەی ڕۆژی دوایی کورتە وبڕ ناکات (زانیاریەکی وایان نی یە) ﴿بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّنْهَا﴾ بەڵکو لەبارەی (ڕۆژی دوای) یەوە ئەوان لە گومان و دوودڵیدان ﴿بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ﴾ بەڵکو ئەوان لەو بارەیەوە کوێرن ﴿٦٦﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەیان ووت ﴿أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا وَءَابَآؤُنَآ﴾ ئایا کاتێ ئێمەو باوو باپیرانمان بووین بەخاک ﴿أَئِنَّا لَمُخْرَجُونَ﴾ ئایا ئێمە دەر دەهێنرێین (لە گۆڕەکانمان و زیندوو دەبینەوە) ﴿٦٧﴾ ﴿لَقَدْ وُعِدْنَا هَٰذَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمەو باوو باپیرانمان لەمەو پێش بەڵێنی ئەم (زیندوو کردنەوە)مان پێ درا بوو ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئەم (هەڕەشەی موحەممەد ﷺ) لێمان دەکات) تەنها درۆ و دەلەسەی گەلە پێشووەکانە (کەنوسراوەتەوە) ﴿٦٨﴾ ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) پێیان) بڵێ بڕۆن بگەڕێن بەزەوی و ولاتان دا ﴿فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ ئەمجا سەرنج بدەن بزانن سەرئەنجامی تاوانباران چۆن بووە (چییان بەسەر هاتووە) ﴿٦٩﴾ ﴿وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ﴾ خەفەت مەخۆ بۆ ئەوانە (کەبڕوا ناهێنن) ﴿وَلَا تَكُن فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ﴾ و سینگ و دڵت تەنگ نەبێ لەو پیلان و خراپانەی دەیکەن (دژبەتۆ) ﴿٧٠﴾ ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ﴾ دەڵێن ئەم بەڵێنەی (سزای پێمان دەدەن) کەی دێت ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەن ﴿٧١﴾ ﴿قُلْ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ رَدِفَ لَكُم﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ لەوانەیە زۆر لێتانەوە نزیک بووبێتەوە ﴿بَعْضُ ٱلَّذِى تَسْتَعْجِلُونَ﴾ هەندێ لەو سزای بەپەلە داوای هاتنی دەکەن ﴿٧٢﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ وەبەڕاستی پەروەردگارت خاوەن فەزڵ و چاکەیە بەسەرخەڵکەوە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ﴾ بەڵام زۆر بەیان سوپاس(ی پەروەردگار) ناکەن ﴿٧٣﴾ ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ﴾ وە بەڕاستی پەروەردگارت ئاگادارەو دەزانێت ﴿مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ بەو (دوژمنایەتی و کینەی) لە دەرونیاندا دەیشارنەوە وبەوەش دەری دەبڕن (نایشارنەوە) ﴿٧٤﴾ ﴿وَمَا مِنْ غَآئِبَةٍ فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وە هیچ شتێکی نادیار نییە لەئاسمان و زەوی دا ﴿إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ مەگەر لەکتێبی ڕوون (لوح المحفوظ) دایە ﴿٧٥﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ﴾ بەڕاستی ئەم قورئانە ﴿يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ دەیگێڕێتەوە بۆ نەوەی ئیسرائیل ﴿أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ زۆربەی ئەو مەسەلانەی کە ئەوان تێیدا جیاوازن ﴿٧٦﴾

﴿وَإِنَّهُۥ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە بەڕاستی ئەم (قورئانە) ڕێنموونی میهرەبانی یە بۆ ئیمانداران ﴿٧٧﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُم بِحُكْمِهِۦ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت دادوەری دەکات لەنێوانیان دا بەبڕیاری خۆی ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە خوا بەدەسەلاتی زانایە ﴿٧٨﴾ ﴿فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ کەوا بوو پشت هەر بەخوا بیەستە ﴿إِنَّكَ عَلَى ٱلْحَقِّ ٱلْمُبِينِ﴾ بەڕاستی تۆ لەسەر ئایینێکی ڕاست و ڕوونی ﴿٧٩﴾ ﴿إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ بەڕاستی تۆ ناتوانی (بانگەوازت) بەمردووەکان ببیستێنیت ﴿وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ﴾ وە ناتوانی بانگەوازت بەوانەی کەڕن بژنەوێنی ﴿إِذَا وَلَّوْا۟ مُدْبِرِينَ﴾ کاتێ پشت هەڵدەکەن و دەڕۆن ﴿٨٠﴾ ﴿وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِى ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ﴾ وە تۆ ناتوانی کوێران ڕزگار کەیت لە گومڕاییەکەیان (ڕێنموونیان بکەیت) ﴿إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ تۆ تەنها (ڕێنموونیت) بەکەسێ دەژنەوێنی کەبڕوا بەنایەت و نیشانەکانی ئێمە دێنێ ﴿فَهُم مُّسْلِمُونَ﴾ چونکە ئەوانە هەمیشە ملکەچن (بۆ هەق) ﴿٨١﴾ ﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ﴾ وە کاتێ ئەو بەڵێنی (سزایەی پێیان دراوە) بەسەریاندا هات ﴿أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ﴾ (کەمێك پێش ڕودانی قیامەت) گیان لەبەرێك لەزەوی دەردەهێنین بۆیان ﴿تُكَلِّمُهُمْ﴾ قسەیان لەگەڵدا دەکات ﴿أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴾ (دەڵێ) بەڕاستی ئەم خەڵکە باوەڕی ڕاستەقینەیان نەهێنا بەنایەتەکانی ئێمە ﴿٨٢﴾ ﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) باسی) ئەو ڕۆژە بکە لەهەموو میللەتێك پۆلێکی زۆر کۆدەکەینەوە ﴿مِّمَّن يُكَذِّبُ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ لەوانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی ﴿فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾ ئەمجا ئەوان (لەپێش و دواکەوتن) بەرگری دەکرێن (بەڕێز دەڕۆن) ﴿٨٣﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُو﴾ هەتا کاتێ دێن (بۆ شوێنی کۆکردنەوەیان) ﴿قَالَ أَكَذَّبْتُم بِـَٔايَٰتِى وَلَمْ تُحِيطُوا۟ بِهَا عِلْمًا﴾ (خوا) ئەفەرموێ ئایا ئێوە ئایەتەکانی منتان بەدرۆ دەزانی (باوەڕتان پێ نەهێنا) لەکاتێکدا هیچ زانیاریەکتان دەربارەیان نەبوو ﴿أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ یان ئێوە چیتان دەکرد (لەدونیا) ﴿٨٤﴾ ﴿وَوَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا۟﴾ وە بڕیاری (سزادانیان) بەسەرا دەسەپێ بەهۆی ستەمکاری یانەوە ﴿فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ﴾ ئەمجا ئەوان هیچ قسە ناکەن ﴿٨٥﴾ ﴿أَلَمْ يَرَوْا۟﴾ ئایا (ێ بڕوایان) نەیان زانیوە و نابینن ﴿أَنَّا جَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِيَسْكُنُوا۟ فِيهِ﴾ ئێمە شەومان سازاندووە بۆ ئەوەی ئەوان ئارامی تیا بگرن ﴿وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا﴾ وە ڕۆژمان ڕووناك کردووە (ئیش و کاری تیادەکەن) ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بەڕاستی لەمەدا چەند بەڵگەو نیشانە هەیە بۆ کەسانێ باوەڕ دێنن (بەخوا) ﴿٨٦﴾ ﴿وَيَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) باسی) ئەو ڕۆژە بکە فوو دەکرێ بەشەیپوردا ﴿فَفَزِعَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ﴾ جا هەرچی کەس لەئاسمانەکان و زەوی دایە دەترسێ وڕادەچڵەکێ (هەموو دەمرن) ﴿إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ﴾ جگە لەو کەسانەی خوا بیەوێ (بەئارام بن و نەمرن) ﴿وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَٰخِرِينَ﴾ وە هەموو بەملکەچی و سەر شۆڕی دێنەوە لای خوا ﴿٨٧﴾ ﴿وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً﴾ وە ئەو کێوو چیانە دەبینی وا دەزانی دامەزراون (لەشوێنی خۆیان دا) ﴿وَهِىَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِ﴾ (کاتێ فووکرا بەشەیپوردا) چیاکان وەکو ڕۆشتنی هەور دەڕۆن ﴿صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ ئەمە دروست کراوی ئەو خوایە کەهەموو شتێکی بەو بەڕێك و پێکی دروست کردووە ﴿إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ﴾ بەڕاستی خوا ئاگادارە بەهەر کردەوەیەك ئێوە دەیکەن ﴿٨٨﴾

﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ﴾ هەر کەس کردەوەی چاکی کردبێت ﴿فَلَهُۥ خَيۡرٞ مِّنۡهَا﴾ (لەڕۆژی دواییدا) پاداشتی چاکتری لەو (کردەوە)ی بۆ هەیە ﴿وَهُم مِّن فَزَعٖ يَوۡمَئِذٍ ءَامِنُونَ﴾ وە ئەوانە دڵنیان لەترس و داچڵەکانی گەورەی ئەو ڕۆژە ﴿٨٩﴾ ﴿وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ﴾ وە هەر کەس خراپەی کردبێت ﴿فَكُبَّتۡ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ﴾ (لەو ڕۆژەدا) بەسەر ڕوومەت ودەم و چاویاندا دەخرێنە ناو ئاگر (ی دۆزەخ) ﴿هَلۡ تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ ئایا سزا دەدرێن جگە لەوەی دەتانکرد ﴿٩٠﴾ ﴿إِنَّمَآ أُمِرۡتُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ) بێگومان من فەرمانم پێ دراوە ﴿أَنۡ أَعۡبُدَ رَبَّ هَٰذِهِ ٱلۡبَلۡدَةِ﴾ کەئەنها پەروەردگاری ئەم شارە (مەککە) بپەرستم ﴿ٱلَّذِي حَرَّمَهَا﴾ ئەو (خوایە)ی (ڕێز شکاندی) ئەم شارەی حەرام کردووە ﴿وَلَهُۥ كُلُّ شَيۡءٖ﴾ و هەموو شتێك ئەنها هی ئەو (خوایە) ﴿وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾ وە فەرمانم پێ دراوە لەموسڵمانان بم ﴿٩١﴾ ﴿وَأَنۡ أَتۡلُوَاْ ٱلۡقُرۡءَانَۖ﴾ وە (فەرمانم پێ دراوە کە)قورئان بخوێنم (بەسەر خەڵکی دا) ﴿فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ﴾ جا هەر کەس هیدایەتی وەرگرت ئەو بێگومان تەنها بۆ خۆی هیدایەت وەردەگرێ (قازانجەکەی بۆ خۆیەتی) ﴿وَمَن ضَلَّ﴾ هەرکەسیش گومڕا بێت (زیانی بۆ خۆیەتی) ﴿فَقُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ﴾ وە بڵێ: بەڕاستی من تەنها یەکێکم لەترسێنەران ﴿٩٢﴾ ﴿وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ وە بڵێ هەموو سوپاس بۆ خوایە ﴿سَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعۡرِفُونَهَاۚ﴾ ئەو (خوایە) بەزووبی ئایەت و نیشانەکانی نیشانی ئێوە دادەت ئێوەش دەیانناسن (کەئایەتی خوان) ﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ وە پەروەردگارت بێ ئاگا نییە لەوەی کەئێوە دەیکەن ﴿٩٣﴾

سورەتی ﴿القصص﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿طسٓمٓ﴾ بە(طا،سین، میم) دەخوێنرێتەوە خوازاناترە بە ماناکەی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ﴾ ئەم (ئایەتانە) ئایەتەکانی قورئانی ڕوون و ئاشکران ﴿٢﴾ ﴿نَتۡلُواْ عَلَيۡكَ﴾ دەیخوێنینەوە بەسەرتا(ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرۡعَوۡنَ بِٱلۡحَقِّ﴾ هەندێ لەهەواڵی موسا و فیرعەون بەڕاستی و دروستی ﴿لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ بۆ ئەوانەی بڕوا دێنن ﴿٣﴾ ﴿إِنَّ فِرۡعَوۡنَ عَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ بەڕاستی فیرعەون زاڵ و(ملهوڕ و یاخی) بوو لەزەوی (میصر)دا ﴿وَجَعَلَ أَهۡلَهَا شِيَعٗا﴾ وە خەڵکەکەی (میصری) کرد بەچەند بەش و کۆمەڵێك ﴿يَسۡتَضۡعِفُ طَآئِفَةٗ مِّنۡهُمۡ﴾ کۆمەڵێکیانی لاوازو ژێر دەستە دەکرد ﴿يُذَبِّحُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَيَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡۚ﴾ کوڕانی ئەوانی سەر دەبڕی و ئافرەتانیانی بەزیندوویی دەهێشتەوە (دەیکردنە خزمەتکارو کەنیزەك) ﴿إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ بەڕاستی ئەو (فیرعەون) لەخراپەکاران بوو ﴿٤﴾ ﴿وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ﴾ وە ئێمە دەمانەوێ (بەچاکەی خۆمان) منەت بنێین ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ بەسەر ئەوانەی کەلاواز و ژێر دەست کرابوون لەوولاتی (میصر)دا ﴿وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ﴾ وە بیان کەینە پێشەواو بیان کەینە میرات بەران(ی کەلەپوری فیرعەون و و شوێن کەوتوانی) ﴿٥﴾

﴿وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ وە دەسەلآت داریان بکەین لەو زەویەدا ﴿وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا﴾ وەنیشانی فیرعەون وهامان ولەشکری هەردووکیان بدەین ﴿مِّنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَحْذَرُونَ﴾ لە (بەنو ئیسرائیلی یەکانەوە) ئەوەی خۆیان لێ دەپاراست ﴿٥﴾ ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ﴾ بەدایکی موسامان راگەیاند (ئیلهامان بۆ کرد) ﴿أَنْ أَرْضِعِيهِ﴾ کە شیر بدە بەموسا ﴿فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ﴾ ئەمجا هەرکاتێ ترست لێی هەبوو ﴿فَأَلْقِيهِ فِي ٱلْيَمِّ﴾ ئەوکاتە بیخەرە ڕووبار (ی نیلە)وە ﴿وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِيٓ﴾ مەترسە (لێ ی) وخەفەتیش مەخۆ (بۆی) ﴿إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ﴾ بەڕاستی ئێمە دەیگێڕینەوە بۆلات ﴿وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ وە دەیکەین بەیەکێ لەپێغەمبەران ﴿٦﴾ ﴿فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ﴾ (دایکی موسای خستە ناوی نیلەوە) ئەمجا دارو دەستەی فیرعەون (پێیان زانی و) هەڵیان گرتەوە ﴿لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا﴾ بۆ ئەوەی ببێ بەدوژمن و هۆی خەفەت بۆیان ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا﴾ بەڕاستی فیرعەون وهامان ولەشکر و سەربازەکانیان ﴿كَانُوا۟ خَٰطِـِٔينَ﴾ تاوانبارو هەڵەبوون ﴿٨﴾ ﴿وَقَالَتِ ٱمْرَأَتُ فِرْعَوْنَ﴾ (ویستیان موسا بکوژن ئاسیەی) ژنی فیرعەون ووتی ﴿قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ ۖ لَا تَقْتُلُوهُ﴾ مایەی چاو ودڵ ڕۆشنی یە بۆ من و بۆ تۆش (فیرعەون) مەیکوژن ﴿عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ﴾ بەڵکو سوودو کەڵکمان پێ بگەیەنێ ﴿أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا﴾ یا بیکەین بەکوڕی خۆمان ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان هەستیان نەدەکرد (ئەم منداڵە ئەبێتە هۆی تیاچوونیان) ﴿٩﴾ ﴿وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا﴾ جا دڵی دایکی موسا خاڵی بوو (لەهەموو شت جگە لەمنداڵەکەی) ﴿إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِۦ﴾ نزیک بوو (نهێنی) ئەو منداڵە ئاشکرابکات ﴿لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا﴾ ئەگەر دڵیمان نەبەستایەتەوە (وە بەهێزمان نەکردایە) ﴿لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ ئەوەی لەبڕواداران بێ ﴿١٠﴾ ﴿وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ﴾ (دایکی موسا) ووتی بەخوشکەکەی (موسا) بەشوێنیدا بڕۆ ﴿فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ﴾ ئەمجا لە دورەوە موسای بینی و پێی زانی ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان (فیرعەون و کۆمەڵەکەی) هەستیان نەدەکرد ﴿١١﴾ ﴿وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ﴾ وە ئێمە پێشتر (شیری) شیردەرەکانمان حەرام کرد لەموسا (مەمکی کەسیانی نەدەمژی) ﴿فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ﴾ ئەمجا خوشکەکەی (موسا) ووتی پێیان ئایا مانێکتان نیشان دەم ﴿يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ﴾ کەئەو منداڵە بۆ ئێوە بەخێو بکەن(و شیری بدەنێ) ﴿وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ﴾ و دڵسۆز بن بۆی ﴿١٢﴾ ﴿فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ﴾ ئەمجا موسامان گێڕایەوە بۆلای دایکی ﴿كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ﴾ بۆ ئەوەی چاوی پێ ڕوون بێتەوەو خەفەت نەخوات ﴿وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ وە بۆئەوەی بزانێت کەبەڵێنی خوا ڕاست و هەقە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆر بەیان نازانن ﴿١٣﴾

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ﴾ کاتێ موسا گەشتە ئەوپەڕی پێگەیشتنی لەش و ژیری تێرو تەواو بوو ﴿ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا﴾ دانایی وزانستمان پێدا ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ هەر بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿١٤﴾ ﴿وَدَخَلَ ٱلْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا﴾ وە (موسا) ڕۆشتە ناو شار یێ ئەوەی خەڵکی شار ئاگایان لێ بێ ﴿فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ﴾ جا لەو شارەدا دوو پیاوی دی لەگەڵ یەکتر شەڕیان دەکرد ﴿هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِۦ﴾ ئەمەیان لەتایفەی خۆی بوو ئەوی تریشیان لەدوژمنانی بوو ﴿فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ﴾ ئەمجا ئەوەیان کە لەتایفەی خۆی بوو داوای یارمەتی لێ کرد ﴿عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ﴾ لەدژی ئەوەی کە لە(تاقمی) دوژمنەکەی بوو ﴿فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ﴾ ئەمجا موساش بۆکزێکی لێدا و ئەو (قیبتی یە)ی کوشت ﴿قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ (موسا) ووتی ئەم (کوشتنە) لەکردەوەی شەیتانە ﴿إِنَّهُۥ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ﴾ بەڕاستی ئەو (شەیتان) دوژمنێکی گومڕاکەری ڕوون و ئاشکرایە ﴿١٥﴾ ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى﴾ ووتی ئەی پەروەردگارم بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کرد ﴿فَٱغْفِرْ لِى فَغَفَرَ لَهُۥٓ﴾ دەی لێم خۆشبە جا ئەویش (خودا) لێ ی خۆش بوو ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بێگومان تەنها ئەو لێبوردەی بەبەزەیی یە ﴿١٦﴾ ﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ﴾ (موسا) ووتی ئەی پەروەردگارم بەهەقی چاکە ونیعمەتت لەسەرم (ئەو هێزو توانایەیە کە پێتداوم) ﴿فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيرًا لِّلْمُجْرِمِينَ﴾ بڕیاربێ هەرگیز نەبم بەپشتیوانی تاوانباران ﴿١٧﴾ ﴿فَأَصْبَحَ فِى ٱلْمَدِينَةِ خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ﴾ بەهۆی ئەو (کوشتنە)وە لەشاردا بەترسەوە چاوەڕوانی دەکرد (فیرعەونیەکانی چ هەڵوێستێکیان دەبێ) ﴿فَإِذَا ٱلَّذِى ٱسْتَنصَرَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُۥ﴾ لەناکاوا ئەو (بەنی ئیسرائیلی یەی) دوێنێ داوای یارمەتی کرد لەو (موسا لەگەڵ یەکێکی تردا شەڕیەتی) هاناى بۆ موسا هێنا فریاری کەوێت ﴿قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰٓ إِنَّكَ لَغَوِىٌّ مُّبِينٌ﴾ موسا بەو (بەنو ئیسرائیلی یە)ی ووت بەڕاستی تۆ کەسێکی گومڕای ئاشکرای ﴿١٨﴾ ﴿فَلَمَّآ أَنْ أَرَادَ﴾ ئەمجا کاتێ کە(موسا) ویستی ﴿أَن يَبْطِشَ بِٱلَّذِى هُوَ عَدُوٌّ لَّهُمَا﴾ بەتوندی بدات لەو پیاوەی دووژمنی هەردووکیانە ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ أَتُرِيدُ أَن تَقْتُلَنِى﴾ ووتی ئەی موسا ئایا دەتەوێ بم کوژی ﴿كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًۢا بِٱلْأَمْسِ﴾ هەروەکو دوێنێ کەسێکت کوشت ﴿إِن تُرِيدُ إِلَّآ أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ تۆ هەر دەتەوێ زۆر دارو ملهوڕ بیت لەزەوی دا ﴿وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِينَ﴾ وە ناتەوێ لەپیاو چاکان (ڕێکخەران) بیت ﴿١٩﴾ ﴿وَجَآءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ يَسْعَىٰ﴾ ئەمجا پیاوێک لەو پەڕی شارەوە بەپەلە هات (بۆ لای موسا) ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلْمَلَأَ﴾ ووتی ئەی موسا (ئاگادارێ) کاربەدەست وسەرگەورەکان ﴿يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ﴾ کۆبوونەتەوە لەبارەی تۆوە (قسە دەکەن) بۆ ئەوەی بتکوژن ﴿فَٱخْرُجْ إِنِّى لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ﴾ کەواتە دەرچۆ لەشار (بانەت گرن) بێگومان من دڵسۆزتم ﴿٢٠﴾ ﴿فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ﴾ ئەویش لەشار دەرچوو بەترسەوە چاوەڕوانی دەکرد (پێی بزانن و بیگرن) ﴿قَالَ رَبِّ نَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (موسا) ووتی ئەی پەروەردگارم ڕزگارم بکە لەم کۆمەڵە ستەمکارە ﴿٢١﴾

﴿وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَاءَ مَدْيَنَ﴾ لە کاتێکدا بەرەو شاری مەدیەن دەڕۆشت ﴿قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهْدِيَنِي﴾ ووتی ئومێد دەکەم پەروەردگارم ڕێنمونیم بکات ﴿سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست و حەق ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ﴾ وکاتێ گەیشتە سەر ئاوەکەی مەدیەن ﴿وَجَدَ عَلَيْهِ﴾ بینی لەسەر ئەو ئاوە ﴿أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ﴾ کۆمەڵێک لەخەڵکی (ئاژەڵ و مالات) ئاو دەدەن ﴿وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ﴾ وە لەنزیک ئەو (خەڵک)انەوە دوو ئافرەتی بینی ﴿تَذُودَانِ﴾ بەرگری دەکەن لەئاژەڵەکەیان (لەوەی بێنە سەر ئاوەکە) ﴿قَالَ مَا خَطْبُكُمَا﴾ (موسا) ووتی ئێوە مەبەستتان چی یە؟ (ناهێڵن ئاژەڵەکەتان ئاو بخوات) ﴿قَالَتَا لَا نَسْقِي﴾ ووتیان ئێمە (ئاژەڵەکەمان) ئاو نادەین ﴿حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ﴾ هەتا شوانەکان (وئاژەڵەکانیان لەسەر ئاوەکە) نەگەڕێنەوە ﴿وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ﴾ وە باوکمان پیرێکی گەورەو بەتەمەنە ﴿٢٣﴾ ﴿فَسَقَىٰ لَهُمَا﴾ ئەمجا (موسا) مەڕەکانی بۆ ئاودان ﴿ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ﴾ لەپاشان (موسا) چووبۆ ژێر سێبەرێک ﴿فَقَالَ رَبِّ﴾ جاووتی ئەی پەروەردگارم ﴿إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ﴾ بەڕاستی من هەژارم (پێویستم هەیە) بەهەر خێرو ڕۆزییەک بۆم بنێری ﴿٢٤﴾ ﴿فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا﴾ ئەمجا یەکێک لەدوو کچەکە هات بۆ لای موسا ﴿تَمْشِي عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ﴾ بەشەرمەوە دەڕۆشت لەڕێگادا ﴿قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ﴾ ووتی بەڕاستی باوکم (شوعەیب) بانگت دەکات ﴿لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا﴾ بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوەت بداتەوە کەمەڕەکانت بۆ ئێمە ئاودا (موسا‌ش لەگەڵی ڕۆشت) ﴿فَلَمَّا جَآءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ﴾ ئەمجا کاتی موسا هات بۆ لای (باوکی کچەکە)و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە ﴿قَالَ لَا تَخَفْ﴾ (شوعەیب علیه السلام) ووتی مەترسە ﴿نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ڕزگارت بووە لەو گەلە ستەمکارە ﴿٢٥﴾ ﴿قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ﴾ یەکێ لەو دوو (کچە بەباوکی) ووت ئەی باوە گیان بەکرێ ی بگرە (بۆ شوانی) ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ﴾ چونکە بەڕاستی چاکترین کەسە کە بەکرێی بگری ﴿ٱلْقَوِيُّ ٱلْأَمِينُ﴾ بەهێز و ئەمینە (دەس و داوێن پاکە) ﴿٢٦﴾ ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ﴾ (شوعەیب) ووتی بەڕاستی من دەمەوێ ﴿أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ٱبْنَتَيَّ هَٰتَيْنِ﴾ کە یەکێک لەم دوو کچەم لەتۆ مارەکەم ﴿عَلَىٰٓ أَن تَأْجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٍ﴾ بەو مەرجەی هەشت ساڵ ڕەنجبەریم بۆ بکەیت ﴿فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا﴾ ئەمجا ئەگەر دەساڵت تەواو کرد ﴿فَمِنْ عِندِكَ﴾ ئەوە لە(پیاوەتی) خۆتەوەیە ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ﴾ و من نامەوێ قورسی بکەم لەسەرت ﴿سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر خوا بیەوێ بێگومان دەمبینی ﴿مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ لەپیاو چاکان دەبم ﴿٢٧﴾ ﴿قَالَ ذَٰلِكَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ﴾ (موسا) ووتی ئەوەی ووتت پێم (بڕیار بێت) لەنێوان من و تۆدا ﴿أَيَّمَا ٱلْأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ﴾ هەرکام لەو دوو ماوە (٨ یا ١٠ ساڵ) یەم تەواو کرد ﴿فَلَا عُدْوَٰنَ عَلَيَّ﴾ نابێ ستەمم لێ بکرێ ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ﴾ وە خوا لەسەر ئەوەی کەدەیڵێین شایەت و چاودێرە ﴿٢٨﴾

﴿فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلْأَجَلَ﴾ ئەمجا کاتێك موسا ماوەی شوانی یەکەی تەواو کرد ﴿وَسَارَ بِأَهْلِهِۦٓ﴾ لەگەڵ خێزانەکەی بەشەو ڕۆشتن (لە مەدیەنەوە بۆ میصر) ﴿ءَانَسَ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ نَارًا﴾ لە دورەوە لای ڕاستی کێوی طور ئاگرو ڕووناکی یەکی بینی ﴿قَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا﴾ (موسا) ووتی بەخێزانەکەی ئێوە (لێرەدا) بمێننەوە ﴿إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا﴾ بەڕاستی من ئاگرێکم بەدی کرد (بینی) ﴿لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ﴾ بەڵکو هەواڵێکی (ڕێگاتان) بۆ بێنم لای ئەو (ئاگرە) ﴿أَوْ جَذْوَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ﴾ یان چڵوسکێکی ئاگرتان بۆ بێنم بەڵکو خۆتانی پێ گەرم کەنەوە ﴿٢٩﴾ ﴿فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِىَ﴾ ئەمجا کاتێ هاتە نزیکی ئەو (ئاگرە) بانگی لێ کرا ﴿مِن شَٰطِئِ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ﴾ لەکەناری لای ڕاستی شیوەکەوە ﴿فِى ٱلْبُقْعَةِ ٱلْمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ﴾ لەو پارچە زەوی یە بەفەڕو پیرۆزەی نزیك درەختەکەوە ﴿أَن يَٰمُوسَىٰٓ﴾ (بانگی لێ کرا) کەئەی موسا ﴿إِنِّىٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەڕاستی من خوایەکم پەروەردگاری جیهانیانم ﴿٣٠﴾ ﴿وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ﴾ (وە بانگی کرا) کەگۆچانەکەت فڕێنە ﴿فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ﴾ ئەمجا کاتێ موسا ئەو (گۆچانە)ی بینی وەك تیرەمار دەجوڵێ بە پەلە ﴿وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ﴾ پشتی تێ کرد و ڕایکرد و نەگەڕایەوە سەری ﴿يَٰمُوسَىٰٓ أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ﴾ (خوا فەرمووی) ئەی موسا وەرە پێش و مەترسە ﴿إِنَّكَ مِنَ ٱلْءَامِنِينَ﴾ بەڕاستی تۆ لەو کەسانەی بێ باك و بێ ترسن ﴿٣١﴾ ﴿ٱسْلُكْ يَدَكَ فِى جَيْبِكَ﴾ دەستت بخەرە ناو باخەڵ (و ژێر باڵت) ﴿تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ﴾ (کاتێ دەری دێنی) دێتە دەرەوە بەسپێتی و تیشك دەداتەوە بێ ئەوەی بەڵەکی و نەخۆشی بێت ﴿وَٱضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهْبِ﴾ دەستت بلکێنە بەخۆتەوە (و بیخەرە سەردڵت) بۆ (نەهێشتنی) ترس و بیم ﴿فَذَٰنِكَ بُرْهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ﴾ ئا ئەم دووانە (گۆچانەکەت و دەستت) دوو موعجیزەن لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦٓ﴾ (ئێرراوە) بۆ فیرعەون و دارو دەستەکەی ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵێکی لەسنوور دەرچوون ﴿٣٢﴾ ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّى قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا﴾ (موسا) ووتی ئەی پەروەردگارم بێگومان من یەکێکم لەوان کوشتووە ﴿فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ﴾ لەبەر ئەوە دەترسم کەبم کوژن (لەجیاتی ئەو کوژراوە) ﴿٣٣﴾ ﴿وَأَخِى هَٰرُونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّى لِسَانًا﴾ وە هاروونی برام لەمن زمانی پاراوترە ﴿فَأَرْسِلْهُ مَعِىَ رِدْءًا يُصَدِّقُنِىٓ﴾ جا ئەوم لەگەڵدا بنێرە پشتیوانم بێت ووتەکانم بسەلمێنێ ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ﴾ بەڕاستی من دەترسم کە بە درۆزنم دابنێن (باوەڕم پێ نەهێنن) ﴿٣٤﴾ ﴿قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ﴾ (خوا) فەرمووی بێگومان ئێمە بە براکەت تۆ بەهێزت دەکەین ﴿وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَٰنًا﴾ وە دەسەڵاتێك بەهەردووکتان دەدەین ﴿فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ ئەوسا بەهۆی ئایەتەکانی ئێمەوە دەستیان بەئێوە ناگات ﴿أَنتُمَا وَمَنِ ٱتَّبَعَكُمَا ٱلْغَٰلِبُونَ﴾ تەنها ئێوە (موسا و هاروون) و ئەوەی شوێنتان دەکەوێ سەردەکەوون ﴿٣٥﴾

﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا بَيِّنَـٰتٍ﴾ ئەمجا کاتیك کەموسا موعجیزە ڕوونەکانی ئێمەی بۆ هێنان ﴿قَالُوا۟ مَا هَـٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّفْتَرًى﴾ ئەوان ووتیان ئەمە (تۆ هێناوتە موسا) تەنها جادوویەکی دەست هەڵبەستە ﴿وَمَا سَمِعْنَا بِهَـٰذَا فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئێمە ئەمەمان نەبیستووە لەباوو باپیرە پێشوەکانمان ﴿٣٦﴾ ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ رَبِّىٓ أَعْلَمُ﴾ موسا ووتی پەروەردگارم زاناترە ﴿بِمَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ مِنْ عِندِهِۦ﴾ بەو کەسەی کەڕێنمووئیی لای ئەوەوە هێناوە ﴿وَمَن تَكُونُ لَهُۥ عَـٰقِبَةُ ٱلدَّارِ﴾ وە (زاناترە) بەو کەسەی سەرئجام ودوا ڕۆژی چاکی دەبێت ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّـٰلِمُونَ﴾ بەڕاستی ئەو (خوا) ستەمکاران ڕزگار ناکات ﴿٣٧﴾ ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ﴾ فیرعەون ووتی: ئەی کاربەدەست ودەسەڵاتداران ﴿مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِى﴾ وا نازانم جگە لەخۆم هیچ پەرستراوێکی ترتان هەبێ ﴿فَأَوْقِدْ لِى يَـٰهَـٰمَـٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ﴾ جا (بۆ زیاتر دڵنیابوون) ئەی هامان کورەی ئاگر تاودەو خشتی سورەوە کراوی لێ دروست بکە بۆم ﴿فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا﴾ ئەمجا (لەوخشتە) کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە ﴿لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ﴾ (بەگاڵتەوە ووتی) بەڵکو سەیری خواکەی موسا بکەم و ببینم ﴿وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ﴾ وبەڕاستی وا دەزانم ئەو (موسا) لەدرۆزنانە ﴿٣٨﴾ ﴿وَٱسْتَكْبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُۥ﴾ ئەو (فیرعەون)و لەشکرو سەربازەکانی خۆیان بەزل زانی ﴿فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ لەوڵات و زەوی (میصر)دا بەناڕەوا ﴿وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ﴾ وە گومانیان وابوو کەزیندوو ناکرێنەوەو ناگەڕێنرێنەوە بۆلای ئێمە ﴿٣٩﴾ ﴿فَأَخَذْنَـٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذْنَـٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ﴾ جا تۆڵەمان لەئەو (فیرعەون)و لەشکرو سەربازەکانی سەندو تۆڕمان دانە ناو دەریای سوورەوە ﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلظَّـٰلِمِينَ﴾ ئەمجا سەرنج بدە (ئەی موحەممەد ﷺ) سەرئەنجامی ستەمکاران چۆن بوو ﴿٤٠﴾ ﴿وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ ئەوانمان کردە پێشە وایانێك کە(خەڵك) بانگ دەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ لَا يُنصَرُونَ﴾ وە لەڕۆژی دواییشدا یارمەتی نادرێن ﴿٤١﴾ ﴿وَأَتْبَعْنَـٰهُمْ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً﴾ لەم دونیایەدا نەفرینمان نارد بەدوایان دا ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلْمَقْبُوحِينَ﴾ وە لەڕۆژی قیامەتیشدا ئەوانە لەبێزراو و دورخراوەکانن ﴿٤٢﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان تەوراتمان بەخشی بەموسا ﴿مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ﴾ لەپاش ئەوەی خەڵکی چەرخە پێشوەکانمان لەناوبرد ﴿بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ تا بەرچاو ڕوونی و ڕێنموونیی و ڕەحمەت بێ بۆ خەڵکی ﴿لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بیربکەنەوەو ئامۆژگاری وەرگرن ﴿٤٣﴾

﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ﴾ تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) لەلای خۆر ئاوای (شاخی طور) نەبوویت ﴿إِذْ قَضَيْنَا إِلَىٰ مُوسَى الْأَمْرَ﴾ کاتێك کە فەرمانی پێغەمبەرایەتمان دا بەموسا ﴿وَمَا كُنتَ مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ وە تۆ لەئامادە بووانی (ئەو ڕووداوە) نەبوویت ﴿٤٤﴾ ﴿وَلَٰكِنَّا أَنشَأْنَا قُرُونًا﴾ بەڵام ئێمە چەند چین و سەردەممان دروست کرد (لەپاش موسا) ﴿فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ﴾ ئەمجا ماوەیەکی دوورو درێژیان بەسەردا تێپەڕی ﴿وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا فِي أَهْلِ مَدْيَنَ﴾ وە تۆ لەناو خەڵکی مەدیەندا نیشتەجێ نەبوویت ﴿تَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾ کەئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنێتەوە ﴿وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ﴾ بەڵام هەر ئێمە بووین پێغەمبەرمان نارد ﴿٤٥﴾ ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا﴾ وە تۆ لای کێوی طور نەبوویت کاتی بانگ(ی موسا)مان کرد ﴿وَلَٰكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ بەڵام ئەوە بەزەییەکە لە پەروەردگارتەوە (بەتۆی داوە) ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ بۆ ئەوەی گەلێك بترسێنی کەپێش تۆ هیچ ترسێنەرێکیان بۆ نەهاتووە ﴿لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بەڵکو بیربکەنەوەو پەند وەرگرن ﴿٤٦﴾ ﴿وَلَوْلَا أَن تُصِيبَهُم﴾ وەئەگەر (پێش ناردنی پێغەمبەر) تووشیان ببوایە ﴿مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ بەڵایەك بەهۆی ئەو (خراپانەوەی) کەکردوویانە ﴿فَيَقُولُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا﴾ جا دەیان ووت ئەی پەروەردگاری ئێمە بۆچی پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین ﴿فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ﴾ بۆ ئەوەی شوێن ئایەتەکانت بکەوتینایە ﴿وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وە لەبڕواداران بووینایە ﴿٤٧﴾ ﴿فَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِندِنَا﴾ ئەمجا کاتێ ڕاستیان بۆهات لەلایەن ئێمەوە ﴿قَالُوا لَوْلَا أُوتِيَ﴾ ووتیان بۆچی بەو (موحەممەد ﷺ) نەدراوە ﴿مِثْلَ مَا أُوتِيَ مُوسَىٰ﴾ وێنەی ئەوەی بەموسا دراوە ﴿أَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ﴾ ئایا ئەوان پێشتر بێ بڕوانەبوون بەوەی درابوو بەموسا ﴿قَالُوا سِحْرَانِ تَظَاهَرَا﴾ دەیان ووت (قورئان و تەورات) دوو سیحر و جادوون پشتگیری یەکتر دەکەن ﴿وَقَالُوا إِنَّا بِكُلٍّ كَافِرُونَ﴾ وە دەیانووت بێگومان ئێمە بێ باوەڕین بەهەموویان (بە قورئان و تەورات) ﴿٤٨﴾ ﴿قُلْ فَأْتُوا بِكِتَابٍ مِّنْ عِندِ اللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ دەی ئێوە کتێبێك لەلایەن خواوەبێنن ﴿هُوَ أَهْدَىٰ مِنْهُمَا أَتَّبِعْهُ﴾ کەئەو (کتێبە) ڕاست تر بێت لەو دووانە (قورئان و تەورات) من شوێنی دەکەوم ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن ﴿٤٩﴾ ﴿فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ﴾ ئەمجا ئەگەر بەگوێیان نەکردی (و وەڵامیان نەدایتەوە) ﴿فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ﴾ ئەوە بزانە کەتەنها شوێن هەواو ئارەزوی خۆیان دەکەون ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ﴾ وە کێ لەو کەسە گومڕاترە کەشوێن ئارەزووی خۆی بکەوێت ﴿بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ﴾ بێ ڕێنموونیی لەلایەن خواوە ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ بێگومان خوا ڕێنموونیی گەلی ستەمکار ناکات ﴿٥٠﴾

﴿وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ الْقَوْلَ﴾ سوێند بەخوا (ئایەتەکانی) قورئانمان بەشوێن یەکدا بۆ ناردن ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ تا پەند وەرگرن و بیربکەنەوە ﴿٥١﴾ ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِن قَبْلِهِ﴾ ئەو کەسانەی لەپێشدا کتێبی ئاسمانیمان پێ دابوون ﴿هُم بِهِ يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانە بڕوا دێنن بەقورئان ﴿٥٢﴾ ﴿وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ وە کاتێ (قورئان) بخوێنرێتەوە بەسەریان دا ﴿قَالُوا آمَنَّا بِهِ﴾ دەڵێن باوەڕمان پێ هێناوە ﴿إِنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّنَا﴾ بێگومان ئەم (قورئانە) ڕاستەوڵەیەن بەروەردگارمانەوە هاتووە ﴿إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە لەپێش (هاتنی) قورئان دا موسڵمان بووین ﴿٥٣﴾ ﴿أُولَٰئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ﴾ ئەوانە دووجار پاداشتیان پێ دەدرێ ﴿بِمَا صَبَرُوا﴾ لەبەر ئەوەی خۆیان گرت و بەئارام بوون ﴿وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ﴾ بەچاکە بەرگری خراپەدەکەن ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ وە لەو ڕزق و ڕۆزی یەی پێمان داون دەبەخشن ﴿٥٤﴾ ﴿وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ﴾ وە کاتێ قسەی ناپەسەند و هیچ و پوچ ببیستن پشتی تێ دەکەن ﴿وَقَالُوا لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ﴾ وە دەڵێن (بەئەفامان ئەنجامی) کردەوەکانمان بۆ خۆمانەو (ئەنجامی) کردەوەکانی ئێوەش بۆ خۆتانە ﴿سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ﴾ سەلامتان لێ بێ ئێمە هاوڕێیەتی نەفامانمان ناوێ ﴿٥٥﴾ ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ﴾ بەڕاستی (ئەی موحەممەد ﷺ) تۆ ناتوانی ئەو کەسەی خۆشت بوێ ڕێنموونی بکەیت ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ بەڵام خوا هەرکەسی بوێ هیدایەتی دەدات ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ و ئەو (خوایە) زاناترە بەوانەی ڕێنموونی وەرگرن ﴿٥٦﴾ ﴿وَقَالُوا إِن نَّتَّبِعِ الْهُدَىٰ مَعَكَ﴾ وە (بێ باوەڕان) دەڵێن ئەگەر ئێمە شوێنی ڕێنموونی (ئەو ئایینە) بکەوین کە بەتۆیە ﴿نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَا﴾ دەفڕێندرێین لەخاك و وڵاتماندا (وەردەکرێین وماڵ وسامانمان بەتاڵانی دەبرێت) ﴿أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَمًا آمِنًا﴾ (جا خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوە ودەفەرموێت) ئایا ئێمە ئەوانمان جێگیر نەکردووە لەشارێکی پڕ ئەمن وئاسایشی (وەك شاری مەککە کە هەموو کۆشت وبڕ وخراپەکاریەکی تێدا قەدەغە وحەرامکراوە) ﴿يُجْبَىٰ إِلَيْهِ ثَمَرَاتُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ کۆدەکرێتەوە دەبرێ بۆ ئەوێ (شاری مەککە) هەموو جۆرە بەروبوومێك ﴿رِّزْقًا مِّن لَّدُنَّا﴾ بەڕۆزی دان لەلایەن ئێمەوە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن و تێ ناگەن ﴿٥٧﴾ ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ﴾ وە(خەڵکی) زۆر شار و دێهاتمان لەناو برد ﴿بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا﴾ لەبەر خۆشگوزانیان یاخی بوون (و سوپاسی چاکەکانی خوایان نەکرد) ﴿فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ﴾ جا ئەوە جێ و شوێنەکانیانە (وێران کراوە) ﴿لَمْ تُسْكَن مِّن بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا﴾ لەپاش (تیا چوونی) ئەوان بۆ ماوەیەکی کەم نەبێ (لەلایەن ڕێبوارانەوە) کەسی تیا نیشتەجێ نەبووە ﴿وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ﴾ وە ئێمە بووینە میراتگریان ﴿٥٨﴾ ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ﴾ وە پەروەردگارت هیچ شار وگوندێکی وێران نەکردووە ﴿حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا﴾ هەتا لەشارە گەورەکەیاندا پێغەمبەرێکی نەناردبێت ﴿يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾ کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنێتەوە ﴿وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ﴾ وە ئێمە وێران کەری هیچ گوند و شارێك نەبووین ﴿إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ﴾ مەگەر کاتێ خەڵکەکەی ستەمکار بووبن ﴿٥٩﴾

﴿وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ﴾ وە هەرچی بەئێوە دراوە ﴿فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتُهَا﴾ ئەوە هۆی خۆشی و ڕابواردنی ژیانی ئەم دونیا و جوانییەتی ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ﴾ وە ئەو (پاداشتە)ی لای خوایە باشترو نەبڕاوەیە ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا ژیر نابن ﴿٦٠﴾ ﴿أَفَمَن وَعَدْنَٰهُ وَعْدًا حَسَنًا﴾ ئایا کەسێ کەبەڵێنمان پێ داوە بەبەڵێنی چاك ﴿فَهُوَ لَٰقِيهِ﴾ ئەو کەسە دەگات بەو (بەڵێنە کەبەهەشتە) ﴿كَمَن مَّتَّعْنَٰهُ﴾ وەکو کەسێك وایە خۆشی و ڕابواردنمان پێداوە ﴿مَتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ بەخۆشی و لەزەتی ژیانی دونیا ﴿ثُمَّ هُوَ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ﴾ لەپاشان لەڕۆژی دوایی دا لەئامادەکراوان دەبێ (بۆ سزادان) ﴿٦١﴾ ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) باسی ئەو ڕۆژە بکە کە(خوا) بانگی ئەو (بت پەرست)انە دەکات و (پێیان) دەفەرموێ ﴿أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ لەکوێن ئەو هاوبەشانەی کەئێوە بەخەیاڵی خۆتان بەهاوبەشی منتان دەزانین ﴿٦٢﴾ ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾ ئەوانەی (سەرۆکەکانی گومڕایی) کە بڕیاری سزادان بەسەریان داچەسپا دەڵێن ﴿رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَغْوَيْنَآ﴾ ئەی پەروەردگارمان ئا ئەوانەن کە ئێمە گومڕامان کردن ﴿أَغْوَيْنَٰهُمْ كَمَا غَوَيْنَا﴾ گومڕامان کردن هەروەکو خۆمان گومڕا بووین ﴿تَبَرَّأْنَآ إِلَيْكَ﴾ ئێمە بەری بووین (لەوانە بەری بوونەکەمان) لای تۆ دەکەین ﴿مَا كَانُوٓا۟ إِيَّانَا يَعْبُدُونَ﴾ ئەوانە ئێمەیان نەدەپەرست ﴿٦٣﴾ ﴿وَقِيلَ ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ﴾ وە(پێیان) دەوترێ هاوار بکەن لەوبتانەی کەداتان ناببوو بەهاوبەشی خوا ﴿فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ﴾ ئەوانیش هاواریان لێ دەکەن بەڵام وەڵامیان نادەنەوە ﴿وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ لەوکاتەدا سزا(ی دۆزەخ) دەبینن ﴿لَوْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَهْتَدُونَ﴾ (ئاوات دەخوازن کە) خۆزگە تەنها ڕێگای ڕاستیان بدایەتەبەر ﴿٦٤﴾ ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ﴾ وە ڕۆژێ کە(خوا) بانگیان دەکات و (پێیان) دەفەرموێ ﴿مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ چیتان وەڵامی پێغەمبەران دایەوە؟ ﴿٦٥﴾ ﴿فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَنۢبَآءُ يَوْمَئِذٍ﴾ ئەمجا لەو ڕۆژەدا هەواڵەکانیان (بەڵگەکانیان) لەبیر دەچێتەوە ﴿فَهُمْ لَا يَتَسَآءَلُونَ﴾ ئەوسا پرسیاریش لەیەکتری ناکەن ﴿٦٦﴾ ﴿فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ بەڵام ئەو کەسەی گەڕاوەتەوە (لەبێ باوەڕی)و باوەڕی هێناوەو کردەوەی چاکی کردووە ﴿فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلْمُفْلِحِينَ﴾ ئەوە بێگومان لەڕزگار بووان دەبێ ﴿٦٧﴾ ﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ﴾ وە پەروەردگارت (ئەی موحەممەد ﷺ) ئەوەی بیەوێ دروستی دەکات و هەڵی دەبژێرێ ﴿مَا كَانَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ﴾ (خەڵکی) هەڵبژاردنیان بۆ نیە (لەکاری خوادا) ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ خوا پاك و بێگەرد و بەرز و بڵندە لەوەی دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٨﴾ ﴿وَرَبُّكَ يَعْلَمُ﴾ وەپەروەردگارت دەزانێ ﴿مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ بەئەوەی لەسینگیان (دڵیان)دا دەیشارنەوەو بە ئەوەشی ئاشکرای دەکەن ﴿٦٩﴾ ﴿وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ وە ئەو خوایە کەهیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە جگە لەو ﴿لَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ هەموو سوپاس تەنها بۆ خوا لەدونیاو لەڕۆژی دواییشدا ﴿وَلَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ وە بڕیارو حوکم هەر بۆ ئەوە و هەمووتان تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە (لەڕۆژی دواییدا) ﴿٧٠﴾

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ پێیان) بڵێ هەواڵم بدەنێ ﴿إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا﴾ ئەگەر خوا شەوتان بۆ درێژ بکاتەوە (هەر شەوبێت) ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ تا ڕۆژی قیامەت ﴿مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ﴾ چ پەرستراوێکی تر جگە لەخوا ﴿يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ﴾ ڕووناکی (ڕۆژ)تان بۆ دێنێ ﴿أَفَلَا تَسْمَعُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە نابیستن ﴿٧١﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ (پێیان) بڵێ پێم بڵێن ﴿إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا﴾ ئەگەر خوا ڕۆژ بکاتە هەمیشەیی بۆتان ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ تا ڕۆژی قیامەت ﴿مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ﴾ کێیە پەرستراوی تر بێجگە لەخوا ﴿يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ﴾ کەشەوتان بۆ دێنێ ئارامی تیا بگرن ﴿أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە نابینن ﴿٧٢﴾ ﴿وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ لەبەزەیی ئەو (خوایە) کەشەو ڕۆژی بۆ دروست کردون ﴿لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ﴾ بۆ ئەوە ئارام بگرن لە(شەو) داو بۆ ئەوە بگەڕێن بەدوای ڕۆزی و بەهرەی خوادا (لەڕۆژدا) ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ وەبۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەن (لەسەر ئەو نیعمەتانەی) ﴿٧٣﴾ ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ﴾ وەڕۆژێ کە(خوا) بانگیان دەکات ئەمجا (پێیان) دەفەرموێ ﴿أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ﴾ لەکوێن هاوبەشەکانی من ئەوانەی ﴿كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ کە ئێوە بە هاوبەشی متتان دادەنان ﴿٧٤﴾ ﴿وَنَزَعْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا﴾ وە لەناو هەموو ئوممەتێکدا شایەتێك دەهێنین ﴿فَقُلْنَا هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ﴾ ئەمجا (بەبت پەرستان) دەڵێن بەڵگەتان بێنن ﴿فَعَلِمُوٓا۟ أَنَّ ٱلْحَقَّ لِلَّهِ﴾ ئەوسا دەزانن بێگومان هەق و ڕاستی تایبەتی خوایە ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ ئەوەی بەدرۆ هەڵیان بەستبوو (کردبوویان بەپەرستراو جگە لە خوا) لێیان گوم دەبێ ﴿٧٥﴾ ﴿إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ﴾ بێگومان قاروون لەگەلەکەی موسا بوو (جوولەکە بوو) ﴿فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ بەلاّم دەست درێژی و ستەمی لێ دەکردن ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ﴾ ئەوەندەمان گەنج (ئالتون و زیوو) پێدا بوو ﴿مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ﴾ کەبێگومان (هەڵگرتنی) کلیلەکانی (ئەو گەنج و قاسانە) ﴿لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ﴾ بەزەحمەت هەڵدەگیرا بۆ کۆمەڵێکی بەهێز ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ﴾ کاتێ (ئیماندارانی) گەلەکەی پێیان ووت دڵخۆش مەبە (بەو سامانە) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ﴾ بێگومان خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ دڵخۆشن(و لەخۆبایی بوون بەسەروەت و سامانەوە) ﴿٧٦﴾ ﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ﴾ وە لەو (گەنج و سامان)ەی خوا پێی داوی ئەو دونیای پێ بەدەس بێنە ﴿وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا﴾ وە بەشی خۆیشت لەم دونیایە لەبیر نەچێ ﴿وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ﴾ وە چاکە بکە (لەگەڵ خەڵکدا) هەرچۆنێ خوا چاکەی لەگەڵ تۆدا کردووە ﴿وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە لەسەر زەوی دا بەشوێن خراپەدا مەگەرێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ بەڕاستی خوا خراپەکارانی خۆش ناوێت ﴿٧٧﴾

﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ﴾ (قاروون) ووتی بێگومان ئەم سامانەم پێدراوە بەهۆی زانیاری یەکەوە
کە هەمە ﴿أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئایا (قاروون) نەیزانیوە کەبەڕاستی خوا ﴿قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِۦ مِنَ ٱلْقُرُونِ﴾
لەچەرخەکانی پێش ئەمدا لەناوی بردووە ﴿مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا﴾ کەسانی وا کە لەو
(قاروون) بەهێزتر بوون کۆڕ و کۆمەڵیشیان لەو زۆر تربووە ﴿وَلَا يُسْـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾
(کاتێك سزای خوا هات) پرسیار ناکرێ لەتاوانەکانی ئەم تاوانبارانە ﴿٧٨﴾ ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِى زِينَتِهِۦ﴾
ئەمجا (قاروون) بەخۆ ڕازاندنەوە هاتەدەر بۆ ناو گەلەکەی ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا﴾ ئەوانەی
ژیانی دونیایان دەویست ووتیان ﴿يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ﴾ ئای خۆزگە ئەوەندەی بەقاروون دراوە
ئێمەش بمان بوایە ﴿إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ بەڕاستی ئەو (قاروون) خاوەنی بەش و بەختێکی گەورەیە
﴿٧٩﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ﴾ بەڵام ئەو کەسانەی (باوەڕدار بوون) و زانستیان پێ درابوو ووتیان
﴿وَيْلَكُمْ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ﴾ هاوار بۆ ئێوە پاداشتی خوا (لەڕۆژی دواییدا) لەوە چاکترە ﴿لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ
صَٰلِحًا﴾ بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە ﴿وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ﴾
وە کەس ئەو (ووتەی زانایانە) وەرناگرێ جگە لەخۆڕاگران ﴿٨٠﴾ ﴿فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ﴾ ئەمجا
ئەو (قاروون) و کۆشکەکەیمان برد بەناخی زەوی دا ﴿فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ هیچ
دەستەیەکیشی نەبوو لەبەرانبەری (سزای) خوادا یارمەتی بدات ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ﴾ وە لەو
کەسانەش نەبوو بتوانێ خۆی ڕزگار بکات ﴿٨١﴾ ﴿وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْا۟ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ﴾ وە ئەوانەی دوێنێ
ئاواتیان دەخواست لەشوێن و پلەی ئەو (قاروون) دابن وایان لێ هات ﴿يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ﴾ دەیان
ووت وای وا دیارە خوا ﴿يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ﴾ ڕۆزی زۆر دەکات بۆ هەرکەس خۆی
بیەوێ لە بەندەکانی کەمیش دەکاتەوە (بۆ هەرکەس خۆی بیەوێ) ﴿لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا﴾ ئەگەر خوا
منەتی نەکردایە بەسەرمان دا ﴿لَخَسَفَ بِنَا﴾ ئێمەشی دەبرد بەناخی زەوی دا ﴿وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾
ئای لەم بەسەرهاتە سەرسوڕ هێنەرە، بێگومان ڕزگار نابن ئەوانەی شوکرانە بژێری چاکەی خوا نین
(کافرن) ﴿٨٢﴾ ﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ﴾ ئەو ماڵی دوا ڕۆژە (بەهەشت) دەیدەین بەو کەسانەی
﴿لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا﴾ نەبەرزی و خۆ بەزل زانی یان دەوێت لەزەوی دا نەدەست دێژی
و خراپەکاری ﴿وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ وە سەرئەنجامی چاك بۆ خۆپارێزانە ﴿٨٣﴾ ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ
مِّنْهَا﴾ هەر کەس کارێکی چاك بکات ئەوە (پاداشتی) چاکتر لەوەی بۆ هەیە ﴿وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ﴾
هەرکەسیش خراپە بکات ﴿فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ ئەوە تۆڵە ناسەنرێ لەوانەی خراپەکانیان
کردووە ﴿إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ تەنها بە ئەندازەی ئەو کردەوانە نەبێت کەکردویانە ﴿٨٤﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ﴾ بێگومان ئەو (خوایەی) کەقورئانی بۆ تۆ ناردووە (پێویست کردووە) ﴿لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ﴾ دەتگێڕێتەوە بۆ مەککە ﴿قُل رَّبِّيٓ أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ پەروەردگارم زاناترە بەو کەسەی ڕێنموونیی (ئایینی ڕاستی) هێناوە ﴿وَمَنْ هُوَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ وە بەو کەسەی لەگومڕایی یەکی ڕوون و ئاشکرادایە ﴿٨٥﴾ ﴿وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓاْ﴾ وە تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) بەهیوا نەبوویت ﴿أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ﴾ کەئەم (قورئانە)ت بۆ بنێردرێ ﴿إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ بەڵام ڕەحمەتێك بوو لەلایەن پەروەردگاتەوە (بۆت نێردرا) ﴿فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ کەواتە هەرگیز مەبە بەپشتیوان بۆ بێ بڕوایان ﴿٨٦﴾ ﴿وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ وە با (بێ بڕوایان) بەرگریت نەکەن لە(گەیاندنی) ئایەتەکانی خوا ﴿بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ﴾ دوا ئەوەی دابەزێنراوە بۆت ﴿وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾ بانگی (خەڵك) بکە بۆلای پەروەردگارت ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ وە لەهاوبەشدانەران مەبە ﴿٨٧﴾ ﴿وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ وە لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی تر مەپەرستە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست وبەهەق نی یە جگە لەخوا ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ﴾ هەموو شتێك لەناو دەچێ جگە لە ڕووی پیرۆزی ئەو نەبێت (لەم ئایەتە پیرۆزەدا جێگیر کردنی سیفەتی (وجه - ڕوو) بۆ خوای گەورە هاتووە، بەڵام بەشێوەیەك کە شایستەی گەورەی وتەواوی زاتی خوا بێت، بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك، بڕوامان پێیەتی وچۆنیەتیەکەی نازانین) ﴿لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ بڕیارو حوکم تایبەتی خوایەو تەنها بۆ لای ئەویش دەگەڕێنرێتەوە ﴿٨٨﴾

سورەتی ﴿ العنكبوت ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓ﴾ بە (ئەلیف ، لام ، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ﴾ ئایا خەڵك وا دەزانن کەوازیان لێ دەهێنرێ ﴿أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا﴾ ئەگەر بڵێن بڕوامان هێناوە ﴿وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ﴾ ئیتر ئەوان تاقی ناکرێنەوە ﴿٢﴾ ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ سوێند بەخوا بێگومان کەسانی پێش ئەوانمان تاقی کردەوە (ئەمانیش تاقی دەکەینەوە) ﴿فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ﴾ ئەمجا بێگومان خوا ئەو کەسانەی ڕاستیان کرد دیاری دەکات ﴿وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ درۆزنەکانیش دیاری دەکات (دەناسرێن) ﴿٣﴾ ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ یا ئەوانەی خراپەکان دەکەن وایان زانیووە ﴿أَن يَسْبِقُونَا﴾ کەلە دەستمان دەردەچن ﴿سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ زۆر خراپە ئەو بڕیارەی دەیدەن ﴿٤﴾ ﴿مَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ ٱللَّهِ﴾ هەر کەس ئومێدی وایە بگات بەدیداری خوا (بە بەندایەتی خوا بکات) ﴿فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَءَاتٍ﴾ چونکە بەڕاستی کاتی دیاری کراوی خوا هەردێت ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە تەنها خوایە بیسەری زاناو ئاگادار ﴿٥﴾ ﴿وَمَن جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ﴾ وە هەرکەس جیهاد بکاو تێ بکۆشێ ئەوە تەنها بۆ خۆی تێ دەکۆشێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەڕاستی خوا لە هەموو جیهانیان بێ نیاز و دەوڵەمەندە ﴿٦﴾

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ﴾ بێگومان خراپەکانیان دەسڕینەوە لێیان ﴿وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ بەباشتر لەوەی کەکردویانە پاداشتیان دەدەینەوە ﴿٧﴾ ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا﴾ وە فەرمانمان داوە بەئادەمی کەچاکە لەگەڵ دایك و باوکی دا بکات ﴿وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى﴾ وە ئەگەر (دایك و باوکت) هەوڵیان لەگەڵ دای بۆ ئەوەی کەهاوبەشم بۆ بڕیار بدەی ﴿مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ﴾ کەهیچ زانیارییەکت نی یە دەربارەی ﴿فَلَا تُطِعْهُمَآ﴾ ئەوە بەگوێیان مەکە ﴿إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ﴾ تەنها بۆ لای منە گەڕانەوەتان (لەدوا ڕۆژدا) ﴿فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەوسا هەواڵتان دەدەمێ بەو کردەوانەی دەتانکرد ﴿٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووە ﴿لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِى ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ بێگومان دەیان خەینە ڕیزی پیاو چاکانەوە ﴿٩﴾ ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ هەندێ لەخەڵکی دەڵێن باوەڕمان بەخوا هێناوە ﴿فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ﴾ ئەمجا کاتێ سزا بدرێ لەپێناوی خوادا (لەلایەن کافرانەوە) ﴿جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ﴾ ئازارو سزای خەڵکی وەکو ئازارو سزای خوا دادەنێ ﴿وَلَئِن جَآءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ﴾ وە ئەگەر لەلایەن پەروەردگارتەوە سەرکەوتنێك بێت ﴿لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ﴾ دڵنیابە ئەوانە دەڵێن بێگومان ئێمە لەگەڵ ئێوەدا بووین ﴿أَوَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ﴾ ئایا خوا زاناو ئاگادارتر نیە ﴿بِمَا فِى صُدُورِ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەوەی لەدڵ و دەرونی هەموو کەس دایە ﴿١٠﴾ ﴿وَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ سوێند بێ خوا چاك دەزانێ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە کێن ﴿وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ وەچاك دەزانێ دووڕوانیش کێن ﴿١١﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەوانەی بێ بڕوابوون ووتیان بەوانەی ئیمان دار بوون ﴿ٱتَّبِعُواْ سَبِيلَنَا﴾ شوێن ڕێگا و ڕێبازی ئێمە بکەون ﴿وَلْنَحْمِلْ خَطَٰيَٰكُمْ﴾ و تاوانەکانتان بە ئەستۆی ئێمە ﴿وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنْ خَطَٰيَٰهُم مِّن شَىْءٍ﴾ ئەوانە (بێ بڕوایان) هیچێك لەتاوان و گوناهی ئەوان (باوەڕداران) هەڵناگرن ﴿إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾ بەڕاستی ئەوانە درۆزنن ﴿١٢﴾ ﴿وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ﴾ سوێند بەخوا (بێباوەڕان) باری گرانی (کوفرو تاوانی) خۆیان هەڵدەگرن ﴿وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ﴾ وەباری گرانی (خەڵکانی) تریش لەگەڵ باری گرانی خۆیان دا (هەڵدەگرن) ﴿وَلَيُسْـَٔلُنَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ وە بەڕاستی لەڕۆژی قیامەت دا پرسیاریان لێ دەکرێ ﴿عَمَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ﴾ لەو درۆ و دەلەسانەی لەدونیادا هەڵیان دەبەست ﴿١٣﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ سوێند بەخوا نووحمان نارد بۆلای گەلەکەی (بە پێغەمبەری) ﴿فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا﴾ ئەمجا ئەویش مایەوە لەناویان دا نۆسەد و پەنجا سالّ (هەزار سالّ پەنجا کەم) ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ﴾ لەئاکامدا لافاو و زریان لەناوی بردن لەکاتێکدا ئەوان ستەمکار بوون ﴿١٤﴾

﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَصْحَٰبَ ٱلسَّفِينَةِ﴾ ئەمجا ئەو (نووح) و کەسانێك لە کەشتیيە کەدا بوون ڕزگارمان کردن ﴿وَجَعَلْنَٰهَآ ءَايَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ وە ئەو (کەشتی یە)مان کرد بەنیشانەك بۆ جیهانیان ﴿١٥﴾ ﴿وَإِبْرَٰهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) باسی) ئیبراهیم بکە کاتێ بە گەلەکەی ووت ﴿ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ﴾ خوا بپەرستن ولێ ی بترسن ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بزانن ﴿١٦﴾ ﴿إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا﴾ بەڕاستی ئێوە لەجیاتی خوا بتانێك دەپەرستن ﴿وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا﴾ وە ئێوە درۆیەکی گەورە هەڵدەبەستن ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەئێوە دەیان پەرستن بێجگە لەخوا ﴿لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا﴾ ناتوانن ڕزق و ڕۆزی ئێوە بدەن ﴿فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ﴾ کەواتە داوای ڕزق و ڕۆزی لەخوا بکەن ﴿وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ﴾ وە ئەو بپەرستن و هەر سوپاسی ئەویش بکە ﴿إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە (لەقیامەتدا) ﴿١٧﴾ ﴿وَإِن تُكَذِّبُوا۟﴾ وە ئەگەر ئێوە باوەڕ نەهێنن ﴿فَقَدْ كَذَّبَ أُمَمٌ مِّن قَبْلِكُمْ﴾ ئەوە ئومەتانی پێش ئێوەش باوەڕیان (بە پێغەمبەرەکانیان) نەهێنا ﴿وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ﴾ وە پێغەمبەر تەنها ڕاگەیاندی ئاشکراو ڕوونی لەسەرە ﴿١٨﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟﴾ ئایا ئەوانە سەرنجیان نەداوە ﴿كَيْفَ يُبْدِئُ ٱللَّهُ ٱلْخَلْقَ﴾ کە چۆن خوا دروستکراوان بەدی دەهێنێت ﴿ثُمَّ يُعِيدُهُۥٓ﴾ لەپاش (نەمان) دەیهێنێتەوە ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ بێگومان ئەو (زیندوو کردنەوە) بۆ خوا ئاسانە ﴿١٩﴾ ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بڕۆن بگەڕێن بەزەوی دا ﴿فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ﴾ وسەرنج بدەن کەچۆن دروستکراوەکانی لەسەرەتاوە بەدی هێناوە ﴿ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْءَاخِرَةَ﴾ لەپاشان هەر خوا بەدی هێنانی دوا ڕۆژیش بەدی دێنێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٢٠﴾ ﴿يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ (خوا) سزای هەر کەسێك دەدات کەبیەوێ ﴿وَيَرْحَمُ مَن يَشَآءُ﴾ وە ڕەحمیش دەکات بەهەر کەسێ کەبیەوێ ﴿وَإِلَيْهِ تُقْلَبُونَ﴾ وەتەنها بۆ لای خوا دەگەڕێنرێنەوە ﴿٢١﴾ ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ وە ئێوە ناتوانن لەدەست خوا دەربازبن ﴿فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ نە لەزەوی دا و نە لەئاسماندا ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە بۆ ئێوە نی یە جگە لەخوا ﴿مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ هیچ دۆست و یارمەتی دەرێك ﴿٢٢﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَلِقَآئِهِۦٓ﴾ وە ئەوانەی کە بەنیشانەکانی خواو دیداری باوەڕیان نی یە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَئِسُوا۟ مِن رَّحْمَتِى﴾ ئائەوانە لەبەزەیی من (خوا) ناومێد دەبن ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە ئەوانە سزای بەسۆ وسەختیان بۆ هەیە ﴿٢٣﴾

﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا﴾ ئەمجا وەلامی گەلەکەی ئەو (ئیبراهیم) تەنها ئەوە بوو کەووتیان ﴿ٱقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ﴾ (ئیبراهیم) بکوژن یا بیسوتێنن ﴿فَأَنجَىٰهُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ خواش ئەوی ڕزگار کرد لەو ئاگرە ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ بێگومان لەو (ڕزگار کردنی ئیبراهیم)دا ﴿لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ چەند نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێ باوەڕ دەهێنن ﴿٢٤﴾ ﴿وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا﴾ وە (ئیبراهیم) ووتی بێگومان ئەوەی ئێوە هەڵتان بژاردووە لەجیاتی خوا بتانێکن ﴿مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ لەبەر خۆشەویستی نێوانتان لەژیانی دونیا (دەیانپەرستن) ﴿ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ﴾ لەپاشان لەڕۆژی دوایی دا هەندێکتان بێزاری دەردەبڕن لەهەندێکی ترتان (دان نانێن بەیەکتری دا) ﴿وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا﴾ وە نەفرین لەیەکتری دەکەن ﴿وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ﴾ جێگاشتان ئاگری دۆزخە ﴿وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ وە هیچ یارمەتی دەرێکیشتان نی یە ﴿٢٥﴾ ﴿فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٌ﴾ ئەمجا لووط باوەڕی بەو (ئیبراهیم) هێنا ﴿وَقَالَ إِنِّى مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّىٓ﴾ وە(ئیبراهیم) ووتی بێگومان من کۆچ دەکەم بۆ لای پەروەردگارم (لە بابلەوە بۆ شام) ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی تەنها ئەو زاڵی بەدەسەڵاتی کار دروستە ﴿٢٦﴾ ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾ وە بەخشیمان بە ئەو (ئیبراهیم) ئیسحاق(ی کوڕی) و یەعقوب (ی کوڕەزای) ﴿وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ﴾ وە پێغەمبەریتی و کتێبمان بڕیاردا لەنەوەکانی (ئیبراهیم) دا ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ أَجْرَهُۥ فِى ٱلدُّنْيَا﴾ وە لەدونیادا پاداشتمان دایەوە ﴿وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە بەڕاستی ئەو لەڕۆژی دوایشدا لەپیاو چاکانە ﴿٢٧﴾ ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ﴾ (باسی) لووطیش بکە کاتێ بە گەلەکەی ووت ﴿إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ﴾ بێگومان ئێوە کارێکی ناشیرین و قێزەون دەکەن (کە نێربازیە) ﴿مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ لەجیهاندا کەس پێش ئێوە ئەو کارەی نەکردووە ﴿٢٨﴾ ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ﴾ ئێوە نێربازی دەکەن ﴿وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ﴾ وە ڕێگا دەگرن (لە ڕێبواران) ﴿وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ﴾ وە لەنادی و شوێنی کۆبونەوەتاندا هەموو خراپەیەك دەکەن ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا﴾ کەچی وەلامی گەلەکەی تەنها ئەوە بوو کە ووتیان (بە لووط) ﴿ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ﴾ سزای خوامان بۆ بێنە ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر تۆ لەڕاست گۆیانی ﴿٢٩﴾ ﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى﴾ (لووط) ووتی ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدە (وزاڵم بکە) ﴿عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ بەسەر ئەو گەلە خراپەکارەدا ﴿٣٠﴾

﴿وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَىٰ﴾ وە کاتێك نێراوەکانی ئێمە مژدەی (بەخشینی ئیسماعیل)یان دا بەئیبراهیم ﴿قَالُوا إِنَّا مُهْلِكُو أَهْلِ هَٰذِهِ الْقَرْيَةِ﴾ ووتیان بێگومان ئێمە لەناوبەری دانیشتوانی ئەم شارەین (سەدوم) ﴿إِنَّ أَهْلَهَا كَانُوا ظَالِمِينَ﴾ بەڕاستی دانیشتوانەکەی ستەمکار بوون ﴿٣١﴾ ﴿قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطًا﴾ (ئیبراهیم) ووتی بێگومان لووط لەو (شارە) دایە ﴿قَالُوا نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَن فِيهَا﴾ ووتیان ئێمە چاك دەزانین کێی لێیە ﴿لَنُنَجِّيَنَّهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ﴾ سوێند بەخوا ئێمە لووط و ئەندامانی خێزانەکەی رزگار دەکەین جگە ژنەکەی ﴿كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ﴾ کە لەجێماوان (تیاچووان) دەبێت ﴿٣٢﴾ ﴿وَلَمَّا أَن جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا﴾ کاتێ نێراوەکانمان هاتن بۆ لای لووط ﴿سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا﴾ پێیان تێکچوو و زۆر دڵ تەنگ و ناڕەحەت بوو ﴿وَقَالُوا لَا تَخَفْ وَلَا تَحْزَنْ﴾ ووتیان مەترسە خەم مەخۆ (چونکە) ﴿إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ إِلَّا امْرَأَتَكَ﴾ بێگومان ئێمە تۆ و خێزانەکەت ڕزگار دەکەین جگەلە ژنەکەت نەبێت ﴿كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ﴾ کەئەو لەجێماوان (تیاچووان) دەبێت ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰ أَهْلِ هَٰذِهِ الْقَرْيَةِ﴾ بەڕاستی ئێمە دەبارێنین بەسەر دانیشتوانی ئەم شارەدا ﴿رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ﴾ سزایەك لەئاسمانەوە ﴿بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ لەبەر ئەوەی لەسنوورو فەرمانی (خوا) دەرچوون ﴿٣٤﴾ ﴿وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَا آيَةً بَيِّنَةً﴾ سوێند بەخوا بێگومان لەو شارە (وێران کراوەدا) نیشانە وپەندێکی دیارمان بەجێ هێشت ﴿لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ بۆ گەل و کۆمەڵێ کەژیربن ﴿٣٥﴾ ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ وەبۆ خەڵکی مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان (نارد) ﴿فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم خوا بپەرستن ﴿وَارْجُوا الْيَوْمَ الْآخِرَ﴾ و بەهیواو ئومێدی ڕۆژی دوایی بن ﴿وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ وەخراپەکاری ڕۆچوو مەبن لەزەوی دا ﴿٣٦﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ﴾ بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەهێنا ئەوسا بوومەلەرزە بەتینەکە گرتنی (لێی دان) ﴿فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ﴾ بەهۆی ئەوەوە لە خانووەکانی خۆیاندا ئەژنۆیان دا دابوو مردن ﴿٣٧﴾ ﴿وَعَادًا وَثَمُودَ﴾ وە گەلی عاد و سەموودیشمان (لەناو برد) ﴿وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَاكِنِهِمْ﴾ بەڕاستی (ئەولەناوبردنە)ڕوون بووەتەوەبۆتان لەشوێنەوارە(وێرانە)کانیانەوە ﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ﴾ شەیتان کردەوە خراپەکانیانی بۆ ڕازاندبوونەوە ﴿فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَكَانُوا مُسْتَبْصِرِينَ﴾ بەهۆی ئەوەوە بەرگری کردن لەڕێگای ڕاست لەکاتێکدا ئەوان توانای بیر کردنەوەیان هەبوو (ژیر بوون) ﴿٣٨﴾

﴿وَقَٰرُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ﴾ هەروەها قاروون و فیرعەون و هامانیشمان (لەناو برد) ﴿وَلَقَدْ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی موسا هات بۆ ناویان بەچەند موعجیزەیەکەوە ﴿فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بەڵام ئەوان خۆیان بەگەورە زانی لەزەویدا ﴿وَمَا كَانُوا۟ سَٰبِقِينَ﴾ نەشیانتوانی لەدەستمان دەرچن ﴿٣٩﴾ ﴿فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ﴾ ئەوسا ئێمە هەریەک لەوانمان بەتاوانی خۆی سزادا (لەناومان بردن) ﴿فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا﴾ جا هەندێکیان بایەکی بەهێزمان نارد سەریان بەوردە بەردەوە ﴿وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ ٱلصَّيْحَةُ﴾ وە هەندێکی تریان پیاهەڵشاخانێک و دەنگێکی گەورە لەناوی بردن ﴿وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ﴾ وە هەندێکیشیانمان بەناخی زەوی دابردە خوارەوە ﴿وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا﴾ وە هەندێکی ترمان لەوان لەدەریادا نوقم کرد ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ خوا ستەمی لێ نەکردن ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد ﴿٤٠﴾ ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ﴾ وێنەی کەسانێ کەبێجگە لەخوا پەرستراوانێک بۆ خۆیان دادەنێن ﴿كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا﴾ وەکو جاڵجاڵۆکە وایە کەماڵێکی (بۆ خۆی) ڕەخساندووە ﴿وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ﴾ کە بەڕاستی لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ﴿لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بزانن ﴿٤١﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ﴾ بێگومان خوا دەزانێ ﴿مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ﴾ ئەوان لەجیاتی خوا چی دەپەرستن و هاواری لێ دەکەن ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ وەهەرئەو (خوایە) زاڵی بەدەسەڵاتی کار دروست ﴿٤٢﴾ ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ﴾ ئەو وێنەو نموونانە بۆ خەڵکی دێنینەوە ﴿وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ﴾ تەنها زانایان لەوانە تێدەگەن ﴿٤٣﴾ ﴿خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ﴾ خوا ئاسمانەکان و زەوی بەحەق و ڕاستی دروست کردووە ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ بەڕاستی لەوەدا بەڵگە هەیە بۆ بڕواداران ﴿٤٤﴾ ﴿ٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ بیخوێنەرەوە ئەو قورئانەی کەوەحی کراوە بۆت ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژ بکە ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾ بێگومان نوێژ بەرگری (نوێژگەر) دەکات لەکاری ناشیرین و ناپەسەند (خراپە) ﴿وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ وە زیکر و یادی خوا گەورەترە (لەهەموو شتێک) ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ خواش دەزانێت بەهەر کارێک کە ئێوە دەیکەن ﴿٤٥﴾

﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ دەمەقالێ و موجادەلە مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانییەکاندا ﴿إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ بە جوانترین شێوە نەبێت ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ﴾ جگە لەوانەیان کە ستەمیان کرد (لە ئێوە) ﴿وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا﴾ وە (بە خاوەن کتێبەکان) بڵێن باوەڕمان هێناوە بەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێمە ﴿وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ﴾ و (بەوەش) نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە ﴿وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ﴾ وە خوای ئێمە و خوای ئێوە یەکێکە ﴿وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾ وە ئێمە بۆ ئەو (خوا) گەردن کەچین ﴿٤٦﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَۚ﴾ هەروەك (پێغەمبەرانی پێشوو) قورئانمان بۆ تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ناردەخوارەوە ﴿فَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ جا ئەو کەسانەی کە کتێبمان پێداون ﴿يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ﴾ (هەندێکیان) باوەڕ بەو (قورئانە) دەهێنن ﴿وَمِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ مَن يُؤۡمِنُ بِهِۦۚ﴾ وە لەمانەش (بت پەرستەکانی عەرەب) کەسانێ بڕوای پێ دەهێنێت ﴿وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ تەنها بێ باوەڕانی (ڕۆچوو) دان نانێن بە ئایەتەکانی ئێمەدا ﴿٤٧﴾ ﴿وَمَا كُنتَ تَتۡلُواْ مِن قَبۡلِهِۦ مِن كِتَٰبٖ﴾ وە تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) پێش ئەم (قورئانە) هیچ کتێبێکت نەدەخوێندەوە ﴿وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَۖ﴾ وە بەدەستی ڕاستت نەتنوسیووە ﴿إِذٗا لَّٱرۡتَابَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ﴾ (ئەگەر وابوایە) ئەو کاتە ناڕاستەکان (بێ بڕوایان) دەکەوتنە گومانەوە ﴿٤٨﴾ ﴿بَلۡ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ﴾ (نەخێر وا نییە گومان دەبەن) بەڵکو قورئان نیشانەکانی ئاشکران ﴿فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ﴾ لە دڵ و دەرونی کەسانێکدایە کە زانستیان پێ دراوە (لە لایەن خواوە) ﴿وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ تەنیا ستەمکاران دان نانێن بە نیشانەکانی ئێمەدا ﴿٤٩﴾ ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ﴾ وە ووتیان ئەوە بۆ چەند موعجیزە و بەڵگەیەك دانابەزێنرێ بۆ سەری (موحەممەد ﷺ) لەلایەن پەروەردگارییەوە ﴿قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ﴾ بڵێ (پێیان هێنانە خوارەوەی) موعجیزەکان تەنیا لەلایەن خواوەیە ﴿وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ﴾ وە بەڕاستی من تەنها ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٥٠﴾ ﴿أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ﴾ ئایا بۆ ئەوان بەس نییە ﴿أَنَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ﴾ کە ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە بۆ سەر تۆ، دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ بەڕاستی لەم قورئانەدا بەزەیی و پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ باوەڕداران ﴿٥١﴾ ﴿قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ﴾ بڵێ (پێیان) خوا بەسە ﴿بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡ شَهِيدٗاۖ﴾ بۆ شایەتی دان لەنێوان من و ئێوەدا ﴿يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ﴾ ئەوەی لەئاسمانەکان و زەویدایە دەیزانێ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡبَٰطِلِ وَكَفَرُواْ بِٱللَّهِ﴾ وە کەسانێ کە باوەڕیان هێناوە بە بەتاڵ و بێ باوەڕبوون بەخوا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ﴾ تەنها ئەوانەن زەرەرمەندان ﴿٥٢﴾

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ﴾ بە پەلە داوای (هێنانی) سزات لێ دەكەن ﴿وَلَوْلَا أَجَلٌ مُسَمًّى لَجَاءَهُمُ الْعَذَابُ﴾ ئەگەر ماوەی دیاری كراو نەبوایە (بۆ سزادانی ئەوانە) بێگومان سزاكەیان بۆ دەهات ﴿وَلَيَأْتِيَنَّهُمْ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ وە بەڕاستی لەناكاودا ئەو سزایەیان بۆ دێ كە ئەوان هەستی پێ ناكەن ﴿٥٣﴾ ﴿يَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ﴾ بە پەلە لە تۆ داوای (هێنانی) سزا دەكەن ﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ﴾ كە بەڕاستی دۆزەخ دەوری كافرانی داوە ﴿٥٤﴾ ﴿يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ﴾ لەڕۆژێكدا سزا دایان دەپۆشێ ﴿مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ﴾ لەلای سەرییانەوە و لە ژێر پێیانەوە ﴿وَيَقُولُ ذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ وە (خوا) دەفەرموێ: بچێژن تۆڵەی ئەو كردەوانەی كە لە دونیادا دەتان كرد ﴿٥٥﴾ ﴿يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی بەندەكانم كە باوەڕتان هێناوە ﴿إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ﴾ بێگومان زەوی من پان و فراوانە ﴿فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ﴾ كەوانە هەر من بپەرستن ﴿٥٦﴾ ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ هەموو كەس مردن دەچێژێ و دەمرێ پاشان بۆ لای ئێمە دەگەڕێنرێنەوە ﴿٥٧﴾ ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە كەسانێ كە باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان كردووە ﴿لَنُبَوِّئَنَّهُمْ مِنَ الْجَنَّةِ غُرَفًا﴾ سوێند بەخوا لەكۆشكە بەرزەكانی بەهەشتدا نیشتەجێیان دەكەین ﴿تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ كە ڕووبارەكان بەژێریانداو دێن و دەچن ﴿خَالِدِينَ فِيهَا نِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ﴾ بێ بڕانەوە تیایدا دەمێننەوە ئای چەند چاكە پاداشتی چاكەكاران ﴿٥٨﴾ ﴿الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ ئەوانەی دانیان بە خۆیاندا گرت و تەنها پشتیان بە پەروەردگاریان بەست ﴿٥٩﴾ ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ دَابَّةٍ لَا تَحْمِلُ رِزْقَهَا﴾ زۆر گیان لەبەر (زیندەوەر) هەیە ڕۆزی خۆی هەڵناگرێ و كۆی ناكاتەوە (بۆ داهاتوو) ﴿اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ﴾ خوا ڕۆزی ئەو (گیان لەبەرانەو) و ئێوەیش دەدات ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ وە هەر ئەوە بیسەری زانا ﴿٦٠﴾ ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر پرسیار لەو (بێ باوەڕانە) بكەیت كێ ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووە ﴿وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ﴾ و ڕۆژ و مانگی ڕامهێناوە وخستوویەتیە خزمەتیانەوە ﴿لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ﴾ بێگومان دەڵێن خوا دەی كەواتە چۆن (لە پەرستنی خوا) لادراون ﴿٦١﴾ ﴿اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ﴾ خوا ڕۆزی فراوان دەكات بۆ هەر كەس لە بەندەكان كە بیەوێ یا بۆی كەم دەكات ﴿إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خوا بەهەموو شتێك زانایە ﴿٦٢﴾ ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ﴾ وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت ﴿مَنْ نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ كێ لەئاسمانەوە باران دەبارێنێ ﴿فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهَا﴾ ئەمجا بەو بارانە زەوی مردووی پێ زیندوو دەكاتەوە ﴿لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ بێگومان دەڵێن خوا ﴿قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هەموو سوپاس هەر بۆ خوایە ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان ژیریان بەكار ناهێنن ﴿٦٣﴾

﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ﴾ وە ژیانی ئەم دونیایە تەنها رابواردنێکی بێ هودە و یاری (منالانە) ﴿وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ﴾ وە بەڕاستی مالی قیامەت هەر ئەوەیە ژیانی (ڕاستەقینە) ﴿لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئەوان بیانزانیایە ﴿٦٤﴾ ﴿فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ﴾ ئەمجا کاتێ ئەو (بێ باوەڕانە) سوار کەشتی دەبن ﴿دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ (و ترسان لە نوقم بوون) تەنها هاوار لە خوا دەکەن بە دڵسۆزی و گەردن کەچیەوە ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ﴾ کەچی کاتێ خوا ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە ووشکانی ﴿إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾ کتوپڕ ئەوان هاوبەشێ بۆ خوا دادەنێن ﴿٦٥﴾ ﴿لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا۟﴾ (وازیان لێ بهێنە) با دان نەنێن بەوەی ئێمە پێماندان، وە لەزەت ببەن لە ژیان ﴿فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ جا لەمەولا دەزانن (ئەنجامی ئەو کردەو خراپانەیان چی دەبێ) ﴿٦٦﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟﴾ ئایا نەیان زانیوە و سەرنجیان نەداوە ﴿أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا﴾ کە ئێمە (شاری مەککە) مان کردۆتە جێگایەکی ڕێز گیراوی بێ ترس وپڕ ئاساشیش ﴿وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ﴾ لە کاتێکدا لە دەوروبەری ئەواندا خەڵک دەفڕێنرێت ﴿أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ﴾ دەی ئایا باوەڕ بە بەتاڵ دەهێنن ﴿وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ﴾ وە سپلە وپێ نەزانن بەرامبەر نیعمەتەکانی خوای گەورە ﴿٦٧﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستێ ﴿أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُۥٓ﴾ یا باوەڕ نەهێنێ بەئایینی ڕاست کاتێ بۆی هات ﴿أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ ئایا جێگای مانەوە بۆ بێ بڕوایان لە دۆزەخدا نیە ﴿٦٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ فِينَا﴾ وە کەسانێ کە لە پێناو ڕەزامەندی ئێمەدا تێکۆشانیان کردووە ﴿لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا﴾ بەڕاستی ڕێنموونیان دەکەین بۆ ڕێگا چاکەکانی خۆمان ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ وە بێگومان خوا لەگەڵ چاکەکاراندایە ﴿٦٩﴾

سورەتی ﴿الرُّوم﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓ﴾ بە (ئەلیف، لام، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بەمانای کەی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿غُلِبَتِ ٱلرُّومُ﴾ ڕۆم شکێنران و ژێر کەوتن (فارس زاڵ بوو بە سەریاندا) ﴿٢﴾ ﴿فِىٓ أَدْنَى ٱلْأَرْضِ﴾ لە نزیک ترین خاکیان (لە مەککەوە یا لە ولاتی فارسەوە) ﴿وَهُم مِّنۢ بَعْدِ غَلَبِهِمْ﴾ وە ڕۆمەکان دوای تێشکانیان ﴿سَيَغْلِبُونَ﴾ لە داهاتوودا سەر دەکەون (بەسەر فارسەکاندا) ﴿٣﴾ ﴿فِى بِضْعِ سِنِينَ﴾ لە ماوەی چەند ساڵێکدا (لە نێوان ٣ تا ٩ ساڵدا) ﴿لِلَّهِ ٱلْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِنۢ بَعْدُ﴾ هەموو کاروبار تەنها بە دەست خوایە لەپێش(سەرکەوتن) ولەدوا (سەرکەوتنیش) ﴿وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ وە لەو ڕۆژەی (ڕۆمەکان سەردەکەون) ئیمانداران دڵخۆش دەبن (چونکە ڕۆمەکان خاوەن نامەی ئاسمانی بوون) ﴿٤﴾ ﴿بِنَصْرِ ٱللَّهِ﴾ بەسەرخستنی خوا (بۆ ڕۆمەکان) ﴿يَنصُرُ مَن يَشَآءُ﴾ خوا هەر کەسی بوێت سەریدەخات ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ وەهەر ئەوزاڵی بالادەستی میهرەبانە ﴿٥﴾

﴿وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ﴾ ئەوە بەڵێنی خوایە (کە ڕۆمەکان سەربخات) خوایش پێچەوانەی بەڵێنی خۆی ناکات ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن ۞ ﴿يَعْلَمُونَ ظَٰهِرًا مِّنَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ تەنها ڕواڵەتی ئەم ژیانی دونیا دەزانن ﴿وَهُمْ عَنِ ٱلْءَاخِرَةِ هُمْ غَٰفِلُونَ﴾ بەڵام بێ ئاگان لە ڕۆژی دوایی ۞ ﴿أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِم﴾ ئایا ئەوانە لە دەروونی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە ﴿مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ﴾ کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە دروستی نەکردووە ﴿إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ بەهەق و ڕاستی نەبێت، وە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ بێگومان زۆرێك لە خەڵك ﴿بِلِقَآئِ رَبِّهِمْ لَكَٰفِرُونَ﴾ باوەڕیان نیە بە خزمەت پەروەردگاریان بگەن (لەدوارۆژدا) ۞ ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئایا ئەوان بەسەر زەویدانە گەڕاون ﴿فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ بۆ ئەوەی ببینن سەرئەنجام ئەو (گەلانەی کافر بوون) لە پێش ئەمان چۆن بووە ﴿كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً﴾ کە زۆر بەهێزتر بوون لە ئەمان (لە خەڵکی مەککە) ﴿وَأَثَارُوا۟ ٱلْأَرْضَ﴾ و زەویان کێڵا (بۆ کشت وکاڵ) ﴿وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا﴾ و ئاوەدانیان کردەوە زیاتر لەمان ﴿وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ وە پێغەمبەرانیان بۆ هات بە موعجیزە ڕوونەکانەوە ﴿فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ بۆیە خوا ستەمی لێ نەکردوون (کە لەناوی بردوون) ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵام خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد ۞ ﴿ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔوا۟ ٱلسُّوٓأَىٰٓ﴾ پاشان چارەنووسی ئەوانەی کەتاوان و خراپەیان کرد سەختترین سزایە (کەدۆزەخە) ﴿أَن كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ لەبەر ئەوەی باوڕیان نەهێنا بە ئایەتەکانی خوا ﴿وَكَانُوا۟ بِهَا يَسْتَهْزِءُونَ﴾ و هەمیشە گاڵتەیان پێ دەکرد ۞ ﴿ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ﴾ خوا لەسەرەتاوە (ئادەمی) دروستکرد ﴿ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ وە لە پاش (مردنیش) دروستی دەکاتەوە ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ پاشان بۆ لای ئەو (خوا) دەگەڕێنەوە ۞ ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ﴾ وە ئەو ڕۆژەی قیامەت هەڵدەسێ ﴿يُبْلِسُ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ تاوانباران غەمبار و نائومێد دەبن ۞ ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمْ شُفَعَٰٓؤُا۟﴾ بێگومان لە ناو پەرستراوەکانیاندا تکاکارانێك نیە بۆ ئەوان ﴿وَكَانُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ كَٰفِرِينَ﴾ و ئەوان بێ باوەڕ دەبن بە پەرستراوەکانیان (کە کردبوونیان بە هاوبەشی خوا) ۞ ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ﴾ ئەو ڕۆژەی کە قیامەت هەڵدەسێ ﴿يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ﴾ (خەڵك) لەو ڕۆژەدا جیادەبنەوە لەیەکتر ۞ ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەمجا کەسانێ کەباوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿فَهُمْ فِى رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ﴾ ئەوان لە بەهەشتدا دڵخۆش دەکرێن ۞

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟﴾ بەلام ئەوانەی بێباوەڕ بوون و دانیان نەدەنا ﴿بِـَٔايَـٰتِنَا وَلِقَآءِ ٱلْـَٔاخِرَةِ﴾ بەنیشانەکانی ئێمە و گەیشتن بەڕۆژی دوایی ﴿فَأُو۟لَـٰٓئِكَ فِى ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ﴾ ئا ئەوانە لە سزا(ی دۆزەخ) دا ئامادە دەکرێن ﴿١٦﴾ ﴿فَسُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ﴾ ئەمجا پاك و بێگەردی خوا بڵێن ﴿حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ﴾ کاتێ ئێوارەتان لێ دێت، وە کاتێ بەیانیتان لێ دەبێتەوە ﴿١٧﴾ ﴿وَلَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وە سوپاس هەر بۆ خوایە لە ئاسمانەکان و زەویدا ﴿وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ﴾ وە(پاکی و بێگەردی خوا بڵێن) لەشەودا و کاتێ نیوەڕۆتان لێ دێت ﴿١٨﴾ ﴿يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ﴾ (خوا) زیندوو لەمردوو دەردێنێ و مردوو لەزیندوو دەردێنێ ﴿وَيُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ وە زەوی زیندوو دەکاتەوە لەپاش مردن و وشك بوونی ﴿وَكَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ﴾ وە هەر بەوجۆرە ئێوەش دەردەهێنرێن (لە گۆڕەکانتان) ﴿١٩﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ﴾ لە نیشانەکانی ئەو (خوایە) کە ئێوەی لە خاك دروست کردووە ﴿ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ﴾ لە پاش (ماوەیەك) کتوپڕ ئێوە ئادەمیزن و بڵاوبوونەتەوە لە زەویدا ﴿٢٠﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم﴾ وە لەنیشانەکانی ئەوە (نیشانەکانی خوایە) کە بۆی دروست کردوون ﴿مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا﴾ لە(ڕەگەزی) خۆتان هاوسەرانێك بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایان دا ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ وە خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بەڕاستی لەوەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێ کەبیردەکەنەوە ﴿٢١﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وە لە نیشانەکانی (دەسەلاتی) ئەوە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَٱخْتِلَـٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ﴾ وجیاوازی زمانتان و ڕەگەزتان ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّلْعَـٰلِمِينَ﴾ بەڕاستی لەوەدا (باسکرا) بەڵگەی زۆر هەیە بۆ زانایان ﴿٢٢﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ وە لە نیشانەکانی ئەوە، خەوتنتان بە شەو و ڕۆژدا ﴿وَٱبْتِغَآؤُكُم مِّن فَضْلِهِۦٓ﴾ و هەوڵدانتان (لە ڕۆژدا) بۆ بەهرە وەرگرتن لە بەخششی (ڕۆزی) خوا ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ﴾ بەڕاستی لەوەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ کۆمەڵێ ببیستن ﴿٢٣﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ لە نیشانەکانی (خوایە) کەهەورە بروسکەتان نیشان دەدات بۆ ترسان و ئومێد (ترسان لە هەورە بروسکە و ئومێدی بارانبارین) ﴿وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ لەئاسمانەوە باران دەبارێنێ ﴿فَيُحْىِۦ بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ﴾ کە زەوی دوای مردنی بە هۆی ئەو بارانەوە دەبوژێنێتەوە ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەوەدا (کەباسکرا) ﴿لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ چەند بەڵگە و نیشانە هەیە بۆئەوانەی ژیریان بەکار دەهێنن ﴿٢٤﴾

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ﴾ وە لەنیشانەکانی ئەوە ﴿أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ﴾ کەئاسمان و زەوی بەفەرمانی ئەو وەستاون ﴿ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ﴾ پاشان کاتێ (لەڕۆژی دواییدا) لە زەوی یەوە بانگتان دەکەن ﴿إِذَآ أَنتُمْ تَخْرُجُونَ﴾ یەکسەر ئێوە (لە گۆڕەکانتان) دێنە دەرەوە ﴿٢٥﴾ ﴿وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تەنها هی خوایە ﴿كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ﴾ هەموویان هەر بۆ ئەو (خوا) گەردن کەچن ﴿٢٦﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ﴾ ئەو (خوا) زاتێکە بەدی هێنانی دەس پێکردووە ﴿ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ لەپاشان (دوا مردنی) دووبارە دروستی دەکاتەوە ﴿وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾ ئەم (دروست کردنەوەی دووەم) لای خوا ئاسان تر ە ﴿وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ و هەر بۆ ئەوە (هەموو) سیفەتێکی بەرزو بڵند لە ئاسمانەکان و زەویدا ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ و هەر ئەوە زاڵی کار دروست ﴿٢٧﴾ ﴿ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْ﴾ (خوا) نموونەیەکتان لەخودی خۆتاندا بۆ دەهێنێتەوە ﴿هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ﴾ ئایا لە بەندەکانتان دا هاوبەشانێك هەیە بۆ ئێوە ﴿فِى مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ﴾ لەو ڕۆزی و سامانەی بە ئێوەمان دا بوو بە جۆرێ ئێوەو ئەو بەندانە تیایدا یەکسان بن ﴿تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ و لەوان دەترسن (حسابیان بۆ بکەن) وەکو ترستان لە کەسانی وەك خۆتان ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ ئا بەو جۆرە نیشانەکان ڕوون دەکەینەوە (بەدرێژی باسی دەکەین) ﴿لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ بۆ کەسانێ ژیریان بەکار دەهێنن ﴿٢٨﴾ ﴿بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَهْوَآءَهُم﴾ (وازیان لێ بێنە) بەڵکو ئەوانەی ستەمیان کردشوێن ئارەزووی خۆیان کەوتن ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بێ شارەزایی و نەزانانە ﴿فَمَن يَهْدِى مَنْ أَضَلَّ ٱللَّهُ﴾ ئەمجا کێ (دەتوانێ) ڕێنموونیی کەسێ بکات کە خوا گومڕای کردبێ ﴿وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ لە کاتێکدا بۆئەوان هیچ یارمەتی دەرێك نییە ﴿٢٩﴾ ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا﴾ کەواتە ڕووی خۆت ڕێك بکەرە ئایینی ئیسلام وپاك و ڕاست بۆ خوا ﴿فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا﴾ (شوێن ئایینی) یەکتاپەرستی بکەوە، ئەو ئایینەی کەخوای گەورە (لەسەرەتاوە) فترەتی پاکی مرۆڤی لەسەر دروست کردووە ﴿لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ﴾ ئایین ودروستکراوەکانی خوا هیچ جۆر گۆڕانی بۆ نیە ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾ ئەو (ئایینەی باسکرا) هەر ئەوە ئایینی ڕێك و ڕاستە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەی ئادەمی نازانن ﴿٣٠﴾ ﴿مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ بەتۆبەکاریەوە شوێن ئایین بکەون، وە بۆلای خوا بگەڕێنەوە و هەر لەویش بترسن، وە بەچاکی نوێژەکانتان ئەنجام بدەن ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ و لە هاوبەشدانەران مەبن ﴿٣١﴾ ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ﴾ لەوانەی کە ئایینەکەیان بەش بەش کرد ﴿وَكَانُوا۟ شِيَعًا﴾ و بوون بە چەند کۆمەڵ ودەستەیەکەوە ﴿كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ هەر کۆمەڵێکیان بەو (ئایینەی) خۆیان دڵخۆشن ﴿٣٢﴾

﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلنَّاسَ ضُرٌّ﴾ وە هەر کاتێ زیان (وگرانی و بێ بارانی) بکەوێ لەخەڵکی (هاوبەش دانەر بۆ خوا) ﴿دَعَوْا۟ رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ﴾ هاوار بۆ پەروەردگاریان دەبەن و بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿ثُمَّ إِذَآ أَذَاقَهُم مِّنْهُ رَحْمَةً﴾ پاشان کاتێ لەلایەن خۆیەوە ڕەحمەت وڕیانی خۆشیان پێ بدات ﴿إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم﴾ کتوپڕ دەستەیەك لەوان ﴿بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ﴾ هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن ﴿٣٣﴾ ﴿لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ﴾ (لێیان گەڕێ) با سپلە وبێ نەزان بن ودان نەنێن بەو چاکانەی کە ئێمە پێمان داوون ﴿فَتَمَتَّعُوا۟﴾ جا بارابوێرن ولەزەت وەرگرن لەژیان ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ ئەمجا لەمەودوا دەزانن (چیتان بەسەر دێت) ﴿٣٤﴾ ﴿أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنًا﴾ ئایا بەڵگەیەکمان بۆ ناردوون ﴿فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا۟ بِهِۦ يُشْرِكُونَ﴾ کە دەربارەی ئەوەی ئەوان کردویانەتە هاوبەشی خوا بدوێ؟ ﴿٣٥﴾ ﴿وَإِذَآ أَذَقْنَا ٱلنَّاسَ رَحْمَةً﴾ وە کاتێ ڕەحمەت و چاکەیەك بەخەڵك بدەین ﴿فَرِحُوا۟ بِهَا﴾ پێی دڵخۆش دەبن ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ﴾ وە ئەگەر زیانێکیان تووش ببێت ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ بەهۆی کردەوەی خراپیانەوە ﴿إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ﴾ کتوپڕ بێ هیوا دەبن (لەبەزەیی خوا) ﴿٣٦﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئایا ئەوانە نەیان زانیوە کە بەڕاستی خوا ﴿يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ﴾ ڕۆزی فراوان یان کەم دەکات بۆ هەر کەس کەبیەوێت ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بێگومان لەوەدا (باسکرا) چەندین بەڵگە هەیە بۆ ئەوانەی باوەڕ دەهێنن ﴿٣٧﴾ ﴿فَـَٔاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ﴾ کەواتە خزم مافی خۆی پێ بدە ﴿وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ هەروەها هەژار و ڕێبوارانی کەم دەست ﴿ذَٰلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ ٱللَّهِ﴾ ئەوە بۆ کەسانێك ڕەزامەندی خوایان دەوێ چاکترە ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ و هەر ئەوانەن ڕزگار بووان ﴿٣٨﴾ ﴿وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن رِّبًا﴾ ئەوەی بەناوی سوود داوتانە (بەخەڵکی) ﴿لِّيَرْبُوَا۟ فِىٓ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ﴾ بۆ ئەوەی زیاد بێ لە مال و سامانی ئەو خەڵکانەدا (زیاتر لەوە داوتانە پێیان بتان دەنەوە) ﴿فَلَا يَرْبُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ﴾ ئەوە لای خوا هیچ زیاد ناکات (پاداشتی نییە) ﴿وَمَآ ءَاتَيْتُم مِّن زَكَوٰةٍ﴾ وە هەر زەکات و خێرێك کەداوتانە و ﴿تُرِيدُونَ وَجْهَ ٱللَّهِ﴾ مەبەستان تەنها ڕەزامەندی خوا بووە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُضْعِفُونَ﴾ ئانەوانە (پاداشتیان) چەند جارە دەکەینەوە ﴿٣٩﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ﴾ خوا زاتێکە ئێوەی بەدی هێناوە لەپاشان ڕۆزی پێ داون. ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ﴾ دواتر دەتان مرێنێ لەپاشان زیندووتان دەکاتەوە ﴿هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن﴾ ئایا هیچ یەك لەو هاوبەشانەی بۆ خواتان دانەنا هەیە ﴿يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَىْءٍ﴾ هیچ شتێ لەوانە(ی خوا) بکات ﴿سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ پاکی و بەرزی بۆ خوا لەوەی ئەوان دەیکەنە هاوبەشی ﴿٤٠﴾ ﴿ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ خراپە (بەڵا و شێوان ودەرد) لەوشکانی (زەوی) و دەریادا دەرکەوتووە ﴿بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ﴾ بەهۆی ئەو خراپانەی خەڵکی کردویانە ﴿لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟﴾ بۆ ئەوەی (تۆڵەی) هەندێ لەو(خراپانەی) کردویانە پێیان بچەژێ ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە (لەخراپەکاری) ﴿٤١﴾

﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەزەویدا بگەڕێن ﴿فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلُ﴾ ئەمجا سەرنج بدە سەرئەنجامی ئەوانەی لەپێش (ئێوەوە) بوون چۆن بوو ﴿كَانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ﴾ کە زۆربەیان هاوبەشدانەر بوون بۆ خوا ﴿٤٢﴾ ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ ٱلْقَيِّمِ﴾ کەواتە ڕووی خۆت بکەرە ئایینی ڕێك و ڕاست ﴿مِن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ﴾ لە پێش ئەوە ڕۆژێ بێت ﴿لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ﴾ لەلایەن خواوە کە گێڕانەوەی بۆ نییە ﴿يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ﴾ لەو ڕۆژەدا خەڵکی جیاببنەوە لەیەکتر ﴿٤٣﴾ ﴿مَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ﴾ هەر کەس بێ باوەڕ بووبێ ئەوە (تۆڵەی) بێ باوەڕیی یەکەی لەسەرە ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا﴾ هەرکەسێش کردەوەی چاکی کردبێت ﴿فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ﴾ ئەوە شوێن بۆ خۆیان (لە بەهەشتدا) ئامادە دەکەن ﴿٤٤﴾ ﴿لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ بۆ ئەوەی کەسانێ کە باوڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە پاداشتیان بداتەوە ﴿مِن فَضْلِهِۦٓ﴾ لە میهرەبانی و چاکەی خۆی ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بەڕاستی ئەو (خوا) بێ باوەڕانی خۆش ناوێ ﴿٤٥﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ﴾ وە لە نیشانەکانی ئەو (خوایە) ﴿أَن يُرْسِلَ ٱلرِّيَاحَ مُبَشِّرَٰتٍ﴾ کە چەند بایەکی مژدەدەر (بەبارینی باران) دەنێرێ ﴿وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ﴾ بۆ ئەوە هەندێ لە (بارانی) بەزەیی خۆیتان پێ بچەژێ ﴿وَلِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ بِأَمْرِهِۦ﴾ و بۆ ئەوەی کەشتیەکان بەفەرمانی خوا(بەو بایە) بڕۆن و بگەڕێن ﴿وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ﴾ و بۆ ئەوەی بەدوای ڕۆزی ئەو (خوا)دا بگەڕێن (لە دەریادا) ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ تا شوکرانە بژێری خوا بن ﴿٤٦﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی پێش تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ناردومانە ﴿رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ﴾ پێغەمبەرانێك بۆ لای گەلەکانیان ﴿فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ ئەمجا موعجیزە و بەڵگە ڕوونەکانیان بۆ هێنان (بەڵام باوەڕیان نەهێنا) ﴿فَٱنتَقَمْنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟﴾ ئەمجا تۆڵەمان سەند لەوانەیان تاوانیان کرد ﴿وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ وە یارمەتیدانی باوەڕداران وسەرخستنیان هەق ومافێکە لەسەرمان ﴿٤٧﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَاحَ﴾ خوا زاتێکە ئەو بایانە دەنێرێت ﴿فَتُثِيرُ سَحَابًا﴾ بۆ ئەوەی هەورەکان بجوڵێنن (بگەڕێنن) ﴿فَيَبْسُطُهُۥ فِى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ يَشَآءُ﴾ ئەمجا ئەو(هەورە خوا) چۆن بیەوێ بڵاوی دەکاتەوە بەئاسماندا ﴿وَيَجْعَلُهُۥ كِسَفًا﴾ وە ئەو (هەورە) دەکاتە پارچەیەك (وکۆیان دەکاتەوە لەسەر یەکتر) ﴿فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ﴾ ئەمجا دەبینی قەترەی باران لە نێوانی هەورەکەوە دەبارێت ﴿فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ﴾ ئەمجا کاتێ (خوا) ئەو بارانە بباریێنێ بۆ (وولاّت وزەوی) هەر کام لەبەندەکانی کەبیەوێ ﴿إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ کتوپڕ دڵخۆش وشادمان دەبن (بەو بارانە) ﴿٤٨﴾ ﴿وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّن قَبْلِهِۦ﴾ ئەگەر چی پێش ئەوەی باران بەسەریاندا ببارێ ﴿لَمُبْلِسِينَ﴾ بێ هیوا و نائومێد بوون ﴿٤٩﴾ ﴿فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ﴾ ئەمجا سەیری ئاسەواری بارانی خوابکە (وەك کشتوکاڵ و گژوگیا و درخت) ﴿كَيْفَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ﴾ چۆن زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای مردن و ووشك بوونی ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ بەڕاستی هەر ئەو خوایە زیندوو کەرەوەی مردووانیشە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ و هەرە ئەویش بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٥٠﴾

﴿وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحًا﴾ سوێند بەخوا ئەگەر بایەکی تونـدی (زەرمەند) بنێرین ﴿فَرَأَوْهُ مُصْفَرًّا﴾ جا ئەو (هـەورە یـا کشتوکاڵەکەیان) دەبینـن بـەزەرد بوویـی ﴿لَظَلُّوا مِنْ بَعْدِهِ يَكْفُرُونَ﴾ لەپاش ئـەو (زیانە) هەر نا شـوکری دەکەن ﴿٥١﴾ ﴿فَإِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَىٰ﴾ چونکە بەڕاستی تۆ (ئـەی موحەممەد ﷺ) ناتوانی بـە مردووان (کافـران) ببیسـتێنیت ﴿وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ﴾ و ناتوانی بانگەوازت بەکـەڕان (کافران) ببیسـتێنی ﴿إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ﴾ کاتێ ڕوو وەردەگێڕن لێت بەپشـت تێکردنەوە ﴿٥٢﴾ ﴿وَمَا أَنْتَ بِهَادِ الْعُمْيِ عَنْ ضَلَالَتِهِمْ﴾ وە تـۆ ڕێنمووئیـی کـەری نابینایان نیت (ڕزگاریـان کەیت) لـە گومڕایی یان ﴿إِنْ تُسْمِعُ إِلَّا مَنْ يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا﴾ تۆ تەنها بە کەسـانێ دەشنەوێنی کە بەنیشانەکانی ئێمە باوەڕ دەهێنن ﴿فَهُمْ مُسْلِمُونَ﴾ چونکـە ئەوانـە گەردن کەچن (بۆ بانگ و فەرمانی تـۆ) ﴿٥٣﴾ ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ ضَعْفٍ﴾ خوا زاتێکە ئێـوەی دروسـت کردووە لـە لاوازی (لاوازی نوتفەو بێچوو منداڵی شـیرە خۆر..) ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً﴾ پاشـان دوای لاوزی بەهێـزی کـردون (بـوون بـە لاو) ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً﴾ لـەدوای بەهێز کردنتـان لاواز وپیرتان دەکات ﴿يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ﴾ خوا هەرچی بوێت دروسـتی دەکات ﴿وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ﴾ وە هـەر ئـەوە زانـای بـە دەسـەڵات ﴿٥٤﴾ ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ﴾ وە ڕۆژی قیامەت هەڵدەسـێ ﴿يُقْسِمُ الْمُجْرِمُونَ﴾ تاوانباران سـوێند دەخـۆن (لە دونیادا یا لەبـەرزەخ دا) ﴿مَا لَبِثُوا غَيْرَ سَاعَةٍ﴾ تەنها سـاتێك ماونەتەوە (لەدونیادا) ﴿كَذَٰلِكَ كَانُوا يُؤْفَكُونَ﴾ هـەر بەو ڕێنە ئەوان لە دونیادا لادران لە ڕاستی ﴿٥٥﴾ ﴿وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَالْإِيمَانَ﴾ وە کەسانێ کەزانیاری و ئیمانیان پێ دراوە ووتیان ﴿لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ الْبَعْثِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێوە لە (بەرزەخدا بەپێی بڕیاری) نوسراوی خـوا هەتا ڕۆژی زیندووبوونـەوە ماونەتەوە ﴿فَهَٰذَا يَوْمُ الْبَعْثِ﴾ ئەمجا ئەمـە ڕۆژی زیندوو بوونەوەیە ﴿وَلَٰكِنَّكُمْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ بەڵام ئێوە نەتان دەزانی (ڕاسـتە و دێتە دی) ﴿٥٦﴾ ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَا يَنْفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَعْذِرَتُهُمْ﴾ جالەوڕۆژەدا کەسانێك کەستەمیان کردووە، بەهانەوبیانوو هێنانەوەسوودیان پێ ناگەیەنێت ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ وە ئەوان داوایان لێ ناکرێ خوا لە خۆیان ڕازی بکەن ﴿٥٧﴾ ﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ﴾ سـوێند بەخـوا بەڕاسـتی هێناومانەتـەوە بۆ خەڵکـی ﴿فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ﴾ لـەم قورئانەدا لە هەمـوو جـۆرە نموونە و باسـێك ﴿وَلَئِنْ جِئْتَهُمْ بِآيَةٍ﴾ ئەمجا بەڕاسـتی ئەگەر نیشـانەیەکیان بۆ بێنی ﴿لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ دڵنیابـن ئـەو بـێ بڕوایانـە دەڵـێن ﴿إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ﴾ ئێـوە هەر ناڕاسـت وبەتاڵن (ئەمە سیحرە) ﴿٥٨﴾ ﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ﴾ ئا بـەو جۆرە خوا مۆر دەنێت ﴿عَلَىٰ قُلُوبِ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەسـەر دڵـی ئەوانەی کەبـێ ئاگـا و نەزانن ﴿٥٩﴾ ﴿فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾ جـا دان بەخۆدا بگـرە بێگومان بەڵێنی خوا ڕاسـتە ﴿وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ الَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ﴾ تاوەکـو ئەوانەی بێ باوەڕن لە (ئایینی) ڕاسـت لات نەدەن و بێزارت نەکەن ﴿٦٠﴾

سورەتی ﴿ لُقْمَٰنَ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓ﴾ بە (ئەلیف، لام، میم،) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ الْكِتَٰبِ الْحَكِيمِ﴾ ئەم ئایەتانە لەئایەتەکانی قورئانی پڕلە حیکمەت و دانایی یە ﴿٢﴾ ﴿هُدًى وَرَحْمَةً لِّلْمُحْسِنِينَ﴾ (هۆی) ڕێنموونیی و بەزەیین بۆ چاکەکاران ﴿٣﴾ ﴿الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَوٰةَ﴾ ئەوانەی کەنوێژ بەجێ دێنن و زەکات دەدەن ﴿وَهُم بِالْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴾ هەروەها باوەڕی پتەویان بەڕۆژی دوایی هەیە ﴿٤﴾ ﴿أُولَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ﴾ ئەوانە لەسەر ڕێنموونیین لەلایەن پەروەردگارییانەوە ﴿وَأُولَٰٓئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ وە هەر ئەوان ڕزگارن ﴿٥﴾ ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِى لَهْوَ الْحَدِيثِ﴾ هەندێ لەخەڵکی هەیە قسە و باسی بێهودە دەکرێ (وەك ئەفسانە وگۆرانی و مۆسیقا) ﴿لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بۆ ئەوەی بەنەزانی خەڵك لەڕێگای خوا گومڕا بکات ﴿وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا﴾ وە ڕێگای خوا دەکاتە جێگای گاڵتەو لاقرتی ﴿أُولَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ ئەوانە سزای ڕیسواکەریان بۆ هەیە ﴿٦﴾ ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا﴾ وە هەر کاتێ ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێتەوە ﴿وَلَّىٰ مُسْتَكْبِرًا﴾ ڕوو وەردەگێڕێت بەخۆ بەگەورە زانینێکەوە ﴿كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِىٓ أُذُنَيْهِ وَقْرًا﴾ هەروەك نەیبیستبێ، یا هەروەك لە هەردوو گوێچکەیدا کەڕی بێ ﴿فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ دەی (ئەی موحەممەد ﷺ) مژدەی بدەرێ بەسزایەکی سەخت ﴿٧﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّٰلِحَٰتِ﴾ بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە ﴿لَهُمْ جَنَّٰتُ النَّعِيمِ﴾ بۆئەوانە بەهەشتانی پڕنازونیعمەت هەیە ﴿٨﴾ ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا﴾ هەتا هەتایە دەمێنێنەوە تێیدا ئەوە بەڵێنێکی ڕاستە لەخواوە ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ وە هەر ئەو زاڵی بالادەستی کاربەجێ یە ﴿٩﴾ ﴿خَلَقَ السَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا﴾ (خوا) ئاسمانەکانی دروست کردووە بەبێ هیچ کۆڵەکەو ئەستوونێك کە ئێوە ببینن ﴿وَأَلْقَىٰ فِى الْأَرْضِ رَوَٰسِىَ﴾ وە لە زەویدا چەندان شاخی لەنگەر داکوتاوی داناوە ﴿أَن تَمِيدَ بِكُمْ﴾ بۆ ئەوەی نەتانلەرزێنێ و نەجوڵێ لەژێرتاندا ﴿وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ﴾ لەهەموو جۆرە زیندەوەرێکی تێدا بڵاوکردۆتەوە ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَآءِ مَآءً﴾ وەلەئاسمانەوە بارانمان باراندوە ﴿فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ﴾ بەهۆی ئەو (بارانەوە) لەزەویدا هەموو جۆرە ڕووەکێکی بەکەڵك و جوانمان ڕواندووە ﴿١٠﴾ ﴿هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ﴾ ئەمە (باسکرا) دروست کراوی خوایە ﴿فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِۦ﴾ دەی نیشانم بدەن ئەو (بت و پەرستراوانە)ی بێجگە لەخودان چییان دروست کردووە ﴿بَلِ الظَّٰلِمُونَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ (هیچیان دروست نەکردووە) بەڵکو ستەمکاران لە گومڕایی یەکی ئاشکرادان ﴿١١﴾

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی دانای و حیکمەتماندا بە لوقمان ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِلَّهِ﴾ (وپێمان ووت) سوپاسی خوا بکە ﴿وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ﴾ جا هەرکەس شوکرانە بژێری خوا بکات ئەوە بێگومان شوکرانە بژێری (بۆ قازانج و سوودی) خۆی دەکات ﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ﴾ هەرکەسێش ناسوپاسی کردبێ (زیانی بەخوا نەگەیاندووە) ئەوە بێگومان خوا بێ نیازی سوپاس کراوە ﴿١٢﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) باسی ئەوکاتە بکە کە لوقمان بەکوڕەکەی ووت کە ئامۆژگاری دەکرد ﴿يَٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ﴾ (ووتی) ئەی کوڕە شیرینەکەم هاوبەشبۆ بۆ خوا دامەنێ ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ چونکە بەڕاستی هاوبەشبۆ دانان بۆ خوا ستەمێکی زۆر گەورەیە ﴿١٣﴾ ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ﴾ وە فەرمانمان داوە بەئادەمی (بەچاکی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ) دایك و باوکیدا ﴿حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ﴾ دایکی هەڵی ئەگرێ بەدووگیانی (پێی لاواز دەبێ) لاوازی لەدوای لاوازی ﴿وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ﴾ و بڕینەوەی لەشیر لە (دوا تەمەنی) دووسالیەوە ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ﴾ (وەفەرمانمان بەئادەمی دا) کە سوپاسگوزاری من (خوا) وباوك و دایکت بکە ﴿إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ﴾ تەنها بۆلای منە گەڕانەوەتان ﴿١٤﴾ ﴿وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى﴾ وەئەگەر (باوك و دایکت) ئەوپەڕی هەوڵیان دا لەگەڵت بۆئەوەی شتێ بکەیت بەهاوبەشی من ﴿مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا﴾ کەهیچ زانیاری یەکت پێی نی یە ئەوە گوێڕایەڵییان مەکە ﴿وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ بەڵام لەدونیادا زۆر بەچاکی هاوڕێیەتی وهەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکە ﴿وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ﴾ وشوێن ڕێبازی کەسێك بکەوە کەبەدڵسۆزی گەڕاوەتەوە بۆلای من ﴿ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ﴾ (لەدوا ڕۆژدا) گەڕانەوەتان تەنها بۆلای منە ﴿فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەمجا هەواڵتان دەدەمێ بەو کردەوانەی کەکردوتانە ﴿١٥﴾ ﴿يَٰبُنَىَّ﴾ (لقمان ووتی) ئەی کوڕە شیرینەکەم ﴿إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ﴾ بەڕاستی ئەو (چاکە و تاوانە) ئەگەر کێشی تۆوە خەرتەلەیەکیش بێت ﴿فَتَكُن فِى صَخْرَةٍ أَوْ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ لەناو بەردێکدا یان لەناو ئاسمانەکان یان لەزەوی دا بێت ﴿يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُ﴾ خوا (لەقیامەت دا) دەیهێنێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا ووردبین و ئاگادارە ﴿١٦﴾ ﴿يَٰبُنَىَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ ئەی کوڕە شیرینەکەم نوێژ بەجێ بێنە ﴿وَأْمُرْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ وفەرمان بکە بەچاکە و ڕێگری بکە لەخراپە ﴿وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَ﴾ هۆگر و بەئارام بەلەسەر هەر بەڵاو ناخۆشی یەك تووشت دێ ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ﴾ بێگومان ئەوە لەوکارە گەورانەیە کە خوا پێویستی کردووە ﴿١٧﴾ ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ﴾ ڕوو لەخەڵك وەرمەگێڕە ﴿وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا﴾ و بەکەشخە و فیزەوە مەڕۆ بەزەویدا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾ چونکەبەڕاستی خوا هیچ خۆبەزل زانێکی شانازی کەریخۆش ناوێ ﴿١٨﴾ ﴿وَٱقْصِدْ فِى مَشْيِكَ﴾ وە لەڕۆشتندا مام ناوەندی بە (نەهێواش بە نەپەلە) ﴿وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ﴾ (لەقسەکردندا) دەنگت نزم بکەرەوە ﴿إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ﴾ بەڕاستی ناخۆش ترینی دەنگەکان دەنگی (سەرەی) گوێدرێژە ﴿١٩﴾

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ﴾ ئایا نەتان زانیوە کە بەڕاستی خوا ڕامی هێناوە بۆتان ﴿مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ ئەوەی لەئاسمانەکان و ئەوەی لەزەوی دایە ﴿وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ﴾ وە نیعمەتەکانی ڕشتووە بەسەرتاندا ﴿ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾ چ دیار و ئاشکرا و چ پەنهان و نادیارە ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ﴾ هەندێ لەئادەمی موجادەلە و دەمەقاڵێ دەکات لەبارەی خواوە ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ﴾ بەبێ هیچ زانیاریەك یان ڕێنمووئیەك یان کتێبێکی ڕووون وئاشکرا ﴿١٠﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ﴾ وەکاتێ پێیان بوترێ ﴿اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾ شوێن ئەو (ئایینە) بکەون خوا ناردوویەتی یە خوارەوە ﴿قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا﴾ دەڵێن نەخێر بەڵکو ئێمە شوێن ئەو (ئایینە) دەکەوین کە باو باپیرانمان لەسەری بوون ﴿أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ﴾ ئەگەرچی شەیتان بانگیان بکات ﴿إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ﴾ بۆ سزای ئاگری هەڵگیرساوی دۆزەخ ﴿١١﴾ ﴿وَمَنْ يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ﴾ هەرکەسێك بەڕاستی ڕووبکاتە خوا (ملکەچی فەرمانەکانی ئەو ببێت) ﴿وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ و چاکەکار بێت (لەگوفتار و کردارێدا) ﴿فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ﴾ ئەوە بێگومان دەستی گرتووە بە بەهێزترین دەستە گیرەوە (کە یەکخواپەرستی وئایینی پیرۆزی ئیسلامە) ﴿وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ وە سەرئەنجامی هەموو کارێك تەنها بۆلای خوایە ﴿١٢﴾ ﴿وَمَنْ كَفَرَ فَلَا يَحْزُنْكَ كُفْرُهُ﴾ وە هەرکەس بێ بڕوا بوو بابێ بڕوایی یەکەی خەفەتبارت نەکات ﴿إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ﴾ گەڕانەوەیان تەنها بۆلای ئێمەیە ﴿فَنُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا﴾ ئەمجا هەواڵیان دەدەینێ بەوەی کردوویانە ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ بەڕاستی خوا بەوەی لەناو دڵەکاندایە ئاگادارە ﴿١٣﴾ ﴿نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا﴾ کەمێ ناز و نیعمەتیان پێ دەدەین (لە دونیادا) ﴿ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ لەپاشان ناچاریان دەکەین کە بڕۆنە ناو سزای سەختەوە ﴿١٤﴾ ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ بێگومان دەڵێن: خوا (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: سوپاس بۆ خوا (کەدان بەو بەڕاستی بەدا دەنێن) ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿١٥﴾ ﴿لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ مولکی خوایە ئەوەی لەئاسمانەکان و زەوی دایە ﴿إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴾ بەڕاستی هەر خوایە بێ نیازی ستایش کراو ﴿١٦﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ﴾ بێگومان ئەگەر هەرچی درەخت لەزەوی دایە قەڵەم و پێتووس بێت ﴿وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ﴾ هەموو دەریای زەوی ببێتە مرەکەب ﴿مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ﴾ حەوت دەریای تر دوای ئەوەی (باسکرا) ببێت بەمرەکەب ﴿مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ﴾ ووتە و زانراوەکانی خوا دوایی نایەن و تەواو نابن ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا زاڵی بالادەستی کار دروستە ﴿١٧﴾ ﴿مَا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ﴾ دروست کردنی هەموتان (لەسەرەتاوە) و زیندووکردنەوەتان ﴿إِلَّا كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾ وەك (دروست کردن و زیندوکردنەوەی) تەنها کەسێك وایە ﴿إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەری بینایە ﴿١٨﴾

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ﴾ ئایا نەتزانیوە کەبەڕاستی خوا شەو دەکات بەناو ڕۆژدا ﴿وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِ﴾ وە ڕۆژ دەکات بەناو شەودا ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ﴾ وە خۆرو مانگی ڕام هێناوە وخستویەتیە خزمەتیانەوە ﴿كُلٌّ يَجْرِي إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ هەر یەکەیان تا ئەوماوەیەی (بۆیان) دیاری کراوە، دەگەڕێن ودەسوڕێنەوە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە بەڕاستی خوا بەوەی دەیکەن خەبەرداڕە ﴿٢٩﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیەکە بێگومان تەنها خوا ڕاستە و حەقە ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ﴾ و بەڕاستی ئەوەی هاواری لێ دەکەن و دەیپەرستنن بێجگە لەو(خوا) بەتاڵ وناڕاستە ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ﴾ وە بێگومان هەر خوا بڵندو گەورەیە ﴿٣٠﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەتزانیوە (نەت دیوە) ﴿أَنَّ ٱلْفُلْكَ تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِنِعْمَتِ ٱللَّهِ﴾ کە کەشتیەکان بە چاکەو فەزڵی خوا دەڕۆن لەدەریادا ﴿لِيُرِيَكُم مِّنْ ءَايَٰتِهِۦٓ﴾ بۆ ئەوەی هەندێ لەنیشانەکانی خۆیتان نیشان بدات ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ﴾ چونکە بەڕاستی لەمەدا (کەباسکرا) چەند بەڵگەیەکە هەیە ﴿لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ بۆ هەموو ئارام گرێکی شوکرانە بژێر ﴿٣١﴾ ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ﴾ وە هەرکاتێ (لەدەریادا) شەپۆلێکی وەک هەورەکان دایان پۆشێ ﴿دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ (ترسی خنکان و نوقم بوونیان ببێت) هاوار لەخوا دەکەن، دڵسۆزانە هەر بۆ ئەو ملکەچ دەبن ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ﴾ ئەمجا کاتی (خوا) ڕزگاری کردن بۆ ووشکانی ﴿فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ﴾ ئەوسا هەندێکیان مام ناوەندی یە (هەندێکی تریان کافرە، وەدان نانێ بەچاکەی خوادا) ﴿وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ﴾ کەس نیشانەکانی ئێمە ئینکار ناکات جگە لە پەیمان شکێنانی ناشوکر و (سپلە) نەبێت ﴿٣٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ ئەی تادەمی خۆبپارێزن لە (تۆڵەی) پەروەردگارتان ﴿وَٱخْشَوْا۟ يَوْمًا﴾ لەو ڕۆژەش بترسن ﴿لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ﴾ هیچ باوکێ تاوانی ڕۆڵەکەی هەڵناگرێ ﴿وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا﴾ و هیچ ڕۆڵەیەکیش شتێك لە تاوانی باوکی هەڵناگرێت ﴿إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ بێگومان بەڵێنی خوا حەق و ڕاستە ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ کەواتە با ژیانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێ ﴿وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾ وە با شەیتانی فریودەر بە(بیانوی بەزەیی و لێ بوردنی)خوا نەتان خەڵەتێنێ ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ﴾ بەڕاستی تەنها لای خوایە زانیاری (کاتی هاتنی) ڕۆژی دوایی ﴿وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ﴾ وە هەر خوا باران دەبارێنێ ﴿وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلْأَرْحَامِ﴾ تەنها خوا دەزانێ بەوەی لەمندالدانی (دایکان) دایە ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا﴾ وە هیچ کەس نازانێ سبەینێ (لە داهاتوودا) چی دەکات ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌۢ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ﴾ وە هیچ کەس نازانێت لە چ شوێن و زەوی یەکدا دەمرێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا زانا و ئاگادارە ﴿٣٤﴾

سورەتی ﴿السجدة﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الٓمٓ﴾ بە (ئەلیف، لام، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی بۆزانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿تَنزِيلُ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ هێنانە خوارەوەی ئەم قورئانە هیچ گومانی تێدانیە ﴿مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ﴾ لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوەیە ﴿٢﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ﴾ ئایا (بێباوەڕەکان) دەڵێن: موحەممەد ﷺ خۆی ئەم (قورئانەی) هەڵبەستووە ﴿بَلْ هُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ (نەخێر هەڵبەستووە) بەڵکو ئەو (قورئانە) ڕاستە لەلایەن پەروەردگارتەوە (هاتووە) ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا﴾ بۆ ئەوەی بەو (قورئانە) بترسێنی خەڵکێ ﴿مَّا أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ کە لە پێش تۆ هیچ ترسێنەرێکیان بۆ نەهاتووە ﴿لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ﴾ بەڵکو ڕێنموونی وەرگرن ﴿٣﴾ ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بەدی هێناوە ﴿فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ لە شەش ڕۆژدا ﴿ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ﴾ پاشان بەرز بوویەوە بۆ سەر عەرش و قەرارى گرت (ئیمانمان پێیەتی وچۆنیەتیەکەی نازانین) ﴿مَا لَكُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍ﴾ بێجگە لەو (خوا) هیچ پشتیوان و تکا کارێکتان نیە ﴿أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ دەی بۆ بیرناکەنەوە و پەند وەرناگرن ﴿٤﴾ ﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ﴾ خوا هەموو کاروبارەکان بەڕێوە دەبات لەئاسمانەوە تا زەوی (هەتا ڕۆژی دوای) ﴿ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ﴾ لە پاشان هەموو ئەو کاروبارە بەرز دەبێتەوە بۆلای خۆی ﴿فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ لە ڕۆژێکدا (لەقیامەتدا) کەئەندازەکەی هەزار ساڵە لەو ساڵانەی ئێوە دەیژمێرن ﴿٥﴾ ﴿ذَٰلِكَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ ئەو (خوا) زانایە بە هەموو نهێنی و ئاشکرایەك ﴿الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ﴾ بە دەسەڵات و میهرەبانە ﴿٦﴾ ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ﴾ زاتێکە هەموو شتێکی بەجوانترین شێوە دروست کردووە ﴿وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ﴾ جا مرۆڤی لە سەرەتاوە لە قوڕ دروست کرد ﴿٧﴾ ﴿ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ﴾ لەپاشان نەوەی مرۆڤی لە پوختەیەك لە ئاوی بێ نرخ و قێزەون دروست کردووە ﴿٨﴾ ﴿ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ﴾ لەپاشان ڕێك و پێکی کرد (بەشێوەی ئادەمی) و فوی کرد بە بەریدا لەڕۆحێك کە خۆی دروستی کرد (دانە پاڵی ڕۆح بۆ لای خوا بۆ ڕێزو تەشریفە) ﴿وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ﴾ گوێ و چاو و دڵی پێبەخشیوون ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ بەڵام زۆر کەم سوپاسی خوا دەکەن ﴿٩﴾ ﴿وَقَالُوا أَإِذَا ضَلَلْنَا فِي الْأَرْضِ﴾ (بێ بڕواکان) دەڵێن: ئایا کاتێك (مردین و لەشمان ڕزاو) لە ناو زەویدا وون بووین ﴿أَإِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ ئایا سەر لەنوێ جارێکی تر دروست دەکرێینەوە (وزیندوو دەبینەوە) ﴿بَلْ هُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ كَافِرُونَ﴾ (وانیە) بەڵکو ئەوان باوەڕیان نیە بەخزمەت پەروەردگاریان بگەن (بۆ دادگایی قیامەت) ﴿١٠﴾ ﴿قُلْ يَتَوَفَّاكُم مَّلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ فریشتەی گیان کێشان کە گیان کێشانی ئێوەی پێ سپێراوە دەتان مرێنێ ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾ لە پاشان بۆ لای پەروەردگارتان دەگەڕێنرێنەوە ﴿١١﴾

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ ئەگەر دەبینی کاتێك (لەقیامەت دا) تاوانباران ﴿نَاكِسُوا۟ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ لەحوزوری پەروەردگاریاندا (لەخەجالەتی دا) سەریان داخستووە ﴿رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا﴾ (دەڵێن) ئەی پەروەردگاری ئێمە (ئەوەی بەڵێنت پێ دابووین) دیمان و بیستمان ﴿فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا﴾ دەی بمانگێرەرەوە (بۆ دونیاتا) کردەوەی چاك بکەین ﴿إِنَّا مُوقِنُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە دڵنیاین (لەقیامەت) ﴿١٢﴾ ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَءَاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا﴾ ئەگەر بمانویستایە ڕێنموونیمان بەهەموو کەسێ دەدا ﴿وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى﴾ بەڵام بەڵێنی من چەسپاو و جێگیر بووە ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ﴾ کە بێگومان دۆزەخ پڕدەکەم ﴿مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ لەجنۆکە و ئادەمی بەتێکڕا ﴿١٣﴾ ﴿فَذُوقُوا۟ بِمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَآ﴾ کەواتە (سزای دۆزەخ) بچەژن، چونکە گەیشتن بەم ڕۆژەتان لەبیر کرد بوو ﴿إِنَّا نَسِينَٰكُمْ﴾ بەڕاستی ئێمەش ئێوەمان لەبیر خۆمان بردەوە ﴿وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ﴾ و سزای بەردەوام بچێژن ﴿بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بەهۆی ئەوەی دەتانکرد (لەدونیادا) ﴿١٤﴾ ﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ﴾ تەنها کەسانێ باوەڕ بەئایەتەکانی ئێمە دەهێنن ﴿إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِهَا خَرُّوا۟ سُجَّدًا﴾ هەر کاتێ بەو (ئایەتانە) ئامۆژگاری بکرێن ئەکەون بە ڕووداو بەسوژدە بردنەوە ﴿وَسَبَّحُوا۟ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ﴾ و بەپاکی ستایشی پەروەردگاریان دەکەن ﴿وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩﴾ و خۆیان بەگەورە دانانێن ﴿١٥﴾ ﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ﴾ تەنیشتیان دوور ئەکەوێتەوە لەجێگای خەوتنیان (واتە: لەخەو هەڵدەسن بۆ شەو نوێژ کردن) ﴿يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ هاوار و نزاڵەپەروەردگاریان دەکەن بەترس و هیواوە ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ و لەو ڕۆزی و سامانەی پێمان داوون دەبەخشن ﴿١٦﴾ ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ﴾ ئەمجا هیچ کەس نازانێ ﴿مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشت دا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە ﴿١٧﴾ ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا﴾ دەی ئایا کەسێ ئیماندار بوویێ ﴿كَمَن كَانَ فَاسِقًا﴾ وەك کەسێکە دەرچوویێ لە ئیمان (وفاسق بووبێت) ﴿لَّا يَسْتَوُۥنَ﴾ هەرگیز چونیەك نین ﴿١٨﴾ ﴿أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ جا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿فَلَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلًۢا﴾ ئەوە بەهەشتانێکی پڕ ڕێزو خۆشیان بۆ هەیە ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ بەهۆی ئەو کردەوانەوەی کەدەیان کرد ﴿١٩﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فَسَقُوا۟﴾ وە ئەوانەی کە فاسق بوون ﴿فَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ﴾ ئەوە جێگایان ئاگرە ﴿كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَآ﴾ هەر کاتێ بیانەوێ لە دۆزەخ دەرچن ﴿أُعِيدُوا۟ فِيهَا﴾ دووبارە دەیانگێڕنەوە ناو دۆزەخ ﴿وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ و پێیان دەوترێ بچەژن سزای ئەو ئاگرەی ﴿ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾ کە ئێوە باوەڕتان پێ نەدەکرد ﴿٢٠﴾

﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ﴾ وە بەڕاستی ئێمە سزای دونیایان پێ دەچێژین ﴿دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ﴾ جگەلە سزای هەرە گەورە (ی دۆزەخ) ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ تابگەڕێنەوە (بۆ لای خوا) ﴿٢١﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ﴾ وە کێ ستەمکارترە لەو کەسەی بە ئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاری بکرێت ﴿ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ﴾ دوا ئەوە ڕوو وەرگێرێت وپشتی تێ بکات ﴿إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆڵە سێنەرین لە تاوانباران ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە تەوراتمان دا بەموسا ﴿فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ﴾ ئەمجا گومانت نەبێت (ئەی موحەممەد ﷺ) لە گەیشتنت بە موسا (یان گومانت نەبێت لە گەیشتنی تەورات بە موسا) ﴿وَجَعَلْنَٰهُ هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ وە ئێمە ئەو (تەوراتە)مان کرد بەڕێنموونیی کەری بەنو ئیسرائیل ﴿٢٣﴾ ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً﴾ وە لەناو ئەواندا پێشەوایانێکمان دانا ﴿يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا﴾ ڕێنموونیی (خەڵك) یان دەکرد بە فەرمانی ئێمە ﴿لَمَّا صَبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ﴾ کاتێ خۆیان گرت و بەئایەتەکانی ئێمە دڵنیا بوون (باوەڕی بتەویان هێنا) ﴿٢٤﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ﴾ بێگومان پەروەردگارت بڕیار دەدات لەنێوان (بەندەکانی دا) ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لەڕۆژی قیامەتدا ﴿فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەوەی ئەوان تێیدا جیاواز بوون ﴿٢٥﴾ ﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ﴾ ئایا (ڕێگای ڕاست) ڕوون نەبۆتەوە بۆیان ﴿كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ﴾ کە ئێمە پێش ئەمان زۆر گەل و نەتەوەمان لەناو بردووە ﴿يَمْشُونَ فِى مَسَٰكِنِهِمْ﴾ ئەمان (بێ باوەڕانی مەککە) بەشوێن و خانووە (وێران کراوە) کانی ئەواندا هاتوو چۆ دەکەن ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ﴾ بەڕاستی لە (تیاچوونی) ئەواندا چەند بەڵگەی گەورە هەیە ﴿أَفَلَا يَسْمَعُونَ﴾ دەی ئایا ئەوانە (ئەو ڕاستیانە) نابیستن ﴿٢٦﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟﴾ ئایا نابینن و نازانن ﴿أَنَّا نَسُوقُ ٱلْمَآءَ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلْجُرُزِ﴾ کە ئێمە ئاو دەنێرین بۆ زەوی ووشکی بێ ڕووەك ﴿فَنُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا﴾ ئەمجا بە هۆی ئەو (ئاوەوە) کشتوکاڵ و گژوگیا دەڕوێنین ﴿تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَٰمُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ﴾ کە ئاژەڵیان لێ دەلەوەڕێ و خۆشیان لێی دەخۆن ﴿أَفَلَا يُبْصِرُونَ﴾ دەی ئایا ئەوانە نابینن ﴿٢٧﴾ ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْفَتْحُ﴾ وە(بێ باوەڕانی مەککە بە موسڵمانان) دەڵێن ئەم حوکم و بڕیاردانی قیامەتە، کەی دەبێ ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن ﴿٢٨﴾ ﴿قُلْ يَوْمَ ٱلْفَتْحِ لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِيمَٰنُهُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ڕۆژی بڕیاردانی قیامەت باوەڕ هینان سوود ناگەیەنێت بەوانەی بێ باوەڕ بوون لە دونیادا ﴿وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ و مۆڵەتیشیان پێ نادرێ ﴿٢٩﴾ ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ جا (ئەی موحەممەد ﷺ) ڕوویان لێ وەرگێرە و گوێیان مەدەرێ ﴿وَٱنتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ﴾ وە تۆ چاوەڕوانی بکە بێگومان ئەوانیش چاوەڕوانن ﴿٣٠﴾

سورەتی ﴿ الأحزاب ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ (بەردەوام) لە خوا بترسە ﴿وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ﴾ بە گوێی کافران ودووڕوەکان مەکە ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ بێگومان خوا زانای کار بەجێیە ① ﴿وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ وە شوێن ئەوە بکەوە کە لە پەروەردگارتەوە وەحیت بۆ کراوە ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ بەڕاستی خوا بەوەی کەدەیکەن ئاگادارە ② ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ پشت هەر بەخوا ببەستە ﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾ وە خوا بەسە پاڕێزەر بێت ③ ﴿مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ﴾ خوا دای نەناوە بۆ هیچ پیاوێك (ئادەمییەك) ﴿مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ﴾ دوو دڵ لە ناوسنگیدا ﴿وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي﴾ وە(خوا) ئەو هاوسەرانەتانی نەکردۆتە ﴿تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ﴾ دایکتان کە (ظهار) پان لەگەڵ دەکەن (پێیان دەڵێن ئێوە وەك پشتی دایکمان وان بۆ ئێمە) ﴿وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ﴾ وەخوا بە کوڕ کراوەکانتانی نەکردۆتە کوڕتان ﴿ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ﴾ ئەوە قسەی سەر زارەکی تانە ﴿وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ﴾ خواش ووتەی ڕاست دەڵێ ﴿وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ﴾ هەر ئەویش ڕێنموونیی(خەڵك) دەکات بۆ ڕێگای ڕاست ④ ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ﴾ (ئەو بە کوڕ کراوانە) بەناوی باوکیانەوە بانگیان بکەن ﴿هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ﴾ ئەوە ڕاستترە بەلای خواوە ﴿فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ﴾ ئەمجا ئەگەر باوکیان نەناسن(تابەناویانەوە بانگیان بکەن) ﴿فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ﴾ ئەوانە برای ئاینی و دۆست و خۆشەویستانن ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ﴾ هیچ گوناهێکتان لەسەر نیی یەلەو (بانگ کردنەدا) کە بە نەزانین گوتبێتان (پێش هاتنی ئەم ئایەتە) ﴿وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ بەڵام (گوناهبار دەبن) ئەگەر بەدڵ و بەدەس ئەنقەست بیکەن ﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وە خوا لێبوردەی میهرەبانە ⑤ ﴿النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ﴾ پێغەمبەر ﷺ لە خودی بڕوادارانی بۆ خۆیان لە پێشترە ﴿وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾ خێزانەکانیشی دایکی باوەڕدارانن ﴿وَأُولُو الْأَرْحَامِ﴾ و ئەوانەی (بە نەسەب) خزمی یەکترن (ئەگەر موسڵمان بن) ﴿بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ﴾ لەقورئانی خودا بۆیەکتری لە پێشترن (میرات لە یەکتر بەرن) ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ﴾ لە ئیمانداران و کۆچەران (کە خزم نین) ﴿إِلَّا أَن تَفْعَلُوا إِلَىٰ أَوْلِيَائِكُم مَّعْرُوفًا﴾ مەگەر خۆتان چاکەیەك (بەخشین یا وەسیەتێ) بۆ دۆست و خۆشەویستانتان بکەن ﴿كَانَ ذَٰلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا﴾ ئەو بڕیارە لە قورئان (یان لە لوح المحفوظ دا) نوسراوە ⑥

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ بیریان بخەرەوە) کاتێ کە پەیمانمان وەرگرت لە پێغەمبەران ﴿وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ﴾ هەروەها لە تۆ ولەنووح ولەئیبراهیم و لەموسا ولەعیسای کوڕی مەریەم ﴿وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا﴾ وەلە هەموویان پەیمانی بەهێزو بتەومان وەرگرت ﴿٧﴾ ﴿لِّيَسْـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدْقِهِمْ﴾ بۆ ئەوەی (خوا) پرسیار لەڕاست گۆیان بکات دەربارەی ڕاستییان ﴿وَأَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ و سزای پڕ ئێش و ئازاریشی ئامادە کردووە بۆ بێ باوەڕان ﴿٨﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ بیر لەچاکە و نیعمەتی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە ﴿إِذْ جَآءَتْكُمْ جُنُودٌ﴾ کاتێ لە شکرێکی زۆرتان بۆ هات (لە جەنگی خەندەقدا) ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا﴾ ئەمجا ئێمە بایەکی بەهێزمان بۆ ناردن ﴿وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا﴾ و لەشکری (فریشتەش) کە ئێوە نەتان بینین ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا﴾ وەخوا بەوەی ئێوە دەیکەن بینایە ﴿٩﴾ ﴿إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ﴾ کاتێ (بێ باوەڕان) هێرشیان بۆ هێنان لە سەرووتانەوە و لە خوارتانەوە (چوار دەوری مەدینەیان گرت) ﴿وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ وە چاوەکان ئەبڵەق بوون ﴿وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ﴾ و دڵەکان (لە ترسا) گەیشتبوونە گەروو ﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا﴾ و گومانی جۆربەجۆرتان بە خوا دەبرد ﴿١٠﴾ ﴿هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ لەوێدا ئیمانداران تاقی کرانەوە ﴿وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا﴾ وە ڕاوەشێنران بەڕاوەشاندنێکی توند ﴿١١﴾ ﴿وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ (بیربکەنەوە) کاتێك دوو ڕووەکان وئەوانەی لە دڵیاندا نەخۆشی هەبوو ووتیان ﴿مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا﴾ خوا پێغەمبەرەکەی بێجگە لە تەفرەدان هیچ بەڵێنێکیان پێ نەدایین ﴿١٢﴾ ﴿وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ﴾ وە کاتێ دەستەیە لەو (دووڕووانە) ووتیان: ﴿يَٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُوا۟﴾ ئەی دانیشتوانی مەدینە ئێرە جێی مانەوەتان نی یە دەی بگەڕێنەوە ﴿وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ﴾ وە کۆمەڵێ تر لەوان مۆڵەتی گەڕانەوە لەپێغەمبەر ﷺ دەخوازن ﴿يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ﴾ دەیان ووت: خانووەکانمان بێ پارێزەر و ڕووت و کەلێناویە ﴿وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ﴾ لەکاتێکدا واش نەبوو (کەدەیان ووت) ﴿إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا﴾ ئەوان تەنها مەبەستیان هەڵهاتن بوو (لەجیهادکردن) ﴿١٣﴾ ﴿وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا﴾ وە ئەگەر هێرش بهێنرایەتە سەریان لە هەموو لایەکی (مەدینە)وە ﴿ثُمَّ سُئِلُوا۟ ٱلْفِتْنَةَ لَـَٔاتَوْهَا﴾ ئەمجا داوای کافربوون و جەنگ کردنیان لێ بکرایە (دژ بەتۆ ئەی موحەممەد ﷺ) داواکەیان بەجێ دەهێنا (و بەگوێیان دەکردن) ﴿وَمَا تَلَبَّثُوا۟ بِهَآ إِلَّا يَسِيرًا﴾ وە ئەم داوایان دوانەدەخست ماوەیەکی کەم نەبێت ﴿١٤﴾ ﴿وَلَقَدْ كَانُوا۟ عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ مِن قَبْلُ﴾ بێگومان ئەوانە لەپێش ئەم (ڕوداوە) پەیمانیان بە خوا دابوو ﴿لَا يُوَلُّونَ ٱلْأَدْبَٰرَ﴾ کە (لە غەزادا) پشت هەڵناکەن و ڕاناکەن ﴿وَكَانَ عَهْدُ ٱللَّهِ مَسْـُٔولًا﴾ وە پەیمانێ درا بە خوا (خاوەنەکەی) لێبڕسراو دەبێ ﴿١٥﴾

﴿قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلْفِرَارُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ بەدووڕووەکان) بڵێ هەڵهاتن سوودتان پێ ناگەیەنێ ﴿إِن فَرَرْتُم مِّنَ ٱلْمَوْتِ أَوِ ٱلْقَتْلِ﴾ ئەگەر لەمردن یاکوشتن هەڵبێن (خۆتان بدزنەوە) ﴿وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ جا لەوکاتەدا بەهرەو خۆشی ژیانتان پێ نادرێ ماوەیەکی کەم نەبێ ﴿١٦﴾ ﴿قُلْ مَن ذَا ٱلَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ ٱللَّهِ﴾ بڵێ کێیە ئەو کەسەی ئێوە لەخوا دەپارێزێ؟ ﴿إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوٓءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً﴾ ئەگەر خوا زیان و خراپە یان بەزەیی و ڕەحمەتی بۆ ئێوە بوێت ﴿وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێجگە لەخوا بۆ ئەوان نییە ﴿وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ هیچ پشتیوان و یارمەتی دەرێك ﴿١٧﴾ ﴿قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ﴾ بێگومان خوا دەزانێ بەو کەسانەتان کەئاستەنگ دروست دەکات لەڕێگەی (موسڵمانان بۆجیهاد کردن) ﴿وَٱلْقَآئِلِينَ لِإِخْوَٰنِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا﴾ کە بەبرادەرەکانیان دەڵێن: وەرن بۆلای ئێمە (وخۆیان دەدزییەوە لەجیهاد) ﴿وَلَا يَأْتُونَ ٱلْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ ئەوانە نایەن بۆ جەنگ و غەزا زۆر بەکەمی نەبێت ﴿١٨﴾ ﴿أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ﴾ لەئاستی ئێوەدا (ئەی موسڵمانان ئەوانە) چرووکن ﴿فَإِذَا جَآءَ ٱلْخَوْفُ﴾ ئەمجا کاتێك (بەهۆی جەنگەوە) ترس و بیم پەیدا بێت ﴿رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ﴾ دەیان بینی بەجۆرێ سەیرت دەکەن (لەترسی جەنگ) ﴿تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ﴾ چاویان بەم لاولادا دەسوڕێ ﴿كَٱلَّذِي يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ﴾ بەوێنەی کەسێك لەسەرە مەرگدا بێهۆشی بەسەردا بێت ﴿فَإِذَا ذَهَبَ ٱلْخَوْفُ﴾ بەڵام کاتێ ترسەکە ڕۆشت وئەما ﴿سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ﴾ بەزمانی تیژ زمانتان لێ دەڕێژ دەکەن (وەداوای غەنیمەتتان لێ دەکەن) ﴿أَشِحَّةً عَلَى ٱلْخَيْرِ﴾ کەچی چرووك و ڕژدن لەسەرمالّ وغەنیمەت ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا۟﴾ ئائەوانە باوەڕیان نەهێنا بوو ﴿فَأَحْبَطَ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ﴾ بۆیە خوا کردەوەیانی پوچەڵ کردنەوە ﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا﴾ وەئەمە بەلای خواوە (کارێکی) ئاسانە ﴿١٩﴾ ﴿يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا۟﴾ وایان دەزانی کۆمەڵەکان (لەشکریان هێنابوو) نەڕۆشتوون ﴿وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ﴾ وە ئەگەر ئەو کۆمەڵانە بگەڕێنەوە (بۆسەر مەدینە) ﴿يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِى ٱلْأَعْرَابِ﴾ ئاواتیان دەخواست کە لەناو (مەدینە) عەرەبە دەشتەکییەکان بەدوور بوونایە (لەترسی جەنگ) ﴿يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ﴾ لەدوورەوە پرسیاریان لەهەواڵی ئێوە بکردایە ﴿وَلَوْ كَانُوا۟ فِيكُم﴾ وە ئەگەر لەناو ئێوەدا بوونایە ﴿مَّا قَٰتَلُوٓا۟ إِلَّا قَلِيلًا﴾ جەنگیان نەدەکرد زۆر بەکەمی نەبێ ﴿٢٠﴾ ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادا ﷺ بۆ ئێوە هەیە ﴿أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ سەرمەشقی وپێشەوایەتی چاك ﴿لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ﴾ بۆ کەسێك بەهیوای خواو (پاداشتی) ڕۆژی دوایی یە ﴿وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾ وە زۆر یادی خوا دەکات ﴿٢١﴾ ﴿وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ﴾ وەکاتێ ئیمانداران ئەو کۆمەڵانەیان دی (لەشکریان هێنا بوو بۆ سەر مەدینە) ﴿قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ ووتیان ئەمە ئەو بەڵێنەیە خوا و پێغەمبەرەکەی بە ئێمەیان دابوو ﴿وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ﴾ خوا و پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرموو ﴿وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا﴾ (هاتنی ئەو هەموو هێزەی کوفر) باوەڕداران تەنها ئیمان و ملکەچیان پێی زیادی کرد ﴿٢٢﴾

﴿مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ﴾ لەناو باوەڕداران دا پیاوانێك هەن ﴿صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ﴾ ڕاستیان کرد لەگەڵ ئەو پەیمانەی کە دابویان بەخوا ﴿فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ﴾ ئەمجا هەندێکیان نەزر و بەڵێنی خۆی بەجێ هێناو (شەهید بوو) ﴿وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ﴾ هەندێکیشیان چاوەڕوانن (وهێشتا لەژیاندان) ﴿وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا﴾ هیچ گۆڕانێکیان (لەبەڵێنی خۆیان دا) نەکردووە ﴿٢٣﴾ ﴿لِّيَجْزِىَ ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدْقِهِمْ﴾ بۆ ئەوەی (خوا) پاداشتی ڕاست گۆیان بداتەوە بەهۆی ڕاستی یەکەیانەوە ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ إِن شَآءَ﴾ وە سزای دوو ڕووەکان بدات ئەگەر بیەوێت ﴿أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ﴾ یان تەوبەیان لێ گیرا کات ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ بێگومان خوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿٢٤﴾ ﴿وَرَدَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِغَيْظِهِمْ﴾ وە خوا کافرەکانی (قورەیش کە لەشکریان هێنابوو بۆ سەر مەدینە) گەڕاندەوە بەڕق و مەراقەوە (بۆ ولاتی خۆیان) ﴿لَمْ يَنَالُوا۟ خَيْرًا﴾ هیچ خێر و ئاواتێکیان (لەناوبردنی ئیمانداران) دەست نەکەوت ﴿وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلْقِتَالَ﴾ خوا ئیمان دارانی لەجەنگ پاراست (بەهۆی بای توند و فریشتەوە کافرانی پرژو بلاوکرد) ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ وەخوا هەمیشە بەهێزی بەدەسەڵاتە ﴿٢٥﴾ ﴿وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ (بەنی قورەیزە) کەپشتگیری ئەوان (قورەیش و غەطفان)یان کرد خوای گەورە هێنانیە خوارەوە ﴿مِن صَيَاصِيهِمْ﴾ لەقەڵاکانیان ﴿وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ﴾ وە ترسی خستە ناو دڵیانەوە ﴿فَرِيقًا تَقْتُلُونَ﴾ کۆمەڵێکیان دەکوژن ﴿وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا﴾ وە کۆمەڵێکی تریان بەدیل دەگرن ﴿٢٦﴾ ﴿وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَٰرَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُمْ﴾ (دوای تیاچوونی ئەوان خوا) زەوی و خانوو سامانی ئەوانی دا بەئێوە ﴿وَأَرْضًا لَّمْ تَطَـُٔوهَا﴾ هەروەها زەوی یەکیش کەپێتان پێنەنابوو ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا﴾ وەخوا بەسەر هەموو شێکدا بەتوانایە ﴿٢٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ بەخێزانەکانت بڵێ ﴿إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا﴾ ئەگەر ئێوە ژیانی دونیا و ڕازاوەی ئەوتان دەوێ ﴿فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ﴾ دەی هەمووتان وەرن موتعەتان پێ بدەم (موتعە پارە و شتومەکێکە دەدرێتە ئافرەتی تەڵاق دراو) ﴿وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ وە تەڵاقتان بدەم بە تەڵاق دانێکی چاك و بێ زیان ﴿٢٨﴾ ﴿وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ﴾ وە ئەگەر ئێوە خواو پێغەمبەرەکەی و پاداشتی ڕۆژی دوایی تان دەوێ ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَٰتِ مِنكُنَّ﴾ ئەوە بێگومان خوا ئامادەی کردووە بۆ چاکەکاران لەئێوە ﴿أَجْرًا عَظِيمًا﴾ پاداشتێکی گەورە ﴿٢٩﴾ ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ﴾ ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ﴿مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ﴾ هەر کام لە ئێوە گوناهێکی گەورە بکات ﴿يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ﴾ سزای بۆ دوو بەرابەر دەکرێتەوە بەدوو قاتی (خەڵکی تر) ﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا﴾ وەئەم کارەش بۆ خوا ئاسانە ﴿٣٠﴾

﴿وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ (ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ) هەر کام لەئێوە لەسەر گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بەردەوام بێت ﴿وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا﴾ وە کردەوەی چاکیش بکات ﴿نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ﴾ دووجار پاداشتی پێ دەدەین ﴿وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا﴾ وە ڕۆزییەکی چاک و خۆشمان بۆ ئامادە کردووە (لەبەهەشت دا) ﴿٣١﴾ ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ﴾ ئەی ژنانی پێغەمبەر ﷺ ﴿لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ ئێوە وەک هیچ یەک لەئافرەتانی دیکە نین ﴿إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ﴾ ئەگەر خۆتان بپارێزن و لەخوا بترسن ﴿فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ﴾ کەواتە بەخەمزەو نازەوە قسە مەکەن (وەک ئافرەتانی ڕەوشت نزم) ﴿فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ﴾ نەوەکو ئەوەی کەدڵی نەخۆشە (دەرون نزمە) نیازی خراپ بکات ﴿وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ (کەواتە) قسەی چاک و بەجێ بکەن ﴿٣٢﴾ ﴿وَقَرْنَ فِى بُيُوتِكُنَّ﴾ وە لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوە ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ﴾ وە زینەت و جوانی خۆتان دەرمەخەن (لەناو خەڵکی نامەحرەمدا) وەکو خۆدەرخستنی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی یەکەم (پێش ئیسلام) ﴿وَأَقِمْنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ نوێژ بکەن و زەکات بدەن ﴿وَأَطِعْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ وە گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی خوا دەیەوێت ﴿لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ﴾ ئەی ئال و بەیتی (پێغەمبەر ﷺ) هەر جۆرە پیسی و گوناهێک لەئێوە دووربخاتەوە ﴿وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ و پاک و خاوێنتان بکاتەوە بەتەواوی ﴿٣٣﴾ ﴿وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ﴾ وە بیربکەنەوە لەوەی دەخوێنرێت لەماڵەکانتاندا ﴿مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ﴾ لەئایەتەکانی خواو دانایی (فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾ بەڕاستی خوا ووردبینی ئاگادارە ﴿٣٤﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ﴾ بەڕاستی پیاوەموسڵمانەکان وئافرەتە موسڵمانەکان ﴿وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ وە پیاوە باوەڕدارەکان و ئافرەتە باوەڕدارەکان ﴿وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ﴾ و پیاوانی هەمیشە گوێرایەڵ و ئافرەتانی هەمیشە گوێرایەڵ ﴿وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ﴾ و پیاوە ڕاست گۆکان و ئافرەتە ڕاست گۆکان ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ﴾ و پیاوان و ئافرەتانی خۆگر و بەئارام ﴿وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ﴾ وە پیاوانی لەخوا ترس و ژنانی لەخوا ترس ﴿وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ﴾ و پیاوان و ئافرەتانی بەخشندە ﴿وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ﴾ و پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژوەوان ﴿وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ﴾ پیاوان و ئافرەتانی داوێن پاک ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ﴾ پیاوانێ کە زۆر یادی خوا دەکەن و ئافرەتانێ کەزۆر یادی خوا دەکەن ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم﴾ خوا ئامادەی کردووە بۆ هەموویان ﴿مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ لێخۆشبوون و پاداشتی گەورە ﴿٣٥﴾

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ﴾ بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێکی باوەڕدار نییە ﴿إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا﴾ کاتێ خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیان دا ﴿أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾ (بۆیان نی یە) کەسەرپشک بن لەکارەکەیاندا ﴿وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ وە هەر کەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ﴿فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾ ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕابوونێکی ئاشکرا ﴿٣٦﴾ ﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ﴾ (بیربکەرەوە) کاتێك دەتووت بەکەسێك (زەیدی کوڕی حاریثە) کەخوا نیعمەتی بەسەردا ڕشتبوو، تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو (بەئازاد کردنی و پەروەردەکردنی) ﴿أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ﴾ خێزانت (زەینەب) لای خۆت ڕاگرەو بیهێڵەوە ﴿وَاتَّقِ اللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسە ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ﴾ لەدڵی خۆتدا شتێك دەشاریتەوە کەخوا ئاشکرای دەکات ﴿وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ﴾ وە لە(قسەی) خەڵك دەترسی لەکاتێکدا خوا شیاوترە کەلێی بترسی ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا﴾ ئەمجا کاتێ زەید پێویستی بە (زەینەب)نەما و تەڵاقیدا ﴿زَوَّجْنَاكَهَا﴾ ئێمە (زەینەب)مان لێ ماڕەکردیت ﴿لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ﴾ بۆ ئەوەی هیچ ناڕەحەتی (وتاوانێ) نەبێت لەسەر ئیمانداران ﴿فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ﴾ لە(ماڕەکردنی) ژنانی بەکوڕ کراوەکانیاندا ﴿إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا﴾ کاتێ پێویستیان پێیان نەماو تەڵاقیان دان ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴾ وە فەرمانی خوا (بەماڕەکردنی زەینەب بۆت) دراوە و بڕاوەیە ﴿٣٧﴾ ﴿مَّا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ﴾ هیچ ناڕەحەتی (تاوان) یەك لەسەر پێغەمبەر ﷺ نیە ﴿فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ﴾ لە(ماڕەکردنی زەینەب) کەخوا بڕیاری داوەبۆی ﴿سُنَّةَ اللَّهِ﴾ باوو سونەت ورێگای (دانراوی) خوایە ﴿فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ﴾ لە ناو پێغەمبەرانی لەمەوپێشدا ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا﴾ وە فەرمانی خواش بڕیارێکی بڕاوەیە (وەدێت جێ بەجێ بکرێت) ﴿٣٨﴾ ﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ﴾ کەسانێ کەپەیامەکانی خوا ڕادەگەیەنن ﴿وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ﴾ وە لە(خوا) دەترسن وبێجگە لەخوا لەکەسی تر ناترسن ﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ حَسِيبًا﴾ خوا بەسە کە چاودێر ولێپرسەرەوە بێت ﴿٣٩﴾ ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ﴾ موحەممەد ﷺ باوکی هیچ یەك لەپیاوەکانتان نیە (نەزەیدی کوڕی حاریثە و نەهیچ کەسێك تر) ﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ﴾ بەڵکو ئەو نێردراوی خواو کۆتا هەمینی پێغەمبەرانە ﴿وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ وە خوا بەهەموو شتێك زانایە ﴿٤٠﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا﴾ زۆر یادی خوا بکەن ﴿٤١﴾ ﴿وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ بەپاکی یادی خوا بکەن بەبەیانیان و ئێوارانیدا ﴿٤٢﴾ ﴿هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ﴾ ئەو زاتێکە بەزەیی خۆی دەڕژێنێ بەسەرتاندا ﴿وَمَلَائِكَتُهُ﴾ و فریشتەکانی داوای لێبوردنتان بۆ دەکەن ﴿لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ بەو هۆیەوە (خوا) لەتاریکی بەکانەوە دەرتان دێنێ بەرەو نوور وڕووناکی (ئیمان و ئیسلام) ﴿وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا﴾ وە خوا بە بەزەییە بەئیمانداران ﴿٤٣﴾

﴿تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَٰمٌ﴾ ڕۆژێنك باوەڕداران دەگەنە خزمەت ئەو (خوا) بەخێرهاتنیان بە(ووشەی) سەلامە ﴿وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا﴾ وە خوا پاداشتی چاکی بۆ ئامادە کردوون ﴿٤٤﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ بێگومان ئێمە تۆمان ناردووە (بۆ خەڵکی) ﴿شَٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا﴾ بەشایەت و مژدە دەرو ترسێنەر ﴿٤٥﴾ ﴿وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ﴾ و بەبانگخواز بۆ (ڕێگەی) خوا بەفەرمانی ئەو ﴿وَسِرَاجًا مُّنِيرًا﴾ و چرایەکی ڕووناك کەرەوە ﴿٤٦﴾ ﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم﴾ وە مژدە بدە بەئیمانداران کەبێگومان بۆ ئەوان هەیە ﴿مِّنَ ٱللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا﴾ بەهرەو بەخششێکی گەورە لەلایەن خواوە ﴿٤٧﴾ ﴿وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ گوێرایەڵی کافران و دوو ڕووان مەکە ﴿وَدَعْ أَذَىٰهُمْ﴾ گوێ مەدە بەئازار دانی ئەوان (بۆ تۆ) ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ وپشت هەر بەخوا ببەستە ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا﴾ وە خوا بەسە کەپشتیوان بێت ﴿٤٨﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿إِذَا نَكَحْتُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ کاتێ ئافرەتانی ئیماندارتان ماڕە کرد ﴿ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ﴾ لەپاشان لەپێش ئەوەی بچنە لایان تەڵاقتان دان ﴿فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ ئەوە لەسەریان نییە بۆ ئێوە هیچ عیددەیەك هەڵبژێرن ﴿فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ﴾ کەواتە موتعەیان (بۆشاك و نوێن بۆ دڵخۆشییان) بدەنێ و تەڵاقیان بدەن ﴿سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ بە تەڵاقدانێکی جوان و ڕێك وپێك ﴿٤٩﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحْلَلْنَا لَكَ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ بێگومان ئێمە حەڵاڵمان کرد بۆ تۆ ﴿أَزْوَٰجَكَ ٱلَّٰتِىٓ ءَاتَيْتَ أُجُورَهُنَّ﴾ ئەو هاوسەرانەت کەمارەییت پێ داوون ﴿وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ﴾ هەروەها ئەو کەنیزەکانەی کەخوا دەستی تۆی خستن(بەهۆی زاڵ بوونت بەسەر کافراندا) ﴿وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ﴾ و (بۆمان حەڵاڵ کردویت) کچانی مامت و کچانی پورت (خوشکی باوکت) ﴿وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ﴾ و کچانی خاڵت و کچانی پورت (خوشکی دایکت) ﴿ٱلَّٰتِى هَاجَرْنَ مَعَكَ﴾ ئەوانەی کەکۆچیان کرد لەگەڵت ﴿وَٱمْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِىِّ﴾ هەروەها ئافرەتێکی ئیماندار ئەگەر خۆی ببەخشێ بەپێغەمبەر (بەبێ ماڕەیی) ﴿إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِىُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا﴾ ئەگەر پێغەمبەر ﷺ وویستی ماڕەی بکات ﴿خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ (ئەمەیان) تەنیا بۆ تۆ دروستە بەجیا لەئیمانداراتی تر ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ﴾ بەڕاستی ئێمە دەزانین چیمان پێویست کردووە لەسەر ئیمانداران ﴿فِىٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ﴾ دەربارەی هاوسەرکانیان و کەنیزەکانیان ﴿لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ﴾ لەبەر ئەوەی هیچ لەلات زەحمەت و گران نەبێ (کەشتانێکت بەجیا لە موسڵمانان بۆ دروستە) ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وە خوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿٥٠﴾

﴿تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) سەرەی) هەریەکێك لەخێزانەکانت وویست دوای بخە ﴿وَتُؤْوِيٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُ﴾ و هەر یەکێ لەوانت وویست (پێشی بخەو) بیهێنە بۆ لای خۆت ﴿وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ﴾ وەهەر کامت بوێت (بێتە لات) لەوانەی بەرکەنارت کردوون لەوەوپێش ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ﴾ هیچ گوناهێکت لەسەر نییە ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ﴾ ئەو (سەرپشك کردنە) نزیکترە کەچاوو دڵیانی پێ گەش بێتەوە ﴿وَلَا يَحْزَنَّ﴾ و خەفەت نەخۆن ﴿وَيَرْضَيْنَ بِمَآ ءَاتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ﴾ و هەموویان ڕازی بن بەوەی کەپێت داوون ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِى قُلُوبِكُمْ﴾ وە خوا دەزانێ بەوەی کە لەدڵتاندایە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا﴾ وە خوا زانای لەسەر خۆیە ﴿٥١﴾ ﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعْدُ﴾ دوای ئەمانە (کە هاوسەرتن) هیچ ئافرەتێکت بۆ حەلاڵ نییە ﴿وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَٰجٍ﴾ و ناشتوانی بیان گۆڕی بەهاوسەرانی تر ﴿وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ﴾ هەرچەندە بە جوانیان سەرسام بیت (ڕێك و پێکیان سەرنجت ڕابکێشێ) ﴿إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ﴾ مەگەر وەك کەنیزەك بیێتە خاوەنی ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ رَّقِيبًا﴾ وەخوا بەسەر هەموو شتێکدا چاودێرە ﴿٥٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتَ ٱلنَّبِىِّ﴾ مەچنە ژوورەوە بۆ ماڵەکانی پێغەمبەر ﷺ ﴿إِلَّآ أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ﴾ مەگەر ڕێگەتان پێ بدرێ بۆ نان خواردنێك ﴿غَيْرَ نَٰظِرِينَ إِنىٰهُ﴾ بێ ئەوەی چاوەڕوانی پێگەیشتنی بکەن ﴿وَلَٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَٱدْخُلُوا۟﴾ بەڵام ئەگەر بانگ کران (بۆنان خواردن) ئەوسا بڕۆنە ژوورەوە ﴿فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُوا۟﴾ ئەمجا ئەگەر خواردنەکەتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن ﴿وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍ﴾ وەمەمێننەوە بۆ قسە کردن ﴿إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِى ٱلنَّبِىَّ﴾ چونکە بەڕاستی ئەو (مانەوەتان) ئازاری پێغەمبەر (ﷺ) دەدات ﴿فَيَسْتَحْىِۦ مِنكُمْ﴾ ئەویش شەرم دەکات لێتان (کە بێ دەنگە) ﴿وَٱللَّهُ لَا يَسْتَحْىِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ﴾ بەڵام خوا لە(ووتنی) هەق شەرم ناکات ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا﴾ وە هەر کاتێ داوای شتێکی ناومانڵتان کرد لە (هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ) ﴿فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ ئەوە لەپشتی پەردەوە لێیان داواکەن ﴿ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ﴾ ئەو (شێوە داوا کردنە)تان خاوێنتر تر بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا۟ رَسُولَ ٱللَّهِ﴾ بە هیچ شێوەیەبۆ ئێوە دروست نی یە ئازاری (دڵی) پێغەمبەری خوا بدەن ﴿وَلَآ أَن تَنكِحُوٓا۟ أَزْوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦٓ أَبَدًا﴾ وە هەرگیز نابێ خێزانەکانی پاش خۆی مارە بکەن ﴿إِنَّ ذَٰلِكُمْ﴾ بەڕاستی ئەو (ئازاردانی دڵ و مارە کردنە)تان ﴿كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا﴾ بەلای خواوە (گوناهێکی) زۆر گەورەیە ﴿٥٣﴾ ﴿إِن تُبْدُوا۟ شَيْـًٔا﴾ ئەگەر هەر شتێك ئاشکرا بکەن (بیڵێن) ﴿أَوْ تُخْفُوهُ﴾ یا بیشارنەوە (لە دڵتاندا) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا﴾ ئەوە بەڕاستی خوا زانایە بەهەموو شتێك ﴿٥٤﴾

﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ﴾ (هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ) هیچ گوناهێکیان لەسەر نییە ﴿فِي آبَائِهِنَّ وَلَا أَبْنَائِهِنَّ وَلَا إِخْوَانِهِنَّ﴾ (ئەگەر بێ حیجاب بن) لای باوکیان و کوڕانیان و برکانیان ﴿وَلَا أَبْنَاءِ إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ أَخَوَاتِهِنَّ﴾ وبرازاکانیان وخوشکەزاکانیان ﴿وَلَا نِسَائِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ﴾ ولای ئافرەتانی هاودینیان ولای غولام وکەنیزانی خۆیان ﴿وَاتَّقِينَ اللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا﴾ بەڕاستی خوا چاودێرو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٥٥﴾ ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ﴾ بەڕاستی خوا وفریشتەکانی سەلاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر ﷺ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ ئێوەش سەلاوات و سەلامی زۆری لەسەر بدەن ﴿٥٦﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ بەڕاستی کەسانێ کەئازاری خواو پێغەمبەرەکەی دەدەن ﴿لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ خوا نەفرینی لێ کردوون لەدونیا و لەدواڕۆژدا ﴿وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا﴾ وە سزای ڕیسواکەری بۆ ئامادەکردون ﴿٥٧﴾ ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ وە کەسانێ کەئازاری پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار ئەدەن ﴿بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا﴾ بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت ﴿فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ ئەوە بەڕاستی ئەوانە بوهتان و تاوانێکی ئاشکرایان گرتوتە ئەستۆ ﴿٥٨﴾ ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ﴾ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ بە هاوسەرانت ﴿وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وبەکچانت و بە ئافرەتانی بڕوادارانت ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾ با عابا وباڵاپۆشەکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا (خۆیان و جوانیانی پێ دابۆشن) ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ﴾ ئەوە نزیکترە بناسرێن (بەداوێن پاك) ﴿فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ تا بەهۆیەوە ئازار نەدرێن ﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وە خوا لێخۆشبووی میهرەبانە ﴿٥٩﴾ ﴿لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ﴾ بەڕاستی ئەگەر کۆتایی نەهێنن دوو ڕووان ﴿وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ وە کەسانێك لەدڵیاندا نەخۆشی هەیە ﴿وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ﴾ و پڕوپاگەندەچییەکان لەمەدینەدا ﴿لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ﴾ ئێمە تۆ هان دەدەین (بەجەنگ کردن) لەدژیان ﴿ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا﴾ پاشان ماوەیەکی کەم نەبێ (لەمەدینەدا) دراوسێت نابن (دەردەکرێن) ﴿٦٠﴾ ﴿مَّلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا﴾ (ئەوانە) نەفرین لێکراون لەهەر کوێ بەر دەستت کەوتن ﴿أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلًا﴾ بەدیل دەگیرێن و بەکوشتن دەکوژرێن ﴿٦١﴾ ﴿سُنَّةَ اللَّهِ﴾ خوا (ئەوەی کردووە) بەسوننەت و یاسا ﴿فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ﴾ لەناو کەسانێك کەپێشتر بوون ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ هەرگیز باوو سوننەتی خوا گۆڕانی بۆ نییە ﴿٦٢﴾

﴿يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) خەڵك پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی (بەرپابوونی) ڕۆژی دوایی ﴿قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ بڵێ زانینی (بەرپا بوونی) ئەو ڕۆژە تەنها لای خوایە ﴿وَمَا يُدْرِيكَ﴾ تۆ چۆزانیت ﴿لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا﴾ لەوانەیە ڕۆژی دوایی نزیك بێت (بەڵام خەڵك نازانن) ﴿٦٣﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾ بەڕاستی خوا نەفرینی لە بێ باوەڕان كردووە ﴿وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا﴾ و ئاگری هەڵگیرساوی بۆ ئاماده كردوون ﴿٦٤﴾ ﴿خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾ بەهەمیشەیی تێیدا دەمێنەوە ﴿لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ هیچ پشتیوان و یاری دەدەرێكیان نیە ﴿٦٥﴾ ﴿يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ﴾ ڕۆژێ كەدەم وچاویان لەئاگری دۆزەخدا ئەم دیوو ئەو دیو دەكرێت ﴿يَقُولُونَ يَـٰلَيْتَنَآ﴾ دەڵێن: خۆزگە وكاشكای ﴿أَطَعْنَا ٱللَّهَ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا﴾ گوێرایەڵی خواو گوێرایەڵی پێغەمبەرمان بكردایە ﴿٦٦﴾ ﴿وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ﴾ وەدەڵێ: ئەی پەروەردگارمان ﴿إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا﴾ بەڕاستی ئێمەبە گوێی سەران و گەورەكانمان كرد ﴿فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا﴾ ئیتر لەڕێگای ڕاست گومڕایان كردین ﴿٦٧﴾ ﴿رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ﴾ ئەی پەروەردگارمان دوو بەرابەر سزایان بدە ﴿وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ و بەر نەفرینی گەورەی خۆتیان بخەیت ﴿٦٨﴾ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوْا۟ مُوسَىٰ﴾ وەك ئەو كەسانە مەبن كە موسایان ئازاردا (تۆمەتیان بۆ كرد) ﴿فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟﴾ جا خوا موسای پاك كردەوە لەوەی دەیان ووت ﴿وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا﴾ (موسا) لای خوا ڕێزو پلە وپایەی هەبوو ﴿٦٩﴾ ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ لەخوا بترسن و پارێزكار بن ﴿وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا﴾ وقسەی ڕاست و دروست بكەن ﴿٧٠﴾ ﴿يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ﴾ كردەوەكانتان چاك دەكات ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾ ولەتاوانەكانتان خۆش دەبێ ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ و هەر كەس گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بكات ﴿فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ ئەوە بەڕاستی سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێناوە ﴿٧١﴾ ﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ﴾ بێگومان ئێمە سپاردەمان نیشانی ﴿عَلَى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ﴾ ئاسمانەكان و زەوی و چیاكان دا(هەڵگرتنی ئەمانەتی دینداریمان پێشنیار كرد بۆیان) ﴿فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا﴾ بەڵام هیچیان ڕازی نەبوون كەهەڵیگرن و ترسان لەو (ئەمانەتە) ﴿وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَـٰنُ﴾ كەچی ئادەمی ئەو(سپاردەی) هەڵگرت ﴿إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا﴾ بەڕاستی ئەو (ئادەمی) زۆر ستەمكار و نەزانە ﴿٧٢﴾ ﴿لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱلْمُنَـٰفِقَـٰتِ﴾ بۆ ئەوەی خوا سزای پیاوان و ئافرەتانی دوو ڕوو بدات ﴿وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَـٰتِ﴾ وە (سزای) پیاوان و ئافرەتانی هاوەڵ دانەریش(بدات) ﴿وَيَتُوبَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ﴾ وە لە پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار تەوبە وەرگرێت ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وەخوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿٧٣﴾

سورەتی ﴿ سَبَإٍ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي﴾ هەموو سوپاس و ستایش بۆ خوایە ﴿لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ کەهەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە تەنیا مولکی ئەوە ﴿وَلَهُ الْحَمْدُ فِي الْآخِرَةِ﴾ وە لە دوارۆژیشدا ستایش هەر بۆ ئەوە ﴿وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ﴾ وە ئەو (خوا) دروست کاری ووردبینە ① ﴿يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ﴾ (خوا) دەزانێ چی دەچێ بەناو زەویدا ﴿وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا﴾ و چی لێ دەردەچێ ﴿وَمَا يَنزِلُ مِنَ السَّمَاءِ﴾ وە چی دێتە خوارەوە لەئاسمان ﴿وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا﴾ و چی بۆ سەر دەکەوێ ﴿وَهُوَ الرَّحِيمُ الْغَفُورُ﴾ وە خوا میهرەبانی لێبوردەیە ② ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێ باوەڕان ووتیان: ﴿لَا تَأْتِينَا السَّاعَةُ﴾ ڕۆژی دواییمان (بەسەردا) نایەت ﴿قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ (وانیە) سوێند بەپەروەردگارم ئەو (قیامەتە)تان بۆ دێ ﴿عَالِمِ الْغَيْبِ﴾ (خوا) زانای هەموو پەنهانەکانە ﴿لَا يَعْزُبُ عَنْهُ﴾ لەخوا گوم نابێ ﴿مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ﴾ قورسایی گەردیلەیەك لەئاسمانەکان وزەویدا ﴿وَلَا أَصْغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرُ﴾ وە بچوکترو گەورەتر لەوە نییە ﴿إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾ ئیللا لەکتێبێکی ئاشکراو ڕوونداید ③ ﴿لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ بۆ ئەوەی پاداشتی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە بداتەوە ﴿أُولَٰئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ﴾ بۆ ئەوانە هەیە لێبوردنی (پەروەردگار) ﴿وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ و پاداشت و ڕۆزی یەکی چاك ④ ﴿وَالَّذِينَ سَعَوْ فِي آيَاتِنَا﴾ وە کەسانێك کەهەوڵ دەدەن باوەڕ بەنیشانەکانی ئێمە نەکرێ ﴿مُعَاجِزِينَ﴾ دەستە پاچەن وهیچیان پێ ناکرێت ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ﴾ بۆ ئەوانەیە سزای زۆر خراپ وسەخت ⑤ ﴿وَيَرَى الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ﴾ ئەوانە زانیاریان پێ دراوە دەزانن ﴿الَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت هاتووە ﴿هُوَ الْحَقَّ﴾ تەنها ئەوە ڕاستە ﴿وَيَهْدِي إِلَىٰ صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ﴾ و ڕێنموونی (خەڵك) دەکات بۆ ڕێگای خوای زاڵی ستایش کراو ⑥ ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەیانووت ﴿هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ﴾ ئایا پیاوێکتان نیشان بدەین ﴿يُنَبِّئُكُمْ إِذَا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ﴾ کە هەوالتان پێ دەدات کاتێك(مردن و) بە تەواوی ڕزین و پارە پارە بوون ﴿إِنَّكُمْ لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ بەڕاستی ئێوە سەر لەنوێ دروست دەکرێنەوە ⑦

﴿أَفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ ئایا ئەو (پێغەمبەر ﷺ) بەدەم خواوە درۆ دەکات ﴿أَم بِهِۦ جِنَّةٌۢ﴾ یا شێتە ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو ئەوانەی بێ باوەڕن بەدوا ڕۆژ ﴿فِى ٱلْعَذَابِ وَٱلضَّلَٰلِ ٱلْبَعِيدِ﴾ لەناو سزاو گومڕاییەکی دوور (لەڕاستی)دان ﴿٨﴾ ﴿أَفَلَمْ يَرَوْا﴾ دەی ئایا سەرنج نادەن ﴿إِلَىٰ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی لەبەردەم و لەپشتیانەوەیە ﴿مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ لەئاسمان و زەویدا ﴿إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ ٱلْأَرْضَ﴾ ئەگەر بمانەوێ دەیان بەین بەناخی زەویدا ﴿أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ﴾ یان دەیخەینە خوار بەسەریاندا ﴿كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ چەند پارچەیەك لەئاسمان ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً﴾ بەڕاستی لەوەدا بەڵگەو پەند هەیە ﴿لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ﴾ بۆ هەر بەندەیەك ڕوو لەخوا بێت ﴿٩﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی لەلایەن خۆمانەوە فەزڵ و بەهرەیەکی گەورەمان بەداوود بەخشیوو ﴿يَٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ﴾ ئەی چیا وبالندەکان لەگەڵ داوود زیکرو تەسبیحاتی خوا بکەن ﴿وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ﴾ وە ئاسنمان بۆ نەرم کردبوو ﴿١٠﴾ ﴿أَنِ ٱعْمَلْ سَٰبِغَٰتٍ﴾ (فەرمانمان پێ کرد) قەڵغان وزرێی جەنگیان لێ دروست بکە ﴿وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ﴾ ولەچنینی زرێدا بائەندازەیی ئەڵقەکان وەك یەك بن ﴿وَٱعْمَلُوا۟ صَٰلِحًا﴾ وکردەوەی چاك بکەن ﴿إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی من بەوەی کەدەیکەن بینام ﴿١١﴾ ﴿وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ﴾ وەبۆ سولەیمان (با، هەوا) مان ڕام هێنا ﴿غُدُوُّهَا شَهْرٌ﴾ بەیانیان تانیوەڕۆ (با) بەئەندازەی مانگێك ڕێگای دەبڕی ﴿وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ﴾ وە (نیوەڕوان تا) ئێوارانیش بەئەندازەی مانگێك ڕێگای دەبڕی ﴿وَأَسَلْنَا لَهُۥ عَيْنَ ٱلْقِطْرِ﴾ وەمسمان بۆ تواندەوەوەك کانیاو (دەڕۆی) ﴿وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ وهەندێ لەجنۆکەکانمان ڕام هێنا بوو لەبەر دەستی دا کاریان دەکرد ﴿بِإِذْنِ رَبِّهِۦ﴾ بەفەرمانی پەروەردگاری ﴿وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا﴾ و ئەگەر هەر کام لەوان لەفەرمانی ئێمە لابدا ﴿نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾ سزای ئاگری هەڵگراوی پێ دەچێژین ﴿١٢﴾ ﴿يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ﴾ (سولەیمان) هەرچی بوویستایە بۆیان دروست دەکرد ﴿مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ﴾ لەپەرستگاو پەیکەرو ﴿وَجِفَانٍ كَٱلْجَوَابِ﴾ چەندین قاپی (نان خواردن) وەك حەوزی گەورەو ﴿وَقُدُورٍ رَّاسِيَٰتٍ﴾ چەند قازان و مەنجەڵی دامەزراو (نەدەجوڵان لەبەر گەورەییان) ﴿ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا﴾ ئەی ئاڵی داوود شوکرانە بژێری خوا بکەن ﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِىَ ٱلشَّكُورُ﴾ بەڵام کەمێ لەبەندەکانم (بۆ خوا) سوپاسگوزارن ﴿١٣﴾ ﴿فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَوْتَ﴾ ئەمجا کاتێك سولەیمانمان مراند ﴿مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ﴾ هیچ شتێك مردنی سولەیمانی نیشان (جنۆکەکان) نەدا ﴿إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ﴾ بێجگە لەخۆرەو مۆریانەی زەوی ﴿تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ﴾ کە دارەستەکەی (سولەیمان) یان دەخوارد (کەسولەیمان خۆی دابوو بەسەریدا) ﴿فَلَمَّا خَرَّ﴾ ئەمجا کاتێ (سولەیمان) کەوت ﴿تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ﴾ بۆ جنۆکەکان ڕوون بویەوە ﴿أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ﴾ کە ئەگەر غەیبیان بزانیایە ﴿مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾ لەو سزا ڕیسواکەرەدا نەدەمانەوە ﴿١٤﴾

﴿لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بۆ خەڵکی سەبەء لەو شوێنی ژیانەیاندا نیشانەیەك (لەسەر دەسەلآتی خوا) هەبوو ﴿جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ﴾ دوو باخات لای ڕاست و لای چەپی (شوێنەکەیانەوە) هەبوو ﴿كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ﴾ (پێیان وترا) لەڕۆزی پەروەردگارتان بخۆن ﴿وَاشْكُرُوا لَهُ﴾ وسوپاسی ئەوبکەن ﴿بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ﴾ ولآتێکی پاك وخۆش وپەروەردگارێکی لێبوردە(یان هەیە) ﴿١٥﴾ ﴿فَأَعْرَضُوا﴾ ئەمجا ڕوویان وەرگێڕا ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ﴾ بەو هۆیەوە لافاوی وێرانکارمان بۆ ناردن ﴿وَبَدَّلْنَاهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ﴾ دوو باخاتی (چاکی بەڕوو بووم دار) ئەوانمان گۆڕی بەدوو باخاتی ﴿ذَوَاتَيْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ﴾ (خراپی) خاوەن بەرێکی تفت و تاڵ و دار گەز ﴿وَشَيْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ﴾ و کەمێك لەداری نەبگ (تاوگ، سیدر) ﴿١٦﴾ ﴿ذَٰلِكَ جَزَيْنَاهُم بِمَا كَفَرُوا﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵەمان لێ سەندن بەهۆی ناسوپاسییانەوە ﴿وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ﴾ و ئایا جگە لەوانەی زۆر سپڵەن تۆڵە لەکەس ئەسێنین؟! ﴿١٧﴾ ﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا﴾ وە لەنێوان (ڕێگای) ئەوان و ئەو شارانەی پێتو بەرەکەتمان تێ خستبوون (لەشام) سازاندبوومان ﴿قُرًى ظَاهِرَةً﴾ چەند شارۆچکە و دێهاتی نزیك ولەیەکەوە دیار ﴿وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ﴾ و ڕێگەی نزیکمان بۆ ڕۆشتن لەنێوان (ئەو دێهاتانە)دا دانابوو ﴿سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ﴾ (ووتمان پێیان)چەند شەوو ڕۆژ بەو (ڕێگایانە)دا بڕۆن بەئارامی و بێ ترس ﴿١٨﴾ ﴿فَقَالُوا رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا﴾ کەچی (خەڵکی سەبەء) ووتیان ئەی پەروەردگارمان ماوەی (ڕێگەی) سەفەرەکانمان دور بخەرەوە ﴿وَظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ﴾ وستەمیان لەخۆیان کرد ﴿فَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ﴾ ئیمەش کردمانن بەداستانێ لەناو خەڵکدا بیگێڕنەوە ﴿وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ﴾ پرژو بلاومان کردن (بەولآتاندا) بەو پەڕی پرژو بلاو کردن ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەو بەسەرهاتەدا ﴿لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ چەند نیشانە هەیە بۆ هەموو زۆر خۆگری شوکرانە بژێر ﴿١٩﴾ ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی شەیتان گومانی خۆی لەواندا بەدی هێنا ﴿فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆیە ئیمانداران نەبێت هەموویان شوێنی شەیتان کەوتن ﴿٢٠﴾ ﴿وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَانٍ﴾ وە شەیتان هیچ دەسەلآتی بەسەر ئیمانداران دا نەبوو ﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ﴾ تەنها بۆ ئەوەی بزانرێت کێ باوەڕی بەڕۆژی دوایی هەیە ﴿مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ﴾ وەکێ لەوان دەربارەی (دوارۆژ) لەگومانداییە ﴿وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾ وە پەروەردگارت (ئەی موحەممەد ﷺ) بەسەر هەموو شتێکدا چاودێرە ﴿٢١﴾ ﴿قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هاوار بکەن لەوانەی کەبێجگە لەخوا بەپەرستراوتان دەزانین ﴿لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ بەقەدەر هەرە وردیلەیەکیان بەدەست نیە ﴿فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ﴾ نە لە ئاسمانەکان و نە لەزەویدا ﴿وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ﴾ وە ئەو پەرستراوانە هاوبەشی (خوا) نەبوون (لە دروست کردنی) ئاسمانەکان و زەویدا ﴿وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ﴾ و هیچ یەك لەوان یارمەتی دەری خوا نەبوون ﴿٢٢﴾

﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ﴾ وە تکا کردن لای خوا سوودی نییە ﴿إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ﴾ مەگەر بۆ کەسێ ئەو (خوا) رێگە بدات ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ﴾ هەتا کاتێ ترس و بیم لەدڵی (تکاکاران) لادەبرێ (بەهۆی رێگەپێدانی شەفاعەت) ﴿قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ﴾ (بە یەکتر) دەڵێن: پەروەردگارتان چی بڕیارێکی فەرموو ﴿قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ﴾ دەڵێن: ووتە ڕاستەکەی فەرموو (کەرێگە دانە بەتکا کردن) ﴿وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ﴾ وە تەنها (خوا) بەرزو بڵندو گەورەیە ﴿٢٣﴾ ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ بڵێ کێ ڕۆزیتان دەدات لەئاسمانەکان و زەویدا ﴿قُلِ ٱللَّهُ﴾ بڵێ خوا (ڕۆزیمان دەدات) ﴿وَإِنَّآ أَوْ إِيَّاكُمْ﴾ بێگومان ئێمە یا ئێوە (یەکێکمان) ﴿لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ لەسەر ڕێنموونین یان لەگومڕاییەکی ئاشکرادایین ﴿٢٤﴾ ﴿قُل لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا﴾ (بڵێ) پرسیارتان لێ ناکرێ لەتاوانێ کەئێمە کردوومانە ﴿وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ ئێمەش پرسیارمان لێ ناکرێ لەوەی ئێوە دەیکەن ﴿٢٥﴾ ﴿قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا﴾ بڵێ پەروەردگارمان ئێمەو ئێوە کۆدەکاتەوە ﴿ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ﴾ لەپاشان بڕیار دەدات لەنێوانماندا بەهەق و ڕاستی ﴿وَهُوَ ٱلْفَتَّاحُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە هەر ئەوە دادوەری زانا ﴿٢٦﴾ ﴿قُلْ أَرُونِىَ ٱلَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِۦ شُرَكَآءَ﴾ بڵێ ئادەی نیشانم دەن ئەو هاوبەشانەی بردوبوونەتە ڕێزی خواوە ﴿كَلَّا﴾ وانییە بەڵکو زاتی خوایە ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ زاڵی دروست کارە ﴿٢٧﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ وە ئێمە تۆمان نەناردوە بۆ هەموو ئادەمی بەمژدەدەر و ترسێنەر نەبێت ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەی ئادەمی نازانن ﴿٢٨﴾ ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ﴾ وە دەڵێن ئەم بەڵێنی (ڕۆژی دوایی)ە کەی دێ ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست گۆن ﴿٢٩﴾ ﴿قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ﴾ بڵێ بەڵێنی ئێوە ڕۆژێکە ﴿لَّا تَسْتَـْٔخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلَا تَسْتَقْدِمُونَ﴾ نەساتێك دوا دەکەون لێی و نەپێشیش دەکەون ﴿٣٠﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ووتیان ﴿لَن نُّؤْمِنَ بِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ﴾ ئێمە هەرگیز باوەڕ ناهێنین بەم قورئانە ﴿وَلَا بِٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ و بەو کتێبانەش پێش ئەم (قورئانە) هاتوون ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ خۆزگە دەت دی کاتێ ئەو ستەمکارانە ﴿مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ ڕادەگیرێن لەبەردەم (دادگای) پەروەردگاریاندا ﴿يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ٱلْقَوْلَ﴾ قسەو تاوان ئاڕاستەی یەکتر دەکەن ﴿يَقُولُ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟﴾ لاوازو ژێردەستە کراوان دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟﴾ بەوانەی خۆیان بەگەورە دەزانی (دەسەڵاتدارەکان) ﴿لَوْلَآ أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە نەبوونایە بێگومان ئێمە باوەڕدار دەبووین ﴿٣١﴾

﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟﴾ ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنا دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓا۟﴾ بەوانەی ژێردەستە و لاواز کرابوون ﴿أَنَحْنُ صَدَدْنَٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ﴾ ئایا ئێمە بەرگریمان کردن لەڕێنموونی ﴿بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم﴾ دوای ئەوە بۆتان هات ﴿بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو خۆتان تاوانبار بوون ﴿٣٢﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟﴾ ژێر دەستەو چەوساوەکان دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟﴾ بەوانەی خۆ بەزل زان بوون ﴿بَلْ مَكْرُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو پیلانی (ئێوە) بەشەو و بەڕۆژ (چەواشەی کردین) ﴿إِذْ تَأْمُرُونَنَآ أَن نَّكْفُرَ بِٱللَّهِ﴾ کاتێك فەرمانتان پێ دەدابن کە بێ بڕوا بین بەخوا ﴿وَنَجْعَلَ لَهُۥٓ أَندَادًا﴾ وە وێنە وهاوبەشانی بۆ دابنێین ﴿وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ﴾ هەموویان پەشیمانی دەشارنەوە ﴿لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ کاتێك کەسزای دۆزەخ دەبینن ﴿وَجَعَلْنَا ٱلْأَغْلَٰلَ فِىٓ أَعْنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە زنجیرو تەوقمان کردە گەردنی بێباوەڕان ﴿هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئایا تۆڵەیان لێ ئەسەنرێت جگە لەسزای ئەوەی دەیان کرد ﴿٣٣﴾ ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ﴾ وە لەهیچ شارێکدا پێغەمبەری ترسێنەرمان نەناردووە ﴿إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ﴾ مەگەر خاوەن نازو نیعمەتەکانی (دەوڵەمەندەکانی) ووتوویانە ﴿إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە باوەڕمان نی یە بەو (ئایئنە)ی ئێوەی پێ نێردراون ﴿٣٤﴾ ﴿وَقَالُوا۟ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا﴾ وە ووتیان ئێمە سامان و منداڵمان زۆرترە (لەئێوە) ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ وە ئێمە قەت سزا نادرێین ﴿٣٥﴾ ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّى﴾ بڵێ بەڕاستی پەروەردگارم ﴿يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ﴾ رۆزی فراوان دەکات ودەیگرێتەوە بۆ هەر کەسێ بیەوێ ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆر بەی خەڵك نازانن ﴿٣٦﴾ ﴿وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى﴾ وە سامان و منداڵتان شتێك نین ﴿تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ﴾ لای ئێمە پلەو پایەتان نزیك بکەنەوە ﴿إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ مەگەر ئەوەی باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێ ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ﴾ بۆ ئەوانە پاداشتی دوو بەرامبەر هەیە ﴿بِمَا عَمِلُوا۟﴾ بەهۆی ئەو چاکانەی کەکردویانە ﴿وَهُمْ فِى ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ﴾ ئەوان لەکۆشکە بەرزەکانی (بەهەشتدا) لەئاسایش دان ﴿٣٧﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا﴾ وە ئەوانەی هەوڵی پوچەڵ کردنەوەی نیشانەکانی ئێمە دەدەن ﴿مُعَٰجِزِينَ﴾ دەستە پاچەن و هیچیان پێ ناکرێ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ﴾ ئەوانە لەسزای دۆزەخدا ئامادە کراو دەبن ﴿٣٨﴾ ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّى﴾ بڵێ بێگومان پەروەردگارم ﴿يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ لَهُۥ﴾ رۆزی هەرکام لەبەندەکانی بیەوێ فراوان یان کەمی دەکات بۆی ﴿وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن شَىْءٍ﴾ وە ئێوە هەر شتێك ببەخشن (لەپێناو خوادا) ﴿فَهُوَ يُخْلِفُهُۥ﴾ ئەوە خوا جێگەی پردەکاتەوە ﴿وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ وە ئەو (خوا) چاکترینی رۆزی دەرانە ﴿٣٩﴾

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا﴾ وە ڕۆژێك(خوا) هەموویان کۆ دەکاتەوە ﴿ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ﴾ پاشان بەفریشتەکان دەفەرموێ ﴿أَهَٰؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ﴾ ئایا ئەوانە (لەدونیا) ئێوەیان دەپەرست ﴿٤٠﴾ ﴿قَالُوا سُبْحَانَكَ﴾ (فریشتەکان) دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ ﴿أَنْتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم﴾ تەنیا تۆ گەورە وپشتیوانیی ئێمەی نەك ئەوان ﴿بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ﴾ بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست ﴿أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ﴾ زۆربەیان باوەڕیان بەوان (جنۆکە) هەبوو ﴿٤١﴾ ﴿فَالْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا﴾ ئەمجا ئەمڕۆ ناتوانن هیچ سوودو زیانێك بەیەکتری بگەیەنن ﴿وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ وە بەستەمکاران دەڵێین: ﴿ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ﴾ سزای ئاگری دۆزەخ بچەژن ﴿الَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو ﴿٤٢﴾ ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ کاتێ بخوێنرێتەوە بەسەریاندا ﴿آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ﴾ نیشانە ڕوونەکانی ئێمە ﴿قَالُوا مَا هَٰذَا إِلَّا رَجُلٌ﴾ دەڵێن: ئەمە (پێغەمبەر ﷺ) هیچ نییە جگە لەپیاوێك ﴿يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ﴾ دەیەوێ ڕێگرێتان بکات ﴿عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ﴾ لەوەی کەباوو باپیرانتان دەیان پەرست ﴿وَقَالُوا مَا هَٰذَا﴾ وە دەڵێن: ئەمە (قورئان) شتێك نییە ﴿إِلَّا إِفْكٌ مُّفْتَرًى﴾ بێجگە لە درۆیەکی هەڵبەستراو بەناوی خواوە ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ﴾ وە بێباوەڕان بەڕاستی بە (قورئان) یان دەووت کەبۆیان هاتبوو ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ ئەمە تەنها جادوویەکی ئاشکرایە ﴿٤٣﴾ ﴿وَمَا آتَيْنَاهُم مِّن كُتُبٍ يَدْرُسُونَهَا﴾ (خۆ ئێمە) پێشتر چەند کتێبێکمان پێ نەدابوون کە بیانخوێنێتەوە ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ﴾ و بۆمان نەناردبوون ﴿قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ﴾ پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکی ترسێنەر ﴿٤٤﴾ ﴿وَكَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ وە کەسانێ پێش ئەمان (قورەیشیەکان) باوەڕیان بەپێغەمبەرانیان نەهێنا ﴿وَمَا بَلَغُوا مِعْشَارَ مَا آتَيْنَاهُمْ﴾ ئەمان (قورەیش) نەگەیشتبوونە دەیەکی ئەوەی بەوانمان دابوو ﴿فَكَذَّبُوا رُسُلِي﴾ ئەمجا ئەوان باوەڕیان بەپێغەمبەرانی من نەهێنا ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵە سەندنی ئێمە (لەوان) ﴿٤٥﴾ ﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُم بِوَاحِدَةٍ﴾ بڵێ من تەنیا بەیەك شت ئامۆژگاریتان دەکەم ﴿أَن تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَادَىٰ﴾ کەدوو دوو، یەك یەك، لەبەر خوا هەڵسن (وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن) ﴿ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ﴾ پاشان بیر بکەنەوە هاوڕێکەتان(پێغەمبەر ﷺ) شێت نییە ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم﴾ ئەو (پێغەمبەر ﷺ) تەنیا ترسێنەرە بۆ ئێوە ﴿بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ لەپێش هاتنی سزای سەختی (قیامەت) ﴿٤٦﴾ ﴿قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ﴾ بڵێ هەرکەرێ و پاداشتێکم لێ داوا کردوون ئەوە بۆ خۆتان ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ﴾ پاداشتی من تەنها لەسەر خوایە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ وە ئەو (خوا) بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارە ﴿٤٧﴾ ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِالْحَقِّ﴾ بڵێ بەڕاستی پەروەردگارم بەتوندی هەق دەدات بەسەر (بەتاڵدا) ﴿عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ (خوا) زانایە بە نهێنی و شاراوەکان ﴿٤٨﴾

﴿قُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ (ئایینی) ڕاست هات ﴿وَمَا يُبْدِئُ ٱلْبَٰطِلُ وَمَا يُعِيدُ﴾ و بەتاڵ (نەما) و دروست نابێتەو دووبارە ناگەڕێتەوە ﴿٤٩﴾ ﴿قُلْ إِن ضَلَلْتُ﴾ بڵێ ئەگەر من گومڕابم ﴿فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِى﴾ ئەوە زیانەکەی تەنیا بۆ خۆمە ﴿وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ﴾ وە ئەگەر ڕێنموونیم ﴿فَبِمَا يُوحِىٓ إِلَىَّ رَبِّىٓ﴾ ئەوە بەهۆی ئەو(قورئانە)وەیە کەپەروەردگارم بۆی ناردووم ﴿إِنَّهُۥ سَمِيعٌ قَرِيبٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەرو نزیکە ﴿٥٠﴾ ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) ئەگەر دەبینی کاتێ (بێ باوەڕان) زۆر دەترسن ﴿فَلَا فَوْتَ﴾ ئەمجا بەهیچ جۆرێ ڕزگار بوونیان نییە ﴿وَأُخِذُوا۟ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ﴾ وە لەشوێنێکی نزیک (دۆزەخەوە) دەبرێن بۆ ناوی ﴿٥١﴾ ﴿وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ﴾ لەو کاتەدا دەڵێن باوەڕمان هێنا بەو (قورئانە) ﴿وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾ چۆن (باوەڕیان) دەست دەکەوێ لەشوێنێکی دوورەوە ﴿٥٢﴾ ﴿وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ﴾ کەبەڕاستی ئەوان لەدونیادا بێ باوەڕ بوون پێی ﴿وَيَقْذِفُونَ بِٱلْغَيْبِ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾ وە بە نەزانی قسەیان لەپەنهانیەکان دەکرد لەشوێنێکی دوورەوە (کەدونیایە). ﴿٥٣﴾ ﴿وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ﴾ بەر بەست دەخرێتە نێوان ئەوان و ئەوەی ئارەزووی دەکەن (کەبڕوا هێنان و تەوبە کردنە) ﴿كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ﴾ هەر وەکو بەهاوشێوەکانیان کرا لەپێش ئەماندا ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ فِى شَكٍّ مُّرِيبٍ﴾ بەڕاستی ئەوان لەگومانێکی دوو دڵ کەردان ﴿٥٤﴾

سورەتی ﴿فَاطِرٍ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هەموو ستایش بۆ خوایە کەبەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا﴾ فریشتەکانی کردووە بەنێراوانێك ﴿أُو۟لِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ﴾ خاوەنی (چەند جۆرە) باڵن : دووان و سیان و چوار ﴿يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ﴾ (خوا) هەرچی بیەوێ لەدروست کردندا زیادی دەکات ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ﴿١﴾ ﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ﴾ خوا هەر ڕەحمەت وچاکەیەك بۆ خەڵك بەڕەڵا بکات و بیکاتەوە ﴿فَلَا مُمْسِكَ لَهَا﴾ ئیتر شتێك نیە ڕێگری لێ بکات وبیگرێتەوە ﴿وَمَا يُمْسِكْ﴾ وەخوا هەر بەهەرەیەك بگرێتەوە ﴿فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ ئیتر لەپاش گرتنەوەی خوا بەڕەڵاکەر و نێرەری بۆ نییە ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ وە خوا زاڵی بەڵادەستی کار دروستە ﴿٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ بیربکەوە لەبەهرەی خوا بەسەرتانەوە ﴿هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ﴾ ئایا بێجگە لەخوا دروست کەرێکی تر هەیە ﴿يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ کەڕۆزیتان بدات لەئاسمان و زەویدا ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە بێجگە لەخوا ﴿فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ دەی چۆن وا ڕوو وەردەگێڕن (لەیەکخواپەرستی) ﴿٣﴾

﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ﴾ ئەگەر باوەڕیان پێ نەهێنایت (دڵگران مەبە) ﴿فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ﴾ چونکە بەڕاستی پێغەمبەرانی پێش تۆش باوەڕیان پێ نەهێنرا ﴿وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ﴾ هەموو کارو بارەکان تەنها بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ﴿١﴾ ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾ ئەی خەڵکینە بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا﴾ دەی کەواتە با ژیانی دونیا فریوتان نەدات ﴿وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾ وە باشەیتان بەو(بەزەیی و لێبوردەی) خوا فریوتان نەدات ﴿٥﴾ ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ﴾ بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە ﴿فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ دەی کەواتە ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی دابنێن ﴿إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ﴾ بێگومان ئەو (شەیتان) تاقم وکۆمەڵەکەی بانگ دەکات ﴿لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ بۆ ئەوەی ببنە هاوەڵانی ئاگری هەڵگیرساوی (دۆزەخ) ﴿٦﴾ ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون سزای بەتینیان بۆ هەیە ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوە ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ لێبوردن و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە ﴿٧﴾ ﴿أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ﴾ دەی ئایا کەسێ کەکردەوەی خراپی خۆی بۆ جوان کراوە ﴿فَرَآهُ حَسَنًا﴾ و بەچاک و جوانی دەبینێ (وەک کەسێکە پێوەری چاکەو خراپەی ئایین بێت) ﴿فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ﴾ وە بەڕاستی خوا هەرکەسێکی بوێ گومڕای دەکات ﴿وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ وە هەرکەسێکی بوێ ڕێنموونی دەکات ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ﴾ دەی کەواتە بەخەفەت خواردن لەبەر (ئیمان نەهێنانی) ئەوان خۆت مەفەوتێنە ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ بەڕاستی خوا بەوەی کەئەوان دەیکەن ئاگادارە ﴿٨﴾ ﴿وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ﴾ خوا زاتێکە (با،هەوا) کانی ناردووە ﴿فَتُثِيرُ سَحَابًا﴾ بۆ ئەوەی هەورەکان بگەڕێنێ (بڵاویان بکەنەوە) ﴿فَسُقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ﴾ ئەمجا ئەو (هەورانە) دەنێرین بۆ سەر وڵاتێکی مردوو ﴿فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ جا (بارانی لێ دەباریێ و) زەوی پێی زیندوو دەکەینەوە لەپاش ووشک بوون و مردنی ﴿كَذَٰلِكَ النُّشُورُ﴾ زیندوو کردنەوەی(مردووانیش لەقیامەتدا) هەر بەو شێوەیە ﴿٩﴾ ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ﴾ هەر کەسێ گەورەیی و سەربەرزی دەوێ (لەخوای بوێ) ﴿فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ چونکە بەڕاستی هەموو گەورەیی و دەسەڵات هەر بۆ خوایە ﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ﴾ ووتەی پاک و چاک تەنها بۆ لای ئەو (خوا) سەر دەکەوێ ﴿وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ﴾ وە (ووتەی پاکو) کردەوەی چاک بەرز دەکاتەوە (بۆلای خۆی) ﴿وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ﴾ وە ئەوانەی کەپیلانە خراپەکان دەگێڕن ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ سزایەکی تووندو بەتینیان بۆ هەیە ﴿وَمَكْرُ أُولَٰئِكَ هُوَ يَبُورُ﴾ و فێڵ و پیلانی ئەوانە لەناو دەچێ ﴿١٠﴾ ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ﴾ خوا (باوکی) ئێوەی لەخاک دروست کردووە ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾ لەپاشان (نەوەکانی دروست کرد) لەنوتفەیەک ﴿ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا﴾ ئەمجا (خوا) کردوونی بەچەند جووت (نێر و مێ) ﴿وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ﴾ وە هیچ مێینەیەک (ئافرەتێک) دوو گیان نابێ و سکەکەی دانانی (نایبێت) مەگەر بەئاگاداری خوا نەبێت ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ﴾ وە هیچ تەمەن درێژ کراوێ تەمەنی درێژ ناکرێ ﴿وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ﴾ وە لەتەمەنی کەم ناکرێ مەگەر لەکتێبێک (لوح المحفوظ) دا نوسراوە ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ بەڕاستی ئەم کارە بۆ خوا ئاسانە ﴿١١﴾

﴿وَمَا يَسْتَوِي ٱلْبَحْرَانِ﴾ ئەو دوو (جۆرە) دەریا وەك یەك نین ﴿هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ﴾ ئەمەیان سازگار وشیرینە ﴿سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ﴾ و خواردنەوەی ئاسانە و خۆشە ﴿وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾ ئەوی تریان سویرو تاڵ و تفتە ﴿وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا﴾ و لەهەردووکیان گۆشتی تەڕو تازە دەخۆن ﴿وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا﴾ و خشڵی (مرواری و سەدەف و دوڕ لەدەریا) دەرئەهێنن و دەیپۆشن، وخۆتانی پێ دەڕازێننەوە ﴿وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ﴾ و کەشتی یەکان دەبینی ئاوەکە لەت دەکەن (کاتێ بەناویدا دەڕۆن) ﴿لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی هەندێ ڕزق و ڕۆزی خوا پەیدا بکەن ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ وە تا ستایشی خوا بکەن (لەسەر بەهرەکانی) ﴿١٢﴾ ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ﴾ (خوا) شەو دەکات بەناو ڕۆژدا ﴿وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ﴾ و ڕۆژ دەکات بەناو شەودا ﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ﴾ وە خۆرو مانگی ڕام هێناوە ﴿كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ هەریەکەیان (لە خولگەی خۆیدا) تا ئەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە دەگەڕێت ودەسوڕێتەوە ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ﴾ ئەوەیە خوای پەروەردگاری ئێوە ﴿لَهُ ٱلْمُلْكُ﴾ پادشایەتی تەنها بۆ ئەوە ﴿وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ و ئەوانەی ئێوە هاواریان لێ دەکەن بێجگە لەخوا ﴿مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ﴾ خاوەنی تونکلە سپیکەی ناوکی خورمایش نین ﴿١٣﴾ ﴿إِن تَدْعُوهُمْ﴾ (بتەکان) ئەگەر نزاو هاواریان لێ بکەن ﴿لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ﴾ هاوارەکەتان نابیستن ﴿وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ﴾ و ئەگەر بیشی بیسن وەڵامتان نادەنەوە ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ﴾ و لەڕۆژی قیامەتیشدا بێ باوەڕ دەبن بەهاوبەشی دانانەکەتان (وبەدرۆتان دەخەنەوە) ﴿وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾ وە دڵنیابە کەس وەك (خوای) ئاگادار ئاگادارت ناکات (لەسەر ئەنجامتان) ﴿١٤﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ﴾ ئەی خەڵکینە هەر ئێوە هەژاری لای خوان ﴿وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ وە تەنیا خوایە بێ نیازی ستایش کراو ﴿١٥﴾ ﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ﴾ ئەگەر (خوا) بیەوێ لەناوتان دەبات ﴿وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ وە خەڵکێکی تری تازە دەهێنێت ﴿١٦﴾ ﴿وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾ وە ئەمەش بۆ خوا کارێکی گران نییە ﴿١٧﴾ ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ هیچ گوناهبارێك گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت ﴿وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا﴾ وە ئەگەر بارگرانێ (گوناهبارێ) بانگی کەسێ تر بکات بۆ هەڵگرتنی (بارە گوناهەکەی) ﴿لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَىْءٌ﴾ هیچ لەو (بارە گوناهە) هەڵناگرێ ﴿وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ هەرچەندە (داوالێ کراوەکە) خزمیشی بێت ﴿إِنَّمَا تُنذِرُ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) تەنها ئەوانە بیدار دەکەیتەوە ﴿يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ﴾ کە بەپەنهانی لەپەروەردگاریان دەترسن ﴿وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ و نوێژەکانیان بەڕێکی بەجێ دەهێنن ﴿وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِۦ﴾ وە هەر کەس خۆی پاك ڕاگرێ (لە تاوان) ئەوە بەڕاستی (سوودی) خۆ پاك ڕاگرتنەکەی هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ﴾ و گەڕانەوەش تەنها بۆ لای خوایە ﴿١٨﴾

﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ﴾ نەکویرو بینا یەکسانن ﴿١٩﴾ ﴿وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ﴾ و نە تاریکستان و ڕووناکی (وەك یەکن) ﴿٢٠﴾ ﴿وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ﴾ و نەسێبەرو خۆرەتاو (وەك یەکن) ﴿٢١﴾ ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ﴾ نەزیندووان و مردووان بەرانبەرن ﴿إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاءُ﴾ بەڕاستی خوا (بانگی خۆی) دەبیستێنێ بەهەر کەس کەبیەوێت ﴿وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ﴾ بەڵام تۆ ناتوانی (ئەی موحەممەد ﷺ) پەیامەکەت) ببیستێنی بەوانەی لە گۆڕەکاندان (مردوون) ﴿٢٢﴾ ﴿إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ﴾ تۆ تەنها ترسێنەری ﴿٢٣﴾ ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ بێگومان ئێمە تۆمان بە(ئایینی) ڕاستەوە ناردووە مژدەدەر و ترسێنەر بیت ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾ هەر گەل و ئوممەتێك (پێغەمبەرێکی) ترسێنەری تێدا هاتووە ﴿٢٤﴾ ﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ﴾ وە ئەگەر باوەڕت پێ نەهێنن ﴿فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوە بێگومان لەپێش ئەوانیشەوە کەسانێك باوەڕیان نەهێنا (بە پێغەمبەرەکانیان) ﴿جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾ پێغەمبەرەکانیان هاتنە لایان بەموعجیزەکان ﴿وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ﴾ و بەڕاوو کتێبە ڕوون کەرەوەکانەوە ﴿٢٥﴾ ﴿ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ پاشان ئەوانەیان بێ باوەڕ بوون تارم لێ گرتن ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵە سەندنی ئێمە (لەوان) ﴿٢٦﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەتدی ﴿أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ﴾ کە بەڕاستی خوا لەئاسمانەوە بارانی بارانـدووە، ئەمجا بەو بارانە هەموو جۆرە میوەیەکمان ڕواند ﴿مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا﴾ کەشێوە و ڕەنگەکانیان جیاوازە ﴿وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ﴾ و لەچیاکاندا چەند ڕێگا هەیە ﴿بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا﴾ کەڕەنگیان سپی و سورە (سپی و سورەکانیش) جیاوازن ﴿وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾ و هەشیانە ڕەشێکی تۆخە ﴿٢٧﴾ ﴿وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ﴾ وە لەئادەمی و زیندەوەرو ئاژەڵ و ماڵاتیشدا ﴿مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ﴾ ڕەنگی جۆراو جۆر هەیە بەوێنەی جیاوازی میوەهات ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ بەڕاستی لەناو بەندەکانی خودا، تەنها زانایان (وەك پێویست) لەخوا دەترسن ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾ بێگومان خوا زاڵی بەسەر هەموو شتێکدا و لێبوردەیە. ﴿٢٨﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەکتێبی خوا دەخوێننەوە ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ و بەچاکی نوێژیان بەجێ هێناوە ﴿وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ وە لەوەی کەپێمان داون بەنهێنی و ئاشکرا دەبەخشن ﴿يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ﴾ چاوەڕوانی بازرگانییەکن هەرگیز زەرەر ناکات ﴿٢٩﴾ ﴿لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی (خوا) بەتیرو تەواوی پاداشتیان بداتەوە ﴿وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ﴾ وە لە فەزڵ وبەهرەی خۆی زیاتریشیان پێ بدات ﴿إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ﴾ بەڕاستی خوا لێبوردەی سوپاس وەرگرە ﴿٣٠﴾

﴿وَٱلَّذِیٓ أَوۡحَیۡنَاۤ إِلَیۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَـٰبِ﴾ وە ئەوەی لەقورئاندا نیگامان کردوە بۆ تۆ ﴿هُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَیۡنَ یَدَیۡهِۗ﴾ هەر ئەوە ڕاستەو پشتیوانی کتێبەکانی پێش خۆیەتی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِعِبَادِهِۦ لَخَبِیرُۢ بَصِیرٌ﴾ بێگومان خوا بەبەندەکانی ئاگادارو بینایە ﴿٣١﴾ ﴿ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَـٰبَ ٱلَّذِینَ﴾ لەپاشان ئەم قورئانەمان بەخشی بەکەسانێك ﴿ٱصۡطَفَیۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ﴾ کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمان بژاردن ﴿فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٌ لِّنَفۡسِهِۦ﴾ ئەمجا هەندێکیان ستەمکارن لەخودی خۆیان ﴿وَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٌ﴾ وهەندێکیان مام ناوەندین ﴿وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَیۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ﴾ وهەندێکی تریان بەفەرمانی خوا پێشکەوتوون بەهۆی چاکەکانیانەوە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِیرُ﴾ ئەم (قورئان پێدانە) لەخۆیدا بەهرەیەکی گەورەیە ﴿٣٢﴾ ﴿جَنَّـٰتُ عَدۡنٍ یَدۡخُلُونَهَا﴾ ئەوانە دەچنە ناو بەهەشتانێك کە جێگای مانەوەی هەمیشەیی یە ﴿یُحَلَّوۡنَ فِیهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤۡلُؤٗاۖ﴾ لەوێدا بەبازنی ئاڵتونی و مرواری دەڕازێنرێنەوە ﴿وَلِبَاسُهُمۡ فِیهَا حَرِیرٞ﴾ وپۆشاکیشیان تێیدا ئاوریشمە ﴿٣٣﴾ ﴿وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِیٓ﴾ وە ئەوان دەڵێن: هەموو سوپاس بۆ ئەو خوایە ﴿أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ﴾ کەخەفەتی لابردین و نەیهێشت ﴿إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ شَكُورٌ﴾ بەڕاستی پەروەردگارمان لێبوردەی شایستەی سوپاسە ﴿٣٤﴾ ﴿ٱلَّذِیٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلۡمُقَامَةِ مِن فَضۡلِهِۦ﴾ ئەو (خوایە) کە بەچاکەو بەهرەی خۆی نیشتەجێی کردین لەماڵی هەمیشەیی (بەهەشت دا) ﴿لَا یَمَسُّنَا فِیهَا نَصَبٞ﴾ لەوێدا نەهیچ ماندوو بوونێکمان تووش دەبێ ﴿وَلَا یَمَسُّنَا فِیهَا لُغُوبٞ﴾ ونەهیچ ئەرك و زەحمەتێکمان دووچار دەبێ ﴿٣٥﴾ ﴿وَٱلَّذِینَ كَفَرُواْ لَهُمۡ نَارُ جَهَنَّمَۖ﴾ ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوانەیە بێ باوەڕ بوون ﴿لَا یُقۡضَىٰ عَلَیۡهِمۡ فَیَمُوتُواْ﴾ بڕیاری مردن نادرێ بەسەردایاندا تا بمرن ﴿وَلَا یُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ عَذَابِهَاۚ﴾ هەروەها هەندێ لەسزای (دۆزەخ)یان لێ سووك ناکرێ ﴿كَذَٰلِكَ نَجۡزِی كُلَّ كَفُورٖ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە ئەستێنین لەهەموو بێ باوەڕێك ﴿٣٦﴾ ﴿وَهُمۡ یَصۡطَرِخُونَ فِیهَا﴾ وە ئەوانە لەدۆزەخدا هاوار دەکەن ﴿رَبَّنَاۤ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَـٰلِحًا﴾ (دەڵێن) ئەی پەروەردگارمان (لەدۆزەخ) دەرمان بهێنە تا کردەوەی چاك بکەین ﴿غَیۡرَ ٱلَّذِی كُنَّا نَعۡمَلُۚ﴾ جیاواز لەوەی دەمان کرد (لەدونیادا) ﴿أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُمۡ﴾ (وەڵام دەدرێنەوە) ئایا تەمەنمان درێژ نەکردن ﴿مَّا یَتَذَكَّرُ فِیهِ مَن تَذَكَّرَ﴾ ئەوەندەی ئەوەی دەیەوێ بیر بکاتەوە تیایدا بیر بکاتەوە ﴿وَجَاءَكُمُ ٱلنَّذِیرُۖ﴾ وە ترسێنەرتان بۆ نەهات ﴿فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّـٰلِمِینَ مِن نَّصِیرٍ﴾ دەی (ئەو سزا) بچەژن چونکە هیچ یاریدەدەرێك بۆ (بێ باوەڕە) ستەمکارەکان نییە ﴿٣٧﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَـٰلِمُ غَیۡبِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ بەڕاستی خوا بەنهێنی ئاسمانەکان وزەوی زانایە ﴿إِنَّهُۥ عَلِیمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ بێگومان خوا بەنهێنی دڵان ئاگادارە ﴿٣٨﴾

﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ هەر ئەو زاتە ئیوەی کردە جێنشین(ی پێشوان) لەزەویدا ﴿فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ﴾ ئەوسا هەر کەس بێ باوەڕ بێ ئەوە (تۆڵەی) بێ باوەڕییەکەی هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ و بێ باوەڕی کافران هیچیان بۆ زیاد ناکات لای پەروەردگاریان ﴿إِلَّا مَقْتًا﴾ جگە لەخەشم و ڕقی زۆر ﴿وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا﴾ وە بێ باوەڕیی کافران هیچیان بۆ زیاد ناکات بێجگە لەزەرەرمەندی ﴿٣٩﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هەواڵم بدەنێ ﴿شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەو هاوبەشانەی لەجیاتی خوا دەتانپەرستن (هاوارتان لێ دەکردن) ﴿أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ﴾ نیشانم بدەن لەزەویدا چیان دروست کردووە؟ ﴿أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ یان لەبەدی هێنانی ئاسمانەکاندا بەشداری (خوا)یان کردووە؟ ﴿أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا﴾ یا کتێبێکمان پێ داون ﴿فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ﴾ جا بەڵگەیان لەو کتێبەدا هەیە (کەبتەکان هاوبەشی خوان) ﴿بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّٰلِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا﴾ (نەخێر وانییە) بەڵکو ستەمکاران هیچ بەڵێنێك بەیەکتری نادەن جگە لەفریودان و(هەڵخەڵەتاندن) نەبێت ﴿٤٠﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ بەڕاستی خوا ئاسمانەکان و زەوی ڕاگیر دەکات ﴿أَن تَزُولَا﴾ بۆ ئەوەی لەڕێڕەوی خۆیان لانەدەن ﴿وَلَئِن زَالَتَآ﴾ بەڕاستی ئەگەر لەڕێڕەوی (خۆیان) لابدەن ﴿إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓ﴾ کێ هەیە جگە خوا ڕایان بگرێت ﴿إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ بێگومان ئەو (خوا) لەسەر خۆ و لێبوردەیە ﴿٤١﴾ ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ﴾ (بت پەرستان) بەسوێندی هەرە گەورەیان سوێندیان دەخوارد بەخوا ﴿لَئِن جَآءَهُمْ نَذِيرٌ﴾ (دەیان ووت) ئەگەر پێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ بێت ﴿لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى ٱلْأُمَمِ﴾ بەڕاستی ئەوان لەهەر یەك لە ئوممەتانی تر ڕێنموون تر دەبن ﴿فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ﴾ ئەمجا کاتێ پێغەمبەری ترسێنەریان بۆ هات ﴿مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا﴾ زیاتر دوور کەوتنەوە(لەڕێگەی ڕاست) ﴿٤٢﴾ ﴿ٱسْتِكْبَارًا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ لەبەر خۆ بەزل زانی لەزەویدا ﴿وَمَكْرَ ٱلسَّيِّئِ﴾ و فێڵ وپیلانی خراپ کردن ﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ﴾ وە فێڵ و پیلانی خراپ تەنیا زیان بەخاوەنەکەی دەگەیەنێ ﴿فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ دەی کەواتە ئەوان جگە لەچارەنووسی پێشینان چاوەڕوانی شتێکی تر دەکەن؟ ﴿فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ چونکە باوی خوا هەرگیز گۆڕانی بۆ نییە ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ و باوی خوا لادانی بۆ نییە ﴿٤٣﴾ ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئایا ئەوان بەزەویدا نەگەڕاون ﴿فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ تا سەیر بکەن سەرئەنجام گەلانی پێش خۆیان چۆن بووە ﴿وَكَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً﴾ کە ئەوان لەمان بەهێزتر بوون ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَىْءٍ﴾ هیچ شتێك ناتوانێ لەدەستی خوا دەرچێ ﴿فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ نە لەئاسمانەکان ونەلەزەویدا ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا﴾ بەڕاستی خوا زانا و بەدەسەڵات وبەتوانایە ﴿٤٤﴾

﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ﴾ وە ئەگەر خوا قار بگریّ لەخەلّکی (تۆلّەیان لیّ بسەنیّ) ﴿بِمَا كَسَبُوا﴾ لەبەر ئەو (خراپانەی) کردویانە ﴿مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ﴾ هیچ گیاندارێکی بەسەر زەویەوە نەدەهێشت ﴿وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ بەلام (خوا) مۆلەتی ئەوان دەدات تا ماوەی دیاری کراو ﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ﴾ ئەمجا کاتیّ ماوەکەیان (کۆتایی) هات (دەیان مرێنیّ) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًا﴾ جا بێگومان خوا بە بەندەکانی ئاگادارو بینایە ﴿٤٥﴾

سورەتی ﴿ يٰسٓ ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يٰسٓ﴾ بە(یا، سین) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بەماناکەی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ﴾ سوێند بە قورئانی پڕ لەدانایی ﴿٢﴾ ﴿إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ بەڕاستی تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) لە پێغەمبەرانی خوای ﴿٣﴾ ﴿عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ لەسەر ڕێبازی ڕاستی ﴿٤﴾ ﴿تَنزِيلَ ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ﴾ (قورئان) دابەزێنراوە لەلایەن خوای زاڵی بەڵادەستی میهرەبانەوە. ﴿٥﴾ ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمْ﴾ بۆ ئەوەی گەلیّ بترسێنی (لەسزا) کەباوو باپیرانیان نەترسێنرابوون ﴿فَهُمْ غَٰفِلُونَ﴾ بۆیە ئەوان بێ ئاگا بوون ﴿٦﴾ ﴿لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بەڵێنی خوا چەسپاو هاتە دی لەسەر زۆربەیان ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ چونکە ئەوان باوەڕ ناهێنن ﴿٧﴾ ﴿إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا﴾ (وەك کەسانیّ وان کە) تەوقمان کردبێتە گەردنیان ﴿فَهِىَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ﴾ جا ئەو (تەوقانە) تا چەناکەیان هاتبێ (گەردنیانی بەتەواوی گرتبێتەوە) ﴿فَهُم مُّقْمَحُونَ﴾ ئەمجا سەریان بەرز کرابێتەوە (نەتوانن بۆ خوارو ئەم لاو لا بیجوڵێنن) ﴿٨﴾ ﴿وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا﴾ وە بەربەستمان لەبەردەم و پشتیانەوە داناوە ﴿فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ پەردەشمان داوە بەسەر چاویان دا بۆیە ئەوان (ڕاستی) نابینن ﴿٩﴾ ﴿وَسَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ﴾ وە بۆ ئەوان یەکسانە چ بیان ترسێنیت یان نەیان ترسێنیت ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ باوەڕ ناهێنن ﴿١٠﴾ ﴿إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكْرَ﴾ تۆ تەنها کەسێك دەترسێنی کە شوێن قورئان دەکەوێت ﴿وَخَشِىَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ﴾ لەپەنهانیشدا لە خوای میهرەبان دەترسن ﴿فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ﴾ بەهۆی (ئەو شوێن کەوتن و ترسانەوە) مژدەی بدەریّ بەلێخۆشبوونی (گوناهەکانی) و پاداشتی چاکی (بەهەشت) ﴿١١﴾ ﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ بەڕاستی هەر ئێمە مردووان زیندوو دەکەینەوە ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا۟ وَءَاثَٰرَهُمْ﴾ و هەرچی پێشتر کردویانە وشوێنەواری پاش خۆشیان دەنوسین ﴿وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِىٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ﴾ وە هەموو شتێکمان لە پەڕاوێکی ڕوون وئاشکرادا ژماردووە و نووسیوە کە (لوح المحفوظ) ە ﴿١٢﴾

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا أَصۡحَٰبَ ٱلۡقَرۡيَةِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) نموونەیان بۆ بێنەرەوە بەخەڵکی شاری (أنطاكية) ﴿إِذۡ جَآءَهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾ کاتێ کەپێغەمبەرانیان بۆ هات ﴿١٣﴾ ﴿إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱثۡنَيۡنِ فَكَذَّبُوهُمَا﴾ کاتێ دوو (پێغەمبەر)مان نارد بۆ ناویان باوەڕیان پێنەکردن ﴿فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ﴾ ئەمجا بە(ناردنی پێغەمبەری) سێیەم بەهێزمان کردن (وپشتمان گرتن) ﴿فَقَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ﴾ جا (هەموویان) ووتیان بێگومان ئێمە نێردراوین بۆ سەر ئێوە ﴿١٤﴾ ﴿قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا﴾ (خەڵکەکە) ووتیان ئێوە هەر ئادەمیيەکی وەك ئێمەن ﴿وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مِن شَيۡءٍ﴾ و خوای میهرەبان هیچ شتێکی (لەنێگا) نەناردۆتە خوارەوە ﴿إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ﴾ ئێوە تەنها درۆزنن و درۆ دەکەن ﴿١٥﴾ ﴿قَالُواْ رَبُّنَا يَعۡلَمُ إِنَّآ إِلَيۡكُمۡ لَمُرۡسَلُونَ﴾ (پێغەمبەرەکان) ووتیان پەروەردگارمان دەزانێ بەڕاستی ئێمە (بەپێغەمبەریتی) نێردراوین بۆ سەر ئێوە ﴿١٦﴾ ﴿وَمَا عَلَيۡنَآ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾ و ئێمە تەنها گەیاندنی (ئاینەکە)مان لەسەرە بەڕوونی ﴿١٧﴾ ﴿قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ﴾ (خەڵکەکە) ووتیان بێگومان ئێمە بەهۆی ئێوەوە دووچاری شوومی و بەدبەختی بووین ﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر واز نەهێنن (لەو کارەتان) بەرد بارانتان دەکەین ﴿وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ و بەڕاستی لەلایەن ئێمەوە دووچاری سزایەکی پڕ ئێش و ئازار دەبن ﴿١٨﴾ ﴿قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡۚ أَئِن ذُكِّرۡتُمۡۚ﴾ (پێغەمبەرەکان) ووتیان شوومی ئێوە بەخۆتانەوەیە چونکە ئێوە ئەگەر ئامۆژگاری بکرێن (هەست بەشوومی دەکەن) ﴿بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو ئێوە گەلێکی لەسنوور دەرچوون ﴿١٩﴾ ﴿وَجَآءَ مِنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ رَجُلٞ يَسۡعَىٰ﴾ وە لەو پەڕی شارەکەوە پیاوێك بەپەلە هات ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُواْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم شوێن ئەم پێغەمبەرانە بکەون ﴿٢٠﴾ ﴿ٱتَّبِعُواْ مَن لَّا يَسۡـَٔلُكُمۡ أَجۡرٗا﴾ شوێن کەسانێ بکەون داوای هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێ ناکەن ﴿وَهُم مُّهۡتَدُونَ﴾ کەخۆشتان رێنموونیی کراون ﴿٢١﴾ ﴿وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي﴾ وە من بۆچی زاتێ نەپەرستم کەمنی بەدی هێناوە ﴿وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ وە هەر بۆ لای ئەوە دەگەڕێنەوە ﴿٢٢﴾ ﴿ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً﴾ ئایا بێجگە لەو (خوا) پەرستراوانێك بۆ خۆم بڕیار بدەم ﴿إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ﴾ ئەگەر خوای میهرەبان زیانی بۆ من بوێ ﴿لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا﴾ تکای ئەوان هیچ سوودێك بەمن ناگەیەنێ ﴿وَلَا يُنقِذُونِ﴾ و (لەسزای خوا) ڕزگارم ناکەن ﴿٢٣﴾ ﴿إِنِّيٓ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾ بێگومان من (ئەگەر هاوبەشی دابنێم) ئەو کاتە لەگومڕاییەکی زۆر ئاشکرادام ﴿٢٤﴾ ﴿إِنِّيٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ﴾ بەڕاستی من باوەڕم هێنا بەپەروەردگارتان و دە ئێوەش گوێتان لێبێ ﴿٢٥﴾ ﴿قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ﴾ (ئەم پیاوەیان شەهید کرد) پێی ووترا: بڕۆرە بەهەشتەوە ﴿قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ﴾ (ئەو پیاوەش) ووتی خۆزگە گەلەکەم بیانزانیایە ﴿٢٦﴾ ﴿بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي﴾ بەو ئەوەی کەپەروەردگارم لێم خۆشبووە ﴿وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ﴾ وەبردمیە ڕیزی ڕێز گیراوانەوە ﴿٢٧﴾

﴿وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾ وە لە دوای ئەو نەمان نارد خوارەوە بۆ سەر گەلەکەی ﴿مِن جُندٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ هیچ لەشکرێك لەئاسمانەوە ﴿وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ﴾ و ئێمە دابەزێنەر نەبووین ﴿٢٨﴾ ﴿إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً﴾ (هۆی تیاچوونیان) تەنیا شریخەیەکی بەهێز بوو ﴿فَإِذَا هُمْ خَٰمِدُونَ﴾ جا کتوپڕ ئەوانە هەموو جوڵەیان نەما و مردن ﴿٢٩﴾ ﴿يَٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِ﴾ ئای پەشیمانی وداخی سەخت بۆ ئەو بەندانەی (کەبێ باوەڕن) ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ هەر پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە تەنیا گاڵتەیان پێ دەکرد (و هیچ تر) ﴿٣٠﴾ ﴿أَلَمْ يَرَوْا۟﴾ ئایا نەیان زانیوە ﴿كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ﴾ لە پێش ئەواندا چەند گەلی (تاوانبار) مان لە ناو بردووە ﴿أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾ کەبێگومان ناگەڕێنەوە بۆ لای ئەمان ﴿٣١﴾ ﴿وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾ هەر هەموو (لە ناوبراوان) کۆ دەکرێنەوە لای ئێمە (و لەقیامەت دا) ئامادە دەکرێن ﴿٣٢﴾ ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلْأَرْضُ ٱلْمَيْتَةُ﴾ وە نیشانەو بەڵگەیەك بۆ ئەوان، ئەم زەوییە مردووەیە ﴿أَحْيَيْنَٰهَا﴾ کە زیندووەمان کردەوە ﴿وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ﴾ و دانەوێڵەمان لێ دەرهێنا (لێ ڕواند) کە لێی دەخۆن ﴿٣٣﴾ ﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ﴾ وە لەو (زەوییە) دا چەند باخ لەخورما و تریمان بەدی هێنا ﴿وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ ٱلْعُيُونِ﴾ و چەند کانیاومان تیادا هەڵقوڵاندوە ﴿٣٤﴾ ﴿لِيَأْكُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ﴾ بۆ ئەوەی لەبەروبوومەکانی بخۆن کەدەستی ئەوان بەرهەمی نەهێناوە ﴿أَفَلَا يَشْكُرُونَ﴾ دەی ئایا سوپاسی خوا ناکەن ﴿٣٥﴾ ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا﴾ پاك وبێگەردە زاتێك کە هەموو جووتەکانی (نێر و مێ) دروست کردووە ﴿مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ﴾ لەوەی کە زەوی دەیڕوێنێ و لە(ئادەمی) خۆیان ﴿وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ و لەو شتانەش کە نایزانن ﴿٣٦﴾ ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ ٱلنَّهَارَ﴾ شەویش بەڵگەو نیشانەیە بۆ ئەوان کە ئێمە ڕۆژی لێ دەردەهێنین ﴿فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ﴾ ئەمجا لەناکاودا تاریکی هەموویان دەگرێتەوە ﴿٣٧﴾ ﴿وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا﴾ خۆرییش بەڕەو بنکەی خۆی (لەگەڕاندایە و) دەڕوا ﴿ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾ ئەوە بڕیاردراوی (خوای) زاڵی بالادەستی زانایە ﴿٣٨﴾ ﴿وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ﴾ وەبۆ مانگیش چەند قۆناغێکمان داناوە ﴿حَتَّىٰ عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ﴾ (دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی) هەتا وەکو پەلی دار خورمای کۆنی (وشك بووی) لێ دێت ﴿٣٩﴾ ﴿لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ﴾ خۆر بۆی نییە (ناتوانێ) بگات بەمانگ ﴿وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ﴾ و شەویش ناتوانێ پێشکەوێ لەڕۆژ ﴿وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ و هەر یەکەیان (خۆرو مانگ)لە خولگەیەکدا مەلە دەکەن و دەسوڕێنەوە ﴿٤٠﴾

﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ﴾ وەبەڵگەیەکی ئاشکرای تر بۆ ئەوان ئەمەیە ﴿أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ﴾ کەبینگومان ئێمە نەوەکانی ئەوانمان لەکەشتی پڕکراو (لەخۆیان و کەل و پەلیان) دا هەڵگرتووە ﴿١٤١﴾ ﴿وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ﴾ وە بە وێنەی کەشتی شتانێکی تریشمان بۆ دروست کردوون کە سواری بن ﴿١٤٢﴾ ﴿وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ﴾ وە ئەگەر بمانەوێ نوقمیان دەکەین ﴿فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ﴾ جا هیچ کەس نایەت بەهاواریانەوە و ڕزگاریش ناکرێن (لە نوقم بوون) ﴿١٤٣﴾ ﴿إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَاعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾ مەگەر بەزەیی ئێمە (ڕزگاریان بکات) وتا کاتی دیار کراو بیان ژێنین ﴿١٤٤﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ﴾ وە کاتێك پێیان بوترێت ﴿اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ﴾ خۆتان بپارێزن (لەو سزای کە) لەبەردەمتان دایە و لەوەش لەپشتانەوەیە (لە ڕۆژی دوایی) ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ تارەحمتان پێ بکرێ ﴿١٤٥﴾ ﴿وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ﴾ وە هەر بەڵگەو ئایەتێکیان لە ئایەتەکانی پەروەردگاریان بۆ بێت ﴿إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ ئەوان هەر ڕوو وەردەگێڕن لەو (ئایەتانە) ﴿١٤٦﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ﴾ وە هەر کاتێ پێیان بوترێ لەوەی خوا پێی داون ببەخشن ﴿قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەڵێن بەوانەی ئیمانیان هێنا بوو ﴿أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ أَطْعَمَهُ﴾ ئایا خواردن بدەین بە کەسێ ئەگەر خوا بیویستایە خواردنی پێ دەدا ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ ئێوە تەنها لە گومڕاییەکی ئاشکرادان ﴿١٤٧﴾ ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ وەدەڵێن ئەم بەڵێنە کەی دێت ئەگەر ئێوە ڕاست گۆن ﴿١٤٨﴾ ﴿مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ﴾ ئەمانە چاوەڕوانی هیچ ناکەن مەگەر شریخە و دەنگێکی بەهێز (فوو کردن بە کەڕەنادا) بیانگرێت ﴿وَهُمْ يَخِصِّمُونَ﴾ لە کاتێکدا لە نێو خۆیاندا دەمە قاڵێ دەکەن ﴿١٤٩﴾ ﴿فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَا إِلَىٰ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ﴾ ئەوسا ناتوانن هیچ وەسیەتێك بکەن یان بگەڕێنەوە لای کەس و کاریان ﴿١٥٠﴾ ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ﴾ وە (جارێ تر) فوو دەکرێ بە کەڕەنادا ﴿فَإِذَا هُم مِّنَ الْأَجْدَاثِ﴾ ئەمجا ئەوان کنوپڕ لە گۆڕەکان دێنەدەروەو ﴿إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ﴾ بەپەلە دەڕۆن بۆ لای پەروەردگاریان ﴿١٥١﴾ ﴿قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا﴾ دەڵێن ئەی هاوار بۆ ئێمە کێ زیندووی کردینەوەلە گۆڕەکانمان دا ﴿هَٰذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَٰنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ﴾ ئەمە ئەو بەڵێنەیە خوای میهرەبان پێ ی داین و پێغەمبەرەکان ڕاستیان کرد ﴿١٥٢﴾ ﴿إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً﴾ تەنها شریخە ودەنگێکی گەورە دێت ﴿فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾ ئیتر کتوپڕ هەموویان (بە کۆمەڵ) لای ئێمە ئامادە کراون ﴿١٥٣﴾ ﴿فَالْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا﴾ ئەمڕۆش هیچ جۆرە ستەمێك لە کەس ناکرێ ﴿وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ وە جگە لەوەی کەدەتان کرد پاداشت وسزا نادرێنەوە ﴿١٥٤﴾

﴿إِنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ ٱلْيَوْمَ﴾ بەڕاستی بەهەشتی یەکان ئەمڕۆ ﴿فِى شُغُلٍ فَٰكِهُونَ﴾ لەخۆشی و شادیدا سەرقاڵن ﴿٥٥﴾ ﴿هُمْ وَأَزْوَٰجُهُمْ فِى ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ﴾ خۆیان و هاوسەرەکانیان لە سێبەرەکاندا لە سەر تەخت (ی ڕازاوە) باڵیان داوەتەوە ﴿٥٦﴾ ﴿لَهُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ﴾ لەو (بەهەشتە)دا بۆیان ئامادەیەمیوەهات وهەرچی داوا بکەن ﴿٥٧﴾ ﴿سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ﴾ سەلام (یان لێ دەکرێت) بەووتەیەك لە لایەن پەروەردگاری میهرەبانەوە ﴿٥٨﴾ ﴿وَٱمْتَٰزُوا۟ ٱلْيَوْمَ أَيُّهَا ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ ئێوەش ئەی تاوانباران ئەمڕۆ جیا ببنەوە (لە ئیمانداران) ﴿٥٩﴾ ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم ئایا وەسیێتم بۆ نەکردن ﴿أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ﴾ کە شەیتان نەپەرستن ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ چونکە بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە ﴿٦٠﴾ ﴿وَأَنِ ٱعْبُدُونِى هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾ وە(ئایا وەسیێتم بۆ نەکردن) کەمن بپەرستن ئەمە ڕێگای ڕاستە ﴿٦١﴾ ﴿وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا﴾ سوێند بەخوا بێگومان (شەیتان) خەڵکێکی زۆری لە ئێوە گومڕا کرد ﴿أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا بۆ ژیر نەبوون ﴿٦٢﴾ ﴿هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾ ئەمەئەودۆزەخەیە کەبەڵێنتان پێ درابوو ﴿٦٣﴾ ﴿ٱصْلَوْهَا ٱلْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ ئەمڕۆ بڕۆنە ناوی یەوە بەهۆی بێ باوەڕ بوونتانەوە ﴿٦٤﴾ ﴿ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ﴾ ئەمڕۆ مۆر دەنێین بەسەر دەمیاندا ﴿وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ﴾ و دەستیان قسەمان لەگەڵدا دەکەن ﴿وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ و قاچیان شایەتی دەدەن بەوەی کە کردویانە ﴿٦٥﴾ ﴿وَلَوْ نَشَآءُ لَطَمَسْنَا عَلَىٰٓ أَعْيُنِهِمْ﴾ وەئەگەر بمانەوێ ڕووناکی چاویان ناهێڵین (کوێریان دەکەین) ﴿فَٱسْتَبَقُوا۟ ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبْصِرُونَ﴾ ئەوسا دەیانەوێ بەڕەو ڕێگای ڕاست پێشبرکێ بکەن جا چۆن دەبینن ﴿٦٦﴾ ﴿وَلَوْ نَشَآءُ لَمَسَخْنَٰهُمْ عَلَىٰ مَكَانَتِهِمْ﴾ خۆ ئەگەر بمانەوێ لەشوێنی خۆیاندا شێوەی ئادەمیان دەگۆڕین (دەیان کەین بە شتێکی خراپ) ﴿فَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ مُضِيًّا وَلَا يَرْجِعُونَ﴾ بەهۆی ئەو (گوڕینەوە) نەیان دەتوانی نەبڕۆن ونەبگەڕێنەوە ﴿٦٧﴾ ﴿وَمَن نُّعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِى ٱلْخَلْقِ أَفَلَا يَعْقِلُونَ﴾ وە تەمەنی هەر کەس درێژ کەین لاشەی لاواز و نائەوان دەکەین دەی ئایا ژیر نابن ﴿٦٨﴾ ﴿وَمَا عَلَّمْنَٰهُ ٱلشِّعْرَ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُۥٓ﴾ ئێمە ئەو (موحەممەد ﷺ) مان فێری شیعر نەکردووە، وشیعروونتن شیاوی ئەو نی یە ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْءَانٌ مُّبِينٌ﴾ و ئەوەی (موحەممەد ﷺ) دەیڵێ پەند و ئامۆژگاری و قورئانی ڕونکەرەوەی (ڕاستی یە) ﴿٦٩﴾ ﴿لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا﴾ بۆ ئەوەی ئەوانەی (دڵ) زیندوون بیان ترسێنێ ﴿وَيَحِقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ و بەڵێنی (سزا) بەسەپێنێت بەسەر بێ باوەڕاندا ﴿٧٠﴾

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا﴾ ئایا نەیان دی (نەیان زانیوە) ﴿أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَامًا﴾ کە بێگومان ئێمە ئاژەڵمان بۆ ئەوان دروست کردووە ﴿فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ﴾ ئەمجا ئەوان خاوەنیانن ﴿٧١﴾ ﴿وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ﴾ وە ڕامان هێناون بۆیان ﴿فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ﴾ ئەمجا سواری هەندێکیان دەبن و (گۆشتی) هەندێکیشیان دەخۆن ﴿٧٢﴾ ﴿وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَمَشَارِبُ﴾ وە زۆر سوودیان لێ دەبینن وشتی خواردنەوەشیان لێ وەردەگرن ﴿أَفَلَا يَشْكُرُونَ﴾ دەی ئایا سوپاسی خوا ناکەن ﴿٧٣﴾ ﴿وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً﴾ وە بێجگە لە خوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان داناوە ﴿لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ﴾ بەو هیوایەی یارمەتی بدرێن ﴿٧٤﴾ ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ﴾ (ئەو پەرستراوانە) ناتوانن یارمەتیان بدەن ﴿وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ﴾ بەڵام ئەمان سەربازی ئامادەن، لە خزمەتیاندان (وملکەچی ئەو بتانەن) ﴿٧٥﴾ ﴿فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ﴾ جا قسەکانیان خەمبارت نەکات ﴿إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾ چونکە بەڕاستی ئەوەی دەی شارنەوەو ئەوەی ئاشکرای دەکەن دەیزانین ﴿٧٦﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَ الْإِنسَانُ﴾ ئایا ئادەمی نەیزانیوە ﴿أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ﴾ کە ئەومان لە نوتفەیەك دروست کردووە ﴿فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ﴾ کەچی یەکسەر دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی دیار (دەمقاڵێ کەرێکی ئاشکرایە) ﴿٧٧﴾ ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ﴾ وە نموونەمان بۆ دێنێتەوە و بەدیهێنانی خۆی لە بیر چۆتەوە ﴿قَالَ مَن يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ﴾ (ئەو بێ بڕوایە) دەڵێ کێ ئێسکەکان زیندوو دەکاتەوە لە کاتێکدا کە ڕزیون ﴿٧٨﴾ ﴿قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەو زاتە زیندوویان دەکاتەوە کە لە یەکەم جارەوە بە دی هێناون ﴿وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾ و ئەو بە هەموو دروست کراوێك زانا و ئاگادارە ﴿٧٩﴾ ﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا﴾ زاتێ کە لە درەختی سەوز ئاگری بۆ دروست کردون ﴿فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ﴾ ئیتر ئێوە ئاگری پێ دەکەنەوە ﴿٨٠﴾ ﴿أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ ئایا زاتێ کە ئاسمانەکان و زەوی بەدی هێناوە ﴿بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم﴾ ناتوانێ وێنەیان دروست بکات؟ ﴿بَلَىٰ وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ﴾ بەڵێ دەتوانێ و هەر ئەویش دروست کەری زانایە ﴿٨١﴾ ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا﴾ بەڕاستی کاری ئەو (خوا) ئەمەیە هەر کاتێ بیەوێ شتێك بە دی بهێنێت ﴿أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾ پێی دەڵێ: ببە، دەست بەجێ (ئەو شتە) دەبێت ﴿٨٢﴾ ﴿فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ جا پاك و بێگەردە ئەو خوایەی کە مولکایەتی هەموو شتێك بەدەست ئەوە ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ و بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە ﴿٨٣﴾

سورەتی ﴿الصَّافَّاتِ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَالصَّافَّاتِ صَفًّا﴾ سوێند بەو فریشتانە ڕیز بوون (لە کاتی عیبادەتدا) ① ﴿فَالزَّاجِرَاتِ زَجْرًا﴾ وە سوێند بەوانە کە دەخورێن بەسەر هەورەکاندا ② ﴿فَالتَّالِيَاتِ ذِكْرًا﴾ وە سوێند بەخوێنەرانی قورئان ③ ﴿إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَاحِدٌ﴾ بەڕاستی پەرستراوی ئێوە تاك و تەنهایە ④ ﴿رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی وئەوەی لە نێوانیاندایە ﴿وَرَبُّ الْمَشَارِقِ﴾ و پەروەردگاری خۆر هەڵاتەکان ⑤ ﴿إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ﴾ بێگومان ئێمە ئاسمانی دونیامان بەجوانی ئەستێرەکان ڕازاندۆتەوە ⑥ ﴿وَحِفْظًا مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ مَارِدٍ﴾ وە لەهەموو شەیتانێکی سەرکەش پارێزوومانە ⑦ ﴿لَا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ﴾ ناتوانن گوێ بگرن بۆ ئەو فریشتانەی لە بەرزترین پلەدان ﴿وَيُقْذَفُونَ مِنْ كُلِّ جَانِبٍ﴾ وە (ئەگەر بچن گوێ بگرن) لە هەموو لایەکی (ئاسمانەوە) ئاگر باران دەکرێن ⑧ ﴿دُحُورًا وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ﴾ ڕاو دەنرێن زۆر بە تونڊی و (لە قیامەتدا) سزایان بەردەوامە وسەختە ⑨ ﴿إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ﴾ (شەیتانەکان ناتوانن گوێ بگرن) مەگەر یەکێکیان بە دزیەوە هەواڵێك (لە فریشتەیەك بیستێ و) بە پەلە بیفرێنێ ﴿فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ﴾ بزیسکی گڕدار وسوێنەری شوێن دەکەوێت (و دەی سوتێنێ) ⑩ ﴿فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا﴾ ئەمجا (ئەی موحەممەد ﷺ) بپرسە لەوانەی (کە بێباوەڕن) ئایا ئەوان دروستکراوێکی گەورەتر و گرنگتر و بەهێزترن ؟ ﴿أَمْ مَنْ خَلَقْنَا﴾ یان ئەو شتانەی تر کە دروستمان کردووە (لە ئاسمان و خۆر و زەوی و...) ﴿إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِنْ طِينٍ لَازِبٍ﴾ بەڕاستی ئێمە ئەوان (ئادەمی) مان دروست کرد لە قوڕێکی لینجی جێر ⑪ ﴿بَلْ عَجِبْتَ وَيَسْخَرُونَ﴾ بەڵام (سەیرە) تۆ سەرت سوڕماوە (چۆن باوەڕ ناهێنن) کەچی ئەوان گاڵتە دەکەن (بە تۆ کە دەڵێیت زیندوو بوونەوە هەیە) ⑫ ﴿وَإِذَا ذُكِّرُوا لَا يَذْكُرُونَ﴾ وە کاتێ ئامۆژگاری بکرێن ئامۆژگاری وەر ناگرن ⑬ ﴿وَإِذَا رَأَوْا آيَةً يَسْتَسْخِرُونَ﴾ وە کاتێ موعجیزەیەك ببینن دەیکەنە گاڵتەجار ⑭ ﴿وَقَالُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ وە دەڵێن ئەم (قورئانە) هیچ نییە جگە لە جادوویەکی ئاشکرا ⑮ ﴿أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا﴾ (دەڵێن) ئایا ئێمە کە مردین و بووین بەخۆڵ و ئێسکی ڕزیو ﴿أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ﴾ ئایا ئێمە زیندوو دەکرێینەوە؟! ⑯ ﴿أَوَآبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ﴾ لەگەڵ باوو باپیرانی پێشینانمان ⑰ ﴿قُلْ نَعَمْ وَأَنْتُمْ دَاخِرُونَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: بەڵێ (هەموتان زیندوو دەکرێنەوە) و لەو کاتەدا ئێوە زەلیل و سەرشۆڕن ⑱ ﴿فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ فَإِذَا هُمْ يَنْظُرُونَ﴾ چونکە ئەو (زیندوو بوونەوەیە) هەر یەك دەنگە ئێتر دەست بەجێ زیندوون و دەڕوانن ⑲ ﴿وَقَالُوا يَا وَيْلَنَا هَٰذَا يَوْمُ الدِّينِ﴾ وە دەڵێن: وای بۆ خۆمان ئەمە ڕۆژی تۆڵەسەندن وپاداشتە ⑳ ﴿هَٰذَا يَوْمُ الْفَصْلِ الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ﴾ (پێیان دەوترێ) ئەمە ئەو ڕۆژی بڕیاردانە یە کە باوەڕتان پێی نەبوو ㉑ ﴿احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ﴾ (خوا بەفریشتەکان دەفەرموێ) ئەوانەی ستەمیان کرد کۆیان بکەنەوە لەگەڵ هاوڕێکانیان (هاو وێنەکانیان) ﴿وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ﴾ لەگەڵ ئەوانەش دەیان پەرستن ㉒ ﴿مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ جگە لە خوا ﴿فَاهْدُوهُمْ إِلَىٰ صِرَاطِ الْجَحِيمِ﴾ ئەمجا ڕێگای دۆزەخیان نیشان دەن ㉓ ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُمْ مَسْئُولُونَ﴾ وە ئەوانە ڕاوەستێنن بێگومان پرسیاریان لێ دەکرێ ㉔

﴿مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ﴾ (بێیان دەوترێ) ئەوە چیتانە یارمەتی یەکتر نادەن ﴿٢٥﴾ ﴿بَلْ هُمُ الْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ﴾ (نەخێر یارمەتیی یەکتر نادەن) بەڵکو ئەوان هەموو (بەندەو پەرستراوەکانیان) لەو ڕۆژەدا گەردن کەچن بۆ خوا ﴿٢٦﴾ ﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾ و (لەو ڕۆژەدا) ڕوو دەکەنە یەکترو پرسیار لەیەکتر دەکەن ﴿٢٧﴾ ﴿قَالُوا إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ الْيَمِينِ﴾ (گومڕاکەراوەکان بەگومڕاکەرەکان) دەڵێن بەڕاستی ئێوە بوون لەلای ڕاستەوە هاتنە لامان (نەتان هێشت شوێنی کەوین) ﴿٢٨﴾ ﴿قَالُوا بَل لَّمْ تَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (گومڕاکەرەکان) دەڵێن (نەخێر ڕاست ناکەن) بەڵکو ئێوە خۆتان ئیمان دار نەبوون ﴿٢٩﴾ ﴿وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ﴾ وە ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئێوەدا نەبوو ﴿بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَاغِينَ﴾ بەڵکو خۆتان گەلێکی لەخواياخی بوون ﴿٣٠﴾ ﴿فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَا إِنَّا لَذَائِقُونَ﴾ ئەوەتە بڕیاری پەروەردگارمان (بەسزا دانمان) سەپا بەسەرماندا، کە بەڕاستی دەبێ بیچەژین ﴿٣١﴾ ﴿فَأَغْوَيْنَاكُمْ إِنَّا كُنَّا غَاوِينَ﴾ بەڵێ ئێمە ئێوەمان گومڕا کرد چونکە بەڕاستی خۆشمان گومڕا بووین ﴿٣٢﴾ ﴿فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾ جا بەڕاستی هەموویان (گومڕاکەراو و گومڕاکار) لەو ڕۆژەدا لەسزادا هاوبەشن ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ﴾ بێگومان ئێمە تاوانباران بەو جۆرە لێ دەکەین ﴿٣٤﴾ ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ﴾ بەڕاستی هەر کاتێ بەوانە بوترایە ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە بێجگە لە خوا، خۆیان بە گەورە دەزانی (و ملکەچی نەدەبوون) ﴿٣٥﴾ ﴿وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا﴾ وە دەیان ووت: ئایا ئێمە پەرستراوەکانمان واز لێ بهێنین؟ ﴿لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ﴾ لە بەر شاعیرێکی شێت ﴿٣٦﴾ ﴿بَلْ جَاءَ بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ﴾ (نەخێر وانییە) بەڵکو ئەو (پێغەمبەرە) هەقی هێناوەو باوەڕی بە پێغەمبەرانی پێشوو هەیە ﴿٣٧﴾ ﴿إِنَّكُمْ لَذَائِقُو الْعَذَابِ الْأَلِيمِ﴾ بەڕاستی ئێوە سزای سەخت دەچەژن ﴿٣٨﴾ ﴿وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ و ئێوە تەنها تۆڵەی ئەو (خراپانە)تان لێ دەسەنرێ کەکردوتانە ﴿٣٩﴾ ﴿إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ بەڵام بەندە پاک و هەڵبژاردەکانی خوا ﴿٤٠﴾ ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ﴾ ئەوانەن ڕزق و ڕۆزی دیار کراویان بۆ هەیە ﴿٤١﴾ ﴿فَوَاكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ﴾ کەمیوە هاتبێ جۆرا و جۆرە، وە ئەوان ڕێز لێگیراون ﴿٤٢﴾ ﴿فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾ لەبەهەشتانی پڕ ناز و نیعمەتدا ﴿٤٣﴾ ﴿عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾ لەسەر تەخت و کورسی یە ڕازاوەکان بەڕامبەر یەکتر دانیشتوون ﴿٤٤﴾ ﴿يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ﴾ بەسەریاندا دەسوڕێنەوە بە پەرداخی پڕ لەشەرابی پاک وخاوێن لە ڕووبارە ڕۆشتوەکانی بەهەشت ﴿٤٥﴾ ﴿بَيْضَاءَ لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ﴾ سپیە لە ڕەنگدا، زۆر بەلەزەتە بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە (کەهیچ زیانێک بەلاشەو ژیری مرۆڤ ناگەیەنێت) ﴿٤٦﴾ ﴿لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ﴾ (ئەو شەرابە)نەمێشکیان تێک دەدات نەسەر خۆشیان دەکات ﴿٤٧﴾ ﴿وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ﴾ وە ئافرەتانی چاو جوان و گەورەیان لایە، کە جگە لە میردەکانیان سەیری کەس ناکەن ﴿٤٨﴾ ﴿كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ﴾ وەکو هێلکەی ناو هێلانەن (یان ئەڵێی مرواری ناو سەدەفن) ﴿٤٩﴾ ﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾ ئەمجا ڕوو دەکەنە یەک و پرسیار لە یەکتر دەکەن ﴿٥٠﴾ ﴿قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ﴾ یەکێ لەوان دەڵێ: من (لە دونیا) هاوەڵێکم هەبوو ﴿٥١﴾

﴿يَقُولُ أَءِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ﴾ دەی ووت: ئایا بەڕاستی تۆ لەوانەی باوەڕت هەیە (بەزیندوو بوونەوە؟!) ﴿٥٣﴾ ﴿أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا﴾ ئایا کاتێ مردین و بووین بە خاك و ئێسقانی پزیوو ﴿أَءِنَّا لَمَدِينُونَ﴾ ئایا بەڕاستی ئێمە(زیندوو دەکرێینەوەو) سزا دەدرێن ﴿٥٤﴾ ﴿قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ﴾ (پیاوە بەهەشتییەکە) ووتی ئایا ئێوە تەماشا (ی دۆزەخ) ناکەن ﴿٥٥﴾ ﴿فَاطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ﴾ ئەمجا خۆی سەیری کرد کتوپڕ لە ناوەڕاستی دۆزەخدا ئەو (هاوڕێی) بینی ﴿٥٦﴾ ﴿قَالَ تَاللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ﴾ پێی ووت سوێند بەخوا نزیك بوو منیش هەڵدێری ﴿٥٧﴾ ﴿وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ﴾ وە ئەگەر میهرەبانی پەروەردگارم فریام نەکەوتایە، منیش لە ئامادەکراوان (ی ناو دۆزەخ) دەبووم ﴿٥٨﴾ ﴿أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ﴾ دەی ئایا ئێمە نامرین؟! ﴿٥٩﴾ ﴿إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ﴾ جگە لە مردنەکەی یەکەم (ی دونیا)مان ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ وەئێمە سزا نادرێین؟! ﴿٦٠﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ بەڕاستی ئەمەیە سەرکەوتنی گەورە ﴿٦١﴾ ﴿لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ﴾ باتیکۆشەران بۆ پاشەڕۆژی ڕۆژنکی واتیبکۆشن ﴿٦٢﴾ ﴿أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ﴾ ئایا ئەو (نیعمەتانەی باسکرا) ڕێز گرتن و میوان داریێیە باشە، یان(بەری) درەختی ژەقنەمووت ؟ ﴿٦٣﴾ ﴿إِنَّا جَعَلْنَاهَا فِتْنَةً لِّلظَّالِمِينَ﴾ بێگومان ئێمە ئەو (دارە)مان کردە هۆی تاقی کردنەوەی ستەمکاران (کە لە دونیادا گالتەیان پێ دەکرد) ﴿٦٤﴾ ﴿إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِي أَصْلِ الْجَحِيمِ﴾ بەڕاستی ئەو (ژەقنەموو تە) درەختێکە لە بنێخی دۆزەخ دا دەڕوێت ﴿٦٥﴾ ﴿طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُءُوسُ الشَّيَاطِينِ﴾ بەڕووبوومەکەی هەروەك سەری شەیتانەکانە (ناشیرین و چڵ چڵاوی یە) ﴿٦٦﴾ ﴿فَإِنَّهُمْ لَآكِلُونَ مِنْهَا﴾ جا بێگومان ئەو (دۆزەخیانە) لەو درەختە دەخۆن ﴿فَمَالِئُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ﴾ و سکیان لە (بەری) ئەو درەختە پڕ دەکەن ﴿٦٧﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ﴾ لە پاشان بە ڕاستی ئاوێکی لێڵی زۆر گەرمی بەسەردا دەخۆنەوە ﴿٦٨﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى الْجَحِيمِ﴾ بێگومان دواتر گەڕانەوەیان بۆ دۆزەخە ﴿٦٩﴾ ﴿إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءَهُمْ ضَالِّينَ﴾ بەڕاستی ئەوان باو و باپیرانی خۆیانیان بە گومڕایی بینی ﴿٧٠﴾ ﴿فَهُمْ عَلَىٰ آثَارِهِمْ يُهْرَعُونَ﴾ ئەمجا ئەوان هاندەدران بۆ شوێن کەوتنیان (لە گومڕاییدا) ﴿٧١﴾ ﴿وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ الْأَوَّلِينَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان پێش ئەو (گومڕایانەی قوڕەیش) زۆربەی گەلە پێشینەکان گومڕا بوون ﴿٧٢﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا فِيهِم مُّنذِرِينَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە لە ناو خۆیاندا (پێغەمبەرانی) ترسێنەرمان بۆ ناردن ﴿٧٣﴾ ﴿فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنذَرِينَ﴾ ئەمجا (ئەی موحەممەد ﷺ) سەرنج بدە سەرئەنجامی ترسێنراوەکان چۆن بوو ﴿٧٤﴾ ﴿إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ بێجگە لە بەندە هەڵبژێراوەکانی خوا ﴿٧٥﴾ ﴿وَلَقَدْ نَادَانَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ الْمُجِيبُونَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی نووح (علیه السلام) هاواری لێ کردین ئەمجا ئێمەش زۆر چاك وەڵامی (هاوارەکەی) ئەومان دایەوە ﴿٧٦﴾ ﴿وَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ﴾ خۆی و کەس و کاری (باوەڕداری) مان لە تەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد ﴿٧٧﴾

﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ الْبَاقِينَ﴾ وە تەنها نەوەکانی ئەومان (لەسەر زەوی) هێشتەوە ﴿٧٧﴾ ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ﴾ وە باس وناوبانگی (باشی) ئەومان لەناو گەلە پاشینەکاندا هێشتەوە (کە ئەمەیە) ﴿٧٨﴾ ﴿سَلَامٌ عَلَىٰ نُوحٍ فِي الْعَالَمِينَ﴾ سەلام و دروود لەسەر نووح لە لایەن هەموو جیهانیانەوە ﴿٧٩﴾ ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە ئا بەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿٨٠﴾ ﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ﴾ بێگومان ئەو لە بەندە باوەڕدارەکانی ئێمە بوو ﴿٨١﴾ ﴿ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ﴾ لە پاشان ئەوانی تر (دوژمنان) مان نوقم کرد ﴿٨٢﴾ ﴿وَإِنَّ مِنْ شِيعَتِهِ لَإِبْرَاهِيمَ﴾ بەڕاستی ئیبراهیم لە پەیڕەوان و شوێنکەوتوانی نووح بوو (لە بنەماکانی ئایینداً) ﴿٨٣﴾ ﴿إِذْ جَاءَ رَبَّهُ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ کاتێ بە دڵێکی ساغەوە بەرەو پەروەردگاری هات ﴿٨٤﴾ ﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَاذَا تَعْبُدُونَ﴾ کاتێ کە بەباوکی و گەلەکەی ووت چی دەپەرستن ﴿٨٥﴾ ﴿أَئِفْكًا آلِهَةً دُونَ اللَّهِ تُرِيدُونَ﴾ ئایا بێجگە لە خوا پەرستراوێکی درۆ و هەڵبەستراوتان دەوێ (بیپەرستن) ﴿٨٦﴾ ﴿فَمَا ظَنُّكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ئاخۆ گومانتان چۆنە بەرانبەر بە پەروەردگاری جیهانیان؟ ﴿٨٧﴾ ﴿فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي النُّجُومِ﴾ ئەمجا سەیرێکی ئەستێرەکانی کرد ﴿٨٨﴾ ﴿فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ﴾ جا ووتی من نەخۆشم (نایەم بۆ جەژنەکەتان لە دەرەوەی شار) ﴿٨٩﴾ ﴿فَتَوَلَّوْا عَنْهُ مُدْبِرِينَ﴾ ئەوانیش پشتیان تێ کرد و ڕۆشتن (بۆ دەرەوەی شار بۆ جەژنەکەیان) ﴿٩٠﴾ ﴿فَرَاغَ إِلَىٰ آلِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ﴾ جا (ئیبراهیم) بە نهێنی ڕۆشت بۆ لای پەرستراوەکانیان (بە گاڵتەوە) پێی ووتن ئەوە بۆ شت ناخۆن ﴿٩١﴾ ﴿مَا لَكُمْ لَا تَنْطِقُونَ﴾ ئەوە چیتانە قسە ناکەن ﴿٩٢﴾ ﴿فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ﴾ ئەمجا بەدەستی ڕاستی (بە تەور) دەستی کرد بەلێدانیان (وردە وردی کردن جگە بتە گەورەکەیان) ﴿٩٣﴾ ﴿فَأَقْبَلُوا إِلَيْهِ يَزِفُّونَ﴾ (گەلەکەی زانیان) یەکسەر بە پەلە بەرەو ئیبراهیم هاتن ﴿٩٤﴾ ﴿قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی ئایا ئێوە بتانێك دەپەرستن کە خۆتان دەیتاشن و دروستی دەکەن؟ ﴿٩٥﴾ ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾ لە کاتێکدا خوا بەدیهێنەری خۆتان و ئەو بتانەشە دروستان کردون ﴿٩٦﴾ ﴿قَالُوا ابْنُوا لَهُ بُنْيَانًا فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ﴾ ووتیان بینایەکی بەرزی بۆ دروست بکەن (پڕی کەن لە ئاگر) و فڕێ ی بدەنە ناو ئاگرەکەوە ﴿٩٧﴾ ﴿فَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَسْفَلِينَ﴾ وویستیان (بیکوژن) بە پیلان بەڵام ئێمە ئەوانمان ژێر خست ﴿٩٨﴾ ﴿وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّي سَيَهْدِينِ﴾ (ئیبراهیم) ووتی من دەڕۆم بۆ لای پەروەردگارم، دڵنیام ڕێنمووتیم دەکات ﴿٩٩﴾ ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ ئەی پەروەردگارم منداڵێکی چاکم پێ ببەخشە ﴿١٠٠﴾ ﴿فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ﴾ ئێمەش مژدەی کوڕێکی لەسەرخۆمان پێدا ﴿١٠١﴾ ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ﴾ جا کاتێ ئەو (کوڕە گەورە بوو تا) گەشتە ئەوەی ئیش و کار بکات لە گەڵ (ئیبراهیم) دا ﴿قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم بەڕاستی من لە خەودا بینیم کە سەرت دەبڕم ﴿فَانْظُرْ مَاذَا تَرَىٰ﴾ جا سەرنج بدە دەڵێیت چی و ڕات چی یە ؟ ﴿قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ﴾ (کوڕەکە = ئیسماعیل) ووتی بابە گیان ئەوەی فەرمانت پێ دراوە بیکە ﴿سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ﴾ دڵنیابە دەمبینی بە وویستی خوا لە خۆگران دەبم ﴿١٠٢﴾

﴿فَلَمَّآ أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ﴾ ئەمجا کاتێ هەر دووکیان ملکەچ بوون (بۆ فەرمانی خوا) و ئیبراهیم ئیسماعیلی بەرووداخستەسەر زەوی ﴿١٠٣﴾ ﴿وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ﴾ ئێمەش بانگمان کرد ئەی ئیبراهیم ﴿١٠٤﴾ ﴿قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ﴾ بێگومان خەوەکەت بەجێ هێنا ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە ئابەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿١٠٥﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ﴾ بێگومان ئەمە تاقی کردنەوەی ئاشکرابوو ﴿١٠٦﴾ ﴿وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ﴾ وە بەرانێکی گەورەمان کردە قوربانی ئەو (ئیسماعیل) ﴿١٠٧﴾ ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ﴾ وە باسکردن بەچاکەی ئیبراهیممان لەناو گەلانی داهاتوودا هێشتەوە ﴿١٠٨﴾ ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ دروود و سەلام لەسەر ئیبراهیم ﴿١٠٩﴾ ﴿كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ ئا بەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿١١٠﴾ ﴿إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ بەڕاستی ئەو لەبەندە ئیمان دارەکانی ئێمەیە ﴿١١١﴾ ﴿وَبَشَّرۡنَٰهُ بِإِسۡحَٰقَ نَبِيّٗا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ مژدەی ئیسحاقمان پێدا (کە دەبێتە) پێغەمبەرێک لەچاکەکاران ﴿١١٢﴾ ﴿وَبَٰرَكۡنَا عَلَيۡهِ وَعَلَىٰٓ إِسۡحَٰقَۚ﴾ جا فەر و بەرەکەتمان ڕشت بەسەر ئیبراهیم و ئیسحاق دا ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحۡسِنٞ وَظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ مُبِينٞ﴾ و لە نەوەی هەردووکیان کارچاک و ستەمکار لەدەروونی خۆی بەتاشکرا هەبوو ﴿١١٣﴾ ﴿وَلَقَدۡ مَنَنَّا عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان منەتمان نا بەسەر موسا و هاروون دا ﴿١١٤﴾ ﴿وَنَجَّيۡنَٰهُمَا وَقَوۡمَهُمَا مِنَ ٱلۡكَرۡبِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ هەردووکیان و گەلەکەیانمان لە تەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد ﴿١١٥﴾ ﴿وَنَصَرۡنَٰهُمۡ فَكَانُواْ هُمُ ٱلۡغَٰلِبِينَ﴾ وە یارمەتیمان دان، بۆیە هەر ئەوان سەرکەوتن (بەسەر فیرعەون و کۆمەڵەکەیدا) ﴿١١٦﴾ ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُمَا ٱلۡكِتَٰبَ ٱلۡمُسۡتَبِينَ﴾ وە کتێبی ڕوونکەرەوەمان دا بەهەردووکیان (بەموسا و هاروون) ﴿١١٧﴾ ﴿وَهَدَيۡنَٰهُمَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ وە ڕێنموونی هەردووکیانمان کرد بۆ ڕێگای ڕاست ﴿١١٨﴾ ﴿وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِمَا فِي ٱلۡأٓخِرِينَ﴾ وە ناوبانگی چاکی هەردووکیانمان لە ناو گەلە پاشینەکاندا هێشتەوە ﴿١١٩﴾ ﴿سَلَٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ سەلام لەسەر موسا و هاروون بێت ﴿١٢٠﴾ ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە ئا بەو جۆرە پاداشتی کارچاکان دەدەینەوە ﴿١٢١﴾ ﴿إِنَّهُمَا مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ بێگومان هەردووکیان لەبەندە ئیماندارەکانی ئێمەن ﴿١٢٢﴾ ﴿وَإِنَّ إِلۡيَاسَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ بەڕاستی ئیلیاس (پێغەمبەرێک بوو) لەپێغەمبەران ﴿١٢٣﴾ ﴿إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ﴾ کاتێ بەگەلەکەی ووت ئەوەلەخوا ناترسن (خۆتان ناپارێزن) ﴿١٢٤﴾ ﴿أَتَدۡعُونَ بَعۡلٗا وَتَذَرُونَ أَحۡسَنَ ٱلۡخَٰلِقِينَ﴾ ئایا (بتی) بەعل دەپەرستن و واز دێنن لە (پەرستنی) چاکترینی دروستکەر و بەدیهێنەران (کە خوای گەورەیە) ﴿١٢٥﴾ ﴿ٱللَّهَ رَبَّكُمۡ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ کەخوای پەروەردگاری ئێوە و باوو باپیرە پێشینەکانتانە ﴿١٢٦﴾

﴿فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ﴾ کەچی باوەڕیان نەهێنا بە ئیلیاس کەوابوو بێگومان ئەوان ئامادە دەکرێن (لە دۆزەخ دا) ﴿١٢٧﴾ ﴿إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ جگە بەندە هەڵبژێراوەکانی خوا ﴿١٢٨﴾ ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ﴾ وە باسی چاکی ئەو (ئیلیاس) مان لەناو گەلە پاشینەکان دا هێشتەوە ﴿١٢٩﴾ ﴿سَلَامٌ عَلَىٰ إِلْ يَاسِينَ﴾ سەلام لەسەر ئیلیاس بێت (ئیلیاسین و ئیلیاس هەر یەک کەسە) ﴿١٣٠﴾ ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە ئا بەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿١٣١﴾ ﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ﴾ بێگومان ئەو (ئیلیاس) لە بەندە باوەڕدارەکانی ئێمەیە ﴿١٣٢﴾ ﴿وَإِنَّ لُوطًا لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ بەڕاستی لووط (پێغەمبەرێک بوو) لە پێغەمبەران ﴿١٣٣﴾ ﴿إِذْ نَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ﴾ کاتێک خۆی و هەموو کەسەکانی و شوێن کەوتووانیمان ڕزگار کرد ﴿١٣٤﴾ ﴿إِلَّا عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ﴾ بێجگە لەپیرەژنێک (خێزانی لووط) کە لە تیاچووەکان بوو ﴿١٣٥﴾ ﴿ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ﴾ پاشان ئەوانی ترمان لەناو برد ﴿١٣٦﴾ ﴿وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ﴾ بەڕاستی ئێوە (ئەی قوڕەیشییەکان) بە بەیانیاندا (بە ڕۆژ) دەڕۆن بەسەر (شوێنەوارەکانیاندا) ﴿١٣٧﴾ ﴿وَبِاللَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ و بەشەودا ئایا ئێتر ژیر نابن ﴿١٣٨﴾ ﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ وە بە ڕاستی یونس (پێغەمبەرێک بوو) لەپێغەمبەران ﴿١٣٩﴾ ﴿إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ﴾ کاتێ ڕای کرد بۆ لای کەشتیەکی پڕ (لە خەڵک) ﴿١٤٠﴾ ﴿فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ﴾ ئەمجا (ئەو کەشتیە لەبەر ئەوەی باری قووڕس بوو، لەترسی نوقم نەبوونی، خەڵکەکەی کە لەناویدا بوون، قورعەکێشیان کرد بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دەرچوو بیخەنە ناو دەریاکەوە وباری کەشتیەکە سووکتر ببێت) قورعەیان کرد (یونس) ئەو کەسە بوو لەقورعەکە سەرنەکەوت ﴿١٤١﴾ ﴿فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ﴾ (خرایە دەریاکەو) ئەمجا نەهەنگێک قووتی دا ئەویش شایانی سەرزەنشت بوو ﴿١٤٢﴾ ﴿فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ﴾ خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەو لە یاد کارانی (خوا) نەبوایە ﴿١٤٣﴾ ﴿لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ هەتا ڕۆژی زیندوو بوونەوە لەناو سکی ئەو (نەهەنگەدا) دەمایەوە ﴿١٤٤﴾ ﴿فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ﴾ بەهۆی ئەوەوە فڕێمان دایە زەویەکی ڕووت (بێ دار و درەخت) و نەخۆشیش بوو ﴿١٤٥﴾ ﴿وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّن يَقْطِينٍ﴾ وە ڕووەکێکی کولەکەمان بەسەریدا ڕواند ﴿١٤٦﴾ ﴿وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَىٰ مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ﴾ ئەوسا بە پێغەمبەرێتی ناردمان بۆ لای سەد هەزار کەس یا زیاتر ﴿١٤٧﴾ ﴿فَآمَنُوا فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾ گەلەکەش باوەڕیان هێنا و بەو هۆیەوە بەهرەمەندمان کردن لەژیان تا ماوەیەک ﴿١٤٨﴾ ﴿فَاسْتَفْتِهِمْ أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ وَلَهُمُ الْبَنُونَ﴾ ئەمجا (ئەی موحەممەد ﷺ) پرسیاریان لێ بکە ئایا کچان بۆ پەروەردگاری تۆیە و کوڕانیش هی ئەوانە؟ ﴿١٤٩﴾ ﴿أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ شَاهِدُونَ﴾ یان ئەوان بەدیارەوە بوون کە ئێمە فریشتەکانمان بەمێینە دروست کرد ﴿١٥٠﴾ ﴿أَلَا إِنَّهُم مِّنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ﴾ بێدار بن بەڕاستی ئەوان لە دەس هەڵبەستی خۆیانەوە دەڵێن ﴿١٥١﴾ ﴿وَلَدَ اللَّهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ خوا منداڵی بووەو بێگومان ئەوانە درۆزنن ﴿١٥٢﴾ ﴿أَصْطَفَى الْبَنَاتِ عَلَى الْبَنِينَ﴾ ئایا (خوا) کچانی هەڵبژاردووە(بۆ خۆی)بەسەر کوڕان دا ﴿١٥٣﴾

﴿مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾ چیتانە چۆن بڕیاری وا دەدەن ﴿١٥٤﴾ ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ دەی ئایا بیر ناکەنەوە؟ ﴿١٥٥﴾ ﴿أَمْ لَكُمْ سُلْطَانٌ مُّبِينٌ﴾ یان بەڵگەیەکی ڕوونتان (لەم بارەیەوە) هەیە ﴿١٥٦﴾ ﴿فَأْتُوا بِكِتَابِكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ دەی کتێبەکەتان (بەڵگەکەتان) بێنن ئەگەر ڕاست دەکەن ﴿١٥٧﴾ ﴿وَجَعَلُوا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِنَّةِ نَسَبًا﴾ وە ئەو (بێ باوەڕانە) لە نێوان خواو جنۆکەدا خزمایەتی یان بڕیار داوە ﴿وَلَقَدْ عَلِمَتِ الْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان جنۆکەکان دەیان زانی کە بەڕاستی ئەوان ئامادە دەکرێن (لەڕۆژی دواییدا) ﴿١٥٨﴾ ﴿سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ پاك و بێگەردە خوا لەوەی ئەو (بێ باوەڕانە) دەیڵێن ﴿١٥٩﴾ ﴿إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ (هەموویان سزا دەدرێن) بێجگە بەندە خاوێن کراوەکانی خوا ﴿١٦٠﴾ ﴿فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ﴾ ئەمجا بەڕاستی ئێوە و ئەو (بتانە) یش کە دەیپەرستن ﴿١٦١﴾ ﴿مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَاتِنِينَ﴾ ئێوە ناتوانن لەبەرانبەری خوادا گومڕاکەری (کەس) بن ﴿١٦٢﴾ ﴿إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ الْجَحِيمِ﴾ بێجگە ئەو کەسەی (خوا دەزانێ) دەچێتە دۆزەخەوە ﴿١٦٣﴾ ﴿وَمَا مِنَّا إِلَّا لَهُ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ﴾ (فریشتەکان دەڵێن) هیچ کام لەئێمە نییە مەگەر پلەو شوێنێکی دیاری کراوی خۆی هەیە ﴿١٦٤﴾ ﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ الصَّافُّونَ﴾ وە بەڕاستی ئێمە هەموومان بەڕیز وەستاوین (بۆ عیبادەت و بەجێ هێنانی فەرمانی خوا) ﴿١٦٥﴾ ﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ الْمُسَبِّحُونَ﴾ وە بێگومان ئێمەین هەمیشە تەسبیحات وزیکر ویادی ئەو دەکەین ﴿١٦٦﴾ ﴿وَإِن كَانُوا لَيَقُولُونَ﴾ بێگومان هەر چەندە بت پەرستان دەیانووت ﴿١٦٧﴾ ﴿لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ الْأَوَّلِينَ﴾ بەڕاستی ئەگەر کتێبێك (ی ئاسمانی وەك کتێبی) پێشینانمان هەبوایە ﴿١٦٨﴾ ﴿لَكُنَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە لە بەندە پاك و خاوێنەکانی خوا دەبووین ﴿١٦٩﴾ ﴿فَكَفَرُوا بِهِ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ ئەمجا (کە کتێبیان بۆ هات) باوەڕیان پێ نەهێنا، جابەزوویی دەزانن (سەر ئەنجامی بێ بڕوایەکەیان چۆن دەبێ) ﴿١٧٠﴾ ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان پێشتر بڕیارمان داوە بۆ بەندە نێردراوەکانمان ﴿١٧١﴾ ﴿إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنصُورُونَ﴾ کە بێگومان هەر ئەوان سەر دەخرێن ﴿١٧٢﴾ ﴿وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ﴾ دیاریشە هەر سەربازانی ئێمە سەردەکەوون ﴿١٧٣﴾ ﴿فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ﴾ تۆش وازیان لێ بهێنە تا ئەو ماوەی(دیاری کراوە بۆ لەناوبردنیان) ﴿١٧٤﴾ ﴿وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ﴾ وە بیان بینە (سەرنجامیان چۆن دەبێت) لەمەولا ئەوانیش دەبینن (چیان بەسەر دێت) ﴿١٧٥﴾ ﴿أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ﴾ جا ئایا بەپەلە داوای سزای ئێمە دەکەن ﴿١٧٦﴾ ﴿فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ﴾ هەر کاتێ سزای ئێمە هاتە خوارەوە بۆ ناو ماڵەکانیان ﴿فَسَاءَ صَبَاحُ الْمُنذَرِينَ﴾ ئەوسا ترسێنراوان چ ڕۆژێکی خراپ و تەنگیان دەبێ ﴿١٧٧﴾ ﴿وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ﴾ وە وازیان لێ بهێنە هەتاەو ماوەی (دیاری کراوە بۆیان) ﴿١٧٨﴾ ﴿وَأَبْصِرْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ﴾ وە ببینە ئەمجا لەمەولا ئەوانیش دەبینن ﴿١٧٩﴾ ﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ پەروەردگارت پاك و بێگەردە، پەروەردگاری بالاّ دەست لەوەی بێ باوەڕان دەیڵێن (دەربارەی) ﴿١٨٠﴾ ﴿وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ﴾ سلاّو و درودیش بۆ گشت پێغەمبەران ﴿١٨١﴾ ﴿وَالْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ سوپاس و ستایشیش بۆ خوای ﴿رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ پەروەردگاری هەموو جیهانیان ﴿١٨٢﴾

سورەتی ﴿ صٓ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿صٓ﴾ بە (صاد) دەخوێنرێتەوە خوازاناترە بە ماناکەی بۆ زانیاری زیاتر سەیر سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ﴾ سوێند بە قورئانی خاوەن ڕێز و پەند و ئامۆژگاری ﴿١﴾ ﴿بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ﴾ بەڵام ئەوانەی بێ باوەڕن ڕۆ چوون، لە خۆبەگەورە زانین و دژایەتیدا (بەرانبەر ئیسلام و شوێن کەوتووانی) ﴿٢﴾ ﴿كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ﴾ چەندەها گەلمان پێش ئەوان (کافرانی مەککە) لەناو بردە ﴿فَنَادَوا وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾ ئەمجا هاواریان کرد لە حاڵێکدا کاتی ڕزگار بوون نەمابوو ﴿٣﴾ ﴿وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ﴾ سەریان سوڕدەماکە ترسێنەرێکیان لە خۆیان بۆ هاتووە ﴿وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَٰذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ﴾ وە بێ باوەڕان دەیان ووت ئەم (پێغەمبەرە) جادوو گەرێکی زۆر درۆزنە ﴿٤﴾ ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَٰهًا وَاحِدًا﴾ ئایا ئەو (پێغەمبەرە) هەموو خواکانی کردوەتە یەک خوا ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ بەڕاستی ئەمە (کەیەک خوا بێ) شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە ﴿٥﴾ ﴿وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ﴾ وە گەورەکانی (قورەیش لە گەڵ پێغەمبەر قسەیان کرد و هەڵسان) بە پەلە دەرچوون ﴿أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ﴾ (بەخەڵکیان ووت) بڕۆن و خۆ گر بن لەسەر (پەرستنی) خواکانتان ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ﴾ بەڕاستی ئەمە(ی موحەممەد ﷺ) دەیڵێ) شتێکە لە ئێوە داوا کراوە (هەتا ببێتە گەورەی هەموو عەرەب) ﴿٦﴾ ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ﴾ ئەمەمان نەبیستووە لە کۆتا ئایینداً (کە نەسرانی یە) ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا اخْتِلَاقٌ﴾ ئەمە تەنها شتێکی هەڵبەستراوە ﴿٧﴾ ﴿أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا﴾ ئایا چۆن وەحی لە ناو هەموومان دا بۆ ئەو (موحەممەد ﷺ) دابەزێنراوە ﴿بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي﴾ (نەخێر ڕاست ناکەن) بەڵکو ئەوانە لە گومانداڵن لە قورئانەکەی من ﴿بَل لَّمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ﴾ (نەخێر وا نیە) بەڵکو ئەوانە هێشتا سزای منیان نەچەشتووە (بۆیە باوەڕ ناهێنن) ﴿٨﴾ ﴿أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ الْعَزِيزِ الْوَهَّابِ﴾ یا خەزێنەکانی بەزەیی پەروەردگاری زاڵی باڵادەستی بەخشندەت لای ئەوانە؟ ﴿٩﴾ ﴿أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ یا دەسەڵات و پاشایی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە هی ئەوانە ﴿فَلْيَرْتَقُوا فِي الْأَسْبَابِ﴾ (ئەگەر وایە) دەبا بەرز بێنەوە لە ناو هۆکارەکانی بەرز بوونەوەدا (تا دەگەنە عەرش ئەمجا وەحی دابەزێنن بۆ هەر کەسێ خۆیان دەیانەوێت) ﴿١٠﴾ ﴿جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الْأَحْزَابِ﴾ (بێ بڕوایانی قورەیش) لەشکر و کۆمەڵێکی بێ نرخن لەو کۆمەڵانەی (دژی پێغەمبەرانن بەزوویی) دەشکێترێن و سەر شۆڕ دەبن ﴿١١﴾ ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو الْأَوْتَادِ﴾ پێش ئەوان گەلی نووح و عاد و فیرعەونی خاوەن میخەکان باوەڕیان (بە پێغەمبەرەکانیان) نەهێنا ﴿١٢﴾ ﴿وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَابُ لْأَيْكَةِ﴾ وە (گەلی) سەمووود و گەلی لووط و خاوەن باخە چڕو پڕەکان ﴿أُولَٰئِكَ الْأَحْزَابُ﴾ ئەوانە ئاقم و کۆمەڵانێک بوون ﴿١٣﴾ ﴿إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ﴾ هەر هەموویان باوەڕیان بە پێغەمبەران نەهێنا بۆیە سزای منیان بەسەرا چەسپا (و لە ناو چوون) ﴿١٤﴾ ﴿وَمَا يَنظُرُ هَٰؤُلَاءِ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً﴾ ئەمانە تەنها چاوەڕوانی دەنگێکی زۆر گەورە دەکەن ﴿مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ﴾ ئەو دەنگە (فوو کردن بە کەڕەنادا) کەمترین ماوە دوا خستنی نییە ﴿١٥﴾ ﴿وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ﴾ (بە گاڵتە پێکردنێکەوە) وە ووتیان: ئەی پەروەردگارمان پێش ڕۆژی لێ پرسینەوە بەشەکەمان (لە سزا یان پاداشت) پێ بدە ﴿١٦﴾

﴿اَصۡبِرۡ عَلٰی مَا یَقُوۡلُوۡنَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) دان بە خۆتدا بگرە لەسەر ئەو قسانەی کە دەیکەن ﴿وَاذۡکُرۡ عَبۡدَنَا دَاوٗدَ ذَا الۡاَیۡدِ ۚ اِنَّهٗۤ اَوَّابٌ﴾ بیری بەندەمان (داوود) ی خاوەن هێز و توانا بکەرەوە بێگومان ئەو هەمیشە گەڕاوە بوو بۆ لای خوا ﴿۱۷﴾ ﴿اِنَّا سَخَّرۡنَا الۡجِبَالَ مَعَهٗ یُسَبِّحۡنَ﴾ بەڕاستی ئێمە چیاکانمان رام هێنا بوو تەسبیحاتی خوایان دەکرد لەگەڵ ئەو (داوود) ﴿بِالۡعَشِیِّ وَالۡاِشۡرَاقِ﴾ بەئێواران و بەیانیانەدا ﴿۱۸﴾ ﴿وَالطَّیۡرَ مَحۡشُوۡرَةً ؕ کُلٌّ لَّهٗۤ اَوَّابٌ﴾ وە بالندەکان کە لەدەوری ئەو (داوود) کۆدەکرانەوە هەموو (بۆ تەسبیحات) بۆلای ئەو دەگەڕانەو (تا لەگەڵ داوود یادی خوا بکەن) ﴿۱۹﴾ ﴿وَشَدَدۡنَا مُلۡکَهٗ﴾ وە پاشایەتیەکەی ئەومان بەهێز کرد ﴿وَاٰتَیۡنٰهُ الۡحِکۡمَةَ وَفَصۡلَ الۡخِطَابِ﴾ دانایی و گوفتاری جیاکەرەوەمان پێ بەخشی ﴿۲۰﴾ ﴿وَهَلۡ اَتٰىکَ نَبَؤُا الۡخَصۡمِ ۘ اِذۡ تَسَوَّرُوا الۡمِحۡرَابَ﴾ وە ئایا هەواڵی داوا چییەکانت پێ گەیشتووە کاتێ بەدیواری خەڵوەتگاکەدا سەر کەوتن ﴿۲۱﴾ ﴿اِذۡ دَخَلُوۡا عَلٰی دَاوٗدَ فَفَزِعَ مِنۡهُمۡ ؕ﴾ لە ناکاودا چوونە ژوورەوە بۆ لای داوود ئەویش داچڵەکا و ترسا لێیان ﴿قَالُوۡا لَا تَخَفۡ ؕ خَصۡمٰنِ﴾ ووتیان: مەترسە (ئێمە) دوو داوا چین ﴿بَغٰی بَعۡضُنَا عَلٰی بَعۡضٍ﴾ یەکێکمان ستەمی لەوی تر کردووە ﴿فَاحۡکُمۡ بَیۡنَنَا بِالۡحَقِّ وَلَا تُشۡطِطۡ﴾ جا لە نێوانماندا بەهەق وڕاستی بڕیار بدەوڵە ڕاستی لامەدە (لە بڕیارەکەتدا) ﴿وَاهۡدِنَاۤ اِلٰی سَوَآءِ الصِّرَاطِ﴾ وە ڕێنموونیمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست ﴿۲۲﴾ ﴿اِنَّ هٰذَاۤ اَخِیۡ لَهٗ تِسۡعٌ وَّتِسۡعُوۡنَ نَعۡجَةً﴾ (یەکیان ووتی) بێگومان ئەمە برامە، نەوەدونۆ سەرمەڕی هەیە ﴿وَّلِیَ نَعۡجَةٌ وَّاحِدَةٌ﴾ و منیش یەک مەڕم هەیە ﴿فَقَالَ اَکۡفِلۡنِیۡهَا وَعَزَّنِیۡ فِی الۡخِطَابِ﴾ کەچی دەڵێت ئەو مەڕەش بدە بەمن (بیسپێرە بە من) و لەکاتی قسە کردندا زاڵە بەسەرمدا ﴿۲۳﴾ ﴿قَالَ لَقَدۡ ظَلَمَکَ بِسُؤَالِ نَعۡجَتِکَ اِلٰی نِعَاجِهٖ ؕ﴾ (ئەمجا داوود علیه السلام بەبێ ئەوەی گوێ لەبراکەی تریان بگرێت وبەپەلە ئەم حوکمەی دا) ووتی: سوێندبەخوا بەڕاستی ستەمی لێکردوی کە داوات لێدەکات ناقە مەڕەکەت بخاتە ناو مەڕەکانی خۆیەوە ﴿وَاِنَّ کَثِیۡرًا مِّنَ الۡخُلَطَآءِ لَیَبۡغِیۡ بَعۡضُهُمۡ عَلٰی بَعۡضٍ﴾ و بێگومان زۆر لەشەریک و هاوبەشان ستەم لەیەکتری دەکەن ﴿اِلَّا الَّذِیۡنَ اٰمَنُوۡا وَعَمِلُوا الصّٰلِحٰتِ وَقَلِیۡلٌ مَّا هُمۡ ؕ﴾ بێجگە لەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، ئەوانەش زۆر کەمن ﴿وَظَنَّ دَاوٗدُ اَنَّمَا فَتَنّٰهُ﴾ داوود زانی کە ئێمە تەنها تاقیمان کردوەتەوە ﴿فَاسۡتَغۡفَرَ رَبَّهٗ وَخَرَّ رَاکِعًا وَّاَنَابَ ؕ﴾ بۆیە داوای لێبوردنی کرد لە پەروەردگاری وکەوت بە ڕووداو بە سوژدە بردنەوە و تۆبەی کرد (لەوەی نەدەبوو بەبێ گوێگرتن لەکەسی بەرامبەر حوکم بدات وپەلەش بکات لەبڕیاردانداً) ﴿۲۴﴾ ﴿فَغَفَرۡنَا لَهٗ ذٰلِکَ ؕ﴾ ئێمەش لەو هەڵەی ئەو خۆش بووین ﴿وَاِنَّ لَهٗ عِنۡدَنَا لَزُلۡفٰی وَحُسۡنَ مَاٰبٍ﴾ بەڕاستی ئەو پلە و پایەی بەرزەو نزیکە لە ئێمەوە ودوارۆژێکی چاکیشی هەیە ﴿۲۵﴾ ﴿یٰدَاوٗدُ اِنَّا جَعَلۡنٰکَ خَلِیۡفَةً فِی الۡاَرۡضِ﴾ ئەی داوود بێگومان ئێمە تۆمان کرد بەجێنشینی (پێغەمبەرانی پێش خۆت) لە زەویدا ﴿فَاحۡکُمۡ بَیۡنَ النَّاسِ بِالۡحَقِّ﴾ کەوابوو تۆش لە نێوان خەڵکدا بەڕاستی فەرمانڕەوایی بکە ﴿وَلَا تَتَّبِعِ الۡهَوٰی فَیُضِلَّکَ عَنۡ سَبِیۡلِ اللّٰهِ ؕ﴾ شوێن هەوا و ئارەزوو مەکەوە با لەڕێگای خوا لات نەدات ﴿اِنَّ الَّذِیۡنَ یَضِلُّوۡنَ عَنۡ سَبِیۡلِ اللّٰهِ ؕ﴾ بێگومان ئەوانەی لەڕێگای خوا لادەدەن و گومڕا دەبن ﴿لَهُمۡ عَذَابٌ شَدِیۡدٌۢ بِمَا نَسُوۡا یَوۡمَ الۡحِسَابِ﴾ سزای سەختیان بۆ هەیە چونکە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لەبیر کردبوو ﴿۲۶﴾

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَاءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا﴾ ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بەبێهودە دروستمان نەکردووە ﴿ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە بێ باوەڕ بوون ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ﴾ سا هاوار بۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون بەئاگری دۆزەخ ﴿٢٧﴾ ﴿أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ لەگەڵ خراپەکاران لە زەویدا وەك یەکیان دانێین (لە دوا رۆژدا، نەخێر وانی یە) ﴿أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ﴾ یان پارێزکاران ولەخوانرسان وەك بەد کرداران لێ دەکەین ﴿٢٨﴾ ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ﴾ (ئەم قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە نارد وومانەتە خوارەوە بۆ تۆ ﴿لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە لەئایەتەکانی، وە خاوەنانی بیر و ژیری پەندی لێ وەربگرن ﴿٢٩﴾ ﴿وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ﴾ ئێمە سولەیمانمان بەخشی بە داوود (علیهما السلام) ﴿نِعْمَ ٱلْعَبْدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ ئەو (سولەیمان) بەندەیەکی چاك بوو، بێگومان ئەو زۆر ڕوو لەخوا بوو ﴿٣٠﴾ ﴿إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ﴾ سەر لە ئێوارە کاتێك ئەسپانی ڕەسەن و خێرا نیشانی سولەیمان درا ﴿٣١﴾ ﴿فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى﴾ جا (سولەیمان) ووتی خۆشەویستی ئەم ئەسپانەم باوداباەسەر یاد و عیبادەتی پەروەردگارم دا (کە نوێژی عەسر بوو) ﴿حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ﴾ (سەیری ئەسپەکانی دەکرد) هەتا لەچاوو گوم بوون ﴿٣٢﴾ ﴿رُدُّوهَا عَلَىَّ﴾ (ووتی) جارێکی تر ئەو ئەسپانەم بۆ بگێڕنەوە ﴿فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ﴾ ئەمجا دەستی هێنا بە دەست و قاچ و گەردن و یالی (ئەو ئەسپانەدا) ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی سولەیمانمان تاقی کردەوە ﴿وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا﴾ و لاشەی (لەتە کوڕی) کمان فڕێدا بەسەر تەختەکەیدا (چونکە پێشتر سوێندی خواردبوو، کە بەسەر تەواوی خێزانەکانیدا ئەسوڕێتەوە وکۆ ئەبێتەوە لەگەڵیاندا، وهەریەکەشیان کوڕێکی ببێت ولەپێناو خوادا جیهاد بکەن بەبێ ئەوەی (ان شاء الله) بکات لەدوایبدا لەهەر هەموو خێزانەکانی تەنها کوڕێکی نوقسانی ناتەواوی بوو، خوای گەورەش بەمە تاقیکردەوە) ﴿ثُمَّ أَنَابَ﴾ پاشان تەوبەی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خوا ﴿٣٤﴾ ﴿قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا﴾ (سولەیمان) ووتی ئەی پەروەردگارم لێم خۆشبە و دەسەلات و پاشایەتێکم پێ ببەخشە ﴿لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ﴾ کەدوای من دەس نەدا بۆ کەسی تر ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ﴾ بێگومان تەنها تۆی بەخشندەی (هەموو شتێکی) ﴿٣٥﴾ ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ﴾ (دوای نزاکەی) (با) مان بۆ ڕام هێنا وخستمانە خزمەتیەوە ﴿تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ﴾ بەفەرمانی ئەو بەنەرمی دەڕۆیی بۆ هەر جێگایەك بیویستایە ﴿٣٦﴾ ﴿وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ﴾ وە هەموو (جنۆکەو) شەیتانەکانمان بۆ ڕام هێنا بوو کە بینا سازو مەلەوانی ژێر دەریا بوون ﴿٣٧﴾ ﴿وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ﴾ وە هەندێکی تریان (کە سەرپێچی سولەیمانیان کردبوو ڕامان هێنان بۆی) بە پێکەوە بەستراوی لە کۆت زنجیردا ﴿٣٨﴾ ﴿هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ ئەمەی (کە باسکرا) بەخششی ئێمەیە (بۆ تۆ)، ئەمجا بەویستی خۆت ببەخشە، یان بیگرەوە و مەیبەخشە بەبێ پرسینەوە (لێت) ﴿٣٩﴾ ﴿وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾ وە بەڕاستی ئەو (سولەیمان) بڵەی بەرزی هەیە لای ئێمە وە سەر ئەنجامی چاکی هەیە ﴿٤٠﴾ ﴿وَٱذْكُرْ عَبْدَنَآ أَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ﴾ وە (ئەی موحەممەد ﷺ) یاسی بەندەی ئێمە ئەیوب بکە کاتێك هاواری لە پەروەردگاری کرد ﴿أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلشَّيْطَٰنُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ﴾ (ووتی) بەڕاستی شەیتان تووشی زەحمەت و ئازەحەتی و ئازاری کردووم ﴿٤١﴾ ﴿ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ﴾ (پێی وترا) پێت بدە بە زەویدا ئەوە کانیاوێکی سارد بۆ خۆشتن و خواردنەوە (ئێی دا بەزەویدا و ئاو هەڵقوڵی ولەو ئاوە خۆی شت و ئاوی خواردەوە ولە نەخۆشییەکەیشی چاك بوویەوە) ﴿٤٢﴾

﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ﴾ وە ژن و منالّەکانی و ئەوەندەی تریشمان لەگەلّیان دا بە (ئەیوب) بەخشی ﴿رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بەڕەحم ومیهرەبانی لە لایەن خۆمانەوە (بۆ ئەیوب) وە بۆ پەند و ئامۆژگاری بۆ خاوەنانی ژیری و بیرو هۆش ﴿٤٣﴾ ﴿وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ﴾ (پێمان ووت) چەپکێ شوولّ (داری زۆر باریك) بە دەستەوە بگرە و پێی بدە (لەخێزانت یەك جار) و سوێندەکەت مەشکێنە (کە لە خێزانت خوارد بوو سەد داری لێ بدەی) ﴿إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا﴾ بەڕاستی ئێمە ئەو (ئەیوب)مان بەخۆگری بینی ﴿نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ چ بەندەیەکی چاك بوو بەڕاستی ئەو زۆر گوێڕایەڵ و ڕوو لە خوا بوو ﴿٤٤﴾ ﴿وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾ وە باسی بەندەکانی ئێمە بکە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب ﴿أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ﴾ کە خاوەنی هێزو توانا و بینایی بوون ﴿٤٥﴾ ﴿إِنَّآ أَخْلَصْنَٰهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى ٱلدَّارِ﴾ بەڕاستی لەبەر ئەوەی هەمیشە ڕۆژی دواییان لەبیردابوو ئێمە (بە بەندەی تایبەتی خۆمان) هەڵمان بژاردن ﴿٤٦﴾ ﴿وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ ٱلْمُصْطَفَيْنَ ٱلْأَخْيَارِ﴾ وە بەڕاستی ئەوانە (هەر سیانیان) لای ئێمە لەبەندە هەڵبژێردراوە چاکەکانن ﴿٤٧﴾ ﴿وَٱذْكُرْ إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِ﴾ وە باسی (بەندەکانی ئێمە) ئیسماعیل و ئەلیەسەع و ذو لکیفل بکە ﴿وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ﴾ کەهەموویان لە چاکەکارانن ﴿٤٨﴾ ﴿هَٰذَا ذِكْرٌ ۚ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ﴾ ئەم (باسی پێغەمبەرانە) باس و ناوبانگی چاکیانە لە دونیادا و بێگومان پارێزکاران سەرئەنجامێکی چاکیان هەیە ﴿٤٩﴾ ﴿جَنَّٰتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ﴾ (کە بریتی یە لە) بەهەشتانی جێگای مانەوەی هەمیشەیی، کەدەرگاکانی کراوەتەوە بۆیان ﴿٥٠﴾ ﴿مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا﴾ لەوێدا (لەسەر کورسی ڕازاوە) پاڵیان داوەتەوە ﴿يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ﴾ تێیدا داوای میوەهاتی زۆر و جۆرەها خواردنەوە دەکەن ﴿٥١﴾ ﴿وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ﴾ و حۆرییانی هاوتەمەنیان لایە (خێزانیانن) کەچاویان بڕیوەتە مێردەکانیان ﴿٥٢﴾ ﴿هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ﴾ ئەمە ئەو (نازو نیعمەتانە)یە کە بەڵێنتان پێ درا بوو بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە(ی قیامەت) ﴿٥٣﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ﴾ بەڕاستی ئەمە ڕزق و ڕۆزی ئێمەیە هەرگیز تەواو بوونی بۆ نییە ﴿٥٤﴾ ﴿هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ﴾ ئا ئەمە (پاداشتی پارێزکارانە) و بێگومان سەرکەشانیش خراپترین پاشە ڕۆژیان هەیە ﴿٥٥﴾ ﴿جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ دۆزەخە کەدەچنە ناویەوە، ئای چ جێگایەکی بەدو خراپە ﴿٥٦﴾ ﴿هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ﴾ ئەمە و ئاوی لەکوڵ و کێم وزووخاو، دەبا بیچەژن ﴿٥٧﴾ ﴿وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ﴾ وە چەند جۆری تر سزایان هەیە لەو شێوە ﴿٥٨﴾ ﴿هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ﴾ (بە گومڕاکەرەکان دەوترێ) ئەمە کۆمەڵێکە لەگەڵ ئێوەدا دێنە دۆزەخ ﴿لَا مَرْحَبًۢا بِهِمْ﴾ (گومڕاکەرەکانیش دەڵێن) بەخێر نەیەن ﴿إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ﴾ بێگومان ئەوانە دەچنە ناو ئاگری دۆزەخ ﴿٥٩﴾ ﴿قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْ ۖ﴾ ئەوان (بە گومڕاکەرەکان) دەڵێن بەڵکو ئێوە بەخێر نەیەن ﴿أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ﴾ ئێوە (لەدونیا گومڕاتان کردین) و ئەم سزاتان پێش هێنا بۆمان ﴿فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ﴾ ئای چ جێگاو مەنزڵێکی خراپە ﴿٦٠﴾ ﴿قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا﴾ دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان هەر کەس (هۆی) پێش هێنانی ئەم سزایە بوو بۆ ئێمە ﴿فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ﴾ ئەوە سزای ئەو کەسە لەدۆزەخدا چەند قات بکە ڕەوە ﴿٦١﴾

﴿وَقَالُوا۟ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا﴾ وە (گومڕاکەرەکان) دەڵێن ئەوە چیمانە بۆچ پیاوانێك نابینین ﴿كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ﴾ کە ئێمە لە خراپەرکارانمان دەژماردن ﴿٦٢﴾ ﴿أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا﴾ ئایا ئەوانەن کە گاڵتەمان پێ دەکردن؟ ﴿أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ﴾ یا (لێرەن بەڵام) چاوەکان لێیان کەلا بووە (و نایان بینن) ﴿٦٣﴾ ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ﴾ بێگومان ئەوە (کەباسکرا) ئاژاوە و شەڕە قسەی دۆزەخیانە، وڕاستە (و دێتەدی) ﴿٦٤﴾ ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ من تەنها ترسێنەرێکم ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ﴾ و هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە بێجگە لە خوای تەنهای بەدەسەڵات ﴿٦٥﴾ ﴿رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّارُ﴾ زاڵی بااڵدەستی لێبووردەیە ﴿٦٦﴾ ﴿قُلْ هُوَ نَبَؤٌا عَظِيمٌ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەوە هەواڵێکی زۆر گەورەیە ﴿٦٧﴾ ﴿أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ﴾ کە ئێوە گوێی پێ نادەن ﴿٦٨﴾ ﴿مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ﴾ (بڵێ ئەگەروەحیم بۆنەهاتایە) من هیچ ئاگام لەکۆمەڵی هەرە بڵند (فریشتەکان) نەبووە ﴿إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾ کاتێ دەمە قاڵێیان دەکرد (دەربارەی ئادەم) ﴿٦٩﴾ ﴿إِن يُوحَىٰٓ إِلَيَّ﴾ نیگا بۆ من ناکرێت ﴿إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ جگە لەوە نەبێت کە من تەنها ترسێنەرێکی ڕوونکەرەوەم ﴿٧٠﴾ ﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ ئەو کاتەی (دەمەقاڵێ یان بوو) پەروەردگارت بەفریشتەکانی فەرموو ﴿إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ﴾ بەڕاستی من مرۆڤێك لە قوڕ دروست دەکەم ﴿٧١﴾ ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾ ئەمجا کاتێ شێوەکەیم ڕێك خست و فوم پێدا کرد و گیانم کردبەبەریدالە گیانێك کە خۆم دروستم کردووە ﴿فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ﴾ ئەوسا هەموو بەسوژدەبردن بۆی بکەون بەڕوودا ﴿٧٢﴾ ﴿فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ﴾ جافریشتەکان هەر هەموویان سوژدەیان برد ﴿٧٣﴾ ﴿إِلَّآ إِبْلِيسَ ٱسْتَكْبَرَ﴾ بێجگە لە شەیتان کە خۆی بە گەورە دانا ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ و لە بێ باوەڕان بوو ﴿٧٤﴾ ﴿قَالَ يَٰٓإِبْلِيسُ﴾ (خوا) فەرمووی ئەی ئیبلیس ﴿مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ﴾ چی شتێك ڕێگری کردی (لەوەی) کە سوژدەببەیت بۆ کەسێ کە بەهەردوو دەستی خۆم دروستم کردووە ﴿أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْعَالِينَ﴾ ئایا خۆت بەگەورە زانی، یاخو لەبەرزو بڵندەکانی ﴿٧٥﴾ ﴿قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ (شەیتان) ووتی من لە (ئادەم) چاکترم ﴿خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ﴾ چونکە منت لەئاگر دروست کردووە، بەڵام ئەوت لەقوڕ درەستکردووە ﴿٧٦﴾ ﴿قَالَ فَٱخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ﴾ (خوا) فەرمووی کەواتە لەو (بەهەشتە) دەرچۆ و بڕۆ، چونکە بێگومان تۆ دەرکراوی لەڕەحمەتی من ﴿٧٧﴾ ﴿وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ وە بەڕاستی نەفرینی منت لەسەر بێ تا ڕۆژی (پاداشت و تۆڵە) ﴿٧٨﴾ ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ (شەیتان) ووتی ئەی پەروەردگارم دەی مۆڵەتم بدە (نەمرم) تا ڕۆژێ (مردوان) زیندوو دەکرێنەوە ﴿٧٩﴾ ﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ﴾ (خوا) فەرمووی: دەی بەڕاستی تۆ لە مۆڵەت دراوانی ﴿٨٠﴾ ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ﴾ تاڕۆژی کاتی دیاری کراو ﴿٨١﴾ ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (شەیتان) ووتی ئەمجا سوێند بەعیزەتت هەر هەموویان گومڕا دەکەم ﴿٨٢﴾ ﴿إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ﴾ ئەوانەیان نەبێ کەبەندەی پاك و هەڵبژاردەی تۆن ﴿٨٣﴾

﴿قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ﴾ (خوا) فەرمووی: من حەقم هەر حەقیش دەڵێم ﴿٨٤﴾ ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ بەڕاستی دۆزەخ پڕ دەکەم لە تۆ و ئەوانەی (لە ئادەمیيان) شوێنت دەکەون بەتێکڕا ﴿٨٥﴾ ﴿قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێك لەسەر گەیاندنی ئەم ئایینە لە ئێوە داواناکەم ﴿وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ﴾ و من لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم ﴿٨٦﴾ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ ئەم (قورئانە) تەنها پەند و ئامۆژگارییە بۆ هەموو جیهانیان ﴿٨٧﴾ ﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ﴾ بەڕاستی پاش ماوەیەك لە هەواڵی ئەو (قورئانە) دەزانن ﴿٨٨﴾

سورەتی ﴿ الزُّمَرِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿تَنزِيلُ الْكِتَابِ﴾ ئەم قورئانە هێنراوەتەخوارەوە ﴿مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ لە لایەن خوای باڵادەستی کار بەجێ وە ﴿١﴾ ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ﴾ بێگومان ئێمە بەحەق و ڕاستی قورئانمان بۆ تۆ هێناوەتە خوارەوە ﴿فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ﴾ کەواتە خوا بپەرستە و بە تەنها هەر بۆ ئەو ملکەچ بە ﴿٢﴾ ﴿أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ﴾ بێداربە ئایینی (گەردن کەچی) پاك و خاوێن هەر بۆ خوایە ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ وە کەسانێ جگە لەو (خوا) چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان داناوە ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ﴾ (دەڵێن) تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرستین نزیکمان بکەنەوە لە خوا ﴿إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ﴾ بێگومان خوا بڕیار دەدات لە نێوانیاندا ﴿فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەو شتانەدا کەئەوان تیایا جیاواز بوون ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ بەڕاستی خوا ڕێنموونیی کەسێ ناکات کە درۆزنی زۆر بێ باوەڕە ﴿٣﴾ ﴿لَّوْ أَرَادَ اللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا﴾ ئەگەر خوا بیوویستایە منداڵێك بۆ خۆی بڕیار بدات ﴿لَّاصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ﴾ ئەوە لەناو دروست کراوەکانیدا کامەی بوویستایە هەڵی دەبژارد ﴿سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ پاك و بێگەردە هەر ئەوە خوای تەنهای زاڵ و بە دەسەڵات ﴿٤﴾ ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾ (خوا) ئاسمانەکان و زەوی بەهەق دروست کردووە ﴿يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ﴾ شەو دەهێنێ بەسەر ڕۆژدا ﴿وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ﴾ و ڕۆژ دەهێنێ بەسەر شەودا ﴿وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ﴾ و خۆر و مانگی ڕام هێناوە ﴿كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ هەریەکەیان (لەخولگەی خۆیدا) تا ئەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە دەگەڕێت ودەسوڕێتەوە ﴿أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ بێداربە هەر ئەو (خوا) زاڵی لێ بوردەیە ﴿٥﴾

﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾ (خوا) ئێوەی لە تاکە کەسێك (ئادەم) دروست کردووە ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ پاشان لەو (کەسە) هاوسەرەکەی (حەووای) بەدی هێناوە ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ﴾ وە بۆ ئێوە هەشت جووتی (نێر و مێ) لە ئاژەڵ بە دی هێناوە ﴿يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ﴾ ئێوە دروست دەکات لەناو سکی دایکتاندا ﴿خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ﴾ بە بەدی هێنانی یەك لە دوای یەك ﴿فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ﴾ لەناو سێ تاریکی (ناو سك، منداڵدان، پەردەی کۆرپەلە)دا ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ﴾ ئا ئەوە پەروەردگاری ئێوەیە کە دەسەلآت و پاشایی هەر موڵکی ئەوە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست جگە لە زاتی ئەو نیە، کەواتە ئێوە چۆن لە ئایینی ڕاست لادەدرێن ﴿٦﴾ ﴿إِن تَكْفُرُوا۟﴾ ئەگەر ئێوە بێ باوەڕبن ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ﴾ ئەوە بێگومان خوا بێ نیازە لەئێوە ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ﴾ و ڕازی نییە بە بێ باوەڕی بۆ بەندەکانی ﴿وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ وە ئەگەر سوپاسی خوا بکەن (وگەردن کەچ بن) بەوە لێتان ڕازی دەبێت ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ هیچ گوناهبارێك گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ﴾ پاشان گەڕانەوەتان هەر بۆ لای پەروەردگارتانە ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەوسا هەواڵتان دەداتێ بەوەی کە دەتان کرد ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ بەڕاستی خوا ئاگاداری بە نهێنی دڵان ﴿٧﴾ ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ﴾ وە کاتێ ئادەمی زیانێکی لێ بکەوێ ﴿دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ﴾ دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری وهاواری لێ دەکات ﴿ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ﴾ پاشان ئەگەر لەلایەن خۆیەوە بەهرە ونیعمەتێکی دایە ﴿نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ﴾ ئەوەی لەبیر دەچێت کە لەپێشترا هاواری لە پەروەردگاری دەکرد ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا﴾ وهاوتایانێ بۆ خوا دادەنێ ﴿لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی (خەڵك) لە ڕێگای ئەو گومڕا کات ﴿قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ بە هەڕەشەوە) بڵێ : بە بێ باوەڕێکەت کەمێك لەزەت وەرگرە لە ژیان ﴿إِنَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾ چونکە بەڕاستی تۆ لەهاوەڵانی ئاگری دۆزەخی ﴿٨﴾ ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ﴾ (هاوبەش دانەران چاکترن) یان کەسێك ملکەچ وخواپەرست بێت؟ ﴿ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا﴾ لە کاتەکانی شەودا بە سوژدە بردن و ڕاوەستان (لە شەو نوێژدا) ﴿يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ﴾ کە لە (سزای) دوا ڕۆژ دەترسێت و بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریەتی ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا ئەوانەی دەزانن یەکسانن ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی کە نازانن ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بەڕاستی تەنها خاوەنانی ژیریی ئامۆژگاری وەردەگرن ﴿٩﴾ ﴿قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەو بەندانەم کە باوەڕیان هێناوە ﴿ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ لە (سزای) پەروەردگارتان خۆ بپارێزن ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ﴾ کەسانێ لەم دونیایەدا چاکەیان کردووە، پاداشتی چاکیان بۆ هەیە ﴿وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ﴾ وە زەوی خوا فراوانە ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بەڕاستی تەنها ئارامگران بەبێ حیساب وژماردن پاداشتیان دەدرێتەوە ﴿١٠﴾

﴿قُلْ إِنِّيٓ أُمِرْتُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەڕاستی من فەرمانم پێ دراوە ﴿أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ﴾ کە خوا بپەرستم بە دڵسۆزی بۆی ملکەچ بم ﴿١١﴾ ﴿وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ وە فەرمانم پێ دراوە کە یەکەم کەسی موسڵمانان (ی ئوممەتم) بم ﴿١٢﴾ ﴿قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بەڕاستی من دەترسم ﴿إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي﴾ ئەگەر سەر پێچی پەروەردگارم بکەم ﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ لە سزای ڕۆژێکی گەورە (قیامەت) ﴿١٣﴾ ﴿قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُ دِينِي﴾ بڵێ من هەر خوا دەپەرستم بە پاکی و تەنیا هەر بۆ ئەو ملکەچم ﴿١٤﴾ ﴿فَٱعْبُدُوا مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِ﴾ (بە بێ باوەڕان بڵێ) ئێوەش جگە لە خوا چیتان وویست بی پەرستن ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ﴾ بڵێ بێگومان زەرەرمەندان کەسانێکن ﴿خَسِرُوٓا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ﴾ کەخۆیان و کەس و کاریان لەدەست داوە ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا ﴿أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ﴾ بێدار بن، هەر ئەوە زەرەر مەندی ئاشکراو دیار ﴿١٥﴾ ﴿لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ﴾ بۆ ئەوان هەیە لەلای سەریانەوە چەند تەبەقێ (وەک هەوری ڕەش) لەئاگر ﴿وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ﴾ و لەژێریشیانەوە چەند تەبەقێ هەیە ﴿ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ﴾ ئەو (سزایە) خوا بەندەکانی خۆی پێ دەترسێنێ ﴿يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ﴾ ئەی بەندەکانم خۆتان بپارێزن (لە سزای من) ﴿١٦﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا﴾ وە کەسانێ کە لەپەرستنی بت (و هەموو پەرستراوێکی تر) خۆیان پاراستووە ﴿وَأَنَابُوٓا إِلَى ٱللَّهِ﴾ وە گەڕاونەتەوە بۆ لای خوا ﴿لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فَبَشِّرْ عِبَادِ﴾ مژدەی گەورە تەنیا بۆ ئەوانەیە، کەواتە مژدە بدە بەبەندەکانم ﴿١٧﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ﴾ ئەوانەی گوێ دەگرن بۆ قسە وگوفتار ﴿فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥ﴾ ئەمجا شوێن چاکترینی ئەو (قسانە) دەکەون ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەوانە کەسانێکن خودا ڕێنموونی کردوون ﴿وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ هەر ئەوانەن خاوەنانی ژیری و هۆش ﴿١٨﴾ ﴿أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ﴾ جا ئایا کەسێک بەڵێنی سزای بەسەردا چەسپابێت (بۆی بڕیاردرا بێت) ﴿أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي ٱلنَّارِ﴾ دەی ئایا تۆ (دەتوانی) کەسێ ڕزگار بکەیت کە لەناو ئاگری دۆزەخدایە؟ ﴿١٩﴾ ﴿لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا رَبَّهُمْ﴾ بەڵام کەسانێ کە لە پەروەردگاریان ترساون و خۆیان (لە سزای) پاراستووە ﴿لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ﴾ (لە بەهەشتدا) بۆ ئەوانە کۆشک و تەلاری چەند نهۆم هەیە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕووباری ئاو بە ژێریاندا دەڕوات ﴿وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ ٱلْمِيعَادَ﴾ (ئەمە) بەڵێنی خوایە و خواش بەڵێنی خۆی دەباتە سەر ﴿٢٠﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ﴾ ئایا نەتبینی کە خوا ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ لە ئاسمانەوە بارانێ دەبارێنێ (بۆ سەر زەوی) ﴿فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ ئەمجا ئەو بارانە دەبات بە ناو زەویدا کانیاوەکانی لێ دەردێنێ ﴿ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ﴾ لە پاشان کشتوکاڵ و گژوگیا و گوڵی پێ دەڕوێنێ کە ڕەنگەکانیان جیاوازە ﴿ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا﴾ پاشان دەبینی ووشک دەبێ و زەرد هەڵدەگەڕێ ﴿ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ حُطَٰمًا﴾ دواتر دەیکات بە پووشی ورد و خاش ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ بەڕاستی لەمەدا (کە باسکرا) ئامۆژگاری و پەند هەیە بۆ ئەوانەی خاوەن ژیرین ﴿٢١﴾

﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ﴾ دەی ئایا کەسێ خوا سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام ﴿فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ﴾ و ئەو لەسەر ڕێبازی ڕووناکی پەروەردگاریەتی (وەك کەسێکە دڵی ڕەق بووبێت لەئاست ئیسلام) ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ﴾ جا سزا و لە ناوچوون بۆ ئەوانەی دڵیان ڕەقە لەئاست (قورئان و) یادی خوادا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾ ئائەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان ﴿٢٢﴾ ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ﴾ خوا جوانترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە ﴿كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ﴾ قورئانێکە (کەئایەتەکانی) لەیەکچووی دووپات کراوەن ﴿تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ﴾ ئەو کەسانەی لەپەروەردگاریان دەترسن پێستیان تەزووی پیادێ (بە بیستنی قورئان) ﴿ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ﴾ پاشان پێستیان و دڵیان نەرم دەبێ بەیادی (قورئانی) خودا ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ﴾ ئەو (قورئانە) ڕێنموونی خوایە ﴿يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ﴾ بەو (قورئانە) ڕێنموونی هەر کەسێ دەکات کە بیەوێ ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ﴾ هەر کەسیش خوا گومڕای بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٖ﴾ ئەوە ڕێنموونی کەرێك بۆ ئەو نییە ﴿٢٣﴾ ﴿أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجۡهِهِۦ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ﴾ دەی ئایا کەسێك بەدەم وچاوی خۆی بپارێزێت لەسزای سەختی ڕۆژی دوایی (وەك کەسێك وایە کەلەبەهەشت دابێت) ﴿وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ﴾ بەستەمکاران دەگوترێ ﴿ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ﴾ بچەژن سزای ئەو (کردەوانەی) لە دونیا دەتان کرد ﴿٢٤﴾ ﴿كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ﴾ ئەوانەی پێش ئەمان (پێش قوڕەیشیەکان) بوون باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانیان ﴿فَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ﴾ بەو هۆیەوە سزا (ی خوا) یان بۆ هات ﴿مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ لە لایەکەوە کە هەستیان پێ نەکرد ﴿٢٥﴾ ﴿فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەمجا خوا پێی چەشتن ﴿ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾ ڕیسوایی لە ژیانی دونیادا ﴿وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ﴾ وە بێگومان سزای ڕۆژی دوایی گەورەتر ﴿لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾ ئەگەر ئەوانە بزانن ﴿٢٦﴾ ﴿وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی لەم قورئانەدا هێناومانەتەوە بۆ خەڵکی ﴿مِن كُلِّ مَثَلٖ﴾ هەموو جۆرە نموونەیەك ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ﴾ تا پەندو ئامۆژگاری وەرگرن ﴿٢٧﴾ ﴿قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ﴾ (ئەو قورئانە) قورئانێکی عەرەبی یە هیچ خواری و لاری یەکی تیا نییە ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ﴾ بۆ ئەوەی (لەسزا) خۆ بپارێزن وبینە لە خواترس ﴿٢٨﴾ ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا﴾ خوا نموونەی هێناوەتەوە بە پیاوێکی (بەندە) ﴿فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ﴾ هی چەند کەسێکە ئازاوەیانە لەسەر ئەو (بەندە) ﴿وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ﴾ وە پیاوێکیش کە تەنیابەندەی پیاوێکە ﴿هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلٗاۚ﴾ ئایا ئەم دوو کەسە وەك یەکن ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ هەموو سوپاس تەنها بۆ خوایە بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٢٩﴾ ﴿إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بەڕاستی تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن ﴿٣٠﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾ لەپاشان بێگومان ئێوە لە ڕۆژی دواییدا ﴿عِندَ رَبِّكُمۡ تَخۡتَصِمُونَ﴾ لای پەروەردگارتان داوا چی دەبن دژی یەکتری ﴿٣١﴾

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ﴾ ئەمجا کێ ستەم کارترە ﴿مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ﴾ لەو کەسەی کەدرۆ بەناوی خواوە دەکات ﴿وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ﴾ وە بـاوەڕی بەڕاستی قورئان نی یە ﴿إِذْ جَآءَهُۥٓ﴾ کەبـۆی هاتووە ﴿أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ ئایـا لە دۆزەخ دا جێگەیەك نـی یە بۆ بێ بڕوایان ﴿٣٢﴾ ﴿وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ﴾ وە ئەو کەسەی قورئانی هێناوە (واتە پێغەمبەر ﷺ) ﴿وَصَدَّقَ بِهِۦٓ﴾ باوەڕیشی پێ یەتی ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ﴾ هـەر ئەوانـن لەخواترسـان و پارێـزکاران ﴿٣٣﴾ ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ بۆیان هەیە (لەبەهەشـت دا) ئـەوەی بیانەوێـت لای پەروەردگاریـان ﴿ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ئەوەیە پاداشـتی چاکەکاران ﴿٣٤﴾ ﴿لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ﴾ تاخوا لێیان بسـڕێتەوە ﴿أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟﴾ خراپترین (کردەوەیەك) کەکردوویانە ﴿وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم﴾ وە پاداشـتیان بداتـەوە ﴿بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ بە (پاداشـتی) چاکترین ئـەو کردەوانـەی کردوویانە ﴿٣٥﴾ ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ﴾ ئایـا خوا بۆ بەندەی خـۆی (پێغەمبەر ﷺ) بـەس نـی یە (کە پشـتیوانی بێـت)؟ ﴿وَيُخَوِّفُونَكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) ئـەو بێباوەڕانە دەتـرسـێنن ﴿بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ﴾ بەوانـەی جگە لەخوان (واتە دەترسـێنن بەخواکانیان کـە زیانت پێ دەگەیەنن) ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ﴾ وە هـەر کەس کەخـوا گومڕای بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾ ئیتر هیـچ کەس ناتوانێت ببێت بە ڕێنموونیکەری و هیدایەتی بدات ﴿٣٦﴾ ﴿وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ﴾ وە هەر کەس کەخوا ڕێنموونی بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ﴾ ئـەوە هیـچ گومڕاکەرێکی بۆ نی یـە ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ﴾ ئایا خوا زاڵی بالادەسـتی تۆڵەسێن نییە؟ ﴿٣٧﴾ ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم﴾ سـوێند بەخوا ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت ﴿مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ کێ ئاسـمانەکان و زەوی دروسـت کردووە ﴿لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ بێگومان دەڵێن: خوا ﴿قُلْ أَفَرَءَيْتُم﴾ بڵـێ: دەی بێـم بڵێـن ﴿مَّا تَدْعُونَ﴾ ئەوانەی دەیان پەرسـتن ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ جگە لەخوا ﴿إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ﴾ ئەگەر خوا وویسـتی زیانێکم پێ بگەیەنێت ﴿هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ﴾ ئایا ئەو (پەرسـتراوانە) دەتوانن ئازارو زیانی ئەوم لێ لادەن؟ ﴿أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ﴾ یا ئەگەر وویسـتی نیعمەت و بەهرەیەکـم پێ بدات ﴿هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ﴾ ئایا ئەوانە دەتوانـن بەهرەو میهرەبانی ئەوم لێ بگرنەوە ﴿قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ﴾ بڵێ: من هەر خوام بەسە ﴿عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ﴾ خۆسپێران تەنها پشت بەو دەبەسـتن ﴿٣٨﴾ ﴿قُلْ يَٰقَوْمِ﴾ بڵێ ئەی گەلەکەم ﴿ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ﴾ ئێوە لەسـەر ڕێبازو شێوازی خۆتان کاربکەن ﴿إِنِّى عَٰمِلٌ﴾ منیش (لەسـەر ڕێبازی خۆم) کاردەکەم ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ ئەمجا بەم زووانە دەزانن ﴿٣٩﴾ ﴿مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ﴾ کێ (لەم دونیادا) سـزایەکی بۆ دێت کەڕیسـوای دەکات ﴿وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ وە سزایەکی بێ بڕانەوەی بەسەردا دێ ﴿٤٠﴾

﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ﴾ بەڕاستی ئەم قورئانەمان بۆ سەر تۆ ناردۆتە خوارەوە ﴿لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ﴾ بۆ هەموو خەڵکی بەهەق و ڕاستی ﴿فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ﴾ جا هەرکەسێ هیدایەت وەرگرێت ﴿فَلِنَفْسِهِۦ﴾ ئەوە قازانجی هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَمَن ضَلَّ﴾ هەر کەسیش لاڕێ وگومڕا بێت ﴿فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ ئەوە بەڕاستی زیانی گومڕا بوونەکەی هەر بۆخۆیەتی ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ وە ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ کارسپێڕراو و چاودێر نیت بەسەریانەوە (تابڕوا بهێنن) ﴿٤١﴾ ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ﴾ خوا گیانەکان دەکێشێ ﴿حِينَ مَوْتِهَا﴾ لەکاتی مردنیان دا ﴿وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ﴾ وە ئەوەی نەمردبێت ﴿فِى مَنَامِهَا﴾ لەکاتی خەوتنیدا ﴿فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى﴾ ئەمجا ئەو (گیانانە) ڕادەگرێ ﴿قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ﴾ بڕیاری مردنی داوە ﴿وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ﴾ وە ئەوانی تر بەرەڵا دەکات (کەدەبێ زیندوو بمێنن) ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ تاماوەیەکی دیاری کراو ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ﴾ بەڕاستی لەمەدا چەند بەڵگە هەیە ﴿لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەو کەسانەی بیردەکەنەوە ﴿٤٢﴾ ﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ﴾ ئاخۆ جگە لەخوا تکا کارانێکیان بۆ خۆیان داناوە ﴿قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟﴾ بڵێ گەرچی ئەوانە ﴿لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا﴾ نەهیچ شتێکیان بەدەستە ﴿وَلَا يَعْقِلُونَ﴾ وە نەتێش دەگەن ﴿٤٣﴾ ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا﴾ بڵێ: تکا هەمووی هەر بۆ خوایە ﴿لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ مولکی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ پاشان هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنرێنەوە ﴿٤٤﴾ ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ﴾ وەکاتێك یادی خوا بکرێ بەتاك و تەنیا ﴿ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ﴾ تێکدەچێت وە بێزار دەبێ دڵی کەسانێ ﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ کەباوەڕیان نییە بەڕۆژی دوایی ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ﴾ کەچی کاتێك ناوی پەرستراوانی بێجگە لەخوا ببرێت ﴿إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ یەکسەر شادو ڕووخۆش دەبن ﴿٤٥﴾ ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ﴾ بڵێ: ئەی خوایە ﴿فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ﴿عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ زانای نهێنی و ئاشکراکان ﴿أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ﴾ هەر تۆ دادوەری دەکەیت لەنێوان بەندەکانتدا ﴿فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ﴾ لەوەی ئەوان تیایدا ﴿يَخْتَلِفُونَ﴾ جیاوازبوون ﴿٤٦﴾ ﴿وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ بەڕاستی ئەگەر هی ئەو کەسانە بوایە ﴿مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ هەموو ئەوەی لەسەر زەویدایە ﴿وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ﴾ ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت ﴿لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ﴾ لەبریتی خۆیان دا دەیاندا ﴿مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ﴾ بۆ ڕزگاربوونیان لەسزای خراپی ﴿يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ ڕۆژی قیامەت ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ﴾ وە لەلایەن خواوە بۆیان دەرکەوت ﴿مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ﴾ شتی وا کەئەوان بیریان لێ نەکردوەتەوەو گومانیان بۆی نەچووە ﴿٤٧﴾

﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا﴾ وە بۆشیان دەرکەوت چی خراپەیان کردووە ﴿وَحَاقَ بِهِم﴾ وە دەوری گرتن ﴿مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ ئەو سزای ئەوان گالتەیان پێ دەکرد ﴿٤٨﴾ ﴿فَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ﴾ ئەمجا کاتێ ئادەمی زیانێکی لێ کەوت ﴿دَعَانَا﴾ هاوارمان بۆ دێنێ ﴿ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ نِعْمَةً مِّنَّا﴾ لەپاشان هەر کاتێ بەهرە ونیعمەتێکمان پێدا ﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ﴾ دەڵێ: بەڕاستی ئەم بەهرە ونیعمەتەم پێدراوە ﴿عَلَىٰ عِلْمٍ﴾ بەهۆی لێزانی وزانستی خۆمەوە ﴿بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ﴾ (وانی یە) بەڵکو ئەوە ئەزمون و تاقی کردنەوەیە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٤٩﴾ ﴿قَدْ قَالَهَا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ بێگومان ئەم قسەیە کەسانی پێش ئەمانیش کردیان ﴿فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُم﴾ بەڵام هیچ سوودی پێ نەگەیاندن ﴿مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ ئەوەی ئەوان کردیان ﴿٥٠﴾ ﴿فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا﴾ ئەمجا دوو چاریان بوو (تۆڵەی) ئەو خراپانەی کردبوویان ﴿وَالَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هَٰؤُلَاءِ﴾ ئەو کەسانەیان ستەمیان کرد (بێباوەڕانی مەککە) ﴿سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا﴾ لەمەو پاش دووچاری (تۆڵەی) کردەوە خراپەکانیان دەبن ﴿وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ﴾ وە ئەمانە (لەدەستی خوا) دەرباز نابن ﴿٥١﴾ ﴿أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ﴾ ئایا نەیانزانیوە کەبێگومان خوا ﴿يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ﴾ ڕۆزی فراوان دەکات ودەیشیگرێتەوە لەهەر کەسێك کە بیەوێت ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بێگومان لەوەدا بەڵگە ونیشانەی زۆر هەن بۆ ئەو کەسانەی باوەڕ دێنن ﴿٥٢﴾ ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کەخۆتان زۆر گوناهبار کردووە ﴿لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ﴾ نائومێد مەبن لەمیهرەبانی و بەزەیی خوا ﴿إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا﴾ چونکە بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکان خۆش دەبێت ﴿إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی هەر ئەوە لێ بوردەی بەبەزەیی یە ﴿٥٣﴾ ﴿وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ﴾ (بەو مەرجەی کە) بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارتان ﴿وَأَسْلِمُوا لَهُ﴾ وە گەردن کەچی ئەو بن ﴿مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ﴾ بەر لەوەی سزاتان بۆ بێت ﴿ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ پاشان یارمەتی نادرێن (لەلایەن هیچ کەسێکەوە) ﴿٥٤﴾ ﴿وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم﴾ وە شوێن چاکترین شتێ بکەون کە نێردراوەتە خوارەوە بۆتان ﴿مِّن رَّبِّكُم﴾ لە پەروەردگارتانەوە ﴿مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً﴾ بەر لەوەی لەناکاودا سزاتان بۆ بێت ﴿وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ کە ئێوە هەر هەستی پێ نەکەن ﴿٥٥﴾ ﴿أَن تَقُولَ نَفْسٌ﴾ نەکا ئەوسا کەسێ بڵێ ﴿يَا حَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ﴾ ئەی مەخابن لەسەر ئەوەی کەمتەرخەمیم کرد ﴿فِي جَنبِ اللَّهِ﴾ لەکارکردن بەوەی خودا فەرمانی پێکردبوو ﴿وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ﴾ وەبەڕاستی من لەو گالتە چیانە بووم (کە گالتەیان بە ئایینەکەی دەکرد) ﴿٥٦﴾

﴿أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي﴾ یان بلێیت: ئەگەر خوا ڕێنموونی بکردمایە ﴿لَكُنتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾ ئەوە بێگومان لەپارێزکاران ولەخواترسان دەبووم ﴿٥٧﴾ ﴿أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ﴾ یان کاتێك سزاکەی دەبینێت بلێیت ﴿لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً﴾ خۆزگە جارێکی تر بگەڕامایەتەوە (بۆ دونیا) ﴿فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾ ئەوسا لەچاکەکاران دەبووم ﴿٥٨﴾ ﴿بَلَىٰ قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي﴾ (ڕاست ناکەیت) خۆ بێگومان بەڵگەو ئایەتەکانی منت بۆهات ﴿فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ﴾ بەڵام باوەڕت پێ نەهێناو خۆت بەگەورەزانی ﴿وَكُنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ وە تۆ لەبێ باوەڕان بوویت ﴿٥٩﴾ ﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لەڕۆژی دواییدا ﴿تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ﴾ دەبینی ئەوانەی درۆیان بۆ خوا هەڵدەبەست ﴿وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ﴾ ڕوویان ڕەشە ﴿أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ ئایا لەدۆزەخ دا شوێنێك نی یە بۆ خۆ بەگەورە زانان؟ ﴿٦٠﴾ ﴿وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ وە ئەوانەی خۆیان پاراست (لەکوفرو تاوان) خوا ڕزگاریان دەکات ﴿بِمَفَازَتِهِمْ﴾ چونکە ڕێگەی ڕزگاریان گرتبوەبەر ﴿لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ﴾ نەتووشی ناخۆشی دەبن ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە نەخەم دەخۆن ﴿٦١﴾ ﴿اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ خوا بەدی هێنەری هەموو شتێکە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾ وە هەر ئەویش پارێزەری هەموو شتێکە ﴿٦٢﴾ ﴿لَّهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی بەدەست خوایە ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ وە ئەوانەی بەبەڵگەو نیشانەکانی خوا بێ باوەڕن ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ هەر ئەوانن زەرەرمەند ﴿٦٣﴾ ﴿قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: دەی ئایا ئێوە داوام لێ دەکەن من بێجگە لەخوا شتێکی تر بپەرستم ﴿أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ﴾ ئەی نەفام و نەزانان ﴿٦٤﴾ ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ﴾ سوێند بەخوا نیگا کراوە بۆ تۆ ﴿وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ﴾ وەبۆ پێغەمبەرانی پێش تۆش ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ ئەگەر هاوبەشبۆ خوا دابنێیت بەڕاستی کردەوەت هەڵدەوەشێتەوە ﴿وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ وە بێگومان لەزەرەرمەندان دەبیت ﴿٦٥﴾ ﴿بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ﴾ (وا مەکە) بەڵکو تەنها خوا بپەرستە ﴿وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ﴾ ولەسوپاسگوزاران بە ﴿٦٦﴾ ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ﴾ (کافران) خوایان نەناسیوە (بەگەورەیان نەزانی) بەو جۆرەی شیاوێتی ﴿وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لەڕۆژی دواییدا هەموو زەوی لەچنگی ئەودایە (بەدەست خوایە) ﴿وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ﴾ وە ئاسمانەکانیش بەدەستی ڕاستی ئەو پێچراونەتەوە (لەم ئایەتەدا جێگیرکردن سیفەتی دەستی ڕاست بۆ خودا هاتووە ئێمە باوەڕمان پێیەتی، بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك وشێوەکەی نازانین، تەنها خودا دەیزانێت) ﴿سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ خوا پاك و بڵند تر لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٧﴾

﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ﴾ کاتیك فووکرا بەکەرەنادا (بەشەپوردا) ﴿فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ﴾ یەکسەر هەموو ئەوانەی لەئاسمانەکان و زەویدان دەمرن ﴿إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ﴾ مەگەر کەسانێ خوا بیەوێت (نەمرن) ﴿ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ﴾ پاشان جارێکی تر فوو دەکرێ بەکەرەنادا ﴿فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ﴾ جا لە پڕ هەموو ڕاست دەبنەوە ﴿يَنظُرُونَ﴾ چاوەڕوان دەکەن ﴿٦٨﴾ ﴿وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا﴾ وەزەوی لەو ڕۆژەدا بەنووری پەروەردگاری ڕووناك دەبێتەوە ﴿وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ﴾ وەنامەی کردەوە لەبەردەمیان دادەنرێت ﴿وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ﴾ و پێغەمبەران و شاهیدی (سەر گەلەکان) دەهێنرێن ﴿وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ﴾ وە لەنێوانیاندا بەهەق دادوەری دەکرێ ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ ﴿٦٩﴾ ﴿وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ﴾ وە (لەو ڕۆژەدا) هەموو کەسێك چی کردووە بەتێرو تەواوی پاداشت دەدرێتەوە ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ﴾ وە خوا خۆشی ئاگادارە (بە بێ شایەت و نامەی کردەوەکان) ﴿بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ بەو کردەوانەی کەدەیکەن ﴿٧٠﴾ ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا﴾ ئەوسا ئەوانەی بێباوەڕ بوون ڕاپێچ دەکرێن ﴿إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا﴾ بۆ دۆزەخ کۆمەڵ کۆمەڵ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا﴾ تاکاتێ دێنە (نزیکی) دۆزەخ ﴿فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا﴾ دەرگاکانی دەکرێنەوە ﴿وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ﴾ وە دەرگاوانەکانی دۆزەخ (بەلۆمەکردنێکەوە) بەوان دەڵێن ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ﴾ ئایا پێغەمبەرانتان لەخۆتان بۆ نەهات ﴿يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ﴾ کەئایەتەکانی پەروەردگارتان بەسەردا بخوێننەوە ﴿وَيُنذِرُونَكُمْ﴾ وە بتانترسێنن ﴿لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾ لەگەشتنتان بەم ڕۆژە ﴿قَالُوا۟ بَلَىٰ﴾ دەڵێن: بەڵێ (هاتن ئاگاداریان کردین) ﴿وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ﴾ بەڵام بڕیاری سزا دراوە ﴿عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ بەسەر (ئێمەی) بێباوەڕان دا ﴿٧١﴾ ﴿قِيلَ ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ﴾ پێیان دەوترێ: لەدەرگاکانی دۆزەخەوە بچنەژوورەوە ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بەهەمیشەیی لەوێدا بمێننەوە ﴿فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ ئای چ خراپە جێگەو مەنزڵگای خۆبەزل زانان ﴿٧٢﴾ ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا﴾ وە کەسانێ (کە خواناس بوون) و لە پەروەردگاریان دەترسان پۆل پۆل دەبرێن بۆ بەهەشت ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا﴾ تاکاتێ دێنە (نزیکی) بەهەشت ﴿وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا﴾ و دەرگاکانی دەکرێنەوە ﴿وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا﴾ وە دەرگاوانەکانی بەوان دەڵێن ﴿سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ﴾ سەلامتان لێ بێت ﴿طِبْتُمْ﴾ ئێوە پاك و خاوێن بوون (لەتاوان لەدونیادا) ﴿فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ﴾ کەواتە بڕۆنە ناو بەهەشت بەهەمیشەیی ﴿٧٣﴾ ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي﴾ (ئەوانیش) دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خوایەی ﴿صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ﴾ هەر بەڵێنێکی بەئێمەدا ڕاست بوو ﴿وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ﴾ وە زەوی (بەهەشتی) بەمیراتی پێ دایین ﴿نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ﴾ لەهەر شوێنێکی بەهەشتدا بمانەوێت نیشتەجێ دەبین ﴿فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ﴾ ئای چەند چاکە پاداشتی چاکەکاران ﴿٧٤﴾

﴿وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ﴾ وە فریشتەکان دەبینی ﴿حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ﴾ چوار دەوری عەرشیان داوە ﴿يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ﴾ تەسبیحات دەکەن بەستایشی پەروەردگاریان ﴿وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ﴾ وە لەنێوانیاندا بەحەق دادوەری کرا ﴿وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ وە (لەکۆتایی دا) دەووترێت هەموو سوپاس هەر بۆ خوایە ﴿رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ کەپەروەردگاری جیهانیانە ﴿٧٥﴾

سورەتی ﴿غَافِر﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حمٓ﴾ بە (حا، میم) دەخوێنرێتەوەو خوا بەواتای ئەم پیتانە زاناترە، سەرنجی سەرەتای سورەتی(البقرة) بدە دەربارەی واتاکەیان ﴿١﴾ ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەم قورئانە هێتراوەتە خوارەوە ﴿مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾ لەلایەن خوای بالادەستی داناوە ﴿٢﴾ ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ﴾ لێبوردەی تاوان و ﴿وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ﴾ وەرگری تۆبەی (گوناهباران وتۆبەکارانە) ﴿شَدِيدِ ٱلْعِقَابِ﴾ (ئەو خودایە) تۆڵەی سەخت وبەتینە ﴿ذِى ٱلطَّوْلِ﴾ وە خاوەن فەزڵ و بەهرە و چاکەیە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ بێجگە لەو هیچ پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نی یە ﴿إِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ﴾ گەڕانەوەی هەمووان هەر بۆلای ئەوە ﴿٣﴾ ﴿مَا يُجَٰدِلُ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ دەمە قاڵێ وکێشمەکێش ناکات لەنیشانەکانی خوادا ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بێباوەڕان نەبێت ﴿فَلَا يَغْرُرْكَ﴾ کەوا بوو فریوت نەدات ﴿تَقَلُّبُهُمْ فِى ٱلْبِلَٰدِ﴾ هاتوچۆ و گەڕانیان بەوولاتدا (بۆ بازرگانی وسامان دەس خستن) ﴿٤﴾ ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ﴾ پێش ئەوان گەلی نووح باوەڕیان نەهێنا (بەنووح) ﴿وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ وە دەستەو تاقمەکانی دوای ئەوانیش (باوەڕیان نەهێنا) ﴿وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ﴾ و هەموو گەلێک وویستوویەتی (نیازی کردووە) ﴿بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ﴾ کە پێغەمبەرەکەیان بکوژن (یا بیگرن و ئازاری بدەن) ﴿وَجَٰدَلُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ﴾ وە دەمەقاڵییان (لەگەڵ)دەکرد بەناڕەوا ﴿لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ﴾ بۆ ئەوەی ڕاستی پێ لابەرن و نەیهێڵن ﴿فَأَخَذْتُهُمْ﴾ ئینتر (قار وتووڕەیی) من گرتنی ﴿فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵەسەندنی من لەوان ﴿٥﴾ ﴿وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾ وە ئابەو جۆرە بڕیاری پەروەردگارت بەدی هات ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ لەسەر ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ کەبێگومان ئەوان دۆزەخین ﴿٦﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ﴾ ئەو فریشتانەی هەڵگری عەرشن و ﴿وَمَنْ حَوْلَهُۥ﴾ ئەوانەش بەدەوری دان ﴿يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ﴾ بەستایشی پەروەردگاریان تەسبیحات دەکەن ﴿وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ وە باوەڕیان بەو هەیە ﴿وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ وە داوای لێبوردن دەکەن بۆ ئەوانەی ئیماندارن ﴿رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا﴾ (دەڵێن:) ئەی پەروەردگارمان میهرەبانی و زانیاریت هەموو شتێکی گرتۆتەوە ﴿فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟﴾ دەی خۆش ببە لەوانەی تۆبەیان کردووە ﴿وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ﴾ و شوێنی ڕێگای تۆ کەوتوون ﴿وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ﴾ وە بیانپارێزە لەسزای دۆزەخ ﴿٧﴾

﴿رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ﴾ ئەی پەروەردگارمان بیشیان خەرە بەهەشتانیکی هەمیشەیی ﴿ٱلَّتِى وَعَدتَّهُمْ﴾ کە بەڵێنت پێ دابوون ﴿وَمَن صَلَحَ﴾ ئەو کەسانەش چاکەکار بوون ﴿مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ﴾ لەباوو باپیران و هاوسەران و پۆلەکانیان (نەوەکانیان) ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی هەر تۆ زاڵی کار دروستی ﴿٩﴾ ﴿وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ وە بیانپارێزە لە(تۆڵەی) تاوانەکان ﴿وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ﴾ چونکە هەر کەسێك لە (تۆڵەی) خراپەو تاوان بپارێزی لەو ڕۆژەدا ﴿فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ﴾ ئەوە بێگومان ڕەحمەت پێ کردووە ﴿وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ وە هەر ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿١٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنَادَوْنَ﴾ بەڕاستی کەسانێ بێ باوەڕ بوون (لەپاشەڕۆژدا) بانگ دەکرێن ﴿لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ کەبەڕاستی تووڕەیی و خەشمی خوا (لەدونیادا) گەورەتر بوو لەڕق و تووڕەییتان لەخۆتان (لەقیامەتدا) ﴿إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَىٰ ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ﴾ کاتێك بانگ دەکران بۆ باوەڕ هێنان بەڵام باوەڕتان نەدەهێنا ﴿١١﴾ ﴿قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ﴾ دەڵێن ئەی پەروەردگارمان تۆ دوو جارت مراندووتین ﴿وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ﴾ وە دوو جاریش ژیانت بەبەردا کردووین ﴿فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا﴾ جا دانمان نا بەتاوانەکانمان دا ﴿فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ﴾ دەی ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ دەرباز بوون ﴿١٢﴾ ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ﴾ ئەم سزایەتان لەبەر ئەوەیە کە بەڕاستی هەرکاتێ خوا بەتاك و تەنیایی بپەرسترایە ئێوە بێ باوەڕ دەبوون ﴿وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟﴾ وە ئەگەر هاوبەشی بۆ دابنرایە باوەڕتان دەهێنا (بەو هاوبەشە دانانە) ﴿فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ﴾ بڕیاردان هەر بۆ خوای بڵندو بەرزو گەورەیە ﴿١٣﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ﴾ ئەو زاتێکە نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدات ﴿وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا﴾ وە لەئاسمانەوە ڕزق و ڕۆزیتان بۆ دەنێرێتە خوارەوە ﴿وَمَا يَتَذَكَّرُ﴾ کەس بیر ناکاتەوە(پەند وەرناگرێ) ﴿إِلَّا مَن يُنِيبُ﴾ مەگەر کەسێك ڕوو لەخوا بێ ﴿١٤﴾ ﴿فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ کەواتە لەخوا بپارێنەوەو بەپاکیی ودڵسۆزی و بۆی گەردن کەچ بن ﴿وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ هەر چەندە بێ باوەڕانیش پێیان ناخۆش بێ ﴿١٥﴾ ﴿رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ﴾ (خوا) پلەو پایە زۆر بەرزی خاوەن عەرشی مەزنە ﴿يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ﴾ بەفەرمانی خۆی وەحی دەنێرێ ﴿عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ بۆ هەر کەس لەبەندەکان کەبیەوێ ﴿لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ﴾ تا(خەڵك) بترسێنێ لە ڕۆژی بەیەکتر گەیشتن ﴿١٦﴾ ﴿يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَ﴾ ڕۆژێ کە هەموو (لە گۆڕەکانیان دێنە دەرو) ئاشکرا دەبن ﴿لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ﴾ هیچ شتێکیان لە خوا پەنهان نابێت ﴿لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ﴾ (خوا دەفەرموێ:) ئەمڕۆ پادشایەتی و دەسەڵات بۆ کێیە (وەڵام نادرێتەوە) ﴿لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ﴾ (خۆی وەڵام دەداتەوە و دەفەرموێت) هەر بۆ خوای تاك و تەنهایە کە بەسەر هەموو شتدا زاڵە ﴿١٧﴾

﴿ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ﴾ ئەمرۆ هەموو کەس پاداشت یان سزا دەدرێتەوە ﴿بِمَا كَسَبَتْ﴾ بە گوێرەی ئەوەی کردوویەتی ﴿لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ﴾ ئەمرۆ ستەم کردن نی یە (لە کەس) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ بەڕاستی لێپرسینەوەی خوا بەپەلەو خێرایە ﴿١٧﴾ ﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْآزِفَةِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) ئەوان لەڕۆژە نزیکەکە (قیامەت) بترسێنە ﴿إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ﴾ لەوکاتەی دڵەکان (لەترسا) گەشتوونەتە گەروو ﴿كَٰظِمِينَ﴾ هەموو پیش دەخۆنەوە ﴿مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ﴾ ستەمکاران نەهیچ دۆستێکیان هەیە ﴿وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ﴾ وە نە تکاکارێك بەگوێی بکرێت ﴿١٨﴾ ﴿يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ﴾ (خوا) دەزانێ بەخیانەتی چاوان و ﴿وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ﴾ هەرچی دڵان دەیشارنەوە ﴿١٩﴾ ﴿وَٱللَّهُ يَقْضِى بِٱلْحَقِّ﴾ وە خوا بەهەق و ڕاستی دادوەری دەکات ﴿وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾ بەڵام ئەوانەی جگە لەخوا هاواریان لێ دەکەن (دەیانپەرستن) ﴿لَا يَقْضُونَ بِشَىْءٍ﴾ ناتوانن بڕیاری هیچ شتێك بدەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ بەڕاستی هەرخوا بیسەری بینایە ﴿٢٠﴾ ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئایا بەزەویدا نەگەڕاون ﴿فَيَنظُرُوا۟﴾ تا ببینن (بزانن) ﴿كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ﴾ سەرەنجامی ئەوانەی کەپێش ئەمان بوون چۆن بوو ﴿كَانُوا۟ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً﴾ ئەوانە لەمان بەهێزتر بوون ﴿وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە شوێنەواریان لەزەویدا زیاتر بوو ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ﴾ بەڵام خوا بەهۆی تاوانەکانیانەوە گرتنی وتۆڵەی لێ سەندن ﴿وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ وە کەس پارێزەریان نەبوو لە (سزای) خوا ﴿٢١﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَتْ﴾ ئەمە لەبەر ئەوە بوو کەبێگومان ئەوان ﴿تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم﴾ پێغەمبەرەکانیان بۆ دەهات ﴿بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ بەنیشانە ئاشکراکانەوە ﴿فَكَفَرُوا۟﴾ کەچی باوەڕیان نەهێنا ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەمجا خوا قاری لێ گرتن و سزای دان ﴿إِنَّهُۥ قَوِىٌّ﴾ بەڕاستی خوا بەهێزی ﴿شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ تۆڵەسێنی بەتینە ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ سوێند بەخوا بێگومان مووسامان نارد بەچەند موعجیزە ﴿وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾ و بەڵگەی ڕوونەوە(بەتەوراتەوە) ﴿٢٣﴾ ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَقَٰرُونَ﴾ بۆ لای فیرعەون و هامان و قاروون ﴿فَقَالُوا۟ سَٰحِرٌ كَذَّابٌ﴾ هەموو ووتیان: جادوو گەرێکی درۆزنە ﴿٢٤﴾ ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا﴾ ئەمجا کاتێ مووسا (ئایینی) ڕاستی لەلایەن ئێمەوە بۆ هێنان ﴿قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾ ووتیان کوڕانی ئەوانەی لەگەڵ ئەو(مووسا) باوەڕیان هێناوە بکوژن ﴿وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ﴾ وە ژنەکانیان بەزیندوویی بهێڵنەوە (بۆ کارەکەری) ﴿وَمَا كَيْدُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ﴾ بەڵام فێڵی بێ باوەڕان هەر مایەی سەر لێ شێوانە (هەرگیز سەرناگرێت) ﴿٢٥﴾

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِيٓ﴾ وە فیرعەون ووتی: لێم گەڕێن ﴿أَقْتُلْ مُوسَىٰ﴾ با موسا بکوژم ﴿وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ﴾ ئەوسا بانەوهانا بۆ پەروەردگاری بەری (ڕزگاری بکات) ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ﴾ بەڕاستی من دەترسم کەئاینەکەتان بگۆڕێت ﴿أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ﴾ یان لەزەویدا ئاژاوە وخراپەکاری بنێتەوە ﴿٢٦﴾ ﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذْتُ﴾ وە موسا ووتی: بەڕاستی من پەنا دەگرم ﴿بِرَبِّي وَرَبِّكُم﴾ بەپەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوەش ﴿مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ﴾ لەهەموو خۆبەزل زانێك ﴿لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ﴾ کە باوەڕی بەڕۆژی لێ پرسینەوە نی یە ﴿٢٧﴾ ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ﴾ وە پیاوێکی باوەڕدار ووتی: ﴿مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ﴾ لەکەس و کاری فیرعەون بوو ﴿يَكْتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ﴾ کە باوەڕەکەی شارد بوەوە ﴿أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا﴾ ئایا (چۆن) پیاوێك دەکوژن؟ ﴿أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ﴾ لەبەر ئەوەی دەڵێ: خوا پەروەردگارمە ﴿وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ﴾ کە بەڕاستی چەند بەڵگە و موعجیزەی ڕوونی لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون ﴿وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ﴾ خۆ ئەگەر درۆزن بێ (کەدەڵێ پێغەمبەرم) ئەوە (تاوانی) درۆکەی بەئەستۆی خۆیەتی ﴿وَإِن يَكُ صَادِقًا﴾ خۆ ئەگەر ڕاستگۆ بێ ﴿يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِي يَعِدُكُمْ﴾ هەندێ لەو (سزایەی) بەڵێنی پێ داوون تووشتان دەبێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ بێگومان خوا ڕێنموونی کەسێ ناکات کە زیادەڕۆ و درۆزن بێت ﴿٢٨﴾ ﴿يَٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ﴾ (موسا ووتی): ئەی گەلەکەم فەرمان ڕەوایی ئەمڕۆ هی ئێوەیە ﴿ظَٰهِرِينَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ و بەدەسەڵات و زاڵن لەسەر زەویدا ﴿فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا﴾ دەی کێ یارمەتیمان دەدات ئەگەر سزای خوامان بۆ بێت ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ﴾ فیرعەون ووتی: چی خۆم بەچاکی دەبینم هەر ئەوەتان نیشانە دەدەم ﴿وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ وەئەنیابۆ ڕێنگای ڕاست ڕێنموونیتان دەکەم ﴿٢٩﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ﴾ وە ئەو (پیاوەی) باوەڕی هێنا بوو ووتی: ئەی گەلەکەم ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُم﴾ بەڕاستی من لەوە دەترسم بەسەرتان بێ ﴿مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ﴾ وێنەی (سزای) ئەو ڕۆژەی بەسەر کۆمەڵان و گەلانی پێشوو هات ﴿٣٠﴾ ﴿مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ﴾ وەك ئەو (سزایەی) هات بەسەر گەلی نووح و عاد و سەموود و ﴿وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ﴾ ئەوانەش لەدوای ئەوان بوون ﴿وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ﴾ وە خوا زوڵم وستەمی ناوێ بۆ بەندەکانی ﴿٣١﴾ ﴿وَيَٰقَوْمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ ٱلتَّنَادِ﴾ وە ئەی گەلەکەم بەڕاستی من ترسی ڕۆژی هاوار و بانگ لەیەکتری کردنم هەیە لێتان (ئەو ڕۆژەی کە هەموو کەس هاوار وداوای یارمەتی لەیەکتری دەکەن) ﴿٣٢﴾ ﴿يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ﴾ ئەو ڕۆژەی پشت هەڵدەکەن و هەڵدێن ﴿مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ﴾ هیچ پەناگەیەك بۆ ئێوە نی یە لە(سزای) خوا ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ﴾ وە هەر کەسێ خوا گومڕای بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ﴾ ئەوە هیچ ڕێنموونی کەرێکی بۆ نی یە ﴿٣٣﴾

﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان پێشتر یوسف پێغەمبەرتان بۆهات بەبەڵگە ڕوونەکانەوە ﴿فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ﴾ کەچی ئێوە هەر لەگوماندا بوون ﴿مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ﴾ لەو بەڵگانەی بۆی هێنابوون ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ﴾ تا کاتێ (یوسف) وەفاتی کرد ﴿قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا﴾ ووتتان ئیتر دوای ئەو خوا هیچ پێغەمبەرێکی تر نانێرێ ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ﴾ ئا بەو جۆرە خوا گومڕای دەکات ﴿مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ﴾ ئەو کەسەی زیادە ڕۆی دوو دڵە ﴿٣٤﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی دەربارەی نیشانەکانی خوادەمەقاڵێ دەکەن ﴿بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ﴾ بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ﴾ (ئەو دەمەقاڵەیان) هۆی توڕەیی یە لای خوای گەورە ﴿وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ وەلای ئەوانەش باوەڕیان هێناوە ﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ﴾ ئابەو جۆرە خوامۆر دەنێ ﴿عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ﴾ بەسەر دڵی هەموو خۆبەزل زانێکی زۆرداردا ﴿٣٥﴾ ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ﴾ فیرعەون ووتی ئەی هامان ﴿ٱبْنِ لِى صَرْحًا﴾ کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە ﴿لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ﴾ بەڵکو بگەمە ئەو ڕێگایانە ﴿٣٦﴾ ﴿أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ کەڕێگاکانی (بەرز بوونەوەن بۆ) ئاسمانەکان ﴿فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ﴾ بۆ ئەوەی (لەوێوە) سەیری خواکەی مووسا بکەم ﴿وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا﴾ وە بەڕاستی من وا گومان دەبەم ئەو (مووسا) درۆزنە ﴿وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ﴾ ئابەو جۆرە ڕازێنرایەوە بۆ فیرعەون ﴿سُوٓءُ عَمَلِهِۦ﴾ کردەوەی خراپی ﴿وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ وە (بەهۆیەوە) ڕێگری کرا لەڕێگای ڕاست ﴿وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ﴾ وە هەر فێڵ و پلانێکی فیرعەون هەبوو بەفیڕۆ چوو ﴿٣٧﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ﴾ وە ئەو (پیاوەی) باوەڕی (بە مووسا) هێنا بوو ووتی ﴿يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ﴾ ئەی گەلەکەم شوێن من بکەون ﴿أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ ڕێگای ڕاستتان نیشان دەدەم ﴿٣٨﴾ ﴿يَٰقَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَٰعٌ﴾ ئەی گەلەکەم بەڕاستی ژیانی ئەم دونیایە ڕابواردنێکی کەمە ﴿وَإِنَّ ٱلْءَاخِرَةَ هِىَ دَارُ ٱلْقَرَارِ﴾ وە بەڕاستی هەر پاشەڕۆژ جێی حەسانەوەی هەمیشەیی یە ﴿٣٩﴾ ﴿مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً﴾ هەر کەسێك کاری خراپەی کردبێ ﴿فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا﴾ هەر بەئەندازەی خراپەکەی سزا دەدرێ ﴿وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا﴾ هەر کەسیش چاکەی کرد بێت ﴿مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾ ئافرەت بێت یان پیاو (بەو مەرجەی) باوەڕدار بێت ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ﴾ ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە ﴿يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ لەوێدا بەبێ ژمارە وحیساب ڕزق و ڕۆزیبان پێ دەدرێت ﴿٤٠﴾

﴿وَيَٰقَوْمِ مَا لِيٓ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ﴾ وە ئەی گەلەکەم ئەوە چی یە من بانگتان دەکەم بۆ ڕزگاربوون ﴿وَتَدْعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ کەچی ئێوە من بانگ دەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ ﴿٤١﴾ ﴿تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ﴾ بانگم دەکەن بۆ ئەوەی بێ باوەڕبم بەخوا ﴿وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا لَيْسَ لِي بِهِۦ عِلْمٌ﴾ وە شتێ بکەمە هاوبەشی خوا کەهیچ زانیاری یەکم لێ ی نیە ﴿وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ﴾ لەکاتێکدا من بانگتان دەکەم بۆلای خوای بەدەسەلاتی لێبوردە ﴿٤٢﴾ ﴿لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ﴾ ڕاستە و گومانی تێدا نی یە ئەوەی ئێوە منی بۆ بانگ دەکەن ﴿لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِي ٱلدُّنْيَا وَلَا فِي ٱلْءَاخِرَةِ﴾ شیاوی بانگ کردن نییە نە لە دونیا و نە لە دوا ڕۆژدا ﴿وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ﴾ وە بەڕاستی گەڕانەوەمان هەر بۆلای خوایە ﴿وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ و بێگومان زیادەڕۆیان هاوەڵانی ئاگری دۆزەخن ﴿٤٣﴾ ﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ﴾ جا لەمەودوا ئەوەی من پێتان دەڵێم بیرتان دەکەوێتەوە ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ وە من کاری خۆم بەخوا دەسپێرم ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ بەڕاستی خوا بینایە بەبەندەکانی ﴿٤٤﴾ ﴿فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟﴾ جا خوا ئەو (پیاوە ئیماندارە) ی پاراست لەزیانی ئەو فڕو فێڵانەی دەیان کرد ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ﴾ وە سزای سەخت هات و داروودەستەی فیرعەونی گرتەوە ﴿٤٥﴾ ﴿ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا﴾ بەیانیان و ئێواران (فیرعەون ودەست وپێوەندەکەی) دەبرێنە دیاری ئاگری دۆزەخ ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ﴾ ڕۆژێکیش قیامەت هەڵدەسێت ﴿أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ﴾ (فەرمان دەدرێ) داروودەستەی فیرعەون بخەنە سەختترین سزاوە ﴿٤٦﴾ ﴿وَإِذْ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ﴾ وەکاتێک (دۆزەخیەکان) لەناو ئاگرەکەدا دەمە قاڵێ دەکەن ﴿فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟﴾ لاوازەکان بەوانەی خۆ بەزل زان بوون دەڵێن ﴿إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا﴾ بەڕاستی ئێمە شوێن کەوتووی ئێوە بووین ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا﴾ دەی ئایا ئێوە لەجیاتی ئێمە لەئەستۆ دەگرن ﴿نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ﴾ بەشێك لەم ئاگرە ﴿٤٧﴾ ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟﴾ ئەوانەی خۆ بەزل زان و زۆردار بوون دەڵێن: ﴿إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ﴾ بەڕاستی هەموومان لەئاگردایین ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ ٱلْعِبَادِ﴾ بێگومان خوا لەنێوان بەندەکانیدا دادوەری کردوو (وحوکمی تەواو بوو) ﴿٤٨﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ﴾ وە ئەوانەی لەئاگری دۆزەخدان بەدەرگاوانەکانی دۆزەخ دەڵێن ﴿ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ﴾ داوا لەپەروەردگارتان بکەن ﴿يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ﴾ تەنها یەك ڕۆژ سزامان لەسەر سووك بکات ﴿٤٩﴾

﴿قَالُوا﴾ دەڵێن: ﴿أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم﴾ ئایا پێغەمبەرەکان نەهاتن بۆ لاتان؟ ﴿بِالْبَيِّنَاتِ﴾ بەچەندین بەڵگەی ڕوون وئاشکراوە؟ ﴿قَالُوا بَلَىٰ﴾ دەڵێن: بەڵێ (هێنابوویان) ﴿قَالُوا فَادْعُوا﴾ پێیان دەڵێن دەی خۆتان بپارێنەوە ﴿وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴾ بێگومان پارانەوەی بێ باوەڕان وون دەبێ و بێ سوودە ﴿٥٠﴾ ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین ﴿فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ لەژیانی دونیادا ﴿وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ﴾ وە لەو ڕۆژەی (قیامەت) کە شایەتەکان هەڵدەستنەوە ﴿٥١﴾ ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ﴾ ڕۆژێکە بیانوو و پاکانە کردنی بێ باوەڕان هیچ سوودیان پێ ناگەیەنێت ﴿وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ﴾ هەموویان نەفرەتیان لێ کراوەو خراپترین جێگایان هەیە ﴿٥٢﴾ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْهُدَىٰ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە تەوراتمان دا بەموسا ﴿وَأَوْرَثْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ﴾ وە نەوەکانی ئیسرائیلمان کردە میراتگری تەورات ﴿٥٣﴾ ﴿هُدًى وَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ (کەهۆی) ڕێنموونیی و پەندو بیرخەرەوەیە بۆ خاوەن ژیری یەکان ﴿٥٤﴾ ﴿فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾ ئەمجا (ئەی موحەممەد ﷺ) خۆگربە بێگومان بەڵێنی خوا هەقەو دێتە دی ﴿وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ﴾ وە داوای لێبوردنی گوناهت بکە ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ﴾ وە تەسبیحات بکە بەستایشی پەروەردگارت ﴿بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ﴾ بەئێواران وبەیانیاندا ﴿٥٥﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ﴾ بەڕاستی ئەو کەسانەی دەمە قاڵێ و کێشە دەکەن ﴿فِي آيَاتِ اللَّهِ﴾ دەربارەی نیشانەکانی خودا ﴿بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ﴾ بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێت ﴿إِن فِي صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ﴾ هیچ لە دڵیاندا نی یە جگە لەخۆبەزل زانی نەبێت ﴿مَّا هُم بِبَالِغِيهِ﴾ هەرگیز ئەوان بە (مەبەستیان) ناگەن ﴿فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ﴾ کەواتە پەنا بەخوا بگرە ﴿إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ بەڕاستی هەر ئەو بیسەری بینایە ﴿٥٦﴾ ﴿لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ﴾ بەڕاستی بەدی هێنانی ئاسمانەکان و زەوی گەورەترە ﴿مِنْ خَلْقِ النَّاسِ﴾ لەبەدی هێنانی خەڵکی ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەی مەردووم ئەمە نازانن ﴿٥٧﴾ ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ﴾ وە نابینا و بینا یەکسان نین ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە کەسانێ باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿وَلَا الْمُسِيءُ﴾ لەگەڵ بەدکاران وەک یەک نین ﴿قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ﴾ زۆر کەم (لەخەڵکی) بیر دەکەنەوە ﴿٥٨﴾

﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَآتِيَةٌ﴾ بەڕاستی ڕۆژی دوایی دێت ﴿لَّا رَيْبَ فِيهَا﴾ هیچ گومانی تێدا نی یە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بەڵام زۆربەی خەڵکی باوەڕ ناکەن ﴿٥٩﴾ ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ﴾ وە پەروەردگارتان فەرموویەتی: لێم بپارێنەوە ﴿أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ وەڵامتان دەدەمەوە ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي﴾ بەڕاستی ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن کەبمپەرستن ﴿سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ بێگومان بەسەر شۆڕی دەچنە دۆزەخەوە ﴿٦٠﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ﴾ خوا ئەو زاتەیە شەوی داناوە بۆ ئێوە ﴿لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ﴾ تانارامی تێدا بگرن ﴿وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا﴾ وە ڕۆژیشی ڕوناك کردۆتەوە (بۆ ژیان پەیدا کردن) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ بەڕاستی خوا خاوەن چاکەو میهرەبانی یە بەسەر خەڵکەوە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ بەڵام زۆربەی ئادەمی سوپاس گوزار نین ﴿٦١﴾ ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ﴾ ئەمەیە خوای پەروەردگاری ئێوە ﴿خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ﴾ دروستکەر وداهێنەری هەموو شتێکە ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی بەهەق وڕاست نییە جگە لە ئەو ﴿فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ دەی کەواتە چۆن لائەدەن لەڕاستی ﴿٦٢﴾ ﴿كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ﴾ ئا بەم جۆرە لائەدرێن ﴿ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾ ئەوانەی کەدان نانێن بەبەڵگەو نیشانەکانی خوادا ﴿٦٣﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا﴾ خوا زاتێکە کەزەوی بۆ کردونەتە نیشتەجێ (وئارامگا) ﴿وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً﴾ وە ئاسمانیشی بۆ کردوون بەسەربان ﴿وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ﴾ و بەجوانترین شێوە ئێوەی دروست کردووە ﴿وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ لەوشتانەیش کەحەڵاڵ و پاکن ڕۆزی داوون ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ﴾ ئەمەیە خوای پەروەردگاری ئێوە ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بەرزی و پیرۆزی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ﴿٦٤﴾ ﴿هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هەر زیندووەو هیچ پەرستراوێکی بەهەق وڕاست نییە جگە لە ئەو ﴿فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ کەواتە خوا بپەرستن بەدڵسۆزی وتەنها بۆ ئەو ملکەچ بن ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ﴿٦٥﴾ ﴿قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: بەڕاستی من ڕێگری کراوم لەپەرستنی ﴿ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی ئێوە دەیان پەرستن جگە لەخوا ﴿لَمَّا جَآءَنِيَ ٱلْبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي﴾ دوای ئەوەی بەڵگەی ڕوونم بۆ هاتووە لەپەروەردگارمەوە ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ﴾ وە فەرمانم پێ کراوە کە گەردن کەچ بم ﴿لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ بۆ پەروەردگاری جیهانیان ﴿٦٦﴾

﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ﴾ ئەو خوایەیە کەئێوەی لەخاك دروست کردووە ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾ لەپاشان لەدڵۆپێك ئاو ﴿ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ﴾ پاشان لەپارچە خوێنێك ﴿ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا﴾ لەپاشان بەمندالی (ساوایی) دەتان هێنێتە دەر (لەسکی دایك) ﴿ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ﴾ لەپاشان تا دەگەنە تینی هێزو لاوییتان ﴿ثُمَّ لِتَكُونُوا۟ شُيُوخًا﴾ لەپاشان تاپیر دەبن ﴿وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ﴾ وە هەندێکتان پێش پیربوون دەمرێنرێن ﴿وَلِتَبْلُغُوٓا۟ أَجَلًا مُّسَمًّى﴾ هەتا دەگەنە ئەو کاتەی کەبۆتان دیاری کراوە ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیربکەنەوە ﴿٦٧﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾ ئەو خوایەیە کەدەژێنێ و دەمرێنێ ﴿فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا﴾ جا هەرکاتێك (بیەوێت) بڕیارێك بدات ﴿فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ تەنها پێی دەفەرموێت بە ،دەست بەجێ دەبێ ﴿٦٨﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە سەبارەت بە بەڵگە ونیشانەکانی خوادەمە قاڵێ وموجادەلە دەکەن (بەبێ هیچ زانیاریەك) ﴿أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ﴾ چۆن لەڕێی (ڕاست) لادەدرێن ﴿٦٩﴾ ﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەوانەی باوەڕیان بەقورئان نەهێنا ﴿وَبِمَآ أَرْسَلْنَا بِهِۦ رُسُلَنَا﴾ وە بەو (پەڕاوانەی) بەپێغەمبەرەکانماندا ناردومانە ﴿فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ ئەوە لەمەو پاش (سەرئەنجامی خۆیان) دەزانن ﴿٧٠﴾ ﴿إِذِ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَاقِهِمْ وَٱلسَّلَٰسِلُ﴾ کاتێ زنجیرو تەوقیان لەگەردنداید ﴿يُسْحَبُونَ﴾ پێ ی ڕادەکێشرێن ﴿٧١﴾ ﴿فِى ٱلْحَمِيمِ﴾ لەناو ئاوی زۆر گەرمدا ﴿ثُمَّ فِى ٱلنَّارِ يُسْجَرُونَ﴾ پاشان لەدۆزەخدا دەسوتێنرێن ﴿٧٢﴾ ﴿ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ﴾ لەپاشان پێیان دەوترێت: ﴿أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ﴾ لەکوێن ئەو هاوبەشانەی بۆ خواتان دادەنان ﴿٧٣﴾ ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێجگە لەخوا ﴿قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا﴾ دەڵێن: وون بوون لێمان ﴿بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا﴾ (وانی یە) بەڵکو ئێمە لەدونیا (بێجگە لەخوا) شتێکمان نەدەپەرست ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ ئابەم جۆرە خوا بێ باوەڕان لەڕێگە لادەدات ﴿٧٤﴾ ﴿ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ﴾ ئەمەتان لەبەر ئەوەیە کەئێوە ﴿تَفْرَحُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ بەناڕەوا شادی و کەیفتان دەکرد لەزەویدا ﴿وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ﴾ وە لەبەر ئەوەی کەئێوە فیزو کەشخەتان دەکرد لەزەویدا ﴿٧٥﴾ ﴿ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ دەی لەدەرگاکانی دۆزەخەوە بڕۆنە ژوورەوە تیایدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی و ئێجگاری ﴿فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ ئای چەند خراپە شوێنی خۆ بەزل زانان ﴿٧٦﴾ ﴿فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ دەی کەواتە (ئەی موحەممەد ﷺ) خۆڕاگربە بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ﴿فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ﴾ جا یان هەندێك لەو بەڵێنانەی پێیان دەدەین نیشانت دەدەین ﴿أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾ یان تۆ دەمرێنین (بەڵێنەکان نابینی) ﴿فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ﴾ ئەوسا هەمووتان هەر بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە ﴿٧٧﴾

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بەر لەتۆ پێغەمبەرانێکمان ناردووە ﴿مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ﴾ بەسەرهاتی هەندێکیانمان بۆ باس کردوی ﴿وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ﴾ وەهەندێکیانمان بۆ باس نەکردوی ﴿وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ﴾ وە هیچ پێغەمبەرێك ناتوانێ موعجیزەیەك بهێنێت ﴿إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ مەگەر بەئیزنی خوا نەبێت ﴿فَإِذَا جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ﴾ جاکاتێ فەرمانی خوا هات (بەسزادانیان) ﴿قُضِيَ بِالْحَقِّ﴾ بەهەق دادوەری دەکرێت (لەنێوانیاندا) ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْمُبْطِلُونَ﴾ وە لەوێدا ناڕاستان زەرەرمەند دەبن ﴿٧٨﴾ ﴿اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ﴾ خوا ئەو زاتەیە ئاژەڵ و ماڵاتی بۆ ئێوە بەدی هێناوە ﴿لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ﴾ بۆ ئەوەی سواری هەندێکیان بن و (گۆشتی) هەندێکیشیان بخۆن ﴿٧٩﴾ ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ﴾ وە لەو (ئاژەڵانە) دا چەند سوودو کەڵك بۆ ئێوە هەیە ﴿وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ﴾ وە تابەهۆی ئەوانەوە بگەنە پێویستی یەك کە لەدڵ و دەرونتان دایە ﴿وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ﴾ وە لەسەر پشتی ئەو (وڵاخانە)و لەسەر کەشتی ئێوە سوار دەکرێن ﴿٨٠﴾ ﴿وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ﴾ خوا زۆر نیشانەی خۆیتان نیشان دەدات ﴿فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ﴾ جا ئێوە ئینکاری کام لە نیشانە وبەڵگەکانی خوا دەکەن؟! ﴿٨١﴾ ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا﴾ دەی ئایا بەزەویدا نەگەڕاون تا ببینن ﴿كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ سەرەنجامی کەسانێك کە لە پێش ئەوان بوون چۆن بووە ﴿كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً﴾ کەلەمان زۆر تروبەهێزتریش بوون ﴿وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ﴾ وە شوێنەواریشیان لەزەویدا (زیاتر بوو) ﴿فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ ئەمجا ئەوەی کرد بوویان (لەدونیادا) سوودی پێ نەگەیاندن ﴿٨٢﴾ ﴿فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾ جا کاتێ پێغەمبەرەکانیان بەبەڵگە ڕوونەکانەوە هاتنە لایان ﴿فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ﴾ دڵخۆش بوون بەو زانینەی هەیان بوو ﴿وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ ئەو (سزایەی ئەوان) گاڵتەیان پێ دەکرد چوار دەوری دان (وهاتە دی) ﴿٨٣﴾ ﴿فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا﴾ ئەمجا کاتێك سزای بەتینی ئێمەیان بینی ﴿قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ ووتیان: باوەڕمان بەخوای تاك و تەنها هێنا ﴿وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ﴾ وە بێ باوەڕین بەو شتانەی کردبوومانە هاوبەشی خوا ﴿٨٤﴾ ﴿فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ﴾ جا باوەڕ هێنانەکەیان هیچ سوودی نەبوو بۆیان ﴿لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا﴾ لەکاتێکدا سزای ئێمەیان دی ﴿سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ﴾ باوو سوننەتی خوا هەر وا بووە پێشتر لەگەڵ بەندەکانی دا ﴿وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ﴾ وە لەوێدا بێ باوەڕان زەرەرمەند بوون ﴿٨٥﴾

سورەتی ﴿ فُصِّلَتْ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حمٓ﴾ بە(حا، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بەواتای، سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة)ش بکە
﴿١﴾ ﴿تَنزِيلٌ مِّنَ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ قورئان لەلایەن خوای بەخشندەی میهرەبانەوە نێردراوەتە خوارەوە ﴿١﴾
﴿كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ﴾ پەڕاوێکە بەڵگەکانی ڕوون کراوەتەوە (لێك جیاکراوەتەوە) ﴿قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ قورئانێکە بەزمانی عەرەبی بۆ گەلێك کەشارەزان و دەزانن ﴿٢﴾ ﴿بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ مژدەدەرو ترسێنەرە ﴿فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ کەچی زۆربەیان گوێ ی پێ نادەن و بۆیە (قورئان) نابیستن
﴿٣﴾ ﴿وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ﴾ دەڵێن دڵەکانمان لەناو چەند پەردەیەکدایە (تێ ناگەین) ﴿مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ﴾ لەئەوەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەیت ﴿وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ﴾ وە لەگوێیەکانماندا گرانی و کەڕی هەیە ﴿وَمِن بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ﴾ وە لەنێوان ئێمەو تۆدا پەردەیەك هەیە ﴿فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ﴾ کەواتە تۆ کاری خۆت بکە و بێگومان ئێمەیش کاری خۆمان دەکەین ﴿٥﴾ ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ بڵێ: بەڕاستی من مرۆڤێکم وەك ئێوە ﴿يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾ بەڵام (هەندە هەیە من) نیگام بۆ دەکرێت ﴿أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ کە بەڕاستی پەرستراوی ئێوە خوایەکی تاك و تەنیایە ﴿فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ﴾ کەواتە بارووتان هەر بەرەو خوا بێت (لەپەرستنەکانتاندا) و داوای لێبوردنی لێ بکەن ﴿وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ﴾ وە سزاو لەناوچوون بۆ هاوبەشی دانەرانە ﴿٦﴾ ﴿الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ﴾ ئەوانەی کەزەکات نادەن و ﴿وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ﴾ باوەڕیشیان بەڕۆژی دوایی نی یە ﴿٧﴾ ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ پاداشتی بێ بڕانەوەیان بۆ هەیە ﴿٨﴾ ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي﴾ بڵێ: ئاخۆ بەڕاستی ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نی یە؟ ﴿خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ﴾ کەزەوی لەدوو ڕۆژدا دروست کردووە ﴿وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا﴾ وە هاوبەشانی بۆ دادەنێن ﴿ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ هەر ئەوە پەروەردگاری جیهانیان ﴿٩﴾ ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا﴾ وە لەسەر زەویدا شاخی زۆری داناوە ﴿وَبَارَكَ فِيهَا﴾ وە فەڕ و بەرەکەتی تێ خستووە ﴿وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا﴾ وەبڕێوی (هەموو گیاندارێکی) لەزەویدا دیاری کرد ﴿فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ﴾ لەماوەی چوار ڕۆژدا ﴿سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ﴾ بەیەکسانی بۆ گشت داواکەران ﴿١٠﴾ ﴿ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ﴾ پاش دروستکردنی زەوی ئیرادەی دروستکردنی ئاسمانی کرد کە پێشتر دوکەڵێك بوو ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا﴾ ئەمجا بەئاسمان و بەزەوی فەرموو: وەرن ﴿طَوْعًا أَوْ كَرْهًا﴾ بەوویستی خۆتان یان بەناچاری (بێنە ژێر فەرمانم) ﴿قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾ هەر دووکیان ووتیان بەوویستی خۆمان هاتین ﴿١١﴾

﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ﴾ ئەوسا حەوت ئاسمانی لەدوو ڕۆژدا دروست کرد (کەواتە خوای گەورە زەوی و ئاسمانەکانی بەشەش ڕۆژ دروستکرد) ﴿وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا﴾ وە هەر ئاسمانەی فەرمان (کار) ی خۆی بۆ نارد ﴿وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا﴾ وەئاسمانی دونیامان بەئەستێرە درەوشاوەکان ڕازاندەوە، وپارێزراوە (لەگوێ گرتنی شەیتانەکان) ﴿ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾ ئەوە بڕیاری خوای زاڵی بەدەسەڵاتە ﴿١٢﴾ ﴿فَإِنْ أَعْرَضُوا﴾ جا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا ﴿فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَٰعِقَةً﴾ ئەوە بڵێ بەهەورە تریشقەیەك (بروسکەیەك) دەتانترسێنم ﴿مِّثْلَ صَٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ﴾ وەك هەورە تریشقەی (گەلی) عادو سەموود ﴿١٣﴾ ﴿إِذْ جَآءَتْهُمُ ٱلرُّسُلُ﴾ کاتێ پێغەمبەرەکانیان هاتنە لایان ﴿مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾ لەبەردەمیان و لە پشتیانەوە (لەهەموو لایەکەوە) ﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓا إِلَّا ٱللَّهَ﴾ (پێیان ووتن) کەجگە لەخوا نەپەرستن ﴿قَالُوا لَوْ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً﴾ ووتیان: ئەگەر پەروەردگارمان بیویستایە فریشتەیەکی دەنارد خوارەوە (بۆمان) ﴿فَإِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ بۆیە بەڕاستی ئێمە بەوەی ئێوەی پێ نێراون باوەڕ ناکەین ﴿١٤﴾ ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ ئەمجا (گەلی) عاد بەناڕەوا خۆیان بەگەورە زانی لەزەویدا ﴿وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً﴾ وە ووتیان: کێ لەئێمە بەهێز تر ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا﴾ ئایا نەیان زانی بوو ﴿أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً﴾ بێگومان ئەو خوایەی کەئەوانی دروست کردووە لەئەوان بەهێز تر ﴿وَكَانُوا بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾ وە ئەوان دانیان نەدەنا بەبەڵگەکانی ئێمەدا وئینکاریان دەکرد ﴿١٥﴾ ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا﴾ ئەوسا ئێمە بایەکی زۆر بەهێزی ساردمان بۆ ناردن ﴿فِيٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ﴾ لەڕۆژانێکی بەردەوام (وشوم)دا ﴿لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ﴾ بۆ ئەوەی سزای ئابڕو بەریان پێ بچەژێن ﴿فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ لەژیانی دونیادا ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَخْزَىٰ﴾ بێگومان سزای پاشە ڕۆژیان ئابڕو بەر (وڕیسواکەر) تر ﴿وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ﴾ وە ئەوان یارمەتی نادرێن ﴿١٦﴾ ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ﴾ وە (هۆزی) سەموودمان ڕێنموونی کرد ﴿فَٱسْتَحَبُّوا ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾ بەڵام ئەوان زیاتر حەزیان لەکوێری وگومڕایی کرد تا شارەزایی و ڕێنموونی ﴿فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ﴾ جا بۆیە هەورە بروسکەی سزای ڕیسواکەر لێی دان ﴿بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ بەهۆی ئەو (خراپانەوە) کەدەیانکرد ﴿١٧﴾ ﴿وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ وە ئەو کەسانەشمان ڕزگارکرد کەباوەڕدارو پارێزکار ولەخواترس بوون ﴿١٨﴾ ﴿وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ وە ڕۆژێك هەموو دوژمنانی خوا بەرەو ئاگری دۆزەخ کۆدەکرێنەوە ﴿فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾ جا ئەوان (لەپێش کەوتن و دواکەوتن) بەرگری دەکرێن (تا هەموو پێکەوە بەڕیز بڕۆن) ﴿١٩﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا﴾ تا کاتێ دەگەنە لای ئاگری دۆزەخ ﴿شَهِدَ عَلَيْهِمْ﴾ شایەتی دەدات لە دژیان ﴿سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم﴾ گوێ و چاو و پێستی لەشیان ﴿بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەو کردەوانەی کە کردویانە (لەدونیادا) ﴿٢٠﴾

﴿وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ﴾ وە بەپێستەکانیان دەڵێن: ﴿لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا﴾ بۆچی شایەتیتان دا لەدژمان ﴿قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ﴾ دەڵێن: ئەو خوایە ئێمەی هێناوەتە زمان ﴿أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ کە هەموو شتێکی هێناوەتە زمان (وقسە کردن) ﴿وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ هەر ئەویش یەکەم جار ئێوەی دروست کردوە ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ وە هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنرێنەوە ﴿٢١﴾ ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ﴾ وە ئێوە خۆتان نەدەشاردەوە (نەدەپاراست لە گوناە) ﴿أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ﴾ لەشایەتی دانی گوێ و چاوو پێستی لەشتان لەدژتان ﴿وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ﴾ بەڵکو وا گومانتان دەبرد ﴿أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾ کەخوا نازانێ بەزۆرێك لەو کارانەی کە دەیکەن ﴿٢٢﴾ ﴿وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ﴾ ئا ئەوە گومانتان بوو کە دەتان برد بەپەروەردگارتان ﴿أَرْدَىٰكُمْ﴾ ئێوەی هەڵدێرا (لەناوی بردن) ﴿فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ و چوونە ڕیزی زیانباران و خەسارۆمەندانەوە ﴿٢٣﴾ ﴿فَإِن يَصْبِرُوا۟﴾ ئەمجا ئەگەر ئارام بگرن ﴿فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ﴾ ئەوانە ئاگر شوێنی مانەوەیانە ﴿وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟﴾ وە ئەگەر داوای لێبوردن و ڕازی بوونی خوا بکەن ﴿فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ﴾ ئەوە خوا هەرگیز ڕازی نابێ (خۆش نابێ لێیان) ﴿٢٤﴾ ﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ﴾ وە چەند دۆست (و هاوەم)مان لەدونیا بۆ دانان ﴿فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ کە خراپەکردنی دونیاو (بێ بڕوایی) ڕۆژی دوایی بۆ ڕازاندنەوە ﴿وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾ وە بەڵێنی (سزادانیان) بەسەردا درا ﴿فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم﴾ لە(ڕیزی) ئەو گەلانەی ڕابوردن پێش ئەمان ﴿مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾ لەجنۆکە و ئادەمی ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ﴾ بەڕاستی زەرەرمەند بوون ﴿٢٥﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ﴾ وە بێ باوەڕان (بەیەکتریان) دەووت گوێ مەگرن بۆ ئەم قورئانە ﴿وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾ وە قسەی پڕوپوچی تێکەڵ بکەن بەڵکو سەرکەون (بەسەریدا) ﴿٢٦﴾ ﴿فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ دەی سوێند بەخوا بێگومان ئەوانەی بێباوەڕ بوون پێیان دەچێژین ﴿عَذَابًا شَدِيدًا﴾ سزایەکی سەخت ﴿وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ وە تۆڵەیان لێ دەسەنین (بەتۆڵەی) خراپترینی ئاوانێ کەدەیان کرد ﴿٢٧﴾ ﴿ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ﴾ ئەوەی (باسکرا) سزای دوژمنانی خوایە کەئاگری دۆزەخە ﴿لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ﴾ مالی هەمیشەی ئەوان لەو ئاگرەدایە ﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾ ئەو سزایە (دەدرێن) چونکە دانیان نەدەنا بەنیشانەکانی ئێمەدا ﴿٢٨﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕن دەڵێن ﴿رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئەو دوانەمان نیشان بدەن کە گومڕایان کردین ﴿مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾ لە جنۆکە وئادەمی ﴿نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا﴾ تا بیانخەینە ژێر پێمان ﴿لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ﴾ تا لە ژێری ژێرەوەی دۆزەخ بن ﴿٢٩﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ووتیان خوا پەروەردگارمانە و ﴿ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟﴾ لەپاشان ڕێگ و ڕاست (لەسەر ئایین) بەردەوام بوون ﴿تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ فریشتەکان بۆل بۆل دێنە لایان (کاتی مردن یان زیندوو بوونەوە) ﴿أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟﴾ (پێیان دەڵێن) کەمەترسن و خەفەت مەخۆن ﴿وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾ وە مژدە بێ لێتان ئەو بەهەشتەی کەبەڵێنتان پێ درابوو ﴿٣٠﴾ ﴿نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئێمە لەژیانی دونیا و لەڕۆژی دواییدا پشتیوانی ئێوەین ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ﴾ وە لەو (بەهەشتەدا) هەرچی حەزی لێ بکەن بۆتان ئامادەیە ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ﴾ وە هەرچی داوا بکەن لەوێدا لەخزمەتتاندایە ﴿٣١﴾ ﴿نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ﴾ ڕێزلێنان و میواندارێکە لەلایەن خوای لێبوردەی میهرەبانەوە ﴿٣٢﴾ ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ﴾ کێ وتەی چاکترو بەجێترە لەوکەسەی (خەڵک) بۆلای خوا بانگ دەکات ﴿وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ وەکاری چاکە دەکات و دەڵێ بێگومان من لەکۆمەڵی گەردن کەچ و موسڵمانانم ﴿٣٣﴾ ﴿وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ﴾ چاکە و خراپە چوون یەک نین ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ بەچاکترین شێوە وەڵامی (خراپە) بدەرەوە ﴿فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ﴾ ئەوسا کەسێک کە لەنێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی هەیە ﴿كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ﴾ وەک دۆستێکی دڵسۆز و گیانی بەگیانی لێ دێت (ئەمەش دەرەنجامی ڕەوشتی بەرز وکارو کردەوەی جوانە) ﴿٣٤﴾ ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟﴾ بەم ئاستە ناگات کەسانێک نەبێت کە خۆڕادەگرن و بەئارامن ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ وە پێی ناگات مەگەر کەسێک خاوەنی بەشی هەرە گەورە بێت (لەپاداشت) ﴿٣٥﴾ ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ﴾ وە ئەگەر لەشەیتانەوە تووشی خەتەرەو خەیاڵی نادروست بوویت ﴿فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ﴾ ئەوە پەنا بگرە بەخوا ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ چونکە بەڕاستی هەر ئەو بیسەری زانایە ﴿٣٦﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ﴾ لەنیشانەکانی (دەسەڵاتی) خوایە شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ ﴿لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ﴾ سوژدە مەبەن نەبۆ خۆرو نەبۆ مانگ ﴿وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ﴾ بەڵکو سوژدە بەرن بۆ ئەو خوایەی ئەوانی بەدی هێناوە ﴿إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن ﴿٣٧﴾ ﴿فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟﴾ جا ئەگەر خۆیان بەگەورە زانی (من بپەرستن) ﴿فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ﴾ دەی ئەوانەی لای پەروەردگارتن (فریشتەکان) ﴿يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩﴾ بەشەو و بەڕۆژ عیبادەتی ئەو دەکەن و ماندو وەڕەس نابن ﴿٣٨﴾

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً﴾ لەنیشانەکانی (دەسەلاتی) خوایە کەزەوی دەبینی ووشک و ماتە ﴿فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ﴾ کەچی کاتێک بارانمان بارانـد بەسەریدا ﴿ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ﴾ (بەڕواندنی ڕوەك) دەکەوێتە جوڵەو دەبوژێتەوە(بەرز دەبێتەوە) ﴿إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ﴾ بێگومان ئەوەی (زەوی ووشك) دەبوژێنێتەوە زیندوو کەرەوەی مردووەکانیشە ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی ئەو (خوا) بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ﴿٣٩﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا﴾ بێگومان ئەوانەی لەئایەتەکانی ئێمە لادەدەن ﴿لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ﴾ لەئێمە شاراوە نین ﴿أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ﴾ دەی ئایا کەسێ دەخرێتە ناو ئاگرەوە چاکترە ﴿أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ یان ئەو کەسەی لەڕۆژی قیامەت دا بێ ترس دێت ﴿ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ﴾ هەرچیتان وویست (حەزتان لێ کرد) بیکەن ﴿إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بێگومان خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿٤٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەقورئانیان بۆ هات وباوەڕیان پێ نەهێنا (سزایان دەدەین) ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ﴾ کەبەڕاستی کتێبێکی زۆر بەڕزو جێگەی ڕێزە ﴿٤١﴾ ﴿لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ﴾ بەتاڵ ونادڕاستی ڕوی تێ ناکات ﴿مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ﴾ نە لەئێستا و نەلە دووا ڕۆژدا (نە بەڵێ کەمکردن نە بەڵێ زیادکردن) ﴿تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾ چونکە نێردراوەتە خوارەوە لەلایەن (خوای) کاردروستی ستایش کراوەوە ﴿٤٢﴾ ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ﴾ هیچ شتێك بەتۆ ناوترێت ﴿إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ﴾ مەگەر ئەوەی بەپێغەمبەرانی بەرلەتۆ ووتراوە ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت خاوەن لێبوردنە (بۆ ئیمانداران) ﴿وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ﴾ وە خاوەن تۆڵەی سەختە (بۆبێ باوەڕان) ﴿٤٣﴾ ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا﴾ ئەگەر ئەم قورئانەمان بەزمانێکی تر جگە لەعەرەبی بنارداید ﴿لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ﴾ بێ باوەڕان دەیان ووت بۆچی ئایەتەکانی بەڕوونی شینەکراونەتەوە ﴿ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ﴾ (چۆن دەبێ) قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: قورئان بۆ کەسانێ باوەڕیان پێی هێناوە ڕێنیشاندەرو شیفایە ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ﴾ وە ئەوانەی باوەڕی پێ نایەنن لەگوێیاندا گرانی و کەڕی هەیە (لەبیستنی حەق) ﴿وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾ هەروەها لەئاست ئەو قورئانەدا کوێرن، ئەوانە لەشوێنێکی زۆر دورەوە بانگ دەکرێن ﴿٤٤﴾ ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی تەوراتمان دا بەموسا ﴿فَٱخْتُلِفَ فِيهِ﴾ بەڵام جیاوازی تێدا کرا (لەلایەن جوولەکەکانەوە) ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ﴾ وە ئەگەر پێشتر بڕیار نەدرایە لەلایەن پەروەردگارتەوە (کە سزایان دوا بخرێت) ﴿لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ﴾ لەنێوانیاندا دادوەری دەکرا (بەسزا دانیان لەدونیا) ﴿وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾ وە بەڕاستی ئەوان لەدوو دڵی و بەدگومانی دان دەربارەی قورئان ﴿٤٥﴾ ﴿مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ﴾ هەر کەسێ کاری چاکە بکات (قازانجەکەی) بۆ خۆیەتی ﴿وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا﴾ هەر کەسیش خراپە بکات (زیانەکەی) بۆ خۆیەتی ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ وە پەروەردگارت ستەم لەبەندەکانی ناکات ﴿٤٦﴾

﴿إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ السَّاعَةِ﴾ زانینی ڕۆژی دوایی تەنیا بۆ لای خوادە گەڕێنرێتەوە ﴿وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَاتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا﴾ وە هەر بەروبوومێك کە لە پێست و قەباغەکەی دێتە دەرەوە ﴿وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ﴾ و هەر مێینەیەك ئاوس دەبێ ﴿وَلَا تَضَعُ﴾ و (سکەکەی) دادەنێت ﴿إِلَّا بِعِلْمِهِ﴾ ئەوە (خوا) ئاگای لێ یە ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ﴾ وە ڕۆژێ خوا (هاوبەشی پەیدا کەران) بانگ دەکات ﴿أَيْنَ شُرَكَائِي﴾ هاوبەشانێ (کەدانان نابوو بۆ) من لەکوێن ﴿قَالُوا آذَنَّاكَ﴾ دەڵێن پێمان ڕاگەیاندی ﴿مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ﴾ کەس لەئێمە شایەت نین (تۆهاوبەشت هەبێ) ﴿١٧﴾ ﴿وَضَلَّ عَنْهُم﴾ وە وون بوولێیان ﴿مَّا كَانُوا يَدْعُونَ مِن قَبْلُ﴾ ئەوانەی پێشتر دەیانپەرستن ﴿وَظَنُّوا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ﴾ وە زانیان کە هیچ پەنایەکیان نی یە ﴿١٨﴾ ﴿لَّا يَسْأَمُ الْإِنسَانُ﴾ ئادەمی ماندو نابێ ﴿مِن دُعَاءِ الْخَيْرِ﴾ لە داواکردنی خێرو خۆشی ﴿وَإِن مَّسَّهُ الشَّرُّ﴾ وە ئەگەر ناخۆشی یەك دووچاری بێ ﴿فَيَئُوسٌ قَنُوطٌ﴾ ئەوە بێ هیوا و نائومێد دەبێ ﴿١٩﴾ ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ﴾ وە ئەگەر پێمان بەخشی ﴿رَحْمَةً مِّنَّا﴾ میهرەبانی یەك لەلایەن خۆمانەوە ﴿مِن بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ﴾ لەپاش زیانێك لێی کەوتووە ﴿لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي﴾ دەڵێت: ئەمە هی خۆمە ﴿وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً﴾ وە گومان نابەم ڕۆژی دوایی بەڕپا بێت ﴿وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّي﴾ وە ئەگەر گەڕێندرامە وە بۆلای پەروەردگارم (زیندووبونەوە هەبوو) ﴿إِنَّ لِي عِندَهُ لَلْحُسْنَىٰ﴾ بێگومان لای خوا (پاداشتی) زۆر چاکم هەیە ﴿فَلَنُنَبِّئَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ جا سوێند بەخوا هەواڵ دەدەین بەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿بِمَا عَمِلُوا﴾ بەوەی کردوویانە (لەدونیا) ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم﴾ وە سوێند بەخودا پێیان دەچەژێن ﴿مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ سزایەکی بەهێز و بەتین ﴿٥٠﴾ ﴿وَإِذَا أَنْعَمْنَا عَلَى الْإِنسَانِ﴾ وە کاتێ چاکە و خۆشیمان ڕشت بەسەر ئادەمی دا ﴿أَعْرَضَ وَنَأَىٰ بِجَانِبِهِ﴾ ڕوو وەردەگێڕێ و بە خۆبەزل زانینە وە دوور دەکەوێتەوە ﴿وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ﴾ بەڵام کاتێ ناخۆشی تووش بێت ﴿فَذُو دُعَاءٍ عَرِيضٍ﴾ ئەوە نزاو هاواری زۆر دەکات ﴿٥١﴾ ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ﴾ بڵێ پێم بڵێن ﴿إِن كَانَ مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ ئەگەر (قورئان) لەلایەن خواوە بوو ﴿ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِ﴾ پاشان ئێوەش باوەڕتان پێ نەکرد ﴿مَنْ أَضَلُّ﴾ کێ گومڕاترە ﴿مِمَّنْ هُوَ فِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ﴾ لەو کەسەی کەلە دژایەتی یەکی دوور لەڕاستیدا بێت ﴿٥٢﴾ ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا﴾ لەمەودوا بەڵگە کانی خۆمانیان نیشان دەدەین ﴿فِي الْآفَاقِ﴾ لە ئاسۆی دونیا (لەبوونەوەردا) ﴿وَفِي أَنفُسِهِمْ﴾ وە لە خودی خۆیاندا ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ﴾ هەتا بۆیان ڕوون بێتەوە ﴿أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ بێگومان ئەم (قورئانە) ڕاستە ﴿أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ﴾ ئایا پەروەردگارت بەس نییە ﴿أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ کە بەڕاستی ئاگاداری بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٥٣﴾ ﴿أَلَا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ﴾ ئاگادارێ بەڕاستی ئەوانە لە دوو دڵیدان ﴿مِّن لِّقَاءِ رَبِّهِمْ﴾ لەدیدار و گەشتن بە پەروەردگاریان ﴿أَلَا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطٌ﴾ ئاگادارێ بەڕاستی (زانست وزانیاری) خوا دەوری هەموو شتێکی داوە ﴿٥٤﴾

سورەتی ﴿ الشُّورَىٰ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حمٓ﴾ بە (حا میم) دەخوێنرێتەوە ① ﴿عسٓقٓ﴾ بە (عەین، سین، قاف) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی بۆ زانیاری زیاترو واتاکەشیان سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرة) بدە ② ﴿كَذَٰلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ﴾ ئا بەو جۆرە خودا نیگا دەکات بۆ تۆ ﴿وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ﴾ وە بۆ ئەو (پێغەمبەرانەی) پێش تۆش ﴿اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ خوای زاڵی بەڵادەستی کاردروستە ③ ﴿لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ﴾ هەر بۆ خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان ﴿وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ وە هەرچی لە زەوی دایە ﴿وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾ وە ئەو (خوا) بڵند و گەورەیە ④ ﴿تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ﴾ نزیکە ئاسمانەکان پارچە پارچەببن ﴿مِن فَوْقِهِنَّ﴾ لە سەرویانەوە ﴿وَالْمَلَائِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ﴾ وە فریشتەکان بەپاکی یادو سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن ﴿وَيَسْتَغْفِرُونَ﴾ وە داوای لێبوردن دەکەن ﴿لِمَن فِي الْأَرْضِ﴾ بۆ ئەوانەی لەزەویدان ﴿أَلَا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ ئاگادارین کە بێگومان تەنها خوا لێبوردەی میهرەبانە ⑤ ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ وە ئەوانەی جگە لەخوا دۆستانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە ﴿اللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ﴾ خوا ئاگادار و چاودێرە بەسەریانەوە ﴿وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ وە تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) پارێزەر وچاودێر نیت بەسەریانەوە ⑥ ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ﴾ هەروەها نیگامان کردووە بۆت ﴿قُرْآنًا عَرَبِيًّا﴾ قورئانێک (بەزمانی) عەرەبی ﴿لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾ بۆ ئەوەی خەڵکی مەککە و کەسانی دەورو بەریی بترسێنی ﴿وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ﴾ وە (خەڵک) بترسێنی لەڕۆژی کۆکردنەوە ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە هیچ گومانی تیدا نیە ﴿فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ﴾ کۆمەڵێک لە بەهەشتدان ﴿وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ﴾ وە کۆمەڵێک لەئاگریی بڵێسەدار دان ⑦ ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ﴾ وەئەگەر خوا بیویستایە ﴿لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً﴾ دەیکردن بەیەک نەتەوە (باوەڕداریان بێ باوەڕ) ﴿وَلَٰكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ﴾ بەڵام هەرکەسێکی بوێت دەیخاتە ناو میهرەبانی خۆیەوە ﴿وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ ستەمکارەکانیش هیچ دۆست و یارمەتی دەرێکیان نی یە ⑧ ﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ ئایا ئەوان جگە لەخوا پشتیوان و دۆستانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؟ ﴿فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ﴾ هەر خوا پشتیوان و دۆستە ﴿وَهُوَ يُحْيِي الْمَوْتَىٰ﴾ وە تەنها ئەو مردووان زیندوو دەکاتەوە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وەئەو بەدەسەڵات وبەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا ⑨ ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ﴾ وە هەرشتێک کە تێیدا جیاواز بوون ﴿فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ﴾ ئەوە بڕیارەکەی بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ﴿ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي﴾ ئەو خوایە پەروەردگاریی منە ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ تەنها پشتم بەو بەستووە ﴿وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ وە هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێمەوە ⑩

﴿فَاطِرُ السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ﴾ (خوا) بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویی یە ﴿جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا﴾ بۆی بەدی هێناون هاوسەران لەخودی خۆتان ﴿وَمِنَ الْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا﴾ هەروەها لە ئاژەڵیشدا جووتی (دروستکردووە) ﴿يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ﴾ لەجووت بوونداژمارەتان زۆر دەکات ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ هیچ شتێك بەوێنەی خوانی یە (نە لەزات و نە لەسیفات و نە لە کرداریدا) ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ وە ئەوە بیسەری بینایە ﴿١١﴾ ﴿لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ﴾ هەر بۆ ئەوە (کلیلەکانی) دەسەڵاتداریی ئاسمانەکان وزەوی ﴿يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ﴾ رزق و رۆزی فراوان دەکات و دەیگرێتەوە لە هەرکەسێ کە بیەوێت ﴿إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا ئاگادارە بەهەموو شتێك ﴿١٢﴾ ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ﴾ ئەو ئایینەی بۆ داناوون ﴿مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا﴾ کە فەرمانی داوە بە نووح و ﴿وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ﴾ ئەوەش نیگامان کردووە بۆ تۆ و ﴿وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ﴾ ئەوەش کە فەرمانمان داوە بە ئیبراهیم وموسا وعیسا ﴿أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾ کە لەسەر ئەو ئایینەبن بەڕێك و ڕاستی و جیاوازی تێدا مەکەن ﴿كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ﴾ زۆر قورس وگرانە بەلای هاوبەشدانەرانەوە ﴿مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ﴾ ئەوەی ئەوانی بۆ بانگ دەکەیت ﴿اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ﴾ خوا هەرکەسی بوێت هەڵی دەبژێرێ بۆ (موسڵمان بوون) لای خۆی ﴿وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ وە ڕێنموونیی کەسێك دەکات بۆ لای خۆی بگەڕێتەوە ﴿١٣﴾ ﴿وَمَا تَفَرَّقُوا﴾ وە جیاواز نەبوون ﴿إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ﴾ مەگەر لەپاش ئەوەی کەزانست و زانیاریان بۆ هات ﴿بَغْيًا بَيْنَهُمْ﴾ بەهۆی دژایەتی و حەسوودی نێوانیانەوە ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ﴾ وە ئەگەر فەرمانێك پێشتر لە پەروەردگارتەوە دەرنەچوایە ﴿إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ تا کاتێ دیاری کراو (دەبێ بژین) ﴿لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾ ئەوە بڕیار لەنێواندا دەکرا (بەسزادانیان) ﴿وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ﴾ وە بەڕاستی ئەوانەی لەدوای ئەوان نامەیان پێ درا ﴿لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾ لە گومان و دوو دڵیدا بوون لێی ﴿١٤﴾ ﴿فَلِذَٰلِكَ فَادْعُ﴾ کەواتە تۆ بۆ ئەوە بانگەوازبکە و ﴿وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾ ڕاست وڕاوەستاوبە لەسەر ئایینەکەت بەو جۆرەی فەرمانت پێکراوە ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ﴾ وە شوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە ﴿وَقُلْ آمَنتُ﴾ وەبڵێ باوەڕم هێناوە ﴿بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِن كِتَابٍ﴾ بەهەرنامەیەك کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ﴾ وە فەرمانم پێ دراوە کە داد بەروەربم لە نێوانتاندا ﴿اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ﴾ خوا پەروەردگاری ئێمە و ئێوەشە ﴿لَنَا أَعْمَالُنَا﴾ (پاداشتی) کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانە و ﴿وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ﴾ (پاداشتی) کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە ﴿لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ﴾ هیچ بەڵگەیەك نەماوە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا (باس نەکرابێ) ﴿اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا﴾ خوا (لەڕۆژی دوایی دا) کۆمان دەکاتەوە ﴿وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ سەرەنجام و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە ﴿١٥﴾

﴿وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِي ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی دەمەدەمێ دەکەن لەبارەی خواوە ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ﴾ لەدوای ئەوەی (خەڵکی بانگەوازی) ئەویان وەڵام دایەوە و(موسڵمان بوون) ﴿حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ﴾ بەڵگە کانیان پوچ و بەتاڵە لای پەروەردگاریان ﴿وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ﴾ وە خەشم و ڕقی خوایان لەسەرە ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٌ﴾ وە سزای زۆر سەختیان بۆ هەیە ﴿١٦﴾ ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ﴾ خوا ئەو زاتەیە کە ئەم قورئانەی بەڕاستی ناردووەتە خوارەوە ﴿وَٱلۡمِيزَانَۗ﴾ وە تەرازووی ناردووە (بۆ جیاکردنەوەی حەق و بەتاڵ) ﴿وَمَا يُدۡرِيكَ﴾ وە تۆ چوزانیت ﴿لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ﴾ لەوانەیە هاتنی ڕۆژی دوایی زۆر نزیک بێت ﴿١٧﴾ ﴿يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهَاۖ﴾ ئەوانەی باوەڕیان پێی نیە پەلەی هاتنی دەکەن ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا﴾ بەڵام ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە دەترسن لێی ﴿وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ﴾ وە دەزانن ڕۆژی دوایی ڕاستە ﴿أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ﴾ بێداربن بەڕاستی ئەوانەی کە گومانیان هەیە لەڕۆژی دوایی ﴿لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ﴾ ئەوە بەڕاستی لە گومڕاییەکی زۆر دوور لەڕاستی دان ﴿١٨﴾ ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ﴾ خوا دڵسۆزە بەبەندەکانی ﴿يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ﴾ هەرکەسی بوێت ڕزق و ڕۆزی دەدات ﴿وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ﴾ وە هەر ئەو بەهێزو بالادەستە ﴿١٩﴾ ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ﴾ هەرکەس بەرهەمی دوا ڕۆژی بوێت ﴿نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ﴾ ئێمە بەرهەمەکەی بۆ زیاد دەکەین ﴿وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا﴾ وە هەرکەسێک بەرهەمی دونیای بوێت ﴿نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا﴾ هەندێ لەدونیای پێ دەدەین ﴿وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ﴾ بەڵام لەڕۆژی دوایی دا هیچ بەشێکی نی یە ﴿٢٠﴾ ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ﴾ ئاخۆ ئەو (بێباوەڕانە) هاوبەشانێکیان هەیە ﴿شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ﴾ ئایێنێکیان بۆ داناوون ﴿مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ﴾ کە خوا ڕێگەی پێ نەداوە ﴿وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ﴾ وە ئەگەر بڕیاری یەکجاری دەرنەچوایە ﴿لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ﴾ لەنێوانیان دا بڕیار دەدرا (بە لە ناوبردنیان) ﴿وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ وە بەڕاستی بۆ ستەمکاران سزای سەختی ئازار دەر هەیە ﴿٢١﴾ ﴿تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ﴾ تۆ ستەمکاران دەبینی زۆر دەترسن لەتاوانەوەی کردوویانە ﴿وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ﴾ بێگومان ئەو سزایە هەر دووچاریان دەبێت ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و چاکەکانیان کردووە ﴿فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ﴾ لە ناو باخ وباخاتی بەهەشتدان ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ﴾ لە لایەن پەروەردگارییانەوە هەرچییان بوێت بۆیان ئامادەیە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ﴾ ئە وەیە چاکەو بەخششی زۆر گەورە ﴿٢٢﴾

﴿ذَٰلِكَ ٱلَّذِي يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ﴾ ئەو (بەخششە) ئەوەیە کە خوا مووژدە دەدات بە بەندەکانی ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو چاکەکانیان کردووە ﴿قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم لەسەری ﴿إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ مەگەر خۆشویستنی خزمایەتی ﴿وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا﴾ هەر کەس هەر چاکەیەك بکات چاکەی بۆ زیاد دەکەین (بە چەند بەرانبەر) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ﴾ بەڕاستی خوا لێ بوردەی سوپاسگوزارە ﴿٢٣﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ یان ئەو (بێ باوەڕانە) دەڵێن پێغەمبەر درۆی بەدەم خواوە هەڵبەستووە ﴿فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ﴾ خۆ ئەگەر خوا بیەوێت ﴿يَخْتِمْ عَلَىٰ قَلْبِكَ﴾ مۆر دەنێ بەسەر دڵت دا ﴿وَيَمْحُ ٱللَّهُ ٱلْبَٰطِلَ﴾ وە خوا بەتاڵ لە ناو دەبات ﴿وَيُحِقُّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓ﴾ وەبەووتەکانی (قورئان) ڕاستی جێگیر دەکات ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ بەڕاستی خوا زانایە بەوەی لە ناو دڵاندایە ﴿٢٤﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ﴾ وە ئەو خوا زاتێکە تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت ﴿وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ وە لە کردەوە خراپەکان چاوپۆشی دەکات ﴿وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ وە دەزانێ بە هەرچی کەئێوە دەیکەن ﴿٢٥﴾ ﴿وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و چاکەکانیان کردووە (داوایان) وەردەگرێت ﴿وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ﴾ وە لە بەهرەو بەخششی خۆیی زیاتریان دەداتێ ﴿وَٱلْكَٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ بەڵام بێ باوەڕان سزای سەختیان بۆ هەیە ﴿٢٦﴾ ﴿وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ﴾ خۆ ئەگەر خوا ڕزق و ڕۆزی فراوان بکردایە بۆ بەندەکانی ﴿لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ لە زەویدا ستەمیان دەکرد وسەرکەش دەبوون ﴿وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ﴾ بەڵام (خوا) ڕزق و ڕۆزی بەو ئەندازە دەنێرێتەخوارەوە کە خۆی بیەوێت ﴿إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەئاگاو بینایە بە بەندەکانی ﴿٢٧﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ﴾ وەخوا ئەوزاتەیە کە باران دەبارێنێ ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟﴾ لە پاش ئەوەی کە خەڵکی بێ ئومێد بوون ﴿وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ﴾ وە (بارانی) ڕەحمەتی خۆی بڵاو دەکاتەوە ﴿وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ وەهەر ئەو پشتیوان و سوپاسکراوە ﴿٢٨﴾ ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ﴾ وە لە بەڵگەکانی (دەسەڵاتی) خوایە ﴿خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ﴾ و ئەوەی بڵاوی کردوەتەوە لە گیانلەبەران لە هەر دووکیاندا ﴿وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ﴾ وە خوا هەر کاتێك بیەوێت بەتوانایە بەسەر کۆکردنەوەیاندا ﴿٢٩﴾ ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ﴾ وە هەر ناخۆشی یەکتان تووش بووبێ ﴿فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ﴾ ئەوە بەهۆیی کردەوەیی (خراپی) خۆتانەوەیە ﴿وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ﴾ وە لە زۆرێکیش چاوپۆشی کردووە ﴿٣٠﴾ ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە ئێوە ناتوانن لە زەویدا قوتاربن ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ وە نیتانە بێجگە لە خوا ﴿مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ هیچ پشتیوان و یارمەتی دەرێك ﴿٣١﴾

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِي ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ﴾ وە لە بەلەگەکانی (دەسەلاتی) خوایە کەشتیانێك وەك شاخەکان لە دەریادا دەڕۆن ﴿٣٢﴾ ﴿إِن يَشَأْ يُسْكِنِ ٱلرِّيحَ﴾ ئەگەر خوابێەوێ (با = هەوا) ڕادەگرێت ﴿فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهْرِهِۦٓ﴾ ئیتر کەشتیەکان بەسەر پشتی دەریاکەوە دەوەستن ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ﴾ بەڕاستی ئەوەی (کەباس کرا) چەندین بەلگە و نیشانە هەیە ﴿لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ بۆ هەموو ئارام گرێکی سوپاسگوزار ﴿٣٣﴾ ﴿أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا۟﴾ یان بەهۆیی کردەوەکانیانەوە نوقمیان دەکات ﴿وَيَعْفُ عَن كَثِيرٍ﴾ لەزۆرێکیش (لە گوناهیان) چاوپۆشی دەکات ﴿٣٤﴾ ﴿وَيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا﴾ ئەوانەی کەدەمە قاڵی دەکەن دەربارەی بەلگەکانی ئێمە دەزانن ﴿مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ﴾ هیچ پەنایەکیان نییە ﴿٣٥﴾ ﴿فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَىْءٍ﴾ جا هەرشتێکتان پێ بەخشراوە ﴿فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ئەوە تەنها خۆشی ژیانی ئەم دونیایە ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ﴾ وە ئەوەی لای خوایە چاکتر و بەردەوامترە ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ وە تەنها پشت بەپەروەردگاریان دەبەستن ﴿٣٦﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ﴾ وە ئەوانەی لە گوناهە گەورەکان و خراپە زۆر ناشیرینەکان دور دەکەونەوە ﴿وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟﴾ وە کاتێ ڕق و قینیان هەڵدەستێت ﴿هُمْ يَغْفِرُونَ﴾ ئەوان لێ دەبوورن ﴿٣٧﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ﴾ وە ئەوانەی کە گوێڕایەڵی پەروەردگاریان کردووە ﴿وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام داوە ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ وە کارو باریی نێوانیان بەپرس و مەشورەتە ﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾ وە لەو ڕۆزی یەی پێمان داوون دەیبەخشن ﴿٣٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْىُ﴾ وە ئەوانەی کاتێ دەست درێژیان لێ دەکرێت ﴿هُمْ يَنتَصِرُونَ﴾ تۆڵەی خۆیان دەستێنن (و سەردانەخەن) ﴿٣٩﴾ ﴿وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا﴾ وە تۆڵەی هەر خراپەیەك خراپەیەکە بەوێنەی خۆیی ﴿فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ﴾ جا هەرکەسێ ببوورێ و ئاشتی بکات ﴿فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ﴾ ئەوە پاداشتی ئەو لە لای خوایە ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێ ﴿٤٠﴾ ﴿وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِۦ﴾ وەهەرکەس تۆڵە بسەنێ لەپاش ئەوەی ستەمی لێکراوە ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ﴾ ئا ئەوانە هیچ تاوان و گوناهێکیان لەسەر نیە ﴿٤١﴾ ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظْلِمُونَ ٱلنَّاسَ﴾ تاوان و گوناهە هەر لەسەر ئەو کەسانەیە کەستەم لەخەڵکی دەکەن ﴿وَيَبْغُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ وە بە ناهەق خراپەکاریی دەکەن لە زەویدا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوانە سزای زۆر سەختیان بۆ هەیە ﴿٤٢﴾ ﴿وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ﴾ وە هەرکەس خۆ گرو لێ بوردە بێ ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ﴾ بەڕاستی ئەمە لەکارە پڕ بایەخ و پەسەندەکانە ﴿٤٣﴾ ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ﴾ وە هەرکەس خوا گومڕایی بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِن وَلِىٍّ مِّنۢ بَعْدِهِۦ﴾ ئەوە پاش ئەوە هیچ دۆست و یارمەتی دەرێکی نی یە ﴿وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ وە ستەمکاران دەبینیت کاتێك سزای (خوا) دەبینن ﴿يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ﴾ دەڵێن ئایا ڕێگایەك هەیە بگەڕێینەوە بۆ دونیا ﴿٤٤﴾

﴿وَتَرَىٰهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا﴾ وە دەیبنی پیشانی دۆزەخ دەدرێن ﴿خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ﴾ بەمل کەچی و زەلیلی و داماوی ﴿يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ﴾ بەگۆشەی چاوو بەدزیەوە دەڕوانن ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ وە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە دەڵێن ﴿إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ بەڕاستی زیانبارەکان ئەوانەن کە خۆیان و کەس و کاریان لەڕۆژی هەستانەوەدا لەدەس داوە ﴿أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ﴾ بێداربن بەڕاستی ستەمکاران لە سزایەکی هەمیشەیی دان ﴿٤٥﴾ ﴿وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَآءَ﴾ وە ئەوانە هیچ پشتیوانێکیان نی یە ﴿يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ کەیارمەتیان بدەن بێجگە لەخوا ﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ﴾ وە هەرکەسێك خوا گومڕایی بکات ﴿فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ﴾ ئەوە هیچ ڕێگەیەکی ڕزگار بوونی بۆ نی یە ﴿٤٦﴾ ﴿ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم﴾ گوێبرایەڵ بن بۆ پەروەردگارتان ﴿مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ﴾ پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت ﴿لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ﴾ لەلایەن خواوە کە گەڕانەوەیی بۆ نی یە ﴿مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ﴾ ئەو ڕۆژە هیچ پەناگایەکتان نابێت ﴿وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ﴾ وە هیچ ئینکارییەکتان پێ ناکرێت ﴿٤٧﴾ ﴿فَإِنْ أَعْرَضُوا۟﴾ جا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا ﴿فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ ئەوە ئێمە تۆمان بەپارێزەر وچاودێر نەناردووەبۆ سەریان ﴿إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ﴾ تۆتەنها ڕاگەیاندت لەسەرە ﴿وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً﴾ وە بەڕاستی کاتێ ئێمە لەلایەن خۆمانەوە بەهرە ونیعمەتێك بە کەسێك بچەژێن ﴿فَرِحَ بِهَا﴾ پێی دڵخۆش دەبێ ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ﴾ وە ئەگەر ناخۆشیەکیان تووش ببێت ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ بەهۆی کردەوەی خۆیانەوە ﴿فَإِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ كَفُورٌ﴾ ئەوە بەڕاستی نادەمی پێ نەزان و سپڵەیە ﴿٤٨﴾ ﴿لِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هەر بۆ خوایە مووڵك وپاشایەتی ئاسمانەکان و زەوی ﴿يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾ هەرچی بیەوێت بەدی دەهێنێت ﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا﴾ بۆ هەرکەسێك بیەوێت کچی پێ دەبەخشێت ﴿وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ﴾ وە بۆ هەرکەسیش بیەوێت کوڕی پێ دەبەخشێت ﴿٤٩﴾ ﴿أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا﴾ یان کوڕ و کچی بەیەکەوە پێ دەبەخشێت ﴿وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا﴾ وە هەرکەسێکیشی بوێت نەزۆکی دەکات ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا زانایی دەسەڵاتدارە ﴿٥٠﴾ ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ﴾ بۆ هیچ کەس نەبووە کەخوا قسەی لەگەڵدا بکات ﴿إِلَّا وَحْيًا﴾ بە وەحی نەبێت ﴿أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ﴾ یان لەپشت پەردەوە ﴿أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا﴾ یان نێرراوێك بنێرێت ﴿فَيُوحِىَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ﴾ و بەفەرمانی خۆیی ئەوەی کە بیەوێت وەحی بۆ دەکات ﴿إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا بڵندی کاردروستە ﴿٥١﴾

﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا﴾ هەر بەو شێوە (کە وەحی پێ دێت) قورئانمان بۆ تۆ نارد (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿مِّنْ أَمْرِنَا﴾ بە فەرمانی خۆمان ﴿مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ﴾ کەتۆ نەتدەزانی کتێب و ئیمان چی یە ﴿وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا﴾ بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە ڕووناکی یەک ﴿نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ﴾ ڕێنموونی هەر کەسێکی پێ دەکەین کەبمانەوێت ﴿مِنْ عِبَادِنَا﴾ لەبەندەکانمان ﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ وە بەڕاستی تۆ (خەڵک) ڕێنموونی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست ﴿٥٢﴾ ﴿صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى﴾ ڕێگەی ئەو خوایەی ﴿لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ کە هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە هی ئەوە ﴿أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ﴾ بێداربن هەموو کارەکان هەر بۆلای خوا دەگەڕێتەوە ﴿٥٣﴾

سورەتی ﴿ الزُّخْرُف ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حمٓ﴾ بە (حا، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە واتاکەیی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿١﴾ ﴿وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ﴾ سوێند بەم پەڕاوە ڕوون کەرەوەیە ﴿٢﴾ ﴿إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا﴾ بەڕاستی ئێمە قورئانمان بەعەرەبی داناوە ﴿لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بۆ ئەوەی تێ بگەن ﴿٣﴾ ﴿وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا﴾ بەڕاستی ئەم قورئانە لەتابلۆیی پارێزراوەدایە لای ئێمە (لە لوح المحفوظ دا) ﴿لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ﴾ کەزۆر بڵندەو پڕە لەدانایی ﴿٤﴾ ﴿أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا﴾ دەی ئایا ئێمە ئەم قورئانەتان لێ دوور بخەینەوە ﴿أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ﴾ لەبەر ئەوەی ئێوە گەلێکی زیادەڕۆن ﴿٥﴾ ﴿وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِىٍّ فِى ٱلْأَوَّلِينَ﴾ وەزۆر پێغەمبەرمان لە گەلە پێشوەکان ناردووە ﴿٦﴾ ﴿وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِىٍّ﴾ وە هەر پێغەمبەرێکیان بۆ هاتبێ ﴿إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ ئەوان هەر گاڵتەیان پێ کردووە ﴿٧﴾ ﴿فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا﴾ جا کەسانێ کە لەمان بەهێزتر بوون لەناومان بردن ﴿وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ وە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ ئاسمانەکان و زەویی بەدی هێناوە؟ ﴿لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ﴾ بێگومان دەڵێن خوای زاڵی بالادەستی زانا دروستی کردوون ﴿٩﴾ ﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا﴾ ئەو خوایەی زەوی کردووە بەلانکە بۆتان ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا﴾ وە چەند ڕێگایەکی تیادا دروست کردووە بۆتان ﴿لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ بۆ ئەوەی بگەن بە مەبەستەکانتان ﴿١٠﴾

﴿وَٱلَّذِی نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَاۤءِ مَاۤءَۢ بِقَدَرٍ﴾ وە ئەو خوایەی کە لەئاسمانەوە بەئەندازە بارانی بۆ باراندوون ﴿فَأَنشَرۡنَا بِهِۦ بَلۡدَةً مَّيۡتًا﴾ جا وولاتێکی ووشک و مردووی پێ زیندوو دەکەینەوە ﴿كَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ﴾ ئابەو جۆرەش ئێوەش زیندوو دەکرێنەوە ﴿۱۱﴾ ﴿وَٱلَّذِی خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا﴾ وە ئەو خوایەی کە هەموو جووتەکانی بەدی هێناوە ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡفُلۡكِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مَا تَرۡكَبُونَ﴾ وە کەشتی و وڵاخی بۆ فەراهەم هێناون کە سواریان دەبن ﴿۱۲﴾ ﴿لِتَسۡتَوُۥا عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی سواری پشتیان بن ﴿ثُمَّ تَذۡكُرُوا۟ نِعۡمَةَ رَبِّكُمۡ﴾ لەپاشان بیر لەبەهرە ونیعمەتی پەروەردگارتان بکەنەوە ﴿إِذَا ٱسۡتَوَيۡتُمۡ عَلَيۡهِ﴾ کاتێ سواریان بوون ﴿وَتَقُولُوا۟ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِی سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا﴾ وەبڵێن پاک و بێگەردی بۆ ئەو (خوایە)ی کە ئەمەی بۆ ڕام هێناوین ﴿وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقۡرِنِينَ﴾ کە پێشتر ئێمە توانامان بەسەریدا نەبوو ﴿۱۳﴾ ﴿وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ﴾ وە بەڕاستی ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە ﴿۱۴﴾ ﴿وَجَعَلُوا۟ لَهُۥ مِنۡ عِبَادِهِۦ جُزۡءًا﴾ وە بێگومان لەناو بەندەکانی خوادا هەندێك (منداڵیان) بۆ پەروەردگار دانا ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ مُّبِينٌ﴾ وەبەڕاستی مرۆڤ (ی کافر) پێ نەزان وسپڵەی ناشکرایە ﴿۱۵﴾ ﴿أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخۡلُقُ بَنَاتٖ﴾ ئایا لەناو دروست کراوەکانیدا کچانی بۆ خۆی هەڵبژاردوە ﴿وَأَصۡفَىٰكُم بِٱلۡبَنِينَ﴾ وە کوڕانی تایبەت کردووە بەئێوەوە ﴿۱۶﴾ ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم﴾ وە کاتێ مژدە بەیەکێ لەوان بدرێ ﴿بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحۡمَٰنِ مَثَلٗا﴾ بەوەی بەنموونە بۆ خوای دادەنێت (واتە : ئەگەر پێی بووترێت کچتان بووە) ﴿ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٌ﴾ ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕێ و پیش دەخواتەوە ﴿۱۷﴾ ﴿أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِی ٱلۡحِلۡيَةِ﴾ ئایا ئەو (کچە)ی لەناو ئاڵتون و خشڵا بەخێوو کرابێ و ﴿وَهُوَ فِی ٱلۡخِصَامِ غَيۡرُ مُبِينٖ﴾ لەکاتی دەمەقاڵێدا ناتوانێ مەبەستی خۆی دەربڕێت (بۆ خوای بڕیار دەدەن) ﴿۱۸﴾ ﴿وَجَعَلُوا۟ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًا﴾ وەئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای بەخشندەن بەمێینەیان دادەنان ﴿أَشَهِدُوا۟ خَلۡقَهُمۡ﴾ ئایا ئەوان بەدیاری دروستکردنیانەوە بوون ﴿سَتُكۡتَبُ شَهَٰدَتُهُمۡ وَيُسۡـَٔلُونَ﴾ بێگومان ئەو شایەتیانەیان دەنوسرێت و پرسیاریان لێ دەکرێ ﴿۱۹﴾ ﴿وَقَالُوا۟ لَوۡ شَآءَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مَا عَبَدۡنَٰهُمۡ﴾ وە دەڵێن ئەگەر خوا ببوویستایە ئێمە ئەو (فریشتانەمان) نەدەپەرست ﴿مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ﴾ هیچ زانیاری بەکیان نی یە لەو بارەیەوە ﴿إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ﴾ ئەوانە هەردرۆ دەکەن ﴿۲۰﴾ ﴿أَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ كِتَٰبٗا مِّن قَبۡلِهِۦ﴾ وە ئایا لە پێش قورئان پەرتوکێکمان پێ داون ﴿فَهُم بِهِۦ مُسۡتَمۡسِكُونَ﴾ کە ئەوان دەستیان پێوە گرتبێ ﴿۲۱﴾ ﴿بَلۡ قَالُوٓا۟ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو دەیانووت بەڕاستی ئێمەباووباپیرانمان لەسەر ئاینێك دیووە (لەسەربت پەرستی) ﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ﴾ وە بێگومان ئێمەش پەیڕەوی ڕێبازی ئەوانین ﴿۲۲﴾

﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ﴾ هەروەها پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە لەهیچ شارێکدا ﴿إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ﴾ مەگەر خۆشگوزەرانەکان (دەوڵەمەندەکان)ی ووتویانە ﴿إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ﴾ بەڕاستی ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئایینێك دیووە ﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ﴾ وە بەڕاستی ئێمە لەسەر ئایینی ئەوان دەڕۆین ﴿٢٣﴾ ﴿قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ﴾ ووتی ئەگەر چی من (ئایینی) ڕاستریشم بۆ هێنابن ﴿مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ﴾ لەوەی کە باووباپیرتان دیووە لەسەری ﴿قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ ووتیان بێگومان ئێمە بێ باوەڕین بەو (ئایینەی) بەئێوەدا نێررا وە ﴿٢٤﴾ ﴿فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ﴾ بۆیە تۆڵەمان لێ سەندن ﴿فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ﴾ جا سەیر کە سەرئەنجامی درۆزنان چۆن بوو ﴿٢٥﴾ ﴿وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ﴾ وە کاتێك ئیبراهیم بەباوکی و گەلەکەی ووت ﴿إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ﴾ بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیپەرستن ﴿٢٦﴾ ﴿إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي﴾ جگە لەو زاتەی کەدروستی کردووم ﴿فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ﴾ چونکە هەر ئەویش ڕێنمووئیم دەکات ﴿٢٧﴾ ﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ﴾ ئەو (یەکخوا پەرستی) لەناو نەوەکانیدا بەجێ هێشت ﴿لَّعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ﴾ تابگەڕێنەوە (سەری) ﴿٢٨﴾ ﴿بَلۡ مَتَّعۡتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ﴾ بەڵکو من ئەوانە وباو وباپیرانیانم لەخۆشگوزەرانیدا هێشتەوە ﴿حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ﴾ هەتا ئەو کاتەی قورئانیان بۆ هات ﴿وَرَسُولٞ مُّبِينٞ﴾ لەگەڵ پێغەمبەری ئاشکرا ﴿٢٩﴾ ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ﴾ جا کاتێ قورئانیان بۆ هات ﴿قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ﴾ ووتیان ئەمە جادووە ﴿وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ وە بەڕاستی ئێمە باوەڕی پێ ناکەین ﴿٣٠﴾ ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ﴾ وەووتیان بۆچی ئەم قورئانە نەنێررا وەتە خوارەوە ﴿عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٖ﴾ بۆ پیاوێکی گەورەی (ناودارو دارا) لەم دوو شارە (مەککە و طائف) ﴿٣١﴾ ﴿أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَةَ رَبِّكَۚ﴾ ئایا ئەوان ڕەحمەتی پەروەردگارت دابەش دەکەن ﴿نَحۡنُ قَسَمۡنَا بَيۡنَهُم﴾ لەکاتێکدا ئێمە لەنێوانیاندا دابەشمان کردووە ﴿مَّعِيشَتَهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ﴾ هەوی گوزەرانیان لەژیانی ئەم دونیایەدا ﴿وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ﴾ وەهەندێکیانمان چەندپلەبەرزکردۆتەوەبەسەر هەندێکی تریاندا ﴿لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗاۗ﴾ تاهەندێکیان ئیش بەهەندێکی تریان بکەن ولەخزمەتی یەکتردا بن ﴿وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ﴾ وە بەزەیی پەروەردگارت (بۆ تۆ) لەوە چاکترە کە ئەوان کۆی دەکەنەوە ﴿٣٢﴾ ﴿وَلَوۡلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ﴾ خۆ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە خەڵکی یەك ئوممەتی بێ باوەڕ بوونایە ﴿لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ وامان دەکرد هەر کەس بێ باوەڕ بوایە بەخوای میهرەبان ﴿لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفٗا مِّن فِضَّةٖ﴾ سەقفی خانووەکانیان لەزیوو بوایە ﴿وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ﴾ هەروەها پلەکان کەپێی داسەر دەکەون (بۆمان دەکردن بەزیوو) ﴿٣٣﴾

﴿وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا﴾ وەدەرگای زۆرمان بۆ خانووەکانیان دادەنا ﴿وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِئُونَ﴾ وە کورسی و قەنەفەی زۆر تالەسەری دانیشن وپاڵ بدەنەوە ﴿٣٤﴾ ﴿وَزُخْرُفًا﴾ زرق وبرق وڕازاندنەوەی مالی دونیا (لەئالتون و زیوو) (خوای گەورە واز دەهێنێت لەو بێباوەڕانە کە لەزەت لەماڵ وسامان وخۆشی دونیا وەربگرن، بەڵام پاشەڕۆژ هەر دەگەڕێنەوە بەردەستی) ﴿وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ جا هەموو ئەوانە چەند ساتێکە لە بەهرەو خۆشی ژیانی دونیا ﴿وَالْآخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ﴾ بەڵام (پاداشتی) ڕۆژی دوایی لای پەروەردگارت بۆ پارێزکاران ولەخواتراسانە ﴿٣٥﴾ ﴿وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَٰنِ﴾ وە هەرکەس پشت لە یادیی خوا هەڵکات ﴿نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا﴾ شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەن ﴿فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ﴾ کە هەمیشە لەگەڵی بێت ولێی جیا نەبێتەوە ﴿٣٦﴾ ﴿وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ﴾ وە بێگومان ئەوانە (شەیتانەکان) لەڕێگایی ڕاست ڕێگریبیان دەکەن ﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ﴾ واش دەزانن کەبێگومان هەر ئەوانن کە هیدایەتدراوون ﴿٣٧﴾ ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَنَا﴾ هەتا کاتێ کە(دەمرێ و) دێتەوە لامان ﴿قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ﴾ دەڵێ خۆزگە نێوانی من وتۆ بەقەدەر نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە ﴿فَبِئْسَ الْقَرِينُ﴾ ئای چ هاوڕێ یەکی خراپ بوویت ﴿٣٨﴾ ﴿وَلَن يَنفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ﴾ (ئەم خۆزگەیە)هیچ سوودێکتان پێناگەیەنێت چونکە ستەمتان کرد ﴿أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾ بێگومان ئێوە لە سزایی سەخت دا هاوبەشن ﴿٣٩﴾ ﴿أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ﴾ دەی ئایا تۆ(ئەی موحەممەد ﷺ) دەتوانی بەکەڕ بشنەوێنی ﴿أَوْ تَهْدِي الْعُمْيَ﴾ یان کوێر ڕێنموونی بکەیت ﴿وَمَن كَانَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ وە ئەو کەسەی کەلەگومڕایی یەکی ئاشکرادا بێت ﴿٤٠﴾ ﴿فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ﴾ جا ئەگەر تۆ بمرێنین ﴿بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ﴾ ئەوە بێگومان ئێمە هەر تۆڵە لەوان دەسێنین ﴿٤١﴾ ﴿أَوْ نُرِيَنَّكَ الَّذِي وَعَدْنَاهُمْ﴾ یان ئەو هەڕەشەی لێمان کردوون پیشانت دەدەین ﴿فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ﴾ چونکە بەڕاستی ئێمە بەدەسەڵاتین بەسەریاندا ﴿٤٢﴾ ﴿فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ﴾ کەواتە دەست بگرە بەو قورئانەوەی بۆت نێررراوە ﴿إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بەڕاستی تۆ لەسەر ڕێبازێکی ڕاستیت ﴿٤٣﴾ ﴿وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ﴾ وەبێگومان ئەم قورئانە هۆی ناوداری یە بۆ خۆت و بۆ گەلەکەت ﴿وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ﴾ لە داهاتووشدا پرسیارتان لێ دەکرێت ﴿٤٤﴾ ﴿وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَا﴾ تۆ پرسیار بکە لە و پێغەمبەرانەی پێش تۆ ناردوومانن ﴿أَجَعَلْنَا مِن دُونِ الرَّحْمَٰنِ﴾ ئایا بێجگە لە خوای میهرەبان بڕیارمان داوە ﴿ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ﴾ پەرستراوانێك کە بپەرسترێن ﴿٤٥﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی موسامان بەبەڵگەکانمانەوە نارد ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ﴾ بۆلای فیرعەون و دەست و پێوەندەکەی ﴿فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ووتی بەڕاستی من پێغەمبەری پەروەردگاری جیهانیانم ﴿٤٦﴾ ﴿فَلَمَّا جَاءَهُم بِآيَاتِنَا﴾ جا کاتێ بەڵگەکانی ئێمەی بۆ هێنان ﴿إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ﴾ کەچی ئەوان بەبەڵگەکان پێدەکەنین ﴿٤٧﴾

﴿وَمَا نُرِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ﴾ وە هیچ بەڵگەیەکمان نیشان نەداون ﴿إِلَّا هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا﴾ مەگەر ئە و بەڵگەیە گەورەتربوو لەهاوتاکەی ﴿وَأَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ﴾ وەتووشی بەڵاو سزامان کردن (چونکە باوەڕیان نەهێنا) ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە (لەبێ باوەڕیی) ﴿٤٨﴾ ﴿وَقَالُوا يَا أَيُّهَ السَّاحِرُ﴾ ووتیان (بەموسا) ئەی جادوو باز ﴿ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ﴾ داوامان بۆ بکە لە پەروەردگارت ئەوەی بەڵێنی پێ داوی (بەدی بهێنێت) ﴿إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ﴾ ئەوسا بەڕاستی ئێمە باوەڕدەهێنین ﴿٤٩﴾ ﴿فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ﴾ جا کاتێ بەڵاو سزاکەمان لەسەریان لابرد ﴿إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ﴾ کتوپڕ پەیمانەکەیان هەڵدەوەشاندەوە ﴿٥٠﴾ ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ﴾ وە فیرعەون جارێ دابەناو گەلەکەیدا ﴿قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم ئایا پادشایی میصر هی من نی یە ؟ ﴿وَهَٰذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن تَحْتِي﴾ وە (ئایا) ئەم ڕووبارانە بەژێر (کۆشکەکانی) منداڕۆن؟ ﴿أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە نایبینن؟! ﴿٥١﴾ ﴿أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ﴾ بەڵکو من باشترم لەو (موسا) کەلاواز و بێ ڕێزە ﴿وَلَا يَكَادُ يُبِينُ﴾ وەناتوانێ بەچاکی قسە بکات (زمانی تەواو نی یە) ﴿٥٢﴾ ﴿فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ﴾ دەبۆچی بازنی ئاڵتونی پێ نەدراوە؟ (ئەگەر ڕاست دەکات) ﴿أَوْ جَاءَ مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ﴾ یان فریشتەی (شایەتی دەری) لەگەڵدا نەهاتووە ﴿٥٣﴾ ﴿فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ﴾ جا بەم قسانە گەلەکەی هەڵخەڵەتان و نەوانیش گوێرایەڵیان کرد ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا﴾ بێگومان ئەوان هەمیشە ﴿قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾ گەلێکی لە سنوور دەرچوو بوون ﴿٥٤﴾ ﴿فَلَمَّا آسَفُونَا انتَقَمْنَا مِنْهُمْ﴾ جا کاتێ ڕقیان هەڵساندین تۆڵەمان لێ سەندن ﴿فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ ئەمجاهەموویانمان لەدەریادا خنکاند ﴿٥٥﴾ ﴿فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْآخِرِينَ﴾ وکردمانن بەپەند ونموونە وئامۆژگاری بۆ کەسانی دوای خۆیان ﴿٥٦﴾ ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا﴾ وە کاتێ عیسای کوڕی مەریەم بەنموونە هێنرایەوە ﴿إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ﴾ دەستبەجێ گەلەکەت دەیکەنە هاوارو قیرەی خۆشی (وادەزانن قسەی ئەوان بەسەر قسەی پێغەمبەردا ﷺ سەرکەوتووە) ﴿٥٧﴾ ﴿وَقَالُوا أَآلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ﴾ وە دەڵێن ئایا پەرستراوەکانی ئێمە باشترە یان عیسا ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا﴾ ئەوانە نموونەی عیسایان تەنها بۆ دەمبازی ودەمەدەمێ بۆ دەهێنایتەوە ﴿بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ﴾ (وانیە کە دەیڵێن) بەڵکو ئەوانە گەلێکی زۆر دەمەقاڵێ کەرن ﴿٥٨﴾ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ﴾ عیسا هیچ نی یە جگە لە بەندە یەك کە نیعمەتی خۆمان ڕشتووە بەسەریدا ﴿وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ وە کردومانە بەنموونە بۆ نەوەی ئیسرائیل ﴿٥٩﴾ ﴿وَلَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَائِكَةً﴾ ئەگەر بمانویستایە لەجیاتی ئێوە فریشتەمان دادەنا ﴿فِي الْأَرْضِ يَخْلُفُونَ﴾ لەزەویدا دەبوونە جێ نشینی ئێوە ﴿٦٠﴾

﴿وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ﴾ وە بێگومان (دابەزینی عیسا بۆ سەر زەوی) یەکێکە لەنیشانەکانی قیامەت ﴿فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا﴾ کەواتە دەربارەی قیامەت هیچ گومانتان نەبێ پاستە ﴿وَٱتَّبِعُونِۚ﴾ وە شوێنی من بکەون ﴿هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ﴾ ئەمە ڕێگای ڕاستە ﴿٦١﴾ ﴿وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُۖ﴾ وەباشەیتان ڕێگریتان نەکات لەڕێنموونی خوا ﴿إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ﴾ بەڕاستی ئەو (شەیتان) دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە ﴿٦٢﴾ ﴿وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾ وە کاتێ عیسا بەلگە ڕوونەکانی هێنا ﴿قَالَ قَدۡ جِئۡتُكُم بِٱلۡحِكۡمَةِ﴾ ووتی (بەنەوەی ئیسرائیل) بێگومان بەپێغەمبەرایەتی هاتووم بۆ ناوتان ﴿وَلِأُبَيِّنَ لَكُم﴾ بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە بۆتان ﴿بَعۡضَ ٱلَّذِي تَخۡتَلِفُونَ فِيهِۖ﴾ هەندێ لەوشتانەی جیاوازن تێیدا ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ دەی لەخوا بترسن ﴿وَأَطِيعُونِ﴾ و گوێڕایەڵیم بکەن ﴿٦٣﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ﴾ بەڕاستی خوا پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە ﴿فَٱعۡبُدُوهُۚ﴾ کەواتە هەر ئەو بپەرستن ﴿هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ﴾ هەر ئەمە ڕێگای ڕاستە ﴿٦٤﴾ ﴿فَٱخۡتَلَفَ ٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَيۡنِهِمۡۖ﴾ جا کۆمەڵەکان جیاواز بوون لەنێوان خۆیاندا ﴿فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ ظَلَمُواْ﴾ سزاو لەناوچوون بۆ ئەوانەی ستەمیان کرد ﴿مِنۡ عَذَابِ يَوۡمٍ أَلِيمٍ﴾ لەسزای سەختی ڕۆژی بەئازار ﴿٦٥﴾ ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ﴾ ئایا جگە لە ڕۆژی دوای چاوەڕوانی چی دەکەن ﴿أَن تَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗ﴾ کە کتوپڕ بێت بۆیان ﴿وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان هەست ناکەن ﴿٦٦﴾ ﴿ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۭ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ﴾ دۆست و خۆشەویستەکان لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن ﴿إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ جگە لە پارێزکاران ولەخواترسان نەبێت ﴿٦٧﴾ ﴿يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ﴾ (پێیان دەوترێت) ئەی بەندەکانم ئەمڕۆ هیچ مەترسیەکتان لەسەر نی یە ﴿وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ﴾ خەفەتیش ناخۆن ﴿٦٨﴾ ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ ئەوانەی باوەڕیان بەئایەتەکانی ئێمە هێناوە ﴿وَكَانُواْ مُسۡلِمِينَ﴾ و هەمیشە گەردن کەچ بوون ﴿٦٩﴾ ﴿ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ﴾ (لەو ڕۆژەدا پێیان دەڵێن) بچنە بەهەشتەوە ﴿أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ﴾ ئێوە و هاوسەرەکانتان ﴿تُحۡبَرُونَ﴾ (ڕێز دەگیرێن و) دڵ خۆش دەکرێن ﴿٧٠﴾ ﴿يُطَافُ عَلَيۡهِم بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖۖ﴾ بەسینی وپەرداخی ئاڵتونی (خواردن و خواردنەوە) دەگێڕن بەسەریاندا ﴿وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ﴾ وە لەو بەهەشتەدا هەیە ئەوەی دڵ حەزی لێ بکات ﴿وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ﴾ و چاو لەزەت لەبینینی ببات ﴿وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ وە ئێوە بەهەتا هەتایی دەمێننەوە تیایدا ﴿٧١﴾ ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثۡتُمُوهَا﴾ ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە بۆ ئێوە ماوەتەوە (پێتان دراوە) ﴿بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ بەهۆی ئەو کردەوانەوەی کە دەتانکرد ﴿٧٢﴾ ﴿لَكُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ كَثِيرَةٞ﴾ بۆ ئێوە هەیە تێیدا میوە هاتی زۆر ﴿مِّنۡهَا تَأۡكُلُونَ﴾ کەلێیان دەخۆن ﴿٧٣﴾

﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ بەڕاستی تاوانباران ﴿فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ﴾ لەسزای دۆزەخدا بەهەمیشەیی دەمێننەوە ﴿٧٤﴾ ﴿لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ﴾ سزایان لەسەر سووك ناكرێت ﴿وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ﴾ وە ئەوان لەناو ئەو سزایەدا بێ ئومێدن ﴿٧٥﴾ ﴿وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ﴾ وە ئێمە هیچ ستەمێكمان لێ نەكردوون ﴿وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بەڵكو هەر خۆیان ستەمكار بوون ﴿٧٦﴾ ﴿وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ﴾ وە هاوار دەكەن ئەی مالیك (سەرپەرشتیاری دۆزەخ) ﴿لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ﴾ با پەروەردگارت بمان مرێنێت (تارزگاربین) ﴿قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ﴾ (ئەویش پاش ماوەیەكی زۆر وەڵامیان دەداتەوە و) دەڵێت : بێگومان ئێوە دەمێننەوە تیابدا ﴿٧٧﴾ ﴿لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی (ئایینی) هەقمان بۆ هێناون ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾ بەڵام زۆربەتان ڕاستیتان پێناخۆشە ﴿٧٨﴾ ﴿أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا﴾ بەڵكو ئەوانە بۆ پیلان و فێڵیان (لەپێغەمبەر ﷺ) لێبڕان ﴿فَإِنَّا مُبْرِمُونَ﴾ بۆیە بەڕاستی ئێمەش (بۆ تۆڵە لێ سەندنیان) لێبڕاین ﴿٧٩﴾ ﴿أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم﴾ ئاخۆ وا دەزانن ئێمە نهێنی و چپەكانیان نابیستین ﴿بَلَىٰ﴾ بەڵێ دەیبیستین ﴿وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ﴾ فریشتەكانیشمان كەلەلایانن وئامادەی (ئەو پیلان و فێڵانەیان) دەنوسن ﴿٨٠﴾ ﴿قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ﴾ بڵێ ئەگەر پەروەردگار كوڕی ببوایە ﴿فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْعَٰبِدِينَ﴾ ئەوە من یەكەمین كەس بووم دەمپەرست ﴿٨١﴾ ﴿سُبْحَٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەوی ﴿رَبِّ ٱلْعَرْشِ﴾ و پەروەردگاری عەرش ﴿عَمَّا يَصِفُونَ﴾ لەو (قسە ناڕێكانە)ی كە ئەوان بۆ خوای هەڵدەبەستن ﴿٨٢﴾ ﴿فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ وَيَلْعَبُوا۟﴾ جا لێیان گەڕێ با سەرگەرمی پڕوپوچی بن و گاڵتە بكەن ﴿حَتَّىٰ يُلَٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ﴾ هەتا دەگەن بەڕۆژی خۆیان ﴿ٱلَّذِى يُوعَدُونَ﴾ كە بەڵێنیان پێ دراوە ﴿٨٣﴾ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ﴾ وە ئەو (خوایە) زاتێكە پەرستراوە لە ئاسماندا ﴿وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ﴾ وە پەرستراوە لە زەویدا ﴿وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ﴾ وە تەنها ئەویش كار دروستی زانایە ﴿٨٤﴾ ﴿وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وە پاك و بەفەڕو گەورەیە ئەو خوایەی كە خاوەنی ئاسمانەكان و زەوی یە ﴿وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ وە هەرچی لەنێوانیاندایە ﴿وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ﴾ وە زانینی (هاتنی) ڕۆژی دوایی تەنها لای ئەوە ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ وە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٨٥﴾ ﴿وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ﴾ وە ئەوانەی بێجگە لە خوا دەیپەرستێن (وهاواریان لێ دەكرێت) ناتوانن تكا بكەن ﴿إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ﴾ مەگەر كەسانێك شایەتیان بەهەق دابێ ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ وە هەقیان زانیوە و ئاگاداری بوون ﴿٨٦﴾ ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ﴾ وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت كێ دروستی كردوون ﴿لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ بێگومان دەڵێن خوا ﴿فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ دەی چۆن ئەوان لەهەق وڕاستی لادەدن ﴿٨٧﴾ ﴿وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ﴾ وە (پێغەمبەر ﷺ شكاتی كردو) ووتی ئەی پەروەردگار ﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ﴾ بەڕاستی ئەوانە گەلێكن باوەڕ ناهێنن ﴿٨٨﴾ ﴿فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ﴾ (خوای گەورە فەرمووی: ئەی موحەممەد ﷺ) تۆش وازیان لێ بهێنە و گوێیان پێ مەدە ﴿وَقُلْ سَلَٰمٌ﴾ وپێیان بڵێ (سەلام) ﴿فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ لەمەو پاش دەزانن (چی یان بەسەردێت) ﴿٨٩﴾

سورەتی ﴿ الدُّخَانِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حمٓ﴾ بە (حا، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە واتاکەیی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ① ﴿وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ﴾ سوێند بەم قورئانە ڕوون کەرەوەیە ② ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ﴾ بەڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوێکی پیرۆزدا ناردوەتە خوارەوە ﴿إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ﴾ بێگومان ئێمە ترسێنەرین ③ ﴿فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ﴾ لەو (شەوە پیرۆزە)دا هەموو کار و بارێکی شیاو لە یەک جیادەکرێتەوە ④ ﴿أَمْرًا مِّنْ عِندِنَا﴾ فەرمانێکە لەلایەن ئێمەوە ﴿إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە پێغەمبەران دەنێرین ⑤ ﴿رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ کەڕەحمەتێکە لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ بێگومان هەر خوا بیسەری زانایە ⑥ ﴿رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی وە هەرچی لە نێوانیاندایە ﴿إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ئیمانداری ڕاستەقینەن ⑦ ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نی یە جگە لە خوا ﴿يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾ (خوا) دەژێنێ و دەمرێنێ ﴿رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ﴾ پەروەردگاری ئێوە و پەروەردگاری باو و باپیرە پێشوەکانتانە ⑧ ﴿بَل هُمْ فِي شَكٍّ يَلْعَبُونَ﴾ بەڵام ئەوان لە دوو دڵی و گومانداً گەمە و گاڵتە دەکەن ⑨ ﴿فَارْتَقِبْ﴾ جا چاوەڕوان بە ﴿يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُّبِينٍ﴾ ڕۆژێ کە ئاسمان دوکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدا دەبێ ⑩ ﴿يَغْشَى النَّاسَ﴾ هەموو ئادەمی دادەگرێ ﴿هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ و (دەڵێن) ئەمە بەڵایەکی سەختە ⑪ ﴿رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ﴾ ئەی پەروەردگارمان ئێم سزایەمان لەسەر لابە ﴿إِنَّا مُؤْمِنُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە باوەڕدارین ⑫ ﴿أَنَّىٰ لَهُمُ الذِّكْرَىٰ﴾ چۆن تەمێ خواردەبن و ئامۆژگاری وەردەگرن ﴿وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُّبِينٌ﴾ کە بەڕاستی پێغەمبەرێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هاتووە ⑬ ﴿ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ﴾ لە پاشان گوێیان پێ نەداو ﴿وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ﴾ وە ووتیان: فێرکراوێکی شێتە ⑭ ﴿إِنَّا كَاشِفُو الْعَذَابِ قَلِيلًا﴾ بێگومان بۆ ماوەیەکی کەم ئێم بەڵایە لا دەبەین ﴿إِنَّكُمْ عَائِدُونَ﴾ بێگومان ئێوە دەگەڕێنەوە (بۆ بێ باوەڕی) ⑮ ﴿يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَىٰ﴾ ڕۆژێك دێت پەلامارێکی بەهێز و هەرە گەورەیان بۆ دەبەین ﴿إِنَّا مُنتَقِمُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆڵە دەسەنین (لە کافران لە جەنگی بەدردا) ⑯ ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێش ئەمان گەلی فیرعەونمان تاقی کردەوە ﴿وَجَاءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ﴾ وپێغەمبەرێکی بەڕێزیان بۆ هات ⑰ ﴿أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ عِبَادَ اللَّهِ﴾ (پێی ووتن) کە بەندەکانی خوا (بەنو ئیسرائیل) بە من بسپێرن ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ﴾ چونکە بەڕاستی من پێغەمبەرێکی ئەمین وباوەڕ پێکراوم بۆ ناو ئێوە ⑱

﴿وَأَن لَّا تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ﴾ وە خۆتان بەبەرزو گەورە مەزانن لەبەرامبەر خوادا ﴿إِنِّي آتِيكُم بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ﴾ بێگومان من بەڵگە ونیشانەیەکی ئاشکرام بۆ هێناون ﴿١٩﴾ ﴿وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ﴾ وە بێگومان من پەنادەگرم بەپەروەردگاری خۆم و پەروەردگاری ئێوە لەوەی ﴿أَن تَرْجُمُونِ﴾ کە ئێوە بەردبارانم بکەن ﴿٢٠﴾ ﴿وَإِن لَّمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ﴾ وە ئەگەر باوەڕم پێناهێنن ئەوە وازم لێ بهێنن (و خراپەم دەرباڕە مەکەن) ﴿٢١﴾ ﴿فَدَعَا رَبَّهُ﴾ جا هاواری لە پەروەردگاری کرد (ووتی) ﴿أَنَّ هَٰؤُلَاءِ قَوْمٌ مُّجْرِمُونَ﴾ بەڕاستی ئەمانە گەلێکی تاوانبارن ﴿٢٢﴾ ﴿فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا﴾ ئەوسا (پێی ووترا) بەندەکانم بەشەو بەرە ﴿إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ﴾ چونکە بەڕاستی (فیرعەون و کۆمەڵەکەی) دواتان دەکەوون ﴿٢٣﴾ ﴿وَاتْرُكِ الْبَحْرَ رَهْوًا﴾ وە دەریاکە (دەریای سوور) بەئارامی و ئاوەڵا بەجێ بهێڵە ﴿إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ﴾ بێگومان ئەوانە سەربازانێکی خنکێنراو دەبن (تێیدا) ﴿٢٤﴾ ﴿كَمْ تَرَكُوا﴾ چەندەهایان بەجێ هێشت ﴿مِن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾ لە باخات و کانیاو ﴿٢٥﴾ ﴿وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ﴾ و کشتوکاڵ و جێ ومەئوای چاک و خۆش ﴿٢٦﴾ ﴿وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ﴾ وە ناز ونیعمەتی زۆر کەئەوان تێیابدا دەژیان و ڕایان دەبوارد ﴿٢٧﴾ ﴿كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ﴾ هەربەم جۆرە ئەو (خۆشی یە)مان دابە گەلێکی تر ﴿٢٨﴾ ﴿فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ﴾ جا نەئاسمان و نەزەوی نەگریان بۆیان ﴿وَمَا كَانُوا مُنظَرِينَ﴾ و مۆڵەتیشیان پێ نەدرا ﴿٢٩﴾ ﴿وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی نەوەی ئیسرائیلمان ڕزگار کرد ﴿مِنَ الْعَذَابِ الْمُهِينِ﴾ لە سزای ڕیسواکەر ﴿٣٠﴾ ﴿مِن فِرْعَوْنَ﴾ لەفیرعەون ﴿إِنَّهُ كَانَ عَالِيًا مِّنَ الْمُسْرِفِينَ﴾ بێگومان فیرعەون خۆبەزل زانێکی لەسنوور دەرچوو بوو ﴿٣١﴾ ﴿وَلَقَدِ اخْتَرْنَاهُمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی نەوەی ئیسرائیلمان هەڵبژارد ﴿عَلَىٰ عِلْمٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ بەسەر خەڵکی (سەردەمی خۆیان)دا بەپێی ی زانیاری (خۆمان) ﴿٣٢﴾ ﴿وَآتَيْنَاهُم مِّنَ الْآيَاتِ﴾ وە موعجیزەو بەڵگەی زۆرمان پێدان ﴿مَا فِيهِ بَلَاءٌ مُّبِينٌ﴾ کە بۆ تاقیکردنەوەی ڕوون وئاشکرا بەس بێت ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّ هَٰؤُلَاءِ﴾ بەڕاستی ئانەوانە ﴿لَيَقُولُونَ﴾ دەڵێن ﴿٣٤﴾ ﴿إِنْ هِيَ إِلَّا مَوْتَتُنَا الْأُولَىٰ﴾ هەر بۆیە یەکەم جار دەمرین ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُنشَرِينَ﴾ ئیتر زیندوو ناکرێینەوە ﴿٣٥﴾ ﴿فَأْتُوا بِآبَائِنَا﴾ دەی باوو باپیرانمان (زیندوو بکەنەوە) بیان هێننەوە (بۆ دونیا) ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ﴿٣٦﴾ ﴿أَهُمْ خَيْرٌ﴾ ئایا ئەوانە چاکترن ﴿أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ﴾ یان گەلی تووبەع (ی پادشایی یەمەن) ﴿وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ و ئەوانەی لە پێشیانەوە بوون ﴿أَهْلَكْنَاهُمْ﴾ هەموویانمان لەناو برد ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ﴾ چونکە بێگومان گشتیان تاوانباربوون ﴿٣٧﴾ ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ وە دروستمان نەکردووە ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ ئەوەی لە نێوانیاندایە ﴿لَاعِبِينَ﴾ بەبێهودە و گاڵتە ﴿٣٨﴾ ﴿مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ هەر دووکیانمان بەدی نەهێناوە بەهەق وڕاستی نەبێت ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿٣٩﴾

﴿إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ﴾ بێگومان ڕۆژی جیاکردنەوە(ی حەق و بەتاڵ) ﴿مِيقَٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ کاتی دیاری کراویی هەموویانە ﴿٤٠﴾ ﴿يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْـًٔا﴾ ڕۆژێکە هیچ دۆستێ ناتوانێ کەمترین سوود بگەیەنێ بە دۆستی خۆی ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وە یارمەتیش نادرێن ﴿٤١﴾ ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ﴾ مەگەر کەسێ خوا ڕەحمی پێ بکات ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی تەنها خوا زاڵی بااڵدەستی میهرەبانە ﴿٤٢﴾ ﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾ بێگومان درەختی ژەقنەموت ﴿٤٣﴾ ﴿طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ﴾ خۆراکی کەسانی تاوانبارە (کافرە) ﴿٤٤﴾ ﴿كَٱلْمُهْلِ﴾ وەکو خڵتەی ڕۆن زەیتوون ﴿يَغْلِي فِي ٱلْبُطُونِ﴾ لەناو سکەکاندا دەکوڵێت ﴿٤٥﴾ ﴿كَغَلْيِ ٱلْحَمِيمِ﴾ هەر وەکو کوڵانی ئاوی زۆر گەرم ﴿٤٦﴾ ﴿خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ﴾ (ئەو کافرە) بیگرن و بەتوندی ڕای کێشن ﴿إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ﴾ تا (دەیبەنە) ناوەڕاستی دۆزەخ ﴿٤٧﴾ ﴿ثُمَّ صُبُّوا۟ فَوْقَ رَأْسِهِۦ﴾ پاشان بیڕژن بەسەر سەریدا ﴿مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ﴾ هەندێ لە ئاگر و ئاوی زۆر گەرم ﴿٤٨﴾ ﴿ذُقْ﴾ (پێی دووترێت) بیچێژە ﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ﴾ (بەگاڵتە پێکردنێکەوە پێی دەوترێت)چونکە بەڕاستی تۆ بە دەسەاڵت و بەڕێز بوویت (لەدونیادا) ﴿٤٩﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ﴾ بێگومان ئەمە ئەو سزایەیە کەئێوە گومانتان لێی هەبوو ﴿٥٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ﴾ بەڕاستی پارێزکاران ولەخواترسان لە شوێنێکی بێوەیی و ئارام دان ﴿٥١﴾ ﴿فِي جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ﴾ لەناو باخات و نزیک کانیاودان ﴿٥٢﴾ ﴿يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ﴾ لە ئاوریشمی ناسک و ئەستور دەپۆشن ﴿مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ ڕوبەڕووی یەکتری دادەنیشن ﴿٥٣﴾ ﴿كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾ هەروەها کیژانی چاوگەورە وجوان دەکەینە هاوسەریان ﴿٥٤﴾ ﴿يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ﴾ لەو بەهەشتەدا هەموو جۆرە میوەیەک داوا دەکەن ﴿ءَامِنِينَ﴾ بەئاسوودەیی و بێوەیی ﴿٥٥﴾ ﴿لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ﴾ لە بەهەشتدا هەرگیز مردن ناچەژن ﴿إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ﴾ جگە لەمردنی یەکەم جار (کەلە دونیادا بوو) ﴿وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ﴾ وە (خوا) لەسزای دۆزەخ پاراستوونی ﴿٥٦﴾ ﴿فَضْلًا مِّن رَّبِّكَ﴾ ئەمە بەخششە لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ ئا ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە ﴿٥٧﴾ ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ﴾ جا بەڕاستی ئەم قورئانەمان لەسەر زمانی تۆ ئاسان کردووە ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیربکەنەوە ﴿٥٨﴾ ﴿فَٱرْتَقِبْ إِنَّهُم مُّرْتَقِبُونَ﴾ ئێتر تۆ چاوەڕوان بە، بێگومان ئەوانیش چاوەڕوانن ﴿٥٩﴾

سورەتی ﴿ الجَاثِيَة ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حمٓ﴾ بە (حا میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بەواتاکەی ،بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ① ﴿تَنزِيلُ الْكِتَابِ﴾ هێنانە خوارەوەی ئەم قورئانە ﴿مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ لەلایەن خوای بالادەستی کاردروستەوەیە ② ﴿إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بێگومان لە ئاسمانەکان و زەویدا ﴿لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ چەندەها بەڵگە هەیە بۆ باوەڕداران ③ ﴿وَفِي خَلْقِكُمْ﴾ وەلە دروست کردنی خۆتان دا ﴿وَمَا يَبُثُّ مِن دَابَّةٍ﴾ وە ئەو گیان لەبەرانەی بڵاوەدەبنەوە ﴿آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ چەند بەڵگە هەیە بۆ کەسانێ باوەڕی پتەویان هەیە ④ ﴿وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ وەلە جیاوازی شەو و ڕۆژدا ﴿وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن رِّزْقٍ﴾ وەلەو بارانەی کەخوا لەئاسمانەوە دەیبارێنێت (کە هۆی ڕزق و ڕۆزی یە) ﴿فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ کە بەهۆیەوە زەوی زیندووەدەکاتەوە (ودەبووژێنێتەوە) ﴿وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ﴾ وەلە گۆڕانی بایەکاندا ﴿آيَاتٌ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ چەند بەڵگەهەیە بۆ کەسانێ کەتێ دەگەن ⑤ ﴿تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ﴾ ئائەمانە بەڵگەکانی خوان ﴿نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ﴾ دەیخوێنینەوە بۆت بەڕاستی و دروستی ﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍ﴾ جا بەچی قسە و گوفتارێك ﴿بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ﴾ دوای خوا بەڵگەکانی باوەڕ دەهێنن ⑥ ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ﴾ سزاو لەناوچوون بۆ هەموو درۆزنێکی گوناهبار ⑦ ﴿يَسْمَعُ آيَاتِ اللَّهِ﴾ کە بەڵگەکانی خوا دەبیستێت ﴿تُتْلَىٰ عَلَيْهِ﴾ وبۆی دەخوێنرێتەوە ﴿ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا﴾ لەپاشان (لەسەر کافری) بەردەوامە چونکە خۆیەزل زانە ﴿كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا﴾ ئەڵێی هەر نەی بیستووە ﴿فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ دەی مژدەی پێ بدە بەسزا یەکی سەخت ⑧ ﴿وَإِذَا عَلِمَ مِنْ آيَاتِنَا شَيْئًا﴾ وە هەرکاتێ شتێك لەبەڵگە کانمان ئاگادار بێت ﴿اتَّخَذَهَا هُزُوًا﴾ بەگاڵتەی دەگرێ ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ ئەوانە سزای ڕیسواکەریان بۆ هەیە ⑨ ﴿مِّن وَرَائِهِمْ جَهَنَّمُ﴾ لەپێشیانەوە ئاگری دۆزەخە ﴿وَلَا يُغْنِي عَنْهُم﴾ هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ ﴿مَّا كَسَبُوا شَيْئًا﴾ ئەوەی لە(دونیا)دا کردوویانە ﴿وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ﴾ وەئەو پشتیوانانەی جگە لەخوا هەڵیان بژاردون (سوودی نی یە) ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە ⑩ ﴿هَٰذَا هُدًى﴾ ئەم قورئانە هۆی ڕێنموونیی یە ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ﴾ وە ئەوانەی پێ باوەڕن بە ئایەت و بەڵگەکانی پەروەردگاریان ﴿لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ﴾ بۆ ئەوانە هەیە سزایەکی پڕ ئازاری سەخت ⑪ ﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ﴾ خوا ئەو زاتەیە دەریای بۆ ڕام هێناون ﴿لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ﴾ تا بەفەرمانی خوا کەشتی تیایدا بگەڕێ ﴿وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ﴾ وە تا لەهەندێك بەخششی خوا بەهرەمەند ببن ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ وە بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەن ⑫ ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ وە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە بۆ ئێوەی ژێربار کردووە (وخستویەتیە خزمەتتانەوە) ﴿جَمِيعًا مِّنْهُ﴾ هەمووی لەلایەن خواوەیە ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بێگومان لەو شتانەدا چەند بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیر بکەنەوە ⑬

﴿قُل لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ بلێ بەو کەسانەی بڕوایان هێناوە ﴿يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ﴾ چاو پۆشی بکەن لەو کەسانەی هیوایان بە پاداشت و سزای خوا نیە ﴿لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ بۆ ئەوەی پاداشتی خەڵکانێ بداتەوە بەگوێرەی ئەوەی کردوویانە ﴿١٤﴾ ﴿مَّنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ﴾ هەرکەسێ چاکەی کرد ئەوە (قازانجەکەی) بۆ خۆیەتی ﴿وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا﴾ وە هەرکەسێ خراپەی کرد ئەوە (زیانەکەی) بۆ خۆیەتی ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾ لەپاشان بۆلای پەروەردگارتان دەگەڕێنرێنەوە ﴿١٥﴾ ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان بە نەوەی ئیسرائیلمان بەخشی ﴿الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ﴾ پەیام و حوکمڕانی و پێغەمبەرایەتی ﴿وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ﴾ وە ڕۆزیمان دان لە شتە حەڵاڵ و پاکەکان ﴿وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ وە ڕێزمان دان بەسەر جیهانیاندا ﴿١٦﴾ ﴿وَآتَيْنَاهُم بَيِّنَاتٍ مِّنَ الْأَمْرِ﴾ وە بەڵگە ڕوونەکانمان پێدان لە بارەی شەریعەتەوە ﴿فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ﴾ جا جیاواز نەبوون لەنێو خۆیاندا دوای ئەوە نەبێت زانستیان بۆهات ﴿بَغْيًا بَيْنَهُمْ﴾ لەبەر دوژمنایەتی و حەسادەتی نێوان خۆیان ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ بێگومان پەروەردگارت لەڕۆژی هەستانەوەدا لە نێوانیاندا دادوەری دەکات ﴿فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەو شتانەی جیاوازیان تێدا دەکرد ﴿١٧﴾ ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ﴾ لە پاشان تۆمان خستەسەر شەریعەتێك ﴿مِّنَ الْأَمْرِ﴾ لە بارەی ئایینەوە ﴿فَاتَّبِعْهَا﴾ تۆش شوێنی بکەوە ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ وە شوێن هەواو ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن ﴿١٨﴾ ﴿إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا عَنكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾ بێگومان ئەوانە لەلایەن خواوە هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنن ﴿وَإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ وە بەڕاستی ستەمکاران هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکیانن ﴿وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ﴾ وەخوا دۆست و پشتیوانی پارێزکاران ولەخواترسانە ﴿١٩﴾ ﴿هَٰذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ﴾ ئەم قورئانە بینایی و هۆی چاوڕشنی یە بۆ مەردومان ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ وە ڕێنموونی و میهرەبانیە بۆ گەلێك کەباوەڕی پتەویان هەیە ﴿٢٠﴾ ﴿أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ﴾ ئایا ئەوانەی کە خراپەکانیان کردووە وا گومان دەبەن ﴿أَن نَّجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ ئێمە ئەوانە وەکو کەسانێك دادەنێین کەبڕوایان هێناوە و چاکەکانیان کردووە ﴿سَوَاءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ﴾ وەکو یەك بێت ژیانیان و مردنیان ﴿سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ ئای چەند خراپ دادوەری دەکەن ﴿٢١﴾ ﴿وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾ وەخوا ئاسمانەکان و زەوی بەهەق و ڕاستی دروست کردووە ﴿وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍ﴾ بۆ ئەوەی هەموو کەسێك پاداشت بدرێتەوە ﴿بِمَا كَسَبَتْ﴾ بەگوێرەی ئەو کار و کردەوانەی کە کردوویەتی ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وە ئەوان هیچ ستەمیان لێ ناکرێت ﴿٢٢﴾

﴿أَفَرَءَيْتَ﴾ ئاخۆ بینیوتە ﴿مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ ئەو کەسەی هەواو ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی ﴿وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾ خواش بەزانایی گومڕای کرد ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ﴾ وە مۆری ناوە بەسەر گوێ و دڵیدا ﴿وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً﴾ وە پەردەی داوە بەسەرچاویدا ﴿فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ﴾ دەی جگە لە خوا کێ ڕێنموونیی دەکات ﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ دەی بۆچی بیر ناکەنەوە ﴿٢٣﴾ ﴿وَقَالُوا۟ مَا هِىَ﴾ وە ووتیان هیچ نیە ﴿إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا﴾ جگە لە ژیانی دونیامان ﴿نَمُوتُ وَنَحْيَا﴾ وە دەمرین و دەژین ﴿وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ﴾ وە جگە لە ڕۆژگار هیچ شتێ ئێمە لەناو نابات ﴿وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ﴾ وە ئەوانە بەو قسانە هیچ زانیاریان نی یە ﴿إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ تەنها گومان دەبەن ﴿٢٤﴾ ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ وە کاتێك بخوێنرێتەوە بەسەریاندا ﴿ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ﴾ بەڵگە ڕوونەکانمان ﴿مَّا كَانَ حُجَّتَهُمْ﴾ هیچ بەڵگەیەکیان نیە ﴿إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتُوا۟ بِـَٔابَآئِنَآ﴾ جگە ئەوە کە دەڵێن باووباپیرانمان زیندوویکەنەوە ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ﴿٢٥﴾ ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ﴾ بڵێ: خوا زیندووتان دەکاتەوە ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمْ﴾ لەپاشان دەتان مرێنێت ﴿ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ﴾ پاشان کۆتان دەکاتەوە ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ لە ڕۆژی دواییدا ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ هیچ گومانی تێدا نیە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەی مەردوومان نازانن ﴿٢٦﴾ ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ وە بۆ خوایە مولکداریتی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ﴾ ئەو ڕۆژەی قیامەت هەڵدەستێ ﴿يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ﴾ لەو ڕۆژەدا بەتاڵ خوازەکان خەسارۆمەندن ﴿٢٧﴾ ﴿وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً﴾ هەموو گەلێ دەبینی کۆمەڵ کۆمەڵ کەوتوون بەسەر ئەژنۆدا ﴿كُلُّ أُمَّةٍ﴾ هەموو گەلێ ﴿تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا﴾ بانگ دەکرێ بۆلای پەڕاوەکەی ﴿ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ﴾ ئەمڕۆ سزاو پاداشت دەدرێنەوە ﴿مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بە گوێرەی ئەو کردەوانەی کە دەتانکرد ﴿٢٨﴾ ﴿هَٰذَا كِتَٰبُنَا﴾ ئەمە پەڕاوەکەمانە ﴿يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ﴾ بەڕاستی لەسەرتان دەدوێ ﴿إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ﴾ بەڕاستی ئێمە وەك خۆی نوسیومانەتەوە (وێنەمان گرتووە) ﴿مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەوەی کە ئێوە دەتانکرد ﴿٢٩﴾ ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ جا ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ وکردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە ﴿فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِى رَحْمَتِهِۦ﴾ ئەوە پەروەردگاریان دەیانخاتە ناو میهرەبانی خۆیەوە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ﴾ ئا ئەوەیە سەرکەوتنی ئاشکرا ﴿٣٠﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ وە ئەوانەی بێ بڕوابوون ﴿أَفَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ (پێیان دەڵێن) ئاخۆ بەڵگەکانی ئێمەتان بەسەردا نەدەخوێنرایەوە ﴿فَٱسْتَكْبَرْتُمْ﴾ کەچی خۆتان بە گەورە دەزانی ﴿وَكُنتُمْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ وە ئێوە گەلێکی تاوانبار بوون ﴿٣١﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ﴾ وە هەر کاتێ بووترایە ﴿إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ﴿وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا﴾ وە ڕۆژی دوای هیچ گومانی تێدا نیە ﴿قُلْتُم مَّا نَدْرِى مَا ٱلسَّاعَةُ﴾ دەتان ووت نازانین ڕۆژی دوایی چی یە ﴿إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا﴾ ئێمە تەنیا گومان دەبەین ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾ وە ئێمە دڵنیانین ﴿٣٢﴾

﴿وَبَدَا لَهُم﴾ وە دەردەکەوێت بۆیان ﴿سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا﴾ ئەو خراپانەی کە کردویانە ﴿وَحَاقَ بِهِم﴾ وە دەوریان دەدا ﴿مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ تۆڵەی ئەوەی گاڵتەیان پێ دەکرد ﴿٣٣﴾ ﴿وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ﴾ پێیان دەووترێ ئەمڕۆ لەبیرتان دەکەین ﴿كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾ هەر چۆنێ ئێوە ئەم ڕۆژەتان لەبیر چوو بوو ﴿وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ﴾ وە جێگای مانەوەی ئێوە دۆزەخە ﴿وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾ و هیچ یارمەتی دەرێکتان نی یە ﴿٣٤﴾ ﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّكُمُ﴾ ئەمە لەبەرئەوەیە بێگومان ئێوە ﴿اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا﴾ بەڵگەکانی خواتان بەگاڵتە دانا بوو ﴿وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا﴾ وە ژیانی دونیا فریوی دان ﴿فَالْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا﴾ جا ئەمڕۆ لەو دۆزەخەدا دەرناهێنرێن ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ وەڕێگە نادرێن داوای لێبوردنیش بکەن ﴿٣٥﴾ ﴿فَلِلَّهِ الْحَمْدُ﴾ جا هەموو سوپاس و ستایش بۆ خوای ﴿رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَرَبِّ الْأَرْضِ﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی ﴿رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ و پەروەردگاری جیهانیان ﴿٣٦﴾ ﴿وَلَهُ الْكِبْرِيَاءُ﴾ وە دەسەڵات و گەورەیی تەنها بۆ ئەوە ﴿فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ لەهەموو ئاسمانەکان و زەویدا ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ وە هەر ئەو زاڵ وبااڵدەست ودانا وکار سازە ﴿٣٧﴾

سورەتی ﴿ الأحقاف ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿حم﴾ بە (حا، میم) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة)بکە ﴿١﴾ ﴿تَنزِيلُ الْكِتَابِ﴾ ئەم قورئانە هێنراوەتە خوارەوە ﴿مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ لەلایەن خوای زاڵی بااڵدەستی کاربەجێوە ﴿٢﴾ ﴿مَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ ئاسمانەکان وزەوی وئەوەی لەنێوانیاندایە دروستمان نەکردووە ﴿إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ مەگەر بە هەق و ڕاستی و بۆ کاتێکی دیاری کراو نەبێت ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ کەچی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿عَمَّا أُنذِرُوا مُعْرِضُونَ﴾ لەوەی کە پێ ی ترسێنرابوون ڕوو وەردەگێڕن ﴿٣﴾ ﴿قُلْ أَرَأَيْتُم﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ پێم بڵێن ﴿مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ ئەو شتانەی ئێوە دەیانپەرستن جگە لە خوا ﴿أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ﴾ پیشانم بدەن لە زەویدا چیان دروست کردووە ﴿أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ﴾ یان لە(دروست کردنی) ئاسمانەکاندا بەشداریان کردووە ﴿ائْتُونِي بِكِتَابٍ﴾ دەی پەڕاوێکم بۆ بهێنن ﴿مِّن قَبْلِ هَٰذَا﴾ لە پێش ئەم (قورئانە هاتبێ) ﴿أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ﴾ یان زانیارییەک کە لە پێشووان بەجێ مابێت ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست گۆن ﴿٤﴾ ﴿وَمَنْ أَضَلُّ﴾ کێ گومڕاتر ﴿مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن﴾ لەو کەسەی کە هاوار لەغەیری خوا بکات ﴿لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ﴾ کە وەاڵمی ناداتەوە ﴿إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ تا ڕۆژی دوایی ﴿وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ﴾ وە ئەو (هاوار لێکراو)انە لە هاواری ئەوان ﴿غَافِلُونَ﴾ بێ ئاگان ﴿٥﴾

﴿وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ﴾ کاتێکیش خەڵک کۆدەکرێنەوە (لەقیامەت) دا ﴿كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً﴾ پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیان ﴿وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ﴾ وە(پەرستراوەکان) بەپەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن ﴿٦﴾ ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ﴾ کاتێکیش ئایەتە ڕوونەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوانەی بێ باوەڕبوون دەڵێن ﴿لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ﴾ بەو قورئانەی بۆیان دێت ﴿هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ ئەمە جادوویەکی ئاشکرا و دیارە ﴿٧﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ﴾ یان دەڵێن (موحەممەد ﷺ) خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستووە ﴿قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەگەر خۆم هەڵم بەستبێ (خوا سزای بەتینم دەدات) ﴿فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ ئەوسا ئێوەش لەبەرانبەر خوادا بۆ من هیچتان لە دەست نایەت ﴿هُوَ أَعْلَمُ﴾ خوا چاك دەزانێ ﴿بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ﴾ بەو توانجانەی دەیدەن لەقورئان ﴿كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا﴾ ئەو خوایە بەسە کەشایەت بێت ﴿بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ﴾ لە نێوان من و ئێوەدا ﴿وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ هەر ئەوە لێبوردەی میهرەبان ﴿٨﴾ ﴿قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ﴾ بڵێ من یەکەم پێغەمبەر نیم (نێررابم) ﴿وَمَآ أَدْرِى﴾ ناشزانم ﴿مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ﴾ چی بەسەر من و ئێوەش دەهێنرێ ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ﴾ تەنها پەیڕەوی ئەوە دەکەم کە وەحی دەکرێت بۆم ﴿وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ وەمن تەنها ترسێنەرێکی ئاشکرام و بەس ﴿٩﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ پێم بڵێن ﴿إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ ئەگەر (ئەم قورئانە) لەلایەن خواوە بێ ﴿وَكَفَرْتُم بِهِۦ﴾ ئێوەش باوەڕتان پێ نەهێنابێ ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ وە کەسێك لە نەوەی ئیسرائیل شایەتی دابێت ﴿عَلَىٰ مِثْلِهِۦ﴾ لەسەر وێنەی (ئەوەی وا لە) قورئاندا هەیە ﴿فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ﴾ جا باوەڕی هێنابێت، کەچی ئێوە خۆتان بە گەورەزانی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ بێگومان خوا ڕێنمووننیی گەلی ستەمکاران ناکات ﴿١٠﴾ ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەوانەی بێ باوەڕن دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ دەربارەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ﴿لَوْ كَانَ خَيْرًا﴾ ئەگەر (ئیسلام و باوەڕ هێنان) چاك بوایە ﴿مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ﴾ ئەوانە پێش ئێمە نەدەکەوتن بۆ ئەو (باوەڕ هێنانە) ﴿وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا۟ بِهِۦ﴾ چونکە خۆیان بەو (قورئانە) ڕێنموون نەبوون ﴿فَسَيَقُولُونَ﴾ جا دواتر دەڵێن ﴿هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ﴾ ئەمە دەس هەڵبەسێکی کۆنە ﴿١١﴾ ﴿وَمِن قَبْلِهِۦ﴾ وە لەپێش ئەم (قورئانە)دا ﴿كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً﴾ تەوراتی مووسا پێشەوا و ڕەحمەت بوو ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ﴾ ئەم قورئانەش (کتێبەکانی پێش خۆی) بەڕاست دادەنێت ﴿لِّسَانًا عَرَبِيًّا﴾ کە بەزمانی عەرەبی یە ﴿لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ تاستەمکاران بترسێنێ ﴿وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ﴾ وە بۆ چاکەکاران مژدە بێ ﴿١٢﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە دەڵێن پەروەردگارمان (الله) یە ﴿ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟﴾ پاشان بەردەوام بوون (لەسەر باوەڕەکەیان) ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ئەوە نەترسیان لەسەرە و نەخەفەتیش دەخۆن ﴿١٣﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ﴾ ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بەهەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە ﴿جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ لەپاداشتی ئەو کردەوانەی کە دەیانکرد (لەدونیادا) ﴿١٤﴾

﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾ وە ئێمە ئامۆژگاری ئادەمیی مان کرد ﴿بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا﴾ بە چاکە کردن لە گەڵ دایك و باوکی دا ﴿حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا﴾ دایکی بە ناڕەحەتی و ئازارەوە هەڵی گرتووە ﴿وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا﴾ وە بەئازار و ناڕەحەتیش بوویەتی ﴿وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا﴾ ماوەی دووگیان بوون (ی دایك) پێ یەوە و لە شیر بڕینەوەی سی مانگە ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ﴾ تا دەگاتە تافی لاوی (پێ گەیشتوی لاشەیی و ژیری) ﴿وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً﴾ و دەگاتە چل ساڵی ﴿قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ﴾ دەڵێ ئەی پەروەردگار ڕام بهێنە ﴿أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ﴾ تا شوکرانە بژێری ئەو بەهرە و نیعمەتانەت بکەم ﴿أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ﴾ کە ڕشتوتە بەسەر من و دایك و باوکم دا ﴿وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ﴾ وە (ڕام بهێنە) کردەوەی چاك بکەم کە تۆ پێی ڕازی بیت ﴿وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ﴾ نەوەکانیشم چاك و صاڵح بکە ﴿إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ﴾ بێگومان بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوە ﴿وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ وە بەڕاستی من لەموسوڵمانی گەردن کەچم ﴿١٥﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟﴾ کە ئێمە کردەوە چاکەکانیان لێ وەردەگرین ﴿وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ﴾ وە چاوپۆشی دەکەین لە خراپەکانیان ﴿فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ﴾ لە ڕیزی بەهەشتیاندان ﴿وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى﴾ ئەمە ئەو بەڵێنە ڕاستەیە ﴿كَانُوا۟ يُوعَدُونَ﴾ کە بەڵێنیان پێ درابوو لەدونیادا ﴿١٦﴾ ﴿وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ﴾ ئەو کەسەش کە بەباوك و دایکی بڵێت ﴿أُفٍّ لَّكُمَآ﴾ ئوف لە دەس ئێوە ﴿أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ﴾ ئایا هەڕەشەم لێ دەکەن کە (زیندوو دەکرێمەوە و لە گۆڕ) دێمە دەرەوە ﴿وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى﴾ لە کاتێکدا چەند چین خەڵك پێش من ڕۆیشتوون (و زیندوو نەبوونەتەوە) ﴿وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ﴾ وە (دایکی و باوکی) هەردووکیان هانا بۆ خوا دەبەن ﴿وَيْلَكَ ءَامِنْ﴾ (دەڵێن) هاوار بۆ تۆ باوەڕبهێنە ﴿إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾ بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ﴿فَيَقُولُ﴾ کەچی ئەو دەڵێ ﴿مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئەمە تەنها ئەفسانەی پێشینانە و هیچی تر ﴿١٧﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە ئەو کەسانەن ﴿حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾ بڕیار (ی خوا) یان بەسەردا چەسپا ﴿فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم﴾ لە ڕیزی ئەو ئوممەتانەدا کە پێش ئەمان ڕابوردوون ﴿مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾ لە جنۆکەو ئادەمیی ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ﴾ بێگومان ئەوانە خۆیان زەرەرمەندن ﴿١٨﴾ ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟﴾ وە بۆ هەرێەك لەوانە پلە و پایە هەیە بە گوێرەی کردەوەکانیان ﴿وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ﴾ تا خوا پاداشت و سزای کردەوەکانیان بە تەواوی بداتەوە ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ وە ئەوان هیچ ستەمیان لێ ناکرێت ﴿١٩﴾ ﴿وَيَوْمَ﴾ وە (بیریان بخەرەوە) ئەو ڕۆژەی ﴿يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ﴾ ئەوانەی کە بێ باوەڕن بەڕانبەر دۆزەخ ڕادەگیرێن ﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ﴾ (پێیان دەووترێت) هەرچی خۆشیتان بوو بەسەرتان برد ﴿فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا﴾ لە ژیانی دونیاتاندا ﴿وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا﴾ وەلەزەتتان لێ برد و (ڕاتان بوارد) ﴿فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ﴾ بۆیە ئەمڕۆ تۆڵەتان لێ دەسەنرێ ﴿عَذَابَ ٱلْهُونِ﴾ بەسزایەکی ڕیسواکەر ﴿بِمَا كُنتُمْ﴾ لەبەر ئەوەی کە ئێوە ﴿تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ بە ناهەق خۆتان بە زل دەزانی لە زەوی دا ﴿وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ﴾ وە لەبەر ئەوەی لە فەرمانی خوا دەردەچوو بوون ﴿٢٠﴾

﴿وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) باسی (هوودی) برای گەلی عاد بکە ﴿إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ﴾ کاتێ گەلەکەی ترساند لە (وولاتی) ئەحقاف ﴿وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ﴾ بێگومان پێغەمبەرانی زۆر ڕابوردوون ﴿مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ﴾ لە پێش و دوای ئەویشەوە ﴿أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ (ووتوویانە) جگە لەخوا هیچی تر نەپەرستن ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ﴾ بێگومان من دەترسم ﴿عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ﴾ لەسزای ڕۆژێکی گەورە بۆ ئێوە (پێش بێ) ﴿٢١﴾ ﴿قَالُوٓاْ﴾ (گەلەکەی) ووتیان ﴿أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا﴾ ئایا تۆ (ئەی هوود) هاتوویت هەتا لامان بدەیت ﴿عَنۡ ءَالِهَتِنَا﴾ لە(پەرستنی) پەرستراوەکانمان ﴿فَأۡتِنَا﴾ دەی بۆمان بهێنە ﴿بِمَا تَعِدُنَآ﴾ ئەو (سزا)ی بەڵێنست پێ داووین ﴿إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر لە ڕاست گۆیانیت ﴿٢٢﴾ ﴿قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ (هوود) ووتی بێگومان زانیاری (ئەو سزا) لای خوایەوە بەس ﴿وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ﴾ وەمن تەنها ئەوەی پێ نێردراوم پێتان ڕادەگەیەنم ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ﴾ بەڵام من دەبینم ئێوە ﴿قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ﴾ گەلێکی نەزان و نەفامن ﴿٢٣﴾ ﴿فَلَمَّا رَأَوۡهُ عَارِضٗا﴾ جا کاتێ ئەو (سزایە)یان بینی پەلە هەورێك بوو ﴿مُّسۡتَقۡبِلَ أَوۡدِيَتِهِمۡ﴾ بەرەو شێوەکانیان دێ (دڵخۆش بوون) ﴿قَالُواْ هَٰذَا عَارِضٞ مُّمۡطِرُنَاۚ﴾ ووتیان ئەمە هەورێکە بارانی پێیە بۆمان ﴿بَلۡ هُوَ مَا ٱسۡتَعۡجَلۡتُم بِهِۦۖ﴾ (هوود ووتی نەخێر) بەڵکو ئەوە ئەو (سزایە) یە بەپەلە داواتان دەکرد ﴿رِيحٞ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ بایەکی بەهێزە سزای سەختی پێیە ﴿٢٤﴾ ﴿تُدَمِّرُ كُلَّ شَيۡءِۭ بِأَمۡرِ رَبِّهَا﴾ بەفەرمانی پەروەردگاری هەموو شتێك دەڕوخێنێ ﴿فَأَصۡبَحُواْ﴾ ئیتر وایان بەسەرهات ﴿لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمۡۚ﴾ تەنها شوێنی خانووەکانیان دەبینرا ﴿كَذَٰلِكَ﴾ هەر بەو جۆرە ﴿نَجۡزِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾ سزای هۆزی تاوانباران دەدەین ﴿٢٥﴾ ﴿وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰهُمۡ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمۡ فِيهِ﴾ سوێند بەخوا ئەوەی بەوان (گەلی عاد) مان دابوو (لەسامان و دەسەڵات) بە ئێوەمان نەدابوو ﴿وَجَعَلۡنَا لَهُمۡ سَمۡعٗا وَأَبۡصَٰرٗا وَأَفۡـِٔدَةٗ﴾ وە گوێ و چاوو دڵمان پێدابوون ﴿فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُمۡ﴾ بەڵام سوود و کەڵکی پێ نەگەیاندن ﴿سَمۡعُهُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُهُمۡ وَلَآ أَفۡـِٔدَتُهُم﴾ نە گوێ و نە چاوو نە دڵیان ﴿مِّن شَيۡءٍ﴾ هیچ شتێك ﴿إِذۡ كَانُواْ يَجۡحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ چونکە ئەوان باوەڕیان بەنیشانەکانی خوا نەبوو ﴿وَحَاقَ بِهِم﴾ وە دەوری دان ﴿مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾ ئەو سزای گاڵتەیان پێ دەکرد ﴿٢٦﴾ ﴿وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا﴾ وە بێگومان لەناومان برد ﴿مَا حَوۡلَكُم مِّنَ ٱلۡقُرَىٰ﴾ (دانیشتووانی) ئەو شار و دێهاتانەی کە بەدەورو بەرتان دابوون ﴿وَصَرَّفۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ﴾ وە بەڵگەو نیشانەی جۆراو جۆرمان نیشان دان ﴿لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ﴾ تا (لەبێ باوەڕی) بگەڕێنەوە ﴿٢٧﴾ ﴿فَلَوۡلَا نَصَرَهُمُ﴾ دەی بۆچی یارمەتی نەدان ﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرۡبَانًا ءَالِهَةَۖ﴾ ئەوانەی جگە لەخوا بۆ نزیك بوونەوە لەخوا کردبوونیانە پەرستراوی (خۆیان) ﴿بَلۡ ضَلُّواْ عَنۡهُمۡۚ﴾ (نەك یارمەتیان نەدان) بەڵکو گومیش بوون لێیان ﴿وَذَٰلِكَ إِفۡكُهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ﴾ ئەوە بوو (بەرهەمی پەرستراوە) درۆکەیان و ئەو درۆیانەی هەڵیان دەبەستن ﴿٢٨﴾

﴿وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ﴾ وە (بیریان خەرەوە) کاتێك چەند جنۆکەیەکمان نارد بۆ لات ﴿يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ﴾ تا گوێ لەقورئان بگرن ﴿فَلَمَّا حَضَرُوهُ﴾ جاکاتێك ئامادەی گوێ گرتن لە قورئان بوون ﴿قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟﴾ ووتیان (بەیەکتری) بێ دەنگ بن (و گوێ بگرن) ﴿فَلَمَّا قُضِىَ﴾ جا کە (قورئان خوێندنەکە) تەواو بوو ﴿وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ﴾ هەموویان گەڕانەوە بۆلای قەوم و هۆزەکەیان بەترسێنەر ﴿٢٩﴾ ﴿قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ﴾ ووتیان ئەی هۆزو قەومەکەمان ﴿إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا﴾ بەڕاستی ئیمە گوێ بیستی کتێبێك بووین ﴿أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ﴾ کە لەپاش موسا نێردراوەتە خوارەوە ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ پەڕاوەکانی پێش خۆی بەڕاست دادەنێ ﴿يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ (خەڵك) ڕێنموونی دەکات بۆ هەق و ڕێبازی ڕاستی ﴿٣٠﴾ ﴿يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ﴾ ئەی قەومەکەمان وەڵامی بانگخوازی خوا (موحەممەد ﷺ) بدەنەوە ﴿وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ﴾ و باوەڕی پێ بێنن ﴿يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾ (خوا) لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ و دەیسڕێتەوە ﴿وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ وە لەسزای سەخت دەتان پارێزێ ﴿٣١﴾ ﴿وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ﴾ هەرکەسێش وەڵامی بانگخوازی خوا (کە موحەممەدە ﷺ) نەداتەوە ﴿فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەو بەهیچ جۆرێك ناتوانێ لە زەوی دالە دەست خوا دەرچێ و خۆی قوتار کات ﴿وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ﴾ وە جگە لەخوا یارمەتیدەر و پشتیوانێکی نی یە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ ئا ئەوانە لە گومڕایی یەکی ئاشکرادان ﴿٣٢﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟﴾ ئایا ئەوانە نەیان زانیوە ﴿أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ بەڕاستی ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿وَلَمْ يَعْىَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ وە لەدروست کردنیاندا ناتوانا و دەستە پاچە نەبووە، وە بەتوانایە مردووانیش زیندوو بکاتەوە ﴿بَلَىٰٓ﴾ بەڵێ ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بێگومان خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ﴿٣٣﴾ ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ﴾ وەڕۆژێك بێ باوەڕان بەرانبەر دۆزەخ ڕادەگیرێن ﴿أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّ﴾ (پێیان دەڵێن) ئایا ئەمە ڕاست نی یە ﴿قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾ دەڵێن: بەڵێ سوێند بەپەروەردگارمان ڕاستە ﴿قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ﴾ (خوا) دەفەرموێ: دەی ئەو سزایە بچەژن ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ چونکە ئێوە باوەڕتان پێ نەدەکرد ﴿٣٤﴾ ﴿فَٱصْبِرْ﴾ کەواتە خۆگربە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿كَمَا صَبَرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾ هەروەکو پێغەمبەرانی خۆڕاگری بەهێز دانیان بەخۆداگرت ﴿وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ﴾ وە پەلە مەکە بۆ (سزادان)یان ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ﴾ ئەو ڕۆژەی کە (سزای) بەڵێنیان پێدراو یان دەبینن وا دەزانن ﴿لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ﴾ تەنها ساتێك لەڕۆژ لە دونیادا ماونەتەوە ﴿بَلَٰغٌ﴾ (ئەم قورئانە) ئاگاداری یە ﴿فَهَلْ يُهْلَكُ﴾ جا ئایا کەس لەناو دەچێت ﴿إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ جگە لە گەلی لەسنوور دەرچوو نەبێت ﴿٣٥﴾

سورەتی ﴿ مُحَمَّدٍ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەو کەسانەی بێ باوەڕ بوون ﴿وَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾ وە ڕێگری (خەڵك)یان کرد لەڕێبازی خوا ﴿أَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾ (خوا) کردەوەکانیان پوچەڵ دەکاتەوە ﴿١﴾ ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەش باوەڕیان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وکردەوە چاکەکانیان کردو ﴿وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ﴾ باوەڕیشیان هێنا بەو (قورئانە) ی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ موحەممەد (ﷺ) ﴿وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾ تەنها ئەویش ڕاستەو لەلایەن پەروەردگاریانەوە هاتووە ﴿كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾ خوا لە گوناهەکانیان خۆش بووە ﴿وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ﴾ دڵ و هۆشیانی ڕێك و چاك کردوە ﴿٢﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەوەش لەبەر ئەوەیە بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿اتَّبَعُوا الْبَاطِلَ﴾ شوێن بەتاڵ و بڕو پووچ کەوتن ﴿وَأَنَّ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ و بێگومان ئەوانەش ئیمانیان هێنا بوو ﴿اتَّبَعُوا الْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ﴾ شوێن ئەو هەقە کەوتبوون کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە هاتووە ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئابەو شێوە ﴿يَضْرِبُ اللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَالَهُمْ﴾ خوا نموونەی (کردەوەی) خۆیانیان بۆ دەهێنێتەوە ﴿٣﴾ ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەمجا ئەگەر (لە جەنگدا) گەشتن بەوانەی بێ باوەڕن ﴿فَضَرْبَ الرِّقَابِ﴾ ئەوە بدەن لە گەردنیان و بیانکوژن ﴿حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ﴾ هەتا کاتێ کوشتاری زۆریان لێ دەکەن ﴿فَشُدُّوا الْوَثَاقَ﴾ ئەمجا (دیلەکانیان) قایم ببەستەنەوە ﴿فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ﴾ جا دواتر یان بەمنەت وچاکە (بەرەڵایان کەن) ﴿وَإِمَّا فِدَاءً﴾ یان بە فیدیە و بریتی ﴿حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾ هەتا جەنگ چەکەکان (بە بێ باوەڕان) دادەنێ (یان تا جەنگ کۆتایی دێت بە نەمانی بت پەرستان) ﴿ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ﴾ فەرمان ئەوەیە ئەگەر خوا بیوویستایە ﴿لَانتَصَرَ مِنْهُمْ﴾ خۆی تۆڵەی لێ دەسەندن ﴿وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ﴾ بەڵام (فەرمانی بێدان بە جەنگ) تا بەیەکتری تاقیتان بکاتەوە ﴿وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ئەو کەسانەش لە پێناو ڕێبازی خوادا کوژران ﴿فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾ ئەوە خوا هەرگیز (پاداشتی) کردەوەکانیان وون ناکات ﴿٤﴾ ﴿سَيَهْدِيهِمْ﴾ بێگومان ڕێنمووندەکات ﴿وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ﴾ و دڵ و بیریان پاك ساف دەکات ﴿٥﴾ ﴿وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ﴾ وە دەیانخاتە ئەوبەهەشتەی بۆی باس کردون ﴿٦﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿إِن تَنصُرُوا اللَّهَ﴾ ئەگەر ئێوە یارمەتی (ئایینی) خوا بدەن ﴿يَنصُرْكُمْ﴾ خواش ئێوە زاڵ و سەرکەوتوو دەکات (بەسەر کافران دا) ﴿وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ وە پێیەکانتان جێگیر دەکات (لە جەنگدا خۆڕاگرتان دەکات) ﴿٧﴾ ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەوانەش کە بێ باوەڕ بوون ﴿فَتَعْسًا لَّهُمْ﴾ ئەوە نەگبەتی و سەرشۆڕی بەشیانە ﴿وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾ وە (خوا) کردەوەکانیان پووچ و بێ مایە دەکات ﴿٨﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ﴾ ئەو تۆڵەیان لەبەر ئەوەیە کە بێگومان ئەوانە ﴿كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ ڕقیان لەو قورئانە بوو کە خوا ناردوویەتیە خوارەوە ﴿فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ﴾ بۆیە خواش کردەوەکانیانی پووچ کردنەوە ﴿٩﴾ ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ ئاخۆ ئەوانە بەزەوی دانەگەڕاون ﴿فَيَنظُرُوا﴾ تا ببینن ﴿كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوانەی پێش خۆیان سەرەنجامیان چۆن بووە ﴿دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾ خوا لەناوی بردن ﴿وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا﴾ (دەی بێگومان بن) بۆ بێ باوەڕانیش سەرئەنجامی ئاوا هەیە ﴿١٠﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ﴾ چونکە بێگومان خوا ﴿مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا﴾ پشتیوانی ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە ﴿وَأَنَّ الْكَافِرِينَ﴾ وە بێگومان بێ باوەڕانیش ﴿لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ﴾ هیچ پشتیوانێکیان نییە ﴿١١﴾

﴿إِنَّ ٱللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ﴾ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی باشیان کردوە دەیانخاتە باخاتی بەهەشتەوە ﴿تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ﴾ کە ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕوات ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ ئەوانەش بێ باوەڕ بوون ﴿يَتَمَتَّعُونَ﴾ (لە دونیادا) ڕادەبوێرن و ﴿وَيَأۡكُلُونَ كَمَا تَأۡكُلُ ٱلۡأَنۡعَٰمُ﴾ وەک ئاژەڵ دەخۆن و دەڵەوەڕێن ﴿وَٱلنَّارُ مَثۡوٗى لَّهُمۡ﴾ وە دۆزەخ شوێنی مانەوەیانە ﴿١٢﴾ ﴿وَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ﴾ وە(خەڵکی) زۆر شار هەبوون ﴿هِيَ أَشَدُّ قُوَّةٗ﴾ کە بەهێزتر بوون ﴿مِّن قَرۡيَتِكَ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَتۡكَ﴾ لەو(خەڵکی) مەککەیە کە تۆیان دەرکرد ﴿أَهۡلَكۡنَٰهُمۡ﴾ لە ناومان بردن ﴿فَلَا نَاصِرَ لَهُمۡ﴾ و هیچ پشتیوانێکیان نەبوو ﴿١٣﴾ ﴿أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ ئا خۆ ئەو کەسەی بەڵگەی ڕوونی لە پەروەردگارییەوە بۆ هاتبێ (کە قورئانە) ﴿كَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ﴾ وەک ئەو کەس وایە کە کرداری خراپی بۆ جوان کرابێ و ڕازێنرابێتەوە ﴿وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ﴾ شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتبن ﴿١٤﴾ ﴿مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي﴾ شێوەی ئایابی ئەو بەهەشتە وایە ﴿وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ﴾ کە بەڵێن دراوە بە پارێزکاران و خوانامسان ﴿فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ﴾ چەندەها ڕووباری تێدایە ﴿مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ﴾ لە ئاوی سازگاری تام و بۆن نەگۆڕاو ﴿وَأَنۡهَٰرٞ﴾ وە چەندەها ڕووبار ﴿مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ﴾ لەشیر کە تامی نەگۆڕاوە ﴿وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ﴾ وە چەندەها ڕووبار لەشەرابی نایابی ﴿لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ﴾ بەلەزەت و خۆش بۆ بنۆشانی ﴿وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗى﴾ وە چەند ڕووباریشی تێدایە لەهەنگوینی پاڵفتە ﴿وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ وە لەوێ هەموو جۆرە میوەهاتێکیان بۆ ئامادەیە ﴿وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡ﴾ لەگەڵ لێبوردن لە پەروەردگارییانەوە ﴿كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ﴾ (ئایا ئەو بەهەشتیانە) وەکو کەسانێک وان کە لە ئاگری دۆزەخ دابن بەهەمیشەیی ﴿وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ﴾ ئاوی کوڵاو کوڵیان دەرخوارد بدرێ کە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە بکات ﴿١٥﴾ ﴿وَمِنۡهُم مَّن يَسۡتَمِعُ إِلَيۡكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) هەندێ لەوانە گوێت لێدەگرن ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُواْ مِنۡ عِندِكَ﴾ بەڵام کاتێک لای تۆ دەردەچن ﴿قَالُواْ لِلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ﴾ دەڵێن بەوانەی زانیاریان پێ دراوە (لە هاوەڵان) ﴿مَاذَا قَالَ ءَانِفًاۚ﴾ ئەوە ئێستە موحەممەد (ﷺ) ووتی چی؟ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە ئەو کەسانەن ﴿طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ﴾ کە خوا مۆری ناوە بەسەر دڵیاندا ﴿وَٱتَّبَعُوٓاْ أَهۡوَآءَهُمۡ﴾ وە شوێن هەوا و ئارەزووی خۆیان کەوتوون ﴿١٦﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ﴾ ئەو کەسانەی هیدایەتیان وەرگرتووە ﴿زَادَهُمۡ هُدٗى﴾ (خوا) شارەزاییان زیادەکات ﴿وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ﴾ وەتەقوا و پارێزکاری وخوانامسیان پێ دەبەخشێ ﴿١٧﴾ ﴿فَهَلۡ يَنظُرُونَ﴾ دەی ئایا ئەو (ناپاکانە)چاوەڕوانی چی دەکەین ﴿إِلَّا ٱلسَّاعَةَ﴾ جگە لە قیامەت ﴿أَن تَأۡتِيَهُم بَغۡتَةٗ﴾ کە کتوپڕ بەخەیان بگرێت ﴿فَقَدۡ جَآءَ أَشۡرَاطُهَاۚ﴾ دەی بێگومان هەندێ لەنیشانەکانی هاتۆتە دی ﴿فَأَنَّىٰ لَهُمۡ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ ذِكۡرَىٰهُمۡ﴾ کاتێ (ڕۆژی دواییی) یەخەیان بگرێت ئیتر کەی بیردەکەنەوە ﴿١٨﴾ ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ کەواتە دڵنیابە و بزانە بێجگە لە (اللە) هیچ پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نی یە ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ﴾ وە داوای لێبوردن بکە (لەخوا) بۆ گوناهی خۆت ﴿وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ﴾ وە بۆ (گوناهی) پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ﴾ وبێگومان خوا دەزانێ ﴿مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ﴾ بە جم و جوڵتان (لە ڕۆژدا) و ئارام گرتنتان (لە شەودا) ﴿١٩﴾

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دەڵێن ﴿لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ﴾ بۆچی سورەتێك (لەقورئان) نانێرێ دڕێتە خوارەوە؟ (دەربارەی جەنگ و جیهاد) ﴿فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ﴾ کەچی کاتێك سورەتێکی ڕوون و دامەزراو نێرابێتە خوارەوە و تیایدا باسی جەنگ کرابێ ﴿رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ﴾ دەبینی ئەو کەسانەی ﴿فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ کە لەدڵیاندا نەخۆشی (دوو ڕوویی) هەیە ﴿يَنظُرُونَ إِلَيْكَ﴾ تەماشای تۆ دەکەن ﴿نَظَرَ ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ﴾ وەك تەماشا کردنی کەسێك کە لە ترسی مردن لە هۆشی خۆی چووبێت ﴿فَأَوْلَىٰ لَهُمْ﴾ بۆ ئەوان وا چاکتر بوو ﴿٢٠﴾ ﴿طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ﴾ فەرمان بەردار بوونایە و قسەی جوان و چاکیان بکردایە ﴿فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ﴾ هەر کاتێکیش فەرمانی (جەنگ) درا (جێ بەجێ ی ناکەن) ﴿فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ خۆ ئەگەر لەگەڵ خوا ڕاستیان بکردایە ﴿لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ﴾ ئەوە باشتر بوو بۆیان ﴿٢١﴾ ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ﴾ جا ئایا ئێوە بەتەمان (ئەی ناپاکان) ﴿إِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ ئەگەر پشت هەڵکەن (لە ئیسلام و جیهاد) ﴿أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ لە زەویدا ئاژاوە و خراپە بەرپابکەن ﴿وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ﴾ وە هەرچی پەیوەندی خزمایەتی یە ببڕێنن ﴿٢٢﴾ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئا ئەوانە ئەو کەسانەن ﴿لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ﴾ کە خوا نەفرینی لێ کردوون ﴿فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ﴾ وە کەڕی کردوون و چاویانی کوێر کردووە ﴿٢٣﴾ ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ﴾ ئاخۆ ئەوانە وورد نابنەوە لە قورئان (و تێی ناگەن)؟! ﴿أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ﴾ (وانی یە) بەڵکو دڵیان قوفڵی لێ دراوە ﴿٢٤﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بێگومان ئەو کەسانەی ﴿ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِم﴾ پاشە و پاش گەڕانەوە لە ئایینە کەیان ﴿مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَى﴾ لە پاش ئەوەی هەقیان بۆ ڕوون بووبەوە ﴿ٱلشَّيْطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمْ﴾ شەیتان خراپەکانیانی بۆ جوان و ڕازاوە کردبوون ﴿وَأَمْلَىٰ لَهُمْ﴾ وە بەهیوا و ئومێد فریوی دابوون ﴿٢٥﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟﴾ چونکە ئەوان دەیان ووت ﴿لِلَّذِينَ كَرِهُوا۟ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ﴾ بەو کەسانەی کەڕقیان بوو لەو قورئانەی خوا نارد بووی ﴿سَنُطِيعُكُمْ فِى بَعْضِ ٱلْأَمْرِ﴾ ئێمە لە مەولا لەهەندێ کاردا گوێڕایەڵیتان دەکەین ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِسْرَارَهُمْ﴾ وە خوا بە نهێنیەکانیان دەزانێ ﴿٢٦﴾ ﴿فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئاخۆ چۆن بێ (حاڵی ئەو ناپاکانە) کاتێك فریشتەکان گیانیان دەکێشن و ﴿يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ﴾ لە ڕوخسار و پاشیان دەدەن ﴿٢٧﴾ ﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەو (جۆرە گیان کێشانە) ﴿بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ﴾ لەبەر ئەوەیە کە بێگومان ئەوانە شوێن شتانێ کەوتبوون کە خوای تورە کردبوو ﴿وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ﴾ ڕەزامەندی خواشیان پێ ناخۆش بوو ﴿فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ﴾ بۆیە خواش کردەوەکانیانی پووچەڵ کردەوە ﴿٢٨﴾ ﴿أَمْ حَسِبَ﴾ ئایا وا دەزانن ﴿ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ ئەوانەی کە نەخۆشی (ناپاکی) لە دڵیان دایە ﴿أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَٰنَهُمْ﴾ کە خوا هەرگیز ڕق و کینەیان دەرناخات و ئاشکرای ناکات ﴿٢٩﴾

﴿وَلَوْ نَشَآءُ﴾ ئەگەر بمانویستایە ﴿لَأَرَيْنَٰكَهُمْ﴾ ئەوانەمان نیشان دەدایت (کە دووڕوون) ﴿فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَٰهُمْ﴾ ئەوسا هەر بەشێوە و دیمەنیاندا دەتناسین ﴿وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ﴾ وە بێگومان بە شێوازی قسەشیاندا دەیانناسییت ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَٰلَكُمْ﴾ وە دڵنیابن خوا بە هەموو کردەوەکانتان دەزانێت ﴿٣٠﴾ ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ﴾ سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە ﴿حَتَّىٰ نَعْلَمَ﴾ تا دەری بخەین و دیاریێ ﴿ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ﴾ موجاهیدان و خۆڕاگرانتان ﴿وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ﴾ وە تا هەواڵتان چی یە تاشکرای کەین ﴿٣١﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بێگومان کەسانێ کە بێ باوەڕبوون ﴿وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وەڕێگری (خەڵک) یان دەکرد لە ڕێبازی خوا ﴿وَشَآقُّوا۟ ٱلرَّسُولَ﴾ دژایەتی پێغەمبەریشیان دەکرد ﴿مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْهُدَىٰ﴾ پاش ئەوەی هەق و ڕاستیان بۆ ڕوون بۆتەوە ﴿لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا﴾ هیچ زیانێك بەخوا ناگەیەنن ﴿وَسَيُحْبِطُ أَعْمَٰلَهُمْ﴾ وە بە زوویی (خوا پیلان) وکردەوەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە ﴿٣٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ ئەی ئەوکەسانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ﴾ فەرمانبەردار وگوێرایەڵی خوا و پێغەمبەربن ﴿وَلَا تُبْطِلُوٓا۟ أَعْمَٰلَكُمْ﴾ وە کردەوە (چاکە) کانتان هەڵمەوەشێننەوە ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون ﴿وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وەڕێگری (خەڵک)یان دەکرد لە ڕێبازی خوا ﴿ثُمَّ مَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ﴾ پاشان بەبێ باوەڕی مردن ﴿فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ﴾ ئەوە هەرگیز خوا لێیان خۆش نابێت ﴿٣٤﴾ ﴿فَلَا تَهِنُوا۟ وَتَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّلْمِ﴾ جا (باوەڕداران) لاوازو سست مەبن و داوای ئاشتی (و شەڕ وەستان) مەکەن ﴿وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ﴾ چونکە هەر ئێوە زاڵ و بەهێزترن ﴿وَٱللَّهُ مَعَكُمْ﴾ (یارمەتی) خواش لەگەڵ ئێوەدایە ﴿وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ﴾ وە (پاداشتی) کردەوەکانتان کەم ناکاتەوە ﴿٣٥﴾ ﴿إِنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ بێگومان ژیانی دونیا تەنها ﴿لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾ گاڵتە و گەپێکە (وەبڕێتەوە) ﴿وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟﴾ خۆ ئەگەر باوەڕ بهێنن ولەخواترس بن ﴿يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ﴾ (خوا) پاداشتی خۆتان پێ دەدات ﴿وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ﴾ وە داوای بەخشینی هەموو دارایی و ماڵتان لێ ناکات ﴿٣٦﴾ ﴿إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا﴾ ئەگەر (خوا) داوای بەخشینی هەموو سامانتان لێ بکات ﴿فَيُحْفِكْكُمْ﴾ زۆریش داکۆکی بکات لێتان ﴿تَبْخَلُوا۟﴾ ئێوە چرووکی و ڕەزیلی دەکەن ﴿وَيُخْرِجْ أَضْغَٰنَكُمْ﴾ و ڕق و کینەی دەروونتان دەردەخات ﴿٣٧﴾ ﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ بیدارین ئێوە ئەو کەسانەن ﴿تُدْعَوْنَ﴾ کە بانگ دەکرێن ﴿لِتُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ تا لە پێناوی خوا ماڵ ببەخشن ﴿فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ﴾ کەچی هەندێکتان ڕژدەی دەکەن ﴿وَمَن يَبْخَلْ﴾ هەر کەسێش ڕژدەیی و ڕەزیلی بکات ﴿فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِۦ﴾ ئەوە بێگومان تەنها ڕژدیی لە (دژی) خۆی دەکات ﴿وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ﴾ چونکە خوا (دەوڵەمەندە) و بێ نیازە ﴿وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ﴾ هەر ئێوەن هەژار و بێ نەوا ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْا۟﴾ جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن (لەئاینەکەتان) ﴿يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ (خوای گەورە) ئێوە دەگۆڕێت بەکەسانێکی تر(ی زۆر چاك) ﴿ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَٰلَكُم﴾ پاشان (ئەوان) وەکو ئێوە نابن (ڕاستگۆن لەگەڵ پەروەردگاریاندا) ﴿٣٨﴾

سورەتی ﴿ الفَتۡح ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِنَّا فَتَحۡنَا لَكَ فَتۡحٗا مُّبِينٗا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بێگومان ئێمە سەرکەوتنێکی ئاشکرامان بێ دایت (کەڕێکەوتنی حودەیبیەیە) ① ﴿لِّيَغۡفِرَ لَكَ ٱللَّهُ﴾ تا خوا خۆش ببێت ﴿مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ﴾ لە گوناهەکانی ڕابوردوو داهاتووت ﴿وَيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ﴾ وە نیعمەتی خۆی بەتەواوی بڕژێنت بەسەرتدا ﴿وَيَهۡدِيَكَ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا﴾ وەڕێگای ڕاستت نیشان بدات (بەردەوامت کات) ② ﴿وَيَنصُرَكَ ٱللَّهُ﴾ وەخوا سەرت بخات ﴿نَصۡرًا عَزِيزًا﴾ بەسەرکەوتنێکی بالادەستانە ③ ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ﴾ ئەو خوا زاتێکە ﴿أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ﴾ ئارامی دابەزاندووەتە ﴿فِي قُلُوبِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ ناو دڵی ئیمانداران ﴿لِيَزۡدَادُوٓاْ إِيمَٰنٗا﴾ تا ئیمانیان زیاد بکات ﴿مَّعَ إِيمَٰنِهِمۡۗ﴾ لەگەڵ ئەو ئیمانەی کە هەیانە ﴿وَلِلَّهِ جُنُودُ﴾ تەنها هی خوایە سەربازانی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا﴾ وە هەمیشە خوا زانای کاردروستە ④ ﴿لِّيُدۡخِلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ تا پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار ببات ﴿جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ بەهەشتانێک کە ڕووبارەکان بەژێریانەدا دەڕوات ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بەهەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ﴿وَيُكَفِّرَ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡۚ﴾ وەتا لەگوناهەکانیان خۆش ببێت ﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ ٱللَّهِ﴾ وە ئەم (بەڵێنە) لای خوا ﴿فَوۡزًا عَظِيمٗا﴾ سەرکەوتنێکی گەورەیە ⑤ ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ﴾ و تا سزای بدات پیاوان و ئافرەتانی (دوو ڕوو) و ناپاک و ﴿وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ﴾ پیاوان و ئافرەتانی هاوبەش پەیداکەری ﴿ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۚ﴾ گومان بەرانی خراپ دەربارەی خوا ﴿عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ﴾ ئەوخراپە(لەناو چوونەی چاوەڕوانی دەکەن بۆ ئیمانداران) هەر بەسەر خۆیاندا دێت ﴿وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ﴾ وەخوا خەشمی لێ گرتوون و ﴿وَلَعَنَهُمۡ﴾ نەفرینی لێ کردوون و ﴿وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَۖ﴾ دۆزەخی بۆ ئامادە کردوون ﴿وَسَآءَتۡ مَصِيرٗا﴾ ئای چ سەرئەنجامێکی خراپە ⑥ ﴿وَلِلَّهِ جُنُودُ﴾ تەنها هی خوایە سەربازانی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ وەخوا هەمیشە بالادەستی کاربەجێیە ⑦ ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ﴾ بەڕاستی (ئەی موحەممەد ﷺ) ئێمە ناردووە ﴿شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا﴾ بەشایەت و مژدەدەر و ترسێنەر ⑧ ﴿لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی باوەڕ بە خوا و پێغەمبەرەکەی بهێنن ﴿وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ﴾ وە پشتیوانی لێ بکەن و ڕێزی لێ بگرن ﴿وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا﴾ وە تەسبیحاتی خوا بکەن بە بەیانیان و ئێوارانداو ⑨

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ﴾ بەڕاستی ئەوکەسانەی پەیمان دەدەن بەتۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ﴾ بێگومان ئەوانە پەیمان بەخوا دەدەن ﴿يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ﴾ دەستی خوا لەسەر دەستی ئەوانەوەیە (لەم ئایەتە پیرۆزەدا جێگیر کردن وباسکردنی سیفەتی دەست بۆ خودا هاتووە ئێمەش بڕوامان پێیەتی بەبێ هیچ لێچواندن ولەیەکدانەوەیەك، وەشێوەکەی نازانین تەنها خودا خۆی دەیزانێت) ﴿فَمَن نَّكَثَ﴾ جا هەرکەس پەیمانەکەی شکاند ﴿فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ﴾ ئەوە بێگومان ئەو پەیمان شکاندنە تەنها (زیانی) بۆ خۆیەتی ﴿وَمَنْ أَوْفَىٰ﴾ هەر کەسێش وەفا بکات ﴿بِمَا عَٰهَدَ عَلَيْهُ ٱللَّهَ﴾ بەو پەیمانەی کەداویەتی بەخوا ﴿فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ ئەوە بەڕاستی خوا پاداشتی گەورەیی دەداتێ ﴿١٠﴾ ﴿سَيَقُولُ لَكَ﴾ بێگومان پێت دەڵێن ﴿ٱلْمُخَلَّفُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ﴾ ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی کەلە غەزا جێ مابوون ﴿شَغَلَتْنَآ أَمْوَٰلُنَا وَأَهْلُونَا﴾ سامان و خاوخێزانمان مەشغوڵیان کردین (نەیان هێشت بێین بۆ غەزا) ﴿فَٱسْتَغْفِرْ لَنَا﴾ لەبەر ئەوە داوای لێ خۆشبوونمان بۆ بکە ﴿يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِى قُلُوبِهِمْ﴾ ئەوەی بەزمانیان دەیڵێن لەدڵیاندا نی یە (وباوەڕیان پێی نیە) ﴿قُلْ فَمَن﴾ بڵێ جا کێ ﴿يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ لەبەرانبەر خوادا هیچی بەدەستە بۆتان ﴿إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا﴾ ئەگەر خوا زیانێکی بۆتان بوێت ﴿أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا﴾ یان سوودو قازانجێکی بۆتان بوێت ﴿بَلْ كَانَ ٱللَّهُ﴾ (وانییە کەدەیڵێن) بەڵکو خوا ﴿بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ ئاگادارە بەهەرچییەك کەدەیکەن ﴿١١﴾ ﴿بَلْ ظَنَنتُمْ أَن﴾ بەڵکو وا گومانتان دەبرد کە ﴿لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلْمُؤْمِنُونَ إِلَىٰٓ أَهْلِيهِمْ أَبَدًا﴾ پێغەمبەر و ئیمانداران هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ ناو کەس و کاری خۆیان (و شەهید دەبن) ﴿وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِى قُلُوبِكُمْ﴾ ئەو گومانە لەدڵتاندا ڕازێنرابوویەوە ﴿وَظَنَنتُمْ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ﴾ وە گومانی خراپتان دەبرد ﴿وَكُنتُمْ قَوْمًۢا بُورًا﴾ و بەڕاستی ئێوە گەلێکن لەناو دەچن ﴿١٢﴾ ﴿وَمَن لَّمْ يُؤْمِنۢ﴾ و هەر کەس باوەڕی نەهێنا بێ ﴿بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ بەخوا و پێغەمبەرەکەی ﴿فَإِنَّآ أَعْتَدْنَا﴾ ئەوە بەڕاستی ئێمە ئامادەمان کردووە ﴿لِلْكَٰفِرِينَ سَعِيرًا﴾ بۆ ئەو بێ باوەڕانە ئاگرێکی هەڵگیرساو ﴿١٣﴾ ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئاسمانەکان و زەوی تەنها موڵکی خوایە ﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ﴾ لەهەر کەس کەبیەوێت خۆش دەبێت ﴿وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ سزای هەرکەسێش دەدات کەبیەوێت (لەتاوانباران) ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ وەخوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿١٤﴾ ﴿سَيَقُولُ ٱلْمُخَلَّفُونَ﴾ بێگومان بەجێماوان لەغەزا دەڵێن ﴿إِذَا ٱنطَلَقْتُمْ﴾ هەرکاتێك (لەمەدینە) دەرچوون ﴿إِلَىٰ مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا﴾ بۆ گرتنی دەسکەوتەکان (غەنیمەت) ﴿ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ﴾ لێمان گەڕێن باشوێنتان بکەوین ﴿يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا۟ كَلَٰمَ ٱللَّهِ﴾ دەیانەوێ ووتەی خوا (کە دەسکەوتەکانی خەیبەر بۆ بەشدارانی حودەیبیەیە) بگۆڕن ﴿قُل لَّن تَتَّبِعُونَا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ هەرگیز ناتبێت شوێنمان کەون ﴿كَذَٰلِكُمْ قَالَ ٱللَّهُ مِن قَبْلُ﴾ چونکە پێشتر خوا دەربارەتان هەروای فەرموە ﴿فَسَيَقُولُونَ﴾ ئەمجا دواتر دەڵێن ﴿بَلْ تَحْسُدُونَنَا﴾ (وانی یە) بەڵکو حەسوودی بە ئێمە دەبەن ﴿بَلْ كَانُوا۟﴾ (وانی یە) بەڵکو ئەوان ﴿لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ زۆر کەم تێدەگەن ﴿١٥﴾

﴿قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ﴾ بڵێ بەجێماوان لەغەزا ﴿مِنَ ٱلْأَعْرَابِ﴾ لە عەرەبە دەشتەکی یەکان ﴿سَتُدْعَوْنَ﴾ لەمەولا بانگ دەکرێن ﴿إِلَىٰ قَوْمٍ أُو۟لِى بَأْسٍ شَدِيدٍ﴾ بۆ (جەنگ لەگەڵ) گەلێکی زۆر بەهێزی جەنگاوەر ﴿تُقَٰتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ﴾ (دەبێ) جەنگیان لەگەڵ بکەن یان خۆیان موسڵمان ببن ﴿فَإِن تُطِيعُوا۟﴾ جائە گەر گوێرایەڵ بن ﴿يُؤْتِكُمُ ٱللَّهُ﴾ خوا پێیان دەدات ﴿أَجْرًا حَسَنًا﴾ پاداشتێکی زۆرباش ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْا۟﴾ وە ئەگەر سەرپێچی بکەن ﴿كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ﴾ هەروەك لەوەو پێش سەرپێچیتان کرد (لە حودەیبیەدا) ﴿يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ (خوا) سزایەکی سەختتان دەدات ﴿١٧﴾ ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ﴾ بۆ کوێر گوناە نییە (بەشداری جیهاد نەکات) ﴿وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ﴾ بۆ شەلیش گوناە نییە ﴿وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ هەروەها بۆ نەخۆشیش گوناە نییە ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ وە هەر کەس گوێرایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ﴿يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ﴾ دەیباتە بەهەشتانێك ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کەڕوبارەکان بەژێریاندا دێن وەدەچن ﴿وَمَن يَتَوَلَّ﴾ هەر کەسێش سەرپێچی بکات ﴿يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ (خوا) سزای سەختی دەدات ﴿١٧﴾ ﴿لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ﴾ سوێند بەخوا بێگومان خوا ڕازی بوو ﴿عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ لەو ئیماندارانەی ﴿إِذْ يُبَايِعُونَكَ﴾ کە بەیمانیان پێدایت ﴿تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ﴾ لەژێر درەختەکەدا (لە حودەیبیە) ﴿فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ﴾ جا خوا ئاگادار بوو بەوەی لە دڵیاندایە ﴿فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ﴾ بۆیە دڵنیایی و ئارامی بۆ ناردن ﴿وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ وە پاداشتی دانەوە بەسەرکەوتنێکی نزیك (کەئازاد کردنی خەیبەر بوو) ﴿١٨﴾ ﴿وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا﴾ وە غەنیمەتی زۆر کەبەدەستی دەهێنن ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ وە خوا هەمیشە زاڵی بالادەستی کاربەجێ یە ﴿١٩﴾ ﴿وَعَدَكُمُ ٱللَّهُ﴾ خوا بەڵێنی پێ داوون ﴿مَغَانِمَ كَثِيرَةً﴾ کەغەنیمەتی زۆر ﴿تَأْخُذُونَهَا﴾ (لە بێ باوەڕان) دەگرن ﴿فَعَجَّلَ لَكُمْ هَٰذِهِۦ﴾ بۆیە ئەم (غەنیمەتەی خەیبەر)ی بۆ پێش خستن ﴿وَكَفَّ أَيْدِىَ ٱلنَّاسِ عَنكُمْ﴾ وە دەستی خەڵکی (مەککەی) لێتان کۆتا کرد ﴿وَلِتَكُونَ ءَايَةً﴾ تا(ئەم ڕووداوە) ببێتە بەڵگەیەك ﴿لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ باوەڕداران ﴿وَيَهْدِيَكُمْ﴾ وەتا ڕێنموونیتان بکات ﴿صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿٢٠﴾ ﴿وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهَا﴾ وە چەندەها (غەنیمەتی)تر هەیە کەهێشتا دەسەڵاتتان نی یە بەسەری دا ﴿قَدْ أَحَاطَ ٱللَّهُ بِهَا﴾ بێگومان خوا ئاگای لەهەموویانە ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ﴾ وەخوا هەمیشە ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا﴾ بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵات وبەتوانایە ﴿٢١﴾ ﴿وَلَوْ قَٰتَلَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ ئەگەر ئەوانەی کافرن جەنگیان لەدژتان بکردایە ﴿لَوَلَّوُا۟ ٱلْأَدْبَٰرَ﴾ بێگومان (تێك دەشکان و) هەڵدەهاتن ﴿ثُمَّ لَا يَجِدُونَ﴾ پاشان دەستیان نەدەکەوت ﴿وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ هیچ دۆست و پشتیوانێك ﴿٢٢﴾ ﴿سُنَّةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى﴾ ئەوە یاساوباوی خوایە ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ﴾ کەبێگومان پێشتریش هەروابووە ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ قەت نابینیت باو و یاسای خوا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت ﴿٢٣﴾

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى﴾ خوا ئەو زاتەیە ﴿كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ﴾ کەدەستی ئەوانی (کافران) لەئێوە کۆتا کرد ﴿وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم﴾ دەستی ئێوەشی لەوان (کۆتاکرد بەرێکەوتنی حودەیبیە) ﴿بِبَطْنِ مَكَّةَ﴾ لەناوجەرگەی مەککەدا ﴿مِنۢ بَعْدِ﴾ لەپاش ئەوەی ﴿أَن أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ﴾ ئێوەی بەسەر ئەواندا زاڵ کرد ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا﴾ وەخوا بەهەرچی ئێوە دەیکەن بینایە ﴿٢٤﴾ ﴿هُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ هەر ئەوان (مەککەیەکان) بوون کافر بوون ﴿وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ وەڕێگری ئێوەیان کرد (لەزیارەتی) مزگەوتی حەرام (کەعبەی پیرۆز) ﴿وَٱلْهَدْىَ مَعْكُوفًا﴾ وە (نەیانهێشت) قوربانیە وەستێنراوەکان (لەحودەیبیەدا) ﴿أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُۥ﴾ بگاتە شوێنی سەربڕینی خۆی ﴿وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ﴾ (خوا زاڵی دەکردن بەسەر مەککەدا لەو ساڵەدا) ئەگەر پیاو و ئافرتانی ئیماندار نەبوایە (لەناو کافرانی مەککەدا) ﴿لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ﴾ کەئێوە نەتان دەناسین ﴿أَن تَطَـُٔوهُمْ﴾ پێتان پێدادەنان (دەتان کوشتن) ﴿فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ﴾ جابەهۆیانەوە تووشی تاوان دەبوون ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بێ ئەوەی بزانن ﴿لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ﴾ تاخوا بیخاتە بەر بەزەیی خۆی ﴿مَن يَشَآءُ﴾ ئەو کەسەی کە خۆی دەیەوێ ﴿لَوْ تَزَيَّلُوا﴾ بەڵام ئەگەر (ئیمانداران و کافران لەمەککەدا) لەیەکتر جیابیوونایەتەوە ﴿لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ﴾ بێگومان بێ باوەڕەکانیانمان سزادەدا ﴿عَذَابًا أَلِيمًا﴾ بەسزادانێکی سەخت ﴿٢٥﴾ ﴿إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ﴾ کاتێک ئەوانەی بێ باوەڕن دەمار گیرییان خستە دڵیانەوە ﴿حَمِيَّةَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ﴾ کەدەمارگیری نەفامی یە ﴿فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ﴾ جا خوا ش دڵنیایی و ئارامی خۆیی نارده خوارەوە ﴿عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ پێغەمبەر ﷺ و ئیمانداران ﴿وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ وەباوەڕدانی پابەند کرد بەووشەی (لا اله الا الله محمد رسول الله)وە ﴿وَكَانُوٓا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا﴾ وەئەوان بەووشەیە شیاو تر بوون و خاوەنی بوون ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا﴾ وەخوا بەهەموو شتێک ئاگادار وزانایە ﴿٢٦﴾ ﴿لَّقَدْ﴾ سوێندبەخوا بێگومان ﴿صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ﴾ خوا ئەوخەوەی کەپێغەمبەرەکەی دیبوی بەڕاستی گێڕاوەتەوە ﴿لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ﴾ کە(ووتبوی) دڵنیابن دەچنە ناومزگەوتی حەرام (کەعبەی پیرۆز) ﴿إِن شَآءَ ٱللَّهُ﴾ بەوویستی خوا ﴿ءَامِنِينَ﴾ بەئارامی و بێ ترس ﴿مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ﴾ سەرتان تاشییوەیان کورتان کردۆتەوە ﴿لَا تَخَافُونَ﴾ (لەدوژمن) ناترسن ﴿فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا﴾ جا ئەوەی (خوا) دەیزانی ئێوە نەتان دەزانی (کەخێر لەڕێکەوتن دایە) ﴿فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ﴾ وە جگە لە (چوونە مەککە) بریاری داوە ﴿فَتْحًا قَرِيبًا﴾ سەرکەوتنێکی نزیک (بۆ ئێوەیە کەڕێکەوتنی حودەیبیەیە) ﴿٢٧﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ﴾ خوا ئەو زاتەیە کەپێغەمبەرەکەی ناردووە ﴿بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ﴾ بەڕێنموونی و ئایینی ڕاستەوە ﴿لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ﴾ تا بەسەر هەموو ڕێبازێکدا زاڵی بکات ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا﴾ تەنها خوا بەسە کە شاهید بێت لەسەر ئەمە ﴿٢٨﴾

﴿مُحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ﴾ موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە ﴿وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ﴾ ئەو (باوەڕدار)انەش کەلەگەڵیدان ﴿أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ﴾ بەرامبەر بێ باوەڕان توندو تیژن و ﴿رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾ لەنێوان خۆیاندا بە بەزەیین ﴿تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا﴾ دەیان بینی (هەمیشە) لە کوڕنوش و سوژدە بردنـدان ﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا﴾ داوای فەزڵ و ڕەزامەندی خودا دەکەن ﴿سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم﴾ نیشانەیان لە ناو چاوانیاندا دیارە ﴿مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ﴾ بەهـۆی زۆر سـوژدە بـردن (یانـەوە) ﴿ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ جا ئـەو (هاوەڵـە بەڕێزانە) ئەوە نموونـە و صیفەتیـان بـوو لـە تەوراتـدا ﴿وَمَثَلُهُمْ فِى ٱلْإِنجِيلِ﴾ وە نموونـە و صیفەتیـان لە ئینجیلیشـدا ﴿كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ﴾ وەك ڕووەك وکشـتوکاڵێك وایـە چەکـەڕەی دەرکردبێـت (سـەوز بووبـێ) ﴿فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ﴾ ئەمجا چەکەڕەکەی بەهێز کرد بێ و قایـیم بوو بێ ﴿فَٱسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ﴾ جا لەسـەر لاسکی خـۆی ڕێك وەسـتایێ ﴿يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ﴾ (ئەوەنـدە جوان بـێ) جوتیارەکانی سەرسـام کرد بێ ﴿لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ﴾ تـا بە (زۆر بوونـی) هەوەڵانی داخ و مەراق بدا بەکافـران ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ﴾ خوا بەڵێنی داوە ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم﴾ بەوانەیـان کـە باوەڕیان هێناوە وکـردەوەی چاکەیان کردووە ﴿مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ بە لێبوردن و پاداشتی گەورە (کە بەهەشتە) ﴿٢٩﴾

سورەتی ﴿ الحُجُرَاتِ ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئـەو کەسـانەی کەباوەڕتـان هێنـاوە ﴿لَا تُقَدِّمُوا۟﴾ پێـش مەکـەون (لـە هـیچ کاروبڕیارێکـدا) ﴿بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ لەخـواو پێغەمبەرەکـەی ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ و لەخـوا بترسـن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومـان خـوا بیسـەری زانایـە ﴿١﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە ﴿لَا تَرْفَعُوٓا۟ أَصْوَٰتَكُمْ﴾ دەنگتـان بـەرز مەکەنـەوە ﴿فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِىِّ﴾ بەسـەر دەنگـی پێغەمبـەردا ﷺ ﴿وَلَا تَجْهَرُوا۟ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ﴾ وە بەدەنگـی بـەرز قسـەی لەگـەڵ مەکەن ﴿كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ﴾ وەك دەنگ بەرز کردنەوەتـان لەگەڵ یەکتریدا ﴿أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ﴾ نەوەکو کردەوەکانتان بەتاڵ بێتەوە ﴿وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ و خۆشتان هەستی پێ نەکەن ﴿٢﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بێگومان ئەوانەی ﴿يَغُضُّونَ أَصْوَٰتَهُمْ﴾ دەنگیان نزم دەکەنەوە ﴿عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ﴾ لەخزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ﴾ ئەوانە ئەو کەسانەن ﴿ٱمْتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ﴾ خـوا دڵیانـی زاخـاو داوە وپاکـی کردوەتـەوە ﴿لِلتَّقْوَىٰ﴾ بـۆ تەقوا وخواناسـین ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ لێ خۆش بوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە ﴿٣﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ﴾ بێگومان ئەو کەسانەی ﴿يُنَادُونَكَ مِن وَرَآءِ ٱلْحُجُرَٰتِ﴾ لـە دەرەوەی ژوورەکان بانگت دەکەن (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ زۆربەیان نەفامن و تێ ناگەن ﴿٤﴾

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا﴾ خۆ ئەگەر چاوەڕوانیان بکردایە ﴿حَتَّىٰ تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ﴾ تادەڕۆشتیتە دەرەوە بۆ لایان ﴿لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ﴾ ئەوە چاکتر بوو بۆیان ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وەخوا لێبوردەی میهرەبانە ۵ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ﴾ ئەگەر گوناهکارێ هەواڵێکی گرنگی هێنا بۆتان ﴿فَتَبَيَّنُوا﴾ ئەوە لێ ی بکۆڵنەوە (تاڕوون بێتەوە) ﴿أَن تُصِيبُوا﴾ نەوەك زیان بگەیەنن ﴿قَوْمًا بِجَهَالَةٍ﴾ بەخەڵکێك بەنەزانین ﴿فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ ئەوسا پەشیمان بن لەوکارەی کەکردووتانە ۶ ﴿وَاعْلَمُوا﴾ زۆر چاك بزانن ﴿أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ﴾ کە پێغەمبەری خوا لە ناوتانداید ﴿لَوْ يُطِيعُكُمْ﴾ ئەگەر بەگوێ ی ئێوەی بکردایە ﴿فِي كَثِيرٍ مِّنَ الْأَمْرِ﴾ لەزۆرێك لەکارەکاندا ﴿لَعَنِتُّمْ﴾ تووشی ناڕەحەتی دەبوون ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ﴾ بەڵام خوا ﴿حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ﴾ ئیمانی لاتان خۆشەویست کردووە ﴿وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ﴾ وە لەدڵتاندا (شیرین و) ڕازاوەی کردووە ﴿وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ﴾ وە بێزراوو ناشرینی کردووە لەلاتان ﴿الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ﴾ بێ باوەڕیی و تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوا ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ﴾ هەر ئەوانەن شارەزاو لەسەر ڕێبازی ڕاستن ۷ ﴿فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً﴾ (ئەوە) بەخشش ونیعمەتێکە لەلایەن خواوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خواش زانا و دانایە ۸ ﴿وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر دووکۆمەڵ لەئیمانداران ﴿اقْتَتَلُوا﴾ دژ بەیەکتر جەنگیان کرد ﴿فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا﴾ ئەوە لەنێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن ﴿فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا﴾ ئەمجا ئەگەر کۆمەڵێکیان دەست درێژی وسەرکەشی کرد ﴿عَلَى الْأُخْرَىٰ﴾ بۆ سەر کۆمەڵێکی تریان ﴿فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي﴾ ئەوە ئێوە (ئەی موسوڵمانان) دژی ئەوەیان بجەنگن دەست درێژی دەکات ﴿حَتَّىٰ تَفِيءَ﴾ تا دەگەڕێتەوە ﴿إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ﴾ بۆ فەرمانی خوا (ملکەچی فەرمانی خوا دەبێ) ﴿فَإِن فَاءَتْ﴾ ئەمجا ئەگەر گەڕایەوە ﴿فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا﴾ ئەوسا لەنێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن ﴿بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا﴾ بەدادگەرانە و ڕاست و دادپەروەر بن (لەنێوانیاندا) ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ بێگومان خوا ﴿يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ دادپەروەرانی خۆش دەوێ ۹ ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ بێگومان تەنها باوەڕداران برای یەکترن ﴿فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ﴾ کەواتە لەنێوان دووبراتاندا (ئاژاوە هەبوو) ئاشتەوایی بکەن ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ و لەخوا بترسن ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ تاڕەحمتان پێ بکات ۱۰ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ﴾ باهیچ کۆمەڵە پیاوێك گاڵتە نەکەن بەکۆمەڵێکی تریان ﴿عَسَىٰ أَن يَكُونُوا﴾ ڕەنگە گاڵتە پێ کراوەکان ﴿خَيْرًا مِّنْهُمْ﴾ لە گاڵتەکەرەکان باشتربن (لای خوا) ﴿وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ﴾ وە ژنانێك گاڵتە نەکەن بەژنانێکی تر ﴿عَسَىٰ أَن يَكُنَّ﴾ ڕەنگە ئافرەتە گاڵتە پێکراوەکان ﴿خَيْرًا مِّنْهُنَّ﴾ لە ئافرەتە گاڵتەکەرەکان باشتربن (لای خوای گەورە) ﴿وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ﴾ تانە وتەشەر لەیەکتری مەدەن (لەنێو خۆتاندا) ﴿وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ﴾ ناوو ناتۆرە لەیەکتری مەنێن ﴿بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ﴾ ئای چەند خراپە ناو بردنێ کە گوناهە (بە موسڵمان بڵێیت کافر، یان داوێن پیس) ﴿بَعْدَ الْإِيمَانِ﴾ پاش باوەڕ هێنان ﴿وَمَن لَّمْ يَتُبْ﴾ جا ئەوەی پەشیمان نەبێتەوە ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ ئەوە ئەوانە هەر خۆیان ستەمکارن ۱۱

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ﴾ خۆتان لەزۆرێك لە گومانەکان بپارێزن ﴿إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ﴾ چونکە بەڕاستی هەندێك لە گومانەکان تاوانن ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا۟﴾ سیخوڕی مەکەن (وبەدوای ناتەواوی یەکتردا مەگەڕێن) ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا﴾ لەپاشملە بەخراپە باسی یەکتری مەکەن ﴿أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ﴾ ئایا کام لەئێوە پێ ی خۆشە ﴿أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ﴾ کە گۆشتی برا (ئایینی یەکەی) بخوات؟ ﴿مَيْتًا﴾ بەمردووی ﴿فَكَرِهْتُمُوهُ﴾ بێگومان قێزتان لێ ی دێتەوەو پێتان ناخۆشە ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خوا تەوبە گیراکەری بەبەزەیی یە ﴿١٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿إِنَّا خَلَقْنَٰكُم﴾ بێگومان ئێمە دروستمان کردوون ﴿مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ﴾ لە نێر و مێ یەك ﴿وَجَعَلْنَٰكُمْ﴾ وە کردومانن ﴿شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ﴾ بەچەند گەل و هۆزێکەوە ﴿لِتَعَارَفُوٓا۟﴾ تایەکتری بناسن ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ﴿أَتْقَىٰكُمْ﴾ ئەو کەسەتانە زیاتر لەخودا دەترسێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ بێگومان خوا زانای ئاگادارە ﴿١٣﴾ ﴿قَالَتِ ٱلْأَعْرَابُ ءَامَنَّا﴾ عەرەبە دەشتەکیەکان ووتیان باوەڕمان هێناوە ﴿قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا۟﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ باوەڕتان نەهێناوە ﴿وَلَٰكِن قُولُوٓا۟ أَسْلَمْنَا﴾ بەڵکو بڵێن موسڵمان بووین (بەسەر زارەکی) ﴿وَلَمَّا يَدْخُلِ ٱلْإِيمَٰنُ فِى قُلُوبِكُمْ﴾ چونکە هێشتا باوەڕ نەچووەتە ناو دڵەکانتانەوە ﴿وَإِن تُطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ خۆ ئەگەر گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بن ﴿لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَٰلِكُمْ شَيْـًٔا﴾ هیچ لە (پاداشتی) کردەوەکانتان کەم ناکاتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێبوردەی میهرەبانە ﴿١٤﴾ ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ﴾ بێگومان ئیماندارانی ڕاستەقینە ئەوانەن ﴿ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ کە باوەڕیان هێناوە بە خوا و پێغەمبەرەکەی ﴿ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا۟﴾ پاشان دوو دڵ نەبوون (لە ئیمانەکەیاندا) ﴿وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ وە بەماڵ و گیانیان تێکۆشانیان کردووە ﴿فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ لەپێناو ڕێبازی خوادا ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ﴾ هەر ئەوانەن ڕاستگۆیان ﴿١٥﴾ ﴿قُلْ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا ئێوە خوا ئاگادار دەکەن ﴿بِدِينِكُمْ﴾ لەئایینەکەتان ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ﴾ لەکاتێکدا خوا ئاگادارەو دەزانێ ﴿مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بەهەرچی لەئاسمانەکان و زەوی دایە ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بەهەموو شتێك زانایە ﴿١٦﴾ ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ﴾ ئەوکەسانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿أَنْ أَسْلَمُوا۟﴾ کە موسڵمان بوون ﴿قُل لَّا تَمُنُّوا۟ عَلَىَّ إِسْلَٰمَكُم﴾ تۆش بڵێ منەتی موسڵمان بوونی خۆتان بەسەر منداا مەکەن ﴿بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ﴾ بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا ﴿أَنْ هَدَىٰكُمْ لِلْإِيمَٰنِ﴾ کە ڕێنموونیی کردوون بۆ باوەڕهێنان ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن (کە ئیماندارن) ﴿١٧﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ﴾ بەڕاستی خوا دەزانێ ﴿غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ نهێنی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ وەخوا بینایە بەهەر کردەوەیەك کە ئێوە دەیکەن ﴿١٨﴾

سورەتی ﴿ قٓ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قٓ﴾ بە (قاف) دەخویندرێتەوە، ماناکەی تەنها خوا دەیزانێ بۆ زانیاری زیاتر سەبری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ سوێند بەقورئانی بەرز و بەڕێز (تۆ نێردراوی خوای ئەی موحەممەد ﷺ) ① ﴿بَلْ عَجِبُوا﴾ بەڵام (بێ باوەڕان) سەریان سوڕماوە ﴿أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ﴾ لەوەی کەپێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ هاتووە لە خۆیان ﴿فَقَالَ الْكَافِرُونَ﴾ جا بێ باوەڕان دەیان ووت ﴿هَٰذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ﴾ ئەمە شتێکی سەیرە ② ﴿أَإِذَا مِتْنَا﴾ ئایا کاتێ مردین و ﴿وَكُنَّا تُرَابًا﴾ بووین بەخۆڵ (چۆن زیندوو دەبینەوە) ﴿ذَٰلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ﴾ ئەوە گەڕانەوەیەکی دوورەو نابێ ③ ﴿قَدْ عَلِمْنَا﴾ بێگومان ئێمە دەزانین ﴿مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ﴾ زەوی چەندێ لە لاشەیان دەخوات (هیچیمان لێ وون نابێ) ﴿وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ﴾ بەڕاوێنکیشمان لایەکە بارێزەری هەموو شتێکە ④ ﴿بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ﴾ (زیندوو بوونەوە دوورنی یە) بەڵکو ئەوان باوەڕیان بەقورئان نەکرد ﴿لَمَّا جَاءَهُمْ﴾ کاتێک بۆیان هات ﴿فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ﴾ بۆیە ئەوان لەناو کارێکی تێکەڵ و پێکەڵدان ⑤ ﴿أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ﴾ دەی ئایا سەرنجی ئەو ئاسمانەیان نەداوە کە لەسەریانەوەیە ﴿كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا﴾ چۆن دروستمان کردووە و ڕازاندومانەتەوە ﴿وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ﴾ وەهیچ درزو کەلێنێکی تێدا نی یە ⑥ ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا﴾ زەویشمان ڕاخستووە ﴿وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ﴾ چەندەها شاخی دامەزراومان تێدا داناوە ﴿وَأَنبَتْنَا فِيهَا﴾ ڕواندومانە تێیشیدا ﴿مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ هەموو جۆر ڕووەکێکی جوان ⑦ ﴿تَبْصِرَةً وَذِكْرَىٰ﴾ تابەر چاو ڕوونی و پەندو بیرخەرەوە بێت ﴿لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ﴾ بۆ هەموو بەندەیەکی تەوبە کارو گەڕاوە بۆ لای خوا ⑧ ﴿وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ﴾ وە لەئاسمانەوە باراندوومانە ﴿مَاءً مُّبَارَكًا﴾ بارانێکی بەپیت و فەر ﴿فَأَنبَتْنَا بِهِ﴾ جابەو بارانە ڕووانومانە ﴿جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ﴾ باخات و دانەوێلە (ی ئەو کشتوکاڵانەی) کەدروێنە دەکرێن ⑨ ﴿وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ﴾ هەروەها دارخورمای بەرزو بڵند ﴿لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ﴾ بە هێشووی تێنک پەستراوەوە ⑩ ﴿رِّزْقًا لِّلْعِبَادِ﴾ (تابێتە) ڕزق و ڕۆزی بۆ بەندەکان ﴿وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا﴾ هەر بەو بارانە زەوی مردو (ووشک) دەبوژێنێنەوە ﴿كَذَٰلِكَ الْخُرُوجُ﴾ زیندوو کردنەوە (ی مردوانیش) هەر بەو شێوەیە ⑪ ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ﴾ پێش ئەمانیش باوەڕیان نەهێنا (بە پێغەمبەرەکانیان) ﴿قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ﴾ گەلی نووح و خاوەن چاڵ و بیرەکان و (گەلی) سەموود ⑫ ﴿وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ﴾ وەگەلی عادو فیرعەون و گەلی لووطیش ⑬ ﴿وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ﴾ هەروەها خاوەن باخانە چڕو پڕەکان و گەلی توببەعیش ﴿كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ﴾ هەر هەموویان باوەڕیان نەهێنا بەپێغەمبەرەکانیان ﴿فَحَقَّ وَعِيدِ﴾ بۆیە هەڕەشەی (من لەدژیان) هاتەدی ⑭ ﴿أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ﴾ جا ئایا ئێمە لەدروستکردنی یەکەم جاردا دەستەوسان بووین (تانەتوانین زیندووتان بکەینەوە)؟! ﴿بَلْ هُمْ﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو ئەوان ﴿فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ لە گوماندان لە دروست بوونەوەیەکی سەر لە نوێ ⑮

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾ سوێند بەخوا ئێمە ئادەمیمان بەدی هێناوە و ﴿وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ﴾ چاك ئاگادارین بەو خەیاڵ و خەتەرانەی دێن بەدڵ و دەروونیدا ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ﴾ وئێمە لەوەوە نزیکترین (واتە خوای گەورە عیلم و زانینی تەواوی هەیە بە هەموو جموجولێکی ئادەمیزاد) ﴿مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ﴾ لە شادەماری دڵی ﴿١٦﴾ ﴿إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ﴾ کاتێك ئەو دووفریشتە (کرداری) تۆمار دەکەن ﴿عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ﴾ کە لەلای ڕاست و لای چەپیەوە دانیشتوون ﴿١٧﴾ ﴿مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ﴾ هەر ووتەیەك لەدەمی دەرچێ ﴿إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ چاودێرێکی بەسەرەوەیە (و دەیتوسێ) ﴿١٨﴾ ﴿وَجَاءَتْ سَكْرَةُ ٱلْمَوْتِ بِٱلْحَقِّ﴾ ناڕەحەتی و بێهۆشی مردن دێت لەگەڵ ڕاستیەکاندا ﴿ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ﴾ (پێی دەووترێ) ئەمە ئەو (مردنە)یە کە خۆت لێ دەپاراست و لادەدا ﴿١٩﴾ ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ﴾ ئەمجا فوو دەکرێ بە (شەیپور) کەڕەنادا ﴿ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلْوَعِيدِ﴾ ئەوە ڕۆژی (بەدی هاتنی) هەڕەشەکانە ﴿٢٠﴾ ﴿وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا﴾ لەگەڵ هەموو کەسێکدا دێت (بۆ مەحشەر) ﴿سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ﴾ دوو فریشتە، یەکێکیان پێش خۆی داوە، ئەوی دیکەشیان شاهیدی لەسەر ئەدات، (لەتەواوی ئەو کارورکردەوانەی کە کردوونی لە دونیادا) ﴿٢١﴾ ﴿لَّقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا﴾ (پێی دەووترێت) سوێند بەخوا بەڕاستی تۆ لەمە بێ ئاگا بوویت لەدونیادا ﴿فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ﴾ جا ئێمە پەردە (ی قیامەت) مان لەسەر لادایی ﴿فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ﴾ جا ئەمڕۆ (کە قیامەتە) چاوت تیژە و چاك دەبینێ ﴿٢٢﴾ ﴿وَقَالَ قَرِينُهُۥ﴾ وە ئەو (فریشتە شاهیدەی) لەگەڵیدایە دەڵێت ﴿هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ﴾ ئەمە (نامەی کردەوەکانە) ئامادەیە و لای منە ﴿٢٣﴾ ﴿أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ﴾ (خوا دەفەرموێ بەدوو فریشتەکە) فڕێ ی بدەنە ناو دۆزەخەوە ﴿كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ﴾ هەموو کافرێکی سەرکەشی ﴿٢٤﴾ ﴿مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ﴾ ڕێگری کەر لەچاکە ﴿مُّعْتَدٍ مُّرِيبٍ﴾ دەست درێژ کەری گوماناوی ﴿٢٥﴾ ﴿ٱلَّذِي جَعَلَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ﴾ ئەو کەسەی کەپەرستراوی تری لەگەڵ خوادا داناوە ﴿فَأَلْقِيَاهُ فِي ٱلْعَذَابِ ٱلشَّدِيدِ﴾ جا هەر دووکتان (ئەی فریشتەکان) فڕێ ی بدەنە سزای سەختەوە ﴿٢٦﴾ ﴿قَالَ قَرِينُهُۥ﴾ ئەو (شەیتانەی لەدونیادا) لەگەڵیدا بوو دەڵێ ﴿رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُۥ﴾ ئەی پەروەردگارم من ئەوم سەرکەش نەکرد ﴿وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ﴾ بەڵکو خۆی لەگومڕایی یەکی دوور لەڕاستیدا بوو ﴿٢٧﴾ ﴿قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا۟ لَدَيَّ﴾ (خوا دەفەرموێ) لەلای منەدا دەمەقاڵێ و مشتومڕ مەکەن ﴿وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِٱلْوَعِيدِ﴾ چونکە بێگومان پێشتر هەڕەشەم (لەم بارەیەوە) ناردووە بۆتان ﴿٢٨﴾ ﴿مَا يُبَدَّلُ ٱلْقَوْلُ لَدَيَّ﴾ بەڵێنی من هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت ﴿وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ وە من هیچ جۆرە ستەمێك لە بەندەکانم ناکەم ﴿٢٩﴾ ﴿يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ﴾ ڕۆژێك دەبێت بەدۆزەخ دەڵێین ﴿هَلِ ٱمْتَلَأْتِ﴾ ئایا پڕ بوویت؟ ﴿وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ﴾ دۆزەخیش دەڵێ ئایا کەسی تر هەیە (بیهێنن)؟ ﴿٣٠﴾ ﴿وَأُزْلِفَتِ ٱلْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ بەهەشتیش (لەو ڕۆژەدا) نزیك کراوەتەوە بۆ پارێزکاران ولەخواترسان ﴿غَيْرَ بَعِيدٍ﴾ دوور نی یە (لێیان) ﴿٣١﴾ ﴿هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ﴾ (پێیان دەوترێ) ئەمە ئەو (بەهەشتە)یە کە بەڵێنتان پێ درابوو ﴿لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ﴾ بەهەموو ڕوو لەخوایەکی خۆپارێز ﴿٣٢﴾ ﴿مَّنْ خَشِيَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ﴾ ئەوەی لە خوای میهرەبان ترسایێ لەبەنهاندا (وخۆی لە گوناە پاراست بێت) ﴿وَجَآءَ بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ﴾ وە بەدڵێکی ڕوو لە خواوە گەڕابێتەوە (بۆ لامان) ﴿٣٣﴾ ﴿ٱدْخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ﴾ (پێیان دەووترێت) هەموتان بڕۆنە ناو بەهەشتەوە، دڵنیا و بێ ترس بن (لەسزاو ناخۆشی) ﴿ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلْخُلُودِ﴾ ئەم ڕۆژە ڕۆژی هەمیشەیی و نەمری یە ﴿٣٤﴾ ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا﴾ لەو بەهەشتەدا هەرچیان بوێت بۆیان ئامادەیە ﴿وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ﴾ وە لەوە زیاتریشمان هەیە (کە بیبینی خوای گەورەیە) ﴿٣٥﴾

﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ﴾ وەپێش ئەمان گەل و چینی زۆرمان لەناوبرد ﴿هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا﴾ کەئەوان لەمانیش بەهێزتر بوون ﴿فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ﴾ خۆ شاران و وولاتانیان پشکنیوە و گەڕاوون ﴿هَلْ مِن مَّحِيصٍ﴾ ئایا هیچ پەنا گایەك هەبوو (بۆیان لەمردن) ﴿٣٦﴾ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ﴾ بێگومان لەم (باسەدا) پەندو ئامۆژگاری هەیە ﴿لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ﴾ بۆ کەسێك خاوەن دڵێکی (زیندوو بێت یان ژیربێ) ﴿أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ یاگوێ بگرێ (بۆ قورئان) و بیریشی لەلای بێت ﴿٣٧﴾ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا﴾ سوێند بەخوا بێگومان دروستمان کردووە ﴿السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندایە ﴿فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ لە شەش ڕۆژدا ﴿وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ﴾ وە هیچ ماندوو بوونێکمان تووش نەبوو ﴿٣٨﴾ ﴿فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾ کەواتە (ئەی موحەممەد ﷺ) خۆگربە بەرامبەر ئەو (قسە نابەجێ یانە)ی کەدەیڵێن ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ﴾ بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە ﴿قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ﴾ پێش هەڵهاتنی خۆرو ﴿وَقَبْلَ الْغُرُوبِ﴾ پێش ئاوا بوونیشی ﴿٣٩﴾ ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ﴾ وە لەبەشێك لەشەودا ستایشی پەروەردگارت بکە ﴿وَأَدْبَارَ السُّجُودِ﴾ وە لەپاش نوێژەکانیش ﴿٤٠﴾ ﴿وَاسْتَمِعْ يَوْمَ﴾ وە گوێ بگرە لەڕۆژێکدا ﴿يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ﴾ جارچێ دەرێك لەشوێنێکی نزیکەوە بانگ دەکات ﴿٤١﴾ ﴿يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ﴾ ڕۆژێ کە نەعرەتەیەك (دەنگێکی گەورەی ترسناك) بەڕاستی دەبیستن ﴿ذَٰلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ﴾ ئەو ڕۆژە ڕۆژی هاتنەدەرەوەیە (لەگۆڕەکان) ﴿٤٢﴾ ﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ﴾ بێگومان هەر ئێمەین دەژێنین و دەشمرێنین ﴿وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ﴾ گەڕانەوەش هەر بۆلای ئێمەیە ﴿٤٣﴾ ﴿يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ﴾ ڕۆژێك دێت زەوی لەئاست ئەوانە (ی مردوون) قڵیش دەبات ﴿سِرَاعًا﴾ بەپەلە (دێنە دەرەوە) ﴿ذَٰلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ﴾ ئەو کۆکردنەوە بەلای ئێمەوە ئاسانە ﴿٤٤﴾ ﴿نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ﴾ بێگومان ئێمە ئاگادارین بەوەی کەدەیڵێن ﴿وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ﴾ تۆ دەسەلاتت بەسەریاندا نی یە ﴿فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن﴾ کەوایە تۆ بەم قورئانە ئامۆژگاری ئەو کەسە بکە ﴿يَخَافُ وَعِيدِ﴾ کە لەهەڕەشەی من دەترسێ ﴿٤٥﴾

سورەتی ﴿ الذَّارِيَاتِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا﴾ سوێند بەو بایانەی کە زۆر شت پرژو بڵاودەکەنەوە بە بڵاوکردنەوە ﴿١﴾ ﴿فَالْحَامِلَاتِ وِقْرًا﴾ ئەمجا سوێند بەو هەورانەی کە هەڵگری بارانن ﴿٢﴾ ﴿فَالْجَارِيَاتِ يُسْرًا﴾ ئەمجا سوێند بەو کەشتیانەی کە بەئاسانی دەگەڕێن (لە ئاو دەریادا) ﴿٣﴾ ﴿فَالْمُقَسِّمَاتِ أَمْرًا﴾ ئەمجا سوێند بەو فریشتانەی کار دابەشکەرن ﴿٤﴾ ﴿إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ﴾ بێگومان هەر بەڵێنێ کە پێتان دەدرێ ڕاستە ﴿٥﴾ ﴿وَإِنَّ الدِّينَ لَوَاقِعٌ﴾ وە بەڕاستی (ڕۆژی) پاداشت و تۆڵە ڕوودەدات ﴿٦﴾

﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْحُبُكِ﴾ وەسوێند بەئاسمانی خاوەن ڕێگای زۆر (خاوەن جوانی و ڕێك و پێکی) ۝٧
﴿إِنَّكُمْ لَفِى قَوْلٍ مُّخْتَلِفٍ﴾ بێگومان ئێوە لەقسە وگوفتاری جیاوازدان ۝٨ ﴿يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ أُفِكَ﴾ ئەو کەسە لادەدرێت لەئیمان کەلادراوە (چونکە خۆی گومڕایە) ۝٩ ﴿قُتِلَ ٱلْخَرَّٰصُونَ﴾ دەك بەکوشت چن ئەو درۆزنانە(و نەفرینیان لێ بێ) ۝١٠ ﴿ٱلَّذِينَ هُمْ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿فِى غَمْرَةٍ سَاهُونَ﴾ لەگێژاوی نەزانیدا بێ ئاگان (لەهەموو شت) ۝١١ ﴿يَسْـَٔلُونَ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلدِّينِ﴾ (بەگاڵتەوە) دەپرسن کەی ڕۆژی دوایی دێت ۝١٢
﴿يَوْمَ هُمْ﴾ ڕۆژێك (سزا دەدرێن) کەئەوان ﴿عَلَى ٱلنَّارِ يُفْتَنُونَ﴾ بەئاگری دۆزەخ دەسوتێنرێن ۝١٣
﴿ذُوقُوا۟ فِتْنَتَكُمْ﴾ (پێیان دەووترێت) سزاکەتان بچەژن ﴿هَٰذَا ٱلَّذِى﴾ ئەمە ئەو (سزایە) ﴿كُنتُم بِهِۦ تَسْتَعْجِلُونَ﴾ (بەگاڵتەوە) بە پەلە داواتان دەکرد ۝١٤ ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ بێگومان پارێزکاران و لەخواترسان ﴿فِى جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ﴾ وان لە باخات و کەناری سەرچەشمەی ڕەواندا ۝١٥ ﴿ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ﴾ ئەوەی خوا پێی داوون وەری دەگرن ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ﴾ (چونکە) بێگومان ئەوان لەوەو پێش چاکەکار بوون ۝١٦ ﴿كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ﴾ ئەوانە کەمێك لەشەودا ﴿مَّا يَهْجَعُونَ﴾ دەخەوتن (ئەوی تری شەو نوێژیان دەکرد) ۝١٧ ﴿وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾ وەلەبەرەبەیانانداداوای لێخۆشبوونیان دەکرد ۝١٨ ﴿وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ﴾ وە لە مالّ و دارایی یاندا ﴿حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ﴾ بۆ (هەژاری) داواکەرو داوانەکەر مافی خۆیان هەبوو ۝١٩
﴿وَفِى ٱلْأَرْضِ ءَايَٰتٌ لِّلْمُوقِنِينَ﴾ وەلەزەویدا بەڵگە و نیشانە هەیە بۆ باوەڕداران ۝٢٠ ﴿وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾ وە لەخودی خۆشتاندا (بەڵگەی زۆر هەیە) ﴿أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ دەی ئایا بۆ وورد نابنەوە و سەرنج نادەن ۝٢١
﴿وَفِى ٱلسَّمَآءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ﴾ وەڕزق و ڕۆزی ئێوە و ئەو بەڵێنانەی پێتان دەدرێ لەئاسمانە ۝٢٢ ﴿فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ جا سوێند بەپەروەردگاری ئاسمان و زەوی ﴿إِنَّهُۥ لَحَقٌّ﴾ بێگومان ئەوە(ی باسکرا) هەق و ڕاستە ﴿مِّثْلَ مَآ أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ﴾ بەوێنەی ئەو قسانەی خۆتان دەیکەن ۝٢٣ ﴿هَلْ أَتَىٰكَ﴾ ئایا پێت گەشتووە ﴿حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْمُكْرَمِينَ﴾ بەسەرهاتی میوانە ڕێزدارەکانی ئیبراهیم ۝٢٤ ﴿إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ﴾ کاتێ چوونە لای ئیبراهیم و ﴿فَقَالُوا۟ سَلَٰمًا قَالَ سَلَٰمٌ﴾ ووتیان سڵاو (ئەویش) ووتی سڵاو لەخۆتان ﴿قَوْمٌ مُّنكَرُونَ﴾ (ئێوە) کەسانێکی نەناسراوون ۝٢٥ ﴿فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ﴾ جا خێرا چوو بۆلای خێزانەکەی ﴿فَجَآءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ﴾ ئەمجا گوێرەکەیەکی قەڵەوی (بەبرژاوی بۆیان) هێنا ۝٢٦ ﴿فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيْهِمْ﴾ وەنزیکی کردەوە لێیان (بەڵام نەیان خوارد) ﴿قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ﴾ ووتی ئەوە ناخۆن؟ ۝٢٧ ﴿فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً﴾ ئەوسا لێیان ترسا ﴿قَالُوا۟ لَا تَخَفْ﴾ ووتیان مەترسە (ئێمە نێردراوی خوایین) ﴿وَبَشَّرُوهُ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٍ﴾ وە مزگێنیان پێ دا بەکوڕێکی دانا (کەئیسحاقە) ۝٢٨ ﴿فَأَقْبَلَتِ ٱمْرَأَتُهُۥ فِى صَرَّةٍ﴾ جارێنەکەی قریوەیەکی کرد و هات ﴿فَصَكَّتْ وَجْهَهَا﴾ وە دای بەڕووەمەتی خۆیدا (وەك باووی ژنان) ﴿وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ﴾ وە ووتی پیرەژنێکی نەزۆك (چۆن منداڵی دەبێ) ۝٢٩ ﴿قَالُوا۟ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ﴾ (فریشتەکان) ووتیان پەروەردگارت وای فەرموووە ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ﴾ بێگومان هەر خوا کار بەجێ ی زانایە ۝٣٠

﴿قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ﴾ (ئیبراهیم) ووتی: چیتان پێ سپێردراوە ئەی نێردراوانی خوا ﴿٣١﴾ ﴿قَالُوا إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمٍ مُجْرِمِينَ﴾ ووتیان بێگومان ئێمە نێردراوین بۆ سەر گەلی تاوانباران ﴿٣٢﴾ ﴿لِنُرْسِلَ عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِنْ طِينٍ﴾ بۆ ئەوەی ببارێنین بە سەریاندا بەرد لە گڵی سورەوە کراوی ﴿٣٣﴾ ﴿مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ لِلْمُسْرِفِينَ﴾ نیشانە کراو لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ لە سنوور دەرچوان ﴿٣٤﴾ ﴿فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەمجا هەرچی بوو لەو (شارەی لووط) دا لە بڕواداران دەرمان کردن ﴿٣٥﴾ ﴿فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ وە نەماندی تێیدا بێجگە لەیەك ماڵی موسڵمان نەبێت (ئەویش ماڵی لووط بوو) ﴿٣٦﴾ ﴿وَتَرَكْنَا فِيهَا آيَةً﴾ وەپەند و نیشانەیەکمان تێدا بەجێ هێشت ﴿لِلَّذِينَ يَخَافُونَ الْعَذَابَ الْأَلِيمَ﴾ بۆ ئەوانەی کە لە سزای بە ئازار دەترسن ﴿٣٧﴾ ﴿وَفِي مُوسَىٰ إِذْ أَرْسَلْنَاهُ﴾ هەروەها لەبەسەر هاتی موسادا (چەند بەڵگەو پەند هەیە) کاتێ کەناردمان ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ﴾ بۆ لای فیرعەون بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراوە ﴿٣٨﴾ ﴿فَتَوَلَّىٰ بِرُكْنِهِ﴾ فیرعەونیش ڕوی وەرگێڕا و سەرپێچی کرد بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە ﴿وَقَالَ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ﴾ وە ووتی: (موسا) جادووگەرە یان شێتە ﴿٣٩﴾ ﴿فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ﴾ ئێمەش خۆی و لەشکرەکەیمان گرت ﴿فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ﴾ و فڕێمان دانە ناو دەریاوە ﴿وَهُوَ مُلِيمٌ﴾ کە ئەو شیاوی لۆمە کردن بوو ﴿٤٠﴾ ﴿وَفِي عَادٍ﴾ وە لە گەلی عاددا بەڵگەو پەند هەیە ﴿إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ﴾ کاتێ کە ناردمانە سەریان ﴿الرِّيحَ الْعَقِيمَ﴾ بای (گەرمی تووندی) بێ خێر ﴿٤١﴾ ﴿مَا تَذَرُ مِنْ شَيْءٍ أَتَتْ عَلَيْهِ﴾ بەسەر هەر شتێکدا بڕۆیشتایە وازی لێ نەدەهێنا ﴿إِلَّا جَعَلَتْهُ كَالرَّمِيمِ﴾ هەتا وەك ڕزیوی لێ نەکرد ﴿٤٢﴾ ﴿وَفِي ثَمُودَ﴾ وە لە گەلی سەمودا (پەند وئامۆژگاری هەیە) ﴿إِذْ قِيلَ لَهُمْ﴾ کاتێ کە پێیان ووترا ﴿تَمَتَّعُوا حَتَّىٰ حِينٍ﴾ ڕابوێرن تا کاتی خۆی دێت ﴿٤٣﴾ ﴿فَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ﴾ جا ئەوان سەرکەشیان کرد لەفەرمانی پەروەردگاریان ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ﴾ ئەمجا هەورە بروسکە لێیدان ﴿وَهُمْ يَنْظُرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان (تیاچوونی خۆیانیان) بەچاو دەبینی ﴿٤٤﴾ ﴿فَمَا اسْتَطَاعُوا مِنْ قِيَامٍ﴾ ئیتر نەیانتوانی هەستنەوە ﴿وَمَا كَانُوا مُنْتَصِرِينَ﴾ وە سەرکەوتوویش نەبوون ﴿٤٥﴾ ﴿وَقَوْمَ نُوحٍ مِنْ قَبْلُ﴾ وە گەلی نووحیش لەپێش ئەماندا بوو ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾ کە بەڕاستی گەلێکی بەدکارو لەسنوور دەرچوو بوون ﴿٤٦﴾ ﴿وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ﴾ و ئاسمانمان بەهێزو توانایەکی گەورە دروست کردووە ﴿وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾ وە ئێمە بەڕاستی فراوانکەری (ئاسمانین) بە بەردەوامی ﴿٤٧﴾ ﴿وَالْأَرْضَ فَرَشْنَاهَا﴾ وە زەویمان ڕاخستووە ﴿فَنِعْمَ الْمَاهِدُونَ﴾ ئای چ ڕاخەرێکی چاکین ئێمە ﴿٤٨﴾ ﴿وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ﴾ وە لە هەموو شتێك جووتێك (نێر و مێ) مان دروست کردووە. ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و پەندی لێ وەربگرن ﴿٤٩﴾ ﴿فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ﴾ ئەمجا بەپەلە بەرەو لای خوا بڕۆن ﴿إِنِّي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ بەڕاستی من لەلایەن خواوە ترسێنەرێکی ئاشکراو ڕوونم بۆ ئێوە ﴿٥٠﴾ ﴿وَلَا تَجْعَلُوا مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ﴾ وە لەگەڵ خوادا پەرستراوی تر دامەنێن ﴿إِنِّي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ بەڕاستی من لەلایەن خواوە ترسێنەرێکی ئاشکراو ڕوونم بۆ ئێوە ﴿٥١﴾

﴿كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّن رَّسُولٍ﴾ هەر بەم شێوەیە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە بۆ لای ئوممەتانی پێش ئەمان ﴿إِلَّا قَالُواْ سَاحِرٌ أَوۡ مَجۡنُونٌ﴾ مەگەر ووتوویانە(بەو پێغەمبەرە) جادوو گەرە یان شێتە ﴿٥٢﴾ ﴿أَتَوَاصَوۡاْ بِهِۦۚ﴾ ئایا(ئەمان و ئەوان) ڕاسپاردەیان بۆیە کتری کردووە؟ ﴿بَلۡ هُمۡ قَوۡمٞ طَاغُونَ﴾ (نەخێر) بەڵکو ئەمان گەلێکی سەرکەش و یاخیین ﴿٥٣﴾ ﴿فَتَوَلَّ عَنۡهُمۡ﴾ تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ڕووبان لێ وەرگێرە ﴿فَمَآ أَنتَ بِمَلُومٖ﴾ چونکە تۆ لۆمەکراو نیت ﴿٥٤﴾ ﴿وَذَكِّرۡ﴾ وەئامۆژگاریان بکەوبیریان بخەرەوە ﴿فَإِنَّ ٱلذِّكۡرَىٰ تَنفَعُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ چونکە بەڕاستی ئامۆژگاری (ئەگەر سوودی بۆ بێ بڕوایان نەبێ) سوود ئەگەیەنێ بەبڕواداران ﴿٥٥﴾ ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ﴾ وە من جنۆکە و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کەبەندایەتی من بکەن ﴿٥٦﴾ ﴿مَآ أُرِيدُ مِنۡهُم مِّن رِّزۡقٖ﴾ من هیچ ڕۆزییەکم ناوێ لێیان، ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطۡعِمُونِ﴾ ناشمەوێ خواردنم بدەنێ ﴿٥٧﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ﴾ بەڕاستی تەنها خوا خۆی ڕۆزی دەرە ﴿ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ﴾ کە خاوەن دەسەلاتی زۆر بەهێزە ﴿٥٨﴾ ﴿فَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذَنُوبٗا﴾ ئەمجا بێگومان بۆ ئەوانەی ستەمیان کردووە، سزای زۆرمان بۆ ئامادەکردوون ﴿مِّثۡلَ ذَنُوبِ أَصۡحَٰبِهِمۡ﴾ هەروەك چۆن بۆ هاوەڵ وهاوبیرەکانیان ئامادەمانکردووە ﴿فَلَا يَسۡتَعۡجِلُونِ﴾ دەی با ئیتر پەلە نەکەن (لە داواکردنی سزا) ﴿٥٩﴾ ﴿فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ سا هاوار بۆ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿مِن يَوۡمِهِمُ ٱلَّذِي يُوعَدُونَ﴾ لەو ڕۆژەی کە هەڕەشەیان پێ لێکراوە ﴿٦٠﴾

سورەتی ﴿ الطُّورِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلطُّورِ﴾ سوێند بە کێوی طوور (بەو کێوەی موسا لەسەری قسەی لەگەڵ خوای گەورە کرد) ﴿١﴾ ﴿وَكِتَٰبٖ مَّسۡطُورٖ﴾ وە بەکتێبی نووسراو (مەبەست پێی قورئانە) ﴿٢﴾ ﴿فِي رَقّٖ مَّنشُورٖ﴾ لەچەند پەڕەیەکی بڵاوکراوە (قورئان نووسراوەتەوە لەچەند پەڕەیەکدا) ﴿٣﴾ ﴿وَٱلۡبَيۡتِ ٱلۡمَعۡمُورِ﴾ وە سوێند بەو خانەی ئاوەدانە (بیت المعمور: جێگایەکە لە ئاسمان، فریشتەکان هەمیشە بەدەوریدا دێن ودەچن، بەوانەوە ئاوەدانە) ﴿٤﴾ ﴿وَٱلسَّقۡفِ ٱلۡمَرۡفُوعِ﴾ وە سوێند بەبانی بڵندکراو (ئاسمانی دونیا) ﴿٥﴾ ﴿وَٱلۡبَحۡرِ ٱلۡمَسۡجُورِ﴾ وە سوێند بەدەریای پڕ کراو (لە ئاویان ئاگری داگیرساو) ﴿٦﴾ ﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٞ﴾ بێگومان سزای پەروەردگارت(بۆ بێ بڕوایان) دەبێ ﴿٧﴾ ﴿مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٖ﴾ هیچ بەرگری کەری نیە ﴿٨﴾ ﴿يَوۡمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ مَوۡرٗا﴾ ڕۆژێك کەئاسمان زۆر توند دەکەوێتە جوڵە و هاتوچۆ ﴿٩﴾ ﴿وَتَسِيرُ ٱلۡجِبَالُ سَيۡرٗا﴾ وە چیاکان (لەجێی خۆیان) دەجوڵێن و توند دەڕۆن ﴿١٠﴾ ﴿فَوَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾ کەوانە لەو ڕۆژەدا هاوار بۆ بێ باوەڕان ﴿١١﴾ ﴿ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي خَوۡضٖ يَلۡعَبُونَ﴾ ئەوانەی کە لەکاری ناڕەوادا ڕۆدەچن و هەمیشە گاڵتە وگەپ دەکەن ﴿١٢﴾ ﴿يَوۡمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعّٗا﴾ ڕۆژێ پاڵیان پێوە دەنرێ بەرەو ئاگری دۆزەخ چۆن پاڵ پێوەنانێك ﴿١٣﴾ ﴿هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ (پێیان دەووترێت) ئەمە ئەو ئاگرەیە کەئێوە بە درۆتان دەزانی ﴿١٤﴾

﴿أَفَسِحْرٌ هَٰذَآ﴾ ئایا ئەم ئاگرە جادووە ﴿أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ﴾ یان ئێوە نابینن ﴿١٥﴾ ﴿ٱصْلَوْهَا﴾ بچنە ناویەوە ﴿فَٱصْبِرُوٓا۟ أَوْ لَا تَصْبِرُوا۟﴾ ئەمجا ئارام بگرن یا نەیگرن ﴿سَوَآءٌ عَلَيْكُمْ﴾ یەکسانە بۆتان ﴿إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بێگومان هەر تۆڵەی ئەو کردەوانەی دەتانکرد لێتان دەسەنرێتەوە ﴿١٦﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَنَعِيمٍ﴾ بە ڕاستی پارێزکاران ولەخواترسان لە ناو باخات و نیعمەتەکانی بەهەشتدان ﴿١٧﴾ ﴿فَٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ﴾ چێژ ئەبەن لەو شتانەی پەروەردگاریان پێی بەخشیوون ﴿وَوَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ﴾ وە پەروەردگاریان پاراستوونی لەسزای دۆزەخ ﴿١٨﴾ ﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟﴾ (پێیان دەووترێت) بخۆن و بخۆنەوە ﴿هَنِيٓـًٔۢا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ نۆشی گیانتان بێت بەهۆی ئەوچاکانەی لەدونیادا دەتانکرد ﴿١٩﴾ ﴿مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ﴾ پاڵیان داوەتەوە لەسەر کورسی و قەنەفەی ڕیز کراو ﴿وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾ وە حۆریانی چاو گەش و چاو گەورەمان کردە هاوسەریان ﴿٢٠﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ وە ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَٱتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ﴾ وە نەوەکانیشیان دوایان کەوتوون بەئیمانەوە ﴿أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ﴾ نەوەکانیان دەگەیەنین پێیان (لەپلەی بەهەشتدا) ﴿وَمَآ أَلَتْنَٰهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَىْءٍ﴾ وە هیچ لە کردەوەی (باوکە) کانیان کەم ناکەینەوە ﴿كُلُّ ٱمْرِئٍۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ﴾ هەرکەسە بارمتەی کردەوەکانی خۆیەتی ﴿٢١﴾ ﴿وَأَمْدَدْنَٰهُم بِفَٰكِهَةٍ وَلَحْمٍ﴾ وە بەردەوام هەموو جۆرە میوە و گۆشتێکیان پێ دەدەن ﴿مِّمَّا يَشْتَهُونَ﴾ لەوەی ئارەزووی دەکەن ﴿٢٢﴾ ﴿يَتَنَٰزَعُونَ فِيهَا كَأْسًا﴾ لەو (بەهەشتە)دا پەرداخی شەراب لە یەکتری وەردەگرن ﴿لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ﴾ نە قسەی بڕوپووچی تێدایە و نە گوناە کردن ﴿٢٣﴾ ﴿وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَّهُمْ﴾ دەگەڕێن بەسەریاندا کوڕانی نەوجەوانی ئێسك سووکی خۆیان وخزمەتیان دەکەن ﴿كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ﴾ وەك مرواری ناو سەدەفن (لە جوانی وپاکی دا) ﴿٢٤﴾ ﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ بەهەشتییەکان ڕوو دەکەنە یەکتری و ﴿يَتَسَآءَلُونَ﴾ پرسیار لە یەکتری دەکەن ﴿٢٥﴾ ﴿قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِىٓ أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ﴾ ئەڵێن: بەڕاستی ئێمە پێشتر لەناو کەس وکارماندا دەترساین (لەسزای دۆزەخ) ﴿٢٦﴾ ﴿فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا﴾ ئەوەتە خوا منەتی نابەسەرماندا ﴿وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ﴾ وە لەسزای دۆزەخ پاراستینی ﴿٢٧﴾ ﴿إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلُ نَدْعُوهُ﴾ بەڕاستی ئێمە لەمەو پێش خوامان دەپەرست و هاوارمان لێ دەکرد ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْبَرُّ ٱلرَّحِيمُ﴾ بەڕاستی ئەو چاکەکارێکی میهرەبانە ﴿٢٨﴾ ﴿فَذَكِّرْ﴾ جا (ئەی موحەممەد ﷺ) یادیان خەرەوە ﴿فَمَآ أَنتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ﴾ چونکە تۆ بەهۆی نیعمەتەکانی پەروەردگارتەوە نەفاڵچیت ونەشێتیت ﴿٢٩﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ﴾ نەء بەڵکو دەڵێن (موحەممەد ﷺ) شاعیرە ﴿نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيْبَ ٱلْمَنُونِ﴾ چاوەڕوانی مردنی دەکەین ﴿٣٠﴾ ﴿قُلْ تَرَبَّصُوا۟﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: چاوەڕوان بن ﴿فَإِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُتَرَبِّصِينَ﴾ بێگومان منیش لەگەڵتاندا لەچاوەڕوانانم ﴿٣١﴾

﴿أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلَٰمُهُم بِهَٰذَآ﴾ ئاخۆ فام و ژیرییان فەرمانیان پێ ئەدا بەم قسانە ﴿أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ﴾ (نەخێر) بەڵکو ئەمانە گەلێکی سەرکەش و یاخین ﴿٣٢﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥ﴾ یا دەڵێن قورئان (موحەممەد ﷺ) خۆی هەڵیبەستووە؟ ﴿بَل لَّا يُؤْمِنُونَ﴾ (نەخێر وانییە) بەڵکو بڕوا ناهێنن ﴿٣٣﴾ ﴿فَلْيَأْتُوا۟ بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِۦٓ﴾ دەی با ئەوان(یێ باوەڕەکان) نموونەیەکی وەک قورئان بهێنن ﴿إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست ئەکەن، (کە هەڵبەستراوی مرۆڤە) ﴿٣٤﴾ ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ﴾ ئایا ئەوان (یێ خالقێك) لە خۆیانەوە دروست بوون ﴿أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ﴾ یان خۆیان (خالق) ودروستکەری خۆیانن؟﴿٣٥﴾ ﴿أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان و زەویان دروست کردووە ﴿بَل لَّا يُوقِنُونَ﴾ (نەخێر وا نیە) بەڵکو دڵنیانین و گومانمان هەیە ﴿٣٦﴾ ﴿أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَبِّكَ﴾ ئەی ئایا گەنجینەکانی پەروەردگاری تۆ لای ئەوانە؟ ﴿أَمْ هُمُ ٱلْمُصَيْطِرُونَ﴾ یان ئایا هەر ئەوان دەسەڵاتدار و زاڵن ﴿٣٧﴾ ﴿أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ﴾ یان پەیژەیەکیان هەیە (پێیدا سەربکەون بۆ ئاسمان و) گوێ بگرن تێیدا (لە هەواڵی ئاسمان)؟ ﴿فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُم بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾ جا (ئەگەر ڕاست ئەکەن) با گوێ گرەکەیان بەڵگەیەکی ڕوون بێنێت ﴿٣٨﴾ ﴿أَمْ لَهُ ٱلْبَنَٰتُ وَلَكُمُ ٱلْبَنُونَ﴾ یان ئایا کچان بۆ خوایەو کوڕان بۆ ئێوەیە؟ ﴿٣٩﴾ ﴿أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ أَجْرًا﴾ یان ئایا تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) داوای کرێ وپاداشتیانیان لێ دەکەیت؟ ﴿فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ﴾ ئەوانیش لەبەر بژاردنی باریان گرانە؟ ﴿٤٠﴾ ﴿أَمْ عِندَهُمُ ٱلْغَيْبُ﴾ یا ئایا زانیاری غەیبیان لایە؟ ﴿فَهُمْ يَكْتُبُونَ﴾ کە (لەبەری) بنووسنەوە ﴿٤١﴾ ﴿أَمْ يُرِيدُونَ كَيْدًا﴾ ئەی ئایا ئەیانەوێ فێڵ بکەن؟ ﴿فَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هُمُ ٱلْمَكِيدُونَ﴾ دەی هەرێ باوەڕان فێڵ لێ کراوون ﴿٤٢﴾ ﴿أَمْ لَهُمْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ﴾ ئەی ئایا پەرستراوێکیان هەیە بێجگە لە خوا؟ ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ خوا پاکە لە هەموو هاوبەشێك کە بۆی بڕیار دەدەن ﴿٤٣﴾ ﴿وَإِن يَرَوْا۟ كِسْفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطًا﴾ وە ئەگەر پارچەیەك لە ئاسمان ببینن بکەوێتە خوارەوە ﴿يَقُولُوا۟ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ﴾ ئەڵێن: (ئەمە) هەورێکی بەسەریەکداکەوتووە(بارانمان بۆ دەبارێنێ) ﴿٤٤﴾ ﴿فَذَرْهُمْ حَتَّىٰ يُلَٰقُوا۟﴾ دەی لێیان گەڕێ تاتووشی ﴿يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى فِيهِ يُصْعَقُونَ﴾ ڕۆژی خۆیان دەبن کە تیایدا لەناو دەچن ﴿٤٥﴾ ﴿يَوْمَ لَا يُغْنِى عَنْهُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔا﴾ ڕۆژێ کە فێڵەکانیان هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ ﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ وە هیچ سەرکەوتوو وسەرفراز نابن ﴿٤٦﴾ ﴿وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟﴾ بەڕاستی ئەوانەی ستەمیان کردووە (لە خۆیان و بێ بڕوا بوون) بۆیان هەیە. ﴿عَذَابًا دُونَ ذَٰلِكَ﴾ سزایەك پێش سزای ڕۆژی دوایی ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نایزانن ﴿٤٧﴾ ﴿وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ﴾ چاوەڕوانی بڕیاری پەروەردگارت بە ﴿فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا﴾ چونکە بێگومان تۆ لەپێش چاو و چاودێری ئێمەدایت (لەم ئایەتەدا جێگیرکردن وباسکردنی سیفەتی چاو بۆ خودا هاتووە ئێمە بڕوامان پێیەتی بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك، وەشێوەکەی نازانین تەنها خودا دەیزانێت) ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ﴾ هەرکاتێ (لەخەو) هەستایت تەسبیحات بکە بە ستایشی پەروەردگارت ﴿٤٨﴾ ﴿وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْهُ﴾ وە بەبەرستە و ستایشی بکە لە بەشێك لەشەودا ﴿وَإِدْبَٰرَ ٱلنُّجُومِ﴾ وە کاتێك ئەستێرەکان وون دەبن (وپشت هەڵدەکەن) ﴿٤٩﴾

سورەتی ﴿ النجم ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ﴾ سوێند بە ئەستێرە کاتێ ئاوا دەبێ ① ﴿مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ﴾ هاوڕێکەتان (موحەممەد ﷺ) گومڕا نەبووە ﴿وَمَا غَوَىٰ﴾ وە لە ڕاستی لای نەداوە ② ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ﴾ وە لە هەوا و هەوەسەوە قسە ناکات (کە قورئان دەخوێنێت) ③ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ﴾ هەرچی دەیڵێ (قورئانەو) نیگا دەکرێت بۆی ④ ﴿عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَىٰ﴾ (جوبرەئیلی) زۆر بەتوانا فێری کردووە ⑤ ﴿ذُو مِرَّةٍ﴾ خاوەنی بیرو هۆشی بەهێزە ﴿فَاسْتَوَىٰ﴾ جا لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی ڕاوەستاوە ⑥ ﴿وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَىٰ﴾ کە بە ئاسۆی هەرە بەرزی ئاسمانەوە بوو ⑦ ﴿ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ﴾ پاشان نزیک بوویەوە (لە موحەممەد ﷺ) و ئەمجا هاتە خوارەوە ⑧ ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ﴾ تا بە ئەندازەی دوو کەوان یان کەمتر (ی ماوە بوو لە گەڵ موحەممەددا ﷺ) ⑨ ﴿فَأَوْحَىٰ إِلَىٰ عَبْدِهِ مَا أَوْحَىٰ﴾ ئەمجا (خوا) نیگای کرد بۆ بەندەی خۆی، ئای چ نیگایەك بوو ⑩ ﴿مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَىٰ﴾ ئەوەی (موحەممەد ﷺ) بەچاوی سەر بینی دڵی (بڕوای پێ کرد و) بە درۆی نەزانی ⑪ ﴿أَفَتُمَارُونَهُ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ﴾ جا ئایا (بێ باوەڕان) ئێوە دەمەقاڵێ ی لە گەڵ دەکەن دەربارەی ئەوەی کە بە چاوی خۆی دەی بینێ ⑫ ﴿وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ﴾ سوێند بەخوا بێگومان جارێکی تر جوبرەئیلی بینیوە ⑬ ﴿عِندَ سِدْرَةِ الْمُنتَهَىٰ﴾ لای درەختی (سیدرەتولمونتەها) ⑭ ﴿عِندَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَىٰ﴾ کە لای ئەوەوەیە بەهەشتی نیشتەجێ بوون ⑮ ﴿إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ﴾ ئەو کاتەی (پێغەمبەر ﷺ) ئەو شتە گرنگ وسەر سوڕهێنەرەی بینی کە سیدرەی داپۆشی چۆن داپۆشینێك ⑯ ﴿مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ﴾ چاوی ئەو (موحەممەد ﷺ) بەملاولادا نەیدەڕوانی (لە مەبەست تێ نەدەپەڕی) ⑰ ﴿لَقَدْ رَأَىٰ﴾ سوێند بەخوا بێگومان بینی ﴿مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَىٰ﴾ گەورەترین بەڵگە ونیشانەی پەروەردگاری ⑱ ﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّىٰ﴾ دەی پێم بڵێن ئایا لات و عوززا (کە دووبتن) ⑲ ﴿وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَىٰ﴾ وە بتی سێیەم کە مەناتە (ئایا هیچیان پێ دەکرێ) ⑳ ﴿أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَىٰ﴾ ئایا ڕاستە ئێوە کوڕان بۆ خۆتان و کچان بۆ خودا بەڕەوا و چاك دەزانن؟ ㉑ ﴿تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰ﴾ ئەگەر وایێ دابەشکردنێکی نادروست دەبێ ㉒ ﴿إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم﴾ ئەم بتانە هەر ناوانێکی ڕوتن کە ئێوە و باو و باپیرانتان لێیان ناون (بەبێ ناوەڕۆك) ﴿مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾ خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر پەرستراوی ئەوان نەناردووەتە خوارەوە ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ﴾ تەنها شوێنی گومان و ئەو شتە دەکەون کە نەفسی خۆیان حەزی لێ یەتی. ﴿وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَىٰ﴾ لە کاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەتیان بۆ هاتووە ㉓ ﴿أَمْ لِلْإِنسَانِ مَا تَمَنَّىٰ﴾ ئایا مرۆڤ ئارەزووی هەرچی کرد بۆی دێتە دی (نەخێر) ㉔ ﴿فَلِلَّهِ الْآخِرَةُ وَالْأُولَىٰ﴾ چونکە هەر خوایە خاوەنی دونیا و دواڕۆژە ㉕ ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ﴾ وە چەندەها فریشتە کە لە ئاسمانەکاندا هەن ﴿لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا﴾ تکا و شەفاعەتیان هیچ سوودی نی یە ﴿إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ﴾ مەگەر دوای ئەوەی کە خوا مۆڵەت بدات ﴿لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَىٰ﴾ بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێ و ڕازی بێت پێی ㉖

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕ بە ڕۆژی دوایی ناهێنن ﴿لَيُسَمُّونَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ تَسْمِيَةَ ٱلْأُنثَىٰ﴾ فریشتەکان بە کچی (خوا) ناو دەبەن ﴿٢٧﴾ ﴿وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ﴾ لە کاتێکدا هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نیە ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ﴾ تەنها دوای گومان دەکەون ﴿وَإِنَّ ٱلظَّنَّ﴾ وە بەڕاستی گومان ﴿لَا يُغْنِى مِنَ ٱلْحَقِّ شَيْـًٔا﴾ هیچ سوودێکی نی یە لەزانینی هەق و ڕاستی دا ﴿٢٨﴾ ﴿فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكْرِنَا﴾ دەی کەواتە تۆش وازبهێنە لەو کەسە پشت دەکاتە قورئان و یادی ئێمە ﴿وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا﴾ وە بێجگە ژیانی دونیا هیچی تری ناوێ ﴿٢٩﴾ ﴿ذَٰلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ﴾ ئەمە ئەوپەڕی زانیاری و تێگەیشتنیانە لەزانیاریدا ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت چاك دەزانێ بەوەی لە ڕێبازەکەی گومڕا بووە ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱهْتَدَىٰ﴾ وە چاك دەزانێ بەوەی کە ڕێنوویین بووە ﴿٣٠﴾ ﴿وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە خوا خاوەنێتی هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە ﴿لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ أَسَـٰٓـُٔوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟﴾ تا سزای ئەوانە بدات کە خراپەیان کردووە بە پێی کردەوەکانیان ﴿وَيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ بِٱلْحُسْنَى﴾ وە پاداشتی ئەوانە بداتەوە کەچاکەیان کردووە بەچاکەتر (لەوەی کردویانە) ﴿٣١﴾ ﴿ٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَـٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ﴾ ئەوانەی کە لەگوناهی گەورەو کردەوەی دزێو خۆیان دەپارێزن ﴿إِلَّا ٱللَّمَمَ﴾ جگە تاوانی بچووك نەبێت ﴿إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلْمَغْفِرَةِ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت لێبوردنی فراوانە ﴿هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ﴾ ئەو لەهەموو کەس بەحاڵی ئێوە زاناترە لەکاتێکدا کە لەزەوی دروستی کردون ﴿وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِى بُطُونِ أُمَّهَـٰتِكُمْ﴾ وە کاتێك کە ئێوە کۆرپەلەن ولەسکی دایکتاندان ﴿فَلَا تُزَكُّوٓا۟ أَنفُسَكُمْ﴾ کەواتە خۆتان بەچاك و پاك دامەنێن ﴿هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ﴾ خوا زاناترە بەو کەسەی زیاتر لە خواترسە ﴿٣٢﴾ ﴿أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى تَوَلَّىٰ﴾ جا ئایا دیت ئەو کەسەی کە پشتی هەلکرد (لەباوەڕ) ﴿٣٣﴾ ﴿وَأَعْطَىٰ قَلِيلًا وَأَكْدَىٰٓ﴾ (لەوەی بڕیاری دابوو) کەمێکی بەخشی و ئەوەی تری گرتەوە ﴿٣٤﴾ ﴿أَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْغَيْبِ﴾ ئایا (ئەو کەسە) زانیاری پەنهانی لایەو ﴿فَهُوَ يَرَىٰٓ﴾ و بەچاو دەیبینێ ﴿٣٥﴾ ﴿أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِى صُحُفِ مُوسَىٰ﴾ یان ئایا ئاگادار نەکرابوو بەوەی کە لەپەڕاوەکانی موسادا بوو ﴿٣٦﴾ ﴿وَإِبْرَٰهِيمَ ٱلَّذِى وَفَّىٰٓ﴾ (وە بەوەی کە لەپەڕاوی ئیبراهیمدا بوو) ئەو ئیبراهیمەی کە پەیمانی خۆی بەچاکی بەجێ هێنا ﴿٣٧﴾ ﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ (لەو پەڕاوانەداهاتووە) کە هیچ تاوانبارێك گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێ ﴿٣٨﴾ ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَـٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ وەبێگومان ئادەمی جگە لەکۆششی خۆی خاوەنی هیچی تر نی یە (لەدوا ڕۆژدا) ﴿٣٩﴾ ﴿وَأَنَّ سَعْيَهُۥ سَوْفَ يُرَىٰ﴾ و بێگومان هەوڵ کۆششەکەی لە داهاتوو (لەقیامەت)دا دەبینرێتەوە ﴿٤٠﴾ ﴿ثُمَّ يُجْزَىٰهُ ٱلْجَزَآءَ ٱلْأَوْفَىٰ﴾ پاشان پاداشت دەدرێتەوە بەتێر و تەواوی ﴿٤١﴾ ﴿وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلْمُنتَهَىٰ﴾ وە بەڕاستی هەموو کارێك سەرەنجامەکەی هەر بۆ لای پەروەردگارت دەگەڕێتەوە ﴿٤٢﴾ ﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَىٰ﴾ وە بێگومان هەر ئەویش بەندەکان دەخاتە گریان و پێکەنین ﴿٤٣﴾ ﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا﴾ وە بێگومان هەر ئەوە دەیانمرێنێ و زیندووشیان دەکاتەوە ﴿٤٤﴾

﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰ﴾ وەبەڕاستی هەر ئەوە کە جوتێ نێر و مێی دروست کردووە ﴿٤٥﴾ ﴿مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَىٰ﴾ لەنوتفەیەك کاتێك دەڕژێنرێتە منداڵدانەوە ﴿٤٦﴾ ﴿وَأَنَّ عَلَيْهِ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْأُخْرَىٰ﴾ وە بەڕاستی هەر لەسەر خوایە دروست کردنەوەی لەڕۆژی دواییدا ﴿٤٧﴾ ﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ أَغْنَىٰ وَأَقْنَىٰ﴾ وە بێگومان هەر ئەویشە کەخەڵکی دەوڵەمەند و هەژار دەکات ﴿٤٨﴾ ﴿وَأَنَّهُۥ هُوَ رَبُّ ٱلشِّعْرَىٰ﴾ وە بەڕاستی هەر ئەوە پەروەردگاری ئەستێرەی شیعرا (شیعرا : ئەستێرەیەك بوو خەڵکانێك لەسەردەمی نەفامیدا دەیانپەرست) ﴿٤٩﴾ ﴿وَأَنَّهُۥٓ أَهْلَكَ عَادًا ٱلْأُولَىٰ﴾ وەبێگومان هەر ئەو خوایە گەلی عادی یەکەمی لەناو برد ﴿٥٠﴾ ﴿وَثَمُودَا فَمَآ أَبْقَىٰ﴾ گەلی سەموودیشی لەناوبرد و کەسی نەهێشتن ﴿٥١﴾ ﴿وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ﴾ وە گەلی نووحیشی (لەناو برد) لەپێش (عادو سەموود)دا ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ هُمْ أَظْلَمَ﴾ کەبەڕاستی ئەوان ستەم کارترو ﴿وَأَطْغَىٰ﴾ سەر کەش تربوون ﴿٥٢﴾ ﴿وَٱلْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَىٰ﴾ وەگوندە سەروژێر کراوەکانی (بەزەویدا) بردەخوارەوە (کەگوندەکانی گەلی لووط بوون) ﴿٥٣﴾ ﴿فَغَشَّىٰهَا مَا غَشَّىٰ﴾ ئەمجا ئەو گوندانەی داپۆشی (بەجۆرەها سزای سەخت) چۆن داپۆشینێك ﴿٥٤﴾ ﴿فَبِأَىِّ ءَالَآءِ رَبِّكَ﴾ لەکام نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارت ﴿تَتَمَارَىٰ﴾ دوو دڵییت ﴿٥٥﴾ ﴿هَٰذَا نَذِيرٌ مِّنَ ٱلنُّذُرِ ٱلْأُولَىٰٓ﴾ ئەم (پێغەمبەرە) ترسێنەرێکە لە (پێغەمبەرە) ترسێنەرەکانی پێشوو ﴿٥٦﴾ ﴿أَزِفَتِ ٱلْآزِفَةُ﴾ ڕۆژی دوایی زۆر نزیك بووەتەوە ﴿٥٧﴾ ﴿لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ﴾ جگە لەخوای گەورە کەس نی یە ئاشکرای بکات (وبزانێت کەی دێت) ﴿٥٨﴾ ﴿أَفَمِنْ هَٰذَا ٱلْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ﴾ جا ئایا لەم قورئانە سەرتان سوڕ دەمێنێت؟! ﴿٥٩﴾ ﴿وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ﴾ وە پێدەکەنن و ناگرین! ﴿٦٠﴾ ﴿وَأَنتُمْ سَٰمِدُونَ﴾ وەئێوە سەر گەرم و بێ ئاگان ﴿٦١﴾ ﴿فَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ وَٱعْبُدُوا۟﴾ دەی سوژدە بەرن بۆ خوا و پەرستشی بکەن ﴿٦٢﴾

سورەتی ﴿ القمر ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ﴾ ڕۆژی دوایی نزیك بوویەوە ﴿وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ﴾ وە مانگ لەت بوو ﴿١﴾ ﴿وَإِن يَرَوْا۟ ءَايَةً﴾ وە ئەگەر بێ بڕوایان موعجیزەیەك ببینن ﴿يُعْرِضُوا۟﴾ پشت هەڵدەکەن ﴿وَيَقُولُوا۟ سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ﴾ وە دەڵێن ئەمە جادوویەکی بەردەوامە (و موحەممەد لێیان دەکات) ﴿٢﴾ ﴿وَكَذَّبُوا۟ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ﴾ وەئەو (بت پەرستانە) باوەڕیان نەهێناو شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتن ﴿وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ﴾ لەکاتێکدا هەموو کارێك سەرەنجامێکی هەیە ﴿٣﴾ ﴿وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّنَ ٱلْأَنۢبَآءِ﴾ بێگومان هەواڵی زۆر (لەناوبردنی یاخیبانیان) پێ گەیشتووە (لەقورئاندا) ﴿مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ﴾ کە بیانگێڕێتەوە (لە بت پەرستی) ﴿٤﴾ ﴿حِكْمَةٌۢ بَٰلِغَةٌ﴾ (قورئان) هەمووی حیکمەتێکی تەواوە ﴿فَمَا تُغْنِ ٱلنُّذُرُ﴾ بەڵام ترساندنی ترسێنەران (بۆ گەلی بێ بڕوا) سوودی نی یە ﴿٥﴾ ﴿فَتَوَلَّ عَنْهُمْ﴾ ئەمجا تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ڕوویان لێ وەرچەرخێنە ﴿يَوْمَ يَدْعُ ٱلدَّاعِ﴾ (چاوەڕوانی) ئەو ڕۆژە بکە کە جارِ دەرێك بانگی خەڵکی دەکات ﴿إِلَىٰ شَىْءٍ نُّكُرٍ﴾ بۆ شتێکی زۆر ناخۆش (کەڕۆژی حەشرە) ﴿٦﴾

﴿خُشَّعًا أَبْصَٰرُهُمْ﴾ (بێ باوەڕان) بەکزوچاو شۆڕی یەوە ﴿يَخْرُجُونَ مِنَ ٱلْأَجْدَاثِ﴾ لە گۆڕەکانیان دێنەدەرەوە ﴿كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ﴾ وەک کوللەی پەرش و بڵاون ۞ ﴿مُّهْطِعِينَ إِلَى ٱلدَّاعِ﴾ خێرا دوای جارِ دەرەکە دەکەون ﴿يَقُولُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ بێ باوەڕان دەڵێن ﴿هَٰذَا يَوْمٌ عَسِرٌ﴾ ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر دژوار و سەختە ۞ ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا۟ عَبْدَنَا﴾ پێش ئەمان گەلی نووح بێ باوەڕبوون، جابەندەی ئێمە (نووح)یان بەدرۆزن دانا ﴿وَقَالُوا۟ مَجْنُونٌ﴾ وە ووتیان (نووح) شێتە ﴿وَٱزْدُجِرَ﴾ وە هەڕەشەیان لێکرد و ڕێگری کرا لەبانگەوازەکەی ۞ ﴿فَدَعَا رَبَّهُۥٓ﴾ جا (نووح) هاواری کردە پەروەردگاری و ﴿أَنِّى مَغْلُوبٌ﴾ (ووتی) بەڕاستی من شکستم خواردووە(بێ دەسەڵاتم) ﴿فَٱنتَصِرْ﴾ دەی تۆ یارمەتیم بدە ۞ ﴿فَفَتَحْنَآ أَبْوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ﴾ ئێمەش هەموو دەرگای ئاسمانمان کردەوە ﴿بِمَآءٍ مُّنْهَمِرٍ﴾ بەئاوی بارانی بەلێزمە ۞ ﴿وَفَجَّرْنَا ٱلْأَرْضَ عُيُونًا﴾ وە کانیاوی زۆرمان لەزەویدا هەڵقوڵاند ﴿فَٱلْتَقَى ٱلْمَآءُ عَلَىٰٓ أَمْرٍ﴾ جائاوی ئاسمان و زەوی بەیەک گەشتن بەو ئەندازەی ﴿قَدْ قُدِرَ﴾ کە بڕیاری لەسەر درابوو ۞ ﴿وَحَمَلْنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَٰحٍ﴾ وە نووحمان (لەگەڵ شوێن کەوتووانی) هەڵگرت لەسەر کەشتییەک کە بەچەند پارچە تەختەو ﴿وَدُسُرٍ﴾ بزمار (دروست کرابوو) ۞ ﴿تَجْرِى بِأَعْيُنِنَا﴾ لە پێش چاوو چاودێری ئێمە دەڕۆیشت (نەمان هێشت نوقم ببێت) (لەم ئایەتەدا جێگیر کردنی صیفەتی [عین = چاو] بۆ خوای گەورە هاتووە، بەڵام بەشێوەیەک کە شایستەی گەورەیی و تەواوی زاتی خوا بێت، بەبێ هیچ لێچواندن و لێکدانەوەیەک، وە بڕوامان پێیەتی و چۆنیەتیەکەی نازانین، تەنها خوا دەیزانێت) ﴿جَزَآءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ﴾ ئەمە پاداشتە بۆ ئەو کەسەی باوەڕی پێ نەکرا (کە نووحە) ۞ ﴿وَلَقَد تَّرَكْنَٰهَآ ءَايَةً﴾ بێگومان ئەو ڕووداوەمان هێشتەوە تابێتە پەندێک. ﴿فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ جا ئایا کەسێک هەیە پەند وەرگرێ؟ ۞ ﴿فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ﴾ دەی ئایا سزاو ترساندنم چۆن بوو؟ ۞ ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن ﴿فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ جا ئایا کەسێک هەیە پەندی لێ وەربگرێت؟ ۞ ﴿كَذَّبَتْ عَادٌ﴾ گەلی عادیش پێغەمبەرەکەیان بەدرۆ زانی ﴿فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ﴾ جائایا سزاو ترساندنم چۆن بوو؟ ۞ ﴿إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا﴾ بێگومان ئێمە بایەکی تووندی ساردمان نارد سەریان ﴿فِى يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ﴾ لەڕۆژێکی شوومی سەختدا بەردەوامی ۞ ﴿تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ﴾ خەڵکی (لەزەوی) هەڵئەگرت وەک بنە دارخورمای لەبێخ هەڵکەندراوی (لێکردن) ۞ ﴿فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ﴾ جا ئایا سزاو هەڕەشەی ئێمە چۆن بوو (لەبێ باوەڕان)؟ ۞ ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ﴾ بەڕاستی قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن ﴿فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ جا ئایا کەسێک هەیە پەندی لێ وەربگرێت؟ ۞ ﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِٱلنُّذُرِ﴾ گەلی سەمود باوەڕیان بە پێغەمبەرەکەیان نەهێنا (کە صالح پێغەمبەریان بوو علیه السلام) ۞ ﴿فَقَالُوٓا۟ أَبَشَرًا مِّنَّا وَٰحِدًا نَّتَّبِعُهُۥٓ﴾ جاووتیان: چۆن ئێمە دوای تاکە کەسێک بکەوین لەخۆمان ﴿إِنَّآ إِذًا لَّفِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ﴾ ئەگەر دوای تۆ بکەوین ئەوسا ئێمە لەگومڕایی و شکست داین ۞ ﴿ءَأُلْقِىَ ٱلذِّكْرُ عَلَيْهِ مِنۢ بَيْنِنَا﴾ ئایا لەناو هەموواندا تێگا هەر بۆ ئەو کراوە بەتەنیا؟ ﴿بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ﴾ (نەخێر) بەڵکو ئەو (صالح) پیاوێکی زۆر درۆزنی خود پەسەند و لوت بەرزە ۞ ﴿سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ ٱلْكَذَّابُ ٱلْأَشِرُ﴾ سبەی دەزانن کە کێ زۆر درۆزنی خود پەسەندە ۞ ﴿إِنَّا مُرْسِلُوا۟ ٱلنَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ﴾ ئێمە حوشترەکە دەنێرین بۆ تاقی کردنەوەیان ﴿فَٱرْتَقِبْهُمْ وَٱصْطَبِرْ﴾ جا (ئەی صالح) چاوەڕوانی سەر ئەنجامیان بکە و دان بەخۆدا بگرە ۞

﴿وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ﴾ وە هەوالیان پێ بدە کەئاوەکە لەنێوانی (حوشترەکەو ئەو)اندا بەش کراوە ﴿كُلُّ شِرْبٍ مُحْتَضَرٌ﴾ هەربەکەیان لە نۆرەئاوی خۆیدا حازربێ ﴿٢٨﴾ ﴿فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ﴾ (گەلەکەی لەم کارە بێزار بوون) جا بانگی هاوڕێ (خراپەکەیان کرد (قوداری کوڕی سالیف) ﴿فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ﴾ ئەویش دەستی دایە شمشێر و (حوشترەکەی) سەر بڕی ﴿٢٩﴾ ﴿فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ﴾ جا تۆلەو ترساندنی من چۆن بۆ بۆیان؟ ﴿٣٠﴾ ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً﴾ بێگومان ئێمە دەنگێکی گەورەی ترسناکمان بۆ ناردن ﴿فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ﴾ هەموو (مردن وتەفروتونا بوون) بەوێنەی پووشی ژێر پێ ی ئاژەڵ ﴿٣١﴾ ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن ﴿فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ جا ئایا کەسێك هەیە پەندی لێ وەربگرێت؟ ﴿٣٢﴾ ﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ﴾ گەلی لووط باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەرەکەیان ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا﴾ بە ڕاستی ئێمەش ناردمانە سەریان بایەکی بەهێز بەوردە زیخەوە (ولەناوی بردن) ﴿إِلَّا آلَ لُوطٍ﴾ جگە لە کەس و کاری لووط نەبێت ﴿نَجَّيْنَاهُم بِسَحَرٍ﴾ کە لە بەرەبەیانداا ڕزگارمان کردن ﴿٣٤﴾ ﴿نِّعْمَةً مِّنْ عِندِنَا﴾ بە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆمان ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِي مَن شَكَرَ﴾ هەربەو شێوەپاداشتی سوپاسگوزاران دەدەینەوە ﴿٣٥﴾ ﴿وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا﴾ بەڕاستی (لووط) گەلەکەی ترساند لەتۆلەی سەختی ئێمە ﴿فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ﴾ بەڵام ئەوان گومانیان هەبوو لەو ترساندنە وبڕوایان پێی نەبوو ﴿٣٦﴾ ﴿وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان (گەلی لووط) داوای میوانەکانیان لێکرد ﴿فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ﴾ جا ئێمەش چاویانمان کوێر کرد ﴿فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ﴾ دە بچەژن سزا و سەرەنجامی هەڕەشەکانم ﴿٣٧﴾ ﴿وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ﴾ سوێند بەخوا بێگومان هێرشی بردە سەریان لەبەرەبەیانداا سزایەکی بەردەوام ﴿٣٨﴾ ﴿فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ﴾ دەی بچەژن سزا و سەرەنجامی هەڕەشەکانم ﴿٣٩﴾ ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ﴾ سوێندبەخوا بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئاسان کردووەبۆ خوێندنەوە وئامۆژگاری ﴿فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ جاتایا کەسێك هەیە پەندی لێ وەربگرێت؟ ﴿٤٠﴾ ﴿وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ﴾ بێگومان ترسێنەران (موسا و هاروون) هاتن بۆ سەر فیرعەون و دەست وپێوەندەکەی ﴿٤١﴾ ﴿كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كُلِّهَا﴾ باوەڕیان بە هەر هەموو نیشانەکانی ئێمە نەکردو بەدرۆیان زانی ﴿فَأَخَذْنَاهُمْ أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ﴾ جاتیمەشتۆلەمان لێ سەندن بەتۆلەسەندنی کەسێکی زاڵی بەتوانا ﴿٤٢﴾ ﴿أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُولَٰئِكُمْ﴾ ئایا کافرەکانی ئێوە (ئەی خەڵکی مەککە) باشترن لەم گەلانەی (کەباسکران) ﴿أَمْ لَكُم بَرَاءَةٌ فِي الزُّبُرِ﴾ یان ئێوە (ئەمانامەتان) هەیە لە کتێبە ئاسمانی یەکاندا (ودڵنیان کەسزانادرێن) ﴿٤٣﴾ ﴿أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ﴾ یان دەڵێن ئێمە کۆمەڵێکی سەرکەوتووین و ئابەزین ﴿٤٤﴾ ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ﴾ بێگومان کۆمەڵەکەیان دەشکێنرێ و هەڵدێن ﴿٤٥﴾ ﴿بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ﴾ بەڵکو بەڵێنیان ڕۆژی دوایی یە ﴿وَالسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ﴾ وە (سزای) ئەو ڕۆژە زۆر سەخت تر و تاڵ تر ە ﴿٤٦﴾ ﴿إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ﴾ بەڕاستی تاوانبارەکان لەگومڕایی و شێتی دان ﴿٤٧﴾ ﴿يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ﴾ ئەو ڕۆژەی کە لە ئاگری دۆزەخدا بەسەر ڕوخساریاندا ڕادەکێشرێن ﴿ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ﴾ (پێیان دەڵێن) بچەژن ئازاری دۆزەخ ﴿٤٨﴾ ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازە دروست کردووە ﴿٤٩﴾

﴿وَمَآ أَمۡرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٞ﴾ وە فەرمانی ئێمە تەنها یەك جارە ﴿كَلَمۡحِۭ بِٱلۡبَصَرِ﴾ وەك چاو تروكاندنێك (وایە لەخێراییدا) ﴿٥٠﴾ ﴿وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَآ أَشۡيَاعَكُمۡ﴾ سوێند بەخوا بێگومان زۆر لە كەسانی بێ باوەڕی وەك ئێوەمان لەناو بردووە ﴿فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ﴾ جاناياكەسێك هەیە پەندی لێ وەربگرێت؟ ﴿٥١﴾ ﴿وَكُلُّ شَيۡءٖ فَعَلُوهُ فِي ٱلزُّبُرِ﴾ وە هەر چیەكیان كردووە لە نامەی كردەوەكانیاندایە ﴿٥٢﴾ ﴿وَكُلُّ صَغِيرٖ وَكَبِيرٖ مُّسۡتَطَرٞ﴾ وە ووردودرشتی (كردەوەكانیان) هەموو نوسراوە ﴿٥٣﴾ ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَنَهَرٖ﴾ بێگومان پارێزكاران ولەخواترسان وان لە باخات و ڕووبارەكانی (بەهەشتدا) ﴿٥٤﴾ ﴿فِي مَقۡعَدِ صِدۡقٍ﴾ لە جێگایەكی خۆش و پەسەندان ﴿عِندَ مَلِيكٖ مُّقۡتَدِرِۭ﴾ لای پاشایەكی بەدەسەلاتی بە توانان ﴿٥٥﴾

سورەتی ﴿ الرَّحۡمَٰنُ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾ خوای بەخشندە (ئەو خوایەیە) ﴿١﴾ ﴿عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ﴾ كە قورئانی فێر(ی موحەممەد ﷺ وئادەمیزاد كرد، بەئاسانكردنی خوێندنەوە و لەبەركردن وتێگەیشتنی مانا و واتاكانی) ﴿٢﴾ ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ﴾ ئادەمی دروست كرد ﴿٣﴾ ﴿عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ﴾ وە فێری گفتوگۆی كرد ﴿٤﴾ ﴿ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ﴾ ڕۆژو مانگ بە حسابێكی زۆر وورد دێن و دەچن ﴿٥﴾ ﴿وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ﴾ ئەستێرە وگژوگیاو درەخت (بۆ خوا) سوژدە دەبەن ﴿٦﴾ ﴿وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ﴾ وە ئاسمانی بڵندو بەرزكردووەتەوە وە تەرازو(ی عەدالەتی) داناوە ﴿٧﴾ ﴿أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ﴾ (وە فەرمانی داوە) كە هەرگیز زیادەڕۆی لەتەرازودانە كەن ﴿٨﴾ ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ﴾ وە كێشانەتان ڕێك بكێشن ﴿وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ﴾ لە تەرازودا كەم و كوڕی مەكەن (سووك مەیكێشن) ﴿٩﴾ ﴿وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ﴾ وە زەوی بۆ خەڵكی ڕاخستووە ﴿١٠﴾ ﴿فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَٱلنَّخۡلُ ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ﴾ تێدایە میوەهات و دارخورمای خاوەن پۆرك ﴿١١﴾ ﴿وَٱلۡحَبُّ ذُو ٱلۡعَصۡفِ وَٱلرَّيۡحَانُ﴾ وە دانەوێڵەی خاوەن كاوپەل وپۆزدار وڕەیحانە ﴿١٢﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەكام لەنیعمەتەكانی پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ ﴿١٣﴾ ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ﴾ ئادەمیی دروست كرد ﴿مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ﴾ لەقوڕێكی ووشكەوە بووی وەك سوالەت ﴿١٤﴾ ﴿وَخَلَقَ ٱلۡجَآنَّ مِن مَّارِجٖ مِّن نَّارٖ﴾ وە جنۆكەی دروست كرد لە بڵێسەی ئاگرێكی بێ دووكەڵ ﴿١٥﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەكام لەنیعمەتەكانی پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ ﴿١٦﴾ ﴿رَبُّ ٱلۡمَشۡرِقَيۡنِ وَرَبُّ ٱلۡمَغۡرِبَيۡنِ﴾ (خوا) پەروەردگاری هەر دووڕۆژهەڵات و پەروەردگاری هەر دوو ڕۆژ ئاوایە ﴿١٧﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ دەی بەكام لە نیعمەتەكانی پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن ﴿١٨﴾

﴿مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ﴾ دوو دەریای بەرەڵا کردووە کەدەگەن بەیەک ﴿١٩﴾ ﴿بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ﴾ لەنێوانیاندا بەربەستێك هەیە تێکەڵی یەکتر نابن ﴿٢٠﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٢١﴾ ﴿يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ﴾ لەو دووەدەریایە مرواری و مەرجان دەردەچن (دروست دەبن) ﴿٢٢﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٢٣﴾ ﴿وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَـٰمِ﴾ وەبۆ خوایە ئەو کەشتی یە گەورە دروستکراوانەی کە وەك شاخن لەدەریادا دەگەڕێن ﴿٢٤﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا کام لەنیعمەتەکانی پەروەردگارتان بەدرۆ دەزانن؟ ﴿٢٥﴾ ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ﴾ هەرچی دروستکراو لەسەر زەویدا هەیە نامێنێ و تیادەچێ ﴿٢٦﴾ ﴿وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ﴾ وە هەر ڕووی پیرۆزی پەروەردگارت دەمێنێت (لەم ئایەتەدا جێگیر کردنی سیفەتی [وجه=ڕوو]بۆ خوای گەورەهاتووە، بەڵام بەشێوەیەك کە شایستەی گەورەیی وتەواوی زاتی خوابێت، بەبێ هیچ لێچواندن و لێکدانەوەیەك، وەبڕوامان پێیەتی و چۆنیەتیەکەی نازانین، تەنها خوا دەیزانێت). ﴿ذُو ٱلْجَلَـٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ﴾ کەخاوەن شکۆی ڕێزدارە ﴿٢٧﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا کام لەنیعمەتەکانێ پەروەردگارتان بەدرۆ دەزانن؟ ﴿٢٨﴾ ﴿يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئەوەی لەئاسمانەکان و زەوی دایە (هەموو) داوای (پێویستیان) لەخوا دەکەن ﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ﴾ هەموو ڕۆژێ خوا لە (بەئەنجام گەیاندنی) کارێکی (گشتی بوونەوەر) دایە (یەك دەمرێنێت، یەك لەدایك دەبێت، یەکێك سەردەخات ویەکێکی تر دەشکێنێت ....هتد..) ﴿٢٩﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٣٠﴾ ﴿سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ﴾ لەمەولا موحاسەبەتان دەکەین ئەی گرۆی ئادەمی و جنۆکە ﴿٣١﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن ﴿٣٢﴾ ﴿يَـٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾ ئەی کۆمەڵی جنۆکەو ئادەمی ﴿إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟﴾ ئەگەر توانیتان دەرچن ﴿مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ لەبەشەکانی ئاسمانەکان و زەوی ﴿فَٱنفُذُوا۟﴾ ئەوە بڕۆن دەرچن. ﴿لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَـٰنٍ﴾ ناشتوانن مەگەر بەدەسەڵاتێك نەبێت ﴿٣٣﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٣٤﴾ ﴿يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا﴾ بۆتان دەنێرێ ﴿شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ﴾ بڵێسەی ئاگر و مسی تواوە (یادوو کەڵی ئاگر) ﴿فَلَا تَنتَصِرَانِ﴾ ئەوسا یارمەتی یەکترتان پێ نادرێت ﴿٣٥﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٣٦﴾ ﴿فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ﴾ ئەمجا کاتێك ئاسمان لەت لەت بوو ﴿فَكَانَتْ وَرْدَةً كَٱلدِّهَانِ﴾ وەك گوڵی سوور یان ڕۆنی هەڵقرچاوی لێهات ﴿٣٧﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٣٨﴾ ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ﴾ ئەمجا لەو ڕۆژەدا پرسیار ناکرێت لەتاوانی ﴿إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ﴾ هیچ ئادەمی و جنۆکەیەك (چونکە هەموو کەس لەو ڕۆژەدا بە ڕووپیدا دەناسرێتەوە کە تاوانبارە یان چاکەکار) ﴿٣٩﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٤٠﴾ ﴿يُعْرَفُ ٱلْمُجْرِمُونَ بِسِيمَـٰهُمْ﴾ خراپەکاران بەڕووخساریاندا دەناسرێنەوە. ﴿فَيُؤْخَذُ بِٱلنَّوَٰصِى وَٱلْأَقْدَامِ﴾ ئەمجا ڕائەکێشرێن بەمووی پێشی سەریان و بەقاچیان (بۆ ناو دۆزەخ) ﴿٤١﴾

﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لەنیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِى يُكَذِّبُ بِهَا ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ ئەمە ئەو دۆزەخەیە کەتاوانبارانی بەدرۆیان دەزانی ﴿يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ ءَانٍ﴾ هاتوچۆ ئەکەن لەنێوان ئەو (دۆزەخە) و ئاوی زۆر گەرمدا ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾ وە بۆ ئەو کەسەی لەوەستانی بەردەم پەروەردگاری بترسێت هەیە ﴿جَنَّتَانِ﴾ دوو باخی (خۆش) ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لەنیعمەتەکانی پەروەردگارتان بەدرۆ دەزانن؟ ﴿ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ﴾ (دوو باخەکە) خاوەنی میوە و درەختی زۆرن ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ دەی بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان یێ باوەڕن؟ ﴿فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ﴾ تێیاندا هەیە دوو ڕووبار وکانیاووی ڕەوان ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ﴾ هەیە لە ناویاندا لەهەر میوەیەک دوو جۆر ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍ﴾ پاڵیان داوەتەوە لەسەر جۆرە فەرشێک ﴿بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ﴾ کە بەرەکانیان لەئاوریشمی ئەستورە ﴿وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ﴾ وە میوە لێ کردنەوەی ئەو دوو باخە نزیکە دەستە ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ﴾ لەو باخانەدا هەن حۆریانێک کەتەنها چاویان بڕیوەتە میردەکانیان ﴿لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ﴾ پێش ئەوان دەستی ئادەمی و جنۆکەیان لێ نەکەوتووە ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ﴾ ئەو (حۆری یانە) وەک یاقووت و مەرجان وان ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ﴾ ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکە نی یە؟ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ﴾ وە بێجگە لەو دوو باخەی (کەباسکران) دوو باخی تر هەن ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿مُدْهَامَّتَانِ﴾ دوو باخی ئەوەندە سەوزن (لەسەوزیداڕەش دەنوێنن) ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ﴾ لەو دوو (باخە)دا دوو کانی هەڵقوڵاویان تێدایە ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لەنیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن ﴿فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ﴾ لەو دوو (باخەدا لەهەموو جۆرە) میوە ودارخورماو هەنارێکیان تێدایە ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا کام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بەدرۆ دەزانن

﴿فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ﴾ تیایاندا هەیە ئافرەتانی ئاکار چاکی ڕوالەت جوان ﴿٧٠﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٧١﴾ ﴿حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ﴾ حۆریانێك لەناو خێوەت و چادرەکاندا دەرناچن و دوور ناکەونەوە (هەمیشە چاوەڕێی هاوسەرەکانیان) ﴿٧٢﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٧٣﴾ ﴿لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ﴾ پێش ئەوان نەدەستی ناوەمی و نەدەستی جنۆکەیان لێ نەکەوتووە ﴿٧٤﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٧٥﴾ ﴿مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ﴾ پاڵ دەدەنەوە بەپشتی سەوزباوی ڕازاوە و فەرشی زۆر جوانی نایابەوە ﴿٧٦﴾ ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ جا بەکام لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ﴿٧٧﴾ ﴿تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾ پیرۆزە ناوی پەروەردگاری خاوەن گەورەیی وبەخشش ﴿٧٨﴾

سورەتی ﴿ الْوَاقِعَةِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ﴾ کاتێك کە ڕووداوی گەورەی (قیامەت) ڕوویدا ﴿١﴾ ﴿لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ﴾ لەڕودانیدا هیچ درۆو گومانێك نیە ﴿٢﴾ ﴿خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ﴾ نزم کەرەوەی (کەسانێکەو) بەرز کەرەوەیە (بۆ کەسانێکی تر) ﴿٣﴾ ﴿إِذَا رُجَّتِ الْأَرْضُ رَجًّا﴾ کاتێك کە زەوی هێنرایە جوڵانێکی توند ﴿٤﴾ ﴿وَبُسَّتِ الْجِبَالُ بَسًّا﴾ وە شاخەکان زۆر وورد کران بەورد کردن ﴿٥﴾ ﴿فَكَانَتْ هَبَاءً مُّنْبَثًّا﴾ وە بوون بە تەپوتۆزی پرش و بلاو ﴿٦﴾ ﴿وَكُنتُمْ أَزْوَاجًا ثَلَاثَةً﴾ وە ئێوە دەبنە سێ کۆمەڵ (لە دوا ڕۆژدا) ﴿٧﴾ ﴿فَأَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ مَا أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ﴾ ئەمجا یارانی لای ڕاست، کام یارانی لای ڕاست؟ ﴿٨﴾ ﴿وَأَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ مَا أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ﴾ وە یارانی لای چەپ، کام یارانی لای چەپ؟ ﴿٩﴾ ﴿وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ﴾ وە پێشەکەوتوەکان هەر خۆیانن پێش کەوتوو ﴿١٠﴾ ﴿أُولَٰئِكَ الْمُقَرَّبُونَ﴾ ئەوانەن نزیکانی (بارەگای خوا) ﴿١١﴾ ﴿فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾ لە بەهەشتانی پڕ نازو نیعمەتدان ﴿١٢﴾ ﴿ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ﴾ کۆمەڵێکی زۆرن لە (گەلانی) پێشینان ﴿١٣﴾ ﴿وَقَلِيلٌ مِّنَ الْآخِرِينَ﴾ وە کەمێکن لە پاشینان (لە ئوممەتی موحەممەد ﷺ) ﴿١٤﴾ ﴿عَلَىٰ سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ﴾ لەسەر قەنەفە و کورسی چنراو بە ئالتون ﴿١٥﴾ ﴿مُّتَّكِئِينَ عَلَيْهَا مُتَقَابِلِينَ﴾ پاڵ ئەدەنەوە لەسەری بەرامبەر بەیەکتری ﴿١٦﴾

﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ﴾ تازە لاوی هەمیشەیی بەسەریاندا دەگەرێن ﴿١٧﴾ ﴿بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ﴾
بەپەرداخ و سوراحیی و گلاسی پڕ لەشەرابی سەرچاوەی ڕەوان ﴿١٨﴾ ﴿لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ﴾
نەسەریان پێ ی دەێشێت ونەسەرخۆش ئەبن پێ ی ﴿١٩﴾ ﴿وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ﴾ میوەهاتیش کەخۆیان
هەڵی بژێرن ﴿٢٠﴾ ﴿وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ﴾ وە گۆشتی هەر باڵندەیەك کەحەزی لێ بکەن ﴿٢١﴾ ﴿وَحُورٌ عِينٌ﴾
وەحۆریانی چاو گەش و چاو بەڵەك ﴿٢٢﴾ ﴿كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ﴾ وەك مرواری ناو سەدەف وان ﴿٢٣﴾
﴿جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (ئەم نیعمەتانە) لەپاداشتی ئەو کردەوانەدایە کەئەنجامیان ئەدا ﴿٢٤﴾ ﴿لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا
وَلَا تَأْثِيمًا﴾ نایبیستن لەو بەهەشتانەدا نەقسەی بێهودە، وە نەتاوانبار کردن ﴿٢٥﴾ ﴿إِلَّا قِيلًا سَلَامًا سَلَامًا﴾ جگە
لەووتەی سڵاو سەلام کردن (لەیەکتری) ﴿٢٦﴾ ﴿وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ﴾ وە یارانی لای ڕاست کام
یارانی لای ڕاست ﴿٢٧﴾ ﴿فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ﴾ لەژێر سێبەری دارتاوگی بێ درکدان ﴿٢٨﴾ ﴿وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ﴾
وداری موزی هۆنراو بەهێشووە موز ﴿٢٩﴾ ﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ﴾ و سێبەری بەردەوام ﴿٣٠﴾ ﴿وَمَاءٍ مَّسْكُوبٍ﴾
وەئاوی تافگەیی و ئاوی ڕەوان ﴿٣١﴾ ﴿وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ﴾ وەمیوەهاتی زۆر ﴿٣٢﴾ ﴿لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ﴾ کە
هەرگیز تەواو نابێ و قەدەغەش ناکرێ ﴿٣٣﴾ ﴿وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ﴾ هەروەها ڕاخەری بەرز زبڵندی تێدایە ﴿٣٤﴾
﴿إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاءً﴾ ئێمە حۆریەکانی بەهەشتمان دروست کردووە بەدروست کردنێکی زۆر جوان ﴿٣٥﴾
﴿فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا﴾ وە گێڕاومانن بەحۆریانی هەمیشە کچ (واتە: هەرچەندهاوسەرکانیان بچنەلایان خوای
گەورە بۆیان دەکاتەوە بەکچ) ﴿٣٦﴾ ﴿عُرُبًا أَتْرَابًا﴾ هاوسەرەکانیان زۆر خۆش دەوێت و هاوتەمەنیانن ﴿٣٧﴾
﴿لِّأَصْحَابِ الْيَمِينِ﴾ (ئەمانە هەموو) بۆ یارانی لای ڕاستن ﴿٣٨﴾ ﴿ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ﴾ (یارانی لای ڕاست)
کۆمەڵێکی زۆرن لە (گەلانی) پێشیوو ﴿٣٩﴾ ﴿وَثُلَّةٌ مِّنَ الْآخِرِينَ﴾ کۆمەڵێکی زۆریش لەپاشینان (لە
ئوممەتی موحەممەد ﷺ) ﴿٤٠﴾ ﴿وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ﴾ وە هاوڕێیانی لای چەپ کام هاوڕێیانی
لای چەپ؟ ﴿٤١﴾ ﴿فِي سَمُومٍ وَحَمِيمٍ﴾ لەناو گڕی دۆزەخ و ئاوی لەکوڵ دان ﴿٤٢﴾ ﴿وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ﴾ وە
لە سێبەری چڕە دووکەڵی ڕەش دان ﴿٤٣﴾ ﴿لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ﴾ نە فێنکە و نە کەڵکیشی هەیە ﴿٤٤﴾
﴿إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ﴾ چونکە بەڕاستی ئەمانە پێشتر خۆشگوزەران بوون ﴿٤٥﴾ ﴿وَكَانُوا
يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنثِ الْعَظِيمِ﴾ وە بەردەوام بوون لەسەر گوناهە گەورەکە (هاوەڵ دانان بۆ خوا) ﴿٤٦﴾
﴿وَكَانُوا يَقُولُونَ﴾ وە دەیانووت ﴿أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا﴾ ئایا ئەگەر مردین و بووین بەخۆڵ و ئێسکی
ڕزیو ﴿أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ﴾ ئایا ئێمە زیندوو ئەکرێینەوە ﴿٤٧﴾ ﴿أَوَآبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ﴾ یاخود باوو باپیرانمان
(زیندوو ئەکرێنەوە) ﴿٤٨﴾ ﴿قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ بێگومان هەموو پێشینان
و پاشینان ﴿٤٩﴾ ﴿لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ﴾ کۆدەکرێنەوە وڕاپێچ دەکرێن بۆ کاتی ڕۆژی دیاری
کراو ﴿٥٠﴾

﴿ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا الضَّالُّونَ الْمُكَذِّبُونَ﴾ پاشان ئێوە ئەی گومڕایانی بێ باوەڕان ﴿٥١﴾ ﴿لَآكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن زَقُّومٍ﴾ بێگومان لە(بەری) درەختی ژەقنەمووت (دەخۆن) ﴿٥٢﴾ ﴿فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا الْبُطُونَ﴾ جا وورگی خۆتانی لێ پڕدەکەن ﴿٥٣﴾ ﴿فَشَٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ الْحَمِيمِ﴾ ئەمجا ئاوی کوڵاوی بەسەردا دەخۆنەوە ﴿٥٤﴾ ﴿فَشَٰرِبُونَ شُرْبَ الْهِيمِ﴾ دەی خۆنەوە وەکو خواردنەوەی (حوشترانی) تینوو ﴿٥٥﴾ ﴿هَٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ الدِّينِ﴾ ئەمە میوانداری ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا ﴿٥٦﴾ ﴿نَحْنُ خَلَقْنَٰكُمْ فَلَوْلَا تُصَدِّقُونَ﴾ ئێمە دروستمان کردون ئەی بۆ بڕوا ناکەن (بەزیندوو بوونەوە) ﴿٥٧﴾ ﴿أَفَرَءَيْتُم مَّا تُمْنُونَ﴾ جا پێم بڵێن ئەو ئاوەی کە دەیڕێژنە ناو منداڵدانەوە؟ ﴿٥٨﴾ ﴿ءَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُۥٓ﴾ ئایا ئێوە دروستی دەکەن؟ ﴿أَمْ نَحْنُ الْخَٰلِقُونَ﴾ یان ئێمەین بەدی هێنەرین؟ ﴿٥٩﴾ ﴿نَحْنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمُ الْمَوْتَ وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ﴾ ئێمە لەناوتانداا مردنمان داناوە، وەکەس پێش دەسەڵاتی ئێمە ناکەوێ ﴿٦٠﴾ ﴿عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ أَمْثَٰلَكُمْ﴾ (بەدەسەڵاتین) کە لەجیاتی ئێوە نەوەی تر بهێنین ﴿وَنُنشِئَكُمْ فِى مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە دروستتان بکەینەوە بەشێوەیەك کەهیچی لێ نازانن ﴿٦١﴾ ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ النَّشْأَةَ الْأُولَىٰ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێوە لەبەدی هێنانی یەکەمی ئاگادارن ﴿فَلَوْلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ئێستر بۆ بیر ناکەنەوە ﴿٦٢﴾ ﴿أَفَرَءَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ﴾ جا پێم بڵێن ئەو تۆوەی کەدەیچێنن ﴿٦٣﴾ ﴿ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ﴾ ئایا ئێوە دەیڕوێنن؟ ﴿أَمْ نَحْنُ الزَّٰرِعُونَ﴾ یانێمەین دەیڕوێنین؟ ﴿٦٤﴾ ﴿لَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَٰهُ حُطَٰمًا﴾ ئەگەر بمان ویستایە ئەو (ڕواوە)مان دەگێڕا بە پووش و کا ﴿فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ﴾ ئەمجا دەستان دەکرد بەقسەی بێ کەڵك ﴿٦٥﴾ ﴿إِنَّا لَمُغْرَمُونَ﴾ (دەتانووت) بەڕاستی زەرەرلێکەوتوو ئێمەین ﴿٦٦﴾ ﴿بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ﴾ بەڵکو ئێمە لە ڕزق وڕۆزی بێ بەشین ﴿٦٧﴾ ﴿أَفَرَءَيْتُمُ الْمَآءَ الَّذِى تَشْرَبُونَ﴾ جا پێم بڵێن ئەو ئاوەی کەدەیخۆنەوە ﴿٦٨﴾ ﴿ءَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ﴾ ئایا ئێوە لە هەورەکانەوە دەیبارێنن ﴿أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ﴾ یانێمەدەی بارێنین ﴿٦٩﴾ ﴿لَوْ نَشَآءُ جَعَلْنَٰهُ أُجَاجًا﴾ ئەگەر بمان ویستایە دەمانکردبەئاوێکی زۆر سوێری تاڵ. ﴿فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ﴾ ئێستر بۆ سوپاسی خوا ناکەن ﴿٧٠﴾ ﴿أَفَرَءَيْتُمُ النَّارَ الَّتِى تُورُونَ﴾ پێم بڵێن ئەو ئاگرەی کە دایدەگیرسێنن ﴿٧١﴾ ﴿ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَآ﴾ ئایا ئێوە دارەکەیتان بەدی هێناوە؟ ﴿أَمْ نَحْنُ الْمُنشِـُٔونَ﴾ یانێمە بەدی هێنەرینی؟ ﴿٧٢﴾ ﴿نَحْنُ جَعَلْنَٰهَا تَذْكِرَةً﴾ ئێمە ئەو (ئاگرە)مان کردووە بەهۆی یادخەرەوە (ی ئاگری دۆزەخ) ﴿وَمَتَٰعًا لِّلْمُقْوِينَ﴾ وە (کردومانەتە) هۆی کەڵك لێ وەرگرتن بۆ گەشتیاران ﴿٧٣﴾ ﴿فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ﴾ جا کەواتە یاد وتەسبیحاتی پەروەردگاری گەورەی خۆت بەپاکی بکە ﴿٧٤﴾ ﴿فَلَآ أُقْسِمُ بِمَوَٰقِعِ النُّجُومِ﴾ جا سوێند بێت بەشوێنی (هەڵهاتن و ئاوابوونی) ئەستێرەکان ﴿٧٥﴾ ﴿وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ﴾ بەڕاستی ئەم سوێندە ئەگەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە ﴿٧٦﴾

﴿إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ﴾ کە بێگومان ئەمە قورئانێکی گەورە و بەڕێزە ﴿٧٧﴾ ﴿فِى كِتَٰبٍ مَّكْنُونٍ﴾ لەناو کتێبێکی شاراوەدایە (کەلـوح المحفوظـە) ﴿٧٨﴾ ﴿لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ﴾ جگە لە (فریشتە) پاکەکان کەس دەستی لێ نادات ﴿٧٩﴾ ﴿تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ نێردراوەتە خوارەوە لە لایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ﴿٨٠﴾ ﴿أَفَبِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە بەم قورئانە باوەڕ ناکەن ﴿٨١﴾ ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ﴾ وە لەجیاتی سوپاسگوزاری لەسەر ڕۆزیتان ﴿أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾ ئێوە باوەڕ ناهێنن ﴿٨٢﴾ ﴿فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ﴾ دەی بۆچی کاتێ گیان (ی نەخۆشەکەتان) دەگاتە گەرووی ﴿٨٣﴾ ﴿وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ﴾ وە ئێوە لەو کاتەدا تەماشا دەکەن ﴿٨٤﴾ ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ﴾ لەو کاتەدا (فریشتەکانمان) لە ئێوە نزیکترن لەو (کەسەی لەسەرەمەرگدایە) ﴿وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ﴾ بەڵام ئێوە (فریشتەکانی) ئێمە نابینن ﴿٨٥﴾ ﴿فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ﴾ دەی بۆچی ئەگەر ئێوە (زیندوو ناکرێنەوەو) پاداشت نادرێنەوە؟ ﴿٨٦﴾ ﴿تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ڕۆحی (مردوەکەتان) بگێڕنەوە ئەگەر ڕاست دەکەن ﴿٨٧﴾ ﴿فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ﴾ ئەمجا ئەگەر ئەو (کەسەی لـە گیانـە لادایە) لەنزیکان بێ (لەخوا) ﴿٨٨﴾ ﴿فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ﴾ ئەوە حەسانەوەو بۆنی خۆش و بەهەشتی پڕ لەناز و نیعمەتی بۆ هەیە ﴿٨٩﴾ ﴿وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ﴾ وە ئەگەر لەهاوەڵانی دەستی ڕاست بێ ﴿٩٠﴾ ﴿فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ﴾ ئەوە سەلامەتی و بێ زیانی بۆ تۆ (چونکە) تۆ لەیارانی دەستی ڕاستی ﴿٩١﴾ ﴿وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ بەڵام ئەگەر لـە بێ باوەڕانی گومڕا بێت ﴿٩٢﴾ ﴿فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ﴾ ئەوە(شوێنی) میوانداریەکەی ئێجگار گەرمە ﴿٩٣﴾ ﴿وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ﴾ وەچوونە ناو دۆزەخە ﴿٩٤﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلْيَقِينِ﴾ بەڕاستی ئەوەی (کـە لەم سـورەتەدا باسکرا) حـەق و بێگومانە ﴿٩٥﴾ ﴿فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ﴾ جـا کەوا بـوو بەپاکی یاد وتەسبیحاتی پەروەردگـاری گەورەی خۆت بکە ﴿٩٦﴾

سورەتی ﴿ الحديد ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هەرچی لەئاسمانەکان و زەویـدا هەیـە تەسبیحاتی خـوا دەکـەن ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ وە هـەر ئـەوە بالادەستی کار بەجێ ﴿١﴾ ﴿لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هـەر بـۆ ئـەوە دەسـەلات و خاوەنیەتـی ئاسمانەکان و زەوی ﴿يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾ دەژێنـی دەمرێنێ ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە ئەو دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ﴿٢﴾ ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ﴾ هەر ئەوە یەکەمینە (پێش هەموو شتێك هەبووە) وە هەر ئەوە دواهەمینیشـە و(پاشـی هەموو شـتێك دەمێنێت) ﴿وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ﴾ وە دیارو ئاشکرایە (بۆ خاوەن هۆش وفامەکان بەبەڵگەکانی) وە پەنهان وشاراوەیە (لەچاوی بەندەکان وزانایە بەناشکرا ونهێنیەکان) ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە ئەو بەهەموو شتێك ئاگادارە ﴿٣﴾

﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾ (خودا) ئەو زاتەیە کەئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ لەشەش ڕۆژدا ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ﴾ پاشان بەرزبویەوە سەر عەرش و قەرارى گرت (باوەڕمان پێیەتى بەو شێوەی شیاوی خوا بێت، وەچۆنیەتیەکەی نازانین، تەنها خوا خۆی دەزانێت) ﴿يَعۡلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ دەزانێت چى دەچێتە ناوی زەوی ﴿وَمَا يَخۡرُجُ مِنۡهَا﴾ وەچى لێ دێتە دەرەوە ﴿وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ وەچى لەئاسمانەوە دێتە خوار ﴿وَمَا يَعۡرُجُ فِيهَاۖ﴾ وەچى بۆ سەردەکەوێ ﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ﴾ وە لەهەر کوێ بن خوا لەگەڵتانە (بەزانیارى و ئاگادارى) ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ وەخوا بینایە بەهەرچى کە دەیکەن ① ﴿لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ خاوەندارێتى ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ﴾ وە هەموو کارێک هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنرێتەوە ② ﴿يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ﴾ شەو دەبات بەناو ڕۆژدا (لەهاوین و پایزدا) ﴿وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِۚ﴾ وە ڕۆژ دەبات بەناو شەودا (لە زستان و بەهاردا) ﴿وَهُوَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ وە ئەو (خوا) ئاگادارە بەنیازی ناو دڵان ③ ﴿ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ باوەڕ بهێنن بەخوا و پێغەمبەرەکەی ﴿وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسۡتَخۡلَفِينَ فِيهِۖ﴾ و ببەخشن لەو ماڵ وسامانەی کە خوا ئێوەی کردووە بە جێ نشینی پێشینان تایبەتا ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَأَنفَقُواْ﴾ ئەمجا ئەوانەتان کە باوەڕیان هێناوە و دارایی یان بەخشیووە ﴿لَهُمۡ أَجۡرٞ كَبِيرٞ﴾ پاداشتى گەورەیان بۆ هەیە ④ ﴿وَمَا لَكُمۡ لَا تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾ ئەوە چیتانە بۆ باوەڕ بەخوا ناهێنن؟ ﴿وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ﴾ کە پێغەمبەر بانگتان دەکات ﴿لِتُؤۡمِنُواْ بِرَبِّكُمۡ﴾ کە باوەڕ بە پەروەردگارتان بهێنن ﴿وَقَدۡ أَخَذَ مِيثَٰقَكُمۡ﴾ لەکاتێکدا کە بێ گومان خوا پەیمانى (باوەڕ هێنانى) لێ وەرگرتوون ﴿إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ⑤ ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦٓ﴾ خوا ئەو زاتەیە دەیبێرێت بۆ بەندەی خۆی (کە موحەممەد ﷺ)ە ﴿ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ﴾ بەڵگە و ئایەتانێکی ڕوون وئاشکرا ﴿لِّيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ﴾ تا لەتاریکستانی (گومڕایی وبێباوەڕی) دەرتان بهێنێت بۆ ناو ڕووناکی (ئیمان وئیسلام) ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ وە بەڕاستی خوا بەرامبەر ئێوە بەسۆز و میهرەبانە ⑥ ﴿وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە چیتانە کەوا هیچ نابەخشن لە ڕێ ی خوادا ﴿وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ لە کاتێکدا میراتی ئاسمانەکان و زەوی بۆ خوا دەمێنێتەوە ﴿لَا يَسۡتَوِي مِنكُم﴾ یەکسان نین ئەوانەتان ﴿مَّنۡ أَنفَقَ مِن قَبۡلِ ٱلۡفَتۡحِ وَقَٰتَلَۚ﴾ کە لەپێش گرتنی (مەککە)دا ماڵیان بەخشیوو جەنگاون (لەگەڵ ئەوانەی لە دوای فەتحی مەککە ئەو کارانە بکەن) ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَعۡظَمُ دَرَجَةٗ﴾ ئەوانە پلەو پایەیان زۆر گەورەترە ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَقَٰتَلُواْۚ﴾ لەوانەی کە لەدوای (گرتنی مەککە) ماڵیان بەخشیووە و جەنگاون ﴿وَكُلّٗا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ﴾ وە بەهەر دوولا خوا بەڵێنی بەهەشتی داوە ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾ وە خوا ئاگادارە بەوەی کە دەیکەن ⑦ ﴿مَّن ذَا ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ﴾ کێ یە ئەو کەسەی قەرز دەدات بەخوا ﴿قَرۡضًا حَسَنٗا﴾ بەقەرزێکی چاک (مەبەست ئەوەیە ماڵ بەبەخشێت لەپێناو خوا) ﴿فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ﴾ تا خواش چەند بەرامبەر بیداتەوە ﴿وَلَهُۥٓ أَجۡرٞ كَرِيمٞ﴾ وە پاداشتی زۆر چاکی بۆ هەیە ⑧

﴿يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ لەرۆژێکدا کەتۆ پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار دەبینیت ﴿يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم﴾ کەڕووناکی (باوەڕیان) لەپێشیانەوە و لەلای ڕاستیانەوە دەڕوات ﴿بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ﴾ (پێیان دەڵێن) مژدەی ئێوە ئەمڕۆ ﴿جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ بەهەشتانێکە کەڕووباری زۆر بەژێریاندا دەڕوات ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ تێیدا دەمێنێتەوە بەهەمیشەیی ﴿ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ هەر ئەوەیە سەرکەوتنی گەورە ﴿١٢﴾ ﴿يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ﴾ لەو ڕۆژەدا پیاوان و ئافرەتانی دووڕوو دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ آمَنُوا﴾ بەوانەی کەباوەڕدار بوون ﴿انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ﴾ سەیرێکمان بکەن تا لەڕووناکیتان تروسکێك وەرگرین ﴿قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ﴾ پێیان دەوترێت بگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان ﴿فَالْتَمِسُوا نُورًا﴾ وە داوای ڕووناکی بکەن بۆ خۆتان ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ﴾ یەکسەر شوورایەك دەکێشرێ لەنێوانیاندا ﴿لَّهُ بَابٌ﴾ کەدەرگایەکی تێدایە ﴿بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ﴾ ڕووی ناوەوەی ڕەحمەتی تێدایە ﴿وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ﴾ دەرەوەیشی ڕووی لەسزایە ﴿١٣﴾ ﴿يُنَادُونَهُمْ﴾ (دوو ڕووان ئیمانداران) بانگ دەکەن و دەڵێن ﴿أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ﴾ ئایا ئێمە لەگەڵ ئێوە نەبوین (لە نوێژ و ڕۆژوودا) ﴿قَالُوا بَلَىٰ﴾ ئیمانداران دەڵێن: بەڵێ لەگەڵماندا بوون ﴿وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ بەڵام ئێوە خۆتان خەڵەتاند (دووڕوو پیلان گێڕبوون) ﴿وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ﴾ وە چاوەڕوانی (نەمانی باوەڕدارانتان) دەکرد و دوودڵ بوون ﴿وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ﴾ وە هیواو ئاوات فریووی دان ﴿حَتَّىٰ جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ﴾ تا فەرمانی خوا هات(و مردن) ﴿وَغَرَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾ وە شەیتان فریوی دان بە لێ بوردەیی خوای گەورە ﴿١٤﴾ ﴿فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ﴾ ئەمڕۆ هیچ بڕیتەك وەرناگیرێت نە لەئێوە ﴿وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە نە لەبێ باوەڕان بۆ ڕزگار بوونتان ﴿مَأْوَاكُمُ النَّارُ﴾ جێگاتان ئاگری دۆزەخە ﴿هِيَ مَوْلَاكُمْ﴾ ئەو ئاگرە شیاوتانە ﴿وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ ئای چەند سەرئەنجامێکی خراپە ﴿١٥﴾ ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ بڕوادارانِ ﴿أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ﴾ کە دڵیان ڕاچڵەکێت وملکەچ بێ بۆیادوزیکری خوا ﴿وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ﴾ وەبۆ ئەوقورئانەی کەناردوویەتیەخوارەوە؟ ﴿وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ﴾ وەك ئەوکەسانە (جوولەکە و گاوور) نەبن ﴿أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ﴾ کە لەمەو پێش کتێبی ئاسمانیان پێدرا ﴿فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ﴾ وە ماوەیەکی دووروو درێژیان بەسەردا تێپەڕی ﴿فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ ئەمجا دڵیان ڕەق بوو ﴿وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ وە زۆربەیان یاخی و لەسنوورەدەچوو بوون ﴿١٦﴾ ﴿اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يُحْيِي الْأَرْضَ﴾ بێگومان بزانن کەخوا زەوی زیندوو دەکاتەوە ﴿بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ دوای مردنی ﴿قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ بێگومان نیشانەو بەڵگەکانمان بۆ ڕوون کردونەتەوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ تابیربکەنەوە ﴿١٧﴾ ﴿إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ﴾ بێگومان پیاوان و ژنانی خێرخواز ﴿وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾ ئەوانەش قەرز دەدەن بەخوا بەقەرزێکی چاك (یارمەتی هەژاران دەدەن) ﴿يُضَاعَفُ لَهُمْ﴾ چەند بەرامبەر دەیاندرێتەوە ﴿وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ﴾ وە بۆ ئەوان هەیە پاداشتی زۆر چاك ﴿١٨﴾

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەخوا و بەپێغەمبەرانی ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ﴾ ئەوانە خۆیانن ڕاست گۆیان ﴿وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ وەشەهیدان لەلای پەروەردگاریان ﴿لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ﴾ خاوەن پاداشت و نور و ڕووناکی خۆیانن ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ وە ئەوانەی کەبێ باوەڕبوون و بەلگە و نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانی ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ﴾ ئەوانە هاوەڵی ئاگری دۆزەخن ﴿ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ وە بزانن کەبێگومان ژیانی دونیا تەنها ﴿لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ﴾ گالتە و گەمە و ڕازاندنەوە و ﴿وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ﴾ خۆهەلکێشانە لەنێوانتاندا و لاف لێدانە بەدارایی و منداڵی زۆرەوە ﴿كَمَثَلِ غَيْثٍ﴾ وەك بارانێك وایە ﴿أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ﴾ کە حاسڵاتەکەی جووتیاران دڵخۆش بکات ﴿ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا﴾ پاشان ووشك ببێ و بەزەردی بی بینیت ﴿ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا﴾ لە پاشان ببێت بە پووش و پەڵاش ﴿وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ لە ڕۆژی دوایشدا سزای توند و سەخت (هەیە بۆ دونیا پەرستان) ﴿وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ﴾ وە لێ بوردن و ڕەزامەندی هەیە لەلایەن خواوە (بۆ خوا ناسان) ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ﴾ وە ژیانی دونیا هیچ نی یە جگە لە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەر نەبێت ﴿سَابِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ (کەواتە) پێشبڕکێ بکەن بۆ (دەست خستنی) لێخۆشبوون لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا﴾ وە بۆ بەهەشتێك کە پانتایی یەکەی ﴿كَعَرْضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ بەوێنەی پانتایی ئاسمان و زەوی یە ﴿أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ﴿بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾ بەخوا و پێغەمبەرانی ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ﴾ ئەو (پاداشتە) بەخشێکی خوایی یە ﴿يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾ دەیدات بە هەر کەس کەخۆی بیەوێت ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾ وە خوا خاوەنی بەخششی گەورەیە ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ﴾ هیچ زیان و بەڵایەك ڕووی نەداوە ﴿فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾ نە لەزەوی و نە لە خودی خۆتاندا ﴿إِلَّا فِى كِتَٰبٍ﴾ ئیللا لە (لوح المحفوظ) دا نوسراوە ﴿مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ﴾ پێش ئەوەی بەدی بهێنین ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ بێگومان ئەوە بۆ خوا زۆر ئاسانە ﴿لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟﴾ تا خەفەت نەخۆن ﴿عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ﴾ بۆ ئەوەی لەدەستتان چووە ﴿وَلَا تَفْرَحُوا۟﴾ وە دڵخۆش و مەغرور نەبن ﴿بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ﴾ بەوەی کە پێی داوون ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾ وەخوا هیچ خۆ بەزل زانێکی شانازی کەری خۆش ناوێت ﴿ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ﴾ ئەوانەی چرووکی و ڕەزیلی دەکەن (لەماڵ بەخشین لەپێناو خوادا) ﴿وَيَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبُخْلِ﴾ وە فەرمان بەخەڵکیش دەکەن ڕەزیل و چرووك بن ﴿وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ﴾ وە هەر کەس پشت هەڵکات ئەوە بێگومان خوا ﴿هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ هەر خۆی بێ نیازی سوپاسکراوە

﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان ناردووە ﴿بِالْبَيِّنَاتِ﴾ بە بەڵگەو موعجیزەی ڕوونەوە ﴿وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ﴾ وە کتێبی (ئاسمانی) و تەرازوی دادمان لەگەڵدا ناردن ﴿لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ بۆ ئەوەی خەڵکی بەدادگەری ڕەفتار بکەن (لەناو خۆیاندا) ﴿وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ﴾ وەئاسنمان دروست کرد ﴿فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ﴾ کە هێزێکی بەتینی تۆندی تێدایە بۆجەنگ کردن ﴿وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ﴾ وە سوودێکی زۆریشی هەیە بۆ خەڵکی (لەبەرکاهێنانی لە هەموو جۆرە پیشەسازییە خزمەتگوزاریەکاندا) ﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ﴾ وە تا خوا دەری بخات ﴿مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ﴾ چ کەسێ یارمەتی (ئاینی) خواو پێغەمبەرانی دەدات کە پەنهانیشە ﴿إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ بێگومان خوا بەهێزو دەسەڵاتە ﴿٢٥﴾ ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان نووح و ئیبراهیم مان ڕەوانەکرد ﴿وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ﴾ وە لە ناو وەچەکانیشیاندا پێغەمبەرێتی و کتێبی ئاسمانیمان دانا ﴿فَمِنْهُمْ مُهْتَدٍ﴾ ئەمجا هەندێکیان ڕێنموونیان وەرگرت ﴿وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ وە زۆریشیان یاخی و کافربوون ﴿٢٦﴾ ﴿ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰ آثَارِهِمْ بِرُسُلِنَا﴾ لە پاشان بەشوێن ئەواندا دیسان پێغەمبەرانی خۆمانمان نارد ﴿وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ﴾ وە دواتر عیسای کوڕی مەریەممان نارد ﴿وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ﴾ وەئینجیلمان پێ بەخشی ﴿وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ﴾ وە لە دڵی ئەوانەدا کەشوێنی کەوتن ﴿رَأْفَةً وَرَحْمَةً﴾ سۆز و بەزەییمان دروست کرد ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا﴾ وە گۆشە گیری یەک کە خۆیان دایان هێنا بوو ﴿مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ﴾ کە ئێمە ئەوەمان لەسەر پێویست نەکردبوون ﴿إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ﴾ بەڵام خۆیان دایان هێنا بۆ ڕەزامەندی خوا ﴿فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا﴾ کەچی وەک پێویست پارێزگاری ئەو گۆشەگیرییەیان نەکرد ﴿فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ﴾ ئێمەش بەخشیمان بەوانەیان کەباوەڕیان هێنا بوو ﴿أَجْرَهُمْ﴾ پاداشتی خۆیان. ﴿وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ وە زۆریشیان لە سنوور دەرچوون ﴿٢٧﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ﴾ لەخوا بترسن و باوەڕبهێنن بەپێغەمبەرەکەی ﴿يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِنْ رَحْمَتِهِ﴾ دوو بەشتان لەڕەحمەت و بەخششی خۆی پێ دەبەخشێ ﴿وَيَجْعَلْ لَكُمْ نُورًا﴾ وە ڕووناکییەکتان دەداتێ ﴿تَمْشُونَ بِهِ﴾ کە ڕێنموونی وڕێی ڕاستی پێ دەرکەن ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْ﴾ وە لێتان خۆش دەبێت ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ وەخوالێ خۆشبووی میهرەبانە ﴿٢٨﴾ ﴿لِئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ الْكِتَابِ﴾ تا خاوەن پەڕاوە ئاسمانیەکان بزانن ﴿أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ﴾ کە دەسەڵاتیان نی یە بەسەر هیچێک لە بەخششی خوا ﴿وَأَنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ﴾ وە هەرچی بەخشش هەیە بە دەست خوایە ﴿يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ دەیدات بە هەر کەسێک کە خۆی بیەوێت ﴿وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ وە خوا خاوەنی بەخششی زۆر گەورەیە ﴿٢٩﴾

سورەتی ﴿ المجادلة ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ﴾ بەڕاستی خوا بیستی ﴿قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا﴾ ووتەی ئەو ژنەی کە لەبارەی مێردەکەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەکردی ﴿وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ﴾ وە سکالای خۆی بۆ لای خوا ئەبرد ﴿وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا﴾ وە خوا گوێی لە ووتوویژی هەردووکتان بوو ﴿إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەری بینایە ① ﴿الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم﴾ ئەوانەتان کە ظهار دەکەن ﴿مِّن نِّسَائِهِم﴾ لەگەڵ ژنەکانیاندا (پێیان دەڵێن وەک دایکمان وان) ﴿مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ﴾ ئەوانە دایکی ئەوان نین ﴿إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ﴾ دایکی ئەوان ﴿إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ﴾ هەر ئەو ژنانەن کەئەوانیان لێ بووە ﴿وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ﴾ وە بێگومان ئەوانە گوفتارێکی خراپی ناپەسەند دەڵێن ﴿وَزُورًا﴾ و درۆ دەکەن ﴿وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾ وە بەڕاستی خوا لێ خۆش بووی لێ بووردەیە ② ﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ﴾ ئەوانەی ظهار دەکەن ﴿مِن نِّسَائِهِمْ﴾ لەگەڵ هاوسەرەکانیان ﴿ثُمَّ يَعُودُونَ﴾ لەپاشان پەشیمان دەبنەوەو (دەیانەوێت بچنە لایان) ﴿لِمَا قَالُوا﴾ لەوەی کەووتویانە (واتە خێرا تەلاقیان نادەن) ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾ ئەوە پێویستە بەندەیەک ئازاد بکەن ﴿مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا﴾ لەپێش ئەوەی بەیەک بگەن (و بچنە لایان) ﴿ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ﴾ ئەم کەفارەتەی (کە لەسەرتان پێویست کراوە) ئامۆژگاری دەکرێن پێ ی ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە خوا شارەزا وئاگادارە بەوەی کە دەیکەن ③ ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ﴾ ئەمجا ئەگەر یەکێک (بەندەی) دەست نەکەوت ﴿فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ﴾ ئەوە با دوو مانگ لەسەریەک بەڕۆژوو بێت ﴿مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا﴾ پێش ئەوەی بچنە لای یەک ﴿فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ﴾ ئەگەر یەکێک نەیتوانی (دوومانگ بەڕۆژوو بێت) ﴿فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا﴾ ئەوە با نانی شەست هەژار بدات ﴿ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ ئەو (کەفارەتانە کە لەسەرتان پێویست کراوە) بۆ ئەوەیە باوەڕ بکەن بەخوا و پێغەمبەری خوا (مل کەچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بن) ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ﴾ وە ئەوانە سنووری خوان ﴿وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆ بێ باوەڕان هەیە سزای سەخت ④ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ بێگومان ئەوانەی دژایەتی و سەرپێچی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن ﴿كُبِتُوا﴾ ڕیسواو سەرشۆر دەکرێن ﴿كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ هەر وەک ئەوانەی پێش ئەمان ڕیسواو سەرشۆر کران ﴿وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ﴾ (چۆن نافەرمانی دەکەن) لەکاتێکدا دڵنیان کە ئێمە بەڵگەی ڕوونمان ناردۆتە خوارەوە ﴿وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ وە بۆ بێ باوەڕان سزای ڕیسواکەر هەیە ⑤ ﴿يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا﴾ لەڕۆژێکدا کەخوا هەموویان تێکڕا زیندوو دەکاتەوە ﴿فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا﴾ پاشان هەواڵیان پێ دەدات بەوەی کە کردویانە ﴿أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ﴾ کەخوا (هەمووی) ژمارددووە وە (بەڵام) خۆیان لەبیریان چووە ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارە ⑥

﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەت زانیوە ﴿أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ﴾ کە خوا دەزانێ چی لەئاسمانەکان ﴿وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ وە چی لەزەویی دایە ﴿مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَةٍ﴾ چپەی هیچ سێ کەسێك نی یە ﴿إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾ کە خوا چوارەمیان نەبێت ﴿وَلَا خَمْسَةٍ﴾ وە چپەی هیچ پێنج کەسێك نی یە ﴿إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ﴾ کە ئەو شەشەمیان نەبێت ﴿وَلَا أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ﴾ وە نەکەمتر لەو ژمارە نە زۆرتر نی یە ﴿إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ﴾ مەگەر خوایان لەگەڵدایە(بە زانیاری و ئاگاداری) ﴿أَيْنَ مَا كَانُوا﴾ لەهەر جێگایەکدا بن ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ پاشان لەڕۆژی دواییدا ئاگاداریان دەکاتەوە بەوەی کە کردوویانە ﴿إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك ئاگادار و زانایە ﴿١٠﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا سەرنجت نەداوە ﴿إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ﴾ لە ئەوانەی کە قەدەغە کران لە چپە ﴿ثُمَّ يَعُودُونَ﴾ پاشان دەگەڕێنەوە ﴿لِمَا نُهُوا عَنْهُ﴾ بۆ ئەوەی لێیان قەدەغە کرا بوو ﴿وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ وە لەگەڵ یەکتریدا بەچپە ئەدوێن دەربارەی گوناهو تاوان و دەست درێژی ﴿وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ﴾ وێ فەرمانی پێغەمبەریش ﷺ ﴿وَإِذَا جَاءُوكَ﴾ وە کاتێ بێن بۆ لات سەلامت لێ دەکەن ﴿بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ﴾ بە شێوەیەك کە خوا بەو جۆرە سەلامی لێ نەکردوویت ﴿وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ﴾ وە لەدڵی خۆیانـدا دەڵێن: (ئەگەر پێغەمبەرە) ﴿لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ﴾ بۆچی خوا سزامان نـادات بە هـۆی ئەو قسـانەی کە پـێ ی دەڵێـن ﴿حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ ئەوانە دۆزەخیان بەسـە کە (بێگومان) دەچنە ناوێەوە کە جێگایەکی زۆر خراپە ﴿٨﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانـەی کـە بڕواتـان هێناوە ﴿إِذَا تَنَاجَيْتُمْ﴾ کـە چپە تان کرد ﴿فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ بە چپە باسی گوناهـو دەسـت درێـژی ﴿وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ﴾ و سـەرپێچی پێغەمبـەر مەکەن ﴿وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ﴾ وە باسـی چاکە و پارێزکاری و لەخواترسـان بکەن ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي﴾ لەخوا بترسن (وخۆتان بپارێزن لـە سـزای ئەو خوایـەی) ﴿إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ کە هـەر لای ئەو کۆدەکرێنـەوە ﴿٩﴾ ﴿إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ﴾ بێگومان چپە تەنها لە شـەیتانەوەیە ﴿لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ تا ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە دڵتەنگ بکات ﴿وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا﴾ لەکاتێکدا هیچ زیانیان پێ ناگەیەنێت ﴿إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ مەگەر بە فەرمانی خوا نەبێت ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (دەبا)ئیمانداریش تەنها پشـت بەخوا ببەسـتن ﴿١٠﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئـەی ئەو کەسـانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿إِذَا قِيلَ لَكُمْ﴾ کاتێك پێیـان ووترا ﴿تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ﴾ لە کۆڕ ودانیشتنەکاندا جێگە بکەنەوە (وفراوانی بکەن) ﴿فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ئێوەش فراوانی بکەن خواش گوشـادی بـە ئێـوە دەدات ﴿وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا﴾ وە کاتێـك پێتان ووترا هەسـتن ، ئێوەش هەسـتن ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ﴾ خـواش پلـە و پایەی ئەو کەسـانە بەرز دەکاتـەوە لەئێوە کە بڕوایـان هێناوە ﴿وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ وە ئەوانـەی کـە زانسـتیان پـێ بەخشـراوە بـە چەند پلەیـەك (پلەیـان بەرز دەکاتەوە) ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وە خوا شارەزایە بەوەی دەیکەن ﴿١١﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿إِذَا نَٰجَيْتُمُ ٱلرَّسُولَ﴾ هەر کاتێ (ویستان) قسەی پەنهانی لە گەڵ پێغەمبەردا ﷺ بکەن ﴿فَقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَةً﴾ ئەوە پێش چپە کردنەکەتان خێرێک بکەن ﴿ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ﴾ ئەمە بۆ خۆتان چاکتر و پاکترە ﴿فَإِن لَّمْ تَجِدُواْ﴾ ئەمجا ئەگەر هیچتان نەبوو ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خوا لێخۆش بوو میهرەبانە ﴿١٣﴾ ﴿ءَأَشْفَقْتُمْ﴾ ئایا دەترسان (لە هەژاری) ﴿أَن تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَٰتٍ﴾ پێش چپە کردنەکەتان خێرێک بکەن ﴿فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُواْ﴾ ئەمجا ئەگەر خێرەکەتان نەکرد ﴿وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ﴾ و خواش تەوبەی لێ گیرا کردن ﴿فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ ئەوسا نوێژ بکەن و زەکات بدەن ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ وە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەن ﴿وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ وە خوا شارەزایە بەوەی کە دەیکەن ﴿١٤﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ﴾ ئایا بۆ سەرنجێک نادەی لە ئەوانەی ﴿تَوَلَّوْاْ﴾ کە دۆستایەتی ئەکەن ﴿قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم﴾ لە گەڵ هۆزێک (ی جوولەکە) کەخوا غەزەبی لێگرتوون ﴿مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ﴾ ئەوان نە لەئێوەن و نەلە ئەوانیشن ﴿وَيَحْلِفُونَ عَلَى ٱلْكَذِبِ﴾ وە سوێند دەخۆن بەدرۆ ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا خۆیان دەزانن (درۆ دەکەن) ﴿١٥﴾ ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ خوا سزای دژواری بۆ ئامادە کردوون ﴿إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ بەڕاستی ئەوەی ئەوان دەیانکرد کارێکی ناپەسەند بوو ﴿١٦﴾ ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً﴾ (دوو ڕووەکان) سوێندەکانیان کردبووە قەڵغانی (درۆ وخراپەکانیان) ﴿فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وە ڕێگری (خەڵک)یان کرد لەڕێبازی خوا ﴿فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ ئەمجا بۆ ئەوان هەیە سزای ڕیسواکەر ﴿١٧﴾ ﴿لَّن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ مالّ و منداڵیان هیچ سوودێکی نی یە بۆیان ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە یار و هاوەڵمی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿١٨﴾ ﴿يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا﴾ لەڕۆژێکدا کە خوا هەموویان زیندوو دەکاتەوە ﴿فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ﴾ ئەوسا سوێندی بۆ دەخۆن ﴿كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ﴾ هەر چۆنێ سوێندیان دەخوارد بۆ ئێوە (لە دونیاندا) ﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ﴾ وە وادەزانن شتێکیان بە دەستەوەیە ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ﴾ بە بزانن بەڕاستی هەر ئەوانن درۆزن ﴿١٩﴾ ﴿ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووە (بەجۆرێک) ﴿فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ﴾ کە یادی خوای لەبیر بردوونەتەوە ﴿أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ ئەوانە کۆمەڵ و دەستەی شەیتانن ﴿أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَٰنِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ بە بزانن کە بەڕاستی هەر کۆمەڵ و دەستەی شەیتان زەرەرمەندن ﴿٢٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە دوژمنایەتی خوا و پێغەمبەری خوا دەکەن ﴿أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلْأَذَلِّينَ﴾ ئەوانە لە ڕیسوا ترینی خەڵکن ﴿٢١﴾ ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ﴾ خوا نووسیویەتی ﴿لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓ﴾ کە بێگومان من و پێغەمبەرانم سەردەکەوین ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ بەڕاستی خوا بەهێز و بە توانای بالادەستە ﴿٢١﴾

﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ﴾ کەسانێك نابینیت کە باوەڕیان هەبێت ﴿بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ بە خواو بەڕۆژی دوایی ﴿يُوَادُّونَ﴾ کە دۆستایەتی بکەن ﴿مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ لەگەڵ ئەوانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەری خوا دەکەن (واتە : نابێت باوەڕداران دۆستایەتی و پشتیوانی بێ باوەڕان بن) ﴿وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ﴾ هەر چەندە ئەو دوژمنانەش باوکیان بن ﴿أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ﴾ یان کوڕ و براو خزمیان بن ﴿أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾ ئەوانە خوا باوەڕی لە دڵیاندا چەسپاندووە ﴿وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِّنْهُ﴾ بەهێزی کردوون و سەری خستون بە قورئان و ئیمان لەلایەن خۆیەوە ﴿وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ﴾ وە دەیانخاتە بەهەشتانێکەوە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ کە جۆگە ئاوی زۆر دەڕوات بەژێر درەختەکانیاندا ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە ﴿رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ﴾ خوا لێ یان ڕازی بووە ﴿وَرَضُوا عَنْهُ﴾ ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون ﴿أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ﴾ ئەوانە کۆمەڵ ودەستەی خودان ﴿أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئاگادارین کە تەنها کۆمەڵ ودەستەی خودا ڕزگار و سەرفرازن ﴿٢٢﴾

سورەتی ﴿الحشر﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تەسبیحاتی خوا دەکات ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ وە تەنها ئەو زاڵی بالادەستی کاردروستە ﴿١﴾ ﴿هُوَ الَّذِي﴾ خوا زاتێکە ﴿أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ﴾ بێ باوەڕانی خاوەن کتێبی دەرکرد ﴿مِن دِيَارِهِمْ﴾ لە ماڵ و شوێنی خۆیان ﴿لِأَوَّلِ الْحَشْرِ﴾ بۆیەکەم کۆبوونەوە ﴿مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا﴾ بە تەمانەبوون (ئەی موسوڵمانینە) کە (لە قەڵاکانیان) دەربچن ﴿وَظَنُّوا أَنَّهُم﴾ خۆشیان وایان دەزانی ﴿مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ﴾ کە قەڵاکانیان دەیانپارێزن لە (سزای) خوا ﴿فَأَتَاهُمُ اللَّهُ﴾ بۆیە (سزای) خوایان بۆهات ﴿مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا﴾ لە شوێنێکەوە کە گومانیان بۆی نەدەچوو ﴿وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ﴾ وە خوا ترسێکی خستە ناو دڵیانەوە ﴿يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم﴾ کە خانوەکانی خۆیانیان وێران دەکرد ﴿بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ﴾ بە دەستی خۆیان وبەدەستی ئیمانداران ﴿فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾ ئەمجا پەند وەرگرن ئەی خاوەن بیرو هۆشان ﴿٢﴾ ﴿وَلَوْلَا أَن كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَلَاءَ﴾ ئەگەر خوا دەربەدەری لەسەر بڕیار نەدابایە (لەسەر ئەو جولەکانە) ﴿لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا﴾ بێگومان لە دونیادا سزای دەدان ﴿وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ﴾ لە ڕۆژی دواییشدا بۆ ئەوان هەیە ﴿عَذَابُ النَّارِ﴾ سزای ئاگری دۆزەخ ﴿٣﴾

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ﴾ ئەم سزایە بە هۆی ئەوەوە بوو ﴿شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۖ﴾ دژایەتی خوا و پێغەمبەریان کرد ﴿وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ﴾ وە هەر کەسێك دژایەتی خوا بکات ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا تۆڵە سێنی بەتینە ﴿٤﴾ ﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ﴾ ئەوەی بڕیتان لە دارخورما ﴿أَوْ تَرَكْتُمُوهَا﴾ یا لێی گەڕان ﴿فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ بە وەستاوی لەسەر بنەکانیان بمێننەوە ﴿فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ ئەوە بە فەرمانی خوا بووە ﴿وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ وە بۆ سەرشۆر کردنی لەسنوور دەرچووان بوو (مەبەست پێ جولەکەکانە) ﴿٥﴾ ﴿وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ﴾ ئەو (دەستکەوتانە) کەخوا سەندیەوە (بێ جەنگ کردن) ﴿عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ﴾ بۆ پێغەمبەرەکەی لە مالی (بەنی نەضیر) ﴿فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ﴾ ئێوە بۆ بەدەست هێنانی (ئەو مال وسامانەی جولەکە) هیچ ئەسپ و حوشترێکیان تاونەداوە و(نەجەنگاون) ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ﴾ بەڵکو خوا پێغەمبەرانی زاڵ دەکات ﴿عَلَىٰ مَن يَشَآءُ﴾ بەسەر هەرکەسدا کەبیەوێت ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٦﴾ ﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ﴾ ئەوەی خوا دەست پێغەمبەری خست (بەبێ جەنگ) ﴿مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ﴾ لە (سەروەت و سامانی) گوندنشینەکانی جولەکە ﴿فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ﴾ ئەوە بۆ خواو بۆ پێغەمبەرە ﷺ (واتە لە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانانداخەرج دەکرێت) ﴿وَلِذِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ﴾ وە بۆ خزمانی (پێغەمبەر ﷺ) و هەتیوان ﴿وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ وە بۆ هەژاران و ڕێبوارانی کەم دەستە ﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْۚ﴾ تا (ئەو مال وسامانە) تەنها لەناو دەوڵەمەندەکانتاندا دەست بە دەستی پێ نەکرێت و بەس ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ﴾ وە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێ ی دان وەربیگرن ﴿وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾ وە ئەوەی لێتانی قەدەغە کرد وازی لێ بهێنن ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ﴾ وەلە خوا بترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ بێگومان خوای گەورە سزای سەختە ﴿٧﴾ ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ﴾ (ئەو دەستکەوتەی لە بەنی نەضیر گیرا) بۆ نەدارانی کۆچکەرانە ﴿ٱلَّذِينَ أُخْرِجُواْ﴾ ئەوانەی کە دەرکران ﴿مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ﴾ لەمال و سامانیان ﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا﴾ فەزڵ و بەهرەی خوا و ڕزامەندی ئەویان دەوێت ﴿وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ﴾ وە یارمەتی (ئایینی) خوا وپێغەمبەری خوا دەدەن ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ﴾ هەر ئەوانن ڕاستگۆیان ﴿٨﴾ ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوانە (یاریدەدەرەکان) کە لەمال وشوێنی خۆیان بوون (لەشاری مەدینە) و باوەڕیان هێنا پێش (کۆچکردنی برا موهاجرەکانیان) ﴿يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ﴾ ئەوەی کۆچ بکات بۆ لایان خۆشیان دەوێ ﴿وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُواْ﴾ وە شك نابەن لە دڵ ودەروونی خۆیاندا هیچ جۆرە حەسوودی و بەخیلیەك لەبەر ئەوەی بەشی کۆچکەران درا و(بەشی ئەوان نەدرا لەو مال وسامانەی کە گیرا لەجولەکەکان) ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ وە فەزڵی ئەوان ئەدەن بەسەر فەزڵی خۆیاندا ﴿وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌۚ﴾ ئەگەر چی خۆشیان زۆر پێویستیان پێی بێت ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ﴾ وە ئەو کەسەی خۆی لە ڕژدی وبەخیلی دەروونی بپارێزێت ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ (بەڕاستی) هەر ئەوانن سەرفەراز وسەرکەوتوو ﴿٩﴾

﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ﴾ ئەو (باوەڕدارانەش) لەپاش ئەمانەوە هاتوون ئەڵێن: ﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان لێمان خۆشبە ﴿وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ﴾ وە لەو برایانەشمان (خۆش ببە) ﴿سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ﴾ کە پێشمان کەوتوون لەئیمان هێناندا ﴿وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ وە هیچ ڕق و کینەیەك مەخەرە دڵمانەوە دەربارەی باوەڕادران ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ﴾ ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی هەرتۆی دڵسۆزی میهرەبانی ﴿١٠﴾ ﴿أَلَمۡ تَرَ﴾ ئایا سەرنجێکت نەداوە ﴿إِلَى ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ﴾ لەوانەی کە دووڕوو بوون ﴿يَقُولُونَ لِإِخۡوَٰنِهِمُ﴾ ئەڵێن بەو برادەرانەیان ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ کە بێ باوەڕ بوون لە (جوولەکە) خاوەن کتێبەکان ﴿لَئِنۡ أُخۡرِجۡتُمۡ﴾ ئەگەر دەربکرێن (لەماڵ وخاك و ئاوتان) ﴿لَنَخۡرُجَنَّ مَعَكُمۡ﴾ ئێمەش لەگەڵتاندا دەردەچین ﴿وَلَا نُطِيعُ فِيكُمۡ أَحَدًا أَبَدٗا﴾ وەهەرگیز گوێڕایەڵی کەس ناکەین لەدژی ئێوە ﴿وَإِن قُوتِلۡتُمۡ﴾ وە ئەگەر جەنگتان لەگەڵ دا بکرێ ﴿لَنَنصُرَنَّكُمۡ﴾ بێگومان ئێمە یارمەتی ئێوە دەدەین ﴿وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ﴾ بێگومان خواشایەتی ئەدات کەئەوان درۆزنن ﴿١١﴾ ﴿لَئِنۡ أُخۡرِجُواْ﴾ ئەگەر دەر بکرێن ﴿لَا يَخۡرُجُونَ مَعَهُمۡ﴾ ئەوان لەگەڵیاندا دەرناچن ﴿وَلَئِن قُوتِلُواْ لَا يَنصُرُونَهُمۡ﴾ وە ئەگەر جەنگیان لە دژ کرا یارمەتیان نادەن ﴿وَلَئِن نَّصَرُوهُمۡ﴾ وە ئەگەر یارمەتیان بدەن ﴿لَيُوَلُّنَّ ٱلۡأَدۡبَٰرَ﴾ بێگومان (ئەشکێن و) پشت هەڵدەکەن ﴿ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾ پاشان سەرناخرێن ﴿١٢﴾ ﴿لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِ﴾ بەڕاستی (ئەی باوەڕداران) ئێوە ترستان زیاترە لەدڵی ئەواندا تاخوا ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ﴾ ئەوەش لەبەرئەوەیە کە بێگومان ئەوانە ﴿قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ﴾ کەسانێکن تێ ناگەن ﴿١٣﴾ ﴿لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا﴾ (جوولەکە) جەنگتان لەگەڵ ناکەن هەموو پێکەوە ﴿إِلَّا فِي قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ﴾ مەگەر لەچەند گوندێکی قایمی قەڵاییندا نەبێت ﴿أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭ﴾ یان لەپشتی دیوارەوە ﴿بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞ﴾ دژایەتی نێوانیان زۆر سەختە ﴿تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا﴾ تۆوادەزانی کەئەوان کۆوپێکەوەن ﴿وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰ﴾ لەکاتێکدا دڵیان جیا ولەیەك دوورە ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ﴾ ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەوان گەلێکی نەفامن ﴿١٤﴾ ﴿كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ﴾ نموونەی (ئەم جوولەکانە) وەك نموونەی ئەوانەن ﴿مِن قَبۡلِهِمۡ قَرِيبٗا﴾ کە لەپێش ئەماندا بوون بەماوەیەکی کەم (مەبەست پێی موشریکەکانی قورەیش وجوولەکەکانی بەنو قەینوقاعە) ﴿ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ﴾ سەرئەنجامی کاری خۆیان چەشت ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ وەبۆ ئەوان هەیە سزای سەخت ﴿١٥﴾ ﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ﴾ (نموونەی ئەم ناپاکانە) وەك شەیتان وایە ﴿إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ﴾ کە بەمرۆڤی ووت: بێ بڕوابە ﴿فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ﴾ جا کە بێ بڕوا بوو (شەیتان) ووتی: ﴿إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ﴾ بەڕاستی من بەریم لەتۆ ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بێگومان من لەخوای پەروەردگاری جیهانیان دەترسم ﴿١٦﴾

﴿فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ﴾ جا سەرئەنجامی هەردووکیان ئەوەیە ﴿أَنَّهُمَا فِي ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا﴾ کە بێگومان هەردوولا لە دۆزەخدا ئەبن بەهەمیشەیی ﴿وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وە ئەمەیە سزای ستەمکاران ﴿١٧﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن ﴿وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ﴾ وە هەموو کەسێك باسەرنج بدات ﴿مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ﴾ (بزانێ) چی پێش خۆی ناردوەبۆ پاشەڕۆژی (لەکاروکردەوەی چاکە) ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا بترسن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ بەڕاستی خوا شارەزایە بەوەی کە دەیکەن ﴿١٨﴾ ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ نَسُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وەك ئەوانە مەبن کە خوایان لەبیر خۆیان بردەوە ﴿فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ﴾ جا خواش ئەوانی لەبیر خۆیان بردوەتەوە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ هەر ئەوانن دەرچوان لە فەرمانی خوا ﴿١٩﴾ ﴿لَا يَسْتَوِىٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ﴾ دۆزەخیان و بەهەشتیان وەك یەك ویەکسان نین ﴿أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ﴾ بەهەشتیان ڕزگاروسەرکەتوون ﴿٢٠﴾ ﴿لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ﴾ ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە ﴿عَلَىٰ جَبَلٍ﴾ بۆ سەر کێوێك ﴿لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا﴾ (وە تێبگەشتایە لەوەی کە تێیدا هاتووە) دەتبینی بەملکەچی ولەت لەت بووی ﴿مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ﴾ لەترسی خوا ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ﴾ ئەم جۆرەنموونانە ﴿نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ﴾ دەیان هێنینەوەبۆ خەڵکی ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە ﴿٢١﴾ ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى﴾ خوا هەر ئەو زاتەیە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە بێجگە ئەو ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ زانای هەموو نهێنی و ئاشکراکانە ﴿هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ﴾ هەر ئەوە بەخشندەی میهرەبان ﴿٢٢﴾ ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى﴾ ئەوە ئەو خوایە یە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ کە بێجگە لەو پەرستراوێکی ڕاست نییە ﴿ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ﴾ پاشا و پاك و بێگەرد ﴿ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ﴾ وئاشتی دەر و، دڵنیا کەرەو ﴿ٱلْمُهَيْمِنُ﴾ چاودێر و پارێزگار ﴿ٱلْعَزِيزُ﴾ وزاڵ وبالادەستەت و ﴿ٱلْجَبَّارُ﴾ خاوەن شکۆ ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾ وشایستەی هەموو گەورەیی یەکە ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ﴾ پاکی و بێگەردی بۆ خوایە ﴿عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ لەوهاوبەشانەی کەبۆی دانەنرێ ﴿٢٣﴾ ﴿هُوَ ٱللَّهُ﴾ هەر ئەوەخواو ﴿ٱلْخَٰلِقُ﴾ بەدیهێنەر و ﴿ٱلْبَارِئُ﴾ داهێنەرو ﴿ٱلْمُصَوِّرُ﴾ وویننە کێشە ﴿لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾ هەر بۆ ئەوەهەموو ناوێکی هەرە جوان وپاك ﴿يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە ستایشی ئەو دەکەن ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ وە هەر ئەوە زاڵ و بالادەستی کار بەجێ ﴿٢٤﴾

سورەتی ﴿ الْمُمْتَحِنَةِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ﴾ دوژمنانی من و خۆتان مەکەن بەدۆستی خۆتان ﴿تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ﴾ دۆستایەتی خۆتانیان بۆ بنێرن ﴿وَقَدْ كَفَرُوا﴾ لەکاتێکدا دڵنیاشن ئەوان بێ باوەڕن ﴿بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ﴾ بەو ئایینە ڕاستەی کە بۆتان هاتووە ﴿يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ﴾ پێغەمبەر ﷺ و ئێوەش دەردەکەن ﴿أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ﴾ (لەبەرئەوەی) کە باوەڕتان هەیە بەخوای پەروەردگارتان ﴿إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ﴾ جا ئەگەر دەرچوون لەوواڵاتی خۆتان ﴿جِهَادًا فِي سَبِيلِي﴾ بۆ تێکۆشان و جەنگ کردن لە ڕێی منداو ﴿وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي﴾ وە بۆ بەدەستهێنانی خۆشنوودی من (دۆستایەتی ئەوان مەکەن) ﴿تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ﴾ ڕازو نهێنی (باوەڕدارانیان) پێ دەڵێن بە دۆستایەتی ﴿وَأَنَا أَعْلَمُ﴾ لە کاتێکدا من ئەزانم ﴿بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ﴾ بەوەی شاردتانەوەو بەوەیشی ئاشکراتان کرد ﴿وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ﴾ وە هەرکەسێك لە ئێوە دۆستایەتیان بکات ﴿فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ﴾ ئەوە بێگومان ڕێ ی ڕاستی وون کردووە ﴿إِن يَثْقَفُوكُمْ﴾ ئەگەر تووشتان بێن ﴿يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاءً﴾ ئەبن بەدوژمنی ئێوە ﴿وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ﴾ وە درێژ ئەکەن بۆتان ﴿أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوءِ﴾ دەستیان و زمانیان بەخراپی ﴿وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ﴾ ئاواتە خوازن کە ئێوە بێ باوەڕ بوونایە ﴿لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ﴾ نەخزمانتان و نەمناڵانتان سوودتان پێ ناگەیەنن ﴿يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ﴾ لەڕۆژی دواییدا (خوا ئێوە و خزمەکانتان) لەیەك جیادەکاتەوە ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ وە خوا بینایە بەوەی کەدەیکەن ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ﴾ بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە ﴿أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ سەرمەشقێکی جوان و چاك ﴿فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ﴾ لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدابوون ﴿إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ﴾ کەبە گەلەکەی خۆیانیان ووت ﴿إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ﴾ بەڕاستی ئێمە بێزار و بەرین لەئێوە ﴿وَمِمَّا تَعْبُدُونَ﴾ وە لەو شتانەش کەدەیان پەرستن ﴿مِن دُونِ اللَّهِ﴾ لەجیاتی خوا ﴿كَفَرْنَا بِكُمْ﴾ ئێمە باوەڕمان نی یە بە(ئایینی) ئێوە ﴿وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ﴾ وە پەیدابوو لەنێوان ئێمەو ئێوەدا ﴿الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا﴾ دوژمنایەتی و کینە بۆ هەمیشەیی ﴿حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ تا کاتێك کەبڕوا بەخوای تاك و تەنیا دەهێنن ﴿إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ﴾ جگە لەو قسەیەی ئیبراهیم کە بەباوکی ووت ﴿لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ﴾ بێگومان داوای لێخۆشبوونت بۆ ئەکەم ﴿وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾ وە من هیچم بەدەست نی یە لەبەرانبەر خوادا بۆ تۆ ﴿رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا﴾ ئەی پەروەردگارمان تەنها پشتمان بەتۆ بەستووە ﴿وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا﴾ وە هەر بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە ﴿وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ سەر ئەنجامیش هەر بۆلای تۆیە ﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا﴾ ئەی پەروەردگار نەمان کەیت ﴿فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بە مایەی گومڕایی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا﴾ وە لێمان خۆشبە ئەی پەروەردگارمان ﴿إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی هەر تۆیت زاڵی بااڵدەستی کاربەجێ

﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ﴾ سوێند بەخوا بێگومان بۆ ئێوە هەیە لەئیبراهیم و بڕواداڕەکانیدا ﴿أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ سەرمەشقێکی جوان ﴿لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ﴾ بۆ کەسێك کە ئومێد و هیوای بێ بە خوا و بەڕۆژی دوای ﴿وَمَن يَتَوَلَّ﴾ وەهەر کەسێك پشت هەڵکات ﴿فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ﴾ ئەوە بەڕاستی هەر خوایە بێ نیازو دەوڵەمەندو ﴿الْحَمِيدُ﴾ شایستەی ستایش ۶ ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً﴾ دڵنیا بن خوای گەورە دۆستایەتی و خۆشەویستی دروستی دەکات لەنێوان ئێوە و ئەوانەی دوژمنایەتیتان لەگەڵ کردوون (بەئیمان هێنانی زۆربەیان) ﴿وَاللَّهُ قَدِيرٌ﴾ وە خوا بەتوانایە ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وەخوا لێ خۆشبوی میهرەبانە ۷ ﴿لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ﴾ خوا ڕێتان لێ ناگرێت ﴿عَنِ الَّذِينَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی ﴿لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ﴾ کە جەنگیان لەگەڵ نەکردوون ﴿فِي الدِّينِ﴾ لەسەر ئەم دینە ﴿وَلَمْ يُخْرِجُوكُم﴾ وە دەریان نەکردوون ﴿مِّن دِيَارِكُمْ﴾ لەجێگا و شوێن وخاك و وڵاتی خۆتان ﴿أَن تَبَرُّوهُمْ﴾ کەچاکەیان لەگەڵ بکەن ﴿وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ﴾ وەدادگەربن لەگەڵ یاندا ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش ئەوێ کەدادگەرن ۸ ﴿إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ﴾ بێگومان خوا ڕێگریتان لێ دەکات تەنها ﴿عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ﴾ لەوانەی کە جەنگیان لەگەڵ کردوون ﴿فِي الدِّينِ﴾ لەسەر دین(وباوەڕەکەتان) ﴿وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ﴾ وەدەریان کردوون لە جێگا و شوێن وخاك و وڵاتی خۆتان ﴿وَظَاهَرُوا عَلَىٰ إِخْرَاجِكُمْ﴾ وەیارمەتیان داوە لەسەر دەرکردنتان ﴿أَن تَوَلَّوْهُمْ﴾ (ڕێگریتان دەکات) لەوەی کەدۆستایەتیان لەگەڵ بکەن وبەدۆستیان دابنێن ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُمْ﴾ وە هەر کەسێك دۆستایەتیان بکات ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ ئا ئەوانە خۆیان ستەمکارن ۹ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ﴿إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ﴾ ئەگەر ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆلاتان ﴿مُهَاجِرَاتٍ﴾ بە کۆچ کەری ﴿فَامْتَحِنُوهُنَّ﴾ تاقیان بکەنەوە ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ﴾ خوا بەباوەڕی ئەوان زاناترە ﴿فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ﴾ ئەمجا ئەگەر زانیتان ئەو (ئافرەتانە) ﴿مُؤْمِنَاتٍ﴾ باوەڕدارن ﴿فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ﴾ ئەوە مەیانگێڕنەوە بۆلای (میردە) بێ بڕواکانیان ﴿لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ﴾ نەئەو ئافرەتانە حەڵاڵن بۆ ئەو میردە بێ باوەڕانە ﴿وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾ وە نە ئەو میردانەش بۆ ئەو ئافرەتانە حەڵاڵن ﴿وَآتُوهُم مَّا أَنفَقُوا﴾ وە ئەوەی (میردەکانیان) خەرجیان کردووە، بیداتەنەوە ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە ﴿أَن تَنكِحُوهُنَّ﴾ کە ئەم ئافرەتانە مارە بکەن ﴿إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ ئەگەر مارەییەکانیان بدەنێ ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾ ژنە کافرە (بت پەرستەکان) لای خۆتان ڕامەگرن (ئەوانەی کە لە مەککە بەبێ باوەڕی ماونەتەوە) ﴿وَسْأَلُوا مَا أَنفَقْتُمْ﴾ ئێوە داوای ئەوە بکەنەوە کەخەرجتان کردووە (بۆ ژنە کافرەکانتان کە ئێستە چوونەتە لای کافران) ﴿وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنفَقُوا﴾ ئەوانیش با داوای ئەوە بکەن کە خەرجیان کردووە (بۆ ژنە موسوڵمان بووەکانیان کە هاتونەتە لای ئێوە) ﴿ذَٰلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ﴾ ئەمە فەرمانی خوایە ﴿يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ﴾ بڕیار ئەدا لەنێوانیاندا ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای کاربەجێ یە ۱۰ ﴿وَإِن فَاتَكُمْ﴾ ئەگەر لە دەستتان چوو ﴿شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ﴾ یەکێك لە خێزانەکانتان (بەچوونیان) ﴿إِلَى الْكُفَّارِ﴾ بۆ لای بێ باوەڕان ﴿فَعَاقَبْتُمْ﴾ ئێوەش تۆڵەتان لێ سەندن(و غەنیمەتتان گرت) ﴿فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُم﴾ ئەمجا (لەو غەنیمەتە)بدەن بەوانەی کە ژنەکانیان ڕۆشتووە ﴿مِّثْلَ مَا أَنفَقُوا﴾ بە ئەندازەی ئەوەی کە خەرجیان کردووە ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ وە بترسن لەو خوایەی ﴿الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ﴾ کە ئێوە بڕواتان پێ هێناوە ۱۱

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ﴾ هەر کاتێک ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆلات ﴿يُبَايِعْنَكَ﴾ کە پەیمانت لەگەڵ ببەستن ﴿عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ لەسەر ئەوەی هیچ شتێك نەکەن بەهاوبەشی خوا ﴿وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ﴾ وە دزیی و داوێن پیسی نەکەن و ﴿وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ﴾ وە منداڵانی خۆیان نەکوژن ﴿وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ﴾ هیچ جۆرە بوهتانێك هەڵنەبەستن ﴿بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ﴾ لەنێوان دەست و پێ یاندا ﴿وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ﴾ وە بێ فەرمانیت نەکەن لەهیچ کارێکی چاکەدا ﴿فَبَايِعْهُنَّ﴾ تۆش پەیمانیان لەگەڵ ببەستە ﴿وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ﴾ وە لەخوا داوای لێ خۆشبوونیان بۆبکە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێ خۆشبووی میهرەبانە ﴿١٢﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَتَوَلَّوْا۟ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾ کەسانێك کەخوا غەزەبی لێ گرتوون مەیکەن بە دۆست وپشتیوانی خۆتان ﴿قَدْ يَئِسُوا۟ مِنَ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ بەڕاستی ئەوان بێ هیوا بوون لە (پاداشتی) ڕۆژی دوایی ﴿كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ﴾ هەر چۆن بێ بڕوایان بێ هیوان ﴿مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْقُبُورِ﴾ لە مردووی ناو گۆڕستان (کە زیندوو ببێتەوە) ﴿١٣﴾

سورەتی ﴿الصَّفِّ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾ تەسبیحاتی خوا دەکات هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەوی دایە ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ وە ئەو زاڵی بالادەستی کاربەجێ یە ﴿١﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ بۆچی ئەوەی ئەیڵێن ئەنجامی نادەن ﴿٢﴾ ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ﴾ زۆر مایەی ڕق و توڕەیی یە لای خوا ﴿أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ کە قسەیەك بڵێن کردەوەی پێ نەکەن ﴿٣﴾ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ﴾ بەڕاستی خوا کەسانێکی خۆش دەوێ ﴿يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا﴾ کە بەیەك ڕیز دەجەنگن لەڕێی خوادا ﴿كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ﴾ وەك کۆشکێکی قایمی چەسپووی دامەزراو ﴿٤﴾ ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾ (ببربکەرەوە) کاتێك کە موسا بەگەلەکەی ووت ﴿يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى﴾ ئەی گەلەکەم بۆچی ئازارم دەدەن ﴿وَقَد تَّعْلَمُونَ﴾ لە کاتێکدا بەدڵنیاییەوە دەزانن ﴿أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ﴾ کە من نێردراوی خوام بۆلای ئێوە ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓا۟﴾ جا کاتێك لایان دا لەهەق ﴿أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ﴾ خواش دڵی وەرگێران ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ وە خوا ڕێنموونی گەلی لەڕێ دەرچوو ناکات ﴿٥﴾

﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ (بیربکەرەوە) کاتێك کە عیسای کوڕی مەریەم ووتی ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي﴾ ئەی بەنو ئیسرائیل (نەوەکانی یەعقوب) بێگومان من ﴿رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ﴾ ئێردراوی خوام بۆلای ئێوە ﴿مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ﴾ ئەو تەورانەی کە لە پێش منداً هاتووە بەڕاستی دانەنێم ﴿وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ﴾ وە مژدەتان پێ دەدەم بە پێغەمبەرێك ﴿يَأْتِي مِنْ بَعْدِي﴾ کە لەدوای من دێ و ﴿اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾ ناوی ئەحمەدە ﴿فَلَمَّا جَاءَهُمْ﴾ ئەمجا کاتێك کە ئەو (پێغەمبەرە) یان بۆ هات ﴿بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا﴾ بە چەند نیشانەی ڕوون و ئاشکرا وە ووتیان ﴿هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە ﴿٦﴾ ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ﴾ جاکێ لەو کەسە ستەمکارترە ﴿افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ﴾ کەدرۆ هەڵبەستێت بەدەم خواوە ﴿وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ﴾ لە کاتێکدا کە بۆ ئیسلام بانگ دەکرێ ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ وە خوا ڕێنموونی گەلی ستەم کار ناکات ﴿٧﴾ ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ﴾ دەیانەوێ ڕووناکی دینی خوا بکوژێننەوە ﴿بِأَفْوَاهِهِمْ﴾ بەقسەی دەمیان ﴿وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ﴾ وە خوا ڕووناکی خۆی تەواو دەکات ﴿وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾ با بێ باوەڕانیش پێ یان ناخۆش بێ ﴿٨﴾ ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ﴾ خوا ئەو زاتەیە کە پێغەمبەری خۆی ناردووە ﴿بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ﴾ بە ڕێنموونیی و ئایینێکی ڕاست و دروستەوە، هەتا بەسەر هەموو ئایینێکدا سەری بخات ﴿وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ هەرچەندە هاوبەشی پەیداکەرانیش پێ یان ناخۆش بێ ﴿٩﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ﴾ ئایا بازرگانیەکتان نیشان بدەم ﴿تُنْجِيكُمْ﴾ کە ڕزگارتان بکات ﴿مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ لە سزایەکی پڕ لە ئازار ﴿١٠﴾ ﴿تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ (بازرگانیەکەش ئەمەیە) باوەڕ بهێنن بەخوا و پێغەمبەرەکەی ﴿وَتُجَاهِدُونَ﴾ وە تێبکۆشن ﴿فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لە ڕێ ی خوادا ﴿بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ﴾ بە سامان وگیانی خۆتان ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ ئەمەتان باشترە بۆ خۆتان ﴿إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بزانن ﴿١١﴾ ﴿يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾ (ئەوسا خوا) لە گوناهەکانتان خۆش دەبێ ﴿وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ﴾ وە (لە ڕۆژی دواییدا) دەتان خاتە باخاتێکەوە ﴿تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ کە جۆگەی ئاوی زۆر بەژێریاندا دەڕوات ﴿وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً﴾ (وە دەتانخاتە) خانوو کۆشکی زۆر پاك و خۆشەوە ﴿فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ﴾ لە بەهەشتانی جێگای مانەوەی هەمیشەیی دان ﴿ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ ئەمەیە سەرکەوتنی گەورە ﴿١٢﴾ ﴿وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا﴾ وە شتێکی تر کە حەزی لێ دەکەن ﴿نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ﴾ کەیارمەتی دانە لە خواوە ﴿وَفَتْحٌ قَرِيبٌ﴾ وە ڕزگارکردنێکی نزیك (وئازادکردنی شاری مەککە یە) ﴿وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وە (بەمە) مژدە بدە بەئیمانداران ﴿١٣﴾ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿كُونُوا أَنْصَارَ اللَّهِ﴾ ببن بە یارمەتی دەرانی (ئایینی) خوا ﴿كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ هەروەك عیسای کوڕی مەریەم ووتی ﴿لِلْحَوَارِيِّينَ﴾ بە هاوڕێ تایبەتەکانی خۆی ﴿مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ﴾ کێ یارمەتی دەری منە بۆ لای خوا ﴿قَالَ الْحَوَارِيُّونَ﴾ هاوڕێکانی ووتیان ﴿نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ﴾ ئێمە یارمەتی دەرانی (دینی) خوایین ﴿فَآمَنَتْ طَائِفَةٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ ئەمجا دەستەیەك لە بەنو ئیسرائیل باوەڕیان هێنا ﴿وَكَفَرَتْ طَائِفَةٌ﴾ وە دەستەیەکیشیان بێ باوەڕ بوون ﴿فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئێمەش پشتیوانی ئەوانەمان کرد کە باوەڕیان هێنا ﴿عَلَى عَدُوِّهِمْ﴾ لە بەرانبەر دوژمنەکانیاندا ﴿فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ﴾ بۆیە سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەریاندا ﴿١٤﴾

سورەتی ﴿ الجُمُعَة ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ﴾ تەسبیحاتی خوا دەکات ﴿مَا فِي السَّمَاوَاتِ﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان ﴿وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ وە ئەوەی لە زەوی دایە ﴿الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ﴾ (ئەو خوایەی) کە پاشایەکی پاك و بێگەردی ﴿الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ زاڵی بالادەستی کار بەجێ یە ① ﴿هُوَ الَّذِي﴾ خوا ئەو زاتەیە ﴿بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ﴾ کە ناردوویەتی لە ناو نەخوێندەواراندا (عەرەبەکاندا) ﴿رَسُولًا مِنْهُمْ﴾ پێغەمبەرێك لە خۆیان ﴿يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ﴾ دەخوێنێتەوە بەسەریاندا نیشانەکانی خوا ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾ پاکیان دەکاتەوە ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾ وە قورئان وفەرموودەی (پێ سوود)یان فێر دەکات ﴿وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ﴾ هەرچەندە ئەوان لەپێشدا ﴿لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ لە گومڕاییەکی ئاشکرادابوون ② ﴿وَآخَرِينَ مِنْهُمْ﴾ وە (ڕەوانەشی کردووەبۆ) گەلانی تری جگە لەوان ﴿لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ﴾ کە هێشتا پێ یان نەگەیشتوون (و موسوڵمان نەبوون) ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ وە خوا زاڵی بالادەستی کار دروستە ③ ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ﴾ ئەوە بەهرەیەکی خوایی یە ﴿يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ ئەیدا بە هەر کەسێك کە(خۆی) بیەوێ ﴿وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ وە خوا خاوەنی فەزڵ و بەهرە وبەخششی گەورەیە ④ ﴿مَثَلُ الَّذِينَ﴾ نموونەی بەسەرهاتی ئەوانەی ﴿حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ﴾ کە تەوراتیان درا بەسەردا ﴿ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا﴾ لە پاشان هەڵیان نەگرت (ڕەفتاریان پێ نەکرد) ﴿كَمَثَلِ الْحِمَارِ﴾ وەك گوێ درێژێکە ﴿يَحْمِلُ أَسْفَارًا﴾ کە کتێبێکی زۆری هەڵگرتبێ (سوودی لێ نابینێ) ﴿بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ﴾ ئای چەند خراپە نموونەی ئەو گەلەی ﴿كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ کە نیشانەکانی خوایان بە درۆزانی ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ وە خوا ڕێ نموونیی گەلی ستەمکاران ناکات ⑤ ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەی ئەوانەی کە لەسەر دینی جوولەکەن ﴿إِنْ زَعَمْتُمْ﴾ ئەگەر پێتان وایە ﴿أَنَّكُمْ أَوْلِيَاءُ لِلَّهِ﴾ کە بەڕاستی ئێوە دۆستی خوان ﴿مِنْ دُونِ النَّاسِ﴾ بێجگە لە خەڵکی تر ﴿فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ﴾ کەوا بوو داوای مردن بکەن ﴿إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ⑥ ﴿وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا﴾ وە ئەوانە هەرگیز داوای مردن ناکەن ﴿بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾ لەبەر ئەو (گوناهانەی) کە بەدەستی خۆیان پێشیان خستووە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ﴾ وە خوا ئاگادارە بەستەم کاران ⑦ ﴿قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي﴾ بڵێ بەڕاستی ئەو مردنەی کە ﴿تَفِرُّونَ مِنْهُ﴾ لێ ی ڕادەکەن ﴿فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ﴾ بێگومان پێتان دەگات و تووشتان دەبێ ﴿ثُمَّ تُرَدُّونَ﴾ لەپاشان دەگەڕێنرێنەوە ﴿إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ بۆ لای خوای زانا بەئاشکرا و نهێنیەکان ﴿فَيُنَبِّئُكُمْ﴾ ئەمجا هەواڵتان پێ دەدات ﴿بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ بەوەی کەدەتانکرد ⑧

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ﴿إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ﴾ کاتێك کە بانگدرا بۆ نوێژ ﴿مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ﴾ لە ڕۆژی هەینی دا ﴿فَٱسْعَوْاْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ بەپەلە بڕۆن بۆ یادی خوا (و نوێژی هەینی) و ﴿وَذَرُواْ ٱلْبَيْعَ﴾ واز لەکڕین و فرۆشتن بهێنن ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئائەوە بۆ ئێوە چاکترە ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بزانن و تێ بگەن ﴿٩﴾ ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ﴾ جا کاتێك کە نوێژی هەینی تەواوبوو ﴿فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ ئێتر بڵاو بینەوە بەسەر زەویی دا ﴿وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾ وە داوای ڕزق و ڕۆزیی خوا بکەن ﴿وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾ وە زۆر یادی خوا بکەن ﴿لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بۆ ئەوەی ڕزگارو سەر فەرازبن ﴿١٠﴾ ﴿وَإِذَا رَأَوْاْ تِجَٰرَةً أَوْ لَهْوًا﴾ هەر کارێکی بازرگانی یان هەر کارێکی بێهودە ببینن ﴿ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيْهَا﴾ بڵاوەی لێ ئەکەن بۆلای ئەو بازرگانی یە ﴿وَتَرَكُوكَ قَآئِمًا﴾ وە تۆ بەجێ دێڵن بە ڕاوەستاوی (لەسەر مینبەرەکەت) ﴿قُلْ مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئەوەی لای خوایە چاکترە ﴿مِّنَ ٱللَّهْوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِ﴾ لەشتی بێ هودە و بازرگانی ﴿وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ وەخوا باشترینی ڕۆزی دەرانە ﴿١١﴾

سورەتی ﴿ المُنَافِقُونَ ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ﴾ کاتێك کە دووڕوان بێنە لات ﴿قَالُواْ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ﴾ دەڵێن شایەتی دەدەین کە بەڕاستی تۆ پێغەمبەری خوایت ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ﴾ وە دیارە خوایش دەزانێ کە تۆ ڕەوانەکراوی ئەوی ﴿وَٱللَّهُ يَشْهَدُ﴾ وەخوا شایەتی دەدات ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ﴾ کە بێگومان دووڕوان درۆزنن ﴿١﴾ ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً﴾ سوێندە (درۆ)کانی خۆیان کرد بەقەڵغان (بۆ خۆیان) ﴿فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەمجا ڕێگری (خەڵك)یان دەکرد لەڕێ ی خوا ﴿إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ بەڕاستی ئەوان کارێکی خراپیان دەکرد ﴿٢﴾ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُواْ﴾ ئەوە(ی کەووترا) لەبەر ئەوە بوو کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناو ﴿ثُمَّ كَفَرُواْ﴾ لەپاشان بێ باوەڕبوون ﴿فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ ئەمجا موڕ نرا بەسەر دڵیاندا ﴿فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ ئێتر ئەوان هیچ تێ ناگەن ﴿٣﴾ ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ﴾ هەر کاتێك دەیان بینیت ﴿تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ﴾ لەش و قەڵافەتیان سەرسامت دەکات ﴿وَإِن يَقُولُواْ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ﴾ وە ئەگەر قسە بکەن گوێ لە قسەکەیان دەگریت ﴿كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ﴾ (دوو ڕووان) هەروەك داری هەڵسپێر دراوان ﴿يَحْسَبُونَ﴾ وا گومان دەبەن ﴿كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ﴾ هەموو هاوار و قیرەیەك بۆسەر ئەوانە ﴿هُمُ ٱلْعَدُوُّ﴾ هەر ئەوانن دوژمن ﴿فَٱحْذَرْهُمْ﴾ کەواتە خۆتیان لێ بپارێزە ﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ﴾ خوا بیانکوژێ (یان خوا لەناویان بەرێت) ﴿أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ چۆن وەردەگێڕرێن (لەحەق) ﴿٤﴾

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ﴾ کاتێك پێ یان بووترێت ﴿تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ﴾ وەرن بۆ لای پێغەمبەری خوا تا داوای لێخۆشبوونتان بۆ بکات ﴿لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ﴾ (سەرپێچی دەکەن) سەریان با دەدەن ﴿وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ﴾ وە دەیبان بینیت ڕوو وەرئە گێڕن ﴿وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴾ لەکاتێکدا کە ئەوان خۆیان بەگەورە دەزانن ۵ ﴿سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ﴾ بۆ ئەوان یەکسانە ﴿أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ﴾ داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت ﴿أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ یان داوای لێخۆشبوونیان بۆ نەکەیت ﴿لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ﴾ هەرگیز خوا لێ یان خۆش نابێ ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ بەڕاستی خوا ڕێنموونی گەلی لەڕێ لادەران ناکات ۶ ﴿هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ﴾ ئەوان ئەو کەسانەن کە دەڵێن: ﴿لَا تُنفِقُوا عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ﴾ (هیچ) مەبەخشن بە ئەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەردان ﴿حَتَّىٰ يَنفَضُّوا﴾ تا بڵاوەی لێ بکەن (و ئەم دینە بفەوتێت) ﴿وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ لە کاتێکدا هەرچی گەنجینەکانی ئاسمانەکان و زەویی هەیە هەمووی هی خوایە ﴿وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ﴾ بەڵام دوو ڕووەکان نازانن ۷ ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ﴾ (دووڕوەکان) دەڵێن سوێندبێ ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە ﴿لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ﴾ بێگومان دەسەڵاتدار و بەڕێزەکان (مەبەست پێی خۆیان بوو) لات و بێ ڕێزەکان لە مەدینە دەردەکەن (مەبەست پێی بڕواداران بوو) ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ (خوای گەورەش بەڕەچیان دەداتەوە و دەفەرموێت) :ڕێز و گەورەیی تەنها بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری خوا و باوەڕدارانە ﴿وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام دووڕووان نازانن ۸ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ﴾ مال و منداڵانتان بێ ئاگاتان نەکەن لەیادی خوا ﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ﴾ هەر کەسێك وابکات ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ ئا ئەوانە خۆیان خەسارۆمەندن ۹ ﴿وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُمْ﴾ ببەخشن لەوەی ڕزق و ڕۆزیمان داوون ﴿مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ﴾ پێش ئەوەی مردن یەخە بە یەکێکتان بگرێ ﴿فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي﴾ ئەوسا بڵێت : خوایە خۆزگە مردنی منت دوابخستایە ﴿إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ﴾ بۆ ماوەیەکی نزیك ﴿فَأَصَّدَّقَ﴾ جا مالم ببەخشیایە ﴿وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾ وە لە چاکەکاران بوومایە ۱۰ ﴿وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا﴾ هەرگیز خوا هیچ کەسێك دوا ناخات (لەمردن) ﴿إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا﴾ کاتێك کەوەختی (مردنی) هات ﴿وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ وەخوا شارەزایە بەوەی کە دەیکەن ۱۱

سورەتی ﴿التَّغَابُنِ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ﴾ تەسبیحاتی خوا دەکات ﴿مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە ﴿لَهُ الْمُلْكُ﴾ دەسەلاتی تەواو بۆ ئەوە ﴿وَلَهُ الْحَمْدُ﴾ وە هەرچی ستایش هەیە هەمووی بۆ ئەوە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە ئەوە بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەلاتە ① ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ﴾ خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردووە ﴿فَمِنكُمْ كَافِرٌ﴾ ئەمجا هەندێکتان بێ باوەڕو ﴿وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ﴾ هەندێکی تریشتان باوەڕدارن ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ وە خوا بینایە بەهەر شتێك کە ئەنجامی دەدەن ② ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾ خوا ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە بەحەق و ڕاستی ﴿وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ﴾ لەجوانترین شێوەشدا وێنەی کێشاون ﴿وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ وە سەرئەنجامیش هەر بۆلای ئەوە (گەڕانەوە) ③ ﴿يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە خوا دەیزانێ ﴿وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ﴾ وە شارەزایە بەوەی دەیشارنەوە، وە بەوەیشی ئاشکرای دەکەن ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ وە خوا زانایە بەوەی لەناو دڵ و دەروندایە ④ ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ﴾ ئایا پێتان نەگەیشتووە هەواڵی ئەوانەی ﴿كَفَرُوا مِن قَبْلُ﴾ کە بێ باوەڕ بوون لەمەو پێش ﴿فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ﴾ بۆیە چەشتیان تۆڵەی کاری خۆیان ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ وە بۆ ئەوان هەیە سزای سەخت ⑤ ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُ﴾ ئەو(سزایە) بێگومان بەهۆی ئەوە وەبوو ﴿كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾ کەپێغەمبەرەکانیان بۆهات بەبەڵگەی ئاشکراوە ﴿فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا﴾ کە چی دەیان ووت چۆن ئەبێ ئادەمی یەك لە خۆمان ڕێ نموونیمان بکات ﴿فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوا﴾ ئەمجا بێ بڕوا بوون و ڕوویسان وەرگێڕا ﴿وَّاسْتَغْنَى اللَّهُ﴾ وە خواش بێ نیازیی نواند (لە باوەڕهێنانیان) ﴿وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ وەخوا دەوڵەمەندەو شایستەی ستایشە ⑥ ﴿زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێ باوەڕان وایان دەزانی ﴿أَن لَّن يُبْعَثُوا﴾ کە (لە ڕۆژی دوایی دا) زیندوو ناکرێنەوە ﴿قُلْ بَلَىٰ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) پێیان بڵێ : بەڵێ ﴿وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ﴾ سوێند بە پەروەردگارم بێگومان زیندوو دەکرێنەوە ﴿ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ﴾ دڵنیابن پاشان هەواڵتان پێ دەدرێت بەوەی کە کردووتانە ﴿وَذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ وە ئەمە بۆ خوا (زۆر) ئاسانە ⑦ ﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ کەواتە باوەڕ بهێنن بەخواو پێغەمبەرەکەی و ﴿وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا﴾ بەو ڕووناکی یەی دامان بەزاندووە(کە قورئانە) ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ وەخوا ئاگادارە بەوەی کە دەیکەن ⑧ ﴿يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ﴾ (پاداشتان دەداتەوە) لەڕۆژێکدا کە کۆتان دەکاتەوە بۆ ڕۆژی کۆکردنەوە ﴿ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ﴾ ئەوڕۆژە ڕۆژی زیانباری یە ﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ﴾ وە هەرکەسێك بڕوا بهێنێت بەخوا ﴿وَيَعْمَلْ صَالِحًا﴾ وە کردەوەی چاك بکات ﴿يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ﴾ خوا چاوپۆشی دەکات لە گوناهەکانی وەدەیانسڕێتەوە ﴿وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ﴾ وەدەیخاتە ناو بەهەشتانێکەوە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ کە جۆگە ئاوی زۆر بەژێریاندا دەڕوات ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی وهەتا هەتایی ﴿ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ ئەوەیە بردنەوە و سەرکەوتنی گەورە ⑨

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون و نیشانە و بەڵگەکانی ئێمەیان بە درۆزانی ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە هاوەڵی ئاگرن ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ﴾ تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ وە سەر ئەنجامێکی زۆر خراپە ﴿١٠﴾ ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ﴾ هیچ ناڕەحەتی یەك تووشی (خەڵك) نابێت ﴿إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ﴾ مەگەر بەفەرمانی خوا نەبێت ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ﴾ هەر کەسێك باوەڕ بهێنێت بەخوا ﴿يَهْدِ قَلْبَهُۥۚ﴾ خوا ڕێ نموونی دڵی دەکات ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا بەهەموو شت ئاگادارە ﴿١١﴾ ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ﴾ گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ ئەوسا ئەگەر پشتان تێ کرد ﴿فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا﴾ جا ئەوەی لەسەر پێغەمبەری ئێمەیە ﴿ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ﴾ تەنها گەیاندنی ڕوون و ئاشکرای (ئایینەکەیەتی) ﴿١٢﴾ ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ﴾ خوا زاتێکە کە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ دەی با باوەڕداران تەنها پشت بەخوا ببەستن ﴿١٣﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ﴾ بەڕاستی هەندێك لەژنان و منداڵەکانتان دوژمنی ئێوەن (بەوەی دەیانەوێت ڕێگریتان بکەن لەڕێگەی خودا و پەشیمانتان بکەنەوە لەئایینەکەتان) ﴿فَٱحْذَرُوهُمْۚ﴾ جا خۆتانیان لێ بپارێزن (وئاگاداریان بن، بەگوێیان نەکەن) ﴿وَإِن تَعْفُواْ﴾ وە ئەگەر (لێیان) ببورن ﴿وَتَصْفَحُواْ﴾ وە واز بهێنن (لێیان) ﴿وَتَغْفِرُواْ﴾ وە (لێیان) خۆش بین ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بێگومان خواش لێ خۆش بووی میهرەبانە ﴿١٤﴾ ﴿إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌۚ﴾ بێگومان سەروەت وسامان ومناڵ و منداڵتان هۆی تاقی کردنەوەتانن ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ لەکاتێکدا خوا پاداشتی زۆر گەورەی لەلایە ﴿١٥﴾ ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ﴾ کەوا بوو لەخوا بترسن وبەندایەتی ئەو بکەن ئەوەندەی کە دەتوانن ﴿وَٱسْمَعُواْ وَأَطِيعُواْ﴾ وە گوێڕایەڵ و ملکەچی بن ﴿وَأَنفِقُواْ خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْۗ﴾ وە ماڵ ببەخشن کە بۆ خۆتان چاکترە ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ﴾ وە ئەوەی پارێزراو بێ لەچرووکی نەفسی خۆی ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ هەر ئەوانن سەرکەوتوو ڕزگار ﴿١٦﴾ ﴿إِن تُقْرِضُواْ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾ ئەگەر قەرز بدەن بەخوا بە قەرزێکی چاك (واتە ببەخشن لەپێناو خوا) ﴿يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ﴾ چەند بەرانبەری دەکاتەوە بۆتان ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْۚ﴾ وە لێتان خۆش دەبێ ﴿وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ﴾ وە خوا سوپاسگوزاری لەسەرخۆ وبەئارامە ﴿١٧﴾ ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ (ئەو زاتە پەروەردگارێکی) زانا وئاگادارە بە شتە پەنهان و ئاشکراکان ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ زاڵی بالادەستی کاربەجێ یە ﴿١٨﴾

سورەتی ﴿ الطَّلَاق ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ (تۆ و ئوممەتەکەت) ﴿إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ﴾ هەر کاتێك ویستان ژنەکانتان تەلاق بدەن ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ با تەلاقیان بدەن لەکاتی عیدەیاندا (ئەو کاتەی لەحەیز پاك بوونەتەوەو لەگەڵیان دروست نەبوون) ﴿وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ﴾ وە عیدەی (ژنەکانتان) بەوردی بژمێرن ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ﴾ وە لەخوا بترسن کەپەروەردگارتانە ﴿لَا تُخْرِجُوهُنَّ﴾ ئەو ژنانە دەرمەکەن ﴿مِن بُيُوتِهِنَّ﴾ لەماڵەکانی خۆیان (تاعیدەیان تەواو دەبێ) ﴿وَلَا يَخْرُجْنَ﴾ ئافرەتانیش با دەرنەچن (لە ماڵەکانیان) ﴿إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ﴾ مەگەر کارێکی خراپی ئاشکرا بکەن ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ﴾ وە ئەوانە سنوورەکانی خودان ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ﴾ هەر کەسێك لەسنوورەکانی خوا دەربچێت ﴿فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ﴾ ئەوە بێگومان ستەمی لەخۆی کردووە ﴿لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ﴾ تۆ چووزانی لەوانەیە خوا پێشی بهێنێت ﴿بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا﴾ دوای ئەوە کار وبارودۆخێکی تر (و ژن وپیاوەکە بکەونەوە یەکتر وئاشتیان ببێتەوە) ① ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾ ئەمجا کە گەیشتنە کاتی خۆیان (پاش تەلاقێك یان دوو تەلاق) ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ ئەوسا یان بیانهێڵنەوە بەباشی (بیانبەنەوە بۆ لای خۆتان بەشێوەیەکی چاك) ﴿أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ یان لێیان جیا ببنەوە بەباشی ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ وە دوو شاهیدی دادپەروەر بگرن لەخۆتان ﴿وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ﴾ کە لەبەر خوا ئەو شاهیدیە بدەن ﴿ذَٰلِكُمْ﴾ ئەوانەی (باسکران پەندێکن) ﴿يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ يُؤْمِنُ﴾ کە ئامۆژگاری ئەوانەی پێ دەکرێ کەباوەڕیان هەبێ ﴿بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ بەخوا وڕۆژی دوایی ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ﴾ وە هەرکەسێ خواناس بێ ﴿يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا﴾ خوا دەروی لێ دەکاتەوە ② ﴿وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ وە رزق و ڕۆزی دەدات لەلایەکەوەکە بەخەیاڵیدا نەهاتووە وبیری لێ نەکردوەتەوە ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ وە هەرکەسێ پشت بەخوا ببەستێ ﴿فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ ئەوە خوای بەسە ﴿إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ﴾ بەڕاستی خوا کار و فەرمانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێ ﴿قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا﴾ بێگومان خوا بۆ هەموو شتێك ئەندازەیەکی دیاری کراوی داناوە ③ ﴿وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ﴾ ئەوانەی کە بێ هیوا دەبن لەکەوتنە حەیزەوە ﴿مِن نِّسَائِكُمْ﴾ لە ژنانتان ﴿إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ﴾ ئەگەر (دەربارەی زانینی عیدەیان) دوو دڵ بوون ئەوا عیدەیان سێ مانگە ﴿وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ﴾ وە (هەروا) ئەوانەش کە (لەبەر منداڵی) هێشتا حەیزیان پێیدا نەهاتووە (عیدەیان هەر سێ مانگە) ﴿وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ﴾ وە ژنانی سك پڕ (دوو گیان) ﴿أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ عیدەیان ئەو کاتەیە کە سکەکەیان دابنێن ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ﴾ هەر کەسێك لە خوا بترسێت ﴿يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا﴾ خوا کاری بۆ ئاسان دەکات ④ ﴿ذَٰلِكَ أَمْرُ اللَّهِ﴾ ئەوەی (کەباسکرا) فەرمانی خوایە ﴿أَنزَلَهُ إِلَيْكُمْ﴾ کە بۆی ناردونەتە خوارەوە ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ﴾ وە هەر کەسێك خواناس و لەخواترس بێت ﴿يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ﴾ گوناهەکانی بۆ دائەپۆشێ و ئەیانسڕێتەوە ﴿وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا﴾ پاداشتی گەورەی دەداتەوە ⑤

﴿أَسْكِنُوهُنَّ﴾ (ژنانی تەلاق دراو) دابنێن و نیشتەجێیان بکەن ﴿مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم﴾ لەو شوێنەی کە (خۆتان) دادەنیشن ونیشتەجێ دەبن ﴿مِّن وُجْدِكُمْ﴾ بە پێی ی توانای خۆتان ﴿وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ﴾ وە زیانیان پێ مەگەیەنن ﴿لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ﴾ تا تەنگیان پێ هەلچنن ﴿وَإِن كُنَّ أُولَٰتِ حَمْلٍ﴾ وە ئەگەر دووگیان بوون ﴿فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ﴾ ئەوە خەرجیان بکێشن ﴿حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ تا سکەکەیان دانەنێن ﴿فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ﴾ ئەوسا ئەگەر شیریان دا بە منداڵەکەتان ﴿فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ ئەوا ئێوەش کرێ یان بدەنێ ﴿وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ﴾ وە لەناو خۆتاندا ڕاوێژ بکەن بەچاکی (دەربارەی منداڵەکە) ﴿وَإِن تَعَاسَرْتُمْ﴾ وە ئەگەر تەنگیتان کرد(نەسازان لە کرێکەدا) ﴿فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَىٰ﴾ ئەوە با ئافرەتێکی تر شیری بداتێ ﴿٦﴾ ﴿لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ﴾ بادەوڵەمەند بەپێی ی دەوڵەمەندیی نەفەقە بدات ﴿وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ﴾ وە هەر کەسێك کەم دەست وهەژار بوو ﴿فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ﴾ با بەپێی ی ئەوەی کەخوا داویەتیە نەفەقە بدات ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا﴾ خوا داوا لەکەس ناکات ﴿إِلَّا مَا آتَاهَا﴾ مەگەر بە پێی ئەوە نەبێت کەپێی داوە ((لە توانا) ﴿سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾ بێگومان خوا دوای تەنگانە ئاسانی دێنێت ﴿٧﴾ ﴿وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ﴾ زۆر لە گوندنشین و شارنشینەکان سەرپێچی یان کرد ﴿عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ﴾ لە فەرمانی پەروەردگار و پێغەمبەرەکانی ﴿فَحَاسَبْنَاهَا﴾ ئێمەش پرسینەومان لەگەڵ کردن ﴿حِسَابًا شَدِيدًا﴾ بە پرسینەوەیەکی سەخت ﴿وَعَذَّبْنَاهَا عَذَابًا نُّكْرًا﴾ وە سزامان دان بەسزایەکی دژوار ﴿٨﴾ ﴿فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا﴾ ئیتر ئاکامی کردەوەی خۆیانیان چەشت ﴿وَكَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا﴾ وە سەرئەنجامی کاریان بوو بەزیانباریی و خەسارۆمەندی ﴿٩﴾ ﴿أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ خوا ئامادەی کردووە بۆیان سزایەکی سەخت ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ کەواتە لەخوا بترسن ﴿يَا أُولِي الْأَلْبَابِ﴾ ئەی ئەو کەسانەی خاوەن ژیری وبیر و هۆشن ﴿الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ﴿قَدْ أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا﴾ بێگومان خوا قورئانی بۆ دابەزاندون ﴿١٠﴾ ﴿رَّسُولًا يَتْلُو عَلَيْكُمْ﴾ (هەروەك بۆی ناردون) پێغەمبەرێك کەدەخوێنێتەوە بۆتان ﴿آيَاتِ اللَّهِ مُبَيِّنَاتٍ﴾ ئایەتەکانی خوا کەڕوون کەرەوەن ﴿لِّيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ تا دەربهێنێت ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە کردەوەی چاکیان کردووە ﴿مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ لەتاریکستانی (بێ دینی) بۆ ڕووناکی (دینداری) ﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ﴾ وە هەر کەسێك باوەڕ بهێنێت بەخوای گەورە ﴿وَيَعْمَلْ صَالِحًا﴾ وە کار وکردەوەی چاك ئەنجام بدات ﴿يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ﴾ ئەوە خوای گەورە دەیخاتە ناو بەهەشتانێکەوە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ کە بە ژێر درەختەکانیدا جۆگە ئاوی زۆر دەڕوا ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ تیادەمێننەوە بەهەمیشەیی ﴿قَدْ أَحْسَنَ اللَّهُ لَهُ رِزْقًا﴾ بێگومان خوا (لەوێ) ڕۆزیی چاکی بۆ ئامادەکردووە ﴿١١﴾ ﴿اللَّهُ الَّذِي﴾ خوا زاتێکە ﴿خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ﴾ کە حەوت ئاسمانی دروست کردووە ﴿وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ﴾ وە بەوێنەی ئەوان زەویشی دروست کردووە ﴿يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ﴾ فەرمانی خوا لە نێوانیاندا دادەبەزێت ﴿لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ﴾ تا چاك بزانن کە خوا ﴿عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەسەر هەموو شتێکدا بە دەسەڵات و بە توانایە ﴿وَأَنَّ اللَّهَ﴾ وە بێگومان خوا ﴿قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا﴾ (بەزانست وزانیاری) دەوری هەموو شتێکی داوە (واتە : ئاگاداری هەموو بوونەوەرە) ﴿١٢﴾

سورەتی ﴿ التَّحۡرِيمِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەگەڵ خاتوو ماریەی خێزانی کۆبوبەوە و حەفصەی دایکی باوەڕدارانیش بەمەی زانی، پێغەمبەریش (ﷺ) بەحەفصەی فەرموو: ئەوە ماریەم لەخۆم حەرام کرد بەو مەرجەی ئەم نهێنیە لای کەس نەدرکێنیت، حەفصەش ڕۆشت لای عائیشە نهێنیەکەی درکاندا، بەم هۆیەوە ئەم سورەتە هاتە خوارەوە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ﴾ بۆچی شتێك لەخۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەلاڵ کردویت (مەبەست پێی خاتوو ماریە بوو) ﴿تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ﴾ تۆ ڕەزامەندی ژنەکانت دەوێ ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ لەکاتێکدا خوا لێخۆشبووی میهرەبانە ۝١﴿قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾ بێگومان خوا داینـاوە بۆتـان ﴿تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ﴾ هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتان﴿وَٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ﴾ خوا کارساز و دۆستی ئێوەیـە ﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ وە ئـەو زانای کاردروستە ۝٢﴿وَإِذۡ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ﴾ کاتێـك کە پێغەمبـەر ﷺ بەنهێنی ﴿إِلَىٰ بَعۡضِ أَزۡوَٰجِهِۦ حَدِيثٗا﴾ لای هەنـدێ لەژنەکانـی قسـەیەکی درکانـد ﴿فَلَمَّا نَبَّأَتۡ بِهِۦ﴾ ئەمجـا کەئـەو (ژنـە) قسـەکەی کرد (بۆ هەوێنکەی) ﴿وَأَظۡهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ﴾ خواش پێغەمبەری ﷺ ئاگادار کرد ﴿عَرَّفَ بَعۡضَهُۥ وَأَعۡرَضَ عَنۢ﴾ (پێغەمبەر ﷺ) هەندێك (لەقسەکان) ی باسکرد وپێ دەنگ بوو لە ﴿بَعۡضٖۖ﴾ هەندێکی تری ﴿فَلَمَّآ أَنۢبَأَهَا بِهِۦ قَالَتۡ﴾ ئەمجـا کـە پـێ ی ووت (ژنەکـەی) ووتـی: ﴿مَنۡ أَنۢبَأَكَ هَٰذَاۖ﴾ کـێ ئەمـەی پـێ گەیانـدی ﴿قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡخَبِيرُ﴾ فەرمـووی خـوای زانـای ئاگـادار پـێ ی گەیانـدم ۝٣﴿إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ﴾ (ئـەی حەفصە و عائیشـە) ئەگـەر هەردووکتـان تەوبە بکەن و بگەڕێنـەوە بۆلای خودا (جـێ ی خۆیەتی) ﴿فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَاۖ﴾ چونکە بەڕاستی دڵتـان لایدا (لە حەق و ڕاستی) ﴿وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ﴾ وە ئەگەر پشتی یەکتر بگرن لـەدژی پێغەمبەر ﷺ (سەرکەوتوو نابن) ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ﴾ چونکە بێگومان پشگیری ئەوە خواو ﴿وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ﴾ جوبرەئیـل و ئیماندارە چاکەکانیش ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ﴾ دوای ئەوان فریشتەکانیش پشتیوانی ئەون ۝٤﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ﴾ دڵنیابـن ئەگەر ئێوە تەلاق بـدات بەروەردگاری ﴿أَن يُبۡدِلَهُۥٓ أَزۡوَٰجًا خَيۡرٗا مِّنكُنَّ﴾ لەبری ئێـوە ژنانێکی باشـتر لەئێوەی دەداتێ ﴿مُسۡلِمَٰتٖ مُّؤۡمِنَٰتٖ﴾ موسـڵمانانی، بڕوادارانی ﴿قَٰنِتَٰتٖ تَٰٓئِبَٰتٍ﴾ نزاکارانی، تەوبەکارانـی ﴿عَٰبِدَٰتٖ سَٰٓئِحَٰتٖ﴾ خواپەرستانی، ڕۆژووگـران ﴿ثَيِّبَٰتٖ وَأَبۡكَارٗا﴾ لـە بێوەژنـان و کێـژان ۝٥﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئـەی ئەوانـەی کەباوەڕتـان هێنـاوە ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا﴾ خۆتـان و کـەس وکارتـان بپارێـزن لەئاگرێـك ﴿وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ﴾ کـە سـووتەمەنی یەکـەی ئادەمـی و بـەرد ﴿عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ﴾ سەرپەرشتی ئـەو (ئاگری دۆزەخـەن) چەند فریشـتەیەکی زبر و تونـدو تیژی وان ﴿لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ﴾ کـە نافەرمانـی خوا ناکەن لـەوەی کەفەرمانیان پێ ئـەدات ﴿وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ﴾ وەچ فەرمانێکیـان پـێ بدرێ دەیکەن ۝٦﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ ئەی ئەوانەی کـە بێ باوەڕ بوون ﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ ٱلۡيَوۡمَۖ﴾ ئەمڕۆ (کـەڕۆژی دواییە) عوزر وبیانـوو مەهێننەوە ﴿إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ چونکە بێگومان پاداشـت دەدرێنەوە لەسەر ئەوەی کە دەتانکرد ۝٧

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ﴿تُوبُوٓا إِلَى ٱللَّهِ﴾ بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە ﴿تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾ بە گەڕانەوەیەکی ئێجگاریی (وڕاست ودروست، کەجارێکی تر نەگەڕێنەوە سەر ئەو گوناهە) ﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾ تا پەروەردگارتان لە گوناهەکانتان خۆش ببێ ﴿وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّٰتٍ﴾ وە بتبان خاتە ناو باخاتێکەوە ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ کە دەڕوا بەژێریاندا جۆگە ئاوی زۆر ﴿يَوْمَ لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا مَعَهُۥ﴾ لەڕۆژێکدا کە خوای گەورە، پێغەمبەر ﷺ وکەسانێ کەباوەڕیان هێناوە لەگەڵیدا سەرشۆڕیان ناکات ﴿نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ﴾ ڕووناکی (ئیمان)یان دەڕوات لەپێشیانەوەو ﴿وَبِأَيْمَٰنِهِمْ﴾ لەلای ڕاستیانەوە ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا﴾ دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ڕووناکی یەکەمان بۆ زیادو تەواوبکە ﴿وَٱغْفِرْ لَنَآ﴾ وەلێمان خۆش ببە ﴿إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی هەر تۆیت بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتداری ﴿٨﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ ﴿جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ بجەنگە لەگەڵ بێ باوەڕان و دوو ڕووەکاندا ﴿وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾ وەتوند و تیژبە لەگەڵیاندا ﴿وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ﴾ وەجێیان دۆزەخە ﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ کە سەرئەنجامێکی زۆر خراپە ﴿٩﴾ ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ﴾ خوا بۆ بێ باوەڕان ژنی نووح و ژنی لووطی بەنموونە هێنایەوە ﴿كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ﴾ کە لەژێر (نیکاحی) دوو بەندەدا بوون ﴿مِنْ عِبَادِنَا صَٰلِحَيْنِ﴾ لەبەندە چاکەکانی ئێمە ﴿فَخَانَتَاهُمَا﴾ ئەمجا خیانەتیان لەگەڵکردن (مەبەست پێی بێ باوەڕ بوون پێیان) ﴿فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ کەچی (میردەکانیان) نەیانتوانی شتێك لەسزای خوایان لێ دووربخەنەوە ﴿وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ﴾ وەپێیان ووترا کەبڕۆنە ناو ئاگرەوە ﴿مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی کەدەڕۆنە ناوێەوە ﴿١٠﴾ ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا﴾ (هەروا) خوانموونەیەکی تری هێنایەوە ﴿لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ﴿ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ﴾ (بە) ژنی فیرعەون ﴿إِذْ قَالَتْ﴾ کاتێك کەووتی ﴿رَبِّ ٱبْنِ لِى﴾ پەروەردگارم بۆم دروست بکە ﴿عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ﴾ لای خۆت ماڵێك لە بەهەشتدا ﴿وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ﴾ وە ڕزگارم بکە لە فیرعون و کردەوەکانی ﴿وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وەڕزگارم بکە لە گەلی ستەمکاران ﴿١١﴾ ﴿وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ﴾ وە(بە) مەریەمی کچی عیمران (نموونە دەهێنێتەوە) ﴿ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا﴾ ئەوەی کە داوێنێ خۆی پاك ڕاگرت ﴿فَنَفَخْنَا فِيهِ﴾ ئەوسا ئێمە فوومان پیاکرد ﴿مِن رُّوحِنَا﴾ لەڕۆحێك کە خۆمان دروستمان کردووە ﴿وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ﴾ وە باوەڕی هێنا بوو بە ووتەکانی پەروەردگاری خۆی وکتێبەکانی ﴿وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ﴾ وە لەڕێزی گوێڕایەڵ وفەرمانبەردارانداا بوو ﴿١٢﴾

سورەتی ﴿ المُلْكُ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ﴾ گەورەو پیرۆزە ئەو زاتەی کەهەرچی دەسەلات و پاشایی هەیە بەدەست ئەوە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە ئەو دەسەلاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا ① ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ﴾ ئەو زاتەی کە مردن و ژیانی داهێناوە ودروستکردووە ﴿لِيَبْلُوَكُمْ﴾ تا تاقیتان بکاتەوە ﴿أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ کە کردەوەی کامتان چاکترە ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ وە هەر ئەوە بالادەست و لێ خۆشبوو ② ﴿الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا﴾ ئەو زاتەی کە حەوت ئاسمانی دروست کردووە یەک لەسەر یەک ﴿مَا تَرَىٰ﴾ تۆ نابینیت (ئەی تەماشاکەر) ﴿فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ﴾ لەدروست کراوەکانی خوای میهرەباندا ﴿مِن تَفَاوُتٍ﴾ هیچ ناڕێکی یەک ﴿فَارْجِعِ الْبَصَرَ﴾ چاو بگێڕە و وردبەرەوە (بزانە) ﴿هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ﴾ ئایا هیچ ناتەواویەک دەبینیت ③ ﴿ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ﴾ دووبارە چاو بگێڕە ﴿كَرَّتَيْنِ﴾ یەک لە دوای یەک ﴿يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا﴾ چاووت بەڕیسوایی و نائومێدیی دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆت ﴿وَهُوَ حَسِيرٌ﴾ وە ئەو (چاوەت) ماندووە وتاقەتی چووە ④ ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ﴾ سوێندبێت بێگومان ئاسمانی دونیامان ڕازاندوەتەوە بەچرای زۆر (ی ئەستێرە) ﴿وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ﴾ وە گێڕاومانن بەڕەجمی شەیتانەکان ﴿وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ﴾ وە ئامادەمان کردووە بۆ ئەوان (لە قیامەتدا) سزای ئاگری هەڵگیرساو ⑤ ﴿وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ﴾ وە بۆ ئەوانەی کە بێ بڕوان بە پەروەردگاریان ﴿عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ سزای دۆزەخ ئامادەیە، کە مەنزڵگایەکی زۆر خراپە ⑥ ﴿إِذَا أُلْقُوا فِيهَا﴾ کاتێک کە فڕێ درانە ناوی یەوە ﴿سَمِعُوا لَهَا شَهِيقًا﴾ لەو دۆزەخەوە لووڕەو نرکەیەک دەبیستن ﴿وَهِيَ تَفُورُ﴾ وە ئەو ئەکوڵێ و جۆش دەخوات ⑦ ﴿تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ﴾ نزیکە (دۆزەخ) لەڕقانا پارە پارە ببێ ﴿كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ﴾ هەر کاتێ دەستەیەک فڕێ بدرێنە ناویەوە ﴿سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا﴾ دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ﴾ ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە (لە دونیادا) ⑧ ﴿قَالُوا بَلَىٰ قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ﴾ دەڵێن بەڵێ بۆمان هاتووە ﴿فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا﴾ بەڵام بەدرۆمان دەزانی، و دەمان ووت (بێ) ﴿مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ﴾ خوا هیچی نە ناردۆتە خوارەوە ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ﴾ ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان ⑨ ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ﴾ وە دەڵێن ئەگەر قسەی (پێغەمبەران) مان ببیستایە ﴿أَوْ نَعْقِلُ﴾ یان تێ بگەشتنایە ﴿مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ ئەمڕۆ لە هاوەڵانی دۆزەخ نە دەبووین ⑩ ﴿فَاعْتَرَفُوا بِذَنبِهِمْ﴾ ئەوسا ئێتر بەناچاری دان بە گوناهەکانیاندا دەنێن ﴿فَسُحْقًا لِّأَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ کەوابوو دووریی لە میهرەبانی خوا بۆ هاوەڵانی دۆزەخ. ⑪ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ﴾ بێگومان ئەوانەی لە پەنهانیدا لە خوای خۆیان دەترسن ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ لێ خۆش بوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە ⑫

﴿وَأَسِرُّوا۟ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُوا۟ بِهِۦٓ﴾ ئیوە قسە بە پەنهانی بکەن یان بە ئاشکرا (بۆ خوا یەکسانە چونکە) ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ ئەو (خوای گەورە) ئاگاداری بەخودی (نهێنی) دڵان ﴿١٣﴾ ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ﴾ ئایا ئەو خوایەی کە مەردوومی دروست کردووە ئاگای لە نهێنییان نییە ﴿وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ لە کاتێکدا کە ئەو وورد بین و ئاگادارە ﴿١٤﴾ ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا﴾ خوا ئەو زاتەیە کە زەوی بۆ ڕام کردوون ﴿فَٱمْشُوا۟ فِى مَنَاكِبِهَا﴾ دەی بگەڕێن بە هەموو گۆشەو کەناریکیدا ﴿وَكُلُوا۟ مِن رِّزْقِهِۦ﴾ وە لە ڕۆزی خوا بخۆن ﴿وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ﴾ وە هەر بۆلای ئەوە گەڕانەوە ﴿١٥﴾ ﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ ئایا دڵنیان لەو خوایەی کە لە ئاسمانە ﴿أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ﴾ کە بتانباتە خوارەوە بەناخی زەویی دا ﴿فَإِذَا هِىَ تَمُورُ﴾ لە کاتێکدا کە زەوی (وەک دەریا) گێژ بخوات و (بێتە لەرزین)؟ ﴿١٦﴾ ﴿أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ ئایا دڵنیان لەو خوایەی کە لە ئاسمانە ﴿أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا﴾ کە بای تووندتان بنێرێتە سەر بە ووردە زیخەوە ﴿فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ﴾ ئەو دەمە تێ دەگەن کە هەڕەشەی ئێمە چۆنە؟ ﴿١٧﴾ ﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئەو (گەلانەی) کە لەپێش ئەماندا بوون (پێغەمبەرانی ئێمەیان) بە درۆزن دانا ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ جا چۆن بوو بە گژدا چوونەوەی ئێمە (لەوان) ﴿١٨﴾ ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ﴾ ئایا سەیری باڵندەکان ناکەن بە ژوور سەریانەوە ﴿صَٰٓفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَ﴾ بە باڵ کراوەیی و هێنانەوەیەک ﴿مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ ڕای نەگرتوون (بەو ئاسمانەوە) خوا نەبێ ﴿إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ﴾ کە ئەو بە هەموو شتێك بینایە ﴿١٩﴾ ﴿أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ جُندٌ لَّكُمْ﴾ ئایا ئەوە کێ یە ئەو کەسەی کە لەشکری ئێوەیە ﴿يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ﴾ یارمەتیان دەدات لە جیاتی خوای میهرەبان؟! ﴿إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ﴾ بێ بڕوایان هەر لە فریو خواردنان ﴿٢٠﴾ ﴿أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ﴾ ئایا ئەوە کێ یە ئەو کەسەی کە ڕۆزیتان دەدات ﴿إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ﴾ ئەگەر خوا ڕۆزی خۆیتان لێ بگرێتەوە؟ ﴿بَل لَّجُّوا۟ فِى عُتُوٍّ وَنُفُورٍ﴾ بەڵکو (بە ئارەزوو) دڕێژەیان دا بەسەرکەشی و دوور کەوتنەوە (لە ڕێ ی ڕاست) ﴿٢١﴾ ﴿أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ﴾ ئایا ئەو کەسەی بڕواو بەدەما بکەوێ باشتر ڕێ دەردەکات؟ ﴿أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ یان بەکێك کە قنج و قیت بڕوا بەسەر ڕێگایەکی ڕاست و ڕەواندا؟ ﴿٢٢﴾ ﴿قُلْ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: هەر خوایە کە درووستی کردوون و بەدیهێناون ﴿وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ﴾ وە گوێ و چاوو دڵی پێ داوون ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ زۆر بە دەگمەن سوپاسی (ئەم بەهرانە) دەکەن ﴿٢٣﴾ ﴿قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بڵێ: هەر خوایە کە ئێوەی بڵاو کردوەتەوە لە زەویدا ﴿وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ وەهەر لای خواش کۆدەکرێنەوە (لەڕۆژی دواییدا) ﴿٢٤﴾ ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ﴾ (بێ بڕواکان بە گاڵتەوە) دەڵێن: ئەم بەڵێنە (بە هاتنی ڕۆژی دوایی) کەی دەبێ ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەن ﴿٢٥﴾ ﴿قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: زانینی ئەو ڕۆژە هەر لای خوایە ﴿وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ وە من تەنها ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٢٦﴾

﴿فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً﴾ کاتێك بێ بڕوایان ئەو سزایەیان بەدی کرد لە نزیك خۆیانەوە ﴿سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ تاڵ دەبێ ڕووخساری ئەوانەی کەبێ بڕوا بوون ﴿وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ﴾ وە (پێ یان) دەووترێ: ئەمەیە ئەو (ڕۆژە) ی کە داواتان دەکرد ﴿٢٧﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ بڵێ: بیم بڵێن ﴿إِنْ أَهْلَكَنِىَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِىَ﴾ ئەگەر خوا من و ئەو (موسوڵمانانە) ی کە لە گەڵمان لە ناومان ببات ﴿أَوْ رَحِمَنَا﴾ یا میهرەبانییمان لە گەڵ بکات ﴿فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ دەی کێ پەنای بێ بڕوایان دەدات لە سزای سەخت ﴿٢٨﴾ ﴿قُلْ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ﴾ بڵێ: هەر ئەوە خوای بەخشندە کە بڕوامان پێ هێناوە ﴿وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا﴾ وە هەر بەو پشتمان بەستووە ﴿فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ جا لەمەولا دەزانن کە کێ لە گومڕایی یەکی ئاشکرا دایە ﴿٢٩﴾ ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ﴾ بڵێ: بیم بڵێن ﴿إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا﴾ ئەگەر ئاو (ی خواردنەوە) تان ڕۆبچێ بە ناخی زەوی دا ﴿فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ﴾ دەی کێ (بێجگە لە خوا) ئاوی زوڵاڵتان بۆ دەهێنێ ﴿٣٠﴾

سورەتی ﴿ القلم ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿نٓ﴾ بە (نوون) دەخوێنرێتەوە، خوا بەماناکەی زاناترە بۆ زیاتر زانیاری سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ﴾ سوێند بە پێنووس و بەو دێڕانەی دەینوسن ﴿١﴾ ﴿مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ﴾ تۆ لە سایەیی بەخششی خواوە شێت نیت ﴿٢﴾ ﴿وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ﴾ وە بێگومان پاداشتی نەبڕانەوە هەیە بۆ تۆ ﴿٣﴾ ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ وە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوێەکی ئێجگار بەرزو گەورەیت ﴿٤﴾ ﴿فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ﴾ جا بەم زووانە تۆش و ئەوانیش دەبینن ﴿٥﴾ ﴿بِأَيِّيكُمُ ٱلْمَفْتُونُ﴾ کە کامتان شێتن ﴿٦﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ بێگومان پەروەردگاری تۆ لە هەموو کەس زاناترە بەو کەسەی کە ڕێ ی ڕاستی خوای وون کردبێ ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴾ وە ئەو زاناترە بەو کەسانەی کە ڕێ ی ڕاستیان گرتبێ ﴿٧﴾ ﴿فَلَا تُطِعِ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴾ گوێڕایەڵی ئەوانە مەبە کە قسەکانت بە درۆ دەزانن ﴿٨﴾ ﴿وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ﴾ حەزیان دەکرد کە تۆ نەرمی نیشان بدەیت ﴿فَيُدْهِنُونَ﴾ ئەوسا ئەوانیش نەرمیی (بەرانبەرت) دەنوێنن ﴿٩﴾ ﴿وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ﴾ گوێڕایەڵی مەکە بۆ هیچ سوێند خۆرێکی ﴿مَّهِينٍ﴾ پەست و ڕیسوا (ی درۆزن). ﴿١٠﴾ ﴿هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ﴾ بیتك گری هاتووچۆکەر بۆ قسە هێنان و بردن ﴿١١﴾ ﴿مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ﴾ زۆر ڕێگری کەر لە چاکە ﴿مُعْتَدٍ أَثِيمٍ﴾ ستەمکاری گوناهکار ﴿١٢﴾ ﴿عُتُلٍّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ﴾ دڵ ڕەقی کەللە شەق دوای ئەوەش زۆڵ ﴿١٣﴾ ﴿أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ﴾ لەبەر ئەوەی کە خاوەنی دارایی و کوڕی زۆرە (هەموو ئەم سیفەتانە وەك زانایان دەڵێن مەبەست پێی وەلیدی کوڕی موغەیرەیە) ﴿١٤﴾ ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ﴾ کە ئایەتەکانی ئێمەی بە سەردا بخوێنرێتەوە دەڵێ: ﴿أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ (ئەمانە) ئەفسانەی پێشینانن ﴿١٥﴾ ﴿سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ﴾ بەم زووانە سەری لووتی داخ دەکەین ﴿١٦﴾

﴿إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ﴾ ئێمە تاقیمان کردنەوە ﴿كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ﴾ هەروەك لەمەوپێش خاوەنانی ئەو باخەمان تاقی کردەوە ﴿إِذْ أَقْسَمُوا﴾ کە (لە شەودا) سوێندیان خوارد ﴿لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ﴾ کە لەدەمی بەرەبەیاندا (بەروبوومەکەی) بڕنن (تا هەژاران نەزانن) ﴿١٧﴾ ﴿وَلَا يَسْتَثْنُونَ﴾ هیچی (بۆ هەژاران) لێ دەرنەکەن ﴿١٨﴾ ﴿فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ﴾ ئەمجا بەڵایەك لە لایەن پەروەردگارتەوە سوڕایەوە بە سەر باخەکەدا ﴿وَهُمْ نَآئِمُونَ﴾ لە کاتێکدا کە ئەوان خەوتبوون ﴿١٩﴾ ﴿فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ﴾ ئەوسا وەك باخێکی ڕنراوی لێ هات ﴿٢٠﴾ ﴿فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ﴾ لە شەبەقدا (براکان) بانگی یەکتری یان کرد ﴿٢١﴾ ﴿أَنِ ٱغْدُوا عَلَىٰ حَرْثِكُمْ﴾ (ووتیان) : کە هەستن بچن بۆ سەر باخەکەتان ﴿إِن كُنتُمْ صَٰرِمِينَ﴾ ئەگەر ئەتانەوێ بیڕنن ﴿٢٢﴾ ﴿فَٱنطَلَقُوا﴾ ئەمجا کەوتنە ڕێ ﴿وَهُمْ يَتَخَٰفَتُونَ﴾ وە ئەوان بەچڕپە بە یەکتریان ئەووت ﴿٢٣﴾ ﴿أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ﴾ ئەمڕۆ هیچ هەژارێك نەیەت بەسەرتاندا لە ناو باخەکەدا ﴿٢٤﴾ ﴿وَغَدَوْا عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ﴾ دەمەو بەیان ڕۆشتن لایان وابوو کە دەتوانن بێ بەشیان بکەن ﴿٢٥﴾ ﴿فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓا﴾ کە باخەکەیان دیی (بە سوتاوی) ووتیان ﴿إِنَّا لَضَآلُّونَ﴾ ئێمە ڕێگامان وون کردووە (ئەمە باخەکەی ئێمە نیی یە) ﴿٢٦﴾ ﴿بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ﴾ نەء بەڵکو بەشی بڕاو کراوبین ﴿٢٧﴾ ﴿قَالَ أَوْسَطُهُمْ﴾ بڕا ناوەنجی یەکەیان (لە ژیریدا) ووتی ﴿أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ﴾ مەگەر پێم نەووتن؟ ﴿لَوْلَا تُسَبِّحُونَ﴾ بۆ چی یادو سوپاسی خوا ناکەن ﴿٢٨﴾ ﴿قَالُوا سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا﴾ هەموو ووتیان: پاك وبێگەردی بۆ پەروەردگارمانە (ستەم لەکەس ناکات) بێگومان ئێمە خۆمان ﴿ظَٰلِمِينَ﴾ ستەم کارین ﴿٢٩﴾ ﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ ئەمجا ڕوویان کردە یەکتریی ﴿يَتَلَٰوَمُونَ﴾ بەسەرزەنشت کردن ﴿٣٠﴾ ﴿قَالُوا يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ﴾ ووتیان: وای بۆ خۆمان بەڕاستی لە خوا یاخی بووین ﴿٣١﴾ ﴿عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ﴾ ئومێدەواربین کە خوا لە جیاتی ئەو باخە باشترمان بداتێ ﴿إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە هیوامان هەر بە پەروەردگاری خۆمانە ﴿٣٢﴾ ﴿كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ﴾ ئاوایە سزا (ی خوا لە جیهاندا) ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ﴾ وە سزای ڕۆژی دوایی گەلێ گەورەترە ﴿لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ خۆزگە بیانزانیایە ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ﴾ بێگومان بۆ لەخواترسان هەیە ﴿عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ لای پەروەردگاریان باخاتی بڕ لە ناز و نیعمەت ﴿٣٤﴾ ﴿أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ﴾ چۆن ئێمە موسوڵمان و بەدکاران وەك یەك لێ دەکەین؟ ﴿٣٥﴾ ﴿مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾ ئەوە چیتانە چۆن بڕیارێك دەدەن ﴿٣٦﴾ ﴿أَمْ لَكُمْ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ﴾ نەخێر ئایا کتێبێکی (ئاسمانی) تان هەیە ئەمەی تێیدا دەخوێننەوە ﴿٣٧﴾ ﴿إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ﴾ وە لەو کتێبەدا ڕێتان پێ دراوە چیتان بوێت ئەوە هەڵبژێرن بۆ خۆتان؟ ﴿٣٨﴾ ﴿أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ﴾ یان پەیمانی بەهێزتان هەیە لە گەڵمان ﴿إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ تا ڕۆژی دوایی ﴿إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ﴾ کە هەرچی ئێوە بڕیار بدەن بتاندرێتێ ﴿٣٩﴾ ﴿سَلْهُمْ﴾ بپرسە لێیان (بزانە) ﴿أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ﴾ کامیان زامنی ئەم کارەن ﴿٤٠﴾ ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ﴾ ئاخۆ هاوبەریان هەیە (لەم قسەیەدا) ﴿فَلْيَأْتُوا بِشُرَكَآئِهِمْ﴾ دەبا هاوبەرەکانیان بهێنن ﴿إِن كَانُوا صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەن ﴿٤١﴾ ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ﴾ لە ڕۆژێکدا (کە قیامەت و نارەحەتیەکانیەتی) خوای گەورە لاقی پیرۆزی دەردەخات (وەك لەفەرموودەی ئیمامی بوخاری وموسلیمدا هاتووە، باوەڕمان پێیەتی بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك ، وە ئێمەش چۆنیێتیەکەی نازانین) ﴿وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ﴾ وە (بە تەوسەوە) بانگ دەکرێن بۆ سوژدە بردن (بۆ خوای گەورە) ﴿فَلَا يَسْتَطِيعُونَ﴾ (کەچی) ناتوانن (سوژدە ببەن) ﴿٤٢﴾

﴿خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ﴾ چاویان شۆڕو ﴿تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞ﴾ ڕیسوایی دایان دەگرێ ﴿وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى﴾ بەڕاستی جاران کە بانگ دەکران بۆ ﴿ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ﴾ سوژدەو (نەیان دەبرد) کە ساغیش بوون ﴿٤٣﴾ ﴿فَذَرۡنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِۖ﴾ وازم لێ بهێنە بۆ ئەوانەی کە ئەم قورئانە بەدرۆ دەزانن ﴿سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ بەرە بەرە کێشیان دەکەم بە ڕەنگێك کە پێ نەزانن ﴿٤٤﴾ ﴿وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ﴾ وە مۆڵەتیان دەدەم ﴿إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ﴾ بەڕاستی پیلانی من توکمە و بەهێزە (لە بەرانبەر پیلانی ئەواندا) ﴿٤٥﴾ ﴿أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا﴾ ئاخۆ تۆ لە بێ بڕوایان داوای کرێ (ی کۆششی پێغەمبەریتی) یان لێ دەکەیت ﴿فَهُم مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ﴾ ئەوانیش لە بژاردنی قەرزداری گران بارن ﴿٤٦﴾ ﴿أَمۡ عِندَهُمُ ٱلۡغَيۡبُ﴾ یا ڕووپەڕەی غەیبیان لەلایە ﴿فَهُمۡ يَكۡتُبُونَ﴾ وە ئەوان لەبەری دەنووسنەوە ﴿٤٧﴾ ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) دان بە خۆتا بگرە و چاوەڕوانی فەرمانی پەروەردگارت بکە ﴿وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ﴾ وەك هاوڕێ ی نەهەنگەکە مەبە (کە یونس پێغەمبەرە علیه السلام) ﴿إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ﴾ کاتێك کە بانگی (خودای) کرد، ئەو تووڕە بوو (لە بێ بڕوایی گەلەکەی) ﴿٤٨﴾ ﴿لَّوۡلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعۡمَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ ئەگەر میهرەبانییەك لەلایەن پەروەردگارییەوە فریای نەکەوتایە ﴿لَنُبِذَ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ مَذۡمُومٞ﴾ فڕێ دەدرایە دەشتێکی ڕووتەن وە ئەو بەدناو دەبوو ﴿٤٩﴾ ﴿فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ﴾ ئەمجا پەروەردگاری هەڵی بژاردەوە ﴿فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ وە کردی (بە یەکێك) لە چاکەکاران ﴿٥٠﴾ ﴿وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ بەڕاستی نزیك بوو بێ بڕواکان ﴿لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ﴾ هەڵت خلیسکێنن بەچاو (ی پیس) یان ﴿لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكۡرَ﴾ لە کاتێکدا کە قورئان دەبیستن ﴿وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجۡنُونٞ﴾ وە دەیان ووت: بەڕاستی ئەم (پێغەمبەرە) شێتە ﴿٥١﴾ ﴿وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ لە کاتێکدا کە ئەم قورئانە هەر ئامۆژگاری یە بۆ هەموو جیهانیان ﴿٥٢﴾

سورەتی ﴿ٱلۡحَآقَّةُ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱلۡحَآقَّةُ﴾ هاتنی ڕۆژی دوایی (هەق وڕاستە) ﴿١﴾ ﴿مَا ٱلۡحَآقَّةُ﴾ جا چی بێت ئەو ڕۆژە (هەق وڕاستە) ﴿٢﴾ ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ﴾ تۆ چووزانیت ئەو ڕۆژە چی یە ﴿٣﴾ ﴿كَذَّبَتۡ ثَمُودُ وَعَادُۢ بِٱلۡقَارِعَةِ﴾ گەلی سەموود وعاد ئەو ڕۆژەیان بەدرۆ زانی (کە دڵەکان دادەخورپێنێ) ﴿٤﴾ ﴿فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهۡلِكُواْ بِٱلطَّاغِيَةِ﴾ ئەمجا (گەلی) سەموود لە ناوبران بە نەعرەتەیەکی زۆر گەورە ﴿٥﴾ ﴿وَأَمَّا عَادٞ﴾ وە (گەلی) عادیش ﴿فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ﴾ لە ناوبران بە بایەکی سەختی ساردی بەتینی بەگرمە ﴿٦﴾ ﴿سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ﴾ (خوا) زاڵی کرد بە سەریاندا ﴿سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗا﴾ حەوت شەو و هەشت ڕۆژ بەبێ ووچان (لەناوی بردن) ﴿فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ﴾ ئەو گەلەت دەبینی لەو ماوەیەدا بێ گیان کەوتبوون ﴿كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ﴾ وەك قەدی داری خورمای گەندەڵ (ناوڕزاو) ﴿٧﴾ ﴿فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ﴾ ئایا کەس دەبینیت لەوان کە مابێتەوە؟ ﴿٨﴾

﴿وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتُ﴾ (هەر بەو رەنگە) فیرعەون و گەلانی پێش ئەو لە گەڵ (دانیشتووانی دێهاتە) سەرەو ژێربووەکان هاتن ﴿بِٱلْخَاطِئَةِ﴾ بە گوناهو خراپەوە ﴿١٠﴾ ﴿فَعَصَوْا۟ رَسُولَ رَبِّهِمْ﴾ وە یێ فەرمانیی پێغەمبەری پەروەردگاریان کرد ﴿فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً﴾ ئەوسا گرتنی بە گرتنێکی زۆر سەخت ﴿١١﴾ ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ﴾ بەڕاستی ئێمە کاتێك کە ئاو(ی تۆفان) سەرکەوت (باپیرەکانی) ئێوەمان هەڵگرت لە کەشتیدا ئەی یێ بڕوایانی مەککە ﴿١٢﴾ ﴿لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً﴾ تا ئەم کردەوەیە بکەینە بیرهێنەرەوە بۆ ئێوە ﴿وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ وَٰعِيَةٌ﴾ وە تا لە گوێی بگرێت گوێگرێکی تێگەیشتوو ﴿١٣﴾ ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ نَفْخَةٌ وَٰحِدَةٌ﴾ ئەمجا کاتێك فوو کرا بە کەرەنادا بە تاقە فوو کردنێك ﴿١٤﴾ ﴿وَحُمِلَتِ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ﴾ وە زەوی و شاخەکان هەڵگیران ﴿فَدُكَّتَا دَكَّةً وَٰحِدَةً﴾ بە جارێك دران بەیەکدا (وتەخت کران) ﴿١٥﴾ ﴿فَيَوْمَئِذٍ وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ﴾ ئەو رۆژە ڕووداوی گەورە ڕووبەدات ﴿١٦﴾ ﴿وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ﴾ وە ئاسمان لەت دەبێ ﴿فَهِىَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ﴾ وە ئەو لەو رۆژەدا سست و (بێ کەڵکە) ﴿١٧﴾ ﴿وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا﴾ وە فریشتەکان لە کەناری ئاسماندان ﴿وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ﴾ وە لەو رۆژەدا هەشت (فریشتەی بەهێز) عەرشی پەروەردگارت بەبان سەریانەوە هەڵ دەگرن ﴿١٨﴾ ﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ﴾ لەو رۆژەدا (لە بەردەمی خوادا) هەموتان نیشان دەدرێن ﴿لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ﴾ هیچ (کردەوەیەکی) پەنهانیتان بە نهێنی نامێنێتەوە ﴿١٩﴾ ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾ ئەوسا ئەو کەسەی کە نامەی (کردەوەی) درایە دەستی ڕاستی ﴿فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُوا۟ كِتَٰبِيَهْ﴾ دەڵێ: ها نامەکەم بگرن و بیخوێننەوە ﴿٢٠﴾ ﴿إِنِّى ظَنَنتُ أَنِّى مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ﴾ بێگومان من خۆم دەمزانی کە تووشی ئەم لێپرسینەوەیە دەبم ﴿٢١﴾ ﴿فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ﴾ ئەو کەسە لە ژیانێکی پەسەندا دەبێ ﴿٢٢﴾ ﴿فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾ لە بەهەشتێکی بەرزدا ﴿٢٣﴾ ﴿قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ﴾ کە میوەی نزیکە دەستە ﴿٢٤﴾ ﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا﴾ (پێ یان دەووترێت) بخۆن و بخۆنەوە، نۆشتان بێ ﴿بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى ٱلْأَيَّامِ ٱلْخَالِيَةِ﴾ بەهۆی ئەو چاکانەوە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا کردووتانە ﴿٢٥﴾ ﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ﴾ بەڵام ئەو کەسەی کە نامە درایە دەستی چەپی دەڵێ: ﴿يَٰلَيْتَنِى لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ﴾ خۆزگە هەر نامەم نەدرایەتێ ﴿٢٦﴾ ﴿وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ﴾ وە نەم زانیایە چی یە (سەرئەنجامی) لێپرسینەوەم ﴿٢٧﴾ ﴿يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ﴾ خۆزگە مردنەکەم یەکجاری بووایە ﴿٢٨﴾ ﴿مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ﴾ سامانەکەم هیچ قازانجێکی پێ نەگەیاندم ﴿٢٩﴾ ﴿هَلَكَ عَنِّى سُلْطَٰنِيَهْ﴾ لەدەستم چوو دەسەڵاتەکەم ﴿٣٠﴾ ﴿خُذُوهُ فَغُلُّوهُ﴾ (ئەمجا بە جاوديرانی دۆزەخ دەووترێت) بییگرن زنجیر بکەنە دەست و گەردنی ﴿٣١﴾ ﴿ثُمَّ ٱلْجَحِيمَ صَلُّوهُ﴾ لە پاشان بییەن بۆ دۆزەخ (بیسوتێنن لە دۆزەخدا) ﴿٣٢﴾ ﴿ثُمَّ فِى سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَٱسْلُكُوهُ﴾ ئەمجا بە زنجیرێکی حەفتا گەزیی بی بەستنەوە ﴿٣٣﴾ ﴿إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ ٱلْعَظِيمِ﴾ (چونکە) بێگومان ئەو بڕوای بە خوای گەورە نەدەکرد. ﴿٣٤﴾ ﴿وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾ وە هانی کەسی نەدەدا بۆ خۆراك دان بە هەژاران ﴿٣٥﴾ ﴿فَلَيْسَ لَهُ ٱلْيَوْمَ هَٰهُنَا حَمِيمٌ﴾ ئەمڕۆ ئەویش لێرە نە دڵسۆزێکی هەیە (یارمەتی بدات) ﴿٣٦﴾

﴿وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ﴾ وەنەخواردنێ (بیخوات) جگەلە کیم وزوو خاوی جەستەی دۆزەخییە کان نەبێ ﴿٣٦﴾ ﴿لَّا يَأْكُلُهُ إِلَّا الْخَاطِئُونَ﴾ کە (کەس) نایخوات گوناهباران نەبێت ﴿٣٧﴾ ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ﴾ جا سوێند بەو شتانەی کە دەیان بینن ﴿٣٨﴾ ﴿وَمَا لَا تُبْصِرُونَ﴾ وە بەوەش کە نایان بینن ﴿٣٩﴾ ﴿إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ﴾ بێگومان ئەم قورئانە فەرمووەی پەوانە کراوێکی بەڕێزو گەورەیە (لە خواوە بۆتان دێنێ) ﴿٤٠﴾ ﴿وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ﴾ وە ئەم (قورئانە) قسەی شاعیر نی یە ﴿قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ﴾ زۆر کەم بڕوا دەهێنن (بە قورئان) ﴿٤١﴾ ﴿وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ﴾ وە قسەی فاڵچی و زێوانیش نی یە ﴿قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ زۆر کەم بیر دەکەنەوە ﴿٤٢﴾ ﴿تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (ئەم قورئانە) نێرراوەتە خوارەوە لە پەروەردگاری جیهانیانەوە ﴿٤٣﴾ ﴿وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ﴾ ئەگەر (موحەممەد ﷺ) بەدەم ئێمەوە هەندێ (ووتەی) هەڵبەستایە ﴿٤٤﴾ ﴿لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ﴾ بێگومان ئێمە بەدەستی خۆمان تۆڵەمان لێ دەسەند ﴿٤٥﴾ ﴿ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ﴾ لە پاشان ڕەگی دڵیمان دەبڕی ﴿٤٦﴾ ﴿فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ﴾ وە کەس لە ئێوە نەیدەتوانی بەرگری لێ بکات ﴿٤٧﴾ ﴿وَإِنَّهُ لَتَذْكِرَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ﴾ وە بێگومان ئەم قورئانە ئامۆژگاری و پەندە بۆ پارێزکاران ولەخواترسان ﴿٤٨﴾ ﴿وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ﴾ وە بێگومان ئێمە دەزانین کە هەندێکتان قورئان بە درۆ دەزانن ﴿٤٩﴾ ﴿وَإِنَّهُ لَحَسْرَةٌ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾ وە بێگومان ئەم قورئانە هۆی پەشیمانی بێ بڕوایانە ﴿٥٠﴾ ﴿وَإِنَّهُ لَحَقُّ الْيَقِينِ﴾ وە بەڕاستی قورئان ڕاست و دروستە و دڵنیا بەخشە ﴿٥١﴾ ﴿فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ﴾ کەواتە: (ئەی موحەممەد ﷺ) تۆش هەمیشە یادی پەروەردگاری گەورەی خۆت بکە ﴿٥٢﴾

سورەتی ﴿المعارج﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿سَأَلَ سَائِلٌ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ﴾ داواکارێک داوای سزایەکی (خوایی) کرد کە (ئەو سزایە) هەر ڕوو دەدات ﴿١﴾ ﴿لِّلْكَافِرِينَ لَيْسَ لَهُ دَافِعٌ﴾ بۆ بێ بڕوایان نی یە هیچ باڵ پێوەنەرێک (کە بیان پارێزێت) ﴿٢﴾ ﴿مِّنَ اللَّهِ ذِي الْمَعَارِجِ﴾ لە (سزای) خوای خاوەن پلەو پایەی زۆر بەرز ﴿٣﴾ ﴿تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ﴾ فریشتە و جبرییل سەر دەکەون بۆ لای خوا ﴿فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە ﴿٤﴾ ﴿فَاصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلًا﴾ کەوا بوو خۆت ڕابگرە (ئەی موحەممەد ﷺ) بە خۆڕاگرتنێکی چاک و جوان ﴿٥﴾ ﴿إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيدًا﴾ بەڕاستی ئەو بێ بڕوایانە ئەو ڕۆژە بە دوور دەبینن ﴿٦﴾ ﴿وَنَرَاهُ قَرِيبًا﴾ ئێمەش زۆر بە نزیکی دەبینین ﴿٧﴾ ﴿يَوْمَ تَكُونُ السَّمَاءُ كَالْمُهْلِ﴾ ئەو ڕۆژەی کە ئاسمان وەک مسی تواوە (یان خڵتەی زەیتی) لێ دێ ﴿٨﴾ ﴿وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ﴾ کێوەکانیش وەک خوری شیکراوەیان لێ دێ ﴿٩﴾ ﴿وَلَا يَسْأَلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا﴾ وە هیچ کەسێک ناپرسێتەوە لە هیچ کەسێکی خۆشەویستی خۆی ﴿١٠﴾

﴿يُبَصَّرُونَهُمْ﴾ کە نیشانی یەکتری دەدرێن ﴿يَوَدُّ الْمُجْرِمُ﴾ تاوانبار ئاوات دەخوازێ ﴿لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ﴾ کە (قوربانی) بدایە لەبری ڕزگار بوونی خۆی لە سزای ئەو ڕۆژە ﴿بِبَنِيهِ﴾ بە کوڕەکانی ﴿١١﴾ ﴿وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ﴾ بەژن و بە براکانی ﴿١٢﴾ ﴿وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ﴾ بە هۆزەکەشییەوە کە پەنایان دەدا ﴿١٣﴾ ﴿وَمَنْ فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنْجِيهِ﴾ وە بە هەرچی کەس لەسەر زەوی یە (هەموو بدایە و) لەپاشان هەر خۆی ڕزگاری بێ ﴿١٤﴾ ﴿كَلَّا إِنَّهَا لَظَىٰ﴾ نەخێر (وا نی یە) بەڕاستی ئاگری دۆزەخ بە بڵێسەیە ﴿١٥﴾ ﴿نَزَّاعَةً لِلشَّوَىٰ﴾ دامالێنەری پێستی سەرە ﴿١٦﴾ ﴿تَدْعُو مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّىٰ﴾ (ئەو ئاگرە) بانگی کەسێک دەکات کە پشتی هەلکردبێ لە خواو ڕووی وەرگێڕابێ ﴿١٧﴾ ﴿وَجَمَعَ فَأَوْعَىٰ﴾ وە سامانی کۆ کردبێتەوە و هەڵی گرتبێ ﴿١٨﴾ ﴿إِنَّ الْإِنْسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا﴾ بێگومان ئادەمی دروست کراوە بە چاو چنۆکێکی تەنگەتیلکە ﴿١٩﴾ ﴿إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا﴾ کە ناخۆشی یەکی تووش بێ هاوارو نالە دەست پێ دەکات ﴿٢٠﴾ ﴿وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا﴾ کە سامانیش ڕووی تێ بکات ئەی گرێتەوە (لە خەڵکی) ﴿٢١﴾ ﴿إِلَّا الْمُصَلِّينَ﴾ جگە نوێژگەران نەبێت ﴿٢٢﴾ ﴿الَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ﴾ ئەوانە کە بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیان ﴿٢٣﴾ ﴿وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ﴾ ئەوانەی کە بەشێکی دیاری کراو لە داراییاندا هەیە ﴿٢٤﴾ ﴿لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ﴾ بۆ هەژاری داواکەر وبێ نەوای داوانەکەر ﴿٢٥﴾ ﴿وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ﴾ وە ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی پاداشت هەیە ﴿٢٦﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ مِنْ عَذَابِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ﴾ وە ئەوانەی کە لە سزای پەروەردگاری خۆیان دەترسن ﴿٢٧﴾ ﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ﴾ چونکە بەڕاستی سزای پەروەردگاری ئەوان کەس لێ ی دڵنیا نیە ﴿٢٨﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ﴾ وە ئەوانەی کە ئاگاداری داوێنی خۆیان دەکەن ﴿٢٩﴾ ﴿إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ﴾ لە گەڵ ژنانی خۆیان نەبێت ﴿أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ﴾ یا کەنیزەکێک کە بووبن بە خاوەنیان ﴿فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ بێگومان ئەوانە لۆمە کراو نین ﴿٣٠﴾ ﴿فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ ذَٰلِكَ﴾ ئەمجا هەر کەسێک دوای شتی تر بکەوێ ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ﴾ ئەو کەسانە ئەوانەن کە دەست دێژکەرن ﴿٣١﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾ وە ئەوانەی کە چاودێری سپاردەو پەیمانی خۆیان دەکەن ﴿٣٢﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ﴾ وە ئەوانەی کە شایەتی خۆیان بە تەواوی دەدەن ﴿٣٣﴾ ﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ وە ئەوانەی کە پارێزگاری نوێژیان دەکەن ﴿٣٤﴾ ﴿أُولَٰئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُكْرَمُونَ﴾ ئەوانە (کە باس کران) ڕێز دەگیرێن لە باخاتی بەهەشتدا ﴿٣٥﴾ ﴿فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ﴾ دەی چی یانە ئەو بێ بڕوایانە (کە تۆ دەرئەکەویت ئەی موحەممەد ﷺ) بەپەلە دێن بۆ لات ﴿٣٦﴾ ﴿عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ﴾ لەلای ڕاست و چەپتەوە دەستە دەستە دەبن ﴿٣٧﴾ ﴿أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِنْهُمْ﴾ ئایا هەموو یەکێک لەوان بەتەمایە ﴿أَنْ يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ﴾ کە بخرێتە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتەوە ﴿٣٨﴾ ﴿كَلَّا إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِمَّا يَعْلَمُونَ﴾ وا نی یە: (وەک بەتەمان) بەڕاستی ئێمە دڕووستمان کردوون لەوەی کە دەیزانن ﴿٣٩﴾ ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِرَبِّ الْمَشَارِقِ وَالْمَغَارِبِ﴾ جا سوێند بە پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتەکان و ڕۆژئاواکان ﴿إِنَّا لَقَادِرُونَ﴾ بێگومان ئێمە بە دەسەڵاتین ﴿٤٠﴾

﴿عَلَىٰٓ أَن نُّبَدِّلَ خَيْرًا مِّنْهُمْ﴾ لە سەر ئەوەی کە بیانگۆڕین و باشتر لەوان بهێنین ﴿وَمَا نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ﴾ وە کەس لە دەستمان دەرناچێ ﴿٤١﴾ ﴿فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا وَيَلْعَبُوا﴾ ئەمجا وازیان لێ بهێنە، با لە بێباوەڕی وقسەی هیچ و پووچ و گاڵتەی خۆیاندا ڕۆبچن ﴿حَتَّىٰ يُلَاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ﴾ تا دووچاری ئەو ڕۆژەی خۆیان دەبن کە بەڵێنیان پێ دراوە ﴿٤٢﴾ ﴿يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ سِرَاعًا﴾ ئەو ڕۆژەی کە بەپەلە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە ﴿كَأَنَّهُمْ إِلَىٰ نُصُبٍ يُوفِضُونَ﴾ وەک ئەوەی کە بۆ لای بتەکانیان ڕابکەن ﴿٤٣﴾ ﴿خَاشِعَةً أَبْصَارُهُمْ﴾ چاویان شۆڕبۆ (سەر بەرەو ژێرە) ﴿تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ﴾ ڕیسوایی و شەرمەزاری دایان دەگرێ ﴿ذَٰلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَانُوا يُوعَدُونَ﴾ ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە لەوەوپێش بەڵێنیان پێ درابوو ﴿٤٤﴾

سورەتی ﴿ نُوح ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ﴾ بێگومان ئێمە نووحمان نارد بۆ لای هۆزەکەی ﴿أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ﴾ (وە پێمان ووت) کە هۆزەکەت بندار کەرەوە وبیانترسێنە ﴿مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ پێش ئەوەی کە سزای سەختیان تووش ببێ ﴿١﴾ ﴿قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ (نووح) ووتی: ئەی گەلی خۆم بەڕاستی من (پێغەمبەرو) ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە ﴿٢﴾ ﴿أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ﴾ کە هەر خوا بپەرستن ﴿وَاتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ﴾ و لێ ی بترسن وە فەرمانبەرداری من بکەن ﴿٣﴾ ﴿يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾ تا خوا لە گوناهەکانتان خۆش ببێ ﴿وَيُؤَخِّرْكُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ وە (بە زیندوویی) دەتان هێڵێتەوە تا کاتی دیاری کراوی مردنتان ﴿إِنَّ أَجَلَ اللَّهِ إِذَا جَاءَ لَا يُؤَخَّرُ﴾ بێگومان کاتێ سزای خوا کە هات دوا ناکەوێ ﴿لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بتانزانیایە ﴿٤﴾ ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا﴾ ووتی: ئەی پەروەردگارم من گەلەکەی خۆم (بە پەنهانی) بانگ کرد بە شەوو بە ڕۆژ ﴿٥﴾ ﴿فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَارًا﴾ وە تا بانگم دەکردن ئەوان زۆرتر دوور ئەکەوتنەوە لێم و هەڵئەهاتن ﴿٦﴾ ﴿وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ﴾ وە بێگومان من هەر کات بانگم دەکردن (بۆ بڕوا هێنان) تا لێیان خۆش ببیت ﴿جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ﴾ ئەوان پەنجەکانیان دەکرد بە گوێچکەیاندا ﴿وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ﴾ وە پۆشاکەکانیان دەدا بە سەرو چاویاندا ﴿وَأَصَرُّوا وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَارًا﴾ وە بەردەوام دەبوون لە بێ باوەڕی دا، وە سەرکەشیان دەکرد چۆن سەرکەشییەک ﴿٧﴾ ﴿ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا﴾ لەپاشان بە ئاشکرا بانگم کردن ﴿٨﴾ ﴿ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنتُ لَهُمْ﴾ ئەمجا (دەمێک) بۆم ئاشکرا دەکردن ﴿وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا﴾ (دەمێک) بۆم پەنهان دەکردن بە پەنهان کردنێکی تەواو ﴿٩﴾ ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ﴾ ئەوسا پێم ووتن: داوای لێ خۆش بوون بکەن لە پەروەردگارتان ﴿إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا﴾ بەڕاستی پەروەردگارتان زۆر لێ خۆش بووە ﴿١٠﴾

﴿يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا﴾ (ئەمجا گەر وا بکەن) بارانی خورەم و لێزمەتان بۆ دەبارێنێ ﴿١١﴾ ﴿وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ﴾ وە سامان و کوڕی زۆرتان پێ دەبەخشێ ﴿وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ﴾ وە باخ و باخاتی زۆرتان پێ دەدات ﴿وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا﴾ وە جۆگە ئاوی زۆرتان دەداتێ ﴿١٢﴾ ﴿مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا﴾ ئەوە چیتانە ناترسن لە شکۆو گەورەیی خوا؟ ﴿١٣﴾ ﴿وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا﴾ لە کاتێکدا کە دروستی کردوون بە چەند قۆناغێك ﴿١٤﴾ ﴿أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا﴾ ئایا نابینن کە خوا چۆن حەوت ئاسمانی دروست کردووە نەۆم لەسەر نەۆم ﴿١٥﴾ ﴿وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا﴾ وە مانگی گێڕاوە لە ناویاندا بە ڕووناك ﴿وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا﴾ وە ڕۆژیشی گێڕاوە بە چرا ﴿١٦﴾ ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ نَبَاتًا﴾ وە خوا ئێوەی ڕووانـدووە لە زەوی بە ڕووادن ﴿١٧﴾ ﴿ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا﴾ لەپاشان دەتان باتەوە ناوی ﴿وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا﴾ وە دەرتان دەهێنێتەوە (لێ ی) بە دەرهێنان ﴿١٨﴾ ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ بِسَاطًا﴾ خوا زەوی بۆ ڕاخستوون ﴿١٩﴾ ﴿لِّتَسْلُكُوا۟ مِنْهَا سُبُلًا فِجَاجًا﴾ تا هاتوچۆ بکەن بە ڕێگە کراوەکانیدا ﴿٢٠﴾ ﴿قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِى﴾ نووح ووتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان گەلەکەم بێ فەرمانیان کردم ﴿وَٱتَّبَعُوا۟ مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ﴾ وە شوێن کەسانێ کەوتن کە مالّ و منداڵی قازانجی پێ نەگەیاندوە ﴿إِلَّا خَسَارًا﴾ زیان نەبێ ﴿٢١﴾ ﴿وَمَكَرُوا۟ مَكْرًا كُبَّارًا﴾ وە پیلان و فڕو فێڵی زۆر گەورەیان کرد ﴿٢٢﴾ ﴿وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ﴾ وە ووتیان دەست هەڵ نەگرن لە بت و خواکانتان ﴿وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾ وە دەست هەڵ نەگرن لە (پەرستنی) وەد و سواع و یەغووث و یەعوق و نەسر (ئەمانە کۆمەڵە پیاوچاکێك بوون، جا کاتێك مردن، شەیتان هات ووتی بەشوێنکەوتوانیان کە چەند پەیکەرێکیان بۆ بتاشن تاوەکو هەمیشە لەبەرچاوتان بن، جا پاش ماوەیەك کەبەسەر چوو شەیتان هات بەخەڵکی ووت ئەو ئەو پەیکەرانە بپەرستن، چونکە باوباپیرانتان ئەو پەیکەرانەیان پەرستووە، ئێوەش لەسەر ڕێبازی ئەوان بن) ﴿٢٣﴾ ﴿وَقَدْ أَضَلُّوا۟ كَثِيرًا﴾ وە بەڕاستی ئەوانە زۆر (خەڵك) یان گومڕا کرد ﴿وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا﴾ (خوایە) ئەم ستەم کارانە لە گومڕایی زیاتر هیچی تریان بۆ زۆر مەکە ﴿٢٤﴾ ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمْ أُغْرِقُوا۟﴾ بەهۆی گوناهەکانیانەوە بەزریان خنکێنران ﴿فَأُدْخِلُوا۟ نَارًا﴾ ئەمجا خرانە ئاگرەوە ﴿فَلَمْ يَجِدُوا۟ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارًا﴾ ئیتر بێجگە لە خوا هیچ یارمەتی دەرێکیان دەست نەکەوت ﴿٢٥﴾ ﴿وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ﴾ نووح فەرمووی: ئەی پەروەردگار مەیهێڵە لەسەر زەوی ﴿مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا﴾ هیچ کەسێك لە بێ بڕوایان ﴿٢٦﴾ ﴿إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا۟ عِبَادَكَ﴾ (چونکە) بێگومان ئەگەر تۆ وازیان لێ بهێنیت، بەندەکانی تۆ گومڕا دەکەن ﴿وَلَا يَلِدُوٓا۟ إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا﴾ وە هەر منداڵی تاوانباری سوپاس نەکەر دەخەنەوە ﴿٢٧﴾ ﴿رَّبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ﴾ ئەی پەروەردگارم خۆش ببە لە خۆم و باوکم و دایکم ﴿وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِىَ مُؤْمِنًا﴾ وە لەو کەسە کە دێتە ماڵم بە بڕواداریی یەوە ﴿وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ وە لە هەموو پیاوان و ژنانی ئیماندار ﴿وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارًا﴾ وە بەشی ستەمکاران زیاد مەکە تیاچوون و لە ناوچوون نەبێ ﴿٢٨﴾

سورەتی ﴿ الجن ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: نیگام بۆ کرا ﴿أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ﴾ کە بێگومان چەند کەسێك لە جنۆکە گوێیان گرت (لە قورئان خوێندنەوەم) ﴿فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا﴾ ئەمجا ووتیان: بەڕاستی ئێمە قورئانێکی سەرسوڕهێنەرمان بیست ﴿١﴾ ﴿يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ﴾ ڕێنمووننیی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست ﴿فَآمَنَّا بِهِ﴾ ئێمەش باوەڕمان پێ کرد ﴿وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا﴾ وە هەرگیز کەس ناکەین بەهاوبەشی پەروەردگارمان ﴿٢﴾ ﴿وَأَنَّهُ تَعَالَىٰ جَدُّ رَبِّنَا﴾ وە بەڕاستی بڵندە گەورەیی پەروەردگارمان - لە شتی ناشایستە - ﴿مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلَا وَلَدًا﴾ هیچ هاوسەرو منداڵێکی بۆ خۆی دانەناوە ﴿٣﴾ ﴿وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطًا﴾ بێگومان گێل ونەفامەکەمان درۆی نالەبارێ هەڵدەبەست دەربارەی خوا ﴿٤﴾ ﴿وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن تَقُولَ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ وە ئێمە پێمان وابوو کە ئادەمیی و جنۆکە هەرگیز درۆ ناکەن دەربارەی خوا ﴿٥﴾ ﴿وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ﴾ بەڕاستی پیاوانێك لە ئادەمیی ﴿يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ﴾ پەنایان دەبردە بەر پیاوانێك لە جنۆکە (کە بیان پارێزن) ﴿فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾ کەچی زۆرتر ماندوویان دەکردن ﴿٦﴾ ﴿وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا﴾ وە ئادەمیی گومانیان بردووە ﴿كَمَا ظَنَنتُمْ﴾ هەروەك ئێوە - ئەی جنۆکە - گومانتان بردووە ﴿أَن لَّن يَبْعَثَ اللَّهُ أَحَدًا﴾ کە ئیتر خوا هیچ پێغەمبەرێك نانێرێ ﴿٧﴾ ﴿وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ﴾ جنۆکەکان ووتیان: ئێمە دەگەڕاین بە شوێن دەنگ و باسی ئاسماندا ﴿فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا﴾ کەچی دییمان پڕکراوە لە پاسەوانی بەهێز و تیری ئەستێرەکان ﴿٨﴾ ﴿وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ﴾ وە بێگومان ئێمە جاران دادەنیشتین لە چەند شوێنێك لە ئاسمان بۆ گوێ گرتن ﴿فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ﴾ بەڵام هەر کەسێك لەئێستا بە دواوە گوێ بگرێ ﴿يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا﴾ تیرێکی ئەستێرە دەبینێ لە بۆسەی دایە ﴿٩﴾ ﴿وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الْأَرْضِ﴾ وە بەڕاستی نازانین ئایا خراپی ویستراوە بۆ ئەوانەی کە لە سەر زەوین؟ ﴿أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا﴾ یان پەروەردگاریان ڕێنمووننیی ویستووە بۆیان؟ ﴿١٠﴾ ﴿وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ﴾ وە بێگومان ئێمە هەندێکمان چاکیین ﴿وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ﴾ وە هەندێکمان لەوە کەمتر ﴿كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا﴾ ئێمە جاران خاوەنی ڕێبازی زۆر بووین ﴿١١﴾ ﴿وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن نُّعْجِزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ﴾ وە ئێمە دڵنیا بووین کە هەرگیز ناتوانین لە دەستی خوا دەرچین لە زەوی دا ﴿وَلَن نُّعْجِزَهُ هَرَبًا﴾ وە بە هەڵهاتنیش لە دەستی خوا ڕزگار نابین ﴿١٢﴾ ﴿وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَىٰ آمَنَّا بِهِ﴾ بەڕاستی ئێمە کاتێ ڕێنمووننیی (قورئان) مان بیست باوەڕمان پێ هێنا ﴿فَمَن يُؤْمِن بِرَبِّهِ فَلَا يَخَافُ﴾ ئەمجا هەر کەسێك بڕوای هێنا بە پەروەردگاری خۆی ئیتر ناترسێ ﴿بَخْسًا وَلَا رَهَقًا﴾ نە لە کەمیی (پاداشت) و نە لە زۆریی (تۆڵە) ﴿١٣﴾

﴿وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَٰسِطُونَ﴾ وە بێگومان ئێمە هەندێکمان موسوڵمانیین و هەندێکمان ستەمکار ﴿فَمَنْ أَسْلَمَ﴾ ئەمجا ئەوانەی موسوڵمان بوون ﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا﴾ ئەوە ئەوانە ڕێگای ڕاستیان دۆزیوەتەوە ﴿١٤﴾ ﴿وَأَمَّا ٱلْقَٰسِطُونَ﴾ بەڵام ئەوانەی لەڕێگای ڕاست لایانداوە (ستەمکارەکان) ﴿فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا﴾ دەبنە سووتەمەنی دۆزەخ ﴿١٥﴾ ﴿وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ﴾ (ئەمجا خوای گەورە دەفەرموێت) : ئەگەر ئەوان (مرۆڤ و جنۆکە) بەردەوام بوونایە لەسەرڕێگای ڕاست ﴿لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا﴾ ئاوی زۆرمان پێ ئەنۆشین (نیعمەتی زۆرمان دەدانێ) ﴿١٦﴾ ﴿لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ﴾ هەتا تاقیان کەینەوە تیایدا ﴿وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ﴾ وە هەر کەسێك ڕوو وەرگێڕێ لە یادی پەروەردگاری خۆی ﴿يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا﴾ دەیخاتە ناو سزای دژوارەوە ﴿١٧﴾ ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ﴾ بێگومان مزگەوتەکان بۆ پەرستنی خودان بەتەنهاجگە لەئەو کەسی تری تێدا نەپەرستریت ﴿فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا﴾ کەواتە لەگەڵ خوادا هاوار لە کەسی تر مەکەن ﴿١٨﴾ ﴿وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ﴾ وە بەندەی خوا (موحەممەد ﷺ) کاتێك کە هەستا لە خوا بپاڕێتەوە (و بی پەرستێ) ﴿كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا﴾ (بێ بڕواکانی مەککە) نزیك بوو دابارن بە سەریدا ﴿١٩﴾ ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَدْعُوا۟ رَبِّى﴾ بڵێ: دڵنیا بن من هەر خوای خۆم دەپەرستم. ﴿وَلَآ أُشْرِكُ بِهِۦٓ أَحَدًا﴾ وە کەس ناکەم بە هاوبەشی ﴿٢٠﴾ ﴿قُلْ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا﴾ بڵێ: بەڕاستی من نەزیان و نەڕێنموونیی ئێوەم بەدەست نی یە ﴿٢١﴾ ﴿قُلْ إِنِّى لَن يُجِيرَنِى مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ﴾ بڵێ: بێگومان کەسێك نیە کە من بپارێزێ لە (سزای) خوا ﴿وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا﴾ وە بێجگە لەو پەناگەیەك شك نابەم ﴿٢٢﴾ ﴿إِلَّا بَلَٰغًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦ﴾ (وە هیچم بەدەست نی یە) ڕاگەیاندن نەبێ لە خواوە و گەیاندنی پەیامانی ئەو نەبێ ﴿وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ وە هەر کەسێ بێ فەرمانی خوا و پێغەمبەری بکات ﴿فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ﴾ ئەوە بێگومان ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوە ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾ تێیدا دەمێنێتەوە بەهەمیشەیی ﴿٢٣﴾ ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ﴾ تا بەچاوی خۆیان دەبینن ئەو سزایانەی کە بەڵێنیان پێ دراوە ﴿فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا﴾ ئەمجا ئەو کاتە دەزانن، کە کێ یارمەتی دەری کەمتر و ژمارەی کەمە ﴿٢٤﴾ ﴿قُلْ إِنْ أَدْرِىٓ﴾ بڵێ من نازانم ﴿أَقَرِيبٌ مَّا تُوعَدُونَ﴾ ئاخۆ نزیکە ئەو ڕۆژی دواییەی کە بەڵێنتان پێ دراوە ﴿أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّىٓ أَمَدًا﴾ یان پەروەردگارم ماوەیەکی دووری بۆ داناوە ﴿٢٥﴾ ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ﴾ هەر خوایە زانا بە نهێنیەکان ﴿فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا﴾ وە کەس ئاگادار ناکات بەسەر نهێنی خۆیدا ﴿٢٦﴾ ﴿إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ﴾ مەگەر پێغەمبەرێکی کە لێی ڕازی بێ ﴿فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا﴾ جا بێگومان خوا لەبەردەمی و پشتیەوە پاسەوان (لە فریشتە) دەنێرێت ﴿٢٧﴾ ﴿لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا۟ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمْ﴾ تا بزانێ کە پەیامی خوای خۆیان گەیاندووە ﴿وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ﴾ وە خوا ئاگادارە بەوەی کە لایانە ﴿وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَىْءٍ عَدَدًا﴾ وە هەموو شتێکی (لەسەریان) ژماردووە بە هەڵژماردن ﴿٢٨﴾

سورەتی ﴿ المُزَّمِّل ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ﴾ ئەی ئەو کەسەی کە خۆت داپۆشیووە ① ﴿قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ شەو هەستە (شەو نوێژ بکە) مەگەر کەمێکی نەبێت ② ﴿نِّصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا﴾ نیوەی یا کەمێ لە نیوەی کەم بکەرەوە ③ ﴿أَوْ زِدْ عَلَيْهِ﴾ یا کەمێ لێی زیاد بکە ﴿وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا﴾ لەسەرخۆ قورئان بخوێنەرەوە و (بەڕێك وپێکی) دەوری بکەرەوە ④ ﴿إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا﴾ بێگومان ئێمە لەمەولا بۆت دەنێرینە خوارەوە گوفتاری (قورئان) ی قورس و گران ⑤ ﴿إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ﴾ بەڕاستی هەستانی شەو دوای خەو (بۆ خوا پەرستی) ﴿هِيَ أَشَدُّ وَطْئًا﴾ قورستر و گرانترە لە ڕووی کردارەوە (لە هی ڕۆژ وبەهێزترە بۆ دڵ) ﴿وَأَقْوَمُ قِيلًا﴾ دروستترە لە ڕووی ووتنەوە ⑥ ﴿إِنَّ لَكَ فِي النَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلًا﴾ بەڕاستی تۆ لە ڕۆژدا لە هاتوو چۆکردنێکی زۆردایت ⑦ ﴿وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ﴾ هەمیشە یادی پەروەردگارت بکە ﴿وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا﴾ وە خۆت یەکلا کەرەوە بە یەکلایی کردنەوەیەکی تەواو ⑧ ﴿رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ﴾ ئەو خوای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نی یە تەنها ئەو نەبێ ﴿فَاتَّخِذْهُ وَكِيلًا﴾ کەوابوو بیکە بە پاڕێزەر و پشتیوانی خۆت ⑨ ﴿وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾ دان بە خۆتدا بگرە لەسەر ئەو قسانەی کە دەیڵێن ﴿وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا﴾ وە وازیان لێ بهێنەو لێیان گەڕێ بە واز لێهێنانێکی جوان ⑩ ﴿وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ﴾ واز بهێنە لە من وئەو خاوەن ناز ونیعمەتانەی کە ئایینی من بە درۆ دەزانن ﴿وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلًا﴾ وە کەمێك مۆڵەتیان بدە ⑪ ﴿إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالًا﴾ بێگومان لای ئێمە هەیە کۆت و زنجیری قورس و گران ﴿وَجَحِيمًا﴾ وە ئاگری هەڵ گیرساو ⑫ ﴿وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ﴾ وە خواردنی گەرو گیر ﴿وَعَذَابًا أَلِيمًا﴾ هەروەها سزای پڕ لە داخ و دەرد ⑬ ﴿يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ﴾ لەڕۆژێکدا کە زەوی و چیاکان دێنە لەرزە ﴿وَكَانَتِ الْجِبَالُ كَثِيبًا مَّهِيلًا﴾ وە کێوەکان دەبن بە گردۆڵکە لە لمی هەڵڕژاو ⑭ ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ﴾ بێگومان ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆ ناردن کە شایەتە لە سەرتان ﴿كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا﴾ هەروەك پێغەمبەرێکمان نارد بۆ لای فیرعەون ⑮ ﴿فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ﴾ ئەمجا فیرعەون سەرپێچی ئەو پێغەمبەرەی کرد ﴿فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلًا﴾ ئێمەش تۆڵەمان لێ سەند بە تۆڵە سەندنێکی سەخت ⑯ ﴿فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ﴾ جا ئەگەر بێ بڕوایی بکەن چۆن خۆتان دەپارێزن ﴿يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا﴾ لە ڕۆژێکدا کە (بە ترس و سامی خۆی) منداڵان پیر دەکات ⑰ ﴿السَّمَاءُ مُنفَطِرٌ بِهِ﴾ ئاسمان لەت دەبێ بەهۆی (سەختیی) ئەو ڕۆژەوە ﴿كَانَ وَعْدُهُ مَفْعُولًا﴾ بەڵێنی خوا دێتە دی ⑱ ﴿إِنَّ هَٰذِهِ تَذْكِرَةٌ﴾ بەڕاستی ئەم ئایەتانەی پێشوو پەند و ئامۆژگاریین ﴿فَمَن شَاءَ اتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِ سَبِيلًا﴾ ئەمجا هەرکەسێك کە بیەوێ ڕێگا دەگرێ بۆ لای پەروەردگاری ⑲

﴿إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ﴾ بێگومان پەروەردگاری تۆ دەزانێ (ئەی موحەممەد ﷺ) کە تۆ هەڵ دەسیت (بۆشەو نوێژکردن) شتێك کەمتر ﴿مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ﴾ لە دووبەش لە سێ بەشی شەوو نیوەی یان سێ یەکی ﴿وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ﴾ وە دەستەیەك لەوانەی کە لە گەڵتان ﴿وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ﴾ وە خوا ئەندازەی شەو و ڕۆژ دیاری دەکات ﴿عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ﴾ (خوا) زانی کە ئێوە ناتوانن ئەندازەی شەو نوێژ ڕابگرن ﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ﴾ لە بەرئەوە لێتان خۆش بوو ﴿فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ﴾ دەی ئەوەندەی بۆتان دەلوێ و ئاسانە لاتان قورئان بخوێنن ودەوری بکەنەوە ﴿عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ﴾ (خوا) دەزانێ کە لەمەولا کەسانێکتان نەخۆش دەبێت ﴿وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ وە کەسانێکی ترتان دەڕۆن بەسەر زەویدا ﴿يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾ بە شوێن ڕۆزیی ونیعمەتی خوادا دەگەڕێن ﴿وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ وەکەسانێکی ترتان دەچنە ڕێگای خوادا ﴿فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ﴾ ئەمجا بخوێننەوە لە قورئان ئەوەندەی کە بۆتان دەلوێ ولاتان ئاسانە ﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن ﴿وَأَقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾ وە قەرز بدەن بەخوا بە قەرزێکی چاك (مەبەست ئەوەیە خێر و خێرات و سەدەقە بکەن لە ڕێی خوادا) ﴿وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ﴾ هەر چاکەیەك پێش بخەن بۆ خۆتان ﴿تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ لای خوا دەستان دەکەوێتەوە ﴿هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا﴾ ئەوەیشی لای خوایە چاکتر و گەورەترە لە ڕووی پاداشتەوە ﴿وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ﴾ وە داوای لێخۆش بوون بکەن لە خوا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڕاستی خوا لێخۆشبوویەکی میهرەبانە ﴿٢٠﴾

سورەتی ﴿المدثر﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ﴾ ئەی ئەو کەسەی کە خۆت پێچاوەتەوە ﴿١﴾ ﴿قُمْ فَأَنذِرْ﴾ هەستە (خەڵکی) بێدار کەرەوە ﴿٢﴾ ﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ﴾ وە پەروەردگارت بە گەورە بگرە ﴿٣﴾ ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾ وە پۆشاکت بە پاك ڕابگرە ﴿٤﴾ ﴿وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ﴾ بەردەوام بە لەوازهێنان لە بت پەرستی و گوناه ﴿٥﴾ ﴿وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ﴾ وە شت مەبەخشە و بەزۆری بزانیت ﴿٦﴾ ﴿وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ﴾ وە لەبەر پەروەردگارت خۆت ڕابگرە ﴿٧﴾ ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِى ٱلنَّاقُورِ﴾ هەر کاتێك کە فوکرا بە کەڕەنادا ﴿٨﴾ ﴿فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ﴾ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەخت وگرانە ﴿٩﴾ ﴿عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ﴾ لەسەر کافران سووك و ئاسان نی یە ﴿١٠﴾ ﴿ذَرْنِى وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا﴾ واز لە من و ئەو کەسە بێنە کە دروستم کردووە بە تەنها ﴿١١﴾ ﴿وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا﴾ وە دارایی زۆر و زەبەندەم پێ داوە ﴿١٢﴾ ﴿وَبَنِينَ شُهُودًا﴾ وە کوڕانی ئامادەو بەردەست ﴿١٣﴾ ﴿وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا﴾ وە هۆی ژیانم بۆ ڕاخستووە بە چۆن ڕاخستنێك ﴿١٤﴾ ﴿ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ﴾ دوای ئەمانەش هێشتا بە تەمایە زیاتری بدەمێ ﴿١٥﴾ ﴿كَلَّآ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ لِءَايَٰتِنَا عَنِيدًا﴾ نەء، (چاوەڕوان نەبێ) بە ڕاستی ئەو دەربارەی ئایەت و نیشانەکانی ئێمە بێباوەڕێکی کەلە ڕەقە ﴿١٦﴾ ﴿سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا﴾ بەم زووانە سزای سەختی پێ دەچەژم ﴿١٧﴾ ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ﴾ (چونکە) بیری کردەوە و هەڵی سەنگاند (قسەکەی خۆی) ﴿١٨﴾

﴿فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ﴾ دەك بە كوشت چىّ چۆنى هەلّ سەنگاند ﴿١٩﴾ ﴿ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ﴾ دووبارە بە كوشت چىّ چۆنى لێكداوەتەوە ﴿٢٠﴾ ﴿ثُمَّ نَظَرَ﴾ لە پاشان تەماشایەكى كرد ﴿٢١﴾ ﴿ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ﴾ تەوسا ناوچەوانى گرژو رووى ترش كرد ﴿٢٢﴾ ﴿ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ﴾ تەمجا بە فیزیكەوە پشتى هەلكرد ﴿٢٣﴾ ﴿فَقَالَ إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ﴾ جا ووتى ئەم قورئانە هیچى تر نى یە جادوویەك نەبىّ كە وەرگیراوە ﴿٢٤﴾ ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ﴾ ئەم قورئانە هەر گوفتارى مرۆڤە ﴿٢٥﴾ ﴿سَأُصْلِيهِ سَقَرَ﴾ (ئەو كەسە) زوو دەیخەمە دۆزەخەوە ﴿٢٦﴾ ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ﴾ تۆ چووزانیت كە دۆزەخ چى یە ؟ ﴿٢٧﴾ ﴿لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ﴾ (ئاگرێكە) هیچ ناهێلێتەوە و واز ناهێنىّ ﴿٢٨﴾ ﴿لَوَّاحَةٌ لِلْبَشَرِ﴾ (بە یەكەم هالاّو) پێست رەش دەكاتەوە ودەیبرژێنىّ ﴿٢٩﴾ ﴿عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ﴾ نۆزدە فریشتە ئەوەتان بە سەریەوە ﴿٣٠﴾ ﴿وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً﴾ هەر فریشتەمان كردووە بە كار بەدەستى دۆزەخ ﴿وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ژمارەى ئەو فریشتانەمان نەگێراوە مەگەر بۆ تاقى كردنەوەى ئەوانەى بىّ باوەڕن ﴿لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ تا ئەوانەى كتێبیان پێدراوە دڵنیا بن ﴿وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا﴾ وە بڕواداركان بڕواكەیان زیاد بكات ﴿وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ وە هیچیان دوو دڵ نەبن ئەوانەى كتێبیان پێدراوە ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ﴾ ئیمانداركانیش ﴿وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ﴾ وە تا بڵێن ئەوانەى كە نەخۆشى (ناپاكیى) یان لە دڵایە ﴿وَالْكَافِرُونَ﴾ وە بىّ بڕواكان ﴿مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا﴾ خوا چى مەبەستە بەم ژمارەیە كە لە غەریبیدا وەك مەسەل وایە ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ﴾ ئابەوجۆرە خوائەو كەسەى كە بیەوێ گومڕاى دەكات ﴿وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾ وەئەو كەسەى كە بیەوێ رێ نموونیى دەكات ﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾ وە كەس ژمارەى لەشكر وسەربازانى پەروەردگارى تۆ نازانێت جگە خۆى نەبێت ﴿وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ﴾ وە ئەم ئایەتانە هەر ئامۆژگارى و پەندن بۆ ئادەمى ﴿٣١﴾ ﴿كَلَّا وَالْقَمَرِ﴾ نەء (وانى یە) سوێند بە مانگ ﴿٣٢﴾ ﴿وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ﴾ وە سوێند بەشەو كە پشت هەلّ دەكات و دەڕوا ﴿٣٣﴾ ﴿وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ﴾ وە سوێند بە بەرەبەیان كە ڕوون دەبێتەوە ﴿٣٤﴾ ﴿إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ﴾ بىّ گومان سەقەر (دۆزەخ) یەكێكە لەشتە سامناكە گەورەكان ﴿٣٥﴾ ﴿نَذِيرًا لِلْبَشَرِ﴾ ترسێنەرە بۆ هەموو خەڵكى ﴿٣٦﴾ ﴿لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ﴾ بۆ ئەو كەسەتان كە دەیەوێ ﴿أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ﴾ پێش بكەوێت (لە چاكەدا) یا دواكەوێ ﴿٣٧﴾ ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾ هەموو كەسێك بارمتەى كارو كردەوەى خۆیەتى ﴿٣٨﴾ ﴿إِلَّا أَصْحَابَ الْيَمِينِ﴾ جگە هاوەڵانى دەستى ڕاست (چاكەكاران) نەبێت ﴿٣٩﴾ ﴿فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾ كە لە باخاتى بەهەشتدا پرسیار لە یەكترى دەكەن ﴿٤٠﴾ ﴿عَنِ الْمُجْرِمِينَ﴾ لە (حاڵى) تاوان باران ﴿٤١﴾ ﴿مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ﴾ (هەر لە بەهەشتى یەكان وەڵام ئەدانەوە كە دیوومانن و پێمان ووتوون) چى ئێوەى خستووەتە دۆزەخەوە ﴿٤٢﴾ ﴿قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ﴾ ئەوانیش وتیان: ئێمە لە نوێژ گەران نەبووین ﴿٤٣﴾ ﴿وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ﴾ وە خۆراكمان نەدەدا بە هەژاران ﴿٤٤﴾ ﴿وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ﴾ وەڕۆ دەچووین لەگەڵ ئەوانەى كە ڕۆ دەچوون (لە قسەى خراپەو بىّ شەرعى دا) ﴿٤٥﴾ ﴿وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ﴾ وە باوەڕمان بە ڕۆژى دوایى نەبوو ﴿٤٦﴾ ﴿حَتَّىٰ أَتَانَا الْيَقِينُ﴾ تا مردن یەخەى پێگرتین ﴿٤٧﴾

﴿فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ﴾ ئیتر تکای تکاکاران هیچ قازانجێکیان پێ ناگەیەنێت ﴿٤٨﴾ ﴿فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ﴾ ئەوە چیانە ڕوو وەردەگێڕن لە ئامۆژگاری قورئان ﴿٤٩﴾ ﴿كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ﴾ ئەڵێی کەرە کێوی سڵ کەرن ﴿٥٠﴾ ﴿فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ﴾ لە شێر، (یان لەدەست کۆمەڵێ تیر هاوێژ) هەڵهاتوون ﴿٥١﴾ ﴿بَلْ يُرِيدُ كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً﴾ بەڵکو هەموو یەکێك لەوان ئەیەوێ چەندەها نامەی کراوەی بۆ بنێردرێ(لە خواوە کە بڕوا بە موحەممەد ﷺ بێنێ) ﴿٥٢﴾ ﴿كَلَّا بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلْءَاخِرَةَ﴾ با چاوەڕوانی ئەوە نەبن بەڵکو هەر ناترسن لە ڕۆژی دوایی ﴿٥٣﴾ ﴿كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ﴾ با پەشیمان بنەوە بە ڕاستی قورئان پەندو وئامۆژگاریە ﴿٥٤﴾ ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾ ئەمجا هەر کەسێك بیەوێت با پەندی لێ وەربگرێت ﴿٥٥﴾ ﴿وَمَا يَذْكُرُونَ﴾ ئامۆژگاری قورئان وەرناگرن ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ مەگەر خوا بیەوێت ﴿هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ خوا شیاوی لێ ترسانە ﴿وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ﴾ وە شیاوی لێ خۆشبوونە ﴿٥٦﴾

سورەتی ﴿القیامة﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت ﴿١﴾ ﴿وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾ وە سوێند دەخۆم بە نەفسی لۆمەکەر (لەسەر خراپە) ﴿٢﴾ ﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ﴾ ئایا مرۆڤ وا دەزانێ کە ئێسقانە (ڕزیوەکانی) کۆ ناکەینەوە ﴿٣﴾ ﴿بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ﴾ بەڵێ: بە تواناین لە سەر ڕێك خستنەوەی (نەقشی) سەر پەنجەکانی ﴿٤﴾ ﴿بَلْ يُرِيدُ ٱلْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ﴾ بەڵکو ئینسان دەیەوێ تا لە ژیان دایە هەر تاوان و خراپە بکات ﴿٥﴾ ﴿يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ دەپرسێ: کەی ڕۆژی دوایی دێ؟. ﴿٦﴾ ﴿فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ﴾ کاتێ: کە چاو ئەبڵەق بوو؟ ﴿٧﴾ ﴿وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ﴾ وە مانگ گیراو تاریك بوو ﴿٨﴾ ﴿وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ﴾ وە ڕۆژ و مانگ کۆ کرانەوە ﴿٩﴾ ﴿يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ﴾ ئەوڕۆژە مرۆڤ دەڵێت: لە کوێوە هەڵبێین لە (سزای خوا) ﴿١٠﴾ ﴿كَلَّا لَا وَزَرَ﴾ نەخێر هیچ پەناگەیەك نی یە ﴿١١﴾ ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ﴾ لەو ڕۆژەدا ئارامگا هەر لای پەروەردگاری تۆیە ﴿١٢﴾ ﴿يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ﴾ لەو ڕۆژەدا ئادەمی هەوالی پێدەدرێت لەوەی کە پێشی خستووە و دوای خستووە (لە چاکەو خراپە) ﴿١٣﴾ ﴿بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ﴾ بەڵکو ئادەمی ئاگادارە بەحاڵی خۆی ﴿١٤﴾ ﴿وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ﴾ با بڕو بیانووی زۆریش بهێنێتەوە ﴿١٥﴾ ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ﴾ زمانت مەجوڵێنە (بەخوێندنەوەی قورئان لەکاتی دابەزینی وەحیدا) ﴿لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ﴾ تا پەلەی تیا بکەیت ﴿١٦﴾ ﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ﴾ بە ڕاستی (وەك بەڵێنمان داوە) بێگومان لەسەر ئێمەیە کۆ کردنەوەی لە سنگتداو خوێندنەوەی ﴿١٧﴾ ﴿فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ﴾ ئەمجا کاتێ کە قورئانمان بۆ خوێندیتەوە (بە هۆی جبریلەوە) ﴿فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ﴾ تۆش شوێن خوێندنەوەی ئەو بکەوە ﴿١٨﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ﴾ لە پاشان دڵنیابە ڕوون کردنەوەشی لەسەر ئێمەیە ﴿١٩﴾

﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ﴾ (زیندوو کردنەوە هەر دەبێت) بەڵکو ئێوە هەر دونیاتان خۆش دەوێت ﴿وَتَذَرُونَ ٱلْآخِرَةَ﴾ گوێ بە ڕۆژی دوایی نادەن! ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ﴾ زۆر ڕووخسار لەو ڕۆژەدا گەشاوەن ﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ تەماشای پەروەردگاریان دەکەن ﴿وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ﴾ وە زۆر ڕووخساریش لەو ڕۆژەدا گرژو تاڵن ﴿تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ﴾ دەزانن کە سزای پشت شکێن دەدرێن ﴿كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ﴾ نەخێر (ئاوا ناچێتە سەر بۆتان، جا پەشیمان ببنەوە!) چونکە کاتێك کە گیان گەیشتە گەرو (لەکاتی کێشانیدا) ﴿وَقِيلَ مَنْ ۜ رَاقٍ﴾ ئەوسا (هەندێك لەوانەی کە بەدەوریدان) دەڵێن: کەسێك نیە چارەسەری بکات وفریای بکەوێت؟ ﴿وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ﴾ (ئەو کەسەی گیانی دەکێشرێت) دڵنیایە ئەوە (ی تووشی بووە مردن و) جیابوونەوەیە ﴿وَٱلْتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ﴾ وە قاچ و لوولاقی بەیەکدا ئالا ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمَسَاقُ﴾ ڕاپێچکردن لەو ڕۆژەدا بۆ لای پەروەردگارتە ﴿فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ﴾ جا (کافر) نەبڕوای هێناو نە نوێژی کرد ﴿وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾ بەڵکو ئایینی بەدرۆ دەزانی و پشتی تێ دەکرد ﴿ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِ يَتَمَطَّىٰٓ﴾ لەپاشان بە کەشخەو فیزەوە گەڕایەوە بۆ لای ماڵ و منداڵی ﴿أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ﴾ تیاچوون بۆ تۆ، (ئەی ئادەمی بێ بڕوا) ئەمجا تیاچوون بۆ تۆ ﴿ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰٓ﴾ دووبارە تیاچوون بۆ تۆ، ئەمجا تیاچوون بۆ تۆ ﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾ ئایا مرۆڤ وا دادەنێت کە هەروا بەڕەڵا دەکرێ (و پشت گوێ دەخرێ) ﴿أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِىٍّ يُمْنَىٰ﴾ ئایا دڵۆپە ئاوێك نەبوو لەتۆو کە دەڕژێنرا (بە منداڵدانەوە) ﴿ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ﴾ لەپاشان بوو بە پارچە خوێنێك، ئەمجا دروستی کرد و ڕێکی خست ﴿فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ﴾ ئەمجا لەو تۆوە دوو جۆری دروست کرد ﴿ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ﴾ نێر و مێ ﴿أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْۦِىَ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ ئایا ئەو زاتە توانای نی یە بەسەر ئەوەدا کە مردووان زیندوو بکاتەوە

سورەتی ﴿الإنسان﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ﴾ بێگومان بەسەر ئادەمی دا تێپەڕی ﴿حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ﴾ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژگار ﴿لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا﴾ کە شتێکی وانەبوو ناوببرێ ﴿إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾ بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان دروست کرد ﴿مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ﴾ لە دڵۆپێك ئاوی تێکەڵ لە گەڵێ توخم ﴿نَّبْتَلِيهِ﴾ تا تاقی بکەینەوە ﴿فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا﴾ ئەمجا ژنەواو وبینا مان کرد (چاو وگوێمان پێبەخشی) ﴿إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ﴾ بێگومان ئێمە ڕێنموونیمان کرد بۆ ڕاستەڕێ، ﴿إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ جا یان سوپاسگوزارە، وە یان نا سوپاس و سڕلە ﴿إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ بێ بڕوایان ﴿سَلَٰسِلَا۟ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا﴾ زنجیرو تەوقی زۆر (کە دەکرێتە گەردنیان) و ئاگری هەڵگیرساو ﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا﴾ بێگومان چاکەکاران لە پەرداخێکدا (شەراب)دەخۆنەوە کە ئاوێتەکەی لە سەرچاوەی کافورەوەیە

﴿عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ﴾ که کانی یەکە (لە بەهەشتدا) بەندەکانی خوا لێ ی دەخۆنەوە ﴿يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا﴾ (لەهەر شوێنێکدا بیانەوێ) هەڵیدەقوڵێن وفوارە دەکات ۶ ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ﴾ وەفا بە نەزر دەکەن ﴿وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا﴾ وە لە ڕۆژێکیش دەترسن کە بەدی و سەختی یەکەی هەموان دەگرێتەوە ۷ ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا﴾ وە خواردن ئەدەن بە هەژاران و هەتیوان و دیلەکان هەرچەند خۆیان حەزیشیان لێی بێت ۸ ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ﴾ (دەڵێن) بەڕاستی ئێمە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا خواردنتان دەدەینێ ﴿لَا نُرِيدُ مِنكُمْ﴾ چاوەڕوانی ناکەین لە ئێوە ﴿جَزَاءً وَلَا شُكُورًا﴾ نە پاداشت و نە سوپاس ۹ ﴿إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا﴾ بەڕاستی ئێمە لە سزای پەروەردگارمان دەترسین لە ڕۆژێکی ترش و تاڵ و دژوار دا ۱۰ ﴿فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ الْيَوْمِ﴾ جا خوا پاراستنی لە بەدی ئەو ڕۆژە ﴿وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا﴾ وە ڕووی گەش و شادومانی پێ بەخشین ۱۱ ﴿وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا﴾ وە پاداشتی دانەوە بەهۆی خۆڕاگرتنیان (لەسەر چاکە و دوور کەوتنەوە لە خراپە) بە بەهەشت و (پۆشاکی) ئاوریشم ۱۲ ﴿مُّتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ﴾ بالێ تیا دەدەنەوە لەسەر تەخت و قەنەفەی زۆر ﴿لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا﴾ نابینن تێیدا نە گەرمی ڕۆژ ﴿وَلَا زَمْهَرِيرًا﴾ وە نە سەرما (واتە هەوایەکی زۆر خۆشی هەیە) ۱۳ ﴿وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا﴾ وە سێبەری درەختانی بەهەشت بەسەر سەریانەوەیە ﴿وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا﴾ وەهێشووی میوەکانی نزیکەدەست وئاسان کراوە ۱۴ ﴿وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِآنِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ﴾ دەگەڕێن بەسەریاندابە قاپی زیوبین ﴿وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا﴾ وپەرداخی شووشەوە ۱۵ ﴿قَوَارِيرَا مِن فِضَّةٍ﴾ شووشە لە زیو ﴿قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا﴾ بە ئەندازەی پێویست ئامادەکراون ۱۶ ﴿وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا﴾ لە بەهەشتدا شەرابیان لە پەرداخێکدا پێ دەخۆشرێ کە زەنجەبیلی تێکەڵاوە ۱۷ ﴿عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلْسَبِيلًا﴾ (کە ئەویش) کانی یەکە لە بەهەشت دا ناودەبرێ بە سەلسەبیل ۱۸ ﴿وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ﴾ دەگەڕێن بە سەریاندا نەوجەوانانی هەمیشە لاو و ڕوخۆش وپاك ﴿إِذَا رَأَيْتَهُمْ﴾ کاتێك بیان بینیت ﴿حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا﴾ وا دەزانیت دانەی مرواری پرژو بڵاوون ۱۹ ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ﴾ وە کاتێك بڕوانیت لەوێدا ﴿رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا﴾ ناز و نیعمەت و دەسەڵاتێکی گەورە دەبینیت ۲۰ ﴿عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ﴾ لە بەریاندایە بەرگی نەرم و نوڵی سەوزکار و پۆشاکی ئاوریشمین ﴿وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ﴾ وە ڕازێنراونەتەوە بە بازنی زیوو ﴿وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا﴾ وە پەروەردگاریان شەرابی پاك و تەمیزی پێ ئۆشین ۲۱ ﴿إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً﴾ (پێیان دەوترێت) ئەم بەهەشتە پاداشتی ئێوەیە ﴿وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا﴾ وە هەموو کۆششێکتان سوپاس کراوە ۲۲ ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنزِيلًا﴾ بێگومان ئێمە قورئانمان بۆ ناردیتە خوارێ بە ناردنی (بەش بەش) ۲۳ ﴿فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ﴾ کەواتە چاوەڕوانی فەرمانی خوا بکە ﴿وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ آثِمًا أَوْ كَفُورًا﴾ وە فەرمانبەرداری هیچ گوناهبار و بێ باوەڕێك مەکە ۲۴ ﴿وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ﴾ وە زیکر وبادی پەروەردگارت بکە ﴿بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ بە بەیانیان وئێوارادا ۲۵

﴿وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ﴾ وە لە شەوا سوژدەی بۆ بەرە (نوێژ بکە) ﴿وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا﴾ وە ستایشی خوا بکە لە بەشێکی زۆر لە شەودا ﴿١١﴾ ﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ﴾ بێگومان ئەم بێ بڕوایانە دونیای بێ بەقایان خۆش دەوێ ﴿وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمۡ يَوۡمٗا ثَقِيلٗا﴾ وە پشت گوێی دەخەن ڕۆژێکی قورس و گران (کە قیامەتە) ﴿١٢﴾ ﴿نَّحۡنُ خَلَقۡنَٰهُمۡ وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡۖ﴾ ئێمە ئەوانمان دروست کرد و جومگەکانیانمان قایم پێکەوە بەستووە ﴿وَإِذَآ شِئۡنَا بَدَّلۡنَآ أَمۡثَٰلَهُمۡ تَبۡدِيلًا﴾ وە کاتێک بمانەوێت دەیان گۆڕین بە کەسانی تری وەک خۆیان چۆن گۆڕینێک ﴿١٣﴾ ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ﴾ ئەم سورەتە ئامۆژگاری و پەندە ﴿فَمَن شَآءَ﴾ ئەمجا هەر کەسێک بیەوێت ﴿ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا﴾ ڕێگا دەگرێتە بەر بۆ لای پەروەردگاری ﴿١٤﴾ ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ﴾ وە ئێوە حەز ناکەن (لە گرتنی ئەو ڕێ یە) مەگەر کاتێک کە خوا بیەوێ (وە بە زۆر ناچارتان بکات) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا﴾ بێگومان خوا دانای دروست کردارە ﴿١٥﴾ ﴿يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ﴾ ئەوەی (خوا) بیەوێ دەیخاتە ناو میهرەبانی خۆیەوە ﴿وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمَۢا﴾ وە ئامادەی کردووە بۆ ستەمکاران سزای سەخت ﴿١٦﴾

سورەتی ﴿ المُرۡسَلَٰتِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ عُرۡفٗا﴾ سوێند بە بای ڕەوانە کراوی، یەک لە دوای یەک ﴿١﴾ ﴿فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا﴾ وە بەو (با) تونداندەش هەڵدەکەن بە هەڵکردنێکی قایم ﴿٢﴾ ﴿وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا﴾ وە بەو بایانەی کە هەور دەبەن وبڵاوی دەکەنەوە ﴿٣﴾ ﴿فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا﴾ سوێندیش بەو (فریشتانە) ی بەچاکی حەق لە ناحەق جیا دەکەنەوە ﴿٤﴾ ﴿فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا﴾ ئەمجا سوێند بەو (فریشتانە) ش پەیامی (خوا بە پێغەمبەران) دەگەیەنن ﴿٥﴾ ﴿عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا﴾ بۆ (نەهێلانی) بەهانە (ولێخۆشبوونیان) یا بۆ ترساندن ﴿٦﴾ ﴿إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٞ﴾ بەڕاستی ئەوەی کە بەڵێنتان پێ دراوە (لە هاتنی ڕۆژی دوایی) دێتە دی ﴿٧﴾ ﴿فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ﴾ ئەمجا کاتێک کە ئەستێرەکان تاریک بوون ﴿٨﴾ ﴿وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ﴾ وە دەمێک کە ئاسمان کەلێنی تێ بوو ﴿٩﴾ ﴿وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ﴾ وە کاتێک کێوەکان لە بێخ هێنران و تەخت کران ﴿١٠﴾ ﴿وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ﴾ وە ساتێک کە کات وشوێنی دیارکراو دانرا بۆ پێغەمبەران لە گەڵ ئومەتەکانیاندا ﴿١١﴾ ﴿لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ﴾ بۆ چ ڕۆژێ دوا خراوە؟ ﴿١٢﴾ ﴿لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ﴾ بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە ﴿١٣﴾ ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ﴾ تۆ چووزانییت ڕۆژی جیاکردنەوە چی یە؟ ﴿١٤﴾ ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿١٥﴾ ﴿أَلَمۡ نُهۡلِكِ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾ ئایا گەلانی پێشینانمان لە ناو نەبرد ﴿١٦﴾ ﴿ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ﴾ لە پاشان گەلانی دوای ئەوانمان وەک ئەوان لێ نەکرد ﴿١٧﴾ ﴿كَذَٰلِكَ نَفۡعَلُ بِٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾ هەر بەو جۆرەش دەکەین بە گوناهباران ﴿١٨﴾ ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿١٩﴾

﴿أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ﴾ ئایا ئێوەمان دروست نەکردووە لە ئاوێکی بێ نرخ؟ ﴿٢٠﴾ ﴿فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ﴾ ئەمجا خستمانە جێگایەکی پتەوەوە ﴿٢١﴾ ﴿إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾ تا ماوەیەکی دیاری کراو ﴿٢٢﴾ ﴿فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ﴾ ئەمجا بەئەندازە گیریەکی ڕێك وپێك دروستمان کرد، ئای (ئێمە) چ ئەندازەگیرێکی تەواو وچاکین ﴿٢٣﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٢٤﴾ ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا﴾ ئایا ئێمە زەویمان نەکردۆتە کۆ کەرەوە ﴿٢٥﴾ ﴿أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا﴾ بۆ زیندووان و مردووان ﴿٢٦﴾ ﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ شَمِخَٰتٍ﴾ وە لە ناویدا شاخانی بەرزی لەنگەر داکوتاومان داناوە ﴿وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا﴾ وە ئاوی شیرینمان پێ ئۆشیین ﴿٢٧﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ (بەم بێ بڕوایانە دەوترێت) وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٢٨﴾ ﴿ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾ بڕۆن بۆ لای ئەو دۆزەخەی کە بە درۆتان دەزانی ﴿٢٩﴾ ﴿ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلِّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ﴾ بڕۆن بۆ لای سێبەری دوکەڵێکی سێ بەش. ﴿٣٠﴾ ﴿لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ﴾ نە سێبەرێکی فێنکەو نەشتێك لە گڕی (دۆزەخ) بەرگری بکات ﴿٣١﴾ ﴿إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ كَٱلْقَصْرِ﴾ بەڕاستیی دۆزەخ پزیسکی وەك کۆشك دەهاوێژێ ﴿٣٢﴾ ﴿كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ﴾ (بەرودوا دەڕۆن) ئەڵێی ی کاروانی حوشتری زەردن ﴿٣٣﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٣٤﴾ ﴿هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ﴾ ئەمڕۆ ڕۆژێکە (بێ باوەڕان) ناتوانن قسەی تێدا بکەن ﴿٣٥﴾ ﴿وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ﴾ وە مۆڵەت نادرێن کە بڕوبیانوو بهێننەوە ﴿٣٦﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٣٧﴾ ﴿هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ﴾ ئەمڕۆ ڕۆژی بڕیاردانە (جیاکردنەوەیە) ﴿جَمَعْنَٰكُمْ وَٱلْأَوَّلِينَ﴾ ئێوەو پێشینانمان کۆ کردوەتەوە ﴿٣٨﴾ ﴿فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ﴾ سا ئەگەر فێڵ و پیلانێکتان هەیە ئەنجامی بدەن ﴿٣٩﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٤٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ﴾ بێگومان پارێزکاران ولەخواترسان لە سێبەرو (قەراغی) کانیاوی زۆران ﴿٤١﴾ ﴿وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ﴾ وە لەناو میوەهاتێکدان کە حەزی لێ دەکەن ﴿٤٢﴾ ﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (پێیان دەڵێن) بخۆن و بخۆنەوە نۆشتان بێ بەهۆی ئەوەی کە دەتان کرد ﴿٤٣﴾ ﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بێگومان ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿٤٤﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٤٥﴾ ﴿كُلُوا۟ وَتَمَتَّعُوا۟ قَلِيلًا﴾ (ئەی کافران) بخۆن و بەهرەمەند بین ماوەیەکی کەم (لە دونیادا) ﴿إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ﴾ بەڕاستی ئێوەن تاوانباران ﴿٤٦﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٤٧﴾ ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱرْكَعُوا۟﴾ وە کاتێك پێ یان بوترێ (لەخوا بترسن و) کڕنوش بەرن ﴿لَا يَرْكَعُونَ﴾ کڕنوش نابەن ﴿٤٨﴾ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾ وای بۆ بێ بڕوایان لەو ڕۆژەدا ﴿٤٩﴾ ﴿فَبِأَىِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ﴾ (ئەگەر ئەوان باوەڕ بە قورئان نەکەن) ئیتر بە چ فەرموودەیەکی تر بڕوا دەهێنن دوای قورئان؟ ﴿٥٠﴾

سورەتی ﴿ النَّبَإِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ﴾ ئەوە لەچی پرسیار لەیەکتری دەکەن (ئەو بێ بڕوایانە) ① ﴿عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ﴾ لەو دەنگ و باسە گەورەیە پرسیار دەکەن؟! ② ﴿الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ﴾ کە ئەوان تێیدا جیاوازن ③ ﴿كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ نەء با پەشیمان بنەوە، لەمەولا تێ دەگەن ④ ﴿ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ دووبارە(دەڵێم) نەء لەمەولا تێ دەگەن ⑤ ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا﴾ ئاخۆ زەویمان بۆ ڕانەخستوون ؟ ⑥ ﴿وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا﴾ وە کێوەکانمان نەگێڕاوە بە میخ ؟! ⑦ ﴿وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا﴾ وە ئێوەمان دروست نەکردوە بەجووت ⑧ ﴿وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا﴾ وە نوستنمان نەکردووە بەهۆی حەسانەوەتان ⑨ ﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا﴾ وە شەومان نەگێڕاوە بەکالا (داپۆشەر) ⑩ ﴿وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا﴾ وە ڕۆژمان نەگێڕاوە بەکاتی ژیان (و هەڵسوڕان و پەیداکردنی ژیوار) ⑪ ﴿وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا﴾ وە حەوت ئاسمانی بەهێزمان دروست نەکردوە لە سەرتانەوە ؟ ⑫ ﴿وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا﴾ وە دروستمان نەکردوە چرایەکی درەوشاوە (کەڕۆژە) ⑬ ﴿وَأَنْزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا﴾ وە ئاوی لێزمە و بەخوڕمان نەناردۆتە خوارەوە لە هەورە گوشراوەکانەوە ⑭ ﴿لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا﴾ تا پێ ی بڕوێنین دانەوێڵەو گڕو گیاو ⑮ ﴿وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا﴾ باخاتی بڕ و چڕ ⑯ ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا﴾ بەڕاستی ڕۆژی جیاکردنەوە (ی چاك و خراپ) کاتێکی بۆ دیاری کراوە ⑰ ﴿يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا﴾ ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێ بەکەڕەنادانەمجا بۆل بۆل دێن ⑱ ﴿وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا﴾ وە ئاسمان (لە هەموو لایەکەوە) کرایەوەو بوو بەدەرگا ⑲ ﴿وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا﴾ وە کێوەکان خرانە ڕێ و بوون بە (تراویلکە=سەراب) ⑳ ﴿إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا﴾ بەڕاستی دۆزەخ پەرێزگای بێ بڕوایانە (ودەمێکە چاوەڕوانیانە) ㉑ ﴿لِلطَّاغِينَ مَآبًا﴾ وەجێ گەڕانەوەی یاخییانە ㉒ ﴿لَابِثِينَ فِيهَا أَحْقَابًا﴾ تێیدا دەمێننەوە هەزاران ساڵ (ماوەیەکی زۆر) ㉓ ﴿لَا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا﴾ تێیدا نا چەژن نەساردی و فێنکی و نەخواردنەوە ㉔ ﴿إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا﴾ ئاوی لەکوڵ و کێم و زوخاو نەبێت ㉕ ﴿جَزَاءً وِفَاقًا﴾ پاداش دەدرێنەوە بەپێ ی کردەوەیان ㉖ ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ حِسَابًا﴾ چونکە بێگومان ئەوان بەتەمای لێ پرسینەوە نەبوون ㉗ ﴿وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كِذَّابًا﴾ وە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی چۆن بەدرۆ زانینێك ㉘ ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ كِتَابًا﴾ لە کاتێکدا هەموو شتێکمان ژماردووە (لە سەریان) بە نوسیین ㉙ ﴿فَذُوقُوا﴾ ئەمجا بچەژن(سزای خۆتان) ﴿فَلَنْ نَزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾ هیچتان بۆ زیاد ناکەین سزا نەبێت ㉚

﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا﴾ بێگومان جێگای پیرۆز و بەهرەمەندی هەیە بۆ پارێزکاران ﴿٣١﴾ ﴿حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا﴾ باخات و هەموو جۆرە تری یەک ﴿٣٢﴾ ﴿وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا﴾ وە کچانی تازە مەمک کردووی هاوتەمەن ﴿٣٣﴾ ﴿وَكَأْسًا دِهَاقًا﴾ وەپەرداخی پڕ (لە شەراب) ﴿٣٤﴾ ﴿لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا﴾ قسەی بێهودە و درۆی تێدا نابیستن ﴿٣٥﴾ ﴿جَزَاءً مِنْ رَبِّكَ عَطَاءً حِسَابًا﴾ (پاداش دەدرێنەوە بە) پاداشتێکی تەواو لەلایەن پەروەردگاری تۆوە ﴿٣٦﴾ ﴿رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرَّحْمَٰنِ﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و نێوانی ئەوانە خوایەکی بەخشندەو میهرەبانە و ﴿لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا﴾ کەس توانای تکا کردن و (قسە کردنی) نی یە ﴿٣٧﴾ ﴿يَوْمَ يَقُومُ الرُّوحُ وَالْمَلَائِكَةُ صَفًّا﴾ لە ڕۆژێکدا کە جیبریل و فریشتە بەڕیز دەوەستن ﴿لَا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا﴾ کەسیان قسە ناکەن مەگەر ئەوە کەخوا ڕێ ی بدات و قسەی بەڕێ و جێ بکات ﴿٣٨﴾ ﴿ذَٰلِكَ الْيَوْمُ الْحَقُّ﴾ ئەو ڕۆژە ڕاست و بێگومانە ﴿فَمَنْ شَاءَ اتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِ مَآبًا﴾ ئەمجا هەرکەسێک وویستی ڕێگای گەڕانەوە دەگرێ بۆ لای پەروەردگاری خۆی ﴿٣٩﴾ ﴿إِنَّا أَنْذَرْنَاكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا﴾ بێگومان ئێمە ئێوەمان ئاگادار کرد لە سزایەکی نزیک ﴿يَوْمَ يَنْظُرُ الْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ﴾ لە ڕۆژێکدا وادا کە مرۆڤ دەبینێ (پاداشی) ئەو کردەوانەی کەپێشەکی بەدەستی خۆی ناردوونی ﴿وَيَقُولُ الْكَافِرُ يَا لَيْتَنِي كُنْتُ تُرَابًا﴾ وە بێ بڕوا (لەو ڕۆژەدا) دەڵێ: خۆزگە گڵ بوومایە (نەک مرۆڤ) ﴿٤٠﴾

سورەتی ﴿النَّازِعَاتِ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَالنَّازِعَاتِ غَرْقًا﴾ سوێند بەو فریشتانەی کە گیانی کافران(لە لەشیان) بە سەختی دەردەهێنن ﴿١﴾ ﴿وَالنَّاشِطَاتِ نَشْطًا﴾ وە بەو فریشتانەی کە گیانی باوەڕداران بە ئاسانی دەردێنن ﴿٢﴾ ﴿وَالسَّابِحَاتِ سَبْحًا﴾ وە سوێند بەو فریشتانەی کە خێرا فەرمانی خوا جێ بەجێ دەکەن ﴿٣﴾ ﴿فَالسَّابِقَاتِ سَبْقًا﴾ وە سوێند بەو فریشتانەی کە پێش بڕکێ دەکەن (لە بەجێ هێنانی فەرماندا) ﴿٤﴾ ﴿فَالْمُدَبِّرَاتِ أَمْرًا﴾ وە سوێند بەو فریشتانەی کە تەگبیری کاروبار دەکەن (واتە سوێند بەمانە ئەوەی بەلێنتان پێدراوە دێتە دی)﴿٥﴾ ﴿يَوْمَ تَرْجُفُ الرَّاجِفَةُ﴾ ڕۆژێکە بومەلەرزە زەوی دەلەرزێنێ ﴿٦﴾ ﴿تَتْبَعُهَا الرَّادِفَةُ﴾ بومەلەرزەیەکی تریشی بەدوایدا دێت، مردووان زیندوو دەبنەوە ﴿٧﴾ ﴿قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ﴾ زۆر دڵ لەو ڕۆژەدا دەلەرزێ ﴿٨﴾ ﴿أَبْصَارُهَا خَاشِعَةٌ﴾ چاویان سەر بەرەو ژێر دەبێ ﴿٩﴾ ﴿يَقُولُونَ﴾ (ئەمڕۆ بەگاڵتەوە) دەڵێن ﴿أَإِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي الْحَافِرَةِ﴾ ئاخۆ ئێمە(لە پاش مردن) دەگەڕێنرێینەوە بۆ ژیانی پێشوو؟ ﴿١٠﴾ ﴿أَإِذَا كُنَّا عِظَامًا نَخِرَةً﴾ ئایا کە بووین بە ئێسقانی ڕزیو (چۆن زیندوو دەبینەوە) ﴿١١﴾ ﴿قَالُوا﴾ ووتیان ﴿تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ﴾ ئانەوە ئەگەر وابێ گەڕانەوەیەکی بەزیانە ﴿١٢﴾ ﴿فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ﴾ بێگومان ئەو زیندوو بوونەوەیە هەر یەک نەعرەتەیە ﴿١٣﴾ ﴿فَإِذَا هُمْ بِالسَّاهِرَةِ﴾ ئێتر کتوپڕ وان لە دەشتێکی سپی کاکی بە کاکیدا ﴿١٤﴾ ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ مُوسَىٰ﴾ ئایا داستانی موسات پێ گەیشتووە ﴿١٥﴾ ﴿إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى﴾ کاتێک کەپەروەردگاری بانگی کرد لەشیووی پیرۆزی طووا وە ﴿١٦﴾

﴿ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ﴾ (پێی ووت) بڕۆ بۆ لای فیرعەون(چونکە) بەڕاستی یاخیی بووە ﴿١٧﴾ ﴿فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ﴾ وە پێی ی بڵێ: ئایا دەتەوێ پاك ببیتەوە (لە گوناە) ﴿١٨﴾ ﴿وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ﴾ وە ڕێنت نیشاندەم بۆ(ناسینی) پەروەردگارت تا لێی بترسییت ﴿١٩﴾ ﴿فَأَرَىٰهُ ٱلْءَايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ﴾ ئەمجا نیشانە هەرە گەورەکەی نیشان دا (گۆچان لە گەڵ دەستە سپیەکەی) ﴿٢٠﴾ ﴿فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ﴾ کەچی بە درۆی زانی و سەرپێچی کرد ﴿٢١﴾ ﴿ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ﴾ لە پاشان پشتی هەلکرد و ڕۆی بەپەلە ﴿٢٢﴾ ﴿فَحَشَرَ فَنَادَىٰ﴾ ئەمجا(جادوو گەرانی) کۆکردەوەو بانگی کردن ﴿٢٣﴾ ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ﴾ پاشان ووتی: من پەروەردگاری هەرە گەورەتانم ﴿٢٤﴾ ﴿فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْءَاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ﴾ ئەمجا خوا گرفتاری کرد بە سزای هەردوو جیهان ﴿٢٥﴾ ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً﴾ بەڕاستی لەم داستانەدا پەند هەیە ﴿لِّمَن يَخْشَىٰٓ﴾ بۆ کەسێك لەخوا بترسێ ﴿٢٦﴾ ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ بَنَىٰهَا﴾ ئایا دروست کردنی ئێوە گرانترە یان ئاسمان ؟ وە دروستیشی کرد ﴿٢٧﴾ ﴿رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا﴾ بالای بەرز کردەوەو ڕێکی خست ﴿٢٨﴾ ﴿وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا﴾ وە شەوی ئەوی تاریك کرد و ﴿وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا﴾ دەری خست(ڕووناکی) ڕۆژی ﴿٢٩﴾ ﴿وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ﴾ لە پاشان زەوی ڕاخست ﴿٣٠﴾ ﴿أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا﴾ ئاو و لەوەڕگای لێ دەرهێنا ﴿٣١﴾ ﴿وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا﴾ وە شاخەکانی پتەو دامەزراند ﴿٣٢﴾ ﴿مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ﴾ بۆ بەهرەمەندی وژیانی خۆتان و ئاژەڵتان ﴿٣٣﴾ ﴿فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلْكُبْرَىٰ﴾ ئەمجا کاتێك کە ڕووداوی گەورە هات (کە ڕۆژی دوایی یە) ﴿٣٤﴾ ﴿يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ﴾ ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤ کردەوەی خۆی تێدا ببر دەکەوێتەوە ﴿٣٥﴾ ﴿وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ﴾ وە دۆزەخ پیشاندرا بۆ هەر کەسێك کە بڕوانێ ﴿٣٦﴾ ﴿فَأَمَّا مَن طَغَىٰ﴾ (لەو ڕۆژەدا چاکە و خراپە بەپێ ی کردەوە دابەش دەکرێ) ئەمجا ئەو کەسەی سەر کەش بووبێت ﴿٣٧﴾ ﴿وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا﴾ وە ژیانی دونیای هەڵبژاردبێ ﴿٣٨﴾ ﴿فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ ئەوە بێ گومان دۆزەخ جێگایەتی ﴿٣٩﴾ ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾ وە ئەو کەسەی کە ترسابێت لە وەستانی بەردەم پەروەردگاری بۆ لێپرسینەوە ﴿وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ﴾ وە بەرگری نەفسی خۆی کردبێ لە ئارەزووی خراپە ﴿٤٠﴾ ﴿فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ ئەوە بێ گومان بەهەشت جێگایەتی ﴿٤١﴾ ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ﴾ (ئەو بێباوەڕانە بەگاڵتە ولاقرتیەوە) پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆژی دوایی ﴿أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا﴾ کەی دەبێت وکەی دێت ﴿٤٢﴾ ﴿فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ﴾ تۆ چیت داوە لە بیر لێکردنەوەی (تۆ چۆن لەم بارەوە دەدوێی)؟ ﴿٤٣﴾ ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ﴾ زانینی ئەوە هەر لای پەروەردگارتە ﴿٤٤﴾ ﴿إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا﴾ بێگومان تۆ هەر ترسێنەری کەسێکیت کەلەو ڕۆژە بترسێ ﴿٤٥﴾ ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا﴾ بێ بڕواکان کە ئەو ڕۆژە دەبینن وا دەزانن ﴿لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا﴾ کە نەماونەتەوە ئێوارەیەك یا چێشتەنگاوێك نەبێ لە دونیادا ﴿٤٦﴾

سورەتی ﴿عَبَسَ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰ﴾ (پێغەمبەر ﷺ) ڕووی گرژ کرد و پشتی هەلکرد ﴿١﴾ ﴿أَن جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ﴾ کە کوێرێك (عەبدوللای کوڕی ئوم مەکتوم) هاتە لای ﴿٢﴾ ﴿وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ﴾ تۆ چووزانیت؟ بەلکو ئەو (کوێرە) بیەوێ پاك ببێتەوە ﴿٣﴾ ﴿أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَىٰ﴾ بان بیری بکەوێتەوە(ئەوەی کە لە بیری چوێتەوە) ئەمجا ئەو بیر کردنەوەیە سوودی پێ بگەیەنێت ﴿٤﴾ ﴿أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ﴾ کەچی ئەوی کە خۆی بێ نیاز دەزانێ (مەبەست پێی بت پەرستەکانی قورەیشە) ﴿٥﴾ ﴿فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّىٰ﴾ تۆ ڕووی تێ دەکەیت ﴿٦﴾ ﴿وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ﴾ وە هیچ لەسەر تۆ نی یە کە ئەو بێ بڕوایە خۆی پاك نەکاتەوە ﴿٧﴾ ﴿وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَىٰ﴾ بەڵام ئەو کەسەی کە بەپەلە دێ بۆ لات ﴿٨﴾ ﴿وَهُوَ يَخْشَىٰ﴾ وە لەخوا دەترسێ ﴿٩﴾ ﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ﴾ تۆ خۆتی لێ هەڵە دەکەیت ﴿١٠﴾ ﴿كَلَّا إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ﴾ وا مەکە! بێ گومان ئەو ڕێنموونی یانە(ی کەبۆت هاتووە) بیدار کەرەوە(ی ئادەمی) یە ﴿١١﴾ ﴿فَمَن شَاءَ ذَكَرَهُ﴾ ئەمجا ئەو کەسەی بیەوێ یادی خوا دەکات ﴿١٢﴾ ﴿فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ﴾ (کە ئەو ڕێنموونی یانەش نوسراونەتەوە) لە چەند پەڕەیەکی بەڕێز وبیرۆزدا ﴿١٣﴾ ﴿مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ﴾ پایە بڵندی پاك ﴿١٤﴾ ﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ﴾ کە بەدەست نوێنەرانی ﴿١٥﴾ ﴿كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾ بەڕێزی خێر خواوەن ﴿١٦﴾ ﴿قُتِلَ الْإِنسَانُ مَا أَكْفَرَهُ﴾ بەکوشت چێ (خراپترین نەفرینی لێ بێ) ئادەمی، چەند بێ نەزان وسپڵەیە ﴿١٧﴾ ﴿مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ﴾ (بیرناکاتەوە بزانێ کە) خوا لە چی دروستی کردووە؟ ﴿١٨﴾ ﴿مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ﴾ لەدڵۆپێك ئاو دروستی کردووە و ڕێکی خستووە ﴿١٩﴾ ﴿ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ﴾ لەپاشان ڕێگای(چاك و خراپی) بۆ ئاسان کردووە ﴿٢٠﴾ ﴿ثُمَّ أَمَاتَهُ فَأَقْبَرَهُ﴾ ئەمجا دەیمرێنێ و دەیخاتە گۆڕەوە ﴿٢١﴾ ﴿ثُمَّ إِذَا شَاءَ أَنشَرَهُ﴾ لە پاشان کاتێ کە وویستی زیندووی دەکاتەوە ﴿٢٢﴾ ﴿كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَا أَمَرَهُ﴾ بەڕاستی ئەوەی کە خوا فەرمانی پێ داوە هێشتا(ئادەمیی) بەجێ ی نەهێناوە ﴿٢٣﴾ ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَىٰ طَعَامِهِ﴾ دەبا مرۆڤ سەیری خواردەمەنیەکەی بکات ﴿٢٤﴾ ﴿أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا﴾ بەڕاستی ئێمە لە هەورەوە بارانمان دابڕژاند چۆن دابڕژاندنێك ﴿٢٥﴾ ﴿ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا﴾ لە پاشان زەویمان لەت لەت کرد (بەگیا) چۆن لەت کردنێك ﴿٢٦﴾ ﴿فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا﴾ ئەمجا ڕووەندمان لەناوبیدا دانەوێلە ﴿٢٧﴾ ﴿وَعِنَبًا وَقَضْبًا﴾ و ترێ و سەوزە ﴿٢٨﴾ ﴿وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا﴾ وزەیتون و دار خورما ﴿٢٩﴾ ﴿وَحَدَائِقَ غُلْبًا﴾ و باخانی چڕوپڕو ﴿٣٠﴾ ﴿وَفَاكِهَةً وَأَبًّا﴾ میوە و لەوەڕ ﴿٣١﴾ ﴿مَّتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ﴾ بۆ ژیانی خۆتان و ئاژەڵتان ﴿٣٢﴾ ﴿فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ﴾ کاتێك کە شاخە و شریخە (ی ڕۆژی دوایی) هات ﴿٣٣﴾ ﴿يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ﴾ ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤ ڕادەکات لە برای ﴿٣٤﴾ ﴿وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ﴾ وە لە دایکی و باوکی ﴿٣٥﴾ ﴿وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ﴾ وە لە ژنی و کوڕەکانی ﴿٣٦﴾ ﴿لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ﴾ هەموو یەکێك لەوان لەو ڕۆژەدا کارێکی وای هەیە کە سەر کەسی تری نەپەڕێ ﴿٣٧﴾ ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ﴾ زۆر ڕوخسار لەو ڕۆژەدا گەش و جوانن ﴿٣٨﴾ ﴿ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ﴾ دەم بە پێکەنین و شادمانن ﴿٣٩﴾ ﴿وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ﴾ وە زۆر ڕوخسار لەو ڕۆژەدا، تەپوتۆزیان بەسەرەوەیە ﴿٤٠﴾

﴿تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ﴾ لـه داماویدا ڕەش داگیر ساون ﴿٤١﴾ ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ﴾ ئەوانە ئەوانەن کە بێ باوەڕ و گوناهکار و تاوانبارن ﴿٤٢﴾

سورەتی ﴿التَّكْوِيرِ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ کاتێک کـه ڕۆژ پێچرایـەوە (ڕووناکی نەمـا) ﴿١﴾ ﴿وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾ وە دەمێک کـه ئەستێرەکان هەڵ وەرین و کەوتنە خوارەوە (تاریـک بوون) ﴿٢﴾ ﴿وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ﴾ وە کاتێک کـه کێـوەکان خرانـەڕێ (واتە لە شـوێنی خۆیـان خزێنـدران) ﴿٣﴾ ﴿وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ﴾ وە کاتێک کە وشـترە ئاوسەکان وازیان لێ هێنرا ﴿٤﴾ ﴿وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾ وە کاتێک کە جانەوەران کۆکرانەوە ﴿٥﴾ ﴿وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ﴾ وە دەمێک کە دەریاکان هەڵگیرسێتران (تێکەڵ کران) ﴿٦﴾ ﴿وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ﴾ وە ساتێک کـه هەمـوو گیانێـک جووتکرایـەوە (لەگـەڵ لاشـەدا) ﴿٧﴾ ﴿وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ﴾ وە کاتێک پرسیارکرا لـه کچانـی زیندە بە چاڵ ﴿٨﴾ ﴿بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾ کە بەچ گوناهێک کوژران ﴿٩﴾ ﴿وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ﴾ وە کاتێک کەنامە(ی کردەوە) بڵاوکرایەوە (و دابەشکرا) ﴿١٠﴾ ﴿وَإِذَا السَّمَاءُ كُشِطَتْ﴾ وە دەمێک کە ئاسمان دامالێترا و پێچرایەوە ﴿١١﴾ ﴿وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ﴾ وە کاتێک کە دۆزەخ هەڵگیرسێترا ﴿١٢﴾ ﴿وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ﴾ وە سـاتێک کـه بەهەشـت نزیـک خرایـەوە ﴿١٣﴾ ﴿عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا أَحْضَرَتْ﴾ ئەوکاتە هەموو کەسێک دەزانێ کەچی ئامادە کردوە (بۆ خۆی لە چاکەو خراپە) ﴿١٤﴾ ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ﴾ سوێند بەو(ئەستێرە گەڕۆکانەی) دەگەڕێنەوە ﴿١٥﴾ ﴿الْجَوَارِ الْكُنَّسِ﴾ بەو ئەستێرانەی کە پەنا دەگرن ودیار نامێنن ﴿١٦﴾ ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ﴾ وە بەشەو کەتاریک دەبێت ﴿١٧﴾ ﴿وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ﴾ وە بە بەیانی کە هەناسە دەدات ﴿١٨﴾ ﴿إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ﴾ بێگومـان ئـەو قورئانـە گوفتـاری ڕەوانەکراوێکی پایە بەرزە (کە فریشـتەی وەحیـە) ﴿١٩﴾ ﴿ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ﴾ بەهێـزە، لای خاوەنی عەرش(لای خوای گـەورە)، وخاوەنی پلـە و پایەیە ﴿٢٠﴾ ﴿مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ﴾ قسـە ڕەوایە لەناو فریشـتەدا ودەسـت پاکە ﴿٢١﴾ ﴿وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ﴾ هاوڕێکەتان(کە موحەممەدە ﷺ) شێت نی یە (وەک ئێوە دەڵێن) ﴿٢٢﴾ ﴿وَلَقَدْ رَآهُ بِالْأُفُقِ الْمُبِينِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان (فریشتەی وەحی) دیبوە لە ئاسۆی ڕووندا ﴿٢٣﴾ ﴿وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ﴾ وە ئەو ڕژد و چروک نیـە لەگەیاندنی وەحی وپەیامەکەیدا ﴿٢٤﴾ ﴿وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ﴾ وە ئەو(قورئانە) قسـەی شـەیتانی دەرکراو لە بەزەیی خوانی یە (وەک ئێوە دەڵێن) ﴿٢٥﴾ ﴿فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ﴾ ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن ﴿٢٦﴾ ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ ئـەو قورئانـە تەنهـا ئامۆژگاری یە بـۆ هەموو جیهانیـان ﴿٢٧﴾ ﴿لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ﴾ بۆ ئەو کەسـانەی کـە بیانەوێ بەڕێ ی ڕاسـت دا بـڕۆن لە ئێوە ﴿٢٨﴾ ﴿وَمَا تَشَاءُونَ﴾ ئێوە ئـارەزوو(ی ڕێ ی ڕاسـت) ناکەن ﴿إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ مەگـەر کاتێـک کـە پەروەردگـاری هەمـووان بیەوێـت وە ناچارتان بکات پێ ی ﴿٢٩﴾

سورەتی ﴿ الانفطار ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ﴾ کاتێك کەئاسمان لەت بوو ۝١ ﴿وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ﴾ وەدەمێك کەئەستێرەکان (کەوتنە خوارەوە) بە پەرش و بلاوی ۝٢ ﴿وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ﴾ وە ساتێك کە دەریاکان تێکەڵ کران ۝٣ ﴿وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ﴾ وە ساتێك کە گۆڕەکان ژێرەو ژوور کران واتە (مردووەکان هاتنە دەرەوە) ۝٤ ﴿عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ﴾ ئەو کاتە هەموو کەسێك دەزانێت کە چی لەپێشەوە ناردووەو (چیشی) دوا خستوە (بۆ خۆی) ۝٥ ﴿يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ﴾ ئەی ئینسان ﴿مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ﴾ چی تۆی خەڵەتاندووە بە پەروەردگاری بەڕێز وگەورەت (وا لێی یاخی بوویت) ۝٦ ﴿الَّذِي خَلَقَكَ﴾ ئەو(پەروەردگار) ەی کە دروستی کردووویت و ﴿فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ﴾ ڕێکی خستوویت و جیای کردویتەوە (لە گیان لەبەرانی تر) ۝٧ ﴿فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ﴾ لە هەر وێنەیەکدا کە خۆی ویستبێتی یەکی خستووویت ۝٨ ﴿كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ﴾ وانی یە (کە تێ ی گەیشتوویت) بەڵکو (ڕۆژی) پاداشت بەدرۆ دەزانن ۝٩ ﴿وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ﴾ بێگومان چەند چاودێرێکتان بەسەرەوەیە ۝١٠ ﴿كِرَامًا كَاتِبِينَ﴾ کە بەڕێزو نووسەرن ۝١١ ﴿يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾ هەرچی بکەن دەیزانن ۝١٢ ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ﴾ بەڕاستی چاکەکاران لەناو نازو نیعمەتدان ۝١٣ ﴿وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ﴾ بێگومان بەدکاران لە دۆزەخان ۝١٤ ﴿يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ﴾ لە ڕۆژی پاداشتدا دەچنە ناوبەوە ۝١٥ ﴿وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ﴾ وە ئەوان لێ ی دەرناچن ۝١٦ ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ﴾ تۆ چووزانیت کە ڕۆژی پاداشت چی یە ۝١٧ ﴿ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ﴾ دووبارە چووزانیت ڕۆژی پاداشت چی یە ۝١٨ ﴿يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئًا﴾ ڕۆژێکە کە هیچ کەس هیچی بەدەست نی یە بۆ هیچ کەس ﴿وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ﴾ وە فەرمان لەو ڕۆژەدا هەر بۆ خوایە ۝١٩

سورەتی ﴿ المطففين ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ﴾ هاوار بۆ تەرازوو بازان ۝١ ﴿الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ﴾ ئەوانەی کە کاتێك پێوانە بکەن (بۆ خۆیان) لەسەر (مالی) خەڵکی بەتەواوی وەری دەگرن ۝٢ ﴿وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾ بەڵام کاتێك بۆیان پێوانە یان کێشانە بکەن کەمیان دەدەنێ ۝٣ ﴿أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ﴾ ئایا ئەوانە نازانن کە بێگومان زیندوو دەکرێنەوە؟! ۝٤

﴿لِيَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ لە رۆژێکی گەورەدا ۵ ﴿يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ رۆژێك کە خەڵك لەبەردەم پەروەردگاری جیهانیان دا دەوەستن ۶ ﴿كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ﴾ بە پەشیمان بنەوە، چونکە بەڕاستی نامەی تاوانباران لە ناو دەفتەرێکی پەستی ڕەشدایە ۷ ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا سِجِّينٌ﴾ تۆ چوزانییت ئەو دەفتەرە چی یە ۸ ﴿كِتَابٌ مَرْقُومٌ﴾ دەفتەرێکی نوسراوە ۹ ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ﴾ هاوار لەو ڕۆژەدا بۆ بێ بڕوایان ۱۰ ﴿الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ﴾ ئەوانەی کە بڕوا ناکەن بەڕۆژی پاداشت دانەوە ۱۱ ﴿وَمَا يُكَذِّبُ بِهِ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ﴾ کەس ئەو ڕۆژە بە درۆ نازانێت مەگەر هەموو ستەم کارێکی گوناهبار ۱۲ ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ آيَاتُنَا﴾ هەر کاتێك کە ئایەتەکانی ئێمەی بۆ بخوێنرێتەوە ﴿قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ دەڵێ (ئەمانە) ئەفسانەی پێشینانن ۱۳ ﴿كَلَّا﴾ نەخێر وانی یە ﴿بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ بەڵکو ژەنگی ئەو (خراپانەی) کە دەیانکرد پەردەی هێناوە بەسەر دڵیاندا ۱۴ ﴿كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ﴾ نەخێر بەڕاستی ئەوان لەو ڕۆژەدا، بێ بەشن لە بینینی پەروەردگاریان ۱۵ ﴿ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُو الْجَحِيمِ﴾ لە پاشان بێگومان ئەوان دەچنە دۆزەخەوە ۱۶ ﴿ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ﴾ ئەمجا پێ یان دەووترێت ئەمە ئەوەیە کە بڕواتان پێ نەدەکرد ۱۷ ﴿كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ﴾ بەڕاستی نامەی (کرداری) چاکەکاران لەناو دەفتەرێکی بەرزدایە ۱۸ ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ﴾ تۆ چوزانییت ئەو دەفتەرە بەرزە چی یە؟ ۱۹ ﴿كِتَابٌ مَّرْقُومٌ﴾ دەفتەرێکی نوسراو (ی ئەمەندە بەفەرە) ۲۰ ﴿يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبُونَ﴾ نزیکانی خودا دەیبینن ۲۱ ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ﴾ بێگومان چاکەکاران لە نازو نیعمەتدان ۲۲ ﴿عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ﴾ لەسەر تەخت و بارەگاوە سەیر دەکەن ۲۳ ﴿تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ﴾ دەبینیت لە ڕوخساریاندا جوانی و گەشاوەیی خۆشگوزەرانی ۲۴ ﴿يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ﴾ شەرابی پاکی سەر بەمۆریان پێ دەدرێ بێخۆنەوە ۲۵ ﴿خِتَامُهُ مِسْكٌ﴾ کە دوا قومی بۆنی میسکە ﴿وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ﴾ بۆ ئەوە با پێشبڕکێ بکەن پێشبڕکێ کاران ۲۶ ﴿وَمِزَاجُهُ مِن تَسْنِيمٍ﴾ تێکەڵ کراو لە ئاوی تەسنیمە. ۲۷ ﴿عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا الْمُقَرَّبُونَ﴾ کانی یەکە کە نزیك کراوەکان لێ ی دەخۆنەوە ۲۸ ﴿إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُوا﴾ بێگومان ئەوانەی کە بەدکار بوون ﴿مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ﴾ پێ دەکەنین بەوانەی کە بڕوایان هێنا بوو ۲۹ ﴿وَإِذَا مَرُّوا بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ﴾ وە کاتێك کە بەلایاندا بڕۆشتنایە چاویان لێ دادەگرتن ۳۰ ﴿وَإِذَا انقَلَبُوا إِلَىٰ أَهْلِهِمُ انقَلَبُوا فَكِهِينَ﴾ وەکاتێکیش بگەڕانایەتەوە بۆ لای مال و منداڵیان، بە پێکەنین و گاڵتەکردن (بەموسوڵمانان) هەوە دەگەڕانەوە ۳۱ ﴿وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَٰؤُلَاءِ لَضَالُّونَ﴾ وە کاتێکیش بیانبینیایە ئەیانووت: ئەمانە گومڕان ۳۲ ﴿وَمَا أُرْسِلُوا عَلَيْهِمْ حَافِظِينَ﴾ لە کاتێکدا کە (ئەوان) بە چاودێر نە نێرراون بۆ سەر موسڵمانەکان (تا ئەم قسەیە بکەن) ۳۳

﴿فَٱلْيَوْمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنَ ٱلْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ﴾ ئەمرۆ (کە پۆژی دوایی یە) ئەوانەی کە بڕوادار بوون بە بێ بڕواکان پێ دەکەنن ﴿٣٤﴾ ﴿عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ﴾ لەسەر قەنەفەو کورسیەوە سەیر دەکەن ﴿٣٥﴾ ﴿هَلْ ثُوِّبَ ٱلْكُفَّارُ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ﴾ (تا بزانن) تۆڵەی ئەو بێ بڕوایانە دراوەتەوە، لەسەر ئەو کردەوانەی کە دەیان کرد (لە دونیادا)؟ ﴿٣٦﴾

سورەتی ﴿ الانشقاق ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتْ﴾ کاتێک کە ئاسمان لەت بوو ﴿١﴾ ﴿وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ﴾ وە ملکەچی کرد بۆ پەروەردگاری و دەبێ هەرواش بێت ﴿٢﴾ ﴿وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ﴾ و ساتێک کە زەوی ڕاکێشرا و پانکرایەوە (ڕاخرا) ﴿٣﴾ ﴿وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ﴾ وە ئەوەی تێیدابوو فڕێی داو هیچی لەناودانەما ﴿٤﴾ ﴿وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ﴾ وە ملکەچی کرد بۆ پەروەردگاری و دەبێ هەرواش بێت ﴿٥﴾ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ﴾ ئەی ئینسان ﴿إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَٰقِيهِ﴾ تۆ بێگومان تێکۆشەریت بەرەو پەروەردگارت بەتێکۆشان ! ئەوسا پێ ی دەگەیت ﴿٦﴾ ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾ ئەمجا ئەو کەسەی کە نامەی (کردەوەی) درایە دەستی ڕاستی ﴿٧﴾ ﴿فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾ ئەوسا پرسینەوەیەکی سووک و ئاسانی لەگەڵ دەکرێ ﴿٨﴾ ﴿وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا﴾ وە بەدڵخۆشی دەگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری ﴿٩﴾ ﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ﴾ وە ئەو کەسەی نامەی لە پشتەوە درایە دەستی ﴿١٠﴾ ﴿فَسَوْفَ يَدْعُوا۟ ثُبُورًا﴾ ئەوە بە زووی داوای مردنی خۆی دەکات ﴿١١﴾ ﴿وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا﴾ وە دەچێتە دۆزەخەوە ﴿١٢﴾ ﴿إِنَّهُۥ كَانَ فِىٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا﴾ (چونکە) بێگومان ئەو لەناو کەس و کاری دا دڵخۆش بووە ﴿١٣﴾ ﴿إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ﴾ وە ئەو وای گومان دەبرد، کە هەرگیز ناگەڕێتەوە (لای خوا) ﴿١٤﴾ ﴿بَلَىٰٓ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا﴾ نەخێر وانی یە ! چونکە بەڕاستی پەروەردگاری ئەو ئاگادار بووە بەو ﴿١٥﴾ ﴿فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلشَّفَقِ﴾ سوێند بە سوورییەکەناری ئاسمان ﴿١٦﴾ ﴿وَٱلَّيْلِ وَمَا وَسَقَ﴾ وە بەشەوو ئەو شتانەی کە کۆیان دەکاتەوە ﴿١٧﴾ ﴿وَٱلْقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ﴾ وە بەمانگ کاتێک کە پڕ دەبێتەوە ﴿١٨﴾ ﴿لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ﴾ (ئێوە) تێ ئەپەڕن لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر ﴿١٩﴾ ﴿فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئیتر بۆچی بڕوا ناهێنن ؟ ﴿٢٠﴾ ﴿وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ ٱلْقُرْءَانُ لَا يَسْجُدُونَ﴾ وە کاتێک کە قورئانیان بۆ بخوێنرێتەوە سوژدە نابەن (مل کەچی ناکەن) ﴿٢١﴾ ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُكَذِّبُونَ﴾ بەڵام ئەوانەی کە بێ بڕوان بە درۆی ئەزانن ﴿٢٢﴾ ﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ﴾ وە خوا چاک ئاگادار و زانایە بەوەی کە لەدڵی دەگرن ﴿٢٣﴾ ﴿فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ کەواتە مژدەیان بدەرێ بە سزای سەختی (قیامەت) ﴿٢٤﴾

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ بەلآم ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوە باشەکانیان کردووە ﴿لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ بۆ ئەوان هەیە پاداشتی بێ بڕانەوە ﴿٦﴾

سورەتی ﴿ البروج ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾ سوێند بە ئاسمانی خاوەن بورجەکان ﴿١﴾ ﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ﴾ وە بەو ڕۆژەی کە بەڵێنی پێدراوە ﴿٢﴾ ﴿وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ﴾ وە بەهەموو بینەرو بینراوێك(یا شایەت و شایەتی لەسەر دراو یا ڕۆژی هەینی و ڕۆژی عەرەفە) ﴿٣﴾ ﴿قُتِلَ أَصْحَٰبُ ٱلْأُخْدُودِ﴾ بەکوشت چن خاوەن چاڵەکان (لە غەمەکان) ﴿٤﴾ ﴿ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلْوَقُودِ﴾ ئەو ئاگرەی خاوەن سووتەمەنی (و بڵێسەیە) ﴿٥﴾ ﴿إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ﴾ کاتێك کە ئەوان دانیشتبوون بەدەوری (ئاگرەکە) دا ﴿٦﴾ ﴿وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ﴾ وە ئەوان سەیری ئەوەیان دەکرد کە دەیان کرد بە بڕواداەکان ﴿٧﴾ ﴿وَمَا نَقَمُوا۟ مِنْهُمْ إِلَّآ﴾ وە ئەم سزایەش هەر لەبەر ئەوە دەدران ﴿أَن يُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ﴾ کە بڕوایان هێنابوو بەخوای بەدەسەڵاتی سوپاسکراو ﴿٨﴾ ﴿ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ ئەوخودایەی کە مولکی ئاسمانەکان و زەویی بۆ ئەوە ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ وە خوا ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکدا ﴿٩﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە ئازاری پیاو و ژنە بڕواداەکانیان داو ﴿ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟﴾ لەپاشان پەشیمان نەبوونەوە ﴿فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ﴾ ئەوە بۆ ئەوان هەیە سزای دۆزەخ، وە سزای(ئاگری) سوتێنەر ﴿١٠﴾ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناو کردەوە چاکەکانیان کرد ﴿لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ بۆ ئەوان هەیە بەهەشتانێك کە جۆگە ئاوی زۆر دەڕوات بەژێریاندا ﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ﴾ ئا ئەوەیە سەرکەوتنی گەورە ﴿١١﴾ ﴿إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ﴾ بەڕاستی دەست وەشاندنی پەروەردگاری تۆ زۆر سەختە ﴿١٢﴾ ﴿إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ﴾ بێگومان هەر ئەوە کە لەسەرەتاوە(مرۆڤ) دروست دەکات و(دوای مردنیش) زیندووی دەکاتەوە ﴿١٣﴾ ﴿وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ﴾ وە هەر ئەوە لێخۆشبووی میهرەبان ﴿١٤﴾ ﴿ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ﴾ خاوەنی عەرش و بەرزو پایە دار ﴿١٥﴾ ﴿فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾ هەرچیەکی بیەوێت دەیکات ﴿١٦﴾ ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْجُنُودِ﴾ ئایا پێت گەیشتووە باس و بەسەرهاتی لەشکرەکانی ﴿١٧﴾ ﴿فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ﴾ فیرعەون و سەمود ﴿١٨﴾ ﴿بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى تَكْذِيبٍ﴾ بەڵکو ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون هەمیشە لە بە درۆ زانینی (قورئان) دان ﴿١٩﴾ ﴿وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطٌۢ﴾ وە خواش(بە دەسەڵات و زانینی) لە پشتیانەوە دەوری داون ﴿٢٠﴾ ﴿بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ﴾ بەڵکو ئەوە(ی کە بەدرۆی دەزانن) قورئانێکی گەورەو بەڕێزە ﴿٢١﴾ ﴿فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ﴾ لە لەوحێکی پارێزراو دایە (کە پێی دەوترێت لوح المحفوظ) ﴿٢٢﴾

سورەتی ﴿ الطَّارِقِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ﴾ سوێند بە ئاسمان و ئەوەی کە لەشەوا دەردەکەوێ ① ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ﴾ تۆ چوزانیت دەرکەوتووی شەو چی یە ؟ ② ﴿النَّجْمُ الثَّاقِبُ﴾ ئەستێرەی درەخشانی تاریکی کون کەرە ③ ﴿إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ﴾ (سوێند بەمانە) کەس نی یە کە چاودێرێکی بەسەرەوە نەبێ ④ ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ﴾ دەی با مرۆڤ سەرنج بدات کە لەچی دروست کراوە ⑤ ﴿خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ﴾ دروست کراوە لە ئاوێکی فڕێدراو (هەلقوڵاو) ⑥ ﴿يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ﴾ کە دەردەچێ لە ناوەندی پشت (ی پیاو) و دانەی (پەراسووی) سنگی (ژن) ەوە ⑦ ﴿إِنَّهُ عَلَىٰ رَجْعِهِ لَقَادِرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەدەسەڵاتە لەسەر زیندوو کردنەوەی ⑧ ﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾ لە ڕۆژێکدا کە هەرچی نهێنی هەیە ئاشکرا دەکرێ ⑨ ﴿فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ﴾ ئەو نە هێزێك شك دەبات و نە پشتیوانێك ⑩ ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ﴾ سوێند بە ئاسمانی خاوەن باران ⑪ ﴿وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ﴾ وە بەزەوی خاوەن درزو قڵیش ⑫ ﴿إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ﴾ بێگومان ئەم(قورئانە)م وتەی ڕاست و جیاکەرەوەیە ⑬ ﴿وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ﴾ وە گاڵتە نی یە ⑭ ﴿إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا﴾ بێگومان یێ بڕواکان (پیلان دەگێڕن) و فێڵ دەکەن چۆن فێڵ کردنێك ⑮ ﴿وَأَكِيدُ كَيْدًا﴾ وە منیش پیلان دەگێڕم (وەنەخشە دەکێشم لەبەرامبەر پیلانی ئەوانـدا) چۆن پیلان وەنەخشە کێشانێك ⑯ ﴿فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ﴾ ئەمجا (تۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ) مۆڵەتی بێ بڕواکان بدە ﴿أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا﴾ منیش کەمێك لێیان دەوەستم (پاشان دەبینیت چیان بەسەر دەهێنم بە سزادانایان) ⑰

سورەتی ﴿ الْأَعْلَى ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ تەسبیحاتی پەروەردگاری هەرە بڵندت بکە ① ﴿الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ﴾ ئەوەی(هەموو شتێکی) دروست کردووەو ڕێك وپێکی کردووە ② ﴿وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ وە ئەوەی کە نەخشەی کێشاوە(بۆ هەموو شتێك) ئەمجا شارەزای کردووە ③ ﴿وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَىٰ﴾ وە ئەوەی کە لەوەڕی دەرهێناوە ④ ﴿فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَىٰ﴾ ئەمجا دەیکات بە پوشی ڕەش داگەڕاو ⑤ ﴿سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ قورئانت) بەسەردا دەخوێنینەوەو هەرگیز بیرت ناچێتەوە ⑥ ﴿إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ﴾ مەگەر ئەوەی کە خوا بیەوێت ﴿إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ﴾ بێگومان ئەو بە هەموو شتێکی ئاشکراو پەنهان ئاگاداڕە ⑦ ﴿وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَىٰ﴾ وە یارمەتیت دەدەین بۆ ڕێ ی ئاسان ⑧ ﴿فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَىٰ﴾ ئەمجا تۆش هەردەم ئامۆژگاری بکە ئەگەر سوودی گەیاند ⑨ ﴿سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَىٰ﴾ بێگومان ئەوەی لە خوا بترسێ پەندی لێ وەردەگرێ ⑩

﴿وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا﴾ وە ئەوەی زۆر خراپیش بێ خۆی لێ دوور دەخاتەوە ﴿٥﴾ ﴿ٱلَّذِى يَصْلَى ٱلنَّارَ ٱلْكُبْرَىٰ﴾ ئەوەی دەچێتە ناو ئاگری هەرە گەورەوە ﴿٦﴾ ﴿ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ﴾ لەپاشان نە دەمرێ تێیدا (تا ڕزگاری بێت) وە نە دەژی (تێیدا بە ئاسایی) ﴿٧﴾ ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ﴾ بەڕاستی سەرفراز بوو ئەوەی کە خۆی پاك ڕاگرت ﴿٨﴾ ﴿وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ﴾ وەناوی پەروەردگاری خۆی دەبات و کەوتە نوێژ کردن (وپارایەوە) ﴿٩﴾ ﴿بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا﴾ بەڵکو ئێوە ژیانی دونیا هەڵدەبژێرن ﴿١٠﴾ ﴿وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ﴾ کەچی(ژیانی) دوا ڕۆژ باشترو پایە دارترە ﴿١١﴾ ﴿إِنَّ هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ﴾ بێ گومان ئەمەی (کەباسکرا) لە نامەی پێشوەکاندایە ﴿١٨﴾ ﴿صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ﴾ نامەکانی ئیبراهیم و موسا ﴿١٩﴾

سورەتی ﴿ الْغَاشِيَةِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ﴾ ئایا هەواڵی ڕۆژی دوایی(ڕۆژی داپۆشەرت) پێگەشتووە ﴿١﴾ ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خَاشِعَةٌ﴾ زۆر دەم و چاو لەو ڕۆژەدا ترسناك و ڕیسواو شەرمەزارن ﴿٢﴾ ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ﴾ هەوڵدەرێکی ڕەنجەڕۆن ﴿٣﴾ ﴿تَصْلَىٰ نَارًا حَامِيَةً﴾ دەچنە ناو ئاگری هەرە گەرمەوە ﴿٤﴾ ﴿تُسْقَىٰ مِنْ عَيْنٍ ءَانِيَةٍ﴾ ئاو دەدرێن لەسەرچاوەی کوڵ بەکوڵ و زۆر گەرم ﴿٥﴾ ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ﴾ خۆراکیان هەر درکی حوشتر خوار(ی ئاگربینە) ﴿٦﴾ ﴿لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِى مِن جُوعٍ﴾ نە قەڵەوی دەکات و نە برسێتی لا دەبات ﴿٧﴾ ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ﴾ زۆر ڕووخسار لەو ڕۆژەدا پاراوە (جوان وگەشن) ﴿٨﴾ ﴿لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ﴾ ڕازیین لەکۆششی خۆیان ﴿٩﴾ ﴿فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾ وان لە بەهەشتی بەرزو بڵندا ﴿١٠﴾ ﴿لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَٰغِيَةً﴾ قسەی هیچ وپوچی تێدا نابیستن ﴿١١﴾ ﴿فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ﴾ تێیدایەتی سەرچاوەی ڕەوان ﴿١٢﴾ ﴿فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ﴾ تێیدایەتی زۆر قەنەفە و تەختی بەرز ﴿١٣﴾ ﴿وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ﴾ وە پەرداخی دانراو ﴿١٤﴾ ﴿وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ﴾ وە پشتی ڕیزکراو ﴿١٥﴾ ﴿وَزَرَابِىُّ مَبْثُوثَةٌ﴾ وە قاڵی ڕاخراو لە هەموو لایەکەوە ﴿١٦﴾ ﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾ دەی بۆ وورد نابنەوە لە حوشتر کە چۆن دروست کراوە ﴿١٧﴾ ﴿وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ﴾ وە لە ئاسمان کە چۆن بەرز کراوەتەوە ﴿١٨﴾ ﴿وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ﴾ وە لە شاخەکان کە چۆن داکوتراون و دامەزرێنراون؟ ﴿١٩﴾ ﴿وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ﴾ وە لە زەوی کە چۆن ڕاخراوە ﴿٢٠﴾ ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ﴾ کەوابوو ئامۆژگاری بکە، تۆ هەر ئامۆژگاری کاریت ﴿٢١﴾ ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾ تۆ دەسەڵات دار نیت بەسەریاندا ﴿٢٢﴾

﴿إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ﴾ بەلآم ئەو کەسەی کە پشت هەلکاو یێ بڕوا بێت ﴿٢٣﴾ ﴿فَيُعَذِّبُهُ اللَّهُ الْعَذَابَ الْأَكْبَرَ﴾ ئەوە خوا سزای دەدات بە سزای زۆر گەورە ﴿٢٤﴾ ﴿إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ﴾ بێگومان هەر بۆ لای ئێمەیە گەڕانەوەیان ﴿٢٥﴾ ﴿ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم﴾ لە پاشان بەڕاستی لەسەر ئێمەیە لێ پرسینەوەیان ﴿٢٦﴾

سورەتی ﴿ الفجر ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَالْفَجْرِ﴾ سوێند بە بەرەبەیان ﴿١﴾ ﴿وَلَيَالٍ عَشْرٍ﴾ وە بە دە شەوی سەرەتای مانگ(ی ذي الحجة) ﴿٢﴾ ﴿وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ﴾ وە بەتاك و جووت ﴿٣﴾ ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ﴾ وە بەشەوگار کاتێك کە تێ دەپەڕێت ﴿٤﴾ ﴿هَلْ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ﴾ ئایا ئەمانەی کە سوێندیان پێ خورا شایستەی سوێند پێ خواردن نیین لای کەسانی تێگەیشتوو ﴿٥﴾ ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ﴾ ئایا نابینیت کە پەروەردگاری تۆ چی کرد بە گەلی عاد ﴿٦﴾ ﴿إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ﴾ وە بەهۆزی ئیرەم ؟ خاوەنی پایە (و دەسەلآت) ﴿٧﴾ ﴿الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ﴾ کە وێنەیان دروست نەکرابوو لە هەموو وولآتدا ﴿٨﴾ ﴿وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ﴾ وە(چی کرد) بە گەلی سەمووددئەوانەی کە(شاخی) بەردیان دەتاشی لە شیوو دۆڵەکاندا ﴿٩﴾ ﴿وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ﴾ وە فیرعەونی خاوەن سنگی زۆر(وەك ئەهرامەکان ،کە وەك سنگ چوون بە زەویدا) ﴿١٠﴾ ﴿الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ﴾ ئەوانەی کە یاخی بوون لە ولآتدا ﴿١١﴾ ﴿فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ﴾ وە زۆریان خراپە تێداکرد ﴿١٢﴾ ﴿فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ﴾ ئەمجا پەروەردگاری تۆ دایگرتن بە قامچی سزا ﴿١٣﴾ ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ﴾ بەڕاستی پەروەردگاری تۆ لە کەمینی ستەم کاراندایە ﴿١٤﴾ ﴿فَأَمَّا الْإِنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلَاهُ رَبُّهُ﴾ جا کاتێك کە خوا ئازمایشی تاقی کردەوە ﴿فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ﴾ و رێزی گرت و نازو نیعمەتی بەسەردا رشت ﴿فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ﴾ ئەوە دەڵێ پەروەردگارم رێزی گرتووم ﴿١٥﴾ ﴿وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلَاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ﴾ وە ئەگەر تاقی کردەوەو رۆزی کەم پێدا ﴿فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ﴾ ئەوسا دەڵێ پەروەردگارم ڕیسوای کردووم ﴿١٦﴾ ﴿كَلَّا﴾ نەء وانیە (کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە) ﴿بَل لَّا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ﴾ بەڵکو ئێوە رێزی هەتیوان ناگرن ﴿١٧﴾ ﴿وَلَا تَحَاضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ﴾ وە هانیی یەکتری نادەن لەسەر خواردەمەنی دان(و بەخێو کردنی) هەژاران ﴿١٨﴾ ﴿وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلًا لَّمًّا﴾ (بەڵکو سەرەڕای ئەمەش بەشە) میراتی(بەشداران) هەمووی(بە هەڵپە) دەخۆن ﴿١٩﴾ ﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا﴾ وە مالّ و سامانتان خۆش دەوێت بە خۆش ویستنێکی زۆر ﴿٢٠﴾ ﴿كَلَّا إِذَا دُكَّتِ الْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا﴾ نابێ وابکەن ! کاتێك کەزەوی بە تۆندی درا بەیەکدا و پارە پارە کرا ﴿٢١﴾ ﴿وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا﴾ (لەڕۆژی دواییدا) پەروەردگارت دێت (بۆ لێپرسینەوەی خەڵکی، هاتنێك شیاوی زاتی خۆی بێت، بڕوامان پێیەتی بەبێ هیچ لێچواندن ولێکدانەوەیەك، وە چۆنیەتیەکەی نازانین، تەنها خودا خۆی دەزانێت) وە فریشتەکانیش پۆل پۆل دێن ﴿٢٢﴾

﴿وَجِاْیٓءَ یَوْمَىِٕذٍۭ بِجَهَنَّمَ﴾ وە لەو رۆژەدا دۆزەخ دەهێنرێت(بۆ ساحەی مەحشەر) ﴿یَوْمَىِٕذٍ یَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَـٰنُ﴾ لەو رۆژەدا ئینسان(کردەوەی خۆی) بیر دەکەوێتەوە ﴿وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ﴾ بەڵام ئەو بیر کەوتنەوەیە چ سوودێك بەو دەگەیەنێت؟ ﴿۲۳﴾ ﴿یَقُولُ یَـٰلَیْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَیَاتِى﴾ (ئەمجا بە داخەوە) دەڵێ خۆزگە لە دونیادا کاری چاکەم پێش بخستایە بۆ ئەم ژیانەم ﴿۲۴﴾ ﴿فَیَوْمَىِٕذٍ لَّا یُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ ئەمجا لەو رۆژەدا کەس سزای کەس نادات وەکو سزای خوا ﴿۲۵﴾ ﴿وَلَا یُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ وە کەس کەلەپچەی کەس ناکات وەکو کەلەپچە کردنی خوا (بۆ بێ باوەڕان) ﴿۲۶﴾ ﴿یَـٰٓأَیَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ﴾ (لەو رۆژەدا بە خوا پەرست دەووترێت) ئەی نەفسی بە ئارام ﴿۲۷﴾ ﴿ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِیَةً مَّرْضِیَّةً﴾ بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆت بە ڕەزامەندی و لێ ڕازی بوون ﴿۲۸﴾ ﴿فَٱدْخُلِى فِى عِبَـٰدِى﴾ ئەمجا بچۆرە ناو بەندە چاکەکانی من ﴿۲۹﴾ ﴿وَٱدْخُلِى جَنَّتِى﴾ و بچۆرە ناو بەهەشتی منەوە ﴿۳۰﴾

سورەتی ﴿ البَلَد ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِیمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی متهرەبان

﴿لَآ أُقْسِمُ بِهَـٰذَا ٱلْبَلَدِ﴾ سوێند بەم شارە (کە مەککەیە) ﴿۱﴾ ﴿وَأَنتَ حِلٌّۢ بِهَـٰذَا ٱلْبَلَدِ﴾ وە تۆ لەو شارەدا نیشتەجێی (کە ئازاردانی تۆی تێدا بڕیار دراوە) ﴿۲﴾ ﴿وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ﴾ وە سوێند بە باوك (باوکە نادەم) وئەوەی کە لێی کەوتۆتەوە ﴿۳﴾ ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ فِى كَبَدٍ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئادەمیمان دروست کردووە هەمیشە لەڕەنج وکێشە ونارەحەتیدایە ﴿۴﴾ ﴿أَیَحْسَبُ أَن لَّن یَقْدِرَ عَلَیْهِ أَحَدٌ﴾ ئایا وا دەزانێ کە کەس دەسەڵاتی بەسەریدا نیە ﴿۵﴾ ﴿یَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا﴾ (بەفیزەوە) دەڵێ مالی زۆرم لەناو داوەو بەخشیووە ﴿۶﴾ ﴿أَیَحْسَبُ أَن لَّمْ یَرَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ ئایا وا دەزانێ کە کەس نەیدیوە ﴿۷﴾ ﴿أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَیْنَیْنِ﴾ ئایا دوو چاومان نەداوەتێ ﴿۸﴾ ﴿وَلِسَانًا وَشَفَتَیْنِ﴾ وە زمانێك و دوو لێومان پێ نەداوە؟ ﴿۹﴾ ﴿وَهَدَیْنَـٰهُ ٱلنَّجْدَیْنِ﴾ وە ڕێ ی چاك و خراپمان نیشان نەداوە ﴿۱۰﴾ ﴿فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ﴾ کەچی هێشتا (زۆرینك لە خەڵکی) بەلاماری پلەی سەختی نەداوە ﴿۱۱﴾ ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ﴾ تۆ چوزانییت پلەی سەخت کامەیە ﴿۱۲﴾ ﴿فَكُّ رَقَبَةٍ﴾ ئازاد کردنی کۆیلەیە ﴿۱۳﴾ ﴿أَوْ إِطْعَـٰمٌ فِى یَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ﴾ و ناندانە لەڕۆژی گرانی و برسێتی دا ﴿۱۴﴾ ﴿یَتِیمًا ذَا مَقْرَبَةٍ﴾ بەهەتیوی خزم ﴿۱۵﴾ ﴿أَوْ مِسْكِینًا ذَا مَتْرَبَةٍ﴾ یا بە هەژاری خاکە سەر (کەفتەکار) ﴿۱۶﴾ ﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِینَ ءَامَنُوا۟﴾ سەرەڕای ئەمانەش لەو کەسانە بێ کە بڕوایان هێنابێ ﴿وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ﴾ وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە بەزەیی و میهرەبانی ﴿۱۷﴾ ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلْمَیْمَنَةِ﴾ ئەوانە هاوەڵانی دەستی ڕاستن ﴿۱۸﴾

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ﴾ وە ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون بە موعجیزەو نیشانەکانی ئێمە ئەوانە هاوەڵانی دەستی چەپن ﴿١٩﴾ ﴿عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ﴾ دایگرتوون ئاگری دەرگا داخراو ﴿٢٠﴾

سورەتی ﴿ٱلشَّمۡسِ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا﴾ سوێند بەخۆر و ڕووناکییەکەی ﴿١﴾ ﴿وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا﴾ وە سوێند بەمانگ کەدوا بەدوای ئەو هەڵبێ ﴿٢﴾ ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا﴾ وە سوێند بە ڕۆژ کاتێ کەخۆر دەردەخات ﴿٣﴾ ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا﴾ وە سوێند بەشەو کەخۆر دادەپۆشێ ﴿٤﴾ ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا﴾ وە سوێند بە ئاسمان و بەوەی دروستی کردووە ﴿٥﴾ ﴿وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا﴾ وە سوێند بە زەوی و ئەوەی ڕای خستووە ﴿٦﴾ ﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا﴾ وە سوێند بە نەفسی ئادەمی و ئەو زاتەیشی کە ڕێك و پێك بەدیهێناوە ﴿٧﴾ ﴿فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا﴾ ئەمجا ڕێگای چەوت وخراپ وچاك و خواپەرستیشی پیشاندا ﴿٨﴾ ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا﴾ (سوێند بە هەموو ئەوانە) بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاك کردەوە ﴿٩﴾ ﴿وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا﴾ بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی(بە گوناە) وون و تاوانبار کرد ﴿١٠﴾ ﴿كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِطَغۡوَىٰهَآ﴾ بەڕوای نەهێنا هۆزی سەمووود بەهۆی سەرکەشی یانەوە ﴿١١﴾ ﴿إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا﴾ کاتێك کە خراپترینیان هەستایەوە (بۆ سەربڕینی حوشترەکە) ﴿١٢﴾ ﴿فَقَالَ لَهُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقۡيَىٰهَا﴾ ئەمجا پێغەمبەرەکەی خوا (صالح علیه السلام) پێی ووتن: واز بهێنن لەم حوشتری خوایە و نۆرە ئاوەکەی ﴿١٣﴾ ﴿فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا﴾ کەچی بڕوایان پێ نەکردو حوشترەکەیان سەر بڕی ﴿فَدَمۡدَمَ عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمۡ فَسَوَّىٰهَا﴾ ئەمجا پەروەردگاری ئەوان سزای ڕشت بەسەریاندا بەهۆی گوناهەکانیانەوە و تەختی کردن ﴿١٤﴾ ﴿وَلَا يَخَافُ عُقۡبَٰهَا﴾ وە(خوا) ناترسێ لە پاشەڕۆژی ئەم (تۆڵە لێ سەندنەیان) ﴿١٥﴾

سورەتی ﴿ٱلَّيۡلِ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ سوێند بەشەو کاتێك کە(زەوی) دادەپۆشێ ﴿١﴾ ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾ وە بەڕۆژ کاتێ کە ڕووناك دەبێتەوە ﴿٢﴾ ﴿وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ﴾ وە بەو زاتەی کە نێرو مێی دروست کردوە ﴿٣﴾ ﴿إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ﴾ بەڕاستی هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە ﴿٤﴾ ﴿فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ﴾ ئەمجا ئەو کەسەی(مال) ببەخشێ و لەخوا بترسێت و پارێزکاربێت ﴿٥﴾ ﴿وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ وە بڕوای بێ بەوەی زۆرچاکە(لا اله الا الله یا بەهەشت) ﴿٦﴾ ﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ﴾ ئەوە بێگومان یارمەتی دەدەین بۆ ڕێی ئاسان (کە چاکەیە) ﴿٧﴾ ﴿وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ﴾ وە ئەو کەسەی ڕژدی بکات (لەمال بەخشین) وخۆی بێ نیاز بزانێ (لە پاداشتی پەروەردگاری) ﴿٨﴾ ﴿وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ وە بڕوای نەبێ بەچاکە (کە لا اله الا الله یە یان بەهەشت) ﴿٩﴾

﴿فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ﴾ ئەوە بێگومان ڕێ ی سەختی بۆ ئاسان دەکەین. ۷ ﴿وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰ﴾ وە سەروەت و سامانەکەی قازانجی پێ ناگەیەنێ کاتێك کە تیا دەچێ ۱۱ ﴿إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ﴾ بەڕاستی لەسەر ئێمەیە ڕێنموونی ۱۲ ﴿وَإِنَّ لَنَا لَلْءَاخِرَةَ وَٱلْأُولَىٰ﴾ وە هەردوو جیهان هی ئێمەیە ۱۳ ﴿فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ﴾ من ئێوەم ترساند بە ئاگرێکی بڵێسەدار (کە دوزەخە) ۱۴ ﴿لَا يَصْلَىٰهَآ إِلَّا ٱلْأَشْقَى﴾ کەس ناچێتە ناو دوزەخەوە خراپترین کەس نەبێت ۱۵ ﴿ٱلَّذِى كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾ ئەو کەسەی کە بڕوای نەبێ و پشتی هەڵکردبێ (لە ئایینی ڕاست) ۱۶ ﴿وَسَيُجَنَّبُهَا ٱلْأَتْقَى﴾ وە لێ ی دوور دەخرێتەوە پارێزکارترین کەس ۱۷ ﴿ٱلَّذِى يُؤْتِى مَالَهُۥ يَتَزَكَّىٰ﴾ ئەوەی مالی خۆی دەبەخشێ تا (دڵ و دەرونی) پاك ببێتەوە ۱۸ ﴿وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُۥ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰٓ﴾ لە کاتێکدا کەس چاکەیەکی وای بەسەرییەوە نی یە کەپاداشت بدرێتەوە ۱۹ ﴿إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ﴾ تەنها مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاری بەرزو بڵندە ۲۰ ﴿وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ﴾ سوێند بەخوا(ئەو کەسەی وابێت) لەمەولا ڕازی دەبێ (بە پاداشتی دوا ڕۆژ) ۲۱

سورەتی ﴿ الضُّحَىٰ ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلضُّحَىٰ﴾ سوێند بە چێشتەنگاو ۱ ﴿وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ﴾ وە سوێند بەشەو کاتێك کە ئارام دەگرێ (بزرنگێتەوە) ۲ ﴿مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ﴾ پەروەردگارت وازی لێ نەهێناویت و لێت دڵگیر نەبووە (ئەی موحەممەد ﷺ) ۳ ﴿وَلَلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ﴾ وە(پاداشتی) دوا ڕۆژ بۆتۆ چاکترە لە دونیا ۴ ﴿وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ﴾ سوێند بەخوا لەمەولا پەروەردگارت ئەوەندەت پێ دەبەخشێ کە ڕازی ببیت ۵ ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ﴾ ئایا تۆی نەدیی بەهەتیووی وحەواندیتیەوە ۶ ﴿وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ﴾ وە تۆی نەدیی بەسەر لێ شێواوی وڕێنموونی کردییت ۷ ﴿وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ﴾ وە ئایا تۆی نەدیی بەهەژاری ودەوڵەمەندی کردیت ۸ ﴿فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ﴾ کەواتە (تۆش) هەتیوو مەچەوسێنەرەوە ۹ ﴿وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ﴾ وە هەڵمەشاخێ بە پرسیارکەر (هەژارو سوالکەر) دا ۱۰ ﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ وە نیعمەت و بەخششی پەروەردگارت دەربخە (بەیارمەتیدانی هەژاران) ۱۱

سورەتی ﴿ الشَّرْح ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ﴾ ئایا سنگمان بۆ ئاسوودەو گوشاد نەکردییت ۱ ﴿وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ﴾ وە دامان گرت لێت ئەو بارە گرانەی ۲

﴿ٱلَّذِيٓ أَنقَضَ ظَهۡرَكَ﴾ کە پشتی زۆر قورس کردبوویت ۳ ﴿وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ﴾ وە ناوو ناوبانگتمان بۆ بەرز کردبیتەوە ۴ ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾ بەڕاستی لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا خۆشی و ئاسانی دێت ۵ ﴿إِنَّ مَعَ ٱلۡعُسۡرِ يُسۡرًا﴾ بێگومان لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا خۆشی و ئاسانی دێت ۶ ﴿فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ﴾ ئەمجا کە لەکارێک بوویتەوە، خۆت ماندوو بکە (بە کارێکی تری چاکەوە) ۷ ﴿وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرۡغَب﴾ وە هەر لە پەروەردگارت بپارێرەوە (بۆ کارەکانت) ۸

سورەتی ﴿ التِّينِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ﴾ سوێند بە هەنجیرو زەیتون ۱ ﴿وَطُورِ سِينِينَ﴾ وە سوێند بە طووری سینا ۲ ﴿وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ﴾ وە بەم شاری ئارام و بێ ترسە (کە مەککەیە) ۳ ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٍ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی مرۆڤمان دروست کرد لە جوانترین شێوەدا ۴ ﴿ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ﴾ لە پاشان (ئەگەر بێ باوەڕبێ) دەیکەین بە پەست ترینی هەموو پەستێک ۵ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ جگە لەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٍ﴾ بۆ ئەوان هەیە پاداشتی نەبڕاوە ۶ ﴿فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ﴾ جا ئیتر چی بێ باوەڕت دەکات بە ڕۆژی دوایی ۷ ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ﴾ ئایا خوا فەرمان ڕەواترینی هەموو فەرمان ڕەواکان نییە ؟ ۸

سورەتی ﴿ العَلَقِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە ۱ ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ﴾ مرۆڤی دروست کردوە لە خوێنێکی بەستوو ۲ ﴿ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ﴾ بخوێنە، پەروەردگاری تۆ (لە هەموو کەس) بەخشندە تر ە ۳ ﴿ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ﴾ ئەوەی کە (مرۆڤی) فێر (ی نووسین) کردووە بەقەڵەم ۴ ﴿عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾ مرۆڤی شارەزا کردووە بەو شتانەی کە نەی دەزانی ۵ ﴿كَلَّآ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ﴾ نا (وانیە) بەڕاستی مرۆڤ یاخی دەبێت ۶ ﴿أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ﴾ کە خۆی ببینێ وادەزانێ بووە ۷ ﴿إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجۡعَىٰٓ﴾ بێگومان هەر بۆ لای پەروەردگاری تۆیە گەڕانەوە ۸ ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يَنۡهَىٰ﴾ ئایا بینیت ئەو کەسەی کە جلەوگیری ئەکات ۹ ﴿عَبۡدًا إِذَا صَلَّىٰٓ﴾ لە بەندەیەک کەنوێژ بکات ؟ ۱۰ ﴿أَرَءَيۡتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلۡهُدَىٰٓ﴾ ئایا پێم بڵێ ئەگەر (ئەو کەسە) لەسەر ڕێی ڕاست بووایە ۱۱ ﴿أَوۡ أَمَرَ بِٱلتَّقۡوَىٰٓ﴾ یان فەرمانی بدایە بەپارێزکاریی ولەخوداترسان (باشتر نەبوو) ۱۲

﴿أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ﴾ ئایا بینیت ئەگەر بڕوای(بە ئایینی ڕاست) نەبێت و پشتی لێ هەڵکات (ڕزگاری دەبێ) ﴿١٣﴾ ﴿أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ﴾ ئایا نەی زانیوە کەخوا دەی بینێ ﴿١٤﴾ ﴿كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ﴾ وا نییە (کە بیری لێ دەکاتەوە)بە ڕاستی ئەگەر واز نەهێنێ ڕای دەکێشین (بە قژی) پێشەسەری ﴿١٥﴾ ﴿نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ﴾ پێشەسەرێکی درۆزنی بە هەڵەدا چوو ﴿١٦﴾ ﴿فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ﴾ ئەمجا با ئەو بانگی هاوڕێکانی خۆی بکات ﴿١٧﴾ ﴿سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ﴾ ئێمەش بانگی فریشتەی زەبر بە دەست دەکەین ﴿١٨﴾ ﴿كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب﴾ نەخێر،بە گوێ ی(ئەو کەسانە)مەکە ،وە کوڕنوش بەرەو (لەخوا) نزیك بکەوەرەوە ﴿١٩﴾

سورەتی ﴿ القَدْر ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِنَّا أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ﴾ بێگومان ئێمە قورئانمان نارد خوارەوە لەشەوی بەفەڕو بەڕێزدا ﴿١﴾ ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ﴾ تۆ چوزانییت کە شەوی بەفەڕو ڕێز چی یە ﴿٢﴾ ﴿لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾ شەوی بەفەڕو ڕێز چاکترە لە (خێری) هەزار مانگ ﴿٣﴾ ﴿تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا﴾ لەو شەوەدا فریشتە و جیبریلیش لە ناویاندا دێتە خوارەوە ﴿بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ﴾ بەفەرمانی پەروەردگاریان لەهەموو کاروبارێکدا ﴿٤﴾ ﴿سَلَٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ﴾ ئەو شەوە(کاتی) هێمنی و ئاشتیی دەبێ تا هەڵاتنی سپێدەی بەیان ﴿٥﴾

سورەتی ﴿ البَيِّنَة ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون ﴿مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾ لە خاوەن نامە و ﴿وَٱلْمُشْرِكِينَ﴾ بت پەرستان ﴿مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ﴾ دەستیان هەڵنەگرت(لەو بێ بڕوایی یە) تا نیشانە ڕوونەکەیان بۆ هات ﴿١﴾ ﴿رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُوا صُحُفًا مُّطَهَّرَةً﴾ (کە ئەویش) پێغەمبەرێکە لە خواوە چەند پەڕەیەکی پاکیان (بەسەردا) دەخوێنێتەوە ﴿٢﴾ ﴿فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ﴾ کە تێیاندایە چەند نوسراو (سورەت) یکی بەنرخ ﴿٣﴾ ﴿وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا ٱلْكِتَٰبَ﴾ وە جیانەبوونەوە ئەوانەی کە پەیامیان بۆ هاتبوو ﴿إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ﴾ دوای ئەوە نەبێ کە نیشانە ڕوونەکەیان بۆ هات (کە پێغەمبەری ئیسلامە) ﴿٤﴾ ﴿وَمَآ أُمِرُوٓا إِلَّا لِيَعْبُدُوا ٱللَّهَ﴾ (لەگەڵ ئەوەشدا) کە فەرمانیان پێ نەدرابوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن ﴿مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ﴾ بەدڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن و خۆیان بە دوور بگرن لە هەموو بیرو باوەڕێکی خوارو خێچ ﴿وَيُقِيمُوا ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُوا ٱلزَّكَوٰةَ﴾ وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن ﴿وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ﴾ وە ئەمەیە ئایینی ڕاست ﴿٥﴾

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ﴾ بێگومان ئەوانەی کە بێ بڕوابوون لە خاوەن پەیام و بت پەرستەکان ﴿فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ﴾ لە ئاگری دۆزەخدان، تێیدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ﴾ ئا ئەوانە خراپترینی هەموو دروست کراوێکن ۝٦ ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێناو کردەوە چاکەکانیان کرد ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ﴾ ئا ئەوانە چاکترینی هەموو دروستکراوێکن ۝٧ ﴿جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ﴾ پاداشتی ئەوان لای پەروەردگاریان بەهەشتانێکە جێ ی دانیشتن و مانەوەی هەمیشەیی یە ﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾ ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕوات ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ﴾ تێیدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی، خوایش لێیان ڕازی بووە ﴿وَرَضُواْ عَنْهُ﴾ وە ئەوانیش لەخوا ڕازی بوون ﴿ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ﴾ ئەمە بۆ کەسێکە کەلە خوا بترسێ ۝٨

سورەتی ﴿ الزلزلة ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا﴾ کاتێک زەوی هاتە لەرزە بەلەرزینی خۆی ۝١ ﴿وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا﴾ وە زەوی هەرچی شتی قورس و گرانی(ناوی) هەیە هەمووی فڕێ دایە دەرەوە ۝٢ ﴿وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا﴾ وە مرۆڤ لەو ڕۆژەدا دەڵێ: ئەوە زەوی چی یەتی ؟ ۝٣ ﴿يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا﴾ لەو ڕۆژەدا(زەوی) دەنگ و باسی خۆی دەگێڕێتەوە ۝٤ ﴿بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا﴾ کە پەروەردگاری تۆ (وای) وەحی بۆ کردوە ۝٥ ﴿يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا﴾ لەو ڕۆژەدا خەڵکی دەردەچن بەپەڕاگەندە و پەشێوی ﴿لِّيُرَوْا أَعْمَٰلَهُمْ﴾ تا(پاداشتی) کردەوەی خۆیان نیشان بدرێ ۝٦ ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ﴾ ئەمجا هەرکەسێک بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەک چاکەی کردبێ دەیبینێتەوە ۝٧ ﴿وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ﴾ وە هەر کەسێک بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەک خراپەی کردبێ دەی بینێتەوە ۝٨

سورەتی ﴿ العاديات ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا﴾ سوێند بە ئەسپانی تاودەر(کە دەپرمێنن) چۆن پرمەیەک (لەکاتی غەزاکردندا) ۝١ ﴿فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا﴾ وە سوێند بە ئاگر هەڵگیرسێنەران لەبەرد بەناڵی سمیان ۝٢ ﴿فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا﴾ وەسوێندبە (ئەسپانی) هێرش بەران لەبەیانیاندا ۝٣ ﴿فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا﴾ کەبەوەتەپ و تۆزهەڵدەستێنن ۝٤ ﴿فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا﴾ وە بەو تەپ و تۆزەوە، خۆیان دەکەن بە ناوەڕاستی کۆمەڵی دوژمندا ۝٥

﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ﴾ بەڕاستی مرۆڤ بۆ پەروەردگاری نا سوپاسە ۶ ﴿وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ﴾ وە بێگومان خۆی لەسەر ئەم ناسوپاسی یە شایەتە ۷ ﴿وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ﴾ وە بەڕاستی مرۆڤ بۆ خۆشەویستی مالی دونیا زۆر بەگیرە ۸ ﴿أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِى ٱلْقُبُورِ﴾ دەی ئایا نازانی کاتێك کە مردووی ناو گۆڕەکان زیندوو کرانەوە و(هێنرانە دەرەوە) ۹ ﴿وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ﴾ وە ئاشکرا بوو هەرچی ڕازی ناو دڵانە ۱۰ ﴿إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ﴾ بێگومان پەروەردگاریان لەو ڕۆژەدا ئاگادارە بەکردەوەیان ۱۱

سورەتی ﴿ القَارِعَة ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ٱلْقَارِعَةُ﴾ ڕۆژی داچڵەکێنەر (ناوە بۆ ڕۆژی قیامەت) ۱ ﴿مَا ٱلْقَارِعَةُ﴾ ئاخۆ چۆن بێ ئەو ڕۆژە؟ ۲ ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ﴾ تۆ چوزانییت ئەو ڕۆژە چی یە ۳ ﴿يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ﴾ ڕۆژێکە خەڵکی وەك پەپولەی پەراگەندە بلاوەبنەوە ۴ ﴿وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ﴾ وە شاخەکان وەك خوری شیکراویان لێ دێت ۵ ﴿فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ ئەمجا ئەوەی کێشی(چاکەکانی) قورس و گران بێ ۶ ﴿فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ﴾ ئەوە ئەو کەسە لە گوزەرانێکی پەسەندا ئەبێ ۷ ﴿وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ وە ئەوەی کێشی(چاکەکانی) سووك بێ ۸ ﴿فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ﴾ ئەوە جێی ئەو (هاویە) یە ۹ ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ﴾ تۆ چوزانییت (هاویە) چی یە ۱۰ ﴿نَارٌ حَامِيَةٌۢ﴾ ئاگرێکی هەڵگیرساوە ۱۱

سورەتی ﴿ التَّكَاثُر ﴾

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ﴾ ئێوەی بێ ئاگا کردووە شانازیتان بە زۆریی سەروەت و سامانەوە ۱ ﴿حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ﴾ تا دەمرن و دەچن بۆ گۆڕستان ۲ ﴿كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ وامەکەن ! لەمەولا دەزانن ۳ ﴿ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ دووبارە وامەکەن لەمەولا دەزانن ۴ ﴿كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ﴾ وانی یە (وەکو خۆتان دەیزانن) ئەگەر(ئەنجامی خۆتان) بزانیایە بەدڵنیایی یەوە (وا بێ ئاگا نەئەبوون) ۵ ﴿لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان دۆزەخ دەبینن ۶ ﴿ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ﴾ دووبارە سوێند بەخوا دڵنیا بن بە چاوی ڕاستەقینە دەی بینن ۷ ﴿ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ﴾ لە پاشان سوێند بەخوا لەو ڕۆژەدا (لەسەر هەموو ناز ونیعمەتێك کە خوا پێی دابوون لەدونیادا) لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت ۸

سورەتی ﴿ العَصۡرِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَٱلۡعَصۡرِ﴾ سوێند بەکات ۝١ ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ﴾ بێگومان هەموو خەڵکی لە زیاندان ۝٢ ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ جگە لەوانەی کە بڕوایان هێنابێت و ﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ کردەوە چاکەکانیان کردبێت ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ﴾ وە ئامۆژگاریی یەکتریان کردبێ بە ئایینی ڕاست (وەدەست پێوە گرتنی وکارکردن بەفەرمانەکانی خودا) ﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێت بە ئارامگرتن (لەسەر پەرستن وبەندایەتی خودا) ۝٣

سورەتی ﴿ الهُمَزَةِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ﴾ سزاو لەناوچوون بۆ هەموو نەنگ گرێکی بەدگۆ (عەیب گرێکی تانەدەر) ۝١ ﴿ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ﴾ ئەوەی کە هەرمالّ و سامان کۆ دەکاتەوەو دەیژمێرێ ۝٢ ﴿يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ وا دەزانێ کە مالّەکەی هەر دەیهێلێتەوە ۝٣ ﴿كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ﴾ نەخێر وانی یە، بێگومان فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرێکی تێکشکێنەرەوە ۝٤ ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ﴾ تۆ چووزانیت ئەو ئاگرە چی یە ۝٥ ﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ﴾ ئاگرێکی تاودراوی خوایی یە ۝٦ ﴿ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ﴾ کە دێ بەسەر دڵاندا (هوروژم دەباتە سەر دڵان) ۝٧ ﴿إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ﴾ بێگومان ئەو ئاگرە داخراوە لەسەریان (و دەرچوونیان نی یە) ۝٨ ﴿فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۢ﴾ (زنجیر کراون) لەناو چەند کۆتێکی ڕاکشاودا (بەستراونەتەوە بەچەند ستونێکی بەرزو بڵندەوە) ۝٩

سورەتی ﴿ الفِيلِ ﴾

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ﴾ ئایا نەت بینی کە پەروەردگارت چی کرد بە خاوەن فیلەکان (بە ئەبرەهە ولەشکرەکەی کە وویستی کەعەبەی پیرۆز بڕوخێنێت)؟ ۝١ ﴿أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ﴾ ئایا فڕوفێڵەکەیانی پوچەڵ نەکردەوە ۝٢ ﴿وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ﴾ وە نارد یە سەریان بالندەی زۆر پۆل پۆل ۝٣ ﴿تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ﴾ بەرد بارانیان دەکردن بە وورده زیخی گڵین ۝٤ ﴿فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۢ﴾ سەرئەنجام (لەشکرەکەی ئەبرەهەی) وەک کای خوراو لێ کرد ۝٥

سورەتی ﴿ قُرَيْشٍ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ﴾ (لەشکری ئەبرەهەی لە ناو برد وتەفر وتونای کردن) لەبەر هۆگری قورەیش ﴿١﴾ ﴿إِيلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ﴾ هۆگریان بە هاتوو چۆی زستانان (بۆ یەمەن) و هاوینان (بۆ شام) واتە (تالێ یان تێك نەچێ) ﴿٢﴾ ﴿فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ﴾ دەی با (قورەیش لەبەرامبەر ئەم هەموو ناز ونیعمەتەدا) خاوەنی ئەم ماڵە (کەعبەی پیرۆز) بپەرستن ﴿٣﴾ ﴿الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ﴾ ئەو زاتەی کە لەبرسێتیەکی بەکجار تونـد (ڕزگاری کردن و) خواردنی پێبەخشین ﴿وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ﴾ وە دڵنیای کردن لە ترس و بیمێکی گەورە و(پاراستنی) ﴿٤﴾

سورەتی ﴿ الْمَاعُونَ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ﴾ ئایا دیت ئەو کەسەی کە بڕوای بە ئایین نی یە؟ ﴿١﴾ ﴿فَذَٰلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ﴾ ئەوە کەسێکە کە پاڵ بە هەتیوەوە دەنێ ﴿٢﴾ ﴿وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ﴾ وە هانی خەڵکی نـادات بـۆ خواردەمەنـی دان بـە هـەژاران ﴿٣﴾ ﴿فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ﴾ ئەمجـا وای بـۆ نوێژکـەران ﴿٤﴾ ﴿الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ ئەوانـەی کـە لـە نوێژەکەیان بێ ئاگـان ﴿٥﴾ ﴿الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ﴾ ئەوانـەی کـە ڕووپامایی دەکەن ﴿٦﴾ ﴿وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾ وە یارمەتی خەڵـك نادەن (هەموو چاکەیەك دەگرنەوە لە خەڵکی) ﴿٧﴾

سورەتی ﴿ الْكَوْثَرَ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ﴾ بێگومان ئێمە پێمان بەخشیت خێرێ زۆر گەورە و بەفەر لەدونیا ودوارۆژدا (لـەو خێـرە گەورانەیش ڕووباری کەوسـەرە لەبەهەشتدا) ﴿١﴾ ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ دەی کەواتە نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت وە قوربانی سـەر ببرە ﴿٢﴾ ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ﴾ بێگومان هەر ناحەزت دوا بڕاوە (ئەی موحەممەد ﷺ) ﴿٣﴾

سورەتی ﴿ الكَافِرُونَ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: ئەی بێ بڕوابنە ﴿١﴾ ﴿لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ﴾ من ئەو (بتانە) ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن ﴿٢﴾ ﴿وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ﴾ وە ئێوەش ئەو (خوایە) ناپەرستن کە من دەی پەرستم ﴿٣﴾ ﴿وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَا عَبَدْتُمْ﴾ وەمن ئەو خوا پەرستی یە ناکەم کە ئێوە دەیکەن ﴿٤﴾ ﴿وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ﴾ وە ئێوەش ئەو خوا پەرستی یە ناکەن کە من دەیکەم ﴿٥﴾ ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم ﴿٦﴾

سورەتی ﴿ النَّصْرِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ﴾ کاتێك کە یارمەتی و کۆمەکی خوا هات ﴿وَالْفَتْحُ﴾ لەگەڵ سەرکەوتن (شاری مەککە ئازاد کرا) ﴿١﴾ ﴿وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا﴾ وە خەڵکت دیی کە پۆل پۆل دێنە ناو ئایینی خواوە ﴿٢﴾ ﴿فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ﴾ ئەوسا بەسوپاس وستایشی پەروەردگارت تەسبیحاتی ئەو بکە وداوای لێخۆشبوونی لێ بکە ﴿إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا﴾ چونکە بێگومان ئەو زۆر گێراکەری پەشیمانی یە ﴿٣﴾

سورەتی ﴿ المَسَدِ ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾ لەناوچێ هەردوو دەستی ئەبولەهەب وە لە ناویش چوو ﴿١﴾ ﴿مَا أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ﴾ سوودی پێ نەگەیاند دارایی یەکەیی و ئەوەی کە کردی (لە دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ) ﴿٢﴾ ﴿سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ﴾ بێگومان لەمەولا دەچێتە ناو ئاگری بڵێسە دار ﴿٣﴾ ﴿وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ﴾ وە ژنەکەیشی، کە هەڵگری دارو درك بوو (بۆ ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ) ﴿٤﴾ ﴿فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ﴾ هەمیشە گوریسێکی بادراو (لەپەلی خورمایی ئاگرین) وا لە گەردنیدا ﴿٥﴾

سورەتی ﴿ الإخلاص ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاك و تەنیا ① ﴿اللَّهُ الصَّمَدُ﴾ ئەو خوایەی بێ نیاز و جێ ی نیاز و ئومێدە ② ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴾ کەسی لێ نەبووەو لەکەس نەبووە ③ ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ وە هەرگیز هیچ کەس هاوشێوە و هاوتای ئەو نی یە ④

سورەتی ﴿ الفلق ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: پەنا دەگرم بە دروست کەری بوونەوەر (بەپەروەردگاری بەرەبەیان) ① ﴿مِن شَرِّ مَا خَلَقَ﴾ لە زیانی ئەوەی کە درووستی کردووە ② ﴿وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ﴾ وە لە زیانی تاریکی کاتێك کە دادێت ③ ﴿وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ﴾ وە لە زیان وخراپەی(جادووگەران) کەپەت ودەزوو گرێ دەدەن وفووی پێدا دەکەن ④ ﴿وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾ وە لە زیانی بەخیل و حەسوود کاتێك کە حەسوودی دەبات ⑤

سورەتی ﴿ الناس ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی ① ﴿مَلِكِ النَّاسِ﴾ بەپادشای خەڵکی ② ﴿إِلَٰهِ النَّاسِ﴾ بەپەرستراوی خەڵکی ③ ﴿مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ﴾ لەزیان وشەڕی وەسوەسەپەیداکەر (کە کاتێك ناوی خودا ببرێت) خۆی پەنهان دەکات ④ ﴿الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ﴾ ئەوەی کە وەسوەسە ئەخاتە دڵی خەڵکیەوە ⑤ ﴿مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ﴾ لە جنۆکە و لە ئادەمیزاد ⑥

فهرس أسماء السور وبيان المكي والمدني منها

پێرست وناوەڕۆکی سوورەتەکان لەگەڵ بەیان وڕوونکردنەوەی مەککی و مەدەنی تێیاندا

سورەتی	ژمارەکەی	لاپەڕە	ڕوونکردنەوە
الفاتحة	١	١	مەککی یە
البقرة	٢	٢	مەدەنی یە
آل عمران	٣	٥٠	مەدەنی یە
النساء	٤	٧٧	مەدەنی یە
المائدة	٥	١٠٦	مەدەنی یە
الأنعام	٦	١٢٨	مەککی یە
الأعراف	٧	١٥١	مەککی یە
الأنفال	٨	١٧٧	مەدەنی یە
التوبة	٩	١٨٧	مەدەنی یە
يونس	١٠	٢٠٨	مەککی یە
هود	١١	٢٢١	مەککی یە
يوسف	١٢	٢٣٥	مەککی یە
الرعد	١٣	٢٤٩	مەدەنی یە
إبراهيم	١٤	٢٥٥	مەککی یە
الحجر	١٥	٢٦٢	مەککی یە
النحل	١٦	٢٦٧	مەککی یە
الإسراء	١٧	٢٨٢	مەککی یە
الكهف	١٨	٢٩٣	مەککی یە
مريم	١٩	٣٠٥	مەککی یە
طه	٢٠	٣١٢	مەککی یە
الأنبياء	٢١	٣٢٢	مەککی یە
الحج	٢٢	٣٣٢	مەدەنی یە
المؤمنون	٢٣	٣٤٢	مەککی یە
النور	٢٤	٣٥٠	مەدەنی یە
الفرقان	٢٥	٣٥٩	مەککی یە
الشعراء	٢٦	٣٦٧	مەککی یە
النمل	٢٧	٣٧٧	مەککی یە

سورەتی	ژمارەکەی	لاپەڕە	ڕوونکردنەوە
القصص	٢٨	٣٨٥	مەککی یە
العنكبوت	٢٩	٣٩٦	مەککی یە
الروم	٣٠	٤٠٤	مەککی یە
لقمان	٣١	٤١١	مەککی یە
السجدة	٣٢	٤١٥	مەککی یە
الأحزاب	٣٣	٤١٨	مەدەنی یە
سبإ	٣٤	٤٢٨	مەککی یە
فاطر	٣٥	٤٣٤	مەککی یە
يسٓ	٣٦	٤٤٠	مەککی یە
الصافات	٣٧	٤٤٦	مەککی یە
صٓ	٣٨	٤٥٣	مەککی یە
الزمر	٣٩	٤٥٨	مەککی یە
غافر	٤٠	٤٦٧	مەککی یە
فصّلت	٤١	٤٧٧	مەککی یە
الشورىٰ	٤٢	٤٨٣	مەککی یە
الزخرف	٤٣	٤٨٩	مەککی یە
الدخان	٤٤	٤٩٦	مەککی یە
الجاثية	٤٥	٤٩٩	مەککی یە
الأحقاف	٤٦	٥٠٢	مەککی یە
محمد	٤٧	٥٠٧	مەککی یە
الفتح	٤٨	٥١١	مەدەنی یە
الحجرات	٤٩	٥١٥	مەدەنی یە
قٓ	٥٠	٥١٨	مەککی یە
الذاريات	٥١	٥٢٠	مەککی یە
الطور	٥٢	٥٢٣	مەککی یە
النجم	٥٣	٥٢٦	مەککی یە
القمر	٥٤	٥٢٨	مەککی یە
الرحمٰن	٥٥	٥٣١	مەدەنی یە
الواقعة	٥٦	٥٣٤	مەککی یە

سورەتی	ژمارەکەی	لاپەڕە	ڕوونکردنەوە
الحديد	٥٧	٥٣٧	مەدەنی یە
المجادلة	٥٨	٥٤٢	مەدەنی یە
الحشر	٥٩	٥٤٥	مەدەنی یە
الممتحنة	٦٠	٥٤٩	مەدەنی یە
الصف	٦١	٥٥١	مەدەنی یە
الجمعة	٦٢	٥٥٣	مەدەنی یە
المنافقون	٦٣	٥٥٤	مەدەنی یە
التغابن	٦٤	٥٥٦	مەدەنی یە
الطلاق	٦٥	٥٥٨	مەدەنی یە
التحريم	٦٦	٥٦٠	مەدەنی یە
الملك	٦٧	٥٦٢	مەککی یە
القلم	٦٨	٥٦٤	مەککی یە
الحاقة	٦٩	٥٦٦	مەککی یە
المعارج	٧٠	٥٦٨	مەککی یە
نوح	٧١	٥٧٠	مەککی یە
الجن	٧٢	٥٧٢	مەککی یە
المزمل	٧٣	٥٧٤	مەککی یە
المدثر	٧٤	٥٧٥	مەککی یە
القيامة	٧٥	٥٧٧	مەککی یە
الإنسان	٧٦	٥٧٨	مەدەنی یە
المرسلات	٧٧	٥٨٠	مەککی یە
النبإ	٧٨	٥٨٢	مەککی یە
النازعات	٧٩	٥٨٣	مەککی یە
عبس	٨٠	٥٨٥	مەککی یە
التكوير	٨١	٥٨٦	مەککی یە
الانفطار	٨٢	٥٨٧	مەککی یە
المطففين	٨٣	٥٨٧	مەککی یە
الانشقاق	٨٤	٥٨٩	مەککی یە
البروج	٨٥	٥٩٠	مەککی یە

سورەتی	ژمارەکەی	لاپەڕە	ڕوونکردنەوە
الطارق	٨٦	٥٩١	مەککی یە
الأعلىٰ	٨٧	٥٩١	مەککی یە
الغاشية	٨٨	٥٩٢	مەککی یە
الفجر	٨٩	٥٩٣	مەککی یە
البلد	٩٠	٥٩٤	مەککی یە
الشمس	٩١	٥٩٥	مەککی یە
الليل	٩٢	٥٩٥	مەککی یە
الضحىٰ	٩٣	٥٩٦	مەککی یە
الشرح	٩٤	٥٩٦	مەککی یە
التين	٩٥	٥٩٧	مەککی یە
العلق	٩٦	٥٩٧	مەککی یە
القدر	٩٧	٥٩٨	مەککی یە
البينة	٩٨	٥٩٨	مەدەنی یە
الزلزلة	٩٩	٥٩٩	مەدەنی یە
العاديات	١٠٠	٥٩٩	مەککی یە
القارعة	١٠١	٦٠٠	مەککی یە
التكاثر	١٠٢	٦٠٠	مەککی یە
العصر	١٠٣	٦٠١	مەککی یە
الهمزة	١٠٤	٦٠١	مەککی یە
الفيل	١٠٥	٦٠١	مەککی یە
قريش	١٠٦	٦٠٢	مەککی یە
الماعون	١٠٧	٦٠٢	مەککی یە
الكوثر	١٠٨	٦٠٢	مەککی یە
الكافرون	١٠٩	٦٠٣	مەککی یە
النصر	١١٠	٦٠٣	مەدەنی یە
المسد	١١١	٦٠٣	مەککی یە
الإخلاص	١١٢	٦٠٤	مەککی یە
الفلق	١١٣	٦٠٤	مەککی یە
الناس	١١٤	٦٠٤	مەککی یە

إن وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد

في المملكة العربية السعودية

المشرفة على مجمع الملك فهد

لطباعة المصحف الشريف في المدينة المنورة

إذ يسرها أن يصدر المجمع هذه الطبعة من القرآن الكريم

وترجمة معانيه إلى اللغة الكردية

تسأل الله أن ينفع به الناس

وأن يجزي

خادم الحرمين الشريفين الملك عبد الله بن عبد العزيز آل سعود

أحسن الجزاء على جهوده العظيمة في نشر كتاب الله الكريم

والله ولي التوفيق

وەزارەتی کاروباری ئیسلامی وئەوقاف وبانگەواز وئیرشاد

لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە

کە سەرپەرشتیاری کۆمەڵگەی مەلیك فەهدە

بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز لە مەدینەی منەوەرە

خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت کە کۆمەڵگەکە هەڵبسێت بە دەرکرن

وبڵاوکردنەوەی ئەم چاپەی قورئانی پیرۆز لەگەڵ وەرگێڕانی

ماناکانی بۆ زمانی کوردی

داواکارین لەخوای گەورە کە خەڵکی لێی سوودمەند ببن وپاداشتی

بەخێری (خادم الحرمین الشریفین) مەلیك عبدالله کوڕی عبدالعزیز

ئالی سعود بەجوانترین و چاکترین شێوە بداتەوە، لەسەر هەوڵ

وتێکۆشانی گەورەی لەبڵاوکردنەوەی قورئانی پیرۆز وکەڵامی

بەرزی پەروەردگار

هەر خوای گەورە پشتیوان ویارمەتیدەرە

حقوق الطبع محفوظة
لمجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف

ص.ب ٦٢٦٢ - المدينة المنوّرة
www.QuranComplex.gov.sa
contact@QuranComplex.gov.sa

ماڵی چاپکردنی پارێزراوە
بۆ کۆمەڵگەی مەلیك فەهد بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز

سندوقی پۆستی ٦٢٦٢ مەدینەی منەوەرە

www.QuranComplex.gov.sa
contact@QuranComplex.gov.sa

ⓒ مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، ١٤٣٣ هـ
فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر.

مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف
ترجمة معاني القرآن الكريم إلى اللغة الكردية. / مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف. - المدينة المنورة ١٤٣٣ هـ
١٢٢٤ ص؛ ١٦ × ٢٣ سم
ردمك: ٢-١٠-٨٠٩٥-٦٠٣-٩٧٨
١- القرآن - ترجمة - اللغة الكردية أ. العنوان
ديوي ٤٩١٥٩، ٢٢١ ١٤٣٣/٨٤٤٢

رقم الإيداع: ١٤٣٣/٨٤٤٢
ردمك: ٢-١٠-٨٠٩٥-٦٠٣-٩٧٨